زانا دانایە، دانا توانایە

# مێژووی
# پەخشانی کوردی

## مێژوو، ئەدەب، زانیاری

«مێژوویەکی پەخشانە لە سەردەمێکی کۆنەوە تا ئەگاتە ساڵەکانی ١٩٨٠ .
ئەدەبی پەخشانی کوردی لەم مێژووەدا ئاوێنەیەکە بۆ هەموو سەردەمەکە.
زانیارییە چونکە لە گەڵێ بابەتی زانیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری یەوە ئەدوێ.
هەر دە ساڵێک پەردەیەکەو هەر دە ساڵێک باوەڕێک.
ئەم کتێبە نموونەی ئەو پەردەو باوەڕانە پێشان ئەدا»

**علاءالدین سجادی**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
**ئاراس**

زنجیرەی رۆشنبیری

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**
* * *

کتێب: مێژووی پەخشانی کوردی
دانانی: علاءالدین سجادی
پیت لێدان: لاله سامی و رەهێڵ رەشید
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە:
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ۲۰۰۰
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ژمارە (۱۸۲)ی ساڵی ۲۰۰۰ دراوەتێ
*

# پێشەکی

لە ساڵی «١٩٦٣»دا کەوتمە خولیای ئەوە کە لەبارەی ئەدەبی هۆنراوەی کوردییەوە جگە لە «مێژووی ئەدەبی کوردی» بەرهەمێک ئەگەر بۆم بکرێ بێنمە بەرهەم. لەژێر ناوی «ئەدەبی کوردی و لێ کۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی»دا توانیم ئامانجەکەم بێنمە دی ولە ساڵی «١٩٦٧» دا دەستی چاپی گەیشتێ. لەوێ دا هەر لەبارەی هۆنراو و ستایشی هۆنراوەوە، وە یا لێکۆڵینەوە لە هۆنراوادا. زیاتر بابەتی کتێبەکە ئەدوا. ئەمە نەوەک من بەڵکوو زۆربەی خوێندەوارانی پێش من و رۆشنبیرانی هاوچەرخی من هەر قسەیەکیان کە کردبێ لە بارەی ئەدەبی کوردییەوە هەر لە لایەن هۆنراوەوە بووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشا ئەدەب وەیا ئەدەبی زمانێک بە گوزارەی تایبەتی وەکوو هۆنراوەیە بەو جۆرە پەخشانیشەوە یا بڵێین: ئەدەب وەنەبێ هەر برێتی بێ لە هۆنراو، بەڵکوو پەخشانیش لقێکە لەو ئەدەبەو ئەدەب پەخشان و هۆنراوە بەجووتە.

لەبەر ئەم کەم قسەکردن لە پەخشانەوە ماوەیەک بوو کەوتبوومە سەر فیکری ئەوە کە بەڵکوو بتوانم لە بارەی پەخشانیشەوە ئەوی پێم بکرێ دەستێکی بۆ بەرم. لەم رووەوە سوپاسگوزاری دۆستم دوکتور «کامل بەسیر»یشم کە ئەویش بە بێ ئەوە ئاگای لە نیازەکەی من بێ دەستێکی تێوە ژەندم و وەکوو بڵێیت ئەوندەتر وریای کردمەوە بۆ ئەم نیازە، وتی: تۆ لە کتێبی «دەقەکانی ئەدەبی کوردی» دا بەشی هۆنراوت داوە، بەڵام پەخشان بێ نازە. ئەبێ لەم رووەوە دەستێکیش بۆ پەخشان بەریت و دەقی ئەم لقەش بەشی خۆی وەربگرێ. لە راستی دا رێ بە دیی کەی ئەوم بەتەواویی بوو بە تیژکردنی بڵێسەی ئاگرەکە. ئیتر دڵی خۆمم یەک لایی کردەوە بۆ ئەم سووچەش، کەوتمە سەر ئەوە کە بتوانم بە ئەندازەی دەسەڵات دەقی پەخشانی کوردی لەو رۆژەوە کە بەراستی پەخشان هاتۆتە ناوەوە و دەستی چاپی پێ گەیشتووە ـ پەخشانی کوردی – کۆ بکەمەوەو لەگەڵ رەورەوە رۆژدا تائیمرۆ بخەمە بەرچاوی خوێندەوارانی.

لە نێوانی دوو لاپەڕەی بەرگی ئەم کتێبەدا ئەوە دێتە پێشەوە کە پەخشانی کوردی لەبەر هەر هۆیەک بووە کۆ نەکراوەتەوەو بەڵکوو دەستی چاپی بە هیچ جۆر پێ نەگەیشتووە. دیارە زار بە زاری-ش لەگەڵ گێڕانەوەدا دەقی ئەو دەقە تێک ئەچێ. ئەمە لە شێوەی هەموو زمانێکە کە تا تۆمار نەکرێ و نەنووسرێتەوە ئەو دەقە بە پوختی نامێنێتەوە.

قسە کردنیش لە دەقی پەخشانی کوردی ئەبێ بە دوو بەشەوە؛ یەکێ هەڵگرتنی دەقەکە،

یەکێ جێ بوونەوەی لەژێر باڵی «هونەرە قسەییە ئاشکراکان»دا. من ئێستە بەشی یەکەمی بە ئەندازەی دەسەڵات دێنمە دی، بۆ بەشی دووەمی ئەوە کتێبێکی تری سەر بە خۆی ئەوێ. ئەگەر بۆم کراو ژیان ماوەی دا لە دەرفەتێکی تردا ئەوەش ئەکەم، لەگەڵ ئەوەشا ئەم ئەرکە هەموو رۆشنبیرانی کورد لێی پرسراون بەرانبەری، ئومێد ئەکەم هەر رۆشنبیرێکی کورد بە ئەندازەی دەسەڵات پەنجەی بۆ راکێشێ.

ئەمەو دیسان ئەم قسەیەش ئەبێ بە دوو جۆرەوە؛ جۆرێکی ئەسڵی دەقەکە، جۆرەکەی تری شێوەی ئیملای ئەو دەقەیە کە لە رۆژانی رابوردوویا بە چ جۆرە ئیملایێک نووسراوەتەوە. ئیملای نووسینی کوردی کۆرپەیە!. کە ئەڵێم کۆرپەیە ئەویش لەبەر ئەوە بووە کە هەر لە زووەوە لەو ناوچانەدا کە ئایینی ئیسلامی تێدا بڵاو بووبووەوە پیتی عەرەبی شوێن هەواری خۆی خۆش کرد و پیتی ناوچەکان نەما!. بە تایبەتی زمانی فارسی بەو پیتانە کەوتە نووسینی بەرهەمی خۆی، کوردیش لەبەر ئەو هۆیانە کە لە ناو کتێبەکەدا باس ئەکرێ هەر بەو پیتانە شتی ئەنووسی، ئەو پیتانەش دەنگەکانی کوردی پڕ ناکەنەوە، سەرەتا هەر بەو جۆرە ئەیاننووسی، کە چاپیش کەوتە ناویەوە هەر بەو رێبازەی ئەوانە شتەکەی خۆی چاپ ئەکرد. رۆشنبیرانی کورد وردە وردە کەوتنە سەر دۆزینەوەی رێگایەک بۆ پڕکردنەوەی دەنگەکان، تا ئەندازەیەک بە نووسراوی دەستنووس ئەوە بڵاو بووەوە، بەڵام دەستنووس دادێک نادا بۆ فرە بڵاو بوونەوە. لە سەر ئەو رێبازە من لە ساڵی «١٩٥٢»دا هەندێک نیشانەی ئەوانم خستە ناو چاپەمەنی کوردییەوەو قاڵبم لە رووی چاپەوە لە لەندەن و قاهیرە بۆ دارشتن، هەروەها لە هەمان مێژوودا زانای فرەزان «توفیق وەهبی» ئەویش تەقەلایەکی زۆری دا بۆ دارشتنی هەندێ لە نیشانەکانی پیتی کوردی بەچاپ، ئەویش لە گرتنی ئەو رێگایەدا سەرکەوت و کۆشش وتەقەلاکەی بوو بە مایەی سوپاسگوزاری هەموو کوردێکی رۆشنبیر لەم رووەوە.

جا بەپێی ئەو چەرخانەو بەپێی ئەو رۆژانە کە پەخشانەکەیان تیایا تۆمار کراوە هەر رۆژە جۆرە ئیملایەک بووە، هەتا رۆژ هاتبێ بەم لاوە شێوەی ئیملاکە گۆڕانێکی تری بە سەرا هاتووە. من ئەم سووچەیانم لەم کتێبەدا واز لێ هێنا، چونکە ئەمە خۆی باسێکی سەربەخۆیەو کتێبێکی تایبەتی و دراسەیەکی تایبەتیتری ئەوێ. لێرەدا تەنیا لقی یەکەمیم گرت کە -هێنانی دەقەکانە-و زۆربەیانم بە شێوەی ئیملای ئەم رۆژە نووسی بۆ ئەوە ئەوەی ئیمرۆژیش مێژوویێک بێ بۆ لەمەودوا. ئیتر هەر کەم و کوورییەک لەم کتێبەدا هەبێ هیوادارم خوێندەواران و رۆشنبیرانی کورد بەچاوی لێ بووردنەوە لێم ئەبوورن و ئەوان

کەلێنەکە-کە ئەگەر هەبوو - پڕی ئەکەنەوە. ئەبێ ئەوەش بزانین ئیشی تەواو و بێ کەم و کووڕی هەر لەدەست خوا دێت و ئێمە هەموومان داوای یارمەتی تەواو لەو ئەکەین، ئەبێ ئەو لە هەموو ئیشێکمانا پشتیوانمان بێت.

علاءالدين سجادی

١٩٨١/٣/١

## ئادەمیزاد و ئەدەب!

ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین کە سەردەمێکی زۆر زۆر و کۆن ئەدەب لەگەڵ ئادەمیزادا پەیوەندی هەبووەو هەیە، بەڵکوو لەگەڵ ئادەمیزادەکەدا وەکوو دوو لقی دارێکن کە شان بە شانی یەک بەرز ئەبنەوە. کەوابوو لەو رۆژەوە ئادەمیزاد هەبووە ئەدەبەکەی لەگەڵا بووە. لەڕاستیدا ئەدەبیش وەنەبێ هەر برێتی بێ لە ئەدەبی قسە بەڵکوو نەخش و نیگار، وێنەو سازو ئاواز و پەیکەری بە دیمەنیش هەر ئەدەبە، بەڵام ئەوان لە روویەکەوەن و ئەدەبی زمان لە روویەکی ترەوە، ئەوەندە هەیە لەگەڵ وێنەو پەیکەردا پەیوەندییەکە زیاترە، چونکە ئەمان ئەدەبێکی بێ دەنگن و ئەدەبی زمان وێنەو پەیکەرێکی دەنگدارە، هەردوو لایان چۆنیەتی رابواردن و مێژووی ئادەمیزادەکە ئەگێڕنەوە، هەر دوو لایان تابلۆیەکن بۆ گێڕانەوەی پلەی بەرزی و نزمی ئادەمیزادەکە لە سەردەمەکانی کۆن و نوێی ئەو ئادەمیزادە.

ئێمە لێرەدا بابەتەکەمان لە سەر ئەدەبی زمانە، ئەم ئەدەبە ئەبێ بە دوو بەشەوە؛ ئەدەبی پەخشان، ئەدەبی هۆنراو، ئەدەبی هۆنراوە لە ویژدانەوە سەر هەڵئەدا، هی پەخشان لە ژیریی ئەقڵەوە پەیدا ئەبێ، ویژدانیش لە پێش ژیرییەوە پەیدا بووەو ئەبێ، چونکە ئادەمیزاد لە پێشا هەست بە ویژدان ئەکا پاشان بیرو هۆشی بۆ دروست ئەبێ و لەسەر ئەم بناغەیە هۆشی خۆی ئەخاتە کار. لەسەر ئەمە ئەبێ لە پێشدا هۆنراو بوو بێت، پاشان پەخشان هاتبێتە ئاراوە.

ئەو بەڵگەیە کە ئەڵێ: لەپێشدا هۆنراو پەیدا بووە تەنانەت ئێستەش هەر ماوەتەوە لە ناو ئەو کەسانەدا کە بە «تەور»ە کانیان دارەکانیان شەق و پەق ئەکەن و نرکەیان لێوە دێت، ئەو نرکە بە ئاوازە رێک و پێکە سەردەمی هەرە سەرەتایی ئادەمیزادمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە لەکاتی خۆیا بازیان ئەداو لەسەر دارەکانەوە وزاقی خۆیان ئەدا لەم لق بۆ ئەو لق نرکەو دەنگێکیان لێوە ئەهات کە مووزیقایەکی رێکوپێکی هەبوو، ئەو نرکەیە کاتێ کە زمان پڕا چوە قاڵبی وشەوەو بە وشەی ئاوازەدار ئەهاتە دەرەوە، بەڵام ئێمە مەبەستمان وەزن وقافیە و هیجاو پەنجە نییە، چونکە ئەمانە ترازوویەک بوون بەگەلێ مێژوو بەسەر ئادەمیزادا هاتن بە سەر ئەو ئاوازەیەدا.

ژیری ئادەمیزاد گەیشتە پلەیەک کە بە وێنەی هێرۆگلیفی نیازی خۆی دەربڕێت، دوور کەوتەوە لە سەردەمی سەرەتایی و پێشکەوت.

بەگەلێ هەزاران ساڵ پێش پەی بردنی بە داهێنانی هێرۆگلیفی هەتا هەنگاوێک لە

دەوری سەرەتایی دوور ئەکەوتەوە دوو هەنگاو بە لای بیر کردنەوەوە نزیکتر ئەبووەوە. لەمەوە وردە وردە کەوتە سەر ئەوە کە قسەی رەوان و ڕێکوپێک بکاو ویستەکەی خۆی بەو قسە ڕێکانە دەربڕێ. لێرەدا پەخشان پەیدا بوو و دەستی کرد بە خۆپیشاندان. دیارە ئەمەش سەر دەمێکی زۆری ویست تا بە تەواوی ڕێکوپێک بوو، نووسین لە ئارادا هەر نەبوو بەڵام قسەو زنجیرەی قسە رۆژ بە رۆژ هەر زیادی ئەکرد. کە نووسین پەیدا بوو پەخشانەکە نموودێکی تری دا بە خۆی و دیمەنێکی تر بوو پەیدا بوو. ماوەیەکی زۆر لە ناو ئەم بۆتەیەدا مایەوە، کە چاپ هاتە کایەوە پەخشان بە تەواوی پەلی خۆی بڵاو کردەوە. جاران کە هەر لە ناو عیلمە زانیاریەکاندا بوو هاتە ئەو مەیدانەشەوە کە رازو نیاز و سکاڵا لە دەردو مەینەتیش بڵاو ببێتەوە، باسی چەوساندنەوە و خۆشی و شادی، ئارام و ئاژاوە لە سەر زمانی خەتیب وگوێندەکانەوە بلێسە بستێنێ، مەڵبەندەکان لە یەک نزیک ببنەوە، بیروڕای هەموو وڵاتێک بگا بە وڵاتێکی تر. هۆنراو ئەمانەی پێ نەئەکرا، بەڵام پەخشان بە تیژی و بە ئاسانی ئەم شتانەی پیشان ئەدا.

بەڵێ!. پەخشان لە دوای هۆنراو پەیدا بوو و کەوتە سەر زارەوە، وە ئەتوانین بڵێین بە درێژایی گەلێ سەردەم و چەرخ هەر لە زارا بوو ــ سەردەمەکانی دوو سێ هەزار ساڵ لەمەو پێشتر ــ. تەنانەت لەپێش داهاتنی خەتەکانی مێخی و فینیقی و چینی و پەهلەوی دا لەزار بەولاوە هیچی تر نەبوو کە گوزارشت لە پەخشانەکان بداتەوە. خۆ ئەگەر «تەورات» یا «ئینجیل»یش بگرین بە دەستەوە ــ کە ئەمانە پەخشانن ــ بە دەگمەن ئەکەوتنە سەر شێوەی خەتی عیبری و پاشان خەتەکانی تر. «گاتا» کانی زەردەشت کە ئەویش هەر پەخشانە ئەگونجا بە خەتی مێخی بوایە، بەڵام ئەو هەمووە تێ نە ئەپەڕی لە سێ چوار نوسخە بەو لاوە!. نامەو فەرمانی پادشاکانی پێش ئیسلام مەگەر هەر میرزا بیانینووسیایەوە ئەگینا شتێکی تر نەبوو بڵاویان کاتەوە، هێرشی ئەسکەندەرەی کە هات ئەوانەشی نەهێشت، باس و خواسی گرنگ ئەخرایە سەر خەت و زمانی یۆنانی و ئەوانیتر لە ناو ئەدران. راستە کەتیبەی سەر بەرد کە لە پادشاکانی پێش ئیسلامەوە هەندێکیان مانەوە ئەوانەش ئەو پەخشانە فراوانانە نین کە ئێمە ئەمانەوێ. لە سەدەی پانزەهەمی میلادیدا چاپی گۆتەنبەرگ داهات خزمەتێکی گەورەی کرد بە بڵاو بوونەوەی پەخشان. پەخشان بە بێ جیاوازی چ لە ئاورووپاداو چ لە رۆژهەڵاتدا، چ لەعالەمی ئیسلامی چ لە غەیری ئیسلامیدا. لە سەدەی حەوتەمی میلادی بەدواوە پەخشانەکانی ئیسلامی کۆ ئەکرانەوەو ئەنووسرانەوە، زیاتر بە خەتی کووفی و بەبێ نوختە، نامەکانی پێغەمبەر

«د.خ» کە ئەنووسران گەلێکیان بە شێوەو خەتی کووفی و هەندێکی کەمیشیان بەم شێوەیە بوو کە ئێستە پێی ئەڵێن عەرەبی و لە وڵاتی فینیقی کەوتە حیرەو ئەنبارو لە وێشەوە کەوتە دوورگەی عەرەبی.

کە ئیسلام داهات و کەوتە ئەو وڵاتانە کە بوون بە ئیسلام خەتی عەرەبی بۆ نووسینەوەی هۆنراوو پەخشان نیشتەوە بە جێگا هەواری ئەو خەتانە کە هەبوون، لەگەڵ ئەوەشا پەخشان وەنەبێ لەگورکەوتبووبێ، بەڵکوو سنگی خۆی لە ناو زمانە سەرکەوتووەکانی ئەو رۆژەدا هەر ئەنا بۆ پێشەوەو لە جم جووڵ نەکەوت و بە شێوە خەتی عەرەبی ئەنووسرانەوە، خەتەکانی خۆیان ــ خەتە کۆنەکان ــ نەمان و لەناوچوون. هۆی ئەمانەش یەکەم هێرشی ئەسکەندەر بوو لە پێش ئیسلامدا، دووەم سەرکەوتنی عەرەب بوو لە پاش ئیسلام. خەتی عەرەبی لە پاش ئیسلام خزمەتی کرد بە پەخشان، هەرچەندە خەتی کۆنی خاوەن پەخشانەکان نەمان و لەناو چوون!.

زیاتر ئەو وڵاتانە کە خاوەنی خەتی خۆیان بوون وڵاتی ئێران و وڵاتی هرەقلی بوو ـ کە پاشماوەی رۆمانی و یۆنانی بوو ـ. تا دوو سەد ساڵی پاش داهاتنی ئیسلام وردە وردە خەتەکانی خۆیان لە ناوچوون و نووسراوەکانیان بە خەتی عەرەبی ئەنووسی. بەڵام لەبەر بێ چاپی ئەو نووسراوانە لە عالەمی ئیسلامی و لە عالەمی گاوری دا بە زۆری هەر لە مزگەوت و کەنیسەکانا بوون. کە چاپ داهات ـ چ هۆنراو و چ پەخشان ـ کەوتە دەرەوەی دیواری مزگەوت و کەنیسەکانیش. لێرەدا پەخشان بە تەواوی دەستی هێنا بە خۆیاو نموودێکی تری تازەی بۆ پەیدا بوو.

بەڵێ!. شێوە خەتی سوریانی ـ کە خاوەنەکانی لە ژێر ئاڵای ئایینی ئیسلام دا نەبوون ـ هەر مایەوەو، بەڵام ئەم لەبەر تەسکیی بەسەرهاتی ئەوە نەبوو کە بتوانێ خەتی خۆی و هۆنراو و پەخشانی خۆی بە لێشاوی و بە فراوانی بە هەموو لایەکدا بگەیەنێ و ئارەزووەکەی بەتەواوی بەجێ بێنێ.

ئیسلام بە خۆی و بە زمانی عەرەبییەوە پەرەی سەندو بڵاو بووەوە، شوێنانی ئەگرت و بەیداخی خۆی دائەکوتا، تاماوەیەک زمانی هرەقلی بۆ شتی کەم و بۆ گوزارشتی هەندێ کاروباری میری لە دەزگاکانا بەکار ئەهێنرا، بەڵام لە پاش ئەوە کە زمانی عەرەبی بە هۆی ئایینەوە بە تەواوی خۆی چەسپاند ئەوانەش نەمان!. لە ئەنجامی ئەم گورپەیەدا لە دەورو بەری سەدەی سێهەمی هجری وە ئەو نەتەوانە کە زمانی عەرەبی کاری کردبووە سەر

زمانەکەیان لە باری نەهێشتنەوەو لە ناوبردنی هۆنراو و پەخشانیان کەوتنەوە سەر زیندوو کردنەوەی زمانەکەیان و دەستیان دایەوە بە گەشەپێدانی هۆنراوو پەخشانیان، بەڵام خەت هەر خەتی عەرەبی بوو، بۆیان نەکرا ئەمە لابەرن!. بەتایبەتی زمانی فارسی لەم رووەوە هەنگاوی گەورە گەورەی نا، هۆنەر و ئەدیبەکانیان چاکیان لێ بەلادا کرد، هۆنراو و پەخشانیان بە زمانی خۆیان وەکوو بارانی بەهار بڵاو کردەوە بەسەر نەتەوەکەیانا، گەلێ گەلێ بەرزتر لە سەردەمی پێش ئیسلام هاتنە ناوەوە؛ هاتنە ناوەیەکی وابوو کە بۆ زۆر شت کاریان کردە سەر زمانی عەرەبی - ش. لەگەڵ ئەوەشا کە زمانی تورکی لە شوێن هەواری رۆمانی پەیدا بوو و حوکمی گرتە دەست و بەو زمانە هۆنراو و پەخشانی لە وڵاتی خۆیا بە تەواوی بڵاو کردەوە، تاکە تاکەی ئەو زمانی فارسییە بۆ ئەدەبیات و بۆ کارو باری میری هەر کاری کردە سەر ئەوانیش.

***

کورد؛ کورد یەکێکە لە نەتەوەکانی «ئاری»، شوێن و جێگایەکی هەبووەو هەیەتی. ئەمانە ئەو رۆژە کە ئیسلامەتی داهات پێش ئەوە لەسەر ئایینی زەردەشتی بوون، بەو خەتە کە «گاتها»و ئەو جۆرە خەتانە کە ئەو سەردەمانە باویان هەبوو - وەکوو سانسکریتی و پەهلەوی - نیازەکانی دڵیان بەو نەخشانە دەربڕیوە. بۆیە ئەمە ئەڵێم چونکە نەتەوە بوون، نەتەوەش بێ گومان زمانێکی هەیە، کە زمانی هەبوو دیارە رازونیازی خۆی بەو زمانە دەربڕیوە. ئەمە وەنەبێ تایبەتی بێ بە کوردەوە،چونکە هەر نەتەوەیەک کە هەبوو ئەبێ زمانێکی هەبووبێت و بەو زمانە شتی خۆی دەربڕیبێت. بەڵێ! نەتەوەی واهەبووە کە پووکاوەتەوە، لە پووکانەوەکەیا زمانەکەشی دوایی هاتووەو نەماوە، بەڵام کورد ئەوا هەیەو ماوە، بە درێژایی چەرخ ئەگونجێ جۆرە گۆڕانێک هاتبێ بەسەر تاکە تاکەی وشەکانیا- وەکوو ئەمە لە زاهرەی هەموو زمانێکە- بەڵام ئەسڵی تەشکی زمانەکە ماوەتەوەو ئێستە قسەی پێ ئەکرێ، پێشهات و کارەساتی رەورەوەی مێژوو لەپێش ئیسلامدا وەکوو بەڵگەو شوێنەواری زمانەکانی تری ئەو وڵاتانەی پلیشاندۆتەوە هی کورد ـ یشی وا لێ کرد. کە ئیسلامەتی هاتە پێشەوە کوردەکە چووە ژێر ئاڵای ئەو ئیسلامەتیەوە. زمانەکەی مایەوە، بەڵام بەڵگە ئەدەبییەکانی هەموو کەوتنە ژێر کاریگەری زمانەکانی ترەوە. سەرباری ئەمە وڵاتەکەی کەوتە نێوانی دوو سێ سنووری بەهێزەوە؛ سنووری عەرەبی بە هۆی ئایینەوە، سنووری فارسی بە هۆی حوکمەوە، لەم ئاخرەشا سنووری تورک هەر بەهۆی حوکمەوە!. کوردەکە بەڵێ ئەسڵی زمانەکەی خۆی پاراست، بەڵام دەربڕینی ئەڵهاکانی دڵی

به زمانەکەی خۆی بۆ نەپارێزرا بەتایبەتی لە پەخشاندا، هەر شتێکی ئەوت و ئەنووسی یا بە فارسی بوو، یا بە عەرەبی، وە هەندێ جاریش بە تورکی، ئەوەندە هەبوو لە هۆنراودا مەودای زیاتر بوو، توانی هۆنراو بە زمانەکەی خۆی دابڕێژێ بەڵام لە پەخشان ئەو توانایە نەبوو چونکە زمانەکانی پێشوو ـ ئەوانەی کە وتمان ـ بە تەواوی جێگای خۆیان قایم کرد بوو وە وابرابووە دڵیەوە کە بە زمانی خۆی شت نانووسرێ و نابێ بنووسرێ!. تەنانەت لەوانە بوو «نامە»ش بەزمانی خۆی هەر نانووسرێ، بەپێی بەشکردنەکەی ئەبێ بە زمانەکانی تر بێت!.

نەتەوەکانی تری دراوسێ ئەم لەپاش داهاتنی ئیسلامەتی و بەتایبەتی لە پاش چاپ بەڵگەکانی خۆیان کۆ کردەوەو پوختەیان کرد، لەپێش داهاتنی چاپدا هەمووی دەق کرد، کە چاپ داهات ئیتر بە تەواوی بڵاویان کردەوە، بەڵام کورد وەکوو ئاوی مەنگ لە شوێنەکەی خۆی مایەوەو هیچ جم وجووڵێکی بە سەرا نەهات!.

ئەم بێ دەرفەتیە درێژەی کێشا تا گەلێ چەرخ و سەردەم، لە چەرخی نۆزدەهەم دا وەکوو بڵێیت لەو تاسە راچەنی و وەکوو یەکێ لە خەو خەبەری ببێتەوە کەوتە بزووتنەوە، لێرەدا ئەو هەستەی بۆ پەیدا بوو کە ئەگونجێ بەزمانی خۆی پەخشان بوترێ، ئەگونجێ بە زمانی خۆی خامە بکەوێتە کار بۆ نووسینی هەمە چەشنە، ئەتوانێ نیازی خۆی بێجگە لە هۆنراو بە شتێکی تر دەربڕێ کە پەخشانە، جا ئەم پەخشانە پەخشانێکی سادە بێ وەیا پەخشانێکی ئەدەبی بێ کە پەخشانی هونەری ـ ش بگرێتەوە. لێرە بەدواوە هەتا ئەهات پەردەی پەخشان ڕووناکتر ئەبوو. جگە لە نامەی تایبەتی دەستی خستە ناو نامیلکەو رۆژنامەو گۆڤارو کتێبیشەوە، کەوتە سەر لاپەڕەی چاپ و بڵاو بووەوە. ئەتوانم بڵێم لەم ڕووەوە هەنگاونانی کورد بۆ پێشەوە بە گوڕتر بوو لە هەنگاونانی نەتەوەکانی دراوسێ، چونکە ئەوان لە پێش داهاتنی چاپدا نووسراوە پەخشانەکانی خۆیان هەموو کۆمەڵ کرد بوو بە سەر یەکاو لە تاقەکانا بەو تاقە نوسخە وەیا دوو نوسخەیە کەڵەکە کرابوون، کە چاپ داهات ئەو وەختە بە تەواوی بڵاو بوونەوە، بەڵام هی کورد لە کاتی دەستدانە پەخشانیانەوە چاپ لە ئارادا هەبوو، توانرا تا ئەندازەیەک لە چاو بێ هێزی خودی کوردەکەدا پەخشانەکەی هەنگاوی فراوان بهاوێژێ.

راست بوو دەورەکانی پێشوو بۆ دەرنەبڕینی پەخشانی کوردی لە لایەن کوردەکە خۆیەوە بە زمانی خۆی دەستێکی باڵای هەبوو، بەڵام بەرانبەر بە هۆنراو ئیجگار بەو جۆرە نەبوو.

چونکە هۆنراوەکە خورپەیەک بوو بۆ هەندێ کەسی تایبەتی پەیدا ئەبوو، ئەوانەش زیاتر دوور بوون لەو شوێنانە کە دەستی حوکمڕەوایانی غەیری کورد تیایانا دەستدار بوون، هۆنەرەکانیان هۆنراویان ئەوت و بە دەستنوس بلاو ئەبووە بەجێگایانی ترا، وە هۆنراویش زیاترو زووتر ئەچووە دڵەوە مەردمەکە باوەشیان بۆ ئەگرتەوە، حوکمدارەکانیش ئەوەندە بە تەنگیەوە نەبوون بۆ نەهێشتنی، چونکە وایان ئەزانی کە هۆنراو لە ناو کورددا ئەوەندە کار ناکاتە سەر مێشکی کوردەکە، بەلاّم پەخشان وا نەبوو. سروشتی پەخشان وایە کە زۆر بابەتی پێ ئەنووسرێ؛ لە مێژو، لە ئەدەب، لە فەلسەفە، لە ریازییات، لە شەریعەت، لە فەلەکیات، لە تەفسیر... هتد. کوردەکە بۆ ئەم شتانە هەموو ئەو مەیدانەی نییە کە ئەمانە بنووسێ و هەڵیانبگرێ. نەبوونی مەیدانەکەش ئەوە بوو کە وابرابووە دڵیەوە: ئەمانە هەموو ئەبێ بە زمانی عەرەبی یا فارسی یا تورکی بنووسرێن. ئەوەی بە دڵا نەدەهات کەنووسینی ئەمانەش بە کوردی ئەگونجێت و ئەبێت!. بەشی زۆری خاوەن قەڵەمەکان ئەو کەسانە بوون کە ئەم جۆرە شتانە بنووسن، ئەگەر یەکێ لەوان ئەمانەی بە زمانی خۆی بنووسیایە ـ لە کاتێکا ئەگەر بە فیکریا بهاتایە!ـ ئەوانیتر لێی راست ئەبوونەوە، لەباتی هانە هانە دانی دەستیان ئەکرد بە تیتاڵی کردن پێی و پێیان ئەوت چۆن ئەم جۆرە شتانە بە زمانی کوردی ئەنووسرێن؟!. ئەمانە عیلمن، عیلم ئەبێ بە زمانی ئایین و حوکمدار بنووسرێ، ئەمە دیارە خوێندەوار نییە بۆیە بە زمانی کوردی ئەم جۆرە عیلمانە ئەنووسێ!. ئەویش ئەرامەننە ئیتر سەری ئەچووەوە بە قولاّخی خۆیداو دەستی نەئەدایەوە بە قەڵەمی کوردییەوە!. بەلاّم هۆنراوەکە وانەبوو، لەبەر ئەوە هۆنراو لە دەست هەموو کەس و خاوەن قەڵەمێک نەدەهات ئەوەندە بەرپەرچیان نەئەدایەوە. لە ناو رەمەکی مەردم لە پایەییەکەمدا، وە ئەگەر هۆنراوەکان بەرز بوونایە لە ناو خاوەن قەڵەمەکانیشدا بلاّو ئەبووەوە لە پایەی دووەمدا.

ئەتوانم بڵێم پەخشان زۆرتر بووە لەناو کورددا تا هۆنراو بەلاّم نووسین و نووسینەوەی لەسەر نەبووە. کە ئەڵێم پەخشان ئەو پەخشانانە بوون کە بە چیرۆک و رازو نیازی گوێ ئاگردان هەر لە زەمانێکی کۆنەوە بە دەماو دەم گێڕ راونەتەوەو ئەم پشت بۆ ئەو پشتی دەور کردۆتەوە. چرۆکیش کارەساتی رۆژ وسەردەم باس ئەکا. ئەو چیرۆکانە کە ئیمڕۆژ بە نووسین ئەنووسرێن جیایە لەو چیرۆکانە کە لە رابوردوودا گێڕاونیانەوە. چیرۆکەکانی پێشوو باسی پاڵەوانی و تەلیسم و جادوو و دڵداری تێدایە کە ئەمە ئاشنایەتیەکی بە تەنگوچەڵەمەی ژیانی رۆژانەکەوە نەبووە، تەنیا بۆ رابواردنی کۆڕی گوێگران بێژراوە،

بەڵام چیرۆکەکانی سەدەی بیستەم ـ کە دەستی چاپیشیان گەیشتۆتێ ـ ئاشنایەتییان لەگەڵ کاروباری نەتەوەکەدایە.

ئەمەو لە لایەکی تریشەوە کە ئێمە قسە لەپەخشانی کوردییەوە ئەکەین ئەبێ ئەوەشمان بۆ دەرکەوێ کە پەخشان بە جۆرێکی تێکڕایی؛ واتە هی کورد وەیا هی غەیری کورد بووبێ لە ڕۆژەکانی پێش ئیسلامدا ـ وەکوو وترا ـ هەر سادەیەکی پەتی بووەو دوور بووە لە هەموو جۆرە ڕازاندنەوەیەکی ڕواڵەتی، هەتا بچین بەو لای مێژووەوە پەخشان ئەمە کارەساتی بووە؛ دوو کەس پێکەوە قسەیان کردبێ، وەیا یەکێک شتێکی بە یەکێکی تر فێر کردبێ، وەیا فەرمانێک رووی دابێ، ئەم جۆرە پەخشانە لەگەڵ قسەی ئاساییدا هیچ جیاوازیەکی نەبووە، کە زەمان هاتووە بەم لاوەو لە سەرەتای مێژوو دوور کەوتۆتەوە وردە وردە جۆرە پەخشانێکی تر پەیدا بووە کە خاوەنەکەی ویستوویە بە قسەکانی کار بکاتە سەر دڵ و دەروونی گوێگر، ویستوویە بەو قسانەی بەزەی بجوولێنێ، زات و پاڵەوانیان تیا بهەژێنێ، بیروباوەڕی سروشت پەرەستیان تیا بخەملێنێ، دڵیان بەرانبەر بە هێزەکانی سروشت بچەسپێنێ. ئا ئەم جۆرە پەخشانانە کە ئێمە گوزارشتی لێ بدەینەوە ئەڵێین: پەخشانی هونەری لەگەڵ هۆنراوی ئەو سەردەمانەدا جیاوازییەکی وایان نەبووە، بەڵکوو ئەتوانین بڵێین هەر ئەم جۆرە پەخشانە بووە کە لە سەردەمەکانی زۆر کۆندا ناویان ناوەتە هۆنراو. ئەوەند هەیە کە سووڕانەوە درێژەی دا بە تەوەرەی خۆی و ئادەمیزادەکەی زیاتر ئالان بە بالای ئەو دەورانەوە جۆری قسە گۆڕا، چەشنە ئاوازێک لەو قسانەدا پەیدا بوو، لێکچواندن و کورتبڕی تێدا دروست بوو، هەژانی نەوس بەهێزتر بوو، لەمەوە پەخشانی هونەری هاتە کایەوە و بە تەواوی لە سادەکە جیا بووەوە. لە پاش سەردەمێکی تر چەشنی قسە و باس بە بەرگێکی تر ڕازێنرایەوە ناوی هۆنراوی ڕێکوپێکی خرایە سەر. لە هەمانکاتا وەکوو پەخشانەکە روخساری خۆی گۆڕی وەنەبێ هۆنراوەکەش هەروا لە جێگای خۆی ڕاوەستابێ، بەڵکوو ئەویش کەوتە باڵەفڕێ و کەوتە تەکاندان، ئەو ساویلکەیەی کە جاران هەیبوو ئەو بەرگەی لەبەر خۆی داڕنی و بە دیمەنێکی تر هاتە پێشەوە. چەندە پەخشان تەکانی ئەدا، هۆنراویش بەو جۆرە شان بە شان لەگەڵیا ئەهاتە خوارەوە، تا وای لێ هات باوەشی کرد بە هەموو جۆرە «هونەرە قسەییە ئاشکراکان» داو بە ئەندازەی زیاد لە دەسەڵات تاکی تەرازووی خۆی لە پەخشان قورستر ئەکرد، نەیهێشت لەباری ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و گۆڕاندا لە پەخشان دوا بکەوێ.

* * *

## پەخشان لەپێش ئیسلام دا

وەکوو وترا پەخشان لەبەرە بەیانی مێژووەوە زۆر سادە و ساکار بووە، ئەمەش لە بەر ئەوە بووە کە پێویستی ئادەمیزاد بە یەک و ئەرک و فرمانیان بەیەک کەمتر بووە. ئەم کەمتر بوونەی لەبەر بڕ بڕ بوونەوەی ئادەمیزادەکە و لەبەر کەمتر گوزارە بووە بۆ ئەوە وشەی بۆ دانێن. هەتا تێکڵاوی ئادەمیزاد بەیەک زیاتر بێ مەعانی زیاتر پەیدا ئەبێ، کە مەعانی زیادی کرد بەناچاری ئەبێ وشەی بۆ دابنرێ، کە وشە زۆر بوو پەخشانەکە زۆرتر ئەبێت، لە زیاد بوونەکە هەموو جۆرە رستەیەک دروست ئەبێ. ئەم جۆرە گۆڕانە بەم جۆرە ئەکاتە کارێ کە پەخشانەکە لەکاژی پێشوو بێتە دەرەوەو روخسارێکی تر وەربگرێ، سروشتی گۆڕان ئەمە کردەوەیەتی، بەڵام ئەو دەقانە نامێننەوە بۆ پاشەرۆژ ئەمە ئۆباڵی ناچێتە ئەستۆی دەق و پەخشانەکە بەڵکوو ئەچێتە ئەستۆی رەورەوەی مێژوو کە هەمووی هاڕیون و شارۆیەک نەماوەتەوە هی ئەو سەردەمە بۆ ئیمڕۆ!.

ئەمەش یەکەم لەبەر تۆمار نەکردنێکی رێکوپێک، دووەم لەبەر چەتوونی خودی ئادەمیزادەکە، کە: هەر دەستەیەکی سەرکەوتوو هاتۆتە پێشەوە شوێنەواری پێشی خۆی لە ناو داوە!. سێیەمیش هۆی بڵاو کردنەوەیەکی فراوان نەبووە لە ناودا کە ئەگەر روونووسێکی لەناوچوو روونووسێکی تری بمێنێتەوە. ئەمانە هەموو بوون بە هۆی ئەوە کە پەخشانێکی سەردەمی کۆن ـ بە چاو تێکرای ئادەمیزادەوە ـ نەمێنێتەوە. بە کوردەوە ئەم هۆیە گشتیانەو هۆوە تایبەتیەکەی خۆیشی هاتە سەر کە: سەر لێ شێواوی وبڕ بڕ بوونەوەیان و دەرفەت پێ نەدانیان بۆ ئەوە فیکرێک لە خۆیان بکەنەوەو ئەو هۆشەیان بۆ پەیدا بێ کە ئەمانیش خاوەنی شتێکن و ئەبێ بە تەنگیەوە بن!.

* * *

بەدبەختی کورد ئەوەیە کە هەرگیز خاوەنێکی نەبووە بتوانێ کوردەکەو ئەدەبیاتی کوردەکە بپارێزێ!. راستە لە کاتی خۆیا ئەم کوردە بە ناوی ئاریبیەتیەوە لەگەڵ فارس و نەتەوەکانی تری ئاریدا ژیاون و ئەدەبی هەر دوولایان ـ کوردو فارس ـ لەیەک ریشەوە بووە، پادشاو حوکمدارەکانی پێش ئیسلام ئەو زمانە موشتەرەکەیان خستۆتە برەو، لەپاشا حوکم ناوی کوردی لە بیر بردۆتەوە، لە چەرخەکانی دواییدا کە باس لە زمانی پێش ئیسلامەوە کرابێت. ناوی ئاوێستاو زمانی پەهلەوی هێنراوەتە ناوەوەکراوە بە بەڵگەی کۆن، بەڵام بە بێ ئەوە کە ناوێکی کورد بێتە ناوەوە و بڵێن ئەمە بەشی کورد ـ یشی پێوەیە!. هەر

ئەوەندەیە کراوە بە بەڵگەی کۆن بۆ زمانی فارسی!.

پاش ئەوە کەئیسلام هاتە ناوەوە، ئیسلام ئەو شانازی کردنە بە خۆو بە باو باپیرەوە ـ چ لە ناو عەرەب و چ لە ناو غەیری عەرەبدا ـ پیشاندەوەو بە دەستووری:

«یا ایها الناس إنا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتتعارفوا إن اکرمکم عند الله اتقاکم، إن الله علیم خبیر» (١)

بەیەک چاو سەیری هەمـوو نەتەوەیەکی کـردو تەنها بایەخی بەوەدا کـە گـەورە و خۆشەویست لە لای خوا ئەو کەسەیە کە عـبادەت و تەقـواو لە خـوا ترسانی هەبێ. لێرە هەمـوویانی یەکسان کردو کەسی بە سەر کەسا بە زیاد دانەنا. ئەم دەستـوورە بەم جـۆرە مـایەوە تا سـەردەمی هەر چوار جێ نشـینەکـان بەسـەرچووو کـەوتە دام و دەزگـای ئەمەویەکان. نەتەوەیە زۆر لە غەیری عەرەب کەوتنە ژێر ئاڵای ئیسلامەوە. ئەمەوییەکان کـە چوونە سەر حوکم بۆ ئەوە ئەو حـوکمەو ئەو پاشایەتییە لە نەتەوەی ئەو بنەماڵەیەدا بمێنێتەوە لە ئەسڵی دەستوورەکە لایانداو کەوتنە سەر رەگەزپەرستی!. بۆ عەرەبەکانی ئەو سەردەمە دەستی ئەدا، چونکە ئەوان پێشتر شانازیکەر بوون بە باو باپیری خۆیانەوە، ئیسـلام ئەوەی لێ هەڵپـرووکـاندن، ئەمـەوی ئەمـەی بۆ زیندوو کـردنەوەو ئەوانیش دایانە پاڵیـان. لێرەدا کەوتنە رشخەنکردن بە غەیری عەرەب، کەوتنە ئەوە بە چاوی سووکەوە سەیریان بکەن!. وای لێ هات ئەگەر یەکێکی غـەیری عەرەب ـ با زۆر گەورە و عـالم و بنەماڵەش بوایە ـ بە ناوی خزمەتکاری «موالی»یەوە خۆی نەدایەتە پاڵ عەرەبێک بە هیچ جـۆر نەدەژیاو وەکـوو بەردێکی سـەر رێگای لێ ئەهات، کێ شـەقی تێ هەڵدا تێ هەڵئەدا!...

ئەم رەگەزپەرستیە بەم جۆرە کردیە کاری کە «شعوبیەت»پەیدا ببێ. تەنانەت وا ئەگێڕنەوە «زیاد ابن ابیە» کەلە نەسەبەکەیدا قسە هەیە، بەڵام لە کارزانی و سیاسەت و زمانپاراویدا یەکێکە لە پیاوە بلیمەتە گەورەکانی ئیسلام ـ لەژێرەوە بە پەنامەکی هانە هانەی چەند کەسێکی غەیری عەرەب لە ئەهلی هونەرو عیلم و دانش ئەدا کە لە بارەی تانووتدان لەعەرەب کتێب دابنێن!. لەسەردەمی عەبباسییەکاندا چونکە ئەوان پێ گەیشتن و مانەوەیان لەسەر حوکم بەهۆی غەیری عەرەبەوە ئەزانی دەستیان دایە باڵی غەیری عەرەب. بنەچە عەرەبەکانیش کە زیاتر هەوا خوای ئەمەوی بوون و مابوونەوە بۆ ئەو دەورەو شتیان لە حوکم دەست نەکەوتبوو ـ کە ئەمە رەوشتێکی تەبێعییە لە نێوانی



(١) سوورەی «الحجرات» ئایەتی «٣١»

دەستـەی حـوکـمـدار و حـوکم بەسـەرا کـراوا لە هەمـوو دەورێکدا ـ ئەوانیش کـەوتنە پـیـا هەڵوتنی غـەیری عـەرەب!. لێرەدا دوو «بەرە» دروست بوو؛ بەرەیەکی عـەرەب، بەرەیەکی غـەیری عەرەب، هەروەها هی واش هەبوو غـەیری عـەرەب بوو ئەیدایە پاڵ عەرەبەکـان، وە عـەرەب بوو ئەیدایە پاڵ غـەیری عەرەبەکان. «شعوبییـەت» لە نێوانی ئەم دوو بەرەیەدا بە تەواوی بنجی داکوتا وهەر دەستەیەک لە چاکەی خۆی و خوسپی ئەویتر بە سەدها کتێبیان دانا، بەڵام لە پاشا دەیلەمـیـیـەکـان و وەزیرەکـانـیـان وەکـوو «ابـن عـمـیـد» و «صـاحب ابن عـبـاد»، وە تورکەکـانی غـەزنەوی و سەلجووقـی سیـاسـەتی خـۆیانیـان وا بە بـاش زانی کە بدەنە پاڵ عەرەب.

بەداخـەوە ئەو هەمـوو بەڵگە ئەدەبی و پەخـشـانانـە کە لەبارەی شـعـوبییـەتەوە دانرابوون هەمـوویان فـەوتان. لە نووسراوی شعوبیـەکـان مەگەر چەند کەسێکی وەکـوو «جاحظ، ابن عبد ربه و مـسعودی» ـ بەوێنە ـ کە بەناوی وەڵام دانەوەو رەخنە لێ گرتن لێیان هەندێ لە قسەکانیان هێناوە ئەگینا ئەوانیتر هەموو لەناو چوون و بوون بە ئاردی ناو دڕکان!.

***

مـەبەست لەم دریژە پێ دانە بۆ بەڵگەی پێش ئیـسـلام و پاش ئیـسـلام و هێنانی باسی «شـعـوبیـیـەت» ئەوە بوو کـە نە لە پێش ئیـسـلام و نە لـە دوای ئیـسـلام ــ کـە لە هەردوو سەردەمەکەدا کـورد هەبووە و هەیە، وە بە حوکمی تەبێعەت هاوبەشی بووە لەو شتـانە کە بەو زمـانانە نووسـراون و لەو پەخشـانانە کە نـووسراون ــ بەڵام لە هیچ دەورێکـیـانا ناوی کـورد نەهێنراوە تا هەندێ لەو پەخشـانانە بدرێتە پاڵ ئەوان؛ لەگەڵ ئەوەشا هەر هەبوون و هەبووە. جا ئەمـە هەمـوو ئەگەڕێتـەوە بۆ ئەوە کە لە هیچ دەورێکیا کـەیانێکی بە مـەعنای کلمەی نەبووە تا ئەو کەیانە بتوانێ باسی ئەو بەشە زمانە بکاو هانە هانە بدا بۆ باس لێوە کردن.

هی پێش ئیـسلام تەنـها «ماد»ەکان هەبووە، ئـەویش بەڵگەکانی ئێـرانی دانی پیا نانێن کە کورد بووە، رۆژهەڵاتی ناسەکانیش شوێن ئەو بەڵگانە ئەکەون!. ئەوانەش ــ واتە زمان و ئەدەبی ئەو مـادانە ــ لێشـاوی یەک بە دوای یەک کـە هات بەسەر وڵاتـەکـەیانا زمـان و بەڵگەی زمـانی نەهێـشت. لەگـەڵ ئەوەشا هەندێ لە زانایان دان بەوە دائەنێن کە «گـاتا» کـانی زەردەشت بە زمـانی مـادی بووە. دیسـان هەندێکی تر دان بەوە دا ئەنێن کـە زمـانی کـوردی پاشمـاوەی زمانی مـادییـە. هەروەها ئەوەش هەر هەیە کە لـە سەردەمـەکـانی کۆندا

کوردەکان مەیدانی لەوەڕگاو رەشماڵی خۆیان گەیاندوە تا کێوەکانی «ئەسفەهان» و دەورو بەری خەلیجی فارس و کێوی «کیلویە». وەکوو چۆن گەزەنەفۆنی یۆنانی لە گەڕانەوەی دە هەزار کــەســە ســەربازەکــەی دا لــە «٤٠١»ی پێش مــیــلاد نــاوی کــوردی هێناوە و بە ولاتەکەیانا تێ پەڕیوە. لە کەتیبەی پادشایانی ئاشۆردا ناوی «کردو» هاتووە. لە کتێبی پەهلەوی «شــارەکــانــی ئێــران» نــاوی «کــوهبــاران کــردو» هاتووە کــە بەبێ گــومــان ئەمــانە کوردەکانن. «تەبەری» ئەڵێ: ئەردشێری پاپکان سەر زنجیرەی ساسانیەکان لە کوردەکانی «بارزنگی» بوە، کە ئەم بارزنگیانە هەتا ماوەیەکیش پاش ئیسلام هەر لەو بەشە خاکەی ولاتی فارسدا دانیشتون.

پاش ئیسلامیش دیسان چەشنی سەمەرە هەر رووی داو هانە هانەیەک نەبوو بۆ ئەوە کە بەڵگەیەکی پەخشــان بهێنێتــەوە بۆ ئیــمڕۆ. ئەگەر قســەیەکی کــەمی لێ کرابێ ئەویش لە کەلێن و قوشبنی هەندێ کتێبی عەرەبی وەیا فــارسیدا بووە، ئەوەش بەبێ ئەوە دەقێکیان لێوە پیشــان دابێ؛. بەڵکوو هەر ئەوەندەیە ناوی کوردەکەیان بردووە و هیچی تر، وە دوور نییە ئەو بەڵگەیەش نەبێت، چونکە وەکوو وترا بیر و باوەڕی وا لێ کراوە کە پەخشــانی بەزمانی خۆی نابێ ببێ و ئەبێ ئەو پەخشانە بە زمانی ئەو دراوسێیانە بێت!!.

ئەمانە هەموو ئەوە بە ئێمە پیشان ئەدەن کە ئەم کوردە هەبووە و لە دەورەکانی پێشوویدا تێکەڵاو بووە یا لەگــەڵ هاو رەگــەزەکــانی خــۆیدا، وە یا لــەگــەڵ غــەیری ئەواندا، لــە هەمــوو روویەکەوە هاوبەشییــان لەگەڵیانا کردووە. هیــچ نەبێ لە مەیدانەکانی جەنگدا بێ گومان ئەبێ پەخــشــانێکیــان بووبێ کــە ئەو ســەردار لەشکرەیان بەو پەخــشــانە هانە هانەی لەشکرەکــەی خۆی دابێ، چونکە ئەو لە شکرە زمــانی دراوسێی نەزانیوە تا ئەو سەر دارە بەو زمــانــە بیــانجــوڵێنێ. بەڵام لەبەر بێ نــووسینەوەو لەبەر گــوێ نەدانی حوکــمفــەرمــا ئەو پەخشانە نەماوەتەوە. هۆنراو لەبەر ئەوە کە لەبەرکردنی ئاسانتر بووە زووتر ئەچێتە دڵەوە، ئەو لەبەرکردنەی بە پشــتاوپشت مــاوەتەوە، پەخشان ئەو ئاسانیــەی نەبووە تاوەکوو خــودی دەقەکە لەبەر بکرێ و بهێنێتەوە.

ئەمــە شێــوەی پەخشــانە لە هەمــوو زمــانێکا؛ بەوێنە لە ســەرەتای ئیــسلام دا ئەحادیسی پێــغــەمــبــەر «د.خ» لەســەرەتــای ئیــســلامــدا هەر ئەوە بوو کــە ئەیوت و خــەڵکەکــە لەبەریان ئەکــرد، لــەپاشــان ئەو دەمــاو دەمــە ئیــشــێکی وای ئەکــرد کــە هەندێک لە وشــەی دەقــەکــە نەدەوترا، وەیا بە جۆرێکی تر ئەوترا، ئەمــە ئەبوو بەمایەی سەر لێ تێکچوون!. هەر لەبەر

ئەم جۆرە شتانە بوو کە «بوخاری» حەو ساڵ بە شوێن ساغ کردنەوەی یەک تاقە حەدیسدا گەڕا بە عالەمی ئیسلامیدا. خوتبەکانی ئیمامی عەلی ـ کە شەریفی رەضی ـ کۆی کردەنەوە کێ ئەڵێ ئەمە ئەو دەقانەیە کە لەدەمی ئیمامی عەلی دەرچوون و ناوبراوە بە «نهج البلاغە» ؟!. هەروەها گەلێکی تر لە خوتبەو قسەی ناودارانی ئیسلام. بێ گومان کارەسات لە غەیری عالەمی ئیسلامیدا ئاڵۆزاوتر بوو!.

لەگەڵ ئەم هەموو بێ دەرفەتیەدا کە لەلاپەڕەکانی مێژوودا بەسەر کوردا هاتووە، من لە سەر ئەو باوەڕەم ئەگەر لە شوێنە دوورە دەستەکانی ئەو سەردەمە لە مەرکەزی حوکمەوە ـ وەکوو هەورامان و بن چیاکانی ئارارات وتاقی مزگەوتی گوندە کوێستانە سەختەکان ـ گەڕان و تۆژینەوەیەک بکرێ ئەبێ گەلێ پەخشانی کوردی لە دوای سەدەی سێهەم و چوارەمی هجری بەم لاوە بدۆزرێتەوە!. ئەڵێم پەخشان نەوەک هۆنراو، چونکە هۆنراو بە هۆی لەبەرکردنەوە بەختی باشتر بوو...

بۆ پشتیوانی ئەم قسەیە زانای بە ناوبانگ «محمد تقی بهار ـ ملک الشعرا» لە لاپەرە «١٦» و «٣٨»ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا «سبک شناسی» باسێک ئەکاو ئەڵێ:

«کۆنتر بەڵگەیەک کە لە خەت و زمانی پەهلەوی ئەشکانی مابووبێتەوە دوو قەواڵەی مڵکە کە لە ولاتی هەورامانی کوردەواری لەم چەند ساڵانەی دواییدا دۆزراونەتەوە، بە زمانی پەهلەوی لەسەر پێستی ئاسک نووسراوەو مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ «١٢٠» ساڵ پێش مەسیح. لە یەکێک لەم قەوالانەدا نووسراوە: «ئەگەر یەکێ باخێکی کڕی ئەبێ ئاگای لێ بێ وئاودانی بکاتەوەو نەیەڵێ ویران ببێ، ئەگەر ویرانی کرد ئەبێ ئەوەندە جەریمە بدات». هەروەها ئەڵێ: هەر لەو جێگایەدا ـ واتە هەورامان ـ دوو پێستی تر ئاهوو دۆزراوەتەوە کە قەواڵەی ئەرزێکن بەخەتی یۆنانی، لە مێژووی «١٥٠» ساڵ پێش مەسیح نووسراونەتەوە.

لەمەوە ئێمە ئەکەوینە سەر ئەوە کە لەو سەردەمانەدا خەت و زمانی پەهلەوی ئەشکانی ـ واتە پەهلەوی کۆن ـ لە شوێنێکی وادا باوی هەبووە و شتی میری پێ نووسراوەتەوە، ئەبێ دانیشتووەکانیش شتی خۆیان بە زمانی خۆیان بەو خەتە نووسیبێت و دایاننابێت، بەلام هارەی زەمان وەکوو خەت و زمانی فەرمانڕەوایانی هاڕیوە هی ئەمانیشی هاڕیوە!. خوێنەر ئەم لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەیەم لێ بە زیاد نەزانێ، بەڵکوو ئەبێ وابزانێ چۆن ئێستە گەلێ جار لەشوێنەکانی کوردستاندا زمانەکەی خۆیان بەخەتی بێگانە ئەنووسن ئەو

سەردەمەش لەسەر ئەم بەراوردە چەشنی شت بووە!.

نووسەرانی ئێرانی پەڕیونەتە سەر ئەوە هەر ئەڵێن «زمانی ئێرانی»، مەگەر هەندێ جار نەبێ کە بڵێن «زمانەکانی ئێرانی»، ئیتر نایانەوێ، وەیا نەیانویستووە بە درێژی باسی ئەو بەشانە بکەن کە بە پوختی ئەم زمانەیان دروستکردوەو بەهەموویانەوە مەوجوودییەتی زمانەکەیان پەیدا کردووە، لەگەڵ ئەوەدا زمانی کوردی یەکێکە لەو بەشە هەرە گرنگانە کە بووە بە بتەو کردنی ئەو ساقەتەیە، ئەگینا بۆچ ئەبێ دان بەم راستییەدا نەنرێ؟!. دوور نییە ئەمەش هەر لە سەرەتای مێژووەوە لەبەر حوکم و لەبەر سیاسەت بووبێت!.

لە لایەکی تریشەوە من لام وایە: لەپاش دوایی هاتنی حوکمی فارسی و بێزەنتی و پەیدا بوونی عەرەب لەو ولآتانەو لە ولآتی کوردەواری دەستەی خوێندەواری تازە ئەوانە بوون کە بە هۆی ئاییندوە ئاشنای زمانی عەرەبی بوون، وە ئەوکەسانەش ئەهلی مزگەوت و ئەوانە بوون کە ئێستە ئێمە بە «مەلا» ناویان ئەبەین. بە دووری نازانم کە لە ناو ئەمانەدا گەلێکی وایان تێدا بوو بێ کە شتیان لە عەرەبیەوە کردبێ بەکوردی، بە تایبەتی ئەو شتانە کە پەیوەندییان بە ئایینی تازەوە هەبووە!. وێنەی ئەمە لە ناو فارسەکانا هەبووە؛ وەکوو لە سیستاندا لە سەدەی سێهەمی هجری بەدواوە دەستی پێ کردووەو مەولوود نامەیان لەعەرەبیەوە کردووە بە فارسی. کوردیش ئەبێ ئەمەی هەبوو بێ، بەلآم هی فارسەکە بە هۆی حوکمەوە ماوەتەوەو هی کوردەکە رزیوە!. ناهەقی نییە بڕزێ، چونکە دراوسێکانی کورد لە پاش ئیسلامەتی روویان ئەکردە بەغداو قاهرە، قورتوبەو ئەستەمووڵ و تاران و پایتەختەکانی تر شتیان ئەنووسی و ئەمایەوە، کورد روو بکاتە چ پایتەختێکی تا شتی خۆی و پەخشانی خۆی بە زمانی خۆی و بە زمانی میری خۆی بنووسێت و بیهێڵێتەوە؟!!.

* * *

## پەخشانی کوردی و دەقەکانی

بێینە سەر پەخشانی کوردی و دەقەکانی پەخشانی کوردی.پێش ئەوە بچینە جەرگەی باسەکەوە پێویستە بزانین پەخشان بەجۆرێکی تێکڕایی چییەو چەند بەشی هەیە؟:

پەخشان لقێکە لە دوو لقەی ئەدەب بە گوزارەی تایبەتی؛ واتە نەوەک ئەدەب بە گوزارە گشتییەکەی کە قسەو مووزیقاو وێنەو نیگارە، بەڵکوو بە گوزارەی تایبەتی کە بریتییە لە هۆنراو و پەخشان.

بناغەی بنەڕەتی بۆ هۆنراو سۆزە، بۆ پەخشان بیرە؛ بیر یاریەدەری سۆزەکەیە، واتە پلەی دووەمیەتی، سۆزیش بۆ پەخشان یاریەدەری بیرەکەیەو پلەی دووەمە بۆی. لە راستیدانە سۆز بەبێ بیر ئەکرێ، وە نە بیریش بەبێ سۆز. هەر لەبەر ئەمەیە بۆیە هۆنراو و پەخشان هەردووکیان چوونەتە ژێر خێوەتی ئەدەب بە گوزارەی تایبەتی و ئەدەب بەم دووە ئەوترێ.

پەخشان لە زمانی کوردیدا بەشتێک وتراوە و ئەوترێ کە بڵاو بکرێتەوە؛ واتە: شتەکەی پەخشان کردەوە. وەیا ئەڵێ: «پەخش و بڵاو کردەوە». ئەم وشەیە «چاوگ ـ مصدر»ی ئەلفییەو وێنەی زۆرە لە زمانی کوردیدا وەکوو «پێچ، پێچان. بێژ،بێژان. پەخش، پەخشان» ئەم ئەلف و نوونە وەکوو ئەلف و نوونی چاوگییە «کۆمەڵ ـ جمع» یش هەر بەو کۆ ئەکرێتەوە، وەکوو! «خزم، خزمان. پیاو، پیاوان. دار، داران». ئەوەی ئێمە لێرەدا بۆ چاوگە نەوەک بۆ کۆمەڵ، چونکە لە کۆمەڵەکەیا لەسەر دەستوور ئەوترێ «پەخشانەکان»، یا پەخشانان.

ئەمە ئەسڵی بناغەی وشەکە. ئەمجا وەکوو شێوەی هەموو زمانێکە کە وشەکەی لەکاتی دانانیا، واتە «دانانی زمانی ـ لوغەوی» بۆ شتێکی تایبەتییە و پاشان «زاراوە ـ اصطلاح» دایئەنێ بۆ شتی تر بەلام نابێ ئاشنایەتی زمانییەکەی لەگەڵا بپچرێ. پەخشانیش یەکێکە لەوانە؛ سەرەتا بۆ بڵاو کردنەوە بووە، پاشان؛ واتە لە چارەکە یەکەمی سەدەی بیستەمەوە وردە وردە لەسەر زمانی خوێندەوارانی کورد کرا بە ناو بۆ ئەو رستەو نووسینانە کە هۆنراو و «هەڵبەسە» نین، دیارە ئاشنایەتی لەگەڵ زمانییەکەشیا نەپچڕاوە، چونکە بڵاو کردنەوەی هەر تێدا هەیە؛ واتە ئەو نووسینانە لە سەر لاپەڕەی کاغەز پەخش و بڵاون.

«نەسر ـ نثر» لەزمانی عەرەبیدا بە مانا بڵاو کردنەوەیە، پاشان بە «اصطلاح» کردیان بە ناو بۆ پەخشان، واتە بۆ وتارو نووسینێک کە هۆنراو «هەڵبەسە ـ نظم» نەبێت. ئەم

وشەیە بەو قالبە جێگای خۆی گرت لە ناو ئەو زمانانەدا کە زمانی عەرەبی تێکلاوی زمانەکەیان بوو، بە تایبەتی زمانی فارسی کە بۆیان نەگونجا ئێستەش وشەیەک بەرانبەر بەو دابنێن لە زمانەکەیان بۆ ئەم چەمکە ـ مەفهـوومە. ئەتوانم بڵێم لەم رووەوە زمانی کوردی پیشکەوتووتر بووە کە توانی وشەیەک بەرانبەر بە «نثر» دابنێ، کە ئەوەش «پەخشان» بوو.

***

ئەمجا ئەم پەخشانە کە بەم جۆرە باسکرا ئەبێ بە دوو بەشەوە؛ یەکەم پەخشانێکی سادەو ساکار، واتە دوورە لە هەموو شێوەیەکی بەدەسەنقەس بەلاغی، وەکوو قسەکردنی دوو کەس لە بەینییەکا لە کاروباری فرمانێکدا، وەیا گێڕانەوەی سەرگوزەشتێک، وەیا وتارێکی ساکار لەلایەن باسێکەوە، وەیا شەرح کردنی بابەتی ریازییات و جوغرافیا. ئەم جۆرە پەخشانانە وەنەبێ پێویستیان بەوە بێ کە پیاو خەریک بێت «هونەرە قسەییە ئاشکراکان»یان تیا بەکار بێنێ.

جۆری دووەم پەخشانێکە کە بە پەخشانی هونەری ئەناسرێ. ئەمەشیان ئەوەیە کە بە هەموو مەعنایەک هونەری تێدایە و بە هەموو چەشنێک شێوەیەکی ئەدەبی دائەگرێتەوە. ئەمەیان هەر چەندە هونەرییە لەگەڵ ئەمەشیا لە چەند شتێکا لەگەڵ هۆنراودا جیا ئەبنەوە؛ لەوەدا کە هۆنراو بێجگە لەوە کە لەسەر بناغەی ویژدانە، کێش و پێوانەشی تێدایە. لە هۆنراودا «سەروا ـ قافیە» هەیە ئەمە لەم پەخشانەدا نییە، زۆرتر ئەوەیە وشەی هۆنراو هەڵبژاردەیە، لە پەخشانا ئەم هەڵبژاردنە مەرج نییە. خوازە و خواستن و گۆشە لە هۆنراودا زۆرتر ئەبێ، لە پەخشانا هیچ پێویست ناکا بەو زۆرییە، چونکە ئیشی پەخشان ئاشکراییە نەوەک هێماو ئیشارە، بەڵام لێکچوون زیاتر لە پەخشانا ئەبێت، چونکە ئەم لێکچوونە بۆ زیاتر ئاشکراکردنی رستە و چەمکە، ئەم ئاشکراییە بەم جۆرە لە کرد و کۆشی پەخشانە. لە هۆنراودا ئەو سەربەستییە هەیە کە وشە لەهەر شوێنێک دابنرێ دائەنرێ بەڵام لە پەخشانا ئەو سەربەستییە نییە، چونکە ئەگەر وابکرێ پەخشانەکە ئەنجامی خۆی نادا بە دەستەوە. رەوشتی هۆنراو کورتبڕییە، بەو بۆنەوە هەر رستەی سەرەکی ئەتوانێ دابنێ و ئیتر گوێ بە شتی تر نەدا؛ بە وێنە «مسند» بڵێت و «مسندالیە» لاببا، یا «مقدمات» بڵێت و «نتیجە» نەڵێت، وەیا بە پێچەوانەوە، پەخشان لەبەر ئەوە کە «تەوزیم ـ واجب»ی ئەو ئاشکراییە ئەمانەی پێ ناکرێ. ئەگەر

هۆنراوێک دەستکاری لە دەقەکەیا کرا لە هۆنراوی ئەکەوێ، بەڵام پەخشان با دەستکاری ئەو دەقەشی بکرێ لە پەخشانی هەر ناکەوێ. ئەمانە شتێک بوون کە پەخشانی هونەری سەربەخۆییەکی تایبەتی و دەنگێکی تری هەبێ.

جا ئەم پەخشانی ئەدەبییە ئەبێ بە دوو بەشەوە. بەشی یەکەم «کێش»ی هەیە وەکوو هۆنراو، بەڵام «سەروا ـ قافیە»ی نییە، کە ئەمە پەخشانی وەک هۆنراو «نثری مرجز»ی پێ ئەڵێن. بەشی دووەم «سەرواداز ـ سجع»ە بەڵام کێشی هەیە ـ کە پێی ئەڵێن «پەخشانی سەروادار ـ نثری مسجع»ـ. هەر ئەم بەشە ئەبێ بە سێ لقەوە؛ «هاوڕوو ـ متوازی» واتە لە دوایی دوو رستەی لە شوێن یەکەوە دێن. دووهەم «هاوسەر ـ مطرف» واتە ئەو پەخشانە خاوەن سەروادارانەن کە لە دوو، وەیا چەند رستە و بەندێکی بە شوێن یەکدا دروست ئەبن. سێ هەم «هاوکێش ـ متوازن» واتە ئەو پەخشانە خاوەن سەروادارانەن کە دیسان لە دوو، وەیا چەند رستەیەکی بە شوێن یەکدا دروست ئەبن. جیایی ئەم بەشەیان لە گەڵ بەشی یەکەم دا ـ هاوڕووـ ئەوەیە ئەمەیان لەگەڵ هۆنراودا تۆزێ هاوبەشن، جیاییەکەشی لە گەڵیا ئەوەیە کە هۆنراوەکە کێش دارە، ئەوەندە هەیە ئەم لەگەڵیا – واتە لەگەڵ هۆنراوەکەدا ـ لە پیتی دوایی دا وەکوو یەک نین و جیا ئەبنەوە. ئەم جیاییە بەم جۆرە ئەکاتە کارێ کەلەگەڵ بەشی دووەمیش دا ـ هاوسەر ـ مطرف ـ جیا ببنەوە.

***

ئەم پەخشانە کەوا بەو جۆرە لەزمانی کوردیدا باسکرا ئەمانەوێ لەناو چوارچێوەی ئەو کۆششەدا کە بۆی کراوە و هەندێکی بە یادگار ماوەتەوە بە ئەندازەی دەسەڵات و توانا قسە لە دەقەکانیەوە بکەین.

وەکوو وترا بەرهەمی کوردی لە هۆنراودا زیاتر بووە و زیاتر ماوەتەوە، ئەمەش لەبەر ئەو شتانە بوو کە باس کرا، بەڵام هی پەخشان ئەوەندە قسەی لێوە نەکراوە و بە دەستنووسیش شتێکی وای نەماوەتەوە. من لەبارەی «دەقەکانی ئەدەبی کوردی»یەوە کتێبێکم دانا و لە ساڵی «١٩٧٨»دا لە چاپ درا، بەڵام لەوێدا زۆرتر کۆشش خرایە سەر هۆنراو و بەشی سەرەکی کتێبەکە لەو رووەوە بوو. لەم شوێنەدا ئەمەوێ ئەم کتێبە تایبەتی بێ بە دەقی پەخشانەوە، چونکە پەخشانەکە دەستی خزمەتی کەمتر گەیشتۆتێ.

جارێ «دەق» لە زمانی کوردیدا وەختی خۆی کە دانەری زمان دایناوە بۆ جل و

بەرگێکی داناوە کە قەد بکرێ و لە ناو بوخچەدا هەڵبگیرێ. کە دانرا لەپاش ماوەیەک لەسەر ئەو قەدە ئەوەستێ و چەسپ ئەبێ. بەو چەسپ بوون و شێوەیە ئەوترێ دەقی گرتووە، واتە تەخت بووە، وەکوو لەپاش ماوەیەک «پووان» یێک روو ئەکاتە خەتی بەسەر یەک کەوتنەکەدا ئەڵێن: دەقەکە خواردوویەتەوە، وەیا ئەگەر شێوەی ئەو جۆرە دەقکردنەی نەما ئەڵێن: دەقەکەی شکاوە، وەیا یەکێک قسەیەک ئەگێڕێتەوە، ئەویتر ئەڵێ: دەقی خۆیەتی. وەیا یەکێ خۆی ئەڕازێنێتەوە ئەڵێ: خۆی داوە لەدەق.

کەوابوو «دەق» لە زمانی کوردیدا بە مەعنا «نص»، رازاندنەوە و چەسب بوون هاتووە و ڕێختی زمانەکە بەو جۆرە دایڕشتووە. ئەمجا لەناو زمانی کوردیدا لەم دەورانەی دواییەدا کەنووسین زیاتر باوی سەند لەناو خوێندەوارانا بوو بەناو بۆ ئەو پارچە نووسین و ئەو شتانە کە لە پێشوودا هەبوون بەبێ دەستکاری بهێنرێن و لەسەر لاپەڕەی کاغەز بخرێنە بەرچاو، ئەمەش وەنەبێ ئاشنایەتی بڕابێ لەگەڵ دانانی زمانی وشەکەدا کە وەختی خۆی بۆی دانراوە؛ واتە پەیوەندی هەیە لە نێوانی «وضعی لغوی» و «اصطلاحی» وشەکەدا. ئەوەندە هەیە بۆ کەوتنە سەر لاپەڕەی چاپ بەو چەمکە لام وایە یەکەمجار لە دروشمی ناوی «دەقەکانی ئەدەبی کوردی»دا هاتە ناوەوە.

لە راوێژی زمانی عەرەبییدا بۆ ئەم جۆرە چەمکە وشەی «نص» بەکار هاتووە، ئەم وشەیەش سەرەتا ئەم چەمکەی نەبووە، بەڵکوو لە وەختی خۆیا بەمانا ئاشکرا کردنی شتێک، یا عبارەتێک کە غەیری ئەوە شتێکی تر هەڵنەگرێ – بووە، پاشان «اصطلاح» کردوویە بەناو بۆ ئەو دەقانە کە ماونەتەوە؛ وەکوو ئەڵێ ئەمە نصی قرآنە، وەیا ئەمە نصی حدیثەکەیە، وەیا ئەم نصە نصی ئەو کاغەز و قسانەیە کە بووەو وتراون. زمانی فارسی هەر ئەو وشەیە لە عەرەبییەوە وەرگرتووە و بە کاری هێناوەو ئەیهێنێ بۆ «دەق» تا ئێستە بەرانبەر بەو چەمکە وشەیەکی بۆ دانەناوە!.

***

وەکوو وترا کورد لە نەتەوەی ئارییە، ئەم ئارییانە گەلێ لکیان لێ بووەتەوە، یەکێ لەو لکانەش دیسان نەتەوەی «فارس»ە، جا ئایا فارسی کۆن بێ – کە پارسە – یا فارسی ئێستە بێ کە خاوەنی ئەدەبیاتێکی نمایانەو بە هەزاران کتێب و دانراوی لە سەر ئەم شێوەیە هەیە ئەمە شتێکی ترە. بناغەی زمانی ئەم دوو شێوەیە ئەچێتەوە سەر سانسکریتی و پەهلەوی کۆن و تازە – کە پەهلەوی ئەشکانی و ساسانییە. لە نێوانی

ئەوانەدا «ماد» و «هەخامەنشی» هاتن. بەڵگەی نووسراوی ئەمانە هەمووی بە هێرشی ئەسکەندەرو پاشان عەرەب لەناو چوون!. ئەوانەی کەمابوونەوە تەنیا نووسراوی سەر پەیکەرو دیوارو کۆشکە کۆنەکانن، بەتایبەتی نەخشی دیوارەکانی «بێستوون» و «پەیکۆڵی». ئەمانەش وەنەبێ شتێکی وا بدەن بە دەستەوە کە دڵی ئینسان ئاو بخواتەوە، چونکە هەموو رستەی کورت کورت و باسی سەرکەوتنی پادشاکان و «دیوکس»ی مادی و کوورش و داریۆش و ئەردەشێر و ئەوانەن، کە بێجگە لەمە شتیکی تر ناگێڕنەوە، ئەمانەش لەوانە نین کە بکرێن بە سەر مەشق بۆ پەخشانێکی فراوانی رێکوپێک بۆ ئەو سەردەمە.

ئەمەو دیسان لە سەدەی حەوتەمی پێش میلاد «ماد»ەکان ئیمپراتۆرییەتێکی گەورەیان دامەزراندو «١٥٠» ساڵ مانەوە، لە «٥٥٠»ی پێش میلاد بە هۆی هەخامەنشییەکانەوە بڕانەوە. لەبەر ئەوە کە لە دەورەی پێش ئیسلام و پاش ئیسلام قەڵەمی وڵاتی کورد زۆربەی هەر بەدەست فارسەوە بووە ناوێکی تایبەتی بۆ بەڵگەی تایبەتی کورد نەهێنراوەتە ناوەوە، بەڵکوو هەموو بەڵگەکانی ئاریایی وڵاتی ئێرانیان هەر بە ئێرانی ناوبردووەو بە زمانی فارسی داویانەتە قەڵەم، لێکۆڵینەوەیەکی وەهاش نەهاتۆتە ناوەوە کە بەشە زمانی کوردی لە هی فارسی جیا بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا بەشی کوردی خۆی بەشێکی سەربەخۆیە، ئەو وشەو رستانە کە بەشی فارسی وتوویە ئەوانە فارسی-ن من ئەوانە بە کوردی ئەزانم، وەیا هیچ نەبێ ئەو شتانە شەریکن لە بەینی کورد و فارسدا، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوە کە قەڵەم بە دەست فارسەوە بووە و ئەو نووسراوە فارسییانە کە کەوتوونەتە وڵاتی کوردەوە و کوردەکە خوێندوونیەوە و لە پاشا وشەیەکی باو کە کوردێک وتبێتی و هاتبێ بەسەر زمانیا بەشی خوێندەوارانی ئەو دەورە و گەلێکی ئێستەش وتوویانە و ئەڵێن ئەو وشەیە فارسییە!. لەگەڵ ئەوەدا وا نییە بەڵکوو «بضاعتنا ردت الینا»!. ئەگەر ئەو وشەیە هی کوردی ساغ نەبێ هیچ نەبێ موشتەرەکە لە بەینی کورد و فارسەکەدا، بەڵام کوردەکە تۆژینەوەی نەبووە بۆیە وا ئەو جۆرە بیرو باوەڕە کەوتۆتە مێشکیەوە!!.

هەندێ شت هەیە کە پێ ئەڵێن «ئەمری واقع» ئینسان ناتوانێ بە هیچ جۆر لێی لادا؛ دوو لەگەڵ دوو ئەکاتە چوار، ناتوانێ بێجگە لەوە شتێکی تر بڵێت. خۆر کە هەبوو ناتوانی بڵێت نییە. بەڵگەی کۆنی وڵاتی رۆژهەڵاتی وڵاتی ئیسلامی هی پێش ئیسلام بەهۆی ئەو هەموو لێشاوەوە کە هاتووە بە سەریا هەمووی لە ناو چووە، ئەوانەش زۆرتر کە

بەشێوە خەتی مێخی و ئارامی و عێلامی نووسراونەتەوە، ئەو خەتانە نەمان، خەتی پەهلەوی کەتا ئەندازەیەک جێگری ئەوانە بوو ئەویش نەما، لافاوی لەشکری ئەسکەندەر وەکوو دام و دەزگای سەردەمی تێکدا خەت و بەڵگەشی هەر تێکدا!. ئەوەی کە بەکەڵک بوو چەپاوی کرد بۆ یۆنانی، کورتە نووسراوی سەر بەردەکان مابوونەوە ئەوانەش هەر بەسەروگوێلاک شکاوی مابوونەوە!. ئەو رۆژهەڵاتی ئیسلامییە لە پاشا ئەگەر کۆلکە شارەزاییەکی لە بەڵگەی کۆن پەیدا کردبێت ئەویش بە هۆی شت گێرانەوە بووە لە یۆنانەکە، ئەمانەش لە ناوچوون، لەگەڵ ئەوەشا وەنەبێ ئەمانەش کە وەریان گرتبوو راستە و راست بەهۆی خۆیانەوە بوو بێت، بەڵکوو رۆژهەڵاتی ناسەکان لە رۆژهەڵات نزیک بوونەوە و کەوتنە تۆژینەوە، پسپۆڕەکانیان لە بارەی نووسین و خەت و بەڵگەوە دەستیان کرد بە وردبوونەوە، ئەویش لەهی نووسراوی سەر بەرد و پەیکەر و کۆشکەکان، ئەوی تا ئەندازەیەک بۆیان روون بووەوە دایانەوە بە رۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەمانیش وەکوو قوتابی کەوتنە خوێندنەوەی ئەوانە!.

سەیر ئەکەین ئەم هەموو شتانە و ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمانە هاتنە رێی زانینی بەڵگەی کۆن، ئەمە بێجگە لە شڵەژاوی و ئاڵۆزی ناوەوە خۆی!. وە بێجگە لەوە لە دەست راکێشان بۆ مێژووی کۆن – هی هەموو نەتەوەیەک – زیاتر لە ناراستیوە نزیکترە تا راستی، مەگەر بەڵگەی سەر بەردەکان و شتە دۆزراوەکانی ژێر زەوی نەبێ!. کەوا بوو قسە کردن لە چەرخەکانی کۆن – ئەو چەرخانە کە بەو جۆرە باس کران – وەکوو تیر نانە بەتاریکیەوە!.

ئەمجا کوردێک کە لەناو ئەو هەموو گێژاوە لێڵەدا سووراپێتەوە ئەبێ چی بۆ مابووبێتەوە؟ و بگا بە چ بەڵگەیەکی دڵنیاکەر کە هەم خۆی و هەم غەیری خۆی تێنوێتی بشکێ؟!. ئەرمەنەکان لەگەڵ ئەو هەموو پەرێشانیەدا کە لە لاپەڕەی مێژوودا بە سەریانا هاتووە!. چونکە جار جار قەڵەمێکیان هەبووە و بە هەر کولەمەرگیەک بووبێت شتێکیان نووسیوە و کەلەپوورێکیان پێکەوە ناوە. تەنانەت نووسراوی گەلێ لە زاناکانیان بووە بە سەرچاوەی نووسینی زانایانی تر کە بابەتەکانیان نەتەوە ناسین بووبێت. کورد ئەو قەڵەمەشی نەبووە، ئیتر چۆن ئەتوانێ لە کردو کۆشی رابوردوانی خۆی بگا بە بەرهەمێک بۆ دۆزینەوەی پەخشانێک بۆ ئەوە بیکا بە چەپکە گوڵێک و بیگرێ بە دەستەوە؟!.

لە پاش ئەم قسانە ئێستە ئەگەر ئێمە دان بەوەدابنێین کە زمانی پەهلەوی – چ

ئەشکانی، چ ساسانی- واتە پەهلەوی کۆن وتازە، بناغەو سەرچاوەن بۆ زمانی کوردی ئەوا ئەو بەڵگە کورتانە دەرکەوتن کە لە پەخشانی کۆن دواون و ئەوانە ئەبن بەنموونە بۆ پەخشانێکی کورتی کوردی پێش ئیسلام، بەڵام لەبەر ئەو قسانە کە کران ئێمە لەم رۆژەدا شتێک کە شت بێ و لەبەر دەستا بێ و لە سەر بناغەیەکی تەواو پەخشانی کوردی راستی ئەو سەردەمانە روون بکاتەوە لەبەر دەستمانا نییە. بەو بۆنەوە ئێمە لەو چەرخانە واز دێنین و دێنە سەردەمی ئیسلامی.

***

## پەخشانی کوردی پاش ئیسلام!

وەکوو وترا لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامەتیدا بەهۆی هاتنی ئایینی تازەوەو دەسەڵات پەیداکردنی ئەو ئایینە بەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی توخومی ئیسلامی ئەو وەختەدا بەڵگەی پەخشانی ئەو وڵاتانە لەناو چوون. لەپاش ماوەیەکی سێ سەد چوار سەد سەدەیی هەندێ لەو نەتەوانە دەستیان دایەوە بە نووسینی پەخشان. کورد لەبەر فەرمانڕەوایی ئەوانە بەسەریانا بۆیان نەلواوە کە بە زمانی خۆیان شت بنووسن. تا نزیکەی چوار سەد ساڵێک لەمەو پێش توانیویانە ئەوە بێت بە دڵیانا کە ئەگونجێ بە پەخشانیش –وەکوو هۆنراو– شت دابنێن، ئەوشتانەش زیاتر هەر لەباری ئایینیەوە بووە؛ کە ئەڵێم ئایینی مەرج نییە رووت ئایینی ئیسلام بێت، بەڵکوو قسەکە لەوەدایە کەبابەتەکە بابەتی ئایینییە، واتە پەخشانەکە لەو رووەوەیە، ئەگینا دوور نییە روو نەکاتە ئەو جەوهەرە کە ئێمە ئێستە بە جەوهەری پوختی ئیسلامی دائەنێن.

ئەم جۆرە شتانەو گەلێکی تر بە داستان لە سەر زاری مەردمەکەوە بەشێوەی پەخشان هەبووە، بەڵام چاپ لەو ناوچانەدا نەبووە تا چاپ بکرێن، بەڵکوو هەر بە دەمــاو دەم بۆ یەکیان گێڕاوەتەوە. ئەم جۆرە شتانەش زیاتر لەو شوێنانەی کوردەورای بووە کە تەریک بوون لە حوکمی فەرمانڕەوایانی بێگانەو ئەو بیانانە ئەوەندە بە تەنگیەوە نەبوون بۆ نەهێشتنیان، لە پاشا لە هەندێ شوێن کە وردە وردە چاپ داهات، بیرو باوەڕیش گۆڕانێکی تری بە سەراهات، هەندێ لەوانە کەوتنە بەر پەلی چاپ و چاپ دەستی پیان گەیشت. من لێرەدا بەئەندازەی دەسەڵات ئەوەی کە بەر دەستم کەوتووە لەو پەخشانە نموونەیەک دێنمەوە بۆ دەقی پەخشانی کوردی بەبێ ئەوە سەیری بابەتەکەی بکەم، بە سەرە پیا دێمە خوارەوە تا ئەگاتە ئەمڕۆ:

یەکێک لەوانە سروودی «یارسان»ە. ئەم «یارسان»ە زنجیرە سروودێکی دینین، هەم بە پەخشان و هەم بە هۆنراو وتراون. ئەمانە تایبەتین بە تیرەی «یارسان»، وەیا «تایفەسان» وەیا «علی اللە»ی کە بە هەرسێ ناوەکە ناویان دەرکردووە، وە ئەسلی شێوەکەی – واتە شێوەی ئەم سروودانە – تێکەڵاوە لە شێوە کوردی هەورامی و کرمانجی لەکی و کرماشانی. ئەم سروودانە بەم جۆرە – ئەوانەیان کە کۆکراونەتەوە – پێیان ئەڵێن «دەفتەر». بە ناوبانگترین ئەم دەفتەرانە بە ناوی «سەرەنجام»ەوە ناوی دەرکردووە. ئەم «کەلام»انە کە «سەرەنجام» و «دەفتەر»یان لێ دروستبووە ئەڵێن هی «سوڵتان سوهاک» وەیا «سوڵتان

ئیسحاق»ە کە ئەم سولّتان ئیسحاقە لەسەدەی چواردەی میلادیدا ژیاوە و «ئیمامی عەلی» بە رەمزی خوا ئەزانێ وە بە دارو دەستەکەیان وتووە «علی اللهی» ، وە دوور نییە سولّتان ئیسحاقی لای «نەوسوو»ی هەورامانی «لهۆن» - کە مریدەکانی هەموو دەم ئەچن بۆ زیارەتی مەزارەکەی- ئەو سولّتان ئیسحاقە بێ، وە ئەگەر ئەویش نەبێ تەرێقەتەکەی ئەچێتەوە سەر ئەو.

ئەم کۆمەڵە سروودی ئاینیی «اهلی حق» . گەنجی بە نرخ «ماشاء الله» سووری کرماشانی لە پێش پانزە ساڵدا، واتە لە ساڵی «١٣٤٤»ی شەمسی بۆ لیسانسیەی ئەدەبیات کۆی کردنەو چاپی کردن. من لێرەدا نموونەیەک لەو پەخشانانە بۆ پەخشانی کوردی دێنمەوە، وە گومانیشم تێدا نییە ئەو سروود و پەخشانانە هی سەردەمێکی کۆنن، زار بەزار و پشت بەپشت «علی اللهی» یەکان بۆ یەکیان گێڕاوەتەوە، ئەوەندە هەیە بە کۆششی رۆشنبیری ناوبراو دەستی چاپی لە ساڵی «١٣٤٤»ی شەمسیدا پێ گەیشتووە. بەشی پەخشانەکەی لەسەر بیست و یەک بەشە، دیارە وەکوو «ئاوێستا» چۆن لەسەر بیست و یەک نوسکە ئەمیش وا دانراوە. ئەمەش دەقەکەیە بە چەشنی شێوەی خۆی:

## سروودی «یارسان»

**بەشی یەکەم:**

(ئاو دەلیا بەحر بی، چەند وەقت دەر دەلیا بی، بەحرو بەڕ نەوی، سولّتان عالەم هەیبەت دا وە سەنگ توقیا، ریزە بەرد بی وە دوود، وە بەر دوود سەنگ گرد، وەلی هیز گرد بی وە هەوا).

**بەشی دووەم:**

«یەک پارچە وەسەنگ بەرد شانا وە هەوا بی وە ئاسمان و ستارەگان هەم سازنا وەشمارەی غولّامان دراو دەورەی، مەلائکە مواچوون وە مونگ و هور وهەم وە حەجەر نوور وێش داخل گردو سازناو شانا وە ئاسمان، وە شەوو رووژ هەم قەرار دا وە چەهار فەسڵ گەردش ساڵ هەم وە چەهار مەلەک قەرار دا،

گاهی چەهار تەن وگاهی هەفت تەن» .

**بەشی سێیەم:**

«هەر کاری وە هەفتەن ساختەن، وە لە کەف دەلیا گەوهەر بی ماسنا، کورسی وێش دا قەرار وە ناو وێش نیا خاوەندگار، کە شەریعەت مواچوون خودا، یا الاه. یا سایر مەزهەبان مواچوون بەعزی «تاری» ، بەعزی «باری» ، بەعزی خاوەندگار، بەعزی «یەیبوق» ، بەعزی «دەیاوەند» -ریاوەند-. هەر میللەت وە ئیسمی مواچوو» .

**بەشی چوارەم:**

«ئەخی جبرەئیل ئافەریدە کەرد وە فەرمای بلۆ سەیری دنیا کەرە بزانە کەسێ هەنەن، هەم هەنەن یا نە؟. جبرەئیل لوا کەسی نەوی سوای یەک دانە دوڕ وە شکڵە مینایی، وە ناو ئەو دوڕە هەنەن وە وینەی زەورەق، بەعزی کەشتی وە رووی بەحر مەنەن، خەیاڵ مەناڵەن! چێش مەزانۆ؟!. اعتنا نەکەرد وە ئەو مەناڵە، پەڕو باڵەش سووچیاو سووچە!.

پەڕو باڵش وە رووی کەف گەوهەر رشیا وە رووی دەلیا بی وە زەمین، بەعد هەر یەک وە هەفتەن ئیجاد کەرد، هەر یەکی وە رووژی، تا هەفت رووژ هەفتە مواچوون، هەفت ئاسمان، هەفت زەمین، هەفت کەواکب وە ئیسم هەفتەن دنیا، چوار گووشەی چوار قوڕنە وە ئیسم مەلەک عەرزو توول دنیا قەراردا کە بی وە هەفتەن!» .

**بەشی پێنجەم:**

«بەعد حەزرەتی ئادەم و حەووا ئیجادیش کەرد، وە ئینس وجن ئیجاد کەردەبی؛ یەعنی شەش دەورە هەن غەیر جەئادەم سازەنا وە فەنا کەرد، وە بەعد ئاوان ئادەمش ئیجاد کەرد کە ئەشرەف مەخلووقاتەن، کە هەق مەیل داشت جلوەی زات وە بەشەر باوەرۆ، وە هەفتەن چەهار تەن، وە خود هەق وە سەر بیوو تەمام، غولامان هەم وەسەر یاوەرۆ ئاما وە دوون بەشەر وە زات مهمانی ، خەیلی ئامان تا دەورەی عەلی زات وە بەشەر هەر دوو داخل کەرد وە دین شەریعەت دەورەی محەممەد قەراردا، هەفتەن هەفتوانەو هەفتادو دووپیر هەم وە دەورەی شەریعەت تەمام بین» .

**بەشی شەشەم:**

«بەعد یاوا وە دوون شاە خوشین وە زات بەشەری هەم دەورە «مفصل» کەلامش هەنەن، بەعد لوا وە دوون بابا ناعوس، دوو زات مهمانی، وە بەعدا

لوا وه دوون بابا جەلیل وه بابا سەرهەنگ وه بەهلوول، وه بابا بی وه دەوریش تەمام وه زات مەهمانی تا یاوا وه دوون سولّتان سحاک وه زات بەشەری وه دەورەی شاه خوشین یەکدفە وه دەر زەرات، هەم یەکدفە مەنزل ویش قەراردا، وه ساج نار دەورەی زەرات ویان (وتیان) وه ساج نار دەورەی شاه خوشین، وه ژیر ساج نار بیا بەس کەرد وه هەفتوانە وه شکلّ وژ سازی، وه هەر دوو هەفت کە هەفت تەن و هەفتوانە هەنەن، یەک یەک رەمزی دارون؛ کە گاهی جسم و زات مـوو وه دوو زات، گاهی هەفتەن، گاهی چار تەن، گاهی سێ نەفەرن، گاهییەک تەن یا چهل تەن».

**بەشی حەوتەم:**

«هەمینتەو تەغییرو تەبدیل گاه زیاد گاه کەم، چوون هەفتوانەرا بە شکلّ وژ سازی هەفتەن یەکتەن وه هەفتوانە بی وه هەشت تەن، وه ژیر ساج نار هەفتەن حازر بی وه پیرالی (پیرعالی) هەم وەبەر جنی غولامان ویرتن.

پیرالی چوون روحش وه ساج ناربی جسمش وه بەر بی جسم هەم لوا وه پەی جوز تا ساج نار، چون جسمش ناپوختە بی زات هەم نەداشت نەتوونست بلۆ وه ساج نار چز ئاورد بیوی غولامان ویرتن، واتش شاه هانە ساج نار، بنیامین لوا وه ساج نار، دیش کە هەشت هانە ساج نار».

**بەشی هەشتەم:**

«ئەو کەللە زەردە ئاوردشان کەردش وه قوربانی، وه(غوض) ساحب کەرەم خوی زیاد گریوا و بەس کەللە زەردە ئاوردن دان، وه تەمام جەم نیشتن، بەش دوو رەنگانەشان نەدا، خەیالش کەرد کە بەش تەمام بیە تا دوعا دریا بەش ئەو دوو رەنگ نەداشان، وه نەزەر خێر وه شەش میزان کەرد، دیش چە وەردش هەنەن وەردشان، وه رەنگ شاه زەردوە بی».

**بەشی نۆیەم:**

«زاناش کە شاه هەر یەکی وەن، وه ئیسم هەفتوانەشان نیان، وه سولّتان ئەمر کرد بنیامین وه شەرت وێت بەر، بنیامین عەرز کەرد قەبوولم نیەن یاشاه هەفتوانە دوو رەنگەن، سولّتان فەرما بنیامین واتەش وێم خاس مەزانم ئیجاد کەردەن وەکوو کەمەر.

وه دەورەی پیر دیور باید بوون، وه پیر جای ئیمە ویمان بلمی وه جامەی بەکتاش(تەریقە). ئەمجا تەریقەی عەلەوییان شەهر دمشق میرەم، پیر بنیامین قەبوول نەکەرد، سولّتان فەرمایش کەرد وێت مەزانی، ئەی پیر من اقرار ئەوەڵ

وە تووم دان هەرچی مەکەری بکەرە، بایەد وە جاوێم دوعا بدەروون».

**بەشی دەیەم:**

«بنیامین هەم ئارمای کەرد، هەفت خەلیفە قەرار مەدەری وەجای وێم بەش بدەرون، وە اقرارشان دان، وە بیا بەس شان کەرد، وە کە لام هەنەن، تا ئاما وە دەورەی سوڵتان سەهاک و پەردیور، یا نە شیخ عیسا بەرزنجانی وە ساڵ «٥٢٨» هجری، وە لە ئەو ساڵە پیر مەرموو (فەرموو) تەشریف بەرد وە دین حەقیقەت ئاشکار کەرد، وە دەر تأریخ «صفوی» هەم مەعلووم ئەست کە سوڵتان سەهاک پادشاهی ئیران وە شیخ سەفی داو پاشاهی عوسمان بو شێخ عوسمان جن مەشهوورەن، وە کوچەک سفیدی وە حدوود نیا پەرێشان».

**بەشی یانزهەم:**

«وە لە دمای سەد ساڵ کە دین حەقیقەت ئاشکار کەرد تەشریفش بەرد وە جامەی حاجی بەکتاش، وەلی وە هەفتشان، هەم گاهی ئیسمشان ئاشکار کەرد، هەر یەکی وە ئیسمی وە تەریقەت عەلەوییان قەرار داد، هەفت تەن وە سوڵتان چانا، پەی هەفتوانە لە پەردیور پیر یارەسان بی، تا سەد ساڵ هەنەن، بەعد وە نەزەر عەلەوییان غرووب فەرمای، هەم وە ئاو زات و ئاو بەشەر تەشریف ئاوەردو پەردیور، وە فەرمایش کەرد وە پیر محەممەد بارگاە برد ئاو کوی «شندروی»، داود حسنیە هەژار گلیمە کووڵ وە دەریا ئاورد!».

ئەم رازو نیازی «یارەسان»ە وەکوو وترابیت و یەک بەشە، ئێمە مەبەستمان چۆنیەتی ئەو رێگاو تەریقەتە نییە، ئەو بە رێگای خۆی، هەر رێگایەکی گرتووە گرتوویەتی، بەڵکو مەبەستمان دەقێکی پەخشانی کوردییە، نیازەکەی ئێمە بە ئەوەندە پێک دێت و وازمان لە دە بەشەکەی تری هێنا. ئەوەندە هەیە وەکوو لەبەشی دەیەمدا ئەیلێت دانانی ئەم دەقە ئەبێ پاش هاتنی بنەماڵەی «صفوی» دانرا بێت، چونکە باسی «شیخ صفی» ئەکا کە ئەم شیخ صفییە ئیسماعیلی سەفەوییە لە میژووی «١٥٠٢»ی میلادی دامەزرێنەری زنجیرەی پادشایەتی سەفەوییەکان بوو. ئەمەو دیسان لە بەشی یانزەهەمدا ناوی کێوی «شندروێ» دێنێ کە ئەم کێوە کەوتۆتە سەروی شاری «هەڵەبجە»وەو یەکێک بووە لە شوێنە پیرۆزەکانی «ئەهلی حەق».

* * *

ئەمە یانزە بەش لە «٢١» بەشەی «سەرەنجام» بوو کە بۆ نموونەی پەخشانی کوردی مێژوویێک لەمەوپێش دەست نیشانمان کرد. ئێستە بۆ زانین و ئاگاداری لە گوزارەی ئەم

بەشانە یەکە یەکە وەریان ئەگێڕینە سەر شێوەیەکی رووتی سۆرانی بۆ ئەوە هەموو کەس لە شێوەی وتنی «سەرەنجام»ە کان بە پوختی تێی بگا:

**بەشی یەکەم:**

«ئاوی دەلیا بەحر بوو، (واتە هەموو دنیا دەلیا-ئاو بوو). چەند وەختێ «دەرەکان - دۆڵەکان» دلیا بوو، -دەلیا واتە ئاو - و وشکانی نەبوو. سوڵتانی جیهان -واتە خوا- خوڕی لە بەرد، تەقی و ورد بوو، ئەم وردە بەردانە بوون بە گەرد، ئەم گەردە هێزی دایە خۆی و بەرز بووەوەو بوو بە دووکەڵ».

**بەشی دووەم:**

«یەک پارچە لەو کوچکەی فڕێ دایە هەوا، ئاسمان وئەستێرەکانی دروست کرد، ژمارەی غوڵامەکان کە لەو سەردەمەدا فریشتەیان پێ ئەوتن، وە مانگ و خۆر -واتە رۆژ- هەم بەردی دروست کرد و نووری خۆی تێ خستن. ئاسمان و شەوو رۆژی دیسان دانا، گەڕانی چوار وەرزەی ساڵی لە چوار مەلائکەدا دانا -واتە دایە دەستیان-. هەندێ جار چوار فریشتەو هەندێ جار حەوت بوون».

**بەشی سێیەم:**

«هەر کارێکی لە - بە - حەوت کەس دەس پێ کرد، لە کەفی دەلیا گەوهەری ئاوساند، کورسی خۆی داناوە ناوی خۆی نا «خاوەندگار»، کە ئەهلی شەریعەت پێی ئەڵێن «خوا»، یا «الله». مەزهەبەکانی تر هەندێکیان ئەڵێن «تاری»، هەندێک ئەڵێن «باری»، هەندێک ئەڵێن «خاوەندگار»، هەندێک ئەڵێن «یەبووق - خوای یەگانە»، هەندێک ئەڵێن «دیاوەند». بە کورتی هەر میللەتێ بە جۆرێ ناوی ئەبا».

**بەشی چوارم:**

«برادەر جبرەئیل-ی دروستکرد، وە پێی فەرموو بچۆ سەیری دنیا بکە بزانە کەسێک ماوە یان نەء؟. جبرەئیل رۆیشت کەسێک نەبوو بێجگە لە یەک دانە دوڕ لە وێنەی مینایێکدا، وە لە ناو ئەو دوڕەدا هەبوو شکڵی «بەلەم»ێک، هەندێ کەشتی لەسەر دەلیاوە ماوە لای وابوو مناڵە!. چی ئەزانی؟. گوێ نەدا بەو مناڵە پەڕو باڵی سووتا، سووتاوی ئەو پەڕو باڵە ـ واتە «بووڵ»ەکەی لەسەر کەفی وەک گەوهەری دەلیاکەدا رژاو بوو بە زەوی. پاشان هەر یەکەی لە حەوت کەسەکەی دروست کرد، هەر یەکێ بە رۆژێ تا حەوت رۆژ، کە بەوە ئەڵێن: حەوت رۆژی حەفتە. بەم جۆرە حەوت ئاسمان، حەوت زەوی، حەوت

ئەستێرەو ناوی هەر حەوتیان لە چوار گۆشەی عەرشدا دانرا، بەینی ئەمانە هەر یەکە چوار قەرنە، بە ناوی فریشتەی پان و درێژ دنیای داناو بوون بە حەوت کەس».

**بەشی پێنجەم:**

«پاشان حەزرەتی ئادەم و حەووای دروست کرد، ئادەمیزادو جنۆکەی دروست کرد، واتە شەش سەردەم هەیە جگە لە ئادەم هەمووی دروست کردو لە ناوی دان، لە دوای ئەوانە ئادەمی دروست کرد کە ماقوولتر دروستکراوەکانە. ئارەزووی کرد ـ واتە خوا ـ کە تیشکی زاتی خۆی لە بەشەردا دەربخاو بنوێنێ. ئەم هەمووەی لە حەوت تەن و چوار تەن ـ دا و خۆیشی بێتە سەربان، فریشتەکانیشی هێنانە سەر، خۆی بەبێ ئادەمیزاد هات بە میوانی، زۆری خایاند تا دەورەی عەلی «زات و بەشەری» هەر دوو پێکەوە تێکەڵاو کردو ئایینی شەریعەتی محەممەدی داناو دروست کرد، حەو کەسی حەوتەوانەو حەفتاو دوو پیر دیسان لە دەورەی شەریعەتدا تەواو بوون».

**بەشی شەشەم:**

«لە پاشدا هات بەشوێنی شاخوشین و زاتی بەشەری ـ کە ئەم دەورە دەورەی «مفصل کلام»ی پێی ئەڵێن. پاشان چوو بەشوێن بابا ناعووسدا بە شکڵی میوانی دوو زاتەوە ـ واتە لەودا حلوولی کرد ـ . پاشان چوو بەشوێن بابا جەلیل و بابا سەرهەنگ و بابا بەهلوول داو لەوانا حلوولی کردو بابا بوو بە دەروێشێک و لێرەدا تەواو دوو زاتەکە بوون بە یەک، تا چوو بەشوێن سوڵتان «سحاک» و زات بەشەری لە سەردەمی شا خوشین یەک جارو لە زەراتەکانیشیا یەک جار جێگای خۆی داناو کردی بە مەنزڵگا. وە «سێڵ»ی ئاگر ـ سێڵ بە دەورەی زەرات ناو ئەبەن، وە ساجی ئاگر دەورەی شا خوشین ـ ی پێی ئەڵێن ـ . لە ژێر ئەم ساجی ئاگرەدا کەلامی سەرەنجامی بەیان کرد، وە حەوتەوانەی بە شکڵی خۆی دروست کرد، وە هەردوو حەوتەکە ـ کە حەو کەس و حەوتەوانەن ـ هەر یەکە رەمزێکیان هەیە؛ کە هەندێ جار لەشەکە ئەبێ بە یەک زات و دوو زات، وە هەندێ جار بە حەوت کەس، وە هەندێ جار چوار کەس و هەندێ جار سێ کەس و هەندێ جار یەک کەس و هەندێ جار چل کەس»..

**بەشی حەوتەم:**

«بەم جۆرە گۆران و ئاڵوگۆڕ هەندێ جار زیاد و هەندێ جار کەم پەیدا بوو؛ کە

«حەوت تەن –حەوتەوانە»کەی لەسەر شکڵی خۆی دروست کرد، حەوت تەن و یەکێکیش لە حەوتەوانەکە بوون بە هەشت کەس، چوونە ژێر سێڵی ئاگرەکەوە، حەوت تەن حازر بوون و پیرالی–ش هەم لەوێ لەبەرانبەر فریشتەیەکی بێ شومارەوە حازر بوو!.

پیرالی لەبەر ئەوە گیانی لە ساجی ئاگرو لەشی لە خاک و وە چووبویش بۆ گوێزی هندستان تا گەیشتە سێڵی ئاگرەکە، لەبەر ئەوە کە، لەشەکەی پوختە نەبوو بوو، وە زاتەکەشی لەگەڵا نەبوو نەیتوانی بچێتە ژێر ساجی ئاگرەکەوە، ئاگرەکە «چز»ی لێ هەڵسان وهەستی بە سووتان کرد!. وتی من لە ریزی فریشتەکانا لە خزمەتام، وتی: شا وا لە ناو ساجی ئاگردا، بنیامین چووە ژێر ساجی ئاگرەکەوە، سەیری کرد هەشت کەس لە ژێر ساجی ئاگرەکەدان!».

**بەشی هەشتەم:**

«نەو گەوەزنە –نێری کێوی– زەردەیان هێنا کردیان بە قۆچ، لە باتی ئەو خاوەن کەرەم زۆر گریا، پاشان گەوەزنە زەردەکەیان هێنا لێیان دا هەموویان بە کۆمەڵ دانیشتن، بەشی دوو رەنگەکانیان نەدا، وای زانی کە بەشی تەواو بووە تا دوعا کرا، بەشی ئەو دوو رەنگەیان نەدا، بە سەیرکردنێکی خێر بەشەکەی هەڵسەنگاند، سەیری کرد چ خواردنێک هەیە؟!. کاتێک کە خواردیان رەنگی شا زەرد هەڵگەڕا!»..

**بەشی نۆیەم:**

«زانی کە شا هەر یەکێکە و ئەوانەی بەناوی حەوتەوانەوە ناو نا، وە سوڵتان ئەمری کرد: بنیامین لە سەر مەرجی خۆت بە، بنیامین وتی: قبووڵ ناکەم ئەی پادشا حەوتەوانە دوو رەنگە!. سوڵتان فەرمووی: بنیامین!. قسەی خۆم چاک ئەزانم، هیناومەتە ناو لە کێو و کەمەر.

لە دەورەی پیر دیور ئەبێ بێ، پیر لە جێگای ئێمە ئەبێ بچێت بۆ تەریقەی بەکتاشی، بەڵام من ئەچمە تەریقەی عەلەوییانی شاری دمشقەوە، پیر بنیامین قبووڵی نەکرد، سوڵتان فەرمووی خۆت ئەزانی ئەی پیر من بڕیاری ئەوەلیم بە تۆ دا، هەرچێک ئەکەی بیکە، ئەبێ لە جێگای من دوعا بکەیت!»..

**بەشی دەیەم:**

«بنیامین–یش قبووڵی کرد، حەوت خەلیفە قەرار ئەدەی لەجێگای من و بەشیان بدە، قەراریان داو جێ گیر بوون. لەم لایەنەوە قسەیەکی زۆر هەیە تا سەرە گەیشتە سەر سوڵتان سەهاک و پەردیور لە ماڵی شێخ عیسای

بەرزنجانی لە ساڵی «٥٢٨»ی هجری. لە ئەو ساڵە پیر ئەفەرمووی تەشریف برد و ئایینی حەقێقەتی ئاشکرا کرد، وە لە مێژووی «صفوی»دا هەم دیارە کە سوڵتان سەهاک پادشاهی ئێران بە شێخ سەفی داو پادشاهی عوسمانی دا بە شێخ عوسمان -کە جنۆکەیەکی بەناوبانگە - وە کوچکێکی چەرموگی دانا بە سنوور لە بەینیانا!».

**بەشی یانزەهەم:**

«وە لە دوای سەد ساڵ کە دینی راستی ئاشکرا کرد تەشریفی برد بۆ جامەی حاجی بەکتاش، بەڵام هەندێ جار حەوتەوانە و هەندێ جاریش ناویانی ئاشکرا کرد، هەریەکێ بە ناوێک و بە تەرێقەی عەلەوی قەراری دان، حەو کەسی بە سوڵتان وت بۆ حەوتەوانە، ئەوانە پیری ئەهلی حەقن تا سەد ساڵ هەن، پاشان لە لای عـەلەوییـەکـان ئاوا بوو، هەم بەزات و هەم بەلەش تەشـریفی هێنایە پەردیور، وە فەرمووی بە پیر محەممەد کە بارەگای بەرێ بۆ کێو «شندروێ». داوودی هەژاری حوسەینیە پارچە گلێمی لەسەر پشتیەوە لە دەریا هێنا».

* * *

## دەقی مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی

نموونەیەکی تر لە دەقی پەخشانی کوردی کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە «مەولوودنامە»کەی «شێخ حسین»ی قازییە، کە ئەم زاتە لە «١٢٨١»ی هجری کۆچی دوایی کردووەو مەولوودنامەکەی لە «١٢٦٠»ی هجریدا داناوە. ئەم مەولوودنامەیە لە لایەن مەلا «عبدالکریم» حاجی ئەحمەدی هەکزییەوە لەساڵی «١٩٣٥»لە بەغدا چاپکراوە، وەکوو چۆن نوسخەی دەستنووسیشی لای من هەیە. بەم بۆنەوە ئەوەش ئەڵێم کە نوسخە چاپکراوەکەی مەلا عەبدولکەریم بە چاو نوسخە دەستنووسەکەی لای منەوە گەلێ ناتەواوی تێدا هەیە؛ واتە زۆر شت لە دەستنووسەکەدا هەیە لە چاپەکەدا نییە!. جا ئەم نموونەیە وەکوو لە دەستنووسەکە وەرم گرت ئەمەی لای خوارەوەیە:

«ئەی موسوڵمانینە بزانن ئەم مانگە مانگی مەولوودە، مانگێکی زۆر موبارەک و مەحمـوودە، ئەییامێکی گەورەو عەزیمە، رۆژکارێکی شەریف وکەریمە،

بەواستەی ئەم مانگەوە بووین بە مؤمن و موسوڵمان، بە واستەی ئەم مانگەوە زاهر بوو نووری ئیمان. چوار یاری پێغەمبەر(ص) ئەبووبەکرو عومەر و عوسمان و عەلی خوایان لێ رازی بێ مەدحی ئەم مانگەیان زۆر کردووە، وەهەمیشە بە تەعزیم وگەورەیان نێو بردووە. ئەمیر المؤمنین حەزرەتی ئەبووبەکری سدیق فەرموویە: کەسێک سەرف بکا درەمێک لە مەولوودی پێغەمبەردا «ص» رەفێقی من دەبێ لە بەهەشتدا. ئیمامی عومەر فەرموویە: هەرکەسێ بەگەورە بگرێ مەولوودی پێغەمبەر «ص» ئەو کەسە -کأنە- احیای دینی ئیسلامی کردۆتەوە. ئیمامی عوسمان «علیە الرضوان» فەرموویە کەسێ قورۆشێ سەرفی مەولوودی پێغەمبەر(ص) بکا شەریکی غەزای بەدرو حونەینە.ئیمامی عەلی(کرم اللە وجهە) فەرموویە کەسێ ببێ بە سەبەبی خوێندنی مەولوودی پێغەمبەر(ص) بە شەهیدی دەمرێ و داخلی بەهەشت دەبێ بێ حساب و بێ عیتاب.

عولەماو مەشایخ (علیهم الرحمە) مەدحی مەولوودیان زۆر کردوە. من جملە شێخ حەسەنی بەسری «قدس سرە» فەرموویە کەسێ قەدری مەولوودی پێغەمبەر(ص) بگرێ لە دنیادا بە ئیمان دەردەچێ. شێخ مەعرووفی کەرخی (قدس سرە) فەرموویە:کەسێک جێگەیەک موززەیەن بکا، لباسێکی تازە لەبەر بکا، فەرش راخا، سفرە داخا، بخۆر بسووتێنێ، زینەت بنوێنێ، گوڵاو بپرژێنێ، مەجلس «معطر» بکا، شەمان «منور» بکا، تەعام دروست بکا، عولەماو سولەحاو فوقەهاو فوقەرا گردەوە بکا مەولوود بخوێنێ ئەو کەسە حەشری دەکرێ لەگەڵ فرقەی ئەووەلین، لە بەهەشتی ئەعلا علیین دەبێ. ئیمامی فەخری رازی خودای لێ بێ رازی فەرموویە ئەگەر کەسێ بخوێنێ مەولوودی پێغەمبەر «ص» لە ئاوێکی پاک، یا لە خواردنێک، یا لە دراوێک، چ ئاڵتوون بێ، چ زیو بێ هەرکەسە لەو ئاوە بخواتەوە داخلی دڵی دەبێ هەزار نوورو هەزار رەحمەت، لە دڵی دەردەچێ هەزار دەردو هەزار عیللەت، دڵی هەرگیز نامرێ، وە هەر کەسێ لەو تەعامە بخوا ئەو تەعامە قەرار ناگرێ لە سکیا تا خوا لێی خۆش دەبێ، وە هەرچێشتێ ئەو تەعامەی تێکەڵ ببێ ساحب بەرەکەت دەبێ، وە هەم ئەو دراوە تێکەڵ بە هەر دراوێ ببێ ساحب بەرەکەت دەبێ، ساحبی قەت فەقیر نابێ.

سوڵتان العارفین «جلال الدین» ی سیوتی فەرموویە لە هەر جێگەیەک مەولوود پێغەمبەر (ص) بخوێنرێ چ مزگەوت بێ، چ سەحرابێ مەلائکە سەف دەبەستن و رادەوێستن، جەمع دەبەستن بە دەور ئەو خانوودا و ئەو مەحەللەدا

سەڵەواتیان لێ دەدەن، رەحمەتیان نازڵ دەبێتە سەر، مەلائکەتانی «مطوق»بە نوور یەعنی جبرائیل و میکائیل و ئیسرافیل و عزرائیل و قەربائیل و عەینائیل «صافین وحافین» ئەوانیش سەڵەواتیان لێ دەدەن، ئەهلی ئەو ماڵەو ئەو مەحەللە لە وەباو قەحت و لە تاعوون و لە بەلاّو لە سووتان و لە زۆری زاڵمان و لە بوغزی حەسەدی حاسدان دوور دەبن. عولەما فەرموویانە زۆر کەس بوون تووشی موسیبەت هاتوون مەولوودیان نەزر کردووە بێ زەحمەت لەو موسیبەتە خەلاس بوون.

..........................................................................................................

ئامێنە دەفەرموێ کە حەملم گەیشتە شەش مانگە بیستم دەنگێ لە غەیبەوە دەیفەرموو کاردروستی خۆت بکە ئەی ئامێنە لە بۆ وەلەدێ کە موبارەکە. فەرمووی کە حەملم گەیشتە حەوت مانگە «عبدالمطلب» باپیری پێغەمبەر(ص) بە «عبدالله»ی کوڕی خۆی گوت: نزدیکە حەرەمی موحتەرەمت وضعی حەملی ببێ دەبێ گوێزەبانێک بکەین بەناوازە لەناو قەبائلاندا بیگێڕنەوە. عبدالله تەدارەکی کرد چوو بۆ تەرەفی مەدینە، لەرێدا قەزای مەحتووم نازڵ بووە سەری وەفاتی کرد!. مەلائکە دەستیان کرد بە نالاّندن و گوتیان ئەی عالمی سرو خەفییات باقی ما حەبیبی تۆ، نازداری تۆ بە یەتیمی!. ختاب لە تەرەف ربّ الغرەوە هات فەرمووی: ئەی مەلائکە من حافزی ئەوم، من نازری ئەوم، من ناسری ئەوم، من سەرداری دەکەم، من ئاگاداری دەکەم. ئەهلی قافڵە هاتنەوە ئەم خەبەری وەحشەت ئەسەرەیان گێڕایەوە، ئامێنە گریا..

..........................................................................................................

..........................................................................................................

ئیمامی واقدی دەفەرموێ کە ئەوەڵ شەو هات لە مانگی مەولوود حاسڵ بوو لە بۆ ئامێنە فەرەح و سروور و کەیف خۆشی. لە شەوی دووەمدا مژدە هات بە حصولی مەقسوود. لە شەوی سێیەمدا ووتیان نزیکە زهووری نووری کە حەمد و شوکری ئێمە دەکا. لە شەوی چوارەمدا ئامێنە تەسبێح و زکری مەلائکەتانی دەبیست. لەشەوی پێنجەمدا ئیبراهیمی پێغەمبەر «علیه السلام» مژدەی دەدا بە زهوری حەبیبی خودا. لەشەوی شەشەمدا زاهر بوو ئەنوار لە ئەتراف و ئەقتاری دنیا. لە شەوی حەوتەمدا خرۆشی حەمد و سەنا کەوتە ناو مەلائکەتان. لە شەوی هەشتەمدا زبانی فەرەح و سروور بەشارەتی دەدا بە زهووری کۆهی نوور. لە شەوی نۆهەمدا خیف و منا - کە دوو مەکانن لە

کەعبە- مژدەیان بەیەک دەدا. لە شەوی دەهەمدا سری ئیمان زاهر بوو. لە شەوی یازدەهەمدا مەلائکە تەسبیح و تەهلیلی خودایان دەکرد. لە شەوی دوازدەهەمدا – کە شەوی ولادەتی پێغەمبەر بوو «ص» ئامێنە دەفەرموێ:

شەوێک بوو وەک دڵی مؤمنان رووناک بوو، لە نوور پڕ بوو، لەتاریکی پاک بوو، ئەستێرەی سەعادەت تێدا درەخشان بوو، نووری یومن و بەرەکەت تێدا درەخشان بوو. ئەو شەوە «قران السعدین» بوو، «شرف النیرین» بوو، ئەستێرەی ئیسلام روو لە خێر بوو، تالعی کافران سەر بەرەوژێر بوو، «لات»، مات بوو، «عوززا» داخزا، «نەسر» نەسرەتی چوو، وە وەکوو قەل رووی رەش بوو، «یەعووق» غەرق بوو، ئاوی «ساوا» وشک بوو، ئاگری فارس کوژایەوە، ئەیوانی کیسرا شەق بوو، جێ بە کافران لەق بوو...

«عبدالمطلب» باپیری پێغەمبەر (ص) ئەولادو ماڵی خۆی هەموو برد بۆ حەرەمی کەعبە تا هەر خراپێکی بێ چاکی بکاتەوە، هیچ کەس لە لای ئامێنە نەما بوو، چ «مذکر»، چ «مؤنث». ئامێنە فەرمووی: گریام بۆ تەنهایی خۆم، گوتم وا حەسرەتا کەسێ نییە موونسم بێ، کەسێ نییە جەلیسم بێ، هیچ کەس نییە پشتیوانم بێ، هیچ سەر سپی نییە مامانم بێ، کەسێ نیە ئاگاهدارم بێ، هیچ کەس نییە غەمخوارم بێ!. ئامێنە دەفەرموێ ئەمانەم دەگوت روانیمە روکنی دیواری حوجرەکەی خۆم ، دیوار شەق بوو، چوار ژنی ماه روخساری فریشتە کرداری لێی هاتنە دەرەوە، لە حوسن وجەمالدا وەکوو کچانی عبدالمنافیان بوون. ئەوەڵەمینیان هاتە پێشەوە وتی کێیە بەمیسلی تۆ ئەی ئامێنە؟. حامله بووی بە پێغەمبەرێک کە سەرداری هەموو پێغەمبەرانە، وتم تۆ کێی؟ وتی: من حەووام دایکی هەموو ئینسانم، لە لای راستمەوە دانیشت. ئەوی دووەم هاتە پێشەوە گوتی: کێیە؟. بە میسلی تۆ ئەی ئامێنە حامله بووی بە سەییدی بەشەر، فەخری رەبیعە و «مضر»لە لای چەپمەوە دانیشت. گوتم تۆ کێی؟. وتی سارە خاتوونم حەرەمی ئیبراهیم پێغەمبەر. ئەوی سێیەمین هاتە پێشەوە گوتی: کێیە بە میسلی تۆ ئەی ئامێنە حامله بووی بە فەخری عالەم لە پشتمەوە دانیشت. گوتم تۆ کێی؟. وتی ئاسیەی کچی موزاحم. چوارەمین هاتە پێشەوە لە هەموویان شیرینتر بوو، لە هەموویان بە تەمکینتر بوو. گوتی: کێیە؟ میسلی تۆ ئەی ئامێنە حامله بووی بە پێغەمبەرێک کە ساحبی موعجزەو عەلاماتە، سەییدی ئەهلی ئەرزو سەماواتە. گوتم: تۆ کێی؟. گوتی: مریەمی کچی عومران، ئێمە هەموومان هاتووین جاریەی حەریمی ئاستانەی تۆین...

................................

ئەمـە نموونەیەک بوو ناو بەناو لە مـەولوودنامـەکـەی شـێخ حـسـێنی قـازی کـە دەقی پەخشانی کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمی ئەو سەردەمەمان پیشان ئەدا، وە ئەوە ئەڵێ کـە چۆن زمـانی کـوردی خـراوەتە سـەر پەخـشـان و بە چ جـۆرە شـێـوەیەک هاتۆتە ناوەوە؟. ئەمە بۆ ئێمە ئاوێنەیەکە لە بیروباوەڕی ئەو سەردەمە، ج لە رووی هەستەوە، چ لە رووی داڕشتن و ڕێکخستنی پەخشانەوە.

***

**دەقی بالێ و بارام**

وەکوو وترا نووسینی پەخشان لە ناو کورد دا تا ئەو سەردەمە شتێکی دەگمەن بووە. هۆ، هەر هۆیەک بووبێت دەربڕینی بیرو باوەڕ بە پەخشان زۆر کەم بووە تینوانی زمانی کوردی هەر شتێکیان بووە، هەر بە هۆنراو دەریان بڕیوە. داستانە پەخشانەکان هەر ئەو چیرۆکانە بوون کە لە گوێ ئاگردانەکانا وتراون.

بەڵێ ئەمـانە دەوری کـۆن ئەگێـڕنەوە بەڵام نەکـەوتوونەتە سەر لاپەڕەی کاغـەز، بەڵکوو هەروا دەمـاو دەم گـێـڕراونەتەوە. ئەم جۆرە داسـتـانانە تا سـاڵی «١٩٥٢» نەچوونە سـەر کاغەز، لەو مێژووەدا «مێژووی ئەدەبی کوردی» دەرچوو ،هەندێ لە چیرۆکی کۆنی کوردی -کە لە سەر زارەوە بوو- ئەو خستیە سەر کاغەزو سەر چاپ، ئەتوانین نموونەیەکیش لەو بێنینەوە، وەلێ بەو ناوەوە کە هەم گوزارەکانیان کۆنن و هەم عیبارەتەکەش، چونکە ئەو عـیبـارەتە ئەو دەقـەیە کـە لە زاری نەخـوێندەوارە سـادەکـانەوە وەرگـیـراوە و خـراوەتە سـەر

لاپەڕەی چاپ. هەر چەندە ڕێختی چاپی تازەیە بەڵام ڕێختی عیبارەت و گوزارەی کۆنە. بۆ داڕشتنی قاڵبی چاپ و دروستکردنی عیبارەت هەیە پێش مێژووی «١٩٥٢»کەوتبێ، بەڵام بۆ ئەسڵی شێوەکە ئەم گەلێ پێشتر کەوتووە، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو کۆنێکی کۆنیشە، ئێمە سەیری ئەم لایەنەمان کرد بۆیە ئەم جۆرە دەقانەمان لە ڕیزی پێش ئەوانا دانا. جا ئەمە نموونەیەکە لەو داستانە کە ئەڵێ:

«.....................................................................................................

ڕۆیشت، ڕۆیشت هەتا سەری لە بیابانێکی کریکمای کریکەوە دەرچوو، تەماشای کرد بێجگە لە ئاسمان و لە زەوی هیچی تر دیار نییە، گەلێکی تر ڕۆیشت سەیری کرد وا لە دوورەوە کۆشکێکی گەورە دیارە، رووی نا بۆ کۆشکەکە، بە دەوریا گەڕا دەرگای بەرچاو نەکەوت، شەش جار سووڕایەوە هیچی نەدی، لە جاری حەوتەما قاپیەکی بچکۆلەی بەرچاو کەوت، چووە بەر قاپیەکە هات دەستی پیوە بنێت لە تەنیشت قاپیەکەوە دەنگێکی بەر گوێ کەوت وتی: «لە دەورت گەڕێم شاروخ زرگارم کە!»..

کە تەماشای کرد ئەمە دەلاقەیەکەو پیرێژنێک لەوێدا توند شەتەک دراوە و کەوتووە!. زۆری بەزەیی پیا هاتەوە، چوو بە لایەوە کە رزگاری بکا، کوتوپڕ دەنگێکی تری بیست کە: «شاروخ نەکەی بەرەڵای بکەی، ئەگەر بێتو رزگاری کەی جارێکی کە چاوت بە خۆت ناکەوێتەوە!».. هەر چەند تەماشای کرد خاوەنی ئەم دەنگەی بەرچاو نەکەوت!. زۆر سەری سڕما، پیرێژنەکەش هەر لێی ئەپاڕێتەوە!. دیسان چووەوە بەلایەوە و دەستی بۆ درێژ کرد، دیسانەوە دەنگەکەی بەر گوێ کەوتەوە، ئەمجارە بە تەواوی سەری لێ تێکچوو، نەیزانی چی بکا، هەندێ لە دڵی خۆیا لێکی دایەوەو لە پاشا شیرەکەی دەرهێنا دای لە ملی پیرێژنەکە پەڕاندی!. زریکەیەکی کرد وتەم و مژێک پەیدا بوو!. پاش تۆزێک سەیری کرد وا قاپیەکە کراوەتەوەو تۆزێ خوێنیش ڕژاوە، ئیتر لەشی پیرێژنەکەی بەرچاو نەکەوت!.

لە قاپیەکە چووە ژوورەوە ئەبینێ وا هەتا چاو کار ئەکا باغ و بێستان و گوڵ و گوڵزارو کانیاوێکە دڵی هەزار دڵ حەیرانیەتی، لە دووریشەوە کۆشکێکی گەورە دیارە. دەستی کرد بە گەڕان هەتا شەو داهات ئینجا رووی کردە کۆشکەکە تەماشای کرد هەموو شتێکی تێدا ئامادەیە؛ لە نوێن، لە خواردن، لە خواردنەوەو چراش لەهەموو ژوورەکانا داگیرساوە بەڵام کەسیان تیا نییە!. لە ژوورێکیانا دانیشت و لەبەر خۆیەوە کەوتە فیکر کردنەوە لە حاڵی خۆی و دڵی

زۆر تەنگ بوو. کـوتوپڕ وا «ڕێوی»یێک کـردی بە ژوورا!. هاتنی ڕێویێک لەم وەختەداو لەم ناکاوەدا تۆزێ شڵەژاندی، دەستی دایە شیرەکەی و پەلاماری ڕێویەکـەی داو هات بیکوژێ. ڕێویەکـە هاتە قـسـەو وتی: «شـاروخ شـا!. مـەمکوژە بەکەڵکت دێم، کـەس ڕێی نەکـەوتۆتە ئەم شـوێنە ئەوا تۆ هاتویت، دیارە بە ئیـشـێکی گـەورەوە هێنراویت بۆیە ئەم قـاپیـەت بۆ کـراوەتەوە و ئەم تەلیـسـمـەت بۆ شکێنراوە». شـاروخ کـە ئەمـەی بیـست شیـرەکـەی کـردەوە بە کـالانەکەیاو دانیشتـەوە لەگەڵ ڕێوی دەستیـان کـرد بە قسە کـردن. کە وەختی نووستن هات لێ دا نوست و بەیانی کە هەستا ڕێویەکـە نان و بەرقلیـانی نایە بەردەمی خواردی و چوو بۆ ڕاوو گەشت و گوزار.

چەند ڕۆژێک بەم جۆرە ڕایبوارد، ئێوارەیەکیـان هاتەوە دانیشـتبوو خەیاڵی گولڕوخ دای لە کەللەی، دڵی تەنگ بوو، خوڕخوڕ ئاو بە چاویا هاتە خوارەوە!. ڕێویەکە لەوکاتەدا هات بە سەراو لێی پرسی ئەوە بۆچ ئەگریت؟. هیچ دەنگی نەکـرد، ڕێوی گـەلێکی تری لەگـەڵ خـەریک بوو تاراسـتی پێ دەرخـست کـە گـولڕوخی ئامـۆزای دەزگـیـرانیـەتی و ئێـسـتـە مـامی نایداتێ و وا بـەم جـۆرە دەربەدەری کـردووە!. مـام ڕێویش وتی: جـا ئەمـە شـتـێکی ئاسـانە من بەیانی بۆت چار ئەکەم!. شاروخیش وتی: چۆنم بۆ چار ئەکەیت و ئەم دەردە چۆن بە تۆ دەرمـان ئەکـرێت؟. مـام ڕێو وتی ئاسـانە، مـن بەیانی نـان و چێشـتـێکی زۆر دروست ئەکەم و هەمـوو دڕندە و پەڕندەی ئەم ولاتە –کە لەژێر فەرمانی تۆدان – بانگیـان ئەکەم، تۆ پیـان بڵـێ نانم بۆ دروست کردون و ئەبێ نان بخۆن، جا ئەو وەختە من ئەزانم چی ئەکەم! شاروخیش وتی جا ئەمە چۆن ئەبێ و ئەمانە چۆن بە قسـەی من ئەکەن و لەقسـەم تێ ئەگەن؟! ڕێوێش وتی تۆ هەر ئەوەندە من سەربەست بکە، ئیتر کارت نەبێ. ئەویش وتی باشە وا سەربەستم کردیت.

بەیانی مـام ڕێوی نان و چێشـتـێکی زۆری دروست کردو کـەوتە دەمـە دەمـە نیـوەڕۆ شـاروخ لە سەر کۆشکەکە دانیشـتبوو تـەماشای کرد وا دەستـە دەستـە جـانەوەرو پەلەوەر لە شـێـر، لە پڵـنـگ، لە ورچ، لە گـورگ، لە قـاز، لـە باز، لە هەڵۆ، لە هەموو شت کۆ بوونەوە و ئەو دەشتە پڕ بوو. نان دانرا، نانیان خواردو ئینجا ڕێوی هەسـتـایە سـەر پێ ڕووی کـردە سیـمـورغ وتی: «ئەی سـیـمـورغ! ئەمـانە هەمـوو لەگـەڵت دێن تـا ئەچنە شـاری «گـومـەتە» لەوێ ڕوو ئەکـەنە ناو شار، هەمـوو ئەشڵـەژێن و ئەبێ بە هەراو غـەڵبە غـەڵب، کچی پادشا لە سەر تەلارەوە سەر دەردێنێ کە سەیری ئەم کارەساتە بکا، هەڵیبگرە بیـخەرە سەر شـاپەڕی خۆت و بیـهـێنەوە بۆ ئێـرەو ئەمـانیش هەمـوو بگەڕێنەوە لە گـەڵتـا».

سیـمورغ سـەرێكی دانەواند و كـەوتە عـاسمـان، هەمـوو پەلەوەرەكـان كـەوتنە شوێنی. لە خواریشـەوە شێـر پێش كەوت و هەمـوو درِندەكـان بەدوایەوە!. ئەم لەشكری جانەوەرە بەم جۆرە روویان كردە شاری «گومەتە». كە نزیک بوونەوە خـەڵكی شـار ئەمـەیان چاو پێ كـەوت هەمـوو وەخت بوو زاڵەترەک بێن و هەرا كەوتە شارەوە و دەنگە دەنگ كەوتە بارەگای پادشایی. گوڵڕوخی كچی پادشا لە تەلارەكـەوە سـەری هێنایە دەرەوە كـەسـەیری ئەم كـارەسـاتە بكا. سیـمـورغ پەلامـاری دایە هەڵیگرت و خسـتـیـە سـەر شـاپەڕی خـۆی و هێنای. كـە ئەو گەڕایەوە هەمـوو جانەوەرەكانیش گەڕانەوەو بۆ عـەسر گەیشـتنەوە جێ. ڕێوی چوو بە پیـریـانەوە گـولڕوخی لە سـیـمـورغ وەرگـرت و بردی لە ژووری شـاروخ دایناو بە سـیـمورغی وت ئیـتر ئێوە برۆن، سیـمورغ و جـانەوەران بڵاوەیان لێ كرد.

گولڕوخ لەم كارەساتە هەروا سەری سڕماو لە ترسانا نیوە گیـانێكی تێدا ما بوو. ڕیویش هەر دڵی ئەدایەوەو پێی ئەوت مەترسە ئێستە ئەوەندە دڵت خۆش ئەبێ هەمـوو شتێكت لە بیر ئەچێتەوە. بەم قسانە ئەیخلافـاند تا بوو بە دەمە دەمی خـۆراوا، شـاروخ لە ڕاو هـاتەوەو كـردی بە ژوورا، كـە چاوی كـەوت بە گوڵڕوخ وەكوو گوڵ گەشایەوە، گوڵڕوخیش كە لەو ناكاوەدا شاروخی دی وەكوو گوڵووكی بەری بەیان دەمی كردەوە، هەر دووكیان باوەشیـان كرد بەیەكاو تێرو پڕ یەكتریان ماچ كردو كەوتنە قسەكردن ڕازو نیاز گێڕانەوە!...

.................................................................................................................

.................................................................................................................«.

***

## دەقی خاڵە مەحموو

**نموونەیەكی تر لە دەقـێكی كـوردی سـادەی كـە خـاڵە مـەحـمـووی حـەمـەی سـەمـینی وردەشاتری لە زمانی باوكیەوە گێڕاویەتەوەو لە بەرگی حەوتەمی «ڕشتەی مرواری» دا بۆ جـاری یەكـەم چوەتە سـەر لاپەڕەی چاپ. وا دیـارە دەقـەكـە لە سـەرەتای نیـوەی یەكـەمی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە:**

«باوكم خوا بیـخاتە ناو خەزێنەی ڕەحمەتی خۆیەوە، لە زەمـانی حەمە پاشادا گشت جارێ لە ژێر دەوارو بەر دەوارا ئەیفەرموو:

بینایی چاوان نازانم بێژم تۆ چیت؟. ئەوەندە ئەزانم ئەها، ها ئەوەی کە تا چاو بڕ ئەکا لەو درێژی ئاسمانە تۆ گشتت دروستکردگە. هەر بڕۆ هەر ناوڕێتەوە، پیاو وا ئەزانێ ئەوە بڕایەوە کەچی هەر لە هەوەڵێەوەس!. ئەگەر من دوو باڵم هەوێ و بڕۆم وەو ئاسمانەدا، باڵەکانم شل ئەون و وائەزانم چووگم کەچی ئاسمان هەر دووتر ئەوێتەوە!. گەرەکمە هەسوونێکم بەرچاو کەوێ، کەچی هیچ دیار نییە، کەواسە تۆ ئاسمانت بێ هەسوون وەبێ هەسوون ڕاگرتگە!. ئەو ئەستێرانە ئێژی چرای نیوە شەون وەک گوڵمێخی دەروازەی بازاڕەکەی شار کوتیاگن وەو ئاسمانەدا کە ئیژی پیرۆزەیە!. تۆ دەست وەگشت شتێکەوە ئەژەنیت، کەچی تۆیش دیار نیت!. رزقی مارو مێروو ئەدەی لەپشت پەردەی غەیوەوە، کەچی ئەگەر من بێمە ئەو پشت پەردەیە تۆ لەوێش نیت!.

تۆ دەریا گەورەکان وە «زرێوار» پشەوە هەندێ جار ئەیانکەی وە یەخ، هەندێ جار ئەیانکەی وە ئاوی رووت، کەچی ئەو گشت گیاندارانە لە ناویانا هەر هەڵئەقونێنەوە، بەشی گشتیانت داگە، نایەڵی کەسیان وە بێ رزق سەر بنێنەوە!. من ئەو گیانەی لەبەر مایە تۆ داتنیاگە، لەگەڵ ئەوەدا کە وە منەوەیە من نازانم چییە؟!. دەست ئەدەم دەوارەوە هەڵیئەدەم ئێژی رۆستەمم کەچی نازانم ئەو زۆرە چییە کە تێمدایەو دەوارەکە هەڵئەدەم!...

ئەو دەشتی «مێرگەپانە» لە وەختی بەهارا -خوا نەیوڕێ- پڕیەسی لە هەلاڵەو بەیبوون، هەر گوڵێ وە رەنگێ رەنگ ئەداتەوە، گشتی تۆ دروستت کردگە، من وەم فرەزانی خۆمەوە سەرم تیا سڕ ماگە نازانم چییە؛ یەک تۆمە پەڕەی گوڵەکەی پەلێکی سوورە، پەلێکی کەوەس،خەتێکی زەردوامە، تۆ لە گشتیا هەیت کەچی وەچاویش ناوینرێت!. ئاوەکەی «سەراوی سوبحاناغا» ئێژی هەزار چاوی قرژانگەو کۆ بووگەسەوەو بووگە وەو گۆمە، کە خوا نەیوڕێ گشت مێگەلی جاف ئاوی لێ بخواتەوە هەر پێوە دیار نییە تۆ زیادی ئەکەی کەچی تۆیش دیار نیت!. جۆگە ئاوەکەی کە لەبەری هەڵئەگیرێ لە دوورەوە ئێژی رەشماری «بێسانسوور»ە وەپێچەو دەورە ئەڕوا، تۆ پاڵی پێوە ئەنیت کەچی تۆیش دیار نیت!.

خوزگا جارێک ئەبوویت وە میوانم، بەرە مەشکەیە کەرەم بۆ دائەنایت وە گەزۆی چەرمگی «بانە»وە نۆشی گیانت بکردایە، ئەوە ئەوو وە مفەرک بۆ گشت مێ گەلەکەم، وەلێ بێژم چی پێم رازی ناوی سەرێ بکەی وەم کاولە ئاشەدا، تێت وەلێ نە من ئەتوینم، وە نەشتیش ئەخۆی. ئەزانم هەیت وەلێ نازانم چیت؟. هەرچێ من بێژم تۆ هەونیت!. تۆ فرە بێ کەسی کەچی لە گشت

کەس دارەکان و لەگشت عەشرەتی جاف وەتواناتری. ئێژن دوو کەس وەیەکەوە دانیشـن چاویان لەیەکـە، تۆ لە پاڵ منایت، تۆ چاوت لە منە، کـەچی من تۆ ناوینم، ئەمە مۆجزە نییە!.

ئەوساڵە من چووم بۆ حەج، وتیان تۆ لەو ولاتەو لەورەیت، ماڵتم دی کەچی خۆتم نەدی، وەختێ هاتمەوە ژێر دەوارەکەی خۆمان لە «قەدەفەر» وتیان تۆ لێرەش هەیت، نازانم تۆ چیت؟. واله گشت لایەکیت!.

بینایی چاوان!. ئەوەندە ئەزانم باوکێکت نییەو نەتبوە پێت بێژێ رۆڵە، کوڕیشت نییەو نەتبوە تا پێت بێژێ باوە!. نازانم تۆ چیت و چۆن بووگیت ؟!. هەر چەندە ورد ئەومەوە لەکەس ناکەیت. خاس ئێژم چونکە ئەگەر لە کەست بکرادیە هەر زوو سەرت تیا ئەچوو. کەسێکیشت نییە یاریدەت بدا بۆ تونبوونەوەی، وە کەلام ئەگەر ببوایە، ئیشت بۆ نەئەکرا، وەکوو ئاسیاوەکەی حەمەسەنی حەمەی نالە لە «مێشیاو» هەتا هەر خۆی بوو دایمە گەڕ بوو، کە بوو وە شەریک لەگەڵ کاورای «بەرلووتی»دا، دوو رۆژ ئەگەڕاو چوار رۆژ ئەوێسا!.

وەکوو پێم وتیت ئەزانم هەیت، لە گشت لایەک هەیت، وەڵام وە تاقێق نازانم لەکام لایت تا بێم وە لاتەوەو بتگرم. خۆ وەو سەی ساقە لە بن دەسی منیشەوە هەیت وەلێ لێمەوە دیار نیت. فێڵێکی خاست بۆ خۆت دیگەسەوە کە خۆت دەرناخەی بۆ کەس. ئەوەندە دەردت داوە وەو خەڵکە، ئەگەر خۆتت دەربخستایە رۆژی خۆتت ئەوینی، وەکەلام هەر پەلێکت ئەکەوتە دەس هەزار کەس!.

دەسا بینایی چاوان بەردت لێ نەوارێ، بکە وە خاتری ئەو دەم و نەفوسەت خۆتم لە سووچێکەوە بۆ دەرخە با لەم گێژاوە دەرچم بزانم تۆ چیت؟. وە سەی ساق و بالاَنتەران هەرچێ بێژم راس ئەکەم، وا مەزانە شتێکت لێ ئەکەم،قسەکانت وە لاوە «با» نەوێت، پیاوی درۆزن بناسە!».

هەر چەندە ئەم دەقە کەوتنە سەر چاپی تازەیە، بەڵام شێوەی دەربڕینەکەی کەمتر نییە لە «١٥٠» ساڵ لەمەو پێشتر. ئەبینێ بە زمانێکی سادە و کوردیەکی پەتی خاوەنەکەی هاتۆتە قسە.

وەکوو لە پێشترا وترا: لەبەر گوێ نەدان لە پلەی یەکەمدا، وە نەبوونی چاپ لە پلە دووەمدا بەڵگە زمانییە پەخشانەکانی کورد هەمووی بوون بە ژێر خاکەوە، زرووف و زەمان وای هێناوەتە پێشەوە کە کەسێک نەبێت بە تەنگیانەوە بێت، رۆژی کورد رۆژێکی

پەرێشانی و چەوساندنەوە بووە، کەس نەیپەرژاوەتە سەر ئەوە کە کورد کەلەپووری خۆی بە زمـانی خـۆی بپـارێزێ، هەچ داسـتـان و رازو نیـازێکی بووە دەسـتـەی خـوێندەواری ئەو سەردەمە بۆیان نەکراوە بیخەنە سەر کاغەزو هەڵیبگرن بۆپاشەرۆژ، وەیا هەر لەو رۆژەشا بیخـەنە بەرچاو. لەگەڵ ئەمـەشا نابێ ئێمـە تیری لۆمەیان ئاراسـتـە بکەین، چونکە بیرو باوەڕەکەیان بە جۆرێ گوشرا بوو تەنانەت ئەوەشیان بە دڵا نەهاتووە کە ئەگونجێ بە زمانی کوردی شتی پەخشان بنوسرێتەوە!

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوە کە وەکوو بەرخی بێ دایک بوون هانە هانەو دڵسۆزییەکیان نەدیوە کە بتوانن رێگای پاراستنی ئەو جۆرە کەلەپوورانە بگرنە بەر. رانە مەرێک کە شوانی نەبوو گورگ بەئارەزووی خۆی ئەکەوێتە ناویەوە، وەیا هەر کەسە بۆ خۆی دێت ملی چوار سەری ئەگرێ ئەیبا بۆ خۆی بە کاری دێنێ و مەڕی بەستەزمانیش بە هەناسەساردی ئەمێنێتەوە!. من گلە ناکەم چونکە شێوەی دنیا هەر وا بووە. دوو بنجە گیا لە یەک تۆوەوە سەر هەڵئەدەن، یەکێک لە بنجەکان بەهێزترە ئەویتریان وشک ئەکاو خۆی ئەمێنێتەوە، بەڵام ئەو بنجە ئەگەر خۆی شایانیەکی تێدا هەبێ ئەم بەسەر ئەوا زاڵ ئەبێ، لە باتی ئەوە خـۆی وشک ببێ ئەو وشک ئەکـا. من ئەوەندە ئەزانم و بە هەمـوو خوێندەوارانی کورد-یش ئەڵێم: کە ئێمە نەتەوەین، نەتەوە زمانی هەیە گومانی تێدا نییە کە بەو زمانەی گەلێ شتی وتووە، نەمانەوەی بۆ ئێمڕۆ ئەوە ناگەیەنێ کە نەیبووە. بێ چاوێک کە لە رووناکی چاو بێ بەش کراوە، ئەوە ناگەیەنێ کە خۆر نییە!...

* * *

نموونەیەک لە پەخشانی کوردی نیوەی سەدەی نۆزدەهەم، کە «ئەمین فەیضی بەگ» لە پێشەکی کتێبەکەیا «ئەنجومەنی ئەدیبان» ئەیخاتە بەرچاومان ئەڵێ:

«ئەنجومەنی ئەدبیان

مقدمه

ئودەباو شـوعـەرای کـورد زۆن، لاکین ئاثاریان بە تەواوی جـەمع و تەئلیف نەکراوە. من نییەتم کرد کە بەعضێ لە ئەشعاری کوردی بابان طەبع ونەشر بکەم تا بزانرێ موڵکی بابان چەند مەنبەعی فەیض و زەکایە. لەشیعری هەر شاعیرێ چەند پارچەیەکم ئینتخاب کردو لەو مونتەخەبانە رسالەی «ئەنجومەنی ئەدیبـان»م هێنایە وجوود، بەم وەسیلەیە طالبـان و راغبـان کەمێک خەلاص بوون لە شیعر نووسینەوە لەسەر دەفتەر پارچە پارچە.حەزیشم کرد لە پێش

هەموو چشتێ یەک نوبذە لە ئەوصافی ئەو شاعیرانە بەیان بکەم. ئەوانە کە شوهرەتیان هەیە ئەمانەن:

«مەولانا ضیاءالدین شێخ خالد»، «مەلا خضر-نالی»، «شێخ رەزا»، «ئەحمەدی کۆر»، «مەلاسالح-ئاهی»، «سید عبدالرحیم-مەولەوی»، «هجری-کوردی»، «سالم»و سائرە.

«نالی» خەڵکی دێیێکە لە شارەزوور، کە واقع بووە لە طەرەف شرقی سلێمانی، ئیسمی «خاک وخۆڵ»ە. مەرحووم تەحصیلی لەقەرەداغ ولە سلێمانی دا ئیکمال کردووە. قەرەداغ شەش سەعات دوورە لە سلێمانییەوە. «نالی» بۆ ئیفای حەج چووەتە حیجاز، لەوێ دەرحەقی حەزرەتی فەخری رەسوول قەصیدەیەکی موکەممەل و موطەول نەظم کردووە. چووەتە ئەستەموولّ لە ئەثنای صوحبەتا لەگەڵ ئودەباو فوضەلای ئەوێ گەلێ ئاثاری فیکری و فەطانەتی نواندووەو زۆر مەظهەری تەوەجوه بوو. تا نیهایەتی عومری لە ئەستەموولّا ماوەتەوە. مەدفەنی موبارەکی لە «ئوسکودار»ە. زەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی صەنایعی لەفظییەی ئیستعمال کردووە پیاو رەنگە بڵێ: شیعری ئەو نەتیجەی علیم و ئیشتغالە.

«شێخ رەزا» لە عەشیرەتی تاڵەبانییە لە قەزای بازیان دا هاتۆتە دنیا. لە کەرکووک دا گەورە بووە، ئەویش وەکوو نالی هەم فەریزەی حەجی ئیفا کرد بوو هەم چووبووە ئەستەموولّ، لەئەثنای مولاقاتدا بە قووەتی زەکاو درایەتی خۆی گەلێ ئەکابرو ئەفاضلی ئەستەمووڵی مات و مەبهووت کردبوو، یەکێ لەوانە ئەدیبی مەشهوور «کەمال» بەگ بوو. باوکی مەرحوومی کە مەشهوورە بە شێخ عبدالرحمانی تاڵەبانی هەم شێخێکی ساحب نەزەر بوو هەم شاعرێکی پڕ هونەر.

شیعری شێخ رەزا ئەوەڵەن وەهبی و فیتری بوو، ثانیەن کەسبی. لەچوار لیساندا شاعیر بوو، بیلخاصە ئەشعاری کوردییەی هەموو عیبارەتە لە فەساحەت و بەلاغەت، لە نیکاتی دەقیقەو زەرافەت و سەنعەتی قەریحەو مەعلووماتی، خارجی تەقریرە. لە بەغدا وەفاتی کرد، لە جیواری حەزرەتی گەیلانی دا مەدفوونە. دوو بەیتی ئاتی -کەهی خۆیەتی- لەسەر کێلی قەبرەکەی حەک کراوە:

«یا رسول الله چه باشد چون سگ اصحاب کهف»
«داخل جنت شـــوم در زمـــره اصـــحـــاب تو»

«او رود در جنت و من در جـــــهـنم کـی رواست»

«او سگ اصـحاب کـهف و من سگ اصـحاب تو»

لەگەڵ بەندە موخابەرەی ئەغلەب بە نەظم بوو. چەند پارچە لەو نەظمانە کە بۆ بەندەی نووسیبوو ئەگەرچێ فارسیشن، بۆ تەبەڕوک کردم بە خاتمەی ئەم رسالەیە.

«هجری وکوردی» و «سالم» ئەهلی سلێمانین، شیعریان پڕ تەراوەت و عاشقانەیە.

بێینە سەر بەحثی مەولەوی:

مەولەوی ئەهلی هەورامانە، لە ساداتی کرام و لە مەشایخی عظامی نەقشبەندییە، خەلیفەی شێخ عوسمانی تەوێڵەیە. مەسلەکی مەولەوی مەسلەکی زوهدو تەقوایە، لەگەڵ ئەوەش شاعرێک بوو بێ نەزیر. هەورامان عیبارەتە لە بەعظێ دیهات کە واقع بوون لە مابەینی کوردستانی عوسمانی و کوردستانی ئێراندا. مەولەوی بەموقتەزای ئەو مەوقعە کە تێدا بوو هیچ چاوی بە شیعری فەرەنگ نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش لە سەر ئوسلوبی ئەوان شیعری نەظم کردووە؛ لە قەتعەیەکدا مەصرەعی ئەوەڵی تەقفیە کردووە لەگەڵ مەصرەعی ثالث و قافیەی مەصرەعی ثانی رێک خستووە لەگەڵ مەصرەعی رابع. ئەو قەتعەیە لە ئاخری ئەم کتێبەدا نووسراوە. ئەم ئوصولە خیلافی ئوصولی شوعەرای ئێرانەو مەولەوی لە کەس نەدیوە، مەحضەن بە حوسنی تەبێعەتی خۆی موناسبی زانیوە و ئیستعمالی کردووە. لە مابەینی شوعەرای کوردا مەولەوی موقابل بە «نیظامی» یە. ئەگەرچێ لەهجەی هەورامان و لەهجەی سلێمانی نەختێ لەیەک دوورن. ئەمما شیعری مەولەوی ئەمەندە ئاەگوزارو روح نەوازە ئەهلی سلێمانی لە گۆرانیدا شیعری ئەو دەخوێننەوە.

«ئاهی» ئەهلی سلێمانییە، ئیشتغالی لەگەڵ علیم بووە، زۆر وەختی لە شاری کۆیەدا رابواردووە. شیعری ئەویش رەنگینە.

«ئەحمەدی کۆر» ئەهلی تەرەفی سابلاغە، عالم نەبووە ئەمما شیعری بەغایەت موزەییەن وغایەت عارفانەیە. ئەو نەعتی ریسالەتە کە لەم ریسالەدا موندەرجە هەموو موزەیینە بەسەنعەتی رەدد عەجوز لە سەر صەدر. ئەحمەدی کۆر لایقە مولەقەب بێ بە «شاعری پێغەمبەر» کەلامی هەموو پڕ سۆزو گودازن.

.................................

ئەستەموولّ پایتەختی حکومەتی عوسمانی بوو. هەر شتێک کە کەوتە ناو ساڵەوەو پیر بوو بێ هێز ئەبێ، ئەو حکومەتە پان و پۆڕە کە بە حکومەتی هیلالی ناو ئەبرا لاوازی رووی تێ کرد و شیرازەی کاروباری وردە وردە لەبەر یەک هەڵوەشا.

پایتەختی حکومەتی عوسمانی سەرشاری ئەو پیاوانە و ئەو ولاّتانە بوو کە سەر بەو بوون. هەر لایەک تا مەردمی زۆرتر لێ بێ بیرو باوەڕی جۆراوجۆری زۆرتر تیا پەیدا ئەبێ. هەر ولاّتێک لە ولاّتەکانی ژێر دەستی ئیمپراتۆری کەوتبوونە سەر ئەو هەوایە کە خۆیان رزگار بکەن لەو کۆتە و زنجیرانە کە پیان بەسترابوونەوە. پیاوانی ئەو ولاّتانە لە ئەستەموولّ کۆ ئەبوونەوە، بیروڕای هەریەک لەو پیاوانە لەگەڵ بیروڕای پیاوانی شوێنانی ترا دەستا و دەستی ئەکرد هەر لایە بە ئەندازەی دەسەلاّتی خۆی؛ هی وایان هەبوو ئەیانەویست لە رێگای شۆڕشی چەکەوە لەو پێوەندە رزگاریان ببێ و سەربەستییەکیان دەستکەوێ. هی وایان هەبوو سەرەتا ئەیانەویست لە رێگای نووسینەوە بوار پاک کەنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج. هی واشیان هەبوو کە سووراو سوور دژی ئەو نیزامە بوو کە لەو رۆژەدا هەبووە و بە ئاشکرا بانگی ئەو دژایەتییەی ئەدا، کە «نامق کەماڵ» یەکێک بوو لەو بەشەیان.

بەدرخانییەکان ئەوانیش سەرەتا لە رێگای شۆرشی چەکەوە خەریک بوون، کە سەیریان کرد ئەو شۆڕشە بە بێ قەڵەم کاری خۆی ناکا هاتنە سەر ئەوە کە لە رێگای قەڵەمیشەوە نەتەوە خەبەر بکەنەوە. لە ناو ئەم گێژاوی جموجوولّەدا کۆلۆنیل «ئەمین فەیزی بەگ» ئەویش لەو رۆژەدا کە لە ئەستەموولّ ئەژیا ئەو کارەساتانەی هەموو بە دوو چاوی دڵ و دیدە ئەبینی. بەدرخانییەکان لە رێگای رۆژنامەوە خەریک بوون، ئەم لە رێگای ئەدەب و زیندوو کردنەوەی ئەدەبی نەتەوەکەیەوە خەریک بوو. گومانی تێدا نییە کە بەشداریی لەگەڵ بەدرخانییەکانا کردووە، هەم بۆ باری سیاسی، هەم بۆ باری ئەدەبی، چونکە لە یەک سەردەما لە یەک شوێنا بوون؛ ئەوان رۆژنامەی «کوردستان» یان بە شێوەی بادینی لە «١٨٩٨»دا دەرکرد، ئەمیش بە ماوەیەک پێش ئەوە لە گەلاّڵەی «ئەنجومەنی ئەدیبان»دا بوو بە شێوەی سۆرانی، بەرهەمی ئەو گەلاّڵەیە لە ١٩٢٠ لە ئەستەموولّ دەستی چاپی گەیشتێ. لەم ئاخرەشا دەستەی کورد لە کۆڕی زانیاری عیراق لە بەغدا بۆ جاری دووەم چاپی کردەوە. بناغەی ئەنجومەنی ئەدیبان وەنەبێ لە ١٩٢٠دا بووبێ، بەڵکوو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دا بووە. ئەمین فەیزی بەگ خۆی خەڵکی سولەیمانی بووەو بە ئەفسەری لە ئەستەموولّ و ولاّتانی سەر بە ئەستەموولّ ئەژیا، لەگەڵ شێخ رەزای تاڵەبانی

دا بە نامەی هۆنراوی گەلێ نامە لە بەینیانا هاتوچۆی کردووە.

ئەوی ئەمین فەیزی بەگی خستە سەر دانانی ئەنجومەنی ئەدیبان بە پەخشان گومانی تێدا نییە کە هۆنراوی هۆنەرانی پێش خۆی و هاوچەرخی خۆی بووە، ئەدەبیاتی تورک و فارسی دیوە، پەخشانی سەر ئەو ئەدەبیاتانەی دیوە، هەستی غەریبایەتی خۆی لە وڵاتێکی دوورە دەستا دیوە. ئەمانە کاریان کردۆتە سەری کە دەست بدا بەم شاکارەیەوە. من وا تێ ئەگەم لەو رۆژانەدا ئەبێ زۆر نامەو شتی پەخشان بە زمانی کوردی لەو وڵاتانەدا هەبووبێ بەڵام بەداخەوە زۆربەیان لەناو چوون و شتێکی وایان نەماوەتەوە!.

خاوەنی پەخشانی سەرەوە بەو تەحرە زمان و قسە کردنە کە لەو رۆژە لە ناو رۆشنبیرانی کورد دا باوی هەبوو هەر بەو جۆرە لە نووسینا بەکاری هێناوە. پەخشانەکە خۆ عەزیەتدانی تێدا نییە، ناوەرۆکێکی بەرزو باڵای هەیە. ئەم ناوەرۆکە ئاوێنەی بیرو باوەڕەکەیەتی. لە روخسارا ئێمە واسەیر ئەکەین کە پڕیەتی لە وشەی بێگانە، بەڵام ئەبێ سەیری ئەوە بکەین کە ئەو سەردەمە چەشنە گوزارشتی وا باوی هەبوو. رۆشنبیرانی ئەو رۆژە ئەو وشە بێگانانەیان کردووە  بەماڵی زمانی کوردی. هەروەها شێوە نووسینی ئەو رۆژە شێوەیەک بوو کە زۆر جیا بوو لەگەڵ رێنووسی ئەم رۆژەدا. من زۆر لەو رێنووسەم هێناوەتە سەر شێوە نووسینی ئیمرۆ، وە گەلێکیشم هەروەکوو خۆی هێشتۆتەوە بۆ ئەوە زۆر دوور نەکەوینەوە لە مەبەست.

ئەنجومەنی ئەدیبان بۆ مێژووی پەخشانی سۆرانی تا ئەندازەیەک شان ئەدا لە شانی رۆژنامەی کوردستانی ئەو رۆژە کە بە بادینی دەرچووە. ئەم دوو شێوە گەورەیە دوو کۆڵەکەی بەهێزن بۆ زمانی کوردی کە لە یەک شوێناو لەیەک سەردەماو لەژێر دەواری یەک حوکما ماونەتەوە بۆ بەڵگەی پەخشانی کوردی ئەو سەردەمە.

* * *

نموونەیەک لە دەقی رۆژنامەی «کردستان»کە لە ساڵانی «١٨٩٨-١٩٠٢» لە لایەن «بەدرخان»یەکانەوە لە «جنێڤ»، «قاهرە»، «لەندەن»و «فۆلکستۆن» دەر ئەچوو. ئەم نموونەیە هی لاپەڕە «٣» ژمارە «١١»ی رۆژی پینجشەمبەی «٢٤»ی رەمەزانی ساڵی «١٣١٦»ی هجری کە بەر «٢٨» کانوونی دووەمی ساڵی «١٣١٤»ی رۆمی کەوتووە.

«هلاک امتی من عالم فاجر وعابد جاهل وشر الاشرار اشرار العلماء، وخير الخيار خيار العلماء. حەزرەتی فەخری عالەم «عليه الصلاة والسلام» گوتیە

عـالمی فـاسق وفـاجرو عـابدی جـاهل دبه موجب هلاکا امـتـا من وه مـرۆێ ژ حەمیا قەنجتر عالمی عەمەل قەنجە، گەلێ عولەما ژڤێ حەدیسا پیغەمبەر «علیەالسلام» مەعلووم دبە، کوو هەگەر عالمی فاجر یەعنێ ئۆو مرۆوێ کوو خوندایە، یا خودێ و پێغەمبەر ئەمرو نەهی کری دزانە قەنجی و خرابی ژهەڤ فەرقی دکە، رێیا شەریعەتی نیشان کری ناس دکە فاجری بکە موجبی ئینقراضا میللەتی خوە وە هەلاکا ئوممەتی موسولمانا دبە «معاذ الله» ژڤێ گونەهی خرابتر تشتک نابە لوما، کوو دیسا وی حەدیسا شەریف دە سەروەری ئەنبیا دبێژە کوو دین دە مرۆوی عالم و فاسق ژ حەمی کەسێ خرابترە، چونکە خرابیا عالم دکە مرۆوی جاهیل نکارە.

لووما مەولانا «جلال الدین» رۆمی کتێبا خوە دە گوتیە: «بد گهرا علم وفن ئامـوختن – رادن تیغ است بدست راهزن!...» یەعنی تەعلیما مرۆوی بەد ئەخلاق وەک دانا شیرەکییە دەست دزەکی، چونکە عیلم و هونەرو قووەت و ئیقتدارە هەگەر مرۆوی بەد ئەخلاق بەوی عیلم و هونەری سووء ئیستعمال دکە. وە بالعکس هەگەر ئۆو مرۆو صاحیبی ئەخلاقی قەنج بە بالطبع وێ قووەت و ئیقتداری حوسن ئیستعمال دکەو دبە مرۆوی ژ حەمیا خیرتر، چونکە سایا عیلمی خوە ژ حەمی کەسێ زێدەتر دکارە قەنجی بکە، لاکن صوورەتێ ئەوەل دە ژ حەمی کەسێ خرابترە، چونکە بەعیلمی خوە دکارە گەلەک خرابیی بکە. لووما پێغەمبەر «علیەالسلام» وها گوتیە، وە عابدی جاهیل ژی «مضر» میللەتە، چونکە تتشت وەک جەهلی هادمی دین و دەولەت نابە؛ یەعنی جەهل حەوقاس خرابە، کوو هەگەر مرۆوی جاهیل عابدی بەژی دیسا میللەتا وی نکارە خوە ژ زەرەرا وی حفظ و حمایە بکە، وەکی ئەم تأریخا عالەمی دخونن ئەم دبینن کوو، هەمی زەمانا دە میللەتی جاهیل مغلووبی میللەتین عالم بینە، چجارا جەمعییەتێک جاهیل پایدار نابە، لوما هەگەر ئەعضایین میللەتەکی جاهلیین هەر چعاس عابدو ساجد نژی دیسا ئۆ میللەت زەمانک هندک دە هەلاک دبە، حاصل ئیمکان نینە پایدار نابە، ئەحوال سابقەی میللەتین بوورین حەمی وی حەدیسا پێغەمبەر تەصدیق دکە.

ڤیجا گەلی عولەمایین کوردا ئۆون دبینین کوو هندە ئایەت، هندە حەدیس، هندە ئەحوال ماضییە حەمی ئیعلام دکن کوو هەگەر ئۆون حالی خوە دە دەوام بکن ئۆنی زەمانک هندک دە مونقەرض بین، چونکە ئۆن عالم بعلمی خوە عەمەل ناکەن، خدمەتا پێغەمبەرو میللەت ژوە ئینتظار دکە، نە هەما صوم و صلاتە، ئەوەل ب ئەوەل دڤێ مرۆو ئەسبابی بقایێ میللەتی اکمال بکە هەگەر

نەدشمنی بێت ملکی وە ژوە بستینە وی هەنگی ئۆون نکارن صلاتا ئەدا بکن، زارووبین وە ژی پاش چەند سالەکی دینی خوە ژی وندا بکن، مأموورین سەر ڤظالم هادمیین میللەتا وە نە حتی ئۆون وان ژ سەر خوە ناڤیژن حتی کوو ئۆون وان دشمنی میللەت ژ ولاتیین خوە طردو تەبعید نکن عیبادەتا وە نە مەقبوولە، چونکە ئۆون دزانن کوو وەقتێ شەرێدە نەجائزە مرۆو شیری خوە دانە وەبچە عیبادەتێ بکە، چونکە پاشێ دشمنی غەلەبە بەکە ئەوەل ب ئەوەل کوژتنا دشمنی لازمە. حالێ نهۆ ئەڤ میللەت تێدە زەمانێ فەترەتە. حەجکو ئوون نهۆ شەرێدەنە.سایا عیلمێ خوە ئوون وزانن خدمەتێن قەنج بکن. هەگەر ئوون نکن ئوون دبن عولەماییێن فاسق یەعنی سەبەبا ئینقراضی میللەت ئوون دنیاو ئاخرەتا خوە وندا دکن. حەوقاس ئەفراد میللەت قوربانا سەبیئاتا وە دبە. ئوونێ چاوە خوە ژبن وێ گونەهێ دەرێنن. هنگی دەست وە هات غیرەت بکن وە مەدرەسا ڤەکن مرۆوییێن جاهیل تەعلیم بکن. بەلکە ژناڤ وان مرۆوێن صاحیب هیممەت ظوهوور بکت سایا هیممەتا وان کوردێن رەبن ژ بن ظولمێ دەرکەڤن. ئەز هەر جەریدا خوە دبێژم ئەڤە دیسا تەکرار دکم هەگەر ئەڤ جەهلا جاهلێن کوردا و هەگەر ئەڤ مەسکەنەتا عولەماییێن را دەوام بکە کوردستانێ بکەڤە دەست نەیارا دە فیکرێن ئەرمەنێ چقاس صاحیب هیممەت و غیرەتن ئەو ژی وەک کوردا مەظلوومین لاکن حوریەتا خوە فیدا دکن. جاهیلێن کوردا نزانن ئەرمەنیا دکوژن. ئەم حال و کردارە گەلەک خرابە. دڤی عولەما بێژن کوردا کو ئەڤ حال قاتلیە دڤێ کورد خوە ژوێ گونەهێ موحافظە بکن. دڤێ کورد ژی ئەرمەنیارا بالاتفاق مەءموورین ظالمین خونکار ریدکە سەروە باوێژن، شوونا ئۆون بچن ئیمدادا ئەرمەنێن مەظلووم ئۆون دچن وان دکوژن. ئەو حال گەلەک گونەە و ڤهێتە، خودێ و پێغەمبەر ژوێ حال نەرازینە. خودێ تەعالا کتێبا خودە فەرمان کریە (وعزتی وجلالی... الخ) یەعنی ئەز بە عیزەت وجەلالا خوە قەسەم دکم کو ئەوێ مەظلوومەکی ببینە ئەو نەچە ئیمدادا وی ئەزێ حەیفا خوە ژوی بستینم، گەلی کورد نۆ وی ئایەتی بخوونن و ژ کوژتنا ئەرمەنیا حەزەر بکن چونکە ئەو مەظلوومن دڤێ ئۆون بچن ئیمدادا وان، علی الخصوص کو ئۆون ژی وەک وان مەظلوومین».

لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم زمانی کوردی لە داستانی زارەوەو لە گۆشەی تاقی مزگەوتەکانەوە کەوتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەوە. ئەستەموولّ لەبەر ئەوە پایتەختی چەند سەد ساڵەی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو جێگای کۆبوونەوەی پیاوانی ژێر ئاڵای ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو، لە هەموو لایەکەوە هەموو جۆرە کەسێک رووی تێ ئەکرد، ئەم رووتێ

کـردنە ئەبووە هۆی ئەوە کە هەر یەکە بیـرو باوەڕ لە نێـوانی ئەو پیـاوانەدا – لە لایەکـەوە هاتبـوون – دەسـتـاو دەست بکا. ئەو نەتەوانە کە کەوتبـوونە ژێر ئالای ئەو ئیـمـپـراتۆریەوە هەمـوو کـەوتنە ئەڵهـای سـەربەسـتی و کـەوتنە سـەر ئارەزووی جـوولانەوە بـۆ گەیشتن بەو سەربەستییە. رۆشنبیرانی نەتەوەکان بزووتنەوەیان بە تەوژمی خۆیان زانی. کورد یەکێک بوو لەوانە، لەناو کورد – یشا «بەدرخان»یەکان یەکەم دەستە بوون کە ئەو مەشخەڵەیان هەڵکردو هەڵگرت. یەکەم بەیداخی رۆژنامەیان بە شێوەی بۆتان و بادینی لە ئاسۆی ولاتا داکوتاو وردە شەپۆلی رووناککردنەوەی بیرو باوەڕیان بە هەموو ولاتانی بۆتان و سۆراندا بلاو کردەوە. ئەمە گەورەتر بەهرەیەکی بادینی بوو کە زمانی رۆژنامەو دەرچوونی رۆژنامە یەکەمجار لە عالەمی کورددا بەو شێوەیە دەرچوو!.

رۆژنامەی «کوردستان»ی «١٨٩٨» کەوتە ئامۆژگاری کردنی کورد کە ئەبێ یەک بگرن، ئەبێ عـیلم و زانیـاریتـان هەبێ، دین بە بێ عـیلم و بە بێ مـەدرەسـەو بە بێ زانیـاری هیچ کەڵکێکی نـابێ، خواناسێکی بێ علیم زیانی زۆر زۆرترە بۆ نەتەوە لەبێ دینێکی زانا بۆ ئەو نەتەوەیە!. بەئایەت و بە حەدیس پێشڕەوی نەتەوەکەی کرد بۆ عـیلم و زانیاری و بۆ یەکگرتن، بەتایبەتی ئەو رۆژە ئیمپراتۆریبەتی عوسمانی بە تەواوی لە دژی ئەرمەنییەکان بوو. ئەرمـەنی سـەرلێ شێـواو لە هەمـوو لایەکەوە هانی خەڵکی لێی ئەدرا کـە لە ناویان بەرن وتەفرو توونایان کەن!. رۆژنامەی کوردستـان بیری کوردی رووناک ئەکردەوە بەوە کە ئەرمـەنیش نەتەوەیەکی سـەرلێ شێـواوە وەکـوو ئێـوە، ئەوان داوای سـەربەسـتی ئەکـەن بۆ خۆیان، ئەوان ستەم لێ کراون. پێغەمبەری ئێمە «د.خ» ئەفەرمووێ یارمەتی ستەم لێ کراو بدەن. ئێوە: ئەی کوردی سەر لێ شێواو وەکوو ئەرمەن، لەباتی ئەوە بچن و لە ناویان بەرن ئەبێ پشتگیرییان بکەن، یارمەتییان بدەن، بیانپارێزن. خواو پێغەمبەر ئەوەیان پێ خۆشە کـە نەیەڵن زۆر لێ کـراو زۆری لـێ بکرێ، نەیەڵن داری زۆر بە دەستی زۆردارەوە ببێنێ، زاڵمی خوێنمژ لەناو بەرن. دینی راستی ئەمەیە نەوەک خەو لێ خستن!.

ئەمـە دەقی زمـانی کـوردی رۆژنامـەیەکی کـوردی ئاخـری سـەدەی نۆزدەهەم بوو کـە چاپ بەو جۆرە بلاوی کردەوەو بیرو باوەڕی ئەو رۆژەی کوردی گەیاند بە نەتەوەی ئیمڕۆی خۆی.

***

نووســینی کــوردی لەســەر لاپەڕەی نـامـە بـاوی ســەند، چاپ وردە وردە کــەوتە ولاتی کوردەواری سۆرانەوە، لە هەولێر و سولەیمانی بنجی داکوتا. لە سالانی «١٨٩٨-١٩٠٢»

سەرەتا بیرو باوەڕی چاپدانەکە لە وڵاتی ئەستەموولەوە دەستی پێ کرد، شەڕی یەکەمی جیهانی-١٩١٤-١٩١٨- هات بەسەرا، دام و دەزگای عوسمانی تێکچوو، پاشەلەقەی جەنگ هەرچەندە هەر مابوو، بەڵام بیرو باوەڕ بە تەواوی پەردەیەکی تری بە سەراهات، رۆشنبیرانی کورد راچەڵەکین، لە وڵاتی سولەیمانی بزووتنەوە پەیدا بوو، بزووتنەوەیەکی وەها کە نووسین کەوتە سەر لاپەڕەی رۆژنامە و بە دەستووری رۆژ بڵاو ئەکرایەوە.

جا ئەمەی خوارەوە نموونە دەقێکی تری پەخشانی کوردییە کە رۆژنامەی «پێشکەوتن»ی ژمارە «٣» ساڵی «١» لە «١٩١٩-١٩٢٠»دا لە شاری سولەیمانی دەرچووە، لە ژێر ناوی «بۆ چرووک» دا، بە قەڵەمی «زەکی صائب» بڵاوی کردۆتەوە:

«هەچ وەختێ ئەم قامیشە دوو لەتە،ئەم ئاسنە دوو کەرتە ئەگرم بە دەستەوە زمانم توێ توێ ئەبێ، خوێنی دڵ ئەو دڵۆپە دڵۆپە سوورانە لە هەموو شارەگی لەشمەوە کۆ ئەبێتەوە ئەتکێ حەوزێکی سوور دەخاتە بەر چاوم، تنۆک تنۆک لە چاومەوە فرمێسک ئەرژێ و لەبەر پێما بیرێک پەیپا ئەبێ، سەرم وەکوو مزراحێکی دگ دگە بەگوڕ دایکوتێ گێژو سووڕ ئەخواو لە بنیا ئەمێنێتەوە!. ئەو هەنسکانەی لە بنکی دڵەوە هەڵئەکشێ لە گەرووما کۆ ئەبێتەوە هەناسەم لێ دەبڕێ، دەمەوێ نەختێ لەم کاسە لێو ڕێژەی دڵم بڕێژم و سەرم سووک کەم، سەد حەیف گرەی دڵ، گریەی جەرگ، بۆ چرووکی ناو زک کە بڵێسە ئەبەستێ وەک زمانی هەژدەها لە قوڕگمەوە سەر ئەکێشێ هەرچێ سەرچاوەی فرمێسکم هەیە ئەیکا بە هەڵمێکی سوورو لە کونە لووتمەوە دەری ئەکا، هەر وەکوو دوا هەناسەی مردوو لێوم، چاوم وەکوو نانی سەر ساج وشک و رەش ئەکاتەوە!. لەو وەختەدا دەمەوێ بە هەموو هێزی زمانم هاوار کەم وکەسێ بە دادمەوە بهێنم بەڵام زمانم بەستراوە، دەمەوێ بە هەموو هێزی ئەژنۆم راکەم بەڵام رێم لێ گیراوە، بە هەر دوو دەست ئەکێشم بە سەرو پۆتەڵاکی خۆمان و ئەزیرێنم بەڵام هەموو کەس چاوی نوقاوە، هەموو لا گوێ کەڕ بووە!. کەس دەرد لە من ناشنەوێ، کەس چاوم بۆ ناگێڕێ! هاوار سەد هاوار من چیم کردوە خوا وام لێ بکا ؟!. ئەگەر نەبوایە بە ناشوکری ئەو دەست و چاوە، ئەو گیانەی خوا داویمێ وەک بوخچەی بووک ئەمپێچایەوەو ئەمکوتا بە سەرو چاوی عزرائیلدا، نەمئەویست، بەڵام ئەویشم پێ ناکرێ، عزرائیل-یشم دەست ناکەوێ، لە دووی ئەگەڕێم ونایگەمێ، لێم بووە بە سێبەری خۆم کە بۆی ئەچم ئەڕوا، راوو دووی دەنێم را ئەکا، هەر نایگەمێ تا رۆژی خۆی نامگرێ، منیش ئەبێ تا ئەو رۆژە بتلێمەوەوگەوزی خۆم بدەم!».

ئەم دەقە بە چەشنی گوزارشتی خۆی نووسراوەتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە شێوەی ئیملاکەی گۆڕاوە بە شێوەی ئیملای ئەم ڕۆژە، بەوێنە ئەو لە وەختی خۆیان وا نووسراوە:

«هچ وختی ام قامیشه دو لته، ام آسنة دو کرته اکرم به دستوه زمانم توی نوی ابی، خوینی دل او دلوپه دلوپه سورانه له همو شارکی لشمەوه کو أبیتەوه و اتکی حوزێکی سور دخاته بر چاوم تنوک تنوک له چاومەوه فرمیسک ارژی ولبر پیما بیریک پیپا أبی... هتد»

تەماشا ئەکەین دەقی ئەم دەقە کوردییەکی پەتی ڕەوانی ئەو ڕۆژەیە ئەوەندە هەیە لە دەمی خوێندەوارێکەوە دەرچووە؛ بەڵێ لە دەمی خوێندەوارێکەوە دەرچووە بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە خوێندەواری ئەو ڕۆژەش دوو جۆرە خوێندەوار بوون؛ جۆرێکیان خوێندن و نووسینیان تێکڵاو بووە لەگەڵ فارسی و عەرەبیدا کە ئەوانە گوزارشتیان لە چەشنە زمانێک داوەتەوە کە باو بووە لە ناو دەستەی خوێندەوارانی ئەو ڕۆژەداو پیان وتوون «منور»، وایان داوەتە بەر چاو کە نووسین و قسەکرن ئەبێ بەو شێوەیە بێ بۆ ئەوە لە ڕەمەکی مەردم جیا ببنەوە! جۆرەکەی تریان کۆششیان کردووە بۆ ئەوە کە شێوەی نووسینی زمانەکە ئەبێ پەتی بێ، ئەو هەستە لە ناو ئەم دەستەیەدا پەیدا بووە کە زمان ئەبێ خاوێن بێ، بە تایبەتی زمانی نووسین، لەگەڵ ئەوەشا ئەمانیش هەر «منور–مونەووەر» بوون و لە مونەووەری نەکەوتوون!.

ئەمێنێتەوە سەر شێوەی نووسینی ئیملاکە –ڕێ نووس– لام وایە لەم ڕووەوە هەموو هەر یەک بوون؛ یەکەم لەبەر ئەوە کە شێوەی نووسینی فارسی و ئیملای ئەو ڕۆژە هەر ئەوە بووە، دووەم چاپ تازە کەوتبووە کوردەوارییەوە، پیتەکان هەر لە سەر ئەو شێوەیە داڕژاون. بەڵێ! دەستکاری لە نووسینی شێوەی ئیملای کوردیدا لە پێش ئەو مێژووەدا لە وڵاتی سولەیمانی هاتبووە ناوەوە، بەڵام ئەو دەستکارییە هەر نەخشەیەک بوو بۆ نووسین، نەکەوتبووە سەر پیتی چاپ. بۆ ئەم لایەنە من لە غەیری ئەم کتێبەدا بە دوورو درێژی لێی دواوم و ڕوونم کردۆتەوە.

***

نموونەیەکی تر لە پەخشانی «کوردی» ساڵی «١٩٢٥» کە لە گۆڤاری «دیاری کوردستان»ی ئەو ساڵەو لە نووسینی میرزا حەسەن ئەحسەن کوردوستانی بڵاو کراوەتەوە، بە چەشنی گوزارشتی خۆی ئەیخەینە بەر چاو، ئەوەندە هەیە شێوەی ئیملاکەی هێنراوەتە

سەر شێوەی ئێستەمان، ئەویش لەبەر ئەو شتانەیە کە وتمان:

«چەند خۆشە ئینسان چشتێ کە لە دڵیایە بە ئەزمانی مادەرزادی خۆی بەیانی بکا.

بۆ دەستکەوتنی حەیاتێکی تازە ئێمە کە میللەتی کوردی-ن وا چاکە بیدەینە بەر نەزەری فیکرو بە دقەتێکی وردی خەیاڵیی بیزانین. میلەل و ئەقوامی عالەم ئەوەڵ چلۆن بوون و چیان کرد و ئێستە چلۆنن؟. وە سەبەبی ئەم تەرەقی و تەعالییانە چی بووە کە ئیمرۆ لەسەر کورەی ئەرزدا هەر یەک بە دەرەجەیی ساحیبی حەیاتێکی تازەو مالکی شەرەف و سەعادەتێکی بێ ئەندازنە؟!. «معلووم» -زەمیری ئەم جوملەیە موستەتر نییە، بارزە -. ئەوەڵ هاتن بە دەستی تەعاون و تەوافق شقاق و نیفاقیان لە ناو خۆ فڕیدا، پاش بۆ خاتری تێکدانی بناغەی وەحشەت مەیل و رەغبەتیان کەوتە سەر مەعارف، لە سایەی عیلم ومەعارفەوە سەنایع و تجارەتیشیان تەرەققی کرد. خولاسە بەم نەوعە چشتانە میللەت و قەومییەتی خۆیان بۆ سابت بوو، وە بە هەموو کەسێکیشیان دا زانین، وەقتێ کە لەکن دراوسێکانیشیان مەعلووم بوو کە خولق و تەبیعەتی دڕندەییان نەماوە بە جددی تالبی تەمەددن حەققی ژیانیان بەدەست کەوت و فرسەتی خۆیان نەفەوتان، بە واستەی میعماریکی مێهربانی بنائی «هەستی» خۆیان داناو بە وەسیلەی سەعی و مەعارف مەسکەن و مەوتنی خۆیان ئیعمار کرد. بۆ ئێمەی کوردی-ش وا لازمە لەوان سەرمەشق و لە «وضع» وحاڵەتی چەند ساڵەی پێشووی خۆمان عیبرەت بگرین.

لە واقعدا ئەگەر پێمان بڵێن: کورد لە بن وەحشەت و جەهالەتانە، لە حقوقی مەدەنییەت ساقتن، حەققی ژیانیان نییە، جوابمان «چییە» ؟. «بەڵێ» ئەگەر ئەم سوئالەمان بە سوورەتی مونسفانە لە ئێمە بکرێ جوابی سەحیح وموسکت و حسابی لە دەست ئێمەدا هەیە کە بڵێین: لە نیمەی واراداتی سەنەویمان زیاتر تەکالیفاتمان لێ ئەسەنرا، وەلێ لە خوسووسی مەعارفەوە هیچ موساعەدەی بۆ ئێمە نەکرا تا بەم حاڵە گەیشتین و لە سەر ئەم ئەحواڵە ماینەوە!. دیارە بێ ئیستعدادی لە تەرەف ئێمە نەبووە، وە ئێللا کورد میللەتێکی موستەعددن و قابلی هەموو چشتێکن.

«ئەگەر نەختێ وازحتر قسە بکەم خۆ عەیبی نییە» : تەبەقەی ئەسبەقی کورد چونکە هەموو ئیش و کاری خۆیان لە دەست خۆیاندا بوو حەیاتێکی بە شەرەفیان رابوارد. تەبەقی سابق ناڵێم ئەسیر نەبوون، ئەمما وەکی ئەسیر بوون ئەم تەبەقەی ئەخیرە عادەتا مردبووین، لاکن زۆر شوکر وەک دەبینرێ مەرگێکی

موەققەتی بوو، جارێکی تر دەژینەوە.

بەس لازمە بۆ براگەورەکانمان و بۆ ئەشخاسە مونەووەرەکانمان ئێمە کە وەقتمان لە دەست دەرچووە جاهیل ماینەوە، چارەی لە ئەولادی حازرو ئەحفادی ئاتیەمان بفەرموون «مەکاتب و مەعارفمان زۆر لازمە» چونکە مەداری حەیات ئەم نەختە ماڵ و مەڕو جووتە نییە. کورد بە عومومی موحتاجی عیلم و مەعارف و تەربییەیە تاکە ئەقەللا ئەولادو ئەحفادی قەدری دین و قیمەتی وەتەنی خۆیان بزانن و لە رووی شوکرانی نیعەمەتەوە بێ ئەمە کە شەرمیش بکەن بتوانین بڵێین ئێمە کوردی-ن و ئەم خاکە وەتەنمانە، گۆڕخانەی باب و باپیرمانە.

فەقەرەیەکی تر؛ ئەگەر یەکێ لەوان رێگە بکەوێتە شارێکی دوور هیچ نەوێ بە ئەزمانی ئەهلی ئەو شارە بتوانن نان و ئاوێ بخوازن، یا رێگەی ئوتێلێ بپرسن، ئەگەر سوئالێکی لێی کرا سەرو لاقوونی خۆی نەخورێنێ، لە جوابدانەوە عاجز نەمێنێ، بتوانێت جوابێکی موافق بداتەوە».

حەسەن کوردستانی

گوزارشتی ئەم دەقە هی سەردەمێکە وەکوو ئەبینین وشەو زمانی کوردی هێشتا پاک نەبوەتەوە لە زمانی بێگانە، بەڵام سۆزی نەتەوایەتی سوورا و سوور ئەبینین کە پەردەیەکی تری بە سەرا هاتووە؛ داوای ئەوە ئەکا کە لە رێگای خوێندن و خوێندەوارییەوە هەموو نەتەوەیەک ئەتوانێ بگا بە هەموو پلەیەکی بەرز، بەتایبەتی نەتەوەی کورد کە بێ بەش بووە لە گشت بەشێکی خۆی ئەتوانێ لەو رێگایەوە بگا بەو بەشانەی و لە ئەنجاما بچێ بەپیر شابەشی خۆیەوە. ئەو نەتەوانە کە سەرەتا هیچ و پووچ بوون هیچ شتێک بەرزی نەکردوونەتەوە خوێندن نەبێ، خوێندنیش ئەبێ لە رووی هەستێکەوە بێت کە بزانێ و بتوانێ وەکوو لە باری ئایینەوە ئەکۆڵێتەوە لە باری دنیایشدا ئەو لێ کۆڵینەوەیە هەبێت، سەرەنجام لێک بداتەوە، ئەوەی بۆ روون ببێتەوە کە ئەگەر ئەمیش کۆشش بکا وەنەبێ لە نەتەوەکانی تر بۆ گەیشتن بە ئامانج کەمتر بێت. هەر دوو لا هەر ئادەمیزادن، خۆیندن و خوێندەواری ئەم دوو ئادەمیزادە جیا ئەکاتەوە؛ خاوەن زانیاری بەرز ئەبێتەوە، نەزانەکە هەر ئەبێ ببێ بە پەیکەری چەوسانەوە بۆ ئەویتر، بە دیل و چەپاو کراو بۆ ئەویتر، ببێ بە لانەواز و سەرلێ شێواو بۆ ئەویتر. زێڕ و زیوی بەروبوومی بۆ ئەویتر بێ و خۆڵە مێشەکەشی بۆ ئەم بێت. توورەکەی رەجاڵی بکاتە ملی و دەربەدەری شوێنان بێت. دەنگی وەها کپ ببێ کە کەس گوێ لێ نەبێت، لە خەرمانە سوورەکەی جگە لە کۆزەر هیچی تر بۆ

ئەم نەمێنێتەوە!.

دیسان پلەی یەکەم، وەیا دووەم نەهێشتنی دوو بەرەکییە لە ئەو نەتەوەیەدا کە بیەوێ بگا بە قولەی بەرزی. ئەڵێ ئەگەر نەتەوەی کورد-یش بیەوێ بگا بەو قولەیە ئەبێ دوو بەرەکی لابەرێ، هەموو وەکوو خێزانی ماڵێکیان لێ بێت، ئەم دوو بەرەکییە لە هەموو دەورێکیا کردوویەتە کارێ کە جڵەوی ئیش و کاریان بکەوێتە دەست بێگانە، لەم جڵەو بەدەست دانەوە بە کێوی و بەنەزان ناوبراون و بە چاوێکی ئابڕوو مەندانەوە سەیر نەکراون، لەگەڵ ئەوەشا لە کەسی تر کەمتر نین، بەڵام نەخوێندەواری و دووبەرەکی کەمتری کردوونەتەوە...

***

«ڕۆژی کوردستان» ڕۆژنامەیەکی سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، ڕەسمی بوو، حەفتەیێک جارێ لە «١٩٢٢-١٩٢٣»لە سولەیمانی دەر ئەچوو. لە ژمارە «٦»ی ساڵی یەکەمیدا - کە بەر ڕۆژی چوارشەنبەی «٩»ی جمادی الاولی «١٣٤١»ی هجری «٢٧»ی کانونی یەکەمی «١٣٣٨» ڕۆمی ئەکەوت - «عارف صائب» لەژێر ناوی «یەک بوون- ئیتحاد»دا ئەم پەخشانەی ئەو سەردەممان ئەخاتە بەرچاو:

«بە تەءریخ وتەجرەبە دەرکەوتووە ئەوی قەومی لە دەست درێژی وخەفای خولوقی ئازادو دڵشاد بکات هەر ئیتحاد، ئیتفاقە، لە سایەی فەیزو بەرەکەتی ئیتحادەوەیە کە ئەم میللەتە بچکۆلانەی ڕووی زەمین لە دوای ئەسارەت و زەبوونی ڕزگارو بەختیار بوون، هەر لە سایەی ئیتحادو ئیتفاقەوە ئەم حکومەتە گەورانە هەر یەکێ لە چەند تەحر میللەت و چەند قەتعە ئەرازی جیاواز تەشەککیان کردووە، موحافەزەی مەوجوودییەتی خۆیان ئەکەن، بە کەماڵی حورمەت و عیززەتەوە ئەژین، وە هەر یەکە حاکمێکی بەڕو بەحرن. ئەتوانم بڵێم خاسییەتی ئیتحادو ئیتفاق لە کائیناتدا لە هەموو شتێکدا جارییە. دوور نەچین: ڕانێ بە کۆمەڵی بلەوەڕێ هەمیشە لە ئافەت و بەڵا دوورو ئازادە. سەعدی ئەڵێ:

«دوهیزم را بهم خوشتر بوزد»، قووەت بە ئیتفاق پەیدا ئەبێ، ئیتفاق موجەبی تەوفیقە، خوشمان ئەڵێن : هەر قەوم و عەشرەتێ ڕێک و پێک بن قەت نافەوتێن. بەڵێ هەر قەوم و میللەتێ کە لەناو خۆیدا پاک و چاک بی و بە کوتلەیەکی عومیمی بژی، عەنعەنات میللیە و ئایین و کردەوەی خۆی لە بیر نەچێتەوە، جەمعیەت و مەوجوودییەتی خۆی ڕاگیر بکات لە عالەمی

بەشەرییەتدا هەمیشە روو سوورو مەسروورە. بۆ ئەوە فائدەی ئیتحادو ئیتفاق بێتە بەرچاو با چەند شوولێ کۆبکرێتەوە، ئەم شوولانە هەرچەندە یەکە یەکە شکاندنیان ئاسانە بەلام ئەگەر چەند دانەیەکیان پێکەوە بن قەت قابلی شکاندن نین و نابن. لاکن بۆ ئێمە ئیمرۆ ئیتفاقێکی ماددی و مەعنەوی پێویستە، چونکە ئەگەر ئیتفاقی ئەفکار نەبێ، نەک ئیتفاقی میللیە ئیتفاقی خزمایەتیش بێ سوودو سەمەرە. ئیتحاد و ئیتفاقی کورد شتێکی زەحمەت نییە، بەڵکە زۆر سووک و ئاسانە، مادام ئێمە لە هەموو خوسووسێکەوە کوردین و لە یەک وەتەندا ئەژین و ئەمرین و مەنافع و موناسبەتمان و سەعادەت و فەلاکەتمان پێکەوەیەو بە حەسەبی ئیسلامییەت و ئینسانییەت و سیاسەت و قەومییەت مە ءموور و مەجبوورین بە ئیتحاد بۆ ئیسباتی حەقی ئەم ژیانەو بۆ بەقای مەوجوودییەتی میللیەمان ئەبێ قەت لەیەک جیا نەبینەوە.

کە وابێ با ئیتر رقەبەری و درۆزنی و سەرکزی و تەمەڵی بخینە لاوە، هەموومان وەکوو عوزوێکی عەزیز بۆ تەرقی و ئازادی ئەم ملک و میللەتە هەر چیمان لە دەست بێ فتوور و قوسوور نەکەین. لە مەقاماتی عالیەی حکوماتی موعەززەمەدا نیعمەتی حقوقی ئازادی هەموو قەومێ بە عەدالەت و حققانیەت بەشکراوە. لەبەر ئەوە لەم نیعمەتە بەش خوراو نەبن کائنات هەڵساوەتە پێ بەهەموو مەوجوودییەتی خۆیان سنگیان داوەتە بەرەوە داوای حقوق و حودودی حەقیقی وتەبیعی خۆیان ئەکەن. بێ شوبهە لەم بیستەمین عەسری مەدەنییەتەدا هیچ قەومێ بەش خوراو و دڵشکاو نابێ و کەس ناتوانێ بچێتە سەر شوێن و بەشی کەس. لەم رۆژە موبارەکەدا کە جەمعییەتی ئەقوام حقوقی ئازادی هەموو میللەتێکی بە قەدەر خۆی بەش و دڵی عالەمی گەش کردۆتەوە، کوردستان کە نزیکەی ١٠-١٥ ملیون نفوسە و مەنتقەی جوغرافیای لە گەلێ جێگا خۆش و ساحب خێرو بەرەکەتترە و عونسور وخیلقەتی کورد لە هیچ خوسووسێکەوە لە ئەمسالی خۆی کەمتر نییە، چۆن ئەبێ ئیتر ژێر دەستیی ئەم و ئەو قوبووڵ بکات و پەرێشان و سەرگەردان بسوورێتەوە؟!.

شوکری خودا بۆ عوموومی میللەتی کورد ئێمە بوینە پێشوی ئازادی و ئیستقلال و سەرچاوەی سیاسەت و سەعادەت کورد هەر لێرەوەیە، لەبەر ئەوە هەموو قەومەکانمان چاوەڕوانی خێرو خۆشی لە ئێمە ئەکەن. دوست و دوشمن تەماشای ئەوزاع و جەرەیانی سیاسی و ئەساسی ئەم حالەی ئیمرۆمان ئەکەن. ئەگەر ئێمەش وەکوو سایری ئەقوام ئیتفاقێکی پاک و چاک بکەین و دەستی

محبەت و برایەتی بدەینە دەست یەک، بە حوسنی نییەت و بەکۆمەڵێکی ڕێک و پێکەوە لەشاهڕاە ئازادی و ئینسانییەت دا تۆزێ بچینە بەرەوە، بەدیداری حوقووقی مەشرۆعەی خۆمان شاد ئەبین، و بە سەعادەتی دین و دنیا ئەگەین، بەم نەوعە سەحیفەیەکی تەءرێخ بە ناوو نیشانی خۆمان ڕەنگین و زەڕین ئەکەین. ئەو وەختە بەکەماڵی سەر بڵندی و ئیفتخارەوە لە ناو ئەقوامی کورەی ئەرزدا ئەژین. ئەمین بن ئەو حەلە بۆ ئەوە لە مەوجوودییەت و سیاسەتی ئێمە ئیستفادە بکات، هەموو حکومەتێ بەگیان و دڵ حەز بە دۆستی و ئاشنایەتی و موعاوەنەت و هەمڕاهیمان ئەکات. ئەوەندە ئەزانم ئیتر تەمەڵی و سەرکزی بۆ مەرد نەهاتووە، فرسەت لە دەستدان زۆر عەیبە، پەشیمانی شێوەی ئەربابی عەقل و مەعرفەت نییە، لەککەداری و بەدناوی تەئرێخ دەردێکی بێ دەرمانە، گلەیی و عیتابی نەسلی دوایی زۆر گرانە...

عارف صائب»

لەو ڕۆژەوە ئاخاوتن وەیا نووسین پەیدا بووە ئەبێ ئەو بابەتە لەناوا بووبێت کەقسە وەیا نووسینەکە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەرخا، ئەگەر ئەو بابەتە نەبووبێت بێ گومان ئەو قسەو نووسینە نایەتە ناوەوە؛ دەستەی جوتیاران لە کۆڕەکەی خۆیان قسە لە کاروباری جووتەوە ئەکەن، قەسابەکان هەروەها، فیتەرەکان بەو جۆرە، زانایانی ریازی لە کۆڕەکەیانا قسە لە بابەتی ریازییاتەوە ئەکەن. بە کورتی هەموو بەرەیەک قسە لە بەرهەم و کاروباری ئیشی خۆیەوە ئەکا.

سەردەم، سەردەمی حوکمداری شێخ مەحموو بووە لە سولەیمانی و دەوروبەری سولەیمانی و بەڵکوو لە بەشە کوردستانی سۆراندا. وادیارە سەردەمی عەشایری و ئاغەواتی و پەیدابونی تازە ئەفەندیەکان بووە ئەمانە هەریەکە بە بارێکا ڕایانکێشاوەو هەریەکە بە لایەکدا ڕۆیشتوون، ئەو دوو بەرەکی و یەک نەبوونە لە ناوا هەبووە!. ئەم نووسینە قسە لەوەوە ئەکاو ئەڵێ: ئەو یەک نەبوون و یەک بوون و یەک گرتن، چونکە هەر ئەم یەک گرتنەیە کە گیاندارو بێ گیان پێش ئەخا و ئەیانکا بە هێزێک کە کەس پیان نەوێرێ. ئەم پەخشانە وێنەی نەتەوەکانی تر دێنێتەوە بۆ کورد کە ئەوان لە ئەنجامی یەکبوون و یەکگرتنیانا گەیشتن بەهەموو پایەیەکی بەرزی. ئەم قسەیە ڕاستە کە ئەنجامی یەکگرتن بوو بۆیە ئەستێرەی نەتەوە پێشکەوتووەکان لە ئاسمانی بەرزیدا دەستی کرد بە درەوشانەوە، هەر لە ئەنجامی ئەم باوەڕی یەکگرتن و یەکبوونە بوو کە لە ناو ئەو نەتەوانەو نەتەوەی پلەی دووەمیشا ڕەورەوی ڕۆژگار نەقابەو ئیتحاداتی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوە ئەو

دەسـتـە بەهۆی چوونە ناوی ئەو دەزگـایانەوە ئیش و کـاری کـۆمـەڵایەتی و نەهێـشـتـنی تەنگوچەڵەمەی ناوەوەیان بە پوختی برِوا.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە ئەو مێژووەمان بۆ ئەگێرِێتەوە کە یەکنەبوون لە ناو کورداو لەو رۆژەدا دەستێکی باڵای هەبووە، وەکوو ئەمەی تێدایە ئەوەشی هەر لێ وەرئەگیرێ کە گلە لە کاروباری چۆنیەتی حوکمی ئەو رۆژەوە ئەکا. لە رووی روخساریشەوە کە سەیر ئەکەین بێجگە لە شێوەی ئیملاکە -کە ئێمە ئەوەمان خستە سەر شێوەی رێنووسی کوردی ئەمرِۆ- ئەو وشە دراوسێیە بێگانانە کە ئەو سەردەمە بەسەر زاری «منور»انی کوردەوە بووە هەر ئەوانەن کە رێخت و ریزی ئەم دەقەیان دارِشتووە، کوردی نووسینی ئەو سەردەمە ئەبوایە وابوایە، چونکە رۆشنبیرەکانیان کۆششیان تەنیا بۆ ناوەرۆک و رێ رووناک کردنەوە بوو بۆ نەتەوە لە رێگای بابەتەکانیانەوە، هێشتا ئەو هەستە نەجووڵابوو بۆ پاکسازی و بژاری زمـانی کـوردی. شێـوەی ئەو رۆژە، چ لەلایەن رێنووس و چ لەلایەن رێختـەوە هەر لەسـەر شـێـوەی نووسـینی زمـانی دراوسـێکانی کـوردەوە بووە. ئەبێ ئەوەش بزانین کـە بژاری زمانێک گەلێ ساڵ و چەند بەرەیەکی ئەوێ تا بە تەواوی پاک ئەکرێتەوە، بەتایبـەتی بۆ نەتەوەیەکی وەکوو کورد کە هەر رۆژ لەبەر دەستی یەکێکا بووە!.

***

رۆژنامـەی «بانگ کـوردسـتـان» لە ژێر ئەم ناوەو بەم تابلۆیە لە ژمـارە «١٠»ی سـاڵی یەکەمیدا کە بەر رۆژی یەکشەنبەی ٢٣ صفری ١٣٤١ی هجری و ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٢ی میـلادی ئەکەوت، چەند فەرمـانێکی حوکمداری بڵاو کردبووەوە، لەگەڵ هەندێ دەنگ و باسی ناوەوەدا. بۆ وێنەی ئەو جۆرە پەخشانە ئێمە ئەیانخەینەوە بەرچاو بۆ پاشە رۆژی مێژوو.

صورت ادارە ء علیە ء حضرت حکمداری

عدد-١

١٨ سەفەر الخەیر ١٣٤١ -٩تشرینی ئەوەل ١٩٢٢.

لە مـەملەکـەتی سلێـمـانی دا نووسـرا، لە مـەحـموود ابن سـەعـید بۆ کـافـفـەی میللەتی کورد.

لە پاش تەلەبی سـەعـادەت و مـەغـفـرەت لە بارەگـای ئەحـەدییـەت، بۆ ئەم میللەتە مەزڵوومەی خۆمە ئیعلان ئەکەم، کە لەبەر بەعزێ ئەسباب و عەوارزی

سیاسیەوە موددەتێکە لە خزمەتی ئەم میللەتە سادقەی کوردە دوورو مەهجوور مابووم، ئیمڕۆ لە سایەی خوداو ڕۆحانییەتی «مصطفی» «صلعم» و هیمەتی ئەجدادو لە سایەی نیازو «تفرع»و قووەتی ئەم میللەتە سادقەوە گەیشتمە ئەم رۆژە موقەددەسە کە موەففقا هاتوومەوەو لە ئیمڕۆوە دەستم کردەوە بە تەدویر پەروانەی حوکومەت و موحافەزەی مەوجوودییەت و ئیستقلالییەتی کوردستان. ئومێد و ئارەزوو ئەکەم هەمووتان بەیەک غایەو مەسلەک و بێ فاسلە سەعی بۆ دەوامی ئەم رۆژەو کۆشش بۆ تەعالی ئەم میللەتە ئەکەن.

کورد وەکوو یەک عائلە موتتەفقاو موتتحدا لەگەڵ مندابوو، تەحکیم و دەوامی ئەم حەققە سەرێحەیە کە دەستمان کەوتووە، لازم و فرسەتە سەعی و غیرەت بکەین. ئەی میللەتم! ئەمین بن کە زامنی سەعادەت و موەففەقییەتی ئەقوام ئیتحادو ئیتتفاقە، وە میللەتێ کە خوێنی رشتبێ بۆ حەققی خۆی، قەتعیا مەحرووم و ئەسیر نابێ، وە قەراری عالەمی مەدنییەتیش ئەمەیە کە هەر قەومێ و هەر عونسورێ خۆی بە خۆی ئەبێ ئیدارە بکات. ئەوەلەن ئێمە کە میللەتی کوردین، سانیەن بۆ ئەم غایەیە قوربانیەکی زۆرمان دا بە ئەو شەرتە کە یەک دڵ ویەک زبان و یەک وجوود بین، بە ئیزنی خودا هیچ کەس زەفەرمان پێ نابا، وەمنیش تا ئاخر قەترە خوێن و ماڵی خۆم و ئەولاد و ئەتباعم بۆ سەعادەتی ئێوە سەرف کردبوو، وە تکرار ئەیکەم، هیممەت لە ئێوەو موەففەقییەت لە خودا.

حوکمداری کوردستان

مەحموود

صورت ارادەی علیەء حضرت حکمداری

عدد-٢

١٩ سەفەر الخیر «١٣٤١»-١٠ی تشرینی ئەوەل ١٩٢٢، لە مەملەکەتی سلێمانی دا نووسرا.

بۆ تەشکیلاتی حوکمەتی کوردستان نەسب وتەعیین ئەم زاتانەم لە قابینەی حکومەت دا موناسیب دیی:

سوپەهسالار... شێخ قادر.

رەئیسی داخلیە ... شێخ محمد غریب.

رەئیسی مالیە ... عبدالکریم عەلەکە.

رەئیسی معارف ... میر لوا مصطفی پاشا.

رەئیسی شرع وعدل ...

رەئیسی گومرک ... احمد بەگی فتاح بەگ.

رەئیسی نافعە ... محمد ئاغای عبدالرحمن ئاغا.

رەئیسی أمنیەتی عمومیە ... سید احمدی بەرزنجی.

موفەتتشی عمومی کوردستان میر لوا صدیق القادری پاشا.

هەرکەسە مەقام و وەزیفەی خۆیم پێ سپاردن ئیرادە ئەکەم دەرحال دەست بە تەدویری ماکینەی حوکمەت بکەن. ومن اللە التوفیق.

حوکمداری کوردستان

مەحموود

* * *

حەزەراتی موحتەرەمەی بەگزادانی جاف

جەنابی علی بەگی محمود پاشا ،جەنابی کریم بەگی فتاح بەگ، جەنابی حسین بەگی محمود پاشا، جەنابی حامد بەگی مجید بەگ، جەنابی احمد موختار بەگی عثمان پاشا، جەنابی احمد بەگی محمود پاشا، جەنابی حسین بەگی حسن بەگ، جەنابی احمد بەگی محمد صالح بەگ، جەنابی داود بەگی محمد سعید بەگ، جەنابی محمد بەگی فتاح بەگ، جەنابی شهاب السلطنە عثمان بەگی عبداللە بەگی شەرەفبەیانی. رۆژی دوو شەممۆی ٩ی تشرینی ئەووەڵی ١٩٢٢ تەشریفیان هاتووە بۆ سولەیمانی بۆ زیارەتی حەزرەتی حوکمداری کوردستان. وە لە مەعییەتیانا کەد خودایانی جاف، لە شاتری:

کەد خودا محمد ئیبراهیم و احمد محمود و حەمە تالب سلیمان عەلی وەیس. وە لە روغزادی: کەد خودا صالح کاکە خان و رۆستەمی حەمەی محمود و حەمە رەشید باباجان و فتاحی کامەرانی خەسرەو و حەمە علی محمود. لە تەرخانی: حەمە حسن و حەمەی شاسوار و رۆبیتەن سلیم احمد. لە هاروونی: علی محمد امین و عبدالکریم حاجی و عبدالحمید محمد امین. لە سەدانی: خەسرەو مصطفی و کەد خودا احمد ئەلەبجە. لە نەورۆڵی: علی عزیز. لە میکائیلی: رۆستم حسن حاجی قادر و عزیزی حەمە گدروون و میرزای حاجی حسین وحسین احمد شاسوار و حەمەی فتاحی سمایل وحاجی کاکە وەیس هاتوون بۆ سولەیمانی».

رۆژنامـەی «کـوردسـتـان» و «بـانگی کـوردسـتـان» هەر دووکـیـان لـە نێـوانی سـاڵانی «١٩٢٢- ١٩٢٣» دەقی دەرچوونیـان یەکی گرتۆتەوە، بەتـایبەتی «بانگی کـوردستان» بۆ فـەرمانە رەسـمـیـیـەکـان زیاتر زمـانی حـاڵی حوکـومـەتی شـێخ مەحـمـوود بووە. قـەڵەمی هەردووکـیـان هەر یەک قـەڵەم بووە، چەشەی هەردووکـیان هەر یەک چەشە بووە لەبەر ئەوە بۆ مێژووی پاشە رۆژی پەخشان ئێمە لە «بانگی کوردستان»دا هەندێک لە فەرمانـەکانی حوکـمەتی شـێخ مەحـمـوود و دەنگ و باسی ناوەوەی ئەو سەردەمـەمـان هەڵبـژارد بۆ ئەوە رۆژانی پاشــە رۆژ ئاورێـک لە رۆژانی رابردووی خــۆی بداتەوەو تـەزوێک بەســەر ئەو کوردانەدا بێت کە لەو رۆژانەدا ئەژین!. تەزوێکی بە تاسەوە!.

کـورد زۆر دەوری بەخـۆیەوە دیوە، وە یا زۆر دەور بەسـەر کـورد را هاتووە، نووسـەرانی کـۆن و تازە بانگی ئـازادی ئەدەن، کـەچی داخـەکەم ئەو بـانگە ناچێ بەگـوێ کـەسـدا، وەیا ئەچێ و لە گوێ کەی ترەوە دەرئەچێ!. بەڵێ! زرووف و پێشـهات شت دروست ئەکا بەڵام پێویستـە ئەو کـەسەش کە کەوتۆتە ناو شەپۆلی زرووفـەکەوە خۆی ئامادە بکا بۆ ئەوە کە شـەپۆلەکـە راینەمـاڵێ، بەڵکوو ئەبێ کەڵکی لێ وەربگرێ. چەرخ و فـەلەک راناوەسـتێ، هەر لە خـولخواردندایە، بەڵام ئەو کەسـەی کە لەناو چەرخ و فـەلەکەکەدایە ئەبێ لە کـاتی بەرزبوونـەوەکـەیدا ئاگـای لە نزمـیـەکـەی هەبێ، وە لە نزمـیـەکـەشـیـا ئاگـای لەبەرزیەکـەی هەبێ!. زۆر خـانەدان لەناو چوون، زۆر بێ مـایەش بـوون بەخـاوەن پایە. ئەمـە شـێـوەی دنیـایە. تەنـانەت هەر لەم چەرخەدا گەلێ پاڵەوان هەبوون کە داوای حوکـمـداریی دنیـایان ئەکردو بەڵکوو رۆژ لە وڵاتەکانی ئەوانا ئاوا نەدەبوو، کەچی ئێستە ئەوانە نەمـان و دەستە حوکمدارێکی تر هاتە پێشەوە!.

کـەڵک لە مێژوودا دەرس وەرگرتنە. نموونە پەخشـانـەکـانی ئێـمە هەر یەکە دەرسێکمـان ئەداتێ، ئەگـەر ئەو دەرسە نەخـەینە قووڵایی دڵـمـانەوە مەعنای وایە وەختەکەمان بە هیـچە ئەڕواو وەکـوو ئەو تاشە بەردەمـان لێ دێ کە باران هەر ئەدا بە سـەریاو کارێکی تێ نـاکا!. لەگەڵ ئەمـانەشـا پاشەرۆژی ئێـمە ئەبێ ناوچەی حوکـمداری شێخ مـەحمـوو لە سولەیمانیـدا بەشتێکی رەسمی بناسێت.

***

«ژیانەوە» رۆژنامـەیەکی حەفـتـەیی حکومـەتی بوو، لە «١٩٢٥» لە سـولـەیمانی دەرئەچوو، بەناوی «کوردیک» لە ژێر ناوی «بۆ منوران و شبانی کورد -ئەوانەی لە بەغدان» لە ژمارە

**«١٣»ی ساڵی یەکەمیدا، کە بەر ڕۆژی دووشەنبەی ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٥ کەوتبوو ئەم پەخشانەی خوارەوەی بڵاو کردبووەوە:**

«هاوارێک لە بەغدادەوە بۆ مونەوەران و شوببانی کورد – ئەوانەی لەبەغدان–

هەر چەند لێکی ئەدەمەوە و بیر ئەکەمەوە نازانم چۆن رووم بێ قسە بکەم و ناوی «منور و شبانی کورد» بێنم! چونکە لە عومری خۆم هێشتا ئیشێکی باش و تەشەببوسێکی خێرم لێ نەدیون و ئیتر کەسیش هیوای پێیان نەماوە!. جا مونەووەر و شەبابێ کە میللەت ئیعتمادو ئەمەلی پێ نەمێنێ بۆچی چاکە و ئیتر چی ئەکا ؟!. نەختی بیر بکەنەوەو تەماشای میلەلی ئەترافتان وە مونەووەرەکانیان بکەن، ئیتر بەزەویتان بە عومری خۆتان وئیستقبالی میللەتتانا بێتەوە.

هیچ نەبێ هەر تۆزێ عیبرەت وەرگرن لە هاووڵاتیەکانی خۆیان. ئەوە مونەووەران و شوببانی شیمالی بزانن چییان کرد و چی ئەکەن؟!. هەووەڵ کەسێ کە بناغەی حورییەت و مەشرووتییەتی دانا و عەلەمی ئیسلامی لە زوڵم و ئیستبداد رزگار کرد لە زەمانی پێشوودا کوردێکی شیمالی بوو، هەوەل فیکرێ کە لە کوردا هەڵکەوت بۆ ئیتحادو کۆمەڵ بەستن لە کوردی شمالیدا بوو. هەوەڵ شەڕێ کە بۆ میللەت کراو لەوێ دا هەزار نەوجوانی بە کوشتن داو کردی بە قوربانی کورد، کوردی شیمالی بوون کردیان. هەوەڵ ئەسەرێ کە بە کوردی چاپکراو زمانی میللەتی پێی زیندوو کرایەوە ئەسەری کوردی شیمالی بوو. هەوەڵ چاپخانەیەک کە کرایەوەو کوردی پێی بڵاو کرایەوە کوردی شیمالی بوو کردیان.

کوا! ئێوە چیتان کردو خەریکی چین؟. هەر یەکە ساحبی مەوقع و روتبەن، هەر یەکەتان مالکی دەست و بازووی خۆتان و قیسمەن پارە سازو دەوڵەمەندن، کوانێ لە ڕێی ئەم میللەتە هەژارو مەزلوومەدا چیتان کردو چەندتان سەرف کرد ؟!. بە هەمووتان ناتوانن چاپێک جەلب بکەن، غەزەتەیەک، وەیا مەجموعەیەکی هەفتەیی پێی دەربێنن. کە ئەوە نەکەن، کە غەزەتەو کتێبی کوردی دەر نەکەن و نەشری نەکەن و کە مانگێ خۆتان لە ڕێی میللەتەکەتانا هیلاک و ماندوو نەکەن ئیتر چی ئەکەن و چۆن ئەفەرموون «کورد»ین؟. لەسەر قەنەفە دانیشن و سەیری کتێب بکەن و عومر رابوێرن، بە کوردی هەناسەسارد و بێ زانست چی؟!. بزانین ئێوە کە ٣٠ – ٤٠ گەورەی کوردن لە بەغداد بۆچی دانیشتون و هیچ ناکەن بۆ ئەم میللەتە دواکەوتووەو

کویره؟!.

باو و باپیرتان ئێوەی بۆ شەخسی خۆتان و بۆ حەیات رابواردن نەهێناوەتە سەر دنیاو ئەم وەتەنەی بۆ وەحشیەکان بەجێ نەهێشتووە. کوانێ چیتان بۆ ئەم میللەتە کرد چیتان کرد بۆ ئەم وەتەنە؟. کەی حسسی حجابمان بێ کە لەبەر چاومان هەننێ میللەت کە دوێنێ وەکوو ئێمە و لە ئێمە دواکەوتووتر ئیمرۆ سەرکەوتن وتێ گەیشتووەکانیان رۆح و ماڵیان سەرف و فیدا ئەکەن بۆ میللەتەکەیان!. کەی حسسی حجابمان بێ هەر لە جزیرەو بۆتانەوە تا هەورامان خاکێکی زل و پڕ فەیز، غەزەتەیەکی کوردی تیا نییە، دوو کتێبی کوردی نییە و جەمعییەتێکی تیا نییە و ئاسارو ئینسانییەتی نییەو نییە!.

عەیب و شوورەیی نییە عاسمەی عیراق پڕە لە مونەووەرو شبابی کورد کەچی هێشتا یەکتری ناناسن و حەز بە یەکتری ناکەن ونابن بە یەک و دوو کەسیان لە قوژبنێکا دانانیشن موباحەسەیەک بکەن دەرحەق بە حەیات وئیستقبالی میللەت و وەتەنەکەیان؟!. ئیتر تا کەی؟!. تا کەی ئەم باری حجابە هەڵئەگرن و تاکەی نابزوون نایەنەوە بەر خۆتان وتۆزێ غیرەت ناکێشن؟؟ کوا جەمعییەتتان؟ کوا رۆژنامەتان؟ کوا ئیتحادتان و کوا کتێبتان و خزمەتتان، کوا... کوا؟ کەرکووک نان لە خۆیان ئەبڕن و پارە کۆ ئەکەنەوە بۆ دەربەدەرەکانی خارجی کە بێنەوە!. ئێوە! ئەی تێ گەیشتوانی کورد چیتان کرد و چی ئەکەن؟. حقووق و شەرەفی میللەت و زمانتان سبحەینێ کێ ئەیپارێزێ؟!.

ئەی مونەووەران و شوببانی کورد! ئیتر حسی مەرحەت و حەمییەتی میللییتان بێتە جۆش و بەزەویتان بەم حالە پەشێوەمانا بێتەوە. وەکوو ئەفەرموون «کوردین» شتێک بکەن و لە قسەدا ئەمە مەهێڵنەوە، وقارو شەرەفی میللیتان موحافەزە بکەن، ناوتان رەش وکوێر مەکەنەوە، لەجیاتی وەخت رابواردن، بە کۆمەڵی ئیشێک بکەن وتێکۆشن ئەگینا رائەبوورین و حەقی ژیانیشمان نامێنێ!. تۆخوا بو شەرەفی میللەتتان شێ نییە: کە ئەمرۆ لە دنیادا هەر ئێوە ئەی ئەولادی ئەییوب! جەمعییەتێک، غەزەتەیەک، ئەسەرێکتان نەبێ و گاڵتەتان پێ بکەن؟!. تۆخوا! عەیب و عار نییە مونەووەرێکی کورد دەس بداتە غەزەتە دەرهێنان لە سەر دوو هەزار روپیە «دیپۆزیتۆ» دابمێنێ و ئیشەکەی سەر نەگرێ؟. و کەچی بەغداد پڕ بێ لە دەوڵەمەندو پارەداری کورد و لە ئاخریشا ئەو مونەووەرە بە مەئموورییەتێکەوە دانیشێ و هیچ نەکا!. لەمە زیاتر گوناهی تەئرێخی، لەمە زیاتر تاوان؟. ئیتر

بەسیەتی. ئۆباڵی ئەم میللەتە بە گەردنی ئێوە ئەبێ، خزمەتی میللیەو وەتەنییە بەقسەکردن نابێ. کوا ئیتحادتان؟ کوا غەزەتەتان وکوا خزمەتتان؟ ئەمانەمان لە ئێوە ئەوێ ئەی تێگەیشتوانی میللەت!.

کوردێک

ڕۆژانی ئەو ڕۆژەی سولەیمانی و هەموو شوێنەکانی تر وەکوو ئیمڕۆ نەبوو کە پیاو نانی بەیانی بخواو بۆ نیوەڕۆژە لە بەغدا بێ، هاتوچۆ زۆر کەم بوو، هەموو کەس پێ نەئەکرا بە ئاسانی ئەم لاو ئەولا بکا، چونکە ترمبێل و شتە کەم بوو. لەو سەردەمەدا چەند کەس لە کوردەکان بە ناوی بازرگانی و کاربەدەستی و نوێنەرییەوە لە بەغدا جێگیر بووبوون. بەغدا پایتەخت بوو، لە هەموو دەورێکا ئەو شتانە کە لە پایتەختا هەیە لە شوێنەکانی تر وا بە ئاسانی نین.

کوردایەتی لە وڵاتی سولەیمانی دەنگی ئەدایەوە، لە لایەن کوردی خاوەن پەخشانەوە بانگەوازێک دەرچوو بۆ ئەو کوردانە کە لە بەغدا دانیشتوون، لەبەر ئەوە کە ئەوان لە جێگای حوکم و لە بنکەی بازرگانی دان ئەبێ زیاتر کۆشش بکەن بۆجێ بەجێ کردنی ئەو شتانە کە هۆی پێشکەوتنی کوردەکەن. خاوەنی پەخشان بە ڕەخنەگرتن و بە تانووت لێ دان دێی بە وێزەی ئەو کوردانەدا کە لە بەغدان و پێیان ئەڵێ: بۆچ ئەبێ هەر لە خەمی خۆتانا بن و خەمێکی ئەم نەتەوەیەتان لەبەرا نەبێ؟!. ئێوە هەر بۆ خۆتان نین، بەڵکوو بۆ نەتەوەکەشن، هەندێ لە ئێوە نوێنەرانی ئەم قەومەن؛ ئەوی خاوەن زمانە، ئەوی خاوەن قەڵەمە، ئەوی خاوەن سامانە هەر یەکە بە ئەندازەی خۆی ئەبێ بەشداری بکا لە هەڵسووڕاندنی کاروباری کورددا.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە بڵێسەیەکی کوردایەتییە. هەر چەندە ڕووی کردۆتە دەستەیەکی تایبەتی بەڵام ئامۆژگارییەکە بۆ هەموو ئەو کوردانەش کە لەدەرەوەی بەغدا، وە تەنانەت بۆ کوردە دانیشتووەکانی وڵاتی کوردەواریش. دیمەن و ڕوخساری دەقەکە ئەو کوردییە ئەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمەدا بە سەر زمانی خوێندەوارەکانەوە بووە؛ ئەو دەستە خوێندەوارانە کە سەرەتای خوێندەوارییان فارسی و ئەفسەرانی تورکی و پاشان عەرەبی-ش هاتە ناوەوە، بە ڕێکخستنی ڕستەی تێکلاو لەم زمانانەو ئاوێتە کردنیان لە ناو زمانی کوردیدا پەخشانێکی دروست کردووە، مەبەست ئەوە بووە کە خوێندەوارانی ئەو سەردەمە لە مەبەستەکە بگەن و تێش گەیشتوون.

ئاخـاوتن و نووسین له هەمـــوو رۆژێکا بۆ ئەوەیە ئەو دانیـشـتـوانەو ئەو گـوێگرانە له ناوەرۆکی ئەو شتە بگەن، ئەگەر تێی نەگەن کەڵکێک له نووسین و ئاخاوتنەکەدا نابێ بۆ گوێگران. هەر لەبەر ئەم مەبەستەیە بۆیە عالەم هاوار ئەکا ئەڵێ: هەر نەتەوەیەک ئەبێ به زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێت، ئینجا ئەم خوێندن ونووسینەش وردەوردە بژار ئەکرێ و له بێژنگ ئەدرێ هەتا له ئەنجاما ئەگاتە زمانێکی پەتی ئەو زمانە.

ئەم پەخشانە مێژووی نووسین وئاخاوتنی ئەو سەردەمەمان بۆ ئەگێڕێتەوە لەگەڵ هەستی جوولانەوەی نەتەوایەتیەکا که له ناوەرۆکی پەخشانەکەوە دەر ئەکەوێ.

***

زمانی پەخشانی کوردی له ماوەی سالانی دوای «١٩٢٠» به یێ ناوچەو به پێی شێوەی ناوچە دیمەنێکی تری وەرگـرتووە. ئەمــەش دەولەمــەندیەکـە بۆ بلاوی و بلاوبوونەوەی زمانەکە. به وێنە له سالانی «١٩٢٥»تا «١٩٣٢» گۆڤاری «زاری کرمانجی»له رواندز دەرچووە، زمـانی ئەم گـۆڤـارە له بارەی شـێـوەی ناوچەوە جیـاوازیەکی کـەمی هەبـووە له شێوەی مەرکەزی حوکمی بابان. بۆ وێنە دەقە پەخشانێکی ئەو سەردەمە ئەخەینە بەر چاو که له ژمارە «١٠»ی «٣»ی تەمووزی ساڵی «١٩٢٧» چیرۆکێک ئەگێڕێتەوەو ئەڵێ:

«دەڵێن پیـاوێکی جـووت بەندەی وریای تێگەیشـتـوو رۆژێکی پێنج هەرمێ گولاوی که دەستچینی خۆی بوو له داری کردنەوەو بردنیەوە ماڵێ، چوار کوڕی هەبوو، لەو هەرمێیانە هەر یەکەی یەکێکی دانێ و یەکێکیشی دا به ژنەکەی که دایکی منداڵەکـان بوو. کـه پێ دابە شکردن گـەڕاوە سـەر جـووت و ئاودێری خۆی، هەتا ئێواریێ به کارو کـاسبی خۆی خـەریک بوو بانگی شـێوان چووەوە ماڵی، منداڵەکانی له خۆ خڕ کردنەوە لێی پرسین چتان له دانە هەرمێ خۆتان کرد؟.

یەکێکیـان له پێش هەمـوواندا وتی: بـابە گـیـان گـۆشـتـەکـەیم خـوارد و دەنکەکانیشم له ناو باغچەی خۆماندا چەقاندن و ئاویشم دان تا زوو شین بن و ببنە داری گەورە هەتا هەرمێیان بێنێ هەم لێیان بخۆم وهەم لێیان بفرۆشم بەڵکوو پێ دەولەمەند بم. باوکی وتی: ئافەرین رۆڵە، چاکت کرد، ئەتۆ دەبیە باغەوان و جووت بەندەیەکی باش و ئازا.

دووەمیـنیـان وتی : بابە هەرمێ کەی خـۆم خوارد دەنکەکـانیشم فڕێ دان و لەبەشـەکەی دایکیـشم نیـوێکم به زۆر لێی ئەستـاندو خواردم. باوکی گـوتی: ئەتۆ بەخـیل و ڕەزیل و به تەماعی، بێجگە له زوڵم چی دی ناکەی، حقـوقی

خەڵک لە عەردی دەدەی، مادام تەجاوزی حقوقی دایکی خۆت کرد هیچ هەویام پێت نییە!.

لە کوڕی سێیەمینی پرسی، ئەویش گوتی: دەنکەکانی کە براکەم فڕێ دابوو هەڵم گرتنەوەو خواردم وهەرمێ کەی خۆم لە بازاڕێ بە دراو «پارە»ێک فرۆت و لەو دراوەشمدا بە چەند سێوێکی سوورو جوانی گوندی خۆمان کە پیاوێک بە دەستیەوە گرتبوو بۆ فرۆتنێ. باوکی گوتی: ئەمەی کە تۆ کردووتە کاری تجارانەو فێری کڕین و فرۆشتن دەبی، بەلآن دەترسم کە گەورە بووی تووشی نەخۆشی و دەردی بەخیلی و تەماع بی، چونکە عادەتە پیاو هەتا دەوڵەمەندو بە دراو و ماڵ بێ هێندە لە چەرو پیستر دەبێت!. ئەگەر هەر لەسەر ئەم دەستوورە بمێنی زۆر باشە.

کوڕەکەی چوارەمین هەر کە باوکی لێی پرسی وتی: کوڕەکەی دراوسێمان نەخۆش بوو، چونکوو دەستەبرام بوو چوومە کنی، کە دیتم کەوتبوو هەرمێ کەی خۆم دایە تا بیخوا بەڵکوو پێ چابێتەوە، ئەویش لێ وەرنەگرتم، هندی لەبەر پارامەوە وەری نەگرت و نەیەویست، منیش لەسەر سەرینەکەییمدا دانا کە نەبادا لە من شەرم دەکا بۆیە وەری ناگرێت، کە لە لای دەرکەوتم ئیشتیای بزووت و خواردی بە ئەمری خودا چاک دەبێتەوە. کە لە دوای دوو سعاتان سەرم داوە دیتم هاتبوەو سەرەخۆ و گوتی بە هەرمێکەی تۆ چابوومەوە. باوکی گوتی: ئافەرین لە وجدان و پیاوەتیت، تۆ لە براکانت چاتری، چونکوو لەگەڵ لێ قەوماو و دەست تەنگان پیاوەتیت کردووە، کەسێکی حەز لە ژیان و سەر بلندی بکا دەبێ بۆ قازانجی دۆستان بکۆشێ و لە زاری خۆی بگرێتەوە بە لێ قەوماوو هەمسایەو کەس وکاری بدات.

چاکی گوت ئەم پیاوەی کە بە بەرو میوەی دار لە منداڵانی خۆی گەیشت».

شێوەی ئەم دەقە - کە ئێمە زیاتر مەبەستمانە- جۆرە وشەو گوزارشتێک دەست نیشان ئەکا کە جیاوازیەکی کەمی لێ پەیدا ئەبێ لەگەڵ ئەو شێوەدا کە ئەو سەردەمانە زمانی رۆژنامە بووە. دووەم ئەبینین چیرۆکی ئامۆژگاری و پەند توانیویە لەناو پەخشانێکی چاپکراودا جێگای خۆی بکاتەوە، ئەم جۆرە چیرۆک و قسانە تا ئەو رۆژانە هەر بە سەر زارەوە بوون، رۆژگار هێنایە پێشەوە کە لە زارەوە بکەوێتە سەر کاغەزو لە سەر کاغەزەوە بکەوێتە سەر لاپەڕەی چاپ، ئەمە کردیە کارێ کە ئازۆخەیەکی پەخشانی کوردی بە دەقێکی رێک و پێک بمێنێتەوە بۆ پاشەرۆژ. سێیەم ئەم پەخشانە سووراو سوور دیارە کە زمانەکەی سادەیەو بەچە جۆر بیستراوە هەر بەو جۆرە هێلراوەتەوە، خوێندەوارێک و

نەخوێندەوارێک لە گێڕانەوەکەیا نەیانتوانیوە لە دەقەکەی لا بدەن، بەڵکوو خوێندەوارەکە شوێن پێ نەخوێندەوارەکەی هەڵگرتووە بۆ گێڕانەوەکەی.

حسێن حوزنی موکریانی خوێندەوار بوو، بەڵام لە گێڕانەوە و چاپکردنی ئەم چیرۆکەدا خۆی بە تەواوی بردۆتە پێستی ئەو نەخوێندەوارەوە کە ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕاوەتەوە، نەهاتووە وەکوو خوێندەوارانی ئەو سەردەمە چیرۆکەکە پڕ بکا لە وشەی بێگانەو روخساری جەوهەرەکەی بگۆڕێ. وەکوو مرۆڤێکی دەستپاک دەقە خاوێنەکەی پاراستووە؛ ئەو دەقە کە لە ناوچەی رواندزو لاجان باوی هەبووەو هەیە، چونکە دەقەکە رابەرێک بووە بۆ ئەوە کە شێوەی ئاخاوتنی ئەو ناوچانە ئەو جۆرەیە کە ئەم دەقەی لێی دروستبووە، لە پاڵ ئەمەوە ئەو ئامۆژگاریەش ئەکا کە پیاو وەنەبێ هەر بۆ خواردن و نووستن هاتبێتە ناوەوە، ئەگەر وابێ لەگەڵ گیاندارانی تردا هیچ جیاوازیەکی نییە. ئێمەش دەقەکەمان بەبێ دەستکاری لە وشەو گوزارەیا خستە بەر چاو، تەنیا شێوەی ئیملاکەیمان دەست لێ داو خستمانە سەر شێوەی ئیمرۆ. ئەبێ ئەوەش بزانین کە مەبەست لەم کتێبەکەدا رێختی دەقی پەخشانی کوردییە نەوەک جۆری ئیملاو نووسینی!...

***

نموونەیەک لە دەقی پەخشانی نێوانی ساڵانی «١٩٣٠-١٩٤٠»

«یادگاری لاوان» کە لە ساڵی «**١٩٣٣**» لە لایەن هەندێ لە گەنجە کوردەکانی ئەو سەردەمە لە بەغدا دەر ئەچوو. لەژێر ناوی «شاعرەکانمان» وتارێکی دوورو درێژی بڵاو کردۆتەوە. بۆ نموونەی دەقی پەخشانی ئەو رۆژە ئێمە پارچەیەک لەوە ئەخەینە بەرچاو:

«...........................................................................................

وەرە شعرێکی دڵداری شاعرەکانمان بخوێنەرەوە-کە ئەمە بەشی هەرە زۆری خەرمانی شعریانە-. ئەگەر شێوەی ژنێکت هاتە یادەوە، پێم بڵێ چ ژنێکە؛ چینی، هیندی، ئەفغانییە؟. نازانم هەرچێ ببێ، ژنێکی کورد نییە!. بەڵێ!. ناهەقیان نییە، ژنی کوردیان نەدیوە؛ نەیاندیوە «بەهێ» مەڕ بدۆشێ، «شیرین» مەشکە بژەنێ، «گوڵناز» بە شەدەی لاریەوە گۆزە لە سەرشان لەکانی بێتەوە، «رەعنا» گوڵەوچنی بکا، «نازدار» شل وملی لەرێی رەز بگەڕێتەوە! نەیاندیوە، با بەس تەفرەی خۆمان بدەین، با راست بڕوێن ئەگەرچی بۆ خۆشمان خراپ بێ، با ئاو لە دنگا نەکوتین، پێ بە جەرگی خۆماندا بنێن وبڵێین: شاعرەکانمان دزن، لاسای کەرەوەن!. دزن بەڵام توێکڵ ئەدزن و ناوەرۆک بەر

ئەدەن!. لاسایی کەرەوەن بەڵام ڕێیان لێ ون ئەبێ، دۆش دائەمێنن!.

شاعران ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵن، پێشڕەویانن لە ژیاندا، بەڵام ئەمانەی ئێمە ئاوێکی لیڵن، تاماریی بێگانەیان تیا دیارە، قورروون لە دوویانەوە ئەڕۆن، لە عەسری بیست هەمی شارستانیەتیدا لاسایی شاعرانی فارسی حەوت هەشت عەسر لەمەوبەر ئەکەنەوە!. نازانین ئەوان شاعری زەمانێک و زمانێک و ئەمان شاعری زەمانێک و زمانێکی ترن. بەڵێ!. باشە لاسایی «سعدی» و «حافظ»ی شیرازی بکەنەوە بەڵام داخەکەم نایانگەنێ، ئەوان سوارن و ئەمان پیادە!.

لەبابەت وێنەگرتنی ژیانەوە ئەتوانم بڵێم کە گۆرانی بێژە نەخوێندەوارەکانمان گەلێ لە شاعرە بەناو بانگە «بەلاغەت ئارا» کان لە پێشترن. بەڵێ! ئەو لادێییەی «کوڵەنجەرێ رێ» و «خاڵەی ڕێبوار» و... داناوە گەلێ لە پێشترە لای من لەو شاعرەی کە ئەڵێ:

«ئەی جیلوەدەری حوسنی جلەوکەش بە تەماشا»

«سەر روشتەی دین بێ مەدەدی تۆ نییە حاشا»

وە یا ئەڵێ:

«بە مەحزی تەجرەبە جانا ئەگەر دەستم بە باخەڵتا»

«لە بندا ببڕە قوربان ئەگەر نەیبوو یەدی بەیزا»

چونکە ئەویان سەیری دەور و پشتی خۆی کردووە، روانیویەتە دڵی خۆی، چی بینیبێ بە چەند واتەیەکی سادە ڕێکی خستووە بێ ئەرک و ئازار، بەڵام ئەمانیتر ویستوویانە دیوانەکەیان چ قافیەیەکی کەم نەبێ، ویستوویانە بوتی دروست بکەن بۆ بوتپەرستان تاکوو نرخی هەموو بوتێکی پێی بشکێنن بە نەفامی، ویستوویانە واتە ریز بکەن کەسێ تێ نەگات!. شعر بڵێن مەعنای لە سکی خۆیاندا بمێنێتەوە!.

وەرە پێشەوە با چەند شعرێ بخوێنینەوە، چاو لەوەش بپۆشە کە شعرەکانیان بێگانە لە ئێمە زیاتر بەشی پێوەیە، چونکە واتەی ئەوانی لە ئێمە زۆرتر تیایە وشێوەی ئێمە زیاتر لە هی ئەوان ئەچێ. بەڵێ!. ئەو رۆژە ئەم چەشنە شعرە باوی بووە، لە دوای ئەوەی لە قاموسا مەعنای هەموو واتە بێگانەکان دەرئەهێنێ – ئەگەر زمانی بێگانەت زانی، خۆ ئەگەر نەشتزانی وا هیچ!. – پێم بڵێ لە دوای تێ گەیشتن چی تێ گەیشتن؟. هیچ!. بەڵێ!. لە هیچ هەر هیچ تێ ئەگەیت. ئینجا پێم بڵێ لەو دەورەش – دا وەک بەکار هێنانی واتەی

بێگانە باوی بووە وتنی شعری بێ مەعناش باوی بووە!.:

«بووکە بە بارانەیەکە رازێنراوەتەوە»

«گیانی نییە مردووە!».

جارێ ئەوە هیچ کە لە شعرەکانماندا لێکدانەوە مست ناکەوێ، ئەگەر بشبێ لێکدانەوەیەکی مەنتقی نییە، زۆرتر لە هی منداڵێکی ساوا ئەچێ کە گوێ ناداتە خەمی رابواردن وئازارو ئەرکی ژیان ومردن. لێکدانەوەیەکە هیچی بەسەر هیچەوە نییە، لە شارراوانی ژین ومەرگ وگیان ومان چ نهێنیەکمان بۆ دەرناخەن... بە پێچەوانەی ئەمە پێویست بوو شعری شاعرانی کێوو کەژ و چیاو نەوای گوڵشەن وگوڵزارو گەورە بووانی ناو دەردو خەفەت پڕ بوایە لە بیری فەلسەفی بەرز بەرز.

بەڵێ!. ئەگەر راست بوایە کە بەدبەختی دەستێکی زۆری هەیە لە هەڵگیرساندنی بڵێسەی زیرەکیدا، وە لافاوی فرمێسک بەری لێکدانەوە بەرەڵا ئەکا. پێویست بوو شاعرەکانمان «باسی ئاسمانی ژیان، هەنگی شیرین مژی گوڵان و دەرخەری رازی دڵان بوونایە!». بەڵێ!. ئەوانەی ووتم راستەو شاعرەکانیشمان رەنگە ژەنگی کۆنیی بەریان بدا ئەگەر خۆیان بخەنە بۆتەی ژیانەوە، جڵەو بۆ ئەسپی لێکدانەوەیان شل بکەن، دەست لەکلکی سیمورخ و گوێسوانەی شاری جابولقا بکەنەوە!».

ئەمە نموونەی دەقی پەخشانێکە کە لە نێوانی ساڵانی «١٩٣٠-١٩٣٣»دا نووسراوەو وتراوە، بیرو رای بەشێ لە خوێندەوارانی ئەو وەختە لە سەر ئەوە بووە کە دەست گیر کەن لەیەقەی ئەو هۆنەرانە کە بەرهەمەکانیان لەسەر شێوەی کۆن رۆیشتوەو ئەڕوا. جارێ دەقەکە ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە شێوەی ئەدەبی بۆ جۆری گوزارشت دانەوە دەستی بەسەرو پۆتەڵاکی خۆیا هێناوە و بە پوختی توانیویە گوزارشت لە مەعانی بداتەوە. ئەمجا ئەو هەستە دروست بووە کە دیمەن پەرستی وڵات بە بایەخترە لە ئاڵان بە باڵای خەیاڵاتی خەیاڵییەوە، وەسپی گۆشەیەکی سەرچاوە گەلێ بەتینترە لە وەسپی چاوێکی کاڵ و ئەگریجەیەکی شەقڵ کراو. راستە هەر زەمانێک زمانێکی هەیە، هەر داستانێک کارەساتێکی هەیە، هەر پەیکەرێک دیمەنێکی هەیە، پیاو ئەبێ لەگەڵ رەورەوەی مێژوودا بڕوا شان بە شانی سستی و تیژی ئەو مێژووە بچێ بە رێوە. ئەو وتارە لەو رۆژەدا هەستی بەوە کردووە و تەقیوەتەوە. وتارەکە دانەوەی ئاوێنەی دڵی دەستەیەکە کە ئەو دەستەیە دیسان ئاوێنەن بۆ بەشێکی زیاد لە نەتەوەکە. ئەو دەستەیە - کە خاوەن وتار یەکێکە

لەوان- لە ناو تارمایی رۆژێکا ژیاون کە گۆڕانێکی فیکری و سیاسی لە ناو نەتەوەکانا بە گوڕ پەیدا بووە، دنیا لە دێوجامەیەکی بەرو پشت دارەوە رووی خۆی لە روویەکەوە وەرگێڕایە رووەکەی تری. نەتەوەکانی تر وەکوو لە باری سیاسییەوە پەردەیەکی تریان بۆ خۆیان دروستکرد لە باری ئەدەبی-شەوە دیسان پەردەیەکی تریان هەر دروستکرد. «یادگاری لاوان» لە شوێنێکا بوو کە گۆڕانی ئەو نەتەوانەی تا ئەندازەیەک ئەبینی، ئەمیش وتی ئەبێ ئێمەش وا بین؛ وەکوو زمانمان ئەپارێزین ئەبێ بیریشمان زاخاو بدەینەوەو ژەنگی لە سەر لابەرین، ئەمەش تەنیا بە پاراستنی زمان نابێ، ئەبێ بیریشی لەگەڵ مشت ومالّ بدرێ. ئەمانە هەموو راستن، بەڵام لێرەدا منیش قسەیەکم هەیە، قسەکەم بۆ رەخنە نییە بەڵکوو بۆ دەربڕینی راستییەکە. ئەڵێم:

رۆژانی زۆر زوو بیرو باوەڕ لە وڵاتی رۆژهەڵاتەوە ئەتەنیەوە بۆ شوێنانی تر. هەموو شتێک گەنجیەک و پیریەکی هەیە، رۆژهەڵاتەکە بە خۆیو بیرو هۆشیەوە رووی کردە پیری و لە ناوچەی پیرییەکەدا وەکوو ئاوی مەنگ مایەوە، تەنیا دەستەیەکی خاوەن دەسەڵاتی کیشوەردار نەتەوەی خۆیان و غەیری نەتەوەی خۆیان ئەچەوساندەوە. لە ئەنجامی ئەم گێژاوەدا وڵاتی رۆژاوا «کان»ی ئاگرینی بۆ تەقینەوەی شتی نوێ تێدا پەیدا بوو. دیارە ئەمەش ماوەی گەلێ چەرخی خایاند، لەو ماوەیەدا کەوتنە چەپاو کردنی کەلەپووری رۆژهەڵات، پاش ئەوە وردە وردە پزیسکی ئەو ئاگرە کەوتە بەرەی رۆژهەڵاتەوە، ئەمیش لێرەدا هێدی هێدی کەوتە تەنینەوە. سەرەتا ئەو شوێنانە کە نزیک بوون بەوان هاتنە سەر ئەوە کە گۆڕانێک بەسەر بیرو باوەڕی ئەدەبی و سیاسی خۆیانا بێنن. دیسان لە مانیشەوە بڵێسەکە تەنیەوە بۆ ئەو نەتەوانە کە زۆر دوورە دەستن لە کێوە ئاگرینەکانەوە. دیارە ئەم تەنینەوەیە بە هۆی هات و چۆی بەینی دوو دەستەی دوور لەیەکەوە بوو؛ بە هۆی خوێندنەوەی کتێب وگۆڤارو رۆژنامەی ئەوانەوە بوو. لێرەدا تاک تاکی نەتەوەیەکی وەکوو کورد تێکەڵاوی ئەو تێکەڵاوییە بوو، ئەوانیش فیکریان پەردەیەکی تری بە سەرا هاتو وتیان با ئێمەش وریا ببینەوە، دەستیان دا بە دامەزراندنی فیکرێکی نوێوە. بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین تاکۆن نەبێ نوێ دروست نابێت، بە تایبەتی لە بیرو باوەڕا. ئەبێ ئێمە ئەوە بزانین کە کەلەپووری بە بایەخی ئێمە بەڵگە ئەدەبییە کۆنەکانمانن، ئەگەر ئەوانەمان بە دەستەوەو لەبەر دەستا نەبێ، ئەبێ لەولای هیچەوە دەرچین!.

کەوابوو نابێ بکەوینە رەخنەگرتن لەو شاعرو ئەدیبە پێشینانەمان کە لە سەدها ساڵ لە ژێر هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی غەیری خۆیانا تلاونەتەوە!. هیچ نەبێ ئەوان بەشێکی

زۆری زمانەکەیان بۆ پاراستوین. بۆ رێ و شوێنێکی فیکری-ش ئەوان کە لەژێر دەواری رەشی بێگانەدا بەژانەوە خەریکی تلاوتل بن چۆن ئەکەونە سەر ئەو فیکرە کە فیکری نوێ پێکەوە بنێ؟!. کەوا بوو لە چاو لێ کەری بەولاوە هیچی تریان بۆ نەماوەتەوە.

لەبەر ئەم شتانە نابێ ئێمە ئەوان بەوە دابنێین کە ئاویان لە دنگ دا کوتاوە.

***

نموونەیەکی تر لە دەقی پەخشانی نێوانی سالآنی «١٩٣٠-١٩٤٠»کە خوا لێی خۆشبوو ئەمین زەکی بەگە، بەرگی دووەمی کتێبەکەی «کورد و کوردستان» لە سالّی «١٩٣٧» چاپکراوە، لە لاپەڕەی «١٥٢»دا ئەلّێ:

«سولّتان سەلاح ددین و ئەهلی سەلیب.

سولّتان سەلاح لە دوای ئەمە کە ئیش وکاری سووریەو جزیرەی بڕیەوە، ئاگری حەسادەت و نفاقی ئومەرای ئەو ناوەی کوژاندەوەو هەمووی تابعی ئەمرو فەرمانی خۆی کردن، قووەتە بلآوەکەی ئومەرای موسلمین، کە ئەغلەب بۆ شەڕ و دەعوای ناو خۆیان سەرف ئەکرا، کۆکردەوەو بۆ گەیشتن بەو مەقسەدە موبارەکەکەی خۆی کە فەتحی قودس و دەپەڕاندنی ئەهلی سەلیب لە فەلەستین بوو توانی بە عەمەل بهێنێ و لەم وەحدەتە و نفوزی حاکمەی خۆی بە تەواوی ئەمین بوو. ئینجا قەراری بەجهادی موقەددەس بەرامبەر بە فەرەنگ دا. تەفرەقەو نفاقی ئومەرای فەرەنگ لە فەلەستین دا بۆ تەتبیقی ئەم قەرارە زۆر موساعد بوو، باخصوص لە دوای مردنی مەلک «باددوین»ی چوارەم ئیشوکاری حکومە بەینێک بە وەکالەت بە دەس «ریامۆند»ی حاکمی «تەرابلوس»ەوە بوو، لە دوایی دا «سیبیل»ی خوشکی پادشا مردوەکە شووی کرد بە «جوی» ناو ئەمیرێکی فەرەنگ و تاجیشی نایە سەر سەری. ئەم «جوی»یە لە شکری کردە سەر «ریامۆند» کە لە «تەبەرییە» بوو، وە ئەم «ریامۆند»ەش داوای کۆمەکی لە سولّتان کرد، بەلآم سولّتان ئارەزووی نەئەکرد کە لە پێش تەواو بوونی موددەتی موعاهەدە هەلّکوتێتە سەر فەرەنگ.

ئەم نەقزی عەهدە ئەم جارەش لە تەرەف فەرەنگەوە و بە واستەی «رینولّد»ی ئەمیری «کەرگ»ەوە کرا، واقعا لە «٥٨٢»ھ دا، کاروانێکی گەورەی ئیسلام، لە وەقتێکدا کە لە نزیک «کەرگ»ەوە تێ پەڕ ئەبوو، تووشی تەعەروزی فەرەنگ بوو، وە هەموو مالّیان لە دەس چوو، پیاو وئافرەتی ئەم کاروانەش ئەسیرکرا. بە ریوایەتێک خوشکی سولّتانیش لە ناو ئەم ئەسیرانەدا

بوو. «رینولّد» بەمەش رازی نەبوو، وە بەعزێ تەحقیرات و تەعەرِوزاتی بە دینی ئیسلامیش کرد. ئەم خەبەرە کە گەیشتە سولّتان زۆر سەغلّەت بوو، وە سوێندی خوارد ئەگەر «رینولّد» بگرێ ئەبێ بە دەس خۆی بیکوژێ.

لە دوای ئەم وەقعەیە سولّتان ئیعلانی غەزای کرد و بۆ موحافەزەی حەجحاجیش ئەوی پێویست بوو کردی و لە «قەسری سەلامە» کە لە نزیک «بوسرا» یەوە بوو ئوردووگاهی دامەزراند. زۆری پێ نەچوو لە شکری «میسر»یشی گەیشتێ، وە مەلک ئەفزەلی کورِیشی لە جیهەت «عەکا»وە شکستێکی باشی بە بەشێکی ئوردووی فەرەنگ دابوو.

نیهایەت «ریاموند»یش لەگەلّ فەرەنگ ئاشت بووەوەو بەم تەرحە قووەتی فەرەنگ زۆر بوو.

سولّتان سەلاحەددین مەجلسی شوورای حەربی کۆکردەوە و ئەم مەجلسە قەراری بە شەرِی فەرەنگ دا. رۆژی شەممو١٦ رەبیع الاول٥٨٣ھ، لەشکری ئیسلام بە بەردەمیدا رابوواردو رۆژی دوایی لەدوای نوێژی جمعە لە خوار «تەبەرییە»وە لە چەمی «ئوردون» پەرِیەوە، وە ناردی بۆ کەشفی لەشکری دوژمن کە لە «سەخوورییە»بوو، لە دواییدا قووەتێکی بەرامبەر دوژمن داناو خۆی چوە سەر «تەبەرییە»و زەوتی کرد، بەلاّم مالّ ومندالّی «ریاموند» خۆیان هاویشتە قەلاّکەوەو تەلەبی موعاوەنەتیان لە «مەلک جوی» کرد، لەدوای موزاکەرەیەکی دوور و درێژ فەرەنگ قەراری شەرِی دا، وە ویستی رێگەی ئاو لە سولّتان ببرِێ، بەلاّم بەغەلّەت چوو چونکە سولّتان ئەم خصوصەی تەءمین کرد بوو رێگە ئاوی لە لەشکری فەرەنگ برِیبوو. رۆژی ئەوەلّ لەشکری فەرەنگ هەولّی بۆ برِینی رێگەی ئاو دا بەلاّم موەفەق نەبوو، وە لەو رۆژە گەرمایەدا خۆیان لەبەر بێ ئاوی شپرزە بوون و گەرِانەوە ئوردووگاهی خۆیان.

رۆژی دوایی لەشکری ئیسلام بە هەلّمەتێکی شێرانە روویان کردە لەشکری فەرەنگ و تەفرو توونایان کردن. لە لایەکەوە حەملەی ئیسلام و لە لایەکی تریشەوە تأسیری تینویەتی فەرەنگی بە تەواوی لە کار خست و ئەم رۆژی٢٦ی رەبیع الاخری «٥٨٣»یە رۆژی روخانی بناغەی ئەماراتی فەرەنگی فەلەستین بوو. مەلک جوی ئەمیری کەرگ برای مەلک و بەعزێ ئومەرای تریش لەگەلّ فەرەنگێکی زۆر بە دیل گیران، داری سەلیبی موقەددەسیش لە ناو تالاّنا بوو، وە لەو رۆژەی کە فەرەنگ هاتبوە ئەم ناوە تا ئەو رۆژە تووشی شکستێکی واگەورە و بە تەءسیر نەبوو بوو.

«.......................................................................................................»

له نێـوانی دوو لاپەڕەی سـالانی «١٩٣٠-١٩٤٠» پەخشـانی زمـانی کـوردی شـێـوەی سۆران ئاوڕی لەوە دایەوە کەبێجگە لە ڕۆژنامەو گۆڤار دەست بدا بە دانانی کتێبیشەوە. ئەمین زەکی بەگ سەربازێکی ئازای ئەو مەیدانە بوو، مێژووی «کورد و کوردستان»ی لەو سـالانەدا دانا، ئەتوانین چاوێک بخشێنین بەو پەخشـانەیدا کـە مـێژووی پەخشـانی ئەو سەردەمەیە: روخسـاری پەخشـانەکە ئەوە دەر ئەخا کە خاوەنەکەی بیرو رایەکی تایبەتی هەبووە بەرانبەر بە نووسینی کوردی. هەرچەندە سەرەتای ژیان و پێ گەیشتنی خاوەنی ئەم پەخشـانە لە پیـاوانی سەردەمی عـوسمـانی و پلەی زانیـارییەکەی لە ئەستـەمـوولّ تەواو کـردووە و پاشـان گەڕاوەتەوە بۆ عـیراق. ئەو زمـانەی کە لە بەغـدای عـیراق و حکومەتی عـیراق-دا لە ئارادا بووە زمانی عەرەبی بووە، تاکە تاکەی وشەی عـەرەبی لە ناو زمـانی کوردیدا پێشتر بەهۆی ئیسلامەتییەوە جێگای خۆی هەر کردۆتەوە. خاوەنی ئەم پەخشانە خـۆی بە یەکێ لە بەرزتر «منور»ە کـوردەکـانی ئەو سـەردەمـە زانیـوە، وە راسـتـە واش بوو چونکە فرەزاناو خاوەنی «مێژووی کوردو کوردستان» بوو. باوەڕی ئەو لە سەر ئەوە بوو کە چۆن ئاخاوتن لە ناو مونەووەرەکانی کورددا ئەبێ و چۆن قسە ئەکەن ئەبێ نووسینەکەش وا بێ، ئەوەندە هەیە جیـایی ئەم لەگەڵ مـونەووەرەکـانی تردا ئەوە بوو کـە ئەم بە عـانقـەس بەشوێن کەلیـماتی عـەرەبیدا نەئەگەڕا بۆ ئەوە عـیبـارەتی پێ بڕازێنێـتەوە، بەڵکوو تەنیا زرنگیی تەبێعـەتی خـوێندەوارێکی مونەووەر بـوو کە عـیبـارەتەکەی دروست ئەکـرد. ئەو ئەیوت دوو کـەسی خـوێندەوار لەو ڕۆژەدا کـە دائەنیـشـن چۆن پێکەوە قـسـە ئەکـەن ئەبێ نووسـینەکەش وابێت. ئەو لە ریزی ئەو دەسـتـە مونەووەرانەی ئەو ڕۆژە نەبوو کە یەکـێک لەوانە لێیان پرسی:

قوربان هەڵامەتەکەت چۆنە؟. وتی:

«نابێ بەهەڵامـەت ناو ببرێ، ئەبێ بووترێ زوکام!. زوکامەکەم کـەمەکێک تەخفیف بووە، وەلاکن وەجەعی رەءسم هەر باقییەو سەیەلانی ئەنفیشم هەر دەوام ئەکات!».

ئەمین زەکی بـەگ لەوانە نەبوو چونکە هەر بە سەلیقـەو بە بێ خۆ عـەزیەت دان قـسـەی ئەکـردو ئەو قسـانەی ئەخسـتـە رێخـتی عـیبـارەتەوە، ئەو ئەیوت شـتی تازە کـوورە نابێ هەبێت. ئەمە لە بارەی خاوەن پەخشانەوە، ئەمجا لە باری پەخشانەکە خۆیەوە:

ئەم پەخـشـانە مـێژوویەکی تا ئەندازەیەک گفت و گـۆی نووسـینی ئەو سەردەمـەمـان بۆ

ئەگێڕێتەوە؛ ئەوەمان پیشان ئەدا کە لەو ڕۆژەدا دوو قوتابخانە هەبووە؛ یەکێ ئەو دەرزەی داداوە کە ئەبێ بە کوردییەکی پەتی شت بنووسرێ، ئەبێ زمانی کوردی لە ژێر باری زمانی بێگانە بێتە دەرەوە. ئەویتر هەر لەسەر ئەوە ڕۆیشتووە: کە کوردی شێوەی بابان بە چ جۆر ئاخاوتنی کردووە بەو جۆرە ئەبێ بشنووسێ، چونکە ئەو نووسینە بۆ خوێندەوارەکانە، ئەگەر وانەکا لەوانەیە ئەو خوێندەوارانە ئەگەر وەکوو زمانی قسەکردنیان نەبێ لێی تێ نەگەن. بە وێنە– هەر بە دەقی ئیملاکەی خۆی– ئەڵێ:

«اینجا قراری بە اعلانی جهادی مقدس بەرانبەر بە فەرەنگدا، تفرقە و نفاقی امرای فەرەنگ لە فلسطیندا بو تطبیقی ئەم قرارە زور مساعد بو، باخصوص لە دوای مردنی ملک (بالدوین) چوارەم ایشوکاری حکومە بینیک بە وکالت بە دەس (ریاموند)ی حاکمی (طرابلس)ەوە بو».

لەراستی دا ئەم عیبارەتە هەرچەندە پڕیەتی لە وشەی عەرەبی بەڵام ئەو وشانە لەوانە نین کە ئەو ڕۆژە بە سەر زاری خەڵکەوە نەبوو بن، هەر کەسێکی ئەو ڕۆژە و ئیمڕۆژیش ئەوە بخوێنێتەوە بەبێ گیرو گرفتی لێی تێ ئەگاو هیچ کۆسپێک نایەتە سەر ڕێگای بۆ لێی تێ گەیشتنی.

پاش ئەوە تێکڕا سەراپای پەخشانەکە سووراو سوور پێت ئەڵێ ئەو وشە بێگانانە کە وان لەم پەخشانەدا لەبەر ئەوە هەموو کەس لێیان تێ ئەگاو تازە کوورەنین هەموو بوون بە ماڵی کوردو لە ناوڕۆکی زمانەکە دائەنرێن.

ئەمە باوەڕی روخساری پەخشانەکەیە، جا لە راستی دا ئەم قسەیە راست بێ یان نەء ئەمە دراسەیەکی تری ئەوێ کە لەم شوێنەدا جێی نابێتەوە، چونکە ئەو دراسەیە شتێکی سەربەخۆیە، مەبەستەکەی ئێمە لەم دەقەدا هەر ئەوەیە: کە ئەمە نموونە دەقی پەخشانی ئەو سەردەمەی یەکێ لە قوتابخانەکانەو مێژووی رەوڕەوەی پەخشانی ئەو ڕۆژەیە.

***

نموونەیەک لە دەقی مەلا رەشید بەگی بابان کە لەپێش ساڵانی «١٩٤٠» وتوویەو نووسیویە:

«.......................................................................................................'

من کە عەبدێکی فەقیرو گوناهکارم بە تەوفیقی خوا دەست ئەکەم بە تەرجەمەی «مجمع البحرين». حەمدو سەنا مەخسووسە بە خواوە، سەلات و



(١) مەلا رەشید بەگ ئەم وەسیەت نامەی لە ئەستەموولەوە بۆ دۆستی گیانی بە گیانی مەلا حوسەینی پیسکەندی لە سولەیمانی و مەلا سەلامی کوڕی مەلا حوسەین نووسیوە.

سەلام لەسەر پیغەمبەری ئاخر زەمان بێ کە ڕەحمەتی خوایەو نێراوە بۆ هەموو عالەم. هەم سەلات و سەلام لە سەر ئال و ئەسحاب و زوڕیەتی ئەوو هەموو تەبەعەی ئەو بێ. لەدوای حەمدو سەلات و سەلام، ئەم عەبدە گوناهکارو زەلیل و بێ چارەیە دەڵێ: کە عومرم لە حەفتا ساڵ تێ پەڕیوە غەیری گوناه هیچ کارێکی وام نەکردووە کە خوا پێی خۆش بێ، هەر خەریکی تەحسیلی ڕەزای شەیتان بووم و نیعمەتێ کە خوا داوێمێ لە ڕەزای دوشمنی ئەوا سەرفم کردووە، کەچی قەت لێم مەمنوون نەبووەو قەت لێشم مەمنوون نابێ. خوا منیش و جمیعی ئیخوانی دینی لە شەڕی ئەو زاڵمە لەعینە موحافەزە بکات. ئامین.

پێنج شەش ساڵێکە، کە تەقاعود کراوم و عەمەل مەندە بووم و دونیام پێ ڕازی نابێ، بە درۆ بام داوەتەوە سەرکاری ئاخرەت. ئەمما لە دوای چی؟! ئەو عومرە باش و زەریف و بەقیمەتەم بەزایع چوو، بە خۆڕای ڕابورد، ئێستە کە پیر بووم و قووەتم نەماوە چیم لەدەست بێ کە بیکەم؟. چەندم عومر ماوە کە عومری ڕابوردووی پێ بەسەر بکەمەوە؟. ئێستا هەر چێ ببێ زۆر نەبێ کەمیش باشە، تەوفێقم لە خوا تەڵەب کرد بۆ جەمعی ئەحادیسی «مسلم»و «بخاری»، بحمدالله مووەفەق بووم و هەردووکم لە جێیەکا کۆ کردەوە، هەرچێ ئەحادیسێ کە موکەڕەرن هەموو تەرک کرد، ڕیجالی ئیسنادەکانم حەزف کرد، تەنها ئیکتفام کرد بە سەحابەیێ کە حازری واقێعە بووبێ، یا لە پێغەمبەر – علیه الصلاة والسلام –ی بیستبێ، یا لەوی دیبێ، بێ مەجبووربیەت غەیری سەحابەم زکر نەکردووە، چونکە ئەو پیاوانە –خوا موکافات و ئەجریان بە زایع نەدا– هەموویان عەدل بوون، هەموو حافیز بوون، ڕاست بوون، ڕیوایەتیان موعتەبەر بووە، بۆ ئەو وەختە لازم بوون کە حەدیسی ڕاست و حەدیسی مەوزوع و زەعیف لێک جوێ نەکرابوونەوە، تەدوینی عیلمی حەدیس نەکرا بوو. ئێستە کە عولەمای عیلمی حەدیس هیممەتیان کردوە و ئەحادیسی موعتەبەر و غەیرە موعتەبەریان لێک جوێ کردۆتەوە، کتێبیان تیا بەءلیف کردووە هەر ئەوەندە بۆ ئێمە لازمە ئەو حەدیسەی کە ئەیبینین بزانین کە حەدیسی «مسلم» یا هی «بخاری» یە، یا هی غەیری ئەوانە، چونکە ئەوان ڕاستیان لە درۆ جوێ کردۆتەوە – خوا ئەجریان بداتەوەو لێیان ڕازی بێ.

---

.«.........................................................................................................

(١) وصیتی الی ملا حسین وابنه السلام – سەلامی خوایان لە سەر بێ.

بیست و دوو مانگی تەواوە دەستم کردووە بە تەرجەمەی «مسلم»و

«بخاری» ، وا ئەمساڵ لە دوانزەی «محرم الحراما» بحمدالله تەواو بوو. هەر چەندە هەر دوو کـتـێـبـەکـە لە سێ «ئەبواب»ی «فـقـە» تەرتیب کـراون، مـەسـەلەکـەیان لەیەک جـوێیـە ، هەر یەک لە مـەسلەکی خـۆیان نەزەرێکی مەعقوولی هەیە؛ «مسلم» -رحمەالله- لە کوللی بابێکا ئەو حەدیسانەی کە ریوایەتی کردووە توروقی سەنەدەکانی هەموو کۆ کردۆتەوە ئەمجا حەدیسەکەی زکر کردووە، کوللی حەدیسێکی لە بابی خۆیا زکر کردووە، کەم واقع ئەبێ کە حەدیسێکی لە دوو بابا زکر کردبێ.

«بخـاری»رحـمـە الله تعـالی- حـدیسـێکی بە مـوناسـەبە لە ئەبوابی موتەفەڕقەدا زکر کردووە، لە هەر جێیەکا بە تەریقێکی غەیری تەریقی پێشوو ئەو حـەدیسـەی یا بەتەواوی، یا پارچەیێ، بە موسنەدی، یا بە مـوعـەللەقی ئیـعـادە کـردۆتەوە، تەرجـەمـەیەکی مـوناسب بەو بابەی بۆ داناوە، وا ئەبێ بەو نەوعـە تەنهـا حـەدیسـێکی لە دوو یا سێ «الی» بیـست جـێگەدا ئیـعـادە کـردوەتەوە. بە سـەبەب ئەوەوە ئەحادیسی بوخاری- کـە ئەمـجا دوو هەزار و حەوسەد ببێ- گەییوە بە نزیکی هەشت هەزار، ئەحادیسی موسلم گەییوە بە نزیکی پێنج هەزار. تا پێم کـرابێ وەک مـوسلم ئەحـادیسی بابێکم- با مـوناسـبـەی بەگـەلێ باب ببێ- هەر لە یەکێ لەو بابانەمـا نووسـیـوە، ئیسنادەکانیشم مەجبووریيەت حاسڵ نەبووبێ هەمووم «طی» کردووە، تەنها سەحابەی حەدیسەکەم نووسیوە.

ئەو پیاوانە - رحمهم الله تعالی- تا بە عیلمی دەقێقی موسلم و بوخاری و مەشایخی ئەوان، تا بە گەورە و بچووکیان بەتەواوەتی تەحقیقێکی وسووق وحفزو دیانەتیان نەکرابی-کە ئەو تەحقێقاتە بۆ ئەهلی ئەم زەمانە لە ئیمکان خـارجە - نەقـڵی حـەدیسـیـان لێ نەکردووە. ئێـمـە ئەوانە هیـچـیـان ناناسین، ئیعتمادی موسلم و بوخاری بەوان بۆ دوای خۆیان کافییە، بۆ ئێمە هەر ئەوەندە لازمە کە بزانین حەدیسی موسلم و بوخارییە. لەسەر علیم وفەزڵ و وسووق و قـووەتی حـفـزی ئەو دوو «نیـری اعظم»ە ئیـجـمـاعی هەمـوو ئەهلی سـوننەت وجەماعەت هەیە. ئەو دوو کتێبە لە دوای قورئانی جەلیل ئەسەححی کوتوبی ئیسـلامییـەن - احسن الله جزاءهما مع سائر المحدثين والمجتهدين والعلماء الناقلين- .

بەم ئیـختسـارە حەدیسی هەر دوو کتێبەکە هاتوەتە سەر سێ هەزارو نۆسەدو شەست و پێنج حەدیس. ئەگەر بە تەواوەتی «تنقیح» بکرێ رەنگە گەلێ لەو میقدارەش کەمتر بکا. بە ئەمری مەلا حوسەین ناوم ناوە «اقتران النیرین فی

مجمع البحرين». له عومری حه‌فتاو دوو ساڵیما ئه‌م باره قورسه‌م هه‌ڵگرت، له حه‌فتاو چوار ساڵیما -بتوفیق الله تعالی- ته‌واوم کرد. له کۆکردنه‌وه‌یانو نووسینیا له‌به‌ر پیری و ده‌ست له رزین و فوتووری عه‌قل و زیهن و شعوور زۆر زه‌حمه‌تم تیا کێشاوه، ره‌نگه له ته‌رجه‌مه‌یشیا غه‌ڵه‌ت و سه‌هوم زۆر بێ، ئومێدم له خزمه‌تتانا وایه که غه‌ڵه‌تێ، یا سه‌هوێکتان به چاو کرد زۆرم له سه‌رو گوێلاک بده‌ن تا ئیسلاحی ئه‌که‌ن، مه‌یشێڵن بفه‌وتێ و مه‌حۆ ببێته‌وه، له ئه‌هلی خۆی مه‌نع مه‌که‌ن. ئه‌مه شتێکه بۆ عه‌وام و نائاشنا به عولوومی عه‌ره‌بییه کراوه، عوله‌ما ئیحتیاجیان پێی نییه، ئه‌وی عه‌ره‌بی ئه‌زانێ هه‌ر مه‌تنی حه‌دیسه‌که‌ی بنووسێ چونکه جامیعی هه‌موو موسلم و بوخارییه، حه‌دیسێکیان لێ ته‌رک نه‌کراوه، ئه‌وان له‌به‌ر موخته‌سه‌ریه‌تی ئیستفاده‌ی لێ ناکه‌ن. ئه‌وی عه‌ره‌بی نازانێ هه‌ر کوردییه‌که‌ی بنووسێ، فه‌قه‌ت هه‌ر دوو لا هه‌ر دوولای بنووسن بێ فائیده نابێ.

..........................................................................................».

مه‌لا ره‌شیدبه‌گی بابان خه‌ڵکی سوله‌یمانی و له بنه‌ماڵه‌ی ئه‌ماره‌تی بابان بووه، له ساڵی ١٩١٢ چوه‌ته ئه‌سته‌مووڵ، له ١٩٤٢ دا هه‌ر له وێ کۆچی دوایی کردووه‌و له‌وێش نێژراوه، حه‌دیسه‌کانی موسلم و بوخاری شه‌رح کردووه به‌کوردی. به‌رگی یه‌که‌مه‌که‌ی له‌سه‌ر حسابی حاجی عبدالقادری جبار و له ژێر چاوێری محمد علی قه‌ره‌داغی له ساڵی ١٩٧٣ له به‌غدادا چاپکراوه. مه‌لا ره‌شید به‌گ دۆستێکی گیانی به‌گیانی مه‌لا حوسه‌ینی پیسکه‌ندی بووه له سوله‌یمانی. له سه‌رده‌می فه‌قێتیدا تا دوا هه‌ناسه‌ی مه‌لا ره‌شید به‌گ ئه‌و دۆستایه‌تیه‌ی له‌گه‌ڵیا رۆژ به رۆژ هه‌ر بته‌وتر بووه‌ته‌وه.

ئه‌م په‌خشانه شێوه‌ی نووسینی عالمێکی گه‌وره‌ی ئاینی-مان پیشان ئه‌دا که ماوه‌ی سی «٣٠» ساڵ که‌وتۆته ئه‌سته‌مووڵ و له‌وێوه به کوردی وڵاتی سوله‌یمانی ئه‌م که‌له‌پووره‌ی هێشتۆته‌وه.

جه‌نگی جیهانیی یه‌که‌م هاته پێشه‌وه، خاوه‌نی په‌خشان له پایته‌ختی ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانی دابوو، ئه‌وه‌ی به‌رچاوی که‌وتبوو که نه‌ته‌وه‌کان بۆ زیندوو کردنه‌وه‌ی زمانه‌که‌ی خۆیان و بۆ گه‌یشتن به سه‌ربه‌خۆیی خۆیان له جووڵانه‌وه‌دان. ئه‌م هه‌سته ئه‌ویشی به ته‌واوی هه‌ژان بۆ ئه‌وه ئه‌ویش له رووی زمانه‌وه به‌شی خۆی تێخاو به‌ش به‌حاڵی خۆی ئیشێک بکا. هێنای ئه‌حادیسی موسلم و بوخاری کرد به کوردی و هه‌ر جاره بۆ گه‌لێ شت به «نامه» پرسی به مه‌لا حوسه‌ین کردووه له سوله‌یمانی. له‌وسه‌رده‌مانه‌دا شتی تر هه‌بووه

بە کوردی کە لە کاروباری ئایینیەوە دوابێت، بەڵام ئەم پەخشانی خاوەن پەخشانە شەقڵێکی هەیە بە تەواوی جیایە لەو هەموو شەقڵانە. شێوەیەکی پەتی سولەیمانی هاتوتە ناوەوە؛ کە ئەڵێم پەتی، ئەو شێوەیەیە کە ئەو سەردەمانە مونەووەرانی سولەیمانی قسەیان پێ کردووە ئەمە نرخێکی زیاتر کە لەم پەخشانەدا هەبێت: ئەوەیە کە لە ولاتێکی دوور لە کوردستانەوە بە شێوەیەکی پوختی سۆرانی وتراوە. جگە لەمەش خاوەنی ئەم پەخشانە یەکێک بووە لەو کەسانە کە لە چارەکە یەکەمی سەدەی بیستەمدا قەڵەمی خۆیو بیری خۆی بۆ نووسینی کوردی بە ئیملایەکی تایبەتی و خاوەن ئیشارە خستبێتە کار.

لێرەدا دوو شت هەیە؛ یەکێ بابەتەکە، یەکێ روخسارەکە. بابەتەکە رووی کردۆتە ئەو فەرمایشانەی پێغەمبەر «د.خ» کە وتوونی و موسلم و بوخاری کۆیان کردۆتەوە و ئەم مەعنای بە کوردی لێی داونەوە. ئەمە بەچاو زمانی کوردییەوە پێشکەوتنێکی بە گورە بۆ ئەو سەردەمە. دووەم روخسارەکە. ئەمە هەبووە کە لە ولاتی کوردەواری پەخشان، چ بە رۆژنامەو چ بە گۆڤار لەو سەردەمانەدا نووسراوە بەڵام لە ولاتێکی دوورە دەستی وەکوو ئەستەمووڵ و نەمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لەو وەختەدا، بیر کردنەوە لە نووسینی شت بە کوردی ئەمە بۆ ئەو سەردەمەی ئەو لەو شوێنەدا بە شتێکی شاکار دائەنرێ. زمانی رۆشنبیرو رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی ئەو لە ولاتی کوردەواری و بەغدادا وەنەبێ پەتیتر بووبێ لە زمانەکەی ئەو کە هەر زۆر زۆر دوورە دەست بووە لەکوردەواری و تەنانەت لەو کوردانەش کە لە زەمانی عوسمانیدا لە ئەستەمووڵ مۆڵیان بەستبوو. کە وابوو ئەم پەخشانە لەچەند روویەکەوە دیارییەکی پڕ مایەیە بۆ سامانی پەخشانی کوردی.

دێین بەم لاوە بۆ ساڵانی «١٩٤٠ - ١٩٥٠»

ئەمە نموونە دەقی پەخشانێکی ساڵی «١٩٤٠»ە، کە زانای فەرزانا «توفیق وەهبی» لە ژمارە «٢»ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری «گەلاوێژ»ی ساڵی «١٩٤٠» لە بارەی بنج و بناوانی زمانی کوردییەوە نووسیویەو ئەڵێ:

«کۆچی ئارییەکان:

وا زان ئەکرێ کە ئەگەر بکرایە و بگەڕاینایەوە بۆ بەرو پشتی سەدەی «قەرنی» سی و پێنجەمینی پێش میلاد، لەو ساڵانەدا لە نیوەڕۆی «جنووبی» رووسیە، لەو دەشتە پانانەدا کە لە باکۆری «شمالی» زریەی قەزوێن و کێوی قاف و زریەی رەش و رۆژاوای ئۆراڵەکاندان، بزووتنەوەیەکمان ئەدی کە ئاسایی «ئیعتیادی» نەبوو بۆ خاوەنە کۆچەریەکانی ئەو توورەیە «بوقعەیە». ئەم

بزووتنەوەیە بارکردنێکی گشتیی «عومومی» کە لە لایەن نەتەوەیەک «قەومێکی» گەورەوە دەس پێ کرا بوو کە لە سەردەمی نەزانراوەوە لەم دەشتانەدا لەباری «وەزعی، حالی» کۆچەریدا ئەژیان. ئەوا عەشیرەتە زەبەندەکانی «متعددەکانی» ئەم نەتەوە گەورەیە بەو خواستە «قەسدە» کە جارێکی تر نەگەڕێنە دواوە، هەر یەکە بە شوێنی تیرەیێکەوە کە هەموو پێویستێکی رابواردنی تێدا پڕ بێ، بەرەو ئەو ئاقارانە «اتجاهانە» کە سازگاریان «موساعدیان» دی بوو، لە باری هەلاتندا بلاو ئەبوونەوە.

ئەم نەتەوەیە نەتەوەی ئاری بوو کە نازانین لە کوێوە هاتبوونە ئێرە، هۆی «سەبەبی» بارکردنیشیان لێرەوە بە بڕی «قەتعی» لامان زانراو نییە، بەلام وا گومان ئەکرێ کە وشک بوونەوەی لە وەڕ و چایەر لە رووی بێ وچانیی هەندێ وشکە سال و سەرما و سۆلەی بەرگە نەگیراو «غیر قابل تحمل»، و لەگەل ئەمەشدا پەرەسەندنی مرۆ «نفوس» و گاوگەل بە چەشنێ کە ئیتر لەوەڕ بەشی نەکردبن بووبێتە هۆی ئەم بلاو بوونەوەیە. بە گومانم کە هەندێ قەوماوی «حادساتی» کۆمەلایەتی و جەنگیش لە مەدا دەستی بووبێ.

ئارییەکان لەم دەشتە گەورەیەدا ژیانی عەشایرییان هەبوو، وا دەرئەکەوێ کە نەتەوەکە لە عەشایرێکی زەبەندەی سەربەخۆ دروست بووبێ، وە ئەم عەشیرەتانە کە لە تیرەی جوێ جوێ داو، بەلام لە تەنشت یەکەوە رایانئەبوارد بەستراوی یەک ناوچە «مەرکەز» نەبووبن، وە ئەشێ کە لە ناو خۆیانا هەندێ جاریش تووشی رقەبەری و دژمنایەتیش بووبن. باری کۆمەلایەتییان «ئەحوالی اجتماعیەیان» زمانیان لە هەر تیرەیەکی سەربەخۆدا بەرەو رێکییێک و شێوەیەکی تایبەتی چووە، تیرە دراوسێکان لەمانەدا لە یەکتر کاریان «تاثیریان» کردووە. بە وێنە «مثلا» شێوەی زمان و کۆمەلایەتیی دوو عەشیرەتی تەنشت یەک لە چاو ئەوانیتردا پتر لەیەک ئەچوون، وە دوو عەشیرەتی سەر پەڕ لە مانەدا لە یەک زۆرتر دوور کەوتوونەتەوە.

ئارییەکان ئەسپ، گا، مەڕ و بزنیان بەخێو ئەکرد، سەگی پاسیان هەبوو، ئەرەبەیان هەبوو کە رەوڕەوەکانیان لە کۆتکە دارێک تاشرابوو. زۆر ژنداری «تعددی زوجات» پیشەیان بوو، بووک فڕاندنیان لا باو بوو. گەورەی مال لە مالدا زەبەر بەدەستی لێ نەپرسراو «حاکم غیر مسؤول» بوو. بە کەلک هێنانی زێڕ، زیو، ئاسن و زەردیان ئەزانی، دەزوویان ئەڕست، جلیان ئەدروو، وە کشت و کالیان ئەکرد، ئەشێ نووسین و خوێندنیشیان زانی بێ، دینیشیان عیبارەت بوو لە پەرستنی عەناصری طبیعیە، وەکوو ئاسمان، ئەستێرە، با ... هتد.

وا دەر ئەكەوێ كە ئاريييەكان كيشوەرى ئورووپايان زۆرتر سازگار ديبوو بۆيە تێدا بلاو بوونەوە، لەبەر ئەوەيە كە بەشى گەورەيان ئەم كيشوەرەيان پەسەند كردووەو دەسيان كردووە، بە داگير كردنى هەتا گەيشتوونەتە زريەكانى قەراغى، بەشەكەى تريان لە دەشتەكانى نيوەڕۆى رووسيەوە بۆ ئاسيا ريێيان گرتۆتە بەر وە هاتوونەتە رۆژاواى ناوەڕاست و رۆژاواى نزيكى و هەتا نيوەڕۆى هندستان داگيريان كردووە، ئێمە لەم وتارەدا بەشە ئاسيايييەكە شوێن هەڵئەگرين.

.....................................................................................................».

لە دەمە دەمى سالآنى «١٩٤٠»دا كوردى نووسين بە پەخشان لە كتێب و گۆڤار و رۆژنامەدا كەوتە گەشە كردن و پەڕوباڵ دەركردن. وا ديارە سروشت ئەمە دروست ئەكا كە هەر جەنگێك ئاشتيەك بێنێتە ناوەوە. جەنگى جيهانيى دووەم «١٩٣٩-١٩٤٥» گەلێ نەخشەى گۆڕى. بە چاو كوردەوە هەر ئەو نەخشەيە گۆڕى كە ئاشتيى نووسين پەيدا بێ. ئەڵێم: ئاشتى!. مەبەست ئەوەيە كە هەموو جۆرە نووسينێك و هەموو جۆرە بابەتێكى پەخشان بۆ كەوتنە سەر كاغەز دەست لە ملان بوون؛ لاپەڕەى نووسين لە سەر لاپەڕەى چاپ ژوانى ئاشتيى دروست كرد، چونكە ئەنجامى ئەوە، ئەوەى هێنايە پێشەوە كە گۆڤار و رۆژنامە بە جۆرێكى فراوانتر بێتە ناوەوە. ئەم گۆڤار و رۆژنامانە بوون بە وەكوو ديواخانى ماڵە گەورەيەك كە هەموو جۆرە ميوانێك رووى تێ كا، ئەو ميوانانە بيرو باوەڕيان يەك بێ، يا جيا بێ هەموو هەر روو ئەكەنە ئەو ديواخانە، نووسەرانيش بيرو باوەڕى بابەتى خاوەن نووسراو يەك بێ يا يەك نەبێ هەموو روو ئەكەنە ئەو گۆڤارو رۆژنامانە و ئەبن بە مۆڵگەى فرە چەشنە نووسين. ئەمە گەردوونەى گۆڕانە كە ئەم جۆرە شتانە دروست ئەكا، هەندێ جار بەزمەو هەندێ جار رەزم!...

جا لە دەورو بەرى ئەم مێژووەدا بە چاو نووسينى پەخشانى كوردييەوە قوتابخانەيەكى تر دروست بوو، كە قوتابخانەى نووسينى پەخشانى كوردى پەتى بوو، شاسوارى مامۆستايانى ئەم قوتابخانەيە زاناى فرەزانى بە جەرگ «توفيق وهبى» بوو؛ ئەم لە سەر ئەو باوەڕە بوو كە نووسين لە زمانى كوردى ئەبێ بە كورديەكى پەتى بێ، نابێ لەغەيرى خۆى تێكلاو بكرێ، خۆى ئەوەندە دەوڵەمەندى و شايانيى هەيە كە پێويستى بە خواستن و كاسە دراوسێ نەبێ، رۆڵەكانى ئەبێ زرنگ بن، چاويان مووروى رەش لەبن دەليـاوە بكەنە ديى، ئەبێ بگەڕێن بە شوێن ئەو شتانەدا كە لە كاتى خۆيا هەيانبووەو لێيان بزر

بووه بۆ ئەوە بیدۆزنەوە.

کەئەشلێیم بەجەرگ بوو لام وایە راست ئەکەم، چونکە ئەو رستەی ریز ئەکرد، بەڵێ وشەکانی کوردی بوون بەڵام تا ئەو رۆژە ئەو وشانە لەو شوێنانەدا کوردەکە بەکاری نەئەهێنا، ئەو پێی بە جەرگی خۆیا ناو بە کاری هێنان، سڵی نەکردەوە لەوە کە تانووت ئاراستەی ئەکرا!. ئەو رێگایە کە گرتبووی هەر گرتی و لێی لانەدا تاوای لێ هات قوتابیەکانی وردە وردە راهێناو قوتابیی زۆر بوو.

ئەمە خۆی، ئەمجا بزانین پەخشانەکەی:

ئەگەر ئێمە حسابی ئەوە بکەین کە پەخشانی شێوی موکری و بابان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کەوتە سەر کاغەزو سەر چاپ، ئەم پەخشانە بە ئاشکرا دیارە کە رێبازی رێختەکەی هیچ لەو رێختانە ناچێ کە تا ئێستە باوی هەبووە ، وشەکان راستە هەموو کوردی-ن وهیچیان لاوەکی نین، بەڵام شێوەی رێختەکەی و دارشتنەکەی ئەو دارشتنە نییە کە پێشتر هەبوو. لە هۆنراوەدا ئەمە هەیە کە وشە لە غەیری شوێنی خۆیا دائەنرێ، بەڵام لە پەخشانا ئەم دەستوورە پەیرەوی ناکرێ. بەوێنە ئەم پەخشانەی کە ئەڵێ:

> «ئەوا عەشیرەتە زەبەندەکانی ئەم نەتەوە گەورەیە بەو خواستە کە جارێکی تر نەگەرێنە دواوەوە، هەر یەکە بە شوێن توورەیەکەوە کە هەموو پێویستێکی رابواردنی تێدا پڕ بێ، بەرەو ئەو ئاقارانە کە سازگارییان دیبوو لە باری هەڵاتندا بڵاو ئەبوونەوە»..

وەیا ئەڵێ:

> «بێ وچانیی هەندێ وشکەساڵ و سەرماو سۆڵەی بەرگە نەگیراو، وە لەگەڵ ئەمەشدا پەرەسەندنی مرۆ و گاوگەل بە چەشنێ کە ئیتر لەوەڕ بەشی نەکردبن بووبێتە هۆی ئەم بڵاو بوونەوەیە»..

ئەم عیبارەتانە بەم جۆرە راستە کە وشەکانی هەموو کوردییەکی پەتین بەڵام تا ئەم مێژووە رێختی عیبارەتی کوردی وا نەبینراوەو نەبیستراوە!. کوردێک کە ئەمە ئەخوێنێتەوە سەرەتا وا نازانێ کە عیبارەتێکی سادەی کوردی ئەخوێنێتەوە، وەکوو ئەوەشی بە دڵ نایە کە پارچەیەکی ئەدەبی ئەخوێنێتەوە. لەپاش چەند جار خوێندنەوە ئەو وەختە هەست ئەکا بە مەعناکە!. گومان لەوەدا نییە کە خاوەنی ئەم پەخشانە زانا بووە، وە گومان لەوەش-دا نییە کە ئەم جۆرە پەخشانە شۆڕشێکی خستە ناو پەخشانی کوردی

موکرییەوە، عیبارەتی کوردی هەڵگێڕایەوە لە روویەکەوە بۆ روویەکی تر. لەگەڵ ئەوەشا من لام وایە ئەتوانرێ عیبارەتی سادەی کوردی بەکوردی پەتی دابنرێ و هیچ ئەم خۆ عەزیەتدانەشی تێدا نەبێ و بەبێ گیرو گرفتی هەموو کەس لێی تێ بگا. ئەوەندە هەیە ئەم قوتابخانەیە رێگای کردەوە بۆ ئەوە کە خوێندەواران و رۆشنبیرانی کورد بکەونە سەر ئەوە کە بە کوردی پەتی دوور لەهەموو ئاڵۆزیەک شت بنووسن، با لەسەر ئەو رێگا گرێ لێ دراویەش نەبێ. بەڵێ!. ئەگەر عیبارەت لە مەیدانی ئەدەبدا بێت هەموو جۆرە شتێکی تیدا ئەکرێ، بەڵام لە مێژوو، ریازیات و... هتد، ئەم جۆرە شێوەیە پەیڕەوی ناکرێ. ئەوەندە هەیە قارەمانیی ئەم پەخشانە ئینکار ناکرێ کە بوو بە بناغەی شۆڕشی جۆرە نووسینی وا ...

***

وتمان لە سالآنی «١٩٤٠-١٩٥٠» نووسینی پەخشانی کوردی بە تەواوی کەوتە باڵەفڕێ، ئەم گەشە کردنەش نەک هەر تەنیا لە شێوەی موکریدا پەیدا بوو، بەڵکوو شێوەکانی تریش کەوتنە جم وجووڵ. ئەوا بۆ نموونەی شێوەیەکی تر لە شێوەکانی تر-کە شێوەی کەڵهوڕە- دەقێکی پەخشانی ئەو شێوەیە ئەخەینە بەرچاو کە لە بەینی ئەم سەرو ئەو سەری ئەو مێژووەدایە.

ئەم شێوەیە کە بە دەستنوسی «یداللەی رەزایی» لە گێلانی غەرب وەختی خۆی هات و لە گۆڤاری «گەلاوێژ»ی ژمارە «٤»ی ساڵی «٥»-١٩٤٤- چاپ کرا، دەستنووسەکەی لە لای من مایەوە. هەندێ جیاوازی لە نێوانی دەستنووسەکەو چاپەکەدا هەبوو- وا دیار بوو چاپەکە هەڵەی تێدا هەبوو - من لە رووی دەستنووسەکە وەرم گرتەوە کە ئەمەی خوارەوەیە:

«سەرەنجامی پادشایە سەفاریەل

لە ئەوە ئەو دیوا کە عەمرو لەیس پادشایە سەفاری وە ئەو جووره کە بایەسی وەت لە بازیەیلە شەگەفتە تەقدیرە وە چەنگ پادشایە سامانی کەفت، وە ئەوەلی وا پەیخام نارد کە حازەرە تەمام گەنج نامەیەلە خۆی وەشایە سامانی بەیەید وە ئەی شەرتە کە ئازادییەکەید، وە وەپەی ئیجازە بەیەد کە وە مەککە بە چوود. پادشایە سامانی وە ئەی جۆرە جەواو دەیەد؛ کە چووینگە لە چ دەریەگ نەتەیونەسید ئەوەڵ مەنا دشمەنی بەکەید ئیرەنگە لە ئەی دەرە دەراتەید. تو خود زانید کە نە باوگەد خەزێنەیەگ داشتەیە وە نە بەراد، ئەی

خەزێنە گشت حەنە وەرزێرەل و مەردەمە، کە وە زوور لە لەیان سەنیدەسی، وە ئیرەنگە توایە ئەڕای دەس پی چەگەێگ دەرس بەکەید، قێرێگ لەیە گوزەشت پادشایە سامانی عەمرو لەیسی وە لای خەلیفە کل کەرد لە بەغدا حەفس کەریا!...

ئاخر پادشایە سەفاری لە ویر خەلیفە چەی و ئەو قەرە لە حەفس مەن کە لە ورسی مەرد!. لە سەورەتی کە لە مـوقی سەڵتەنەتی هەزار شەتر لە ژێر بار ئاسپەزخانەی بوی!. ئووشەن لە ربیع الثانی ساڵ «٣٨٤» هجـری ئەمـیر ئیسماعیل سامانی وە قەسەی «معتضد» خەلیفەی عەبباسی دوانزە هەزار سەوار وە جەنگ عەمرو لەیس کە لە ئەو موقەهیشە تاهەزار سەوار جەنگی، یا سەرواز حازاو تەوار داشت ریوو حاورد، دۆو ئۆوردو ریوە ریو یەک وەسان، وە تیووڵ جەنگ کوتان، لە دەنگ تیووڵ شەیپوور ئەسپ عەمرو لەیس بەنای بازی کەردن وسەرکەشی نا، وە جـڵـەو لە دەس سـەن وە ئۆوردوی دشـمـەن رەسانی بێ ئەوە کە جەنگێک بەکەریەد، وە دەنگ شەیپوور ئۆوردوی شایە سەفاری ریۆو وە وایەن هیشتەن، وە عەمرو لەیس وە ئەمرە ئەمیر سامانی لە چایەر حەفس کەریا!...

یەکێگ لە فەڕاشیەل عەمرو لەیس لە ئەو نزیگە رەی بوو، پادشایە حەفسی چەرپەی و لە لی تواس کە قێرێگ خواردەمەنی ئەڕای بارد، فەڕاش کەمیک گووشت لە سەتڵەیەگ خەید و ئەڕای حاورد و وەئەسپایی دوور کەفەید. لە ئەی ماوەیەنە سەگەیگ بەیا بوود، وەسەتڵ گووشت دیوونەیەد و وە دەوری گل خەفید و تواس کە لەلی بخوا، کە نەیدی دەمی سەزید سەری وە تاجیل کی شەد ئەو دیوو، دەسەی سەتل کە فید مەلی، وە لە حاڵی کە دیرد دایە لە سەتلیش. وەیە عەمرو لەیس خەنی گەردی، لە دەنگ خەنی فەڕاشەیەل وە خوویان وەتەین، وە عیللەت خەنی لە لی پەرسەن جەواو دید: ئیمرووژ شەوکی خوان سالار حاتە لام وەپیم شەکایەت کەرد کە سی سەد شەتر ئەڕای ژێر بارە ئاشپەزخانەکەمە وە فیشتر تەواس کەفاف نەیەد، وە ئیرەنگە دیوونم وە وەسیلەی سەگێگ حەمل بوود!. لە ئەی سەورەتە چیبو بی ئەتەبارە دەنیا نەخەنم کە شیبوەیە دەنیا جاریگ چیبونوو وەقتەیگ چە نووسە؟!».

لەساڵی «١٩٤٠» بەدواوە راست بوو کە زمانی کوردی و پەخشانی کوردی هەر دوو هەنگاوی بە هەنگاوێک ئەبڕی، لە هەمـوو گـۆشـەیەکی کـوردەوارییـەوە پەخشـان چ بە نووسین، چ بە چاپ سەری هەڵدا. وەکوو بڵێیت ئەم هەستە بڵێسە ئاگرێک بوو هەموو

سووچێکی تەنیەوە، نەوەک هەر بۆتان و سۆران بەڵکوو هەموو لقەکانی گرتەوە؛ کەڵهوڕ کە لقێکی زۆر بتەوی سێ لقەی سۆرانە گەیشتە ئەوێش، لەوێدا ئەوانیش دەستیان دا بە نووسینی پەخشانەوە، ئەوانیش هۆشیان بەتەواوی هاتە سەر ئەوە کە خاوەنی زمانێکی سەربەخۆن کە زمانی کوردییە، ئەبێ بەو شێوە زمانەیان بتوانن شت بنووسن. بەڵێ! هەرچەندە پێشڕەوی وریا بوونەوەیان بۆ نووسینی شێوەی موکری بوو بەڵام ئەو بیرو باوەڕەیان بۆ پەیدا بوو کە شێوەی ئەوانیش یەکێکە لە شێوە سەرەکیەکانی زمانی کوردی و ئەگونجێ بەو شێوەیەش پەخشان بنووسرێ. تا ئەو مێژووە هۆنراو زۆر بووە بەڵام پەخشان بوو کە تیایا بێ بەش بوون، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە پەخشانیش وەکوو هۆنراو بەشی خۆی هەیەو ئەبێ ئەو بەشە بدرێ.

جا نموونە دەقی سەرەوە یەکێکە لەو پەخشانانە کە رۆڵەکانی هەستیان پێی کردو توانییان لە باتی ئەوە کە کارەساتی مێژوو بە زمانی فارسی بنووس، بە زمانی کوردی و بە شێوەی خۆیان بێننە ناوەوە!.

«یداللەی رەزایی» گیلانی غەرب هێنای کارەساتی رووداوی مێژووی بەینی دوو پادشای سەفاری و سامانی بە وەکوو داستان بگێرێتەوە و گلەیەک لە بەختی چەواشەی ئەو دووە بکا!. داستانی عەمرو لەیس-ی سەفاری و ئیسماعیل-ی سامانی بەراستی یەکێکە لە ناهەموارییەکانی گەردوون کە بەرانبەر بەوانە نواندوویە!.

ئێمە هێنانی ئەم دەقەمان لێرەدا بۆ ئەوە نەبووە کە رۆژگار کەتنی بە عەمرو لەیسی سەفاری و ئیسماعیلی سامانی داوە، ئەمەمان مەبەست نییە چونکە ئەم کەتنە وەنەبێ هەر بەوانی دابێت، بەڵکوو بە سوڵتان بایەزید و تەیمووری لەنگ-یشی داوە و هی ئەمان زیاتر سەرسام کەرە!. بەڵکوو مەبەستەکەی ئێمە تەنیا نموونە دەقێکی ئەو شێوەیەیە. وەکوو لێی ورد ئەبینەوە وەنەبێ جیاوازیەکەی لەگەڵ شێوەی موکری دا جیاوازیەکی وابێ کە بەگران پیاو لێی تێ بگا. لە راستی دا ئەگەر نووسینی ئیملاکەی لەسەر نووسینی ئیملای فارسی بێ خوێندنەوەکەی بۆ یەکێ کە بەو شێوەیە رانەهاتبێ تۆزێ گرانە، بەڵام کە خرایە سەر ئیملای نووسینی کوردی ئێمرۆ -وەکوو خراوە- هیچ گرانیەکی تێدانییە، بەڵکوو ئەتوانین بڵێین: لە تاکە تاکەی ئەو وشانەدا کە لەو شێوەیەدا هەن دەوڵەمەندیەکی زیاتر ئەدا بە شێوەی موکری و هەر دووکی بە تەواوی لێک نزیک ئەخاتەوە.

جا بەو بۆنەوە ئێمە ئەتوانین بڵێین: زمانی کوردی لەبەر ئەوە کە لە چەرخەکانی

رابوردوویا بە هیچ جۆر دەستی خزمەتی نەگەیشتۆتێ وخاوەنەکەی پەرت وبڵاو بووەتەوە، واچووەتە دڵمانەوەو وا چوو بوو کە زمانی کوردی شتێکی وا نییەو بۆنی پەرداخیی لێوە نایەت!. لەگەڵ ئەوەشا وا نییە. زمانی کوردی دەوڵەمەندە، بە پێی پێویستی رۆژ بڕوا ناکەم لە سەر هیچ شتێک پەکی بکەوێ، پەک کەوتنەکەی هەر ئەوەیە کە ئەوەیە کە ئەبێ خزمەت بکرێ، ئەمەش کەوتۆتە ئەستۆی رۆڵەکانی خۆیەوە. پیاو خۆی سەری خۆی نەخورێنێ، کەس بۆی ناخورێنێ، ئەگەر بیشی خورێنێ- لەگەڵ ئەوەش کە خرووی ناشکێ- هەر لەبەر مەبەستی خۆیەتی نەوەک لەبەر ئەم!!..

***

هەموو ئەبێ ئەوە بزانین کە دەقی زمانێک- هۆنراو بێ ئەو دەقە یا پەخشان- کۆمەڵە مەعنایەکە کە بکەوێتە ناو قاڵبی وشەوەو بە رستە پاشان بکەوێتە سەر کاغەز. ئێمە لێرەدا گەڕانەکەمان بۆ پەخشانە، زمانەکەمان داوای ئەو پەخشانانەمان لێی ئەکا کە تا ئێستە هەبوون و بە گوێ نەدان زۆریشیان لە ناو چوون. کوردەکە بەتەنگیەوە بوو بێ یا نەبوو بێ گەلێکیان نەماونەتەوە، ئێمە بۆ نموونە بە ئەندازەی دەسەڵات لێیان کۆ ئەکەینەوەو لەم شوێنەدا ئەیانخەینە بەرچاو.

وەکوو ئەمە هەیە ئەبێ ئەوەش بزانین: کە کوردی ئێمە- وەکوو زۆرتر لە نەتەوەکانی رۆژهەڵات- دوور بوون لە زمانەکانی ئەورووپاییەوە، ئێستە وا وردە وردە روومان کردۆتە ئەو دەروازەیە کە جاروبار پێیێک بخەینە ئەو دیوی دەروازەکەوەو بە گۆشەیەکی چاو ترووسکەیەک لەبیر باوەڕی ئەو زمانانەش بەدی بکەین. ئەمە بۆ ئێمەی کورد فرمانێکی گرانە، چونکە نزیک بوونەوە لە زمانەکانی رۆژاوا هەموو جۆرە دەرفەتێکی ئەوێ، ئێمە ئەو دەرفەتەمان زۆر کەم بۆ رێ کەوتووە، ئەگەر بە دەگمەنیش رێ کەوێ هەر ئەبێ لە کونی دەرزیەوە سەیر بکەین و بەڵکوو بە چرای رۆنگەرچەکەوە بیدۆزینەوە!.

ئەوەندە هەیە یەکێکی وەکوو من کە کوردێکم دڵم بەوە خۆشە کە مادام چەند کەسێکمان تێدا پەیدا بوو بگەن بە زمانەکانی ئاورووپا بێ گومان لەم چەند کەسەوە ئەتەنێتەوە بۆ هەزاران کەسمان.

لەو کەسانە یەکێکیان «بابە عەلی» شێخ مەحموودی حەفیدە کەبۆی لوا لە نووسینێکی «جون ستیوار مل»ی ئینگلیزییەوە ئەو دەقەمان بە زمانی کوردی بۆ دروست بکا. مەبەستەکە ئەوەیە کە زمانەکەمان وەکوو چۆن لە زادەی فیکری خۆی پەخشان پێکەوە

ئەنێ، لە وەرگێرانیش لە زمانێکی ئەورووپییەوە وا خەریکە پێکیەوە ئەنێ. ئەم دەقە دوور نییە ئەگەر خاوەنەکەی پەخشانێکی لە فیکرو زمانی خۆی دروست بکردایە، لام وایە رێختی عیبارەتەکەی گەلێ بەهێزتر ئەبوو. بەڵام لێرەدا یەکەم؛ پەخشانێکی کوردی-مان-کە لەزمانێکی بێگانەوە کراوە بە کوردی- کەوتە بەر دەستمان. دووەم وەکوو ئاگادار بووینمان بەسەر ناوچەی بیرو باوەڕی خۆمانا پێویستە بەو جۆرەش پێویستە ئاگادار بین بە سەر ناوچەی بیرو باوەڕی گەورە پیاوێکی بێگانەش کەلەناو نەتەوەیەکی وەکوو ئنگلیزادا هەڵکەوتووە. کەواتە دەقی ئەم پەخشانە لەدوو لاوە سوودی بە ئێمە گەیاند.

***

هەر بۆ دەقێکی پەخشان کە لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتبێتە سەر زمانی کوردی ئەم پارچەیەی خوارەوەیە کە «گەلاوێژ»ی ژمارە «٥، ٦»ی ساڵی «٢» -١٩٤١ لەژێر ناوی: «کە نەوت و خەڵووز بڕایەوە»دا خستوویەتە بەردەستمان و ئەڵێ:

(لەم سەردەمی ماکینەیەدا نەوت و خەڵووز نرخێکی تا بڵێیت زۆریان هەیە بۆ پێشکەوتن، بۆیە کز بوونی خێرای رێژوو نەوتی ژێر زەمین ترسێکی گەورەیە لە رێی شارستانێتیدا، لەبەر ئەمە زانایان هەر لە ئێستەوە خەریکی چار بۆ دۆزینەوەین.

وەکوو دانراوە بە راوێژ؛ سووتەمەنی نەوتی دنیا بەشی تا «٥٠» ساڵی تر ئەکا، هەروەها خەڵووزیش ئینجا بەشی سەد ساڵی تر بکات. بەنیازی دۆزینەوەی سووتەمەنیەکی تر کە لە برێتی نەوت و رێژو بەکار بهێنرێت گەلێ تەجروبەی گەورە گەورە کراوەو نزیکی «٢٠٠» ملیۆن پاوەن دانراوە لە ئەمەریکا کەلەم رێیەدا سەرف بکرێت.

میستەر هانری فورد کە خاوەنی فابریقەکانی ئوتۆمۆبێلی «فورد»ی بەناوبانگە، یەکێکە لە یاریەدەرە هەرە بەکارو بە پەرۆشەکانی ئەم هەوڵە، لە شاری «دیترۆیت» لابراتوری «جێ تاقی کردنەوەیەکی» گەورەی لای یەکێ لە فابریقەی ئوتۆمۆبێلەکانیەوە کردۆتەوە بۆ ئەم نیازە. بەشێکی زۆری ئەم هەوڵە بۆ ئەوە ئەدرێت کە شتێکی وا بدۆزرێتەوە جێی نەوت «Petrol» بگرێت و لەم رێیەدا هەنگاوی گەورە گەورە هاوێژراوە. ئەو کیمیا گەرانەی لەگەڵ ئەم ئیشە خەریکن بۆیان دەرکەوتووە کە تۆی لۆبیا «Soyabeam» ئەشێ ببێ بەسەرچاوەیەکی زۆر بایەخدار بۆ سووتەمەنی دوا رۆژ، چونکە ئەتوانرێ ماددەیەکی شلی وای لێ دەربهێنرێت کە بۆ ماکینە هەڵسووڕاندن جێی پەترۆڵ

بگرێت.

میسـتەر چارلس کە خـاوەنی کـارخانەی ئـوتۆمـۆبیلی «جـەنەرال مـوتورس»ە ئەویش لابـراتۆرییـەکی داناوە بۆ ئەم چەشنە تاقـیکردنەوانە، بەڵام ئەم کـە لێی بپـرسی نیـازت چییـە؟ ئەڵێ: «ئـەمـەوێ بزانم چۆن گـیـا سـەوز ئەبێ؟. هەر ئەوەندەو بـەس!». رەنگە زۆر کـــەس ئەم وەرامـــە زۆر لە بـاسی بەدووی سووتەمەنیەکی تـرا گەڕان بە دوور بزانن، کەچی وانییە، چونکە ئەگەر توانرا ئەمە بدۆزرێتەوە کە گیا بۆ چ و چۆن سەوز ئەبێت ئەوسا وەرامی ئەو پرسیارە چەند سەد ساڵییە ئەدرێتەوە کە زانایان سەریان لێی سوڕ ماوە کەوا نەباتات چۆن هەتاو ئەمژێت و چۆن لە خۆیا ئەیهێڵێتەوە «عـەماری ئەکات». وە ئەوسا گەورەترین سەرچاوە ئەدۆزێتەوە کە ئەویش «خۆرە».

«لەئنگلیزییەوە»).

دەقی ئەم پەخشانە هیچ نەبێ ئەوەمان پیشان ئەدا کە ئەگەر ئەمە لەزمانێکی رۆژاوایی وەکوو ئینگلیزییەوە نەخرایەتە سەر زمانی کوردی، ئێمە بە هیچ جۆر ئاگامان لەو بابەتە زانیـارییـە نەدەبوو کـەوا عـالـەمی مـەکـینەدارەکـانی گـێـژ کـردووە بۆ ئەوە چارەسـەرێکی پاشەرۆژی خۆیان بکەن!.

ئەمـە ئەوەمـان پیـشـان ئەدا کـە دنیـا بەتەواوی لە پێـشکەوتنایە؛ لە بابەتی دەست، مێشک ئیش ئەکا؛ مێشک مەکینەی هێنایە ناوەوە. سەر دەمەکانی پێشووتر گەلێ لەم مەکینانە بە خەڵووزی بەرد ئیشیان ئەکرد. وڵاتانی خاوەن مەکینە کەوتنە سەر ئەوە کە ئەم شـەپۆلە بـە «رەژوو» بەری ناگیـرێ، هاتن نەوتیـان دۆزیەوەو بەکـاریان هێنا بۆ سـووڕانی چەرخی مەکینەکان، رەژووەکەش هەر ئیشی خۆی ئەکرد، بەڵام سێڵاوی چەرخی مەکینە لەوزە دەرچوو؛ ئەو ترسە پەیدا بوو کەرۆژێک دێتە پێشەوە نەوت-یش ئەو ئەرکەی پێوە بەرێ نابرێ و ئەوان بە دەستە پاچەیی ئەمێننەوە!. کەوتنە سەر ئەوە کە بەڵکوو شتێک بدۆزنەوە ئەگەر نەوت-یش بڕایەوە ئەوان مەکینەکانی خۆیان هەر بخەنە گەڕ، وە بەڵکوو ئەبێ شـتێک بێت کـە هەرگیـز لە دوایی هاتن نەیەت، با مەکینەکانیش رۆژ بەرۆژ زیاتر سنگ بۆ پێشەوە بەرن. ئەوەش کەئەم ئامانجەی پێ دروستـببێ لە تیـشکی رۆژ بەولاوە هیچی تر نییە!. ئادەمیزاد جانەوەرە کەوتە سەر ئەم بیرە، ئاخرەکەی هەر ئەیگاتێ!.

ئەم دەقـە بوو بە سـامـانێکی بە بایەخ بۆ پەخشـانی زمـانی کـوردی، ئەگـەر وەرگێـڕان نەبوایە ئێمـە ئەم جۆرە رێختـەمـان نە ئەکەوتە بەردەست. بە تایبەتی روخسـارو ناوەرۆکی

روو بە رووی یەک وەستاونەتەوەو هەر دووکیان دەنگیان کردووە بەیەک بۆ دروستکردنی مەعنا لە پەخشانێکی کوردیدا.

ئەبێ ئەوەش بڵێین: کە خاوەنی ئینگلیزییەکە ئەڵێ نەوت تا پەنجا ساڵێکی تر بەش ئەکا و لەوە دوا دوایی دێت. ئەوا ئێستە پەنجا ساڵەکە تەنگی بە دوایی هاتن هەڵچنی، کەچی نەوت و نەوت ویستەکان تازە کڵاشە ئەکەن!. ئێمە چیمان داوە لەم قسەیە؟. مەبەستەکەی ئێمە هاتە دی؛ کە کورد بە وەرگێڕانی بابەتێکی زمانی ئینگلیزی پەخشانێکی نوێ لە زمانەکەی خۆیا پێکهێنا، ئەگینا خوای ئەکرد نەوت رۆژی زووتر دوایی ئەهات، چونکە بەدبەختی کورد لەنەوتەوە بوو، کاتێ کە نەوتی بۆ پەیدا بوو ئەبێ هەزار خۆزگە بۆ ئەو رۆژەی بخوازێ کە چۆڕێکی نەبوو!. کە نەوت لە وولاتەکەیا پەیدا بوو کوردەکە کرا بەهەلووکی قەڵەمەرداری!!.

* * *

وێنەیەکی تر لە پەخشانێکی رۆژاوایی کە وەرگێررابێتە سەر زمانی کوردی ئەم چیرۆکەی «هانس ئەندرسن»ە کە یەکێکە لە ئەدیبە گەورەکانی «دانیمارک» و لە «١٨٧٥»ی میلادی دا لە «کۆبنهاگن» مردووە. ئەم نموونەیەی خوارەوە زانا «ناجی عباس» خستوویەتە سەر زمانی کوردی و لە «گەلاوێژ»ی ژمارە «٢»ی ساڵی «٤»ی - ١٩٤٣-دا بڵاوی کردۆتەوە و ئەڵێ:

(دایکێک بە چاوی پڕ فرمێسک و دڵی پڕ غەمەوە بە دیار منداڵە نەخۆشەکەیەوە شەوی ئەبردە سەر و بە هۆی ئەوەوە کە لە دڵی گەڕا کە کوڕەکەی شتێکی بە سەر دێ، هەناسەی ساردی هەڵئەکێشاو وەک بارانی پەڵە ئاو بە چاویا ئەهاتە خوارەوێ- لەو عانەدا پیرەمیردێکی ریش سپیی چەماوە بە گۆچانێکەوە سەری کرد بە ماڵا، لە سەرمانا چۆقەی دانی ئەهات، وەک پێچە کلوو بەفر بە باوە ئەباری.

دایکە کە چاوی بەم پیرەمێردە کەوت بەزەیی پیا هات، وە کە دی کوڕەکەی بێ دەنگ بووە ئاگرێکی بۆ کردەوە، کابراش لە نزیک جۆلانەی منداڵە نەخۆشەکەوە چوار مەشقی دانیشت و کەوتە راژەنی، دایکیشی لە سەر کورسیەک بە ماتی دانیشت و چاوی بڕیە کۆرپەکەی، وە جار جار لە بەر خۆیەوە دەستی ئەکرد بە گریان. لە کابرای پرسی: «تۆ بڵێی خوا بەزەیی پیاما بێ و ئەم کزەی جەرگەم لێ نەسێنێ؟. کابراش بە بێ دەنگیەوە سەرێکی باداو دایکە بۆی ساغ نەبووەوە مەبەستی لەم سەر بادانە مانیەتی یا مردنی. حاڵ

وایە ئەم کابرایە خۆی فریشتەی مەرگ بوو!. دایکە سەری شۆڕ کردو فرمێسکی گەرم بە سەر روومەتیا هاتە خوارێ، لەگەڵ ئەمەشدا هەستی بە ماندویەتیەکی زۆر ئەکرد خەو ئەیبردەوە چونکە سێ شەوو سێ رۆژ بوو خەو نەچوو بووە چاوی. لەپڕ راپەڕی و لە سەرمانا مووچڕکی پیا ئەهات. کە بە دەورو پشتی خۆیا روانی نە پیرەمێرد و نە کوڕەکەی هیچکامیان لە شوێنی خۆیانا نەما بوون!. کەوتە هاوارو گریان، وە لە ژوور سەری منداڵەکەوە پەندۆڵی سەعاتەکە ئەهات و ئەچوو، ئەویش لە پڕ لە ئیش وەستاو کەوتە خوارێ!. دایکە دڵ سووتاوەکە بە پەشووکاوی رایکردە دەرەوەو ئەیقریژان ئەیوت: «کوڕەکەم.»، لەولای ماڵی خۆیانەوە چاوی بە ژنێکی رەشپووش کەوت لە ناو بەفرەکەدا هەنگاوی ئەنا، وەرامی دایەوە وتی: «ئێستە دیم فریشتەی مەرگ لە ژوورەکەت هاتە دەرێ، منداڵەکەتی بە باوەشەوە بوو تیژ تێ پەڕی و بەتەما مەبە جارێکی تر بگەڕێتەوە»، دایکە کەوتە پاڕانەوە و لالانەوە لێی وتی: «توخوا پێم بڵێ رووی کردە چ شوێنێک تا دوای کەوم»، ژنە جل رەشەکە وەرامی دایەوە وتی: «شوێنەکەی نازانم، بەڵام پێت ناڵێم تا هەموو ئەو گۆرانیانەم بۆ نەڵێی کە بۆ کوڕەکەت ئەوت، چونکە من شەوم و حەز بەم چەشنە گۆرانییانە ئەکەم، بارەها گوێم لە دەنگت بووەو بە مست فرمێسکم هەڵڕشتووە.».. دایکیش وتی: «هەموویت بۆ ئەڵێم و هیچی ناپەڕێنم، دەستم داوێنت راگیرم مەکە، جارێ وازم لێ بێنە با شوێن فریشتەی مەرگ بکەوم و کۆرپەکەمی لێ بسێنمەوە.»..

ژنەکە گوێی نەدایە ئەم پاڕانەوەیە و هەر سەری بۆ با ئەدا. دایکە ناچار دەستی کرد بە گۆرانی و بە دەم گۆرانییەوە دەسی ئەگلۆفت و تالێ بووەوە فرمێسک لە چاوی نەبڕا. کە ژنە دیی خەریکە ماندوو بێ وتی: «ئەم کۆڵانە بگرەو بە لای راست بڕۆ تا ئەگەیتە دار تووەکان، فریشتەی مردن بە منداڵەکەتەوە رووی کردە ئەوێ.»، دایکە کە گەیشتە ئەوێ چەند رێی یەکی دی کە هەر یەکە روو ئەکاتە شوێنێک، واقی وڕما نەیزانی کامیان بگرێ. لە نزیک تووترکێکەوە وەستا، نە گوڵی پێوە مابوو نە گەڵا، چونکە چلەی زستان بوو بەفر بە سەر چڵەکانییەوە وەستا بوو. دایکە لە تووترکی پرسی وتی: «توخوا فریشتەی مەرگ بەلای تۆدا تێپەڕ نەبو؟. کوڕەکەمی بە باوەشەوە بووبێ»، تووترکە دڕکاویەکە وەرامی دایەوە وتی: «بەڵێ دیم، بەڵام پێت ناڵێم بە کوێ دا رۆیشت تا نەمگریتە باوەش و گەرمم نەکەیتەوە، چونکە سەرما کارێکی خراپی پێ کردووم.»، دایکە ناچار باوەشی بە تووترکدا کرد و

بە خۆیەوە نووسان، تا کلوو بەفرەکانی سەری توانەوەو لە زۆر شوێنەوە درک لە لەشی چەقی و هێنایە خوێن و دارەکە خۆی بە زەبری گەرمیی دڵی ئەم دایکە دڵسووتاوە گەڵای سەوزو جوانی دەرکرد و ڕێی پیشاندا، ڕێگاکەی گرتە بەر تا گەیشتە کەناری گۆلێکی گەورە، تا چاو بڕ بکا پان و چ بەلەم، یا کەشتیەکی بە سەریەوە نەدی و سەرما ڕووەکەی نەبەستبوو تا بتوانێ بە سەریا بڕوا و لەبەر قووڵیشی نەیوێرا لێی بدا، وە بۆ ئەوەی کۆرپەکەی دەست بکەوێتەوە ناچار بوو بە پەڕینەوە لێی. دایکی بەسەزمان لەپەو ڕوو خۆی دا بە زەویدا بەو نیازە کە بکەوێتە خواردنەوەی تا چۆڕی لێ ئەبڕی!. و لە داخی کوڕەکەی لە بیری چووبووەوە کە ئەمە لە تەوانای تەنیا کەسێکدا نییە.

گوڵ هاتە زمان وتی: «خەیاڵت خاوە، چاکتر ئەوەیە هەردووکمان لە سەر شتیک ڕێک بکەوین، من زۆر حەز بە کۆکردنەوەی مرواری ئەکەم و ئەوەتی هەم لە چاوی تۆ بریقەدارتر و گەشترم نەدیوە، بێتو ئەم دوو مرواریەتم بدەیتێ هەڵتئەگرم و ئەتگەیینمە ئەو باخە گەورەیە کە فریشتەی مەرگ دارو گوڵەکانی تیا پەروەردە ئەکاو هەر یەکە لەو دارو گوڵانە گیانی ئادەمیزادێکە». دایکە بێ چارەکە وتی: «بەتەنگ هیچەوە نیم و هەردوو شتێک بەخت ئەکەم هەر بۆ ئەوەی بگەم بە کوڕەکەم».، کەوتە گریان و فرمێسک هەڵڕشتن تا هەردوو گلێنەی چاوی کەوتنە گۆلەکەوەو بوون بە دوو مرواری پرشنگدار، گۆلەکەش وەک هەڵۆ قۆستنیەوەو دایکەی بە بێ گرێ پەڕانەوە ئەو بەر بۆ ئەو کۆشکە گەورەیە کە لە گوێ ئاوەکە چوو بووە ئاسمان هەر چەندی کرد بۆی ساغ نەبووەوە کە ئەم کۆشکە بەدەستی دەستکردی ئادەمیزادە یا خوا کرد، وە بە قوڵپی گریانەوە لە کۆشکەکەی پرسی: «فریشتەی مەرگ لە کوێ بێنم تا لێی بپاڕێمەوەو کوڕەکەم بداتەوە دەست»، لە پڕ پیرێژنێکی کۆماوە، کە لە ناو گوڵەکانا پاسەوانیی دارو گوڵەکانی پێی سپاردبوو وەرامی دایەوە وتی: «تازە کوڕەکەت دەست ناکەوێتەوە، تۆ چۆن خۆت گەیانە ئێرەو کێ گەیانتی؟»، دایکە وتی: «خوای گەورە منی گەیانە ئێرە، داپیرە گیان توخوا ئەگەر پێم نەڵێی کوا کۆرپەکەم؟».

داپیرە وتی: «نازانم و لام وایە تۆ نابینایت، ئەمشەو دارو گوڵێکی زۆر وشک بوون و وەریون، فریشتەی مەرگ چووە بیانچنێتەوە، ئەبێ بزانی هەر کەسێک دار یا گوڵێکی بۆ دانراوە، ئەمانە هەر چەندە وەک دارو گوڵی ترن بەڵام دەماریا لێ ئەداو بێ گومان تۆ بە تاقیکردنەوەی لێ دانی دەماری یەکێ لەم گوڵانەدا ئەتوانی کوڕەکەی خۆت بدۆزیتەوە بەڵام چیم پێ ئەبەخشیت ئەگەر

فێرت بکەم دوای ئەمە چی پێویستە بیکەی؟»، دایکە بە کزیەوە وتی: «هیچ شک نابەم پێشکەشتی بکەم بەڵام ئارەزووی چی ئەکەی و لە کوێیە پێم بڵێ تا ئەو پەڕی زەمینت بۆ بچم»، داپیرە وەرامی دایەوە وتی: «ئەم کردەوەی تۆیە بەکەڵکی من نایەت، ئەگەر ئەتەوێ چاکەم بدەیتەوە قژە جوان و رەشو درێژەکەتم بدەرێ، زۆرم حەز لێ کردووە، لە جیاتی ئەوە منیش قژە سپیەکەی خۆمت ئەدەمێ لە نەبوو باشترە»..

...................................................................... ).

ئەمە نموونەیەک بوو بۆ ئەوە کە کورد لە فیکرەی رۆژاواییەکەوە دەقێکی پەخشانی لە زمانی کوردیدا هێناوەتە بەرهەم، ئاگادارییەکە بۆ خوێنەرانی پەخشان کوردی کە رۆژاواییەک چۆن چووەتە ناو گۆمی خەیاڵاتەوەو چۆن پەخشانی لە زمانی خۆیا بە چیرۆک دروستکردووە؟.

رۆژهەڵاتییەکی وەکوو کورد کە پەخشان پێکەوە ئەنێ لە زادەی ناوچەکەی خۆیەوە دروستی ئەکا، دوور نییە ئەو جۆرە فیکرەیە کە رۆژاواییەکە بەپێی ناوچەکەی خۆی کردوویەتەوە، رۆژهەڵاتییەکە ئەو فیکرەیە نەکاتەوە، چونکە چەنبەری ناوچەکەی ئەم جیایە لەهی ئەو ، ئەوەندە هەیە ناوەرۆکی پەخشان ئەڵەمانییەکە بەهۆی ئەم وەرگێڕانەوە روخساری پەخشانێکی کوردی بۆ هێناوینەتە ناوەوە.

وەکوو ئەمە هەیە ئەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەم ناوەرۆکە ئەگەر هەر لە کوردیدا بوایەت و نووسەری کوردییە خۆی دروستی بکردایە لەوانە بوو دارشتنی روخسارەکەی بە هێزتر ئەبوو، چونکە لە هەندێ شوێنیا ئەگەر عیبارەت بەتەواوی لە چەشەی کوردییەوە دروست ببوایە لەوانە بوو بە برشتترو دارشتنەکەی بە هێزتر ئەبوو!. لەگەڵ ئەوەشا ئێمە دەقێکی پەخشانی کوردی-کە لە وەرگێڕانی زمانێکی ئەورووپییەوە- کەوتۆتە ناو سامانی پەخشانەکانمان ئەمە ئەوەی تێ گەیاندین کە کورد خەریکە ئەو دەسەڵاتە پەیدا ئەکا؛ چۆن لە بابەت و دیمەنا دەستی داوەتە پەخشان بەو جۆرەش ئەتوانێ لە زمانانی ترەوە چەشنی دیمەنی پەخشانی کوردی دروست بکا، ئەمە پێشکەوتنێکە بۆ زمانی کوردی، چونکە هەتا دەوروبەری ئەم مێژوانە کورد ئەگەر پیشەی وەرگێڕانی بکردایە هەر لە زمانەکانی دراوسێ خۆیەوە بوو، ئێستە پەلی هاویشت بۆ ئەورووپاو بۆ ئەو شوێنانە کە مەگەر بە بیستن بمانبیستایە کە ئەیانوت فەرەنگستان.

دیسان لەم دەقەدا هەندێ وشەی ناوچەیەکی تایبەتی کوردەواریمان ئەکەوێتە بەرچاو

ئەگەر وەرگێڕ ئەم وەرگێڕانەی نەکردایە لەوانە بوو ئەو جۆرە وشانەی بۆ نەهاتایە لە کاتێکا کە نووسینەکەی نووسینێک بوایە کە لە ناوجەرگەی زادەی فیکری وڵاتەکەوە هەڵقوڵابایە.

***

ساڵەکانی «١٩٤٠-١٩٥٠»شێوەی پەخشانەکەی -چ وەرگێڕان لە زمانێکی بێگانەی دوورەوە، چ پەخشانی زادەی زمانەکە خۆی- بە ئاشکرا بۆمان روون ئەکاتەوە کە شێوەکەی جیاوازیەکی تەواوی هەیە لە هی پێش و پاش ئەم مێژووە.

بە وێنە «طاهر هاشمی» دەوڵەتاوایی لە ژمارە «١١»ی ساڵی «٤»ی گەلاوێژ -١٩٤٣-لەژێرناوی «شێر لە بێشە هاتە دەر»دا پەخشانێکمان ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

(یەکێ لە عەواملی بەدبەختی و رۆژرەشی بۆ میللەتێک قەبووڵی عەقایدی فاسدەی برێ کەسانی ئەوتەوە کە زمانیان هیچ کاتێک بە چاکە ناگەڕێت، وە لە هەموو کاتێکی تایبەتیدا بە وتنی «زەرب لمەسەلە»یا گێڕانەوەی سەر گوزەشتەیەک مەنوییات و مەراماتی زۆر پیس و ماڵ وێرانکەری، خۆیان تەزریق ئەکەنە هاو خوێنەکانیان، وە بەم جۆرە هەزاران کوڕو کچی تازە پێ گەیشتوو، هەزاران پیاو و ژنی کار لێی هاتوو؛ ئەو کوڕو کچانەی کە چەندین ئومێدمان پێیان هەیە، ئەو ژن و پیاوانەی کە بە تەمای سەمەریانین، لە رێ دەر ئەکەن!. دەروو بە خراپەیان ئەدەن!.. مەسەلا کوڕەیان ئەبینن کە لەبەر منداڵی و نەفامی، ماددەی موستەعددی ئەوەیە کە لەگەڵ باوکیا ناسازگار بێت!. لێی گلێر ئەبنەوە، دەمی بۆ ئەتەقێنن، شەراب و کەبابی موفتی ئەخۆن، هەرچێ شتێکی هەبێ لە دەستی ئەسێنن، لە پاشا کە ئەیانەوێ جەزای چاکەی بدەنەوە، بە زمانێکی، گەلێ بۆ دوژمنی کردن لەگەڵ باوکیا هەڵی ئەنێن، کار ئەمەندە قووڵ ئەکەنەوە کە کوڕە قسەی سووک لە رووی باوکیا بکات، وە بەبێ ئەمری باوکی دەس بنێتە ماڵ و دەوڵەوت هەمووی لە بەین ببات. جا بەمە دڵخۆشی ئەدەنەوەو ئەڵێن: «شێر لە بێشە هاتە دەر چ نێر چ مێنگە!»..، کابراش ئیتر بیر ناکاتەوە بڵێ: ئەمانە ئابڕۆ، ئیعتبار، حەیسییەت و شەرەفی منیان بەرباد کردووە، بۆ چ بکەومە شوێنی قەولیان؟. بۆ چ ئەبێ کاری خۆم نەکەمەوە؟!

ئەفسووس ئەخۆم کە چەند سەد هەزار ساڵ لە عومری میللەتی کورد ئەچێت، وە هەموو بەم دەردە گیرۆدەن و یەکێکیان تێنەکۆشاون بۆ لە بەین هەڵگرتنی ئەم ئەساسە پیسە، ئەم ئەسڵە تاریکە، ئەم رەسمە قەبێحە. هەر کوڕەو لە سەر کوێخایی چوار ماڵی لات و لووت باوکی خۆی ئەتاسێنێ، وەهەر باوکەو

لەسەر چوار کوت جلە شڕی چەپاوی سەری کوڕی خۆی ئەقێنێ!. کاتێکیش لە کردەوە پەشیمان ئەبینەوە کارێکی وا ئەکەن کە لە کارە پێشووەکەیان هەزار جار خراپترە!. دوور بۆی نەچین؛ سەدو پەنجا ساڵ لەمەوپێش «ئامان الله خانی» والی کوردوستان- خوای لێی رازی بێ- چاوی میللەتی کورد بوو، لە عەسری خۆیا بە یەکەم پیاوی کورد ناوی ئەبرا. ئەم والییە گەورە کوڕێکی ئەبێ چ کوڕ؟. لاوێکی زۆر ئازاو لایق شمشێر وەشێن، ناوی «محمد حسن» خان ئەبێت، پاش گەورە بوون و پێ گەیشتنی، جەماعەتێ لە خێر بەزمانا نەهاتووە نمەک بە حەرامەکانی مەعاشخۆری والی لێی کۆ ئەبنەوە، وە ئەخوێنن بە سەریاو لە مەعنای: «شێر لە بێشە هاتەدەرێ تێی ئەگەیەنن کار گەیشتە جێییێکی وا کە «محمد حسن» خان لەناو عەشایری کوردوستانا کەوتە تەبلێغاتەوە، وە زۆر لە خراپەو زوڵمی باوکی دوی، تا دڵی چەند سەر کردەئێکی بە دەست هێنا، وە بەم جۆرە ئێل و ئۆماخێکی بۆ خۆی کۆکردەوە، وە لەگەڵ باوکیا ئامادەی جەنگ و پەیکار بوو!. فیتنەی «محمد حسن» خان لە کوردوستانا شۆرەتی پەیدا کرد، چپو کوڕ لە هەموو پاڵ دیوارێکا دەس پێ کرا، دڵسۆزەکانی نیشتمانپەروەر لە خوا ئەپاڕیانەوە کە ئەم باوک و فەرزەندە نەبێ بە شەڕیان، وە خاکی کوردوستان لە لاوە شیر وەشێنەکان خاڵی نەبێت. خەیر! دوعای کەس گیرا نەبوو، وە والییان لە کردەوەی «محمد حسن» خان ئاگادار کرد. جا، والی-ش کە ئەمەی بیست لە شکرێکی زۆر گەورەی کۆکردەوە، وە لەگەڵ کوڕە نەوجوانە دلاوەرەکەی خۆیا ئیعلانی شەڕی دا، وە لە بلووکی «روانسەر» لە دێکەدەی «تەم تەم »دا جەنگ دەس پێ کرا، جوانی جگەر گۆشەی والی و وەلی عەهدی کوردوستان یەعنی «محمد حسن» خان لەو شەڕەدا بەدەست لەشکریانی باوکی کوژرا و جەرگی باوکی سووتاند!.

والی پاش بەینێک لە کردەوە پەشیمان ئەبێتەوە و کوژرانی کوڕی نەوجوان و دلاوەری ئاگر بەر ئەداتە جەرگ و هەناوی!. وەقرەی لێ ئەبڕێ ئارامی نامێنێت، هەرچی تەقەلا ئەدات ناتوانێ ددان بگرێ بە جەرگی خۆیا، شێت و شەیدای کوژرانی کوڕە لاوەکەی ئەبێت، بۆ تەسەللی خاتری پڕ زام و زووخی خۆی هەڵئەسێ چی ئەکات؟ تەواوی سەرکردەکانی تابعی خۆی کۆ ئەکاتەوەو لە جێ گەیەکا حەوزو فوارەی ئەبێ دەعوەتیان ئەکات، قسە بە قسەو باس بە باس کوتوپڕ لە بەینی قسە کردنا لێیان ئەپرسێ ئەڵێ: «نازانن قوڵە قوڵی ئەم فوارەیە چی ئەڵێت؟!». هەموو سەرداران دڵیان دێتە لەرزەو عەرز ئەکەن: «نەخەیر قوربان»، ئەڵێ: «ئەم فوارەیە بە دەنگێکی مەحزوون و دڵسۆزانە

ڕۆڵە ڕۆ ئەکات!»..، سەرکردەکان کە ئەمە ئەبێن شەستیان لێ باخەبەر ئەبێ و ددانی حەیات ئەکەنن!. ماحەسەڵ والی بەجورمی ئەمەی کەئەم سەردارانە بۆچ نەبوون بە ناوبژیکەری بەینی ئەم باوک و فەرزەندە، چەند کەسێکیان لێ ئەکوژێ و چەند کەسێکیشیان لێ لووت و گوێ ئەکات!. بەڵام ئەوانەی کە مەعنای «شێر لە بێشە هاتەدەر» تەڵقێن ئەکەنە دڵی والی زادەوە بەبێ وەی دەرئەچن!. جا تماشاکەن پیاوێکی وەکوو والی ئەوە کردەوەیە، ئەوەش پەشیمانیەتی، ئەبێ کەسانی تر چۆن بن؟!. ئەمە ڕاجع بە پیاوەکانمان بوو، با ڕاجع بە ژنەکانیشمان سەر گوزەشتەئێک بگێڕینەوە:

لە چل و شەش ساڵ لەمەوپێشدا «صحبت الله خانی» کولیائی ئەمری خوای بەجێ هێنا، تاقە کچێکی بوو؛ عەفیفە، وەجیهە، باکەماڵ، بە تەواوی مەعنا کچە کورد، ناوی «جهان ئارا خانم» بوو. «حیدر علی خان»ی برای «صحبت الله خان» ئەم کچە مارە ئەکات بۆ کوڕی گەورەی خۆی، کە پاش بەینێک ئەمرێت، وەجهان ئارا خانم بێوەژن ئەکەوێ، مارەی ئەکات بۆ کوڕی دووەمی، ئەویش ئەمرێت، ئەیەوێ مارەی بکا بۆ کوڕی سێیەمی. ئەمجار جهان ئاراخانم ئەکەوێتە لەجاجەتێکی زۆر غەریبەوە. کار گەیشتە جێگەیەکی وا، کە جهان ئارا خانم دەستی کرد بە سەربەستی بەڵام لە نهایەتی عیففەت و شەرافەتدا. لە باوکم بیست فەرمووی: لە سەید نەجەفعەلی کرماشانی کتێب خوێنو مولازمی ئەو خانمەم بیست کە ئەیگێڕایەوە ئەیوت:

«جهان ئاراخانم ژنێ بوو کەڵەگەت، شیرین و با جەماڵ، زیباو خوش ئەندام، باعیسمەت و مەردانە، ساحیب سام و شکۆ. تەختێکی بوو لە چێوی ئابنۆس خاتەم کاری کراو، کە بیکردایەتە سەر تەختی خۆی بە شیرینی جەماڵ و سەرو شخڵی جەواهر بەندو ڕەشادەتی ئەندامیا عەقڵی هەموو پیاوێکی حەیران ئەکردو شەوکەتی شاهیی لێ بوو. شەش حەو نەفەر کەنیزەکی سازندەو نەوازندەی بوو. زرووف و ئالاتی بادە پەیمانی مەجلسی هەمووی لە زێڕو زیو دروستکرابوو. جا لە ئەسنای بەزم و بادە نۆشیندا منی لە سەر ئەسکەملێک دا ئەناو کتێبی «خورشید و خەرامانم» بۆ ئەخوێند وەوە- ئەم سەیدە زۆر زۆر دەنگ خۆش بوو - هەرچێ ئەو کتێبەم ئەخوێندو سەیری ئوببەهەت و جەماڵی ئەو ژنەم ئەکرد وام ئەزانی ئێستە لە مەجلسی خەرامانی چینا دانیشتوم وە جهان ئارا خانم عەینی خەرامانە!».

ماحەسەڵ ئەم ژنە بە ناوبانگە لەگەڵ مامیا بەینیان تێکچوو، وە لە ڕقی مامیا لەگەڵ «شاهزادە مەلک قاسم میرزا»ی کوڕی «عمادالدولە»ی قاجار

حاکمی کرماشاندا کەوتە موخابەرە، وە شووی پێ کرد. مامی هەرچەند لێی لالیاوە وتی: شوو بە هەر کەس لە خەوانینی کولیائی ئەکەی موبارەکە، خۆم حازرم بۆ هەموو تەدارەکاتێکت. نەی بیست، تا وەختێ کە مەلک قاسم میرزا هەزار سواری موسەللەحی بە تەواوی ئەعیان و ئەشراف و عولەمای کرماشانەوە نارده برازاوا کە جهان ئارای بۆ ببەن. حەیدەر عەلی خان کە ئەمەی بیست ئەتوت کەژێکیان دا بەسەریا!. هەلساو رۆیە لای جهان ئارا خانم، لالەو پالەیەکی زۆری لێی کرد، وتی: ئیستەش لە کەلی شەیتان دابەزەو بمکە بە وەکیل تا نکاحەکەت فەسخ بکەمەوە، ئەگەر بە قەولم نەکەی ئەتکوژم، فایدەی نەبوو، بە واستەی ئەوە کە مەعنای «شێر لە بێشە هاتە دەر» لە دلیا کاری کرد بوو، بە زمانی خۆیان جوابی مامی دایەوە وتی: «مەمووگیان!. ئەگەر بیشم کوشیت، من شووی کردمە و کار لەکار گوزەشتیە، ئیرەنگە دی لە قەول خۆم پەشیمان نیەوم». تائەمەی وت حەیدەر عەلی خان تەقەقە لە دەستیەوە هات بە سەر تەختە ئابنۆسەکەی خۆیەوە کوشتی!. وە بەم جۆرە چرائیکی ڕووناکی کوژرانەوە!.

جا ئەم هەموو بکێش بکێش و خوێنی ناحەق ڕژاندنە هی چییە؟، هی تەءسیری مەعنای چوار کەلیمەی وەکوو شێر لە بێشە هاتە دەرە!).

دەقی ئەم پەخشانە جۆرە شێوەیەکمان پیشان ئەدا کە نە لە شێوەی ساڵەکانی پێش «١٩٤٠» ئەکا نە لەهی پاش «١٩٥٠»، چونکە نووسینی کوردی هێشتا نەکەوتبووە سەر ئەو پلەیە کە بە تەواوی خۆی لە زمانی بێگانە پاک بکاتەوە، وە لەو پلەیەش تێ پەڕیبوو کە بەشی زۆری ڕێختەکەی-وەکوو پێشوو- هەر ئەو زمانە بێگانەیە بێت، ڕاست دەقەکە مێژووی گۆڕانی نووسینی زمانی کوردی مان بۆ دەر ئەخات.وەکوو لەم سووچەوە ئەم سەیرە ئەکەین، لە لایەکی ترەوە ئەوەشمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە نووسەر-ئەو نووسەرە کەلەو دەورەدا بووە - دەسەلاتێکی وای هەیە بتوانێ بەسەرهاتێک - وەکوو بابەتەکە بێت - بە جۆرێکی وەستایانەو خاوەن دەسەلات بخاتە زنجیرەی پەخشانێکی بەهێزی واوە کە خوێنەر وا لێ بکات هەر حەز بکا بە خوێندنەوەی بابەتەکەی.

گیروگرفتی کۆمەلایەتی لە ناو کۆمەلا زۆرە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە نووسەری ئەم پەخشانە باسی کردووە؛ باسی کردووە هەم بۆ ئەوە کە مێژوو کارەسات نەکا بە ژێر لێوەوە، هەم بۆ ئەوە کە سەر مەشقێک بێت بۆ ئەو خوێنەرە کە ئەیخوێنێتەوە تا بتوانێت خۆی لەو جۆرە شتانە بپارێزبی و وردە وردە لەمەوە کۆمەلّ بکەوێتە سەر ئەوە کە تووشی ئەو چەشنە

هەڵخەڵەتانانەو کردەوە نالەبارانە لە رەگ و ریشە هەڵکەنێ، تا جارێکی تر نەکردەوەی وا، وە نە هەڵخڕاندنی وا لە ناو ئەو نەتەوەیەدا روو نەداتەوە.

ئێمە ئەگەر بە تێکڕایی سەیری سروشتی ئادەمیزاد بکەین، دڕندەیەکە لە هەموو دڕندەکان دڕتر، هەر لە بەر ئەم دڕیەتییەیەتی بۆیە ئەم جۆرە کردەوە ناشیرینانە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا روویان داوە و باوک و کوڕ، براو برا، مام و برازا بە یەکا هەڵزناون و ریشەی یەکیان براندۆتەوە. کەوا بوو ئەمە لەم بارەوە تایبەتی نەبوو بە کوردەوە، بەڵام بارەکەی تری کە هەڵخەڵەتاندن و هەڵخڕاندن بە لایەن دۆستانی بە رواڵەت دۆست و لە پەنامەکیا دوژمن، دوور نییە ئەمەیان کەمەکێ لە ناو کورددا زیاتر بوو بێت، سوود پەروەری چاوی دۆستایەتی کوێر ئەکات. ئەم پەخشانە وەکوو کارەساتە مێژووییەکە ئەگێڕێتەوە، ئەو ئامۆژگاریەش ئەکا کە ئەم جۆرە رەوشتە نالەبارانەی لە لایەن دۆستانی سوود پەروەرەوە پەیدا ئەبێ، ئەبێ مرۆڤ لێیان دوور بێت و نەیەڵێ توخنی بکەون.

ئەم دەقە لەگەڵ ئەوەشا کە وشەی بێگانەی لە زمانی کوردی زۆر تێدایە بەڵام لە داڕشتن و رێختەکەیا بتەویەکی نواندووە کە لە کەم پەخشانی ئەو سەردەمەدا ئەبینرێ. بابەتەکە وەکوو لقە رێک و پێکەکانی داری «سەرو» لەخوارەوە بۆ سەرەوەو لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەبێ پچڕان سەرو خواری خۆی کردووە. رستەو عیبارەت هەر یەکە لە شوێنی خۆی جێگای خۆی گرتووە، ئەتوانین بڵێین جۆرە پەخشانی ئاوا یەکێکە لە رێبازەکانی پەخشان و بۆ ئەوە ئەشێ کە بە نموونەیەکی بەرز دابنرێ لەو رێبازەدا. ئەدەب پەروەری و رەوانبێژی لە داڕشتنی عیبارەتا بەبێ خۆ عەزیەتدان کردۆتە کار. بێ گومان ئەگەر پەخشانێکی وەکوو ئەم پەخشانە نەکەوتایەتە سەر کاغەز و نووسەر بەو جۆرە نەیهۆنیایەتەوە ئێمە ئەو سامانەمان نەئەکەوتە بەردەست کە بڵێین پەخشانی کوردی خێوەتی ئاوریشمی خۆی بە سەر ئەم جۆرە شێوەشا بڵاوکردۆتەوە. زادەی فیکری خۆماڵی کە لە ناوچەوە هەڵقوڵابێ بە تەواوی بۆمان دەر ئەخا کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوانی دوو پەخشانی رۆژاواییێک و رۆژهەڵاتیەکدا، چ لەباری ریختەوە، چ لەباری بیرو هۆشەوە، ئەتوانین بڵێین روخسارو ناوەرۆک بە دوو قۆڵی دەقێکی وا بڕشتیان دروستکردووە.

* * *

بابەتەکەمان لەم شوێنەدا بابەتی پەخشانێکە کە لە زمانێکەوە وەرگێڕ-رابێتە سەر

زمانی کوردی، چ له زمانێکی رۆژاوایییەوە بوو بێ، وەیا لە رۆژهەڵاتییەوە. نموونە لە هی رۆژاوایییەکەوە هێنرایەوە، ئێستە نموونەیەکی تر بۆ رۆژهەڵاتییەکە.

ئەمە وێنەیەکە کە «حسن فهمی جاف» لە ژمارە «٧» ساڵی «٤»ی گۆڤاری گەلاوێژ – ١٩٤٣– لە ژێر ناوی «شازادەی بتلیس»دا ئەیخاتە بەر دەستمان و ئەڵێ:

(لەساڵی١٦٣٥-١٦٦٠م»شاران گەڕە «سیاح»ێکی بەناوبانگی فەرانسەوی کەناوی «مسیو بارن تاوارنیە»بووە، سێ جار لە پاریسەوە چوەتە «ئەسفەهان» (١).

(١) ئەسفەهان لەو سەردەمەدا پایتەختی حوکومەتی ئێران بووە، وە خانەدانی سەفەوی پادشای ئێران بوون.

وە هەر جارێ بە رێگایەکدا هاتوچۆی کردووە، وە هەموو قەڵەم رەوی عوسمانی، عەرەبستان، ئەرمەنستان، کوردوستان، ترکستانی ئێستا، روسیەو زۆری لە وڵاتی هیندستانیش دیوە.

ئەم شاران گەڕە بەناوبانگە لەشاهانی «سەفەوی» تەسادفی زەمانی «شاه سەفی، شاه عەبباسی دووەم، شاەسولەیمان»ی کردووە،وە لە دەرباری ئەو وەختەو شاهانی سەفەویدا زۆر قەدرگیراو بووە، تا دەرەجەیەکی وا شاه ئەوەندە خۆشی ویستووە خەڵاتی کردووەو فەرمانی بۆ دەرکردووە کە هەر شتومەکێ ئەیبات و ئەیهێنێ لە رەسمی گومرکی بەخشراو بێ، بە تایبەتیش هیوای ئەم «سیاح»ە هەر ئەوە بووە کەشتومەکی رۆژهەڵات بەرێ بۆ ئەورووپا، وە هی ئەورووپاش بهێنێ بۆ رۆژهەڵات. جا لەم هاتوچوەیەی دا جارێکیان رێی ئەکەوێتە «بتلیس» (٢)

(٢)رەنگە ئەم «سیاحە»رێکەوتی دەوری کوڕ، یاکوڕەزای حوکمداری بتلیس «شەرەفخانی بتلیسی» دانەری «شەرەفنامە»ی کردبێ).

وە ئەچێتە لای فەرمانڕەوا «حاکم»ی ئەم شارە وە هەر وەکوو خوارەوە سەرگوزەشتەی خۆیمان بۆ ئەگێڕێتەوە: لە «کاراکان»ەوە رێی کەوتین روەو «بتلیس». بتلیس شارێکە کەوا لە (ژێر حوکمی شازادەیەکدایە کە لە هەموو دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوە بە دەسەڵاتترە، چونکە هێشتا سەری بچووکی نە بەرامبەر بە شاهی ئێران، وەنە بۆ پادشای عوسمانی بە هیچ جۆرێک دانەنەواندووە، لەگەڵ ئەمەشدا بەڵکوو بە سەربەستییەکی تەواو ئەژیا. بە پێچەوانەی سەردارەکانی تر کە هەموو مل شۆڕی شاهی ئێران وە یا پادشای عوسمانین. چ شاهی ئێران وە چ پادشای عوسمانی بە ناچاری لە ترسانا

«خونکی» بۆ ئەکەن . ئەم مەترسیەش ئەمەیە: ئەگەر ئەم شازادەی «بتلیس»ە ئارەزوو بکا بە یەکجاری رێی هاتوچۆی لەشکرکەشی لە «حەڵەب»ەوە بۆ «تەبرێز»، وە لە تەبرێزەوە بۆ حەڵەب زۆر بە ئاسانی ئەتوانێ ببەستێ، چونکە لە دونیادا هیچ دەربەندێکی تر لە سەختی دا هاوتای ئەو دەربەندە ناکات کەوا لە ژێر حوکمی ئەم شازادەیە دایە، ئەتوانم بڵێم دەربەندێکی وەهایە ئەگەر دە کەسی تیا بێ ئەتوانن بەرهەڵستی هەزار کەس بوەستن وە نەیەڵن تێ پەڕ کەن.

لە «حەڵەب»ەوە بۆ «بتلیس» رۆژە رێگەیەک پێویستە ئینسان بە ناو کەژو کێوێکی سەخت و لاپێ و هەڵدێردا تێ پەڕ بکا ئینجا بگاتە بتلیس، وە ئەم رێگە تووش و هەڵدێرگەیە تا دوو سەعاتی بێنێ بۆ بتلیس هەر دەوام ئەکا، وە ئەم کەژە دوورو درێژە کەوتۆتە بەینی دوو چەم و ئاوەوە، وە رێگەی هاتوچۆیش رێگەیەکی باریکە کەبە دەسکرد لە ناو کەژەکەدا هەڵکەنراوە، پێویستە ولاغ بە بارەوە کە تێپەڕێ زۆر ئاگاداری بکرێ ئەگینا رەنگە بکەوێتە خوارەوە بۆ ناو چەمەکە.

شاری «بتلیس» کەوتۆتە بەینی دوو کێوەوە کە بەینیان تفەنگ هاوێژێکە. قەڵای ناوشار لە سەر لووتکەی کێوێکی بەرز کە لە بەینی ئەم دوو کێوەدایە دروستکراوە، وە لە شێوەی کەللە شەکرێکدا هەڵکەوتووە، چوار دەوری ئەم قەڵایە تووش و هەڵدێرگەیە، وە بۆ سەرکەوتن بۆ سەر ئەم قەڵایە تەنها رێگەیەکی پێچوپلووچ و باریک هەیە، وە ئەم کەژە سەرەکەی دەشتاییێکە قەڵاکە لەوێ دروستکراوە. موشتەمەلاتی ئەم قەڵایە عیبارەتە لە سێ حەوشە؛ دوانیان گەورە، یەکێکیان بچووک. عەمارەتی شازادە وا لە حەوشە بچووکەکەیانا. رێگەی ئەم قەڵایە زۆر تووش و سەختە، بۆ سەرکەوتنی ئەسپی زۆر پشوو درێژو بە هێزی پێویستە. بێجگە لە شازادەو میراخورەکەی نابێ بە سواری کەسێکی تر بچێتە سەرەوە، شاری بتلیس وا بە چواردەوری ئەم قەڵایەدا هەتا ئەگاتە بن دوو کێوەکەی تر، وەدوو کاروانسەرای تێدایە، یەکێکیان لە ناو شاردایە لەبن قەڵاکەدا، ئەویان لە دەرەوەیە، زۆرمەی کاروان ئەچنە «کاروانسەرا»ی دەرەوە، چونکی کاروانسەرای ناو شار هەرکە باران باری لە کێوەکانەوە لافاو دێ وە پڕ ئەبێ لە ئاو. شازادە بێجگە لەو شوێنە سەختە خواکردەی کە هەیەتی ئەتوانی «٢٠- ٢٥» هەزار سوار، وە ژمارەیەکی زۆر پیادە ئەگەر پێویستی بێ بەکاتێ ئامادە بکا بۆ شەڕ.

لەگەڕانەوەی سەفەرێک لەگەڵ کاروان هاتمە «بتلیس» لە شازادە گەیانرا کە

کابرایەکی «فەرەنگی» وا لەگەڵ ئەم کاروانەدا، شازادە دەم و دەس پیاوێکی نارد بە شوێنما - بینینی فەرمانڕەواییێک لە خاکی ئێران و عوسمانیدا هەروا سووک و ئاسان نییە- منیش دەسبەجێ چووم بۆ لای، دەستم خاڵی نەبوو؛ دوو تۆپ ئەتڵەسی میل میل، کە یەکێکیان میلەکانی ئاڵتوون «زێڕ»، ئەویان زیو بوو لەگەڵ چەند دەسەسرێکی ئاوریشم، وە دوو کڵاو، کە عادەتا تورکەکان بە شەو لە ناو جێدا لە سەری ئەکەن. ئەمانەم بە دیاری بۆ برد، ئەم دیارییانەی زۆر پێ خۆش بوو، ئەویش بەرامبەر بەمە دوو مەڕی قەڵەو، هەندێ ناسکەنان وە چەند شووشەیێ شەرابی نایابی لەگەڵ چەند هێشوویەک ترێ تازە-کە دەستکەوتنی لەو فەسڵەدا بە عەجاییبات ئەژمێررا- دامێ، کە هاتمە دەرەوە چەند پیاو ماقوولێکی شازادە تکایان لێ کردم کە لەو ئەتڵەسەیان پێ بفرۆشم کە بە دیاری بردبووم بۆ شازادە، منیش هەندێ کەلوپەلی ترم پێ نیشاندان، لە ناویانا چوار تۆپ شاڵی سووریان بۆ مێزەرە بەر دڵ کەوت، هەر چەند من ئارەزووی فرۆشتنیانم نەبوو بەڵام چونکی زۆر تکایان لێ کردم بە ناچاری ئەوەندە بە گران پێم فرۆشتن کە تۆڵەی نرخی دیاری ئاغاکەیانم لێ کردنەوە!.

ها، ها ئەمەم لە بیر چوو بیڵێم: کاتێ لە خزمەتی شازادەدا دانیشتبووم وە خەریکی قاوە خواردن بووم لە پڕ «راسپێراوێکی» پاشای «حەڵەب» گەیشت وە عەرزی کرد کەتیمارکەر «جراح»ێکی فەرەنساوی کە لە شەڕی-Candia- «کاندی»دا بەدیل گیراوە وە چوەتە ریزی خزمەتکارانی پاشاوە، ئێستا لە لای پاشا رای کردوە وە خۆی هاویشتۆتە پەنای شازادەوە، پاشا تکا ئەکا کە ئەو تیمارکەرەی «جراح» بۆ بنێرێتەوە. ئەم شازادەیە کە لە رەوشت و خووی موبارەکی پەناپێ هێنان «الملتجی» زۆر شارەزا بوو ئەم داواکردنەی بە تووڕەییەکەوە بەربەست کردەوە وتی: ئەگەر کوشتنی راسپێراو «قاصد» ناشیرین نەبوایە ئێستا ئەموت پارچە پارچەت بکەن، وە هەروەها لە وەرامی پاشای حەڵەبدا نووسی: کە بەرامبەر بەم بێ ئەدەبییەی کە کردووتەو داوای ئەو کەسە ئەکەی کە پەنای بە من هێناوە، شەرتە لای پادشای عوسمانی شکاتت لێ بکەم، ئەگەر ئەو ملی نەکردی بە تەنافا شەرتە ئەم تۆڵەیە لە خۆم بستێنم!. بە راستی هەڕەشەی شازادەیە تەواو بوو، چونکە پادشا لە شاهی ئێران زیاتر پێویستی بە یارمەتی ئەم شازادەیە بوو، وە هەم ئەگەر شاهی ئێران بۆ داگیرکردنی «وان» ئارەزووی بکردایە لە تەبرێزەوە هەتا «وان»بێ قۆرت و گرێ بۆ لە شکرکەشی رێگا هەبوو، وە پادشای عوسمانی لە قەڵەمڕەوی ئەم شازادەیە بەولاوە رێگایەکی تری نەبوو کە رزگار کردنی «وان» لەشکری پیا

بنێـرێ، وە ئەگـەر ئەم شـازادەیە دۆسـتی پـادشـا نەبێ وە ئارەزوو بکا ئەتوانێ نەیەڵێ لە شکری عوسمانی بەناو خاکیا تێ پەڕ بکا کە بچن بۆ «وان».

بەراسـتی گـەشت و گـوزاری وڵاتی کـوردوسـتـان زۆر خـۆش و دڵگیـرە، هەرچەندە ڕێگـاکـانی زۆر تووش و سـەخت و هەڵدێرگـەن، بەڵام «چەشـمـەنداز»ێکی زۆر خـۆشی هەیە. داری بەڕو و گـوێز، وە زۆر، داری گەورەی تر کە مێوی دێم-یان پێوە ئاڵاوە پیاو هەر حەز ئەکا سەیریان بکا، وە بەسەر تەوقەسەری کەژوکێوەکانەوە زۆر دەشتایی وای هەیە کەگەنم و جۆی لێی ئەڕوێن).

بەگوزارشتێکی کوردی من ویستم لێرەدا زنجیرێکی زێڕو زیو دروست بکەم؛ لە پێشا پەخشـانێک کـە لە زمـانـانی ئەورووپییـەوە وەرگـێـر-ڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی، پاشـان پەخشانی زادەی کوردی، پاشان گەڕانەوە بۆ وەرگێڕان لە زمـانێکی ڕۆژهەڵاتییەوە هەر بۆ سەر زمانی کوردی.

سروشت «غەریزە» ئەمە دروست ئەکا کە بەرانبەری یەک بوەستن. ئەم قسەیە ڕاستە کە بابەتەکـانی «بەغدا، ئاڵتوون کۆپری و بەهرامی گۆڕ» بۆ کورد ئەوەند سـوود بەخش نین، بەڵام بۆ زانیاری سوودیان هەیە. ئەم هاتووە سوود بەخشین و نەبەخشینەکەی کوردەکەی خـسـتـۆتە بەرچاو، ڕووی دڵی خـوێندەوارانی بەم قـسـەیە کـردۆتە خـۆی، ئیـتـر وازی لە سـووچەکـانی تری هێناوە کـەزانیـاریەکـەیە!. ئەوەندە هەیە ئەدەبی ڕفـیـق حلمی ئەدەبی پیـاوێکی زانایە؛ بەجۆرێک هاتۆتە مەیدانەوە کە گـەردێک لە پەڕەی گـوڵی دڵی توفـیق وهبی نەنیـشێت. ئەمە ئەو پەڕی زانایی و قـەدرزانییە کە زانایەک لەزانایەکی بگرێت!. ئەم دەقـە ئەو شـێـوەیەمـان دیسـان پیـشـان ئەدا کـە ڕێبـازی ڕەخنە ئەبێ وابێ و نـابێ دڵڕەنجاندنی تێدا بێ.

ئەو ناتەواوییەی کە ڕوو لەم دەقە ئەکاتەوە ئەوەیە کە زنجیرە پچڕاوە؛ سەرەتا باسی نرخ نانێکە لە کتێبێک کەچی ناوەڕۆک و ئەنجامی باسەکە دێتە سەر شتێکی ترو بابەتێکی لاوەکی موتوربە ئەکا لەگەڵ سەرەتای ئەسڵی بابەتەکەیا. ئەمەش بۆیە ڕووی دا چونکە وا دەرئەکەوێ کە مەبەستی بناغەی ئەو ئەوە بووە کەقسە لەو بەرهەمانەی توفیق وهبییەوە بـکا بەو چاوەوە کــەخــۆی وردی ئەبووەوە، نەوەک باسـی «خــانزاد». وادیارە لە بەر دەسـتـنەکـەوتنی هەل، پەسندی خـانزادی کـردووە بە بیـانوو بۆ ئەو قسـانەی کـە لە سـەر «بەغدا، ئاڵتوون کۆپری و بەهرامی گۆڕ»ی کردووە!. بەڵام ئەم دەستنەکەوتنی هەلە ئەو

رەخنەیە ناسرێتەوە، ئەیتوانی لە هەلێکی ترا ئارەزووی خۆی بە تەواوی و بەسەربەستی تر دەر ببڕیایە، بەبێ ئەوە بیکا بە پاشکۆ بۆ شتێکی تر.

لەگەڵ ئەمانەشا ئەم دەقە وەکوو مێژووی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە ئەگێڕێتەوە ڕابەرێکیش بووە بۆ ئەوە کە چۆن شت ئەنرخێنرێ و چۆن ئەگەر ڕەخنە گیرا نابێ لە پایەی ئەدەب و هەڵگەڕاندنەوەی حەقایق دەرچێت.

ئەمە ڕاستە کە لە ساڵی «١٩٤٠» بە دواوە خامەی کورد بە تەواوی توانی دەست بدا بە نووسینی هەموو بابەتێکەوە. تا پێش ئەو مێژووە لەوانە بوو مەیدانی بابەت تەسک بوو، بەڵام لە دوای ئەوە بە تەواوی لەبەر یەک کشایەوەو کەوتە نووسینی فرە چەشنەوە. دیارە ئەم بڵاو بوونەوەش لە بڵاو بوونەوەی فیکرو هۆشەوە پەیدا بوو کەوا نووسەرانی کورد کەوتنە تەقەلادان بۆ ئەوە لەهەموو شتێک و لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەک بکۆڵینەوە.

ئەمەی خوارەوە وێنەی دەقێکی پەخشانی ساڵی «١٩٤٨»ە، کە لە ژێر ناوی «سێوەنگ و مام ڕێوی»لە ژمارە «٨»ی ساڵی «١٠»ی گۆڤاری «گەلاوێژ»دا نووسراوە؛ ئەو گەلاوێژە کە لە پاش دە ساڵی ژیان ئیتر بە تەواوی ئاوا بوو!.:

(«سێوەنگ» هەموو جار کە لە قوتابخانە ئەگەڕایەوە کتێبەکانی ئەهێنا سەر لە نوێ ئەو شتانەی ئەخوێندەوە کە باسی خێرو بێرو «کان»و شتە بەنرخەکانی وڵاتەکەی تێدا بوو، بەمە زۆر ئەگەشایەوە، کە سەیری ئەکرد ئەم هەموو شتە نایابانە لە خاک و بەراوی وڵاتەکەی دا هەیە؛ لە لایەکەوە ئەم هەموو «کان»ە نەوتە، لە لایەکی ترەوە ئەم هەموو «دەرماناو» و وردە بابەتانە کە هەر یەکە دەرمانی هەزار دەردە، بست، بست گەشکەی ئەکرد.

ڕۆژێک لە ڕۆژان باسی «ئاوەسپی» «سەنگاو» و «دەرماناو»ە کەی «درۆزنە»ی خوێندەوە کە ئەمانە چەندە بە کەڵکن و چەندە بۆ نەهێشتنی دەردو عیللەت قازانج بە خەڵکی ئەگەیەنن. «تارا»ی خوشکی بانگ کردو پێی وت: «تارا» گیان!. تەماشاکە ئەم نیشتمانەی ئێمە چەند شتی خواکردو نایابی تێدایە؟. کە پیاو هەروا سەر سامی ئەبێ!. ئێمە پێویستە لە سەرمان ئەم ئاو و خاکە کە مەڵبەندی باوو باپیرمانە لە هەمووشت بەلامانەوە خۆشەویستتر بێ، ئەم هەموو خێراتە کە لە وڵاتەکەی ئێمەدایە لە هیچ لایەکی تر نییە.

«تارا»ش وتی: بەخوا «سێوەنگ» گیان ڕاست ئەکەی نیشتمانەکەمان هەر بستە خاکێکی ئاڵتوونێکە، لام وایە هیچ وڵاتێکی تر نییە ئەوەندەی ئەم

ولاتەی ئێـمـە بە خـێـرو بێـر بێت، جـالـەبەر ئەوە منیش ئەڵێم: چەندە باوک و دایکمـان خـۆش ئەوێ ئەبێ ئەوەش نیشـتـمانەکەمـان خۆش بوێ، بەڵام خۆزگا «سـێـوەنگ» گـیـان هەندێ لەم شـوێنانەمـان بە چاوی خـۆمـان ئەبینی. «سـێـوەنگ»یش وتی: بەڵکوو ئیـشـێکی وابکەین باوکـمـان بمانبـا بۆ سـەر «دەرمـاناو»ە کەی «درۆزنە». ئینجـا «تارا» وتی: ئیـسـتـە من ئەچم بە دایکم ئەڵێم بەڵکوو بە باوکم بڵـێت بمانبـا، تۆش بچـۆ بەلای باوکـمـەوە. «سێوەنگ»یش وتی: باشە.

لەپاشا «تارا» چوە لای دایکیەوە و پێی وت: توخوا دایەگیان!. بەڵکوو بە باوکم بڵێت بمانبـا بۆ سەر «دەرمـاناو»ەکەی «درۆزنە» باچاومـان پێ بکەوێ. دایکیـشـی وتی: جـا بۆ چیـتـانە رۆڵە؟!. ئەویش وتی: دایەگـیـان خـێـراتی ولاتەکەمانە حەز ئەکەین بیبینین، دایکی قسەی کچەکەی زۆر پێ خۆش بوو، وتی: باشە رۆڵە گیان پێی ئەڵێم.

شەوێ کە هەموویان لە سەربان دانیشـتبوون خەریک بوون چایان ئەخواردەوە و قسەی خۆشیـان ئەکرد، دایکی «تارا» رووی کردە باوکی «سێوەنگ» وتی: توخـوا پیـاوەکـە!. منالەکـان زۆریان دڵ بەوەوەیە کـە «دەرمـاناو»ەکـەی «درۆزنە»یان چاو پێ بکەوێ، بەڵکوو بیـانبـەی بیـبـینن. خێـرا «سـێـوەنگ» هەڕای کـردە بن دەست باوکـیـەوەو دەستی کـردە ملی و وتی: توخوا بابەگیـان ئەگەر نەمانبەی، زۆر حەز ئەکەین بیبینین. باوکیشی وتی: رۆڵـە بۆچیتانە؟. جـا چی تێدایە!. «سـێـوەنگ»یش وتی: بابەگیـان!. لە خـێـراتی ولاتەکەمـانە چاومـان پێی روون ئەبێـتـەوە کـە سـەیری بکەین. باوکی هۆش و فـیـکری کوڕەکەی زۆر پێ خۆش بوو، ماچێکی کردەوەو لەپاشا وتی: باشە رۆڵە گیـان بەیانی ئەچین. ئیـتـر «سێـوەنگ»و «تارا» ئەو شـەوە لە خۆشیـانا خـەویان لێ نەکەوت!.

کە بەیانی رۆژ بووەوە باوکیان ئوتۆمـۆبێلێکی بۆ گرتن و هەر چواریان سواری بوون و لە «کفری»وە بۆی رۆیشتن تا گەیشتنە سەر «ئاوەسپی». «ئاوەسپی» کەوتۆتە بەری رۆژهەلاتی «کربچنە»وە. تەماشـایان کرد ئەمە ئەشکەوتێکە. لە وێوە چوونە ژوورەوە سـەیر ئەکـەن نـاوەکـەی چالاوێکی زلە، بەچوار دەوری ئەم چالاوەدا دڵۆپ، دڵۆپ، ئاوێکی سپی هەر وەکـوو «دۆ» ئەتکێـتـە خـوارەوە، بۆنێکی ئەوەندە تیـژو کـاریگەری لێـوە دێت هەتا نزیکەی «٣» مـیـل ئەو بۆنە

(١) من نامەخانەم بەدڵ نییە، وابزانم جێی «کتێبخانە» ناگرێتەوە. ر.ح.

ئەڕوات. تومەس ئەم ئاوە «کان»ی گۆگردە و بۆ هەر دەردو عـیللەتێک پیـاو جارێک خۆی پێی بشوا لە کۆڵی ئەکەوێ. ئەوانیش بە هەر جۆر بوو خێرا تۆزێ خۆیانیان پێ شۆردو هاتنە دەرەوە، لەبەر بۆنی ئاوەکە نەیانتوانی تێدا بمێننەوە. ئێنجا سوار ئوتۆمۆبێلەکە بوون وگەڕانەوە بۆ سەر «دەرماناو»ەکەی «درۆزنە».

«درۆزنە» گوندێکە لە «سەنگاو» بە قیاسی «٤» میل کەوتۆتە شیمالی «کەرپچنە»وە، دەرماناوەکەش چکێ لە درۆزنەوە دوورە. کە چوونە سەری سەیریان کرد ئەمە «کانی»یەکە وەکوو ئاوی سپی بۆنێکی پیسی لێوە دێت. ئەم ئاوە بە جۆگەکەدا ئەڕوا بە چوار رەنگ ئەداتەوە؛ بەریز لە پێشا سوور، سەوز، سپی، رەش. ئەمانە هەموویان بە تەنیشت یەکەوە بەیەک جۆگەدا ئەڕۆن هیچیان تێکلاوی ئەویتریان نابن. «سێوەنگ» و «تارا» لە چاوپێ کەوتنی ئەم ئاوە بەم جۆرە زۆر سەریان سڕما!. لە باوکیان پرسی: بابە!. ئەوە چۆن ئەم ئاوانە تێکلاو بە یەک نابن؟. باوکیشیان وتی: رۆڵە ئەمانە لە بنەوە سەرچاوەکانیان بە تەنیشت یەکەوەیە بەڵام لەکاتی هاتنە دەرەوەدا لەیەک «کون»ەوە دێنە دەرەوە، لەبەر ئەوە هەر یەکە «کان»ی شتێکی سەربەخۆیەو هەر یەکە هێزی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم هێزانە دوژمنی یەکن نایەڵن ئاوەکە تێکلاو ببێ. ئەمانە ئەگەر پەروەردە کردن ببێ هەر یەکە «کان»ی شتێکی وایە کە لە کەم وڵاتدا چنگ ئەکەوێ مەگەر هەر لەم وڵاتە خۆشەویستەی ئێمەدا نەبێ. ئەمانە «کان»ی ئاڵتوونی رەشن!. ئیتر مناڵەکان زۆریان پێ خۆش بوو کە، شتی وا نایاب لە وڵاتەکەیانا هەیە، هەر ئەیانوت خوایە ئەم نیشتمانە جوانەمان پێی بە زیاد نەزانی.

لە پاشی ئەمە سواری ئوتۆمۆبێلەکە بوون و گەڕانەوە. لە رێگەدا «سێوەنگ» تەماشای کرد ئەوا «رێوی»یێک کلکی کردووە بە فیشەک و بە هەڵەداوان وتەپ و کوت لەو ناوەدا روەو «تووونی بابە عەمرە» هەڕا ئەکات وتۆز ئەکات!. وتی: تارا، تارا تەماشاکە ئەو رێوییە چۆن بە پەلە هەڕا ئەکات؟!. توخوا بابەگیان ئوتۆمۆبێلەکە راگرە بابچم لێی بپرسم بۆچ وا کەوتۆتە ئەم دەشتە؟!. باوکیشی ئوتۆمۆبێلەکەی راگرت، «سێوەنگ» دابەزی چوو سەری رێی بە مام رێوی گرت و پێی وت: مام رێوی!. رۆژ باش، ئەوە بۆچ وا بە پەلە هەڕا ئەکەیت؟. مام رێوی-ش وتی: کەسی برای لێم گەڕێ با بەدەردەی خۆمەوە بتلێمەوە، زۆر بە پەلەم و لێم قەوماوە.

«سێوەنگ» وتی: نابێ مام رێوی هەر ئەبێ پێم بڵێیت، بەڵکوو من

چاریکت بکەم. مام ریوی-ش وتی: کەسی برای ئەڵێن لەو خوارە «حوشتر» بە بێگار ئەگرن، منیش لەترسی ئەوە ئەچمە توونی بابە عەمرە خۆم ئەشارمەوە!!. سێوەنگ قسەکەی مام ریوی زۆر بەلاوە سەیر بوو!. وتی: جا مام ریوی حوشتر بەبێگار ئەگرن تۆ بۆچ واکەوتویتە جامبازە؟!. مام ریوی-ش وتی: کەسی برای، شار بێ شالیارە، کە گرتمیان تا قەباڵەی خۆم ئەخوێنمەوە پێستم ئەکەنن!. نەوەالله چاک وایە تاپێستیان نەکەندوم خۆم رزگار کەم، ئەو وەختە کێ لەوە ئەپرسێ من ریوی-م یا حوشتر!.

ئینجا «سێوەنگ»وتی: مام ریوی!. وەرە لەگەڵ من ئەچینە ناو ئوتۆمۆبێلەکە، کە چوینەماڵەوە لەگەڵ «تارا»ی خوشکما نوێنت بۆ رائەخەین و میوانداریت ئەکەین و جوان جوان حەشارت ئەدەین، ئەگەر هاتن خەبەری حوشتریان پرسی، ئەڵێن کەس لێرە نییە تەنها مام ریوی نەبێ ئەویش نەخۆشە هێناومانە بۆ سەر دوختۆر!. مام ریوی-ش وتی: نەء، کەسی برای لێم گەرێ با بە ریێی خۆمەوە برۆم، ئەگەر خاس خوایەک وتی نەء، ئەمە حوشترە، ئەو وەختە ئەگەر پەلم بە پەلی هەورەوە بێ هەر رزگارم نابێ. لە پاشا سێوەنگ وتی: دە باشە مام ریوی خوات لەگەڵ.

مام ریوی لێیدا رۆیشت و ئەمیش گەرایەوە بۆ ناو ئوتۆمۆبیلەکەو قسەکەی بۆ «تارا» خوشکی و باوک و دایکی گێرایەوە، تارا، لەم کارەساتە ئەوەندە پێکەنی هێزی لێ برا!.

لە پاشا گەرانەوە بۆ ماڵەوە، لە رێگادا سەیریان کرد وا راوچی کەوتوونەتە ئەو دەشتە، راوە «مەلیچک» ئەکەن. گۆشتی مەلیچگ زۆر خۆشە. سێوەنگ مناڵێکی ژیرو وردبین بوو بە تارای خوشکی وت: تارا!. مام ریوی وتەنی با ئێمەش خێرا راکەینەوە ماڵەوە، ئەگەر هاتو بە ئێمەشیان وت ئێوە مەلیچکن بڵێین چی!. تا ئێمە بڵێین کورە مەلیچک نین، سێوەنگ و تاراین گۆشتەکەمان لە ناو دەمیانا تام ئەداتەوە!. ئیتر خێرا هەرایان کردەوە بۆ ماڵەوە، ئەو نوێنە کە ئەیانویست بۆ مام ریوی راخەن بۆ خۆیانیان راخست!!».

ئەم نووسینە دەقێکی بەینی سالانی «١٩٤٠-١٩٥٠»یە. وەکوو سەیر ئەکەین پەخشانی کوردی بە پێی ساڵەکانی ئەو مێژووانە جگە لە روخسارەکە چۆن بەرە بەرە گوزارشتیشی گۆراوە؛ لێرەدا هاتۆتە سەر جۆرە نیشتمانیەک کە لە ژێر پەردەیەکی تۆزێ شاراوەدا باسی ئەکا؛ باسی ئەوە ئەکا کە خێرو بێری ولاتێکی فراوان چۆن دانیشتوەکانی لێی بێ بەش کراوە، چۆن ئەوانەی کە هەموو ئامانجێکیان خۆشی خۆیان وکۆیلەیی

نەتەوەی ترە چنگیان لەو شوێنانە گیر کردوەو نایەڵن خانە خۆی چێژێک لە بەرهەمی خۆی و وڵاتی خۆی بچێژێ؟!. ئەمە لە لایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەوە دەر ئەخا کە ئەگەر یەکێ لە پێستی خۆی بجوڵێتەوە مێردەزمەی بە شوێنەوەیە ئەیگرێ ولە پاش تاساندنی شتی وای بۆ ئەدۆزێتەوە کە بەخەوی هیچ کەسێکا نەهاتبێ!. ئەگەر ئەم هەزار هاوار بکا بڵێ من بەرخێکی بەستەزمانم ئەو ئەڵێ تۆ دەعبایەکی ناکلۆکاریت ئەبێ یا بارت لێ بنرێ یا گۆشتت بخورێ. وا دیارە رەوای هەق نەبووە قسەی هەق کردن!..

ئەمە لایەنی ناوەرۆکی، لە لایەن روخساریشەوە زمانەکە پێشکەوتنێکی وای بەسەرا هاتووە کە بە عیبارەتێکی سادەو رەوان و کوردیەکی پەتی دوور لە هەموو ناتەواویەک گوزارشت لە مەفاهیم بداتەوە؛ بەجۆرێکی وەها کە نەوەک پیاوێکی گەورەی دنیادیدە، بەڵکوو منداڵێکی دوور لەهەموو دنیایێک ئەویش بە پوختی لێی تێ بگا پێویستی بەوە نەبێ کە بکەوێتە ناو گێژاوی خەیاڵاتەوە بۆ دۆزینەوەی گوزارە و بۆ تێی گەیشتن لە مەعانی ئەو رستانە.

لەبەر ئەوە ئەتوانین بڵێین ئەم پارچەیە نموونەی پەخشانێکی سادەی کوردی نێوانی ساڵەکانی «١٩٤٠-١٩٥٠»یە کە هیچ گرێ و قۆرتێکی نەهاتۆتە سەرێ.

***

لە ساڵانی «١٩٥٠-١٩٦٠» وا دیارە ئەو جم و جوولە کە لە دە ساڵی پێشوودا هەبووە لەمەدا ئەوەندە بەگوڕ نەبووە. جەنگی جیهانیی دووەم بەسەر چوو، لەبەسەرچوونی ئەو گەلێ باوەڕیش، وەیا بڵێین هیواش بە سەرچوو!. نووسەرانی پەخشانی کوردی دوور نییە ئەوەندە مایەیان بە دەستەوە نەمابێ کە بیکەن بە کەرەستەی نووسینیان لە باری نەتەوایەتیەوە. دەقی پەخشانی ئەم مێژووە ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە ئاوو هەوا لەو سەردەمەدا چۆن بووە.

من لە ریزکردنی دەقەکانی نێوانی ئەو ساڵانەی «١٩٤٠-١٩٥٠» ئەوەم رەچاو نەکردووە کە بە سەرەی ساڵەکانا لە دەقەکان بێمە خوارەوە، واهەیە دەقێکی ساڵی «١٩٤٦»-بەوێنە- نووسیـــەو گەڕاومەتەوە بۆ ساڵی ١٩٤١، ئەم پلەیەم رەچاو نەکردووە، چونکە بە لای منەوە پەخشانی ساڵانی «١٩٤٠-١٩٥٠» بەچاو پەخشانی کوردییەوە ئەستێرەی گەلاوێژی هەرە درخشانە بۆ هەموو پەخشانەکانی پێش خۆی و پاش خۆی وەکوو لە پەخشانی ساڵانی پێشوو و پاشوودا ورد ئەبینەوە، نە لە رێخت و روخسار

و نه له ناوەرۆکدا هیچیان ناگەن بەو. جا لەبەر ئەمە وەکوو گەنمە قەنەنەهاری گەرمیان وگەنمی وشترملی سوور سوور تێکلاوم کردون بۆ ئەوە مێژووی پەخشان دان بەوەدا بنێ کە پەخشانی نێوانی ئەو سالانە هیچیان پایەیان بەسەر ئەویتریانا نییەو ڕێخت و روخساریان بەناوەرۆکەوە یەک لەیەک بەهێزترن.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لە پەخشانەکانی ترا تەرتیبی سالم داناوە، ئەم تەرتیبە نیشانەی بەهێزی و بێ هێزی پەخشانێک بێ بە سەر پەخشانێکی ترا. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ چونکە لەسالەکانی تر زیاتر بابەتم وەرگرتووە تا روخسار، بەپێی بابەت ئەو تەرتیبەم داناوە. ئەمەو دیسان ئەوەش مەعنای ئەوە نییە ئەو پەخشانانەی هێناومن بە نموونە بۆ نێوانی دوو سالێک ئەمە گولبژێر بووە؛ گولبژێرییەکەی هەر ئەوەندە کە لە نێوانی لاپەڕەی ئەو دوو سالەدا ئەو جۆرە بابەتانە لە ئارادا بووەو قەلەمی کورد دەستی بردووە بۆ ئەو شتانە. بۆ نموونەش وەکوو ئەلێ! «مستێ نموونەی خەروارێکە».

ئێستە دێنە سەر ئەوە کە چەند دەقێکی پەخشانی بەینی لاپەڕەی ئەو مێژووە؛ مێژووی «١٩٥٠-١٩٦٠» بخەینە بەرچاو، لە چاو پیا خشاندنێک بەمەدا هەستی ئەو رۆژانەمان بۆ دەر ئەکەوێ.

جا ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە پەخشانی ئەو سەردەمە کە رۆژنامەی «ژین» لە ژێر ناوی «شارەزوور»دا، لە ژمارە «١٠٤٩»ی سالی «١٩٥١»دا بلاوی کردۆتەوە:

«شارەزوور! ئەم رێ و شوێنە، ئەم مەلبەندە شیرینە و ئەم دەستکردی خوای بێ چوونە کە ئێمە تیا ئەژین جێگاو رێگایەکە کە هەلئەگرێ زۆر شتی لە سەر بنووسرێ و زۆر باسی خۆشی و چاکی و باشی بکرێ.

وەرە لێی ورد ببەرەوەو ئەم سەرو ئەو سەر پیبایا برۆ بڕوانە کە خوای گەورە چی دروستکردووە!. ئێستاکە وەختی بەهارە «بێجگە لە وەختی بەهار هەموو وەختێکیش» بە هەر لاو شوێنێکدا ئەرۆی ئەروانی هەمووی وێنەیە کە لە بەهەشتی سەر زەوی ئەم هەموو ئاوە رووناک و جوان و پاکە کە تافە تاف لەو بنارانە یەتە خوارەوە و بەو دەشتە پان و خۆشەدا بلاو ئەبێتەوە. ئەم هەموو زەوی و زارەو ئەم هەموو مێرگ و مێرغوزارە و ئەم هەموو گول و سەوزەو دارو درەخت و گولزارە، زنجیرەی ئاوی «تانجەرۆ» کە لە رۆژئاواوە روو ئەکاتە رۆژهەلات (وا بزانم لە کام جێگا هەبێ ئاو، وا سەرەو ژوور بڕوا!). ئاوی «زەلم و رێشێن و چەقان و شاتوان و سەراوی سوبحاناغا و بێستانسوور و ئالیشە و چەق چەق و تابین و چەرمەگا» هەموو هەر یەکەیان جوێ جوێ هەر

وەکوو سەرچاوەی ئاوە جوانەکان هەموویان کانگای خێرو بێری زۆرو زەبەندەن بۆ وڵاتەکەیش.

شارەزوور بە درێژی لەبەر دەمی ئاوایی «ئەباعوبەیدەوە-عەبابەیلێ» دەست پێ ئەکاو لابەلا یتەوە هەتا ئەگاتە سەرچاوەی ئاوی «تابین» لە بەردەمی «سووورداش»دا هەمووی دەشتی شارەزوورە کە نزیکی «١٥٠» کێلومەترە درێژی ئەگرێتەوە. ئەم دەشتە جوانەیش بەریزە شاخی «شنروێ»وکەژی «هەورامان و گۆیژەو پیرەمەگروون» و لەبەریەوە «تاسڵۆجە ودارمازەڵە» هەتا ئەچێتەوە «گەورە قەڵا»و «دەربەندی خان» ئەو ریزە شاخانە چواردەوریان داوە.

شارەزوور!. وەکوو تەئریخ باسی ئەکات و نیشانی داوە لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە جێی چەند حکومەت وخانەدانی گەورە گەورە و ناودار بووە چەند دام و دەستگای پادشاهانی بەناوبانگ و سوپای بەرزو بەهێزی کۆن وتازە بووە. وە ئەم هەموو گردو تەپۆڵکەو رێ و شوێنە دیاریانە هەموو نیشانەی ئەوەیە کە شارەزوور لە زۆر کۆنەوە جێ و ریێکی زۆر باش و مەڵبەندی گەلێ شتی چاک و نایاب بووە.

دەستی توانای کردگار ئەم شارەزوورەی بە رەنگێ دورستکردووە و هێناویەتە بەرهەم کە بە درێژایی ساڵ و مانگ و رۆژ تۆ بە تانیا بێت هێشتا هەر کەمە؛ ئەوە لە سەرەوە تاڤگەی «زەڵم» ئەوە دەربەندی خان، ئەو ئاوە گۆگردەکەی خورماڵ و سەرچاوەی «تابین». کە ئەمان هەموو هۆی شتی باش وچاک و هۆی گەورەن بۆ وڵات. ئەم جۆگە پڕ لە قازانجانە وەکوو: «دەڵێن، مالوان، مووان، گرێزە، سەراوی سوبحاناغا، بێستانسوور، قازان، ئاوبارە، بەکرەجۆ، چەرمەگا، سابووراوا» و ئەو هەموو جۆگایانەی تر کە هەڵئەگیرێن و زراعەتیان پێ ئەکرێ مەگەر خوا بزانێ چی لێی یتە بەرهەم!!..

خۆ ئەگەر بێتو زراعەت و فەلاحەت لە شارەزووردا بە مەکینە بکرێ و هەروا بە هەرەمەو تێکەولێکە نەبێ هەموو کەسێ ئەیزانێ کە چەندە قازانجی گەورەی ئەبێ!.. شارەزوور!. جارێ ئەڕوانێ بە دیمەنی کێوو کەژ و شاخ و تەپۆڵکەکانیا کە لە چوار لایەوە خوا دایناون هەر یەکەیان جۆرە رەنگی و هەر پارچەیێکیان دیمەن و نموودێکیان هەیە کە ئینسان سەری لێی سوڕ ئەمێنێ و کە تماشایان ئەکات لە کردەوەی کردگار تاس ئەیباتەوە؛ یەکێکیان بەفرە، یەکێ دارستانە، یەکێ هەر تاشە بەردە، یەکێ هەمووی بەگیاو گوڵی رەنگاو رەنگ رازاوەتەوە و بەهەر لایەک دا ئەڕوانی چاو روون و دڵ گەش ئەکاتەوە!.

هەر جۆرە زراعەت وکشت وکاڵ و دەغڵ ودان وباغ و باغات کە بکرێ زۆر بەئاسانی کردنی لە شارەزووردا پێک یەت. ئەمە بێجگە لەو شتانەیە کە خۆی لە خۆیەوە بە بێ ئەرک پێک یەت و زۆر جار باسکراوە؛ وەکوو: دارمازووی شاخەکانی، بنیشت وکەتیرە و سریش، سەعلەب و گەزۆ و ئەو شتە نایابانە. کانی خەڵووزە بەردینەی لە دوو سێ جێگادا هەیە، نەوت لە دەوری خورماڵ هەیە و شتی شاراوە لە ژێر زەویدا زۆرە. خۆ ئەگەر حکومەت تۆزێ سەرپەرشتی لەکارو باری کشت وکاڵ و هەندێ لەم کارانە بکات شارەزوور لەوانەیە ببێ بەهۆی دەرامەدێکی زۆر بەکەڵک. خۆ باسی شەکرو هێزی تاقگەی زەڵم بۆ دروستکردنی کەهرەبا هەر نابڕێتەوە! سەد ئاخ و هەزار داخ کە هاوارەکانمان بە هیچ کوێیێک ناگات. ئەم گەنجە چاکە هەر وا ئەمێنێتەوە، پیاوە ناودارەکانمان هیچ غەمێکی لێی ناخۆن!».

بەڵێ!. لە باری نەتەوایەتیەکی زەقەوە شتێک بەدەستەوە نەما؛ ئەوشتە کە پێشووتر داوا ئەکرا، بەڵام کاتێ کە دێنە سەر ئەم پەخشانەی ئەو رۆژە لە چەند روویەکەوە گەلێ شتمان ئەخاتە بەردەست؛ جارێ لە روخسارا کوردییەکی رەوان و بێ گرێ و قۆرتێکی وایە کە بە دانسقەی ئەو رۆژەو ئەو مێژووە دائەنرێ، لەم رووەوە گەلێ پێشکەوتووە جێگای بۆ خاوەن رەخنە نەهێشتۆتەوە کە کنەی تێدا بکا، بەڵکوو ئەتوانرێ بوترێ یەکێکە لە پەخشانە بەرزەکانی کوردی ئەو رۆژە؛ باسی شارەزوورت بۆ ئەکا کە هەنگاو بەهەنگاو ئەیهێنێتە خوارەوە بە بێ پچڕان عیبارەتی سادەو ئاشکرات پیشان ئەدات و بەڵکوو ئەبێ بە مامۆستایەک بۆت بۆ نووسینی پەخشانی خاوەن زنجیرە؛ ئەوەمان بۆ دەر ئەخا کە هەرچەندە لە رووی نەتەوایەتی رەپاو رەپەوە لەو رۆژەدا پەلی نەهاویشتوە، بەڵام لە رووی رێخت و دارشتنی عیبارەتەوە ئیشی خۆی کردووە.

لە ناوەرۆکا بۆمان بووە بەوە کە پەنچە راکێشین بۆ هەموو شوێنە نایابەکانی ئەو وڵاتەو بۆ هەموو ئەو جێگایانە کە ئەگەر ئەم نووسینە نەبوایە زۆر کەس لەئێمە ئەو شوێنانەی نەئەزانی؛ ئەوەی نەئەزانی کە ئەو هەموو دیمەنانەو ئەو گشت خێرو بێرانە لە وڵاتەکەمانا هەیە. هانمان ئەدا بۆ ئەوە کە دەستی بەخێو کردنی بۆ درێژکەین و بتوانین رۆژێ لە رۆژان خۆمان ببین بە خاوەنی ئەو سامانانە، نەوەک هەر ئەو شتانە کە بە رووەوەن و ملیۆنان ساڵە هەر هەبوون و هەر هەن و پشت بەپشت لەگەڵیان هاتوینەتە خوارەوە، بەڵکوو بۆ ئەو ئازۆخانەش کە کەوتوونەتە ژێر زەویەکانیانەوە!. ئەو ئەوەی وتوە بەڵام ئایا ئەوەی بە دڵا هاتووە کە زۆر لەو شوێنانە بوون بەژێر ئاوەوە و ئەو «کان»ە بەنرخانە بۆ هەتا هەتایی

خـۆیانیـان لێ شـاردینەوە!. لەو وڵاتەدا نەبووە، لە زۆر وڵاتا دیمەن و خـێـرو بێـر خـۆی شاردۆتەوەو ئـاوی ڕۆژگار داپۆشیوە، ئەوەندە هەیە بەتەنـگ ئەوەشەوە بوون کە لە نـەمانی ئەو مـانێکی تر دروست بکەن و لەو زیانە کە ڕووی تێی کردوون قـازانجێک بۆ پاشەڕۆژی ئەو نەتەوەیە بێننە دەست.

ئەگـەر شـارەزووریش وابێ چاوی پێ ڕوون ئەبێـتـەوە، بەڵام ئایا وائەبێ؟!. بەڵێ! شارەزوور وەکوو ئەو ئەڵێ گەلێ خانەدان و حکومەتی دیوە و ئەوانیش ڕۆیشتوون، زەوی و زاری شارەزوور هەر مایەوە ئێستە ئەوا زەوی و زارەکەش نەما!. بەڵام ئایا دەورێکی تر دێتـە پێشـەوە کـە لە جێگای زەوی و زارە داپۆشـراوەکـە گـوڵ و گـوڵزارێکی تر دروست ببێتەوە و نەتەوەکانی پاشەڕۆژ چاویان پێی ڕوون ببێتەوە؟!. بەڵێ: ئەبێ، چونکە یاسای گۆڕان هەیە، ئیمڕۆژ ڕەورەوەی چەرخ لە پێشکەوتنایە. ئادەمیزاد کە توانی بگا بە مانـگ ئەتوانێ بگا بە «کان»ی شارەزووریش، بەڵام خۆزگا ئادەمیـزادەکە ئادەمیـزادی خۆماڵی وڵاتەکە ئەبوو نەوەک لاوەکی!..

***

لە نێوانی ئەم سـاڵانەدا پەخشـانی کوردی دەستی بۆ «وەرگـێـڕان»یش درێژ کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی پارچە پەخشانێکە لە کتێبی «زادیج» کە «محەممەد عەلی کوردی» لە ساڵی «١٩٥٤»دا ئەم داستانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لەیەکێ لە بابەتەکانیا لە ژێر ناوی «لووت» دا ئەڵێ:

«ڕۆژێک «ئازورا»بە شێواوی و تووڕەیی لەسەیران هاتەوە، هەناسە برکێ پێی کـەوتبـوو، «زادیج»ی مـێـردی لێی پرسی: ها، ژنە خـۆشـەویسـتـەکـەم! بۆ وا شێواوی؟. بۆ چی وا پەشۆکاوی؟ دەبینم لەسەر ڕەوشتی خۆت نیت!

–ئاخ، هەزار حەیف!. خۆزگە ئەوەی من دیتم تۆش بتدیایە، وەکوو من لە ڕقانا شێت ئەبویت.

–خێرە، چی بووە، چی قەوماوە؟.

–کوڕە! هەر مـەپرسە، وەرە بمکوژە! چووم بۆ سەرەخـۆشی «خسـرۆ» کـە دەزانی دوو ڕۆژە بێـوەژن بووە. دیتم گـۆڕێکی جـوانی بۆ مـێـردە جـوانە مـەرگـەکـەی دروسـتکردووە، لەگـەڵ خـوا مـەرجی کـردووە: هەتا ئـاو بە جـۆگـادا بڕوات ئەو قەبرە بەجێ نەهێڵێ.

–وا دیارە ژنێکی ڕاست و بە وەفـایە، مـێـردەکـەی خـۆی بەراسـتی خـۆش

ویستووه.

-ئەی هەی، چاکی تێ گەیشتی! خۆزگە دیتبات چی دەکرد.

-چی دە کرد! تۆ خوا ژنە جوانەکەم پێم بڵێ.

-خەریک بوو ئاوەرێژی جۆگاکە لە شوێنی خۆی بگۆڕێ!.

ئەنجا «ئازورا» دەستی کرد بە سەرزەنشتی «خسرۆ»، سەرو پۆتەڵاکی شکاند، هەندێ جنێویشی پێ دا، هەتا «زادیج»ی مێردی لەو خودپەسندییە بێ جێیەی بێزار بوو، دڵی پڕ بوو.

زادیج دۆستێکی گیانی بە گیانی هەبوو ناوی «کادۆر» بوو، کادۆر لەو گەنجانە بوو کە ئازورا لێیان رازی بوو، چونکە پیاوێکی پایە بڵندو هێمن بوو.

زادیج قسەی ئازورا و خسرۆی بۆ کادۆر گێڕایەوە، بە ماڵ و دیاری گرانبەها دەمی پڕ کرد.

چەند رۆژێک لەوەپاش ئازورا چوو بۆ لای بۆ ئەوەی دوو سێ رۆژ لە لای دەستە خوشکێکی بە سەر بەرێت. رۆژی سێیەم کە ئازورا گەڕایەوە، نۆکەر و کارەکەر بەگریان و قوڕ پێوان بەپیریەوە چوون، ئازورا سەری سووڕ ما هاواری کرد: چی بووە! چی قەوماوە؟.

-ئاغاژن خۆت خۆش بی، چیت پێ بڵێین؟ ماڵمان وێران بوو، زادیج-ی سلاح شۆر دوێنێ جوانە مەرگ بوو!.

-داخی بە جەرگم ماڵی وێرانم، بۆچی خەبەرتان نەدامێ؟.

-بۆیە هەر بەشەو هاوارمان بۆ نەهێنای، چونکە لە حاڵی سەرەمەرگا فەرمووی: «دڵی ئازورا تەنگ مەکەن، سەیرانی لێ تێک مەدەن، با، بە خۆشی رابوێرێت».

-هەی رۆ، زادیج-م رۆ، لە کوێتان ناشتووە؟. لە سووچێکی باغچەکەدا، کە گۆڕستانی خانەوادەی خۆیانی تێدایە.

ئازورا دەستی کرد بە گریان و لە خۆدان، پرچی خۆی رنیەوە، سوێندی خوارد کە خۆی دەکوژێ، یان ناخوات و ناخواتەوە هەتا دەمرێت.

ئێوارە درەنگێک «کادۆر» پەیدا بوو، ئیزنی خواست کە دوو قسە لەگەڵ ئازورا بکات، هەردووکیان بە یەکەوە زۆر گریان، بەڵام رۆژی دوایی کەمتر گریان، بەیەکەوە نانی ئێوارەیان خوارد، هەر لەو دانیشتنەدا کادۆر بەگوێ

ئازورای دا چرپاند: زادیج-ی دۆستم لەپێش مردنیا هەموو ماڵ و دەوڵەتی خۆی دەقەبەڵ کردووم، وەهاش بەباش دەزانم کە من وتۆ ئەو هەموو ماڵ و دەوڵەتە بە یەکەوە بخوێن خۆشی لەوەدایە.

ئازورا گریا، لە پاشان تووڕە بوو، لەپاشان دڵی نەرم بوو!. نانی شێوانیشیان بەیەکەوە خوارد، دانیشتنی شەویان درێژ بوو، قسەیان زۆر کرد. ئازورا بڕیاری دا کە خوا لێی خۆشبوو پیاوێکی زۆر چاک بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم: هەندێ عەیبی هەبوو، ئەو عەیبانە لە کادۆرادا نین.

هەر خەریکی نانی شێوان بوون کادۆر لە ناکاو وەکوو ژیی کەوان ڕێک هات و هاواری کرد: ئاخ سپڵم، ئاخ هەر ئێستە دەمرم! ئازورا زۆر شێوا، تێکچوو، هەموو جۆرە دەرمانێکی حازر کرد، زۆر خەفەتی خوارد، چونکە پزیشکی گەورە «هەرمیس» زۆر لە بابل دانەنیشت. لە پاشان زەحمەتی کێشا دەستی لە سەر جێگای ئێش داناو گوتی:

ئایا ئێشت زۆر بەتاوە؟. ئەم دەردە هەمیشە ناو بەناو سەرت لێ دەدات؟ بەڵێ! ئێشم زۆر بەتینە، زۆر جار لە قەبرم نزیک ئەخاتەوە . نەتبیستووە دەرمانی چییە؟.. بەڵێ بیستوومە هەموو حەکیمان بڕیاریان داوە کە یەک دەرمانی هەیە، ئەویش دەست ناکەوێ.

-چۆن دەبێ؟. چ دەرمانێک هەیە و دەست ناکەوێ؟.. بەڵێ! دەست ناکەوێ. «لووت»ی پیاوێکی تازە مردوو لە کوێ پەیدا ئەبێت؟. هەر ئەو دەرمانەشە ئەگەر لەسەر تەنشتمی دابنێم دەڵێن: سێبووری دەبەخشێت.

-پەکوو دەرمانێکی غەریبە.

-بۆچی؟ خۆ لە نوشتە و گشتەکی کاک «ئەرنۆ» عەجایبتر نییە کە ئیفلیجی و تاو لەرزیان پێ دەرمان ئەکات.

ئەم وەرامە لەگەڵ لاوچاکی کادۆر «ئازورا»ی ئیقناع کردو گوتی:

خۆ ڕۆژی حەشرێ کە زادیج-ی مێردم لە سەر پردی «تشنیافا» تێ پەڕ دەبێ و دەچێ بۆ بەهەشتێ، پێم وایە فریشتەکان نایگێڕنەوە، دەرگای بەهەشتی لێ پێوە نادرێ، چونکە لووتەکەی لەو ڕۆژەدا تۆزێ لە لووتی ئەم دنیایە کورتتر ئەبێ!. ئەوسا ئازورا هەستا، گوێزانێکی تیژی دەست دایە، ڕووی کردە گۆڕی مێردەکەی، لە پێشا بە فرمێسکی زۆر ئاوی دا، لە پاشان لێی نەزیک بووەوە، دیتی زادیج لە سەر پشت ڕاکشاوە. زادیج دەست بەجێ هەستا، دەستەکی بە لووتی خۆیەوە گرت، بە دەستی تریش دەستی گوێزانی ژنەکەی گرت و گوتی:

ئەی خانمەکەم!. ئیتر لۆمەی «خسرۆ»ی بێوەژن مەکە، لووت بڕینی من و جۆگا گۆڕینی ئەو، با هەر وەک یەک بن!).

ئەم دەقە هی محەممەد عەلی کوردی-مەنگوڕی پشدەرە- ئەوەمان پێشان ئەدا کە پەخشانی کوردی جگە لە زادەی فیکری خۆی دەستی بۆ وەرگێرانیش درێژ کردووە. داستانی «زادیج» پێشا فەرەنسی و پاشان عەرەبی و پاش ئەوە بوو بە کوردی. لێرەدا ئێمە جۆرە وشەو جۆرە رستەیەکمان بەرچاو ئەکەوێ کە ئەگەر ئەم دەقە نەبوایە زۆر لە خوێندەوارانی کورد پێش خوێندنەوەکەی دوور نەبوو نەزانن کە ئەو چەشنە وشەو رستانە بەو تەحرە لە زمانی کوردیدا هەن. ئەمە بێجگە لەوە کە داستانی هەر شوێنێک لە ناوچەی شوێنەکە هەڵئەستێت. داستانێکی وەکوو ئەم داستانە، وە یا سەرگوزەشتێکی وەکوو ئەمە بڕوا ناکەم لە وڵاتێکی کوردەواریدا روو بدات، بەهۆی وەرگێڕانی جۆرە شتی واوە ئەتوانین بە سەر کارەسات و بەسەرهاتی شوێنانی تریشدا ئاگاداری پەیدا بکەین.

ئمە لە لایەن وەرگێڕانەکەوە، لە لایەن داڕشتنی عیبارەتێکی کوردی واشەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە شێوەی موکری، وە یا بابان، لە زمانی کوردیدا لە هەر ناوچەیەک لە ناوچەکانی جۆرە گوزارشت و ڕێختێک هەیە کە ئەو گوزارشتە لە ناوچەکانی ترا بەو ڕێختە نایەتە ناوەوە.

پێگەیاندنی زمانی هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان بەوە بووە کە کەوتوونەتە خزمەتکردنی و کۆکردنەوەی شێوەکانی، تاتوانیویانە شێوەیەکی یەکگرتوو پێکەوە بنێن و بۆ هیچ مەعنایەک پەکیان لە سەر وشە نەکەوێ. بەڵێ! ئێمەش ئەتوانین وابین، وە لە چاو ئەو کەم خزمەتیەدا کە زمانەکەمان هەیبووە، ئەتوانرێ تا ئەندازەیەک گوزارشت بۆ هەموو شتێک لێ بدرێتەوە، ئەمەش بە مەرجێ ئەبێ کە بتوانین بە هۆی نووسین و خەریک بوونمان بۆ ئاگاداری بە سەر شێوەکانی زمانی کوردیدا تەقەلا بدەین و نەیەڵین ئەو تەقەلایەمان بە هیچ دەرچێ. لام وایە زمانەکەمان دەوڵەمەندەو ئەتوانێ تاکی تەرازووی خۆی راست بکاتەوە، ئەمەش کەوتۆتە ئەستۆی خوێندەوارو رۆشنبیرانی کورد، ئەگەر رۆشنبیرەکانی کورد خۆیان خەریک بکەن لام وایە پەخشان لە هۆنراو زیاتر ئەم خزمەتە ئەکات، پێشینانی ئێمە کەرەستەی زمانیان بۆ پێکەوە ناوین، بام ئێمەش خەریک بین بۆ کۆکردنەوەی و بۆ ئەوە بیخەینە سەر قاقەز.

* * *

ویستم له شێوەی رووتی «ئەردەڵان» دەقێکم دەستکەوێ بۆ ئەوە بیکەم بە نموونەی دەقی ئەو شێوەیە، داخەکەم هیچم دەست نەکەوت گەڕامەوە سەر «فەرهەنگی مەردۆخ» کە هی زانای فرەزان «ئایت الله شێخ محەمدی مەردۆخ»ە ئەو لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا لە لایەن رێزمانەوە دەستوورێکی داناوە و شەرحی ئەو دەستوورەی بە شێوەی ئەردەڵان «سنە» کردووە. هەر چەندە بابەتەکەی دەستووری رێزمانە بەڵام ئێمە ناچار بووین بۆ نموونە دەقێکی پەخشانی ئەردەڵان هێنامان و خستمانە بەر چاو. ئەمەش دەقەکەیە:

(کردار سازی

کردار نەبگردگ لە کردار بگردگ دروس ئەوێ بەم جۆرە:

«ا» کە نشانەی نەبگردنە لە بەر واژەی بگردگەوە دائەنێن وە ئاخری سۆک ئەکەن ئەوێتە نەبگردگ وەک: رووی، دۆشی، کۆشی، تاشی، ئەلفمان لە بەردەمیانەو دانیا، بوون بە «ئەڕوی، ئەدۆشی، ئەکۆشی، ئەتاشی». نووکەی دواگین نەبگردگ، بۆ بوێژ سەنگین ئەخوێنرگێ، بۆ کەسی تر سۆک ئەخوێنرگێ.

هەر بگردگێ نووکەی دواگینی «ی» بێ وەک: رووی، نووسی، زانی. واژەی نەبگردگی هەر بەم جۆرە لێ دروس ئەوێ، بەڵام بگردگ گەلێ کە دوایان «ت» یا «د»یا «ن» بێ بەم جۆرە واژەی نەبگردکیان لێ دروس ناوێ، بەڵکوو بەم جۆرە ئەون بە واژەی بگردگ نزیک: «ئەبرد، ئەشمارد، ئەخەفت، ئەفرۆت، ئەشێوان، ئەباران». لەبەر ئەم شێویانە بەم دەسوورە رەفتار ئەکرگێت. ئەگەر دوای واژەی بگردگ «ت»بێت، نووکەی واژەی یەک لاییچ لەتەک دوولائیا یەک جۆر بن «ت»یەکە لائەوەین «ی» سۆک ئەنینە جێگەی ئەوێتە نەبگردگ. وەک:«خەفت» ئەوێتە ئەخەفێ. «کەفت» ئەوێتە ئەکەفێ. «بەست» ئەوێتە ئەبەسێ، یا «ئەوەسێ». بەڵام «ژنەفت» ئەوێتە ئەژنەوێ. «فرۆت» ئەوێتە ئەفرۆشێ.«کوشت» ئەوێتە ئەکوژێ. لەبەر چەم. لەبەر ئەمە واژەی یەک لایی «ژنەفتن» بە «ف». فرۆتن بە «ت» کوشتن بە «ش». لەریشەدا ژنەویان بە «و»، فرۆشیان بە «ش»، کوژیان بە «ش» بووگە. یەک لائی ریشەس، دوولائی وەچە. کردارسازی هەر لە ریشە ئەڕوێ.

ئەگەر دوای بگردگ «ر، د» بێ، هەردکی لا ئەوەین ئەلفێک ئەنینە جێگەیان- ئەگەر خۆی ئەلفی نەوێ- ئەوێتە نەبگردگ. وەک: «کرد» ئەوێتە «ئەکا». برد، ئەوێتە «ئەبا» یا «ئەوا». خوارد ئەوێتە «ئەخوا». واژەی «خوارد» دوای لابردنی «ر، د» چون خۆی ئەلفی هەس ئیتر لە دەرەوە ئەلفی بۆ نایرین. «ژمارد، شۆرد، برد» لەم دەسوورە بەدەرن؛ چون ئەگەر «ر، د» یان لێ

لاوەینا، لە تەک نشانەی نەبگردنا «أ» ئەون بە «ئەشما، ئەشوا، ئەما».
ئەشماو ئەشوا گوزارەییکیان نییە. ئەما-یچ چەپەوانەی «ئەمریٚ»یە. پەس تەنیا «د»ە کە لائەوەین، جیٚ ئەلفیچ «ی» سۆکدا ئەنیٚن ئەونە «ئەشماریٚ، ئەشۆریٚ، ئەمریٚ، یا بە دەسوور گۆڕیان نووکە گەل ئەویٚتە «ئەشمیٚریٚ».

ئەگەر دوای واژە بگردگ «ا، ن» بیٚت، تەنیا «ا» لائەوەین، نشانە نەبگردن کە ئەلفە ئەنینە بەر دەمیەو ئەویٚتە نەبگردگ. وەک «خواردن، باران، شیٚوان».
دوای لابردن ئەلفەکان و دانیان نشانە نەبگردن لەبەر دەمیانەو ئەونە:
«ئەخورنیٚ، ئەبارنیٚ، ئەشیٚونیٚ».

کردار نەبگردگ ئەگەر یەیوەس بیٚ، نشانەی نەبگردن ئەنرگیٚتە سەر تیکەی دواگیٚن. وەک: هەڵسا «هەڵئەسیٚ». دانیشت «دائەنیشیٚ». سەر بەرەو خوار بوو «سەربەرەوخوار ئەویٚ»..

واژەی کردار نەبگردگیچ شەشە. (١) بویٚژ-ئەنووسم. (٢) بویٚژگەل- ئەنووسیٚن. (٣)بژنەو-ئەنووسیت. (٤) بژنەوگەل-ئەنووسن. (٥)کەس تر - ئەنووسیٚ. (٦) کەستر گەل-ئەنووسن).

هەریٚمی ئەردەڵان کە «کورەک»ەکەی شاری «سنە»یە لەبەر هەرکام لەو شتانە بووە کە لەم کتیٚبەدا باسکرا، نووسینی پەخشانی کوردییان بە دەگمەن هەبووە. لە هۆنراودا زۆرتر بە شیٚوەی هەورامی و پاشان بابان زۆرە، لەم ئاخرەشا بە شیٚوەکەی خۆیشیان دەستیان دابویٚ، بەڵام لە پەخشانا بەو شیٚوەیە نەء، لەبەر هەر شتیٚک بووە نەبووە. شیٚخ محەممەدی مەردۆخ لە فەرهەنگەکەیا کە لە نیٚوانی ساڵانی «١٩٥٠-١٩٦٠»دا چاپکراوە، هەرچەندە سەرەتای بە فارسی کردۆتەوە بەڵام بەرەکەتدا هەندیٚکیشی بە کوردی شیٚوەی ئەردەڵان تیایا جیٚ کردۆتەوە. ئەم ئیشەی ئەو بۆ ئیٚمەی کورد زمان بۆمان بوو بە بەڵگەیەکی نایاب لە پەخشانی کوردی دا بە شیٚوەی سنە.

ئەو نووسینە هەرچەندە لە بارەی ریٚزمانەوە ئەدویٚ، بەڵام نرخە بەرزەکەی ئەوەیە کە بە یەکیٚ لە شیٚوەکانی کوردی - کە شیٚوەی ئەردەڵان و سنەیە دەقیٚکمان ئەخاتە بەردەست کە بۆ بەڵگەکانی زمانی کوردی سۆراخیٚکی بیٚ ویٚنەیە. وەکوو سەیری ئەم دەقە ئەکەین شیٚوەیەکی سەرەکی لە شیٚوەکانی زمانی کوردی-مان بەرچاو ئەکەویٚ، کە دوور نییە رۆشنبیرانی کورد تا ئیٚستە بە نەخشی پەخشان لە نووسراودا ئەو جۆرە شیٚوەیەیان بەرچاو نەکەوتبیٚت!. هیچمان بۆ دەرنەکەویٚ ئەوەمان بۆ دەرئەکەویٚ کە بزووتنەوەی پەرەسەندنی زمانی کوردی بە چەشنی پەخشان لە جموجووڵدا بووە؛ ئەوەمان بۆ دەرئەکەویٚ کەتا ئەو

مێژووه ئەگەر یەکێک- با لە کوڕی شێوەکەش بوایە- نووسینێکی وای بەرچاو بکەوتایە- ئەگەر ببوایە- لەوانە بوو لووتی پیا نەیەنێ، کەچی ئێستە شانازی پێوە ئەکا.

یەکێ ئەگەر لەم دەقە ورد ببێتەوە ئەوەی بۆ روون ئەبێتەوە کە ئەو جیاوازیەی لە نێوانی شێوەکانی زمانی کوردیدا هەیە جیاوازیەکی وانییە کەببێ بە کۆسپ لە ڕێگای یەکگرتنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوودا. جیاوازی لە بەینی شێوە زمانەکانی غەیری کوردی-شدا هەیە، ئەوەندە هەیە ئەوان مەیدانیان هەر لە زووەوە تەخت کردووە بۆ دروستکردنی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ خۆیان، ئێمە لەبەر گەلێ پێشهاتی نالەبار ئەو مەیدانەمان بۆ تەخت نەبووە، هەر چەندە ئێستە شێوە زمانی موکری - کە شێوەی بابان یەکێک لەو- بووە تا ئەندازەیەک بە دەستووری گوزارشتمان، بەلاّم هێشتا هەر ئەیەوێ بۆ ئەوە لەگەلّ شێوەکانی ترا بە تەواوی موتوربە بکرێ. ئومێد ئەکەم لە ئێستە بە دواوە رۆشنبیرانی کورد چاکی مەردانەی لێی بکەن بەلاداو ئەو زەوینەیە زیاتر تەخت بکەن. دیارە ئەمەش: یەکەم بە وریا بوونەوەو دووەم بە شارەزا بوون بەسەر شێوەکانی ئەو زمانەدا ئەبێ.

ناوەرۆکی دەقەکەش تەنیا باسی رێزمانی ئەو شێوەیە بەو شێوەیە، لەم رووەوە ئەوەندە مەبەستی ئێمە نییە، بەلّکوو مەبەستە سەرەکیەکەی بۆ ئێمە روخسارەکەیەتی کە چۆن گوزارشتی لە دارشتنی ئەو رێزمانە داوەتەوەو چۆن شێوە ئاخاوتنی ئەردەلاّنی لە قالّبی نووسیندا دارشتووە؟. ئەمە بۆ پەخشان هەنگاوێکی گەورەیە کە نێژراوە.

***

لە ژمارە «١٣٤٢»ی رۆژنامەی «ژین»ی رۆژی ١٩٥٧/٤/٢٥.

«محرم محمدامین» وتارێکی لە ژێر ناوی:

«کۆکراوەیەکی زمانی-مجمعی لغوی-مان ئەوێ، تەنها هەست کردن بە ناتەواوی بەس نییە بۆ لابردنی ناتەواوی».

بەم دەقەی خوارەوە خستبووە بەرچاو:

«وەکوو سەرنج ئەدرێ بارگەی بزووتنەوەیەکی پیرۆز لە ناو نەتەوەی ئێمەدا دەرکەوتووە بە سەرکردایەتی دەستەیە نووسەری نیشتمانپەروەر کە شەوو رۆژ خەو و خۆراکیان لە خۆیان هەلّگرتووە، بیر ئەکەنەوەو کۆشش ئەکەن بۆ پێش خستن و بەرزکردنەوەی زمانە شیرینەکەمان، بەبێ گومان ئەم هەستە بەرزە لە پەرەسەندنی هۆشی نەتەوایەتیمانەوە هەلّقولاّوە کە بە رادەیەکی ئێجگار

ئاشکرا بۆی دەرخستوین نەتەوەکەمان بەرەو رۆژێکی تاریک ئەڕوا ئەگەر نەکەوێتە خۆی و چارەکردنی زمانەکەمان وە رزگارکردنی لەم قۆرتانەی تێی کەوتووە.

بەڵام ئەم بزووتنەوەیە زۆر پەرش و بڵاوە، وە پێویستی بەیەک خستن و رێک خستن هەیە بۆ ئەوەی بچێتە قالبێکی بە بەرهەمی پڕ سوودەوە، بەوانە پێویستی بە رێکخستنی کۆششی زاناکانی زمانەکەمان هەیە، نەک وەکوو ئێستا کە ئەبینین هەر یەکە رێگایەکی داناوە بە بیری خۆی بەراستی ئەزانێ بۆ چارەکردنی قۆرتەکانی زمانەکەمان،کە ئەمەش بووە بەهۆی پەیدابوونی چەند رێگایەکی جیاوازی لە یەک نەچوو، وە وەختە ئەوەندی تر سەر لە خوێندەواری کورد بشێوێنێ لەدەربارەی نووسینی کوردییەوە؛ هەندێک ئەڵێن ئەبێ بە پیتی لاتینی بنووسرێ. هەندێکی کەش ئەڵێن هێشتا وەختی ئەوە نەهاتووە، باجارێ هەر بە پیتی عەرەبی بنووسرێ، وە لە دەربارەی بژاری زمانەکەمانەوە لە وشەی بێگانە دەستەیەک ئەڵێن هەر وەکوو خۆی بمێنێتەوە، دەستەیەکی کەش بە توندی بەرانبەر ئەم بیرە رائەوەستێ و ئەڵێ ئەبێ وشەی کوردی لە جێگای ئەمانە بەکار بهێنرێت، سا ئیتر بە داتاشین بێ، یا بە داهێنان بێ، وە یا بە دۆزینەوە بێ.

وە لە دەربارەی زاراوەکانی «لهجات» زمانەکەمانەوە دیسان دوو بەرەکی هەیە؛ هەندێک ئەڵێن: زاراوەی هەر هەرێمێک لە کوردستاندا بکرێ بە زاراوەیەکی گشتی، وە ئەبێ بسەپێنرێ بە سەر هەموو کوردێکا پێی بنووسێ و بخوێنێتەوە. هەندێکی کەش ئەڵێن: ئەبێ وشەکانی هەموو زاراوەکان کۆ بکرێتەوە، لە مە زاراوێکی گشتی دابمەزرێ، وە لە نێوانی ئەمانەشدا هەندێکی مام ناوەندیش هەیە.

لەم مقۆمقۆیە خوێندەواری کورد بە سەرلێ شێواوی یێتە دەرەوە، زمانەکەشمان ئەوەندەی تر بە ناخی زەویا ئەچێتە خوارێ، وە ئەو ئامانجە بەرزەی کە زاناکانمان ئەیانەوێ پێی بگەن پترتر دوور ئەکەوێتەوەو کۆششیان بە پێچەوانەی مەرامیان وەر ئەگەڕێ. جگە لەمەش زاناکانمان چەند لە باریانا بێ و رەنج بدەن بە تاکەیی ناتوانن کە لەبەرەکانی زمانەکەمان پڕ بکەنەوە!. ئەی چار چییە؟. چار چییە بۆ ئەوەی رەنج بە فیڕۆ نەڕوا؟ تەنها یەک رێگایە:

رێگای رێکخستن و یەکگرتنی توانای زاناکانمان لە کۆکراوەیەکی زمانیدا «مجمع لغوی» ئەمە وەنەبێ بابەتێکی تازە داهاتوو بێ، بەڵکوو نەتەوەکانی تر کە گەلێ لە ئێمە پێشکەوتووترن تاقییان کردۆتەوەو سوودیان لێ

وەرگرتووە، وە بەپێویستیان زانیوە بۆ زمانە پێشکەوتووەکەیان. ئینجا بۆ زمانێکی دواکەوتووی وەکوو زمانی ئێمە ئەبێ چەند پێویست بێ؟.

لێرەدا رەنگە هەندێ لە زانا بەرێزەکانمان بڵێن لە بەر ئەو بارەی کە ئێستا کوردستان تیایایەتی ناتوانرێ ئەم کۆکراوەیە دابمەزرێ!. بەڵێ! منیش لەگەڵیانم، ئێستا ناتوانرێ هەموو کوردستان لەم کۆکراوەیەدا بەشدار بێ، لەبەر گەلێ هۆ، بەلاّم ئەتوانرێ لە کوردستانی عیراقدا دابمەزرێ ئەگەر بە گەرمی کۆششی بۆ بکرێ و هەوڵی بۆ بدرێ، بەتایبەتی ئەم کۆکراوەیە هیچ پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە، وە لەگەڵ دەستوور و هەموو یاسایەکی عیراقدا ئەگونجێ، وە بەلای منەوە دامەزراندنی ئەم کۆکراوەیە لە کوردستانی عیراقدا مانای ئەوەیە هەموو کوردستان ئەنوێنێ، چونکە لە هەموو نموونەیەکی زاراوەی زمانی کوردی تیایە، سەرەڕای ئەمەش زۆربەی زانای کوردی کەوتوونەتە عیراقەوە.

ئیتر چاوەڕوانی لە دایک بوونی ئەم کۆکراوەیەین بەهۆی کۆششی دڵسۆزانەی زاناکانی زمانەکەمانەوە کە بێ گومانین لە خۆ بووردنیان لە پێناوی پێش خستنی زمانەکەمانەوە».

نووسەرێک کە بابەتێک ئەنووسێ دیارە ناوەرۆکی ئەو بابەتە بیروباوەڕی زوربەی ئەو گەلەیە کە نووسەرەکەی تێدایە و لە ئاوێنەی دڵی ئەوا روو ئەداتەوە. ئەم دەقە ئەوەمان پیشان ئەدا کە گۆڕانێکی ئاشکرا رووی کردۆتە ئەو ناوچەیە. نووسەران و خوێندەوارانی ئەو رۆژە کەوتبوونە شت نووسین، هەر یەکەو هەر دەستە وا دیارە رێگایەکی تایبەتی هەبووە بۆ گوزارشت لێ دانەوەو بۆ دەربڕینی مەرام. ئەو ئاڵۆزییە کردوویەتە کارێ کە بیر لەوە بکرێتەوە «کۆکراوەیەکی زمانی» هەبێت بۆ یەکگرتن و یەکخستنی ئەو گوزارشتانەو هەر کەسە بە ئارەزووی خۆی دەست نەکا بە یاری کردن!. ئەم بیرە لە چاو پێش ئەو مێژووەدا بیرێکی نوێ بووەو بە پێشکەوتنی رەوڕەوە دائەنرێ.

بەڵێ! لە بارەی ئەم بابەتەوە بە نۆ ساڵ پێش ئەو مێژووە لەلایەن نووسەری ئەم کتێبەوە قسەی لێوە کراوە، بەلاّم وا دیارە ئەو قسەیە گەلاڵە بووە، وا دیارە لە دوای بنج داکوتانی، لە ناو دەستەیەک لە خوێندەوارانی کورددا بووژاوەتەوە، وە بە سیانزە ساڵ دوای ئەم بووژانەوەیە ئەو ئامانجە هاتە دی و کوردەکە بوو بە خاوەنی ئەو «ئەرسەنە». جا ئەمە تا سەر ئەمێنێ یا نامێنێ کردەوەی رۆژگار مۆری ئەم پاشەرۆژە ئەکات!.

چونکە وەکوو لە لاپەڕەی هەموو مێژوودا وا بووە شەپۆلی سیاسەت گەلێ شتی

رامـاڵـیـوه!. لەگـەڵ ئەوەدا ئەگـەر راسـتـیـت ئەوێ ئەبێ عـیـلم دوور بێ له پارسـەنگی سیاسەت، بەڵام ئەمه وا بووەو وایه؟!. با، ئەو شەپۆله ئەو حوکمە بدات.

ئەم دەقە وەکوو ئەو باوەڕمان بۆ روون ئەکاتەوه ئەوەشمان هەر پیشان ئەدا کە ئەو رۆژە ناوچەی عـیـراق ئاگردانێکی بە بڵـێسـه بووه بۆ تیـشکی روونـاکی بدا بە هەمـوو لایەک؛ لەبەر ئەمـه ئەوەی بەخـۆی رەوا بینیـوه کـە رێ بە دیـی بکا بـۆ خـزمـەتی خـوێندەواری و بووژاندنەوەی زمـانـی کـوردی لە هەمـوو روویەکـەوه؛ ئەو فـیـکرەی بۆ پەیدا بووه کـه تا زمـانەکـەی یـەک نەخـا ناتوانێ بگا بە پایەی هەرە بەرزی عـیـلمی. داواکـردنی جێ بەجێ بوونی مـەبەسـتێکی وەکوو کۆکردنەوەی زمانەکەیان ئەمه بە هەنگاوێکی بەرز ئەزانرێ، چ بۆ ئەو رۆژە و چ بۆ دوای ئەو رۆژەش. تا پێش ئـەم مـێـژووانه رۆژنامـەی کـوردی له بارەی یەکبوونی نەتەوەو خزمەتی ئەدەبیاتی زمان و خوێندەوارییەوه ئەدوا، ئێسـتە کەوتە سەر ئەوه کـه بۆ پێـشکەوتنی نەتەوه تەنـهـا ئەوانه بـەش ناکـا، ئـەبێ باسی گـەلێ سـووچی تر بکرێ؛ ئەبێ باسی ئـەوانەش بکرێ کـه ئەو زمـانەی پێی بەرز ئەبێـتـەوه. دروسـتـبـوونی «مجمعی لغوی» بە چاو کۆمەڵەوه بناغـەیەکی قایمه بۆ ئەوه ئەو نەتەوەیه بوونیەتی خۆی لە سەر دارێژێ. لە باوەڕی ئەو دەستـەیە-کەخاوەن دەق یەکێکە لەوان-تا پرووژەیەکی وا دروست نەبێ خاوەن خامەکان ناتوانن کۆشکی بەرزی زمانەکەیان بەرزتر بکەنەوه.

بەڵێ!. راسته هۆی بەرزبوونەوەی نەتەوه گەلێ شتـه، وەنەبێ هەر «مجمعی لغوی» بێ، بـەڵام شت ئەبێ ورده ورده دەست پێ بکرێ، یەکێ لەو ناتـەواوییـــانـه- کـــه نەبوونی ئەرسنێکه- ئەگـەر پڕ کـرایەوه، ئەو وەخـتـه نـەتەوەکـه خـەریک ئەبێ بۆ نەهێـشـتـنی ناتەواوییەکی تر، کە بەم جۆرەو لە سەر ئەم رێگایه دەست پێ کرا لە ئەنجاما ئەو نەتەوەیه ئەگـــا بەو رۆژه کـــەهیچ کـــەم و کـــووڕی تێــدا نەمـــێنێ و ئەچێـــتـــه ریزی نەتەوه پێشکەوتووەکانەوه.

***

بەپێ پلیکانەی مێژوودا تۆزێکی تر سەرکەوین بەم لاوه جۆره هەستێکی ترمان بەرچاو ئەکەوێ کە لە کامیرای پەخشانا روو بە رووەمان ئەبێتەوه، ئەمەش هەر رۆژ دروستی ئەکا. بە وێنه لە «ژین»ی ژمـاره «١٣٦٠»ی رۆژی ١٩٥٧/٩/١٢ دا نووسـەرێکی زانـا «رفـیق حلمی» له بارەی نرخاندنی چیرۆکی «خانزاد»ەوه کە هی «جمال عبدالقادر بابان»ه، رووی دەم و قـسـەی ئەکاتە «مصطفی صالـح کریم»و بەم دەقـەی خـوارەوه ئەو نیـازەی خـۆی لە

گوزارشتی ڕێختی زمانی کوردی ئەو ڕۆژەدا پێشان ئەدا:

(کاکەمستەفا!

بەراستی و بەدڵ سوپاستان ئەکەم بۆ ئەو دیارییە خۆش و نایاب و بە نرخە کە بۆتان ناردبووم «خانزاد»! لە کانگای دڵەوە ئەڵێم: بە ڕاستی دیارییەکی هەرە نایابە کە لەم دەوری وریابوونەوەیەدا پێشکەشی خوێنەرەکانی کورد ئەکرێ. ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە ئەبێ نووسەران و ئەوانەی بە دوای «تەقالیدی» کۆمەڵایەتیمانا ئەگەڕێن هەوڵی بۆ بدەن، چونکە لەو شتانەی ببنە هۆی دەرخستنی ئەو تەقالیدانەمان «خانزاد» ڕیزی پێشەوە داگیر ئەکا. کاک جمال عبدالقادر بابان- کە ڕەنگە بە خزمەتی نەگەیشتبم- لە ناوچەی چیرۆک نووسەکانا هەنگاوێکی ئیجگار بە جێی هاویشتووەو باشی بۆ چووە، لە یەزدانم ئەوێ دەست و پێ نووسی نەرزێ و بەگەلێ چیرۆکی وا کۆمەڵایەتی ڕەنگین و بە نرخ نامەخانەکانمان[1] برازێنێتەوە، هەر چەند جێی یەک دوو ڕەغنەی بچووکم بەرچاوکەوت و لەوانەیە کە ئەم جێ ڕەغنانە لە وتارێکی ترا بخەمە بەرچاوی کاک «جمال بابان»ی خۆشەویست. دیسانەوە بەلامە وایە کە «خانزاد» بە تێکڕایی چیرۆکێکی هەر جوان و واقعییە کە لە کانگای ژیانی کوردەوارییەوە هەڵێنجراوە، وەیەکەم چیرۆکێکە بە کوردی بابان نووسرابێتەوە و برینەکانی کۆن و دەردەکانی کۆمەڵایەتیمان ئەخاتەوە بەرچاو کە هێشتا بیرمان لە تیماریان نەکردۆتەوە.

«گۆمی شڵەقاویی کاک «محرم» هەر چەند بێ گەرد و جوانە دیسانەوە ئەگەر لێم ببوورن لە چاو «خانزاد»ا ئەکەوێتە پلەی دووەمەوە. تەنانەت لەبەر ئەوە کە «خانزاد» وەکوو وتم لاپەڕەیەکی بێ کەم و زیادە لە «واقعی» کۆمەلایەتیمان لە دڵی منا نرخی زۆر لە ژوور «بەهرامی گۆڕ»ی ماموستا وەهبی بەگیشەوەیە.

«بەهرامی گۆڕ» جێی ئینکار نییە، بەری کۆڵینەوەیەکی «عیلمی»یە، کە تایبەتییە بە ماموستای مەزن، بەلام من هەر ئەوەندە ئەڵێم: کە کوردی ئیمڕۆ لەو، بەتەمای جۆرە خزمەتێکن کە لە نامەکانی «بەغدا»و ئاڵتوون کۆپری»و «بەهرامی گۆڕ»دا چنگیان ناکەوێ؛ واتە لاوی خوێن گەرمی ئیمڕۆ لە نووسینەکانمانا بۆ زادە وەیا خۆراکی گیان ئەگەڕێن، زانیاری قوتابخانەکان سەرو زیادیانە، لەو کتێبانەدا کە بە زمانی بێگانە نووسراون و ئەنووسرێنەوە زاد وەر ئەگرن. بەلام ئەو زادە کە بەوان لازمە و ئەو «غذای» گیانە کە لاوی کورد بۆی ئەگەڕێ لە دەرخستنی تەقالیدی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتیا

چنگ ئەکەوێ. وە لەبەر ئەوەی کە «خانزاد» بەشێکی هەرە بەنرخە لە زەخیرەی تەقالیدی کۆمەڵایەتی کورد بەلامەوە بەنرختره لە «بەغدا»و «ئاڵتوون کۆپری»و «بەهرامی گۆڕ».

مامۆستای مەزن وەهبی بەگ نابێ لێم زیز بێ کە ئەوە ئەڵێم، چونکە من لەگەڵ ئەوشا مەفتوونی زانیاری بەرزو کۆڵێنەوەی زانیارانەی ئەوم و هەرچەندە لەو ئاگادارم کە شەوو ڕۆژ خەریکەو بەگەرم ئەیەوێ خزمەتی نەتەوەکەی بکا، بەلام داخەکەم تا ئێستا پەی بەوە نەبردووە چۆن خۆی لە خەڵک بەرێتە پێشەوە!. بەڵگەی ئەم وتەیەشم ئەوەیە کە لەم ڕۆژانەدا دۆستێک بۆم ئەنووسێ و ئەڵێ: بەهرامی گۆڕی مامۆستا وەهبی بەگ بەندیوارییێکی بە کوردەوە نییە «ئاڵتوون کۆپری» کە «قۆریات»ی تیا بوو دڵی تورکەکانی پێ خۆش کرد «بەهرام» هی فورسەکان!.

ئینجا کە ئەمە چەشنی لێکدانەوەی لاوەکانمان بێ ئەرکی خۆپاراستن لە رەخنەی لاوانی وتوو وریای ئیمڕۆ ئەکەوێتە سەرشانی مامۆستای مەزن خۆی. زانیاری بەرزو فراوانی خۆی بخاتە کارەوە بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو زمانە خاوێن وتازەیە کە بۆ کوردی داناوە؛ خۆی لە پێش لاوەکانا هەر بەو زمانە بنووسێ ولەو شتانە بدوێ کە بۆ کورد بەکەڵک بێ وتەقالیدی کۆمەڵایەتی کوردی پێی بخاتە روو.!

گومانی تیا نییە کە ماموستا وەهبی بەگ یەکێکە لە زانا بەرزەکانی کورد. جا لەبەر ئەوە گەل داوای خزمەتی کوردی لێ ئەکا، لێی نابوورێ ئەگەر ئەو خەریکی ئەوە بێ خۆی بە زانایانی گێتی بناسێت، وە یا ناوی لە دونیای شارستانیەتییا بڵاو ببێتەوە..

سلاو بۆ هەمووان... برات: رفیق حلمی».

ئەم دەقە شێوەی پەسندی پەخشانێکی رەوانە کە لە سەر کتێبێکی وەکوو چیرۆکی «خانزاد» کراوە، زانایەک بەم پەسندەی نرخی ئەو کتێبەی دەربڕیوە. کوردییەکی رەوان و بێ گرێیە کە لەو ڕۆژەدا بەسەر قەڵەمی نووسەرانەوە بووە؛ ئەو رێگایە روون ئەکاتەوەو پیشانی خەڵکی تری ئەدا کە نرخ شناسی ئەبێ چۆن بێ.

بەڵێ! ئەو حەقەی داوە بەکتێبەکە کە: ئەمە یەکێکە لە داستانی نەتەوایەتی کورد کە قەڵەمی کوردێک شتێکی ونبووی زیندوو کردۆتەوەو بەهرەیەکی بەنرخی وای خستۆتە بەردەمی نەتەوەی کورد کە ئەگەر ئەو چاپکراوە نەهاتایەتە بەر ئەو بەهرەیە ئێستەش هەروا بە شاراوەیی ئەمایەوە، بەلام ئەبوایە لەگەڵ ئەم نرخاندنەدا هەندێ لە ناوەڕۆکی کتێبەکەشی پیشان بدایە بۆ ئەوە زانیاری نرخاندنەکە بە تەواوی جێگای خۆی بگرتایە-

هەر چەندە ئەوەی وتووە کە یەک دوو رەخنەم لە نووسینی ئەم کتێبەدا هەیەو لە جێگایەکی ترا باسی ئەکەم. بەڵام تەنیا ئەمە بەش ناکا!. کە خوێنەرێک چاو بەم دەقەدا ئەخشێنێ بێجگە لە نرخاندنەکە- بە چاو ئەو خوێنەرەوە... ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کە مەبەست لەم نووسینەدا شتێکی ترەو ئەو شتە بووە بە هۆی ئەوە کە خاوەن دەق ئەم دەقە پێکەوە بنێت!:

توفـــیق وەهبی زانا بووە، رفـــیق حلمی-ش هەر زانا بووە. زانایەک لە بەرهەمی زانایەکەوە قسە ئەکا. لە سەردەمی ژیانی «رفیق حلمی»دا «توفیق وهبی» لە بارەی وشەی «بەغدا»و لێ کۆڵینەوە لە وشەی «ئاڵتوون کۆپری»و داستانی «بەهرامی گۆڕ»ەوە قسەی کردووەو شتی لە سەر نووسیون و بڵاوی کردوونەتەوە. ئەو شتانە وەکوو رفیق حلمی خۆی لەم دەقەدا ئەڵێ کەڵکێکی بۆ کورد نییەو نابێ، تەنها کەڵکەکەی ئەوەیە: کە ئەو زانایە زانیارییەکەی خۆی دەربڕیوە، ئەو زانیارییە لە ناو ئەو چوارچێوەیەدا بۆ کورد بەش ناکـا، بەڵکوو ئەوەی بۆ کـورد بە کـەڵک بێ لەم بارانەوە بابەتی کـەلەپووری کوردییەکەیە، نەوەک شتی لاوەکی. رفیق حلمی ئەمەی بەهەل زانی کە بتوانێ لە ناو پەسندکردنی چیرۆکی «خانزاد»دا ئەو نیازانەی دەربڕێت، هەلێکی تری بۆ هەڵنەکەوتووە- بەباوەڕی خۆی-کە بتوانێ ئەو مەرامەی بۆ بێتە دی ئەم شوێنە نەبێ!.

لە هەموو نەتەوەیەکدا، وە لە ناو زانایانی هەمە جۆرەی هەموو نەتەوەیەکدا بەربەرەکانێ و رێی برکێ-مونافەسە-هەیە، لە راستیدا ئەگەر ئەمە نەبێ ئەو زانیارییە پێش ناکەوێ. ئەو دووە؛ واتە: توفـــیق وهبی و رفـــیق حلمی دوو زانای هاوچەرخی ئەم نەتەوەیەو هەردووکیان خاوەن قەڵەم بوون.

هەتا ساڵ بێت بەم لاوە بیروباوەڕ پەردەیەکی تری بەسەرا دێت. ئایا رەورەوەی گەردوون ئەمە دروست ئەکا، یا ئەم ئەو رەورەوەیە ئەخاتە گەڕ؟. ئەمە تیورێکەو هەر کەسە بۆ خۆی بۆی ئەچێت، دوور نییە لەم رووەوە هێشتا نەگەیشتبن بە ئەنجام!

ساڵانی «١٩٤٠-١٩٥٠» جەنگی جیهانی دووەمی دروستکرد، یەکێ لە پاداشەکانی ئەم جەنگە نزیک بوونەوەی مەردم بوو لە یەک، ئوتۆمۆبێل و فڕۆکە و رادیۆو رۆژنامە بە خێرایی کارەسات و بیروباوەڕی خەڵکی بەم سەرو بەو سەری جیهانا بڵاو ئەکردەوە. گەلێ شت هەبوو تا ئەو سەردەمە وڵاتی کوردەواری هەر ئاگای لێ نەبوو، گەلێ دام و دەزگا هەبوو لە وڵاتانی تر تێکچووبوون، وڵاتی کوردەواری هەر بە خەیاڵیشیا نەدەهات، ئەو

جەنگە ئەوانەی هەموو لەگەڵ خۆی هێناو بیرو هۆشێکی تری دروستکرد!.

تا ئەو ساڵانە کە جەنگ و پاشەرۆکی جەنگی تیا مایەوە کەس ئەوەی بە دڵا نەدەهات کە: یەکێک بە ئاغا، یابەگ، یاخاوەن ملکێک بڵێ: ملکانەکەت کەم کەوە، یا روو بکاتە یەکێک بڵێ: ماڵی فلان چۆن دزرا؟. یا ئەو مەڕو بارانە بۆ چ ئەبرێن بۆ تەکیە؟. کەچی لەو ساڵانەدا ئەم جۆرە خەیاڵانە پەیدا بوون، لە خەیاڵەوە کەوتە زار و لە زارەوە کەوتە سەر لاپەڕەی چاپ! ئەمە گۆڕانێک بوو کە بەسەر بیروباوەڕدا هات. ئەم پەخشانە ئەو چەشنە گۆڕانەمان لە بیروباوەڕدا پیشان ئەدا؛ ئەوەمان پیشان ئەدا کە هەر رۆژە شتێک دێتە کایەوەو هەر ساتە لە تەلێکەوە ئاوازێک پەیدا ئەبێ!.

بەڵێ! ئەڵێن ئەم جۆرە شتانە جەنگ هێنایە پێشەوە، چونکە تەنگی زەوی هێنایەوە یەک، بەڵام لە راستیدا ئەگەر جەنگیش نەبوایە گەلێ بیروباوەڕی تازە هەر پەیدا ئەبوو، چونکە دنیا لە گۆڕانایە. دوور نییە ئەو سکاڵایە کە ئەم پەخشانە کردوویە لە دەست هەندێ چین، پێشووتریش ئەم سکاڵایە هەر هەبوو بێت، بەڵام ناوچەی دەربڕینەکەی تەسک بووە و چاپیش لە ئارادا نەبووە کە زوربەی خەڵک ئاگادار بکا. ئەمەو سەردەمەکانی پێشوو بە دوو سەد ساڵ جارێک رەوشتێکی کۆمەڵایەتی ئەگۆڕا، لەو ساڵانە بە دواوە گۆڕانەکەی وەکوو شتەکانی تر زۆر خێرا بوو. پیاوی ئێستە ئەم جۆرە شتانەی بەلاوە زۆر بەلاجەوییە، کەچی بەلاجەویش نییە، گۆڕان هەر هەبووەو لەمەو دواش هەر ئەبێت.

وەکوو وترا ئەم دەقە ناوەرۆکەکەی گۆڕانێکی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی لە پەردەیەکەوە بۆ پەردەیەکی ترمان پیشان ئەدا. ئەبێ ئەوەش بزانین کە خاوەنی پەخشان دوور نییە خۆی یەکێک بووبێ لەو چینە کە رەمەکی مەردم دەردە دڵی لێ ئەکەن. خۆی لە کەلار بوو، خۆی بەگزادە بوو، کەلار شوێن هەواری بەگزادەی جاف بوو، بەڵام چونکە شەپۆلی گۆڕانەکە زۆر بە تەوژم بوو ئەویش خۆی لە بەریا پێ رانەگیرا کەوتە دەردە دڵ کردن!. روخساری پەخشانەکەش روخسارێکە کە راست نووسینی ئەو ساڵانەمان پیشان ئەدا.

***

«ئەحمەد شاڵی» لە گەلاوێژی ژمارە «٨» ساڵی «١٠»-١٩٤٩-لە ژێر ناوی «گێژەڵووکە»دا وێنەی جۆرە پەخشانێکی وەرگێڕاوی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمەی خوارەوە نموونەیەکیەتی و ئەڵێ:

«رۆژ رووی ئەکردە ئاوا بوون، ئاسۆش ڕەنگێکی ئەرخەوانی خوێنینی تێکەڵاو ئەبوو، سروشتیش بێ دەنگی و پەستیەک گرتبوویە ناو، هەر وەک ئەو بێ دەنگی و پەستیەی کە ئێستا وا دڵی «فرناند»ی داگیر کردووە. لەسەر جێگاکەی لە ژووری نووستن، بەرامبەر پەنجەرەکە. ئەم کچە بەسەزمانە سەر لێ شێواوە تەنها و ماتو بێ دەسەڵات دانیشتبوو جاوی ئەگێڕا بە پەڵە هەورەکانا کەوا هەر وەک هوردویەکی شکاو بە پەلە هەڵئەهاتن و باوەشیان ئەکرد بە رۆژدا و خۆیان لەگەڵیا ئەسپارد بە دنیای تاریکی و نەمان!.

کچەکە بەزەیی ئەهاتەوە بەم تیشکە زێڕینە جوانەی رۆژدا کە ئاوەها بەم جۆرە گرژ ئەبێت وە سەرەوخوار ئەبێتەوە بۆ ئەوەی بتوێتەوە لە ناوجەرگی تاریکی شەوی پڕ ترس و تابڵێت قوولو نەزانراوا!. بەڵام مەگەر تاریکی رووناکی بە دوادا نایەت؟. لە مردن ژین دروست نابێ؟ بۆچی مەگەر خۆر بەو هەموو پرشنگ و قەشەنگی و تیشک و جوانیەوەی لە قووڵایی تاریکی شەوی پڕ ترس و سامەوە نایەتە دەرەوە؟. بەڵێ! ئاوات و بەتەما بوون زۆر بەهێزترن لە مأیوسی و بەتەما نەمان، سبەینێش لە ئەمڕۆ زیندووترە، بەڵام «فرناند» ئەمڕۆی بەو هەموو ئێش و ئازارە جەرگ بڕەوە دڵی داگیرکردووە، وە هێزو هۆشی لێ بڕیوە، وە جوانترین و پیرۆزترین خەو و خەیاڵی رووناکی جوانی سبەینێی بزرکانوەو وەڵێڵ و لینجی کردووە!.

«فرناند» ئێستا هەر بیر لە ئەمڕۆی ئەکاتەوە، وە لە دوای رۆژی نزیکیشی کەوا لە گۆشەیەکی مێشکیا جێ گیر بووە، بیر لەم هەموو ئێش و ئازارە قووڵە ئەکاتەوە کەوا دایگرتۆتە ناو، وە کەوا وردە وردە پاڵاوتەی گەنجێتی ئەمژێ و خەریکە هەرچێ تواناو هێزو بزووتنەوەو هیوایەک هەیە لە دڵ و لەشیا ئەیکوژێ و پایەماڵی ئەکا! گیانی خاوێنی بێ گوناهی بە سەر خۆیدا پێچراوەتەوە، وە لە هەموو کەسێ پەستە، تەنانە لە ژیانو لە هەموو شتێکیش کە لە ژیانا هەیەو نییە بێزارە!.

وەچۆن رقی نابێتەوە لە ژیان کەوا دەربەدەرو بێ ئاوات و هیوایە تیایدا، وەچۆن لە هەموو کەس پەست نەبێ کەهەموو دەری ئەکەن و خۆیانی لێ دوور ئەخەنەوە؟!

وەچۆن رقی لە زەمانە هەڵناستێ کە بەبێ وچان راوەدووی ئەنێ و پەیتا پەیتا وەک لەسەریەک هەموو جۆرە ناخۆشی و مەینەتی و دەردو زووخاوێکی ئەکا بە قوڕگا؟!.

ئەو قسە تاڵ و جەرگ بڕەی کە لە سەر هەموو دەم و چاوی نووسراوە، وەکە بەسەر هەموو زمانێکەوەیە؛ ئەو قسە ناشیرینە ترسێنەرەی کە هەمیشە و هەموو دەم ئەیدەن بە گوێچکەیا، کە دەمارەکانی پێ گرژ ئەبن و هەموو ئەندامی لەشی لە هەرە قووڵایی گیانیەوە ئەهێنێتە لەرزین!. «فرناندی زۆڵ» کچی مادام «جولیا بواییە» بە تەنها، کچی جولیای سووکی بەد ئەتوار بە تەنها، بەڵام باوکی کەس نازانێ کێیە؟!. ئینسانێک بوو جارێک هات کەتنێکی کردو رۆیشت، گیانلەبەرێکی بێ نرخی خۆپەرست، گوناهبارێک گاڵتەی کرد بەو پێویستییەی کە خۆی بە دەستی خۆی لە ئەستۆی خۆی نابوو، وە گوێ لە دەنگی ویژدان و پیاوەتی نەگرت، دۆستەکەی بەجێ هیشت لەگەڵ کچەکەیدا بە نیچیر بۆ خراپەو رسوایی و هەژاری و بێ کەسی و سەر شۆڕی!. هەموو ئەمە ئەزانن و چاکترین و بەدینترین کەسیان چاوی لێ ناپۆشن مەگەر بۆ ئەوەی کە توانجێکی جەرگ بڕ ناخۆشتر بگرنە دڵ و گیانی!

«فرناند» ئەم هەموو تیروتوانجانەی قبووڵ کرد بوو کاتێ کە هێشتا قوتابییەکی بچووک بوو لە یەکێ لە قوتابخانە نزمەکاندا، وە هەروەها کە گەورەش بوو وە چووە یەکێ لە قوتابخانە بەرزەکانەوە، وەکاتێ کە تێکەڵی ژیانی کۆمەڵایەتیش بوو، وە تەنانەت ئێستاش کە خوێندنی تەواو کردووە، وە لە یەکێ لە بانقەکاندا ئیش ئەکات تا ئەتوانێ خۆی دوور رائەگرێ لەو هاوڕێیانەی کە خۆیانی لێ نزیک ئەخەنەوە بۆ ئەوەی پێی رابوێرن، وە بیکەن بە بووکە شووشەیەکی بێ گیان ئارەزووی نارێکیانی پێ تەخت بکەن و یاری بە نامووسی بکەن!.

.»..........................................................................................................

ئەم بابەتە لە بناغەدا چیرۆکێک بووە کە لە نووسینی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسزی «ئەندریە توریێە»یە، پاشان کراوە بە عەرەبی، ئەحمەد شالی لە فەرەنسزی، یا عەرەبییەکەوە وەری گێڕاوەتە سەر کوردی، وە بەڵکوو زیاتر ئەوە جێ بڕوایە کە لە عەرەبیەکەوە وەری گرتبێ. خەیاڵ، وەیا کارەسات فەرەنسزییە، قەڵەم عەرەبییە، وەرگێڕان کوردییە. لەم کتێبەدا لە ئینگلیزیەوە چەند نموونەیەک خرایە بەرچاو، ئەمەی ئێرە لە فەرەنسزییەوە بێ، وەیا لە عەرەبییەوە هەرکام بێ نموونە پەخشانێکی وەرگێڕانی تازەترە بۆ سەر زمانی کوردی پێکەوە ناوە.

ئەم دەقە نموونەی جۆرە پەخشانێکە کە گوزارشتەکەی زۆر کەم لە پەخشانی ترا ئەبینرێ، بیرو کارەسات بێگانەیە، گوزارشت و داڕشتن خۆماڵییە، زمانی کوردی ئەو گونجایشەی

هەبووە کە ناوەڕۆکی ئەم جۆرە کارەساتانە لە روخساری خۆیا جێ بکاتەوە؛ وشەی تەڕو پاراو بۆ ئەو شوێنانە کە شایانی بێ، هەر رستەیەک و هەر بەندێکی ئاوازەیەکی هەیە هیچی لاوەکی نییە، لە خوێندنەوەدا دڵ رائەکێشێ و هەست ئەجووڵێنێ. راستە گۆڤاری گەلاوێژ قوتابخانەیەکی بەرز بوو بۆ پێ گەیاندنی گەلێ کەسانی وەکوو خاوەنی ئەم پەخشانە.

ئەم چەشنە رووداوانە کە ئەم پەخشانە باسی ئەم یەکەیان ئەکا زادەی وڵاتێکە کە لە وڵاتی کوردەواریدا وێنەی ئەوانە یا رێی ناکەوێ، یا ئەگەر بشکەوێ زۆر بە دەگمەن ئەبێ، یەکێ لە بەهرەی ئەم پەخشانە ئەوەیە کە وەرگێڕەکەی بەم وەرگێڕانەی کارەساتێکی وەک ترسێنەری لە نێوانی دایک و کچێکا پیشانداوە کە تەبێعەت بەو کارەساتە دوو سروشتی دژی یەکی لە دایک و کچێکا دروستکردووە کە شتی وا مەگەر لە وڵاتێکی فەرەنسزی دا روو بدا ئەگینا لە جێگایانی تر ئەم چەشنە شتانە زۆر بە گرانی رێ ئەکەون!.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان کارەساتەکە نییە، چونکە ئەو شوێنانە کە زیاد لە ئەندازە سەربەستی تێدا پەیدا بوو شتی وای ئەبێ تێدا روو بدا، بەڵکوو مەبەستمان جۆری پەخشانەکەیە کە بە وەرگێڕان لە زمانێکی ترەوە بۆ کوردی دەقێکی بۆ سامانی زمانەکەمان پێکەوە ناوە. وەکوو سەیر ئەکەین رۆژەکان هەتا دێن بەم لاوە جۆرە پەخشانێکی تر بۆ مێژووی پەخشان دروست ئەبێ، لەمەوە بیروباوەڕی نووسین پەرە ئەستێنێ، ئاسۆی گوزارشت بڵاو ئەبێتەوە، خەرمانی بەرهەم زیاد ئەکا، لەمەوە ناوچەی فیکری لە ناو چوارچێوەی تەسکا دەرئەچێ و بە هەموو لایەکدا ئەفڕێ، لە چاکە چاکە وەر ئەگرێ و لە خراپە خۆی ئەپارێزێت.

* * *

«ئەم باسە خۆشەمان لە گۆڤارێکی بێگانەدا هاتە بەر چاو، بە کورتی و بە چەشنێکی جوان ئەو مەعلووماتە ئەگێرێتەوە کە تا ئێستە لە لایەن فەلەک شناسانەوە دەرحەق بەعاسمان کۆکراوەتەوە. حەزمان کرد خوێندەوارانی خۆشەویستی گەلاوێژ بەم مەعلووماتە جوانە تەنویر بکەین.

ئەوەی بۆ ئەم گەشتە هۆمان ئەکەوێتێ باڵۆنێکی ناو بەتاڵی قایم دروستکراوە کە بتوانێ لە سانیەیەکدا «١٢» کێلۆمەتر، یا لە سعاتێکدا «٤٣٢٠٠» کێلۆمەتر بمانبا بە حەوادا.

قۆناغی یەکەم ـ مانگ: نزیکتر ئەستێرە لە ئێمەوە مانگە، هەتا لێی

نزیکتر ببینەوە لەبەر چاومان گەورەترو رووناکتر ئەبێ و لە پشتمانەوە ئەرز تا دێی بچووک ئەبێتەوە و هەر تارماییەکەیان لێوە دیار ئەبێ کە تەم و غوبار دای پۆشیوە. مانگ لافاو، باران، گێژەڵووکە، گەردەلوول و هەورو هەڵای تیا نییە. لێی ئەنیشینەوەو لە باڵۆنەکەمان دێنە دەرەوە، هەر چەن پیا بگەڕێن هیچمان نایەتە بەرچاو، دەشتێکی کاکی بە کاکی بێ شارو دارستان و سەوزایی، چەن شاخێکی ئاگرین نەبێ کە لە هەزاران ساڵەوە کوژاونەوە. ئەم شاخانە هیچ لە شاخەکانی سەر ئەرز ناچن، هەموو نەرم و لووس وەک ماڵەیان پیا هێنرابێ، حاڵ وایە شاخەکانی سەر ئەرز لافاو و بەفرو باران دڕیونی و لە هەموو لایەکەوە کەندەڵان و ئەشکەوتی تیا پەیدا کردووە، لێیان نزیک ئەبینەوە ئەمانەوێ پیا هەڵگەڕێن، هەرکە هەنگاو ئەنێین وا هەست ئەکەین کەس نییە لە خێرایی دا بمانگاتێ، چونکە ئەوەندەی پێ ناچێ ئەکەوینە تەوقە سەرەکەی، بە پێچەوانەی شاخەکانی سەر ئەرز کە پیا هەڵگەڕانی زۆر زەحمەتەو ئەگەر یەکێکمان نووچێک بدا و لە بەرزیی سی چل مەترەیەکەوە بکەوێتە خوارێ هەموو ئەحەپەسێن کە ئەبینین وەک پەڕ لە سەرخۆو بە هێمنی ئەنیشێتەوە سەر زەوی بێ ئەوەی دڵۆپێ خوێن لە چ جێیەکی لەشی بێ وەیا ئازاری بگا دووبارە هەڵئەسێتەوە سەر پێی و ئەیەوێ هەنگاو بنێ، هەر هەنگاوێکی دەمەتر پانە، کە دێینە سەر بنج و بناوانی ئەبینین ئەو قورساییە کە لەمانگ هەستی پێ ئەکەین شەش جار لەهی ئەرز سووکترە.

دووەم قۆناخ ـ زەهرە «Venus»

لە مانگ تاقەتمان ئەچێ و لە سەرماو سۆڵەی وەرز ئەبین، سواری باڵۆنەکەمان ئەبین و بەرەو ئەستێرەی زەهرە- ڤینۆس بە حەوادا ئەکشێین و کە لێی نزیک ئەبینەوە شتێکی ئەوتۆمان نایەتە بەرچاو کە شایانی باسکردن بێ. ئەم ئەستێرەیە بەقەد ئەرزە، هەورو هەڵا هەموو لایەکی داپۆشیوە و بە عاستەم خۆی ئەبینرێ، لایەکی ئەم ئەستێرەیە ساڵ دوانزە مانگە بەرەو رۆژە، شەوی بۆ نییەو گەرمەو لاکەی تری پشتی لێیەتی، رۆژی بۆ نییەو زۆر ساردە.

سێیەم قۆناغ ـ عەتارد «Mercury»

ئینجا روو ئەکەینە عەتارد بەڵام لەبەر ئەوە کە نزیکترین ئەستێرەیە بەرۆژ ناتوانین لێی بنیشینەوە، ئەمیش وەک زەهرە هەر لایەکی بەرەو رۆژەو زۆر گەرمە و لاکەی تری پشتی لێیەتی و زۆر تاریکە. بەهۆی ئەم نزیکیەیەوە لە رۆژ گەرمی لاکەی بەرەو رۆژی لە وزە چوەتە دەرەوە، بەچەشنێک ئاوی ئەو زێیانە کە تیایەتی پڕن لە قورقوشم و گەلێ مەعادنی تر کە بە زەبری گەرما

تواونەوە.

چوارەم قۆناغ رۆژ – «SUN »

لەبەر نزیکیمان لە رۆژەوە ئارەزوو ئەکەین سەرێکی لێ بدەین. ئەم ئەستێرە گەورەیە ناوەڕاستمانی گرتووە و هەموو ئەستێرەکانی وەک مەڕیخ و زەهرەو عەتارد بە دەوریا ئەسووڕێنەوە و رووناکی و گەرمی لێ وەر ئەگرن.

ئەگەر لەسەر ئەو رۆیشتنە خێراییەی پێشوومان بڕۆین کە «٤٣٢٠٠»کێلومەترە لە سەعاتێکا، دوای دەهەفتە ئەگەینە رۆژ و ئەوەی کە لە دوا رۆژانی ئەم دە هەفتەیەدا گوڕ بە باڵۆنەکەمان ئەدا هێزی کێشان «قوەی جاذبیە»ی رۆژە، کە لە رادەیەکدایە کە ناتوانین حەددی بۆ دابنێین، کە لێی نزیک ئەبینەوە کوورەیەکی خڕی گەورەو شینی پڕ لە غازو کڵپە ئەبینین کە رووناکیەکەی ئەوەندە تیژە وەختە ئاوی چاومان بەرێ، هەتا لێی نزیکتر ببینەوە رووەکەیمان باشتر دێتە بەرچاو و دەرحاڵ بۆمان دەرئەکەوێ کە ئەستێرەیەکی لەکەڵک کەوتوو نییە وەک مانگ یا زەهرە یا عەتارد، بەڵکوو یەک بینە لە جووڵانەوەدایە، ئەکوڵێ، هەڵئەچێ و خێرا بە هێزێکی بێ داد ئەگۆڕێ، چونکە لە ناویەوە هێزێکی ئەوەندە بەتین هەیە کە بەبیری ئێمەدا نایەت ئەم هێزە بێ وچان لە بیچمی بڵقی گەورە گەورەدا دەر ئەپەڕێ و بە سەریا بڵاو ئەبێتەوەو هێزێکی پەنجا بارگیری هەیە لەناوەوە بۆ سەر هەموو ئیخێک لەسەر رووی رۆژ و لەبەر ئەمە کە ئەم ماوە بچووکە تەوانای هەڵگرتنی ئەم هێزە گەورەیەی نییە ئەیەوێ خۆی لێی رزگارکا، بۆیە بێ وچان لە هەوڵدانایە، ئەکوڵێ، هەڵئەچێ، سەرەو ژێر ئەبێ تاکوو بە ئاسانی زووتر تیشکی ناوەوەی لە خۆی جوێ بکاتەوە و بە تەوژم هێز فڕێ ئەداتە دەرەوە، بۆیە لە زۆر لایەوە فوارەی گەورە گەورەی ئاگرین بە هەزاران میل بە عاسمانا هەڵچوون، ئینسان لەبەر جوانیان سەرسام ئەبێ. هەندێکیان وەک چەتر، هەندێکی تریان وەک دار لقی لێ بۆتەوە و بە هەزاران میل لە سانیەیەکدا ئەم لقە ئاگرینانە بەرز ئەبنەوە، جاری وا هەیە ئەگەنە بەرزایی «٦٠٠٠» هەزار میل و هەتا لە رۆژ نزیک بکەوینەوە دەمی ئەم فوارانەمان گەورەتر دێتە بەرچاو کە هەر یەکە لەوانە بە ئاسانی ئەم ئەرزەی ئێمە قووت ئەدا!.

لەسەر رۆژ ناتوانین دابەزین، چونکە وەک ئەوانیتر رەقی نییەو گەرماییەکەی لە رادەیەکدایە کە خۆشی تواندۆتەوە، نە، وەک ئەرز بە رەقی ماوەتەوە و نەوەک رووی بەرەو رۆژی عەتارد شلە، بەڵکوو لەبەر گەرمی هەڵچووەو عیبارەتە لە تۆپەڵێک غازو هەڵمی ئاگرین.

بۆ ئەوەی بزانین گەرمی رۆژ لە چ رادەیەکدایە ئەبینین ئەو تەرمۆتەربە کە پێمانە گەیشتۆتە «۱۰/۰۰۰» پلەو تا بۆ ناوەوەی بچین ئەم گەرماییە زیاتر ئەبێ و لە ملیون پلە رەت ئەبێ و کە گەیشتینە ناوەڕاستەکەی تەرمۆتەرەکەمان ئەگاتە «۵۰» ملیون پلە و بۆ ئەوەی شتێکمان لە گەرمایی رۆژ بۆ حاڵی ببێ ئەگەر چوار فلسیەک بتوانین بخەینە ناوەڕاستەکەیەوە، تینی ئەو گڕەی کە لەو چوار فلسیە ئەبێتەوە بەشی ئەوە ئەکا کە هەموو گیانلەبەری سەر رووی ئەرز بکا بە خەڵووز!.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم گەرماییە بە تینەو ئەم تیشکە تیژەی رۆژە خۆشی بەرە بەرە ئەپووکێتەوەو لە دەقێقەیەکدا پەنجا ملیونو چوار سەد هەزار تۆن لە قورسایی کەم ئەکاتەوەو بەم پێیە تەنیا «٤٥» تریلیون ساڵی تر ئەمێنێ!.

...............................................................».

پەخشانی ئەم دەقە نموونەیە بۆ دوو مەبەست؛ یەکێ وەرگێڕانێک لە ئینگلیزییەوە لەو ساڵانەدا، یەکێ دروستکردنی پەخشانێکی کوردی هەر لەو ساڵانەدا. لەو سەردەمەدا دووربینیەکی خەیاڵی کراوە کە رۆژگار وای هێنایە پێشەوە، بە چەند ساڵێک دوای ئەوە ئەو خەیاڵە لە هەندێکیانا بەراست گەڕا!.

ئەمە لە فەلسەفەی ئادەمیزادە: کە پێشەکی بە بیر شت دروست ئەکاو پاشان ئەو بیرە دێنێتە ناو چوار چێوەی کردەوەوە. ئەمە بە زیاد مەزانە، بە زیادی مەزانە چونکە تا بیرکردنەوە لەشتدا نەبێ ئەو شتە دروست نابێ. هەموو پیشەو پیشەسازیەک سەرەتا بەبیر رەنگی رێژراوە و پاشان ئەو شتە دروستکراوە. رەنگ رشتن بۆ شتی رابوردوو کە ماددەیەکی پێی بهێنرێتە ئەنجام، ئەو بەهیچە ئەڕوا، بەڵام بۆ داهاتوو ئەگەر ئیمڕۆژیش نەبێ، سبەینێ هەر ئەبێ.

خاوەنی ئەم دەقە ئەو ئاگادارییە خەیاڵیەی لە زمانێکەوە خستۆتە سەر زمانێکی تر کە زمانی کوردییە. ئەم پەخشانە دوو سەرمایەی لەبەر دەستمانا دانا؛ یەکێ بیری نوێ نەتەوەیەکی تر، یەکێ هێنانە ناوەوەی پەخشانێکی تر بۆ کورد. بە کوردییەکی رەوان، بێ گرێ و نەرم شتێکی دەست نیشان کرد کە ئێمەش بیری لێ بکەینەوەو دەنگی خۆمان بدەینە پاڵی. کە ئەڵێم: دەنگی خۆمان بدەینە پاڵی مەبەست ئەوە نییە کە لە عالەمی خەیالا بژین وەکوو زۆر کات ژیاوین!. بەڵکوو مەبەست ئەوەیە ئەو بیروخەیاڵەی کە بێگانەکان لە پێشا بۆی چوون و لەپاش ماوەیەک لە خەیاڵەوە کەوتنە سەر واقع، ئێمەش

بۆمان ببێ بە دەرس و  بیرێک لە پاشە ڕۆژی خۆمان بکەینەوە. ناڵێم وەکوو ئەوان بچین بۆ مانگ بەڵام ئەتوانم بڵێم: ئەو بیرە بکەینەوە، کە تاکەی لە ڕۆژی ڕەشی نەزانینا بین؟! چەوسانەوەی ڕابوردوومان بینینەوە بەرچاو بۆ ڕزگاربوونی پاشەڕۆژ. نەتەوە بێگانەکان نابێ وابزانین کە سەرەتا لە ئێستای ئێمە باشتر بوون، بەڵام کۆششیان کرد، هەوڵیان دا، تاکیان پشتی تاکیانی گرت، تا گەیشتنە پایەیێک بەزەوی ڕازی نەبوون گەیشتنە مانگ و ئەیانەوێ بگەنە ئەستێرەکانی تریش. جانەوەرن!. ئەگەر هیتلەرێکی تریان بۆ هەڵنکەوێتەوە لەوانەیە بگەن و گەلێ شتی سەیرتر بهێننە ئەنجام. تۆ ئەزانی فشار تەقینەوەی لەدوایە؟!.

ئێمە مێژووی پەخشان و پلە پلەکانی ئەخەینە بەرچاو. ئەم پەخشانە لەو ڕۆژەدا بە نەرم و نیانی هاتۆتە ناوەوە، ڕواڵەتێکی پاکژی هەیە، وادیارە وەرگێرانێکی پوختی مەعنای کردووە، دیوی ناوەوەی لەگەڵ دەرەوەدا پێکەوە بەستوە، ڕوخساری لە ڕوخساردا پیشان داوە، بەگوڵمێخی وشەی زێڕین ڕستەکانی تری داکوتاوە، لە مانەوە ئەم نموونە پەخشانەی لەو ڕۆژەدا خستۆتە سەر سامانی پەخشانی کوردی.

***

گۆڤاری «دەنگی گێتی تازە» لە ژمارە «٢٣، ٢٤»ی ساڵی سێیەمیا-١٩٤٦- پەخشانێکی زانا «حوزنی موکریانی» لە ژێر ناوی «هەی باڵندەی پیرۆز»دا ئەخاتە بەر چاومان و ئەڵێ:

(هەی بولبول! دەروون کەیل و دڵم پڕ لە دەردە، سەرم گێژو هەواسم پەڕتە، سستێکی خەواڵوویی هەستی منی کردۆتە دەست خرووکی خۆی، دەڵێی بۆنی کۆکایین، یان ماجوومی مەست هێنەرێکی بێ ئاگاداریم خواردووتەوە!. یان پیاڵەیەک لە گوشیوی ترێ هەرە کۆنی چەندان سەدە لەمە پێش پاڵاوتراوم بە سەردا کێشاوە کە وا بێ هۆشی و لەخۆچوبی دەسەڵاتی بە سەردا کردووم و لە نێوانی وشیاری و بێ هۆشی دا سەرگەردان ماوەم!.

هەی مەل! هەی باڵندەی چوست و سووک فڕی بزۆز و توند و پڕ هەست، بۆ چی تۆ دڵنەوازکەرو ڕامۆژگەری مێرگەو باغانی؟ کەوا لەنێو دارستانانداً، لەبن سێبەری گەڵایاندا بە شنەی با ڕووناکی وەردەگری و دەنگە خاوێن و ئاوازە خۆش شێوەکەت کردۆتەوە، بە سۆزەوە ئاهەنگ و خوشخوانی کەیفت هاتووە؟ بەهاویندا هەڵگوتن و سەرزەنشتی ڕەنجی زستان و بەد ڕەفتاری و تاڵی کرێوەو

باگڕان و دڵگوشایی و دیمەنی جوانی بەهارت کردۆتە زەمزەمە!. بە شعر بازی دیوانت کردۆتەوەو بە هەموو تینتەوە بە دڵڕفێنترین لاراندرەوەیەک لە چریکە دای. ئەم هێرِی و گێژی و مەستیە، وە ئەم وشیاریی و خەواڵوویەیەم لە تۆوەیە. بەڵام وەنەبێ لەو رووەوە بوو بێ کە شادمانی و کەیف و دڵخۆشی تۆ لە پایە بەدەر بوو بێ. خەوبەندی میهرەبانی و نەوازشتی ئەو دەنگە دڵڕفێنەی غەم رەوینەوە بووم!.

چی دەبوو تنۆکەیەک لەو ئاونگە پیرۆزە ئاسمانیەم ئەگەر پێ رەوا بدیترابا ؟. چی دەبوو قومێک لەو پیاڵەیە کە بە چەندان سەدە لە ژێر زەویدا نیان کراوی شاردراوەی فێنک بوو، لەو پیاڵەیە کە بۆنی گوڵ و هەڵاڵەو نەرگسی و سونبول گرتوی کە تریکەی لە نێو هەڵپەڕکەو چەپڵەڕێزانی پڕ پێکەنینی سەماکەرانی رەزەوانی لادێیاندا گوشراو بێ، کە کچەکان کوڵمەو روخساریان لە تاوی هەتاوی رۆژ سوور هەڵگەڕابێ بە قاقای کەنینەوە شادمانی و دڵگوشای و خۆشی و دامێن پاکی و دەروون خاوێنیەوە کردبیانەتە نێو کۆپەرە، وە بە دەستە ناسکە نەرمینەکانیان سەریان پۆشابێ و بە قامکە باریکە شووشە سپی و سۆلەکانیان زاری کۆپەکانیان گرێ دابێ، لەو پیاڵەیە کە لە گەرمی و تینی هەستی مەردانەگی کێوە رەنگینە بەرزەکان داستان خوان بێ و سروشت و تینەتی رەوشت پەسندە، بیرەوەر پەسندە، وتە پەسندەکانی ئەوانم بەچیرۆک بۆ بگێڕێتەوە لەو پیاڵەیە کە سووری رووی شەرمنی نازی دڵدارانی لە لێوە ئەرخەوانی رەنگی خوداوەندی دڵڕفێنی رفاندبێ!. لەو پیاڵەیە کە بلّقە یاقووتیەکانی لەسەر لێوی جام چاوبزەکێمان لەگەڵ بکا. خواردنەوەیەکی وام ئەگەر بۆ دەست بدا بە بێ بین دان بە سەرمیدا دەکێشم و دەستم لەم جیهانە بەر دەداو دەهاتمە لای تو لەنێو ئەم لێرەوارە چڕژاوە تاریک و نووتەکە بێ پایانەدا خۆم گوم دەکرد و نادیارو بێ سەرو شوێن دەبووم!.

بۆچ نەڕۆم؟ دوور لەم ئادەمیزادانە نەکەومەوە!. لەنێو گەڵای دارەکاندا بەجارێک خۆم نابوو و پووچ نەکەمەوە و زانین و تێگەیشتن لەبیرنەمەوە؟. بڕۆم! نەخۆشیەکان، لەرزو تاو سێبەڕۆکان، داچڵەکین و دڵە تەپێ و چووک شکان، وە ئەم هەموو ناڵینەو کورووزانەوە و ئاخ و داخ و ناگوزیریە و شەرمەزاریان و سەر زەنشتیانە کە لە دەست مرۆڤانی ئێرە سەر دەدەن بیدەمە دەست لەبیربردنەوەو فەرامۆشی و فرێدان. لێرەدا دوامین مووە سپیەکانێ کە بەدەردو ژان و بێ دەسەڵاتیەوە گەیاندراوەتە پایان و بەدە «با» وە تاک و تووک کەوتووەو دەلەرزێتەوە. لێرەدا کە رەنگی سووری ئەرخەوانی نەوجەوانی

و لاوێنی بە زەردی و پەژموردەی پیری لەگرەودایە. لێرەدا کە بیرەوەری وەکوو یەکێک وایە کە لەئاکامی و دڵیشی و رەنج و ئازار دابێ. لێرەدا کە قەشەنگی و جوانی پێ ناکرێ، تاو، درەوشان، هەڵگیرسان لە چاوی دڵ فریودا بپارێزن و بەخێوی کەن. لێرەدا کەماچی دڵداری تا سبێنە راگیراو نابێ و روخساری دەستگیران گرژی و تام داگیری دەکات، جا بۆیە دەمەوێ لەوانە رزگاریم بێ و دەرپەڕێم و هەڕاکەم بێمە لات!.

تۆ ئەوەندە لە من نزیک مــەبەوە، چونکە هەوای پیـــاڵەی لالە رەنگ گـەردوونەیی تیـژپۆیی خوداوەندی مەستی من بۆ لای تۆ نافـرێنی، بەڵام با لەنارێکە شاعیـرانەکەی من بۆ پێش تۆ دێنێ، هەر چەند مێشکی نەخۆشە، پەریشـانە، بڵاوە، پڕ لە هیچە، چەپۆڵکە خۆرەکە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەلی سووک باڵی تیژپەڕی بیرەوەر، لە بڵند فڕیندایەو نەکەوتووە!).

من نامەوێ قسە لە شی کردنەوەو ناوەرۆکی ئەم پەخشانەوە بکەم وەکوو لە نموونەکانی ترا کردوومە. هەر ئەوەندە ئەڵێم: ئەمە نموونە پەخشانێکی ئەدەبیی زمانی کوردییە کە لە ساڵەکانی «١٩٤٠ـ ١٩٥٠»لە قەڵەمی مێژوو نووسێکەوە دەرچووە؛ بەتانوپۆی شێوەی سابڵاخ و رواندزو سولەیمانی تەنراوە، کوردییەکی پەتییە، هەموو جۆرە دەنگ و ئاوازێکی تێدایە کە لەگەڵ دەنگ و ئاوازی بولبولی باڵندەدا یەکیان گرتووە، جۆرە شێوەیەکی هەیە هیچ لەو شێـوانە ناچێ کە لەو سەردەمـەدا هەبووە، بەڵکوو خـۆی بۆ خـۆی شـێـوەیەکی تایبـەتیـیە لە ئەدەبی کوردیدا. بەڵام ئەمـەوێ قسـە لە خـاوەنی دەقـەوە بکەم کـە سـەید حوسەین حوزنی موکریانییە:

ئەم پیاوە لانەوازو بێ کەس، لە بێشکەی داریەوە لە «١٨٨٦»ەوە سەری لە بێشکەی خاکیا نایەوە لەگەڵ زمانی کوردی و مێژووی کورددا خەریک بوو، سەربازێکی نادیار بوو لەناو کورددا، بەڵام سەربازێکی بە جەرگ لەم سـەدەی بیسـتـەمـەدا. بەڵێ! بەرهەمـە مێژوویەکانی، حوزنی موکریانییان دەست نیشان کرد بۆ عالەم، لەگەڵ ئەمەشا بێ کەس بوو، تاقە برایەکی دایکی هەبووـ گیوی موکریانی ـ ئەویش هەموو قسەیەکی لەبارەی کاکیـەوە هەر ئەوە بوو ئەیوت: «کاکی داماوم»، کاکی داماو ناوو نیشانێک نییە کە حوزنی بلیمەت بە عالەم نیشان بدا!.

حوزنی لە پێش «١٩١٥»ەوە کە دەربەدەر بوو کەوتە شاری «حەڵەب»ەوە، قەڵەمەکەی کـەوتە ئیش کـردن و نووسین بۆ مـێـژووی کـوردو مـێـژووی تیـرەکـانی کـورد. لە١٩١٥دا

چاپخانەیەکی هەر لە حەڵەب دامەزراند بۆ ئەو مەبەستەی، پاشان وەکوو سەرەتا بە دەربەدەری لە وڵاتی کوردستانەوە کەوتە وڵاتێکی بێگانەی وەکوو حەڵەب، دیسان لەوێش دەربەدەر بووەوە و کەوتەوە عێراق، ئەمەی دەربەدەری نەبوو، بەڵکوو گەڕانەوەی بوو بۆ کۆشی دایک. کە هاتەوە لە «رواندز»جێگیر بوو، لە «١٩٢٦»دا گۆڤاری «زاری کرمانجی» هەر لەرواندز دامەزراند، لە «١٩٣٦» کەوتە سولەیمانی لەگەڵ حاجی تۆفیقی پیرەمێرددا کەوتە ئیش کردن لە رۆژنامەی ژیان و ژیندا، لەپاش ماوەیەک لەوێش نەما، کە جەنگی جیهانیی دووەم «١٩٣٩ـ١٩٤٥» بە سەردا هات کەوتە بەغدا. بەیارمەتی باڵوێزخانەی بەریتانی گۆڤاری «دەنگی گێتی تازە» لە بەغدا دەرچوو، حوزنی بەردی بناغەی بوو بۆ ئەو گۆڤارە، لە «١٩٤٧»دا دنیای نووسینی بەجێ هێشت و بەلانەوازەیی کۆچی دوایی کرد و هەر لە بەغدا دا نێژرا.

حوزنی هەموو ژیانی بەدەربەدەری رابوارد؛ بێ ماوا، بێ کەس، بێ کوڕ و کچ، لە مەردەماڵ و زیندەماڵ لە دایکە پیرێک و برایەکی دایکی بەولاوە هیچ میراتێکی دنیای لە شوێن بەجێ نەما. بەڵام کە سەیری لایەنەکەی تری ئەکەین:

حوزنی مێژوونووس بوو، رۆژنامەگەر بوو، خاوەنی قەڵەمێکی رەوان بوو. دنیای دەرەوە چاکتر ئەیناسێ تا دنیای کورد، کتێبە مێژووییەکانی هەموو گۆشەیەکی گرتبووەوە. ئەبێ ئێمە حوزنی وابناسین کە کەم کورد قەڵەمی لەبارەی مێژووی کوردەوە بەئەندازەی ئەو خستۆتە کار.ئەوەندە هەبوو غەریب بوو، قەڵەمێک نەبوو ئەو ئینسافە بدا کە حوزنی موکریانی ژیانی خۆشەویستی خۆی و خامەی مێژوونووسی بە درێژایی تەمەن و خامەی هەر بۆ کورد بەکار هێناوە.

با لۆمە نەچێتە سەرکەس. نەتەوەیەک کە پەرت و بڵاو و بێ خاوەن و بێ دارە دەست بوو، بێ گومان بەهەزارانی وەکوو حوزنی موکریانی کردووە بەگاو گەردوونی بێ ناوو نیشانی مێژوو!. مەسەلێکی کوردی هەیە ئەڵێ: «ماڵ لەخۆیا نەبوو، میوانیش رووی تێ کرد» ئێمەی کوردیش سەرەڕای ئەوە کە وەکوو ئاردی ناو دڕکانین!. ناکەین ئەو هۆشەمان هەبێ کە بەلایەنی کەمەوە ناوی پیاوانی زانامان نەیەڵین هارەی گەردوون بیانهاڕێ!.

بەکورتی ئەمە بوو سەید حوسەین حوزنی موکریانی مێژوونووسی کورد.

***

محمد توفیق وردی لە ژمارە «٦»ی ساڵی ١٩٤٥ی گۆڤاری «دەنگی گێتی تازە» لە

ژێر ناوی «دیمەنی باران»دا جۆرە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

(بەیانییێکی زوو لەخەو هەڵسام، هەورێکی سپی خۆی بەسەر ئاسماندا هەڵکێشا بوو، لە هیچ لایەکەوە شینایی نە ئەدیترا، تەم و مژ داوێنی چیاکانی داپۆشیبوە، بەچەشنی دوکەڵی تەقینی کێو!. چیای «قەندیل» وەکوو پیری سەر سپی خۆی ئەنواند شانازی بەسەر چیاکانی کەدە ئەکرد. شاخی «ئاسۆس» لووتکە بڵندەکەی «کۆریس» پچڕ پچڕ چینە بەفرێکی پیوە بوو، «بڵفەت» یش بە پەردەی تەم پۆشرا بوو، «گەلاڵ» و «چیارەش» لە بەفرو تەم بێ بەری بوون، «سەرگوێن» ناو بە ناو تەم رووی تێ ئەکرد، «چواز» بە لەشکری هەورو تەم ون ببوو، بەچەشنی گردێکی سەد مەتر بڵندی ئەهاتە بەرچاو. «سەلارە»ش ئەهات خەمی بۆ ببارێ بەڵام بەختی بڵند بوو هەورەکانی لێی دوور ئەکەوتنەوە.

«باژار و بێ ناس» هەردووکیان هەڵمەتیان بۆ سەر ئاسمان ئەبرد گۆیا ئەڵێن لە بەفر بێ بەشمان مەکە. نەختێ چاوەنوارم کرد تا باران کز بوو هاتمە دەرەوە بەرەو قەڵات چووم تەماشایەکی ئەم چۆمەم کرد کە لە بەر ماڵان بوو، سپی دارەکان گوێ خۆیان شۆڕ کردوە، گەڵاکانیان نەختێکی زەرد، هەندێکی بە سەوزی خۆیان ئەنوێنن، خەم دای گرتوون، چونکە بەم زوانە بەرگە سەوزەکەیان لێ ئەسێنرێتەوەو رووت و قووت ئەکرێن، بەرگی زستانی ناشیرین لەبەر ئەکەن. هاژە هاژەی رووبارەکەش لە گردەکان دەنگ ئەداتەوەو بە پێچاو پێچ ئەخشێ ئەیەوێ زوو خۆی بگەیەنێتە زێ بچووک و لەگەڵی دەس لەملان بێ و بۆ وڵاتی بێگانان بروا!.

پەرندەکان لەسەر لقی دارەکان بە ماتی ئەخوێنن خەفەت ئەخۆن، چونکە زستانی دوژمنیان خەریکە بە سەریاندا بدات!. لەم دەمەدا هەورەکان لە یەکیان خوری گرمەیەک هات، کەلەنەکی شین لە ئاسمان دەرکەوت، تیشکە زێرینەکەی رۆژ وەک «بت» خۆی دەرخست بۆ ئەوە چاوی بەندەکانی لە خۆی ببرێت، من وتم ئێستا نا ئێستا تیشکە جوانەکەی ئەمانگاتێ، بەڵام ئەتوت گوێ لە سروەمە، رەویەوە! دای لە چیاکان بە چەشنێ جوانی کردن کە هەرگیز چاو تێر نەئەبوو لە دیتنیان، بەفرەکان بە چەشنێ نازیان ئەکرد «سویسرە» و «لوبنان» سەرگەردان ئەبوون! بەڵام ئەم وێنەیە زۆر نەماوە، هەورەکان دووبارە یەکیەتیان پەیدا کردەوە بە سەر ئاسمانی شینیان دا داو لەناویان بزر بوو، ویستیان شەڕ بکەن و عەرد بە بۆمباران دابگرن!. من وتم نەخێر بەربادم ئەکەن!. سەری خۆم شۆڕ کردو بەرەو کۆڵانەکانی «قەڵادزە» گەڕامە دواوە.

باران نمەنمە دای دا، لەپشتەمەوە چلێپە چلێپێک هات، کچێکی کورتیلەی چاو بەلەک پووزی خۆی هەلمالیوە، لوولاکەکانی بە چەشنی فسفۆڕ ئەدرەوشێنەوە، قژە رەشەکانی وەک دوو ماری رەش بەسەر کولمە ئالەکانی جرینگە جرینگ ئەکەن وەپاسەوانی دەوری گەنج ئەچێ، بارە چیلکەیەکی لەکەرێک بار کردووە هەلکوت هەلکوت ئەیبا بۆ بازاڕ تابیفرۆشێ.. نەختێ رۆیشتم کوێرێکم دی منالێک رایئەکێشا، کورتەکێکی دڕاوی سەد پینە لێ دڕاوی لە بەرا بوو، دەرپییێکی ونجڕ ونجڕ پیسی لە پێ دا بوو لەگەلێ جێگەوە لەشی تیا دیار بوو، چلکیش دەم و چاو و سەرو قاچی بزر کردبوو، بە چەشنێک ئەلەرزی سەد سوێندت ئەخوارد تەیاری کارەبای شەش هەزار ڤۆلتی لێی داوە. بەرەو مزگەوت ئەڕوات و ئەلێت: خوایە شوکر، سەد شوکر، کوێری و هەژارییان وتووە؟! ... نزیکی سەرا بوومەوە لەپۆلیسێک هەلەنگوتم سەری خۆی لەژێر قاپووتە هەلپێچکراوەکەی ناوە، فنیشێکی کۆنی دڕاوی لە قاچە، فرتە فرتێکی لێوە دێت لەماوەی پێنج دەقیقە رێ بەچاکی گوێت لێ ئەبوو لەبەر خۆیەوە ئەلێت: «خوایە وا زستان هات، بە سێ چوار دینار چیم بۆ پێک دێت، شەش سەر خێزانم بە کوڵەوەیە!».. هاتم نزیکی بازاڕ بوومەوە پیرێژنێکم دی بەتای کراسێک خۆی بە چارۆکەیەکی رەش داپۆشیوە خەریکە لە جۆگای بازاڕ بپەڕێتەوە، بۆی ناکرێت، بە مینگە مینگ وتی: «ڤای مردم لە سەرمان».

بەبەر دوکانێکا رویشتم دیم کابرا دوو کورتەکی لەبەر کردووە، لەژێرەوەش دوو سوخمەو دوو کراسی لەبەرە، جزمەیەکی رەونەقداری لەپایە، کوڵە مشکییێکی لەسەر ناوە، چەترێکی بە دەستەوەیە، خۆی وەک ژیشک وێک هیناوەتەوە بە یەکێک لەهاوڕێکانی ئەلێت: «ئەمڕۆ زۆر ساردە، وانییە؟...لەسەر ئەم هەموو شتەشەوە مەقەلە ئاگرێکیشی لەبەردەمە!. فیکە فیکی جگەرەشی دێت. رووم لەو کۆلانە کرد کە ئەچێتە قوتابخانە، تووشی چەند قوتابییەک بووم؛ یەکێکیان جانتایەکی چەرمی بە دەستەوەیە، قۆندەرەیەکی نوێی لەقاچایە، بەدوو مشکی سەری شەتەک داوە، کورتەک و شەلوارێکی جەرمەنیی لە بەرایە، فوو لە دەسی خۆی ئەکا!. هاوڕێکانیشی بە پێ خاوسی و بەسەری قۆتێ چەن دەفتەرێکیان لە ژێر باخەلایە بە قسەکردن ئەڕۆن بە رێوە ، بەلام هەژارەکان گەلێ گەشتر، چوستترو بەکەیفتر بوون لە قوتابیە پۆشتەکان!.

چوومە قوتابخانە لەبەردەم ژووری مامۆستایان راوەستام، لە پڕ قوتابییەک

له دەرگا هاتە ژۆرێ لە جیاتی چەترو ساقۆ گونیەیەکی بەسەر خۆی دا دابوو، کە چاک سەیری ژێر کەچە کورتەکەم کرد دیم: بێ کراسە، ورگی دیار بوو!. قوتابیەکان لێم کۆبوونەوەو وتیان: «مامۆستا دڵۆپەیەکی زۆرمان هەیە، تەخت و مێزەکان تەڕ بوون ناتوانین دەرزان وەخوێنین!).

ئێمە لەم کتێبەدا نموونەی پەخشانی کوردی ئەخەینە بەرچاو، ئەم نموونانە بۆ ئەوەیە هەم مێژووی بیروباوەڕو هەم مێژووی شێوەی نووسین و هەم مێژووی بەسەرهاتی ڕۆژانمان پیشان بدەن. خاوەنی ئەم دەقە لەو سەردەمەدا لەشوێنێکی وەکوو قەڵادزە بوو، چەشنی ڕابواردنی ئەو خەڵکەی وەکوو تۆمارێکی سینەما خستۆتە بەرچاو و ئەیگێڕێتەوە. جگە لەمە نرخێکی تر کە هەبێ لەم پەخشانەدا ناوی هەندێ جێگاو زوورگ و کەژ دێنی کە ئەمانە دیاریێکن لەو ڕۆژەداو لەو شوێنەدا بۆ کوردو بۆ ڕۆژانی پاشەڕۆژ.

دیمەن، دیمەنی بارانە بەڵام لە ڕاستیدا گێڕانەوەی چۆنیەتی ڕابواردنی خەڵکی ئەو شوێنەیە لەو وەرزی بارانەدا. گێڕانەوەی ئەم جۆرە شتانە بەپەخشان ناڵێم نەبووە بەڵام ئەتوانم بڵێم زیاتر لەبەرهەمی ئەو ساڵانەیە. ناتوانین بڵێین ڕێخت و داڕشتنی ئەم پەخشانە زۆر تەواوە بەڵام ئەتوانین بڵێین هی ناوچەیەکی تایبەتییەو وەکوو پەخشان لەو ناوچەدا تازە هاتبێتە کوورەوە، لەوەسفا وەسفی کردووە بەڵام پچڕانی عیبارەتی تێدا هەیە.

ئێمە قسە لە خاوەنی دەقەوە ناکەین چونکە دوور نییە لە پاش ئەو مێژووانە دەستی زیاتر ڕاهاتبێ بەنووسینی پەخشان، بەڵکوو قسەمان لە خودی دەقەکەیە کە لەو ڕۆژەدا ئەم جۆرە پەخشانەش هەبووە. ناڵێین پەخشانی لەمە بەرزتر نەبووە، چونکە هەر لەو سەردەمەدا مێژووی پەخشانەکان بۆمان ڕوون ئەکاتەوە کە پەخشانی بەهێزتر هەبووە، بەڵام ئەتوانین بڵێین دەربڕینی ناوەڕۆکێکی وەکوو ناوەڕۆکی ئەم پەخشانە کەمتر هەبووە کەوا بەو جۆرە ئەو داماویانەی ناوچە دەرببڕێ، بەزاتەوە قسەی کردووە، بە وردبوونەوە لەچۆنیەتی ڕابواردنی خەڵک خامەی خۆی خستۆتەکار، سەرەنجامی لێک داوەتەوە کە ئەو جۆرە ڕابواردنە بۆ زۆربەی ئەو کەسانە کە لەو ناوچەدان لەوانە نییە پێی بڵێین ژیان. ئەو چەشنە ژیانە کە ئەو لە پەخشانەکەیا بۆ ئەو شوێنە دەری بڕیوە نموونەیەکە بۆ ژیانی هەموو ئەو کەسانە کە لە گوندەکاناو لە ناوچە بچووکەکانی کوردەواری ئەو سەردەمەدا هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوە کە قەڵەم بە دەستێک و بیر ڕووناکێک نەبووە کە بتوانێ ئەوانە پیشان بدا هەروا بوون بەژێر لێوەوە. قەڵەمی پەخشانی ئەو جۆرە شوێنانە ئەگەر هەبووبێت هەر بە

باڵای دەسەڵاتدارا هاتووە، هەناسە ساردەکان بەهیچ جۆر دەنگیان دەرنەچووە. هەروایە بەش خوراو دەنگی دەرناچێ!. مستێ نموونەی خەرواریکە.

ئەم پەخشانە وەکوو ئەمەی تێدایە جۆری رابواردنی دوو چینیشی بەتەواوی دیاری کردووە؛ چینێک کە لەو پەڕی خۆشیدا بوون، چینێک کە لەم پەڕی ناخۆشیدا، هەڵاڵە برایمە نەیزانیوە بەلای کامیانا بڕوا!. ئەگەر لەو رۆژەدا و لەو شوێنانەدا خوێندەواری ببوایەو خاوەن قەڵەمی پێ بگەیاندایە گەلێ شت لەم بارانەوە ئەنووسرا؛ ئەوەندە ئەنووسرا کە ئێمە ئەمەمان بە تاقە نموونە لەم رووەوە نە ئەهاتە بەرچاو،هەر لەبەر ئەمەیە کە ئێستە ئێمە پەخشانێکی ناوەرۆک رووناکی ئەو رۆژەمان بۆ مایەوە بۆ ئیمڕۆ، با روخسارەکەش زۆر بەرز نەبێ.

***

«ع. بێژەن» لە ژمارە «٣ ، ٤»ی گۆڤاری «نیشتمان»ی ساڵی «١٩٤٣» لەژێر ناوی «بۆچی نەگریم!» جۆرە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

(هەرچێ سەر هەڵئەبڕم و چاوم بەم ئاسمانە شینە جوانەی کوردوستان ئەکەوێت، ئەوەندی دەچمە سەر کانیاوو شەتاوو جۆبارو رووبارەکانی کوردوستان، هەرکە شینایی و دەشتو کێو و مێرگ و چیمەنەکانی وڵاتەکەم دێتە بەرچاو لەباتی شایی و شایلۆغان لە سەر ئەم دڵە بچکۆلە گۆشتینە ساواو ناسکەم کۆسپەیەکی سەخت و گریەیەکی توند پەیدا ئەبێت کەتا لە سەرچاوەی چاوم فرمێسک هەڵئەگولێ و بە سەر ئاگری دەروونما هەڵئەپڕژێت، بلێسەو گڕی کوورەی دەروونم دانامرکێتەوە!.

توخوا! چۆن نەگریم؟. چۆن خوێنی جەرگم بە جۆگەی چاوما، بەرنەدەمە سەرچیمەنە بێ نازو بێ خاوەنەکەی کوردوستان؟؟ تا بەڵکوو گوڵاڵە سوورەیەکی جوانی پێی بگەشێتەوەو منیش بەناڵەی زارو هاواری زاری نەخۆشی لەگیان بێزار وەک بولبول و قومری و هوزار، نەک جاروبار، رۆژی هەزار جار بە دەوری ئەم گوڵە ئاڵە جوانەدا بێم و بچم و بلێم:

گوڵێکی خۆم بدا دەم پێنچ و تاوەش
بەئاوی دیدەکانم دا دەم ئاوەش
بە دەرگاهی ئیلاهی کەی رەوا بۆ
گوڵ ئەز مو دیگەری گیرێ گوڵاوەش!

کـە خـاکی پیـرۆزی و پڕ ڕۆژی و ئاخی بێ ئاخ و داخی وەک مـیـسـک و عـەنبـەری، دارو بەرد زێڕو زیو مـانـەندی بەش بەش و لەت لەت کـراوەو هەر پارچەی بە دەست یەکێکەوە ئەناڵێنێ!. من چۆن ئەبێ دڵ بە گێتی خۆشکەم؟ چۆن چاوم بەرایی بدا لە دنیا بنۆڕم؟ تا ببینم لەسەر سفرەی ڕەنگین و ڕازەوەی خواکردی جیهان هەموو کەس بەشی خۆی هەڵگرتووەو کوردی بەستەزمانیش وا لە دوورەوە وەسـتـاوە بە داخ و حـەسـرەت و کـڵـۆڵـیـوە چاوی بڕیوەتە شـایی و زەماوەندی دراوسێکان کە بەشەکەیان لێ ئەستاندووە و ئێستاش کە داوایان لێ ئەکاتەوە گاڵتەی پێ ئەکەن!.

توخوا براگەل! وەرن تا لە سەر کانیـاوێکی ساردو جوان کۆڕێک ببەستین، تێر تێـر بۆ حاڵی زارو ژیانی نەزاری نیـشـتـمـانە جوانەکەمـان بگرین، بەڵکوو فرمێسکی دایکی نازدارو بێچارەی نیشتمانمان کە بە چاوی کانیاو دەیڕێژێتە سەر گۆنای دەشت و دەری کوردوستانی بێ ناز، بە دیتنی گریانی بە پەرۆش و ئەسرینی بە جۆش و خرۆشی ئێمە وشک بێتەوەو تۆزێ دڵی بکرێتەو ئەم گڕو کڵپەی دەروونییەی دامرکێتەوە.

نەء، نەء! براکان، خۆشەویستەکان واگوێم لە ئاهو ناڵەی نیشتمانە کە بە کـڕووزانەوە پێم ئەڵێ: ڕۆڵە گـیـان گـریان کـاری پیرێژنانە! تا دەرگـای مـردن و مراندن لە سەر پشتانە شیوەن و زاری ئیشی نا پیاوو پەستانە!. خۆ ئێمەش خـۆمـان بە لاوێکی ئازا ئەزانین و مـەعنای بەزین نازانین، کە وابوو با بچـینە سەر چیا بلیندەکانی نیشتمان بە گەوایی ئەوان پەیمانێکی برایەتی ببەستین کە وەکـوو ئەم چیـایانە زەنگین و سـەنگین و بە خـوێنی جەرگـمـان ڕەنگین بێ، بۆ گەلی هەژاری کورد، دوایی هێنی ژیانی نەنگین بێ، ببێتە یارمەتیدەری ئێمە بۆ مردن و مراندن لە ڕێگای ڕزگاریدا).

**لەساڵی «١٣٢٢» شەمسی گۆڤارێک بەناوی «نیشتمان»ەوە ــ کە زمانی کۆمەڵەی «ژ.ک» بووــ لە وڵاتی سابڵاخ دەر ئەچوو. «ع.بێژەن» دەقێکی پەخشانی لەو گۆڤارەدا لە ژێر ناوی «بۆچ نەگریم» بۆ پاشە ڕۆژی یەکێ لە بابەتەکانی زمانی کوردی بەجێ هێشت.**

گومانی تێدا نییە کە نەتەوە بە زمانەوە نەتەوەیە، ئەگەر زمان نەبوو نەتەوەکەش نییە، زمانیش بەڵێ بەسەر زاری نەتەوەوەیە، بەڵام ـ بەتایبەتی لەم ڕۆژەدا ـ ئەگەر نەخرێتە سەر کاغەز، لەپاش یەک دوو بەرە لە سەرزارەکەشەوە نامێنێ، چونکە هۆی لەناوبردن زۆرە، وەلێ ئەگەر کەوتە سەر کاغەزو لەوێشەوە بۆ چاپ ئەگەر ئاخاوتنەکەش لەناو بچێ زمانی سەر کاغەزەکە ئەوە پیشان ئەدا: کە سەردەمێک هەبووە نەتەوەیەک بەم زمانە قسەی

کردووە، لەم وردبوونەوەوە زمانەکە زیندوو ئەبێتەوە. ئەمە بەتێکڕا بۆ هەموو زمانێک. ئەمجا بێنەوە سەر کوردو زمانەکەی:

بزووتنەوەی نەتەوایەتی زۆر لەمێژە لە وڵاتی سابڵاخدا هەبووە. جەنگی جیهانی دووەم یەکێ بوو لەو هۆیانە کە ئەو بزووتنەوەیە لەو وڵاتەدا دەروونەوە بکەوێتە سەر زارو سەر کاغەزو سەرچاپ. کۆمەڵەی «ژ.ک» ئەم ئەرکەی هەڵگرت. کۆمەڵە لە ئەنجاما بەخۆی و بە قەڵەمیەوە بوو بەهۆی تیژکردنی بڵێسەی کۆماری مەهاباد. ئەم کۆمارە زنجیری دیلیەتی و چەوسانەوەی بەدەست حکومەتی ئێرانەوە پچڕاند.

حوکمدار هەموو دەم هانەهانەی ئەو زمانەی داوە کە خۆی ویستوویەتی. زمانی کۆماری مەهاباد کوردی بوو، بەو هۆیەوە پشتگیری زمانەکەی کرد. لێرەدا پەخشان بە تەواوی پەرەی سەند؛ چ بۆ کاروباری میری، چ بۆ رازونیازی مەردم و بازرگانی. خەڵکەکە توانیان ئەوی لە دڵیانا شاردبوویانەوە بەبێ پەردە بیخەنە روو. یەکێ لەو شتانە کە لەپێش بوونی کۆماردا شاردبوویانەوە داواکردنی سەربەستی نیشتمانەکەیان بوو. لەم سەردەمەدا بەبێ گیروگرفتی و بەهۆی سەربەستییەک ئەو ئارەزووەیان هاتە دی و پڕ بەدەم لە هەموو لایەکەوە بانگیان بۆ ئەدا. ناوەرۆکی وتاری «بۆچی نەگریم؟» یەکێکە لەوانە.

ئەم کتێبە مێژوویە کە بۆ ناوەرۆک و روخساری نموونە پەخشانەکانی کوردی. ئەم پەخشانە دوو لاپەڕەمان بۆ دەست نیشان ئەکا؛ یەکێ سیاسی کە ئەو ئەڵهایەیە بەبێ پێچ و پەنا، یەکێ ئەدەبی. باری ئەدەبیەکەی وەکوو ئەیبینین ئەدەبێکی پەخشانی هونەریمان ئەخاتە بەر چاو کە نە زمان و نە دڵ تێری لێ ناخوا، ئەوی هونەری بەلاغی بێ تێدا هەیە؛ شێوەیەک نازک، وشەیەکی هەڵبژاردە، شێوەو وشەیەکی وا کە ئەمانە وەکوو بڵێیت کراسی ئاوڵدامانی هۆنراون، کەچی ئەمە هۆنراو نییەو پەخشانە!.

«مستەفا سەید ئەحمەد» لە گەلاوێژی ژمارە «١٠»ی ساڵی «٤» **ـ١٩٤٣ـ** لەژێر ناوی «ئاوازەیەک لە نەوجوانێکەوە» نموونە پەخشانێک ئەدا بەدەستەوەو ئەڵێ:

(رۆژێ بەدڵێکی پڕ خەمەوە، بە روویەکی زەردەوەو بەئارەزوویەکی تەنگەوە بە تەنیایی رووم کردە دەشتی رۆژئاوای شارەکەم ـ کفری ـ خۆیشم نازانم بۆچی و بۆ کوێ ئەڕۆم. لە پاش رۆیشتنی سات و نیوێک کاتێک هاتم بەسەر خۆماو سەرم هەڵبڕی روانیم گردێکی «تەل ـ تەپۆڵکە» رووت وقووت لەبەر دەستمایە واتێگەیشتم کە ئەم گردەش وەکوو من وەها دڵتەنگە، دانیشتم لە پاڵی سێبەری فراوانی و نۆشیم لە ئاوی ژێر داوێنی. لە پاش نەختێ حەسانەوە

چاوێکم بە دەورو پشتیا گێڕاو سەیرێکی قەدو بالاّیم کرد، هیچ ئەسەرێکی خۆشیم تیا نەدی، بەجگەر سووتاوم زانی. لەبەر ئەمە پێم وت:

«ئەی نیشتەگای بەوران، قەلاّی بەرزی کوردوستان، جێگای میرانی بابان بۆچی وەها مات و مەلوولیت؟ بۆچی رووت و قووتیت؟ وەلاّمم بدەرەوە قسەم بۆ بکە، پێم بلّێ ئایا تۆی وەکوو من وەها دلّ پڕووکاویت؟ رووت درژ مەکە پێ بکەنە. ئەوا لاوانی ولاّتەکەت لە دەورو پشتت هەلّئەپەڕن، شمشالّت بۆ لێ ئەدەن. وەلاّمیان بدەرەوە، دلّیان خۆش بکە، ..دەی..درەنگە، دەنگم دانووسا، هێزم نەما، بەزەیییەکت پێمانا بێت».

لە پاش هەندێک دەنگێکی ماتو مەلوول وەکوو گەردەلوول لەناو ئەم خرابەوە بە دلّێکی کەبابەوە وردە وردە بەرز ئەبووەوە، منیش وەکوو شێت لە جێگای خۆم راپەڕیم و هەلّسام، هۆشم لە سەر خۆم نەما رووم کردە ئەو جێگای کە دەنگەکەی لێوە ئەبیسرا، بەلاّم بێ سوود بوو نەمزانی کانی دەنگەکە لە کوێوەیە. دووبارە دانیشتم و رووم کردە گردەکەو پێم وت:

«ئەی جگەر سووتاو بۆ وێرانی ولاّت، بۆچی دەنگت دەرنایەت؟ ئایا لەکزی کوردان، لەبەرچی؟ پێم بلّێ مژدەم بدەرێ، دلّم خۆش بکە، ئەوا گوێم راگرتووە لە ئامۆژگارییە خۆشەکانت کە وەکوو مەرهەمە بۆ برینی لاوانت».

لەبەر ئەمە هاتە جۆش و دەنگەکە بەرزەوە بوو، وتی: «ئەی رۆلّەی کوردان! ئەی بەچکە شێری پاشماوەی مەردان، دلّمت سووتان، ئاگرم گرت، بلّێسەی ئاگرەکەم لە دەورو پشتما شوعلەی داوە، هەلّسە بڕۆ بە هاوڕێکانت و بەبرا دلّسۆزەکانت بلّێ با هەموویان دەست بگرن و هەلّپەڕن و گۆرانی نیشتمانی بلّێن، یەکتر بگرن، دایکی کورد چاوەڕوانی مژدەیە. کاتێکم زانی نەوجوانێک، بێچوە پالّەوانێک لەناو ئەو گردەوە دەرچوو، بە دەنگێکی خۆشەوە، بەئاوازێکی بەرزەوە گۆرانی نیشتمانی ئەوت و گولّ گولّ فرمێسکی ئەرێژاو هاواری ئەکرد بۆ یەکیەتی.. بۆ سەرکەوتن.. بۆ ئازادی»).

نەوجوانی خاوەن دەق بێ گومان بەچکە کوردێکە کە بە گەلێ دەوران سەری ناکامی ناوەتەوە لە ژێر خاکی نیشتماندا. زانایانی ئیلاهیات و فەلسەفە هەموو لەسەر ئەوەن کە «گیان ـ رۆح» لەناو ناچێ. زانایانی ئایینی ئەلّێن: وەکوو رۆحەکە لەناو ناچێ، لەشی پێغەمبەرەکان و پیاو چاکان و شەهیدانی رێی ئازادی-ش هەر لەناو ناچێ. وا دیارە ئەو نەوجوانە لە شەهیدانی رێی ئازادی، وەیا شەهیدی تینوی بە ئازادی ولاّت بووە بۆیە وا هاتە جۆش و کەوتە قسەکردن!.

ئەم دەقە وێنەی پەخشانێکی تینوی بە سەربەستی وڵات بووە، کە «٣٨» ساڵ لەمەو پێشتر ـ کە ئەڵێم ٣٨ ساڵ چونکە دانانی ئەم کتێبە لە «١٩٨١»دا بووە ـ گەنجێکی ئەو سەردەمە بە هەستەوە داوای سەربەستی کردووە. ئەم جۆرە هەستە لەو رۆژەدا لەناو کورددا بەجۆرێک بڵاو بوەتەوە کە هەمـوو ئەڵهـایان بۆ کردوەو لەکوورەی دەروونی ئەودا لەسەر لاپەڕەی چاپکراو تەقیوەتەوە!. ئەتوانم بڵێم ئەگەر لە سەردەمێکی کۆنەوە کورد دەستی بە چاپ بگەیشتایە ئەم پەخشانە بەم جۆرەو بەم ئەڵهایە ئەبوو بە نموونەیەکی گەلێ کۆنتر، ئەو دەنگە کە لەو رۆژەدا ئەهات، بەگەلێ زەمـان پێش ئەو رۆژە ئەکـەوت، خـاوەنی دەق لەچەرخی خۆیا چاوی بە بەرەکەی ئەکەوت!. لەگەڵ ئەمەشا ئەم پەخشانە وێنەیەکە بۆ یەکێ لە بابەتەکانی پەخشان، چونکە بابەتی پەخشان مەرج نییە هەر ئایینی، یامێژوو، یافەلسەفەو ریازییات بێ، نەتەوەیەک کـە قەڵەم و هەسـتی هەبوو ئەتوانێ لە هەمـوو بابەتێک پەخشان بێنێتە ناوەوە.

رەنگە رازو نیازی خاوەن پەخشان لەگەڵ ئەو تاپوەدا کە سەرەتا بۆ خۆی دروستکردووەو پاشان بووە بە خاکی کوردوستـان رازو نیـازێکی خەیاڵی بێ، بەڵام ئەگەر بە پوختی و بە سۆز لێی ورد ببینەوە رازو نیازی دایک و فەرزندێکە کە ئەم بە ناڵەوە سەیری ئەکاو ئەو بە ئاهەوە وەڵامی ئەداتەوە. ئەم وەڵامە ئامۆژگاریەکی تا ئەو پەڕی ئامۆژگارییە بۆ هەمـوو رۆڵەکانی ئەو دایکە، بە گوێ کردنی دایک لە واجباتی دینییە ئەگەر ئێمە پابەندی دین بین، بێ گومان پابەندیشین.

روخسـاری ئەم پەخشـانە هەڵەنگوتنێکی تێـدایە، لەگـەڵ ناوەرۆکـەکـەدا بوون بە دروستکەری ئەم پەخشانە، لەگەڵ ئەوەشا هەر روخسارەکە قەرزاری ناوەرۆکەکەیە، چونکە ئەم بەهێـزترە لەو، ئەوەندە هەیە ئەم روخسارە یەکێ لەجۆرەکـانی نموونەی پەخشـانی ئەو سەردەمەمان پیشان ئەدا.

* * *

کـچـە کـورد «ن.س» لە گـەلاوێژی ژمـارە «٦» سـاڵی «٥»-١٩٤٤- لە ژێر ناوی «دڵسۆزی راستی»دا جۆرە پەخشانێکمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

(دڵسۆزەکەم زوو وەرە، زۆر لام شیرین و دڵسۆزو خاوێنی، لەم رۆژەوە راست و چەپی خۆمم ناسیوە تا ئەمڕۆ بەشوێن هاوڕێکی راستی وەکوو تۆدا خولەم دێت، لەتۆ زیاتر نەمدی، نەمناسی، نەم بیست، نەبووە، نییەو نابێ. هەر تۆی، تۆ دەبێ مـردن بێ، مـەردانە سـا بێ. ئازانە، چابوک سـوارانە، چوار چاکت بکە

بەلادا، بدەرە غـار، بێ وچان وەرە بۆ لام؛ چونکە درۆ نازانی، تیـغی دەبانی، جەوهەر داری، هیچ کارت تێ ناکا. پەلەمە بۆ هاتنت ئەی تەنیا راستەکە لە گشت گێتیدا. دەبێ، مردن بێ، ئازانە بێ.

وەک یەک ئەڕوانیـتـە لات و دەوڵەمـەند، ئازاد و دیل، جـوان و پیـر، بێ هۆش و ژیر. وەک یەک باوەشـیـان پیـا ئەکـەیت، ئەیانوشی بەخۆتەوە، گـوێ نادەیتە مـاڵی گێتی، هیچ پارووپەکی چەور بەرچاوت ناگرێ. کەوا بوو بۆچی زوو نەییت؟. دەبێ، مـردن بێ، پەلەمـە گـورج بێ!. لەسـەرمـاو گـەرمـا سڵ ناکـەی، چاوت ناترسێ بەرۆژی روونـاک یا شـەوی تـاریک ئەکـەی بەمـاڵا؛ لەکـۆشکا بم یا ئاشەکـۆن، لە چەقی رێگا یا لەسـەر جێگا، مـیـوانداریم پێ ئەکەیت و ئەبیت بە میوانم!. دەبێ، گیانە بێ، مردن زووکە بێ.

لەگەڵ تەقەی تفەنگ، گرمەی بۆمبا، هاژەی گوللە پرژین، بریقەی شمشێر، خرمەی نێزە، هاورێ و هاودەمی. منیش لەوانە نیم لەتۆ بترسم، یاخود تۆم لە یادچێ. هەروەها دەنگی هاوڕێکانیـشت ناڵەی ئازادییـە؛ کە ئازادی نەبێ تۆ بوو نەبی؟. دەبێ، شیرینم بێ، گورجانە تۆ بێ.

ئایا لەتۆ دڵسـۆزێک هەیە لەدەست پەژارەی هەژار، ناڵەی بیـمـار، گـریەی سک سـووتاو، هاواری دیل، لاڵەی رەنجـەرۆ، تەپاوتلی شـەهیـدان، زریکەی بەدبەختـان، قـرجەی دامـاوان، فـرمـیـسـکی دڵدارانی نامـرادان رزگـارم کـا؟! نیـیـە.. نیـیـە.. دەزووکـە ئازانە فـریام کـەوە، رزگـارم کـە. دەبێ، مـردن بێ، چالاکانە بێ. ئەمجاریش بانگت ئەکەمەوە بە ئاوازێک لە سینەی بوریانەوە، بە چاوێکی پڕ گریانەوە، بە دەنگێکی نووساو لە دوو لێوی هەڵقرچاوەوە دێتە دەر، بەدەستێکی لەرزووکی خوێن تیا نەماوەوە، بەخامەیەکی کۆڵەوە ئەنووسم ئەڵێم: توانای ژیانم نەماوە، ژیان هیچە، بێ کەڵکە، تامی نییە. دەبێ، مردن بێ، دڵسۆزی راستی ئازانە بێ).

دوور نییە بتوانم بڵێم ئەمە یەکەم کچێکە کە خامە بگرێ بەدەستەوەو پەخشـان پەخش بکاتەوە. ئـافـرەتی هۆنـەر لە کـورددا زۆر بووە، بـەڵام لەبەر هەر شـتـێک بووە لە پەخشـانی کـوردیدا قـەڵەمـیـان کـەم کـاری کـردووە، پەخشـانیـان نووسـیـوە بـەڵام بە کوردی نەبووە. ئەم پەخشـانەی «ن.س» رچەی شکاند بۆ کـچـان و خـوشکانی کـورد، بۆ دایکانی رۆڵەکـانی کـورد کە هەنگـاوی شـاژنانە بـهـاوێژن و لـە کـۆت و زنجـیـری دیلـیـەتی بە دەست پەخشـانی بێگانەوە رزگار بن.

ئینکار ناکرێ کە عـاتفەو بەزەیی ئافرەت بەهێزترە تا هی پیـاو. پەخشـانی ئەم خاوەن

دەقە عـاتفەی تێدا هەیە، وەسفی جوانی تێدا هەیە، فیکرەکەی فیکرێکی بە دیمەنە. بەڵام ئەم رەشبینییە بۆچ؟!. ئایا مردن ئەوەندە دۆستێکی خۆشەویستە کە ئەو بەو جۆرە لەگەڵیا دەست لە ملان بێت؟!. ئەبێ، خاوەن قەڵەمێک کە قەڵەمێکی رەوانی هەبێت لە هەموو بابەتێک بنووسێت، ئەبێ وەسفی هەموو شتێک بکا، ئەبێ بیری هەموو کەسێک رووناک بکاتەوە، وادیارە ئەم خاوەن پەخشانەی ئێمە بێزاریی لەدنیا پەیدا کردووە! لەگەڵ ئەوەشا بێ گـومـان ئەو سـەردەمـە ئەو لە بەهاری ژیانا بووە؛ بۆیە ئەڵێم لە بەهاری ژیانا بووە، چونکە یەکەم کچێک بووە کە پێ گەیشتـووەو دەستی خـامەی گـرتووە بۆ پەخشـان ـ لە نەتەوەکانی ترا ئافرەتانیان لە مێژە پێ گەیشتوون، هەموو کەڵێن و قوژبنی ژیانیان تاقی کردۆتەوە. لەخەزانی پیریدا دوور نییە بکەونە رەشبینی، بەڵام لە بەهاری جوانیدا ئەمە ناکەن، چونکە هێشـتـا تامی ژیانیـان نەچێشـتـووە تا داوای ئەو سەری بکەن. خاوەن پەخشانی ئێمە نازانم چۆن ئەمەی کردووە؟!.

لەگەڵ ئەمەشا روخساری پەخشانەکەی پڕە لە عاتفە، پڕە لەئەدەب، پڕە لە وشەی جوانی ئاوازەدار هەر یەکـە بۆ شـوێنی خـۆی. بینە سـەر واقـعی ناوەرۆکـەکـەش بیـرێکی جـوانە، چونکە بەراستی دڵسۆزی راسـتی هەر مـەرگـە کە دڵسـۆزی پیـرو جوانە، دڵسـۆزی کـوڕو کچە، دڵسۆزی هەژارو دەوڵەمەندە، دڵسۆزی وەزیرو گزیرە کە واز لە هیچیان نایەنێ و بە دڵسۆزی ئەچێ بەلایانەوەو باوەشیان پیا ئەکاو نایەڵێ کەسیان لە عاتفەی خۆی بێ بەش بکا. ئەمە ئەو پەڕی میهرەبانییە کە لە چەوسانەوەی ژیان رزگاریان ئەکا.

ئەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەگەر خوێندەواری نەبوایە، کچە کورد «ن.س» نەیئەتوانی ئەم پەخشـانەی بخـاتە ریزی نموونەی پەخشـانەکـانی کـوردییـەوە؛ ئەم پەخشـانەی کـە پڕە لە عـاتفـە، سـەرتاپا ئەدەبێکی بەرزە، هەمـوو جـۆرە رەوانبـێـژیەکی تێـدایە، بە جـۆرێ کـە روخسـاری ئەدەبێکی زۆر بەرزی لە پەخشـانی کـوردی دا هێناوەتە دیی. من کە سـەیری ئەمە ئەکەم وا بۆی ئەچم کە خاوەنی پەخشان ئەبێ زۆر لە مێژ بێ خامەی بە دەستەوە بوو بێ، وا توانیـوە پارچە پەخشـانێکی ئەدەبی بەرز دروست بکا. لەگەڵ ئەوەشا پەشـیمـان نابمەوە کچە کوردی ئەو سەردەمە هەر لە بەهاری جوانیدا بووە. چەند خۆشە بۆ کورد کە کچۆڵەیەکی بەم جۆرە پەخشانی نایابی کوردی دروست بکا. منیش لەگەڵیم ئەگەر ئازادی و سەربەستی ببوایە، کورد گەلێ کیژۆڵەی وای ئەبوو.

***

**له گەلاوێژی ژمارە «٢» ساڵی «٤» ـ ١٩٤٣ـ لە ژێر ناوی «مێژووی ئەدەبیاتی کورد» دا «گیوی موکریانی» ئەم پەخشانەی خوارەوەی خستۆتە بەردەستمان:ـ**

(لای گشت وردبین و زانایان دیارو ئاشکرایە کە سەرچاوەی زەوقی رەگەز پەروەری و نموونەی هەستی نیشتمانپەرستی و شوێنەواری ئازادی هەموو تیرەیەک هەر ئەدەبیاتە. ئەگەرچی بە گۆڕانی ناوچەی ژیان و بەهۆی کوێرەوەری و بێ دادی دەستی گەردوون و گێژەڵووکەی نەگبەتییەوە چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی جار جار تووشی نەهاتی و چارەڕەشی بوو بێ، دیسان وێنەی رەنگاو رەنگی هەر بە هۆی ئەدەبیاتەوەیە کە ئەکەوێتە بەر چاوانەوە، چونکە لە هەموو کاتێکا ئاوێنەی گەش و سیسی ژیانی نەژادەکەیەتی.

ئەدەبیاتی زبانی کوردی کە جیلوەگای ئاوارە «جەوهەر»ی ئیلهاماتی کردگاری نموونەی زەوقی کوردستانیانە، خاوەندی هەزاران هەوایانی ناسک و پڕ نازو دڵکێش و شیرین و رێک و تەڕو لەبارو هەڵکەوتووە، هەر یەکە ئەڵێ گەوهەری کانیەکە. ئەوانە نەوەکوو تەنها لەناو یادگاری ئەدەبی بێگانانندا رسکاون و بەس، بەڵکوو شانی کوردانی لەناو هەموو نەژادە سەرکەوتووەکاندا بەپێی کەمە شارەزاییێکی کە هەیانە بەرز کردۆتەوە. کورد هەر چەندە لە بابەت زانینەوە کەمێکیش لە دراوسێکانی دواکەوتبێ بەڵام لە رووی ئەدەبیاتەوە گەلێ لە پێشترو سەرکەوتووترە.

بۆنەی دواکەوتنی کورد لە زانیندا تەنها سووچی زاناو تێ گەیشتوو ئودەباو شاعرو خوێندەوارەکانی بووە، چونکە ماوەیەکی زۆر کۆنە لە ٩٩٪ی هێزی توانای و تین و وریایی زانستیان لە رێگای تەءلیفات و ئاساراندا بۆ باسی دەستووری زبانی بێگانە لە ناو بردووە، بۆیە نەپەرژاونەتە سەر ئەوەی ئاورێک لە زبانە شیرینەکەی خۆیان بدەنەوە!. ئەگەر ورد سەرنج بدەینە مێژوویێک کە کوردان لە هەموو لایەکەوە بە زبانی دراوسێکانمان بەکانی دڵەوە دەستیان بە تەءلیفات و زانین و هونەرو دەستوور کردووە، وە دەرگای ئەدەبیاتی رەنگاو رەنگیشیان بۆ کردوونەتەوە، وە هێندەیان رەنج تیا کێشاوە تا ئەو زبانەیان کردووە بە رشتەی زبانی عیلمی و ئەدەبی پێویستە لە رۆژی بەراییەوە تا ئەمڕۆ بکرێتە سێ بەشەوە:

١ـ سەرنج بدەینە دەستوور و رێک و پێکی زبان و ئەدەبیات و زانین و هونەری هەر سێ دراوسێکانمان لە پێش ئەوەدا، کە کوردان دەستی تێوە بدەن بزانین تا چ ئەندازەیەک بووە؟.

٢ـ ورد ببینەوە لە ژمارەی هەموو زاناو ئودەباو شاعرە کوردەکانمان کە چۆن لەگــەڵ زبانە بێگانەکــانا خــەریک بوون؟. وە چاوێکیش بەســەر ئاســارو تەءلیفاتەکانیانا بخشێنین.

٣ـ بروانینە بەرزی دەستووری زبان و پایەی عیلم و عرفانی ئەمڕۆکەیان.

مــەبەست ئەوەیە ئاشکرا ببــێت کـە کـورد لە هەمــوو کـاتێکدا بە هەزاران ئودەباو شـوعەراو زانای لە دراوسێکانی زۆرتر بووە. بەڵام داخەکـەم بە هۆی پاراســتنی زبانی بێگانەوە خــۆیان بە زبانی رەگــەزی خــۆیانەوە خــەریک نەکـردووە، بە هەمـوو هێـزێکەوە وەختی بە بەهایان لەگـەڵ پێش خسـتنی و رازاندنەوەی زبانی بێگانە رابواردووە).

خـاوەنی ئەم دەقـە خـوا هەقـە یەکێکە لەو کـەسانە کە لە رێگای بڵاوکـردنەوەی زمـانی کـوردیدا ئەتوانم بڵـێم ئەگـەر هەمـوو ژیانی خـۆی خـەرج نەکـردبێ دوو بەش لە سێ بەشی تیـایا بەکار هێناوە، بەرهەمـێکی زۆری هەیە. ئەم نموونەیە لەبەرهەمی سـاڵانی «١٩٤٠ـ ١٩٥٠»یەتی. هەر کەسە چەشەو شێوەیەکی هەیە لە نـوسیندا. ئەم پەخشانە نیواو نیو لە نێـوانی شـێوەی سولەیمانی و مـوکریاندایە، لە نێـوانی ئەم دوو شـێـوەیەدا دیسـان رەوانی هەیە، پاڵـی بە وشەوە ناوە بۆ ئەوە رستە بێـتە ناوەوە، هەرچەندە لە هەندە شـوێنێکیـشا پچڕان هەیە، لەگەڵ ئەوەشا هەر لە دەروونێکی کوردایەتییەوە هەڵقوڵاوە.

راسـتـە ئەدەب و مـێـژووی ئەدەبی نەتەوەیەک بوونیـەتی ئەو نەتەوەیە پیـشـان ئەدا. گومانی تێدا نییە هەر نەتەوەیەک کە نەتەوە بوو ئەدەبی هەیە، بەرهەڵست نەیهێشت ئەو ئەدەبە بکەوێتە روو، ئەمـە ئەوە ناگـەیەنێ کـە نەتەوەکـە نـیـیـە. دەقـەکـە ئەڵـێ: وە بگرە گوزارشت لە بیری خاوەنەکەی ئەداتەوە – «هۆی دواکەوتنی کورد لە زانیندا سووچی زاناو تێ گـەیشـتوو ئودەباو شـاعـرو خوێنەوارەکان بوو» «چونکە بە زمـانی خۆیان بەرهەمیـان دانەناوە»!. ئەمانەی وتووەو ئەم سووچەی لە چەرخەکانی پێشـوودا خستۆتە ئەستۆی ئەوان. ئیتر باسی ئەوەی نەکردووە کە بۆچی ئەمانە بە زمـانی خۆیان شتیان نەبووە؟. هۆیەکە– کە عـیللەتەکەیە – باسی نەکردووە؛ ئەوەی نەوتووە کە زرووف نەیهێشـتـوە ئەمـانە بە زمـانی خـۆیان بەرهەمـیـان هەبێت، ئەگـەر ئەوەی بوتایە لۆمـەکـەی نەئەخـسـتـە سـەر خـوێندەواری چەرخەکان، بەڵکوو ئەیخستە سەر ئەو پێشهاتانە کە دەورو بەری کوردەکەیان گرتبوو. ئایا ناوچەکەی ئەوان ئەوەی بۆ گـونجاندن کە بتـوانن بەزمـانی کوردی بەرهەمیـان بهـێننە ناو و نەیانهێنا ؟!. قسـەکردن لەم بابەتەوە دوورو درێژە، لێرەدا جێگای نابێتەوە، تەنیا ئەوە بوو

سەرە دەزویێکی لێ دەرخرا.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە پیاو ئەبێ واقعی بێ، نابێ بە عەشقی رەگەز پەرستییەوە ئەوەندە بچێتە ناخی شتەوە کە دوو دڵی پەیدا ببێت!. ئەو نەتەوە دراوسێیانە- کە ئەم پەخشانە ئەڵێ - لەپێش ئەوەدا زانایانی کورد لەگەڵ زانین و ئەدەبیاتیانا خەریک بن، شتێکی وا نەبوون!. پێم وایە ئەمە لەراستی دوورمان ئەخاتەوە، چونکە ئەوانیش نەتەوە بوون، سەرباری ئەوە حوکمیشیان بەدەستەوە بوو. ئیتر چۆن ئەبێ کوردێکی لاوەکی لەوان زیاد لەوان زمانەکەیانی پێش خستبێ؟!. ئەی ئەوان خۆیان چیان لێ هات؟. ئایا زاناو ئودەبایان نەبوو؟. ئایا زمانیان نەبوو؟، دیارە هەموویان هەبووە، لەپاڵ ئەمەشەوە حوکمیشیان هەبووە، کەوابوو ئەبێ زاناو ئودەباشیان هەبووبێت لەگەڵ زمانەکانیانا خەریک بووبن.

ئەمە راستە کە کورد خەریکی زمانی ئەوان بووە، چونکە هانە هانەیەکی وای نەبووە تا لەگەڵ زمانەکەی خۆیا خەریک بێ، وە ئەمەش هەر راستە کە زانایانی کورد بەرهەم و تەءلیفاتەکانیان بەو زمانانە بووە، بەلاَم ئێجگار واش نییە کە ئەم پەخشانە ئەڵێت!. مێژوو با لە گۆڕستانیشا بێ، هاتنە جۆشی ئازایەتی و پیاوەتی کوردایەتی نابێ لە سەر کراسی ئەو بێت، چونکە ئەویش دوور نییە رۆژێک هەر هەبێت کە قەڵەمێک بگرێ بەدەستەوەو داوای حسابێک بکات!.. لەگەڵ ئەمانەش ئەم پەخشانە چ لە رووی روخسارەوە، چ لە رووی ناوەرۆکەوە نموونەیەکە بۆ جۆرێ لە پەخشانی کوردی ئەو سەردەمە.

* * *

لە ژێر ناوی «راستی خەتایە»دا «محمد سعید جاف» لە گەلاوێژی ژمارە «٢» ساڵی «٩» -١٩٤٨- پەخشانێک دروست ئەکاو ئەڵێ:

(لەم دەوروبەری ئێمەدا، وە لەم کاتەی ئێستەدا ئەگەر یەکێک پەیڕەوی راستی بکا لام وایە وەکوو شوێن کلاوی بابردوو کەوتبێ ئاوایە، چونکە ئەو کەسانە کە لە دلا لەسەر دەرەبەگی و قازانج پەروەری گۆش کراون و لە رواڵەتا خۆیان بەدڵسۆزو ئیشگوزار ئەدەنە قەڵەم خێرا بیرو باوەڕە پیرۆزەکەی تۆ ئەبرن بە سەر پیلانێکاو ئەیکەن بە شتێکی بێ مانا!.

بەمیسال ئەگەر یەکێکی راستگۆ بە بەگێک، یا ئاغایەک، یانموونەیەکی تر بڵێ: ئیمساڵ لە مڵکانەکەدا لەبەر ئەوە نەهاتە تۆزێ وەرە خوارەوە، یا ئەو

دێییـه بۆ سووتا؟ یا ئەو مـاڵە بۆ دزراو ئەو پیـاوە بۆ کوژرا؟ یا ئەم پارەیە بۆ تەکیە بۆ چ وەرگیراو لە شوێنی خۆشیا خەرج نەکرا؟ ئیتر ئەوا ئەو کابرایە بە گۆشت تاڵ و نەگریس ناوی دەر ئەچێ و بە چەپڵـە شوێنی ئەکـەون و هەی ئەم کابرایە فەنەسۆنە، یا گێرە شێوێنە و چاو و راوکەر!. شوێنی پێ لەق ئەکەن و دڵی ئەکەن بە جێکڵدانی چۆلەکە!.

ئینجـا ئەم کـابرایە چی بۆ ئەمـێنێتـەوە؟ ئەوەی بۆ ئەمـێنێتـەوە، کـە سـەر بەرێتـەوە قـوڵاخی خـۆی و خـۆی مـات بکا، ئیـتـر بیـرای بیـرای نەوێرێ پێی باوێژێتە مەیدانی ئیسلاحەوە، بگرە کە ئەوان پژمین ئەم ئەبێ «شیفا ئۆڵسەن» یان بۆ بکا! بەڵام ئەم رەوشتـە بۆ ئەو کەسانەیە کەدڵـیان بێ هێـزو بەرچاویان تاریکە، ئەگینا ئەو کەسانە عاتفەیان وەکوو ئاوێنەی بێ گەرد پاکەو بەراستی و دروسـتی کـەوتوونەتە دنیـاوە، تا رۆژی مـردن لەو رێگە راسـتـەی خـۆیان لادانیـان نییـە با دراوسێ گـوناهبـارو ژێر دەسـتی نالەباریش بن، با دەربڕینی راستیەکەیان لە ژێر پەردەداو لە ناو کولەکەشا بێت، زۆری پێ ناچێ لەبەر ئەوە ئەنجامی راستی سەرکەوتن و پاشەڕۆژی درۆ دەلەسە ژێرکەوتنە. ئەوانەی کە خاوەنی وجدانێکی خاوێن و هاورازی هەستێکی پاکن بەرامبەر بە گەلەکەیان، ئەسـتێـرەی دڵپـاکی و راسـتگۆییـان لە ئاسـمـانا ئەدرەوشـێتـەوەو لە مـەیدانی شەرەفا بەسەر هەموو ئامانجێکی پیرۆزا زاڵ ئەبن.

ئەی راسـتـپـەروەرەکـانی وڵاتی ئێـمـە! بیـری راسـتی خـۆتان بگەیەنن بە هاووڵاتیـەکـانتـان و بەسـەر خـۆتانیـشـا بڵاوی بکەنەوە، چونکە سـەرکـەوتن ئەنجامی راستییە.

ئەی گوناهکارەکان بابدەنەوە سەر راستی و پاکی، رۆژێک ئەبێ موحاکمەی گوناهکاران بکرێت، چ لەم دنیایە، چ لەو دنیـایە، زۆرتر نزیکە کـە نەکـەوێتـە دنیای دووهەمەوە، چونکە ناپاک زۆری پێ ناچێ ترۆ ئەبێ و دڵپاکیش بەروو سووری دێتە مەیدانەوە!).

ئەم وەرگێڕانە دوو بێگاری پێ کراوە؛ یەکێ لە فەرەنسزییەوە کراوە بە فارسی، یەکێ لە فـارسییـەوە کـراوە بە کـوردی. ئێـمـەش دوو مـەبەسـتـمـان بەم دوو بێگارە هەیە؛ یەکێ ناوەرۆک، یەکێ روخسـار. ناوەرۆکـەکـە زانینی شـتـێکە کـە گـەڕیدەیەک لەو سـەردەمـەدا گەڕانێکی کردووەو هەندێ لە رەوشت و عاداتی پیاوانی وڵاتی کوردەواری ئەو سەردەمەی باس کردووە. ئیتر کارێکمان بەوەوە نییە کە گەشتەکەی هەر بۆ بازرگانی بووە، یا بۆ کارو بارێکی سیاسی بووە؟. کارمان بەمەوە نییە، چونکە زۆر چاک لامان روونە کە گەلێ لە

گەریدەکانی ئەو سەردەمانە ئاورووپا ئەبیّ شتیّک بکەن بە مەهانەی دەستیان بۆ گەرانەکەیان و لە ژێر پەردەی ئەو شتەدا ئارەزووە سیاسییەکەیان پێک بێنن!.

روخسارەکەش پەخشانە کوردییەکەیە کە لە زمانێکی ترەوە خراوەتە سەر زمانی کوردی. ئاشنایەتی لە نێوانی زمانی کوردی و فارسیدا ئاشنایەتیەکی تەواوە، چونکە ئەم دوو زمانە لە ریشەو رەگەزدا هەر یەکن هەردووکیان لەبنەماڵەی زمانەکانی هیندو ئەوروویین و هەر دووکیان ئەچنەوە سەر ریشە زمانی پەهلەوی، چ کۆن چ تازە.

«حسن فهمی جاف» کە کوردێک بووەو پەیوەندی زمانەکەی لەگەڵ فارسیدا نزیکتر بووە لەو پەیوەندییەی کە زمانی کوردی لەگەڵ ئەورووپیدا هەیەتی، چونکە کوردی و ئەورووپییەکە هەرچەندە ئەوانیش هەر لە یەک ریشەن بەڵام نەختێ زیاد دوور کەوتوونەتەوە، کوردی و فارسییەکە وانییە. بەو بۆنەوە ئەگەر کوردێک شتێک لە فارسیوە بکا بە کوردی وەرگێرانەکەی بە هێزتر ئەبیّ لەوەی کە لە ئەورووپییەوە بیکا بە کوردی. جا «حسن فهمی جاف» توانیویە ئەم ئیشە بە پوختی جێ بە جێ بکا. پەخشانێکی داوینێ پیاو کە ئەیخوێنێتەوە لەبەر رەوانی رێختەکەی وا ئەچێتە دڵەوە کە ئەمە هەر لە زادەی فیکری زمانەکەوەیە، لەگەڵ ئەوەشا وانییە بەڵکوو وەرگێرانە؛ وەرگێرانی پەخشانێکە بۆ پەخشانێکی تر کە پەخشانی کوردییە.

کەوا بوو دەقی ئەم پەخشانە ئەوەمان پیشان ئەدا کە کوردەکە لەو ساڵانەدا بە تەواوی کەوتۆتە سەر ئەوە کە بێجگە لە دروستکردنی پەخشانی زمانەکەی خۆی دەست بۆ وەرگێرانیش درێژ بکاو لەم رێگایەشەوە پەرە پەخشان بدات. ئێمە ئیشێکمان بەوەوە نییە کە وەرگێر هەندێ وشەی تایبەتی لە سەر گوزارشتی ئەو رۆژە خستۆتە سەر زمانی کوردی، بەوێنە «سیاح»ی بە شاران گەڕ وەرگێراوە، وا دیارە ئەو رۆژە «باو» وا بوو، دەقەکە لەم رووەشەوە مێژوویەکی گۆڕانی زمانەکەمان بۆ دەرئەخا کە زمانیش وەکوو هەموو زیندەوەرێک لە گۆڕان دایە، نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو زمان بە تێکرایی.

***

پەخشانی ئەدەبیی کوردی لە ساڵانی «١٩٤٠-١٩٥٠» ئەتوانین بڵێین چڵەپۆپەی بۆ خۆی گرتبوو. لە «گەلاوێژ»ی ژمارە «٤» ساڵی «٤» ـ ١٩٤٣ـ حاجی توفیقی «پیرەمێرد» لە ژێر ناوی «دواوانی زەڵم و تانجەرۆ» دا، ئەم نموونەیەمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

(ئۆخ!. بۆیە «مەولەوی»م خۆش ئەویٚ و شیفتەو شەیدای سۆزو ناڵەی ئەوم کە پەردە، پەردە شویٚنە شیرینەکانی خاکەکەم و نیشتمانەکەمی بە فەردی فەردەوە، بە فەرو زیبیٚکی دڵنەوەردەوە پیشاندام و بە سینەما خۆشەویستی ئەوانی چەسپاندۆتە سینەمەوە. «کۆی ئاتەشگا»ی وەک ئاتەشکەدەی «زەردەشت» لیٚی هیٚنامە تین و تاو!. ناو دڵی برژاندم، «نیٚرەنگی» تافگەو قەڵبەزەی «زەڵم»ی وا بۆ کیٚشاوم دانەی مرواری بە سەردا پرژاندم «بارەکەاللە چەرخ، هەی ئافەرین چەرخ» ، پلووسکەی «بافرە»ی «عەودالاّن»و هەوای «چەمی خواجایی» تیٚ گەیاندم!.

هەر ئەو جۆش و خورۆشە بوو کە «معدومی»م لەدیاری «عدم» نەبوونیەوە هیٚنایە سەر کۆی ئاتەشگاو پرشنگی شعرەکانیم خستە تەلی سازو سەمتووری شیٚوەی کوردی خۆمانەوەو دام بە رادیۆی چایخانەی «ژیان». بە هۆی ئەو سەودای دڵبەستەی خاکەکەمانەوە هەر شویٚنیٚکی رەنگین و هەر دیمەنیٚکی دڵنشین وهەر چەشمەندازیٚکی شیرین و هەر لەنجەو لاریٚکی ئاویٚکی نازەنین ببینم ئەمەوی پیٚشانی هەموو دۆستیٚکی بدەم، بەلاّم! ئاخ «شعر» واتە هۆنراوە، نازانم تا چەندو چون ئەو زادەی سروشتی ئیٚزەدییە بهۆنمەوە؟!.

چەندیٚک تا شەرو جەنگ و نەبەردو رەزم و ئاشووب و گەردش و رۆژی رەش هەموو شتیٚکی لیٚ گران نەکردبووین، لەگەڵ دەستەی مەردم گوریٚزی خۆماندا رۆژی «هەینی» یان سەری خۆمان هەڵدەگرت بە دەشت و بیابان و سەرئاوادا خوومان دابوە راوەماسی. جاریٚکیان چوینە سەر «دواوانی زەڵم و تانجەرۆ» . «لووتکە»ییٚکی سیٚ سووچ بە بارستایی هەر دوو چەم کە، لای راستی «تانجەرۆ»و دەستە چەپی «زەڵم» و پیٚشی «دواوان»ە. «بیٚشە»ییٚکی «ناتوریل» خوا کرد، جەنگەڵستانیٚکی خودایی، چڕو چوغوردیٚکە لە دوو لاوە بە دوو لادا، داری چام و بی و قرەقاج چوون بەگژ یەکدا و تووترکیشیان تیٚوە ئالاّوە و «پوونگە»یش لە کەناری چەمەوە شان بە شانی ئەوان هەڵساوە، بۆنی خۆشی خۆی بۆ ئەو دەس لە ملانە شاباش ئەکا!. هەندیٚ لە «گەریدە» کان کە بگەنە ئەو شویٚنانە بە «فوتوگراف» ویٚنەی ئەو دیمەنە ئەگرن، بەلاّم من تەماشام کرد ئاوەکە جوانترو ریٚک و پیٚکتر رەنگیان دەر ئەخا؛ ئاو ئەوانە بە لەنجەو لارو شیٚوەکارییانەوە ئەنویٚنیٚ دیارن، دیارە فوتوگراف نایانجوولیٚنیٚتەوەو گیانیان ناکا بە بەردا، شویٚنیٚکی مەندو قووڵ و روون و رەوان هەر چلۆنیٚ ئەوانە لە خۆیاندا بوون ئەینواند.

چشتیٚکی ترم دی؛ تانجەرۆ لەویٚدا بیٚ قرەو برە و بیٚ خورەو مرە باوەشی

کردۆتەوە بە دڵسۆزی و دڵنەوایی «زەڵم » ئەگرێتە سینەی بێ کینەی خۆیەوە. زەڵم لە سەردا بە سەرەڕۆیی و قەڵبەزو هەڵبەزو توندو تیژی و بە تەوژمێکەوە خۆی ئەدا لە «تانجەرۆ» ئەیشڵەقێنێ، لە سەر لووتکەکە چیمەن و سەوزە گیایەکی زومرووتی فەرشێکی «تەون»ی کردگاری راخستووە، جار جار کناچەی پۆڕ و ورەی شینە شاهۆ و شەقەی باڵی کۆترە باریکە و هەزار داستانی ریشۆڵە تێکەڵ بە ویرە ویری ئاوەکە ئەبێ، لە ئاوەکەیشدا «بزە» ، بزە بزیەتی!. ئەمە کە لەوێ ترازای و ئەوانەت لە پێش چاو نەما ئەبێ بەخەو!. جا ، خەونامەش ئەڵێ: هەر کەسێ پەڕندەو ماسی لە خەوا ببینێ زۆر باشە. تەنانەت میرزا مەهدی سگرتیری نادر شا وتوویە: «اگر در خواب بینی مرغ و ماهی + نەمیری تا رسی بر پادشاهی» ) .

خوێنەری تینوو بە ئەدەبی کوردی! ئەم پەخشانە ئەدەبێکی هەم رەوان و هەم بێژییەکی کوردی بۆ دروستکردوین؛ رەوانە چونکە سادەیەو وەکوو ئاوی سافی رەوان لەکانیاوی دەروونێکی پاکەوە هەڵقوڵاوە و بە جۆگەی بلووربندا دێتە خوارەوە، لەو کانیاوە کە مەعنا بەرزەکانە، لەو جۆگەیە کە رستە جوانەکانە. بێژییە چونکە هەموو جۆرە هونەرێکی بێژراو و وێژراوی تێدایە.

دەقی سەردەمەکانی پێشوو- کە ئەڵێم دەقی هۆنراوەکان- هەمووی ئەئالا بە بالای خەت و خاڵی نەونەمامانا ، ئەم دەقە- کە پەخشانە- رێبازی ئەو رێگایەی تێکداو کەوتە سەر دیمەنپەرستی وڵات. خەت و خاڵی نەونەمامان جوانییە ، بەڵام دیمەنی وڵات جوانترە، چونکە ئەو نەونەمامانەش چەندە جوانن هەر دیمەنی وڵات لە خۆیان بە جوانتر ئەزانن بۆیە ئەچن بۆ سەیری!. خوا هەقە هەر دووکیانن جوانن، بەڵام ئەگەر دیمەنی جوانی وڵات و ئاوی ساف و هەوای بێ گەرد نەبێ نەونەمامانی بەخاڵ و خەت پەیدا نابن. لە وڵاتی قولەکانا چونکە ئاو و هەوای سافی نییە قولەکان بە قولی هەڵئەقوڵن!. کەوابوو جێگای خۆیەتی کە ئەم دەقە باسی جوانی دیمەنی کردووەو لە رێگای پێشینان لای داوە.

لە سەردەمەکانی پێشوودا پەخشانی کوردی ئەگەر کەم و کورتێک هەبوو بێت، بابەتەکەی ئەم بابەتە نەبووە، بەڵکوو شتێکی تر بووە، بابەتی ئەم پەخشانە وەکوو زەنگی لە ناکاوی کڵێسەکان پیری زەنگ لێ دەر لێی داو دەنگەکەی هەتا ماوەیەکی کەم لەگوێدا ئەزرنگێتەوە. ئەم پەخشانەش وەکوو ئەو کوتوپڕ خاوەنەکەی هێنایە ناوەوەو دەنگی لەمێشکا زرنگایەوە، بەڵام دەنگی ئەم جیایە لە دەنگی زەنگی پیرەی بۆڵ لێدەر، چونکە

ئەم هەر ساتێکە بەڵام دەنگی ئەم پەخشانە لە مێشکی نەوە بە نەوەی کورددا دەنگ ئەداتەوە!.

دیمەنپەرستی بە نووسینی پەخشان لەناو کورددا کەمتر هەبووە، ئەم دەقە ئەو رچەیە شکاند بۆ پیا چوون. رواڵەتی دەقەکە ئەوەندە سادەیە، من و تۆو هەرکەسێکی تر کە ئەیخوێنینەوە ئەڵێین ئێمەش شتی وا ئەڵێین، کە دێینە سەر وتنەکەی تەماشا ئەکەین ناتوانین!. کەوا بوو ئەمە ئاسانێکی گرانە؛ ئاسانە چونکە لامان وایە ئێمەش بۆمان ئەوترێ ، گرانە چونکە ناتوانین بیلێین. ئەمە بوو پایەی هەرە بەرزی رەوانبێژییەکە تێدا.

رووباری زەڵم و تانجەرۆو داوان و شوێنەکانی تر ئەوەتی ئەو وڵاتە هەبووە ئەوانیش هەر هەبوون، بەڵام ئەگەر کەسێ چاوی پیان نەکەوتبێ نەیزانیوە ئەو دیمەنانە چۆنن و چۆن نین، ئەم پەخشانە بوو بە ئاوێنەیەک وێنەیان دایەوە بۆ ئەو کەسانە کە چاوی پیان کەوتووە، یانەکەوتووە بۆ ئەوە هەردوو لایان وەکوو یەک بیانبینن.

گەلێ شت هەیە کە رووکەشە؛ واتە ناوەکەی شتێکی ترەو بەشتێکی تر رووکەش کراوەو پیاو دەسخەڕۆ ئەکا. ئەم پەخشانە- کە خاوەنەکەی لە ئەدەبی کوردیدا دروستی کردووە- ئەدەب پەروەرەکان ناتوانن بڵێن: دیوی دەرەوەی- کە عیبارەتەکەیە- رووکەشە بۆ دیوی ناوەوەی کە دیمەنەکانە. جارێ ئەو دیمەنانە هەر چەندە خۆیان ماددی-ن، بەڵام باسکردنەکەیان مەعنەوییە، وشەکانیش هەر مەعنەوی-ن، رووکەش لە ماددیاتا ئەبێ، لەگەڵ ئەم بەراوردو بەرانبەری کردنە نەگونجاوەشا، با روخسارو ناوەرۆکی ئەم پەخشانە بە ماددی-ش دابنێن- واتە ئەدەب پەروەرەکان- هەر ناتوانن بڵێن روخسارەکە رووکەشی ناوەرۆکەکەیە، چونکە ئەگەر سەیری ناوەرۆک ئەکەی لە روخسار بەرزترە، سەیری روخسار ئەکەی لە ناوەرۆک بەهێزترە. کەوابوو روخسارو ناوەرۆک پێکەوە شان بەشانی یەک لە دڵی ئەدیبەکەوە دەرچوون، تۆ ناتوانی بڵێیت کامیان لەکامیان بەرزترن، بەڵکوو هەر ئەوەندە ئەتوانی بڵێ: ئەم پەخشانە نموونەیەکی زۆر بەرزە بۆ ئەدەبی کوردی، خاوەنەکەی شارێگایەکی کردۆتەوە بۆ پیا چوون کە تا ئەو سەردەمە ئەو جۆرە رێگایە لە ئەدەبی پەخشانا بۆ باسی دیمەن نەبووە!.

لەگەڵ ئەمەشا مێژوویەکی ئەو رۆژەشمان بۆ ئەگێرێتەوە کە رۆژگار لە باری گوزەرانەوە چی بەسەر خەڵکا هێناوە؟!.

منیش لەم رووەوە ئەڵێم؛ ساڵ بە ساڵ خوزگە بە پار!!.

* * *

نموونەیەکی تر لە دەقی سالآنی «١٩٤٠ـ ١٩٥٠»، «گۆران» لە گەلاوێژی ژمارە «٥، ٦»ی سالّی «٣» ـ ١٩٤٢ـ لەژێر ناوی «کەلّکی ئەدەب»دا پەخشانێکمان ئەداتێ و ئەلّێ:ـ

(لە سووچی چایخانەیەکدا کۆڕێکی بچووکمان گرتبوو، لە نووسراو «کتێب» ەئدواین. لەناومانا یەکێک لێوی لە باسی نووسراوی ئەدەبی هەلّقرچان، وە بە ساردییەوە وتی: من هەزار نووسراوی ئەدەبیم لا پوولێکە، کام نووسەر کە ئەلّێی بە ناوبانگە هەر نووسـراوێکیم بدەیتێ ناتوانم لاپەڕەیەکی لێ بخوێنمەوە، بەلاّم نووسراوی زانست «عیلم» هەر مەپرسە؛ بەرگێکی گەورەی «فیزیا» لە ماوەیەکی کەمدا ئەخوێنمەوە، وەکە تەواوی ئەکەم وا ئەزانم خەوێکی خۆشم دیوە.

یەکێکی تر هەلّیدایە وتی: «ئەدەب چییە؟. وڕێنەو خەیالّی پلاّوە، بەراستی هەر نووسراوی زانستە کار بکاتە سەر ئیقتسادیاتی ولاّت و پێشکەوتن و بەختیاری میللەت، ئەگینا زکی برسی بە وتاری پف هەلّدراو تێر نابێ، وە هەزار کەلەی رازاوە، وە سەد خەیالّی دوورو درێژ پوولێکی گیرفان ناکا بە دوو».. هەروەها سێیەمیش پشتی هاوڕێکانی گرت وتی:

«بێ گومان ئەمەیە جیاوازی خستۆتە میانی گەلەکانی رۆژهەلاّت و رۆژاواوە؛ ئەبینین رۆژهەلاّتییەکان چاویان بڕیوەتە ئاسمان لەبەر ئەمە ناتوانن هەنگاو بۆ پێشەوە بنێن وە لە سەرەتای ژیانیانەوە چۆن بوون هەروەها ماونەوە وە لەجێی خۆیانا چەقیون پێشکەوتنیان بۆ نییە، بەلاّم رۆژئاواییەکان چونکە ئەزانن هۆی ژیانیان لە سەر زەوییە، هیچ بە تەنگ ئاسمانەوە نین، چاویان بڕیوەتە بەردەم و دەورو پشتی خۆیان، مێشکیان تەنیا بە هەولّدان خەریک ئەکەن بۆ هەلّگرتنی قۆرتی سەر رێگایان، وە هەتا دنیا بمێنێ لە رۆژهەلاّتییەکان دوور ئەکەونەوە. لە بەر چاومانە گەلەکانی دەروپشتمان وەک عەرەبەکان و ئێرانییەکان هەزاران سالّە هەن، وە ئەم ماوە درێژەی ژیانیان بە هونەر نوانن لە شعرو ئەدەبا بردۆتە سەر!. بەلاّم ئاخۆ لەناو گەلەکانی ئێستای ئەورووپادا کە هەندێکیان ساوای پێنج شەش چەرخەی تارێخن ئەندازەی هەستیان چییە؟».

منیش هەر لە سەرەتای گفتوگۆوە تا ئەهاتم پیشم ئەخواردەوە!. دوایی کەوتمە جوولّە و ویستم بە کەلەبەرێک بەری لافاوی پێشم بەرەلاّ کەم، بەلاّم ئەم هاوڕێ دواییەم گورج بواری نەدام وە لەسەر بواری خۆی رۆیشت:

«لەبەر ئەوە من ئەڵێم ئەگەر بمانەوێ لە سەر بناغەیەکی باش کورد پێ بگەیەنین و بیخەینە ریزی گەلە هاوچەرخەکانیەوە پێویستە واز لە شعرو ئەدەب بینین و رێی رووناکی زانست و راستی «حقیقت» بگرینە بەر».

ئەم هاورێیانە هەر سێکیان لە دەرچووانی قوتابخانە بەرزەکانن و هیچ گومان نییە لە دەرچووانی قوتابخانەی بەرز و نزم گەلێ خوێندەواری هاونیشتمانمان هەیە کە لەم چەشنە بیرو باوەڕەدان، یا کوتومت، یا کەمێک جیاوازی لەلای زووری و کەمیدا!.

ئێستە بەم بۆنەوە دێتەوە بیرم چەند لاوێکی پەسەند و ناسراوی تریش کە بۆیان رێکەوتبێ ئەم بیرو باوەڕەی خۆیان لادەربڕیوم.

ئەگەر بمزانیایە کورد ژمارەی خوێندەواری ئەوەندە زۆرە ئەم چەشنە کەسانە کە لە ریزی کەمی «اقلیت»دا ئەمێننەوە هیچ دەربەست نەئەبووم، ئەموت هەر وەک هەموو کاروانێکی تر با کوردیش لە رەوەی راپەڕین «نهضە»ی ژیانیا چاو لە نەمانی یەک دوو تەرەی خۆی بپۆشێ، مەبەسی هەرە گەورە ئەوە نییە کاروانی هەرە قەتی بە رێگای راست و هێمنا تێخورێ بۆ ئامانج، بەلام ئەوە کارم لێ ئەکا ئەمانە بەشی زۆری خوێندەوارانی کوردن، کە لە خۆیا خوێندەواری ئیجگار کەمەو بەشی زۆری ئەم کەمەش شوێن باوەڕی چەوت و بێ جێ کەوتبێ، ئەبێ کێ پەلی گەلە دواکەوتووەکەمان بگرێ؟ بیخاتە سەر ئەو شەقامە کە میللەتانی تری لێوە گەیشتووە بە هەوارگای بەختیاری؟.

لەبەر ئەمەیە بە پێویستی ئەزانم ئێستە ئەو بیرانە بخەمە سەر کاغەز کە لە کۆڕەکەدا بە بیرما ئەهاتو ئەچوو وە هەلی لێ دوانیانم بۆ هەڵنەئەکەوت و پێشکەشی خوێندەوارانی گەلاوێژی بکەم.

نامەوێ بیرو باوەڕی ئەو هاورێیانە یەکە یەکە بخەمە ژێر وردبینی لێ کۆڵێنەوەوە، چونکە بە هۆی ئەوەوە کە ئەوەندە بێ پەروا، بێ تێ بینی دانیان پیا نراوە بێ هێز ماونەوە، وە بە هیچ جۆرێک بەرگەی لێ دوانی سەر پێییش ناگرن!. چۆن کابرایەک خۆی بە خوێندەوار بزانێ ئەتوانێ نووسراوی زانست یافەلسەفە لە ئەدەب جوێ بکاتەوە؟. یا چۆن زات ئەکا بڵێ زبانی زانست تەڕو پاراوترە لە زبانی ئەدەب؟. یابڵێ لەمیان باش ئەگەم و لەویان هیچ؟. یا ئەورووپایی تەنیا لەگەڵ ئەدەبی رووت؟!.

بەلام ئەو مەعنایانەی بە تێکرایی لە دەمەتەقی هەموویان دەرئەچێ ئەتوانین بەم چەشنە چەن قەڵەمێکی ئەساسی لێ دەربهێنین و تێکۆشین بە پێی ماوە

.) ......................................................................................

ئێمە مەبەستمان شێوەی پەخشان و بیرو باوەڕی نووسەرەکانیەتی لە نێوانی هەر دە ساڵێکا، پاش و پێشی ئەو نووسینانە لە ماوەی دە ساڵەکەدا مەبەست نییە، کام لە پێشەوە بوون و کام لەدواوە بوون ئەمە بابەتەکە ناگۆڕێ، وەکوو چۆن مەبەستەکەش ئەوە نییە کە ئەم خاوەن دەقانە کامیان بەرزتر بوون؛ بەرزی و نزمی ئەوان بەرهەمەکانی تریان دەری ئەخا. بەڵکوو لێرەدا تەنیا پیشاندانی شێوەی بەینی دوو لاپەڕەی دە ساڵەکانەو هیچی تر کە بیرو باوەڕو شێوەی عیبارەت چۆن بووە.

«عبدالله بەگی گۆران» لەم دەقەدا نموونەیەکی بیرو باوەڕی خوێندەوارانی کوردمان لەو دە ساڵەدا پیشان ئەدا. تێکڕای دەقەکەی لە پاش ئەو نموونەیە کە لێرەدا هێنراوەتەوە دەمکوتکردنی ئەو کەسانەیەو بە سێ شت وەڵام ئەداتەوە؛ باسی ئەدەب ئەکا کە چییە؟. بەراوردی ئەدەب لە گەڵ زانست و کارسازی لەگەڵ دەزگاکانی تری کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی کەڵکی ئەدەب بۆ کورد. ئەڵێ: بناغەی هەموو زانستییەکە، نەتەوە پێشکەوتووەکان تا ئەدەبیان نەگرت بەدەستەوە نەگەیشتنە هیچ پایەیێک؛ نە ئینگلیزی، نە فەرەنسزی، نە ژاپۆن. ئەڵێ: ئەدەب پارچەیەکی هەرە گەورەیە لەو پارچانە کە ژیانی نەتەوەی لێ دروست بووە. ئەدەبەکە ئەبێ بە زمانی ئایین و فەلسەفە و سەرکردەی شۆڕش و راپەڕین. ئەو نەتەوانە کە گەیشتوونەتە پایەی شارستانی لە پێش هەموو دەزگایەکی کۆمەڵایەتیدا دەزگای ئەدەبیان دامەزراندووە. ئەڵێ: ئەو کەسانەی نرخی ئەدەب ناسەلمێنن پەند لە ئینگلیزەکان وەربگرن کە رازین بەوە هیندستانیان لە دەست دەرچێ نەک شکسپێر لە تەئریخی ئەدەبیان کەم ببێتەوە. ئەڵێ: بەتایبەتی بۆ کورد کە زۆر دواکەوتووە تا لە باری ئەدەبیدا پێش نەکەوێ ناگا بە هیچ ئارەزوویەکی.

ئەم دەقە لە رواڵەتا سادەیە؛ کە ئەڵێم سادەیە، واتە هیچ گرێ و قۆرتێکی تێدا نییە، هەموو خەت خوێنەوەیەک وەکوو یەک تێی ئەگەن، بەڵام لە دەربڕینی مەرامەکەدا دنیایەکی تەواوی گرتۆتە خۆی، چاری تەنگوچەڵەمەیەکی ئەو رۆژەی خوێندەوارانی کوردی کردووە، کە نابێ لە سەر ئەو بیرو رایە بن کە لە سەرین، بەڵکوو ئەبێ باوەڕیان بگۆڕن و بکەونە سەر ئەو رێگایە کە هۆی رزگاری نەتەوەکانی ترو هی کوردیشە. لەدیوی ناوەوەی پەخشانەکەی بەپەنامەکی ئەوە پیشان ئەدا کە ئەو کەسانە وا شانازی بەخوێندنەوەی

زانست ئەکەن، وەیا بە زانستکاری پشت لە خوێندنەوەی ئەدەب ئەکەن بۆ چ بە ڕێگای ئەو زانست و ئابووریەدا ناڕۆن؟!. بۆ چ شتێک ناهێننە بەرهەم کە کەڵکی بۆ نەتەوەکەیان هەبێت و لەباری ئابووری و عیلمەوە بیانگەێننە ریزی نەتەوەکانی تر؟!. ئەدیبەکە بەرهەمێکی هەیە کە ڕووناککردنەوەی بیری نەتەوەکەیەو ئەمە ئەنجامە، چونکە لەمەوە نەتەوە ئاسۆی فیکری بڵاو ئەبێتەوەو ئەگا بەو شتانە کەهۆی بەرزبوونەوەن. کاکی خاوەن زانست کە بەرگێکی گەورەی فیزیا بە کفرەکوونێک ئەخوێنێتەوە، یا نووسراوی زانستی کە کار ئەکاتە سەر زۆر بوونی ئابووری وڵات بە فڕکانێ ئەخوێنێتەوە، ئەبێ هیچ نەبێ لەم عەزیەتکێشانەیا بەرهەمێک بدا بە دەستەوە. چ فیزیایەکی داهێنا؟. چ شتێکی دروست کرد کە ببێ بە هۆی دەوڵەمەندی و پێشکەوتنی ئابووری وڵات؟. ئەگینا هەر خوێندنەوەی رووت کە بەرهەمێکی نەبێت، وەیا باس لە پێشکەوتنی فلانە نەتەوەوە، وە یا قسە لە پیشەو مەکینە و دروستکردنی فلانە فابریقە لە فلانە وڵاتدا چ کەڵکێک بە کورد ئەگەیێنێ؟!.

کەوا بوو پێویستە پەردەی باوەڕیان بگۆڕن و لەو بابەتانە کە خۆیان حەزی لێ ئەکەن بەرهەمێک بێننە ئەنجام بۆ ئەوە کورد ــ یش لەو کاروانە دوا نەکەوێت و دەرزیەکی بە دەستەوە هەبێ..

***

نموونەیەکی تر هەر لە پەخشانی ئەم ساڵانە، زانا «شێخ محمدی خاڵ» لە ژمارە «٣ ، ٤»ی ساڵی «٣»ی گۆڤاری گەلاوێژـ ١٩٤٢ـ لە ژێر ناوی «تفسیری قرآن» دا شەرحی ئایەتی « ولاتکرهوا فتیاتکم علي البغاء ان اردن تحصنا لتبتغوا عرض الحیاة الدنیا» بەم نموونە پەخشانەی خوارەوە ئەکاو ئەڵێ:

(پێویستە لە سەر باوک و براو کەسوکاری ئافرەت ئەگەر کچ یا خوشکیان بوو زوو بە زوو بیاندەن بە شوو، وە هەر حەلێ کە پێگەیشتن مارەیان بکەن لە یەکێکی وا کە ئافرەتەکە پێی خوشبێ وە هاوتەمەنی بێ، چونکە هەر وەک پیاو ئارەزووی ژن هێنان ئەکا ژنیش ئارەزووی شووکردن ئەکا، وە هەروەک پیاو حەز لە ژنی جوان ئەکا ژنیش وایە. ئەوانەی کە بە شیربایی و پارەی زۆر، یا بە خشڵی زەردینە هەڵئەخەڵەتێن وە کچی جوان و جهێڵی خۆیان ئەدەن بە پیاوێکی پیری حەفتا ساڵە، یا بە کوڕێکی وا کە کچەکە حەزی لێ ناکا، یا هەر نایاندەن بە شوو گوناهێکی زۆر زۆر گەورە ئەکەن چونکە ئافرەتەکە ناچار

ئەکەن بەمە کە لە پاشەرۆژا بە دیار مێردەکەیەوە دانەنیشێ و حاشای لێ بکا ، وەیا بەدزیەوە خۆی بدۆڕێنی ، هەروەها بارەها ئەمە رووی داوە.

کەوا بوو خوا هەڵناگرێ بە دەستی خۆتان کچەکانتان خراپ ، وەیا زۆریان لێ مەکەن بەوە کە خۆیان بدۆڕێنن ، وەک ئەفەرموێ: «ولاتكرهوا فتياتكم علي البغاء إن اردن تحصنا» زۆر مەکەن کە کچەکانتان لەسەر ئەمەی کە خۆیان بدۆڕێنن لە کاتێکا کە ئەوان بیانەوێ بە پاک داوێنی بمێننەوە؛ یەعنی کچەکانتان کەگەورەبوون و ئارەزووی شوویان کرد مەیانهێڵنەوە وە زوو بەزوو بیاندەن بە شوو ، مەڵێن ئەمە ئاغا ، یا بەگ نییە ، یا خاوەنی خانووی زۆرو دێی و زەوی و زارو دوکان و چایخانە نییە ، کەوا بوو نایکەین بە زاوای خۆمان ، تەماشای ئەمانە مەکەن ، بەڵکوو هەر کەسێ داوای کچی کردن لە پاش ئەوەی کە خاوەنی رەوشت و خوویەکی چاک ، وە گوزەرانێکی باش بوو ، وە لەناو مەردما پایەیەکی بوو ئیتر کچەکانتانی بدەنێ ، نەخوازەڵا کە کچەکەش خۆی حەزی پێ بکا ، نەخەڵەتابن کچتان بدەن بە یەکێکی وا کە حەزی لێ نەکا.

تۆخوا چ هەڵئەگرێ! کچێکی پاک و تەمیزی ، جوان و جهێڵی ، باڵا لاو لاو بدرێ بە پیاوێکی قرخنەی سەرو ریش سپی وا کە سەری لە گوێ قەبر بلەرزێ!. یا چ خوا هەڵئەگرێ کچێکی پێ گەیشتوی شەنگ و شۆخی لاو چاک بهێڵرێتەوە لە ماڵاو نەدرێ بە شوو ، وە باوک و براکانیشی لە بەر چاوی ئەو ژنی جوان جوان بۆ خۆیان بێنن؟!. یەکێ تۆزێ وجدانێکی پاکی ببێ ئەزانێ کە ئەمانە زۆر زۆر گوناهن وە خوا پێ ناخۆشە ، جگە لەوە کە پاشەرۆژێکی زۆر تاریک و رەشیشی ئەبێ.

زۆرترینی ژنی ئەمرۆ کە لەگەڵ میردیانا هەڵناکەن وە لە پاش چەن مانگێک جیا ئەبنەوەو تەلاقی خۆیان ئەسێنن وە ماڵی هەر دوولا بە قوڕ ئەگیرێ لەبەر ئەمانەیە کە وتمان. زۆری وا بوون کچیان بووە بەڵام لەبەر ئەوەی کە نەیانداون بە شوو ، یا داویانن بە پیرێکی قرخنە ، یا بە یەکێکی وا کە کچەکە حەزی لێ نەکردووە ، ئەو کچە پاک داوێنانەیان تووشی رۆژێکی رەش کردووە؛ بەم رەنگە سا هەڵگیراون و رادوو کەوتوون ، وەیا کچەکە بە دزیەوە خۆی دۆڕاندوە ، وە پەرۆی رەشی نەنگو بەدناوی دراوە بە سەر شانی خۆیو هەموو کەسوکارێکیا!. مەگەر ئافرەتێک نەبوو بێ کە ئیجگار بە شەرم و نامووس بوو بێ ، ئەو حەلە بە دزیەوە چوەتە ژوورێکی تاریک و بە پەتێک خۆی خنکاننوە!.

ئایینی ئیسلام ئەمەندەی مەبەسە خۆشەویستی ژنو مێرد ، لەبەر ئەمە رێی

داوە تا سێ جار ئەو ژنو پیاوە لە پێش مارە کردنا چاویان بەیەک بکەوێ، وە چەوتەو چێڵەی یەکتری بگرنەوە تا حەز لە یەک بکەن وە خۆشەویستییان لە دڵی یەکتری دا ریشە دا کوتێ تامردن. زۆر لە پیاوە دینیە گەورەکانی پێشوو کچەکانیان تا پیشان نەدابێ بە داواکەرەکانیان لێیان مارە نەکردوون، بەڵام داخی بە جەرگم! ئێستا ئەمە بووە بە عەیب، وە خوێندەوارە تێ گەیشتووەکان لە پێش نەخوێندەوارەکانا کچەکانیان وەک گوێ درێژ ئەفرۆشن بە پارە! بە بێ ئەمەی کە پرسێ بەکچەکە بکەن وە رەزای وەر بگرن، جا چ جای ئەمە کە چاویان بەیەک بکەوێ و حەز لەیەک بکەن، وەک ئەفەرموێ ئەم کردەوە ناشیرینانە کە ئەیکەن «لتبتغوا عرض الحیاة الدنیا» بۆ ئەوەیە کە شیربایییەکی زۆری پێ وەربگرن، یا خشڵێکی زۆر بکەن بۆ کچەکانتان؛ یەعنی ئەیانفرۆشن بە پیاوی دەوڵەمەند، ئیتر چاوتان لە قازانج و سوود و حەسانەوەی کچەکانتان نییە، وە پاشەرۆژی ئەو بەسەزمانانە ناخوێننەوە کە تووشی چ رۆژێکی رەش ئەبن!.

موسوڵمانی بەراستی ئەوانەن: هەر حەلێ کە کچیان بوو تا گەورە نەبن و ئارەزووی مێرد نەکەن نەیاندەن بەشوو، وە نەیانکەنە باخەڵی زرتەبۆزێکی مل ئەستووری چوار پەل قەوی، وە هەر حەلێکیش کە گەورە بوون و پێ گەیشتن لە پاش داواکردنی لە لایەن یەکێکی باشەوە نەیانهێڵنەوە وە بیاندەن بە شوو، دەبێ لە پاش یەکتری بینین و رەزامەندی کچەکە، وەتا ئەتوانن ئاسانی پیشان بدەن، وە پەلپی مارەیی زۆرو خشڵ و کاڵاو فەردە شەکر نەکەن ـ بەڵام داخەکەم! ئێستا بووە بە باو ئەوانەی کە کچیان ئەدەن بە شوو زاواکەیان دائەرزێنن و دەسمایەی بە دەستەوە ناهێڵن تا ئەیخەنە سەر ساجی عەلی، وەتا ناچار سبەی رۆژێ لە بەر بێ دەسمایەی ئەخرێتە ماڵەوە و دەسەوسان لێ دائەنیشێ، وە هەرچێ ناو ماڵێکی هەبێ بەرە بەرە بە هەرزان ئەیفرۆشێ و ئەیخوا وە لە پاشا هەڵئەسێتە سەر پیان!).

ساڵانی «١٩٤٠ـ ١٩٥٠» قەڵەمی نووسەرانی کورد زۆر بە برشت بوو، هەریەکە لە بارێکەوە خامەی خۆی ئەخستەکار؛ چ بۆ عیلم و زانست، چ بۆ مێژوو و فەلسەفەو ئەدەب، چ بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و رێ پێشاندان بۆ نەهێشتنی ئەو ناتەواوییانە کە روویان کردبووە کۆمەڵ. نەتەوە کە نەتەوە بوو، وە هەر نەتەوەیەک بێ، بێ گومان ئەبێ ناتەواوی تێدا هەبێ. ئەڵێم بێ گومان، لێم بە زیاد مەگرە!. چونکە نەتەوە وەکوو باخچەیەکی گەورەی فراوانە، وەکوو گوڵ و گوڵەباخی تێدا ئەبێ درک و داڵیشی تێدا

ئەبێت، باخەوان ئەبێ بژاری ئەو دڕک و داڵە بکا، نەتەوەش وەکوو رەوشتی بەرزو خووی چاکی تێدا ئەبێ هەندێ کەم و کووڕیشی تێدا هەر ئەبێ. جا، تاکە تاکەی ئەو نەتەوەیە ـ کە نووسەران و بیر رووناکانیانن ـ ئەو کەم و کووڕییانە ئەخەنە بەرچاو بۆ ئەوە بە هەموویانەوە ریشەکەنیان بکەن و نەیانهێڵن.

لێرەدا خاوەنی ئەم دەقە رێگای ئەوەی گرتووە ـ ئێمە کە موسوڵمانەکانین، وە کتێبە ئایینیەکەمان کە قورئانە ـ لە بارەی نەهێشتنی ئەو ناتەواوییانە کە لە ناو هەموو نەتەوەکانی ئیسلاما بەتێکڕایی ـ ئەگەر هەبن، چاریان بکاو نەیانهێڵی. خاوەنی دەق سووچێکی لەو سووچانە گرتووە، بە زمانێکی پاراوو بە خامەیەکی رەوان بۆمان باس ئەکاو دەقی پەخشانێکی کوردیمان ئەخاتە بەر دەست. لە ناوەرۆکی ئەم دەقەدا ئەو مێژووەمان بۆ دەر ئەکەوێ: کە لەو سەردەمانەدا وا دیارە کچ ـ کە نیوەی نەتەوەیە ـ دیلی ئەوە بووە کە خۆی نەیتوانیوە پاشەرۆژێکی کامەران بۆ خۆی پێکەوە بنێ. بەناو نەفرۆشراوە، بەڵام وەکوو فرۆشتن وا بووە؛ ئەو برو بیانوانە کە کەس و کارەکەی لە خوازبێنیکەریان گرتووە ئیشەکەی لە ئیش ترازاندووەو کچی هەناسەسارد لە بەندێکی دائمیدا ماوەتەوە!. وە لەبەر ئەوە کە گەلێکیان تووشی ئەم دەردە بوون بێ بەش بوون لەوەش کە خێزانێکی بەختیار پێکەوە بنێن. ئەمە یەکێک بووە لە دەردە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو رۆژە کە ئەم دەقە وەکوو مێژوو بۆمانی ئەگێرێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە هەر نووسەرێک چەشەیەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دارشتنی عیبارەت. ئەو جۆرە شتانە کە ریزکردنی وەسفە بۆ مەوسووف لەپەخشانا زیاتر لەچەشەی ئەم خاوەن دەقەیە. بە وێنە کە ئەڵێ:

«توخوا! چ خوا هەڵئەگرێ کچێکی پاک و تەمیزی جوان و جهێڵی باڵا لاو لاو بدرێ بە پیاوێکی قرخنەی سەرو ریش سپی وا کە سەری لە گوێ قەبر بلەرزێ»..

ئەم جۆرە ریزکردنە لە چەشەی نووسەرێکی ترا نییە، وە یا کەمتر ئەبینرێ. ناوەرۆکی ئەم پەخشانە ئێمە ناتوانین بڵێین: خاوەن دەق لە زادەی فیکری خۆی هەڵێنجاوە. ئەمە ناتوانین بڵێین، چونکە تەفسیری ئایەتێکی کردۆتەوە کە نزیکەی «١٤٠٠» ساڵ لەمەو پێشتر ئەو ئایەتە وتراوە و ئەو ناتەواویەی کۆمەڵایەتییە باس کراوە. بەڵام روخساری پەخشانەکە زادەی فیکری خاوەن دەقە، بە جۆرێک هۆنیویەتەوە کە لەگەڵ ناوەرۆکەکەدا پێکەوە بایانی داوەو بوون بە کشتەکێکی دوو باری وا کە جیا نەبنەوە! کەوابوو لەم

رووەوە پەخشانی کوردی دوو سامانی دەستکەوت؛ یەکێ چاری تەنگوچەڵەمەیەکی کۆمەڵایەتی، کە ئایەتی قورئان کرا بە پشتیوان بۆ ئەو نەهێشتنە، یەکێ پەیدابوونی پەخشانێکی رازێنراوە به گەلێ وەسپی جوان جوانی رستەیی کە ئەمە بۆ زمانی ئێمە سەرمایەیەکی بە نرخە.

***

لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە «٣» ساڵی «٨» ـ ١٩٤٧ـ «رشید نجیب» لەژێر ناوی «نەختێکیش کۆنەپەرستی»دا رومان ئەکاتە ئەم پەخشانەو ئەڵێ:

(زۆر چاک ئەزانم کە بەشێکی زۆر لەلاوانی خۆشەویست رقیان ئەبێتەوە لە بیستنی وشەی «کۆنەپەرستی»! منیش وەنەبێ ئەم وشەیەم زۆر لا جوان بێ، یان باشبێ، بەڵام ئەبێ پێ لێی بنێن کە هەر وەکوو هەموو شتێکی تازە وەنەبێ باشبێ، هەموو شتێکی کۆنەش وەنەبێ بەدو بێفەڕ بێ.

پێشینان هەندێ رەوشت و رەفتاری باشیان هەبوو؛ کە ئەڵێم پێشینان، مەبەسم دوو سەد ساڵ و سێ سەد ساڵ لەمەوبەر نییە؛ پێشینانی ٣٠ ، ٤٠ ساڵ لەمەوپێشیش ئەم رەوشت و رەفتارە کۆنە جوانانەیان دیسانەوە نگەهبانی ئەکرد. ئەوەی بۆتان ئەگێڕمەوە هەمووی بە بیرەوەری خۆم بووە؛ خۆ ئەگەر برواش ئەکەن من هێشتا خۆم بەپیر دانانێم، بەڵکوو لەریزی لاوان خۆم ئەژمێرم.

جاران لە سلێمانی، وە بەڵکوو لە هەموو شارەکانی کوردستان، کە مانگی شوبات بە خۆی و باو بارانیەوە تێ ئەپەڕی، و مانگی مارت بەگوڵ و نەسرین و لالە، بە نەورۆز و چیمەن و دەشت و شاخی رەنگاو رەنگیەوە خۆی پیشان ئەدا، لاوان بە خوێنێکی پڕ لە جونبوش و ژیانێکی تازەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ یاری.

بەڵێ! یاری، یاری ئەوسا شتێکی گاڵتە نەبوو، یاری فرمانێ بوو لە سەر شانی هەموو لاوێک، هەر گەڕەکە مەیدانی یاری جیاوازی هەبوو؛ دەشتی کانیسکان، دەشتی کۆڵەک، دەشتی سەرقەبران، کارێزی حاجی مەلا عەلی و گەلێ جێگای تریش، هیچ گەڕەکێ نەئەچوە سەر بەشی ئەویتر، وە هەر گەڕەکە یاریکەر و پاڵەوانی بەناوبانگی خۆی هەبوو. هەوەس و جۆش یاری وەنەبێ تەنیا لە لای لاوەکان بێ، گەورەو دەم راسی گەڕەکیش بەشدار بوو.

بەڵێ! ئەوان خۆیان تێکەڵاوی یاری نەئەبوون، بەڵام سەیرکەری بەدەوام و

گەرم بوون، جاروبار بەخشەندەگیشیان هەبوو؛ کێ تۆپێکی باشی بوەشانایە، یان لە کەوشەکا زیاتر بڕوشتایە، مسکەتێ، ڕەحەتەلقومێکی وەر ئەگرت، شتەکە خۆی کەم نرخە بەڵام بەهای مەعنەویەکەی زۆر بوو. لەم مەیدانانەدا هەموو چەشنە یاریەک ئەکرا. هەر لە عەسرەوە لاو و پیر، هەژارو دەوڵەمەند، دوکاندارو کاسب، هەموو ڕێچکەیان ئەبەست بۆ مەیدانی گەڕەکەکەی خۆیان. جا لەوێ کەوشەک، پشت لێ دان، شەڕە تۆپ، قەلەمردارێ و گەلێ یاری تر دەستی پێ ئەکرد.

بۆ هەندێ لەم یارییانە هونەر پیویست بوو؛ بەڵام بۆ هەموویان هێزو چالاکی، گورج و گۆڵی و خۆ ڕاهێنان زۆر پیویستتر بوو. قەلەمرداری، ئەو یاریە، ئەگەر لە هەر دەستیەکانیا چەند کەسێکی دەست ڕاستی تیا نەبوایە، ئەوا ئیشیان گەنگ ئەبوو. بۆ کەوشەکیش، خۆ ئەگەر دڵێکی بەهێز، لووقێکی درێژو خۆ فڕیدانێکی بەتین و تەوزمت نەبوایە تێ ئەکەوتی. بەڵام لەهەموو سەیرتر شەڕە تۆلەکە بوو. تۆپێکی چەرمینی سەخت و قورس، ئەمە دوو بازووی وەکوو تۆپەکە سەخت و قورسی پێویست بوو، هونەری زۆریشی ئەویست بۆ خۆپاراستن لە تۆپی لاوی بەرامبەر؛ چونکە ئەگەر بهاتایەو بەر جێگایەکی ناسک بکەوتایە ئازارو ئێشەکەی گاڵتە نەبوو. تۆپ وەشێنی واهەبوو شریخەی تۆپی تا دوور ئەڕۆیشت. وا تێ مەگەن کە ئەم یاریانە ڕق و قینی ئەخستە دڵی یاریکەرەکانەوە. هەموو بە دەروونێکی «سپۆرتی» پاکەوە لە یاریەکە هەڵئەچوون و لەدوایدا وەکوو برا جیا ئەبوونەوە. ئەم دەروونە سپۆرتیە نەک تەنیا لە ناو خەڵکی یەک گەڕەکدا، لەناو خەڵکی هەموو گەڕەکەکانا هەبوو. هەندێ جار چەند یاریکەرێکی باش لەم گەڕەکەوە ئەچوون بۆ ئەو گەڕەک و لەوێ دەستیان ئەکرد بە یاری کردن. ئەمە ڕقەبەری نا، خۆ هەڵکێشانێکی تیا بوو.

بە درێژایی بەهار هەموو ڕۆژێ ئەم یاری کردنە هەبوو. لە عەسرەوە هەتا ئێوارێ ئەیخایاندو ئەوسا هەر کەسە بە دڵێکی کراوە، ئیشتهایەکی باش و ڕوویەکی خۆشەوە ئەڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆی، خوا چی دابوو لەگەڵ کەس و کاریدا ئەیخوارد.

بەهار نەک تەنیا بۆ یاری وا بوو، بۆ ڕمبازیش هەلێکی باش بوو. کە نەختێ بەهار پیر ئەبوو ئینجا خەڵکەکە ڕووی ئەکردە سواری و ڕمبازی. دیارە کە ئەزانن وشەی ڕمبازی دوو کەرتە: «ڕم»و «بازی»؛ بەمانا بە ڕم یاری کردن، پێشینان لە زەمانی کۆندا کە سواری ولاغ ئەبوون بە «ڕم» یارییان

ئەکـرد. تاودانـی ولاغ بەو جـۆرەی کـە ئەیزانین ناونراوە بە رمــبــازی. جــاران ئەتوانم بلـێم، هەمـوو لاوێک سـوار بوو؛ بەڵێ هەمــوویان سـوارچاک نەبوون، بەڵام کەم و زۆر سوارییان ئەزانی. ئەسپی نەبوو، ئەیخواست لە ناسیاوێکی و خــۆی لە رمــبــازی بێ بەش نەئەکـرد. بەلای منەوە رمــبــازی جگە لەوەی سپـۆرتێکی زۆر باشە، نیـشـانەی مەردایەتی و لاوچاکیـشـە. ئەو لاوەی خۆی باش بەسەر ئەسپەوە بگرێ، فێـری تاودان بێ، ترسی لە هەورازو نشـێـو نەبێ بێ گومان بێ ترس، ئازاو بە هێز ئەبێ و لە نشێوو هەورازی جیهـانیش چاوی ناترسێ.

برا خـۆشـەویسـتـەکـانم! نازانم ئێـوەش وەکـوو من ئەم شـتـە کـۆنانە پەسـەند ئەکـەن؟. هیـوام وایە کـە، لاوە شـێـرەکـانمان لەبابەت ئەم شـتـانەوە وەکـوو من نەختـێ کـۆنە پەرست بن. لەم کـۆنە پەرسـتـیـیـەدا لەش سـاغ و دەروونی پاک ئەدۆزنەوە. دیـارە بیسـتـووتانە کـە بیـری رووناکـیش لە دەروونی پـاک و لەشی ساغـەوە ئەبێ. جا ئێـوەش وەرنە جۆش، وا بەهـار هات و ئەم یارییـە میللیـانە بژیێننەوە).

وەکوو خاوەنی پەخشـان خۆیشی ئەڵێ وەنەبێ هەمـوو شتـێکی کۆن هەر کـۆن بێ. بەلای منەوە زۆر شت هەیە هەتا کۆنتر ببێ تازەتر ئەبێتەوە!.

چونکە ئەو کـۆنە ناوونیـشـان لە شتـێکەوە ئەدا کە گۆڕستـانـی رۆژگـار شـاردوویەتەوە!. کـاتێ کە زیندوو کـرایەوە، جگە لەوە کە ئەو رۆژەمـان ئەکا بەم رۆژەو وامـان لێ ئەکـا کە ئێـمـە لە کـۆڕی ئەو رۆژەداین لەمەوە دوو بەهرە وەرئەگرین، وەیا ئەبین بە مرۆڤـێک کە لە دوو چەرخــا ژیابین؛ یەکێ ئەو رۆژە، یەکێ ئیــمــرۆ، ئەمــەیە کـە ئەڵێن عــینســـانی دوو چەرخە!. ئێـمـە بەهرەمـان لەو کەسـانە زیاتر وەرگـرت کە هەر لەو چەرخـەدا ژیاون، چونکە ئەوەی ئەوانیـشـمـان بینی و ئەوەی خویشـمـان. ئەمەو دیسـان لەزانینی رەوشت و رابواردنی رابوردوان جۆری بیـرو باوەڕی ئەوانمان دێتـە دەست، ئەوانەی کە بۆ سـەردەمی ئێـمـە سوود بەخـشـن وەریان ئەگـرین، ئەوانەیان کـە لەگـەڵ رەوڕەوەی ئیــمــرۆژدا ناگــونجـێن بەرەڵایان ئەکـەین، هەر ئەمـەیە کـە زانایانی بەڵگەناسی وا لێ کردووە کە بەهەمـوو توانایەکـیـانەوە بگەڕێن بەبن زەوی و سـەر زەویدا بۆ دۆزینەوەی کـۆنە بەڵگەکـانی، بەتایبـەتی بۆ ئێـمـە لە ئەدەبدا، تا ئەدەبی کۆنمان بە دەسـتـەوە نەبێ ناتوانین تازە دروست بکـەین، چونکە کۆنەکە بناغـەیە بۆ تازەکە.

خـاوەنی ئـەم دەقـە وێنەی رەوشـتـێـکی کـۆنی کـوردەوارێمان پیـشـان ئەدا، هەرچـەندە خـۆی

ئەڵێ زۆر کۆن نییە، بەڵام من ئەم جۆرە شتانە بە کۆنتر ئەزانم لەوەی کە خاوەن دەق ئەیڵێ، نابێ وا بزانین چونکە لەم رۆژەدا گۆڕان زوو زوو ئەبێت، ئەو رۆژەش هەر وا بووە. ئەو رۆژە تازە پێچکەی ئوتۆمۆبێل داهاتبوو، بەتایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا هەر زۆر کەم بوو، ئێستە ئەم رەوڕەوەیە زۆر زۆر بووە، ئەگەر هەموو شت وەکوو ئەو خێرا نەبێ بەتەواوی کاروان بەجێ ئەمێنێ. ئەو سەردەمانە بە دوو سەد ساڵ جارێک رەوشتێک ئەگۆڕا، ئێستە بە دوو مانگ جارێک ئەگۆڕـ ڕێ. ئەگەر ئێمە بەراوردی ئەو وەختە لەگەڵ ئێستەدا بکەین، پلە ئەبێ لە ئارادا نەمێنێ، لەگەڵ ئەوەشا هەیە. ئەم دەقە نەوەک ئەو رابواردنە کۆنەمان بۆ ئەگێڕێتەوە تەنیا، بەڵکوو شێوەی نووسینی ئەو ساڵانەشمان ئەخاتە بەرچاو؛ ئەوەمان پیشان ئەدا کە لەو ساڵانەدا چەشەی یەکێ لە نووسەرانی کورد جۆرە پەخشانێکی دروستکردووە کە ئەو بیرو باوەڕە بۆ دروستکردنی شتی وا بەبیری یەکێکی ترا نەهاتووە، شێوەی پەخشانەکەش بە تەواوی جیایە لە هی یەکێکی تر؛ سادەیە، رەوانە، وەکوو دانیشتبێ قسەت بۆ بگێڕێتەوە، لە هەندێ شوێنا ئاوازەیەکی مووزیقایی لە وشەکانیا بە تەواوی دەنگ ئەداتەوە بۆ ئەم لاو ئەولای خۆی، هەناسەبڕکێ لە رستەکانا نییە. وەکوو ئەمە هەیە هەندێ گوزارشت و وشە لە رستەکانا ئەبینرێ کە ئەوانە لەم رۆژەدا کەمتر بەر چاو ئەکەون، تەنها ئەم لایەنەی مێژووی پەخشانمان بۆ روون ئەکاتەوە هی ئەو سەردەمە. بابەتەکەش دیارە دەنگ ئەداتەوە بۆیە توانیویە ئەو روخسارە بخاتە روو من حوکم نادەم، بەڵام مێژووی لەمەو دوا ئەو حوکمە ئەدا کە نووسەرانی گەلاوێژ چەرخێکی تری ئەوێ تاوێنەی ئەوانە دروست بینەوە!.

***

«حامد فەرەج» لە ژمارە «٧» ساڵی «١»ی گەلاوێژی ــ ١٩٤٠ـ دا، لە ژێر ناوی «ئەدەبیاتی تازە چۆنەو دەبێ چۆن بێ» پەخشانێکمان ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

(لەبەر ئەوەی ژیان سەرچاوەی ئەدەبیاتە، وە تەرزی ژینیش هەمیشە لە گۆڕاندایە پێویستە بۆ ئەدیبێک لەم عەسرەدا بزانێ:

کە هەرچێ گۆڕانێک بە سەر عالەم و بەشەکانیا دێ دەبێ ئەدەبیاتیش بەشدار بێ تیایاو ئەو دەستوورەی کە ژینی لەسەر دەڕوا هەموو کاتێ، هەموو دەمێک تەرحە باوێک «مۆدەیێک»ی بۆ دێتە پێشەوە. هەروەها ئەدەبیاتیش بەو پێیە پێویستە تازە بێتەوە. وە چونکە ژینی ئێستەمان زۆر جویێیە لەگەڵ ئەو ژینەی کە باو و باپیرمان ژیاون، زەمانەکەمان جیایە لەگەڵ ئەو زەمانەی

کە ئەوانی تێدا بوون، لەبەر ئەوە پێویستە ئەدەبیاتیشمان جوێ بێ لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشینانمان. ئەدەبیاتی پێشوو دەوڵەمەندە لە، مانا، دڵسۆزی، ئامۆژگاری، پەندو شعردا رازاوەو دوورو درێژە، گەلێک دەستووری ئالۆزاوی ناقۆڵابۆ شعر دانراوە کەشاعری گەلێک خەریک کردووە لە دانانی شعرەکانیا، وە بە دەگمەن تازەییەک کە بۆ ئەم عەسرە دەست بدا لە ئەدەبیاتەکانیانا دەبینرێ.

ئێمە ئێستە لە عەسرێکدا دەژین کە بە هۆی پێشکەوتنی زانستەوە گەلێک کون و قوژبن و نهێنی تەبێعەتمان بۆ دەرکەوتووە. ئینجا ئەدەبیاتی تازەیش بەم سایەیەوە هێزو ئاشکرای و لێکدانەوەی وەرگرتووە کە ئەدیبێکی ئەم عەسرە ناتوانێ خۆی دوورخاتەوە لە زانستی، دەبێ هەمیشە شان بەشانی زانایان لە کۆڵینەوەدا بێ هەتاوەکوو ئاگادار بێ کە زانستی گەیشتۆتە چ پلەیێک و چ شتێکی تازە داهێنراوە؟. هەندێ کەس وا دەزانێ کەزانستی پیاو دەبا بۆ ماددیات و دڵسۆزی و وجدان بێ هێز دەبێ!. بەڵام ئەمە راست نییە، چونکە زانستی هەڵقەی پێش چاوی ئینسان بۆ ژیان فراوان دەکاو گەلێک شتی شاراوەی نەفس و تەبێعەت دەردەخا. ئەدیبە عەسرییەکانی ئەم عەسرە، وەک «وێلز، برناردشۆ، رۆلاّن و..تر» پشتیوانیان زانستییە لە دانانی چیرۆک و دراماکانیانا. ئەدەبیاتێک ئەگەر ئەو کەم و کوورییە کە خەڵک هەستی پێ دەکا، چارەی نەکا پێویست نییە پێی بگوترێ ئەدەبیات.

ئێمە لە دەورێکدا دەژین پڕ لە ویستەمەنی، پڕ لە دانیشتوان، کە هەر یەکە لەگەڵ ئەویترا بەربەرەکانی ژین دەکا. زانایان هەر یەکە لە لایەکەوە هەوڵ ئەدەن بۆ دەرخستنی نهێنێکی تەبێعەت، داهێنانی شتێکی تازە بۆ پێکهێنانی ژینێکی بەرزتر کە لە رێی ئەم ئامانجەدا هەموو چەشنە هۆیەک بەکار دەهێنن، تەبێعەت بەکێش ئەکەن، بێ گیان دەخەنە ئیشەوە، هەمووی بۆ حەسانەوەی بەشەر. لەم دەورەدا وەخت نرخێکی گەورەی هەیە، خێرا ئیش برینەوە کەڵکێکی گەورەی هەیە. لەبەر خاتری وەخت کەم سەرف کردن گەلێک هۆ داهێنراوە، گەلێک شت دۆزراوەتەوەو هەروەها ئەدەبیاتی ئەم عەسرە دەبێ عیبارەت بێ لە وتاری کورتی مانادار، شعری رێک و پێکی خنجیلە کە وەک شریتێک وابێ، شیپەکانی لە ئاوریشمی زانستی و بە رەنگی رەنگاو رەنگی نەزەرییات و ئازای زانستی رەنگ بکرێ، شان بەشانی داهێنان و دۆزینەوەی نهێنی تەبێعەت بکشێ. ئێمە لە دەورێکدا نین کە گاڵتە بەوەخت بکەین کە ئەدیبەکان، وەیا شاعرەکان نووسراو و شعری دوورو درێژی بێ فەڕی مانا قووڵ

«!» هەر وەکوو عەرەب دەڵێت: «المعنی فی بطن الشاعر»مان بۆ دابنێن کە هەموو زیانی بە رێکخستن و دانان و رازاننەوەیانەوە خەریک کردبێ، خۆیان خەریک کەن بە «ستایش و سەرزەنیش، یا بەتخمیس..»ەوە. پێویست نییە کە خەریکی لاسایی کردنەوەی ئەدەبیاتی کۆنی وشکی رەق و تەق ببین هەتا وەکوو بگەینە ریزی ئەوان. ئەو وەختە هەرزانەمان نییە کەشاعرێکی کۆنی عەرەب لە وەسفی حوشترێکدا هەزار شعری داناوە، یا سەد ناوی بۆ شێرێک داناوە. ئەمە دەگونجا بۆ ئەدیبێکی پێشوو، چونکە ئەوی ئێمە ئێستە پێوە خەریکین ئەوانە هەر نەشیان بیستووەو نەشیان دیوە. هیچ پێویست نییە کە ئێمە ئەمڕۆ باسێکی دوورو درێژی ئەو شتانە بکەین کە لە دوای پێویستەوەن. هەر لەبەر ئەمانەیە کە «شرکەتە»کانی رۆژئاوا خەریکی دانانی نووسراوی کورت و پڕ کەڵکن، وەک: «ئینسکولوپیدیا، ئەنجومەنی ئەدەبیاتی ئەقوام، بە کورتی فەنن و ئەدەبیاتی قەومێک، مێژووی ئەقوام، حەیواناتی ئەقوام، چاندنیان، بەکورتی تارێخی ژینی ناوداران، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زانستی و ئەدەبی و فەننی..».. و ئەمانەیش بۆیە لە برەودان چونکە زۆرترین کەڵکیان لێ وەر دەگیرێ لە کەمترین وەختدا. ئەدەبیاتێک ماناکەی راست بێ هیچ حەویجە بە رازاننەوەو پێچ و پەنا ناکا، چونکە بە سادەیی جوانە.

ئێمە دەبێ ئامانجمان لە ئەدەبیاتدا رێگەی راست نیشاندان بێ، رووناککردنەوەی بیرو هۆش بێ، فێرکردن و تێ گەیاندن بێ بۆ لابردنی ئەو کەم و کووڕیە کە هەمانە لەهەموو پەلوپۆی ژیانمانا. دەبێ هەر وەکوو زانایەکی کورد «قاسم ئەمین» لەمیسر کە گوتویتی: «ئورووپایی دەخوێنن بۆ ئەوەی تێ بگەن و ئێمە تێ دەگەین بۆ ئەوەی بخوێنین»، دەبێ ئەدەبیات وەها بێ کە پیاو تێی بگاو کەڵکی لێی وەرگرێ).

پەخشانی کوردی تازە دارە دارە ئەکا، خاوەنی دەق رێگاو شوێن بۆ ئەدیبەکان دائەنێ: کە تا ئەو سەردەمە چییان کردووە لەوە بە دواوە ئەوە نەکەن؛ نەکەونە شوێن هۆنراوی دوورو درێژو ئاڵۆزاوی وا کە مەعناکەی لەزکی شاعردا بێ، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی زانین و زانستییە. ئەدیب و سەردار لەشکرەکانی ئەو سەردەمەی وەکوو وێلزو بەرناردشۆو ئەوانیتریش زانستی پشتیوانیان بوو بۆ دانانی چیرۆک و دراماکانیان و بۆ کاروباری تریان.

خاوەنی دەق بە بیرێکی تیژەوە شتی خوێندۆتەوەو ئەم راوێژە جوانانەی بۆ ئەدیبەکانمان کردووە؛ کردوویە لە کاتێکا کە کورد تازە دەستی قەڵەمی گرتووە بۆ نووسینی پەخشان!.

بەڵام ئەبێ ئەوەش لێک بدەینەوە کە کورد ئەدیبی هەبووە، تا ئەو دەستوورەی ئەو بکا بە شێوەی خۆی؟!. ئەو رەخنانە کە ئەو ئەیانگرێ دوور نییە لە هۆنراودا هەندێکیان هاتبنە دی، بەڵام پەخشان نەبووە تا ئەو دەستوورەی تیایا بەجێ بهێنرێت. چەند سەد ساڵ ئینگلیزو فەرەنساو ئیتالیاو شوێنەکانی تری ئەورووپا، ئاردی خۆیان لە بێژنگ داو کردیان بە هەویرو هەویرەکەیان دا بە دەستاو خۆشەیان کرد تا وێلزو بەرناردشۆو وێنەکانی وەکوو: هایدن، تۆما وێلسن، هێکڵ و شارل نیکول ـ یان دروست کرد. لەم رۆژی تیژرویشتنەدا لام وایە کورد ئەگەر لێی بگەرێن و بە مەنگی برِوا بە چواریەکی زەمانەکانی بەرناردشۆو ئەوان ئەمیش ئەتوانێ ئەدیب بێنێتە ناوەوە!.

قسەکەم زۆر بە زیاد رویشتن مەزانە کە وا ئەڵێم، چونکە وەکوو خۆی ئەیڵێ ئەم رۆژە رۆژی زانستی و خێرا پێشکەوتنە، چەرخی دوو چەرخە خێرا ئەسوورێتەوە، ئەو دەرفەتە کە نەتەوەکانی وێلزو بەرناردشۆ بوویانە، کوردەلە بیبێ، بە چواریەکی زەمانی ئەوان وەکوو ئەوانەی ئەوان دروست ئەکا، چونکە زەمان خێرایە لە رەورەوەدا، ئەبێ پیاوی کوردی ـ ش بەخێرا برِوا، بۆ ئەوە دوانەکەوێ، بەڵام بە مەرجێ لێی گەرێن!.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەدیب جیایەو هۆنەر جیایە. ئەوەی کە خاوەن دەق ئەیڵێت هۆنەرەکانمان بوون، نەوەک ئەدیبەکانمان، چونکە مەرج نییە هەموو هۆنەرێک ئەدیب بێت. ئەدیبێک کە خۆی بەوشەوە خەریک کردبێت، ئێمە ئەوەمان نەبووە، چونکە ئەو پەخشانانەمان نەبووە تا ئەدیبەکانمان خۆیان بەوشە رازاندنەوە خەریک بکەن. هۆنراو– کە هەمانبوە– ناکەوێتە ناو ئەم چوارچێوەیەوە.

لەگەڵ ئەمانەشا ئەم پەخشانە کە خاوەنەکەی خستوویەتە بەر دەستمان بۆ ئەو رۆژە کە پەخشانی کوردی لە چێشتەنگاوی رۆژی پەخشانا سەر لە کەڵ دێنێتە دەر نموونەیەکە لە بیری رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە کەخەت ئەکێشێ بۆ رۆژانی دوایی. ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە کە نێژراوە؛ ئەو مەرامەی لە دڵیا بووە بەعیبارەتێکی کوردی ئەو رۆژە دەری بریوە. زۆر چاک بۆمان دەر ئەکەوێ ئەو پەخشانانەی کەلە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە خراونەتە سەر کاغەز تا ئەو رۆژە کە خاوەنی دەق ئەم پەخشانەی دروست کردووە، رۆژبەرۆژ هەتا هاتووە بەم لاوە لە عیبارەتا پوختەتر لە کوردیا پەتیتر بووە بەچاو ئەوانەی پێشووەوە، هەر ئەمە بۆ خۆی مێژوویێکە کە روخسار بەو جۆرە گۆراوە و هەتا بێت زیاتر ئەگۆرِـ رێ. هەروەها ئەم خاوەن دەقە هەندێ وشەی بۆ گوزارشت دانەوە لەمانا بەکار

هێناوە مەگەر سروشت ئەوەندە شتی جوان دروست بکا!!. داخەکەم بۆ چ ئەو گوزارشتانە ئێستە لەبیر چوونەتەوە!.

* * *

زانا «سالح قەفتان» لە گەلاوێژی ژمارە «٣» شوبات- ١٩٤٠- لە ژێر ناوی «سەرچاوەی تاریخی ئەقوام رووناک نییە»دا، پەخشانێکی زادەی خۆیمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

(بۆ ئەو خوێندەوارانەی کە، لایان وایە سەرمایەی قەومایەتیمان وەک هی قەومەکانی تر بە رێ و جێ نییە.

ساغ کردنەوەی مەنشەءو رەگەزی قەومێک شتێکی ئاسان نییە، لەسەر زەمینا ئیمڕۆ هیچ میللەتێک نییە بتوانێ ئیدعای ئەوە بکا کەوا رەگەزو ئەسڵی خۆی بباتەوە سەر سەرەتای پەیا بوونی ئادەمیزاد و بڵێ قەومی ئێمە لە فلان تایەفەو لە فلان جێگادا پەیا بووە، و هەچ قۆناغێکیان بەسەرا هاتبێ بزانێ و بتوانێ بیگێڕێتەوە. دەبێ بزانرێ کە سەرچاوەی تاریخی هیچ قەومێک بەتەواوی رووناک نییە.

هیچ میللەتێکی مەدەنی ئیمڕۆ ناتوانێ پێچەوانەی ئێمە ئیدعا بکاو بۆ ئیسبات بەڵگەی عیلمی بدۆزێتەوە. ئینگلیز، ئەڵەمان، فرانسز، چینی، تورک و ئێرانییەکان هەر کامێکیان بگرێ ئەتوانن تا دەرەجەیەک قسە لە نەژادی خۆیان بکەن و کە گەیشتنە دوو سێ هەزار ساڵ پێش میلاد ئەبینن ئەکەونە تاریکییەوە!. ئینجا دەس ئەکەن بە راو رێوی کردن و بۆ شتێکی پەنهان و نەزانراو بە بیرو بەقەڵەم ئەکەونە تەقەلادان، لە ئەنجاما تێ ئەفکری هەمووی ئەبەستن بە رەنگە و ئیحتمالات و شتی وەهاوە.

بە مەراقی ئەم باسەوە ئەوی تاریخی ئەقوام بپشکنێ لە هەموو جێگایەکا ناو تەنگو چەلەمە کەوتنی تأریخ نووسەکان ئەبینێ!. بەمەدا دیارەو زۆر جێگای ئەسەفە کە فەجری تاریخ ئەوەندە رووناک نییە تا پیاو بتوانێ لە بابەت ئینسانی هەرە کۆنەوە فیکرێکی راست و تەواو پەیا بکا، ئەمە راستە وابێ چونکە عولەما ئەڵێن: دوو سەد هەزار ساڵە ئینسان لە سەر زەمین پەیا بووە، بەڵکوو هەندێک ئەڵێن: نیو ملیون ساڵە ئەم پەیا بوونە رووی داوە، کەچی هەمووی شەش هەزار ساڵە خوێندن و نووسین لە ناو ئینساندا پەیا بووە. بەڵکوو لە سەر زەمینا ئێستەش گەلێ قەوم هەیە هێشتا نیوکێوییە، خوێندن و نووسین فێر نەبووە، وەیا بە زمانی خۆیان لەناویاندا کتێب و شت

نەنووسـراوە. کـەواتە لەم چەن سـەد هەزار سـاڵەدا کـە لای سـەرەوە وتمان ئەبێ ئینسان چلۆنی رابواردبێ؟.

لەجـوابی ئەمـەدا عـولەمـای تاریخ ئەڵێن: ئینسـان کـە پەیا بووەو پەرەی سـەندووە بۆ سک تێر کردن و خـۆ ژیاندن پۆل پۆل بەسەر ئەرزا سـووڕاوەتەوەو بەیەکا چووە، وەبە پێی قانوونی تەقەلای ژیان یەکتریان هێناوەو بردووە، وەیا فەوتاندووە، وەیا داگیر کردووەو کردوویانە بە مسکێن و رەعیەی خۆیان، لەوە دوا بەکاوە خۆ مەزج و ئاوێتەییەک بوون، لەسەر ئەمە تایەفەو تیرەی تازەو ناو و زمـانی تازە بەرهەم هاتووەو پەیا بووە، لە دواییـا پۆلی تازەتر هاتووەو ئەمیش نەماوە، وەیا تەشکیلاتەکانی پێشوی تێکومەکان داوە.

ئینجـا مـادام بۆ ئەم هەمـوو تێکلاو و پێکلاو بوونە نووسـراو نەبێ کـە بەراستی و بە بێ گرێ تێمان بگەێنێ چلۆن بووە، چۆن ئەتوانرێ شتی زۆر کۆن و رەگەزی ئەقـوامی زۆر قەدیم بە ناوو نیشـان و بە جێگاو رێگا بدۆزرێتەوە، کە بێ گومان هەموو کەسێ ئەیسەلمێنێ کە ئەمە ممکن نییە؟!. لە دوای ئەمە بابزانین ئەقوامی مەدەنی ئێستە تەعریفی نەژادی خۆیان چلۆن ئەکەن؟:

ئینگلیـزەکـان ئەڵێن: یەک دوو هەزار سـاڵ پێش مـیـلاد لەجـزیرەکـانی بریتـانیـادا هەندێ تیرە قـەوم دانیشـتبـوون لە جنس و تایفەی «کەلت»بوون، ناویان «بریتون» بووە، بۆ ئیش و فرمانی خۆیان بەردیان بەکار هێناوە، چونکە هێشتا نەیانزانیوە مەعدەن چییە، و کەس نایزانێ ئەمانە کەی و چۆن هاتوونە ئێـرە، لە دواییـا گـەلێ تایفـەی تر لە ئورووپاوە بەین بەین پەڕیوەتە بەری جزیرەکان و تێکەڵ ئەمانە بووە، تا ئاخریەکەی ئەم قەومی ئینگلیزی ئێستەیە هاتۆتە مـەیدان. ئینجـا هەمـوو قـەومـەکـانی ئێـسـتـای ئورووپا بۆ دۆزینەوەی رەگـەزی خـۆیان تەعـریفـێکی وەها، وەیا نزیک بەم حکایەتی ئەسڵ و بنەچەی ئینگلیزە زیاتر شتێکی پتر ناتوانن بڵێن. وەهەروەها عەرەبەکانیش ئەڵێن: لە زۆر کـۆنەوە لە عـەرەبسـتـانا ئەقـوام دانیـشـتـوە، نازانرێ چلۆن هاتوون و کـەی هاتوون، پێـیـان وتوون ئەقـوامی «سـامی». جـاروبار ئەمـانە پۆل پۆل لە عـەرەبسـتـان هاتوونە دەرەوە وڵاتانی چوار دەوری خـۆیان داگـیـر کـردووەو حکومـاتی کـۆنیـان هێناوەتە مـەیدان و لە دوایی هەمـوویان ئینجـا عـەشـایری تازەتر، کـە ناویان «عـەرەب»ە، کـۆچ کـشـاونە دەرەوە جـێگـای تایفـەکـانی پێشوویان گرتووە لەگەڵ گەلێ سەر زەمینی ترا کەوا سامییەکانی بەروو بۆی نەچوو بوون و لەو شوێنانەدا گەلێ ئەقوامی غەیری سامی-شیان تێکەڵ بووەو ئاخـریەکـەی کـردوویانن بە عـەرەب. ئینجـا کـورت و مـوخـتـەسـەر حکایـەتی

بنچینەی ئەقوام لەمە زیاتر نییە.

کەوا بوو کوردەکانیش بەپێی ئەم قاعدەیە رەگەزو ئەسڵی خۆیانن ئەتوانن بدۆزنەوە. مادەمە ئیمڕۆ لە کوردستانا گەلێ تیرە قەوم دانیشتووە هەریەکە تایفەیکن و زمانێکی تایبەتی هەیە، زۆرو کەم لەیەک ئەچێ، وەیا ئەچێتەوە سەریەک و خوێن و روخسارو کردەوەیان وەک یەک وایە و بە هەمووشیان ئەڵێن «قەومی کورد»، بێ گومان ئەبێ ئەمانە لەئەسڵ و رەگەزێکەوە پەیا بووبن، وەیا وەکوو قەومەکانی تر لە تێکلاو بوو نوو ئاوێتە کاریەکەوە بەرهەم هاتوون کەوا بۆ نموونە لای سەرەوە باسی یەک دوانێکمان کردن، تەبێعی ئەمانیش وەک ئەوان تارێخیان بڕیوەو گەیشتوونەتە ئیمڕۆ. بەم حسابە ئەگەر موئەڕیخینی کوردیش تأرێخی کۆنی ئەقوامی ئاسیای رۆژئاوا بپشکنن و لەناو هەرجو مەرجی ئەو قەومانەدا ئەو تیرەو کۆمارانەی کە لە کوردستانا پێکا هاتوون و ئاوێتە بوون لە نووسراوەکانا بدۆزنەوەو یەکانگیریان بکەن تارێخی قەومی کوردیش یەتە مەیدان، بەو شەرتەش کە لە ئوسووڵی جاری هیچ لانەدەن.

ئەگونجێ هەبێ بڵێ: خۆ لە تارێخی کوردا وەک هی قەومەکانی تر کردەوەی بەرز و پایەدار نییە!. ئەوسا ئێمەش ئەڵێین: خۆ تارێخی ئەقوام هەمووی وەک یەک بەتام و بەلەزەت نییە. ئەقوامی خوا پێداو هەیە تارێخی قەومییان زۆر بڵندە، مەدەنییەت و پێشکەوتنی ئیمڕۆ لەگەڵ ئەقوامی ترا ئەوان هێناویانەتە کایەوە. بێ گومان لاپەڕەی تارێخیان پڕە لە کردەوەی بەرزو خزمەتی مەدەنییەت، بەڵام گەلێ ئەقوامیش هەیە لەم بابەتە شتە گەورانە هیچ میراتێکیان بۆ بەجێ نەماوە، لەسەر ئەوەشا حاڵی حازر بەقەوم دانراون و ناسراون.

جا بێینەوە سەر قەومی کورد؛ ئەمانیش لەگەڵ ئەقوامی ترا خزمەتی مەدەنییەت و ئینسانییەتیان زۆر کردووە کەوا لە تارێخا ئەمانە ئیسباتە، زۆر جار بوون بە پەرژینی ئیسلامییەت، وە لەگەڵێ هەلا کورد بوەتە باعسی راگرتنی نیزام و قانوون و پاراستنی کەیانی ئەقوامی وێلداشی وڵات لە رۆژئاوای جنووبی ئاسیادا).

ئادەمیزاد کۆنە، ئەم زەویەی کەئەوی لەسەر ئەژی گەلێ کۆنترە!. وەکوو ئادەمیزادەکە لەو ئەرزە دروست بووەو پاشان گەڕاوەتەوە هەر بۆ باوەشی ئەوە ئەرزەکەش بەو جۆرە ئەمی بەخێو کردووەو پاشان فڕاندوویەتەوە!. ئەوەندە هەیە هەر دوو لایان چوونە گۆڕستانی

مێـژووەوە؛ ئادەمـیـزاد رزاو ئەرز قـووتی دا، ئەرز بەرز بووەوەو باری لە سـەر یەک دانا، نە ئەزانێ ئەو ئادەمیزادە چی لێ هات، وە نەئەزانێ لە تۆی باری لەسەریەک دانراوەکەیدا کێ بۆی هات؟!.

کەوابوو راستە گۆڕستـانی مێژوو گۆڕستـانێکە نە چاو ئەگاتە ئەو سەری، نە بیر ئەگاتە ئەو پەڕی!. ئادەمیزادو ئەرزی لانکەو گۆڕستانی ئادەمیزاد گەلێ قووڵترو دوورترن لەوە کە زانایانی بەڵگەو زەوی ناسی بۆی ئەگەڕن و ئەیانەوێ بێگەنێ!.

ئێمە ئەوەمـان مەبەست نییە کە خاوەنی ئەم پەخشـانە قسـە لە مێژووەوە ئەکا، بەڵکوو ئەوەمان مـەبەسـتـە کە بە چ شـێوە زمـانێکی کوردی ئەو قسـەیە ئەکا. بابەتەکەی هۆیەکە بۆ مەعلوولێک کە پێکهێنانی پەخشانێکە. زۆر جار شتێکی بچووک ئەبێ بە هۆ بۆ شتێکی گـەورە. بەڵێ! مـێـژوو گـەورەیە، ئێـمـە نامـانەوێ لە نرخی ئەو کـەم کـەینەوە، بەڵام دروسـتکردنی پەخشـانەکە لەم شوێنەی ئێـمـەدا بۆ ئێمە گەورەترە، چونکە مەبەستەکەمان پەخـشـانەکـەیە نەوەک مـێـژووەکـە. باسکردن لەمـێـژوویەکـی دوورەوە وەکـوو تیـر نانە بە تاریکییـەوە!. ئەگەر بەڵگەی دۆزراوە هەبوو بۆ ئەو مێژووە ئەوا تۆزێک روون ئەبێتەوە، ئەگەر نەبوو ئەوە هەر هیچ، بەڵگەکەش دیسان هەر تەخمینە. ئێمە بەچاوی خۆمان گەلێ شت ئەبینین و سووراو سوور ئەزانین چۆنە، کەچی کاتێ بۆمان ئەگێڕنەوە بەنووسین یا بە غـەیری نووسین سـەیر ئەکـەین وەکـوو ئەوە نییـە کە دیومـانە:. کـەواتـە مێژوو هەر ئەبێ لە گۆڕستانا بێت!.

ئەوەی کە دەقی ئەم پەخشـانە بۆ ئێمەی دەرئەخا شـێوەی گـوزارشـتێکە کە لەو رۆژەدا بە سـەر زمـانەوە بووە. خـاوەنەکـەی لە ناو کـۆمـەڵێکا ژیاوە کـە زمـانی خـوێندەوارەکـانی ئەو جـۆرە گـوزارشـتـە بووە، خـوێندەواریەکـەی خـۆی ئەوەندەی تر پـاڵی پێـوە ناوە بۆ دەربـڕینی مـەرامەکەی. پەخشـانەکە ئەوەمان پیشان ئەدا کە زمـانی قسـەکردنی خوێندەوارەکانی ئەو سـەردەمـەو زمـانی نووسـینیـان یەک بووە. بەتایبـەتی ئەو رۆشـنبـیـرانە کە دوو سـەردەمـیـان بینیـوە؛ سـەردەمـێک کە پێش پەڕوازەی پەخشـانی کوردی بە نووسین، سـەردەمـەکـەی تری دوای نووسین بووە. زمـانی ئەم پەخـشـانە زمـانی کـوردێکی کـۆچەری دوور لە شـارەوە نییـە کـە هـەر وا بەزرنگی خـۆی قـسـە بکا، بەڵکوو زمـانی کـوردێکی خـوێندەوارە کـە بەهۆی خوێندەواریە کۆنەکـەیەوە لەوشەی زمانی جگە لە کوردی هێناوەو لەگەڵ کوردییە پەتیەکەدا مـوتوربەی کردووەو گوزارشتی پێ لێ داوەتەوە، وەستـایانە ئەم ئیشەی بۆ رێک کـەوتووە،

نموودێکی رێک و پێک لە پەخشانەکەیا دروست بووە، دەنگی وشە کوردییەکان و غەیری کوردییەکە لە مێشکییەکا دەنگ ئەدەنەوەو عیبارتێکی پوخت دروستبووە، روخسارو ناوەرۆک پالێیان داوە بەیەکەوە، لە هاریکاری کردنی ئەم دوو شتە پەخشانێکی ئەو سەردەمە بۆ مێژووی پەخشانی ئێمە هاتە ناوەوە. وەکوو ئەمە ئەبینین ئەوەشمان هەر بۆ دەر ئەکەوێ کە لەگەڵ موتوربە کردنا عیبارەتێکی رەوان و چەشەیەکی تایبەتیمان لە دانانی رستەدا بۆ دەر ئەکەوێ کە مێژوو نووسێک چۆن زنجیرەی کارەساتی هۆنیوەتەوە.

* * *

لە گەلاوێژی ژمارە «٧، ٨» ساڵی «٢»-١٩٤٠- «عبدالقادر قزاز» لەژێر ناوی «گەشتێ لەعاسمانا» بە وەرگێڕان ئەم بابەتە پەخشانەمان بۆ دروست ئەکاو ئەڵێ:-

دەقی پەخشانی زمانی کوردی وەکوو ئەوە ئەگرێتەوە کە لە زادەی فیکری خۆی هەستابێ، وەرگێڕانیش ئەگرێتەوە. ئێمە لێرەدا چەند وێنەیەک لەو وەرگێڕانانە کە سەرەتا بە زمانەکانی ئەورووپی وتراون و کوردەکە هێناونیە سەر زمانی خۆی ئەخەینە بەرچاو.

بەوێنە «بابەعەلی» لە ژمارە «١ ، ٢»ی ساڵی «٢»ی گۆڤاری «گەلاوێژ»ی ساڵی «١٩٤١» لەژێر ناوی «سەربەستی»دا ئەم بابەتەی خوارەوەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی و ئەڵێ:

(خۆ پاسکردن بەرامبەر حکومەتێکی دەستووری ئەوەندەی خۆ پاسکردن بەرامبەر ئیستبدادێکی سیاسی پێویستە، چونکە رەنگە بەشێک لە خەڵک ئارەزووی ئەوە بکەن کە زوڵم لە بەشەکەی کەیان بکەن، ئینجا لێرەدا ئاگاداری وەکوو بەرانبەر بە هەموو ئیستبدادو زۆردارێکی تر پێویستە. لەگەڵ ئەوەشا کە زۆر کەس پێ لەمە ئەنێن، کەچی تا ئێستە هیچ هەوڵێک نەدراوە بۆ دۆزینەوەی رێیێکی موناسبی وا کە سەربەخۆی فەردو چاودێری کۆمەڵ پێکەوە تەءمین بکات.

نیاز لە نووسینی ئەم وتارە تەءکیدی ئەو مەبدەئە ئاشکرایەیە کە ئەڵێ: تەنیا نیازێک کە بۆ بەجێ هێنانی، خەڵک بە تەنیا یا بە کۆمەڵ ئیزن دراون دەست بخەنە فرمان و کاری ئەم و ئەوەوە خۆپاراستنە، یەگانە نیازێک کە بە حەقیانەت لەرێیدا قەوەت لەگەڵ ئەندامێکی مەدەنی کۆمەڵدا بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی بەکار بهێنرێت ئەوەیە کە نەیەڵێ زەرەر لە خەڵک بدا بەکردنی فرمانێک یا بە نەکردنی.

هەرکەسە بەرامبەر بە کۆمەڵ تەنیا لەو بەشە ڕەفتارەی مەسئولە کە عەلاقەی بە خەڵکییەوە هەبێ و لەو بەشەشیدا کە تەنیا خۆی عەلاقەدارە سەربەخۆیی لە حقوقدا بێ سنوورە. هەر کەسە حاکمی موتڵەقی خۆی و لەش و مێشکی خۆیەتی.

ئەم مەبدەئە لە پێش هەموو شتێکدا یەکەم؛ پێویستی بەسەربەستیەکی وجدانی تەواو هەیە، یەعنی سەربەستی لێکدانەوەو پێ زانین، سەربەستی تەواوی ڕەئی و عاتفە لە هەموو بابەتێکەوە؛ عەمەلی، یا فیکری، عیلمی، ڕەوشت و خوویی وەیا دینی، تا تەنانەت سەربەستی بڵاوکردنەوەو پیشاندانی ڕەئییش. دووەم؛ ئەم مەبدەئە سەربەستی چێشتن «Test» دوو کەوتنی گەرەکە تاکوو بتوانین کاروباری خۆمان لە ژیاندا بەجۆرێک ڕێک بخەین کە لەگەڵ ڕەوشت و خۆماندا یەک بکەوێت بەو شەرتەی کەس تیا زەرەرمەند نەبێ. سێیەم؛ مەبدەئەکە پێویستی بەوەیە کە سەربەست بن لەکۆمەڵ بەستندا، بۆ هەر نیازێک ببێ، بەشەرتێ بۆ خراپەی کەسی تر نەبێ و ئەوانەی کۆمەڵەکە ئەبەستن، بەعومر تەواو بن و زۆریان لێ نەکرابێت و هەڵنەخەڵەتێنرابن. یەگانە سەربەستیەک کە ئەم ناوەی پێی ڕەوا ببێنرێت ئەوەیە بتوانین دووی چاکی خۆمان بکەوین بەکام ڕێی دا ئارەزوو ئەکەین تا ئەو پلەیەی هەوڵدانەکەمان وای لێ دێت خەڵک لە چاکی خۆیان بێ بەش بکات وەیا پەکی هەوڵدانیان بخات. بەشەر لەوە قازانجی دەست ئەکەوێ و سوودمەند ئەبێ کەماوەی یەکتر بدەن، هەرکەسە خۆی چۆنی بەباش ئەزانێت وابژی وەک لەوەی زۆر لە یەک بکەن بەو جۆرە بیانژییێن کەلای هەندێکیان بەباش ئەبینرێت، زۆرکردن لە مەسائلی گفتوگۆو بیرکردنەوەدا پێویستە هەمیشە بە ئیشێکی نا مەشرۆع بزانرێت.

ئەگەر هەموو کەس لەیەک ڕەئی دا بن تەنیا یەک کەس نەبێ، چەند ئەم تەنیا یەکە، ئەگەر دەسەڵاتی هەبێ، حەقی هەیە ئەوانیتر بێ دەنگ کات، هەموو ئەوانیش ئەوەندە حەقی بێ دەنگ کردنی ئەویان هەیە. بەتایبەتی خراپی بێ دەنگ کردنی فیکر پیشاندان زوڵمێکە لە هەمووان ئەکرێت؛ لەوانەی ئێستەو لە هی دوارۆژ، لەوانەی حەز بە ڕەئیەکە ناکەن زیاتر لەوانەی بڕوایان پێیەتی، چونکە ئەگەر ڕەئیەکە ڕاست بێت ناحەزەکانی لەو هەلە بێ بەش ئەبن کە چەوتی تیا بەڕاستی بگۆڕنەوە، خۆ ئەگەر ڕەئیەکە چەوتیش بێت ئەو تەسیرە نەشئە بەخش و پاکەیان لە کیس ئەچێت کە لە پێکا هاتنی ڕاستی و چەوتی پەیدا ئەبێت. ماوە نەدان بە سەربەستی گفتوگۆ وا ئەگەیەنێ

کە خاوەن ڕەئی خۆی بە مەعسووم و بێ خەتا دائەنێ کە تارێخیش زۆر باش تێمان ئەگەیێنێ نەکۆمەڵ و نەفەرد مەعسووم و بێ خەتا نابێت. بە پێویستی نازانین پیاو هەمیشە کوشتنی «سوکرات» و «مسیح» و ئازاردانی مەسیحییەکان لە لایەن «مارکس ئوریلوس» بخاتەوە بیر خەڵک.

ئەوانەی دوژمنی سەربەستی دینن زۆرکردنیان لا باشە، گۆیا لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر کردن خراپەی لێی ئەوەشێتەوە، چەوتی ناهێڵێت بێ ئەوەی ڕاستی لە بن هەڵکەنێت، بەڵام تارێخ پیشانی ئەدا کە هەرچەند ڕاستی بە تەواوی نەشفەوتێنرێت لەوانەیە هیچ نەبێت چەند سەد ساڵێک دوا بخرێت. ئیستە ئەگەرچی ئێمە پیاوی بێ دین ناکوژین، بەڵام لە لایەن کۆمەڵەوە داخێکی خراپەی ئەوتۆی پێوە ئەنرێت کە هێندەی کوشتن کاری تێ بکا، چونکە لەوانەیە پیاو وای لێ بێت نەتوانێ نانی خۆشی پەیدا بکات!. چاونەپۆشین لە بێ دینی کۆمەڵ وەنەبێ بێ دینی لە بێخ و بنج هەڵکەنێ، بەڵام وا لە خەڵک ئەکا کە فیکری پێی، ڕانەهاتوو «غیر مألوف» بشارنەوەو بە نەتیجە ڕەئی تازەو بێ دینی هەر لەو کۆڕە پچووکە تێ گەیشتوە هەوڵ دەرەدا پەنگ ئەخواتەوە کە لە سەرەتاوە ڕەئیەکەیان هێناوەتە بوون و ئیتر ئەم ڕەئیە هەرگیز مێشکی هەموو نە بەڕاست و نەبە درۆ ڕۆشن ناکاتەوە.

بتەوێ سەربەستی گفتوگۆ نەهێڵیت ئەبێ گشت جەسارەتی ئەدەبی ئینسانی بکەیت بەقوربان. کێ ئەتوانێ تەقدیری ئەوە بکا کە دنیا چی لە کیس ئەچێت؟ بەوەی پیاوی تێ گەیشتوو، کەجێی هیوان نەوێرن هیچ فرمانێکی سەربەخۆ بەزاتەوە بکەن!. وەیا چ ڕێیەکی تازە بگرن نەک خەڵک ئەمەیان بەبێ دینی وەیا بێ ئەخلاقی دابنێن؟!. کەس ناتوانێ ببێ بە لێکدەرەوە «مفکر»ێکی گەورە تا ڕاستەو خۆ و بێ دوو دڵی جڵەو نەداتە دەست ئەقڵی خۆی، سا ئەم ئەقڵەی بەچ ئەنجامێکی ئەگەیێنێ، لە جێیەکدا کە مێشک و لێکدانەوەی خەڵک گیرۆدە بن تەنیا چەند لێکدەرەوەیەکی کەمی گەورە هەڵئەکەوێت و لەم چەشنە جێیانەدا هەرگیز کۆمەڵێکی لە لێکدانەوەدا بەکار نەبووەو نابێت. وەئەبێ بشزانین کە هەرچێ پێشکەوتنی بەشەر هەیە ئەتوانرێ ببرێنەوە ئەو سەردەمانەی ئەقڵیان تیا ئازاد بووە.

........................................................ ).

* * *

نووسەر «شاکرفتاح» لە ژمارە «١٣٨٠»ی ڕۆژنامەی «ژین» کە بەر ١٩٥٨/٢/٦

کەوتبوو، پەخشانێکی لەژێر ناوی «ئافرەتی کورد»دا بلاو کردبووەوە، یادداشتی کۆنی خۆی لەو بارەیەدا بەو پەخشانە ئەگێڕێتەوە. ئەمە دەقی دەقەکەیەتی:-

(لە پایزی ساڵی ١٩٥٤دا.

هەڵئەگەڕام بە سەرشاخە رەنگینە سەختە بڵندەکەی «ئاکرێ»دا، درەختی مازوو و بەڕوو و قەزوان و گوێز دارستانێکی جوان و شەنگ و شۆخی لێی پەیدا بوو بوو شاخەکەی ئەڕازاندەوە، گەیشتمە لوتکەکەی گەلێک زەمینی پان پانم چاو پێ کەوت لە ناو دارستانەکەدا، لە نزیکیشیانەوە دوو سێ کانی ئاوێکی روونی پاکی ساردیان لێی هەڵئەقولا، تاک و تەرا «کەو»مان ئەدی ئەفڕین و بەسەر پۆپەی شاخەکانەوە ئەنیشتنەوە، وەک تامی تامیمان بدەن لە دوورەوە دەستیان ئەکرد بە قاسپە قاسپ!. بە گۆرانی ئازادی بەچکە سوێسکەشمان جاروبار بەرچاو ئەکەوت بە گەلە رێچکەیان ئەبەست و ئەرۆیشتن بە ناو رێگا باریکەکانی ناو درەختەکاندا. لە دوورەوە هەندێ رەزە «مێو»و چەند دارێکی تریان بەرچاو کەوت گەلاکانیان وەک گوڵ زەردو سوور هەڵگەڕا بوون، خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ شاباشی هەر دوو بەری شاخەکە لە مانگی گەلاڕێزاندا. جارو بار پەپوولە پایزە رەنگاو رەنگەکانیشمان چاو پێ ئەکەوت لەم دارەوە بۆ ئەو درەخت بە نەشئەی پەڵە هەورە جوانەکانی ناوجەرگی شینی پاکی ئاسمان و تیشکی رۆژی گەوهەرینەوە هەڵئەفڕین و خوتووکەیان بە دڵمان ئەدا!. ئەو شوێنە کە «سەری سادە»ی پێی ئەڵێن جێی هەواری سەرە رێی کۆچەرەکانی «سوورچی» و «هەرکی»ن لەگەڵ هاوینەهەواری گشتیی.

لەوێ لە ئەسپەکەم دابەزیم، پشوویەکم داو بە نەوازشێکی بێ ئەندازە، کڕنووشم کێشا بۆ سوپاسکردنی خوای پاکی بێ هەمتا کە ئەم کوردستانە جوان و نازەنینەی بەخشیوە بە ئێمە، بە کوردەواری. پاشان بە پێییان داگەڕامە خوارەوە بۆ دۆڵە بە پیتەکەی «نەهلە» کە پڕە لە چەم و کانیاوو زەوی و شینایی، وە لە پشتیەوە شاخە بەنرخە بە ناوبانگەکەی «پیرس» بە شۆخ و شەنگی و سەر بڵندییەوە نیگەهبانیی ئەکا!.

گەیشتمە دەشتایی، کە تەماشام کرد ئەوا تیرەیەک لە «هەرکی»یەکان رێچکەیان بەستووە، لە کوێستانەوە ئەگەڕێنەوە بۆ گەرمیان، ئەو دیو شاخەکەی «ئاکرێ». پەزەکانیان بە دەست شوانەوە، بارگیر و ئەسپەکانیشیان هەر یەکە بە دەست خاوەنیەوەیە. کوڕوکچ، ژن و پیاو وەک یەک، یان بە سواری، یان بە پێییان ئەڕۆیشتن بە دوویانەوە، پاساوانییان ئەکردن، زۆر لە

بارگیـرەکـان بارگـەیان لێی کـرا بـوو. ژن و کـچـە هەرزەکـارەکـانیش زۆریان تفەنگیان هەڵگرتبوو لە دوایانەوە ئەڕۆیشتن. «هەرکی»کان هۆزێکی گەورەن. لە بەژن و باڵادا کـەڵـەگـەت و ڕێک و داڕێژراو، لە ڕەنگ و بۆ-ش دا جـوان و شـەنگ و شـۆخن، بەرگ و پۆشـەنیـشـیـان گـورج و گـۆڵ، ڕەنگاو ڕەنگ و دڵتەڕانەیە. گەلێک «ژن»یانم ئەدی منالێکی خستبووە کۆڵوانەکەیەوە بەپشت هەڵیگرتبـوو، بە دەست «تەشی» ئەڕست، ئەڕۆیشت بەپێی لەپشت بارگیـرو بارگـەکـەیەوە، سـەریش ئەکـەوت بە سـەر ئەو شـاخـە سـەختـەی ئاکـرێدا بەرەو هەواری گەرمیـانی، دیدەوانیبیان ئەکرد، ڕۆژەکەی یەجگار خۆش و شەنگ بوو. بەڵام تەندروستی ئەم هەرکییانە و تواناو گەشی و شەنگ و شۆخی و گورج و گـۆڵـی و دڵتـەڕییـان ئەوەندەی تر ڕۆژەکـەی لا خـۆش کـردبووم!. وەختـبـوو لە خۆشیانا، لە سەر سوڕماندا گەشکەدار ببم!.

کەوتمە بیرەوە، لەبەر خۆمەوە ئەمگوت: ئافرەتی هەرکی ئاوەها ساڵێ شەش مانگ بە کۆچکردنی سەختەوە ڕائەبوێرێ تا ئەچێتە کوێستانەکانی ئێران و تورکیا بۆ پەز چەراندن و تا ئەگەڕێتەوە بۆ گەرمیانی دەشتی بن ئاکرێ. لە تەنیشت ئەم کۆچە سەختەشەوە، بە تفەنگ پاسەوانیی ئاژاڵ و مەڕو بزن و کەل و پەلی ناو ماڵەکەی ئەکات وەک پیاوی ماڵی، میوان بە ڕێی ئەکات، بۆ مێردو منالەکانی خورشت دروست ئەکات، شیر ئەدۆشێ و ماست و شیرێژو کەشک و کەرەو ڕۆن و پەنیرو ژاژ-کیش دروست ئەکات، لە خوری پەزەکانیش خورج و گوریس و بەڕەو قاڵی و دەوارو ڕەشمال-یش دروست ئەکات!. ئەمە ساڵێک نییە دوو ساڵ نییە و دە ساڵ نییە، وەتی هەبووە تا ئێستا هەر ئەمە پیشەی بووە.

وادیارە جووڵان و «با»ی پاک و فێنک و تیشکی ڕۆژو خورشتی سادەو سووک و بینینی ئەم کەژو کێو دەشتە جوان و ڕازاوەو نایابانە بووە لەگەڵ ئازادی و سەربەستی و کەم خەمی کە ئەم جوانی و شەنگ و شۆخییەو ئەم ڕەوشتە مەردانەیەو ئەم کارگوزاری و بە کەڵکییەی پێی بەخشیون. ئاخ خۆزگە خوێندەواری و پاک و خاوێنی-شی لەگەڵ بوایە، ئەوساکە ژینێکی بڵندتریان ئەبوو؛ ژینێک ئەبوو دوور بێ لە هەژاری، دوور بێ لە زۆرداری).

ئەم دەقـە ئاوێنەیەکە بۆ دانەوەی ئەوە کـە: ئەو ڕۆژە بیـرو باوەڕی کـوردو خوێندەوارانی کورد گەیشتۆتە ئەو پلەیە کە هەست بەگەلێ کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن و ئەنجامی ئەو کاروبارانە لە دەروونیانەوە بگا بە نووکی قەڵەمی خۆیان؛ باسی ئەوە بکەن کە ڕەوشتی

کۆچەرایەتی کورد چۆنەو چی ئەکەن، باس لە دیمەنەکانی کوردستانەوە بکەن بە پەخشان، ڕێگای هاتوچۆی خێڵەکانی کورد پیشان هەمـوو کەسێک بدەن؛ ئەوەمان پیشان بدەن کەئافرەتی کورد هەر چەندە لە شارەکانا نیشتەجێ ناومالە بەلام لە ژیانی کۆچەرایەتیدا وەنەبێ هەر نیشتەجێ ناومالّ بێ، بەڵکوو لەگەڵ ئەرکی ناومالیشا شان بەشانی پیاو تێ ئەکۆشێ، نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکوو تفەنگ بەدەستێکیشە وەکوو پیاو، بەڵکوو گورج و گۆڵی ئەم گەلێ لە هی پیاو زیاترە؛ چونکە فرمانی ناومالیشی ئەکا کەنان و چێشت دروستکردن و منداڵ بەخێوکردنە، کۆچ و باریش بەرێی ئەکا. هەر ئەوەندەیە ناوی ژنە ئەگینا لە کاروباری پیاودا پیاوترە).

ئەم دەقە ئەوەمان پیشان ئەدا کە تا ئەو ڕۆژە ئەگەر ئێمە هەموو دەمێک خامەیەکی سەربەستمان ببوایە بۆ نووسینی کاروباری خۆمان ئیتر نەئەکەوتینە شوێن ئەو باوەڕانە. کە لەلایەن بێگانەکانەوە دەربارەی ئێمە نووسراون و ئێمەش بە هەموو بڕوایەکمانەوە بڕوامان پیان ئەکرد. بە مەرجێک ئەوانیش هەر شتێکیان لە بارەی ئێمەوە نووسیبێت هەر بەشی ئەوەیان نووسیوە کە ئامانجەکەی خۆیان بێتە دی، وەیا بڵێین مەسلەحەتەکەی خۆیانیان پێی تەواو کردووەو هیچی تر!.

ئەگەر ئێمە قەڵەمێکمان ببوایە و بمانتوانیایە بە دەستی خۆمان برینی خۆمان دەرمان بکردایە نەکەوتینە سەر ئەو جۆرە باوەڕانەو نەئەکەوتینە سەر ئەوە کە بێگانەیەک هەر شتێکی ڕێک و نارێکی لە بارەمانەوە بنووسیایە، بە وشەی «ئەرێ وەاللە وایە» گورج مۆرمان بکردایە!. قسەکردن و دوان لەکاروباری کۆمەلایەتییەوە وەنەبێ ئەرکێکی ئەوەندە گران بێ کە کەرەستەی فەنتازی و مەکینەی ئاورووپای بوێ. بەڵێ! یەک شتی گرانی ئەوێ؛ ئەویش وشیار بوونەوەو هەستکردنە بە بوونی خۆی!. وا دیارە هەر لە بەرە بەیانی مێژووەوە ڕێگای ئەو هەستە لە ئێمە گیراوە!. ئەگینا بۆچ ئەبێ بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوورمان هەر هەناسە هەڵکێشین و هەر چاو لە دەستی ئەم و ئەو بین؟!.

ڕوخساری ئەم دەقەش ڕوخسارێکی سادەو بێ گرێ و قۆرتە. هەرچەندە لە دوو شوێنا من تۆزێ گلەم لە ڕێختی دارشتنەکەیا هەیە، بەلام ئەتوانم بلێم دوور نییە چاپی یەکەم ئەو ڕێختەی تۆزێ تێکدابێ، ئەگینا نووسەرەکەی لەوانە نییە کە ئەو جۆرە شتانەی بە سەرا تێپەڕێ.

ناوەڕۆکیش دیارە لە دیمەنی کۆچ و بارێکەوە باس ئەکا کە ڕێگای کوێستان ئەبڕێ و

ئەگەڕێتەوە ئەو ڕەوەندە بۆ شوێن هەواری گەرمیانی؛ ئەو ڕێگایە کە لەو وەختەوە ئەو شاخ و داخەو ئەو دۆڵ و دەشتە دروستبووە باو و باپیرانی ئەو ڕەوەندە هات و چۆیان پیا کردووە، جەنجەڕە نالەبارەکەی گەردوون ئەگەر ئەو ڕێگایە ویران بکا هیچ نەبێ یادداشتێکە بۆ نەتەوەی داهاتوو کە جێگای باوو باپیرەکانیان ئەو مەڵبەندانە بوون و ڕەوشتیشیان ئاوا بووە کە بووە!.

ڕاستە گۆڕان هەیەو هیچ شتێک لە شوێنی خۆی بە هەتا هەتایی نامێنێتەوە، وەراستیشە گۆڕان مەرج نییە هەر بەلای چاکیەوە بڕوا. بەڵام خوزگا گۆڕانەکەی ئێمە بەشێکی بەلای چاکەوە بڕۆیشتایە، قیروسیا لە بەشەکەی تری!. ئەوەندە ئەزانم نەتەوە لەناو ناچێ، کە لە ناو نەچوو ئەنجامەکەی بێ گومان هەر خۆشبەختی ئەبێ.

***

دەوری ئافرەت دێتە پێشەوەو وردە وردە خامە لە ناو کورددا ئەکەوێتە بەینی دوو پەنجەی ئەو بەشە زۆرەی گەلیشەوە.

ئەمەی خوارەوە نموونەی دەقێکی پەخشانە کە «دایکی سۆلاف»لە «ژین» ژمارە «١٣٨١»ی ڕۆژی ١٣/٢/١٩٥٨دا نووسیویەتەوە:

(لەرێی پێکهێنانی ژیانێکی کامەرانییا!

هەمووومان ئەیزانین کە، ماڵ جێی حەوانەوەیە، کەواتە پێویستە بیکەین بە بەهەشتێکی ڕەنگین کەبتوانین ئەو ماوە کەمەی ژیانمانی بەکامەرانی تێدا بەرینە سەر، وە نەتەوەیەکی وای تێدا پەروەردە بکەین کە لەپاشەڕۆژا سوودیان ببێ بۆ کۆمەڵ. کەوا بوو ئێمە چۆن ئەم ژیانە پێک بهینین؟. ئاشکرایە ئافرەت بە درێژایی ڕۆژ لە ماڵەوە خەریکی فرمانە، وە بەهەموو توانایەوە هەوڵی ئەوەیەتی شوێنێکی وا ئامادە بکا کە مێردەکەی و منداڵەکانی تیا بحەوێنەوە، ئەمە جگە لە شەونخوونی بە دیار منداڵەوە!. لەگەڵ ئەمانەشا نابێ ماندوو بوون کارێکی وا بکاتە سەر ئافرەت کە ژیان لە مێردەکەی تاڵ بکاو هەرکە هاتەوە گەلێ گیروگرفتی بخاتە بەر دەم و تووشی گەلێ چەشنە دەردەسەری بکا، چونکە بەراستی مێرد پاش هیلاکی ڕۆژ پێویستی بە حەوانەوەیە، پێویستی بە وشەی خۆش و ڕووی خۆشە، نەک بە مقۆ مقۆو بەربەرەکانێ!.

بەڵام لێرەدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە ئەبێ پیاویش چاودێری دڵی ئافرەت بکاو بە ڕەنج و تەقەلاکەی بزانێ و هەموو کاری هەر پیاهەڵشاخان و

تووڕە بوون نەبێ، بۆ ئەوە ژنیش هەست بەوە بکا کە بەچاوی سووک سەیر ناکرێ و هەوڵ و کۆششی بە با نەچووە. کەژن و مێردێک ئاوا بەخۆشی رایانبوارد بێ گومان ئەم خۆشییە کار ئەکاتە سەر نەفسییەتی مناڵەکانیشیان، ئەو کاتە ئەوانیش هەست بەم ژیانە پڕ لە بەختیارییە ئەکەن.

بۆ ئەوە هیچ گەرداوێک نەتوانێ ئەم کەشتیەی بەختیاری ناو خێزانە نوقم بکا پێویستە ژن هیچ شتێ بێ پرسی مێرد نەکا. بە پێچەوانەی گەلێ لە خوشکەکان کە هەڵسان و دانیشتن و جل کردن و ئاهەنگ گێڕانیان بەبێ پرسی مێردە! ئەوەی کە شایانی باسە لێرەدا: ئەو ئافرەتانە شانازی-ش ئەکەن بەم سەربەستییە!. نازانن کەئەمەی، ئەوان بەسەربەستی دائەنێن رۆژێ لە رۆژان ئەبێتە هۆی شەڕو ئاژاوەی ماڵ و پەرەوازەی مناڵی بێ تاوان!.

کەواتە ئەی خوشکەکانی بەرێز! بە هەمووان هەوڵی ئاسوودەیی خێزان بدەن بۆ پاشەرۆژێکی پڕ لە کامەرانی. وە بۆ پێکهێنانی ئەم ئامانجە هەر ناخۆشیەکتان لە دڵا بوو کە چاوتان بە مێردەکانتان کەوت بە ڕوویەکی خۆش و زەردەخەنەی سەر لێوەوە لە گەڵیان بدوێن، تا باشتر بچنە دڵەوەو کۆشکی شادمانیتان هەر بەرەو بەرزی بڕوات).

ئافرەتانی کورد تا دەوروبەری ئەم مێژووانەی دوای دەستیان لە پەخشانا- پەخشانی کوردی- ئەوەندە نەبووە، بە پێچەوانەی هۆنراو، لەو مەیدانەدا وێنەکانی وەکوو مەستوورەی کوردوستانی و حەیرانخانمی نەخچەوانی بەڵگەن بۆ گەلێ لە هۆنەرانی ئافرەتی کورد! بەڵام پەخشان ئەو دەورەی لە ناو ئافرەتانی کورددا کەمتر بینیوە، ئەمەش یەکەم لەبەر ئەوە بووە کە نەوەک ژنان بەڵکوو پیاوانیش ئەوەندە نەیانتوانیوەو بۆیان نەکراوە بچنە ئەو مەیدانەوە، دووەم شەقڵی مێشکی ئەو سەردەمە ئەوە بوو کە ئافرەت تەنیا ئیشی ناوماڵی پێی سپێردراوە، کە ئەڵێم ئیشی ناوماڵ بەچاو ژنانی ناوشارەوە، نەوەک هی لادێ و کۆچەرییەوە. بەڵام رەورەوە پێشکەوت و ئەو قسەیە راست بوو کە ئەوترا: دنیا لە پێشکەوتنایە!. ئەم قسەیە لە ئافرەتی کورد دا دیمەنی خۆی پیشاندا.

ئەو دەقە پەخشانە ئەوەمان بۆ دەر ئەخا کە ئافرەتی شاریی کورد کەوتە کۆڕی ئیشکردن و ئامۆژگاری کردنەوە، چ بە بیر، چ بە قەڵەم. لە وێنەی ئەوانە «دایکی سۆلاڤ»ە، کە بوو بە «ئاتوون»ێکی دڵسۆزی ئامۆژگاری کەر؛ رێ و شوێن دائەنێ بۆ ئەو ژنانە کە کەوتوونەتە کۆڕی خوێندەواری و زانیاری لە سەردەمی ئەواو جگە لەوانیش. تێیان ئەگەیەنێ کە بەرهەمی ئێوە تەنیا خزمەتکردنی ماڵ و بەخێوکردن و راو کردنی دڵی

مێردەکانتانە بە قسەی خۆش و بە زەردەخەنەی خۆشەویستی ئامێزەوە، نابێ لەو رێگایە لادەن کەمێردەکانتان بۆتان دائەنێن. مێرد بۆ ئێوەو ئێوە بۆ مێرد جووتە هاوبەشی ژیان و مردنن. مالآوای لە مێرد مالآوای کردنە لەدام و دەزگای ژیان و کۆیلەی و دەربەدەری منالْ و وێران کردنی مالە. ژن ئەبێ چاوی لەوە بێت کە کەسیەتیەک بۆ خۆی و بۆ منالەکانی لەم رێگایەوە دروست ئەکا، نابێ ئەو کەسیەتییە بەرەلآ بکا بۆ لغاوی نەفسی بۆ ئەوە لە ناوی بەرێت.

ژن ئەبێ چاوی لەوە بێت: ئەو رۆژە کە ئەبێ بە هاوسەری باوکی منالەکانی کۆشکێکی تازە دروست ئەکا بۆ ئەو ژیانە پڕ لە بەختیارییەی کە بەتەمای بووە، ئەو کۆشکەی تێک نەدا، لووتەلا بوون لە مێردەکەی بە چەلەحانێ کردن لەگەلیا، بە دلبریندار کردنی بە قسەو کردەوەی هەلەشەیی ئەو بارەگایە تێک ئەدا. مێرد بۆ ژن سەیوانێکە بە سەریەوە. ئەیپارێزێ لە باران و لە گەرمایی هەتاو، بازی کامەرانییە بە سەریەوە، دەولەمەندی مەرج نییە، ژن ئەگەر ژن بێ سامان هیچ نییە. مێرد پارە پەیدا ئەکاو ژن ئاگاداری ئەکا. ژن ئەگەر ژن بێ مێرد کامەرانە. کەمێرد کامەران بوو ئەو مالە ئەبێ بە هێلانەی بەختیاری.

لە هەمانکاتا دایکی سۆلاڤ وەکوو دایکێکی ناو چاوان نوورانی و پڕ لە بەزەیی و پڕ لە رەحم روو ئەکاتە مێردەکان و ئەلێ:

> ئێوەی باوکی کوڕو کچانی ئێستە و دوا رۆژ! لەگەلْ ژنەکانتانا نابێ ئەوە باوەڕتان بێ کە ئەمانە چەوساوەی مالن، بەلکوو ئەمانە هاوسەری ژیانی کامەرانییتانن، ئاوێنەی بالآی نەونەمامەکانتانن، دلسۆزی دائمی ئەو ژیانەتانن کە تا دوا هەناسە پێکەوە رەوانەی ئەکەن. پیاو کۆلەکەی مالە، ژن خێوەتەکەیەتی، بەم کۆلەکە و خێوەتە «کۆز»ێک دروست ئەکرێ بۆ کارو بەرخی جوان – کە بێچوە پەری و فریشتەی زارۆلەکانیانە–. ئەو پیاوە ئاگاداری ئەوە بکا نەیەلێ ئەم کۆزە تێک بچێ، وە ئەم کارو بەرخانە بەناهومێدی و بێ نازی بەرەلآی دەشت و دەر بێن. ئەو پیاوە بە قسەی خۆش و بە رووی خۆشی و بە بێ خوتەو بۆلە ژیانی نێوانی خۆی و ژنەکەی بپارێزێ.

ناوەرۆکی دەقی پەخشانی دایکی سۆلاڤ ئەو دلخۆشییە ئەدا: کە ئافرەتانی کورد واخەریکن لە رێگای ئامۆژگاری و پێ گەیشتنیانەوە ئەچنە ریزی ژنانی نەتەوە پێشکەوتووەکان. هەروەها ئەم دەقە ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە کە پەخشانی کوردی، هەر، کەوایەک نەبووە بە بالآی پیاودا بڕابێ، بەلکوو ئافرەتانی کوردی–ش وەکوو لە ژیانیانا

لەگـەڵ مـێـردەكـانیـانا هاوبەشن. لە خـامـەشـا لەگـەڵ پیـاوانا بۆ روونكردنەوەی رێگای سەرفرازی هەر هاوبەشن.

روخساری دەقەكە خۆی ئەو شایەتیە ئەدا: كە ئافرەت لە بەر ئەوە عـاتفەكەی زیاتر پڕ لە بەزەییبە، قەڵەمەكەشی لە بەر تێكڵاوی ئەو بەزەییبە زیاتر هەست پیشان ئەداو زیاتر كار ئەكاتە سەر دڵ و مێشك.

* * *

لەنێـوانی سـاڵانی «١٩٥٠- ١٩٦٠»دا، لەبارەی رەوشتـی كۆمـەڵایەتی و پێ بە جەرگی خۆدانان بۆ رەخنە گرتن لە هەندێ لەو ناتەواوییانە، وردە وردە هەست ئەجووڵێ و خەبەری ئەبێتەوە، ئەندێشەی دڵ بە پەخشان ئەكەوێتە بەر نووكی قەڵەم.

«مـصطفی صـالح كـریم» لە ژێر نـاوی: «ئەوەی ئەمـەوێ بڵـێم» لە «ژین»ی ژمـارە «١٣٨٩»ی رۆژی ١٩٥٨/٦/٢٦دا بە پەخشانێك دێتە قسەو ئەڵێ:-

(كامەران و هۆنراوەی نوێ:

ئەبێ لە پێش هەموو شتێكا ئێمە ئەوە بزانین كە ئەركی رەخنەگر شتێكی هەروا ئاسـان نیـیە بەسادەیی بیگری و لەسـەری بدوێ، بەڵكوو پێویسـتـە رەخنەگر شارەزاییەكی باشی ببێ لەو بابەتەی كەلێی ئەدوێ. جا بۆ ئەوەش من وائەزانم ئێمە هێشتـا رەخنەگری «تحكیمی» وامان تیـا هەڵنەكەوتووە كە راسـتـەوخۆ حوكم بدات بە سـەر شـتێكا. بەڵكوو باشتـرین جۆری رەخنە بۆ ئەدەبی ئێمـە رەخنەی «تحلیلیـــە» كـە برێتی بێ لە لێی وردبوونەوەو لێ كـۆڵینەوە بێ لایەنگیری. ئیـمجا با بێمە سەر ئەو نامیلكەیەی كاك محمد صدیق عـارف كەخۆم پێشـەكیم بۆ نووسیوە. من لەم پێشـەكییەدا بە پێچەوانەی گـەلێك پێشـەكی ترەوە تەنیـا بیرو باوەڕی خۆم دەربارەی شیعر باس كردووە. هەروەها نارەزایی خۆشم پیشـانداوە بەرامبەر گەلێك لەو حوكمانەی كاك محمد صدیق داویـەتی، بەتـایبــەتی دەربـارەی شــیــعــری كــۆن. بەڵام هەندێ لە هـاورێ نووسەرەكـان بە باسكردن پیـان وتم و مامۆسـتایەكی خۆشم هەر لەم رووەوە بۆی نووسیـوم كـە ئەبوا لە پێشـەكیـەكەدا باسی ئەوەشم بكردایە كە ئەم نامـیلكەیە بۆچی بێ سەرچاوەیە؟. لە راستیا من پاش ئەوەی كە نامیلكەكەم وەرگرت هەر دواییـەكەم خوێندەوە، وە بە برادەرێكم وت «لەوانەی كـەوا ئاگاداری ئەو باسە بوون» كە: ئەم نامیلكەیە-بیرو باوەڕی وەرگیرای زۆر تیایە بێ دەستكاری لە وتاری «دوكـتـور صـلاح خـالص»و لە گـۆڤـاری «الاداب»، وە ئەبوایە كـاكی

نووسەر باسی ئەوانەی بکردایە.

ئیـتـر لە دوای ئەم باسـە لەسـەر پێـشنیـاری من نامـیلکەکـەمـان دا بە برادەرێکی، کە پێشەکی بۆ بنووسێ، بەڵام دوای ئەوەی کە ماوەیەکی زۆریش لە لای مـایەوە تێگەیشت کـە بە هیچ جۆرێ دەستی ناپەرژێتـە سـەر نووسین، ناچار ئەرکەکە خرایەوە سەر شانی من!. بێ گومان من ئەوەشم زۆر باش لەیادا بوو کە نامیلکەیەکی وا تا سەرچاوەی زۆرتر بێ گرنگترو دەرچووتر ئەبێ، بەڵام ئەوەم هەڵگرت بۆ کـاتی دەرچوونی تا لە رۆژنامـەو گـۆڤـارەکـانا بنووسـرێ، چونکە من بەلامەوە وابوو کە ئەوە «مهمە»ی رەخنەگرە، نەک پێشەکی نووس، رەنگە بەهەڵەش چووبم لەوەدا. بەڵام هەرچۆنێ بێ ئەو برادەرەی کە یەکەم رۆژ من ئەوەم لا درکاند ئامادەیە بۆ دەرخستنی راستیی ئەم باسە ئەگەر پێویستی کـرد. مەبەسـتـیشم لەم وتارە تەنیـا روونکردنەوە بوو لە لایەک، وە لە لایەکی تریشـەوە رێ خـۆشکەرەیەکە بۆ کـاک مـحـمـد صـدیق کـە لەمـەودوا سـەرچاوە «مصدر» نەخاتە پشت گوێ!.

هەندێ قسەی گوێ ئاگردان و بەر دوکانەکان!:

هەندێ کـەسی دەسـەپاچە هەن لە قـسـەکردن بەولاوە هیـچی تریان لە دەست نایەت، خۆزگـە قسـەکانیـشـیـان قسـەی سوود بەخش و بە مـانـا بوونایە. نەء. خوانەکا چونکە قسـەکانیان هەمووی پلاری ژەهراوییە لە دڵێکی پڕ لە کینەوە دێتە دەرەوە ئاراستەی سەر سنگی ئەوانە ئەکرێ کە فرمـانیـان لە بارایە!.. لە چاپخـانە، لە دوکـانی بەرگ دروو، لە بەردەمی نامـەخـانەکـانا ئەکـەونە پلار هاویشتن و لە سـەرو پۆتەڵاکی ئەم و ئەودان، بۆچی؟. ئەزانن ئـەمـانـە بۆچی وا ئەکەن!. چونکە وەکوو وتم لە قسەدا وەستان، لە فرمانیشا «سفر» بە دەستەوە ئەمـێننەوە!. هیـچیـان لێ نایەت و هیـچیـان پێ ناکرێت و پێشیـان ناخـۆشە خەڵکی تر لە ناویانا دەرکەوێ بە ئیشکردنی راستی و خزمەتی دڵسۆزانە.

خـەڵکینە!. ئێـمـە لە سـەدەی بیـسـتـەماین، بە هەر چوار دەورمـانا جـەنگی ئازادی بڵێسـەی سەندووە؛ ئەو جەنگەی کە بە یەکیەتییەوە پێک دێت. ئێمە تاکـەی «خۆخـۆر بین » ، تاکـەی یەک لە قـەدری یەک کەم کـەینەوە؟!. ئەمـە لە پای چی؟. لە پای خزمەت!. حاشا خزمەت بەرییە لەوە، من ئەمەوێ راستەو راست پێیـان بڵـێم؛ بەوانەی کە کـاتێک غـەرەزی شـەخسی ئەیانجـوولێنێ و ناوی هاورێکـانی پێـشـوویان ئەزرێنن، ئەوانە خـزمـەتی بێگانە ئەکـەن بە پەیداکردنی ئەم دوو بەرەکی و ناکۆکییە!.

فەرموون ئەگەر خواری ئەبینن لە هەر کەسێک، یان ناتەواویەک لە ناو کۆمەڵا بەدی ئەکەن بیخەنە سەر کاغەز. خۆ وەکوو لە قسەدا وەستان ئەبێ نووکی قەڵەمیشتان تیژ بێت!).

ئەم پەخشانە باسی چۆنیەتی خوێندەوارانی پەنجاکان پیشان ئەدا. هەر چەندە ئەیەوێ رێبازی رەخنە بگرێ بە شێوەیەکی پەخشان، بەڵام ناوەرۆکی نووسینەکە گلەیە لەو کەسانە کە قسە ئەکەن و کردەوەیان نییە، هەموو کۆششێکیان هاتۆتە سەر ئەوە کە بە قسەو لە گوێ ئاگردانا دەستبکەن بە رەخنەگرتن لە نووسینی ئەم و ئەو، بەڵام لەوانەیە پێ بە جەرگی خۆیانا نەنێن ئەو قسانە بخەنە سەر لاپەڕەی کاغەزو لەسەر کاغەز بکەونە رەخنە بازی بۆ ئەوە راستی لە شتدا دەرکەوێ!.

تابلۆی ئەم نووسینە ئەوە پیشان ئەدا کە لەو ساڵانەدا پلەی بیرو باوەڕی فیکری هەنگاوێکی تری بڕیوەو لە دەرگایەکەوە چوەتە ناو دەرگایەکی تر. هەستی بەرەی خوێندەواری ئەو رۆژە نەختێ قووڵتر بوەتەوە بۆ ئەوە لە شتی عیلمی بکۆڵێتەوە و کۆزەرو گەنمی سوور لەیەک جیا بکاتەوە؛ ئەوەی بێت بە دڵا ئەو رۆژە کۆن بووە کە: ئەیانووت نووسینی کوردی ئەگەر جنێویش بێ هەر باشە!. ئێستە ئەبێ بکەوینە سەر ئەوە کە پێویستە شتی بەکەڵک و سوودبەخش بنووسرێ؛ ئەوانە بنووسرێن کە سوود بە عیلم ئەگەیەنن، ئەبێ لە ناوەرۆک و روخساری ئەو نووسینە ورد ببینەوە بزانین چ ناتەواویەکی تێدا هەیە؟. چ جۆرە نووسینێک کەڵک ئەگەیەنێ بە نەتەوەکەمان؟. نووسینی نیشتمانی وەنەبێ هەر برێتی بێ لەو جۆرە شتانە کە لە رواڵەتا خوێن و دەمار ئەهەژێنن، بەڵکوو رێچکەکانی تریش ئەو کاریگەرییەیان هەر هەیە بەڵام لە رێگایەکی دوورترەوە، تا ئەو رێگا دوورە روون نەکرێتەوە نزیکەکە قەڵافەتەکەی بە نموود نابێ!. رەخنەو رەخنەگرتن لە نووسیندا تابلۆیەکی ئاوێنەییە کە گوزارشت و گوزارەی زمان مشت و ماڵ ئەداو لەمەوە بەهرەیەکی سوود مەندی گەورە ئەکەوێتە دەست نەتەوە. وەکوو چۆن شێوەو نووسینی ئەو رۆژە ئەخاتە روو، چ لە لایەن قرتاندنی هەندێ وشەوە، چ لە لایەن پاش و پێش خستنی رستەو وشەوە کە ئەگەر بەپێی رێزمان سەیر بکرێ. لەگەڵ ئەوەدا رێزمان ئەچێتە ژێر خێوەتی وشەوە، نەوەک وشە بچێتە ژێر باڵی رێزمانەوە. ئەمانە هەموو ئاوێنەیەکن کە تاپۆکانیان لە ناو بابەتی رەخنەو رەخنەگرتندا دەر ئەکەون...

* * *

ساڵانی «١٩٦٠-١٩٧٠» دێتە پێشەوە، پەخشانی کوردی لە هەموو روویەکەوە لە

نێوانی ئەو ساڵانەدا بە جۆرە شێوەو گوزارشتێکی تر دێتە پێشەوە. لە هەموو بابەتێک ئەدوێ، بە هەموو چەشنە روخسارێک دێتە ناوەوە. بە وێنە:

«محەممەد مستەفا کوردی» لە ژمارە «٣» گۆڤاری «رۆژی نوێ» ساڵی «١٩٦٠»دا دیمەنێکی سەرگوزەشتەی رابوردوومان بە پەخشان لە ژێر ناوی «نە بە بەرخی تێر شیر بووم و نە بە کاوڕی تێر گیا» ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

(لەسەرەتای ژیانتا جارێ تا ساوایت ئاگات لە ژیان نییە، وە نازانیت چیت بە سەرا دێ و چی ئەکرێ و چی دێت و چی ئەچێ، هەر ئەوە ئەزانیت کە برسیت بوو بخۆیت و خەوت هات بنویت و ئازارێکت پێ گەیی بگریت! وە هۆشی ئەوەت نییە شت بگریت بە دڵەوە، هەرچیت بە سەرا دێ هەر ئەو کاتەیەو گورج فەرامۆشی ئەکەیت!. بەڵام کە تۆزێک چاوت کردەوەو سەرو گێت هەڵات ئیتر ئەم چۆنیەتیەت ئەگۆڕێ، وە رەنگ و ریسێکی تر وەر ئەگریت.

خوێنەرەوەی بەڕێز! من لە کراسی خۆما، وەبە پێی هەستی خۆم ئەو بەسەرهاتانەی کە لە ماوەی چاوکردنەوەمەوە تا ئیمڕۆ-کە نیوە چەرخێک ئەبێ- بە کورتی ئەیخەمەوە روو، وە سەر پۆتێکتان پێشکەش ئەکەم، جا ئێوەو خواتان زۆر بەوردی بیخوێننەوەو بڕیاری خۆتانی لە سەر بدەن، وە بزانن تۆ خوا ئەمە رابواردن بوو؟. ئەمە گوزەران بوو کەئێمە لەم ماوە کورتەدا کردمان و دیمان و بەسەرمان برد؟. بێ گومانم هەموو تێکرا ئەڵێن: «نە بەخوا»!.

یەکەم بەسەرهاتی گرنگ و یەکەم قۆرتی زل و یەکەم کۆسپی نالەبار کەدوای کرانەوەی چاوو گوێم دەواری رەشی لە دڵما هەڵداو تیا چەسپ بوو بە سەرهاتی جەنگی تێکڕای یەکەم بوو. من هەر ئەوەندەم لە بیرە ئەم بیست کەوا لە مزگەوتی گەورە تەپڵ و دەف لێ ئەدەن، منیش بە پێی سروشتی منداڵی کە دڵی ئەم تەحرە شتانە ئەخوازێ لەگەڵ منداڵە ورتکەدا رامان ئەکردو ئەچووین، ئەماندی وا شار خرۆشاوە، هەموو لەوێ مرووکان و بە یەکا دێن و ئەچن، کابرایەک کردبوویە سەر شوێنێکی بەرز شتی بۆ ئەخوێندنەوەو هانی ئەدان بۆ ئامادە بوون و چوون بە گژ دوژمنانی ئایینا، جەنگیان داگیرساندووە لەگەڵ ئیسلام، ئەمانیش بە دڵێکی پاکی رووناکی پڕ لە بڕواوە سنگیان ئەدایە پێشەوە - بێ ئاگا لە بنەڕەتی کارەکەو لە ئاکامی- هەموو ناوی خۆیان ئەنووسی، وە هەر لەوێشا پێیان ئەوتن: خۆتان ئامادەکەن فیسارە رۆژ رەوانەتان ئەکەین.

ئینجا کە حەلی رەوانەکردنیان ئەهات دووبارە لە مزگەوتی گەورە کۆ

ئەبوونەوەو تەپڵ و دەف لێ ئەدرایەوە!. ئێمەش کە خوا خوای شتی وامان بوو دیسانەوە رامائەکردەوە بۆ ئەوێ. ئەماندی کە وەک جەڵەبی مەڕ لەگەڵ چەن جەندرمەیەکا ئەنێرران. هەر بەم جۆرە چەن جەڵەبێکم لە بیرە کە نێرران و کران بە دەستە چیلەو نران بەدەم ئەو ئاگرە بە تینە بێ سامانەوە!. لەمانە مەگەر بە دەگمەن ئیتر کەسیان سەریان نەهێنایە دواوە، وە هەموو ژنیان بێوە ژن و منالّیان هەتیو کەوتن و باوک و دایکیان جگەریان هەڵقرچا بۆیان و سامان و دارای و خانوو بەرەیان لە دەست چوو!.

ئەمانە بێجگە لەوانەی کە، لاوو گەنجن و لەوانەی کە دەستیان دار ئەگرێ کە هەموو بە زۆر گیران و نێرران و دران بە دەم ئەو ئاگرە بە تینەوە. ئەو پیرو گەجەرو گوجەرانەش کە مابوون زاکەیان ئەهات بە دەست کاربەدەستانەوە، هەر کاتە نەکاتێ ئەگیران و ئەبران و بەناوی راکردووەوە لە بەندی خانە توند ئەکران، وە وەک مەڕو بزن ئەبرانەوە، ئینجا بە نیوە گیان بەرەڵا ئەکران، بەڵام دوای چی؟!دوای ئەوە هیزەگوش ئەکران و تەڕاییبیان تیا نەئەما!.

کاربەدەستانی بێ پیر بەمەش دانەئەکەوتن؛ ئەهاتن بە ناوی گەڕان بە دووی راکردوودا خانوو بە خانوو خانە بکیبریان ئەکردو ئەیانپشکنی، جارێ چییان بدیایە لە تەڕەو لە وشکە ئەیانپێچایەوەو ئەیانبرد. خۆ ئەگەر تاقانەیەک، یا یەکێکی ئاوەکی، یا ئاوارەیان بدیایە قۆڵبەستیان ئەکردو ئەیاندایە بەر، وە لە کونە گورگەکانی «دەبۆ»یان ئەترنجان!. ئینجا شەو درەنگێک ئەیانهێنان وەک قەساب دەستیان ئەدا لە پشتیان کامیان چەور بوایەو کزەی بکردایە وا سەریان ئەقەبلان و هەر ئەو شەوە بەریان ئەدا، وەکامیشیان هیچی لێ پەیدا نەبوایەو بۆسۆی لێ هەڵنەستایە ئەوە بە ناوی «پشت هەڵکردن لە جەنگی ئایینییەوە» بڕیاری گوللەبارانی ئەدرا! ئیتر هەر ئەوەندەت ئەزانی بەیانی لە پاڵ دیواری دەبۆ دا جەلە ئەکران و «قرم قرم» ئەدرانە بەر گوللە و مێشکیان بەو دیوارانەدا ئەپژا!. ئێمە کە منالّ و ترسنۆک و کەللەزاور بووین هەر بە بیستنەکەی نزیک بوو بتۆقین، ئیستەش کە بیری لێ ئەکەمەوە مووچڕک بە گیانما دێ!. ئەم هەموو نارەواییبیەش ئەکرا ئەگەر میبیری چەک و خۆراک و بەرگ و پێڵاوو تفاقی جەنگی ببوایە باش بوو، کەم یا زۆر هیچی هەر نەبوو!.

لەبیرمە مالّی نەنکم لە ترسی کاربەدەستان و تالّان تفاقی زستانەیان وەکوو برنج و گەنم و نۆک و نیسک وەک دۆشەک و سەرین خستبوویانە بەرگەوە کە ئەگەر هاتن بە نوێنی بزانن، کەچی بە رێکەوت هاتن و بردیان و بەشبراویان کردن، وە پرسینەوەش نەبوو، چونکێ ئەوترا: دەستێ میری بیبرێ خوێنی

نییه!.

جارێکیشیان خزمێکی جافمان هاتبوو به میوانیمان، له بەر دەرگای خۆمان یەکێک له کەلانه له ملەکان- که ئەو کاته پێیان ئەوتن قانوون - تێی خوڕی وتی: کـابرا! تو چیت؟. ئەمـیش بێ ئەوه بشـڵـەژێ وتی: «ئەوەم کـه تۆ گەرەکتم» ، ئەویش وتی: سەگبابه چەند بێ شەرم و بێ ترسه؟!. ئەمیش وتی: «وەچل قورحان راست بیژم؛ ئەگەر بیژم پیاگم کەرەکتم، ئەگەر گام گەرەگتم، ئەگەر بیژم کەرم یا گوریسم، یا هۆڕم، یا هەوانەم گەرەکتم. کەواته ئەوەمه که تۆ گەرەکتم، برۆ کوێ بیژی بابڕۆین!» .. ئیتر میوانەکەی وەک گای تالانی دایه بەرو بردی، ئێستەش ئەوته ئەیبا!. ئیتر قوڕ بـه سەره سەری نەهێنایەوه دواوه، لێم روونه به پارەیەکی زۆر گـۆڕیویەتەوه به یەکـێک کـه بڕیاری گـولله بارانی درابێ!.

خـوشکو برای بەرێز! هەروا له کـۆڵان و کـونو قـوژبنەکـانی شـارا ئەتبـینی جەندرمەو کـەلانه لەمل ئەسـووڕانەوه وەک تـوولەی چەشی برسی هەر چییـان بدیایه ئەیانقۆسـتـەوەو ئەیانبـرد، ئیـتر کـەس نـەیئەوێرا ورتەی له دەم دەرچێ، چونکه ئەیانزانی ئاکـامی کـوشتن و برین و چەرمـەسـەرییـه. جـا پەنا بەخـوا ئەمانەی کەمن ئەیلێم جگه لەوه یادداشتی منالێکی خامی پچکۆلەیه وه هەر کـارەسـاتی ئەو کـۆڵان و دەوروبەری گـەڕەکی خـۆیانه کـه دیبـوێتێ. ئاخـۆ له جـێگایانی تر به تایبـەتی له دێهـات و دەری شـار چی کـرابێ؟!. ئەوه هەر مەپرسه).

دەقی ئەم پەخشانه چەند پەردەیەکمان پیشان ئەدا؛ یەکێ، داستانی به سەرهاتی وڵاتی سولەیمانی و کوردەواری بەر پەلی حکومەتی عوسمانی که له ئاخرو ئۆخری دوایی هاتنی حوکمەکەیانا به چ جۆر لەگەڵ ژێردەستەکانا ئەجووڵانەوەو چۆن له هەموو روویەکەوه هەراسیان به مەردم هەڵگرتبوو؟!. ئەمه لوێچێک بوو له دەریای مێژووه تاریکەکەی ئەو رۆژە. یەکێ، به جۆرێکی لاوەکی ئەوه پیشان ئەدا که زۆرو ستەم کاتێ کاسەکەی پڕ کرد، ئاسیاوی رەوڕەوەی رۆژگار ئەبێ ئەو کاسەیه بهاڕێ وەکوو هاڕی!. یەکێ ئەوەشمان هەر بۆ دەرئەخا که ئەم جۆره کارەساتانەی رابوردوو تا ئەم سەردەمانه گەلێ جار که باسکراوه له شێوەی هۆنراودا زۆر بووەو زۆرمان بیستووه، بەڵام له ناو کورددا له روخساری پەخشاندا کەم خۆی پیشان داوه، ئەم پەخشانه ئەو گریەی له دڵمانا نەهێشت. ئەم دەقه ئەوه دەر ئەخا که له زمانی کوردی-شدا داستانی رابوردوو ئەو مەودایه هەیه به پوختی بتوانێ به

پەخشان دەری ببڕێ. ئەمانە هەموو لەم دەقەدا هاتوونەتە دی. بەڵام ئەوەی کەمەبەستی تەواوی ئێمەو ئەم کتێبەیە ئەوەیە کە:

ئەم دەقە لە نموونەی کوردییەکی پەتی داو بە زمانێکی سادەی دوور لە هەموو گیروگرفتیەک لە ساڵانی «١٩٦٠-١٩٧٠»دا پەیدا بووەو نموونەی ئەو سەردەمەمان پیشان ئەدا؛ ئەوەمان پیشان ئەدا کە خامەی کوردی ئەگەر بکەوێتە کار نەک لە رووی دروستکردنی هونەرە قسەییە ئاشکراکانەوە بەڵکوو لە رووی پەخشانێکی سادەی تەڕو پاراویشەوە ئەو شایانیەی هەیەو لە گێڕانەوەی بەسەرهاتا ئەتوانێ تاکی تەرازووی خۆی بە تەواوی راست بکاتەوە.

بابەتی ئەم دەقە بابەتێکی سیاسی نییە، بەڵکوو گێڕانەوەی کارەساتە، گێڕانەوەی کارەسات هیچی لە سەر نییە، ئەوەندە هەیە ئەبێ ئەو گێڕانەوەیە لە روخسارێکا بێ کە پەیکەرەکە بە تەواوی دەرکەوێ، دەقەکە ئەوەی کردووە، بەڵکوو هیچی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەو شتەی کە لەو بابەتە لە دلاّیە و عیبارەت پێی نەکرێ دەری ببڕێ.

من باسی دەقی ئەم پەخشانە لەو رووەوە ناکەم کە خاوەنێکی هەیەو بڵێم خاوەنەکەی وایە و وا نییە، بەڵکوو باسەکەی لەو رووەوە ئەکەم کە خودی دەقەکە ئەو شایانیەی هەیە ناو ببرێ بە دەقێکی بێ گیروگرفتی ئەو رۆژە لە پەخشانی کوردی دا. ناوەرۆک باسی ستەمی سەردەمێک ئەکا، روخسار زنجیرەی ناوەرۆکەکەی تێک نەداوە، بەڵکوو ئەو ناوەرۆکەی بتەوتر کردۆتەوە. ئەو روخسارە ئەوەی پیشان داوە کەزمانی کوردی ئەو شایانیەی بەبێ قۆرت و بە رەوانی شت بگێڕێتەوە بەبێ ئەوەکە خوێنەرەکە تووشی ماندوێتی بکا. من ئەم حوکمە نادەم بەڵکوو خوێنەر خۆی ئەتوانێ ئەم حوکمە بدا.

***

هەر لەم ساڵانەدا جۆرە گۆڕانێکی تر کەوتە ناو کوردەوە کە ئەمە بە تەواوی جیایە لە لاپەڕەکانی پێشووی.

لە ژمارە «٩»ی «رۆژی نوێ» کانوونی یەکەمی ساڵی «١٩٦٠»، «رۆژ» باوەڕێکی ترمان لە ژێر ناوی «ئەم کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردە»دا ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:-

(لەم ئەستێرەیەی ئێمەدا، لەم چەرخەدا، بە تایبەتی لەم رۆژانی دواییەدا گەلێک رووداوی گرنگ رووی داوەو روو ئەدا، کاروانی ئادەمزاد ملی ڕێی پێشکەوتنی گرتۆتە بەر، وە رۆژ بە رۆژ هەنگاوێکی نوێ ئەنێ بەرەو پێشەوە؛

ئەوە ئەتۆم جگە لە هێـزی کـاولکەریی چەشنە کـارێکی کـردۆتە سـەر ژیان و ئەیکا کەچاوەنوارِی ئەوەی لێی ئەکرێ یەکسەر ژیان بگۆڕێ بە بارێکا پڕ بێ لە شادی و کامـەرانی وا مـانگی دەستکرد خـولە خولی دێت لە ئاسـمان، سارۆخ جەرگی دووری لە فەزادا ئەبڕێ، ئەوەندی پێ ناچێ پێی ئادەمزاد ئەگاتە مانگ و دەسـتی ئەگـاتە ئەسـتێـرەکـان!. زانست و هونەرو ئەدەب ڕۆژ بە ڕۆژ گـەشـە ئەکەن و بەرهەمی نوێ ترو بە سـوودتر پێشکەش ئەکەن. ئەمـە لە لایەک، لە لایەکی کـەشـەوە نەتەوە نەتەوە ژێر دەسـتـەکـانی سـەر ئەم زەمـینە هەر ڕۆژەو چەند نەتەوەیەکـیـان ئازاد ئەبن و هەر مـاوەیەکی کـەم تێـپـەڕ ئەکـاو ئەبیـسـتین ئەو نەتەوەیەو ئەو نەتەوەیە بوون بەخاوەنی مالّی خۆیان و بە زەبری بازووی خۆیان خـاکی خـۆیان سـەندووەو نەخشـەی دوارۆژی ژیانی خـۆیان بە دەسـتی خـۆیان کـێشـا. ئیـمـپـریالیـزم و زۆرداری و کـۆنە پەرسـتـیـش هەر ڕۆژە لە شـوێنێـک جـەزرەبەیەکـیـان ئەگـەیەنرێتێ و تالآوێکـیـان بە دەمـا ئەکـرێ و پەلێکـیـان ئەقـرتێنرێ!. ئەو ڕۆژەش نزیکە کـە یەکـسـەر ناویـان لە لاپەڕەی ژیانیـشـا بکوژێنرێتەوە.

ئەمانە ئەگەر بە موعـجزەی سەدەی بیسـتـەم دانێین بۆمان دەر ئەکەوێ کە نەتەوەی کـورد لەم چەرخـەدا هیچ موعـجزەیەکی نیـیـە هاوبەشـێتی نەبێ لە کۆماری عیراقدا کە بە پێی دەستوور کۆماری کوردو عەرەبە. موعجزەی سەدەی بیسـتـەمی کورد ئەوەیە کە کـوردسـتـانی عیـراق بکا بە مەشـخـەلّ بۆ هەمـوو کوردسـتـان. وەجگە لەمە، وە لە جێی گـەلێک ئاواتی بەنرخ تەنیـا ئـاواتێکی بەنرخی کەمان هاتۆتە دی کە ئەویش بوونی «کۆمەلّەی خوێندکارانی کورد»ە لە ئوروپا. لە جـیـاتی ئەوەی وەک گـەلانی ئاسـیـاو ئەفـەریقـای برامـان گـەلێک ئاواتمان بێتە دی وە لە جیاتی سەربەخۆی و ڕزگاری هەموو کوردستان، ئەبینین لە جـیـاتی ئەمـانە هەمـووی کۆمـەلّەیەکـمـان هەیە، کە لە دەرەوەی کـوردسـتـان ناوێکـمـان بێنێ و هەولێکـمـان بۆ بدا، وە قـوتابیـانی هەمـوو پارچەکـانی کوردستان نوێنەریانی تیا هەبێ، کەچی لەگەلّ ئەوە هەندێک هەن کە چاویان پیا هەلّنایەت و نایانەوێ ببێ!!.

کۆمەلّەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کە کۆمـەلّـەیەکی دیموکراتی باوەڕی ئاشتـیـخوازی کورد پەروەرە، وە شان بەشانی کۆمەلّە قوتابییـەکانی کە تێی ئەکۆشێ بەبێ ئەوەی هیچ یارمـەتیەکی بدرێ جگە لە یارمەتی گەلی کورد خۆی کەشایەنی باس بێت ئەبینین هەن کە نەمانیان ئەوێ!.

ئەم قـوتابیـیـە کـورد پەروەرانـە چالآکـانە بێ ئۆقـرە تێ ئەکـۆشن بۆ کـوردو

کوردستان هەوڵ ئەدەن بۆ کوردی چەوساوەی برسی و رەش و رووت و گیرۆدەی نەزانی و نەخوێندەواری. ئەم قوتابییە کارامانە دەنگی کورد بە هەموو ئەوروپادا بڵاو ئەکەنەوەو زۆر دڵسۆزانە شەو و رۆژ خەریکی ئەوەن سوودێک بگەیەنن بە نەتەوەکەیان. بەڵام لە بابەتی ئەوەی وەک گەلی کۆنفو و ماو ماو وگەلانی ئەفەریقا یارمەتی بدرێن بۆ ئازادی هەموو کوردستان سەیر ئەوەیە، یان بڵێین «موعجزەی» هەندێک کەس ئەوەیە کە دژی ئەم کۆمەڵەیە بوەستن و لە هەموو کارو فرمانێکیا، لە هەموو هەوڵ و خەباتێکیا بەرەنگاری ئەبنەوە!. وە موعجزەکەش لەوەدایە کە ئەوانەی بەرەنگاری ئەبنەوە خۆشیان بە ئازادی خوا ئەزانن!!.

کۆنگرەی شەشەمی قوتابیانی جیهان کە لە بەغدا ئەمساڵ گیرا رای لەوە نەبوو کە کۆمەڵەی خوێندکاران نوێنەری قوتابیانی کورد بێ...بۆ؟

چونکە یەکێتی قوتابیانی عیراق بەمە قایل نەبوو، وە حەزی پێ نەئەکرد!. ئایا ئەمەش موعجزەی سەدەی بیستەمە؟. مانگی دەستکردو کەشتی ئاسمانە؟!.

بەراستی جێی داخە کە لە ناو کوردا هەن دژی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردن، بەڵام لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە رۆژێک دێت ئەوانەی بە هەڵە چوون پەشیمان بنەوە، وە ئەوانەش کە بە ئەنقەست دژی ئەم کۆمەڵەیە ئەوەستن هەر لە بەر ئەوەی هی کوردە رووزەردییان بۆ بمێنێتەوە!).

ئەم دەقە ئێمە کە هێنامانەوە مەبەست روخسارەکەی نییە، بەڵکوو ناوەرۆکەکەی زیاتر ئامانجی ئەم کتێبەیە.

هەتا دەوروبەری ئەم مێژووە کورد کە دەقی پەخشانی پیشان ئەدا وەکوو بڵێیت بابەتەکەی هەر لە ناو چوارچێوەی وڵاتەکەدا بوو، ئێستە گەیشتە ئەو پلەیە کە جگە لە وڵاتەکەی خۆی شوێنانی تریش ببینێ. مەبەست هەر بینینەکە نییە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لە کاروباری کوردەوە قسەبکا. دیارە ئەمە پلەیەکە بۆ کورد کە تا ئەم رۆژانە خوێندەوارییەکە لە ناو خۆیا، وەیا لە ناو ئەو حکومەتانەدا بووە کە ئەوی تێدا بووە، ئێستە وردە وردە قوتابییەکانی روویان کردە ئاورووپاو وڵاتانی رۆژهەڵات، لەو شوێنانە کەوتنە دوان و کۆڵینەوە لە بارەی بەسەرهاتی کوردەوە، بەجارەها کۆنگرەیان ئەگرت و لە هەموو روویەکەوە قسەیان ئەکرد. ئەم قوتابیانەش وەنەبێ بەشێکی تایبەتی یەک وڵات بووبن، بەڵکوو هەر یەکەو هەر چەند قوتابییەکیان هی بەشە وڵاتێکی کوردەواری بوون،

هەر یەکە ناتەواوی بەشە وڵاتی خۆی ئەخستە بەر دەستی ئەوانیتر بۆ ئەوە لە دەردی یەک ئاگاداری پەیدا بکەن و بە هەمووویانەوە ئەو کۆششە بکەن بۆ پووکاندنەوەی ئەو ناتەواوییە.

ئەمە لەم رووەوە پێشکەوتنێک بوو کە بە سەر لاپەڕەی ژیانی کورددا هاتبوو، دەقەکە ئەو مێژووە ئەگێڕێتەوە؛ ئەوە ئەگێڕێتەوە کە ئەگەر کوردەکە تا ئەو سەردەمانە لە ناو یەک «جغز»دا یاری ئەکرد ئێستە گۆڕانی گێتی ئیشێکی وای کرد کە ئەوانیش روو بە رووی ئەو گۆڕانە ببنەوەو لە هێلانەی خۆیان باڵە فرە بێن و بکەونە ناو گەردوونێکی ترەوە. ئاشکرایە کە وشە گوزارشت لە گوزارە ئەداتەوە، گوزارەش پەیدا بوونەکەی لە ئاوو هەوای ئەو ناوچەیەیە کە خاوەن وشەکەی تێدایە. تا ئەم مێژووانە پەخشانی کوردی کە قسەی ئەکرد هەر لە ناوەوەی وڵاتەکە بوو، ئێستە کەوتە دەرەوە، بیرو هۆشەکە بە جۆرێ بڵاو بووەوە، کە تاکی نەتەوەکە قسە لە کەم و کووڕی و ناتەواوی ناوەوەی نەتەوەکە بکا. ئەمە گۆڕانێکی گەورە بوو کە بە سەر بیرو باوەڕا هات.

لە بن دەست ئەمەشەوە هەر ئەم دەقە ئەوەشمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە هی وا هەبووە لە دژی ئەم خوێندکارانە بووە و بە هەوایەکی تر قسەی کردووە. ئەم بەرەنگاریەش وەنەبێ تایبەتی بووبێ، وە یاببێ بەو دەستەیەوە، بەڵکو شێوەی هەموو گۆڕانێکە، کە ئەبێ دەستەیەک؛ ئەو دەستەیە کە پەروەردەی ئاوو هەوای پێش گۆڕانەکەن، ببێت، وە روو بە روویان بوەستن، بەڵام شەپۆل کە هات نایگێڕێتەوە.

وەکوو وترا ئەم دەقە بۆ روخسارەکەی نییە، بەڵکوو قسە لە ناوەرۆکەکەیدایە؛ بۆ ئەوەیە کە چ جۆرە گۆڕانێک وردە وردە رووی کردە کوردەکەو ئاسۆی بیرو باوەڕی لە هەموو روویەکەوە فراوان بووەوە.

***

هەر لە نێوانی ئەم ساڵانەدا جگە لە سەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامە هەندێ جاریش پەخشانی کوردی خۆی لە سەر لاپەڕەی کتێب و نامیلکە-ش ئەبینی. وێنەیەک لەوانە دەقی پەخشانی نامیلکەکەی «جەمال نەبەز»ە، کە بەناوی «خوێندەواری بە زمانی کوردی» لە ساڵی «١٩٥٧»دا بە چاپ بڵاوی کردەوە. لە سەرەتای نامیلکەکەدا ئەڵێ:

(چەند وتەیەک

هاووڵاتی خۆشەویست؛ هەروا لە بیرمە جارێکیان گۆڤارێکم پەڕە پەڕە ئەکرد،

کوتوپڕ لە سووچێکەوە چاوم بەم هەواڵە کەوت:

«ئایە ئەزانیت رۆژێ «١٠٠,٠٠٠» چاپکراو بە زمانی ئینگلیزی دێتە بازاڕەوە؟».

بەڵێ.. سەد هەزار چاپکراو! سەد هەزار چاپکراوی هەمە چەشنە بە گۆڤارو نووسراو و رۆژنامەو نامیلکەوە ئەخرێتە بەردەم خوێندەوارانی ئینگلیزی لە تاقە رۆژێکا؛ واتە سێ ملیۆن لە مانگێکاو سیو شەش ملیۆن لە ساڵێکا!.

بەراستی من کە چاوم بەم ژمارە گەورەیە کەوت گەلێ واقم وڕما، ناهەقیشم نییە، چونکە ئەوەتەی ئێمە هەین هیچ کاتێک بە خۆمانەوە نەدیوە مانگی کتێبێکمان بە زمانی کوردی بۆ دەرچووبێ، بگرە جاری وا بووە لە ناو ساڵێکا، یان دوو ساڵا تەنیا کتێبێک دەرچووە، ئەویش بە هەزاران ئەرک و دەردی سەری، کەچی ژمارەیەکی کەمی لێ بڵاو بووتەوەو ئەویتری لە کون و قوژبنی دوکانی کتێب فرۆشەکانا بووەتە خۆراکی مشک و مۆریان!.

بێ گومان ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ پاشکەوتنی نەتەوەکەمان و بەجێ مانی لەکاروانی گەلانی زیندوو، چونکە بڵاو نەبوونەوەی چاپکراو لە ناو گەلێکا، مانای نەبوونی زانستی و خوێندەوارییە، وە بە پێچەوانەی ئەوەوە زۆربی بڵاو بوونەوەی لە سنوورێکی فراوانا تێگەیشتن و پێگەیشتنی ئەو گەلەمان ئەخاتە بەرچاو.

ئیمرۆ هەموو تێگەیشتوویەکی دڵسۆزی کورد ئەزانێ نرخی خوێندەواری چییە وە بۆی دەرکەوتووە کە خوێندەواری سەرەڕای ئەوەی پێوانەیەکە بۆ پێشکەوتنی گەلان، لە هەمانکاتا بۆ گەلی پاشکەوتووی وەک ئێمە کلیلی دەرگای خێر داخراوی رزگارییە. گەلی کوردیش بۆ ئەوەی کۆت و زنجیری بەندایەتی لە پێی خۆی دامالێ و لە ناو شەوەزەنگی دیلی و کوێرەوەریا رێی رزگاری بدۆزێتەوە بەرەو دنیای رووناکی و بەختیاری، پێویستە چەکی زانین و هونەر بەرامبەر دوژمنانی زانیاری و پێشکەوتن راستکاتەوە، مەشخەڵی خوێندەواری بە زمانی شیرینی کوردی بەرزکاتەوە، تاتیشکە بەتینەکەی کوێرایی یەکجاری بەچاوی پڕو پووشاوی شەمشەمە کوێرە و کوندەبەبووی شومی تاریکیا بهێنێ. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە هەر خوێندەوارییەک بە زمانی نەتەوایەتی نەبێ وەک سفری لای چەپ بێ نرخە، چونکە خوێندن بە زمانی بێگانە گیانی نیشتمانپەروەری و هەستی بەرزی نەتەوایەتیمان تیا ئەمرێنێ و لە جێگای ئەوە دەماری بێگانە پەرستی و

ناکۆکی و رارابیمان تیا پەیدا ئەکات، بۆیە ئەبێ تا لەو زەمانا بێ خوێندەواری بەزمانی خۆمان بلاو بکەینەوەو بیخەینە برەو. جا هەرچەندە جێی شانازییە کە لەم رۆژانەدا سەرەتای جوولانەوەیەکی پیرۆز دەستی پێ کردووە، بەلام زۆر بە پێویستم زانی ئەو بەرهەلستانە کە بوونەتە بەردی رێگر لە بەردەم بلاوبوونەوەو پێشکەوتنی زمانی کوردیا بیانخەمە روو تا بتوانین یەک یەک لە رێ یان لادەین. بێجگە لەوەش هەندێ لەو کردەوانەی کە ئەبنە هۆی رازاندنەوەو گەشەپێدانی کتێبخانە چۆڵو هۆڵەکامان دەست نیشانیان کەم تا دەستوبردیان لێ کەین و بە زوویەکی زوو ئەم ئاواتە بەرزەمان بهێنینە دی. ئیتر هیوام زۆرە کە گەنجی خوێندەواری بەهۆش کوورەی مەردایەتی بێتە جۆش و لەبیر خۆی نەباتەوە کە لە سەدەی کارەباو ئەتۆما ئەژی؛ لەو سەدەیەدا کە هەرچێ دەم ئەکاتەوە داوای رزگاری ئەکات، تەنانەت ئەو نەتەوانەی کەوا ژمارەیان لە سەد هەزارێک تێپەڕ نابێ هەموو خاوەنی خۆیانن. بەسە، چەرکەس و مەغوول و بەربەر و هیندییەکانی خوارووی ئەفەریقاش بە زمانی زگماکی خۆیان ئەخوێنن و ئەنووسن، لە کاتێکا نەتەوەیەکی پانزە ملیۆنی کورد نەک هەر تەنها میراتی دەهەزار ساڵەی باو و باپیری لێی زەوت کراوەو خراوەتە سەر بەشی مالان و بەس، بەڵکوو لەو هەقە کەمەش کە بە کوردی خوێندنە بێ بەش کراوە!. بە رادەیەک لە هەندێ جێگا کوردی نووسین بە تاوانێکی وا ئەدرێتە قەڵەم سەری ئەو کەسەی تیا بە برین ئەچێ!..

برای کوردم!

چەند هەزار ساڵێکە رێیی یەکێتیمان هەڵە کردووە، دیلی و نۆکەری و بوختان پێ کردن دانە پاڵ جنووکە و کردن بە تورکی شاخاوی و بە کەر دانە قەڵەم نەبێ هیچی ترمان دەست نەکەوت. دەمێکە لەسای سەری دوو بەرەکی و ناکۆکیەوە کەوتوینەتە سەرو پۆتەلاکی یەکتری و دوژمنمان بیر چووەتەوە. بام جارێکیش لایەک لە خۆمان بکەینەوەو دەست بدەینە دەستی یەک. باوەڕیشمان ببێ کە هەتا یەکێتی و برایەتی و تێ کۆشان وەستابێ، هێز نییە لە بەردەمانا خۆی بگرێ.

ئیتر لە پێناوی خزمەتکردنی کورد و زمانی کوردیا بە دڵێکی نەترس و گیانێکی لە خۆ بووردووەوە بەرەو پێش.

٢٩ی مانگی ئاب ١٩٥٧ فەرەنگی.

جەمال نەبەز)

لەو ساڵانەدا بیرو باوەڕی کورد لە بارەی خوێندەوارییەوە جۆرە گۆڕانێکی تری بە سەردا هاتووە؛ جاران هەر ئەوەندە بوو داوای خوێندەواری ئەکرا، ئێستە ئەو داواکردنە بە چەشنێکی تر دێتە ناوەوە، داوای ئەوە ئەکا کە تا ڕۆژنامە و گۆڤارو کتێب پەرە نەستێنێ ئەو خوێندەوارییە بنج داناکوتێ. وە نەبوون وە یا کەم بوونی ئەمانەش چەند هۆیەکیان هەیە؛ لەوانە نەبوونی چاپخانەیە، نەبوونی دەزگای بڵاوکردنەوە- دارالنشر-، یەکخستنی شێوەکانی زمانی کوردی، وە بۆ ئەم ئامانجەش پرۆژەیەک بە ناوی پرۆژەی نووسەرانی کوردەوە دابنرێ بۆ ئەوە ئەم پرۆژەیە پەیوەندی لە نێوانی ئەدیب و نووسەرو هۆنەرانی کورددا پەیدا بکات. نووسراوە دەستنووسەکان کۆ بکرێنەوە، کۆڕێکی زانیاری کورد هەبێت، کتێبخانەیەکی گشتی بۆ کورد دروست بکرێ، خوێندنی قوتابخانەکان بە کوردی بێ، وەرگێڕان زۆر ببێت بۆ سەر زمانی کوردی، هەروەها لە کوردی-شەوە بۆ سەر زمانەکانی تر. ئەمانەو گەلێ شتی تریش.

ئەو دەقەی نوسەر-کە نموونەیەکە لە تەواوی دەقەکەی-ئەوە پیشان ئەدا کە خاوەنەکەی لە ناو دەریایەکی ئەندیشەی نەتەوایەتیدا ژیاوە، ناگوزووری ئەو ڕۆژەی کورد ئاسۆی بیرو هۆشی خاوەن دەقی فراوان کردۆتەوەو ئەو بیرو هۆشە کە بۆی پەیدا بووە بەو پەخشانە گوزارشتی لێ داوەتەوە. پەخشانەکە ئەبێ بە مێژوویێک بۆ ئەو ناتەواوییانە کە لەو ڕۆژەدا هەبوون، کەوتۆتە سەر ئەو ڕێگایە کە کورد ئەگەر بیەوێ لەگەڵ ڕەوڕەوەی گەردوونا بچێ بەرێوە ئەبێ پێش هەموو شتێک ئەو ناتەواویانە نەهێڵێت، ئەو نەتەوانە کە پێشکەوتوون سەرەتا بەم ڕێبازانەدا ڕۆیشتوون؛ ئەمانە بوون کە بوون بە کلۆمی کردنەوەی ئەو دەرگایانە کە لە سەریان داخراوە.

گوزارشتی هەر کەسێک بۆ یەک شت، یا بۆ چەند شت جیایە لە گوزارشتی یەکێکی تر هەر بۆ ئەو شتە، یا بۆ ئەو شتانە. ئەم گوزارشتەی لەم دەقەدا هەیە بە تەواوی ڕوونی ئەکاتەوە کە خاوەنەکەی بە بێ ترس ڕوخساری دەقێکی خستۆتە بەردەستی ئێمە کە بەبێ پەردە بزانین چۆنیەتی ئەو ڕۆژەی کورد چۆن بووەو بەچ جۆر لە ناو ئەو پەنگاوەی دەر ئەچێ؟. ئەم بیرو هۆشەش کاتێک پەیدا بووە کە خاوەنەکەی وەکوو ڕۆشنبیرێک لە دووڵاوە، بەدوو چاوەوە سەیری کردووە؛ یەکێ خوێندەوەی سەر گوزەشت و بە سەرهاتی بێگانە، یەکێ وردبوونەوەی لە کاروباری کورد کە خەڵکی تر چۆن پێشکەوتوون و کەچی ئەم هەر لە شوێنی خۆیایە!. دەقەکە ئەم ڕێی بەدییەمان بۆ ئەکا بە عیبارەتێکی سادەو لە هەمانکاتیشا بە ڕێی پیشاندانێکی هەر سادە.

کەوا بوو روخسارو ناوەرۆکی ئەم پەخشانە هەردووکیان لە ناو یەک بۆتەدا دەرچوون. جگە لەمە ئەبینین لە شێوەی گوزارشتدا جۆرە گوزارشتێک لەو رۆژەدا باو بووە کە دوور نییە ئەو روخسارە ئیمرۆ بە جۆرێکی تر پەیدا ببێ.

***

لە نێوانی سالانی «١٩٥٨-١٩٧٠»دا گەلێ جۆرە بابەتی نووسین کەوتە ناو سامانی پەخشانی کوردییەوە. یەکێک لەوانە کتێبی «پێش مەرگە»کەی دوکتور رەحیمی قازییە، کە لە سالی ١٩٦١دا دەستی چاپی گەیشتێ. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو پەخشانە:

.............................................

شێرکۆ و پیرۆت بە شەو لە «کانی سەوزە»وە دەر کەوتن بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ دەچن و چ ئامانجێکیان لە بەر چاو گرتووە. پیرۆت لە پاش ئەوەی کە، بە سەرکەوتنەوە لە عۆدەی کوشتنی رەئیسی ستادی سەقزو مینەئاغا هاتبوو ئیتر بیرو فیکری لە مەڕ دنیا بە تەواوی گۆڕا بوو، وە هەمیشە شەڕو رێ گرتن و پیاو کوشتن و تفەنگی بە خەیالدا دەهات و فیکری بۆ هیچ شتێکی دیکە نەدەچوو، تەواوی هەوڵ و تەقەللای دەروونی پیرۆت بۆ ئەوە بوو کە بەسەربەستی بژی و ژێر دەستی هیچ کەسێک نەبێ، بەلام نەیدەزانی رێگای ژیانێکی بەو جۆرە چلۆنە، وە بە تەنیا شکی بۆ تفەنگەکەی دەچوو!.

هەرچێ کە شێرکۆ بوو بە چەشنێکی دیکە لە دنیای دەڕوانی و ئەو وەک پیرۆت لە بیری شەڕو رێگری و پیاو کوشتندا نەبوو. شێرکۆ دەیەویست بەسەربەستی و ئازادی بژی، بەلام نەک لە کێوو شاخان بە خۆی و بە تفەنگە قولەکەیەوە.

هەردووکیان بە رێگادا دەڕۆن و هەریەکەی بە جۆرێک بیر دەکاتەوەو وەک چلۆن دەلێن: «دڵ ئاگای لە دڵە» ئەوانیش لە دڵی یەکتری شارەزا بوون. لە نەکاو شێرکۆ دەستی بە قسە کردو گوتی:

پیرۆت وەرە با ئەو شەو خۆمان بگەیەنینە «بەردەرەش»و بچینە ماڵی «میرزا قویتاس». میرزا قویتاس پیاوێکی دنیا دیتووەو لەگەڵ بابم دەستە برا بوو، وە زۆر تێگەیشتووە و پرسی پێ دەکەین و بزانین چمان پێ دەڵێ. پیرۆت رازی بوو، وە هەردوو بۆ لای بەردەرەش وەرێ کەوتن و نیزیکی پارشێو گەیشتنە جێ وە لە حەوشەی میرزا قویتاس وە ژوور کەوتن. میرزا قویتاس کە چاوی بەو دوو لاوە کەوت بە تفەنگەوە هێندێک ترسا، بەلام سلاوی بە حورمەتی

شێرکۆ دەست بەجێ هێنایەوە سەرخۆ و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی کردن و لە لای ژوورووی دانان.

میرزا قویتاس لە کاتی منداڵیدا لە حوجرەی فەقێیان وەک سوختە هێندێکی لە لای مەلا خوێندبوو، وە کە گەیشتبووە «مریشکەرەشە»، مەلا ئەو رۆژەی کە گەیشتبووە سوورەی «عەبەسە وە تەوەللا، ئەن جائەهول ئەعما، وە ما یودریکە لە عەللەهو یەززەککا» بە میرزا قویتاس گوتبوو: «قویتاس! عەبەسە، یانێ خوێندن بەسە. وەتەوەللا، یانێ بوویە مەلا . وەمایدریکە، یانی بوویە گوێرەکە. جا ئێستا بۆ مەلا مریشکە رەش گەرەکە!». زڕدایکی مریشکە رەشەی بە قویتاس نەدا بوو بۆ مام مەلای بەرێوە ئەویش دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو، بەڵام بەو نیسکە خوێندنەش دەیتوانی سیایی گۆشت و قەرزدارەکانی بە دوکاندار بنووسێ. جا لەبەر ئەوە هەر لە منداڵیەوە خەڵکی دێ نێوی میرزا قویتاسییان لە سەر دانابوو. میرزا قویتاس لە پاش گەورە بوون، بۆ بەرەوژوور بردنی سەوادی خۆی «شانامە»یێکی پێست چەرمی کۆنی فیردەوسی وەچەنگ خستبوو، وە بەشی زۆری هەڵبەستەکانی لەبەر کردبوو، وە شەوانە خەڵکی دێی لێ وەکۆ دەبوو وە پڕ بەزاری بۆی دەخوێندنەوە، ئەو خەڵکە نەخوێندەوارە کە چاویان لە دەم و لەوسی میرزا قویتاس دەکرد وە هیچ لە هەڵبەستەکانی فیردەوسی نەدەگەیشتن دەیانگوت: «پیاوێکی کە کتێبێکی بەو زەلامی و ئەستوورییە بخوێنێتەوە بێ شک مەلای دوازدە حیلمە.». میرزا قویتاس جار، جارێک سەری لە سیاسەتیش دەخورا، وە لە ساڵەکانی دوای حوکماتی پەهلەویدا ببوە «پیاوی دیوان» بۆ ئاغاکەی بەردەرەش. ئاغاکە بۆ خۆی نەخوێندەوار بوو، وەهەر جارەی کاری دەکەوتە ئیدارەیەکی دەوڵەتی لە شاری میرزا قویتاسی دەنارد.

میرزا قویتاس لە دەست ئیدارەکانی دەوڵەتی، بە تایبەتی لە دەست ژاندرم و پۆلیس و ئیدارەی سەربازگیری هێندەی عەزاب و کوێرەوەری و چەرمەسەرێ و نالەباری دیتبوو کە رقی دنیای لێ هەڵگرتبوون. ئەو بەچاوی خۆی دیتبووی کە کاربەدەستانی دەوڵەت بە چ جۆرێ سووکایەتی بە نەتەوەکەی، زمانەکەی و داب و رێ و شوێنی وڵاتەکەی دەکەن!. ئەگەر دەستی رۆیشتبایە هەر ئەوی دەمێ ئەوانەی کە سووکایەتییان بە نەتەوەکەی دەکرد لەت و پەت دەکرد، وەیا بە قەولی خۆی گوتەنی بە «جەهەننەمێ موشەڕەت» دەکردن. میرزا قویتاس نەتەوەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست، وە هەر کاتێک «شانامە»ی دەخوێندەوە بە دەعییەو تەشەخوسەوە بە خەڵکەکەی دەگوت: «ئەو پاڵەوانانەی کە

فیردەوسی باسیان دەکا هەموویان کورد بون، بەڵام رووی زەمانە رەشبێ ئێستا دەوران گۆڕاوەو مشک و شەمشەمەکوێرە سوارن، شێرو پڵینگ پیادە، لە جێ بازان قەل دەقرێنێ، لە جێ قوورینگ، کوند دەخوێنێ!».

لە کاتی رەزاخاندا هەر چەندە پێچ و پشتێند قەدەغە کرابوو، وە هەر کەسێکی بیبەستبا ژاندارەکان لێیان دەکردەوەو ئاوریان تێ بەر دەدا و خاوەنەکەیان جەریمە دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەش میرزا قویتاس پێچ و پشتێندی دانەنابوو، وە بە تەنیا کاتێک کە ئاغا دەینارد بۆ شاری بە دووی کارێکدا، لە نزیک شاری پێچەکەی لە باغەڵی دەناو کڵاوێکی چڵکن و بۆری «پەهلەوی» لەسەر دەنا. کاتێک کە دام دەزگای رەزاخان تێک تەپی میرزا قویتاس بەر لە هەموو شتێک ئەو کڵاوەی وەبەر شەپان داو بە حوزووری خەڵکی دێیەکە ئاوری تێ بەردا!.

تێکچوونی حوکماتی پەهلەوی، چەکدار بوونی کوردان، سازبوونی «کۆمەڵە» لە «سابڵاغ»وە وردە وردە بڵاوبوونەوەی بیرو باوەڕی رزگاری خوازی لە کوردستان لە دڵی میرزا قویتاسدا رووناکیەکی گەورەی هێنابووە گۆڕێ و هومێدێکی زۆری بە دوا رۆژ هەبوو. میرزا قویتاس چووبوە سابڵاغ و لەوێ بەنهێنی ببوە ئەندامی «کۆمەڵەی ژ-ک»وە لە لایەن کۆمەڵەوە بە سەرۆکی لکی بەردەرەش و حەول و حەوش دیاری کرابوو. میرزا قویتاس کاتی قسەکردن بۆ ئەوەی کە خوێندەوار بوونی خۆی بنوێنێت و بە گوێ دێرەکان حاڵی بکات کە پیاوی دیوانە زۆر بە رێ و جێ و تێکەڵ و پێکەڵی وشەی فارسی و عەرەبی و کوردی دەدوا!. کاتێک کە شێرکۆ و پیرۆتی بەخێرهاتن کرد و داینان، لێی پرسین:

ئۆغر بێ، فەرموون بزانین لە کوێرا تەشریف فەرما بوون و بەو ئەسلەحەو قەددو تەوارەوە تەشریفتان بۆ کوێ ئەچێ؟. شێرکۆ، کە میرزا قویتاسی دەناسی وەچەند جارێک هاتو چۆی کرد بوو باوەڕێکی زۆری بەوی هەبوو وە تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، هەروەک بۆ باوکی خۆی بگێڕێتەوە، لە پاشان کە تەواو بوو کوتی: فلانی! حاڵ و هەواڵ بەو جۆرەیە وە ئێستا هاتوینە ماڵی تۆ پرست پێ بکەین و بزانین چیت پێ مەسلەحەتە وا بکەین. میرزا قویتاس تاوێک چووە ناو فیکرو خەیاڵەوە، ئانیشکی لەسەر رانی داناو بە دەستی بەرچاوی گرت و لە پاشان دەستێکی بەدەم و چاویدا هێناو کوتی:

دەوەالله ئەمنیش هەر لە ئینسانێکی وەک ئێوە دەگەڕام، وە خوڵا ئێوەی گەیاند. بابم! ئێوە هیچ ئیسمی کۆمەڵەتان بیستووە؟. پیرۆت هەڵیداو کوتی:

بەڵێ بیستومە دەڵێن دوژمنی ئاغاوەت و رەئیس و مەئیسە. حەجەمەکان و خەڵک دەیان کوت رووتکران و کوشتنی رەئیسەکەی سەقزیش کاری کۆمەڵەیە. میرزا قویتاس زەردەخەنەییێکی هاتێ و کوتی: ئەووەڵەن کۆمەڵە دوژمنی هەموو عەجەمێک نییە، بە تەنیا دوژمنی ئەو رەئیسانەیە کە زوڵم و زۆری لە میللەت دەکەن. کۆمەڵە رێگری و ئینسانی بە خەتاو بێ گوناه کوشتن بە کارێکی زۆر خراپ و قەباحەت حساب دەکات. وە وا مەعلوومە هێشتا بە چاکی لە مەعنای کۆمەڵە حاڵی نەبوون. جا گوێتان لێ بێ بۆتان بەیانکەم:
.......................................................................).

ئەگەر راستت ئەوێ لە ساڵانی «١٩٥٨» بەدواوە لە هەموو وڵاتی کوردەواریدا جۆرە گوزارشتێکی تر لە ناو زمانی کوردیدا پەیدا بوو کە ئەمانە لە سەردەمەکانی پێشوودا کەمتر بەرچاو ئەکەوتن. لەم مێژووە بە دواوە چوار پینج ساڵ بەروو دوایی بابەتەکە ناگۆڕێت. پەیدا بوونی ئەم گوزارشتانەش لەبەر ئەوە کە بیرو باوەڕ گۆڕا، چەشنە ئاوازەیەکی تر هاتە ناوەوە، سروشت وریابوونەوەیەکی پەیدا کرد، بەجۆرێ کە نەختێ تاک زیاتر بایەخ پەیداکا، شۆرشی نەتەوایەتی زیاتر برەو پەیدا بکا، کارەسات و سەرگوزەشت بچێتە ناو پەردەی چیرۆکی درێژەوە. تا ئەو ساڵانە ئەگەر یەکێ شتێکی لە دڵا بوایە پرکێشی نەئەکرد دەری ببڕێ، دەرنەبڕینەکەش لەبەر ئەوە بوو کە ئاسۆی فیکریی بەجۆرێ هێنرابووە یەک بەلایەوە وابوو یەکێکی تری دەست ناکەوێ دەردەدڵی خۆی لەلابکا! ئەو پەردە رەشە لەنگەری خستبووە سەر هەموو ناوچەکەدا، گوزەرانی لە هەموو کەس تاڵ کرد بوو، بکوژو ببڕ بوو بوو بە جەندرمەیەک کە چێوێکی میری بەدەستەوە ببوایە، خوا نەکا یەکێ بتوانێ قسەیەکی لەرروودا بکا.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە ئەوانەمان هەموو بۆ باس ئەکا. دیارە ئەم گۆڕانەش بەم جۆرە جوولانی گەردوونە دروستی ئەکا، ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمانە هەر ئەبێ دروست ببن، چونکە رۆژان رۆژی بە دوادا دێت، مرۆڤەکە خۆی «گا»نییە لە پێستێکا بمێنێتەوە، بیرو باوەڕەکەش هەر وایە ئەبێ ئەو گۆڕانەی بە سەرا بێت. روخساری دەقەکەش روخسارێکی سادەیە، بە شێوەیەکی زیاتر موکریانی دەستی کردوە بەگێڕانەوەی بەسەرهات و سەرگوزەشتە، کوردییەکەی کوردیەکی پەتی وایە کە لە زمانی نەخوێندەوارێکی کوردی واوە دەرچووبێ کە بە درێژایی تەمەنی نە شارستان، وە نەخوێندەواری چاو پێ کەوتبێ؛ بۆیەش وا ئەڵێم چونکە زمانی خاوینی نەتەوەیەک – بە تایبەتی نەتەوەیەکی وەکوو کورد

کە زمانەکەی بە حوکمی بەسەرهاتی خاکەکەی دوو سێ زمانی تری پیا ئالاوە – ئەو خاوینیە کە لە نێوان دوو پیاوی پیر، یا دوو ژنی تەرپیر، یا دوو کچی سەر رانە بێژە، یا دوو کوڕی سەر ئەو رانەبێژە پەیدا ئەبێت.

خاوەنی ئەم دەقە خوێندەوارو رۆشنبیرێکی بەرز بووە، بەلام لە دروستکردنی ئەم چیرۆکە درێژەیدا ئەلێ بە تەواوی چوەتە ناو دەمی شێرکۆو پیرۆت و میرزا قویتاس و بایزو باپیر– کە ئەمانە بێجگە لە میرزا قویتاس تۆزێ رەش و سپی لەیەک ئەکردەوە – ئەوانیتر تەقەلیان لە خوێندن نەدابوو، بەزمانە سادەکەی ناوچەی بۆکان و سەراو و سەرچاوە رێزیان لە ریزی وشەی کوردی پەتی ناوە.

***

«مەم – محەممەد مەولوود» لە ژمارە «١١»ی سالی «١»ی گۆڤاری «هیوا»–١٩٥٨– لە ژێر ناوی «منالی کورد»دا بیرو باوەڕێکمان لە پەخشانێکا بۆ دەرئەبرێ و ئەلێ:–

(عیزەدین ئیبراهیم لە قوتابیانی پۆلی پێنجەمی «مظفریە» لە هەولێر. یەکێک لە بەلگە گرنگەکانی پێشکەوتنی گەلان و هۆی سەرکەوتنیان لە ژیاندا، پێگەیاندنی مندالەو پەروەردە کردنیەتی لە سەر رەوشتی باش و خووی پاک و بناغەیەکی بە تینی تەندروستی – فسیۆلۆجی–وە بەرزکردنەوەی هەست و گیانیەتی، وە گەیشتن بەم ئامانجە ولاتە پێشکەوتووەکان جۆرەها دەزگایان دامەزراندووە کە مندالەکانیان بە هۆیانەوە چاویان بکرێتەوەو لەش و گیان تێدا پەروەردە بکرێت، وە چۆن حکومات لەم رووەوە ئەرکی زۆریان گرتۆتە شان هەرواش کەسان ئەوەی لە باریاندا هەبێ ئەیکەن و دریغی ناکەن، وە هەست بەوە ئەکەن کە رۆلەیەک ئیمرۆ لە سەر بنچێکی توندو بە هێزی تەربیە بروێت بێ شک پیاوی دوارۆژە پیاوێکە کە گەلەکەی پێی سەربەرز بێت و شانازی پێوە بکات، بێ گومان دایکان لەم مەیدانەدا بەشیان لە هەمووان پترە. بەلام ئێمەی کورد ئایا لەم رووەوە بەرامبەر مندالەکانمان چیمان کردووە؟ و ئەوەی لە سەرمان پێویستە بیکەین کردوومانە؟!.

من لێرەدا وێنەیەک لە منالی کورد ئەخەمە بەرچاو بۆ ئەوەی مەبەسی پرسیارەکەم نەختێ روون بێتەوە: وەکوو دیارە هەموو سالێک لە رۆژی دایکانی عالەمیدا لە–یابان– پێشانگەیەکی وێنە رێک ئەخرێ بۆ مندالانی جیهان کە تەمەنیان لە ناوێن ٦–١٤ سالیدایە بۆ ئەوەی هەست – عاطفە– یان بەرامبەر بە دایک و ئەو رۆژە پیرۆزە دەرخەن، هەروا بۆ تاقیکردنەوەی

پلەی زیرەکییان. وە وا ڕێک کەوت کە لە دوو ساڵی رابوردوو -٩٥٦-٩٥٧- منداڵی کوردیش لەگەڵ منداڵی گەلانی تر لەو پێشانگەیە بەشدار ببێت، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە لە ساڵی ١٩٥٦ «عبداللطیف حسن» ناو منداڵی کوردێکی هەولێری -میدالیە-ی دووەمی عالەمی-عیراق-ی وەرگرت، وە لە ساڵی ١٩٥٧یش منداڵە بەهرەدارە کوردەکەی هەولێری - عیزەدین ئیبراهیم- کە تەمەنی «١١» ساڵەو لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییە میدالیەی یەکەمی عالەمی-عیراق-ی لەگەڵ شەهادەیەکی بەرزی بە ناوی دەزگای دایکانی جیهان پێشکەش کرا. ئەم دوو منداڵە کوردە ئێستا لە هەولێر لە ژێر چاوەدێری «محمد محمد علی عارف» مامۆستای وێنە لە قوتابخانەی «مظفریە» پەروەردە ئەکرێن و چاوەڕوانی دوا ڕۆژێکی گەش و پڕ سوودیان بۆ ئەکرێ. بێ شک ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە منداڵی کوردی-ش هەرگیز لە منداڵی گەلانی تر ئەگەر بەهرەدارتر نەبێت بێ بەهرەتر نییە. لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەش کە ئەکەونە ڕێگای دەربڕینی هەست و دەرخستنی بەهرەی بە هۆی پاشکەوتنی گەلەکەی و چەپۆکی گرانی ڕۆژگار کەهەمیشە بەسەر سەریەوەیەتی بەلای منەوە ئەو تەگەرەو کۆسپانە نابێ ڕێگای ئەوەشمان بگرێ کە ئێمە-کەسانی گەلی کورد - هەستمان بەرامبەر منداڵەکانمان بەچاکی دەرخەین. ئێمە ئەتوانین لە سنووری یاساو توانامانەوە لەم مەیدانەدا دەوری خۆمان بەرێکی بهێنینە دی. کوا چ یەکێکمان تا ئێستا بۆ منداڵەکانمان شتێکی وامان کردووە کە شایانی ناز بێت؟. کەی ئێمە دەزگایەک یا پرۆژەیەکی نەتەوایەتیمان پێک هێناوە کە بە هۆیانەوە بگەینە ئەو ئامانجانەی سەرەوە؟!. تەنانەت هێشتا لە هەموو ئەم کوردەوارییەدا چەند کەس ئاگاداری چۆنیەتی ئەم دوو منداڵە کوردەن؟!. ئەگەر ئەم دوو منداڵە منداڵی گەلێکی تر بوایە ئەزانن چۆن ئەخرانە سەرسەرو چاوو ڕێزیان ئەگیراو چەشنەها دیارییان پێشکەش ئەکرا؟ چەند زەماوەندیان بۆ ئەگیرا کە هەموو کەسێک گەورەو بچووک بە شانازییەوە تێدا هەڵئەپەڕین؟.

بێ شک وایان بۆ ئەکرا کە هەست بەوە بکەن ئەوانیش شتێکن و بوونیان پێویستێکی نەتەوایەتییەو هەروا هەوڵدانیان و هەنگاو هاویشتنیان بۆ دەرخستنی بلیمەتی و بەهرەیان. خۆ ڕۆژنامەو گۆڤاریش خۆراکێکی چەورو بێ برانەوەیان لێی چنگ ئەکەوت!.

بەداخەوە...بەتاڵی...ئێمەی...ئێمە بەجۆرێک لەناو شەوە زنگی نەزانین بێ باکانە... بەکوێرایی کەندو کۆسپی ژیان ئەبڕین و ڕێگا بەرەو مردن ئەپێچینەوە

بێ ئەوەی بتـوانین ڕەش و سـپـی لە یەک جـیـاواز بکەینەوە..کـە سـەیرمـان نەیەتەوە ئەگـەر لە ناو ئەو تاریکاییـە – عـیـزەدین ئیـبـراهیم-ی منداڵە بلیـمـەتەکـەمـان و هەواڵەکـەی و هەزاران منداڵی کـوردی بەهرەداری تریش بزربن..و لە دەریای نەزانین و بێ باکیەماندا نقوم بن... شەقڵاوا: مەم)

کۆرپە جگەرگۆشەی هەموو نەتەوەیەکە، نەتەوەکان بەو منداڵانە پێ گەیشتن کە سەرەتا ساواو پاشان بوون بە گەورە پیـاوان؛ گەورە پیـاوان لە هەمـوو ڕوویـەکـەوە، کـورد کـەمـتـر هەستی بەمە کردبوو. لە ناوەندی ساڵانی ئەم ڕۆژانەدا وەکوو ئەبینین کوردەکەش هاتە سەر ئەو بڕوایە کـە منداڵ هەر ئەوەنیـیـە ناوی بەری بە منداڵ و هیـچی تر، بەڵکوو ئەو منداڵە جێ هیوای پاشە ڕۆژە. تەنانەت هەر لە ناو کوردیشا ئەو پیاوە ناودارانە کە هەڵکەوتوون و لە هەموو مەیدانێکا سوارچاک بوون، سەرەتا منداڵ بوون و پاشان بوون بەو بلیمەتانە. بیـرکـردنەوە لە منداڵ و لە پێ گـەیاندنی منداڵ ئەمـە گـۆڕانێـک بوو کـە بە سـەر ناوچەی فـیـکریی کـورد دا هات. «مـەم» ئەم هەسـتـەی خـێـرا قـواسـتـەوەو خـسـتـیـە بەرگـی پەخشانێکەوە. مەبەستی ئێمە زیاتر لەم دەقە ناوەڕۆکەکەیەتی.

پەخشـانی کوردی لەگەڵێ بابەتەوە قسـەی کردووە، لە بارەی منداڵ و بەم بابەتەوە کەمـتر دواوە. کـەوتنە ناوەوەی ئەم بابـەتە پلەپلەی چەرخ دایئـەهێنێ، ڕۆژەکـان کـە دێن بەم لاوە هەر ڕۆژێکیـان شـتـێکی تێـدایە کە ڕۆژی پێـشـوویا نەبووە. ئەم باسکردنەش ئایا بە هۆی نزیک بوونـەوەوە بووبێ ـ واتە نەتەوەیەک بە نەتەوەیەکی تر ـ وەیا بە هۆی خـورپەیەکـەوە بووبێ کـە ئەکـەوێتـە دڵی هەندێ کـەسـەوە. هەرکـام لەمـانە بێ، ڕۆژ شـتـی خـۆی دێنێـتـە پێشەوە.

لەم پەخـشـانەدا – کـە نـوێـبەرەیە بۆ ئەم بابەتە – ئـێـمـە ئەوەمـان بۆ دەرئەکەوێ: ئـەگـەر لە ماوەی ژیانی ڕابوردوومانا ئەوەندە گۆشەگیرو تەریک نەبووینایە، زۆر لەمێژبوو هەستمان بەم جۆرە شـتانە ئەکرد، لە پەیدا بوونی هەستـەکەمان گەلێ گەلێ زیاتر پیاوانی گەورەمان پێ ئەگەیاندو گەلێ بلیمەتمان تێدا پەیدا ئەبوو. لام وایە ئەمەش زیاتر ئەگەڕێتەوە سەر بێ کەسی. نەتەوەکـانی تر چونکە خاوەن و سـەردارو سـامـانیـان هەبوو هەر ڕۆژە بنکـەیەکیـان دائەمـەزراندو هەر ڕۆژە پڕۆژەیەکـیـان دروست ئەکـرد بۆ ئەوە بـەرە بەرە لە بەری ئەو بنکەو پڕۆژانـە هەمـوو جـۆرە مـێـوەیەکی بە تام لێ بخـۆن!. بە تـەنگەوە بوون بۆ پێ گـەیاندنی سـایاوان ئـێـمـە نابێ هەروا بەشـتـێکی کـەمی دابنێـن، بەڵکو ئەتوانم بڵـێم لە هەمـوو پڕۆژەیەک گرنگترە، چونکە ساوای ئیـمڕۆ لاوی سبەینێیە، لاوەکەی سبەینێ بنیاتگوزاری

ولاتێکە، جا ئەو بنیاتگوزارە لە رووی پیشەوە بێ، یا زانینەوە، یاسیاسەتەوە، یا ئاییینەوە. بەڵێ! بلیمەتی دەستی هەیە لە دروستکردنی ساوادا، بەڵام ئەو ساوایە ئەگەر لە ژێر چاوەدێریەکی تەواوا بێت، بلیمەتیەکەی ئەبێ بە دوو بلیمەتی.

لەگەڵ ئەمانەشا ئەبێ ئەوەش بزانین کە گۆرانی رۆژ خۆی شت دێنێتە ناوەوە؛ ئەو شەقامە کە ئەڵێن فلان کەس قیرتاوی کرد، ئەو فلانە ببوایە یا نەبوایە، گۆران شەقامەکەی هەر قیرتاو ئەکرد!. ئەگەر «مەم» لە ساڵەکانی پەنجادا پەخشانی لەبارەی منداڵی کوردەوە بڵاو نەکردبایەوە، گۆرانی رۆژ ئیمرۆ ئەو پەخشانەی هەر ئەهێنایە ناوەوە، بەڵام ئەو لەو رۆژەدا دەست پێشکەری کردو دەستە گوڵ بۆ ئەوە، پەخشانەکەی ئەو لەو رووەوە ریزە مێژوویەکی لە پەخشانی کوردیدا دەست نیشان کرد؛ ئەوەی دەست نیشان کرد کە بڵێن: گۆران بە سەر بیرو باوەڕدا هات و لەو رۆژەدا ئەم پەردەیەش هەڵدرایەوە.

***

«جمال عبدالقادر بابان» لەکتێبی «پەڵە هەورێکی چڵکن»دا پەخشانێکی خۆمان ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

( ....................................

خاوەر سەری هەڵبڕی روەو گۆیژە سەیری کرد گشت لایەکی شاخەکە تاریک بووەو تەم و مژ دایگرتووە، تۆزێکی کەی پێ چوو هەستی کرد کەوا رەنگی چڵکە هەورەکەش گۆڕا تا ئەهات قەتمەرتر ئەبوو؛ دەمێک مەیلەو بۆر، ئینجا رەش ئینجا مەیلەو سەوز هەڵگەڕا. لە بەرەوە پارچەیەکی بچووک بوو هەر بە سەر گۆیژەوە، بەڵام زۆری پێ نەچوو وردە وردە پەرەی سەند تا هەندێکیشی لە ئاسمانی سەر سولەیمانی داگیرکرد. دوای ئەوە چڵکە هەور کەوتە نەڕە نەڕو هەڕەشە! لە پڕێکا هەرچێ رق و کینەیەکی لەدڵا بوو بە تاوە تەرزەیەکی توندو تیژ زوربەی بە سەر گوێژەدا دەربڕی، تەرزەیەک کە هێشتا خاوەر بە درێژایی ژیانی دەنکی وا گەورەو زل زلی نەدیبوو، بۆیە سام گرتی، هێجگار کە خەوەکەی شەوێ بیر کەوتەوە و ئەو دەنکە تەرزانەی ئەدی کە دەنکی بە قەد گوێزێک و گەورەتریش ئەبوو، بەڵام لەلایەکی کەشەوە دڵخۆشی خۆی بەوە ئەدایەوە کە ئێستا نە زستانەو نەبەهارە کە ترس پەیا بکا، یا خوا نەکردە شتێ لە ناکاو روو بدا، جا با زستانیش بێ ئایا ئەو بۆچی بترسێ، یا خود دڵی لە چی بلەرزێ؟. ئەوە منداڵەکانیەتی هەموو گرد و کۆن لە بەردەستی خۆیانا، مێردەکەشی خوا پێ رەوا ببینێ ئەوەتە بێ کارەو دەستە پارچە نییە هەروا بە

ئاسانی تێوە بگلێ، شارەکەو دانیشتوانیشی هەموو لەگەڵ باران و بەفرا کۆنە ئاشناو بە یەک فێرن، خواش ملکی خۆیەتی هەرچێ لێ ئەکا کەس حەددی خاوەنداری نییە، جگە لەوەی بەم زوانەش نە بەفرو تەرزە، نەباران کارێکی وایان نەکردووە لە ولاتا کە شایانی ترس و دڵە خورپە بێت.

دەسا ئەم نەخشەو نوقلانەی چاکەیە هیچی بە راست دەرنەچوو، چونکە تەرزەی نالەبار کە لە ناو هەموو سەربازەکانی تری دوژمنا ئەو کراس سووری بەرلەشکر بوو بەر لە گەیشتنی سوپای شەڕو وێرانکەر ئەو پێشکەری خۆی کرد وە بە ئارەزووی خۆی بە نارنجۆکە خڕ خڕەکانی بۆمبا بارانی شاخی کۆنە ساڵ و شاری کرد و بێ دەنگی کرد!. لە پێشا بۆ تۆقاننی دانیشتوانی شارەکە کردی بە تەقو هۆڕو شەقەو ناڵەیە، کە ئەیدا بە سەر باناو بە زەویا، بە کاسەو کەویلەو تەنەکەو شووشەی پەنجەرەدا بۆمبار دومانی راستەقینەی ئەهێنایەوە یاد!.

تەرزەی دەسەو یەخە شاری نازداری خستە قیژو هۆڕو هاوارو فریادەوە، ئەوە هەموو دەنگی ئاگادارو هوشیار کردنەوە بوو بۆ لەشکری دواوەی سروشت کە جەنگێکی زۆر گەورەتری بە دەستەوە بوو!. بۆمباردومان و شەقو هۆڕییەک لە سەریەک و بێ تەم رەوانەوەی تەرزە منالەوردکە بگرە گەورەشی تۆقانبوو بۆیە منالەکانی «حەمە سوور»یش هەموو لە ترسا لە ژوورەوە دەستیان کرد بوو بە بانگەوازو زاق و زریکە!. تا تەرزە شەقەی باشتر لە تەنەکە بێنایەو تەقەی زیاتر لە شووشەی پەنجەرە بەرز کردایەوە، بەو گوێرەش دەنگی گریان و هەرای منالە وردکە زیاتر بەرز ئەبووەوە. لەبەر ئەوە خاوەری دایکیان گورج رای کردە ژوورەوەو بە «سەڵەوات» دان و «بسم الله»و ناوی خوا چوو بە دەمیانەوە، منال، کە دایکیان دی بەجارێ بە گریان و قیژەو هاوار دەورەیان گرت وەک جووجەڵە کە دەورو پشتی مریشک ئەگرن، هەر یەکێک چمکێ لە کراسەکەی ئەگرت و توند رای ئەکێشا بە سەر خۆیا، تا خاوەر ناچار ما دانیشت بە دیاریانەوە، ئەوسا هەر کەسە هەوڵی ئەوەی ئەدا وێنەی باڵندە بەسەر ئەوانیترا بفرێ و خۆی بگەیەنێتە کۆشی!. کۆشی گەرم و گوڕی دایک؛ ئەو کۆشەی پڕە لە خۆشەویستی و بەزەیی و دڵسۆزی، ئەو کۆشەی لە قەڵغان و زرێ سەختترە بۆ بەرگی و چاودێری هێزی ئەژنۆو خوێنی جگەرو رووناکی چاو بۆ منالی نازداری ئێسک سووک و خۆشەویست لای دایک و باوک، ئێسک سووک و جوان وەک پەری ئاسمان، بێ ئاگا لە هێرشی بەهێزی سروشت!. بۆیە خاوەر بە جارێ پەلاماری هەرسێکیانی داو هەستایەوە سەرپێ، بەڵام یەکێکیانی زیاتر

بۆ نەگیرایەوە باوەشی. هەرکە سروشت سەرەڕای ئەو بۆمبارانە دەسی کرد بە نرکەو ناڵەو چەخماخە، دایکی بێ دەرەتان بە پەلە دوانەکەی تریشی دایە پێش خۆی و نەیوێرا لەوە زیاتر لە ژوورەوە ئۆقرە بگرێ، گورج راپەڕی و رای کردە دەرەوە.

لە دەرەوە دەسی کرد بە بانگ کردن و هاوار هاوار، مەردانە سەلەی پوورە ئامین و مەلاژن گورج راپەڕین و بە دەمیەوە هاتن، یەکێکیان «بەهێ» کچی و ئەویتریان «ئاشنا»ی کوڕیان لە دەست فڕان و بە پەلە پەل و ئەللا ئەللا و ناوی خوا رۆیشتن، مەجەش هات «رۆشنا»ی لە دەس بفڕێنێ بیباتە لای خۆی تاکو ئاگاداری بێ و ژیری بکا، هەرچەندە کردی و کۆشای خاوەر دڵی نەهات بیداتێ، تا مەجە هەوڵی زیاتر بدایە بۆ راپسکاننی و لێی نزیک بوایەوە، زیاتر منالەی ئەنووسان بە سەر دڵیەوە و دوور ئەکەوتەوە.

ئەڵێ چی؟ ئەمەش هەستی دایک و باوک بەرامبەر بە منال، چونکە پارچەیەکن لە دڵ و لەتێکن لە جگەر، ترووسکەی شادی و فریشتەی رووناکین.

لەم هەراو بگرەدا خاوەر سەری لێ تێکچوو بوو، تاوێک رایئەکردە ژوورەوە منالەکەی پاڵ ئەخست و دایئەپۆشی تاکوو خەوی لێ بکەوێ، دەمێکیش هەڵیئەسانەوە دڵی نەئەهات بە تەنها لە ژوورەوە بەجێ بێڵێ، لەگەڵ خۆی ئەیفڕانەوە دەرەوە لە کاتێکا کە خۆی ئەهاتە هەیوانەکە بزانێ ئاسمانی ئالۆزاو نیازی چییە و ئەیەوێ چی بکا، لەپڕ نرکە و ناڵەی ئاسمان راپێچی ژوورەوەی ئەکردەوە. ئیتر بەم جۆرە هەر دەروو ژووری بوو، کەللەشی وەکو گومەز لە تاو ناڵە ناڵ دەنگی ئەدایەوە! «رۆشنا»ش لە تەقو هۆڕی تەرزە و نرکە و ناڵە و ئاگرو برووسکەی یەک لە سەریەکی هەور تا ئەهات زۆرتر ئەیقیژان و زیاتر دەنگی لێ هەڵئەبڕی. تا لە پڕێکا وە بۆ ماوەیەکی زۆر کەم تەرزە لەسەر و گوێ کوتانەوەی گۆیژە و لە شان و مل شێلانی سولەیمانی کەوت، ناڵەو برووسکەی هەوریش لە هەڕەشەو گووڕەشەی خۆیان کەوتن. خاوەر کە لەوە پێش رەنگی زەرد بووبوو لەترساو خوێن لە دەم و چاویا نەما بوو، هەموو گیانی وەک شەقشەقەی منال ئەلەرزی، بەگیرسانەوەی تەرزەو کڕبوونی ناڵەو کوژانەوەی چەخماخە کەمێک هۆشی هاتەوە بەرو رووی روون بوەوە، بگرە وای

١- دێرێکە لە هەڵبەستە بەرزەکەی ماموستا کامەران کە بە هۆی کارەساتی لافاوەکەوە وتبووی.

٢-ئەم «فیکرە» لێرەدا لە هەڵبەستە بەنرخەکەی مامۆستا «نووری وەشتی»یەوە وەرگیراوە «ناڵەی لێ قەوماو».

لێ هات دڵیشی هێز پەیاکاتەوە، بۆیە چووەوە ژوورەوە، کۆرپەکەی دیسانەوە پاڵ خستەوەو داپپۆشیەوە. ئیتر بە «رۆشنا»وە خەریک ماو ئاگای لە هێزی راستەقینەی لەشکری دوژمنی ئاسمانی برا کە لە گۆیژەوە بە تەوژم و تاو هات و خۆی دا بەسەر سولەیمانیا!. کاتێ خاوەر بەخۆی زانی لێشاوی بارانی ناو شاریش وەک لە کونەی سەر بەرەو خوار برژێتە خوارێ، بەتاوێک حەوشەکەی پڕ کرد. کە ئەمەی دی هەستا هاتە دەرەوە بزانێ هەر گۆیژەیە بۆ سولەیمانی ئەگری دوای بومبابارانی تەرزە؟. یاخود ئاسمانەو دوای تەرزە بە باران شارە دەم بە پێکەنینە روو خۆشەکەی هێناوەتە لەرزە!.

کە گەیشتە دەرەوە دیی: کە حەوشەکەیان بە تەواوەتی پڕ بووە لە ئاوو لە هیچ لایەکیشەوە لە بەری نارِوا. ترسەکەی لێ نیشتەوە، بگرە سەرتاپا لەشی نیشتە سەر مووچڕکەو دانەچۆقێ پێ کەوت و ئەژنۆکانی لە ترسانا ئەلەرزین و خێرا خێرا لە یەکیان ئەداو لەبەر خۆیەوە ئەیوت: ئای بەدبەخت خۆم، کلۆڵ خۆم. بۆیە بەپەلە رای کردەوە ژوورەوە منداڵەکەی لە جێگا دەرهێنایەوە و هاتەوە دەرێ بۆ هەیوانەکە. لەوێشەوە کە سەیری کرد: دیی وا مەلاژن و سەلەو مەجەو پووره ئامین هەموو پەیژەیان داناوە لە حەوشەوەو راست ملیان ناوە بۆ سەربان و دوو منداڵەکەی ئەویشیان پێیە بۆ ئەوەی خۆیان رزگار کەن. بارانی ناو شاریش تا ئەهات توندی ئەکرد. ئاوی ناو حەوشەکەش پەرەی ئەسەندو بەرز ئەبووەوە تاوای لێ هات گەیشتە قولەپێ.. نزیک ئەژنۆ. ئافرەتەکانی سەرەوە خێرا خێرا هاواریان ئەکردە خاوەر کە ئەویش لە پەیژەکەوە سەرکەوێتە سەربان خۆی دەربازکاو لە خوارەوە نەمێنێتەوە.

کات دوای خەوتنان بوو، شاری شڵەقاوی کەڵبە لێ دراویش دوای دەم گواستنەوەی نەهەنگ لە قەپاڵ لێ گرتن ئەویش بۆ خۆی کڕ بوو بووەوە، بەڵام بۆنی خوێن لە هەموو لایەک ئەهات، هێزی رۆشنکەرەوە کوژابووەوە، تەل هەندێکی پچڕا بوو، هەندێکی ئاڵۆزا بوو، دار تەل بەم لاو بەولادا خوار بوو بوو نەوە. بەکورتی، شار بەرگێکی رەشی پۆشیبوو؛ بەرگی ماتەم و پرسە، کش ومات بوو بوو وەک خۆڵی مردی بەسەرا بێژرابێتەوە!.

ئەگەر دەنگێکیش بهاتایە ئەوە لالانەوەی لێ قەومـاو و سۆزی بەکوڵی جگەر سووتاو و ناڵەی جەرگ هەڵقرچاو بوو؛ ناڵەیەکی گەرم و بەکوڵ کە لە دەروونێکی بە کڵپەو برژاوەوە بێتە دەرێ، لە دەروونی باوک و برا مردوو، رۆڵە خنکاو و منداڵ ورگ دڕاو!. ئەو ماڵەش مردن باڵی رەشی بەسەرا نەکێشابوو، هێزی شەڕ بەزمێکی تری هەر تیا گێڕا بوو؛ سا، یا لایەکی لە

خانوەکە بردبوو، یا ناو ماڵی هەموو لە قوڕ هەڵکێشا بوو. ئەوەشی بە بێ ئارەق دەرچوو بوو لە هەموو کەس شێواوترو غەمگین تر بوو!. غەمگین بوو بۆ دۆست و ناسیاوو دراوسێ، بۆ نیشتمانە کاولە شێواوەکەی!. بۆیە رۆڵەی دڵسۆزو کوڕگەلی جگەر سۆزو لاوانی بەهێزو بازوو لە لایەک، دایک و باوک و ژن و مێرد و خوشک و براو خزم و خوێش لە لایەکی ترەوە هەریەکە بە شوێن لاشەی ساردەوە بوو و تەزیو خوێن تیا مەیوو، بە دوای جەستەی گەرم و گوڕا ئەگەڕان. لەولاتریشەوە پیاوی قەیرەی لە دارۆغاو دەرمانکەر و بە هاناوە چوو و پزیشک و موچەخۆرانی تر هاتوچۆیان بوو بەو تاریک و لێلی شەوە بەناو شارا ئەگەڕان بە دوای لێ قەوماوا، بە شوێن لاشەی مردوا. هەر یەکێکیش بوو لەمانە کە جار جار دەنگی هەڵئەبڕی و هاواری ئەکرد پڕ بەدەم:

«ئەیوت ئەوی ماڵ ویرانە + روو بکاتە خەستەخانە!»(١)

ئەمانە هەرچی کیان بدیایە لە تەرم و لاشەی مردوو، لە ئافرەت و پیاوی لە هۆش خۆچوو، لە منالی خنکاو و لاشەی خانوو بە سەرا روخاو..لە..هەموویان خڕ ئەکردنەوەو ئەیانبردن بۆ نەخۆشخانە.

جا ئەوەی کەسێکی دیار نەبوایە دوای ئەو هەموو گەڕان و پشکنینە ئەبوایە راست ملی رێگای سەرەوە بگرێ بەرەو ژوور بۆ نەخوشخانە لەوێ بەناو لاشەی خەرمانکراوا(٢) بگەڕێ کەسەکەی خۆی بناسێتەوەو بەشین و شەپۆڕ هەڵیگرێ بچێ مشووری گوڕهەڵکەن و شاردنەوەی بخوا. ئیتر بەراستی وێنەی ئەم دیمەنە ماتەمینە، ئەم باری بێ هیواییە و ئەم شەپۆلی سام و خامۆشییە دەمێک بوو نەبینرا بوو.

.(.......................................................................................

رۆژی هەینی «١٨/ ١٠/١٩٥٧»لافاوێکی ترسێنەر کارەساتێکی بە سامی لە ناو شاری سولەیمانیدا گێڕا. «جمال عبدالقادر بابان» ئەو کارەساتەی لە پەردەیەکی وەکوو چیرۆکیدا لە ساڵی «١٩٥٨» پیشاندا.

نەتەوە زۆر بێ یاکەم، چەرخەکەی پێشکەوتو بێ یا پاشکەوتوبێ هەموو جۆرە کارەساتێکی لە هەموو وەختێکا تیا روو ئەدا. ئەمێنێتەوە سەر ئەوە کە خاوەن هەستێک، وە یا خاوەن خامەیەک ئەو بیرەوەریانە بکا بە یادگارێک و هەڵیبگرێ بۆ پاشەرۆژ. شێوەی گەردوونەی مێژوو لە هەموو دەورێکا ئەوە بووە کە: ئەو دەم بۆ ئەو زار بۆ ئەو زاری گێڕاوەتەوە، پاشان لەو زارگێڕانەوە کەوتۆتە سەر کاغەز و هەڵگیراوە. ئەمە

لە کاتێکا کە قەڵەم بە دەستێک هەبوو بێت و ئەو بەسەرهاتانەی تۆمار کردبێت، ئەگەر خۆ نەشبووبێ بەسەرهاتەکان لە بیر چوونەتەوەو ناوو نیشانێکیان نەماوە!.

جێگاو شوێنی ناو شاری سولەیمانی بە هۆی سەرەولێژی و پاڵدانی بەکێوێکەوە-کە پێی ئەڵێن گۆیژە-و هەر لە تەنشتی ئەم گۆیژەیەوە قەدپاڵەکانی «ئەزمڕ»و «قەیوان» ئیشێکی وایان کردووە کە گەلێ جار ئەو شارە تووشی کارەساتی لافاو ببێ. لافاوی ساڵی «١٩٥٧» لە هەموو جارەکانی پێشوو بە سامتر و بە زیانتر بووە. نووسەران و خاوەن قەڵەمەکانی ئەو سەردەمە لە گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی تایبەتیدا بە هەموو جۆر ئەم کارەساتە بە سامەیان بە هۆنراوو بە پەخشان بۆ یادگارێکی پاشەرۆژ هێشتۆتەوە. خاوەنی ئەم پەخشانەی ئێمە یەکێک بووە لەوانە.

ئەم پەخشانە-کە نموونەیەکە لە تێکڕای پەخشانەکەی- لە ناوەرۆک و ڕوخساردا دوو شت بە ئێمە پیشان ئەدا؛ لە ناوەرۆکا دیمەنێکی بەسام لە پەردەی چیرۆک و ڕۆمانێکا ئەگێڕێتەوە-کە ئەمەی ئێرە وێنەیەکە لە وێنەکانی- کە لە دەروونی هەموو کەسێکەوە کسپەیەک پەیدا ئەبێ، ماتەم ڕوو ئەکاتە پەردەی دڵ، تنۆکی فرمێسک بە سەر گۆنادا ئەڕژێتە خوارەوە، دەرگای مەینەت بۆ ئەو ڕۆژەی ئەو شارەو بۆ گەلێ لە خێزانی ئەو شارە ئەکەوێتە سەر گازی پشت، لافاوی مەرگ قەڵەمبازی خۆی ئەدا بۆ گیاندار و بۆ بێ گیان، بۆ جوانان و بۆ پیران، بۆ کۆرپەی کۆشی دایک و بۆ دایکی بەستەزمان!. ئەمانە هەموو لەم ڕۆمانە ترسێنەرەدا ئەکەوێتە بەر چاومان، بێجگە لە سۆزە ڕاستەقینەکەی دایک بەرامبەر بە جگەرگۆشەکەی.

لە ڕوخسارا بە شێوەیەکی جوان هاتۆتە ناوەوە؛ کوردییەکی بێ گرێ و قورتە، قسە جوان ئەگێڕێتەوە بەو جۆرە شێوەکە پەیدا بووە، ئازار لە وشەکانا- جگە لە ناوەرۆکەکەی - نابینرێ، گێڕانەوەی بابەت لە قاڵبی وشەکانا هیچ خۆ عەزیەتدانێکی تێدا نییە. نموونەیەکە بۆ پەخشانی ئەو ڕۆژە کە کارەساتێکی بەسام بگێڕێتەوە. هەر پەخشانێک لە هەر ڕۆژێکا بۆ هەر بابەتێک شەقڵێکی هەیە، ئەم پەخشانە نموونە شەقڵی ئەو ڕۆژەیە بۆ ئەو جۆرە کارەساتە بەسامە. ئەم پەخشانە دەنگی زەنگی کاروان لە ناوەرۆک و ڕوخساریا دەنگ ئەداتەوە. زڵەی زایەڵەی دوکانچەی دەماخ، ئەیداتەوە دڵ ئەکا ئاخ و داخ!. ئەمەو ئەبێ ئەوەش بزانین هەر کەسە شێوەیەکی هەیە لە نووسینا، دوور نییە ئەگەر تۆ ئەم کارەساتە بگێڕیتەوە، چەشەی تۆ ڕازی نەبێ بە هەندێ گوزارشت لەم پەخشانەدا، وەیا لە

دروستکردنی هەندێ رستەو گوزارشتیا.

***

**«مامۆستا نجم الدین مەلا» لە ژمارە «١٣٨٦»ی رۆژنامەی «ژین»ی ساڵی «١٩٥٨» پەخشانێکمان لە ژێر ناوی «نەورۆز و نەورۆز»دا بۆ دروست ئەکاو ئەڵێ:**

(نەورۆز: چوار هەزار ساڵ پێش میلاد لە رەگەزی کورد «کەیومورس» ناوێک دەرکەوت کە دامەزرێنەری دەولەی «کەیانی»بوو. مێژوونووسەکان بە «ئادەم»ی دائەنێن. «کەیومورس»کە لە دوو وشە پێک هاتووە «کەی» و «مورس»،کەی بەزمانی پەهلەوی واتە: گەورە، توانا. «مورس» واتە: «مەرد» کە هەردوو وشەکە واتە: مەردی گەورە. ئێستاش کوردەکان بۆ رێزگرتنی پیاو لە جیاتی وشەی «کەی» کاک، یان «کا» بەکار دێنن، وەکوو «کاک ئەحمەد»، «کاعەلی»، کا مەخوول. وە بۆ ژنیش «کەی بانوو» بەکار دێنن، واتە «خانمی گەورە». کەیومورس لەگەڵ «ئەهرەمەن» لە چیاکانی «رەواندز» کەوتە جەنگەوە، لە شکرەکەی دابەش کردبوو، هەر بەشێکی لە ناوچەیێکدا، دانا بوو، چونکە لەو سەردەمەدا هۆی دەنگ گەیاندن - تەلگفراف و تەلەفۆن- نەبوو. لە پێشەوە راسپاردی بۆ لەشکرەکەی کرد کە هەرکاتێ زاڵ بوو بە سەر ئەهرەمەندو کوشتی، لە هەر چوار لاوە لە سەر لووتکەی چیا بڵندەکان ئاگر بکاتەوە کەنیشانەی ئەوەبێ لەشکرەکەی بۆ لای خۆی بگەڕێتەوە. ئەمجا کە «کەیومورس» زاڵ بوو بە سەر ئەهرەمەنداو کوشتی لە هەموو لایێکەوە لە سەر چیاکان ئاگر کرایەوە، لە شکرەکەی بۆ لای خۆی گەڕایەوە. ئێستاش لە دێهاتەکانی کوردستان بۆ نیشانەی جەژن بە ئاگرکردنەوە لە سەر چیاکان یەکتر ئاگادار ئەکەن. وە تا ئەم چەندانەیش لە گوندی «گڵە زەردە»ی لای خۆمان کە مانگی یەک شەوەی جەژنیان بدیایە لە سەر چیاکە ئاگریان ئەکردەوە، لە سلیمانی و چواردەوری ئەکرا بە جەژن.

بێنەوە سەر باسی کەیومورس: ئەو رۆژەی کە ئەهرەمەن کوژرا «١٥» رۆژ پێش نەورۆزی ئێستا بوو، کەیومورس بۆ ئەوەی لە دەست دوژمنێکی وەکوو ئەهرەمەن، وە تەڕو تووشی زستان رزگار بوو، فەرمانی کرد «٩»رۆژ بکرێ بە جەژن وە زەماوەندێکی خۆش بەرپا بکرێ، وە ئەو جەژنەیان ناو نا «جەژنی نەورۆز» وە هەموو ساڵێک دووبارە ئەکرایەوە.

ئەمێنێتە سەر «زەردەشت» کە گەلێ «توڕەهات - خەرافات»ی بە دەمەوە هەڵبەستراوە!. بە قسەی مێژوو نووسەکان «زەردەشت» کە بە کوردی ئاڤێستا،

واته باوکی دڵسۆز. بە سوریانی ئیبراهیم، وە بە عەرەبی «اب رحیم»ە، کە هەرسێ واتەکە یەک ئەگرێتەوە، پێغەمبەری خوا بووە، بە هۆی «روح القدس»ەوە پەڕاوی ئاسمانی «زەند ئاڤێستا»ی بە زمانی کوردی بۆ هاتووە کە بە عەرەبی «صحف ابراهیم»ی پێی ئەڵێن. ئێستایش زەند ئاڤێستا کە لە پێستی چوار پێیان نووسراوەتەوە لە هەورامان ماوە، بەڵام دەست بێگانەی نادەن. لە سەرێکی تریشەوە خوا لە قورئانی پیرۆز، سوورەتی «ئال عمران» ئایەتی «٦٦» مین دا فەرمووویەتی: «ماکان ابراهیم یهودیا ولا نصرانیا ولکن کان حنیفا مسلما وماکان من المشرکین» واتە: ئیبراهیم جوولەکە وە لە رەگەزی سامی نەبووە، وە «نصرانی» واتە: خەڵکی شاری «ناصرە» نەبووە – کە شارێکە لە فەلەستین، عیسای تیا هاتۆتە دنیاوە، تەنانەت ئیبراهیم خوا پەرست و موسوڵمان بووە، لەوانە نەبووە کە هاوکار بۆ خوا پەیدا بکا.

ئاگری زەردەشت-یش کە بەناوبانگە ئەو ئاگرە بوو کە لە ناوچەی «زاخۆ» بۆ لەناوبردن و سووتاندنی زەردەشت حوکمدارێکی کورد «نەمروود» هەڵگیرسان وە بە ئایەتی «قلنا یا نار» زەردەشت رزگار بوو، وە ئێستاش شوێنی ئاگرەکە ماوە. بۆ ئەمە ئەم شیعرەی حافزی شیرازیش دیسان بەڵگەیەکە ئەڵێ:

ببـــــاغ تـازە کن ئـاییـن دیـن زردشـــــتی
کنون کـــە لالە بر افـــروخت آتش نمرود!

لەم شیعرەدا وشەی «لالە» وە «ئاتش» بە ئەبجەد ئەکاتە «٧٦٧»ی هجری کە حافز لەو ساڵەدا وتوویەتی. واتە هەر چەندە لەمەوپێش ئایینی زەردەشتیان واز لێ هێناوە بەڵام تۆ بە چاو پێ کەوتنی باغ و گوڵاڵە سوورکە ئەو ئایینە تازە بکەرەوە، چونکە لالە کە گوڵاڵە سوورکەیەو بە سروشت سوورە، ئاگری زەردەشت پیشان ئەدا، وە زەردەشتیش کە خرایە ئاگرەکەوە، ئاگرەکەی بۆ بوو بە گوڵزار، گوڵاڵە سوورکەیش لە تیشکی ئەو ئاگرە سوور هەڵگەڕاوە!.

ئەمجا بۆ بیرخستنەوەی ئەو زۆرداریییەی کە نەمروود لە یەکەم رۆژی بەهاردا لە زەردەشتی کرد هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا ئاگر ئەکرێتەوە.

٢- «نەورۆز» چوار سەد ساڵێک دوای «کەیومورس» «زوحاک» ناوێک لە «ئورشلیم»ەوە بەلەشکرێکی زوربەوە رووی کردە کوردستان، پەرستنگا- معبدی مار پەرستنی بنچینە ناو دوو ماری گەورەی کرد بە «پەرستە- معبود» وە دەستی کرد بە زۆرداری، کوردەکانیش ماوەیەکی زۆر لە چیاکانا خۆیان قایم کرد، ملکەچییان بۆ زوحاک نەکرد، تا «کاوە»ی ئاسنگەر بە دزیەوە ژێر

دەستـەیەکی زۆری کۆکـردەوە، یەکـەم ڕۆژی بەهـار سـەر لە بەیانـی دای بەسـەر زوحـاک دا بەو چەکوشـەی کـە کـاری پێ ئەکـرد سـەری زوحاکی پان کـردەوە وە چەرمەکەی بەرۆکی کرد بە ئاڵا، ئەو ئاڵایە ناونرا «درەفشی کاویان»، هەر ئەو ڕۆژە کـورد «فـەرەیدوون»ی کـوڕی «ئاپتین» کـرا بـە پادشـا، ئیـتـر لە هەمـوو لایێکەوە بۆ نیشانەی جەژن ئاگر هەڵایساو کرا بە چراخان).

**ئەم دەقـە دیسـان جـۆرە نموونەیەکی ترە لـە بابەتێکی ترەوە لە پەخـشـانەکـانی دوو تۆی سـاڵانی «١٩٤٠-١٩٥٠». ئەمـەوێ بێـجگە لە شی کـردنەوەی ئەسـڵـی پەخـشـانەکـە قسەیەک لە خاوەنی دەقەکەوە بکەم:**

خـاوەنی ئەم پەخشـانە خـۆی ناوی «مـاموسـتـا نجم الدین مـەلا»ی بۆ خـۆی داناوە، لە، ساڵانی ١٩٣٠ بە دواوە بە تەواوی لە شاری سولەیمانی جێگیر بوو بوو، بێ خـانەمـان لە دوکـانێکا-کە کـردبووی بە شـوێنی سـتـاری شـەوو ڕۆژی خـۆی -ریشـەی داکـوتا بوو، هەم بـە ڕۆژ لەو شـوێنەدا نەخـوێندەوارانـی فـێـری خوێندن ئەکرد، هەم بە شەو کـاروانسـەرای شەو بە ڕۆژکردنەوەی بوو تیـایا، وە ناویشی نابوو «کەشتی نووح». لە ساڵی «١٩٣٤» بە دواوە خزمەتێکی زۆری کرد بە زمانی کوردی، بە تایبەتی دیوانە کوردییەکانی ئەنووسیەوە، ئەگەرا لە هەر شوێنێک یادگارێکی کورد ببوایە، بە نووسینەوە یادداشتی ئەکرد. خۆی سەربەخۆ دنیایەکی تایبەتی بوو، نووسەرێکی بەردەوامی بێ جیرەی ڕۆژنامەی «ژین» بوو، لەو ڕۆژنامەیەدا گەلێ شتی بڵاوکردۆتەوە، تا لە «١٩٦٢/٥/٥» پێ زانرا لە دوکانەکەیدا «کەشتی نووح» و لە سەر جادەی سابوونکەران بوو لە سـولەیمانی، بەبێ کـەس و تەنیـایی کـۆچی مـاڵاوایی لە دوکـان سـەراکـەی و نووسین و ئەدەب کرد و هەموو دنیایەکی بەجێ هێشت.

ئەم پەخـشـانە ناوەرۆکـێکی هەیەو ڕوخـسـارێک، ناوەرۆکـەکـەی قـسـە لە نەورۆزو لە داهاتنی نەورۆزەوە ئەکـا، باسی ئەو ئەفسـانانە ئەکـا کـە دەربارەی نەورۆزەوە وتراون. قـووڵایی مـێـژوو قـووڵە، داسـتـانی ڕابوردوان و داهاتـنی «واری» پێـــشـــینـان زۆرن، هەر عـــادەتێـک کـــە داهاتووەو پەیدا بووە لـە سەردەمەکانی پێشوودا ئەبێ ئێمە لە سەر ئەو بڕوایە بین کە بە گەلێ چەرخی دوای خـۆیان کـەوتوونەتە سـەر کـاغـەزو تۆمـار کـروان. ئەوی کـە دەربارەی ئەو کـارەسـاتە زار بـە زار گـێـڕاویانـەتەوە ئەوەیان خـسـتـۆتە سـەر کـاغـەزو هێشتوویانەتەوە.

عادەتێکی وەکوو نەورۆز ئەفسانەیەکی زۆری لە بارەدا وتراوە، شایەتێک بە

دەستەوە نییە کە ئەوانە راستن و لەگەڵ واقعدا یەک ئەگرنەوە. ئەوەندە هەیە ئەم نەورۆزە بەرانبەر بە کوردەواری، من لە سەر ئەو باوەڕەم کە: کوێستانی و ساردو گەرمای وڵاتەکە هێناویەتە ناوەوە. خاوەنی ئەم پەخشانە ئەفسانەکانی دەربارەی نەورۆز کۆکردۆتەوەو خستوویەتە بەر دەستی ئێمە، ئایا ئەمانە لەگەڵ راستی و واقعدا یەک ئەگرنەوە یا ناگرنەوە- یەکێکیان منم - دوو دڵم تیایا، ناتوانم ئەو حوکمە بدەم بە سەر شتێکا کە کەوتۆتە گەرووی گۆڕستانی مێژووەوە، بەڵکوو باوەڕی تەنهام لەسەر ئەوەیە: لەو وڵاتانەدا کە پابەندی نەورۆزن، زستان و بەهاری وڵاتەکە هێناویەتە ناوەوە.

ئەمجا روخسارەکەی؛ ئەم پەخشانە پەخشانی ئاخروئۆخری ساڵانی «١٩٤٠-١٩٥٠»یە، لەبابەتێکی مێژووی تێکڵاو بە بابەتی خۆیا عیبارەتەکەی ناڕەوا نییە، چۆن دڵی خاوەن پەخشان ویستوویە بەو جۆرە رێختی عیبارەتەکەی دارشتووە؛ ساکارە، نەزۆر بەرزە، نە زۆر نزمە، پەخشانێکی مام ناوجێ ئەو سەردەمەیە، لەگەڵ ئەمەشا پەخشانی لە قاڵبی پەخشانا دروست کردووە، سەرەنجامی لێکداوەتەوە، چەشەی خاوەن پەخشان لەگەڵ پەخشانەکەدا جووت بووە. گێڕانەوەی کارەساتی مێژوو زانیارییەکی سەربەخۆ، بێجگە لە مەرجەکانی تری ئەبێ سادەو رەوان بێ، ئەم پەخشانە نزیکە لەو تەحرە، بۆیەش وایە چونکە خاوەنەکەی تا ئەندازەیەک ئەو چەشەیەی هەبووە. مەبەستی ئێمەش لەم شوێنەدا هەر روخسارەکەیە، ناوەرۆک بە رێیی خۆیەوە، با ئەو لەگەڵ ئەفسانەدا هەر دەست بدەنە یەخەی یەک!!.

***

**«ساجد ئاوارە» لە ژمارە «١٢»ی ساڵی یەکی گۆڤاری «هیوا»-١٩٥٨-لەژێر ناوی «هونەری نەمرمان ئەوێت» پەخشانێکی بەم جۆرەی خوارەوەمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:**

(ئەگەر مێژوو نووسەکان بیانەوێت نەتەوەیەک بخەنە سەر پەڕەی مێژوو وە بۆ ئەوەی پلەی سەرکەوتنی رەوشت و خوو و نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو گەلە بە رێکوپێکی و بێ کەم و کووڕی و پێوەنان، لە سەرچاوەیەکی خاوێن و تەواوەوە دەربهێنن، دەست بە لێکۆڵینەوەی دەستکردی هونەرمەندەکانی ئەو گەلە ئەکەن و ئەیکەن بە بەڵگەو سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیان، چونکە هونەر-ئایا ئەدەب بێ و یا پەیکەر تاشین و وێنەگری و سازو ئاواز دانان و چۆنیەتی دروستکردنی خانوو بەرەیان و تەرزی جل و بەرگ لەبەر کردنیان- ئاوێنەیەکە لە هەموو ناوچەیەکی بەرزو نزمی و کەم و کووری

ئەو گـەلە دەر ئەخـات. جـا ئەگـەر هاتوو هونەرێک لەم هونەرانە لە سـەر بناغـەیەکی رەمەکی و ساکار دامەزرابێت، وا پەڕەی مێژووی ئەو گەلە ئەخاتە پشت گوێ، وە یا بە نەتەوەیەکی ناکام و ساویلکە ناوی ئەبات، چونکە ئەگەر هاتو هونەرێک لە سەر بناغەو دەزگایەکی پتەو و بەهێز دروست نەکرابێ، وەیا بە تەرزێکی سوودبەخش و بەکەڵک نەدرابێتە قەڵەم، بێ گومان ئەو هونەرە تا رادەیەک ئەمێنێتەوەو لە ئەنجاما کز ئەبێ و ئەمرێت!..

نەتەوەی ئێـمەش لە بەرەبەیانی مێـژوو وە هەتا ئێستـە هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کـە بێ هونەرمـەندو هونەر مـابێتـەوە، بەڵکوو کـارەساتی سـیاسی و ئابووری و دەستـدرێژی سـتـەمکاری و دابەشکراویمان بوەتە کـۆسپـێکی گەورەو نـایەڵێ هەنگـاوێک بـنێین بـۆ پێـــشـــەوە لە هیـچ نـاوچەیەکی کـــەوە، وە ئەو هونەرەش کە ماومانە لە باوک و باپیرەوە بۆمان ماوەتەوە. جا هەندێکی ساکار و رەمەکییە خەریکی لە ناوچوونە و بەشی فەرامۆشییە!. وە هەندێکی تریشی لە سـەربناغـەیەکی پتـەو و بـەنرخ دامـەزراوەو لە لاپەڕەی مـێژوودا جـێی خـۆی کـردۆتەوەو سـەری ئێـمـەی پێ بەرز بوەتەوەو شـانـازی پێـوە ئەکـەین و بووە بە بەڵگە بە دەسـتـمـانەوەو ئەوی بڵێ: کـورد مـافی ژیـانی سـەربەخـۆی نیـیـە نەتەوەیەکی ساویلکەو ناکامە، بەڵگە، وەک کوتەک ئەماڵێن بە تەپڵی سەریا تا مێشکی لە خەودا بچڵەکێ و لە راستی ئێمە چاو هەڵبێنێ و تێ بگا، جا ئەو کاتە پێی ئەڵێن «هونەرمان نەمرەو نامرین». بەڵام ئایا ئەبێ ئێمە شانازی هەر بەو هونەرە بۆ بەجێ مـاوەمـان بکەین و بەس؟. نەء.. پێـویسـتـە ئێمەیش لەو قۆناغەوە دەست پێ بکەین کە نەوەی پێش ئێمە گەیشتبوونێ و بەرزتری بکەینەوەو شتی تازەی دەستکردی خۆمانیشی بخەینە سەر، کـە لە بیـرو باوەڕێکی تازەی کـەڵکدار کـە لە سـەر تەرزێکی زانسـتی تەواوا دەرهێنرابێت و بەرو بوومـێکی ئەو تۆی لیی وەرگـیـرێ کـە بگونجێ لەگـەڵ شارستانیەتی ئەو سەدەیەدا کە تیایا ئەژین. بێ گومان ئەبێ ئەمەش لە سەر دەزگـایەکی بەهێـزترو بناغـەیەکی پتەوتر لە هی - باوک و باپیـرمـان-، وە لە بیرێکی قووڵترو فراوانترو رەوانتر لە هی ئەوان دروستکرابێ، بۆ ئەوەی نەوەی پاش ئێـمـە نرخ و بەرهەمی پڕ لە سـوودی لێی وەربگرن و ئەوانیش بەرزترو پتـرتری بکەن لە سەر دەزگایەکی بە هێزتر لە هی ئێمە. ئەمـەش سروشـتی دەسـتووری گۆڕانە-تطور-. وا نەبێ کاروانی پێشکەوتنی شارستانیەتیمان دوا ئەکـەوێت و بەرەو لە یادکـراو ئەچین و لە لاپەڕەی مـێـژوودا بێ ناو ئەمێنینەوە، وەک نەبووین.

کەواتە پێویستە لە سەرشانی ئەو هونەرمەندانەی کە وا زۆر بە پێشەییەوە – اهتمام– دەستیان داوەتە هونەرەکانیان بەنیازی خزمەت و بەرز کردنەوەی گەل و گەشە پێ دانی –(نەک بۆ ناوو نەتۆرەو خۆ دەرخستن)– کە بەرهەمی هونەرەکەیان بە تەرزێکی راست و رەوان لە سەر بناغەی زانستی کەڵک بەخشی و پڕ مانا بهێننە کایەوە.. کە دوا رۆژ کەڵکی لێ وەربگرێت و ببێت بە کۆڵەکەی بەرز بوونی وڵاتەکەمان.

وە ئەوانەی بە ناوی هونەرەوە نیازی ناپاکی بەرامبەر بە هونەرمەندانی دڵسۆزی وڵات دەر ئەبڕن و ئەیانەوێت گێرەشێوێنی و دووبەرەکی و ئاژاوەو ناکۆکی بخەنە سەر رێگای کاروان، بێ گومان ئینسانێکی لێ نەهاتوو، وە دوژمنی هەرە گەورەی گەلن، چونکی «هونەر» بۆ خزمەت و پێشکەوتنی گەلە، نەک بۆ ئارەزوو دەربڕین، ئەم جۆرە کەسانە هەر چەندە لە ماوەیەکی کەما دەست خاڵیەتی و دەم هیلاکییان بۆ ئەمێنێتەوە، بەڵام کۆسپێکی هەرە گەورەن بۆ دواخستنی کاروانی پێشکەوتنی گەلەکەیان، پێویستە ریسواو قەدەغە بکرێن و نەهێڵدرێ لە سنوور لا بدەن و بێن بە ئەندامێکی –طفیلی– ناو کۆمەڵ. وە هونەرمەندی راست و نیشتمان پەروەر ئەوەی لە سەر بناغەیەکی خاوێن و بەجێ هونەر دائەنێ بۆ خزمەتی گەل نەک بۆ خۆدەرخستن، بێ گومان سەرچاوەی پێشکەوتن و ناوی لە سەر پەڕەی مێژوو ئەنووسرێت و ئەندامەکانی نەتەوەکەی بە شانازییەوە تا دێرزەمان ناوی بە چاکە ئەبەن. جا ئەوەی جەرگی بۆ گەلی دواکەوتوی سووتاوەو ئەیەوێت رەنج دەری و شەونخوونی تاڵ و ترشی بۆ بچەژێت بەرەو رێگایەکی راست و ئاسۆیەکی رۆشنی بەرێت و لە شەوەزەنگی نەزانین و هەژرای و نەخۆشی رزگاری کات، ئەبێ «هونەرێکی نەمری» بۆ بهێنێتە کایەوە، تا شان بەشانی کاروانی پێشکەوتن بڕوات و بێگانە بڵێن: «کورد نەمردووەو خاوەن هونەری نەمرە»).

پەندێکی پێشینانی کوردی هەیە ئەڵێ: «رۆژان، رۆژی لە دوایە» ئەم پەندە هەر چەندە بۆ کارەساتی بە سام و ترسێنەری سۆزی ئەوترێ، بەڵام ئەتوانین بیبڕین بە سەر ئەوەشا کە: هەر رۆژە شتێک دێتە پێشەوە لە رۆژەکەی پێشووتریا ئەو شتە نەبووە. ئەم جۆرە گوزارشتە کە لە ناوەرۆکی ئەم پەخشانەدا هەیە چەشنە بیرو باوەڕێکە کە تا ئەو رۆژە کەمتر کەوتبووە بەردەست و دەمی خوێندەواران و گوێگران. ئەم بیرە نرخی هەیە کە ئەڵێ: ئەگەر هونەرێک لە سەر بناغەیەکی بتەو دانەمەزرابێت، ئەنجامەکەی پووکانەوەیە. دوور نییە ئەم بیرە ئاوێنەی دڵی ئەو کوڕ، وەیا ناوچەیە بێت کە خاوەن پەخشانی تێدا بووە،

بەڵام خاوەن دەق بیرەکەی خستە ناو چوارچێوەی پەخشانەوەو پیشانی ئێمەی دا.

دیارە ئەو رۆژە قسەوباس لەم جۆرە شتانەوە لە ئارادا هەبووە، بۆیە خاوەن دەق ئەم دەقەی دانا. کە وابوو دەقەکە مێژوویێکیش بوو بۆ پەیدابوونی بیرەکە لەو رۆژەدا. هەر کەسە لە گۆشەی کۆرێکەوە دانیشتووە و لەبەرخۆیەوە لێوێکی هەڵقرچاندووە لەو کەسانە کە خاوەنی هونەرو هونەرمەند بوون، خاوەن پەخشانیش ئەڵێ: وەنەبێ هەرکە ریشی سوور بوو هەمزاغە بێ؛ وەنەبێ هەرکە داوای هونەرمەندی بکا، هونەرەکەی پڕ بە پڕی داواکەی بێت، بەڵکوو هونەر ئەوەیە کە لە سەر بناغەیەکی بتەوبێ، ئەوی لە سەر ئەو بناغەیە دامەزرا ئەمێنێتەوە، ئەوەی وانەبوو ئەپووکێتەوە. پێشینەکانی ئێمە شتیان کرد، ئەوەی بەکەڵک بوو مایەوە بۆ ئێمە، ئەوەشی کە لاواز بوو وشک بوو. ئێمەش لای سەروی بناغەکەی ئەوان بکەین بە تەختی بناغە بۆ هونەرەکانمان و بەجێ بێڵین بۆ نەتەوەی پاش خۆمان. ئەوەندە هەیە ئەبێ ئەوەی ئێمە بتەوتر بێ، چونکە بناغەکەی ئەوانمان بۆ ماوەتەوەو دووەمیش ئەبێ لەگەڵ زانستی و شارستانێتی ئێستەدا قوڵ بکەن بە قوڵی یەکا. جا لە بەر ئەم رووناکییەدا ئەوانەی کە لێو لە هونەرمەندانی راستەقینە هەڵئەقرچێنن بێ گومان لە گێرەشێوێنی بەولاوە هیچ نیازێکی تریان نییە و لە پاش ماوەیەکی کەم بە دەستی خاڵی ئەمێننەوە.

ناوەرۆکی ئەم دەقە هەم مێژووی تۆزی لە قسەوباسی دیواخانەکانی ئەو رۆژەیە، هەم، دەربڕینی بیرێکی نوێ هەر ئەو رۆژەیە، هەم پێشەنگێکیشە بۆ ئەو کەسانە کە ئەیانەوێ بە راستی و دروستی خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆیان بکەن لە رێگای هونەرو ئەدەبەوە.

لە روخساریشا ئاوێنەیەکی بێ گەردە بۆ دروستکردن و هێنانە ناوەوەی پەخشانێکی ساکاری بێ گرێ و قۆرت. توانیویە نیازەکەی بە پوختی لە وشەکانا جێی بکاتەوە، وشە خرمەی بێ لەگەڵ گوزارەدا، ئەم سەرو ئەو سەری مەرامەکە یەک بگرنەوە، دەنگی وشەی زبرو نازک جیا بکرێتەوە. لە نووسینا هەرکەسە چەشەیەکی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتو روخساری ئەو نووسینە ناوەرۆکەکەی پڕکردەوە، ئیتر چەشەی من و تۆ ئەگەرگلەش بکا، گلەکەی بە هیچ دەرئەچێ، خنجەری دەبان زاخاو بدرێتەوە یا نەدرێتەوە دەر ئەکەوێ. من قسە لە دەقێکەوە بکەم، یا نەکەم مێژووی پاشەرۆژ کۆزەرو گەنمی سوور لە یەک جیا ئەکاتەوە.

***

**«احمد خواجه» لە گۆڤاری «هیوا»ی ژمارە «٤»ی ساڵی «١» -١٩٥٧- لە ژێر ناوی «کاک جەلال-ی یەک ماڵە»دا پەخشانێکمان پیشان ئەداو ئەڵێ:**

(بیست ساڵ لەمەوپێش لە دێی «داریکەلی» مام رۆستەم -رۆستەم هەتیو- هەبوو، ئەم پیرەمێردە تەمەنی لە سەد ساڵ رابوردبوو، پیرێکی قسەخۆش و بە گوڕ تێک سمڕاو بوو، سێ کوڕی هەبوو، پچووکەکەیان لە پەنجا ساڵی تێ پەڕ کردبوو، بەڵام ئەم باوکە پیرە ئازایەیان بە بازووی خۆی ئەژیا هیچ هۆیەکی خۆی نەئەخستە سەر کوڕەکانی. رۆژێک لە میانەی قسەدا وتی: من وەکوو «کاک جەلال»ی یەک ماڵە ئەژیم. لێم پرسی، ئەم رازەی بۆ کردم:

لە رۆژانی برووزی بابانەکاندا لە سلێمانی گوندی، یاخۆ دێهاتی لە وەختی «صلاح الدین»دا لە جیاتی عەسکەر بە لادێییەکانیان ئەوت گوندییەکان، لە سەر شێوەی بادینان بووە. رۆژێک لە رۆژان پاشا ئەچێت بۆ راوە پۆڕی چەمی تانجەڕۆ، مام رۆستەمیش لەگەڵ گوندییەکاندا لە ناو سوپاکەی پاشادا ئەبێ. پاشا دەهۆڵێکی گەورەو لەگەڵ دەهۆڵ ژەنێکی زۆر زەلام و بۆشناخی هەبووە هێشا هەر شەو بوو تەپڵی راو لێ درا، ئەوانەی بۆ دەستەی راوکردن دانرابوون هەر کەسە بەبێ چرپەو هەرا، سوار و پیادە روویان ئەکردە بەر دەرگای ماڵی پاشاو لەوێوە لە سەر فەرمایشی پاشا بۆ جێی راو ئەڕۆیشتن، بەڵام هەر لە ئێوارەوە خواردن و خواردەمەنی پێک ئەهێنرا لە پێشەوە ئەنێررا بۆ جێگەی راو، گوندی «عەسکەر»ەکان بە سەڵتە زەلامی بە پێشدارو پاشداری پاشا دابەش ئەکـــران بە بەزم و دەبدەبە ئەکـــەوتنە رێ، چونکە لەو رۆژانەدا بە فەرمایشی پاشا هەموو کەسێک سەربەست بوو بۆ گۆرانی و پێکەنین و بەزم تا راو دائەبەسترا، ئەم رۆژە بە مەزەننە پتر لە ١٥٠سواری و ١٠٠زەلام ئەبوو. راو دابەسترا، وەختێک بوو بە نیوەڕۆ پێش ئەوەی تەپڵی راو تەواو بوون لێ بدرێ لە ناکاو بۆرە سوارێک پەیدا بوو، کە نزیک بووەوە لە هاڕەی رەخش و شەقەبەندی ئەسپەکەی و لە شۆخ و شەنگی ئەم سوارە هەموو چاومان ئەبڵەق بوو!. بێجگە لە دوو تانجی کە لە رستدابوو شەش تانجی و یەک دوو گەماڵی زەلام و دوو سێ توولەی راوی لەگەڵ بوو، خۆیشی لە سەر کەوای شیرداغی شایی و سەروکەوای شین و سەرو پێچێکی زۆر نایاب بە چەکمەی زەردەوە بەرەو رووی پاشا چوو، بە پێی رەوشت و ئادابی ئەو وەختە خۆی لە سەر ئەسپەکەی هاویشتە خوارەوەو دەستی راستی ئەسپی پاشای گرت!. پاشا لەم کردەوەیە سەرسام بوو و واقی وڕما. وتی: پاشا نیوەرۆژەی لەشکرو سوپات لە ماڵی کۆیلەی خۆت دروست کراوە، ئەبێ بە کۆیلەو کراوی خۆتم بزانیت،

فەرموو بۆ ئەو ماڵەم کە هی پاشایە، وتی: کوڕم نان و دوێشمان بدەیتێ باوەڕ ناکەم ئەم لەشکرە بە تۆ تێر بکرێ، کەوابوو تویش لێرانە لە بارگەو بنەی ئێمە میوان بە. بۆرە سوار نەیبیست و لە تکای خۆی دەست بەردار نەبوو، پاشای تەفرەدا.

تەپڵی کۆبوونەوە لێ درا روو بە ماڵی ئەم لاو چاکە، سوارو پیادە دوا بە دوای پاشا کەوتە رێگە. هەر کە رەشماڵی کوڕە دەرکەوت لە دوای سوپاسی بۆ پاشا بەغار روو بە ماڵ رویشت، لە پاش ئەوەی ئەسپەکەی داکوتا دووبارە بە پیر پاشاوە هات لە بەر رەشماڵەکەیدا ئەسپی پاشای گرت و پاشای بردە ناو رەشماڵەکە. لە ناو رەشماڵەکەدا بە هەر چوار لادا لە سەرقاڵیی ئێرانییەوە دۆشەک داخراو ئاوڕشێن کراو، پاک و خاوێن بوو. پاشا فەرمانی دا کە هەموو کەسێک ئەتوانێ بۆ دانیشتنی بێتە ژوورەوە. ئەتوانرێ بووترێ لەو رەشماڵەدا پتر لە ٢٠٠ کەس دانیشتبوو. لە دوای چارەکێک خاوەن ماڵ وتی: فەرموون ئالیکی ولاخ وەرگرن، بۆ هەر ولاخێک توورەکەیێک جوو وەرگیرا، وە ئەم لەشکەرە دۆی ساردی خواردەوە، وە پاشایش بەچاوێکی سەرسامییەوە ئەڕوانێتە ئەم کارەساتە. ئینجا هاتە خزمەت پاشاو بە چۆکا هات: قوربان ئەفەرموون نان بێنن؟. بەڵێ! هەر ئەوەندەی پێ نەچوو لە رەشماڵی ناوماڵەوە سینی هات، هەر بە دوو، یا سێ کەس سینییێک دانرا، ئەم لەشکرە لە برنج و ئاوگۆشت و نانی تیری و دۆ تێر بوو.

ئینجا پاشا چاوەڕێی نێرگەلەی پاش خواردنی ئەکرد، نێرگەلەچییەکەی هات و بە پاشای وت: ئاگر نییە بۆ نێرگەلە!. پاشا، مات بوو!. وتی: ناشێ.

خاوەن ماڵی بانگ کرد لێی پرسی: کوڕم ناوت چییە؟. چ کەسیت؟ چۆن ئەبێ لە پاش ئەم هەموو چێشتە دوو پشکۆ ئاگر نەبێ بۆ نێرگەلە؟!.

پاشام! ناوم جەلال، گۆرانم، ئەم چێشتەیش هەموو بە «گوێز» کراوە، داری سووتاندنمان نییە!. ئیتر پاشا بێ دەنگ بوو، ئەبێ چەند هەزار گوێز سووتابێ؟. نەیتوانی هیچی پێ ببەخشێت، بەلام پێی وت: ئەم جێگەیە بۆ تۆ. ئەو جێگەیە دێی «یەک ماڵە»یە، لە رۆژئاوای سلێمانیدا لەنزیکی چەمی تانجەرۆ).

**دەروون و دڵی ئینسان گەنجینەیەکە کە زۆر شتی تێدا هەڵدراوەتەوە. زمان ئاوێنەیەکە بۆ وێنەدانەوەی گەنجەکانی ئەو گەنجینەیە، قەڵەم ئەوزارێکە بۆ تۆمارکردنی ئەو وێنانە، بەهرەی خوێندەواری ئەو ئاوێنەو وێنەو تۆمارە هەموو ئەچەسپێنێ. ئەو نەتەوانە کە لەو**

بەهرەیە بەهرەوەر بوون تا ئەندازەیەک توانیویانە هەست و نەستی هەموو جۆرە بەسەرهات و کارەساتی خۆیان لە مەیدانی زانیاری و پیشەسازی و کەلەپووری نەتەوایەتی خۆیانا بخەنە سەر روو پەڕەی کاغەز بۆ ئەوە ئەو بەڵگانە ببن بەهۆی سوود وەرگرتنی نەتەوەی پاشەرۆژیان. ئەوانەش کە قەڵەم و مەیدانی خامەدارییان نەبووە هەموو بە سەرهاتێکیان چوەتە گەرووی گۆڕستانەوە!.

ئەم دەقە نموونەیەکە لە سەدها داستانی رابوردووی ئێمە کە زۆرێکی زووریان لە ناوچوون. ناوەرۆکەکەی دووشت بە ئێمە پیشان ئەدا؛ یەکێ دەستووری راوو شکارێک کە لە سەردەمی کۆندا باوی هەبووەو وردە وردە کەم بوتەوە، تەنانەت لەوانەیە ئێستە بەڵگەیەکی زۆر کەمیش مابێت. راوەکەی چەنگێزخانی مەغوولی ئەگەر نەبوایە بە پەخشانێک و ئێستە نەکەوتایەتە بەر دەستی ئێمە، ئێمە نەناوی راوی چەنگێزی مان ئەزانی وە نە ناوی چەنگێزخان. من ناڵێم: ئەم راوەش ئەو راوەیە، بەڵام ئەڵێم: لە ناوچەیەکی بچووکی بەچاو ناوچەیەکی فراوانی ژێر دەستی چەنگێزییەوە ئەمیش بۆ خۆی نموودێکی هەیەو بێ گومان لە سەردەمی ئەم راوەداو پێش ئەو سەردەمەشا بە سەدها شتی وا هەبووە لەبەر ئەوە کە نەنووسراون هەموو لەناو چوون، ئەم پەخشانە وێنەی رەوشتێکی ئەو سەردەمەی کوردەواریمان بۆ زیندوو ئەکاتەوەو ئەیخاتەوە بەرچاومان.

دوور نییە یەکێ بڵێ: لە زانینی راوێکی بابانی، وەیا لە نەزانینی ئێمە چ سوودێک وەر ئەگرین؟.

منیش ئەڵێم: ئەو جۆرە شتانە کەلەپوورێکی نەتەوایەتی ئێمەیە، لە زانینەکەی رابواردن و عاداتی پێشینەکانی خۆمان دێتەوە بەرچاو، لەمەوە هەست بەبوونیەتێک ئەکەین – بوونیەتی خۆمان– نەتەوەکانی تر کە بە هەزاران رەوشت و تەقالیدی خۆیان نووسیوە لەبەر چی بووە؟. هەر لە بەر ئەوە بووە کە کەلەپووری نەتەوایەتییان نەبێ بە ژێر خاکەوەو هەستیان زیاتر بجووڵێ بۆ پایەداری خۆیان. ئەمەو دیسان ئەمەوێ بپرسم ئایا شتی بە سوود چییە؟. ئەگەر ئەم جۆرە شتانە بە سوود نەبن ئەبێ شتی بە سوود لە دنیادا هەر نەبێ! ئەبێ ئەوە بزانین کە لە زیندووکردنەوەی ئەم جۆرە شتانەوە بوو کە ئەوانە کەوتنە سەر عالەمی پیشەسازی و ئەستێرەیان لەم رووەشەوە درەوشایەوە!.

شتی دووەم کە دەقەکە پیشانمان ئەدا ئەو جۆری میوانداری و نان و خوانەیە کە تاقە ماڵەیەک لە شوێنێکی تەریک لە ئاوەدانییەوە ئەو دەسەڵاتەی هەبووە کە میوانداری دارو

دەستـەی پادشـایەکی بە دەسـەڵاتی ئەو ڕۆژەی ئەو ناوچەیە بکاو هۆی بە هیـچ شـتـێکی خەڵکی تر نەکەوێ تەنیا بە سووتەمەنی نەبێ، ئەوەشی بە سووتانی گوێز لابردووە!.

زۆر لە نەتەوەکـانی تری ئـەم ڕۆژهەڵاتە ئەگـەر یەکـێـک گـیـسکە لەڕێکی بۆ یەکـێکی تر کوشتبێتەوە ئەوەندەیان دەهۆڵ بۆ لێ داوە تا ڕۆژی قیامەت هەر دەنگی دێت، بەڵام لەناو ئێـمەدا لەگـەڵ دەنگی مـەرو تەقـەی سینـیدا کپ کـراوەو ناوێکی نـەماوەتەوە تـەنانەت بۆ یەکەم ڕۆژی دوای خۆیشی!. ئەگەر زیندووکردنەوەی ئەم جۆرە شتانە شت نەبن کەواتە چی شتە؟!.

ئەمـە ناوەڕۆکی دەقـەکـە، ڕوخـسـارەکـەشی ئەوا دیارە بەکـوردییـەکی ڕێک، دەنگی وشەیەکی جوان، زنجیـرە لە هۆنینەوەدا تێک نەچووە، وشەو ڕستـە بۆ جێگا وتراوە نەک جێگا لەبەر دڵی وشەو ڕستە دیاری کرابێ. کوردی سەردەمی دانانی ئەم پەخشانە نابێ تۆ بڵـێـیت ئەبوا واو وەکوو ئێـستـە بوایە. ئەگەر وا بڵێت دیارە تۆ باوەڕت بە گۆڕان نیـیـە؛ باوەڕت بەوە نییە کە هەر پێ پلیکانەی ڕۆژێک جیایە لە ڕۆژەکەی تر.

***

«ابوزید مـصطفی سندی» لە هەژمارا ئێکی سالا ئێکی گۆڤـارا «روناهی» -١٩٦٠- لەژێر ناوی «وڵاتێ خۆ بناسە» پەخشانێکمان بە شێوەی بادینی ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

(ئامێدی

ناڤێ ئامـێـدی، ناڤ لدێرە، تاجـا سـەری هەمی باژێرێت کـوردسـتـانا بادینانە. باژێری ئامـێـدی گـەلەک جـارا مـیـرانی و ژێ هاتنا کـوردا وا نیـشـا دوژمنێت کـوردسـتـانی دای، ژبەر هندێ، جـهێ خـۆ وی دانایە سـەر تەختی دڵی هەمی کورد پەروەرا، نەخاسمە کوردێ بەهدینا. کوردێت وی گەلەک جارا سیگێت خۆ وێت کرین چەپەرو مەتاڵ لبەر زۆرداریا دوژمنا.

ناڤێ ئامێدی لدەف کوردا ناڤـەکی پیرۆز و شرینە، چونکیا بویە پایتەختی حـوکـمـەتا بەهدینا قـەهرەمـان، ئێ سـەروکێت وی «٦٥٠»سـالا حوکـمـداری و پاشاییـیا لێ کری، هەروەسا وی باژێری «میراتی» «باب کال کیت» کوردایی پارێزتی، چونکی ناڤی-ئامێدی- دعەسل دا ئاڤاهیا میدیانە، ئو میدی ژێ، باب کال کیت کوردانی.

حەتا نهۆ مێژوڤان نەگەهشتینە هندی کو بزانن باژێری ئامێدی کێ دەینایە ئو کـەنگی هاتیە دەینان. سەیدایی «طە باقـر» دبێـژت: «ئامـێدی مـەزنتـرین

کـەلیت عـراقـیـیـە، ئو ژ هەمـیـا بناڤ و دەنگ و کـەڤن ترە، دکـەفـتـە ئەفـرازی «مـووسلی» ئو «١٦٢» کـیلو مـتـرا ژی دویرە. بەری بوونا عـیـسـای ب٩٠٠ سالا ئەو باژێر دبن دەستی ئاشوریا ڤە بوو، پاشی کەتە بن دەستی حوکمەتیت زەمـانی ئیـسلامی، ئو ئەڤرو ئێکە ژ قەزاییت لوا مووسلی. ئامێدی هەر باژێر بوو، حەتا وەختی «بابلیان»یی نوی ئەوی دبێژنی «کلدانی».

«یاقـوت حـموی» ج ٣: ٧١٧ دبیـژت: «ئامـێدی کـەلەکا ئاسی و مـەزنە، دکەفتە ئەفرازی «مووسلی». «عـمادالدین زەنگی» کوردی «ئاق سنقر» سالا ٥٣٧ کۆچی -هجری ئەڤ کەلەیا نوی کری».. «حمدالله مستوفی القزوینی» دکـتـیـبا خودا «نزهة القلوب» بەرپەڕ «١٠٥»دبیـژت: «عـمادیە - ئامـیـدی - باژێریکی مەزنە. «عمادالدولة الدیلمي» ئەوی سالا ٣٣٨ کۆچی-٩٤٩بینی-میـلادی-مری، ئەو باژێر نوی کر ئو ناڤی خۆ لسـەر دەینا «العـمـادیة»، بایی وی هوین و خۆشە، ئو با جاوی -خراج- ٦٨٠٠٠ دینارن».

ئەڤ هەردوو گـوتنە لگەلٚ ئێک رێـک ناکـەڤن، چنکی «قـەزوینی» دبیـژت: عمادالدولەی ئامێدیا ئاڤا کری، ئو حموی دبێژت عماد الدین الزنگی.

«ابن الاثیر» دکـتـێبا خودا - الکامل فی التـأریخ - ٩، ٨ دبیـژت: زەنگی کەلا ئامـێدییا ئـاڤا کری، ئۆ سالا ٥٣٧ کوچی. ئەتابک زەنگی عەسکەری خۆ هنارتە سەر کەلا «ئاشب»، ئەوا ژهەمی کەلیت-هەکاریا- مەزنتر و ئاسی تر، ئۆشـیـابن دەست کـەت، زەنگی را بـوو ئەو کـەل خـراب کـر، ئۆ ژبـێـژ ڤـە کـەلا ئامێدی دەینا».

«محمد امین زکی» دکـتـێبا خودا «خلاصة تأریخ الکرد وکردستان» بەر پەڕ ٢١٥، دبیژت: «حەتا سالا١٠٤٨کوچی -١٦٣٨بینی ئامیدی هەرا سەربخۆ بوو، ئۆ د دەسـتی حوکمدارێت کوردا دا بوو، ئۆ حەتا سالا «١٠٧٠»کۆچی - ١٦٦٠بینی نەکەتە دبن دەسـتی ئوسـمـانیا، ڤە سالا ١٧٧٩ بینی عـبدالباقی پاشا والی مـووسلی بسـەر ئامـیـدی داگرت، ئۆ عـەسکەری وی گـەلەک کوشتن وتالان و شـەلاندن کـرن. سـالا ١٨٣٢بینی مـحـمـد پاشـا رواندزی ئامـیـدی داگیرکر» .ئۆ لە بەر پەڕی ٢٤٨و٢٤٩دبیژت: سمایل پاشای بەهدینی، ئامیدی و دەورێت وی هەمی داگیرکرن، پشـتی رەسول بەگی برای محمد پاشای، بەلێ گەلەک نەما ددەسـتی دا، چونکی مـحمد پاشا ئینجە بیرەقدار والی مـووسلی سالا ١٨٣٢بینی بعەسکەری خوڤە چوو سەر ئامیدی ئۆ داگیرکر. بەلی سمایل پاشـای سـالا ١٨٤٢بینی ژ دەسـتی وی ئینا دەری ڤـە. پاشی مـحـمـد رشـیـد پاشای کەلا ئامـیدی داگیر کر ئۆ سـمـایل پاشا گرت و هنارتە حـەبسا بەغدا

حوکمداریت ئامیدی ییت کو «٦٥٠» سالا حوکمداری کرین هەمی کورد بوون دبێـژنی «عـەباسی» چونکی باپیری وان ناڤی وی «عـەباس» بوو، ئۆ ژ کەلا «تارونی» ئەوا لناڤ «هەکاریا» هاتبوو).

کەلا ئامیدیێ کەلەکا «خورسنییە-تەبیعی» ئاسییە مەزنە، بلندە وەک لیسی بازی «١٢٥٠» پیا ژ بەحری بلندە، دەوریت وی هەمی چیاییت بلندن، لێن وان چیا کانییت ئاڤی و میرگیت گیای و جنینک و رەزو باغ و بستانن. فرەهیا وی، تیرا «٥٠٠٠» مالا دکەت، دو دەروکیت کەڤن ییت هەین؛ ئێک دکەفتە رۆژهەلاتی، دبیژنی «دەرگەهی زیباری»و دبیژنی «دەرگەهی پاشای» ژیک بی دووی دکەفتە ملی رۆژئاڤای دبیژنی «دەرگەهی سەقافا»و «دەرگەهی مووسلی و دەرگەهی ئامیدی و دەرگەهی بەهدینا». لسەر دەرگەهی سەقافا هندەک نەقش و نیـــشـــان، ییت هاتینە هەلکۆلین، شکلی چەند پەلەوان و شەهنیت باژێری ئامیدی نیشان خەلکی دەن، گورزو مەتال و چەکێت وان یی لگەل، ئۆ دبن بییت وان ڤە شکلی ئەژدەهایەکی مەزن، خۆ ئالاندی بدەرگەهی ڤە یی هەی شەهرەزایی و ئازاهیا کوردان نیشا دوژمنا دەت.

بەری سالا ١٩٤٠بینی، ریەکا پان هاتە ڤەکرن، ژملی «سولاڤی» ڤە ئوتوموبیل بساناهی دگەهنە کەلی. لناڤ کەلی مزگەڤتەکا کەڤن و مەزن یا هەی ئۆ لناڤ وی مزگەڤتی بیرەکا ئاڤییا هەی، ئۆ وەختی باژێر دکەتە تەنگاڤی دا خەلکی ئاڤ بخۆ ژ وی بیری دبر. پروژێ ئاڤ و کەهرەبی لی لناڤ باژێری هەی. هەروەسا قشلەک لگەلٚ دائرا پوستەی و تلغرافی، ئۆ هندە مەکتەبیت کورو کچا لێ هاتنە ئاڤاکرن. نیزیکی «٣٥٠٠» کەس لباژێری ئامیدی دژین. هەژمارا هەمی قەزای نیزیکی «٦٠» هزار کەسانە. نابەینا مووسلی ئۆ ئامیدی ١٦٢ کیلومترن. «٣» ناحیەیی لقەزای هەین «١» سەرسەنگ «٢» نیروەریکان. «٣» بەرواری بالا. مەرکەزی ناحیا سەرسنگی لناڤ گوندێ سەرسنگی بخۆیە. ناحیا نیروەریکان ٧٤ گوندێت هەین، مەرکەزی وی گوندی «بیبو»یە، خەلکی وی نزیکی «٩٠٠٠»کەسانە، عەشیرەتیت وی «مزوری ژور»و «ریکانی و نیرون»ن. ناحیا بەرواری بالا ٧٩ گوندێت هەین، خەلکی وی «١٤٠٠٠»کەسانە، مەرکەزی وی «کانی ماسی»یە، «٢٢»کیلومترا ژ ئامیدییا دویرە.

ملەتی کورد گەلەک حەژ زانینی و پێش کەتنی دکەت، بەلی زوردارێت ئوسمانلیا ئۆ کەڤنە پەریستیت کوردا کارەکی وەسا بسەری وی ملەتێ ژارو فەقیر ئینان، حەتا نەزانینی و نەساخی و «سەرخوەریی» پەنجێت خۆ ئێخستن

ناڤ جەرگی وان، ئۆ مانە بێ قوتابخانەو خواندن، بەلی ڤی دیماهیی نێزیکی «٥٠» مەکتەبا هاتنە ڤەکرن لقەزاییی ئامیدی لەگەڵ قوتابخانەکا سانەوی.

شـوولی هندە خـەلکی لقـەزیی کـرین و فـرۆتنە، و هندەکیت دی تەرشی و حەیوانەتی خودان دکـەن، ئۆ هندەک رەزاو بیـسـتـانا و دار و بارێ دچینن، ئۆ هندەک عەردی خۆ شین دکەن وەک گەنمی، جەهی برنجێ، گارسی. بەهرا پیتر ژ خەلکی ڤی قەزایی، ژارو دەست کورتن. هاڤین کەهێت رەخ و روویێت ئامیدی ئەڤەنە:

(١)-زاویتە: ٨٨٥ مترا بلندە ژ بەحرێ. (٢)- سویارەتوکا ١٥٠٧ مترا. (٣)-سـەری ئامـیـدی ١٩٨٥مـتـرا. (٤)-سـەرسنگ ١٠٤٦مـتـرا. (٥)- سولاڤ ١١٥٠مـترا بلندە ژ بەحرێ. خەستەخانەو دەرمان و دوختور گەلەک کێمن لهەمی قەزایی ئامیدی. خەلکی ئامیدی وەک هەمی کوردا حەژ برایەتی و ئێکاتی دکـەن. راسـتی لنک وان زەحـفـە، حـەژ خـواندنی و زانینی و سنعـەتکاریی دکـەن، ئۆ حەتا ڤـان نـیـزیکا «ئارمـیش» چێ دکـرن، ژن ومـێـر پێکڤـە کـاری دکـەن، دزی و مـال برین کـێـمـە. هەمی رەنگێت فـیـقی و شینکاتییت هەین، دوریت وی چیاییت بلندن، ئۆ هاڤینا دبنە زوزان).

لە شـێـوەکـانـی زمـانـی کوردی چ سـۆرانی چ بادینی، چ لوڕی چ مـوکری چ ئەردەڵانی تا ئێـسـتـە لـە هەریەک لەمـانە ئەوی لە دەسـەڵاتا بووبێ نموونەیەکی پەخشـانمـان خسـتـۆتە بەرچاو.

ڕێختی ئەم کتێبەو زەوینەکەی لەسەر بناغەی شێوەی موکری ڕۆیشتوە، بۆ نموونە شێوەی بادینیش هێنراوەتەوە، ئێستە بۆ بتەوکردن و زیاتر شارەزا بوون لەو شێوەی بادینییە ئەم دەقـەی «ابو زید مـصطفی سندی»یەش دێنینەوە کـە لە بارێکی مـێـژوویەوە باسی شـارو ناوچەی «ئامێدی» ئەکا؛ باسی ناوی ئامێدی و تا ئەندازەیەک حوکمدارانی و ئەو قسە مێـژوویـیـانە کـە لە بەڵگەکـانی بێگانەدا لە بارەی ئامێـدییـەوە هاتـوون، سروشـتـی شـاری ئامـێـدی و تا ڕاددەیەک جـوغـرافـیـای، کـارو کـەسـابەت و ئاژاڵ و مـاڵاتیـان، هاوینە هەوارەکـانی، مێـوەجات و ڕەزو بـاخـەکـان. باسی ئەمـانە ئەکـاو هەریەکـەیـان چی قسـە لە بارەیانا هەڵبگرێ باسی کردووە.

شێوەی بۆ دانانی هۆنراو هەر لە مێژە دەستی خۆی پێش خستووە، هۆنراوەکانی مەلای جزیری، فەقێ تەیران، مەلای باتێ و ئەحمەدی خانی ئەم گەواهیەمان بۆ ئەدەن، بەڵام لە پەخشانا ئەو دەرفەتەیان نەبووە کە لە سەردەمەکانی پێشوودا بتوانن سامانی پەخشانیش

زۆر بکەن، لەگەڵ ئەوەش کە بێنە سەر رۆژنامەو گۆڤار «کوردستان»یەکەم رۆژنامەی بەدرخانیەکان ئەستێرەی سیوەیل و گەلاوێژە کە لە ئاسمانی کوردیدا پرشنگەکەی پرشەپرش ئەکا. ئەم پەخشانە یادی نووسینی بەدرخانیەکانمان دێنێتەوە یاد لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە نموونە پەخشانێکی بادینی ساڵانی ١٩٦٠مان پیشان ئەدا. لە ناوەڕۆکا ئەمانباتە ئەو ناوچەیە کە ئەو شارە بە دیمەنە مێژوویەی تێدایە، ئەو ئاگاداریەمان ئەداتێ کە تا پێش خوێندنەوەی ئەم باسە زوربەی ئێمە بێ ئاگا بووین لەوانە، ئەم بابەتە گەنجی سامانی پەخشانی کوردی مانی فرەتر کرد، روخسارەکەی لەو شێوەدا بە دیمەنە.

کە ئەچینە لایەکی تریشەوە سەیر ئەکەین ئەم شێوانە هەموویان لە یەک کانیاوەوە هەڵقوڵاون، دووریی ماوەو بێ هاتوچوبی لە نێوانی بەشەکانی کورددا ئەو بەڵگە بێ هێزەی دابووە دەست نەشارەزایان و بگرە ناحەزانی کوردەوە کە زمانی کوردی بڕبڕە و شێوەکانی دوورن لە یەک!. ئەوەیان ئەکرد بە ژێر لێوەوە کە هەر زمانێ تۆ بیگری لە عالەما ئەم جیای شێوەیەی تێدا هەیە، بەڵام خزمەت کراوەو زمانێکی یەکگرتوویان پێکەوە ناوە، زمانی کوردی لەبەر هەر شتێک بووە ئەو خزمەتە نەکراوەو تا ئەم سەدەی بیستەمە بەو جۆرە شێوەکانی بە تەریکی لەگەڵ یەکا ماونەتەوە. گومانی تێدا نییە ئەو خزمەتەی کە نەتەوەکانی تر کردوویانە بە زمانی خۆیان، ئەگەر دەیەکی ئەو خزمەتە بۆ کورد بلوایە بۆ خزمەتکردنی زمانەکەی خۆی، تێکڕای زمانی کوردی ئێستە لەوانە ئەبوو کە بۆ بەرزی پەنجەی بۆ رابکێشرایە. ئەمەش کە ئەیڵێم وە نەبێ دەمار بمگرێ، بەڵکوو لەو رووەوە ئەیڵێم کە زمانی کوردی ئەو دەوڵەمەندییەی تێدا هەیە بۆ ئەوە بتوانێ ئەم داوایە بچەسپێنێ.

***

زانا مەلاجەمیل بەندی رۆژبەیانی لە ژمارە «٤»ی ساڵی یەکی گۆڤاری «رۆژی نوێ»- ١٩٦٠- لە ژێر ناوی «دەفتەرەکەی حوسەین نازم»دا پەخشانێکمان بۆ پێکەوە ئەنێ و ئەڵێ:

(زۆر کەس وەها تێ ئەگەن کە نووسەرانی کوردی لەمەوپێش دەربەستی مێژووی نەتەوەی کورد نەهاتوون. من ئەم بیرو باوەڕەم لە لا بە بادا ئەچێ. هەرکە لە گۆشەی نامەخانە پەڕپووتەکانا نووسراوێکی دەسنووس وەهام بەرچاو بکەوێ کەزوربەی خوێندەوارانی کورد نەوەک هەر نیانە وە نەیاندیوە، بەڵکوو هەر ناویشیان نەبیستووە! بێ گومان هۆی ئەمەش نەخوێندەواری و دەربەست

نەهاتنی گەلەکە خۆی بووە، نەوەک خوێندەوارانی. هەر لە بەر ئەمە بووە کە نووسەرانی بە زمانێکی تر شتیان نووسیوە دەربارەی نەتەوەکە، وە بۆیشیان بڵاو نەکراوەتەوە لە بەر نەبوونی چاپ لەو حەلەدا، وە لەبەر کەم دەستی لەم دەوری ئێستەدا. بە گەزاف ناڵێم: من خۆم تا ئێستە چەند نووسراوێکم دەربارەی «کورد»و هەندێ ناوچەی وەرگێڕاوە وە نووسیومە، پارەم نییە چاپی بکەم، وە کەسیش نییە یارمەتیم بدات. ئێستە نووسراوێکی مێژوویيتان ئەخەمە بەردەست، گومانم وایە ئەو نامەیە بێ کە خوا لێی خوشبوو «ئەمین زەکی بەگ» ناوی ناوە «دەفتەرەکەی حوسەین ناظم»و هەر ئەم روونووسەبێ کە ئەو مێژوو نووسە بەرزە، سوودی لێ وەرگرتووە. ئەم نووسراوە بە تورکییەکی زۆر ئەدەبی نووسراوە، مێژووی «بابان»ەکانە، چەند لاپەڕەیەکی ناتەواوە، لای دواییشەوە نەگەیشتبووە ئەنجام، تەنها روونووسێکی شڕی لە لای «جەلال بابان» هەیە.

«حوسەین ناظم»ی نووسەر بێ گومان کوردو شارەزا بووە، بەڵام نازانرێ کەی ژیاوە وە چۆن ژیاوە. هەندێ کەس بەو «حوسەین ناظم»ەی ئەزانن کە تا سەدەی بیستەم مابوو، وە خەڵکی سولەیمانی بوو. هەرچۆنێ ئەبێ ببێ، من وەری ئەگێڕم بە کوردی، هەر کەس روونووسی راستەقینەی هەیە، یا خود سەرگوزەشتی نووسەری ئەزانێ، با مەردایەتی بنوێنێ وە یاریدەی مێژوو بدا، وە لاپەڕەی لە مێژووی گەلەکەی زیندوو بکاتەوە.

* * *

«......حکومەتی «دەشتەتاڵ» (١) بەناوی بنەماڵەی «ضیارالدین»ـەوە (٢).

(١)–رەنگە مەبەستی «سەردەشت»بێ. بەناوی بنەماڵەی«ضیارالدین»ەوە

(٢)–رەنگە مەبەستی بنەماڵەی «ئیختیارەدین»ی سەرداری«بانە» بوو بێ.

تا سەردەمی «خان ئیسماعیل سولتان» هەر مابوو، وە پێ باوەڕنامەی مێژوویی ئەم مزی میرێتی و سەردارێتییە پشتکۆڵ ئەدراو بە هێز ئەبوو. «خان ئیسماعیل سولتان» سەردارێکی زەبەر بەدەست و ستەمکار بوو، بەڵام لە ترسی «خەو»ێ کە دیبووی دەسی لە کورسی سەرداری هەڵگرت، وە خۆی خستە گۆشەی خواپەرستی، وە جێگەکەی بۆ «خان ئەحمەد سولتان» بەجێ هێشت. «ئەسکەندەر» بەگی کوڕی خان ئیسماعیل سولتان فەرمانڕەوای «ماوەت» بوو، بەڵام دەس رووەیشتنی و پەرەسەندنی «بوداق خان» کورتی دایە ژیانی فەرمانی ئەو، وە بەم جۆرە «ماوەت» کەوتە ژێر ئاڵای فەرمانڕەوایی

«خان بوداق».

ئەم «خـان بوداق»ە كـۆچەریانە ئەژیا؛ زسـتـان لە «داریشـمـانە» وە بەهار لە زورگـەكـانی «گـربوداغ» رایئـەبوارد. كـە بەدوورایی نیـو سـعـات لە رۆژهەلاتی «قـەلادزە»وەیە- كـە ناوچەی ئەو هەریمە یە ئەمرۆ بە «قـەضـای مەعـمـورە» ناو ئەبرێ-رۆژگـــاری هاوینیش لە «ســەردەشت» رایئـــەبوارد، وە پایزیش لە شارۆلكەی «ماوەت». مەبەستیشی لەم جێ گۆڕكیە هەم هەوا گۆڕكی بوو، وە هەم نیـزیكی ئەو عێل و تیـرانەی ژێر فـەرمـانی كە شـارەزای خـوو و رەوشت و ئارەزوویان بێ و بتوانێ خوشەویستییان رابكێشێ.

«خـــان بـوداق» لە ســـالّی ١٠٧٥ كـــۆچی دا -١٦٦٤-زاینی بۆ ئەوەی دەسـەلاتی خۆی بە هێزتر بكا بە یەكـجاری ناوچەی فەرمـانڕەوایی گـوێزایەوە شارۆلكەی «ماوت»، وە هەرێمەكانی «شینك»و «سەراو» و «بەركێو»یشی خسـتـەناو زنجـیـرەی ولاتەكـەیەوە، بەلام گـورگی مەرگ مـەیدانی نەدا كە پـتر ولاتەكەی بتەنێتەوە كۆچی دوای كرد. پاش كۆچی خان بوداق «میر سلیمان»ی كوڕی جێگەی گرتەوە. ئەم میـرە هەرچەند بە ئازایی و دلێری لە باوكی بەجێ نەدەمـــا بەلام ئەم وەكـــوو ئەو دلّ گـــەورە نەبوو، تووڕە و تەنگەتیلكە بوو، دلّنەوازی و بەزەییش بە تەرزێ بوو كە جارجار بە سەر رق و كینیا زالّ ئەبوو. پاش ئەوەی كـە داری فـەرمـانڕەوایی گـرتە دەست هەرێمەكـانی «قـزلّجـە» و «سرۆچك»ی داگیر كردو خستیە ژێر فەرمانی خۆی، وە چاوی لەوە بوو كەپتر سنووری ولاتەكەی فراوان بێ، وە بڕیاری دابوو كە ولاتی «ئەردەلان» لە دەست ئێران رزگار بكا، و تا «سنە» و دەوروپشتی بخاتە ناو ولاتەكەیەوە. لەبەر ئەم ئامانجە لە سالّی ١٠٨٠ی كۆچی- ١٦٦٩ی زایینیدا پایتەختی فەرمانڕەوایی گـوێزایەوە بۆ «قـەلاچوالان». دەولّەتی ئێـران كـە لەم نیـازەی مـیـر سلێـمـان تێگەیشت كە هەلّئەگەڕێ بۆ داگیـركردنی «ئەردەلان» لەشكرێكی «٤٠٠٠٠» كـەسی لە ژێر فـەرمـاندەی میـری لوڕسـتـاندا نارده سـەری. كـە سلیـمـان بەگ ئاگادارەوە بوو لە هاتنی میری لوڕستان دەس بەجێ هێزێكی پێنج هەزار كەسی لە پالّەوانـانی «بابان» پێكەوە ناو بەرەو پیـــری چوو. ئەم دوو لەشكرە لە هەرێمی «شـمێـران»دا لەم بەرو لەو بەری سیـروان «دیالی» بەرەنگاری یەكـتـر وەستان. لەبەر ئەوەی سەردەمی بەهار بوو، «سیروان»یش لە بەر زۆری لافاوی باران مالامال هاتبوو، گونجایشی پەڕینەوە نەبوو، لە بەر ئەمە ئەم دوو لەشكرە نەگـەیشـتـنە یەك وە شەڕیان نەئەبوو. مـیر سلیـمـان لە داخی ئەم لافـاوە -كـە درێژەی ئەكـێـشـا- پنگ هەلاتبـوو، وە تەنگەتیلكە بوو بوو، چونكە زۆری

لاستەم بوو کە لە شکرێکی ئێران بتوانێ بەم رەنگە زات بکاو هێرش بێنێتە سەر وڵاتی کورد، وەلای زۆر پێویست بوو کە لووتیان بشکێنێ، وە ئەم هەلەشی بکاتە بەهانە بۆ شاڵاو بردنە سەر «ئێران»و هەندێ هەرێمی داگیر بکا. رۆژەهاو هەفتەها تێپەڕی ئینجا لافاوەکە وردە وردە نیشتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزی دوشمن چل هەزار، وە هێزی ئەوان پێنج هەزار بوو، وە پەیوەندی لە نێوانی ئەم دوو هێزەدا نەبوو دیسانەوە تووڕەیی و بە دەماری سلیمان بەگ وە هێزەکەی تینی ئەسەند).

وەرگێڕان دەستێکی زۆری هەیە بۆ زیاتر روونکردنەوەی بیروباوەڕی هەر نەتەوەیەک، چونکە لە ناوەرۆکی ئەو شتە وەرگیراوەدا گەلێ ئاگاداری وای تێدا ئەبێ کە ئەو ئاگادارییە لە زمانە بۆ وەرگێراوەکەدا نەبووە، هەر لە بەر ئەمەیە کە گەلێ لە زانایان هێزێکی زۆریان خستۆتە سەر ئامۆژگاری کردن بۆ وەرگێڕان، ئیتر ئەو وەرگێڕانە لە هەر بابەتێک و لە هەر زمانێکا بێت. بەو بۆنەوە ئێمەش لەم کتێبەدا چەند نموونە پەخشانێکمان هێنایەوە کە لە ئینگلیزی، ئەڵەمانی، فەرەنسی، عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕ-رابوون. کوردەکە وەکوو لەوانەی وەرگرتبوو لە تورکیشەوە وەری گرتووە. ئەم پەخشانەی ئێرە نموونەیەکە، کە خاوەن پەخشان لە توورکیەوە وەری گێڕاوەتە سەر کوردی.

من نامەوێ بە تەواوی بچمە ناخی ئەم پەخشانەوە، چونکە خاوەن پەخشان لە پێشەکی وەرگێڕ-راوەکەدا هەندێ قسەی کردوە هیچی نەهێشتۆتەوە بۆ ئەوە کەمن لەم رووەوە قسەیەک بکەم، ئەوەندە هەیە ئەڵێم لە ناوەرۆکی وەرگێڕانەکەی دا ئەگەر ئەم دەقە نەبوایە گەلێ ئاگاداری مێژووی لەم رووەوە هەبوو ئێمە نەمانئەزانی، هەر چەندە لە دەقی تورکیەکەدا چەند شوێنێک، وە یا چەند ناوێک دوور نییە بەهەڵە وتبێتی بەڵام وەرگێڕ توانیویە شوێن و ناوەکان بە تەخمین راست بکاتەوە. ئەمەو دیسان شت وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی وەنەبێ مێژوویەکی زۆر کۆنی هەبێ، لەبەر ئەمە ئەو سەردەمە کە ئەو دەقە تورکیە خراوەتە سەر زمانی کوردی، سەردەمێک بووە کە کوردەکە تازە پێ ئەنایە ناو ئەو مەیدانەوە کە شت لە زمانێکی ترەوە بخاتە سەر زمانی کوردی. رەنگبێ رێختی ئەم دەقە بە چاو کوردیی ئیمڕۆژەوە پلەکەی نەگا بە ئێستە، بەڵام بۆ وەرگێڕانی ئەو رۆژە لەوانەیە بەشتێکی دانسقە دابنرێ بۆ وەرگێڕەکە. ئەگەر کوردەکە بە تێکرا لە سەردەمێکی زووەوە خەبەری ببوایەتەوە بۆ ئەوە کە شت لە زمانی ترەوە بخاتە سەر زمانی خۆی ئێستە زمانەکەمان لە رووی ئاگادار بوونی بە سەر ناوەرۆکی زمانەکانی ترا گەلێ دەوڵەمەندتر

ئەبوو هەم لە ناوەرۆکا، هەم لە روخسارا.

ئەو شتانەش کە لە زمانەکانی ترا نووسراون و ئێمە ئەیانخەینە سەر زمانی کوردی سێ جۆرن، جۆرێکیان کارەسات وکاروباری ولآتی زمانە بێگانەکەیە،وەرگێرانی ئەم جۆرە شتانە تەنها ئەو ئاگاداریەمان ئەداتێ کە لە ولآتی ئەو زمانە بێگانەدا هەبوون، مەبەستی ئەم جۆرەیان ئەو ئاگادارییەو هیچی تر. جۆرێکی تریان کارەساتەکە زادەی ناوچەی کوردەواریەکەو کۆرپەی ولآتەکەیە، بێگانەیەک ئەوانەی بەزمانی خۆی دارشتووە، پاشان هێنراوەتەوە سەر زمانی کوردی، وەکوو بلێیت: گەزۆی خۆمان بووەو بۆ خۆمان گەراوەتەوە!. جۆری سێیەم کارەسات و بەسەرهاتی هەر کارەسات و بەسەرهاتی کوردەواری بووە، کوردێک بەو زمانەی کە ئەو لە ناویا ژیاوە هێناویە نووسیویەتەوە. ئەم کوردەش یا زمانە رەسەنیەکەی خۆی نەزانیوە، یا زانیویەو بەلآم برەوێکی نەبووە، یا خوێندەوارێکی نەبووە، یا ترسێکی لە رێگادا بووە بۆ ئەوە نەتوانێ بە زمانی خۆی بینووسێ، هێناویە بەو زمانە بێگانەیە نووسیویە. پاش ئەوە رەورەوەی مێژوو کارێکی وا ئەکا کە ئەوە وەکوو ناوەرۆکەکەی کوردی بووە، روخسارەکەشی هەر بکرێتەوە بە کوردی.

ئەم ئاگادارییەی «حوسەین نازم» من بە بەشی سێیەمی ئەزانم، خاوەنی دەقی پەخشانە کوردییەکە ناوەرۆک و روخسارێکی کوردی پەتی کرد بە دیاریەک و دای بە ئێمە.

* * *

«نەقابەی مامۆستایانی لقی سولەیمانی» لە «ژین»ی ژمارە ١٦١٨ی رۆژی ١٩٦١/٦/٨ دا لە بارەی کۆنگرەی مامۆستایانی کوردەوە یادداشتێکی بەو ناوەوە بلآوکردۆتەوە. ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

(بۆ دەسگای بەرێوەبەری نەقابەی مامۆستایان لە بەغداد، دەربارەی گرتنی کۆنگرەی سێهەمی مامۆستایانی کورد.

ئێمە: ئەندامانی لیژنەی بەرێوەبەری نەقابەی مامۆستایانی لقی سولەیمانی پاش وردبوونەوە لە هەڵوێستی بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەنی نەقابە لە یەکەم کۆبوونەوەیا، وە دوای بینینی ئەو بریارەی کە ئەنجومەنی دوایی دەربارەی گرتنی کۆنگرەیەکی ناوخۆیی بۆ مامۆستایانی کورد. لەبەر رۆشنایی ئەمانە ئەم یادداشتە پێشکەش ئەکەین، بەو هیوایەی کە دەسگای بەرێوەبەری گشتی و لیژنەی لقەکانی نەقابە چاو بخشێنێتەوە بە هەڵویستە ساردەکەیدا دەربارەی بەستنی ئەم کۆنگرەیە.

دوای سلاو:

ئەو پەیوەندییە مێژوویی و ئابووری و زانیارییەی کە گەلی کوردو عەرەبی پێکەوە بەستووە بەپێی تێپەڕینی ساڵەهای فراوانتر بووەو گەشەدارتر بووە، لە بەروبوومی ئەم پەیوەندییە شۆرشی چواردەی تەمووز بەرپا بوو کە بەندی سێیەمی دەستووری وەختی هێنایە ئاراوە؛ ئەو بەندەی کەدان ئەنێ بە هاوبەشی کوردو عەرەبی لەم نیشتمانەدا، ئەو بەندەی کە زامنیەکی تەواوی تیایە بۆ مافی نەتەوایەتی کورد، بە تایبەتی مافی زانیاری. بەپێی ئەم راستییە جێ بەجێ کردنی داخوازی زانیاری گەلەکەمانی بە پێچەوانەی ئەو پەیوەندییە بە هێزەی نێوانمان نییە، بەڵکوو پتەوتری ئەکات. لقی «و» لە بەندی دووەمی یاسای نەقابەی ماموستایان «ژمارە٦٦ ساڵی ١٩٥٨» بە ئاشکرا دەری ئەخات کە ئەبێ نەقابە «هەوڵ بدات بۆ بەشدار بوون لە بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی هەموو گەلی کۆماری عیراق و پێشخستنی.. ناو». هەروەها بەندی سێهەمی هەمان یاسا ئەڵێ: «پێویستە نەقابە هەوڵ بدات بۆ جێ بەجێ کردنی بە هەموو هۆیەکی بلاوکردنەوەو ئێستگەو هەڵسووڕاندنی زانیاری و کۆمەڵایەتی وەک دەرکردنی گۆڤارو بلاوکراوەو پەڕاو و ریکخستنی موحازەرەو لیدوان و بەستنی کۆنگرەی زانیاری ناوچەیی و جیهانی، وە بەشدار بوون تیایا، هەروەها لە هەموو هۆیەکی تریشا لەگەڵ ئاگاداری کردنی فەرمانەکانی یاسا». ئەم جۆرە بەندە راست و دروستانە باشترین پاڵ پێوەنەرن بۆ ئێمەی ماموستایانی کورد کە خێراتر داوای بەستنی کۆنگرەی ناوخۆیی بکەین.

بەتایبەتی ئەگەر هاتو زانیمان کە لە کۆماری عیراقدا دوو گەلی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش کوردو عەرەبن وە هاوکاری کردن لە بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیدا بۆ گەلی عیراق ئەکات بە پێویستیەکی گەورە کە ئەبێ هاوکاری بکرێ لە بوژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتی گەلی کوردا، ئەو گەلەی کە بە راستی گەلێک لەگەلی عەرەبی برای زیاتر پێویستی بە پێشخستنی زانیاری و خوێندەواری هەیە. ئێمە لەگەڵتانایین کە کۆنگرەی ماموستایان تێکرا هەوڵی داوەو هەوڵیش ئەدا بۆ گەشەپێدان و پەرە پێ سەندنی زانیاری گەلی عیراق، بەلام ئەبینین کە ماموستایانی کورد زۆر پێویستیان بە بەستنی کۆنگرەی تایبەتی هەیە کە بتوانن تیایا لە گیروگرفتی خۆیان بدوێن و لەو کۆسپانە بکۆڵنەوە کە دێتە رێگای خوێندەواری گەلەکەیان و بۆ دانانی چارەسەری باش، چونکە ئەمان لە هەموو کەسێکی تر باشتر لە دەردی خۆیان ئەزانن، بە تایبەتی

ئەگــەر هاتوو ئەوەمــان خــســتــە پێش چاو کــە خــوێندەواری کــوردی چەند دواکەوتووە؟!. هەرگیز نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە کۆنگرە ناوخۆییەکانی یەکەم و دووەم چ سوودێکی گەورەیان بوو کە ماموستایانی کورد لە هەموو ناوچەکان و لە هەموو شێوەکانی زمانی کوردی تیا یەکانگیر ئەبوون و باسی گیروگرفتی زانیاری خۆیانیان ئەکرد و لە ئەنجامیشا بیروراو پێش نیازەکانیان و دەست خستنە سەر دەردو ئازارو ڕێ دانان بۆ چارە کردنیان هەمووی یەک ئەخست و ئەیانخستە پێش چاو. بێ گومان جێ بەجێ کردنی ئەو پێش نیازو بڕیارانە لە ڕێگای نەقابەوە راژەیەکی گەورەیە بۆ خوێندەواری گەلی کورد.

ئەوەی شیاوی باسە بەشدار بوونی ماموستا عەرەبەکان و ماموستایانی کەمایەتیەکان لەم کۆنگرە ناو خۆییەیاندا بوو بە هۆی ئەوەی کە بۆیان روون بێتەوە گیروگرفتی خوێندەواری گەلی کورد لە کوردستانی عیراقدا چییەو چی نییە، هەروەها رۆشنبیرە کوردەکانیش هەستیان بەوە کرد کە برا عەرەبەکانیان پشتگیرییان ئەکەن لە چارکردنی گیروگرفتیەکانیاندا. بێ گومان ئەم هاوکاری و روون بوونەوەیەو ئەو پشــتگیــرییــە زیاتر برایەتی کــوردو عــەرەب و کەمایەتیەکان بەهێزتر و پتەوتر ئەکەن لە سەر بنچینەیەکی راست و قایم لە ڕێگای پێکهاتن و لە یەکتر گەیشتن و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا، برایانە لە نێوانی ئەو نەتەوانەی کە برایەتیەکەیان لە نێوانایە، تاقانە ڕێگای راستە بۆ پاراستنی یەکیەتی راستەقینەی عیراق.

ئێـمـە لۆمـەی بەشی هەرەزۆری ئەندامـانی ئەنجـومـەن ئەکـەین لەسـەر ئەو هەڵویستـە نارەوایەیان بەرانبەر پێکهێنانی کۆنگرەی ماموستایانی کورد، چونکە ئێمە وامان چاوەڕوان ئەکرد کە پاڵپشتیان بن و یاریدەدەرمان بن بەرانبەر بەداخوازیەکانمان، بەتایبەتی ئەم داخوازیە شەرعییە کە ڕێک و رەوان بۆ راژەی خوێندەواری گەلی کوردە. ئا لەبەر ئەمە ئێمە دەنگی خۆمان دەرئەبڕین بە ئاشکرا کە واز لە داخوازی گەلەکەمان ناهێنین هەتا هەتایە، لە سنوورو دەسەڵاتی یاسادا، چونکە بە مافێکی راستەقینەی خۆمانی ئەزانین و لە ناوجەرگەی یەکیەتی راستەقینەی عیراقیشەوە هاتووە. لەبەر ئەوە لیژنەی لقەکەمان بە پێویستی زانی کە دووبارە داواکەی تازە بکاتەوە دەربارەی بەستنی کۆنگرەی سێیەمی ماموستایانی کورد، چونکە ئەم کۆنگرەیە راژەیەکی زۆر گەورەی تیایا بۆ زانیاری و خوێندەواری کوردی.

لە کۆتاییدا هیواداریین کە هەڵویست و فرمانەکانی نەقابە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندی گشت ماموستایاندا یەکانگیر بێ لەگەڵ درکاندنی و دوانی کار

«د. کامل حسن بصیر» له ژماره «۱۱»ی ساڵی ۱۹۶۱ی گۆڤاری «رۆژی نوێ» له ژێر ناوی «نه‌ء، ئه‌ده‌به‌که‌مان دواکه‌وتوو نییه»دا، ده‌قی په‌خشانێکی بڵاو کردۆته‌وه ئه‌ڵێ:

(ماوه‌یه‌ک له‌مه‌وبه‌ر مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگ له ژیانی ئه‌ده‌بی نه‌ته‌وه‌که‌مان هاته گۆڕێ که ئه‌ویش مه‌سه‌له‌ی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌بی کوردی و هۆی دواکه‌وتنی و چۆنیه‌تی چاره‌کردنی بوو. بڕێک له ئه‌دیبه به‌رێزه‌کانمان له‌م رووه‌وه بیرو رای خۆیان ده‌رخست و خه‌ریکی روونکردنه‌وه‌ی ئه‌و هۆیانه بوون و له پاشا چاره‌یه‌کی ئه‌وتۆی بۆ بدۆزنه‌وه که یه‌کجاری لایبه‌رن. ئه‌م مه‌سه‌له‌یه خه‌ریکی ئه‌وه بوو له ئاسمانی ئه‌ده‌به‌که‌ماندا ئاوا بێ ئه‌گه‌ر وتاره دواییه‌که‌ی ماموستا محه‌ره‌م نه‌بوایه که له رۆژنامه‌ی «ژین»ی خۆشه‌ویستدا بڵاوی کرده‌وه. دیسانه‌وه سه‌ر له نوێ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه هێنایه‌وه کایه‌و ده‌ستی کرد به لێکۆڵینه‌وه‌و ده‌رخستنی بیرورای خۆی.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که‌من له‌م مه‌سه‌له گرنگه دوور بووم نه‌ک له‌به‌ر هیچ شتێک به‌ڵکوو له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که هیچ وجوودێکی واقعی ئه‌م مه‌سه‌له‌یم نه‌ئه‌دی، هه‌ر چه‌نده ئه‌م مه‌سه‌له‌یه خۆی له خۆیا مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگه. له‌به‌ر ئه‌وه من رای تایبه‌تی خۆم هه‌ڵگرت تا چاوم به وتاره‌که‌ی ماموستا محه‌ره‌م که‌وت. که دیم کاک محه‌ره‌م له وتاره‌که‌یدا زۆر ئه‌هتمام به‌م مه‌سه‌له‌یه ئه‌دا، به‌جۆرێکی وه‌ها که هه‌موو ترس و له‌رزی خۆی پیشان ئه‌دا له باره‌ی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌بی کوردییه‌وه، ناره‌زایی خۆی ده‌رئه‌خا له‌ون بوونی باسکردنی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌به‌وه له رۆژنامه‌و گۆڤاره کوردییه‌کاندا. له لایه‌که‌وه ئه‌هتمام دانی کاک محه‌ره‌م به‌م باسه، وه بڕوای به‌تینم به ره‌ئیه تایبه‌تیه‌که‌ی خۆم له‌م مه‌سه‌له‌یه‌دا، له‌لایه‌کی تره‌وه حه‌ز به‌وه ئه‌که‌م که گرِی موناقه‌شه‌ی ئه‌ده‌بی به که‌ڵک خۆش که‌م. ئه‌مانه هه‌مووی پاڵی پێوه‌نام که ئه‌و ره‌ئیه تایبه‌تیه به ئاشکرا بخه‌مه روو.

ئه‌م ماموستایانه که له پێشه‌وه له‌م مه‌سه‌له‌یه دوان له‌گه‌ڵ ماموستا محه‌ره‌م که له‌م رۆژانه‌دا ئه‌و باسه‌ی خسته‌وه روو، یه‌ک ئه‌گرن به جۆرێکی سه‌ره‌تایی که‌وا ئه‌ده‌بی کوردی به راستی دواکه‌وتووه. جیاوازی له نێوانی ماموستا محه‌ره‌م و ماموستاکانی تر له رووی هۆیه‌کانی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌به‌که‌مانه‌وه. به کورتی ئه‌و ماموستایانه هۆی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌به‌که‌مان ئه‌ده‌نه پاڵ رێز نه‌گرتنی ئه‌دیب، نه‌بوونی رێکخراوێک که ئه‌دیبانی کورد پێکه‌وه بلکێنێ و به ته‌نگیانه‌وه بێت، وه که‌می خوێنده‌وارانی ئه‌ده‌ب. به‌ڵام ماموستا محه‌ره‌م ئه‌ڵێ ئه‌م هۆیانه‌ی سه‌ره‌وه هۆی دواکه‌وتنی ئه‌ده‌به‌که‌مان نییه، به‌ڵکوو ئه‌مانه ئه‌نجامن بۆ دواکه‌وتنی. ماموستا محه‌ره‌م بۆمان ده‌رئه‌خا

کە هۆی سەرەکی ئەم دواکەوتنە بە کورتی ئەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی کۆمەڵی کوردی لە رووی ئابووری و سیاسییەوە. لێرەدا بەلای مامۆستا محەڕەمەوە پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئەدەب، لەبەر ئەوە پێویستە کە خەباتێکی سەخت بکرێت لە پێناوی پێشکەوتنی ژیانا بۆ ئەوەی ئەدەبەکەشمان پێشکەوێت.

ئەمەیە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو مامۆستایانە لە پیشاندانی هۆی دواکەوتنی ئەدەبەکەمان، وە ئەمەشە شێوەی بیرکردنەوەی کاک محەڕەم لەم رووەوە. ئێستا بۆم هەیە کە رەئی خۆم لەم رووەوە دەربخەم، رەئیەکەشم دوو سەری هەیە؛ یەکەمیان بە ئاشکرا ئەڵێت: رێگەی ئەو مامۆستایانەو رێگەی مامۆستا محەڕەم لە پیشاندانی هۆی دواکەوتنی ئەدەبە کوردییەکەمان هەرگیز راست نییەو رێک ناکەوێ لەگەڵ مەفهوومی تازەی ئەدەبدا. رێگەی ئەو مامۆستا بەرێزانە پێویستی بە ئەرکێکی ئەوتۆ نییە بۆ پەرچ دانەوەی، چونکە ئەو هۆیانەی کە ئەوان باسیان کردبوو لە راستیا ئەنجامی ئەو زرووفانەیە کە گەلەکەمان تیا ئەژی وەکوو مامۆستا محەڕەم ئەڵێ، بەلام رێگەی مامۆستا محەڕەم پێویستی بە شتێک بیرکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی روونی بکەینەوە کە دوورە لە سنوور پێ دانی هۆی دواکەوتنی ئەدەبەکەمان. مامۆستا محەڕەم وا ئەزانێ کە پێشکەوتنی ئەدەب بەستراوە بە پێشکەوتنی ژیان و لەناوچوونی ئیمپریالزم و چەوساننەوە. «ئەم وتەیە وتەیەکی کلاسیکیە کە دان نانێ بەوەدا کە ئەدەب هێزێکی دروستکەری ئەوتۆیە کە بەشدارە لە پێشخستنی ژیان و لە ناوبردنی ئیمپریالزم و چەوساننەوەدا». مامۆستا محەڕەم ئەدەب بەوە دائەنێ کە ئاوێنەیەکە ژیان ئەنوێنێ، بەرێکە لە کۆشی زرووفدا پێ ئەگات. ئەگەر ئەو ژیانە پێشکەوتووە بێت ئەوا ئاوێنەکەشی-کە ئەدەبە-چاک و بەنرخە. ئەگەر ئەو زرووفە بە پیت بێت ئەوا بەرەکەش- کە ئەدەبە- پێگەیشتوو و بەتامە.

سەیر کردنی ئەدەب بەم چاوە نرخی ئەدەب کەم ئەکاتەوە کەوا هێزێکی سەرکردە و کاریگەرو گۆڕێنەرو ئاراستە کەرە. بیرو باوەڕی پێشکەوتووی تازە لە بارەی ئەدەب و ئەدیبەوە پشتگیری ئەم جۆرە رایانە ناکات، بەڵکوو بە بێ بەزەیی ئەچێ بەگژیاو بەربەرەکانێ ئەکا. بۆچی؟ چونکە هەر چەندە ئەم بیروباوەڕە پێشکەوتووانە بڕوا بەوە ئەکەن کە زرووفی ماددی ئەدیب و ئەدەبەکەی ئەگۆڕێ، هەروەهاش بڕواشی بەوە هەیە کە ئەدیب و ئەدەبەکەی دەستە پارچە نین کە زرووف بە ئارەزووی خۆی هەڵیانسووڕێنێ، بەڵکوو ئەدیب بە سەرکردەیەک دا ئەنێ کە ریبەریی ئاراستەی زرووف ئەکات.

بەڵێ ئەدەب بە «سوککان» دائەنرێت کە سەرکردەیی ئەکات و نەخشەی بۆ دائەنێ، ئەدیب ئەندازیاری دەروونی مرۆڤایەتییە، ئەدیب سوپای دووەمە. ئیمپریالیزم ئەم زرووفە ناخۆشە و ناهەمووارەی بۆ دروست کردین کەوا گەلەکەمان لە دۆزەخێکی ئەوتۆدا ئەژی کە دیوارەکانی هەژاری و نەزانی و نەخۆشی و چەرمەسەرییە، بەڵام ئەدیب پێغەمبەرێکی تازەی وەهایە کەسەر بۆ ئەو تاریکی و دۆزەخە شۆڕ ناکات، بەڵکوو مەردانە چاکی لێ کردووە بەلادا گۆرانی ئازادی و سروودی شۆڕش ئەڵێ، ئەم گۆرانی و سروود و ئاوازە بڵاو ئەبێتەوەو ئەکەوێتە کار بۆ روخانی ئەم دۆزەخە و بۆ گۆڕینی ئەو زرووفە.

بەڵێ! ئەمەیە ئەدەب، چۆن ئەشێت ببەستێ بە زرووفەوە بە شێوەیەکی میکانیکی؟. نەء، من لەسەر ئەو بڕوایەم کە ئەدەب بۆیە پەیدا بووە کە زرووف بگۆڕێت و زرووفی تازە دروست بکات. ئەگەر ئەدەبی کوردیمان بەم شێوەیە نەبێت کەواتە هەر نییە!!.

ئەگەر ئەو ماموستایانە و ماموستا محەرەم لەسەر ئەو باوەڕەبن کە ئەدەبی کوردی بەم پێویستە هەڵناسێ و ئەم کارە ناکات، کەواتە ئەبێت بڕوایان بەوە بێت کە ئەدەبی کوردی هەرگیز نییە، وە پێویست بەوە ناکات کە بڵێین ئەدەبەکەمان دواکەوتووە. ئەم مەسەلەیە دوو سەری هەیە؛ یان ئەبێت ئەدەبی کوردی هەبێت، یان نەبێت. یان هەیەو نەخۆشە، پێویستی بە پەنسلین و ئورۆمایسین هەیە تا چاک بێتەوەو هەڵسێتە سەر پێ و بەکاری خۆی هەڵسێ. ئەمەش شتێکی بێ بناغەو بێ کەڵکە، چونکە نەخۆشەکە مردووەو تازە چاری ناکرێت! لێرەدا سەرەکەی تری رەئیەکەم خۆی دەرئەخا کە ئەویش بە کورتی و بە ئاشکرا ئەوەیە کە ئەدەبی کوردی هیچ دواکەوتوو نییە، بەواتەیەکی تر باسکردنی دواکەوتنی ئەدەبی کوردی لێدوانێکی دۆنکیشۆتی و بێ بەرە، تەنیا ئەوە نەبێت کە موناقەشەیەکی رووکەشی بێ ئەنجام بەرپا ئەکا!.

..............................................................).

هەر قسەو باسێک بابەتێکی هەیە، تا ئەو بابەتە نەبێت قسە کردن لەوەوە نایەتە گۆڕێ، لەو رۆژەداو لە ناو کۆڕەکانی دەستەی خوێندەوارانی ئەو رۆژەدا دیارە ئەوە هاتۆتە ناوەوە کە ئەدەبی کوردی روو بە رووی چی بووەتەوە؟. هەندێک بەلایانەوە وا بووە کە ئەم ئەدەبە بەرەو دوا ئەگەڕێتەوە. هەندێکی تر وتوویانە ئەبێ لەگەڵ کارەساتی رۆژانەدا شان بە شانی یەک بجوولێین. دەستەیەکی وتوویانە: بە پێچەوانەی دواکەوتن، هەر بەرەو پێشەوە ئەڕواو هیچ لە کاروان دوانەکەوتووە. هەر بەرەیەک بۆ پشتیوانی باوەڕی خۆی

کـەوتۆتە بەڵگە هێنانەوە. دەربڕینی ئەم بیــروباوەڕانە لە بابەتێکی واوە هەمــوو ئەوە ئەگەیەنن کە هەر ڕۆژە شتێک دێتە پێشەوەو هەر دەنگە ئاوازێکی تری لێوە پەیدا ئەبێت. لە بابەتێکی وەکوو ئەم بابەتەدا سەردەمەکانی پێشوو هەر ئەوەندە بوو شت ئەوتراو پاشان ئەنوسـرا- ئەو شـتـە هۆنراو بوایە یا پەخـشـان - دیمەنپـەرسـتی هاتە پێـشـەوە، لەوەوە ناوەرۆک ناسین کـەوتە بەردەمی خـەڵک بۆ ئەوە بزانین ئەو ناوەرۆکـە بە سـوودە یا بێ سـوود، لەمـەوە وردە وردە ئەوە پەیدا بوو کـە لە هەمـوو ڕوویەکی ئەو شـتـەوە بکۆڵنەوە. دیارە ئەم پلانە بەم جـــۆرە زادەی دەنگێکی کـــوتوپڕی نین، بەڵکوو زادەی گـــەلێ تاقـیکردنەوەو بەسـەر هاتن. بابەتێکی وەکـوو بابەتی ناوەرۆکی ئەم پەخشـانەی خـاوەن پەخشان یەکێکە لەو ئەڵقە نەپچڕاوەی ڕەوڕەوەیە.

بەلای خاوەنی ئەم پەخشانەوە ئەدەبی ئێمە ئەدەبێکی دواکەوتوو نییە، بەڵکوو هەموو دەم سنگی بۆ پێشەوە ناوەو ئەنێ. ئەگەر سەیری خزمەتکردنی نەتەوەکانی تر بکەین کە چۆنیـان کردووە بە ئەدەبی خـۆیان و سەیرێکی ئەدەبەکەی خویشـمان بکەیـن- لە چاو ئەو کەم خزمـەتیـەدا - لەوانەیە ئەدەبەکەی ئێـمە زیاتر ڕویشـتـبێت. بەلای خـاوەن دەقـەوە ئەم ڕایەی وەنەبێ دەمـارگرتن بێ و وای وتبێ، بەڵکوو بەلایەوە ئەمە شتێکی واقعییـە. ئەمە ئەو، ئەمجا ئێمە بۆ شیکردنەوەی دەقـەکە هەر دوو دیوەکەی سەیر ئەکەین؛ دیوی ناوەرۆک و دیوی ڕوخسار:

ناوەرۆکـەکـەی ئەوەمـان ئەخاتە بەرچاو کـە لە بابەتێک دواوە ئەو بابەتە گـۆڕانی ڕۆژ ئەوەی هێناوەتە ناوەوە. ڕۆژانی پێش ئەو سەردەمە خاوەن قـەڵەمێک ئەدوا لە شت، بەڵام ئەو شتـەی کە ئەو ڕۆژە لە ئارادا بوو، وا دیارە دوان لە بـارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئێـمە بەو مـەعنایە کە پێشـکەوتووە یا نەکـەوتووە، ئەم وتوویرەیە کـەمـتـر هەبووە، خـاوەن دەق ئەمـەی بۆ دەرخسـتـوین کـە لەو ڕۆژەدا ئەم بابەتە هەبووە بۆیە ئـەویش یەکالای کـردۆتەوە. دەقـەکـە ئەو مـێـژووەمـان ئەخـاتە بەرچاو. لە ڕوخسـارەکـەشـیـا ئەوەی پیـشـان داوە کـە مەرامەکەی لە قاڵبی وشەکانا تا ئەندازەیەک جێ کردۆتەوە. وەکوو ئەمە هەیە ئەوەش هەر هەیە کـە هەندێ وشـەو ڕسـتـەی وای بەکـارهێناوە، ئەوانـە لە سـەردەمی ڕابوردوودا بەڵێ بەسـەر زارەوە هەبوون بەڵام نەکـــەوتبـــوونە ناو چوارچێـــوەی تابلۆی نـووســـینەوە، لـەم بەکارهێنـان و نەهێنانەدا زنجیـرەی پەخشـان بە پێی پلەی ڕۆژەکان ئەکەوێتە بەرچاومان. لەم زنجیـرەوە ئەوەمـان بۆ دەرئەکـەوێ کە زمـان «کـائـن»ێکی زیندوەو هەمـوو کـاتێک لە جووڵاندایە، هەمـوو ڕۆژێک چەشنە وشـەیەک بۆ مـەعنای تازە داهاتوو دروست ئەکا. هەر

لەبەر ئەمەیە بۆیە زۆر لە نەتەوە زیندووەکان هەموو یەک دوو ساڵێک فەرهەنگی خۆیان تازە ئەکەنەوەو شتی نۆی ئەخەنە سەر.

***

«کەریم شارەزا»لە ساڵی «١٩٦١»کتێبێکی لە ژێر ناوی «کۆیەو شاعرانی»دا دەرکرد، دیارە کە باسی شاعرانی کۆیە ئەکا بە پەخشان دەوری هەموو ئەو هۆنەرانە کە کردوونی ئەهۆنێتەوە. ئەمەی خوارەوە نموونەی پەخشانێکەیە کە لە سەرەتای کتێەکەیا وتوویە:

«لەوانەیە هەندێ کەس هەر لە خوێندنەوەی ناوی کتێبەکەمان بە خۆپەرست و ناوچەگەریمان بدەنە قەڵەم، چونکە بەم ناوە تەسکەی «کۆیەو شاعرانی» پێشکەشمان کردووەو ناومان نەناوە «کوردستان و شاعرانی». ببوورن ئەو توهمەتە لە ئێمە بە دوورە؛ ئێمەی کە مەبەستمان لە نووسینی کتێبێکی وا لە ژێر ناوی یەکەم بێ، یا دووەم، تەنیا خزمەتەو بەس. بەڵام بۆیە بەناوی «کۆیە و شاعرانی»مان داناوە تا بتوانین کۆیەو شاعرو زانایانی بە شێوەیەکی فراوان پێشکەش بە خوێندەوارانی کوردزمان بکەین کە تینوێتی زانیاری ئەدەبییان بشکێنێ دەربارەی ئەدەبی ئەم ناوچە گرنگە. وە لە سەرێکی تریشەوە خۆم رۆڵەی ئەم ناوچەیەم و توانای کۆکردنەوەی زانیاریم دەربارەی «کۆیە و شاعرانی» پترە لە یەکێکی دوورە دەست. وە ئەگەر لە چوارچێوەی کوردستانی مەزنا لە شێعرو ژیانی کورد بدوابایین ئەوا هەموو شاعرانی ناودار بەختەوەر ئەبوون بە دراسەت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، وە ئەم فرمانەش لە زوویەکەوە ماموستایانی بەرێز «خوا لێی خوشبوو رەفیق حلمی»و «علاءالدین سجادی» خستوویانە ئەستۆی خۆیان بە نووسینی کتێبەکانی «شیعرو ئەدەبیاتی کوردی»و «مێژووی ئەدەبی کوردی»وە لەم دوو سەرچاوە ئەدەبیە هێژایە تەنیا حاجی قادری کۆیی و دڵدار لە شاعرانی ناوچەی کۆیە بەختەوەر بوون لە تۆمارکردن و لێکۆڵینەوەی شیعریان، کەچی گەلێ شاعری هەڵکەوتووی وەک «ئەختەرو کەیفی و جەلی و ثانی و مەلای گەورە و صافی و مەنفی» کە هێندێکیان گەر لە ریزی حاجی و دڵدارا نەبووبن نزمتریش نەبوون، بەڵام لەبەر تۆمار نەکردنی شیعرو سەرگورشتەی هەندێکی وەک «ئەختەرو جەلی و ثانی و مەنفی» خراونەتە پشت گوێ و حەقی خۆیان پێ نەدراوە.

لەبەر ئەم هۆیانەی کە باسمان کرد خۆمان لێ گورج کرد و دەستمان بە کۆکردنەوەی شیعرو سەرگورشتەی شاعرانی ناوچەی کۆیە لە دێرزەمانەوە تا ئێستا، وە لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەم زانیاریانەمان پوختە کردو

پێــشـکەش بە خــوێندەوارانی خــۆشــەویست دەکــەین. ئێــمــە وەنەبێ ئەم زانیـاریانەمـان بە ئـاسـانی و بێ گـرێ چنگ کـەوتبێ بەڵکوو گـەلێ کـۆسپ و تەگـەرەمـان هاتۆتە رێ؛ وەک نەبوونی سـەرچاوەیەکی وا راسـتـەوخـۆ زانیـاری پێـویسـتـمـانی لێ هەڵێنجین، لەبەر ئەوە ناچار بووین زانیاری سـەرگـورشـتـەی گـەلێ لە شـاعـرانمان دەماو دەم وەرگرین و بە قـەرینە و دەلیـلی عـەقـڵی پوختـەی بکـەین، وە دەربارەی هەندێ شـاعـری تریش لە کـۆنە کـتـێـبی دەسـتـنووس وەرگرین، وە لەم هەوڵ و تەقەلایەمدا خوا هەقە کاک عبدالرزاق محمدی شیعر دۆستم ئەوەی لە دەستی هات یارمـەتی دام. وا هەر چۆنێک بێ پچڕپچڕ لەم کتێبخانە کۆنەو لەو مزگەوت و لەم ماموستایە و لەو مەلایەمان پرسیوە:

فلان شاعر کێ بووەو چۆن ژیاوە؟. کام شاعر ئەم هەڵبەستەی گوتوە؟. ئایا چ پەڕاوێکی دەستنووسی کۆنت هەیەو باسی چی ئەکا؟.

بەم چەشنە بە هەزار حـاڵ ئەم زانیـاریانەمـان لەم لاو لەولا هەڵکڕاندوەو دوایی لە بێژنگمـان داوەو کـامی شیـاوی نووسین بووبێ وەرمـان گرتوەو لەگەڵ ئەوانەی لە سـەرچاوەی چاپکراوا بە دەسـتکـاریەوە وەرمـانگرتوون، کردوومـانە بەم کـتێبـەی کە لەبەردەسـتـتـانە. بۆیە لـە ئێـسـتـاوە ئەزانین کە لە هەڵەو کەم و کووڕی بە دوور نیـیـەو هیـواداریـن کـە خوێندەوارانی بەرێز بە نـووسین و نامـەی شـیـرین ئـاگـادارمـان بکەن لـە هەڵەو ناتەواویمان بۆ ئەوەی لە چاپی دووەمـیـدا راستیان بکەینەوە. وە هیواداریـن کە نووسەرو شاعرانی کوردستان هەرکەس بە پێـی مـەڵبـەندو ناوچەی خـۆی دەست بـکەن بە کـۆکـردنەوەی زانیـاری ئەدەبی دەربارەی شـاعـرو نووسـەرو زانـایانی کـورد، بۆ ئەوەی گـەلێ سـەرچاوەی تازەو فراوان بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی بدۆزرێتەوە.

..............................................................».

وەکوو وترا قسـەو باسێک کە لە ناوا هەبوو بابەتێک دروست ئەکا. خاوەنی ئەم دەقە کاتێ کە نیازی دانانی کتێبەکەی بووە ئەو قسەیە هاتۆتە ناوەوە کە ناوچە پەرستیـەک لە کتێبەکەیا هەیە، ئەویش بەم پەخشـانەی بەرپەرچی ئەو قسـەیە داوەتەوە. ئەو قسـەیەو ئەم بابەتـە ئەوە ئەدا بە دەسـتـەوە: کـە لـە هەر سـەردەمـێکاو لە هەر جـێگایەکـدا یەکـێک کـە ویسـتـبێـتی ئیشـێک بکا، یا بەرهەمێک بێنێتە بەرهەم دەستـەیەکی لێیـە راست بوونەتەوە کەوتوونەتە توانج گرتن لێی. دیارە ئەمە غـەریزەیەکی ناهەمـوارە لە ئادەمیـزاددا هەیە. ئەو بلیـمـەتانەی کـە لە ئاورووپادا هەڵکەوتوون و خـزمـەتی گـەورە گـەورەیان بە زانکـۆی ئادەمیـزاد کردووە ئەوانیش تووشی گەلێ توانج بوون، بەڵام توانجەکەیان وەکوو ئاوو کەفی

رووبار رۆیشتـوه، بەرهەمی ئیشی بلیمەتەکان وەکوو زیخ و چەوی رووبارەکە بووەو ماوەتەوە. لەم رووەوە غەریزەکە هەر یەک غەریزەیە؛ چۆن لە مرۆڤێکی نەتەوەیەکی دواکەوتوودا هەیە، هەر بەو جۆرە لە ئینسانە نەتەوە پێشکەوتووەکەشا چەشنی سەمەرەی هەیە.

پەخشانی ئەم خاوەن پەخشانە ئەوە دەر ئەخا کە لەو رۆژەدا لەم رووەوە بۆڵە بۆڵ هەبووە. خزمەتکردن و خزمەتی نەتەوە سەنەدی خاقانی نییە لەسەر یەک کەس، بەڵکوو سەنەدە لەسەر هەموو نەتەوەکە. تاکە تاکەی هەر نەتەوەک بەشی ئەوەی هەیە کە بە ئەندازەی دەسەڵات خزمەتی خۆی بکا، ئەگەر بۆی نەکرا بێ دەنگیەکەی ئیشێکی چاکە، ئەگەر بۆی کرا ئیشێکی چاکترە. چەند قسەیەکی جوانە کە لەم پەخشانەدا هەیەو ئەڵێ: «وە ئەگەر لە چوارچێوەی کوردستانی مەزنا لە شیعرو ژیانی کورد بدوابایین ئەوا هەموو شاعرانی ناودار بەختەوەر ئەبوون بە دراسەت و لێ کۆڵینەوەی ئەدەبی». قسەکە راستە؛ لە هەموو ناوچەو هەرێمێکا ئەگەر خاوەن هونەرو هونەرمەندێک پەیدا بوو و سەری هەڵدا ئەهلی شوێنەکە بە پوختی لێی بدوانایە، وە یا پارێزگاریان بکردایە - چونکە ئەوان شارەزاتر بوون - ئێستە ئەدەبی کوردی گەلێ دەوڵەمەندتر ئەبوو لەم پلەیە کە هەیەتی.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە رێچکەی ئەم پەخشانە رێچکەی شێوەیەکی موکریییە. ئەم شێوەی موکریەش وەکوو هەموو شێوە سەرەکیەکانی دنیا وردە شێوەی بچووکی لە گوزارشت و لە هەندێ وشەدا لێی پەیدا ئەبێ. لەم پەخشانەدا ئەبینین هەندێ وشەی ئەو ناوچەیە تێدا هەیە کە ئەم وشانە مایەی سامانداری شێوە سەرەکیەکەن. ئەگەر نووسین و چاپ لەو رۆژەدا لە ناوا نەبوایە ئەو جۆرە وشانەو ئەو جۆرە گوزارشتانە بە سانایی نەئەکەوتنە شوێنانی ترەوە، چونکە دوور نییە تا سەدەی نۆزدەهەم کە خەڵک دوور بوون لە یەک و هاتوچۆیان بەسەر یەکەوە لەبەر ئەو شتە تیژرەوانە کە ئیمرۆ خەڵک ئەگەیەنن بەیەک کەم بوو، شوێنێکی وەکوو سابڵاخ، شارەزوور، سنە، بڵباس، سولەیمانی و لاجان هەندێکیان نەیانزانیایە؛ بە وێنە وشەکانی: «تەسک، فراوان،پتر، مەزن، گرنگ و هێژا...هتد» مەعناکەیان چییەو بەچی ئەڵێن، بەڵکوو هەر ئەو ناوچەیە ئەیزانی کە وشەکە هی ئەو بوو. پەخشانی چاپکراو کارێکی وای کرد، کە هەموو ناوچەیەک لە وردو درشتی شێوەی ناوچەیەکی تر تێ بگا. ئەم پەخشانە ئەو رێگایە گرت؛ کە بە تەواوی خۆی نەبەستێ بە شێوەی تایبەتی ناوچەیەکەوە.

لە لایەکی تریشەوە ئێمە کە سەیری رێختی ئەم پەخشانە ئەکەین سووراو سوور بۆمان

دەر ئەکەوێ کە چەشەی هەر کەس روخسارێکی تایبەتی هەیە.

روخســاری پەخـشـانێکی وەکـوو ئەم پەخـشــانە لە ناوچەیەکی وەکـوو «کـۆی»ەدا بەهرەیەکی گەورەی هەیە، بەڵام لە ناوچەیەکی وەکوو سابلاخ، یا سولەیمانی دا دوور نییە ئەو بەهرەیە نەبێت!. بە پێـچــەوانەی ئەمــە هینەکــانی ئەوانیش لەوێدا وا. لە وێنە ناوچەییـەکـانی ئەم پەخـشـانەو پەخـشـانە ناوچەییـەکـانی ترا ئێـمـە ئەتوانین ئەدەبێکی یەکگرتووی پوخت وەکـوو هێلکەیەکی پاککراو بێـتە بەر دەسـتـمـان. بەڵام کە بێـتە سـەر شــیـکـردنەوەی رێـخـتـی تەواوی پەخـشــانەکـە ئەگـونجێ لە گـەڵێ لاوە ئەوەی رێـخـتـی عـیـبـارەتێکی سادەی ئەدەبی بێ لام وایە بە تەواوی باڵی نەکـێـشـاوە بەسـەریا. بەڵێ! هەرچەندە چەشە جیایە بەڵام دارشتنی رستەش لە شوێنی خۆیاو بەبێ پچڕان دەستێکی تری هەیە.

***

«هێــمـن» لە رۆژنـامــەی «ژین»ی ژمــارە «١٦٤٠»ی رۆژی ١٩٦١/٩/١٤ لە ژێر ناوی «هاوینەهەوار وێنەی راسـتـەقـینەی..»دا لە بارەی کـۆشش کـردن بۆ پێـشـخـسـتنی هاوینە هەوار وتارێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«هاوینەهەوار وێنەی راسـتـەقـینەی دڵسـۆزییـە کـەوا چۆنیـەتی شـێـوەی ژیانی گـەلی تێـدا دەرئەکـەوێ. چارەســەرکـردنی کـەم و کـووڕی هاوینەهەوارەکـان پێویستێکی نیشتمانییە.

ئەمــڕۆ لەم سـەدەیەدا کـەوا سـەدەیەکی جـوولێنەرو گـۆڕین و پشـکنینە، سەدەیەکی گەورەی هەنگاونانی گەلانە لە هەموو روویەکی ژیانەوە، بە تایبەتی ئەمــڕۆ گـەلان لە بنچـینەوە خـەریکی لێکۆڵینەوەو چارەسـەری ئەو کـەم و کووڕیانەی کەوا دیار کەوتووەو هەستی پێ ئەکەن لە رووی باری ئابوورییەوە. ئینجا ئێمەش لەو رووەوە بەشی هاوینەهەوار ئەخەینە بەر چاوی بەرێوبەرایەتی گشتیی هاوینەهەوار، کەوا ئەم کەم و کووڕیانەی کە ئەیخەینە بەرچاو چارەسەر بکرێ و پاڵ پێوەنەرێکی دڵسۆزی بن بۆ هاوینەهەوارەکـان کەوا برێتـییـە لە قازانج و کەڵک و خێر، چی بۆ گەل و چی بۆ میری. ئایا ئەمڕۆ گەر وردبینەوە لە «لوبنان» وەیان لە کۆماری عـەرەبی یەکگرتوو کە نزیک کۆمارمانە ئەزانین لە رووی وارداتەوە چ هۆیەکـیـان خـسـتـۆتە سـەر بەشی هاوینەهەوار و چۆن هاوینەهەوار رێک و پێک ئەخـەن؟ و چۆن بە رۆژنـامـەو نامـیـلکە و پیـانۆ و ئەستاتیونو تەلەفزیۆن و بەرێوەبەرایەتی هاوینەهەوار خەریکی ئەوەن کەوا چی

له ناوەوەی ولات و چ له دەرەوە کەوا بەو پڕو پاغاندەیه هەڵسن بۆ ئەوەی گەورەترین کۆمەڵی هاوین بەسەرە بێنه نێوان هاوینەهەوارەکانیان که هۆی هەرە گەورەن له رووی ئابووریەوە، هۆی گرنگه بۆ جووڵانەوەی باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەو بۆ هەر دوولا، چ دانیشتوان و چ میری کەڵک بەخش ئەبێت. بەڵام ئێمەش ئەڵێین و لەگەڵ نووسەرە دڵسۆزەکانی کورد بەردەوامین کەوا هەستی خۆمان دەربڕین سەبارەت بەو کەم کووڕی و دواکەوتنەی کەوا هەن له نێوانی هاوینەهەوارەکانی ناوچەمان - لیوای سولەیمانی - کەوا هەتا له ئەستاتیون چ بەشی کوردی و چ بەشی عەرەبی هیچ باسێک و خواسێک نییه سەبارەت بەو هاوینەهەوارانه له رووی پڕو پاغاندەوە که شتێکی هێجگار پێویستە هەر چەندەش له دوا بێت!. بەڵام وا دیارە زۆری لەبەر ئەوەیه کەوا له دوایه، بۆیه!. بەڵام هەرچۆنێک بێت بخرێتە بەر چاو، وە ئێمە ئەڵێین: ئایا؟ بەرپێوەبەرایەتی هاوینەهەوارەکانی گشتیی کۆماری بۆ وا بە سستی ئەجووڵێتەوە؟!.

بۆ نموونه بابێن باسی یەکێ له هاوینەهەوارەکان بکەین:

هاوین هەواری پێنجوێن:

پێنجوێن قەزایەکی گرنگ و جوان و دڵگیری بەنرخە کە ئەکەوێتە سەر سنووری ئێران. ئەمە هاوین هەوارێکی خۆش و پڕ له هەموو پێویستەکی هاوینەهەوارە، بەڵام جێی داخە کەوا ئەم هاوین هەوارە چی کەم و کووڕی تێدا هەیە؟.

(١)- چاری رێگاو بانێ کەوا بەرەو پێنجوێن بچێت، هەست بەو رێک و پێکیه ناکرێ؛ رێگایەکی خوارو خێچی خەتەرناک قیرتاو نەکراو، ئینجا ئەو رێگای ئێستایەی که هەیە وا نییە کەوا شەرتی تەواوی رێگاوبانی تێدا بێت، سەرەڕای ئەوەش کەوا رێگاوبانی ئەم ناوچەیە زۆر مەترسی تێدایە، بەتایبەتی له نێوانی کانی سپیکەوە تا پێنجوێن. ئەمە هیچ هۆیەک نییە که بەم جۆرە بمێنێتەوە. وە ئەوەش ئەزانین کە رێگاوبان چ هۆیەکی مەزنە له رووی بازرگانییەوە، بە تایبەتی له رووی ئابووری، رووەکانی تر بە گشتی..

.«..............................................................

هەتا ساڵ بێت بەم لاوە شتی نوێ تر دێتە پێشەوە. هەر رۆژێک قسەیەک و هەر سەردەمێک پیاوێک پەیدا ئەبێ، لەوانەیە ئەوەی دوێنێ وتراوە و ئەو پیاوەی دوێنێ پەیدا بووە بەکەڵکی ئیمڕۆ نەیەت، ئەوەی ئیمڕۆژیش بەکەڵکی سبەینێ نایە، بەڵام مێژوو

بۆیە شت تۆمار ئەکا بۆ ئەوە بەراوردی کارەسات و پیاوی دوێنێ لەگەڵ ئیمڕۆ بکرێ و لەم بەراورد کردنە لاپەڕەیەکی تر دێتە پێشەوە کە جم و جووڵکردنی زەمانەو نەوەستانی گەردوونەیە، ئەوە دێتە پێشەوە کە لەبەر رووناکی ئەوانەی پێشوو ئاسۆ فراوان بیێتەوە بۆ هێنانەوەی شتی تازەتر، وەکوو لەم رووەوە خاوەن رستە وتوویە: «تازە بە تازە نەو بەنەوا». هەر فیکرە لە سەردەمێکاو هەر پیاوە لە کاتی خۆیا شاکار و شاپیاو بوون، بەڵام رۆژی دوای ئەوە ئەگەر ئەو فیکرەو ئەگەر ئەو پیاوە زیندوو ببنەوەو تەماشای دەوروبەری خۆیان بکەن پەشیمان ئەبنەوە لەو هاتنەوەویان، چونکە ئەبینن رۆژەکانی دوای ئەوان جۆرە فیکرو جۆرە پیاوێکی تری دروست کردووە کە گەلێ جیایە لەوان!. ئەوەندە هەیە ئەتوانین بڵێین: مادام گۆڕان لە ناوایە ئێمەش ئەگەر ئێستە بووینایە وەکوو ئێستە دەبووین، ئەمەو ئەوەش ئەڵێین: کە ئێمەو فیکری ئێمە بناغە بوو بۆ ئێوە.

سەردەمی پێشوو لە کوردەواری لە هەموو لایەک خێزانی ماڵەکان سەماوەرو قۆریەو خواردنیان ئەبردو بۆ سەیران ئەچوونە شوێنە خۆشەکانی ئەو شوێنە. لە راستیدا ئەو شوێنانە هەوارێک بوون بۆ ئەو کەسانە، لەمەوە بیروباوەڕ تەنیەوە بۆ شوێنی فراوانتر؛ بۆ ئەو جێگایانە کە ئاوو هەوایەکی سازگار و فێنکی هەبوو، ئەچوون لەو شوێنانە شەوێک وەیا چەند شەوێک ئەمانەوە، بەڵام شوێنەکە لە سەر حاڵەتێکی تەبیعی بوو، لەمەوە رەوڕەوەی زەمان کەوتە سەر ئەوە کە ئەبێ بە دەستێکی هەرەوزی رێک و پێک بکرێن بۆ ئەوە هەموو جۆرە کەسێک بتوانێ تیایانا بحەسێتەوە، دیارە ئەم جۆرە فیکر کردنەوەیە گۆڕانێکە بە سەر لاپەڕەی ژیانا دێت، وەنەبێ کوتوپڕی و خۆی لە خۆیەوە پەیدا ببێ. لە ساڵی «١٩٥٧»دا خاوەنی ئەم کتێبە لە سەر هاوینەهەواری «شەرانش» لە وڵاتی «زاخۆ» وتارێکی خستە سەر لاپەڕەی «ژین»، پێم وایە ئەوە یەکەم قسەیەک بوو کە لە بارەی هاوینەهەوارەوە کەوتە ناوەوە، ئەمەی ئێستە دووەم قسەیە.

شت دەربڕین وەکوو بابەتی ئەدەبی ئەگرێتەوە، گەلێ بابەتی تر ئەگرێتەوە، یەکێک لەو گەلە کاروباری کۆمەڵایەتییە. ئێمە لێرەدا نموونە پەخشانەکانی کوردی ئەخەینە بەرچاو، کە نموونەی هەر رۆژێک پەردەی شەرتی تەواوی رێگاوبانی تێدا بێت، سەرەڕای ئەوەش کەوا نییە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە: کە چۆن گۆڕان هاتووە بە سەر بیروباوەڕی دانیشتوانی کوردستانا، وە لە شتی تایبەتی بێتە سەر شتی گشتی. ناوەرۆکەکەی باسی شتێک ئەکا کە پەیوەندی بە ژیانی حەساوەی گەلێ خەڵکەوەیە، روخسارەکەی هەر ئەوەندەی لە بارایە کە ناوەرۆکێکی گشتی دەرببڕێ، دیارە ئەمە پەردەیەکە لە پەردەی بیروباوەڕی فرەکەسی

ئەو سەردەمە کە خاوەن پەخشان بەم پەخشانەی خستوویەتە بەر دەستمان، ئەگینا بێنە سەر روخسارو دارشتنی عیبارەت بە ئاشکرا ئەزانین کە روخسار لەم پەخشانەدا بەرەو دوا گەڕاوەتەوە، کەچی ئەبوایە بەرەو پێشەوە بڕۆیشتایە!.

***

«ئیسماعیل» لە ژمارە «١٦٥٩»ی رۆژنامەی «ژین»ی ساڵی «١٩٦٢» لە ژێر ناوی «یاری لەش جوانی»دا پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«پێشەکی ئەمەوێ بڵێم: کە مەبەستی نووسینم لێرەدا بۆ پێکانی دوو نیشانە؛ یەکەمیان سکاڵا لە کاربەدەستانی یانەی وەرزش، دووەمیان بە کورتی باسێکی یاری لەش جوانی. گومانی تێدا نییە کە وەرزش تێکرا وە بە هەموو جۆرەکانیەوە جیاوازییان نییە لەوەدا کە لەشێکی ساغ و گیانێکی بەرز پێک ئەهێنن. ئەمە راستە بەڵام ئەگەر وەرزشێ، یا یاری کردنێ بەرەڵاو سەربەخۆ بێ و رێک و پێکیەک نەگرێتە خۆ وەکوو هەموو شتێکی تر، ئەنجامی تەفرو توونا بوون و لە کۆتاییدا لەناوچوونە. بوونی «یانە»ش بەمانا دروستکردنی ئەو رێک و پێکیەیەو پاراستنی لەناوچوونە، «یانە»مان هەیە. بەڵێ ئەمە راستە بەڵام نەبوونی چاکترە لەم بوونەی چونکە «دەنگی هەیەو رەنگی نییە!».. جگە لەمەش ناخۆشی لێرەدا ئەوەیە کە ئەمیان بە بەرچاوەوە گیانی وەرزش ئەکوژێ و لە ناوی ئەبات. «یانە» هەیە، بەڵام رێک و پێکی و لێ پرسینەوەو هاندان نییە. کەرەستەی یاری هەیە بەڵام کاربەدەستی دڵسۆزو ماموستایانی رابەری یاری و هەڵسووڕێنەری جگەر سۆزی نییە!. ئینجا بوونی یانەیە کە ئا ئەمە بێ نەبوونی چاکتر نییە؟!.

لەو باوەڕەدام کە هاوبیرم زۆرە و پشتگیریم هەیە لەم قسانەدا کە دەری ئەبڕم، چونکە مەبەستم پاکە و قسەکانیشم پێچ و پەنای تیا نییە و راستەوخۆیە.

یاری لەش جوانی-ش وەکوو هەموو یاریەکی یانە ناسێنراوە و لێی نەپرسراوە کە لە یانەدا هەن!. بەڵام لە راستیدا یاری لەش جوانی یەکێکە لەو یارییە بەرزو ناسراوانەی کە لە هەموو شوێنێکی ئەم دنیایەدا بە هەزاران یانەی تایبەتی و لایەنگیرو ماموستایانی شارەزای هەیە. جگە لەوەی کە یارییەکە ئەتوانم بڵێم: جێ زۆر یاری تر پڕ ئەکاتەوە، لە هەمانکاتا بە دیمەنێکی دڵگیرو رێک و پێکیەکی چوون یەک و بەهێز دەرەوەی لەشی مرۆڤ دەر ئەخات.

یاری لەش جوانی، وە بە تایبەتی لە ناو گەنجەکانی ئێمەدا هەتا بلێی حەز پێ کـردوی زۆرە و بە گـەرمـیـەوە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر لە دەوری کـۆ ئەبنەوەو ئەیانەوێ ببنە یەکێ لە پێگەیشتوان و دەرچوانی قوتابخانە بەرزو ناسراوەکەی، بەڵگەشم بۆ ئەمـە خـۆ خـەریک کـردنی گـەلێکە لەو گـەنجـانەو دەرکـەوتنی دەستـەیەکی لەش جوانە لەم مەیدانەدا، ئەگەر چێ ئەو پێگەیشتنەش بە تەنیا ئەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی خۆیان و بەس!.

بەڵام دیسـانەوە بەداخەوە ئەڵێم: ئەم یارییـەش وەکوو هەمـوو یاریەکی تری یانە خـراوەتە لاوەو لە گۆشـەی کـەمـتـەرخـەمـیـدا بێ خـاوەن مـاوەتـەوەو لێ پرسینەوەی نییەا. ئەو بەرهەمی خۆ خەریک کردنەش کە دیارەو ئەمڕۆ لە ناو ئەو دەستـە لەش سـاغ و جـوانانەدا ئەبینرێ، ئەتوانم بڵێم وە دڵنیـام لەوە کـە مـافی کـاربەدەسـتـان و هەوڵی یانەی وەرزشی بە سـەرەوە نییـە تەنیـا هەوڵ و هیلاکی خۆیان نەبێ!».

ئاسۆی بیرو باوەڕ وا دیارە لەگەڵێ سووچەوە لەبەر یەک ئەکشێتەوە. سەردەمی زوو لە کوردەواریدا «کەوشەک، گـورزێن و قەلەمرداریێ»و گەلێ یاری تر هەبوون، کە لە رواڵەتا یاری و لە بناغەدا بۆ لەش ساغی و پێ گەیاندنی ئەندامێکی بتەو دوور لە نەخۆشی بوو. ورده ورده -بەداخـەوە- ئەمـانە روویان کـردە پووکـاندنەوەا. بەڵام زەمـان، وە یا جم و جووڵی زەمان بەبێ ئەوە ئێمە ئاگامان لێ بێ کەوتە سەر تەشکێکی تر، بۆ ئەوە وەکوو یارییەکانی پووکانەوە لەشەکەش نەپووکێتەوە. من و تۆ ئاگامان لەم دووچەرخەیە هەبێ یا نەبێ، گەڕان لە گـوڕی گەڕانی خـۆی ناکـەوێ!. بابەتی «یانە»و بابەتی یاری لە یانەدا نیشتەوە بەسەر جێگا هەواری یارییە خۆماڵیەکانمانەوە. ئەو رۆژە سەرەتای بزووتنەوەی هەموو جۆرە فیکرەیەک بوو، کە یەکێک لەوانە کەوتە ناو چەنبەری ئەم پەخشانەوە.

وەکوو وترا مەبەست لە هێنانی ئەم جۆرە پەخشانانە، رووت ئەوە نییە کە پەخشـان بە زمانی کوردی پیشـان بدرێ، ئەوە نییە چونکە لەو سەردەمەدا گەلێ نموونە پەخشـانی تر هاتۆتە ئاراوە کە باسیـان لە ئەدەب و بەسەر هاتی کوردەوە کردووە، بەڵکوو مەبەستـەکە گۆڕانێکە کە کەوتۆتە ناو کوردەوە؛ گۆڕان نەوەک تەنیا لە وشەدا، بەڵکوو لە بیرو باوەڕو ناوەرۆکـیـشـدا. باس لە هاوینە هەوار پەردەیەک بوو لە پەردە گـۆڕاوەکـان، باس لە یاری وەرزش و لەش جوانی بەو شێوە پەردەیەکی ترە لە گۆڕان. ئێمە لەم کتێبەدا نموونەکانی پەخشـانی کـوردی بە پێی رۆژەکـان ئەخەینە بەرچاو، ئەم بابەتەش یەکـێکە لەو نموونانە، بەڵام نموونە بۆ گـۆڕانی فـیکرە، نەوەک نموونە بۆ رسـتـەو عـیـبـارەت. لێـرەدا ئەوەمـان بۆ

دەرئەکەوێ، وە مێژوو ئەوەی بۆ دەرئەکەوێ کە لە چ سەردەمێکەوە ئەم جۆرە باوەڕانە سەرەتای بنجی خۆیان داکوتاوە؟. وە چۆن پلە پلە بە پەیژەی سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەدا هاتوچۆیان کردووە؟.

خاوەنی ئەم پەخشانە هەستی بەوە کردووە کە لەو رۆژەدا ئەم جۆرە یاری کردنە بە شێوەیەکی رێک و پێک بۆ دەستەیەکی تایبەتی لە هەموو گۆشەیەکی دنیاوە باوی سەندووە، کوردیش یەکێکە لە نەتەوەکانی دنیا کە ئەئاڵێن بە شتی تازە بابەتەوە، کە پیایا ئالان بۆ چ ئەبێ بە جۆرێکی رێک و پێک نەچێ بەرێوە؟!. گلەیی ئەوە ئەکا: یا ئەوەیە هەر لە بناغەدا نەمێنێ و هەڵگیرێ، یا خۆ ئەگەر هەیە بە شێوەیەکی جوان بچێت بەرێوە. نەتەوە هەموو چەشنە هەوادارێکی تێدا هەیە، دەستەیەک لە کورد پەیدا بووە کە لە دوای ئەوە یارییە خۆماڵیەکان لە دەست دەرچوون، ئەو یاریانە کە ئیمرۆژ باویان هەیە لە ناو نەتەوەکانی ترا، با ئەوانە بگرین بە دەستەوە، ئەمەش جێگاو یاسایەکی ئەوێ، ئەگەر بۆی دانراوە بۆچی ئەبێ بە پوختی نەبرێ بەرێوە؟. رەورەوە سنگ بۆ پێشەوە ئەنێ، ئەگەر ئێمەش پلکاین بەو رەورەوەیەوە ئەبێ بە جوانی و گورجی لەگەڵیا بچین بەرێوە، باوەکوو کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوومان لێ نەیە!!.

سەیر ئەکەین ئەم جۆرە ناوەرۆک و مرازەی لە شێوەی روخساری پەخشانێکی رێکا دەربڕیوەو نیازەکەی داوە بە دەستەوە، لەمەشەوە ئێمە ئەوە تێ ئەگەین کە زمانی کوردی لە بارەیا هەیە لە هەموو شتێک بدوێت بە مەرجێ رووناکی فیکر هەبێت و سەر لێ شێوان نەبێت!.

***

«طاهر احمد حەوێزی» لە کتێبی «مێژووی کۆیە»دا کە لە ساڵی ۱۹٦۲ دەستی چاپی گەیشتێ دەقێکمان لە سەرەتاکەیا ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

> «یەک دوو قسە:
>
> پێی لێ دەنێم کە لەسەر مێژووی کۆیە زانیاریەکی زۆر کەمم هەیە، وەچ کتێبێکی ئەوتۆم لە لانییە بە تایبەتی و بە درێژی باسی کۆیە» بکا. ئەوجا ئەم شارە لە رابوردوا زۆر گرنگ، وەیا خوێندەواری مێژوونووس، وە یا پاشاو حوکمدارێکی سەربەخۆی ئەوتۆی کە بە پارە شتیان پێ بنووسێتەوە نەبووە، وە ئەگەر شتێکیش نووسرابێتەوە هێشتا ئەمن دەستم نەکەوتووە، یا سووتاوەو نەمایە. لە کون و قوژبنی هەندێ ماڵ و ناوتاقی مزگەفتەکانا خۆیان

شـــاردۆتەوە، وەیا لە ترسی دەور گــۆڕانا نەیانوێراوە شت بنووسنەوە، وە یا «ڕەشەبا» بەهێزەکەی کۆیە ئەوی هەبووەو نەبووە بردوویەتی!.

لێـرەدا کەمـێک گلەیی لەو خوێندەوارە کۆنینانە دەکەین کە بەرامبەر بە مـێژووی وڵاتەکـە کـەم تەرخـەم بووون. بەڵام گوتم: با گلەیی بەس بێ، ئەوجا نۆرەی ئێش کردن بێ، هەر من و تۆ گلەییـان بکەین و هیـچ نەکەیـن، سبـەی ڕۆژێ ئەوها گلەیی لە ئێـمـەش دەکرێ!. وە لەو مـێـژوونووسـانـەش ناکـرێ کـە خـەڵـکی شـارەکـە نـین. لە سـەرێکـی کـەش، کـەس شـارەکـەمـان وەک خـۆمـان ناناسێ، وە لە سەرێکی تریشەوە بە نینۆکی خۆت، خۆت نەخورێنی، خورشتی قەلبت بەکەس داناکەوێ.

لەمێژە خەریکم کتێبێک لە سەر ئەم شارە دابنێم، زۆر ئەم لاو ئەولام نۆڕی و پشکنی، گوێم لە گەلێ واتە واتان ڕاگرت بەڵام هەر نەگەیشتم بە ئامانج، چونکە دەمویست شتێک بێ تێرو پڕ بێ و کەم و کورتی نەبێ، تەماشام کرد ئەمە هیچ دادم نادا، وە زۆر کەلەبەری ماوەو بۆم پڕ نەکراوەتەوە، خۆ قسـەی ئەم و ئەویش، هەرچێ تووشم دەبوو لێی دەپرسـیم: ئەرێ! فـلان ئەتۆ چەند لە مێژە خەریکی نووسینەوەی تە ءرێخی کۆیەی، تا ئێستا چیت بەچی کردووە، ئەوە بۆ دەری ناخەی؟!.. حەقیان بوو چونکوو زۆر پرسینەکانم وای ئەکرد خۆم و قسەکانم ببنە جێی پێکەنین و گاڵتەی هەموو چێژەیەک!. وە ئەوەندەی لەم و لەو پرسـیار بکەم و چاو لە دەمی ئەم ئەو زەق بکەمـەوەو ئیـختـیارەکـان بێزار بکەم و کۆڕی دانیشتنەکان هەر بهێنمەوە سەر باسی ڕابوردووی کۆیە، بە زۆر ناوی مێژوونووسی کۆیەم بە دوو خۆم خستبوو. لەگەڵ ئەمەشا ئەو لێتۆژینەوەی ئەوان بە تەواوەتی پاڵـیـان پێـوە نام کـە دەبێ بڕیارێک بدەم، وە بۆم دەرکـەوت کەوەک من دەمەوێ هیچ کەم و کورتی نەبێ، ئەوە هەر نابێ. لەبەر ئەمە وا بە کاڵ و تفتی ئەم چەند لاپەڕەیەم لە سەر مێژووی کۆیە نووسی. وەبەلای خۆمەوە بەردی بناغەی مـێـژووی شارێکم دانا کـەوەک خۆی سـەیرە!، وە شـارەکـە هەر چەندە بچــووک و لاتەریکە، ئەوەندە بە وژە وژو ســەر ســورمــێنە. وە زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کە یارمەتییان داوم، وە کە شتێکم لێ پرسین، بێ ڕووگرژکردن وە بەبێ ئەمەی لێم بسڵەمێنەوە وڵامیان ئەدامەوە.

لە خوێندەوارانم دەوێ لـە کـەم و کـورتی کـتـێـبـەکـەم نـا، لە خۆم ببوورن، وە هەر کـەس بەشی خۆی نـاتەواوی پڕ بکاتەوە، وە پرتەو بۆڵەو ڕەخنەکانیان هەر بە قسـە بـەبا نەکەن!. گـورج دەست بدەنە قـەڵەمێک و لەسەرخۆ بیـخـەنە سـەر کـاغـەز. ئەگەر شتێکی تازەیان لە بابەت ئەم مێژووەوە دەست کەوت، یا لەبۆ

منی بنێـرن، تا له چاپکردنێکی ترا به سـوپاس و به ناویانەوه بیـخـەینه کتێبەکه، یان خۆیان به وتار له ڕۆژنامەو گۆڤاران بڵاوی بکەنەوه. خۆشم چاک دەزانم زۆر جێی هەیه هەر بۆی نەچووم، چونکوو دەستم نەکەوتووه، له هەندێ جێگا زۆر کورت و له هەندێ جێشا زۆر درێژم داوەتێ که شێوەیەکی چیرۆکی وەرگرتووه، بەڵام دڵی خۆم بەمه ئەدایەوه که «بوونی شتێک له نەبوونی هیچ باشـتـره»، به تایبـەتی ئەگەر ئەو شـتـەش کـەڵکێکی هەبێ، چونکوو ئەمـەش ڕاسته «هیچ» له شتێکی بێ کەڵک باشتره. وه دەشزانم که کەم و کورتی تری زۆره بەڵام گوتم: بـابەشی خـوێندەوارانیش بێـڵـمـەوه، ئەوانیش بەشی خـۆیان شـــووژناژووی بکەنەوه. به زۆری له ترسی ئەو خـــوێندەوارانەیه، کـــه به چاویلکەوەو به تێ چاوی دەی خـوێننەوه، بۆیه ئەم یەک دوو قـسـەیەم وا درێژ بووەو بوو بەریس و گـوریس!. وه لەبەر ناچاری له زۆر جـێـیـان کـەوتوومـه عەمبازان!.

.«.........................................................................

ئەم دەقه هی نێوانی دوولاپەڕەی ساڵانی ١٩٦٠–١٩٧٠، وه بەتایبەتی تر هی ساڵی «١٩٦٢»ه، خاوەنەکەی به شێوەی ناوچەی کۆیه دەستی داوەتێ. وەکوو کتێبەکه خۆی مێژووی «کۆیسنجق»ه، دەقی ئەم پەخشانەش مـێژوویەکی بەسەرهاتی ئەو ساڵانەیه که چۆن نەتوانراوه خامەیەک بکەوێته سەر نامەیەک!.

پێشووتر له لایەن ناوهێنانی شوێنانی کوردەواری و مێژوو و بەسەرهاتی ناوچەو شارو چۆنیەتی ڕەوشت و بەڵگەو کاروباریەوه ئەگەر کەم و کورت شتێکیش نووسرابێ هیچی به زمانی خۆی نەبووه، وه بەڵکوو ئەگەر شت نووسرابێ، یا مەبەستێکی تایبەتی خاوەن نووسراوەکەی تێدا هەبووه، یا بەلاوەکی نووسراوه!. که ئەڵێم: مەبەستێکی تایبەتی خاوەن نووسراوەکەی تێدا هەبووه، قسەکه به دوور لەعیلمەوه نەزانرێ؛ بەوه نەزانرێ که نووسین مەبەستی تێدا نییه، ئەگەر مەبەست نەبێ ئەو نووسینه نایەته ناوەوه. بەڵکوو مەبەستم به مەبەسته تایبەتییەکه ئەوەیه: که مەبەستی ئەو کەسه له بناغەدا شتێکی ترەو ئەمیشی پێوه پلکاندووه بۆ ئەوه لەبەر شتەکەی تر لەم کەم کاتەوه، له کەم کردنەوەی ئەمیش مەبەستێک هەبووه ئەگینا خۆ شێت نەبووه وا بکات!. ڕۆژ هەڵاتی ناسێک – بەوێنه– که فرمانێکی سیاسی گرتۆته ئەستۆ له حکوومەتێکا که کوردی تێکلاوه، بۆ کوردەکه ئاو له خۆی لێڵ ناکا، وەیا جۆگه ئاوی بەینی حکومەتەکەی خۆی و ئەم حکوومەته ناکا به قوڕاو لەبەر دڵی ئەم!. هەروەها کەسانی تریش.

لەم سەدەی بیستەمەدا من و تۆ بمانەوێ، یا نەمانەوێ رەورەوەی گۆڕان ئیشێکی وای کرد کە کوردەکە بتوانێ دەست بداتە قەڵەم و بەزمانی خۆی لە هەموو روویەکی خۆیەوە بە پەخشان شت بێنێتە ناوەوە. یەکێک لەو روانە بەسەرهات و چۆنیەتی وڵاتەکەیەتی. یەکێک لەو کەسانە کە هەڵگری ئەم ئەرکە بوو خاوەنی ئەم پەخشانە بوو کە توانی تا ئەندازەیەک باسی ناوچەکەی خۆی لە بارێکی وەک مێژوودا بۆ پاشەرۆژ بگێڕێتەوە. ئەم ئەرکە ئەرکێکی کەم نەبوو بۆ ئەم رۆژە. کە ئەڵێم: کەم نەبوو، چونکە هی وەکوو ئەم بە پەنجەی دەست حساب ئەکرا. ئەم و ئەوانیتر ئەبن بەو کەسانە کە «رچە» ئەشکێنن و خەڵکی تر بەسەریا ئەڕۆن.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە کورتە باسێکی وڵاتی «کۆیە»مان پیشان ئەدا کە بەم جۆرە تا ئێستە ئەمە نەبووە. کە ئەڵێم: کورتە باس مەبەستم ئەوە نییە کە لە بابەتەکەی کەم بکەمەوە، بەڵکوو مەبەستم ئەوەیە کە شوێنێکی کۆنەساڵی دیاری وەکوو کۆیە گەلێ کارەسات و بەسەرهاتی زیاتری تێدا بووە لەو ئەندازەیە کە ئەو باسی کردووە، بەڵام وەکوو خۆی وتوویە سەرچاوەی زیاتری بە دەستەوە نەبووە کە ئاگاداری زیاترمان بداتێ. لەگەڵ ئەوەشا ئەوەی ئەم بەردی بناغەیە بۆ زیادبوونی ئاگاداری لەمەودوا. لە روخسارا:

کۆیە لە ناوەندی ئەو خەتەدایە کە پێی ئەڵێن «موکری»، لە سەر ئەو شێوە شێوەیە چووە بە رێوە. ئەبێ وەش بزانین – وەکوو لە شوێنی تریشا ئەم قسەیە هەر وتراوە – وردە ناوچە بەچاو پانایی هەموو شوێنەکەوە ئەویش لە هەندێ وشەدا جیاوازیەک پەیدا ئەکا. وە بەڵکوو وشەی وا دروست ئەکا کە ئەبێ بە مایەی سامان بۆ شێوە سەرەکیەکە. روخساری ئەم پەخشانە ئەوەی تێدا هەیە. وەیا لە داڕشتنی رستەدا ئەگونجێ هەندێ رستەی وای تێدا هەبێ کە ئەگەر سەیری رێزمان بکرێ، ئەو رێزمانەی تێدا نایەتە دی!. بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین: کە رێزمان دووی زمان ئەکەوێ، نەک زمان دووی رێزمان. وەکوو ئەمە ئەزانین دیسان ئەبێ ئەوەش هەر بزانین کە ئەم یاسایە زیاتر بۆ هۆنەرە کە بتوانێ لە رێزمان لا بدا. پێم وایە خاوەن پەخشان – هەرچەندە رێزمان شوێن زمان ئەکەوێ – نابێ رستەو عیبارەتی دوور بێ لەو رێزمانە، چونکە ئەگەر ئەمە سەیر نەکرێ پاشا گەردانێ روو ئەدا!..

* * *

«دوکتور کاوس قەفتان» لە مارتی ١٩٦٤دا لە ژێر ناوی «شەقێک لە تۆپەکە» لە لیننگراد چیرۆکێکی نووسیوەو لە ١٩٦٩ دەستی چاپی گەیشتۆتێ و ئەڵێ:

«..................................................................

تاریکی داهات و منالە بە هەڵتـووتاوی لە پەنا پەنجـەرەکـەمـدا مـابووەوە، چەناگەی خسـتـبـووە سـەر هەردوو ئەژنۆ رەق و تەقـەکـانیـەوە، لە هەنسکی هیـواشی پچـڕ پچـڕ بەولاوە ورتەی لێـوە نەئەهات. مـەراق گـرتمی، بڕیارمـدا پەنجـەرەکـە بەجێ نەهێـڵم تا بزانم دوایی بەچی ئەگـات. لە هەنسـک هەڵدان و لووت هەڵـمژینی خـۆیدا بوو کـە لە پڕ وەک کـیژ لە دەنگێک داچڵـەکی کـە بە سەریا نەڕانی:

– هەی زۆڵی حەرامزادە!. ئەوە چی ئەکەیت لەم سەر چەقی ڕێگایە؟. بۆ ملت نەشکانۆتەوە ماڵەوە؟.

وادیار بوو باوکـە بە ڕێ کـەوت لەوێوە ئەچووە مـاڵەوە. کەهاتە بەر چاوم، بارهەڵگرێکی کۆپان لە شانم دی. منالە وەکوو فێری زللە لێ دان بووبێت خێرا دەسـتی بۆ لارووممـەتی بەرزکـردەوەو بەگـریانەوە وتی: «لێـشـیـاندام و شرووبەکەشیـان رشتم».. باوکـە بەدەم و چاوێکی تووڕەیی و هیـلاکەوە وتی: کێ؟.

– منالە وردکـەی ئەم مـالانە!. ئەمـەی وت و دەسـتی درێژ کـرد بۆ هەمـوو ئەو خانووە دوو نهۆمیانەی ئەو منالانە تێدا ئەژیان. باوکە لە پڕ هەڵچوو!. بێ سێ و دوو رووی کردە یەکەم دەرگا – کەماڵی حاجی سەعی بوو – . لای باوکە وا دیار بوو دەوڵەمەند هەمـوو یەک توخم و ڕەگەزن، لەبەر ئەوە پێویستی نەئەکرد بەسەر ماڵەکاندا بگەڕێت. حاجی سەعی بەروویەکی گرژو ئامادەیەکی تەواوە بۆ شتی ئەو مەلا کوێرە، یا ئەو سواڵکەرەی بەم ئێوارە درەنگە لە حەسانەوەی کردووە، دەرگای کردەوە ویستی دەم بکاتەوە بەڵام باوکە ڕێگای نەدا، دەستی بۆ منالەکەی درێژکـرد و لەگـەڵیـا وتی، وشـەکـانیـش وەکـوو ساچمـە لە دەمی ئەهاتە دەرێ:

گوایە بە خێر شروبەکەش ئەڕێژن و هێشتا دارکارییشی ئەکەن؟!. بۆ منالە قۆرەتیەکانتـان فێر ناکەن کە لە منالی خەڵک و خوا نەدەن!. خۆ ئەم مەردمە کـۆیلەی ئێـوە نیـیـە. حـاجی وا دیار بـوو ئەیویست کـەم و زۆر درێژە بەم چەقـە چەقـەی ئێـوارە وەختـەیە نەدات، بە لووت بەرزییەوە وتی: هەمـوو شرووبەکەی بایی درهەمێک نابێ، ها ئەوە دوو درهەم، بەس برۆ لە کۆڵم بەرەوە. باوکـە بە تووڕەییـەوە، بە دەسـتە زبرە قەڵشـاویەکـانیەوە، دەسـتی حاجی بە پارەوە گەڕانە دواوە، بە زمـانێکی رووشکێنەوە وتی: بیـخەرەوە باخەڵت، پێویسـتم بە پارەی

تۆنییە، ئەم شانەم خۆشبێ دەست لە تۆ پان ناکەمەوە، پارەی تۆ باخەڵی من قەت گەرم ناکاتەوە. بەس بزانە خوا سامانی داونەتێ بەڵام مافی ئەوەی نەداونەتێ منالەکانتان گەلەکۆمەکی لە منالی هەژاران بکەن. پەنجەی لە روویدا بەهەڕەشەوە راوەشان و لە سەری رۆیشت: ئەگەر مەسەلە گەلەکۆمەکی بێت، ئەوە منالی هەژار زۆرن، ئەوانیش ئەزانن چۆن پشتی یەکتر بگرن!.

حاجی چاوی ئەبلەق بوو بوو، هەرچێ حەماڵەیە پشتی تێ کرد و رۆیشت. بەدەستێکی کۆپانەکەی لە سەر پشتی چاک کرد، منالەکەشی بە دەستەکەی تری گرت و شوێن خۆی خست، منالەش بە جۆرێ رووی کرابووەوە لەوە ئەچوو ئەوە پاک شتبێتی، بە دەستەکەی تری سینیەکەی خستبووە بن هەنگڵییەوەو بە شانازیەوە لە پشت باوکیەوە ئەرۆیشت، هەر بەو شانازیەشەوە سەرەو خوار لە باوکی ئەڕوانی، لەگەڵیشیا ئاوڕی لە هەموو ماڵە دوو نهۆمییەکان ئەدایەوە، بەسەرو دڵێکی شادەوە ئەڕۆیشت، وای ئەزانی هەموو چرای ئەو گەڕەکە بۆ ئەو داگیرساوەو رووناکیەکەی تەنیا بۆ ئەوە!. بەم جۆرە بە جووتە رۆیشتن تا لە چاوم ون بوون. لەبەر خۆشمەوە ئەموت و دەستم درێژکرد پەردەی پەنجەرەکە دابدەمەوە:

– دەنگی هەژار کە بەرزبێتەوە لە هەموو ئاوازێکی تر خۆش و بە سۆزترە.

.........................................................................».

دنیا چەرخ و فەلەکێکە ئەسووڕێتەوە، ئەوەی کە ئیمڕۆژ ئەکەوێتە سەرەوە سبەینێ ئەکەوێتە ژێرەوە، دیسان ئەکەوێتەوە سەرەوەو ژێر ئەکەوێتەوە. ئەگەر بەم چاوەوە سەیری بکەین هەر دەورکردنەوەیەو هیچی تر. بەڵام ئەگەر بە چاوێکی ترەوە سەیری بکەین ئەبینین بە هەزاران هەزار ملیونان بابەت روو ئەدا کە هیچیان لە هیچیان ناچن. هەر لەبەر ئەم دوو جۆرە سووڕانەوەیە لە هەندێ چەرخا ئادەمیزاد ئەگاتە پلەی هەرە بەرزو کەچی لە هەندێ چەرخی ترا ئەکەوێتە قووڵایی بیری تاریکەوە!. وەکوو چۆن ئەگەر لە ناو ئەو قووڵاییەدا هەر بمێنێتەوە دنیا ناچێ بەرێوە، لە چڵەپۆپەی بەرزیەکەش ئەگەر هەر بمێنێتەوە دیسان دنیاکە هەر ناچێ بەرێوە!. بە تەبێعەت هەر شتێک گەیشتە ئەو پەڕی بەرزی ئەبێ لێژ ببێتەوە؛ شارستانی کە زۆر بەرز بووەوە ئەبێ بڕوخێ، هەروەها دواکەوتنیش کە گەیشتە ئەوپەڕی دواکەوتنە ئەبێ ئەویش هەر نەمێنێ، روخانی ئەم بەوەیە کە روو ئەکاتەوە بەرزی، هی ئەویش بەوەیە کە روو ئەکاتە نزمی!. ئەمەیە: «سنة الله وسنة الكون».

هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە دوو چین هەبووە؛ چینی چەوساوەو چینی چەوسێنەر، چینی هەژار و چینی ساماندار. ساماندارو چەوسێنەرەکە هەستی بە پایەی خۆی کردووە، بەڵام هەژارو چەوسێنراوەکە هەستی بەو بەشەی خۆی نەکردووە!. گەڕانی چەرخ و فەلەکەکە ئیشێکی وای کرد کە ئەویش هەست بەخۆی بکا؛ وای کرد کە دەستەیەک پەیدا ببێ و دەردی ئەو ئێش و ئازارە بخاتە بەرچاوی هەموو کەس، لەمەوە چەوسێنراوەکەش هەستێکی بۆ پەیدا ببێ.

سەردەمەکانی پێشوو چیرۆک و حکایەت هەر هەبووە و هەر ئەگێڕ - رانەوە. ئەوانیش هەر ئەو دوو چینە بوون، بەڵام هەژارەکە هەستی بە ژێر دەستەیی خۆی نەئەکرد، وردە وردە ئەوە هاتە پێشەوە کە قالّبی ئەو جۆرە چیرۆکانە خۆی بترنجێنێتە ناو بەرگێکەوە کە ئێش و ئازاری ئەو کۆمەڵە پیشان بدا.

هەر لە شێوەی گۆڕانە کە خاوەنی ئەم پەخشانە لە وڵاتی خۆیەوە بۆ خوێندن کەوتە وڵاتێکی دووری وەکوو «لینینگراد»ەوە، ئەو وڵاتە لەو وڵاتانە نەبوو کە سەردەمەکانی پێشوو فەقیەک لەم پەڕی وڵاتی ئیسلامییەوە بۆ دەرز وەرگرتن ئەچووە ئەو پەڕیەوە. وڵاتی «لیننگراد» لە ناو ئەو جغزەدا نەبوو، بەڵکوو نەخشەیەکی تری هەبوو.

ئەم خاوەن پەخشانە پێش چوونی بۆ ئەو وڵاتە، لە وڵاتەکەی خۆیا پەیدا بوونی ئەو وریایەی چاوپێ کەوت کە؛ هەست بکرێ بە کاروباری رۆژانەو بخرێنە ناو بەرگی چیرۆکەوە. کە چووە ئەوێ لەبەر ئەوە کە ئەو شوێنەو ئەو وڵاتە جێگای مۆری هەستکردن بوو بە ئێش و ئازاری چینی چەوساوە، ناوەرۆکی نووسینەکەی بەو شەقڵە شەقڵ کرد. تاپۆی دیمەنی منالێکی حەلوا فرۆشی باوک حەمالەکەی کە وەختی خۆی دیبووی لە سولەیمانی لە مێشکیا ئەزرینگایەوە، خستیە ناو رەوڕەوەیەکەوە، کە پێچکەیەکی ئەو رەوڕەوەیە منالە هەژارەکە بوو، پێچکەکانی تری منالە دەوڵەمەندەکان بوون کە یارییان بە سامان و بە جل و بەرگی جوان و بە تۆپی رەنگاو رەنگی فتبۆڵ ئەکرد، ئەویش یاری لەگەڵ هەناسەی بۆ کرووزی خۆی و فرمێسکی قەتیس ماوی چاوی خۆی ئەکرد کە بە کزێکەوە سەیری ئەکردن!. ئەم دیمەنەی بە یارمەتی رووداوەکانی لیننگرادەوە بوو بە چیرۆکێک کە گەلێ گەلێ جیایە لە چیرۆکی سەردەمە کۆنەکانی پێشوو، وە هەر لەوێدا خستیە ناو تابلۆی رستەوە. ئەم پەخشانە نموونەیەکە بۆ ئەو ساڵانە کە ئەم جۆرە هەستانەش لە پەخشانی کوردیدا پەیدا بووە.

* * *

«نووری عـەلی ئەمین» لە ژێر ناوی «کـاکـۆڵ زێڕین و دان مـرواری»دا، دەقـێکی سـاڵی ١٩٦٥ی خۆیمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«..........................................................................

خـوشکەکـان گـورج بـارگـەیەکی بۆ ڕێک ئەخـەن و هەردوو منداڵەکـانی ئەدەنە دەست و لە شـار دەری ئەکـەن!. کـچـەکـەش بە چاوێکی فـرمـێـسکاوی و هەناسەیەکی ساردەوە ماڵاوایی لە کۆشکەکە ئەکاو لەگەڵ هەردوو کۆرپەکەیدا لەشـار ئەچنە دەرەوە. هەر ئەڕۆن، هەر ئەڕۆن هەتا ئەگـەنە ئاشـەکـۆنێ لە بیابانێکی چۆڵدا، لەوێ ئەگیرسێنەوەو بار ئەخەن.. بووکە بچکۆلەی پادشا، منداڵەکـانی وەک گـوڵ پەروەردە ئەکـا، هەتا جـوان گـەورەیان ئەکـاو لە خـەم ئەیانڕخسێنێ. کوڕەکەی فێری سواری، ڕاو، نیشانشکاندن، پیاوەتی، فرمان، لێ بووردن، دەستی هەژار گرتن، هێمنی و لە سەرخۆیی ئەکا. کچەکەشی لە ناوماڵدا لەگەڵ خۆیدا فێری کاروباری ناوماڵ ئەکا، لەگەڵ ئەمەشدا کۆشکێکی گـەورەی لەو بیـابانەدا لێ ڕائەکـێـشێ، دیواخـانەکـەی ئەخـاتە سـەر پشت بۆ ڕێبواران و داماوان.

لە پاش چەند ساڵێ پادشا خۆی و کوڕەکەی بۆ ڕاووشکار ڕێیان ئەکەوێتە ئەو ناوچەیەو بەلای کۆشکی بووکەکەی و منداڵەکانیدا ڕائەبوورێ، بەڵام بەبێ ئەوەی بیـانناسێ. بـووکەکەی پادشـاو مێردەکەی ئەناسێتەوە، دەنگ ناکا، بە کوڕەکـەی ئەڵێ: کـوڕم! ئەو سـوارانەی کەوا بێرەدا ڕابووردن باوکت و باپیـرت بوون!. – چۆن!. ئەوانە باوک و باپیـری من بـوون؟. ئەی بۆچی لایـان نەدا؟!. دایکی چیرۆکەکەی سەرلەنوێ بۆ ئەگێڕێتەوەو پێی ئەڵێ: ئێستا ئەوان ئێمە ناناسن.. لەبەر ئەوە بچۆ بە باپیـرت بڵێ ئەبێ ئەم ئێـوارەیە خـۆت و دەست و پێوەندەکانت لە ماڵی ئێمە بن. کوڕە دێت و سڵاوێکی گەرم ئەکاو ئەڵێ: ئەبێ ئەم ئێـوارەیە گـەورەمـان بـکەی.. پادشـا هەر چەندە لەسـەرەتاوە دوو دڵ ئەبێ لەوەی بچێ، بەڵام لە دواییـدا ئەیەوێ تێ بگا بزانێ ئەمـانە چین لەم کـۆشکە خـۆشـەدا، لەم سـەرە ڕێیـە، لەم بیـابانـەدا؟!. ئەڵێ: کـوڕم، لا ئەدەین بەڵام خـواردنێکی باشـمـان بۆ ئەمـادە بکەن – کـوڕە ئەگـەڕێتـەوە بۆ لای دایکی و بڕیاری باپیری پێ ئەڵێ، دایکیشی ئەکەوێتە خۆ ئامادە کردن لەگەڵ کەنیزەک و نۆکەرەکانی ناو کۆشکەکە، باشترین خۆراکیان بۆ ڕێک ئەخەن.

ئێواری پادشاو کـوڕەکەی و دەست و پێوەندەکەی ڕوو ئەکەنە کۆشکەکەو کاکۆڵ زێڕین ئەچێ بەپیریانەوەو نۆکەرەکان وڵاخەکانیان لێ وەر ئەگرن، ئەچنە

دیواخان دائەنیشن و کاکۆڵ زێڕین ڕیزێکی تەواویان لێ ئەگرێ هەتا کاتی نان خواردن دێ سفرە رائەخرێ، نان ئەهێنرێ هەمووی لەگەنی زێڕی پڕ پلاوە، لەسەر سینی زیو. پادشا کە چاوی بەو سەڵتەنەتە ئەکەوێ سەری سڕ ئەمێنێ، بە تایبەتی کە کوڕە بە دەست و پێوەندەکان ئەڵێ: تکام ئەوەیە ئەوەی کەلە خواردن ئەبێتەوە، لەگەنە زێڕەکە بۆ خۆی هەڵبگرێ. پادشاش ئەیەوێ بچێ لەگەڵ دەست و پێوەندەکاندا نان بخوا گورج کوڕە ئەڵێ: پادشام شەرمەزارمان مەکە، خواردنی ئێوە جیایە لە خواردنی ئەوان.

دەست و پێوەند لە خواردن ئەبنەوە، دایکی کاکۆڵ زێڕین هەرچێ ئێسقان هەیە کۆی ئەکاتەوە ئەیانخاتە لەگەنی زێڕەوە، لەسەر سینی زیو، وە دایئەپۆشێ و بە نۆکەردا ئەینێرێ بۆ پادشاو کوڕەکەی!. وە بە کاکۆڵ زێڕینیش ئەڵێ: بڕۆ کوڕم راوەستە، ئەگەر پادشا تووڕە بوو، وە وتی بۆچی ئێمە سەگین ئەم خواردنەمان بۆ دا ئەنی؟. پێ بڵێ ئەگەر سەگ نین چۆن تووتەڵە سەگتان ئەبێ؟!- ئەو دەمە کاکۆڵی خۆتی پیشان بدەو بانگی من و دان مرواری خوشکیشت بکە.. کە خواردنە ئەخرێتە بەردەم پادشاو کوڕەکەی پادشا سەری سینییەکە هەڵئەداتەوە ئەبینێ پڕە لە ئێسقان و خۆراکی پاشماوە!. چاوی ئەپەڕێتە پشتی سەری و مووەکانی وەک نەشتەرگرژ ئەبن و ئەنەڕێنێ بە سەر کوڕەکەداو ئەڵێ: نابێ هەندێ شەرم بکەی بۆچی ئێمە سەگین؟. ئێسقانمان بۆ دائەنێی!. کوڕەکە لە وەرامدا بە پێکەنینەوە ئەڵێ: ئەی ئەگەر سەگ نین چۆن تووتەڵە سەگتان ئەبێ؟!.

لەگەڵ کوڕە ئەمەی وت، پادشا پەنجەیەکی خۆی گەست و یادی قسەکەی خۆی کردەوە!. بەڵام بەر لەوەی بدوێ، کوڕە رووی دەمی کردە باپیری و وتی: ئەوە کاکۆڵەکەی من و.. بانگی کردە خوشکەکەشی، وتی ئەوە دانە مرواریيەکانیەتی. ئەنجا دایکیشی هات و بەتەواوی کارەساتەکەیان خستە روو. باوک و باپیرەی هەستان و ئەم لاو ئەولای کوڕو کچەکەیان ماچ کردو بەیەک شادبوونەوەو گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان. پادشا هات دوو خوشکەی بووکە بچکۆلەکەی هێناو لە کۆشکەکەی خۆی دووری خستنەوەو، کچە بچکۆلەکەی کرد بە کەیبانووی کۆشکەکە... ... ...».

نووسین گەلێ بابەتی هەیە، یەکێک لەو بابەتانە تۆمارکردنی رازو نیازو بەرهەمە نەنووسراوەکانی نەتەوەیە؛ ئەو بەرهەمانەیە کە هەر لەسەر زمانی خەڵکەکەوە بووەو بە دەماو دەم گێڕاویانەتەوە. ئەم جۆرە شتانە بە شێوەی تازە ناوێکی بۆ دانراوەو پێ ئەڵێن «فۆلکلۆر».وشەکە لە بناغەدا یۆنانییە، بەڵام هەموو نەتەوەکان وەریان گرتووە.

مەبەستیش بەو، رازو نیاز و حەکایەت و پیشەیەکە کە هەر لە کۆنەوە لەناو نەتەوەکەدا هەبووە. ئەم رازونیازو سەر گوزەشتەیەش لە راستیدا ئەبێ بەدوو جۆرەوە؛ جۆرێکی دەقی ئەوشتانەیە کەوتراون بەبێ ئەوە لە کاتی نووسینا هیچ دەستکاریەک بکرێن، ئەمانە زیاتر لە هۆنراو، وەیا لە وێنە هۆنراودا ئەبن، جۆرەکەی تری لە پەخشانا ئەبێ. ئەم پەخشانە کێ کۆی ئەکاتەوەو ئەیخاتە سەر کاغەز؟. دیارە ئەبێ خوێندەوارێک بێ. هەموو دەم زمانی خوێندەوار و نەخوێندەوار لە هەموو نەتەوەیەکدا جیایە؛ چونکە خوێندەوارەکە بە هۆی خوێندنەکەیەوە وشەو رستەی تر لە زمانانی ترەوە فێر ئەبێ و تێکلاوی ئەکا لەگەڵ زمانەکەی خۆیا. نەخوێندەوارەکە رووت هەر زمانەکەی خۆی ئەزانێ، لەبەر ئەوە نازانێ شتی تر بێنێ و ئاوێتەی زمانەکەی بکا. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەڵێن: زمان خاوێنی نەتەوەیەک زمانی بەرەی نەخوێندەوارە.

داستانێکی وەکوو ناوەرۆکی «کاکۆڵ زێڕین و دان مرواری» داستانێک بووە کە لە ناو کوردەواریدا لە گوێ ئاگردانەکان بەرەی نەخوێندەوار هاتووە بە سەر زمانیاو پشتاو پشت گێڕاویانەتەوە. «نووری عەلی ئەمین» هێنای و خستیە سەر کاغەز. نووری عەلی ئەمین خوێندەوار بووە، هیچ گومانی تێدا نییە کە چەشەی خۆی لە دارشتنی رستەکانا ئیشی کردووە!. ئەم دەقە ئەو دەقە نییە کە کابرای نەخوێندەوار بەرە بەرە هێناویەتە خوارەوە تا گەیشتۆتە بەر دەستی خوێندەوارێکی وەکوو نووری عەلی ئەمین. ئەوەندە هەیە ئەم توانی فیکرەکە کۆ بکاتەوەو بیخاتە ناو قاڵبی عیبارەتێکی نووسراو، وە یا چاپکراوەوە. دەقەکەی ئەم بۆ رۆژانی دوای نووسین و چاپی ئەبێ بە دەقێکی پوخت؛ هەم بۆ فیکرە، هەم بۆ رستەو عیبارەت. ئەم جۆرە شتانە دیسان جیایە لە چیرۆکێک کە ئێستە بنووسرێ؛ چیرۆکەکەی ئێستە کارەساتێکە نووسەرەکەی ئەبینێ و ئەیخاتە ناو رستەوە، بەڵام چیرۆکەکانی پێشوو، کارەساتەکە بە چاو نووسەرەکەی ئێستەوە نەبینراوە، دەستی نووسەرەکە هەر ئەوەندەیە تیایا کە ئەیخاتە ناو تابلۆی نووسنیەوەو ئەیکا بە دەقێک بۆ رۆژانی داهاتوو.

ناوەرۆکی ئەم دەقە کە بووە بەم پەخشانە وەکوو لە گوێ ئاگردانەکانا گێڕاویانەتەوە؛ پادشاکە سێ کچە جووتیارەکەی هێنا بۆ سێ کوڕەکەی خۆی. کچەکان دوویان ئەو بەڵێنەی کە دابوویان بە پادشا بۆیان نەهاتە دی، کچی سێیەم راست بوو کوڕێکی کاکۆڵ زێڕین و کچێکی دان مرواری بوو، بەڵام خوشکەکانی لەگەڵیا بە خوشکێکی دڵسۆز دەرنەچوون، دوو منداڵەکەیان کرد بە دوو تووتەڵە سەگ!. پادشا دایکەو دوو منداڵەکەی لە شار دەرکرد،

دایکە دوو منالّەی بەخێو کردو بەلّێنی خۆی هێنایە دی. ئەمە لە رووی ناوەرۆکەوە. لە رووی روخساریشەوە ئەم پەخشانە بو بە دەقێک، کەوتە سەر کاغەزو مایەوە بۆ رۆژانی پاشەرۆژ، ئەو ئاگاداریەمان ئەداتێ کە لەو سالاّنەدا بیروباوەڕی جوولاّن بۆ خزمەتکردنی ئەدەبی گەلی، وە یا بلّێن فۆلکلۆر لە باودا بووە. وەکوو وترا مەعنایەکان کۆنن، بەلاّم رستەکان ئەو کۆنیەیان نییە، ئەوەندە هەیە لە ناو چوارچێوەی ئەم رستاندا مەعنایەکی کۆن پارێزراوە. رستەکان بەبێ هیچ گیروگرفتیەک مەعناکانیان داوە بە دەستەوە، ئەم دەقە لەناو نموونەکانی پەخشانی کوردیدا بۆ چیرۆکێکە کە ماناکەی زۆر کۆن بێت، وەکوو چیرۆکی تازە هەیە لە مەعناو رستەدا، چیرۆکی واش هەیە کە مانا کۆن بێت و رستە تازە.

***

«محەممەد سالّح سەعید» لە کتێبەکەیا کە لە ژێر ناوی «چیرۆکی شمشالّی شوان»و لە سالّی ١٩٦٧دا چاپی بە خۆیەوە دی. لە پێشەکیەکەدا ئەم پەخشانەمان پیشان ئەداو ئەلّێ:

«سۆزی شمشالّی شوان!.

سۆزی شمشالّی شوان ئاوازەی نەمری کارکردووی ژیانی کۆمەلاّنی لادێی و شارەکانی کوردەوارییە لە زۆر کۆنەوە..بۆیە ئەلّێم هەستی دەروون و کزەی جەرگ و بزەی لێو، پەژارەی دلّ و نەستی خەستی ژیان و خۆشەویستی دلّدار، هیوای بە ئاوات و تریقەی شادو بریقەی چاوی کیژەلاو و مرقەی کوڕو کالّ و نرکەی پیر.. ئاواتی گیانی بە سۆزی مرۆکانی دەشت و شاخەکانی کوردەواری تیا هەلّئەقولّێ، وەک ئاسمانی تەنراو بە ئەستێرەی گەش و سیس. ئەمانیش بە گەرووی شمشالّدا، لە قوولاّیی و بیینی پیش خواردووی لاوێتی شوانی بە بەهرەو هونەرەوە سەر دەرئەکات و دێتە گوێمان!. ئەو ئاوازە سروشتییە کار ئەکاتە قوولاّیی ناخی هەست و هۆش و دەروونمان، وە زاخاوی گیان ژیانمانی پێ ئەدەینەوە، چونکە ئاوازەی کارکردووی شادەماری دلّ و هەستی بزواو و دەروونی پاک و خاوێنی پەروەردەی دەشتی پان و بەرین و دۆلّ و دەرەی چڕی دارو دەوەن و لووتکەی چیای بەرزو سەرکەش و کانیاوی روونی وەک چاوی قرژالّ و سروەی فێنکی بەربەیانە..جۆشی سازی پێگەییوی دەستی سروشتێکی جوان و رەنگینە!..

بێجگە لەمانەش سروودی شمشالّی شوان سکالاّی دلّی دلّ دارو نیازی دیدەی بە خومار و چرپەی وەفای بەدادە؛ ئەو دەنگی رازەیە کە کار ئەکاتە سەر

دڵی مێگەڵ و ئاژەڵی رانەمەڕی شوان، ریزیان ئەکات، لێیان ئەخوڕێت، بەرەو خواریان ئەکاتەوە، یان بەرەو ژوور، لەسەر کانی ئاویان ئەدات، بە توولەماری رێ دا بەریز ئەیانبات، لەم شاخ بۆ ئەو لاپاڵ، لەو دۆڵ بۆ ئەم دەشتی بنار..وەک ئەفسوون، رەوی رێیان پێ ئەگرێ و قەتارەیان ریز ئەکات بەسەر تاشە بەردو ملەو باریکە رێ کاندا.. بەڵێ! ئاوازی شمشاڵی شوان هێندە بە سۆزەو ئەوەندە بە تاسەو بەکارە، کە بەم جۆرەو لەمەش زیاتر کار بکاتە سەر ئەو مێگەل و ئاژەڵانە کە هەستی مرۆیەتییان نییە.. ئەی ئیتر چۆن کارکردوو نابێت بۆ مێشک و دەروون و باوەڕی پیاوی خاوەن هەست و دڵی وەک پەڕەی گوڵ و ناسکیی ئافرەتی جوان و میهرەبان؟!. دیارە کارێکی بەتین و ئاشکرای هەیە، ئەگەر وا نەبوایە هەر لەکۆنەوە، باوپیرانمان نەیانئەکرد بە باو کە شمشاڵ لێ بدرێت بۆ نەخۆش، وە هەتا ئێستەش باوی ئەم شمشاڵ لێدانە بۆ چاک بوونەوەی نەخۆش، لە بەشی زۆری خێزانی لادێیکاندا، هەتا لە شارەکانیشدا باوەڕیان پێی ماوە، وە شمشاڵ ژەن بانگ ئەکەن بۆ نەخۆشەکانیان..

ئەمە جگەلەوەی کە شمشاڵ ژەن لە هەموو کۆڕێکا، لە بەزم و سەیران و لە ناکاودا، لە کاتی ئیش و بێ ئیشیدا، مل گیراوە بۆ شمشاڵ لێدان، وە لە زۆر جاردا بە دەنگی شمشاڵەکە ئەیکەن بە هەڵپەڕکێ، لە ماڵ و لە دەرەوە، لە کەناری دێ، یان لەبەر بەرۆچکەو ناو باخ، یان هەتاکوو لەناو ماڵەکانیشدا دوای هەڵپەڕکێ ئینجا ئەیکەن بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی وتن بەدەنگی شمشاڵەکە.

دەسا لەم چیرۆکەدا ئەمانەت بە چاکی بۆ دەر ئەکەوێت. ئەگەر بینییە سەرباری نوێی ئەم چەرخەش باوەڕی تازەی ئێستە وای سەلماندووەو چەسپاوە کە سازو ئاوازو گۆرانی کارێکی چاک ئەکاتە سەر دەروونی نەخۆش و تەندروست، وە لە هەندێ تیمارخانەکاندا لە هەندێ ولات، چارەسەری نەخۆشی دەروونی، دەروون ئاڵۆز و شێواوەکان بە سازو ئاواز ئەکەن. کەوابوو ئەمەش بەڵگەیەکی نوێیە بۆ ئەوەی کە «دەنگی شمشاڵی شوان» کە بۆتە ئاوازەیەکی نەمریی فۆلکلۆری نەتەوەی کورد، وە بڕوامانی پێ تازە ئەبێتەوە کە هەر پڕ بڕوا ببین پێی، وە هەوڵی تازەکردنەوەو پێش خستنی بدەین بە شێوەیەک کە بە رێ رەوی زانیاری سازو ئاوازدا بڕوات..

ئەم چیرۆکەشمان بێجگە لەوە کە ئەم باوەڕە دەرئەخات و رووناکی ئەکاتەوە دادی دڵداری ئەسەلمێنێت، چونکە لە دەردێکی ناو کۆمەڵ ئەدوێت، ئەویش ئەوەیە کە خۆشەویستی هەژاری و سامانداری نازانێت. وە شوورەیی

نییە کە کیژێکی جوانی خێزانێکی دەوڵەمەند، لاوێکی جوان و پێکەوتووی هەژاری خـۆش بوێت، وە هەوڵ بدەن کـە ببن بەهاوسـەرو هاوبەشی ژیانی یەکتری، چونکە چاوی خۆشەویستی، هەژاری یا سامانداری نابینێت، وەگڕو کڵپەی دڵداری خۆشەویست و چاوی خۆشەویستیی، بە جۆشی دڵ و دەروونی دڵدارەکـەی نەبێت نانیـشـێـتـەوە، بەو نەبێت ئاو ناکـرێت بە دەروونی گڕگرتوویدا!..

لەدواییدا ئەوە دەر ئەخات کە هەموو سامانداروو خاوەن زەوییەک مەرج نییـە لە بنەڕەتا ئەو زەوییـانە هەر هی خـۆی بوو بێت، بەڵکوو زۆر جـار، زەوییەکانی داگیر کراوە بەفێڵ، یان بە زوورە ملی..وە سەیر ئەوەیە کە ئەم دڵدارییەی کوڕی هەژار و کچی جوانی سامانداری دوو خێزانی دژ بەیەکتری، ببێـتـە هۆی گەڕانەوەی زەوی داگیـرکـراو بۆ خاوەنەکـەی کـە ئەمـە، «دادی دڵداری» دەر ئەخات، وە ئەیسەلمێنێت کە خۆشەویستی لە سەروی هەموو شتێکەوەیە..

ئەمە رازو نیازێکی کورت بوو لەگەڵ ئەم چیرۆکەدا کە لە رووداوەکانی ناو کۆمەڵ ئەدوێت، وە هەندێ سەری روون ئەکاتەوە..).

وەکوو «ناو»، واتە ناوی مرۆڤ شەپۆلێکەو لە وەختێکی تایبەتیدا دێت، گەلێ شتی تریش هەر وەهایە؛ شەپۆلێک بەسەرا دێت هەرکەسە کە منالی ئەبێت ئەو منالەی بە ناوێکی کوردییەوە – بەوێنە – ناو ئەنێت. وەیا ناوی «محەممەدو مەحموود...هتد» لە سەر دەمێکا باو پەیدا ئەکا، هەرکەسە منداڵێکی ئەبێ ئەویش ناوداری ئەکا بەوناوە.

نێوانی سالانی «١٩٦٠-١٩٧٠» ئەستێرەی چیرۆک لە ناو خوێندەوارانی کورددا لە هەموو بابەتێک گەشاوەتر بوو. چیرۆک ئایا چیرۆکی گوێ ئاگردانەکان بوو بێت، یا چیرۆکێک کە لە واقعی ئەو رۆژەوە قسەی بکردایە. ئەمە یەکێک بوو لە پێشکەوتنی بیروباوەڕی کورد: کە بێنێ تەنگ و چەڵەمەی کۆمەلایەتی رۆژانەی بخاتە ناو بەرگی چیرۆکەوە بۆ ئەوە ئەو ناتەواوییانە کە هەن نەیانهێڵن و زەوینەیەکی وا دروست بکەن هەموو تاکێک ئاگاداری کەم و کوڕی تاکەکەی تر بێ، لەم ئاگادار بوونەوەیە ئێشێکی وا بێتە پێشەوە کە وەکوو ئاوی رەوان هەر لە رۆیشتنا بن و نەبن بە ئاوێک کە پەنگی خواردبێتەوەو بۆگەنی کردبێ. ئەو سالانە ئەم قەڵەمانە ئەکەوتنە کار بەلام هەر یەکە لە سووچێکەوە، هەر یەکە دەنگێکی لێوە ئەهات.

لە شـمـشـالا گـەلێ نەوا هەیە، هەر نووسـەرێ لە نەوایەکی ئەدا. نەوای چیـرۆک لە

ئاوازی شمشالاّ نەوایەک بوو نەخۆشی ساغ ئەکردەوە، بیماری لە تیمار نزیک ئەکردەوە. بابەتی چیرۆک یەکێک بوو لەو نەوایانە کە بە گەرووی شمشاڵەکەدا ئەهات. دەنگی شمشاڵ رەنگی نەخۆش دێنێتەوە سەرخۆی، نەوای بلوێر دەوای دەردی هەژارە، چیرۆکی خۆماڵیش دەرمانی ئازاری کۆمەڵە. مەولانای رۆمی ئەڵێ:

بشنو ازنی چون حکایت میکند
وز جدائیها شکایت میکند

لە بابەت هەندێ لە ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەوە کوردێکیش ئەڵێ:

نەوای شمشاڵی «کاکل» لە لای مەڕ
خەرامان ئەکا بە یارو هاوسەر!.

کاکل و خەرامان، مام هۆمەر و کوێخا نەسە، ئاسکەو مەنیجە - کە ئاسکە دەستە خوشکی خەرامان و مەنیجە باوەژنی بوو - لە ناوەرۆکی ئەم چیرۆکەدا دەستیان هەیە؛ کاکل شمشاڵ ژەن و شوانی مەڕەکان بوو، خەرامانی بێ دەرەتانی بێ دایک نەخۆشی دەستی مەنیجی باوەژن بوو، مام هۆمەری داماو زەوی کێڵ و باوکی کاکل بوو کە هەر بە هەژاری سەری نایەوە، کوێخا نەسەی سمێڵ بابڕ باوکی خەرامان و سەرکاری سالار بەگ و زۆرداری زەویەکان بوو. لە ئەنجاما دەنگی شمشاڵ بوو بە ناوجی بۆ بەیەک گەیشتنی دوو نەمام کە کاکل و خەرامان بوون.

ئەم چیرۆکە دەردێکی پڕ ئەندێشەی ئەو رۆژەی کۆمەڵایەتی دەرئەخا، کە لەلایەکەوە دەستی زۆردار بە دەستەو زەوی و زار داگیر ئەکا، لەلایەکەوە کچان لە چاڵی ناکامی دا بوون، بۆیان نەکراوە بە ئارەزووی دڵیان هاوسەری ژیان بدۆزنەوە، چونکە ئەگەر کوڕە دەوڵەمەند بوو بێ، باکچەش رووی لێ نەبووبێ هەر ئەبوا بۆ ئەو بوایە!. لەو رۆژانەدا تا ئەو دەورانە ئەم دوو دەردە لەناو کۆمەڵا رەگی داکوتا بوو. پەخشانی چیرۆکەکە ئەوانە پیشان ئەدا؛ ئەوە پیشان ئەدا کە ئەوانە لە رێبازی نەماندان، چونکە دەنگی شمشاڵ کردیە کارێ کە کاکلی شوان و بەچکە هەژار لەگەڵ خەرامانی بەچکە دەوڵەمەندا بگەیەنێ بەیەک!.

لەروخساریشا ئەوی کە پێ بڵێن عیبارەت و سادەی عیبارەت بۆ کۆکردنەوەی مەعنا هەمووی تێدا هاتۆتە دی، نەقرتان لە رستەدا هەیە، نەزیادکردنێک لە ناشیرینی بکا. پەخشانی سەرەتای کتێبی «چیرۆکی شمشاڵی شوان»ی خاوەن پەخشان نموونەیەکە بۆ پەخشانی ئەو ساڵانە کە لە ناهەمواری کاروباری کۆمەڵایەتی و زیانیانەوە قسەی کردبێ و

هەموو پەردەکانی خستبێتە روو بەبێ ئەوە هیچ گیروگرفتیەک بێتە رێی.

***

زانا مەلا عبدالکریم مدرس، وەیا «بیارە» کتێبەکەی کە لە ژێر ناوی «شەریعەتی ئیسلام»و چاپەکەی لە ساڵی ۱۹٦۸دا بووە، لە سەرەتای کتێبەکەیا، وەکوو بەینی دوو لاپەڕەی بەرگی کتێبەکە نموونە پەخشانێکی کوردی-مان ئەداتێ و ئەڵێ:

«..........................................................................

لە پاش سوپاس و ستایشی پەروەردگاری میهرەبان، وە پێشکەشکردنی سەلام بۆ هەموو پێغەمبەران، وە بە رەهبەری گەورەی ئاخر زەمان، وە بە ئال و یارانی فیداکاران عەرزم ئەمەیە:

لەبەر ئەوە کە قیمەتی هەر شتێ بە قەدەر قازانجیەتی، وە باشترین قازانج ئەوەیە کە پایەدار بێ، وە تەمێ و ئامۆژگاری لە ئادابی ئایینی ئیسلامی پیرۆزا شتێکی زۆر بە سوودە، ویستم نووسراوێ بە زمانی گەلی خۆم لە ئادابی ئایینی ئیسلاما بنووسم بە ئومێدی ئەمە کە ببێ بە بەشێکی گەورە لەو خزمەتانە کە بۆ گەل سوودیان هەیە، وە ناوم نا بە «شەریعەتی ئیسلام». هیوام وایە ببێ بەهۆی رووناکی دڵیان و ژیانا، وە بە ئەساسی سەعادەت و بەختیارییان لە پاشەرۆژا.

خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا فەرموویەتی: «ان الدین عندالله الاسلام» واتە: بەراستی ئایین و رێگەی راست بەلای خواوە برێتییە لە فەرمانبەرداریی خوداو پێغەمبەری خودا. ئەو شتانەو ئەو ئادابانە کە خوا قەراری داون بۆ هەموو خاوەن بیرو هۆشێ لە ئادابی دینا، وە پێغەمبەری گەورە حەزرەتی «محمد» «ص» گەیاندوونی بە ئێمە برێتین لە دوو بەش:

یەکەم شتێکی پەنامەکییەو لە دڵایە، غەیری خوداو خاوەنەکەی کەس ئاگای لێ نییە. ئەم بەشە ئیمان و باوەڕە بە شەش شت وەکوو حەزرەتی پێغەمبەر فەرموویەتی: «الایمان ان تؤمن بالله، وە ملائکته، وکتبه، ورسله، وبالیوم الاخر، وبالقدر خیره وشره» یانی: ئیمان ئەمەیە بەدڵ باوەڕت بێ بە خوداو، بە فریشتەی خوداو، بەو کتێبانەی ناردوونی بۆ تەمێ و ئامۆژگاری، وە بە پێغەمبەرانی خوادا، وە بە رۆژی پاشەرۆژ، وە بە قەزاو قەدەر.

دووەم شتێکی دیارییە خەڵکیش پێی ئەزانێ. ئەمە برێتییە لە پێنج کردەوە وەکوو پێغەمبەر فەرموویەتی: «الاسلام ان تشهد ان لا اله الله، وان محمدا عبده ورسوله، وتقیم الصلوة، وتؤتی الزکاة، وتصوم الرمضان، وتحج

البيت ان استطعت اليه سبيلا» یانی: ئیسلامەتی بریتییە لەمە کە شەهادەت بدەی بەمە هیچ زاتێ نییە عیبادەتی بۆ بکرێ بەراستی مەگەر ئەو زاتە کە ناوی «الله»یە، وە شەهادەت بدەی بەمە کە «محمد» بەندەی خودایەو پێغەمبەری خودایە، وە نوێژ بکەیت و، زەکات بدەیت و، رەمەزان بە رۆژوو بیت و ئەگەر توانیت حەج بکەیت.

جا بەشی یەکەم ئەسڵی دین و ئایینە، لەبەر ئەوە کە برێتییە لە باوەڕ، وە یەکێ باوەڕی بەشتێ بوو لەسەری ئەڕوا.. وە بەشی دووەم فەرعی دین و ئایینە. وەکوو چۆن لە داری مێوە بەرو سەمەر وەرئەگیرێ، وەها یەکێ کە ئیمان و باوەڕی بوو ئەوە سەمەری فەرمانبەرداریی خوای دەست ئەکەوێ، وە ئەم پێنج ئادابە بەجێ ئەهێنێ. بەڵام لەبەر ئەوە کە ئیمان و باوەڕ دیار نییە، وەهەتا یەکێ بەدەم ئیقرار نەکا کەس پێی نازانێ، لە دینی ئیسلاما بڕیار دراوە کە ئەم دوو کەلیمەی شەهادەتە ببێ بە هۆی ئەوە ئینسان بڕواتە ریزی ئەوانەوە کە بە خاوەن ئایین ئەناسرێن. جا با لەبەر رووناکی ئەم دوو فەرموودە پیرۆزە قسە بکەین و ئادابی موسوڵمان کە یازدە بەشە؛ شەشی ئەسڵ و ئەساسە، وە پێنجی فەرعە وە سەمەرەو بەرە بەیانیان بکەین:

ئیمان لەلای ئەهلی دین باوەڕە بەهەرچێ کە حەزرەتی پێغەمبەر «محمد–ص» هێناویەتی لەلای خوداوە لە بەشی بیرو باوەڕ، وە لە رەفتارو کردەوە. ئیمان بە خوای تەعالا ئەمەیە ئینسان بە دڵ باوەڕی ببێ ئەم جیهانە، بەرزو نزمی، رووناکی و تاریکی، وشک و تەڕی، دیارو پەنهانی، پەروەردگارێکی وای هەیە هەرچێ سفەتی باشە هەیە هەیەتی، وە لە هەرچێ سفەتی خراپە دوورە، وە ئەو پەروەردگارە بە عەرەبی ناوی «الله»یە، وە بە زمانی کوردی ناوی «خوا»یە.. خوای گەورە بۆیە چاوی داوە بە ئینسان رێگەی راست لە لار، دار لەمار، شتی ئارام لە هار جیا بکاتەوە، وە بۆیە عەقڵ و بیرو هۆشی پێ داوە کە شتی ممکن لە مەحاڵ، وە حەق لە بەتاڵ، وەراست لە درۆ جیا بکاتەوە، وە نەکەوێتە دوای شتی بێ سوود و خەیاڵی بێ قیمەت.

دەی هەر وەکوو بیرو رای بەهێز باوەڕ ناکا نەخشێ بەبێ نەخشگەر، وە خانووی بەبێ بەننا دروستکرابێ باوەڕیشی ناکا کە ئەم جیهانە خاوەن نەخشە جوانە، وە ئەم دەشت و کۆسارانە، وە ئەم سارای پڕ لە گوڵ و گیا و دارانە، وە ئەم رۆژو مانگ و ئەستێرە پڕتەو دارانە، کە هەر یەکێ یاسای تایبەتی هەیە، وە رێگەی هاتوچۆی خۆی گرتووە، خاوەن وە پەروەردگارێکی زیندووی زانای تەوانای نەبێ کە دەستی بڕوا بەسەر هەموویا، وە ئاگای لە هەمووی ببێ وە

دەستوور و یاسایان بەراستی رابگرێ، وە هەر کەسێ بیری وا نەبێ یا شێتە، یا لەبەر مەبەستێ خۆی شێت کردووە.

لەسەر ئەم بیرو باوەڕەیە کە خوای تەعالا لە قورئانی پیرۆزا ئەم ئادەمیزادە شارەزا ئەکا بۆ تەماشای عالەم، وە بۆ بیرکردنەوە لە وەزعی شەوو رۆژو عەرزو ئاسمان و مانگ و رۆژو ئەستێرەکان و، کەژو کێو، رووبارو دەریاو کەشتی و غەیری ئەمانە کە هەر یەکێ نەوعە دەلیلێکن لەسەر ئەوە کە ئەم چەرخ و فەلەکە خاوەنێکی وای هەیە رای بگرێ. هەموو خاوەن هۆشێ ئەزانێ دارو بەرد، خاک و خۆڵ، عەرزو ئاو، ئەستێرەو هەوا، شتێکی بێ گیان و بێ شعوور و ناتەواون، وە هیچیان پێ ناکرێ، وە لە ناو هەموو دروستکراوەکانا ئادەمیزاد کە بە عەقڵ و بیرو باوەڕ خاوەن پایەیە، مایەو هێزی ئەوەی نییە گیانلەبەرێ دروست بکا، وە شتێ ماددەی نەبێ پەیدای بکا حەتا بەرانبەر بە مردن و ژیانی خۆی، وە بەرابەر بە غەمباری و رزگاری خۆی دەسەڵاتی نییە، وە لە پاش سەد ساڵ عەقڵ بازی و خوێندن و بەراوردی بەسەرهات و تەماشاکردنی کارەسات حەیران و سەرگەردانە.

.........................................................................«.

ئایین هەستێکە لە ناخی دڵا کە پەل بڵاو ئەکاتەوەو ئەبێتە مایەی کامەرانی ئەو کەسە کە خاوەن هەستەکەیە. هەندێ کەس لە رابەرانی ئایین-کە پێغەمبەرانن- ئەو هەستەی خۆیانیان لە دەروونەوە کردووە بە نوورێک و بڵاویان کردۆتەوە بۆ کەسانی تر-کە پەیڕەوی کەرەکانیانن-. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە ئایین وەنەبێ لە ژێر دەسەڵاتی ئینسانەکەدا بێ؛ واتە بتوانێ خۆی لێ لادا، ئەو کەسە بیەوێ و نەیەوێ ئایینەکە رووی تێ ئەکا. بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە: کە ئەگەر یەکێ وتی من خۆم نابەستم بە هیچ ئایینێکی ئاسمانییەوە وەکوو چۆن خۆم نابەستم بە هیچ زاهرەیەکی تریشەوە؛ واتە نە، رۆژ، نە مانگ، نە، گا، نە، بوت، ئەوەش هەر ئەبێ بە ئایینێک بۆ ئەو!. کەوا بوو دوور کەوتنەوە لە چەکەرەی ئایین لە دەسەڵاتی ئینساندا نییە، ئەو پەڕەکەی ئەوەیە «مولحد»بێ، ئەو ئیلحادەش بۆ ئەو بوو بە ئایینێک!.. وە هەر ئایینێکیش ئەبێ رێ و شوێن و یاسایەکی هەبێت بۆ ئەوە ئەو پەیڕەوی کەرانە لە سەری بڕۆن، ئەگەر نەیبێ کاروباری ئەو کۆمەڵ و کۆمەڵایەتییە لەبەر یەک هەڵئەوەشێ و هەر کەسە روو ئەکاتە هەردەیەک!.

بەشێک لەم ئایینانە ئایینی ئیسلامە، ئەمیش بێ گومان یاساو دەستوورێکی هەیە؛ هەم بۆ خوا پەرستن، هەم بۆ بەرێوەچوونی کاروباری کۆمەڵایەتی. وە ئەم ئایینەش لە مێژە

داهاتووه. زانایانی ئیسلام ماوەی چوارده سەدەیه خزمەتی ئەکەن و ئەو دەستوورو نیزامەیان خستۆته ناو چوارچێوەی ئەو زمانەوه کە سەرەتا ئەو ئایینه بەو هاتووەو کۆکراوەتەوه، ئەو زمانەش زمانی عەرەبی بووه، هەندێ لە نەتەوه ئیسلامەکانی غەیری عەرەب توانیویانەو بۆیان لواوه کە گەلێ جار لە لاپەڕەی ئەم مێژووه درێژەدا ئەو دەستوورانه بە زمانی خۆیان بنووسن و بیخەنه بەردەستی نەتەوەکەیان؛ ئەو نەتەوەیە کە لە زمانەکەی خۆی بەولاوه–لە بارەی ئایینیەوه – هیچی تری نەزانیوه.

نەتەوەیەکی وەکوو کورد بە درێژایی ئەم ساڵە دوورو درێژانەی مێژووی ئیسلام ئەو شەریعەتەی کە باوی هەبووه لە ناویانا هەر بە زمانی عەرەبی و هەندە جارێکی زۆرکەمیش تووکە تووکەیەک بە زمانی فارسی هەبووه. زانا ئایینیەکانی کورد ئەو شەریعەته عەرەبیانەیان خوێندوەو زانیویانه، چۆنیەتیەکەیان بە رەمەکی مەردمەکە وتووەو بەو جۆره هەموو پایەیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکەیان پاراستووه. هەروەها ئەو زانا ئایینیيه کوردانه کە لە رووی شەریعەت و زانیاری تریشەوه شتیان داناوه هەر بە زمانی عەرەبی دایانناوه.

بەڵێ! گەلێ جار بووه کە لە ئەرکان و بناغەی ئایینەکەیان بە زمانی کوردی بە هۆنراو داناوه، ئەویش تەنیا هەندێ ئەرکان و بناغه، ئەگینا فراوانی لق و پۆپی ئایینی گەلێ فراوانتره لەوه کە ئەو ئەندازه هۆنراوانه بتوانن لە دایەخی دەربێن. پەخشان، کە کانگای فراوانییه لەبەر هەر هۆیەک بووه لەم رووەوه بەو شتیان دانەناوه، تۆزێ لەو هۆیانه لە سەرەتای ئەم کتێبەدا باسکراوه.

خاوەنی پەخشانی کتێب «شەریعەتی ئیسلام» ماوەیەک بوو ئەو دەستوورانەی کە لە شەریعەتی ئیسلامدا هەن، هەر لە «عیبادات، موبایەعات، موناکەحات و جراحات»ەوه بێنێته سەر زمانی کوردی، دووبەش لەو چوار بەشەی لە نێوانی ساڵانی «١٩٦٠– ١٩٧٠» ، بەتایبەتی تر لە ساڵی ١٩٦٨شادمانی چاپی بە خۆیەوه دی.

ناوەرۆکی ئەم بابەته ئەوی پێویستی کۆمەڵایەتی نەتەوەی ئیسلامه هەمووی گرتۆتەوه؛ گرتوویەتەوه بە پەخشانی زمانی کوردی، کە ئەمه یەکەم هەنگاوه لەم رووەوه نێژراوه. روخساری پەخشانەکه سادەو بێ گرێیه، بۆ کاروبارو فرمانێکی ئایینی دەسەڵات لەمه زیاتر نابێ، چونکه زۆر وشەو رسته هەبووه لە زمانی عەرەبیدا تا ئەو مێژووه هەر بەو چەشنه لە ناو کوردەکەدا بڵاو بووەتەوه، ئەم پەخشانه توانیویه ئەو شتانه رێک بگۆڕێتەوه بە زمانی کوردی. ئەبێ ئەوەش بزانین کە گەلێ وشه هەبووه لە عەرەبی دا، ئیسلام ئەو

وشانەی بۆ شتێک داناوە کە پێش داهاتنی ئیسلام ئەو شتانە نەبوون. بە وێنە وەکوو وشەکانی: «حەج، زەکات، سووننەت، تەولیە، جەعالەو موحاطە»و گەلێ شتی تریش. ئەو جۆرە وشانە لە هەموو عالەمی ئیسلامیدا وەکوو خۆی بڵاو بوونەتەوە، بە تایبەتی کورد گەلێ لە مەفهوومی ئەو وشانەی لە کاتی خۆشیا هەر نەبووە.

جا ئەو پەخشانی سەرەتای کتێبی «شەریعەتی ئیسلام»ی زانا مەلا عبدالکریم نموونەیەک بوو بۆ پەخشانی کاروباری نیزامی ئایینی.

***

هەر لە نێوانی ساڵانی «١٩٦٠-١٩٧٠» «کاکە مەم بۆتانی» نموونە پەخشانە دەقێکی ئەو ساڵانەمان لە ژێر ناوی «بوومەلەرزە لە گۆمی مەنگدا» و چاپەکەی لە ساڵی «١٩٦٩»دا بووە بۆمان دیاری ئەکاو ئەڵێ:

«...........................................................................

ئەو شەوە هەموویان گەیشتنە لای چەکدارەکانی تری ئەو هەریمە کە بۆ بەربەستکردنی شالاّو کۆبووبوونەوە. کە جاری پێشوویان بەبیر ئەهاتەوە مووچرکیان بە لەشا ئەهات. وەکوو داندرا بوو، دوو دوو خرانە سەنگەرێکەوە کە لە بنارو ناوەڕاستی شاخەکە لێ درابوون، لە لای راستیانەوە دۆڵێکی قووڵی تەسک هەبوو بۆ کاتی تەنگانە رەچاو کرابوو. ئەو رێگەیەی بۆ ئەو دێیانە ئەچوو تەنها باریکە رێیەک بوو، بە چەشنێک سەنگەرەکان لێ دراو بوون کە ئەیانتوانی پارێزگاری رێگەو دۆڵەکە و چواردەوریشی پێ بکەن.

ماموستا هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوو لالە حەمەد شەڕ بکات، لەبەر ئەوە لالە زۆر پەست و مەلوول بوو، چونکە زۆر دڵی بەم شەڕە خۆشبوو، بەو هیوایە بوو برینی رۆڵەکەی سارێژ بکات. لەبەر ئەوە ماموستا چارەی نەما بەرانبەر بڕیاری لالە وای پێشنیاز کرد کە پێکەوە لەیەک سەنگەردا بن، چ نەبێت پارێزگاری ئەکات و چاوی لێی ئەبێت. بەتەواوی هەر یەکە جێگەی خۆی نەگرتبوو کە «سالە» بە هەڵەداوان گەیشتەوە ناویان و ئەویش لە سەنگەرێگا دامەزرا. ئەو شەوە هەریەکە لە شوێنی خۆیدا کەروێشکە خەوانەی کرد. هەر لە بەرەبەیانەوە پەلاماری ئەم ناوچەیە درا، لە دوورەوە تۆزی چەکە قورسەکان و چەکدارەکانیان وەک گەردەلوولی پایز بە ئاسمانا ئەچوو. بەرگرەکانیش لە سەنگەردا خۆیان مەڵاس دابوو، بەڵام چەشنە ساردیەک بە دڵ و دەروونیاندا هاتبوو خۆیان پێ نەئەگیرا، ئەلەرزین، هەندێکیشیان تەقەی دانیان ئەهات، تفەنگ لە دەستیانا ئارامی نەبوو!. چاوپێ کەوتنێ بەس بوو

بۆ ئەوەی دەست بەیەکدا بدەی و هیوات ببڕێ!.

بەڵام کە چاوی بە لالوو ئەکەوت فەرامۆشی ئەهات. لالە هەستی بەمە کردبوو، بە چەقەچەقی دانی و زەردەخەنەیەکی سەرزارەکی بە ماموستای وت: شەرم مەکە ئێمەش هەروایین!

-بەڵام نازانم بۆ؟. خۆ بەخوا ئەوەی بەبیرما نەیت ترسە.

-گوێ مەدەرێ. یەک فیشەک بەسە گەرم دادێن.

-یەعنێ..؟.

-کە یەخەگیر بووین گەرم دادێن، فیشەک بە خەسار نادەین!.

-گوایا هەموو هەر واین؟

-بێ گومان..ئەمە بە دەست کەس نییە!.

زۆری مابوو شالاو بگاتە قەراخ شاخەکە، بەهەمەچەشنە، چەک بست، بست زەوی و شاخ و دۆڵەکەیان بە گوللە کێلا!. ئەوەی لە دوورەوە ئەمەی بدیایە بێ گومان ئەبوو لەوەی نەک مرۆڤ بەڵکوو گژو گیاش بەو شاخەوە نەماوە، هەر کەسێکیش لەوێ مابێت، وەک کەو بە تەپکەوە ئەبێت!. ئەوەی چاویشی بە بەرگرەکان ئەکەوت لە خۆشیا بزەی سمێڵی ئەهات. نەبەرد هەر ئەوکاتە لە مردن ئەترسێ کە لێی دوورە، بەڵام کە باوەشی پێدا کرد هەموو هەوڵی ئەوەیە پشتی بشکێنێ. سەبرە سەبرە شالاو نزیک بووەوە تا گەیشتە بەر لوولەی تفەنگی بەرگرەکان، ئەوسا گوللە وەک تەزرە بە سەریانا باری، لە ترس و سەرسامیدا شالاو لە پێشکەوتن کەوت، هەر یەکە هەوڵی ئەوەی بوو خۆی لە پەنا بەردێکا بشارێتەوە!. ئەوان ئامادە نەبوون بۆ هەوەسی چەند کەسێک ماڵی خۆیان کاول بکەن و منداڵیان بێ دەرەتان. لالە بە روویەکی خۆشەوە سەیری ماموستای کرد و وتی:

- چم پێ وتی.. بڕوات کرد؟. ئینجا چاوت لە مامی خۆت بێت.

- ئاشکرایە.. ئەمەیە جیاوازی حەق و ناحەق!.

- ژیان بۆ زۆردار هەر سەرێک بووە.

پاش ماوەیەک شالاویان بردەوە، بەڵام گوللەی بەرگرەکان گەلێ کاریگەرتر بوون لەوەی ئەوان بتوانن پێ لەبەر پێ بنێن!. لالە هەر خەریکی ژماردنی خۆی بوو. هەر فیشەکێ لە سێ تیرەکەی دەرئەچوو ژمارەیەکی زۆر ئەکرد. هەندێ جاریش ئاوڕی لە ماموستا ئەدایەوەو ژمارەکەی بۆ دووپات ئەکردەوە. لالە

بڕیاری دابوو ئەو کاتە «تازیە» ئەشکێنێ کە بەری شاڵاوەکە بگرێ و تۆڵەی ڕۆڵە شەهیدەکەی بسێنێتەوە، لە دوابیدا ئەچێتە شارو داوای لێ بوردن لە براکەی ئەکات و بەدەستی خۆی ئاهەنگی ئایشێ ئەگێڕێت، ئەوسا مردن حەقە، ناحەق نییە.

پەلامار دەرەکان زانیان پیلانەکەیان سەری نەگرت، زیانێکی زۆریشیان دا، هەرچەندە لای ئەوان زیان نرخێکی ئەوتۆی نییە، چونکە ئەو کلۆڵەی ئەکوژرێ، نە لە بەری و نەلە پشتی ئەوان ئەچێ، بەڵام داخیان ناچێ کە نەیانتوانی هەنگاو بنێن. سەرکردەی بەرگرەکانیش لە هەمانکاتدا ئەیویست بزانێ تا چەندی تر ئەتوانن خۆیان بگرن، بەڵام کە بە وردی تەماشای سەنگەرەکانی دەوری خۆی کرد، نەیوێرا بڵێت لەل. لالە حەمەد بەردی بە بەردەمی سەنگەرەکەی راست کردەوەو فیشەکی بردەوە بەر سێ تیرەکەی و دەستێکی پیا هێناو رووی کردە ماموستا:

- ئەوە حەوت!

- ئەمجارە نیشانت لە کێ ناوەتەوە؟

- بڕوانە. ئا ئەوەی لەلای چەپی ئەو بەردەی پێشمانەوە خۆی مەڵاس داوە.

- چاوت لێیە چەند ئەترسێ؟. ناوێری بە تەواوەتیش سەر دەربکات!.

- ئەمانیش وەک سەرگوزوشتەی ئاسک و سەگەکەیان بەسەر هاتووە، ئێمە بۆ پارێزگاری نیشتمانی خۆمان هەوڵ ئەدەین، ئەوان بۆ داگیرکردنی وڵاتی خەڵکی!. لالە لە قسەکانی نەبووەوە، ماموستا بەسەر سوڕمانێکەوە رووی کردە لالەو وتی:

ئەرێ لالە!. لوولەی چەکەکانت دیوە؟

.......................................................................».

ساڵانی «١٩٦٠-١٩٧٠» وادیارە جۆرە رۆژانێک بووە کە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی زۆر تێدا هەبووە. بە پێی ئەو بەرهەم و پەخشانانە کە لەو ساڵانەدا بووە دوو زاهرەمان ئەکەوێتە بەرچاو؛ یەکێ زیاد تەشەنە کردن و پەنگ خواردنەوەی نەتەوایەتی، یەکێ تاساندنی ئەو بیروباوەڕە بە پەتی سێدارە و بە رایەڵی تاریکی گۆشەی زیندان و بە بەلاچەی لوولەی ماوزەری خاوەن زەر!.

پەخشانیش کە بلێسەی دەربڕینی دەردی دەردەدارانە بۆ پشوودانی هەناسەی خۆی، وا دیارە ئەویش هەر خنکێنرا بوو!. شۆڕشی باوەڕ لەگەڵ شۆڕشی چەکدا دەستیان کردبووە

ملی یەک بۆ ئەوە بتوانن بە هێزی هەردوو لایانەوە ئەو پەتانە بپچڕن!.

نەبیروباوەڕ گۆمی مەنگەو بە درێژایی چەرخ هەر لە یەک شوێنا ڕاوەستی، نە مرۆڤیش بەردە ڕەقی بن ئاوە هەر بەو جۆرە بمێنێتەوە. مرۆڤێک ئەڕواو یەکێکی تر دێت، بیرو باوەڕێک ئەڕواو بیرو باوەڕێکی تر دێتە پێشەوە. من و تۆ ئەڕۆین، کوڕی من و تۆ لە شوێنمان دائەنیشن، باوەڕی ئەمرۆی مێشکی من و تۆ ئەڕوا، لە جێگا هەواری ئەو باوەڕی مێشکی کوڕی من و تۆ خێوەت هەڵئەدا. جا ئەو باوەڕە یا باوەڕی پێشوو بتەوتر ئەکاتەوە، یا ئەو لائەباو شتێکی تازەتر دێتە کایەوە.. باوەڕی نەتەوایەتی و باوەڕی زانیاری و پیشەسازی لەم سەرکەوتن و نزم بوونەوەیەدا هەموو وەکوو یەک وانە. فیکرەی نەتەوایەتی هەندێ جار وەکوو چرای دز کز ئەبێ، هەندێ جاریش وەکوو ئاگری ناو ئاگردانی دارستان نێڵەی دێ، بەڵام بە تەواوی بمرێ ئەمە نییە. ساڵانی «١٩٦٠-١٩٧٠» وا دیارە ئازار زۆر بوو بۆیە پەخشان نەیتوانیوە ئەو فیکرەیە دەربڕێ!. لە گۆشەیەکی ئەو ساڵانەوە پەخشان نەیتوانیوە ئەو فیکرەیە دەربڕێ!. لە گۆشەیەکی ئەو ساڵانەوە پەخشانی «بوومەلەرزە لە گۆمی مەنگدا» لە ژێر لێوەوە تۆزێ لەو بە سەرهاتە ترسێنەرەمان ئەخاتە بەرچاو!.

پەخشانی ناواخنی کتێبی «بوومەلەرزە لە گۆمی مەنگدا» ڕۆمانێکمان ئەخاتە پێش چاو لە وێنەی کارەساتێکا، بەڵام کارەساتی گوێ ئاگردان نییە، بەڵکوو چیرۆکی شۆڕشی ئەو ڕۆژەیە؛ شۆڕش بەچەک، شۆڕش بە باوەڕ، شۆڕش بە هاریکاری. نەتەوەی خاوەن پەخشانی ئەو کتێبە لە جووڵاندا بووەوە جووڵاوەتەوە، لەگەڵ پیشاندانی ئەو هەموو جەزرەبەو بۆم بۆردمان و برسێتی و خۆبەختکردن و بازددان لەناو ئەو هەموو هەردەو دەرەدا هەر کۆڵی نەداوە. لەگەڵ ئەو هەموو ئازارە کە لەلایەن غەیری خۆیەوە دراوە هەر سەری نەوی نەبووەتەوە، هەموو شتێکی لە پێناوی تۆزێ سەربەستی دا کردووە بەگاو گەردوون، بارەی بەرخ و بزەی مناڵ و کزەی پیری هەموو داوە بە قوچ بۆ لوێچێ سەر بەستی، بۆ ئازادی خاکەکەی!.

روخساری ئەم پەخشانە دوور نییە ئەگەر تەماشای لایەنی ئەدەبی بکرێ مرازی ئەدەبی بەتەواوی نادا بە دەستەوە، بەڵام لەو لایەنەوە کە پەخشانێکە لە جەنگ و لە شۆڕشەوە قسە ئەکا، لەم ڕووەوە حەقی خۆی بە پوختی وەرگرتووە. وە ئەمە نموونەیەک بوو بۆ پەخشانی جووڵانەوەی نەتەوە و بۆ خەباتکردن. جۆرە گوزارشت و جۆرە وشەیەک لەم پەخشانەدا بەرچاو ئەکەوێ کە بە ئاشکرا دیارە جیایە لە وشەو گوزارشتی نموونە

پەخشانەکانی تر.

* * *

«خورشیدە بابان» لە ژمارە «٧» ساڵی یەکی رۆژنامەی «ژین»، لە ژێر ناوی «چەپکە گوڵی منیش»دا بە بۆنەی یادی ماتەمی «فایق بێ کەس»ەوە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:(١)

(١) ئەم «ژین»ە، ئەو «ژین»ە نییە کە حاجی تۆفیقی پیرەمێردو نەوەکەی دەریان ئەکرد، بەڵکو ئەمە «ژین»ێکە کە «کاکەی فەلاح» لە سولەیمانی دەری کردووە، یەکەم ژمارەی لە ١٠/١٢/١٩٧٠دا بووەو زنجیرەی خۆی جیایە.

«چەپکە گوڵی منیش لە یادی «بێ کەس»ی نەمردا.

ژیان، لەگەڵ شنەی شەماڵی هاویندا، لەگەڵ کزەبای سەختی زستانی ژیندا، لەگەڵ گەڵاریزانی پایزی پرقیندا، لەگەڵ شەوەزەنگی نووتەک و تاردا، لەگەڵ هێلی گزنگی بەیانی نەو بەهاردا، لەگەڵ سرکەی پەپوولەی رەنگین و سەروەی لە سەرخۆی گەلای داردا، لەگەڵ زیکەو چریکەی پر لە سۆزی هوزاراندا، لەگەڵ دیمەنی کانیو سێبەری دار قەزوان و دەنگی «کنالەیل» لە کۆهساراندا، لەگەڵ هۆرەی جووتیارو شمشاڵی شوان و دەنگی زەنگی کاروان لە دەمەو بەیاندا، لەگەڵ هاژەی تافگەی قەڵبەزەی کەژی رەنگیندا، لەگەڵ خورەی ئاوی چەم و سەرچاوەی دڵفرێن و زێوێندا، لەگەڵ دەنگی بولبولدا ناڵەی دڵێکی بچکۆلەو پر سۆزو بەکوڵ لە سەر چڵدا، لەگەڵ زەردەی زێرینی سەر لووتکەی پاڵدا، لەگەڵ قاقای پێ کەنین و بزەی لێو و گرۆگاڵ و گریانی منداڵدا. ژیان لەگەڵ جوانی رەنگینی گوڵاڵەی مۆرو زەردو سوورا، کۆچ و باری رازاوەی هەواری دڵگیری خێڵەو ژووردا، لەگەڵ پڵپڵەی زیوو هارەی مێخەک بەندو خرەی بەرموورا لەگەڵ تریفەی جوانی مانگەشەودا. لای لایەی پر لە سۆزی دایک لە شیرین خەودا. ژیان لەگەڵ نمی ئاونگ لەسەر گیانی نەرمدا، لەگەڵ هەموو دەنگێکی پر سۆز لە دڵێکی گەرمدا. ژیان لەگەڵ چریەی پێی کەڵ و فرەی باڵی مەل و پەڵە هەوری سپی ئاسمانی شین و باعەی مێگەلدا. دڵی پر لە ئازادی هەندێک جار شادو هەندێک جار خەمگین و پرشی رۆژی نگین لەدەم کەلدا، «دەی یاخوا سەرکەوێ با یەک بگرین و بێ خەم نەبین لە هەلدا»..

چۆن ژیان لەگەڵ هەموو دیمەن و رەنگێکی دڵگیرو جوانیدا، لەگەڵ سروود و بەستەو سۆزو ئاوازی کامەرانیدا، هەر بەو جۆرەش ژیان لەگەڵ شاخەو گرمەو

شریخەو چەخماخەی هەوری ستەمدا!. لە نەبوونیدا، لە ماتەمدا ورەیان بەر نەداو دەستەوستان نەوەستان، نەیبەزاندن و فریوی نەدان، نە ناخۆشی وە نە خۆشی ژیان، هەستیان بە هەموو شتێک کرد، هەر شتەو نرخی خۆیانیان پێ دان، هیچ پێویستیەکیان لە یاد نەکرد، مەردانە دەرچوون لە ریبازی ژیان. بیری هەستکردن بوون، دڵی هیوا بوون، دەستی یارمەتی بوون، گیانی نەبەزین بوون، دەنگی تا بۆ هەرگیز لە کاروان بەجێ نەمان؛ کاروانی سەربەستی، کاروانی یەکیەتی و پێشکەوتن، کاروانی ئازادی و بەختەوەری کوردو کوردستان، کاروانی هاوکاری و برایەتی لەگەڵ گشت گەلان. بەڵێ! بەو جۆرە ژیان، دوور لە بێ دەسەلاتی و واق ورمان، جەنگین لەگەڵ شەودا تا رۆژیان هێنایە دی، جەنگین لەگەڵ مردندا تا نەمریان بەرهەم هانی.

بەڵێ! ژیان و تا هەتایش لە یادا بە سەربەرزی هەر ئەژین.».

ساڵانی «١٩٧٠-١٩٨٠» پەردەی کاروباری کورد گۆڕانێکی ئاشکرای بە سەرا هات. لە سەرەتای ئەم ساڵانەدا لەبەر ئەوە کە جۆرە سەربەستیەکی تر پەیدا بوو، نووسینیش بەرگێکی تری لەبەر کرد، لە هەموو روویەکەوە تا ماوەیەک قەڵەم کەوتە جم و جووڵ بۆ دروستکردنی گەلێ بابەتی پەخشان.

پەخشانی ئەم خاوەن دەقە بە تەواوی لەو پەخشانانە نییە کە لە کاروباری ئەو کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیەوە بدوێ؛ یەکەم لەبەر ئەوە: چونکە لەو مێژووەدا هێشتا ئەو جم و جووڵە بە تەواوی دەستی پێ نەکرد بوو، دووەم ئەگەر دەستیشی پێ بکردایە، ئەم پەخشانە بیرەوەری یادی ماتەمی هۆنەرێکە کە ئەو هۆنەرە لە ساڵی «١٩٤٨»دا کۆچی دوایی کردووە، هەر لەو تەنگوچەڵەمەی ناوخۆییە نەئەدوا، چونکە دوان لە بابەتەوە پەیدا ئەبێ، بابەت هەر شتێک بوو ئەبێ نووسینەکە ئەو بابەتە بگرێ بە دەستەوە، ئەگەر ئەوەی نەگرت ئاشنایەتی لە نێوانی بابەت و نووسیندا ئەپچڕێ. ئەوەندە هەیە هەر لەم ساڵانەدا دیسان دەوری ئافرەت تازە ئەبێتەوەو نووکی خامەی ئەکەوێتەوە کار بۆ دروستکردنی پەخشان، چ پەخشانێک؟. پەخشانی ئەدەبی، ئەمجا پەخشانی سیاسی..

ئافرەت دایکە، دایک لانکەی منداڵە، منداڵ کزەی جەرگیەتی. هەموو دەم دایک نۆ مانگ زیاتر لەگەڵ منداڵیە تا باوک؛ نۆ مانگی بە ئەرک، نەک نۆ مانگی بێ ئەرک. ئەو ئەرکەیەو ئەو منداڵدانەیە کە وا لە ئافرەت ئەکا ئەو دڵقاییە پیاو هەیەتی ئەو نەیبێ. ئەمەیە کە خۆشویستنەکەی وای لێ ئەکا ئەگەر هەر کاتێ هاتە سەر باس کردنی شتی عاتفی رەحم و عاتفەی ئەو لە هی پیاو بە جووڵەتر بێ و زیاتر گوێگرو خوێنەر لە رووی

بەزەییەوە بهەژێنێ. ئەمەیە کە ئەگەر ژنێک و پیاوێک هاتنە سەر باسی هەژانی عاتفەو ختووکەی دڵ و لەش هی ژنەکە کاریگەرترە تا هی پیاوەکە، چونکە هی ژنەکە لە دەروونێکی سافی خاوێنی بێ پەردەوە دەرئەچێ، هی پیاوەکە پەردە لە بەینا پەیدا ئەبێ. وێنەی ئەمە وەکوو:

دیمەنێک لە ئاوێنەدا دەرچێ، ئەمجا ئاوێنەیەکی تر رووبەرووی دیمەنی ناو ئاوێنەکە بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی دیمەنەکەی. بێ گومان دیمەنی یەکەمی ناو ئاوێنەی یەکەم روونترو خاوێنترە لە دیمەنی دووەم. عاتفەو بەزەیی ئافرەتیش بۆ دانەوەی روونکردنەوەی ئەو خوشویستنەو بۆ کارکردن لەسەر عاتفەی گوێگر بەو جۆرەیە. دیسان لە هەموو لاپەڕەی مێژووی ئادەمیزادا، چ لە داستانی شەڕەکانا، چ لە مەیدانی شەڕە گەڕەکەکانی ناوخۆمانا، چ لە وەختی لاواندنەوەدا ئافرەتان تێکلاو کراون بە پیاوان هەر لەبەر ئەوە بووە کە قسەو هاندان و لاوانەوەی ئەوان کاریگەرتر بووە لە هی پیاو. خاوەنی «رشتەی مرواری» ئەڵێ: تۆزێکیش پێ بکەنە!:

شەڕە گەڕەکەکانی سولەیمانی کە جاری جاران باوی هەبوو، هەموو جار گەڕەکی دەرگەزێن سەر ئەکەوت بەسەر گەڕەکەکانی ترا، ئەمە لەبەر چی بوو؟

لەبەر ئەوە بوو کە «خەجە لاو»یان لەگەڵ بوو. خەجە لاو بەڵێ پاڵەوانی ژنان بوو، بەڵام لە بەرامبەر پیاوانەوە پاڵەوان نەبوو، ئەوەندە هەبوو پاڵەوانیەکەی ئەو لەوەدا بوو کە بە قسەو هاندانی عاتفەی پیاوەکانی ئەجوولاندو شەڕە گەڕەکەکەیان ئەبردەوە!. پیاوانیش هانی خەڵکیان ئەدا، بەڵام هی ئەوان لە کوێ و هی ئەو لە کوێ؟!. قیروسیا لەم شعرەش:

دوو رەش یەک ئاڵەت و یەک خاڵی رووی شۆخی دلارا

کزەن بۆ دڵ، بەڵام توخوا کزەی ئەم چۆنە، ئەو چۆن؟!.

خاوەنی دەقی پەخشانی «چەپکە گوڵی منیش» «خورشیدە بابان»ە و دیارە لە ریزی ئافرەتانە، ناوەرۆکی پەخشانەکەی ئەوە بە ئێمە پیشان ئەدا کە بۆ لاواندنەوەیە، هەم بۆ «بێ کەس»، هەم بۆ ئەو کەسانە کە لەرێگای سەرفرازی وڵاتدا وەکوو مۆم سووتاون، بەڵام رووناکییان داوە بە دەوروبەری خۆیان. ئەوانەی کە لەم رێگایەدا رۆیشتوون، هەموو زاهرەی کەون و هەموو شتە جوانەکان بۆ ئەوان ژیان، وە بۆ وەکوو ئەوان لە دوای ئەوان ئەژین. روخسارەکەی: ریزە وشەو رستەی کوردییە، لام وایە ئەگەر ئەو عاتفەیە نەبوایە ئەم پەخشانەی بەو بەلاغەت و کاریگەریە نەئەهۆنیەوە.

ئەم پەخشانە نموونەی پارچەیەکی ئەدەبی ئەو ساڵانەیە؛ پەخشانی کوردی ئەو ساڵانە

که له مەیدانێکی واداو بە خامەی ئافرەتانی کورد دێتە مەیدانەوە، شتێکی وا که له هیچ رووبەکەوە گیروگرفتی نەیەتە رێ.

* * *

«بەدرخـان سندی» لە ژمـاره «١»ی سالّی «١٩٧٠» ، لە گـۆڤاری «چیـا»دا کە لە شاری هەولـێـر بە شـێـوەی بادینی دەری کـردووە. لە ژێر ناوی «رێگای چیـایی» پەخـشـانێـکی کورتمان بەو شێوەیە ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«رێگا چیایی

خوێندەوارێت هێژاو بەرکەتێ..

ئەز ڤی بەرهەڤی پێـشـکێـشێ وە دکم بدلەکی پڕ ژخـوشی، چونکوو ئەم دشێین بێژین کوو هەتا نووکە مە چ بەرهەڤێت کوردی بزاراڤی کورمانجی نینە. هە وەسا مـخـابن مـە خـوێندەوارێت کـوردی نین کـوو بشێن بـکوردی بخـوینن و بنڤیسن و هەر وەکی ئەم وهین دزانین کوو ئەڤە بناسیت گەلەک تشتانە.

برای کـورد! ئەز دبینم فـەریی و نووکـە فـەرترە ئەم بچـەکی لخـوبزڤـرین ژ لایی. رەوشەن بیـری و هوزان ڤانیی یڤە دا ئەم بشێن دگەل کەروانێ ملەتان بچین.. «چیا»گۆڤـارا تەیە.. تێدا بنڤیـسە.. نەترسە دی پیچ پیچە تازەتر نڤیـسی. «چیا» گۆڤارا تەیە..بخوینە.. دی فیر بی نە ئەڤرو سوباهی. هەر دەم شاعری نەمر ئەحمەدی خانی بینە بیراخو، دەما دبیژت:

ئەنواعی میلەل خودان کتیبن

کرمانج تنی دبی حسیبن

پاشی دبیژت:

شیری هونەرا مە بیتە دانین

قەدری قەلەما مە بیتە زانین

ڤـیجا برای خوشـتـڤی ئەڤ مروڤە «خانی» بەری ٤٠٠ سـالا زانیبی کوو قـەلەم رێکا راسـتـە بو ملەتی کـورد و گـەهشـتنا وی بو ئارمـانجـیت خـو دژیانا درێژدا... برای خـوشـتـڤی!. ئەگەر تە بڤـیت تو بنڤـیسی ئو نڤـیسینا تە بەلاڤ بێت دڤی گوڤاری دا بنڤـیسە ئو بو مـن بهنێرە لەسەر ڤی ئەدریسی: «ئەربیل: مدیریة التربیة- بدرخان» . ئیدی هیڤیا من ئەوە هین بسەرفرازی بژین».

سەرەتای سالّی ١٩٧٠ سەرەتای جووڵانەوەیەکی بەهێزی زمانی کوردی بوو، لە هەموو رووبەک و لە هەمـوو بابەتێک پەخشـان کەوتە نـاوەوە. وا دیارە ئەو سەردەمـە تۆزێ شـوێن

هەواری پشوودانی کورد بووە، پەخشان لە هەموو بابەتێکەوە کەوتە ناوەوە، نەوەک هەر بە شێوەی سۆران لە خاکی عیراقدا، بەڵکوو بە شێوەی «بادینی»ش ئەو هەنگاوەی هەر نا. یەکێک لەو هەنگاوانە ئەوە بوو کە گۆڤارێک بەو شێوەیە هاتە ناوەوە، گۆڤارێکی سەربەخۆ، کە «چیا» بوو. تیشکی ئەم گۆڤارە لە شاری «هەولێر» گزنگی دا، بەدرخان سندی سەری رایەڵی ئەو گزنگەی گرت بە دەستەوەو بەسەر هەموو وڵاتی کوردستانا بڵاوی کردەوە.

بەشێوەی کرمانجی خواروو هۆنراو لە هەموو سەردەمێکی کورددا درەخشان بووە، هۆنراوەکانی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی شادەستەی چەپکەگوڵی وڵاتی کوردستانن. بەڵام لە رووی پەخشانەوە ئەو قەڵەمەی بۆ هۆنراو کەوتۆتە کار، بۆ پەخشان ئەو کارەی نەبووە. هۆی ئەم نەکەوتنە کارەشی هەر لەم کتێبەدا باس کراوە!. ئێستە دەقی ئەم پەخشانە نموونەیەکە بۆ ریزە نووسراوی پەخشانی شێوەی بادینی کە لەو رۆژەدا بەبێ ترس لەو گۆڤارەدا هاتە ناوەوە و مێژووی پەخشانی بە یادگار هێشتەوە بۆ پاشەرۆژ؛ پەخشانێک کە لە دوو توێی بەرگی گۆڤارێکی سەربەخۆدا خۆی پیشان بدات.

ناوەرۆکی دەقی ئەم پەخشانە ئەو گلەیە ئەکا کە ئێمە بۆچ ئەبێ بترسین کە ئەگەر بە زمانی خۆمان بخوێنین و بنووسین، هەموو نەتەوەیەک ئەو مافەی هەیە بە زمانی خۆی ئاخاوتنی خۆی لە نووسین و خوێندنا بەکار بێنێت، بۆچ ئەبێ ئێمە گۆشەگیر بین و نەتوانین بەزمانی خۆشەویستی خۆمان -کورمانجی- بەرهەمی پەخشانی خۆمان بخەینە بەردەستی هەموو کەس و هەموو نەتەوەیەک؟!... ئەی کورد!. چیا گۆڤاری خۆتە، مەترسە، بەبێ ترس تیایا بنووسەو نووسراوی بخوێنەوە، نەک هەر ئەمڕۆ، بەڵکوو ئەمڕۆ و سبەینێش هەر بیخوێنەوە، چونکە ئەو زمانەی ئەو زمانی باپیرەکانتە، لادان لە زمانی باپیران ئیشی مەردان نییە. «خانی» لە پێش گەلێ لە ساڵانی مێژوودا ئەم هاوارەی کردووە، ئێستە تۆ بە دەنگیەوە بچۆ، چالاکانە بچۆ!.

روخساری دەقەکەی بە تەواوی نموونەی داڕشتنی دەقە پەخشانێکی بادینییە کە رەپ و راست ئەو شێوەیە بە نووسراوی تۆمار ئەکا بۆ نموونە پەخشانەکانی مێژووی پەخشانی کوردی.

***

«جەمال شاڵی» کتێبێکی پەخشانی بە ناوی «دان بە تاوانەکاندا ئەنێم، لە ساڵی «١٩٧٠» خستە بەردەستی چاپ. بابەتێک لە بابەتەکانی ئەو کتێبە «پەیامی

کوردایەتی» بوو، ئەمەی خوارەوە دەقی پەخشانی ئەو بابەتەیە:

«پەیامی کوردیەتی!.

هەموو رۆڵەیەکی گەلی کورد پێویستییەکی نیشتمانییە لە سەریان کە نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ، وە سوودی نەتەوەی کوردیان بوێ. کوڕو کچی کورد پێویستە لە سەریان پێش هەموو خۆشەویستییەک خۆشەویستی «کوردستان»و نەتەوەی «کورد» لە دڵ و دەروونیانا بچەسپێت. باوکان و دایکان لە سەریانە کە پەروەردەی نەتەوەی دوا رۆژ بەگیانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بکەن، تاکوو منالان گوێیان بە خۆشەویستی ولات بزرنگێتەوە و پێش هەموو شتێک فێری خۆشەویستی کوردو کوردستان بن، وە نەوەی نوێ راست و هەق بێژو کوردپەروەر بێت، و ناوی دووبەرەکی و ناکۆکی لە ناویا نەمێنێت. پێویستە لە سەرمان کە نیشتمانمان بپەرستین، چونکە خەڵکی ئەم ولاتەین، وە بە ئاوو هەوای کوردستان پەروەردە ئەبین و خاکی ولاتەکەمان نازی بە سەرمانا هەیە. ئێمە کە تۆزێک هۆشمان ئەکرێتەوەو بە خۆماندا دێین گوێمان ئەزرنگێتەوە بە دەنگی قەڵبەزەی ئاو و زاق و زیقی مەل و دەنگی خۆشی پەلەوەری شاخ و چیا بەرزەکانی کوردستان، وە بە دەم گڤەی بای دەشت و شەماڵی دۆڵ و دەرو هەردی ولات گەورە ئەبین، وە چاومان بەو دیمەنە شیرینانەی کوردستان ئەکرێتەوە کە هەموویان خۆشی و ژیان ئەدەن بە مرۆڤ، وە ئێمە بە ئاوی سازگار و هەوای خۆشی کوردستان ئەژین. ئەمجا لە رووی کۆمەلایەتییەوە پێویستە پەیامی کوردایەتی جێ بەجێ بکەین کە ئەمانەن:

١- گەل و نیشتمانمان خۆش بوێت، وە لە سەروو هەموو شتێکەوە دایبنێین و چاکەی گشتی پێش قازانجی خۆمان بخەین.

٢- رێزی هەموو گەل و نەتەوەیەک بگرین.

٣- نیشتمانپەروەری و رامیاری نەکەین بۆ ئەو مەبەستەی لەو رێگایەدا پێی گەورەو ناودار ببین، وەیا بەو هۆیەوە ببینە خاوەن دەسەلات و سامان وە لە ئەنجامدا بەهۆی نیشتمانپەروەرییەوە خەڵکی بچەوسێنینەوە!.

٤- کە خزمەتی گەل و نیشتمانمان کرد، وەیا لە کارو فرماندا ناومان دەرکرد خۆمان بەزل نەزانین، چونکە گەورەیی هەر بۆ کردگارە.

٥- بەپێی توانا یاردەی هاوولاتی و هاوزمانمان بدەین.

٦- لە هەر شوێنێک دەستکورت و لێ قەوماوێکی کوردمان بینی دەستی یارەمەتی بۆ درێژ بکەین وە بە پێویستی سەر شانی خۆمانی بزانین.

٧- له زمانەکانی بێگانە شارەزا بین و بە پێی توانا چەند زمانێک فێر ببین.
٨- بایەخ بە خوێندەواری بدەین و تا ئەتوانین بنووسین و بخوێنینەوەو لە زانستی و هونەر شارەزا بین، وە ئاگاداری ڕووداوەکانی ڕۆژگار بین.
٩- پەروەردە بە گرنگ بزانین، وە ئەوەی لە توانامانا هەیە بۆ پەروەردە کردنێکی تێرو تەسەل و پێشکەوتووانە بەرامبەر خاو خێزانەکانمان درێغی نەکەین.
١٠- هەوڵ بدەین نەوەی نوێ فێری ڕەوشت و خووی جوان بکەین تا هەست بە گەورەیی و بچووکی بکەن و پێویستی سەر شانی خۆیان بزانن.
١١- ڕێز لە خۆمان گەورەتر بگرین، بە تایبەتی دایک و باوک و ماموستاکانمان و کەس و کارمان.
١٢- هەموو کەسێک وەک یەک سەیر نەکەین، مرۆڤی خراپ لە هی باش وە مرۆڤی خزمەتگوزار لە هی بێ فەڕ جوێ بکەینەوە.
١٣- وەک یەک سەیری کچ و کوڕ بکەین، هەوڵ بدەین کچ و کوڕ لە رووی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ماف و ئەرکەوە چون یەک بن.
١٤- شارەزای وڵاتەکەمان و مێژووی نەتەوەکەمان ببین، وە هەموو زانیارییەک دەربارەی سامان و جوغرافیای کوردستان بزانین.
١٥- درۆ نەکەین و راستگۆ بین.
١٦- دژی دزی و ناپاکی بین.
١٧- هاوڕێیانمان خۆش بوێت، وە بایەخ بدەین بە هاوڕێیەتی.
١٨- هەروەکوو چۆن بەتەنگ حەیاو نامووسی خۆمانەوە دێین، حەیاو نامووسی خەڵکیش بەو جۆرە بپارێزین.
١٩- لە کۆمەڵدا فرمانێک بکەین و بێ ئیش نەبین، وە هەوڵ بدەین کە خۆمان و هەموو کوردێک بێ ئیش نەبین، چونکە بێ ئیشی ریسوایی لە دوایە.
٢٠- بەرهەمی شانی خۆمان بژین، لەوە لە رێگای راستەوە دەستکەوتمان پێک بهێنن، وە لە نا ڕاستی بە دوور بین ، لاپرسەنگ نەبین بەسەر کۆمەڵدا.
٢١- ئەو پیشەیەی لە ناو کۆمەڵدا هەڵمان بژاردووە بەراستی و باشی بی کەین بەبێ ئەوەی رێگای نارەوا بگرینە بەر.
٢٢- هەروەکوو چۆن حەز بە پێشکەوتنی شارەکانمان ئەکەین، هەوڵ بدەین دێهاتەکانی کوردستانیش شان بەشانی شارەکان ئاوەدانی و شارستانییەتی تێ بکەویت وە پێش بخرێن، وە هەروەها رەوی جووتیاران بخرێتە شێوەیەکی بە جێ و بنچینەیەکی بۆ دابنرێ.

٢٣- دوژمنی نەزانین و نەخۆشی و هەژاری بین، چونکە دەردی سێ سووچی کۆمەڵن.
٢٤- بە رژێمێکی سووشیالیستی پێشکەوتووانە، گەلی کورد پێش ئەکەوێت، وە نەخۆشی و هەژاری و نەزانین و بێ ئیشی تیادا بنەبڕ ئەبێ، وە سامانی نەتەوایەتی بە دادپەروەرانە دابەش ئەبێت و پیشەسازی لە ناویا دروست ئەبێت، وە وڵاتی پێ بەرز ئەبێتەوە، هەوڵ بدەین شارەزایی تیا پەیا بکەین...».

دوو جۆرە گۆڕان هەیە؛ گۆڕانێکی هی ئەم هەموو کەونەیە، گۆڕانێکی هی نەتەوەیەکە کە لەناو «کەمە»ی هەموو کەونەکەدایە. قسە، قسە رائەکێشێ:

کە وتت گۆڕان یانی جم و جووڵ، بەرامبەر بەم جم و جووڵە ئەبێ وەستان هەبێت. بە گوزارشتێکی عەرەبی عیلمی «حەرەکەو سکوون»؛ حەرەکەکە جم و جووڵەکەیە، سکوونەکە وەستانەکەیە. جم و جووڵ زاهرەی زەمانە، وەستان زاهرەی جێگا-مەکانە. جووڵە و وەستان لەو رۆژەوە کە کەونەکە هاتۆتە ناوەوە، بەرانبەری یەک وەستاون بۆ شەڕکردن کە لایەکیان بەسەر لایەکیانا زاڵ بێ!. زەمان تەشکێکی نییە کە بە دەست بگیرێ، جێگا، کە مەکانەکەیە هەیەتی. بۆیە ئەڵێین هەیەتی چونکە ئەو شوێنە یا ئەرزە، یا مانگە، یامن و تۆین، یا دارو دەون و ئاوە، ئەمانە هەریەکە شوێنێکیان بۆ خۆیان گرتووەو لە جێگایەکدا گیرساونەتەوە، وە هەر یەک لە مانە، وەیا هەر پاژێک لەمانە لە ملیار ملیارات زەڕە دروست بوون و هەموویان ماددەن، واتە بەچاو ئەبینرێن، وەیا بەدەست ئەگیررێن. ئەمانەش لەناو خۆیانا ئەبێ هەموو خەریکی گەڕان و جم و جووڵ بن، ئەگەر تاقە زەڕەیەک لەو ملیارات زەڕانە وەستا، زنجیرەی ئەو جسمە هەموو تێک ئەچێ و ئەڕوخێ!.

ئەم جم و جووڵەش هەموو لە ناو زەمانەکەدایە، زەمانەکە گەڕانەکەیە، وەستانی بۆ نییە، مەکانەکە - کە جسمەکەو شوێنەکەیە- چونکە لە ناو زەمانەکەدایە ئەبێ ئەویش لە گەڕاندا بێ، تەوژمی گەڕانەکە ئەویش ئەخاتە گەڕ.

زەڕاتی پارچە پۆلایەک، یا پارچە ئاسنێک، یا پەرچە بەردێک - کە ئەمانە هیچیان هەستیان نییە- ئەوانیش هەر بەو جۆرە لە جووڵەدان، چونکە لەناو کەمەی زەماندان، هەست نەکردنی ئێمە بە گەڕانی ئەوان ئەوە ناگەیەنێ کە وەستاون و جووڵە ناکەن. ئێمەی خاوەنی چوار رۆژی عومر- کە خۆیشمان لەو زەڕاتە دروستکراوین- لە کوێ فریای ئەوە ئەکەوین کە گەڕانی زەڕاتی ئەو خاوەن هەست و بێ هەستانە ببینین؟!. لەم رۆژەدا کە

زانایان پارچە بەردێک، یا سواڵەتێک، یا ئیسقانێک ئەدۆزنەوە و ئەڵێن مێژووەکەی ئەوەندە ملیۆن ساڵی پێش ئیمرۆژە، ئەمە لەسەر ئەم دەستوورەیە کە ئەیدۆزنەوەو بۆی ئەچن و بۆیان روون ئەبێتەوە کە زەمان چ کارێکی کردۆتە سەری!.

لە ئەنجامی ئەم قسانەدا ئەوە دەرکەوت بە رێگایەکی فەلسەفی کە زەمان زاڵە بەسەر مەکاندا، لەمەوە ئەوە روون بووەوە کە هەر زەمان و جم و جووڵ هەیە، مەکان و وەستان هەر نییە؛ واتە «حەرەکە» هەیە و «سکوون» نییە!. ئەبێ ئەوەش بزانین کە: من و تۆ کوتومت من و تۆکەی دوێنێ نین، بەڵکوو ئەوەی دوێنێین بە زیادەی کاریگەری کارەساتی ناو زەمانی دوێنێ تا ئەمرۆ، کەوابوو کوتومتەکەی دوێنێ نەبووین!. کاتێ کە ئەمە هەبوو ئەبێ ئەوەش بزانین کە: زەراتی خوێن و گۆشت و ئیسقانی من و تۆ-یش هەر لە جووڵاندان، ئەگەر لە جووڵە کەوتن ئەوە مردن پەیدا بوو. ئەزانم ئێستە تۆ ئەڵێت: کە وەستان نییە کەواتە من هەڵئەپەڕم!. خۆ دیارە هەڵیش ناپەڕم. منیش ئەڵێم: ئەوە تەوازن و جازبییەتەکە جسمەکەی راگرتووە، ئەگەر ئەوە نەبوایە، خاوەنی «رشتەی مرواری» ئەڵێ: بە گۆڕە بابم هەر هەڵئەپەڕین!.

لەبەرئەمە کەون بە هەموو شتێکیەوە برێتییە تەنها لە جووڵان- حەرەکە - سکوون- وەستان هەر نییەو نەبووە.

بگەڕێینەوە سەرباسی دووەم:

نەتەوە هەر لە ماوەی دە ساڵێکا گۆڕانێکی تری بەسەرا دێت.

نەتەوەی ئێمەی کورد وا دیارە لە ساڵانی «١٩٧٠-١٩٨٠» لەبەر هەر هۆیەک بووە گۆڕانێکی نوێ ئاشکرا لە بیروباوەڕیا پەیدا بووەو قەڵەم لە هەموو روویەکەوە کەوتۆتە کار بۆ دەربڕینی گەلێ لەو بیروباوەڕانە بە پەخشان. دەقی «پەیامی کوردایەتی» یەکێکە لەو شتانە. ناوەرۆکی دەقەکە هەموو قسە لە خۆشەویستی نیشتمانەوە ئەکا بۆ ئەو کوردەی کە نیشتمانێکی هەیە و تیایا ئەژیت؛ ئەوە روون ئەکاتەوە کە کورد ئەبێ بۆ خۆی و بۆ هاوخوێنی و بۆ نیشتمانەکەی چۆن بێت و؟ چ رێگایەک بگرێ؟. لەم جۆرە شتانە وتراون، بەڵام بەم رەنگە و بەم رێختە کەمتر وتراوە، وترانێکی وا کە بە پەخشان لەسەر کاغەز وترابێ. روخساریش ناوەرۆکەکە وێنەیەکە بۆی. ئەمە نموونە پەخشانێکی ئەو سەردەمە بوو لە بیروباوەڕو روخسارا.

* * *

«حسین عارف» لە «دەفتەری کوردەواری»، دوو مانگەی مارت و نیسانی ساڵی

«۱۹۷۰»ی دا لەژێر ناوی «خوویەکی پووچ»و بەو ناوەوە پەخشانێکمان ئەخاتە بەرچاو و ئەڵێ:

«..........................................................................

دوای ئەوە بۆ ماوەی چەن ساتێک تاس بردیەوە. لەو ساتانەدا نەئەدوا، بیری نەئەکردەوە، هەستی بەهیچ نەئەکردو چاویشی هیچی نەئەبینی، پێوەندی بە بوونەوە نەما بوو!. کاتێکیش هاتەوە هۆش خۆی، کابرای کەواو سەڵتە لەبەر لەوێ نەما بوو، لە جێگەی ئەو «کۆڵ هەڵگر»ێک لەسەر بەرزایی پلیکانەی یەکێک لە دوکانەکان، کۆڵەکەی سەرپشتی خستبوو، خۆشی پاڵی بەسەرا دابووەوە، دەستەسرێکی گەورەی چارۆکەیی دەرهێنا بوو، وە ئارەقی سەرو روخساری پێ وشک ئەکردەوە، دواجار قوتویەکی تەنەکەو چەرخێکی لەبەر باخەڵی دەرهێناو جگەرەیەکی زەلی ئاگردا، وە زۆر بە پەرۆشەوە کەوتە مژ لێدانی. کابرای کۆڵ هەڵگر ئەحەوایەوە!!. سێ چوار ئەفەنی مناڵ کار، بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەرەو خوار بوونەوە!. دوو قۆڵچی دوو تفەنگی شڕی ژەنگاوییان لە شانا بوو بەخێرایی بەرەو خوار بوونەوە. کرێکارێکی قوڕ بە دەستێکی سێ نان و بە دەستەکەی تری زەرفێکی قەڵاپەچن لە ترێ رەشکەی هەڵگرتبوو.. گەشکەیەک لە روخساریا خۆی ئەنوان، ئەڵقەیەکی زێڕیش لە پەنجەی دەستی چەپیا ئەبریسکایەوە!. کیژێکی شۆخ و شەنگیش گەلێک بە لەنجەو نازەوە رابردو زوو لە چاو ون بوو!..

گشت ئەم دیمەنە کاریگەرانە بە بەرچاویا، وەک فلیمی سینەما تێ پەڕین، بێ ئەوەی هەر بە ئاستەمیش لەو ئەنجامە لای بدەن کە پێی گەیشتبوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەمانە ئەو ئەنجامەیان پتر لا ئەچەسپان و ئەو باوەڕەیان لا پتەوتر ئەکرد کە گوایە «مرۆڤ لە ژیانا ئاسنی سارد ئەکوتێ و دوای کڵاوی بابردوو کەوتووە!.

هەر لەم ساتەدا، وە لە ناکاو شڵپ و هۆڕێک لە ناو چاخانەکەدا پەتی ئەم سرنجدان و بیرکردنەوەی لێ پچڕی و بە ئاگای هێنایەوە. لە سەرەتادا بەهەمان کەمتەرخەمییەوە زۆر بەبێ تاقەت ئاوڕی دایەوە بەلای تەنیشتی چەپیاو هەمان زەردەخەنە گاڵتە پێ هاتنیش هەموو پانایی دەمی داگیر کردبووەوە!. بەڵام هەر لە ساتی یەکەمی سرنج دانیەوە ئەو دیمەنەی کەوتە پێش چاوی، وە بێ ئەوەی هەست بە خۆی بکا، زەردەخەنە فراوانەکەی سەر پانایی دەمی کوتوپڕ وشک هەڵات و دامردەوە!.

شڵپ و هۆڕەکە لە حەمەی شاگردی چاخانەکە هەڵئەستێنرا!.

لەلایەن ئەفەنییەکی سکۆبی لاجانگ درێژەوە درابووە بەر شەق و زللە و مشتەکۆڵە. ئەفەنی داوای ئاوی فەرموو بوو، وە چەن دڵۆپێک لە ئاوەکە رژابووە سەر پانتۆڵە تەسکە گران بەهاکەی!.. ئەم لەگەڵ حەمەی شاگردا گەلێ هۆگری یەکتر بوون، حەمە زەحمەتکێشێکی ئازار چەشتوی ئەم ژیانە نالەبارە بوو، وە یەکێک بوو لەو مرۆڤە زۆر لێ کراوانەی ئەم سەر زەمینە کە لە چارەیان نووسرابوو کە ئازار تێکەڵی هەر ساتێکی ژیانیان بێ!. لەبەر ئەوە زۆر جار چاخانەکە چۆڵ ئەبوو، ئەهاتە لای ئەم و لە تەکیا دائەنیشت، وە بەسەرهاتی ژیانی لە دەردو مەینەتی خۆی بۆ باس ئەکرد.

ئەفەنییە سکۆبەکە تامی تیا نەهێشت، بەلایەوە مشە بوو!. شەق و مشتەکۆڵەی وەهای ئەگەیانە حەمە کە مەگەر تەنها لە فلیمی سینەمادا بینرابێ!. حەمەی لاوی بێ چارەش کە دایکێک و دوو خوشکی چاوەڕوانی رۆژانەکەی ئەو بوون، تەنها سەرو سەکوتی خۆی ئەپاراست و بە هیچ جۆرێک لە ئاستیا دەستی نەئەکردەوە. مشتەکۆڵەیەک زەفەری بە ناو دەمی برد، خوێن چۆڕاوگەی بەستە لافاوەی چاوەکانیشی پڕ بوون لە فرمێسکی زەلیلی و بێ دەسەلاتی!. ئەم لەلای خۆیەوە بەرامبەر بەم دیمەنە خۆی پێ رانەگیرا. سەربادانی کەمتەرخەمی و زەردەخەنەی گاڵتەی هاتنەکەی لەبیرچووەوەو لە ئاستی ئەم کارەساتە ستەم کارەدا بایەخێکی نەما!. تەوژمێکی رەق و کینەی گەلێک توندو تیژ بەرامبەر ئەفەنی سکۆبی بێ بەزەیی زۆری بۆ هێنا، دنیای لەبەرچاو تاریک بوو!. حەمەی ئازار چەشتووی زۆر لێ کراو، پێویستی بە پشتگیری کردن و سەرخستن هەبوو.

زۆر لەسەرخۆ هەڵسایە سەر پێ و رووی کردە ئەفەنی لاجانگ درێژ، وە لە ناکاوێکا هەتا هێزی تیا بوو هەڵمەتی بردە سەری و کەوتە شڵپ و هۆڕ لێ هەڵسانی. ئەفەنی ناودەمی پڕ بوو لە خوێن، ئەمیش دەلاقەیەک کەوتە سەری و خوێن چۆڕاوگەی تێ بەست!. وەختێکیش شەڕو هەرا کۆتایی هات و ئەم بە سەرو روخساری خوێناوییەوە چووەوە سەر کورسییەکەی خۆی و دانیشتەوە، ناسیاوەکەی لێی نزیک بووەوەو بە گاڵتەو گەپەوە لێی پرسی:

سەیرە!!. لە خۆوە تایبەتییەکەی خۆت لادا؟!. بۆ؟!.. ئەم جارە بەدەم قاقای پێکەنینەوە لە وەرامیا وتی:

راست ئەکەی!.. بەڵام بۆ؟!. ئەوی راستی بێ خۆشم تێی ناگەم!.

وەهەر لەبەر ئەوەشە کە تووشی ئەو خووە پووچە بێ مانایە بووم!!..».

ئێمە کە نێوانی دوولاپەڕەی هەر دەساڵێک ئەگرین بە دەستەوە، مەبەست ئەوە نییە کە لەو ماوەدا هەر ئەوەندە نووسراو هاتۆتە ناوەوە کە لێرەدا تۆمار کراوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە بیروباوەڕو نەخشەی روخساری دەقی ئەو ماوەیە زۆرتر لە سەر دەنگی ئەو تەلە چوون بەرێوە. لەو ماوەیەدا بیرورای خوێندەواران– کە ئاوێنەی کۆمەڵەکەن– زیاتر بەلای چیدا رویشتووە؟ و چۆن گوزارشتیان لە مەفاهیمی ئەو سەردەمە داوەتەوە؟. وە لەو رۆژەدا قەڵەم تا کوێ بڕی کردووە بۆ گوزارشت دانەوە؟. چەند جۆرە بابەت لە ناوا هەبووە؟. کام زۆرتر بووە؟.

دیارە. ئەم جۆرە شتانە لەوەوە پەیدا ئەبێ کە نەخشەی ژیان پەردەیەکی تری بەسەرا هاتووە. پێوەندی ولاتی کوردەواری – کە ئێمە مەبەستمان لە نموونە پەخشانەکان هەر ئەوە – چۆن بووە لەگەڵ یەکا؟. هاتوچۆکردن چ کارێکی کردۆتە سەریان؟. ئایا نزیک بوونەوەی رێگاوبان بە هۆی زۆر بوونی شتێکی وەکوو ئوتۆمۆبێلەوە، توانیویە بکاتە کارێ کە لە دەردی یەک بگەن؟. توانیویە لە جۆری دەردی نەتەوەکانی تر بگەن؟. توانیویە ولاتانی تر– غەیری ولاتەکەی خۆیان– ببینن بۆ ئەوە بەراوردێک لە نێوانی رابواردنی کۆمەڵایەتی ولاتی خۆیان و غەیری ولاتی خۆیان بکەن؟. لەمەوە بکەونە سەر وردەکاری و لێکۆڵینەوە لە جۆری ژیانی هەندێ لە خەڵکی ولاتەکەی خۆیان و بە شایەنی ترازوویەکی سەرنەکە بیکێشن!.

لە نموونە دەقی پەخشانی «خوویەکی پووچ»دا دوور نییە گەلێ لەو شتانەمان بۆ روون بکاتەوە؛ چیرۆکێکی وا بەو شێوەیە کە کابرا لەسەر کورسی سووچی چاخانەدا لەگەڵ دەرۆزەکەرێکا کە بۆ ژیان هەڵکوت هەڵکوتیەتی، لەگەڵ دەوڵەمەندێکا کە ئەویش هەر بۆ ژیان هەڵپەیەتی، لەگەڵ کوڵ هەڵگرێکا کە لەبەر ماندوێتی بە دەستەسرە شڕەکەی عەرەقی ناوچەوانی پێی وشک ئەکردەوە، دیسان ئەویش هەر بۆ ئەوە بوو کە بژیت و بەرێوە بچێت، لەگەڵ ئەفەنییەکی سکۆبیدا دەست بدەنە یەقەی یەک. لەگەڵ ئەمانەدا بکەوێتە رازو نیازو لە ئەنجاما زەردەخەنە گاڵتە ئامێزەکەی بەمانە ببێتە قاقای پێکەنینی سەر لێ تێکچوون!!.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە ئەم بەسەرهاتانەمان بۆ ئەگێرێتەوە. بەسەرهاتەکانی ئەم نموونەیە، نموونەیەکە لە هەزاران بە سەرهاتی وا کە رووی داوە؛ ئەو بەسەرهاتانە کە وەکوو دێوجامە وانەو هەر گوڵێکی ئەو و ئەوان لە رەنگێکە، بەلام رەنگەکان هەر یەکە هی

چینێکن!.. کە ئەڵێین: بیروباوەڕ پێستی گا نییە هەر لە رەنگێکا بمێنێتەوە، راستە نامێنێتەوە؛ هەر رۆژە بە پێ ئەو رۆژە شتێکی تر دێتە پێشەوە. چەند دە ساڵێ لەمەو پێشتر بیر لەم جۆرە شتانە نەئەکرایەوە، ئەگەر بیریش بەلایا بڕۆیشتایە، هەر لە دڵی خاوەن بیرا ئەمایەوە!. گۆڕانی رەورەوە ئەمەشی گۆڕی..

روخساری پەخشانەکەش بە تەواوی تابلۆی ناوەرۆکەکەیە، وەکوو چۆن هەندێ گوزارشتی تێدایە کە توانیویە لێواو لێوی چەمکەکە بێ. هەر لەم نموونەوە ئەوەشمان بۆ دەرئەکەوێ: کە لەو سالانەدا لە بارەی چیرۆکی دەردی کۆمەلایەتییەوە، خامە فرە کەوتۆتە کار بۆیە ئەم پەخشانەش بەو جۆرە هاتۆتە ناوەوە، وەکوو پەندە کوردییەکە ئەڵێ: «مستێ نموونەی خەرواریکە»..

* * *

«دوکتور مارف خەزنەدار» لە بەرگی سێ «دەفتەری کوردەواری» ساڵی «١٩٧٠»، لە ژێر ناوی «هەندێ لە شیرازەکانی دەفتەری رەخنەم»دا پەخشانێک دروست ئەکاو ئەڵێ:

«ئەم وتارە راپۆرتێکی زانستی نییە بەپێی بەرنامەیەکی تایبەتی نووسرابێتەوە، بەڵکوو برێتی یە لە کۆمەڵە تێبینی یێک لە بابەت هەندێ لەو بیرو رایانەی کە لە گۆوارو رۆژنامەکاندا نووسراونەتەوە، یا خود لە دیوانی رۆشنبیرەکاندا قسەیان لێوە کراوە. وەکوو لە ناوی وتارەکەدا دەرئەکەوێ تێبینی یێکی ئەم لاو ئەولاییە ئەشێ زیاتر لێی بکۆڵرێتەوەو ببێتە باسێک هەندێ تەنگوچەڵەمەی خوێندەواریمان روون بکاتەوە. مەبەسمان لە بڵاوکردنەوەی بۆ گفتوگۆ کردنە، بۆئەوەی بگەینە ئەنجامێکی باشتر..

بەلای ئێمەوە وشەی «رەخنە» وەکوو زاراوەییێکی زانستی بەکارهێنانی بۆ کاری ئەدەبی هونەری، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا شتێکە هەیەو بەکار ئەهێنرێ، بەڵام ناوێکی بێ ناوکە، لەبەر ئەوەیە ئەم وتارە لە مێژووی رەخنەی ئەدەبی کوردی نادوێ، هەروەها ئەو بیروباوەڕانەی لێرەدا ئاشکرا ئەکرێن وەرامی ئەو بیرو باوەڕانە نین کە ئێمە بە رەخنەمان داناون، ئەوانە رەخنە نین، بەڵکوو قسەی سەرپێیین، بۆ ئامانجی سەرخستنی یەکێک و ژێر خستنی یەکێکی تر کەوتوونەتە ناوەوە، دەوری ئەم بیروباوەڕانە تەنیا ئەوەیە ئێمەیان هان داوە کە هەندێ زانیاری لەم لایەنەوە دەربڕین. دواکەوتوویی خەسیەتێکی نەمر نییە، نە بۆ ئێمە و نە بۆ خەڵکی تریش. نووسەر و رەخنەگرەکانمان- ئەگەر رەخنەگری راستەقینەمان هەبێ وەکوو وتمان- وێنەی کۆمەڵەکەمانن، چونکە کوڕی ئەم کۆمەڵەو نوێنەری خوێندەواریمانن.

کۆمەڵێکی سەیرە! بەڵام «دەستکرد»نییە، بەڵکوو لەئەنجامی مێژوویێکی دوورو درێژ دروستبووە. ئەوپەڕی خوێندەواری کە لەگەڵ چەرخی ئێستادا ئەگونجێ، ئەوپەڕی دواکەوتویی کە لە زۆر جێگەی سەر رووی ئەم زەوییە دەمێکە ئەم قۆناغە نالەبارە بەرێ کراوە. دەرەبەگ و سەرمایەدار و بورجوازی بچووک و خوێندەواری سەرلێ شێواو و جووتیار و کرێکار و بێ کار و هەژاری شارو لادێی. سەرچاوەی بنچینەیی زوربەی خوێندەوارەکانی کوردستانی عیراقمان، بە تایبەتی لاوەکان، زمانی عارەبییە! چی ئەخوێننەوە؟ چیرۆکی میسری و لوبنانی، چیرۆکی ئەوروپایی کە بەهەموو کەم و کوورییێکەوە ئەگۆڕرێتە سەر زمانی عارەبی، بیرو باوەڕی ماوتسیتۆنگ و مێژووی ژیانی گیڤارا، کامۆ و سارتەر و ئەدەبیاتی پەنجا رەنگ سوسیالزم و شۆڕشی جووتیار، پیرەمێرد و گۆرانیش ئەناسن، چونکە دوێنێ پێرێ مردوون!.

ئەم هەموو زانیارییانە بە وشکی و کاڵ و کرچی وەرئەگرن، لەبەر ئەوەیە زوربەی ئەم خوێندەوارانە ناتوانن سوودێکی ئەوتۆی لێ وەرگرن، بە تایبەتی بۆ قۆناغی «کوردایەتی» ئێستامان هۆیەکی تریش پاڵپشتی ئەم ئاژاوەیە ئەکا پێم وایە گەلێ گرنگە، ئەمە گرێیێکی سایکۆلۆجییە، لە ئەنجامی پەیدا بوونی بۆشاییێک دروست بووە. زرووفی نەتەوەی کورد وا بووە کە زوربەی لاوە خوێندەوارەکان و نیمچە خوێندەوارەکان دڵسۆزانە لە پارتە سیاسییەکانا خەبات بکەن، بەڵام ئەو ناسۆرو چەرمەسەرییەی بە سەر نەتەوەی کوردا هاتووە بووە بە هۆی ئەوەی هەندێ لەم لاوانە لە ریزی پارتیەکانا دوور بکەونەوە. جا هەر چۆنێ بێ ئەمانە لە کاتی لەرو نەبوونی ئەم پارتییانە تووشی ئەم گرێیە سایکۆلۆجییە نابن، بەڵام ئەگەر هاتو ئەم لایە سیاسییانە دەسەڵاتیان کەوتە دەست پەشیمانی دەست پێ ئەکا.

بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە هەندێکیان دەست بە شیعر نووسین ئەکەن بەبێ ئەوەی توانای ئەم کارەیان هەبێ، هەندێکی تر چیرۆک ئەنووسن بەبێ ئەوەی لە چیرۆک گەیشتبن، یاخود چەند چیرۆکێکی بەرزیان خوێندبێتەوە، هی واش هەن خۆیان ئەکەن بە رەخنەگرو نووسەرو مێژوونووس بە بێ ئەوەی سامانی نەتەوایەتی خۆیان بزانن، تاقمێکی تریش دەست لە هەموو ئەم کارانە ئەدەن، بۆیە شتی وا بەرچاو ئەکەوێ، بۆ پێکەنین نەبێ بۆ هیچی تر دەست نادەن، وەکوو «ئەدەبی نالی ئەدەبێکی کلاسیکییە» ، «ئەدەبی مەولەوی ئەدەبێکی رۆمانتیکییە» ، بەڵام کلاسیکیەت و رۆمانتیکیەت چین؟ ئەمەیان گرنگ نییە!. وشەی ئەوروپایی قەڵەویان گەرەکە بۆ ئەوەی بڵێین مامۆستا

شارەزایە!.

کابرایەکی نەفامی نیمچە خوێندەوار لێی پرسیم:

– فلان کۆمەڵە چیرۆکت خوێندۆتەوە؟

– بەڵێ!

– چۆنە؟

– لەوانەیە گەیشتمە ئەنجامێکی وا کە کۆمەڵە چیرۆکەکە لە خوارووی پلەی هونەری چیرۆکی کوردی ئێستامان دابنێم.

– ئەمە زۆر باشە، با بینووسین، بیرو باوەڕی تۆ نرخێکی هەیە.

– راوەستە! راوەستە! ئەمە وەختی ئەوێ. دووبارەو سێ بارە، خوێندنەوەی گەرەکە، ئەگەر چاویشم بە خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکەکە بکەوێ باشترە، بەڵکوو هەندێ شتم بۆ روون بکاتەوە!.

– دیارە تۆ ئەترسی!.

– من ناترسم، ئەگەر بشترسم تەنیا لە راستی ئەترسم، وە نامەوێ ببم بازرگانێکی بەدفەڕی خوێندەواری نەتەوەییمان.

.........................................................................».

لەو سەردەمەدا وەکوو لەم پەخشانەدا دەرئەکەوێ باری خوێندەواری کوردی تۆزێ گۆڕاوەو جم و جووڵێکی زیاتری تێ کەوتووە، لەم جم و جووڵە ئەبێ هەموو جۆرە هەناسە، وەیا هەناسەبڕکێیەک بێتە مەیدانەوە. هەر قەڵەم بە دەستێک لەناو چوارچێوەی بیروباوەڕەکەی خۆیا تا بتوانێ قەڵەمەکەی خۆی ئەخاتە کار؛ ئەیخاتە کار بۆ ئەوە پشووی دەروونی خۆی بەو دەرکات، لەمەوە ئەوە دێتە کایەوە کە مەیدانی رەخنەو رەخنەکاری لە بارەی ئەدەبەوە بڵاوتر ببێتەوە؛ ئەوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە کە وەکوو لە مەیدانەکانی ترا شت پەرەی سەندووە، لەم مەیدانەشا ئەو هەنگاوەی هاویشتووە. دیارە ئەمەش یەکێکە لە پەردەکانی گۆڕان.

لەسەردەمەکانی پێشووترا رەخنەکاری لەم رووەوە لە ناو کوردو ئەدەبی کورددا کەم و زیادێک هەر هەبووە، بەڵام لە سەردەمی خاوەنی ئەم پەخشانەدا وا دیارە بە دیمەنێکی تر هاتۆتە ناوەوە. وەکوو ئەمە هەیە ئەوەش هەر هەیە: کە هەر کەسێک و هەر خاوەن قەڵەمێک چەشنەیەک و بیرو باوەڕێکی تایبەتی هەیە: ئەمە وەنەبێ زادەی ئەم رۆژە بێت، بەڵکوو هەر کۆن و زۆر کۆنەوە هەر وا بووە، ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە رێبازەو بەم ئاشکراییە

بەچاو کوردەوە وەنەبێ مێژوویەکی زۆر کۆنی هەبێت. نەک هەر بەچاو کوردەوە بگرە بەچاو دراوسێکانی کوردیشەوە هەر وا بووە. بۆیە ئەڵێم بە ئاشکرا، چونکە بەجۆرێکی لابەلایی بەڵێ! بەچاو کوردو دراوسێکانیشیەوە زووتر هەبووە، بەڵام لە قەوارەیەکی تایبەتی و بابەتێکی تایبەتیدا ئەتوانم بڵێم لە زادەی ئەم سەدەی بیستەمەیە؛ لەم سەدەیەدا بوو کە وردە وردە دەستی پێ کرد و کەوتە تەکاندان بۆ ئەوە خۆی بنوێنێ. ئەمەش شتێکی ئاشکرایە هەر شتێکی نوێ لەوانەیە کاڵ و کرچی رووی تێ کا، ئەبێ ماوەیەکی باش بە سەریا بڕوا ئەو وەختە خۆی ئەگرێ و میوەکە پێ ئەگا. لە سەرەتای پەیدا بوونی شتەکەوە تا ئەگاتە ئەو رۆژە کە تایبەتی بە تەبێعەت ئەبێ لە رێی بازگەی ئەویشەوە قسە هەر بکرێ، چونکە ئەگەر نەکرێ شتەکە ناکاتە دەوری پێ گەیشتن.

لێرەدا خاوەنی ئەم پەخشانە بە پەخشانەکەی دێتە سەر رەخنە لە رێبازی ئەو رەخنانە کە تا ئەو رۆژە هەبووە، بە ناوەڕۆکی پەخشانەکەی ئەوە دەرئەبڕێ کە رێگای رەخنەگرتن لە بارەی ئەدەبیدا ئەویش رێگایەکی تایبەتییە، ئەبێ ئەو کەسەی رەخنە لە شتێکی ئەدەبی ئەگرێ پێویستە شارەزای ئەو رێبازە بێ، ئەگینا ئەگەر هەروا بەبێ سەروبەر بکەوێتە ناویەوە رەخنەکەی پووچەڵ ئەبێ، وە بەڵکوو زیاد لەمەش وەخت لە کیسی کەسانی تر ئەدا کە ناچار ئەبن بەرەنگاری رێکخستنی رەخنەکەی ئەو ببن، ئەگەر ئەو رەخنە پووچانە نەبن، ئەو خاوەن قەڵەمە وەختەکەی لەگەڵ شتێکی ترا خەریک ئەکا.

تێکڕای پەخشانەکە ئەم ئامۆژگارییە ئەکا، بەڵام منیش ئەڵێم:

ئەگەر رەخنە لە رەخنە نەگیرێ چۆن ئەم بابەتە بەرز ئەبێتەوە؟ و چۆن کاکڵەیەک ئەکەوێتە بەردەست؟!.. رێبازی ئەم پەخشانە رێبازێک بوو – بەلای منەوە – بۆ ئەوە ئەو دەروازەیە بکەوێتە سەرگازی پشت، هەم خاوەن رەخنە لە خۆی بگا، هەم مەیدانیش فراوان ببێتەوە بۆ بەتەواو پێگەیاندنی بابەت.

بێینە سەر روخساری پەخشانەکە ئەبینین جۆرە وشەیەک کەوتۆتە ناو ئەدەبی زمانی کوردییەوە کە ئەو وشانە تا ئەو دەورانە بێگانە بوون و زمانی کوردی ئاگای لەو شتانە نەبووە. نزیک بوونەوەی رێگاوبان ئەوانەی هێناو خستنیە ناو زمانی کوردییەوە. ئەو وشانە لە رەسەنا وەنەبێ کوردی بن، بەڵام بۆ گوزارشت دانەوە لە چەمکەکەی خۆیان، زمانی کوردی دەستی کێشا بەسەر ئەوانەشا. ئەمە یەکێکە لە جم و جووڵی زمان. جا ئەم پەخشانە نموونەیەک بوو بۆ پەخشانی ئەو جۆرە بابەتە لەو رۆژەدا؛ نموونە هەم لە ناوەڕۆکا، هەم لە روخسارا...

* * *

«دوکتور عیزەدین مستەفا رەسووڵ» لە کتێبەکەیا: «سەرنجێ لە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی» کە لە بەرهەمی چاپکراوی ساڵی «١٩٧١»ە، وێنە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«..........................................................................

زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لە مێژوودا:

زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیش تەجروبەیەکی تەواو تایبەتی خۆی هەیە.

مێژووی ئەدەبیاتی کوردی چەند تەجروبەیەکی پەیدابوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چەند هەنگاو بەرەو پێشەوە چووە، بەڵام ئەو کۆسپ و ناسۆرانەی بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون، بوونەتە هۆی کزکردن، یا مراندنی ئەو تەجروبەیەی کە پاش ماوەیەک، یا سەدەیەک لە شوێنێکی تری وڵاتەوە سەری هێناوەتە دەرەوە..مێژووی گەلان و مرۆڤایەتی هەمیشە بەرەو پێش ئەڕوات، بەڵام هەندێک رووداو لە ژیانی نەتەوەیەکدا روو ئەدات کە ماوەیەکی زۆر مێژووی ئەو نەتەوەیە دەباتە دواوە، بەڵام سروشتی ژیان و مێژوو کە گیانێکی کۆڵنەدەرانە و خەباتکەرانەی داوە بە گەلان، وا دەکات کە ئەو نەتەوەیە پاش ماوەیەک لە ژێر باری سەختی کارەساتدا سەر بێنێتەوە دەرەوە و بەرەو پێشەوە بڕواتەوە.

نموونەی ئەم راگرتن و بەرەو دوا بردنانەی مێژوو، هێرشە خوێناوییەکانی مەغوولن «هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ و چەنگێزخان» بە هەموو کارەساڵی خوێنین و کتێب و بەرهەمی بیر سووتاندنێکیانەوە، هەروەها دوو جەنگە جیهانییەکەی ئەم سەدەیەش لەو رووداوانەن. بۆ کوردیش لەم بارەیەوە- خانیی مەزن- ئەو راستییەی باش دەربڕیوە کە وتوویەتی:

ئەڤ قەلزەمی رۆم و بەحری تاژیک
هەندێ کو دکەن خروج و تەحریک
کرمانج دبن و دخوین مولەتتەخ
وان ژێکڤە مەسالی بەرزەخ

بەم جۆرە چەند تەجروبەی پەیدا بوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی خڵتانی خوێن کرا. بەڵام پاش چەند سەدەیەک تەجروبەیەکی تازە لە لایەکی

ترەوە سەری هەڵئەدایەوە، تا ئەم تەجروبەیەی ئێستا کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێ کردووە و تا ئێستا بەردەوامەو بەرەو پێشەوە ئەڕوات هاتە کایەوە، تەجروبەی پەیدابوونی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، هەر چەندە بەستراوە بە دیمەنێک لە دیمەنەکانی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەڵام ئەدەبیاتی کوردیش هەمیشە بەرەوپێش چوونی پابەندی باری سیاسی و گەشەسەندنی دەسەڵاتی سیاسیی کورد خۆی، یا بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی بووە. گەر لە پەنجەرەی ئەو دیالێکتەوە تەماشای مێژووی ئەدەبیاتمان بکەین کە ئەو ئەدەبەی پێی نووسراوە، یا وردتر ئەوەیە کە بڵێین: زۆربەو بەرزترین ئەدەبیاتی سەردەمی پێی نووسراوە، ئەوا چوار هێڵی ڕۆشن ئەبینین کە چوار سنوورمان پیشان ئەدەن و ئەبنە سنووری یەکێ لەو دیالێکتانەی کە لە سەردەمێکدا بۆتە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیات و هەوڵی ئەوەی داوە لە سنووری ئەو ناوچەیە بچێتە دەرەوە کە بەو دیالێکتە قسەی تیا دەکرێت کە ئەدەبیاتەکەی پێ نووسراوە، بەڵام ئەو پەل هاویشتنە بەزەبری دەسەڵاتی دوژمن و خڵتانی خوێن بوونی کورد گەڕاوەتەوە دواوە!. گەشە سەندنی ئەدەبیات بە دیالێکتێک بەهیچ جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسیی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد جیا ناکرێتەوە. بۆ نموونە:

بەشێوەی لوڕ: کۆنترین شاعیری کورد - کە ئێستا کۆمەڵە شیعرێکی ئەوتۆمان لەبەر دەستا بێت- کەناوی «کۆنترین»ی پێ ببەخشێ، ئەوە بابە تایەری عوریانی هەمەدانییە، کە دوو ساڵی «٩٣٥-١٠١٠»م بە ساڵی لە دایک بوون و کۆچی دانراوە. شیعرەکانی بابەتایەر بە دیالێکتی لوڕی کوردییە، وە لەبەر ئەوەی مێژووی ئەدەبیاتمان لەو، بەرتر ناوو بەرهەمی شاعیری تری تۆمار نەکردووە، بۆیە ئەبێ ئەوە بسەلمێنین کە دیالێکتی لوڕی یەکەم دیالێکتی کوردییە، کە پەلی بۆ ئەوە هاویشتبێ کە ببێتە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیات لە کوردستاندا.

شیعری بابەتایەرو بە کوردی نووسینی ئەو سەردەمە لە کۆششی گەلانی تری موسولمان جیا ناکرێتەوە کە پاش پەیدا بوونی میرنشینان و نەمانی دەوڵەتی یەکگرتووی موسولمان هەوڵی ئەوەیان دا کە زمانە کۆنەکەی خۆیان بکەنەوە بە زمانی ئەدەبیات و زمانی ڕەسمی نووسین و کاروبار.. هەر وەک پەیدا بوونی شاعیرێکی کورد لە ناوچەی هەمەدانا لە زرووفی مێژوویی کاتی خۆی و پەیدا بوون نەمانی میرنشینی لوڕستان جیا ناکرێتەوە.

کرمانجیی ژووروو «بۆتان»:

.«.........................................................................

وەکوو لەگەڵێ شوێنی ئەم کتێبەدا وتراوە: کە بابەت هەبوو شکڵ دێتە ناوەوە، وەکوو ئەوەش هەر وتراوە: کـە رۆژ هەتا سنگ بنێ بەم لاترەوە بابەتی تر پەیدا ئەبێ بۆ فـورم. قـەڵەمی کـوردی لەو رۆژانەداو پێش ئەو رۆژانەش گـەلێ بابەتی گـرت بە دەسـتـەوە، رۆژەکانی پێشووتر زیاتر هەر لە مەیدانی ئەدەب و مێژوودا خۆی نواندووە. لە ساڵەکانی «١٩٧٠-١٩٨٠»دا ئالا بە بالای فـــــرەبابەتی ترەوە. لەو رۆژانەداو چکێ پێش ئەو رۆژانەش، وا دیار بوو گـوڕی ئەبەستەوە بۆ شتی نوێتر، لەمەوە وردە وردە ئەو ئاوازەیە، وەیا ئەو ویتـە ویتـە بێـتـە پێشـەوە کـە زمانی کـوردی بە چ شـێـوە، وەیا بە چ پیـتـێک بنووسرێ؟. لە ساڵەکانی گۆڤاری «گەلاوێژ»دا لەسەر لاپەڕەکانی گەلاوێژ لەوانە بوو ئەوە ساغ کرایەوە کە نووسینی کوردی بەم پیتانە بنووسرێ بە کەڵکترە بۆ کوردەکە تا بە پیتی لاتینی، ئەو هۆیانەش تا ئەندازەیەک دیاری کران کە لەبەرچی ئێستە ئەبێ وابێ؟. جگە لە دەربڕینی بیروباوەڕەکە بە نووسین، تێکڕایی باوەڕی رۆشنبیرانی کوردی ئەو رۆژە هەر ئەمە بوو، بەبێ ئەوە یەکێکی زاخۆیی و سولەیمانی، یا هەولێری و ئامێدی نارەزاییەک دەربڕێ. پاش ئەو مـێژووە کەمە کەمە ئەوە هاتە پێشـەوە کە بە چ شێوەیەک ئەم زمانی کـوردییـە بنووسـرێت؟. ئەمـەش لە کـۆنگرەی مـامـوسـتـایانی کـورد لە ئەیلوولی سـاڵی «١٩٥٩» لە شـەقلاوادا گـیـرا، لە ئەنجامی ورد بوونەوەیەکی دوور و درێژدا، بەبێ دوو دڵی، بڕیاری هەموو رۆشنبیرەکان - کە نوێنەرانی هەموو لایەکی کورد بوون- هاتە سەر ئەوە کە ئەم شێوەی سۆرانییە بۆ نووسینی کوردی شێوەیەکی رەسمییەو ئەمە مۆرکرا.

ساڵانی «١٩٧٠» تا نزیکەی ساڵانی «١٩٨٠» قەڵەمی کوردی هەناسـەیەکی پشـوو درێژی دا، دیارە کـە ئەمـە هەبوو ئاسۆی بیرو باوەڕیش لێک ئەکشێتەوە و ئەتوانێ زۆر شت دەربڕێ؛ دەری بڕی بە قسە، یا بە نووسین لە بەینی دوو لاپەڕەی کتێبی «سەرنجێ لە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کـوردی». بە چەشنێکی لارێگە ئەوەمان پیشـان ئەدا کـە لەو رۆژانەدا ئەو بیـــرو رایە بە واتە واتە پەیدا بووە کــە بە چ شـێـــوەیەک زمــانی کـــوردی بنووسرێت؟. وەچ شـێـوەیەک بێ بە شـێـوەی سـەرەکی؟. پەیدا بوونی ئەم بیـرو باوەڕە لە لایەکەوە سوود بەخشە، چونکە ئەوە پیشـان ئەدا کە ئاسۆی فیکری کوردی لەوانەیە بلاو ببێـتەوەو دەست بۆ گەلێ شتی نەتەوایەتی درێژ بکات. لە لایەکی تریشەوە ئەمەی دێتە سەر کە پەندە کوردییەکە ئەڵێ: «ماڵ لە خۆیا نەبوو، میوانیش رووی تێ کرد!». کوردەکە وەکوو «کەلا»ی هەڵماتێن بەیەکا ئەدرێن و وەکوو تۆپی جلیتێن ئارام گرتنی بۆ نییە!.

کەچی لەم کاتە ناسکەدا ئەو رازو نیازەشی لێی پەیدا ببێ ئەوەندەی تر پووچ ئەبێتەوە!. ئەبێ لە پێشا ماڵ بۆ ئازۆخە دروست بکرێ، ئەمجا ئازۆخەکە بگوێزرێتەوە ناوی.

ناوەرۆکی ئەو کتێبە بابەتێکە کە بە پەخشان نووسراوە، وە ئەم پارچە پەخشانەی ئێرە نموونەیەکە لەو. جگە لەوە کە ئەوە دەرئەخا کە زمانی کوردی لە بارەیا هەیە هەموو شتێکی پێی بنووسرێ، پەخشانەکەی ئەتوانێ هەموو کەلێنێک پڕ بکاتەوە، گرێ کوێرەی تەنگو چەڵەمەیەکی تازەکوورەی پەیدا بووی کردۆتەوە، ئەگەر کێشەیەک بوو بێت، کێشەکەی بە شێوەیەکی عیلمی چارەسەر کردووە.

من داوەرنیم لە بابەتەکەدا، چونکە تەنیا نموونەی پەخشانەکان ئەخەمە پێش چاو بۆ لاپەڕەی مێژوو، بەڵکوو من لەم رووەوە وەکوو گۆڤار، وەیا خاوەن گۆڤارێکم، ئەو گۆڤارە چی ئەنووسێ، ئەنووسێ، بیرو باوەڕی خۆی جیایە، مەعنای وا نییە هەر شتێکی نووسی ئیتر بیرو باوەڕەکەشی لەگەڵ ئەوەدایە. هەر کاتێ هاتمە سەر نووسینی بابەتێکی وا ئەو وەختە بیرو باوەڕی منیش بەتەواوی دەرئەکەوێ!..

ئێستا لێرەدا بەرانبەر بەم پەخشانە ئەڵێم: ئەمە نموونە پەخشانی بابەتێکی وایە کە لەو رۆژەدا دەنگێکی وا لەناوا هەبووە، ئەم پەخشانە ئەو دەنگەی لە کپییەوە بە نووسین بەرز کردۆتەوە. روخساری پەخشانەکە سادەیە، قۆرتی تێ دا نییە، بابەتێکی عیلمی وەکوو ئاوی رەوان باسکردووە، گرژی تێدا نابینرێ، توانیویە مەرام بە تەواوی دەرببڕێ؛ دەری بڕیوە بە جۆرێکی وا کە ناواخن و روخسار ببن بە تابلۆییەک، وەکوو ئەمە هەیە ئەوەش هەر هەیە کە کردو کۆشی ئەو ساڵانە وشەی لاتینی جاروبار تێکڵاوی تانوپۆی زمانی کوردی ببێ.

* * *

«گەڕیدە- کەریم رەند» لە ژێر ناوی «ئایین و باوەڕ لە کوردستاندا»، بەرهەمێکی هێنایە بەرو لە ساڵی «١٩٧٠»دا دەستی چاپی گەیشتێ. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە بابەتی یەکێ لە پەخشانەکەی و ئەڵێ:

«یەزیدی:

یەزیدی وشەیەکی کوردییە، لە یەزدانی و خودا پەرستییەوە هاتووە، پاشماوەی زەردەشتن. پێشەواکەیان «ئادی» کوڕی موجاور کوڕی ئەحمەدی تیراهییە. تیراهی باوەڕێکی زەردەشتییە. ئادی کوڕی ژاڤر لە دێی ئەرن لە هەکاری لە دایک بووە، لەتاو زۆرداری و ستەم رای کردووە بۆ سووریە لە دێی

«ڤـار» نزیکی بەعلەبەک نیـشـتـەجێ بووە، داوای یارمـەتی لە جێ نشـینی عـەبیـاسـی کـردووە کـە فـەرمـانداری مـوسڵ بووە. تیـرەکـەی بانـگ کـردووە بۆ رزگاری و گـرتنی ڕێبـازی ئاشتی، هەڵبەسـتیـشی بووە. تیـرەکەی تیـراهی لە هاوین دا ئەچوون بۆ «زۆزان»و سنووری یەزیدی کـە ئەوانیش دانیـشـتـووی زۆزان بوون، خـوێشـەکـانی ئادی لە کـۆچیـان دا دیاریـیـان ئەبرد. ئارامگای ئێستای ئادی دێر بووە. مار یوحەنا ئەشووع جران دروستیان کردووە لە سەدەی هەفتەمی زاینیدا. ئەو دێیە پارسا تیا دائەنیشت، ٣٠ دێی و «١٥٠٠»مەڕی بووەو ئادی کـوڕی ژاڤـر شـوانـی ئەوان بـووە. بەپـێی نـووسـینی رامـشـۆع، خاوەرناسـی فەرەنسی

F.N av لایەنگیـری ئەمـە ئەکـاو بە فـەرەنسی بڵاوی کـردۆتەوە سـاڵی ١٩١٨و پێـیـان ئەڵێ «داسنی»، بەبۆنەی چیـای «داسنی» باکۆری مـوسڵـەوە تەنیـشـتی دەجلەی خـاوەر، گـەلێ تیـرەی تیـا هەیە پێـیـان ئەڵێن «داسنی»..

داسنی – مـوعـجـەم ی بولدان لێی دواوە، ئەمـە بەگـوێرەی باوەڕەوە نەبووەو لە دواییدا بە یەزدی وتراوە داسنیەکان!.

لە دێ کـانیـانا لە شـەنگار، بەردەحلی، مـانیـاکـەرس، جەدالە، رۆژبەیان رەش ئەپۆشن، وە لە دێی تەرف و کـویس، دادیکە نیـوە رەوەندن و خـێـڵـی سمۆکە لە سامۆکەو هبایە نزیکی شەنگار، مەندکان لە مەندکان و بە باشۆک ناو ئەبرێن. لە دێی حاتەمی و تەل قەسەب و ئەین مەنحی و قیـران و سەکینە و مـەحنوتە و هەسکان و سنون، تەهل. وە دووخـمـای و ئاشـوی سـەرۆکـیـان نیشـتەجێ کەرسێ، مالا خالتی لە عـالەنیـاو بەکران و یوسفـان و مەهرکان و دێی هاوسێ کـانیـان: دلکان لە بزال تەپەر، ژمارەیان لـە شـەنگار «٥٩» هەزار ئەبێ.

وە دێی کانی یەزیدی لە شێخان: با ئەزری، ئەین سفنی، باشیقەو نێوانی هەرتووش و رووباری گـۆمەل و چیـای مەقلووب و تەل ئەسقـەف و لە شـەنگار قەفرە و سەرۆکیـان «خدیدە خەمو شرۆ»یە. لەبەر دەحلی ئادی کوڕی ژاڤـر لە چیاکانی هەکاری خۆی قایم کردووەو لە دۆڵی «لالش»دا گۆشەیەکی بۆ خۆی ساز کردووە، ژیانی تەرخان کردووە بۆ شێوە باوەڕەکەی خۆی و پەیوەندەکانی.

ساڵی «٥٥٠» کۆچی لە لالش لە تەمـەنی «٨٠» ساڵەدا کۆچی دوایی کردووە بێ ئەوەی ژن بهێنێ. برازاکەی شوێنی گرتۆتەوە، کە ئادی دووەمی کوڕی ئەبێ بەرەکات بووەو باوەڕی تا ئەنەدۆڵ بلاو بووەتەوەو هەر ناوچەیە فەرمانداریکی داناوەو لەگەڵ ئەمادەدینی زەنگی لە جەنگا بوون.

ئارامگای شێخ ئادی لە دۆڵی لالشە، ئاوی زەمزەمی لێیە و بڕوایان وایە کە شێخ ئادی بە گۆچانەکەی هەڵیکەندووەو لە کابەوە هاتووە، لەو دۆڵەدا چیای ئەرەفات و چاڵاوی کەوسەر و چاوگی سپی و بەردەڕەش کە نیشانەی چونیەکی کابەیە. فریشتە تاووس سەرۆکی هەموو فریشتەکانەو پاسەوانی دەستپاکی بوونە، کڕنووشی بۆ ئادەم نەبرد، وە لەسەر زەوی سنجاق نوێنەری ئەوە، هەر ناوچەیەی سنجاقێکی تایبەتی هەیە، پێش بارو باربوو و دارایی و سامانی پێ کۆ ئەکەنەوە بەگێڕانی بەناو باوەڕ پێ کراوەکانیا، هەموو ساڵێ بەرەوێکی ئایینی زاناکانی ئاییني و گۆیندەکان پێشیان ئەکەون بە خوێندنەوەی ستایشی ئاییني و قوربانی سەر ئەبڕن و پێش باری پێشکەش ئەکەن.

لە نووسراوە پیرۆزەکانیانا «نووسراوی رەش» لە سەر پێستی ئاسک. بەخامەی شێخ ئادی نووسراوە و دووەمیان نووسراوی «جەلوە»یە، لێکدەرەوەی نووسراوی رەشە، بە خامەی شێخ حەسەنی کوڕی ئەدی دووەمە. نووسراوی رەش ئێستە لە موزەخانەی کوپرە لە جەرمانیا، بەڵام جەلوە دوو روو نووسە، یەکێکیان لە شەنگارە و ئەویتر لە شێخانە.

..........................................................................».

ئەگەر تا ئەندازەیەک سەربەستی نووسین هەبوو قەڵەم ئەتوانێ هەموو جۆرە وێنەیەک بکێشێ. ئەم کوردە ئەتوانم بڵێم تا سەرەتای ئەم چەرخی بیستەمە هەر کارەسات و بەسەرهات و مێژوویەکی بوو بێت، یا لە لایەن غەیری خۆیەوە بەزمانی ئەو غەیرە سەرپۆرتێک شتێک نووسراوە، ئەویش نیوەو نیوەچڵ بووە، وەیا ئەگەر لەلایەن خودی خۆیشیەوە شت نووسرابێ، ئەویش هەر بە زمانی خۆی نەبووە مەگەر بە دەگمەن. لە سەرەتای چەرخی ناوبراودا وردە وردە ئەو هەستە جووڵا کە ئەگونجێ بە زمانی خۆی هەموو چەشنە بەسەرهاتێک بە پەخشان بنووسرێ. دیارە ئەمەش وەنەبێ کوتوپڕ لە یەک رۆژو لە یەک سەردەما بیگاتێ، بەڵکوو ئەبێ بە دەستووری پلەی سەرکەوتن و ژێرکەوتن بەرە بەرە بێتە پێشەوە، کە شتێک هاتە پێشەوە، لەوەوە بیر ئەچێ بۆ شتی تر، وا هات تا لە ساڵەکانی «١٩٧٠»دا وای لێ هات کە قەڵەم ئەتوانێ پەنجە راکێشێ بۆ ئەو بیروباوەڕە ئایینیانە کە لە ناو کورددا هەبوون و هەن، وە بە زمانی کوردی و بە پەخشانی کوردی پیشانی کوردەکە بدرێ. کەریم زەند هەندێ لەم ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی.

بیرو باوەڕو رێبازگەی ئاییني، لە هەموو چەرخێکا لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا هەر هەبووە، ئەوەندە هەبووە لە پاش ماوەیەکی درێژ بەپێی ژیریی ئەو چینە ئادەمیزادانە

باوەڕێکی تر هاتۆتە پێشەوەو ئەوی پێشوی سڕیوەتەوە. لێرەدا دوو جۆرە مێژوو ئەبێ بێتە ئاراوە؛ یەکێ چۆن ئەو باوەڕانە پەیدا بوون و؟ چۆن کــز بوون و تیــا چوون؟. یەکێ ریزکـردنی ئەو باوەڕانە و ناوو نیـشـانێک لەوان. ئەوەی یەکـەم لەبەر ئەوە کـە دراسـەو لێکۆڵینەوەیەکی قـووڵی ویسـتـوەو ئەیەوێ، هێشـتـا نەکـەوتۆتە سـەر نەخشـەی زمـانی کوردی. ئەوەی دووەم وا وردە وردە دەستی پێ کردووەو هەندێک لەو رێبازگانە هاتوونەتە سەر ئەوە کە پەخشانی کوردی پیشانیان بدات. ئەم پەخشانەی ئێرە گوزارشتێک لەو باوەڕەو لەو رێبازە ئایینیانە ئەداتەوە کە لە ناو کورددا هەبوون هەن.

ئەم نموونە پەخشانە رێ بە دیبمان ئەکا بۆ دووشت؛ یەکێ ئەوە کە زمانی کوردی لە دوای سالآنی ١٩٧٠ لەبەر ئەوە وچانێکی هەبووە توانیویە بە پەخشان لە بابەتێکی واوە قسە بکا، کە ئەلێم لە بابەتێکی واوە، مەبەست ئەوەیە کە هۆش و بیر بچێت بۆ ئەو شوێنە کە جۆرە شتی وا بە زمانی کوردی بنووسرێ، ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە خوێندەوارانی نەتەوەکە سڵ ناکەنەوە لە خوێندنەوەی شتی وا وەکوو سەد ساڵێک لەمەو پێشتر کە ئەو سڵەیان ئەکردەوە ئەگەر بە زمانەکەی خۆیان شتی وایان بخوێندایەتەوە!. دووەمیان نموونەیەک بۆ چەشەی یەکێ لە قەڵەم بەدەستانی ئەو رۆژە کە چۆن گوزارشتی لە شت داوەتەوە؟ چۆن ئەم پەخشانە جیایە لە پەخشانی تر؟.. بەڵێ! راستە کە بابەت جیا بوو ئەبێ روخساریش جیابێ، بەڵام ئەم روخسارەش هەر ئەبێ جیابێ لە روخساری پەخشانی یەکێکی تر کە ئەویش هەر چەشنی بابەت بگرێ بە دەستەوە.

لە هەر دوو بارەکەدا ئەم پەخشانی خاوەن پەخشانە جۆرە نموونەیەکە بۆ پەخشانی ئەو رۆژە، چ لە ناوەرۆکا، چ لە روخسارا. ئەوەندە هەیە روخسارەکەی چەشنە داڕشتنێکە کە زۆر جیایە لە داڕشتن و رێختی پەخشانی ئەو رۆژە لە پێشکەوتنی روخساری پەخشاندا. ئەگەر لەبەر ناوەرۆکەکە نەبوایە، روخساری ئەم پەخشانە لەوە ئەچوو کە تازە پەخشان داهاتبێت!.

***

«هەژار – عبدالرحمن» لە ژمارە «٣»ی ساڵی یەک «١٩٧١»ی «نووسەری کورد»دا – کە گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد – بووە، پەخشانێک لە ژێر ناوی «حاڵیی عەرزم بووی؟»دا، پێکەوە ئەنێ، ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو پەخشانەو ئەڵێ:

«– کوڕم.. برام!. کوردایەتی گاڵتەی منالآن نییە، هەر دەم رووتێک راستەوە بێ، حاڵیی عەرزم بووی، سینگ داچەقێنێ و بڵێ شێلە واو بیلە وا. ئەوە

کوردستانە کوردستان، ئەو کوردستانە دابەشکراوو، حاڵیی عەرزم بووی، داگیر کراوە پیاوی دەوێ، خوێنی دەوێ، هەزاران گەنجی وای دەوێ – حاڵیی عەرزم بووی – کفن هەڵگرێ و خۆی نەزری ئازادی کوردستان بکا، هەتا کوردستان بە یەکجاری لە ژێر باری، حاڵیی عەرزم بووی، دیلێتی دەر ئەچێ، کەس نابێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە، وەک فەیلەسووفەکە – حاڵیی عەرزم بووی – دەڵێ: پیـــاو دەبێ وەک مــۆم بســـووتێ و تاریکی لەســـەر هەژاران بڕەوێنێ. ئەم ماموستایەی خۆت کە لەبەر چاوتە – مەدحی خۆشم ناکەم – بە سەری تۆنا، بەو سەرەی خۆم ئەوەی بۆ کوردم کردووە، حاڵیی عەرزم بووی، بە لەشکرێک ناکرێ. ماموستا بوم، چنگێک مەعاشم وەر ئەگرت – بۆ خۆشت دەزانی ئەو دەم چەند هەرزانی بوو – گوتیان لەو سەرە، حاڵیی عەرزم بووی، کۆمەڵە پەیدا بووە، شەقم لە وەزیفە هەڵدا، ئیلتحاقم کرد، پێشمەرگە بووم، برسێتی، تینوێتی.. مەڵێ سەرخۆشە، سەرخۆش نیم.. حاڵیی عەرزم بووی، شەڕ، هەرا، بەراو بەرکردن، سەرما، گەرما.. بۆ کێم دەکرد؟. بۆ میللەتی خۆم!. چەند جار منت بە چڵکی پێشمەرگەوە دیوە. کەچی نازانم نیازت لەوە چییە کە دەڵێی لە بیرم نەماوە!. قەیدی نییە، ڕۆژێک هەر بە بیرت دێتەوە. ئاخ، سەد ئاخ!. بەخوا ئەگەر کوردەکە خەیانەتی نەکردبا، خوا ئەیزانێ ئێستە، حاڵیی عەرزم بووی، بە شتێکی دیکە دەبووین، بەڵام داخەکەم کوردەلە هێشتا وای لێ نەهاتووە قەدری ئازادی بزانێ. ڕۆژێک هەر دێ کورد ڕێگەی خۆی بزانێ، ئەوسا چاوت لە ماموستا تەوفێقت بێ بزانە چۆن، حاڵیی عەرزم بووی، خۆی دەردەخا!. هەر چەندە هێندێک کەسی تێ نەگەیشتوو لایان وا بوو ماموستا پیاوێکی خەیاڵاوییەو هەرگیز لە قوون تەندوور وەلا نەکەوتووەو دەستی بە کڵاوی خۆیدا گرتووە با نەیباو وەک تولە نەمام دەگەڵ هەموو بایەکدا دەلەرێتەوەو لە قسەی زل بەولاوە چی لە باراندا نییە!. بەڵام بە ئێمە چی؟. پێشینە نەیانگوتووە: ئامۆژگاری لە دیواریش نووسرابێ هەر باشە؟. من زۆرم بەهرە لەو فەرمایشتانەیەوە پێ گەیشتووەو بەو ئەمەکدارییەش لە پاش ئەو چەند ساڵە، وا هاتووم دیدەنی بکەم.

– ماموستا گیان! تەندروستیت لە چی دایە؟.

– تەندروستی چی و تەڕەماشی چی؟!. لەسایەی ئەم منداڵانەی کە دەستیان پێ کردووەو کوردیمان، حاڵیی عەرزم بووی، لێ دەگۆڕن، ئەوی دەشمانزانی لە بیرمان چووەوە!. بۆ ناڵێی: ماموستا نەخۆشی، یان ساغی؟!. ئەمەی پێ ناوێ، تۆ پێم بڵێ: ئەم بەینە لە کوێ بووی؟. بیستوومە ببوویە پێشمەرگە.

باوکم! ببووره، من که باسی هێندێک پێشمەرگەم کرد، نیازم له تۆ نەبوو، من نالێم، حالێی عەرزم بووی، پێشمەرگه درێغییان کردووه، قەدریان له سەر سەرم. بەڵام من دەڵێم: پێشمەرگه خاوەنی ناوێکی بەرزو پیرۆزه، به نیازی، حالێی عەرزم بووی، ئازادی ئەو گەله لێ قەوماوەی گیانی خۆی له سەربەری دەست، داناوه، حەیفه خۆی نەناسێ، حەیفه نەبێته نموونەی دڵنەرمی و گەل دۆستی، حەیفه، حالێی عەرزم بووی، کاری وا بکا خەڵکی گلەیی لێ بکەن. ناوێرم دەنگ بکەم، بەڵام بۆ خۆشت دەیزانی هێندێکی واتان هەیه هیچ ئەو ناوەی لێ ناوەشێتەوه!. یەکێکتان لێ دەناسم چەند ساڵ، حالێی عەرزم بووی، لای خۆی خوێندوویه، چەند رۆژێک لەو سەره ماوەتەوەو ئێستا هاتۆتەوه، به سەری تۆ نا، به سەری خۆم، جوابی سڵاووم ناسێنێتەوه!. قەت باوەڕ ناکەم، حالێی عەرزم بووی، فیرعەونیش ئەم فیزو له خۆبایی بوونەی بوو بێت!. من دەڵێم ئەمه باش نییه. ئێمه هەمووومان کوڕی ئەم ئاوو خاکەین، له سەرمانه خزمەت به فەقیرو بێ دەسەڵاتان بکەین، خۆ فس کردنەوەو کەشخەلێ دان، حالێی عەرزم بووی، بۆ پێشمەرگه شتێکی جوان نییه، تۆش لات وا نییه؟. ئەوسا که ئێمه پێشمەرگه بووین خۆت دەیزانی چۆن خۆمان به خزمەتکاری گەل دەزانی. له جیاتی ئەوه خانوو بۆ خۆمان بکەین، قۆڵمان هەڵکرد بوو خانوومان بۆ بێوەژن و هەتیوان دەکرد.

ئەرێ باسی چم دەکرد؟.. ها.. جا ئەوانه به ئێمه دەڵێن: چیتان کردووه؟!. بۆ نەهاتن بۆ چیا؟. باوکم چۆن بێم؟. کۆشێک منالی رەش و رووتم، حالێی عەرزم بووی، به ریشەوه بووه، گۆشت گرانه، پیواز، کوتاڵ پەڕیوەته پشتی شێران، تەماته، تەماتەی سەگباب، حالێی عەرزم بووی، هەر باسی نەکەین باشتره. ئیجار، لیمۆن دۆزی، سابوون، هەرچێ دەستی بۆ دەبەی وەک مار پێتەوه دەدا!. دەبینێ ئەو شتانەمان بۆ هەرزان کەن ئەوسا چی بڵێین هەقتانه.

– مامۆستای بەرێز! من نەهاتووم باسی سیاسەت بکەین، دەمەوێ بزانم چوونی و لەوەتا تەقاعود کراوی هەر به دۆمینەوه خەریکی، یان ئیشێکی تریش دەکەی؟.

– ئیش! ئیشی چی؟. ئەوی راست بێ جگه له دۆمینه کەیفم له خوێندنەوەی مەجەللەی کوردیش هەیه، بەڵام، حالێی عەرزم بووی، ئەویش بۆ من مەسرەفێکه، کەس نییه بڵێ: ها به خۆڕایی بیخوێنەوه! قسەی خۆشمان بێ جار جار له دەستی خەڵکی وەر دەگرم، بەڵام قەت نایکڕم!.. باوکم! تۆ حسابی

بکە، هەر وردەو پردەی ماڵ، حەمام، ئوتی، بنێشت، ئاوو کارەبا، دەرزی و دەزویش پارەی تێ ئەچێ! لە کوێ بێنم؟. چیم لە خۆم زیادە تا بیدەم بە مەجەللە؟. مەسرەفی نادی و چاخانەم هەر لە بیرنەبوو!. مانگی چوار پێنج، حاڵیی عەرزم بووی، دینارم هەر لەوانە دەڕوا!. تۆ دێیتە لام ساردێک، ئەم دێ، چایەک و وێرێک، حاڵیی عەرزم بووی، بۆ فلان و دەعوەتێک بۆ فیسار.. ئیتر تاقە چل دینار لەم رۆژەدا بەشی چم دەکا؟..

ئێستا دەزانم لە دڵی خۆتا دەڵێ واز لەو دۆمینەیە بێنەو ئەو پارەیەی لەوی سەرف دەکەی بیدە بە کتێب و مەجەللە و بیخوێنەوە. بە سەری من وا نییە؟!. ئەگەر وەک تۆ دەڵێی، حاڵی عەرزم بووی، وا بکەم ئەوسا وەختی بێ کاریم بە چی رابوێرم؟. حاڵیی عەرزم بووی؟!.

بەڵێ!. ماموستا گیان حاڵیی عەرزت بووم، بەڵام تۆ رێگەت نەدام کە حاڵیی عەرزم ببی! خوا حافیز..).

شێوەی ئەم پەخشانە جۆرە شێوەیەکە لە گاڵتەو گەپ ئەچێ بەڵام لە راستیدا وانییە، بەڵکوو بابەتێکە گەلێ جۆرە رەوشتی هەندێ کەسی ئەو رۆژە وەکوو وێنەی ناو ئاوێنە پیشان ئەدا.

ئەمە کارەساتی مێژووە؛ هەر پیاوێکی گەورە لە رۆژێکا کە ئەستێرەی بەرز ئەبێتەوە، دۆست و ناسراو و خزم و هاوڕێ منالی و هاوولاتی و درواسێ بۆ پەیدا ئەبێ. یەکێ ئەڵێ: ئێمە لە سەردەمی منالیدا پێکەوە یاریمان ئەکرد، یەکێ ئەڵێ: ئێمە خزمین و دایکمان پوور زازای یەکن. یەکێک ئەڵێ: ماڵمان لە گەڕەکێکا بوو پێکەوە دائەنیشتین. لە سەر ئەم بابەتە هەر یەکە خۆی ئەکا بە دۆست و خزمێکی تەواو لەگەڵ کابرای هەڵکەوتوودا!. بەڵام ئەگەر رۆژێ لە رۆژان ئەو کابرایە سا، یا زەمان پشتی تێ کردو گولۆڵەی کەوتە لێژی، وە یا لەبەر هەر هۆیەک بوو ئەو رۆژەی نەما، ئەو عالەمە لێی ئەتەکێنەوەو بەڵکوو ئەگەر خەبەرێکی ئەو پیاوە لە هەر یەک لەو خزمە درۆزنانەو لەو دۆستە بێ بارانە بپرسیت، ئەڵێ: برۆ بابە! من کەی ئەو پیاوەم ناسیوە؟ بە حەو گوریس ئێمە پێکەوە نابەسترێین!.. لە وێنەی ئەمەش ئەگەر رۆژێ لە رۆژان شتێک باوی هەبوو؛ ئەو شتە شۆڕشێک بێت، یا بازاڕی پاڵەوانیەک بێت، یا زیرەکی داو بسەتێک بێت، یا، یا...هتد. دیسانەوە لێرەشا زۆر کەس سەر بەرز ئەکەنەوەو ئەڵێن ئێمە لەو مەیدانەدا وا بووین و وامان کرد و وامان بەسەرهات و وا بریندار بووین و واو وا.، کە ئەو رۆژەش بەسەرئەچێ کونە مشکێک بۆ خۆی ئەدۆزێتەوەو هەناسە لە خۆی ئەبڕێ نەوەک یەکێک

ناوی بێنێت و تووشی گۆبەندێک ببێت!.

جا ئەمە زاهرەیەکی کۆمەڵایەتی هەموو نەتەوەیەکی دواکەوتووە. ئەگەر بڵێت: ئەمە سیاسەتەو سیاسەت وای ئەوێ، من ئەڵێم: ئەمە سیاسەت نییە، بەڵکوو ئەمە بەر مەفهوومی ئەو پەندە کوردییە ئەکەوێ کە ئەڵێ: «لە هەر لایەکەوە بای بێت شەن ئەکا!»..

خاوەنی ئەم پەخشانە کە ئەوەی نووسیوە لە نووسینەکەیا ئەوە بۆ ئێمەو بۆ مێژوو دەرئەکەوێ کە لەو رۆژەدا ئەو جۆرە رەوشتانە لە ئارادا هەبووە و زۆر کەس کردوویانە بە کراسێک و کردوویانەتە بەریان، کە ئەچیتە بنج و بناوانەکەشیەوە لە گوێزی پووچەڵ پووچەڵتر بوون!. مەبەستەکە ئەوە نییە کە تەوفێق وا بوو – دوور نییە ماموستا تەوفێق ئینسانێکی وەهمی بوو بێت – بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە زاهرەیەکی وا لەو رۆژەدا هەبووە. مێژووی داهاتوو مێژوو رابوردوو ئەهێنێتەوە بەرچاو، لەوەوە ئەگونجێ چارەسەری کاروباری ئەو رۆژەی خۆی بکا.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە لە رواڵەتا رەخنەیە، بەڵام لە راستیدا چەند واقعەیەک پیشان ئەدا؛ یەکێک ئەوە کە دەستەیەک هەبوون گوایە بەناو خزمەتی نەتەوە ئەکەن، کەچی دوورن لەو خزمەتەو بە ناوی خزمەتەوە گیرفانی خۆیان پڕ ئەکەن!. یەکێ نەفسییەتی دەستەیەکی تر باس ئەکا کە لە مەیدانی قسەکردنا لە باری نەتەوایەتییە زۆر دەم بڵاون، بەڵام کە هاتە باری خزمەتکردن بە تاقە پوولێک دەست قوچاون!. یەکێ سنگ دەرپەڕاندنی هەندێ کەس بۆ خزمەت کردنی نەتەوە بە قسەو لە کاتی شێنەییدا، بەڵام کە شیرەکە تیژ بوو لە تکی چی و پەتکی چی!.

لەو رۆژەدا فیکرەو کردەوەیەکی بە هێزی نەتەوایەتی لە بلێسەدا بووە، بەڵام زۆر کەسیش لە ناو ئەو جغزەدا هەبوون و یەکێک یا دوو لەو رەوشتانە – کە باسکران – تیایانا هەبووە. بەڵێ!. نەتەوە وەکوو باخێکی بە دەماخی ئاوەدانە؛ میوەی جوان و گوڵەباخی بۆن خۆشی تێدایە، میوەی تاڵ و ژاڵەشی هەر تێدایە. نەتەوەش ئەبێ هەموو جۆرە شتێکی تێدا هەبێ، لە چاک و خراپ، ئەگەر وانەبوو نابێ ناوی نەتەوە لە خۆی بنێ.

روخسارەکەشی کوردییەکی سافی رەوانە، بەبێ ئەوە هیچ گرانیەک و ئاڵۆزاویەکی تێدا هەبێ، وشەو رستە هەریەکە لە جێگای خۆیانا شوێنی خۆیان گرتووە.

***

«محەمەد ئەمین ئوسمان» لە ژمارە «٣»ی ساڵی «١٩٧١»ی گۆڤاری «نووسەری کورد»دا لە ژێر ناوی «ئێکێتیا نڤیسەڤانێت کورد»دا، بەشێوەی بادینی دەقە پەخشانێکمان پیشان ئەدا و ئەڵێ:

«ئێکێتیا نڤیسەڤانێت کورد رێیەکا درێژ و بارەکی گرانە.

گەلەک دەورو سال بورین و مللەتێ کورد دنالی لبن نیرکێ زورداریا درونوانە یا بیانیا دوژمنێت دادێ و مرۆڤێ. مللەتێ مە بهزاران هاتنە ڤەکوشتن لسەر ریا وییا بئاستەنگ و ستری و گوڤان و دەردە سەری، هاتە ڤەبراندن و پارێ نانی ژ دەڤی دهاتە دزین و ستاندن و دەستێت ویی دگرێدای بمەلبەتێت دەهبا. ما برسی و رویس، بن دەست و نەزان و هەمی رێکێت خاندن و زانینێ لبەر هاتبونە دایخستن. چی ژ بنیات و نەژاد و رەوشەنبیریا خۆ نەدزانی، تشتێ پێ ئاگاهدار ئەو بو، کو کوردە، ئەویش ئەگەر دایک و بابێت خو نەدیتبانەو بکوردی نەئاخفتیاو بیانیا پێ لسطوێ وی دانەنابا نەدزانی کا کوردە ئان ژ مللەتەکێ دیبە. لگەل هندی ژی هەر سەرێ خو دهلیناو شۆرشێت خو دگێران و چەند مرۆڤەک هەبوون بمللەت و خەبات و چەلەنگێ و هندەک ژ مێژوویا خو دگوت و هەتا ئەڤرو بەیتێت وان یێ لسەر ئەزمانێ کورداو چیروک و لاوک بروژێت کەڤن یێت مللەتێ مە پێ تێنە گوتن. ئەم ژ نڤیسین و نڤشتنا د دەست شویشتی بوین هەتا دەمەکی نێزیک. مرۆڤێت بیانی ژ مە پێر بەحسی مێژوو و زمان و کومەل و بنیاتی کوردا یێ کری گەلەک ژوا خرابی و درەون بتەنشتا مە ڤەناین.

ئەڤرو حالێ مە یێ زانین و نڤیسینێ و کارێ ئێکێتیا نڤیسەڤانا دێ بتە چی؟. تێتە گوتن، ئەو مروڤێت خو قژ دکەن و هنکێت خو پف ددەن و بەحسێ باب و باپیرا بێت و ئەو بخو د دەست دا هێلای بن، ئەو مروڤیت هو دمرینە و باب و باپیرێت وا دساخن، دزندی نە. ئەم کورد بسەر بلندی بەحسی چەلەنگی و جانفیدایا باب و بابکا لکێت خو دکەین، وئەڤ چەندە بومە کێماسی نینە، راستەو درەو نینە ژبەر کو مللەتی کورد هندی خو دیتی هەر شورش یێت گێراین و قوربانییێت داین و هەتا روژا یازدەی ئادارا بورین. بڤێ چەندێ حالێ مە بحالێ باب و باپیرێت مە هەر وەکی دکوتن: مێرێ کورد خودێ ددەت رابێتە کوشتن، نە لسەر جهێ خو بحریت، ژ لایەکێ دی ڤە، ژ لایێ زانین و خاندن و نڤیسینێ ڤە، ئەگەر ئەم خو پێک بگرین لگەل وان، بمن ئەو ژمە چاکتر بون هەر چەندە زەمانێ مە هەردوا نە وەک ئێکە ژی.

وا تەرموکی و هەمدانی و خانی و جزیری و کۆیی هەبون، بەلی بەرهەمبەر وەختی مە هژمارەکا هند نینە بگەهنە بالا وا و وەکی مروڤ هزرێت خو دکەت براستیێ جهێ شەرمزارییە. ئەڤ سالە هەمی بورین و مەچی نەکر دریا زانین و نڤیسین و تێگەهشتنێ دا هەتا ئەفروکە بسەرمەدا هاتی، وەکی من گوتی ئەم ددەست شویشتی و بارەکێ گران لسەر ستویێ مە، ژ هزارا ئێک ئان دێ هەبیت ئان نە، تشتەکی ژ مێژووا خو بزانیت و خاندن و نڤیسین مروڤ شەرم دکەت لدور بئاخڤیت، فولکلور، شعر، کومەل و زور لاییێت دی، تشتی لدور هاتیە نڤیسین گەلەکێ کێمە بحسێبا من هەر نەشییێن بێژینێ هەبون.

ئەگەر هیجەتا مە چی بیت ژ نەبونا ڤانڤشتاو بەحسا، چی ترس ئان کێماسیا زانا، ئان خاندەواری، ئان ژی زورداریيا حاکمێت کەڤن، ئەڤرو ئەڤە هەمی یێ لسەر ستۆی مە نڤیسەڤانان و ئێکێتی برەنگەکی تایبەتی دەکەفتە بن بارەکێ ئێکجار گران و بەر پسیاریا مێژوو و مللەتێ مە یێ ژار. ئێک ژماڤێت مللەتێ مە خاستین و خو دایە کوشتن، و خەبات کری، هەقێت زانین و رەوشەنبیریێ بو، نهۆ مە ئەو هەق وەرگرت، ئەڤجارە ما دبێت ئەم سورو سور خو بە ئەردێ دا دەین و ناڤا دخو بدەین و کەس نەشێت طەرازیا مە دروست کەت، کو چیە؟ ئەم ئەدیب و نڤیسە بانین، ناڤێت مە بێ لسەر بەر پەرێت روژناماو ئەندامین د ئێکێتیا نڤیسەڤانا دا و کارێ مە ببیتە ئاهەنگ گیران و خوطبە خاندن و هتد!. ئەڤروکە رییەکا دویرو درێژیا لبەر مە و دڤێت ئەم بێ راوەستیان بچین و ژ دەر هەقێ بارێ گران و بەر پرسیارێ دەرکەڤین و بدڵسۆزی دەست بهاڤێژین کار کردنەکا ب و ج. مێژووا خو ڤەکولین و دویر و درێژ لدور مێژوو و نەژادێ کوردا بنڤیسین. ژیان و خەبات و ئەدەبێ خو بینینە پێش چاڤ، ئەزمانێ خو یێ شیرین بکەینە ئێک و نەخاندەواری ڤەمالین ژ ناڤ مللەتێ.

..........................................................................».

بەسەرهاتی هەموو زمانێکە، کە ئەبێ گەلێ شێوە قسە کردن و ئاخاڤتنێکی تێدا هەبێت، لە ئەنجامی لێ کۆڵینەوەو دراسەو نووسیندا لە پاش ساڵهای دوورو درێژ یەکێک لەو شێوانە بنجی خۆی توند ئەکاو ئەبێ بە شێوەیەکی سەرەکی. ئەم بنج داکوتانەش، یا بە هۆی پەیدا بوونی کاربەدەستێکی گەورەی رۆحی، یا دنیایی، یا بە هۆی کۆبوونەوەی زمانپاراوان و نووسەران، یا بە هۆی چاوکراوەیی و پاڵ پێوەنانی دەستەیەکی ترەوە ئەبێ. ئەمەش مەرج نییە کە راوێژکەرانی ئەو شێوە سەرەکیە، بە هەژمار لەوانیتر زۆرتر بن،

چونکە هۆ باسکراوەکانی پێشوو کەمیەکەی ئەماندا ئەپۆشێ. زۆر لە بەشە زمانەکانی ئەمڕۆ کە هەر یەکە لە شوێنی خۆیانا بوون بە شێوەیەکی سەرەکی، سەیر ئەکەی قسەکەرانی ئەو شێوە سەرەکییە بە هەژمار گەلێ کەمترن لە قسەکەرانی ئەو زمانە، لەگەڵ ئەمەشا ئەو کەمە شوێنی خۆی گرتووەو بووە بە بەردی بناغە. ئەمەش مەعنای وا نییە کە شێوەکانی تر ئەبێ لە بیر بچنەوە؛ مەعنای ئەوە نییە، چونکە ئەگەر ئەوان لە بیرچوونەوە وردە وردە کار ئەکاتە سەر لە بیرچوونەوەی ئەمیش. هەر لەبەر ئەمەیە بۆیە گەلێ لە نەتەوەکان جگە لە شێوە سەرەکیەکەیان زۆر جار شێوەکانی تر بە نووسین و بە نمایش پیشان ئەدەن. ئەم هەم بۆ پاراستنی شێوە سەرەکیەکەیە، هەم بۆ تێ گەیشتنی ئەو رەمەکییە زۆرەیە کە بە تەواوی لە شێوە سەرەکییەکە تێ ناگا، بۆ تێ گەیشتنەکەیان ئەو شێوانەش ئەخەنەوە بەرچاو. زۆر زمانیش هەبووە لە لاپەڕەی رابوردووی مێژوودا، لەبەر ئەوە کە، یەکێ لە هۆیەکانی پێشوی تێدا نەبووە پووکاوەتەوەو چوەتە گۆڕستانی تاریکی مێژووەوە!.

لە زمانی کوردیدا وەکوو زمانەکانی تر گەلێ شێوەی تێدا هەیە. لەرووی پەخشانەوە ئێمە توانیمان نموونەکانیان لەم کتێبەدا پیشان بدەین. یەکێ لەو شێوە بە بایەخانەی زمانی کوردی شێوەی بادینانە - کە ئێمە وای ناو ئەنێن - وەکوو ناوبردنی بە شێوەی کرمانجی خواروو زیاتر لەگەڵیا ئەگونجێ. لە بەرگی پەخشانا یەکەمجار کەوتە سەر لاپەڕەی چاپ بەهۆی رۆژنامەی «کوردستان» لە ئەستەموڵ، لەلایەن بەرەی بەدرخانیەکانەوە، ئەمەش لە دەمە دەمی دوایی هاتنی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو، بەڵام پێش ئەم مێژووە پەخشانی مەولوودنامەکەی شێخ حسێنی قازی بوو لە وڵاتی سۆران، وەلێ ئەو چاپی بە خۆیەوە نەدی تا سەدەی بیستەم بە سەرا هات.

لێرەدا محەمەد ئەمین ئوسمان نموونە شێوەیەکی پڕ بەهای بادینیمان پیشان ئەداتەوە. ناوەرۆکی ئەم پەخشانە باسی ئەوە ئەکا کە ئەم کوردە لە گەلێ لە لاپەڕەی مێژوویا بە تەواوی بۆی نەلواوە کە بە زمانی خۆی بنووسێت و بخوێنێتەوە. رەوڕەوەی مێژوو هەموو دەم بۆ پێشەوە ئەڕوا، یانزەی مارتی ساڵی «١٩٧٠»ی بۆ هەڵکەوت، کە ئەمە هەبوو نووسەرانی کورد ئەتوانن بە هەموو جۆر کەڵکی لی وەربگرن و هەل لە دەست بەر نەدەن بۆ نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی، ئەبێ ببن بە یەک و پشتی یەک بگرن، چەک ئەمەی هێنایە ناوەوە، ئەوان باوەشی پیاکەن، تا پێیان ئەکرێ کۆشش بکەن بۆ پێشخستنی زمانەکە، ئەگەر ئەرکەکەش گران بێ ئەبێ بە هەموویانەوە شان بدەنە بەری،

بکەنە کارێ کە بە تەواوی ببووژێتەوەو ڕەنگی سیسیی لە سەر نەمێنێ.

روخسارەکەشی شێوەیەکی رووتی بادینییە، گیروگرفتی لەو رووەوە تێدا نییە، دوورە لە وشەی تازەکوورە، بەو شێوەیە مەفهومەکەی بە تەواوی داوە بە دەستەوە، رەوانی چارەی روخسارەکەی هاندەرە بۆ باوەش بۆ گرتنەوە بۆی.

جا ئەم پەخشانە نموونەیەکی تر بوو لە نموونە پەخشانەکانی شێوەی بادینی و بۆ بابەتێکی تری ئەو رۆژە، هەم لە رووی هەستی ناوەرۆکەوە، هەم لە رووی رێختی روخسارەوە.

* * *

«محەمەدی مەلا کەریم» لە ژمارە یەکی گۆڤاری «شمس کردستان - رۆژی کوردستان»ی ساڵی ١٩٧١لە ژێر ناوی «پاشا گەردانێ لە نووسینی کوردیدا» پەخشانێک دیاری ئەکاو ئەڵێ:

«..........................................................................

وردە وردە ئەم وەچەی تازەی بێ بناغەیە بوو بە شۆرە سواری مەیدانی کوردی نووسین. بەڵام چۆن جۆرە کوردی نووسینێک؟

کوردی نووسینێک کە هەر کەس پشتی تێدا بە خۆی و بە بەهرەی خۆی قایمە، هەرگیز گوێ نادا بە تێکەڵاو بوون لەگەڵ خەڵک و فێر بوونی زمانی خەڵک و کۆکردنەوەی وشەی خێڵەکان و لادێ کان و بەڵکوو هەر پێی ناکرێ. گوێ نادا بە خوێندنەوەی نووسراوی وەچەکانی پێشوومان و هەوڵ نادا فێری ئەدەبی کلاسیکیمان ببێ و لە مەعنای شیعری «نالی»و «سالم»و «مەحوی»و ئەوانیتر بگاو بەڵکوو بۆی نالوێ!. باوەری بەوە نییە کە کوردییە ساکارەکەی خەڵک قسەی پێ ئەکەن رێزمانێکی هەیە و ئەبێ ئەو رێزمانە لە سەر بنچینەی بەراورد کردنی جۆری دارشتنی رستەکان لە هەر ناوچەو زاراوەیەکدا بدۆزرێتەوەو بخرێتە سەر کاغەز، تا ئەوەی لە خۆیەوە ئەو رێزمانە نازانێ فێری ببێ و لە سەری بروا.

ناحەزانی کوردیش وا دیارە زۆر باش لەمە گەیشتوون و ویستوویانە تا ئەو پەری توانا کەڵکی لێ وەربگرن بۆ تێکشکاندنی زمانەکەیان و ئاڵۆزکردنی و بۆ ئەوەی کارێکی لێ بکەن منالی کورد لێی تێ نەگاو خوا خوای بێ بە عەرەبی بخوێنێ. ئەو ناحەزانە ئەزانن کە زمان بڕ برە پشتی نەتەوەیە و بۆیە ویستوویانە بڕ برە پشتی نەتەوەکان بشکێنن و ئیفلیجی بکەن!. گوێیەک بۆ

رادیۆی بەغدا راگرە، چاوێک بە زۆر لە کتێبەکانی قوتابخانەکانی کوردستاندا بگێڕن و لەگەڵ ئەو کتێبانەی کە نووسەرەکانی ساڵانی ١٩٤٠ - ١٩٥٠ ئەیانکردن بە کوردی بەراوردیان بکەن، جا ئەزانن ئەمڕۆ چۆن کوردییەک پێشکەش نەتەوەی کورد ئەکرێ؟! لێرەدا زۆر لە جێی خۆیایەتی دیمەنێکی تەسکیی بیرو مێشکی هەندێ لەو نووسەرانەمان بخەینە بەرچاو، کە من لە دڵسۆزییان بۆ کورد بێ گومانم، بەڵام لەوەش بێ گومانم کەوا بیرێکی چەوت چووەتە مێشکیانەوەو ئەیانەوێ تا رادەیەکیش توانیویانە ئەو بیرە چەوتەیان بخەنە مێشکی خەڵکەوە. ئەوەش مەسەلەی پاک کردنەوەی زمانی کوردییە لە وشەی بێگانە.

پێشەکی ئەبێ بڵێین ئەتوانین بڕیار بدەین لە ناو هەموو گەلە موسوڵمانەکاندا کورد یەکێکە لەو گەلانە کە توانیویانە تا رادەیەکی باش زمانەکەی خۆیان بپارێزن و نەیەڵن وشەی بێگانە بچێتە تان و پۆیەوە، بەڵام ئەمە نابێ وا بگەیەنێ کە کوردی، یا هەر زمانێکی تر ئەتوانێ هەمیشەو بە تەواوی خۆی لە زمانانی تر دوور بگرێ. دراوسێیەتی هەر نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەیەکی ترو پەیوەندی ئابووری و جەنگ و داگیرکردن و خوێندن وگۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەمانە هەموو هۆن بۆ ئەوە کە وشەو رستەی زمانێک بچێتە ناو زمانێکی ترەوەو خۆی تیا بچەسپێنێ . بەرهەڵستی کردنی ئەم دیاردەیە کارێکی هیچ و پووچەو هەر وشەیەکی زمانێک هاتە ناو زمانی رەشە خەڵکی نەتەوەیەکی ترەوەو قاڵبی زمانی ئەمانی وەرگرت، ئەبێ بەهی ئەمان و، بیرکردنەوە لە لابردنی شتێکی بێ کەڵکەو، ئەگەر دەیان ئەکادیمیەش بڕیاری لابردنی بدەن و، لە چەند نووسراودا جێنشینی بۆ دابنێین، بەوە لە زمانی خەڵک دەرناچێ و هەر تیا ئەمێنێتەوە.

زمانی هەرگەلێک بەپێی پێویستیی ژیانی ئەو گەلە وشەی تیادایەو ، هیچ شوورەیی نییەو بەکەمی و سووکی دانانرێ ئەگەر گەلێ مەعنا هەبێ ئێمە وشەی خۆماڵیمان نەبێ بۆیان. کەواتە هیچ ناشیرین نییە ئەگەر ئەو مەعنایانە هاتنە ژیانمانەوە، بێین وشەیان لە زمانێکی ترەوە بۆ بخوازین و، ئەمە شتێکە هەموو گەلێک کردوویەتی و ئێستا لە جاران گەلێ زیاتر ئەکرێ و هیچ پێویست نییە بە دوای داتاشینی وشەی بە ناو کوردیدا بگەڕێین بۆ ئەو مەعنایانە. تەلەفزیۆن و رادیۆو میکرۆب و سینەماو سەدان وشەی تر ئەمڕۆ لە کوردیدا بڵاو بوونەتەوە، چونکە ئەو مەعنایانە کە ئەم وشانەیان لە زمانەکانی ترا بۆ دانراوە، لە کوردیدا نەبوون و ئێستاش پێویست ناکا ئێمە خۆمان

ماندوو بکەین و سەری خۆمان بێشێنین بە گەڕانەوە بە دوای داتاشینی وشەی کوردی دا بۆ ئەم مەعنایانە. بۆ نموونە ئوتۆمۆبیل هەزار وردە پارچەی تیایە، هەر یەکێ ناوێکی جیهانیی هەیە، ئێمە ئەبێ سەرەنجامان بە کوێ بگا ئەگەر بمانەوێ بگەڕێین بە دوای وشەی کوردیدا بۆ ئەم هەمـوو پارچانە؟!وە ئاخـۆ سبەینێ حاڵمان چۆن ئەبێ کە کوردستان بوو بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی خاوەن پیشەسازییەکی قورس و فراوان؟. ئاخۆ ئەو کاتەش ئەم گیانی وشکە نەتەوە پەروەریەمان هەر تیا ئەمێنێ کە خۆمان خەریک بکەین بە گەڕانەوە بە دوای داتاشـینی وشـەی کـوردیدا بۆ هەمـوو ئەو شـتـە تازانەی کـە دێنە ژیانمانەوە؟.

هەر بەم پێیە بەلامـەوە نابەجـێیـە هەندێ وشـەی عـەرەبی کـە دەمـێکە کەوتوونەتە زمانەکەمانەوەو، لەو کاتەدا کە وەرمان گرتوون وشەی کوردیمان نەبووە لە بەرانبەریاندا، یا بوومانەو فەوتاوەو، ئێستا ئەمان جێی خۆیان بە تەواوی گرتووەو کەوتوونەتە سەر زمانی گەورەو بچووکمان - ئێمە ئێستا بێنین وشەی داتاشراو دروست بکەین بە نیازی لابردنی ئەو وشە عەرەبییانە. بۆ نموونە «کتێب»کە لە «کتاب»ی عەرەبییەوە هاتۆتە کوردییەوە و بووە بە هی خۆمان و هەموو خوێندەوارو نەخوێندەوارێک مەعنای ئەزانێ و، بە پێچەوانەوە عـەرەب هیـچی لێ تێ ناگا، چونکە شێوە عـەرەبییـەکەی گۆڕاوە، یەکێک «پەڕاو»ی بۆ دۆزیوەتەوە کە هێشتا بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە ئاخۆ «پەڕاو»ە یان «پەراو». یەکێکی تریش «پەرتوک»ی بۆ داناوە کە ئەمیش ساغ نەبوەتەوە ئاخۆ «پەرتۆک»ە، یا «پەڕتووک»، یا «پرتۆک»ە، یا «پەرتووک» هەرکەسێ بە جۆرێکی ئەنووسێ و قسەی کەسیش بۆ ئەوە ناشێ لە قسەی کەسێکی تر بە راستتر دابنرێ، مادەم قسەی هەموان بێ بەڵگەیە پەیوەندی ئەم دوو وشەیە بە کتێبەوە لەوە زیاتر نییە کە تیپی «پ»و «ر»یان تیایە کەلە «پەرە»یشدا هەن و، کتێبیش پەرە پەرەیە! ئەی «ا»و «و»ەکەی یەکەم و «ت»و «و»و «ک»ەکەی دووهەم لە چییەوە هاتوون؟. خوا خۆی ئەیزانێ! هەروەها دەیان وشەی تر کە هیچ بنچینەو بەڵگەیەکیـان نییـە لام وایە تاوانێکی گەورەیە بەرامبـەر بە زمانەکەمان و گەلەکەمان و بە تایبەتی بەرامبـەر بە نەوەی دوارۆژمـان لە خۆڕایی بڕیاری کوردایەتییان بدەین!.

لەم سـاڵانەی دواییـدا بڵاو کـردنەوەی چاپەمـەنی بووە بەباو، هەر کـەس ئەگری خولیای ئەوەی لە سەردایە شتێک بڵاو بکاتەوە. بێ گومان من نامەوێ بڵێم و لە بیروباوەڕمەوە دوورە بڵێم لە چاپدان تەنها مافی کۆمەڵێکەو وەک

چەرخەکانی رابوردوو رەشە خەڵک مافی نووسین و لە چاپدانیان نییە، بەڵام بێ گومان نووسین و بڵاوکردنەوە چونکە تەنها بۆ ئەو کەسە نین کە ئەنووسێ و بڵاو ئەکاتەوەو، نووسراو بەر لە هەرچێ بۆ خەڵک ئەنووسرێ و بە زمانی خەڵک ئەنووسرێ، کۆمەڵ مافی ئەوەی هەیە بزانێ ئاخۆ ئەو نووسراوە سوودی خەڵکی تیایە یان زیانیان، وە بە زمانی راستەقینەی خەڵک نووسراوە یا پڕە لە هەڵە؟، وە بۆیشی هەیە نەهێڵێ نووسەر شتێک بڵاو بکاتەوە کە زیانی بۆ سوودی گشتیی خەڵک هەبێ و هەڵەو چەوتی بخاتە ناو زمانەوە. زۆر لەم فەریکە نووسەرانەی ئەم سەردەمە تێگەیشتوون کە گۆڤارو رۆژنامەکانمان تا رادەیەکی باش ئەرکی جێ نشینیی کۆمەڵیان لە ئەستۆ گرتووەو رێگا نادەن شتی بێ کەڵک و هەڵەیان تیا بڵاو بکرێتەوە، لەبەر ئەوە دێن نووسراوەکانیان بە نامیلکە لە چاپ ئەدەن و ئەیخەنە بازاڕەوە، بێ گومان ئەم دیاریە زیانێکی تریشی هەیە کە لام وایە زیانێکی زۆر قورسە؛ ئەگەر بێگانەیەکی کوردی زان هەندێ لەم شیعرو نامیلکانەی بەرچاو بکەوێ، ئاخۆ ئەبێ چۆن بریار بدا بە سەر رۆشنبیرانی کورددا، بڵێ کورد چۆن نەتەوەیەکەو، پلەی خوێندەواریی گەیشتۆتە کوێ؟.

ئەمەی کە وتم هەمووی سەرێکی پاشاگەردانیی کوردی نووسینی ئەمڕۆ بوو، پاشاگەردانیی کوردی نووسین چەند سەری تریشی هەیە، وەک نەبوونی زمانی یەکگرتووی نووسینی کوردی کە هەندێک ئەیانەوێ بین بە کۆسپی رێگای پێکهاتنی و، نەتەوەکەمان بەپێی زارەوە دابەش بکەن و چەند زمانی بۆ دروست بکەن!، وە وەک بەکارهێنانی تیپ بۆ دەنگە کوردییەکان کە هێشتا دوو کەسمان نییە لەم رووەوە بە تەواوی هاودەنگ و هاوکار بن.

هیوام وایە لە دەرفەتێکی ترا بۆم بلوێ لەم بابەتانەشەوە چەند دێرێک بنووسم».

لە دوای ساڵانی ۱۹۷۰ خوێندەواری و نووسینی کوردی لەبەر بنجی ساڵەکانی پێشووی بەرە بەرە ئەو بنجەی قایمتر ئەکردەوە، لەمەوە دیارە نووسین و خاوەن قەڵەم زیاتر ئەبێ، هەر کەسە لە عاستی خۆی، خۆی بە خاوەن هەست و بە خاوەن بڕوا ئەزانێ لە بارەی نووسینی کوردییەوە، ئەمەش کەوا ئەزانێ هەمووی لەبەر خۆشەویستی زمانەکەی و نەتەوەکەیەتی. وا دیاربووە ئەم خۆشەویستییە کردوویەتە کارێ کە شارێگە بنەڕەتیەکە بزر ببێ، کە ئەو لەبەر چاو نەما هەر کەسە توولە رێگایەک ئەگرێ و پیایا ئەڕوا!. بەڵام ئایا ئەم توولە رێگانە ئەیانگەیەننە قۆناغ، یا هەر وا بە وێڵی ئەمێننەوە؟. ئەمە دیارە

وردبوونەوەیەکی ئەوێ:

هەموو نەتەوەیەک لە هەموو چەرخێکا، سەرەتا کە، پێی ئەخاتە مەیدانێکەوە گەلێ کۆسپی دێتە رێ، بە تایبەتی مەیدانی خوێندن و نووسین، کۆسپی ئەم مەیدانە لە کۆسپی مەیدانەکانی تر زیاترە، چونکە ئەم بۆ گوزارشت دانەوە لە مەعانی پێویستێکی زۆری ئەبێت بە وشە، مەعانی پێش وشە پەیدا ئەبێ، کە مەعنایەک پەیدا بوو ئەو وەختە وشەیەکی بۆ دائەنرێ، مەعانیش کانیاوێکی بێ بنە، هەتا لێی هەڵێنجیت هەر لە دوایی هاتن نایە، وشە لە دوایی هاتن دێت، مەعانی هێشتا لە کوێیەتی. کەوابوو ئەرکێکی زۆر زل تووشی ئەو نەتەوەیە ئەبێ بۆ وشەدانان بۆ ئەو هەموو مەعانییە زۆر زۆرانە. هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەرکی مەیدانی خوێندن و نووسین گەلێ قورسترە لە ئەرکی مەیدانەکانی تر. بە تایبەتی نەتەوەیەکی وەکوو کورد کورد نووسینی هەر کۆنەوە بە زمانێکی غەیری زمانەکەی خۆی بووە، تا بکەوێتە سەر رێبازێکی رێک و پێک بۆ نووسینی زمانەکەی خۆی گەلێ سەردەمی ئەوێ. ئەمەو ئەگەر هاتە سەر دانانی وشە بۆ مەعنایەک، ئەمەش نابێ ئیشی تاقە کەسێک بێت، چونکە ئەو کەسە با زۆر زاناش بێ ناتوانێ، وەیا هەقی ئەوەی نییە ئەو وشەیە دابنێ، بەڵکوو ئەمە ئەرکێکە ئەکەوێتە ئەستۆی «ئەرسەنی زانیاری»، ئەبێ کۆڕێک ئەمە دروست بکا، چونکە ئەو «ئەرسەنە» بە هەموویانەوە کەسیەتیەکی مەعنەوی دروست ئەکەن و ئەو مافەیان ئەبێت کە وشەکە دابنێن.

لە رۆژێکی وەکوو ئەو رۆژەدا وا دەر ئەکەوێ کە قەڵەم بە دەستە تازەکانی ئەو رۆژە هەر یەکەیان بە ئارەزووی خۆیان کەوتوونەتە سەر ئەوە بۆ هەر گوزارەیەک - کە نەیانزانیوە - وشەیەکی بۆ دابنێین، دیارە نەتەوەکە لە زمانە رەسەنیەکەی خۆی دوور ئەخاتەوە. زمانی خاوێنی پوختی هەموو نەتەوەیەک - کە کوردیش یەکێکە لەوان - ئاخاوتنی بەرەی نەخوێندەوار و لادێیە، خوێندەوارەکە - شاری بێ یا لادێیی - ئەبێ ئەو رێچکەیەی ئەوان هەڵبگرێ، خزمەتەکە لەوەدایە کە ئەو زمانە خاوێنەی ئەوان بپارێزێ و بیخاتە سەر کاغەز بۆ ئەوە ئەگەر رۆژێک زمانەکە بە هۆی تێکلاوی لەگەڵ زمانانی ترا ئەو رەسەنیەی نەما، ئەوەی سەر کاغەزەکە بۆیان بێتەوە بە شارێگاو بە سەریا برۆن و بیژێیننەوە.

ناوەرۆکی ئەم پەخشانە بە جۆرێکی رێک و پێک ئەوەمان پیشان ئەدا کە لەو رۆژەدا ئەم بوخچە بە گەردانییە هەبووە. هەر چەندە وەکوو وترا ئەگەر سەرەتا جۆرە شتی وا نەیەتە مەیدانەوە، ئەنجام دروست نابێت. نیشانە بۆ ئەمە ئەوەیە کە ئەگەر پاشا گەردانیەکی وا لە ئارادا نەبووایە، نووسینێکی وەکوو ئەم پەخشانە نە ئەهاتە ناوەوە کە

خـەڵکەکـە وریا بکاتەوە بۆ گـرتنی ڕێگایەکی تر. کـەوا بـوو جـۆرە شـتی واو جـۆرە ورياکـردنەوەی وا ئەبێ بە بەردی بناغـە بۆ ئەوە کـە وردە وردە ئەو زمـانە بە تەواوی پێ بگاو بگا بە حەقی خۆی، ئەمە کارەساتی هەموو نەتەوەیەک بووە کە دەستی داوەتە قەڵەم و خزمەتی زمانی خۆی کردووە. ڕوخساری پەخشـانەکەش ڕوخسـارێکە دوورە لە وشەی تازە کوورە. بەبێ گیروگرفتی نیاز ئەدا بە دەستەوە، گرێ و گۆڵی تێدا نییە. کە وابوو ئەم پەخشـانە بە خۆی و بە ناوەرۆکـیەوە بـوو بە نموونە پەخـشـان و بابەتێکی ئەو ڕۆژە بۆ ئەوە مێژوو لە پاشەڕۆژا چاوی پیا بخشێنێ.

* * *

«دکتور عبدالرحمن عبدالله» لە ژێر ناوی «تەندروستی گشتی» کتێبێکی بە پەخشان - کە لە ساڵی ١٩٧٢دا دەستی چاپی گەیشتێ - داناوە، ئەمـەی خوارەوە نموونەیەکـە لەو پەخشانە:

«.........................................................................

تەندروستی ناوچە!

لە تەندروستی ناوچە مەبەستمـان ئەوەیە هەر جۆرێک بێت ڕێگەی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی نەدرێت و ئەو نەخۆشیانەی لەو ناوچەیەدا هەن نەهێڵرێن و ئەو ناوچەیە لەونەخۆشییانە پاک بکرێتەوە، ئەو کەسانەی لەو ناوچەیەدا دەژین هەرکەسە بەپێی تواناو زانیاری خۆی تەقەلا بدا ئەو ناوچەیە لەنەخۆشی پاک بکاتەوەو یارمـەتی دەوائری تەندورسـتی بدا بۆ کـەم کـردنەوەو نەهێـشـتنی نەخۆشی. تەندروستی ناوچە ئاسان نییە، هەمـوو گـەلانی جیـهان هەمـیشـە تەقـەلایانە بۆ پێکهێنانی ئەم تەندروستییە، چونکە ئەو ناوچەیەی نەخـۆشی کەم تێدابێ و تەندروستی دانیشتوانی باش بێت بەری ئیش و کار پتر دەبێ، چونکە ئەو کەسانە لەشیان ساغەو بەهێزو توانای ئیشیان بەو پێیە پتر دەبێ، لەبەر ئەوە دەبینین هەتا تەندروستی باشتر بێ ئەو گەلە پێشکەوتوترو بەتواناتر دەبێ.. هەرچەندە ئەم تەندروسـتـیـیـە گـەلێک زۆری تێ دەچێ و زۆری پێ دەوێت ، بەڵام لەرووی وەڵامیەوە؛ لەوە هەرزانترە نەخۆش بکەون و چار بکرێن و لەئیش وکاریان بن، لەبەر ئەوە دەبینین گەلە پێشکەوتووەکان پتر بایەخ بە تەندروستی پارێزگاری خۆیی و ناوچە دەدەن، بەڵام لەبەر نەخوێندەواری و کەم زانیـاری لە گـەلە دواکـەوتووەکـاندا تەندروسـتی پـارێزگـاری ئەو بایەخـەی پێ نەدراوە؛. بۆ پاراستنی تەندروستی و کەم کردنەوەی نەخۆشی لەناوچەیەکدا پێویستە ئەم پەیڕەوانەی خوارەوە بەجێ بهێنرێت و بایەخی پێ بدرێت:

١- ئاو:

ئاو یەکێکە لە هەرە پێویستییەکانی ژیان، بێ ئاو هیچ گیانلەبەرێک ناژی، بێجگە لەوەی پێویستیەکی ژیانە بۆ زۆر شتی تر بەکار دێنرێت، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەو ئاوانەیە بۆ خواردنەوە و پێویستی ناوماڵ بەکار دێنرێن. ئاوی خواردنەوە زۆر چەشنی هەیە، وەکوو ئاوی کانی و ئاوی چەم و رووبار، وەئاوی زێ و گۆمەکان بێجگە لە ئاوی کانی و کارێز، ئەوانی تر چونکە هەمووی بە دەرەوەن زۆرتر پیس ئەبن و میکرۆبیان تێ ئەچێ. ئەو ئاوەی بەسەر خەڵقدا دابەش دەکرێت و پێویستە زۆر خاوێن و بێ میکرۆب بێ، دەبێ هەمیشە چاودێری بکرێت و هەموو جارێک نموونەی بنێررێت بۆ پشکنینی باکتریولۆجی و کیمیاوی. ئەو ئاوەی بەسەر شارو دێهاتەکاندا دابەش دەکرێت پێویستە لە کۆگای «مخزن» گەورەدا کۆبکرێتەوە، خاوێن بکرێت، پشکنینی باکتریولۆجی و کیمیاوی بۆ بکرێت.

ئەگەر سەرچاوەی ئاوەکە کانی و کارێز بێت، خاوێن کردنی زۆر ئاسانە، بەڵام ئاوی زێی و جۆگە و چەم پاش کۆکردنەوەی لە کۆگای گەورە گەورەدا پێویستە هەتاوێکی باشی لێ بدا، چونکە هەتاو تیشکی سەروو بنەوشەیی تێدایە «أشعه الفوق البنفسجیة»کە میکروب دەکوژێت، لە پاشا زاخی تێ بکرێت بۆ ئەوەی هەر شتێکی تێدایە بنیشێت، دوای ئەوە کلۆری تێ بکرێت بۆ ئەوە هەر میکروبێکی تیدا ماوە بیکوژێت، وەها بە باش دەزانرێت نەختێ فلوریشی تێ بکرێت بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیخۆنەوە دانیان کلۆر نەبێ.

دوای ئەمانە هەمووی ئینجا دابەش بکرێت بۆ خواردنەوەو بەکارهێنان. ئەمە لە شارە گەورەکاندا، بەڵام لەو دێهاتانەی پرۆژەی ئاویان نییە ئەگەر کانی و کارێزیان تێدا بێت دەبێ دەمی ئەو کانی و کارێزە بە چیمەنتۆ هەڵبەسترێت و لەبەر دەمیا ئەستێلێکی چیمەنتۆی بۆ بکرێت و بە لوولەکە ئاوەکە لەو ئەستێلە بێتە دەرێ بە مەرجێ ئەستێلەکە لە کونی لوولەکە بەولاوە هیچ کونی تری تێدا نەبێ. بەو چەشنە ئەو ئاوە لە پیس بوون دەپارێزرێت.

بەڵام ئەگەر هاتو ئاوی دێیەکە لە رووبارو چەم وەرگیرێت، دەبێ پێش بەکارهێنانی، بە زاخ و کلۆرین خاوێن بکرێتەوە ئینجا بەکار بهێنرێت و ئەگەر زاخ و کلۆرین دەست نەکەوت، وەیا نەیانزانی چۆنی بەکار بێنن پێویستە پێش خواردنەوەو بەکارهێنانی بکوڵێنرێت. ئاو لەگەڵ ئەوەدا یەکێکە لە هەرە بە بایەخترین پێویستی ژیان و هیچ گیانلەبەرێک بێ ئاو ناژی، دیسان هەر ئاوە دەبێ بە هۆی بڵاوبوونەوەی گەلێ نەخۆشی کوشندە، لەبەر ئەوە پێویستە زۆر

بایەخ بدرێت بە ئاوو جۆری بڵاوکردنەوەی و دابەش کردنی، وە هیچ نەبێ هەفتەی جارێک لەلایەن پرۆژەی ئاوەوە – مشروع الماء – نموونەی لێ بنێررێت بۆ پشکنینی باکتریولۆجی و کیمیاوی.

.......................................................................«.

دروستبوونی ئادەمیزاد مەگەر هەر خوا خۆی بیزانێ لە چەند هەزار ملیار دەمارو زەڕاتی خوێن دروستبووە؟!. «ویندل ویلکی» سەرۆکی ئاکادیمیەی ئەمەریکا، بوونی خوا بە ریازییات لە ئەندامی ئینسانا ئیسبات ئەکا. ئەڵێ: بە وێنە تەنیا «چاو» حەوت هەڵقەی یەک لە دوای یەکە، ئەوەی کە لە رووەوەیەو لەبەرچاوە لە ملیۆنێک دەمار دروستبووە، ئەوەی لە پشت ئەوەوەیە لە دوو ملیۆن، سێیەم لە سێ ملیۆن تا ئەگاتە حەوتەم کە لە ناوەڕاستی مێشکەوەیە، ئەو لە حەوت ملیۆن دروستبووە. تێکڕای ئەم حەوت هەڵقەیە «٢٨» ملیۆن دەمارە، هەموو بە شێوەیەکی رێک و پێکی هەندەسی بە تەنیشت یەکەوەو لە سەریەک دانراوە، ئەم هەموو ئادەمیزادە کە هەیە هەمووی لەسەر ئەم نیزامە رۆیشتووە، نیزامێکی وا رێک و پێک لە ملیار ملیار ئادەمیدا ئەمە رێکەوتی رێکەوت نییە، ئەبێ دروستکەرێکی توانا هەبێ بۆ ئەوە ئەم پیشە سەیرە بەبێ هیچ ناتەواویەک داینێت و رێکی بخا، ئەگەر هاتو یەکێک ناتەواویەک لە چاویا هەبوو، ئەوە ئەو یەکە بەرهەمی «مصادفە»یە، نەوەک ملیارهای خەڵکەکە. بەم جۆرە تێ بینیەو بەم وردبوونەوەیە ئیسباتی بوونی خوا ئەکا!.

کەوا بوو ئەم چنگە گۆشتە – کە تاکێکی ئادەمیزادە – خۆی بە خۆی گەورەتر فەلسەفەیەکە لە فەلسەفەکانی کەون، هەر لەبەر ئەمەیە کە لەو رۆژەوە دروستکراوە تا ئەم رۆژە، ئادەمیزادەکە خۆی بەشوێن ئەوەدا گەڕاوە کە دەردو بەڵاو نەخۆشی لە خۆی دوور خاتەوە، ئەمەش یا بە خۆپاراستن، وەیان بە داودەرمان. سەردەمەکانی پێشوو وەکوو دەردەکە ئاسان بوو دەرمانەکەشی بەو جۆرە هەر ئاسان بوو. ئەڵێم دەردو دەرمان هەردووکی ئاسان بوو؛ دەرد ئاسان و کەم بوو، چونکە ئەم هاتوچۆ کردنی خەڵک لە بەینی یەکا و ئەم هەموو جۆرە خواردنی هەمە چەشنەو ئەم هەموو تێکەڵاوی نەتەوەکان لە بەینی یەکا ئیشێکی وایان کرد دەردو بەڵا زۆر بێت و لە شوێنێکەوە بە خێرای بتەنێتەوە بۆ شوێنێکی تر. کە ئەمە پەیدا بوو دەرمانەکەش باری خۆی لە ئاسانییەوە گۆڕی بە بارێکی ترا!.

سەردەمەکانی پێشوو بە بەکارهێنانی گیایەک، یا گوڵێک دەردەکە لائەچوو. کە تەنگوچەڵەمە زۆر بوو ناچار ئادەمیزادەکە ئەبێ بکەوێتە فیکری ئەوە کە ئەو دەرمانە

سـادانه هەروا بـە ئاسـانی چاری ئەم هەمـوو دەردە زۆرو گـرانانە ناکـەن، ئەبێ بگەڕی بە دوای ئەوەدا کە شتی تریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەو شتەش زیادکردنی دەرمان و کۆشش کردنە بۆ دۆزینەوەی ئەو هۆیانە کە چاری ئەم نەخۆشییانە ئەکەن. نەتەوەکان ئەمە ئیشیان بوو، وە بەم جۆرە پیا هاتوونەتە خوارەوە، لەگەڵ ئەمەشا ئەوەشیان بۆ روون بووەتەوە کە دەردی وڵات بە دەرمانی وڵات چار بکرێ چاکترو بەکەڵکترە.

ئەمجا کورد؛ کوردیش هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە بێ گومان وەکوو ئادەمیزادەکانی تر نەخۆشی تێدا هەر هەبووە، ئەم نەخۆشیانەی بە داودەرمانی خۆماڵی وڵاتەکەی خۆی چارکردووە، بەڵام نەخۆشی لە وزە دەرچوو. هێشتا ئەوەی بۆ دەرنەکەوتووە کە دەرمانە خۆماڵییەکانی وڵاتەکەی خۆی چاری ئەو نەخۆشییانە ئەکا، کە نەخۆشییەکی لێ پەیدا ئەبێ ناچارە پەنا بەرێتە بەر پزیشکەکانی دەرەوەی، بە نووسراویش لەم بابەتەوە شتێکی بە زمانی خۆی بۆ بەجێ نەماوە تا بیخوێنێتەوەو کەڵکی لێ وەربگرێ وەکوو نەتەوەکانی تر کە بە زمانی خۆیان شتیان هەیە. لەم رووەوە ناو بە ناو هەر لە سەردەمی گۆڤاری «گەلاوێژ» و «نزار»ەوە پزیشکە کوردەکان وتاریان بە زمانی کوردی لە گۆڤارەکانا بڵاو کردۆتەوە، ئەوەیان کردووە تا گەیشتۆتە کتێب، کتێب بە زمانی کوردی. بەم جۆرە هات تا کەوتە دوای ساڵانی «١٩٧٠»، لێرەدا وەکوو بابەتەکانی تر، بابەتی پزیشکیش بە پەخشانی تەواو بۆی پەیدا بوو.

خاوەنی ئەم پەخشانە دوکتور «عبدالرحمن» بابەتێکی پزیشکی و باسکردنی هەندێ لەو نەخۆشیانەو چارکردنیان لە بەینی دوو لاپەڕەی کتێبێکا بە زمانی کوردی ئەخاتە بەردەستمان. پەخشانی ئەم کتێبە گەلێ شت بۆ ئێمە روون ئەکاتەوە؛ یەکێ ئەوە کە وا کوردەکە لە ماوەی سێ چارەکە سەدەی ئەم چەرخی بیستەمە، وە بە تایبەتی تر لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم وەکوو دەستی داوە بە نووسینی گەلێ بابەتی ترەوە بە پەخشان توانیویە دەست بدا بەنووسینی بابەتێکی گرنگی وەکوو چارەسەر کردنی نەخۆشی بێ بەدەرمان، ئەمەش بە زمانی کوردی. من لام وایە ئەم هەنگاوە لەم ماوە کەمەدا گەلێ بە گورترە لە هەنگاوی دراوسێکانی لەو رۆژەوە کە جەنگی یەکەم دوایی هاتووە، چونکە ئەوان بە هۆی سەربەخۆییەکەی خۆیانەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئەورووپادا گەلێ گەلێ زیاتر بوو لە ئێمە، لەگەڵ ئەمەشا بە وێنە عەرەب لە کەلەپووری ئیسلامیدا کتێبێکی زۆری بە زمانی عەرەبی کەوتە بەردەست، ئێمە چی؟!.

یەکێ بە کتێبەکەی ئەوەی چەسپاند کە ئەتوانرێ بابەتێکی وەکوو پزیشکیش – لەگەڵ

ئەوەشا کە ناوی زۆرتری دەرمانەکان ئەوروپییە - ئەتوانرێ بە زمانی کوردی بنووسرێ، یەکێ شکاندنی رچەیە بۆ لەمەودوا بۆ بابەتێکی وا.

کەوا بوو پەخشانی کتێبی «تەندروستی» بە ناوەرۆک و روخسارییەوە نموونەیەکی بابەت و پەخشانی دەرمانکردنی ساڵی «١٩٧٢»ە، کە لەم رووەشەوە زمانی کوردی بەڵگەی خۆی پیشانی رۆژانی داهاتووی مێژوو ئەدا.

* * *

«حەسەنی قزڵجی» لەو داستانانەیا کە لە کتێبی «پێکەنینی گەدا»دا کۆی کردوونەتەوەو کتێبەکە لە ساڵی ١٩٧٢دا دەستی چاپی گەیشتۆتێ پەخشانێکمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

«بیهێنە ئەمما ناوی مەبە!.

کۆشکی ئاغـای وەکـوو کـوندەبەبووی گـەڕۆڵ بە بەر بەرۆچکی دێی «سەرکەل»ەوە هەڵنیشتبوو، لە هێندێ جێ پارسارەی بانەکان کەوتبوونە خوارەوە، لە هێندێ جێش داچۆڕا بوون، دەتگوت دەمی گزیری پیرە لەبەر کرووساندنەوەی ئێسقانی پاشخوان و چەقەی زۆری چەند ساڵە لەگەڵ بێگارچییەکان ددانی تاق و واز کەوتووە و ئەوی ماویشەتەوە خوارو خێچ بووە. لە مێژ بوو پلووسکەکان بەر ببوونەوەو چاییان پێ لێ نرا بوو، شۆلاوگەی باران کەندڕی خستبووە دیوارەکان و دەمیان لە گوندی «سەرکەل» دا پچڕی بوو، دەتگوت قەستیانە ئەو چەند ماڵە رەعیەتەش کە لە دێیلادا ماون بە گاو گوێرو شیناوەردەوە قووت بدەن! ددانیان لە ریچەوە بردبوو لەوە دەچوو نیازیان وابێ خۆیان لە بەندی دیوارەکان رزگار بکەن.

بەشی دەرەوەی قەڵا، دیواخان و پێشخانە، تەویلەو کادێن هێشتا هەر بە پێوە بوون، دیواربان بە دەورەوەو بانیان بە سەرەوە مابوو، بەڵام نە لە تەویلە حیلەی ئەسپ و ماین دەهات، نەلە کادێن سپیایی کای تێدا دیار بوو. لە بن میچ سیسرە دەیانخوێند و لە خواریشەوە قالۆنچە رمبازیبیان دەکرد. ساڵێک بوو فەرشی دیواخانەکە فرۆشرا بوو، بەڕەکانی پێشخانەی لێ راخرابوون. هەموو شتێک لە ماڵی مەجید خان بەرەو سووک و چرووکی ئەڕۆیشت، ئەم بەڕانە نەبێ رێزو حورمەتیان پەیدا کرد بوو، لە پێشخانەوە هاتبوونە دیواخان و جێگای قالییان گرتبووەوە! تاقە حەسیریکێش لە مزگەوت پەڕەوازە ببوو هاتبووە قوژبنێکی پێشخانەکە. دەزگای دەرەوەی مەجید بەگ بە سێ شتەوە دەگەڕا؛ فەرەجی فەڕاش، هەلۆی تانجی، ئێستڕە بۆز، شەوانە ئێستڕە بۆز فەرمانڕەوای شەشدانگی تەویلە بوو، سەربەخۆ دەیزەڕاند، هەلۆ لەسەر کۆنە

حەسیرەکەی پێشخانەو فەرەجیش لە مزگەوت دەخەوتن!. تازە تاو لە ناو ئاوایی کەوتبوو، فەرەج لە مزگەوت هاتە دەرەوە. نۆرەی ماڵی سۆفی رەحیم بوو، چوو سەوەتەیەک کاو جامێ ماستی لێ ئەستاندن، کایەکەی کردە بەر ئێسترە بۆز و ماستەکەی بردە ژوورەوە بۆ بەرچایی ئاغا، هاتەوە لەبەر گوێسوانەی کادێنەکە پێنج شەش لقی دار دەرهێناو کوورەی دیواخانەکەی داخست، هەلۆی لەسەر حەسیرەکە دەرکرد و لە جێگای دانیشت. تاوێکی پێ چوو مەجید بەگ پەیدا بوو، بەکاوە خۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا، لەگەڵ هەموو هەنگاوێک کەوشەکانی قاچیان دەقۆستەوە. هەردوو دەستی نابووە کەلەکەی، رەسمی ئاغایەتی بەجێ دەهێناو لە شنەبای ساردیش شاردبوونیەوە. مەجید بەگ هاتە ژوورەوەو لە پەنا کوورەکە دانیشت. فەرەج وەک دەست بۆ ژیژک بەرێ، سەرینێکی گەورەی چڵکن کە بەرگەکەی لە دوو سێ جێ درا بوو، لای پەنجەرەکەوە لە جێگای دوێنێ ئێوارەی ئاغا دانرا بوو، بە ئەسپایی هەڵیگرت و هێنای لە پشت ئاغایەوە داینا. مەجید بەگ پاڵی داوەو گوتی: بچۆ نان بێنە. فەرەج تاوێکی پێ چوو سینیەکی گەورەی هێنا، دوو نان و پیاڵەیەک ماست و سێ ئیستکان چای لە سەر بوو، لەبەر دەمی ئاغا دایناو چووەوە پێشخانە.

مەجید بەگ بەدەم وتوویژەوە چەند پارووی نان و ماستی خواردو دوو ئیستکانی چا خواردەوە، چاوی بڕیبووە سینیەکەو کەوتبووە دەریای خەیاڵاتەوە. دەستی شارەزای بەر پشتێنەکەی بوو، لە خۆیەوە قوتووە سیغارەکەی دەرهێنا، سیغارێکی پێچایەوە و بە ئاگری کوورەکە دایگرساند. پزیسکێک ئاگر پەڕیە پشتی دەستی، وریا بووەوەو بانگی کرد وەرە لایبە. فەرەج هات سینیەکەی لابرد، مەجید بەگ ناو بەناو مژێکی لە سیغارەکەی دەداو بە وردی دەیڕوانیە میچی دیواخانەکە، تۆڕو رایەڵی جاڵجاڵۆکەی نەدەدی، فیکری دوورتر رۆیشتبوو. لەبەر خۆیەوە دەیبژارد: یەک..دوو.. سێ.. تا گەیشتە «٣٠». فەرەج وای دەزانی ماڵە رۆیشتووەکان دەژمێرێ، لە پێشخانەوە هەڵیدایە وتی: نەخێر، ئاغا «٢٥»ە!. مەجید بەگ ئەوەندە نوقمی خەیالات بوو، گوێ لە فەرەج نەبوو. مژێکی دیکەی لە سیغارەکەدا، دووکەڵ نەهاتە دەمی، قونچکە سیغارەکەی فت کرد، دارجگەرەکەی چەقاندە بەر پشتێنی و هاتە دەرەوە. بۆڕەو هۆڕی گاو گوێر وریای کردەوە، تەماشای کرد ئەوا ماڵێکی دیکەچ خەریکی کۆچ کردنە، تاوێ لووتی داژەندو، لە پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی: بە گۆڕی بابیەوە با بڕوا، داری خانووەکەی بەشی

مانگێکی کوورەکە دەکات. مەجید بەگ ڕۆیشتەماڵەوە، سینییەکە بە سێ ئیستکان و پیاڵەیەکی خاڵییەوە لەوێ دانرا بوو، خەیاڵاتەکەی دیواخان سەری لێ دایەوە. گوتی: ئەرێ خانم! تو پێم ناڵێی ئەم سینییە بۆچی وایە؟. زارا خانم گوتی: سینی چیەتی؟ چۆنە؟

– کچێ ئەوە دەڵێی چی؟ بڕوانە ئەوەندە گەورەیە گێرەی لەسەر بگێرە. لە دیواخان تەماشام دەکرد نانەکانیش بە حاڵ لە قوژبنێکیدا دیار بوون. دیواخانەکەش دەڵێی وشترخانە ئەوەندە بەرزو گەورەیە، سی ئالو داری تێدایە.
– جا بۆ ناڵێی ئەویش لەبەریەک رەویوەتەوە.

– بەڵێ، بەڵێ. ئەسڵەن هەموو شتێک لەبەریەک رەویوەتەوە. کەوشەکانیشم ئەوا بەحاڵ بە پێمەوە گیر دەبن. بڕوانە کەواکەی بەرم، دەڵێی عەبایە، دوانی وەک منی تێدا جێ دەبێتەوە ... کورە قسەی چاک بکە، ئابڕومان دەچێ.. چۆن بڕوا ناکەی؟. توش هەروای، دەڵێی کیژۆڵەی کراسی دایکت لەبەر کردووە. زارا خانم هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: ئەو ڕەعیەتە بێ وەفاو ناپیاوانە بە جێیان هێشتین لە دێیەکی چۆڵ و هۆڵدا، هەر چاکە شێتیش نابین، سەیدی زەمبیل ئاور لە عەمرو ماڵیان بەردات.

میمکە پیرۆز، ژنی لالۆ ڕەحمان، کە بۆ خوا حافیزی هاتبوە لای خانم گوتی: ئەیرۆ، خانم گیان! تۆ خوا بۆ دوعای شەڕ لە هاوماڵەکان دەکەی، ئەوانیش وەک تۆ ڕۆڵەی شیرینیان هەیە.. میمکە پیرۆز، ئەی تۆخوا ئەوە پیاوەتییە لەگەڵ ئێمەی دەکەن، ئەوە وەفاو ئەمەکە، دێیەکەتان چۆڵ کردو ئێمەتان بە تاقی تەنیا بەجێ هێشت؟!.

– خان گیان، بڵێین چی؟ ئەوەی لای خواوە بێ خۆشە. ئاخر چی بکەین بەخوا ئەرکتان زۆر قورسە، تا پێمان کرا خزمەتمان کردن، ئێستاش لە پەڕو پۆ کەوتووین، ناشکوری نەبێ دێیەکە نەگبەت گرتوویەتی، دەڵێین بەشکم خوا لە جێیەکی دیکە دەروویەکی بەخێرمان لێ بکاتەوەو نەگبەت بەرمان دا. خانم، لە قسەکانی میمکە پیرۆز: خوا، نەگبەت، دەرووی خێر ... فیکرێکی بە دڵدا هات و گوتی: میمکە پیرۆز بەدڵیەوە مەگرە، لەگەڵ تۆم نەبوو، ئێوە ڕەعیەتێکی باش بوون، تا توانیتان لەگەڵمان مانەوە، بەخێر چن، خێرتان بێتە ڕێ ...

خانم گیان دەم خۆش، قەت دوعای شەڕ لە خەڵک مەکەن، ئێو نەجیم زادەن، ودمی باش نییە.. بەخێرچی، میمکە پیرۆز بە خێرچی، کارتان ڕاست

بێ.

میمکە پیرۆز ڕۆیشت، زارا خانم قیژاندی بەسەر مەجید بەگدا. عەمرت نەمێنێ.. سەر سەپۆلەی بێ دەم و پل و دەستەوسانە. تۆ کەی پیاوی، منیش نەگبەت گرتمی، چارەم لە چارەی تۆ نووسرا.. دیواخان وەک وشترخان وایەو سینی بۆ گەورەیە؟ ئاقڵ لە مێشکتدا نەماوە، بە دیار ئەو پیرەژنە رەعیەتەوە ئەم قسانە دەکەی، ئەوانە بە خوێنی سەرمان تینوون، هەر دەڕواو دەیلێ، ئاخربەکەی بۆمان دەکاتە بەیت و باوێک و ئابڕوومان دەچێ.. جاری جارانە سینی نانی گەنمە سەرداری شانەوشان داپۆشێ، شەش حەوت قاپ و دەوری لەسەر بێ؟. دوو نانی وەک باڵە مێشوولە سینی لە کوێ پڕ دەکاتەوە، ئاقڵت بەوە ناشکێ لە برساناو لەبەر خەم و خەفەت وەک چیلکە وشک هەڵاتووین، کراس و کەوامان لێ بووەتە عەبا، دیواخان چۆڵ و هۆڵ و رووت و قووت وشترخانە ئەی چییە؟!. تازە بۆم دەبێتەوە ئاغاو لە دیواخانە نان دەخوا؟!. چاکە دێیەکە چووڵەو کەسی تێدا نییە، دەنا دەبووینە پەندو مەخسەرە!.

مەجید بەگ وەکوو قەلەموونە لووتی بەسەر لچیدا شووڕ بوو بووەوە چاوی بڕیبووە عەرزەکە، بەکزییەکەوە گوتی: بڵێم چی؟ منیش دەزانم دیواخان و میواخان وەختی بەسەرچووە. گوتم بەرە جێژنانە، جارێ باوابێ، بەڵکوو رەعیەتەکان رۆژی جێژن جەژنانەمان بۆ بێنن، جا لە پاشا بەرەو مەرەکان کۆدەکەینەوە ... جێژنی چی، تازە بە تەمای جێژنانەی؟ ئەوا ئەمڕۆیش ماڵێکی دیکەیان ڕۆیشت، ماوەتەوە چوار ماڵ، ناگاتە جێژنە ئەوانیش بار دەکەن. بەتەمای جێژنانە خۆت لە سەرمانا دەکوژی؟ هەستە بڕۆ بۆ «زەمبیل» بەڵکوو سەید هیمەتێکمان بۆ بکا، خوا دەروویەکی بەخێرمان لێ بکاتەوەو نەگبەت بەرمان بدا.

مەجید بەگ سواری ئێسترە بۆز بوو، فەرەج کەوتە پێشی و چوونە زەمبیل. نەوەک جاران بارگەو بنەی پێ بوو، نەدیاری و سەوقات، کەس خۆی تێ نەگەیاند!. شەو لێفەکەیان بۆ هێنا لە خانەقا چووە ناو دوو تۆی لێفەکەوە. لە خەویدا لای وا بوو جاری جارانە سەردەمی دەس ڕۆیشتنیەتی. خەبەری بووەوە، بەدەم خەوەوە بانگی کرد کێ لەوێیە؟. فەرەج گوتی: بەڵێ ئاغا.. شتێکم پێ دادە سارده.. هیچ نییە، جلی ئێسترەکە نەبێ... بێ دەنگ بە سەگباب. تاوێکی دیکەی پێ چوو، سەرما زۆری بۆ هێنا، بانگی کرد: فەرەج شتێکم پێ دادە زۆرم سەرمایە. فەرەج گوتی: هەر جلە ئێسترەکە هەیە، هیچی دیکە نییە. مەجید بەگ گوتی: وس بە کەرە.

چاوی چووە خەو لە خەوێدا زارا خانم لێی بە دەمدا هاتووە، گەزارە دەکێشێ و ئەوی بەسەر زاری دا دێ پێی دەڵێ. داچڵەکا، لە سەرمانا دەلەرزی گوتی: فەرەج زۆرم سەرمایە عیلاجم بکە. فەرەج گوتی: ئاغا بەم شەوە کێ چاوی لێیە، قەی چی ئەکا، باجلی ئێسترەکەت پێ دادەم. مەجید بەگ گوتی: باشە بیهێنە ئەمما ناوی مەبە!.»..

بۆ چی تۆ لات وایە گەدا هەر ئیمڕۆ هەبووە؟. ئەگەر لات وابێ وانییە، بەڵکوو لەو ڕۆژەوە کە دنیا دنیا بووە، گەدا هەر هەبووە. بەرانبەر بەم گەدایە خاوەن دەسەڵاتیش هەر هەبووە. ئەوی نەبوو بێت «هەست» بووە کە نەبووە، ڕاستە هەست نەبووە، ئەگەر ببوایە ئەو گەدایە نەدەبوو، وەکوو ستەمکارەکەش هەر نەدەبوو. ئەی چی ئەبوو؟. ئەوە ئەبوو کە نەشیش بسووتێ نەکەباب!. ئەهرامە گەورەکانی میسر ئەوەمان پیشان ئەدەن کە گەدا هەر هەبووە، ئەگەر گەدا نەبوایە ئەو ئەهرامانە بە خۆڵی کۆڵی ئەوان نەدەکران. گەدا هەر ئەوە نییە کە دەست پان بکاتەوە بۆ ئەوە تۆ پوولێکی بدەیتێ، بەڵکوو ئەوەش هەر گەدایە کە ئیشێکی بە سوخرە پێ بکرێ و دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ بڵێ نایکەم، جنێوێکی بە ناحەقی پێ بدرێ و نەتوانێ بڵێ: بۆچی جنێوم ئەدەیتێ. هەر وەخت ئەوە پەیدا بوو کە نیزامێکی کۆمەڵایەتی ڕێک و پێک هاتە ناوەوە، ئەو وەختە گەدا نامێنێت، ئەوەش هەر نابێت، کەواتە گەدا هەر ئەبێت!. لام وایە لە هەموو دەورێکا ئەم نیزامە ڕێک و پێکەش بە قسە هەر هەبووە، بەڵام تەتبێقی نەبووە، کە تەتبێق لە قسەو کردەوەدا نەبوو گەدا هەر ئەبێت. یاساکانی کوورش و حامورابی و چەنگیز خانی مەغوولی و دەستوورە ئاسمانییەکان هەموویان باش بوون بەڵام تەتبێق نەبوو، لەبەر ئەوە بوو کە گەدا هەبوو، هەر لەبەر ئەوەشە کە گەدا هەر ئەبێت. مێژوو خۆی دەوری خۆی ئەکاتەوە، مەرج نییە ئێمە لێی تێ بگەین!.

لەبەر ئەوە کە گەدا لە ناو هەموو نەتەوەیەکا هەر هەبووە، دوور نییە هەموویان لەو بابەتەوە شتیان وتبێت و شتیان نووسیبێت، وەکوو فارسیش هەر نووسیویەتی، ئەوا کوردیش لێی نووسی، جا فارسییەکەی دیبێ یا نەیدیبێ ئەوا لێی نووسی. ئەوەندە هەیە نووسینی لە جەرگەی کۆمەڵایەتییەوە زیاتر دەرهاتووە تا ئەوانیتر، چونکە کۆڵ هەڵگر هەر گەدایە، کڕیاری بازرگانەکان هەر گەدایە، مسکێنی لادێیکان هەر گەدایە، ژێر دەستی زەفتیەو میرییەکان هەر گەدایە، فێڵ لێ کراو هەر گەدایە ... هتد. ئەم داستانانە بە جۆرێکی تامدارو بۆندار لە شێوەیەکی نیوە موکریانی و بە زمانی کوردییەکی پەتی

ئەکەوێتە بەر دەست، هیچ دەم چەورانەی تێدا نییە، لە واقعی کوردەوارییەوە قسە ئەکا.

بەڵێ! ئەم جۆرە قسانەو ئەم جۆرە فیکرانە کەوتە ناو فیکری کوردییەوە. ئێمە سەیری ئەوە ناکەین کە تۆ باوەڕت بە بیرو رای خاوەن پەخشان چۆنە، بەڵکوو سەیری ئەوە ئەکەین کە ئەم پەخشانە لەم رۆژەدا لە واقعێکی کوردەوارییەوە قسەی کردووە؛ لەوەوە قسەی کردووە کە هەر دەستەیەک تەڵەیەکی ناوەتەوە بۆ پێوەبوونی دەستەیەکی تر، ئەمانە هەر لە زووەوە ئەم تەڵەکارییەیان کردوە، بەڵام هەمووی لە ژێر پەردەدا بووە، ئەو رۆژە بەهۆی هەر هۆیەکەوە بوو، بیری هەندێ کەس رووناک بووەوە و ئەو پەردەیە هەڵدایەوە، ئەو دیوی پەردە بە تەواوی دەرکەوت. جا ئەم پەخشانە نموونەیەکە بۆ پەخشان و بۆ بیری ئەو ساڵانە.

لەگەڵ ئەمانەشا ئەبێ ئەوەش هەر بزانین کە گەداکەی ئەو رۆژە بوو بە خاوەن دەسەڵات و ساماندار و ئاغاکە بوو بە گەدا. کەوا بوو «هێز»ە گەدا ئەکا بە ئاغاو ئاغا ئەکا بە گەدا!.

***

«دوکتور ئیحسان فؤاد» لە ژێر ناوی «لۆرد بایرۆن» لە ژمارە «٥»ی گۆڤاری «نووسەری کورد» ساڵی «١٩٧٢»دا وێنە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«بەرهەمەکانی بایرۆن تێکڕا ئەتوانرێت بکرێت بە سێ بەشەوە؛ سەردەمی یەکەم «١٨٠٧-١٨٠٩» کە هێشتا لە ژێر دەسەلاتی شیعری کلاسیکی ئینگلیزیدایە. ئەم سەردەمە سەرەتای تەقینەوەی بەهرەی شاعیرە، بۆیە هێشتا رەوشتی تایبەتی و جیاکەرەوەی شێوازی بایرۆنی بە شێوەیەکی رووت پێوە دیار نییە. سەردەمی دووەم «١٨٠٩-١٨١٧» کە بایرۆن وەک شاعیرێکی رەسەنی رۆمانتیکی خۆی ئەنوێنێ و ناوبانگی وڵاتەکانی ئەورووپا ئەگرێتەوە. سەردەمی سێهەم «١٨١٨-١٨٢٤» لەم سەردەمەدا، شاعیر سۆزی رۆمانتیکی خۆی تێکەڵ ئەکات بە سەرنجێکی رەخنەگرانە و نیگار کێشانێکی ریالیستانە. سۆزی رۆمانتیکی لە هۆنراوەکانی بایرۆندا گەلێ پەلوپۆی رەنگینی لێ ئەبێتەوە کە لە ژمارەی پێشوودا لە باسکردنی «چایلد هارۆلد»دا بە شێوەیەکی گشتی هێندێ لایەنیمان روونکردەوە. بایرۆن گەلێ هونراوی کەی هەیە کە بەشێکی گەورەی یاداشت نامەیەکی دڵداری و یادگاری سەردەمی لاویی شاعیرە. بەشێ لەم هۆنراوانە برێتییە لە گفت و گۆیێکی گەرم لەگەڵ دۆست و خۆشەویستەکانیدا. ناوەرۆکی بەشێکی بەجێی ئەم بەرهەمانە، بێزاری و خەمگینی و بەرچاو تاریکی شاعیر دەر ئەخا. تاوێک ئاوارەیە، دەمێک بێ کەسە، دەمێ دڵگوشراو و چاو پڕ لە ئەسرینە.

........................................................................

لەم بابەتە بایرۆن گەلێک هۆنراوی تری هەیە کە تاوێک تیایا باسی ئەو قژە ئاڵتوونییە ئەکات کە بە پەنجەکانی یاری پێ کردووە. یا ئەو سنگە نەرم و سپییەی دەستی پێ گەرم کردۆتەوە. یا ئەو لێوانەی بەبێ دەنگی بە هەناسەی خۆشەویستی و حەزو ئارەزوو گوڵبارانیان کردووە.

ئەمە وای لە هەندێ رەخنەگر کردووە، کە وێنەی شاعیر تەنها بەم رەنگانە بکێشن و بازدێکی گەورە بدەن بەسەر لایەنە گەشەکانی کەی بەرهەمەکانیا، بە زۆر و کەم باسی نەکەن، لە کاتێکدا بایرۆن زۆر لەوە بەهرەدارترو مەزنترە کە تەنها لەم چوارچێوەیەدا بخرێتە بەرچاو. بایرۆن شاعیرێکی دڵسۆزی سەردەمەکەیەتی، شارەزاییێکی گەورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیێتی، مرۆڤایەتی خۆش ئەوێ و ئازادی خوازێکی کوڵ نەدەرە کە نەک هەر بە هۆنراوە، بەڵکوو لەکاتی دەربەدەری و ئاوارەییدا، هاوبەشی بەشێک لەم جووڵانەوانە بووە، چ لە ئیتالیاو چ لە یۆناندا.

لەم ئارەق رشتن و رەنج کێشانەدا، شاعیر گەشترین گوڵی تەمەنی بەخت کردووە، کارەساتەکانی شۆڕشی فەرەنسای مەزن - کە لە سەرەتایدا پەنای هیوای ئازادی گەلان و قەڵای ئاڵای سووری شۆڕش و برایەتی و یەکسانی و ئازادی بووە - هاتنی ناپلیۆن و خۆکردنی بە ئیمپراتۆر، لادانی لە دروشمەکانی شۆڕش، تێک شکانی هیوای میللەتانی کە ... ئەمانە هەمووی لە دەروون و دەمارو خوێنی شاعیردا سەردەمێک ژیاون و لەگەڵ تێکشکانیانا هەستیان پێ شێل کردووە و رێی ئازادییان لێ بەستۆتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەو پەڕی نائومێدیدا، مەسەلەی ئازادی گەلان هەستی مرۆڤایەتی لە بایرۆن جیا نەبۆتەوەو هەرگیز نا ئومێدی وای لێ نەکردووە وەک هێندێ شاعیری تر ببێ بە لایەنگری تەخت و تاجی قەڕاڵ و قەڕاڵیچەکانی نوێنەری بەرەی تاریکی و کۆنەپەرستی.

........................................................................

لە ساڵی «١٨١٦»دا بایرۆن لەگەڵ شیللی هاوڕێیدا ئەچێت بۆ سەیری کۆشکی «شێلۆن» لەوێ چیرۆکی لاوێکی شۆڕشگێڕ ئەبیستێ کە «بۆنی ڤادر»ی ناوە. ئەم لاوە بەپێی ئەو چیرۆکە، چوار ساڵ لە ژوورێکی ژێر زەمینی ئەو کۆشکەدا حەپس کراوە بە هۆی بیروباوەڕی ئازادی خوازانەیەوە. ئەم رووداوە بایرۆن ئەجووڵێنێ و بۆ گیانی لاوی خەباتگێڕ، هۆنراوێک رێک ئەخا

که تیا ئەڵێ:.............................................................................................

«بلینسکی» رەخنەگـری هەرە گـەورەی سـەدەی نۆزدەهەم لە رووسـیـا ، دەربارەی ئەو رەخنەگرانەی کە هۆنراوەی بایرۆنیان تەنها بەخەم و هەڵچوون و هەوەسکارییـێکی یەک تـەنی - فـەردی - لێک ئەدەنەوە رایەکی پەسـەند دەرئەبڕێت، کاتێک ئەڵێ:

هەر بەوەی لە مـێـژووی ژیانی هونەرمـەندێکەوە ئەوەندە بزانن کـە ئەو هونەرمەندە خەمبار بووە، ئەم رەخنەگرانە وا ئەزانن گوایە کلیلی نهێنی خەم و پەژارەی ئەو کـەسـەیان دۆزیوەتەوە!. هەروا بەم ئاسـانیـەش ئەتوانرێ بەرگی خـەمـاویی هۆنراوەکـانی بایرۆن لێک بدرێتـەوە. وەختـێکی زۆریشی ناوێ و رەخنەکەش پەسەند ئەکرێت. بەڵام ئەو هۆیانە چین کە گیـانێکی وا گەرم و بە بەهرەی شاعیرێکی وەک بایرۆنی وا لێ کردووە لە خەمدا نقوم ببێت؟. شتێکە کـە بەلایا ناچن و هەواڵێکی کـۆنە. لە کـاتێکا ئەمـەیە ئەو پرسـیـارەی کـە پێویستـە وەرامی بدرێتەوە. بەشێک لەم رەخنەگرانە، ئەمە ئەخەنە پاڵ ئەوەی کـە بایرۆن لە دەروونیـا نەخـۆش بووە، یا مـرۆڤـێکی دوو دڵ و رارا بووە، یا نەخۆشی «قورحە»ی بووە..هتد. ئەم رەخنەگرانە کە ئەم را ساکارانەی ئەوان، زۆرتر لە ناو ورگیانەوە سەر دەرئەکات، زۆر بێ بایەخترو تەنگە بەر ترن لەوەی رووداوێکی وا مـەزنی وەک هۆنراوەکـانی بایرۆنی پێ لێک بدرێتـەوە. هیچ شاعیرێک لە خۆیەوە نابێت بە شاعیرێکی مەزن، نەبە خەفەتی تەنهایی، نەبە بەهرەی تایبـەتی خۆی. شاعـیر وەختێ ئەبێ بە شاعـیرێکی مەزن کە رەگ و ریشـەی خەم و پەژارەی، قـووڵ بکشـێنە جیـهـانی کـۆمـەڵایەتی و مـێـژووی سـەردەمەکـەیەوە. هەر لەبەر ئەمەش ئەو شاعـیـرە ئەبێت بە ئەندام و نوێنەری کـۆمەڵ و وەخت و مـرۆڤـایەتی. کـەواتە بۆ ئەوە بەشـێـوەیەکی راست لە خـەم و خـەفـەتی شـاعـیـرێکی وا گـەورە تێ بگەین، ئەبێت یەکـەمـجـار سـەیری نهێنییەکانی سەردەمی بکەین کە لە بەرهەمەکانیا دەری بڕیون.

بەڵێ! هۆنراوەکانی بایرۆن سەرچاوەیەکی ئازار و خەمـە. لاوانەیە.. بەڵام لاوانەوەیەکی پڕ لە شـانازی. زۆرتر بەخـشـینی تیـا دایە وەک لە پاڕانەوە. «پرۆمیـثـوس»ێکی بەسـتـراوەیە بە لووتکەی قەفـقـاسـەوە. بەسـەر بەرزییـەوە ئەجـەنگێ بەرامـبـەر هەمـوو شـتـێکی نالەبار. لە دەورو پشـتی ئێـسـتـایداو ئەڕوانێتە پاشەڕۆژ. لەم هەڵچوون و شۆڕشەیدا، پشتی بە خۆی بەستووە، لەم لووتکە گەشـەوە ئەڕوانێـتـە سبـەینێ مـرۆڤـایەتی. لە سنگیـا خـەم و ئازاری ملیـۆنـەهای هەڵگرتووە. مـرۆڤـایەتی خـۆش ئەوێ. بەڵام بە چاوی سـووکی و

کینەوە سەیری ئەو خەڵکانە ئەکات کە لە ناویانا ئەژی، چونکە لە نێوانیانا تەنهاو زۆر لێ کراوە. بە خەباتی پڕ لە شانازییەوە و بە ئازارو خەفەتی بێ پایانیەوە.

لە ئیتالیا، بایرۆن تووشی خۆشەویستییێکی بە تین بوو لەگەڵ «کۆنتێساتێرێزا»دا کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو بە ناوبانگ بووە، وە لە رێی پێناسینی ئەمەوە توانی هاوبەشییێکی گەرمی جوولانەوەی ئازادیخوازانەی میللی ئیتالیا بکا.

........................................................................».

لەم کتێبەدا نموونەی ئەو پەخشانانە کە لە زمانی بێگانەوە خرابوونە سەر زمانی کوردی، لە ساڵەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا خرانە بەر چاو. بەڵام وەکوو لەگەڵ رەوڕەوەی رۆژدا بیرو باوەڕ پەردەیەکی تری بەسەرا دێت، قەڵەمی کوردی-ش بەهۆی چوونە ناوەوەی ئەو خوێندەوارانەوە کە بەرە بەرە پەیدا ئەبن و سەر ئەبەنە ناو کوناو رۆژنەی زمانەکانی ترەوە، ئەویش بەو جۆرە پەردەی دێ بە سەراو زاخاوی خۆی ئەداتەوە؛ ئەوەی بۆ پەیدا ئەبێ کە وەکوو چۆن سەر ئەکێشێتە ناو مێژووی گەلانەوە بەو جۆرەش سەر بەرێتە ناو دەروازەی ئەدەبییاتیانەوە؛ فێری ئەوە ئەبێ کە ئایا ئەدەبییاتی گەلەکانی تر قسە لە چ جۆرە بابەتێکەوە ئەکەن؟ و چۆن ئەچنە ناخی ئەو شتانەوە کە کۆسپن لە رێگای بووژاندنەوەی گەلەکەیانا؟. بابەتێکی وەک ناوەرۆکی ئەم پەخشانە گومانی تێدا نییە کە لە پێش شەست، حەفتا ساڵ لەمەو پێشتر نەگەیشتۆتە کوردەواری، چونکە هێشتا فێری ئەو زمانە نەبوو بوون کە لە بابەتی وا بگەن. کردوکۆشی زەمان ئەوەی هێنایە پێشەوە کە، لە، کورد بچێتە وڵاتانی دەرەوە ببینێ و لە جۆری ژیانیان بگاو لەوە بگا کە خاوەن قەڵەمەکانی ئەو وڵاتە لە چ تەقەلایەکدان بۆ قەڵاچۆ کردنی ئەو شتانە کە ئازاری گەل ئەدەن. لەمەوە ئەوەی ببیرا دێت کە ئەو چەشنە ئازارانەش لە وڵاتەکەی ئەویشا هەیە. ئەم هەستە ئەیخاتە سەر ئەوە کە راستەو راست کەم و کووڕی وڵاتەکەی بخاتە بەرچاو، وە یا لە جۆری هەستی ئەو وڵاتە وەیا پەخشانیان بێنێت، بیکا بە پەخشانی زمانەکەی خۆی و بیدا بە هاو خوێنەکانی. دیارە ئەم جۆرە کردەوانە هەنگاوێکە لەم هەنگاوانە کە نەتەوە بە تێکڕایی و نەتەوەوەی کورد بە تایبەتی ئەینێ.

ئەم پەخشانە ژیان و بەسەرهاتی هۆنەرێکی هەڵکەوتوو لە بنەماڵەیەکی بەرزی ئینگلیز ئەگێڕێتەوە کە نزیکەی دوو سەدە لەمەو پێشتر ژیاوە. مەبەست ئەوە نییە کە ئەم

هۆنەرە لەو مێژووەدا ژیاوە، چونکە هەر وەخت ژیابێ هەر بۆ نەتەوەکەی خۆی ژیاوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە: کە کابرایەکی وا بە دەسەڵات لە سامانی دنیاییدا چۆن کەوتۆتە سەر ئەوە کە بۆ بێ دەسەڵات و کرێکاران بکرۆزێتەوە!. تۆ بڵێی ناتەواوی لە شەکەی – کە بە «شەل»ی هاتۆتە دنیاوە – بوو بێت بە گرێیێک لە دڵیاو ئەو هەستە پێ پەیدا کردبێ!. دیسان ئەمەش هەر مەبەست نییە، بەڵام ئەمە مەبەستە کە لە پێش دوو سەدەدا لە وڵاتێکی سەرمایەداریدا هی وا هەبووە لایەنی بێ دەسەڵاتان بگرێت، کەچی ئێمە نەمانزانیوە شتی وا هەبووە تا کەوتۆتە ئەم دەورەیە ئەو وەختە ئێمە بەمەمان زانی!

کەواتە ئەمە ئەوەمان پیشان ئەدا کە بەربەرەکانێ لە نێوانی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتا، سامانداروو بێ سامانا، لە هەموو چەرخێکاو لە هەموو وڵاتێکی پاشکەوتوو و پێشکەوتوودا هەر هەبووە جا با ئێمەش نەمانزانیبێ. ئەمە ناوەرۆکی پەخشانەکە. روخسارەکەشی گوزارشت و وشەی وامان ئەخاتە بەرچاو کە تا ئەو مێژووە بەو جۆرە رێختە کەمتر کەوتۆتە بەرچاومان، لەگەڵ ئەوەشا وشەو رستە هەمووی کوردی خۆماڵییە، مەگەر هەندێ تاکە تاکە نەبێ. کەوا بوو ئەم پەخشانە بوو بە نموونەیەکی پەخشانی کوردی سەردەمی خۆی لە بابەتێکەوە کە بەسەرهات و بیری پیاوێکی بێگانە بووە.

***

«رەمزی قەزاز» لە ژمارە «٢»ی ساڵی «١٩٧٢»ی گۆڤاری «شمس کردستان – رۆژی کوردستان» لە ژێر ناوی «سەلاحەدین شیاوی شانازییە بۆ کورد» دەقی پەخشانێک پێک دێنێ و ئەڵێ:

«بەداخەوە ئەڵێم: زۆر نارەوایە بە صلاح الدینی ئەیوبی بوترێت ...! رەخنە ئەبێ لە جێی خۆیا بێت. جنێو و ناوو ناتۆرەش هەروەها!.

لە مێژووی هەموو نەتەوەیەکی سەر زەمینا کەڵە پیاو و پێشەوای گەورە و ناودارو لێهاتوی وا هەڵکەوتووە کە نەتەوەکانیان لە لاپەڕەکانی مێژوویاندا شانازییان پێوە کردوون، وە کردەوەو کرداری نەتەوەکەیان کە لە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکانی تریشا تۆمار کراوە، ئەزانین بۆ هەموو کردەوەو کارەسات و کردارێک شوێن و کات و زرووف پێویستە، کە بگونجێن لەگەڵ ئەو کردەوەو کردارەداو لەگەڵ مەبەست و مەرامە ئاشکراو نهێنییەکانیان و کردنی ئەو کردەوەو کردارە کە دەکرێت. و هەروەها باری سیاسی ئەو کات و زرووفەو ئەو وڵاتەی کە ئەو کردەوانەی تیا دەنوێنرێت و تیا روو ئەدات. ئایا ئەو وڵاتەی ئەو پێشەوایە کارگێڕی ئەو کاروبارەی تیا گرتۆتە دەست و سەرکردەیی دەکات

ولاتی خۆبەتی و نیشتمانیەتی؟.

وە ئەو نەتەوەیەی کە ئەو ئێستا پێشەوایەتی ئەکا لە خاکاکەیا سەرکردایەتی ئەکا، بەدڵ لەگەڵ بیرو باوەڕی ئەم پێشەوایە دایە کە خۆی لەو نەتەوەیە نییە و بێگانەیە پێ؟. ئایا ئەو نەتەوەیە قایل دەبێ بەوەی کە ئەو پێشەوا بێگانەیە لەو خاکەدا حوکمڕانیەک پێک بێنێت بە ناوی نەتەوەی خۆیەوە کە زۆر دوورە لەو خاکەوە؟.

ئایا ئەو پێشەوایە کە داگیرکەر نەبووە هێزو سوپایەکی تایبەتی وای هەبووە کە بتوانێ ئەو حوکمڕانیەی دایدەمەزرێنێ لەو ولاتە بێگانەیەدا بە ناوی نەتەوەکەی خۆیەوە بپارێزێت لە فەوتان؟.

بێ گومان نەء! چونکە ئەو پێشەوا بێگانەیە وەک داگیرکەرێک بە لەشکرێکی گەورەوە نەهاتووە ئەو ولاتانە داگیر بکا تا کەس نەتوانێ دەست بێنێتە بەری، بەڵکوو وەک کۆمەڵێکی پەنابەر لە ولاتێکی دوورەوە هاتوون، وە بە هۆی رەوشت و خووی جوان و ئازایی و دلێری و سوارچاکی و خانەدانی خۆیانەوە جێیان بوتەوەو رێزیان لێ گیراوەو گەیشتوونەتە بەرزترین پلەی سەرکردایەتی دەوڵەت، وەک صلاح الدینی ئەیوبی. لە زرووف و کاتی حوکمڕانی صلاح الدین دا زرووف و کاتی نەتەوایەتی و تەقەددومییەتی ئێستا نەبووەو ناویشی نەبووە، برایەتی دینی لە ناوا بوو، وە سیاسەت لەسەر سیاسەتی بە هێزکردنی دینی ئیسلام و پاراستنی دەسووڕایەوە، هەرچێ دەکرا بەناوی ئیسلامییەتەوە دەکرا، جیاوازی نەبوو لە نێوەند صلاح الدین کە کوردێکە و لە نێوەند سەرکردەیەکی تورک و سەرکردەیەکی فارس و یەکێکی عەرەبدا، بزووتنەوە هەمووی بەناوی ئاینەوە بوو. لەو مێژووەدا زەنگی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیموکراتییەت هێشتا دەنگی نەدابووەوە لە ناوچەکانی رۆژهەلاتی نزیک و لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستاو لە ئاسیاشا. صلاح الدین لە کوردستانەوە گەیشتە قاهرە، بەهۆی رەوشت و خووی جوان و دلێری و چالاکی و ئازایی خۆیەوە بوو بەشاه و سوڵتان، هەموو هێزی دیانەکانی ئەوروپای بەزاند، وە ولاتی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی رزگار کرد لە دەست هێرشی گەورەی لەشکری «اهلی صلیب، وە شوێنێکی گەورەی بۆ ناوی خۆی تەرخان کرد لە لاپەڕەکانی مێژووی عەرەب و ئیسلامدا کە بە شانازییەوە ئەم کردەوە جوانەی بۆ تۆمار کرا کە قارەمانێکی کوردە.

لەبەر ئەوە نابێ ئەمڕۆ لەم چەرخەدا کە ئێمە تیا دەژین کە چەرخی رزگاری نەتەوە دواکەوتووەکانە، وە چەرخی ئەتۆم و چوونی ئاسمان و مانگی

دروستکراوو چوونە ناو مانگە، نابێ ئێمە بەم پارسەنگانەی ئەمڕۆی خۆمان و زرووفمان، کات و زرووفی صلاح الدین لە تەرازوویەکا پارسەنگ بکرێن و بەراورد بکەین، ئەبێ بە تەرازوو سەنگی ئەو زرووف و کاتەی ئەوی تیا بووە پارەسەنگ بکرێن و لەگەڵ ئێستاماندا بەراوردی کەین. نابێ رەخنە لە صلاح الدینی ئەیوبی بگرین، چونکە رەخنەکەمان نارەوا ئەبێ لای پیاوی راست و تێ گەیشتوو.

زەنگی نەتەوایەتی و دیموکراتی لە ساڵی «١٩٠٨» زاینیدا لە کاتی بڵاوکردنەوەی دەستوورا لە ئەستەمووڵ حوکومەتی عوسمانی ئەم زەنگە لێ درا و زرنگەی بە هەمــوو ناوچەکــانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی نزیکا بڵاوبووەوە و ئەفسەرە لاوەکانی تورک کەوتنە بڵاو کردنەوەی جیاوازی تورک و رەگەزەکانی تر، ئەوانەی کە رەگەزیان تورک نەبوو تەنگیان پێ هەڵچنرا هەموو کەوتنە خۆیان و هەر یەکە لە لایەکەوە کەوتە خۆی.

نەعرەی نەتەوایەتی لە کاتی حوکمی صلاح الدین دا هەر ناوی نەبووەو هەستیشی پێ نەکراوە. لەبەر ئەوە نابێ ئێمە سەرزەنشتی صلاح الدین بکەین و بڵێین کە هیچی بۆ کورد نەکردووە، ئیتر بۆچی شانازی پێوە بکەین؟!. صلاح الدین لە وڵاتێکی بێگانەدا وەک میسر، لەناو میللەتێکی تێکەڵاو لە عەرەب و تورک و فرس و نەتەوەی ترا بووە سوڵتان، زرووف و سیاسەتی ئەو وەختە رێی نەئەدا کە حکومەتێکی کوردی دروست بکاو لە رێبیی ئیسلامییەت لابدا، چونکە لەو کاتەدا تەنیا بەناوی ئیسلامەوە حوکمڕانی دەکرا، وە بەناوی نەتەوەکانی ترەوە نەبوو. لەبەر ئەوە ئەو هێرشەی کە ئێستا لەلایەن هەندێ لە لاوە خوێندەوارەکانمانەوە دەکرێتە سەر صلاح الدینی ئەیوبی ، لام وایە زۆر ناڕەوایەو لە جێی خۆیدا نییەو لە رووی خوێندەواری و رۆشنبیرییەوە نییە، ئەگینا قارەمانێکی وەک صلاح الدینی ئەیوبی ئەبێ شانازی پێوە بکرێت، چونکە لە هەر مێژوویەک لە مێژووی نەتەوەکانی جیهاندا ناوی ببرێت، بەناوی قارەمانێکی کوردەوە ناو دەبرێت: کە رۆڵەیەکی کوردی وەک صلاح الدین لە کوردستانەوە گەیشتۆتە میسر، لەوێ لەبەر خۆشەویستی و ئازایی و چالاکی ببێ بە سوڵتان، وە هەڵسێ بەو کردەوە گەورەیە کە مێژوو شانازی پێوە دەکا. جا پیاوێکی وا، رۆڵەیەکی وا قارەمان ئەبێ شانازی پێوە بکرێت، یان پێی بوترێت ... وجنێوی پێ بدرێت؟!.. ئەمە رەوایە توخوا کاکە!!.»..

منالێک کە ئێستە دێتە دنیاوە لەگەڵ پیاوێکی هەشتا ساڵیدا ئەقڵەکەیان بە ئەندازەی یەکە، چونکە هەردووکیان وەکوو یەک ئەو هێزی ژیریی و هێزی ناتقییەتەیان

تێدا هەیە، ئەوەندە هەیە پیاوە هەشتا ساڵییەکە، کەشت زۆرتر ئەزانێ لەبەر ئەوەیە کە تاقی کردنەوەی زۆرتر بووەو تاقی کردنەوەکە کردوویە بەو پیاوە. مناڵەکە هیچی نەدیوە، ئەویش کە گەورە بوو وەکوو ئەوی لێ دێت.

پیاو لە سەردەمی گەنجی و لە دەمەدەمی هەراشیدا بەلایەوە وایە کەشت هەر ئەوەیە لەبەر چاویە و هەر سەیری ئەو بەرچاوە ئەکا، ناچێتە ناخی شتەکەوە تا دیوی ناوەوەشی ببینێ، چی ببستبێ و چی ببینێ بەلایەوە هەر ئەوەیە. کە تاقیکردنەوەی دی و دێوجامەی رۆژگاری چاوپێ کەوت ئەو وەختە خەبەری ئەبێتەوە!.

وەکوو لەگەڵێ شوێنی ئەم کتێبەدا وتراوە: قسەو باسێک کە لە ناوا هەبوو ئەو قسەوباسە ئەبێ بە بابەتی نووسینی نووسەرێک. لە سەردەمی خاوەنی پەخشانی «سەلاحەدین شیاوی شانازییە بۆ کورد» وا دیارە ئەو قسەیە لەناو دەستەیەکی تایبەتیدا هەبووە – کە هەندێ گەنجە خوێندەوارەکان بوون – کە صلاح الدين هیچی بۆ کورد نەکردووە و هیچ نەبووە!. خاوەنی پەخشان بە دەمیانا چووەتەوەو دەنگی خۆی داوەتەوە بە روویانا. بێ گومانم ئەو گەنجانەی ئەو سەردەمەو خاوەنی ئەو جۆرە قسانەی ئەو وەختە، ئەگەر دەقی خاوەن پەخشانیشیان نەدیبێ، تاقیکردنەوە ئێستە هێناونیە سەر ئەو باوەڕە کە صلاح الدين ئەو صلاح الدينە نییە کە ئەوان بەو جۆرەی لێی تێ گەیشتبوون.

یوسف صلاح الدينی ئەییوبی «١١٣٧-١١٩٣»م.

حوکومەتە ئیسلامیەکانی ئەو سەردەمە لە بارێکا بوون کە ئەورووپا بەناوی دینەوە کەوتبووە سەر ئەو نیازە کە ئەم حوکومەتانە نەیەڵێ و وڵاتی ئیسلام داگیرکا، بە هەموویانەوە «جەنگی خاچ»یان دروست کرد، بەم ناوەوە عێلجارێک لە ئیسلام کرا. لە رۆژێکی وا نازگا صلاح الدينی ئەییوبی هەڵکەوت، جەنگی خاجی هەپروون بە هەپروون کرد، قودسی داگیرکرد، بوو بە خاوەنی رۆژی «حطين»، لە «نوبە»وە تا ئەرمەن، تا وڵاتی جزیرەو موسڵ، تا تەبەرییەو عەکاو یافاو بێروت کەوتە ژێر دەستی، سەری بە سێ پادشای ئەڵەمانیاو فەرەنسەو ئنگلیز – فەردریک، فیلیب و رتشارد– دانەواند، وڵاتی میسری دامرکاندەوە، جامعی ئەزهەر هەرچەندە پێشتر بناغەی دانرابوو، کردی بەو ئەزهەرە کە زیاترە لە هەزار ساڵ دەنگی عیلمی لە رۆژهەڵات و رۆژاوادا دەنگ ئەداتەوە. صلاح الدين لەو رۆژانەدا ئەمانەی کرد و بوو بە قارەمانێکی زۆر گەورە لە مێژووی ئیسلام و کورددا. لەو رۆژەوە صلاح الدين ناوی کوردی لە مەیدانی سەربازیدا لە خۆرنشین و خۆرئاوادا بڵاو کردەوە. لە دوای صلاح الدين چ سەرکەوتنێک کە شایان بێ بۆ

ئیسلام پەیدا بوو؟. من گومانم نییە، تۆیش گومانت نەبێ ئەو کەسانەی کە بوونە هۆی بریندار کردنی دڵی خاوەنی پەخشانی «سەلاحەدین شیاوی شانازییە بۆ کورد»و ئەو پەخشانەیان پێی دروست کرد، ئەگەر لە رۆژو سەردەمی صلاح الدین دا بوونایە لە ئیسلامەتی بەولاوە داوای هیچی تریان نەئەکرد!.

ئەو ریسە کە ئەورووپای ئەو سەردەمە نایەوەو صلاح الدین هەڵیوەشاندەوەو کردیەوە بە خوری، ئەو ریسە ئێستە سەری هەڵدایەوە. ئەو وەختە جەنگی خاج بوو، ئەورووپا بۆی دەرکەوت تا ئیسلام، ئیسلام و یەک بیرو باوەڕو یەک پارچە بێ ئەوان ناتوانن بە سەریا زاڵ بن. لە دوای صلاح الدینی ئەییوبی تەون ئەنێتەوە!. صلاح الدین نەما، وەرە چاوت لە ئێستە بێ؛ وڵاتانی ئیسلامیان چۆن پارچە پارچە کرد، لە وڵاتی عەرەبیدا میسر جیاکرایەوە، نەزەعاتە درۆزنەی مەزهەبی وەکوو مەجووس و شتەیان زیندو کردەوە، فارس و عەرەبیان هێنایە ناوەوە بە جۆرێ کە شیر لە یەک بسوون، عورووبەیەکی زۆر بێ تامیان دروست کرد، ئەوەی کە ماوەی زیاتر لە هەشت سەدەیە لە مێشکیانا بوو، ئیمرۆ هەموویان جێ بەجێ کرد!.

بڕوات ببێ ئەگەر صلاح الدین لەم رۆژەدا ببوایە و عالەمی ئیسلامی و عەرەبی وا بەرچاو بکەوتایە، قارەمانییەکەی ئەو لەوانە بوو لە ناو ئەم گێژاوی تێکچوونەدا بە چوار رۆژ ئاڵای کوردی بۆ هەڵئەکردی. کەواتە منیش لەگەڵ خاوەن پەخشانا ئەو تکایەم هەیە کە ئەبێ پیاو بەپێی زەمان بناسرێ بۆ ئەوە حوکمی ناهەقی بەسەرا نەدرێ!.

***

«ئیبراهیم ئەحمەد» لە کتێبەکەیا: «ژانی گەل» کە لە ساڵی «١٩٧٢»دا مۆری چاپی کرا، نموونە پەخشانێکی کوردی ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

(.............................................................................

جوامێر بە پەلە لە ماڵ هاتە دەرێ، خۆی کرد بە ماڵی مامە رەشەدا کە هەروا دیوارێکیان بەین بوو. نە پیاوە، نەکچەکەی لە ماڵ نەبوون. بە تەنیا ژنی خاوەن ماڵ لەوێ بوو، تکای لێ کرد کە بچێتە لای کاڵێی ژنی کەوا ژان ئەیگرێ تاکوو مامانی بۆ دێنێ چاوی لێوە بێ. ژنە بە روویەکی خۆشەوە دڵنیای کرد لە چوون و ئاگاداریی کاڵێ کردنی.

ئەویش بە لۆقە کۆڵانە تەنگەبەرەکەی خۆیانی بڕی. لە دڵیا پەژارەو خۆشی پێکەوە قولپیان ئەدا.. ئەویان بۆ ژان و ئازاری کاڵێ، ئەمیشیان بۆ ئەو

منالەی کە ئەیانبێ. بێ گومان مەسرەفێکی باشیشم ئەبێ بە تووشەوە!.

بە تایبــەتی خــۆ ئەگــەر کــورِ بێ ئەبێ ئاهەنگی بۆ بکا.. وای کــە خــۆ رزگارکردن لە دەست بیرو باوەڕی کۆن گرانە! هەر ئێستا ئەم گاڵتەی بە ئەقڵی کاڵێ ئەکرد کە کورِی پێ خۆشترە لە کچ، کەچی وا خۆشی بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەگەر کورِبێ ئاهەنگی بۆ ئەکا! رەنگە ژن ئەوەندە گلەیی لێ نەکرێ کە حەز بە کورِ زیاتر بکا لە کچ، چونکە خۆی چێشتوویەتی، ئەزانێ ئافرەت، بە تایبەتی لای ئێــمە، چەند بــە شــخــوراوو زۆر لێکراو و چەوســێنراوەن. بۆیــە هەســتــێکی ئاســاییــیــە کــە پێی خــۆش نەبێ کــزەی جــەرگــەکــەی لە بــەشــە زۆر لێکراوە چەوسێنراوەکەی مرۆڤایەتی بێ. بەڵام ئەمێ پیاوی خوێندەواری تێ گەیشتوو، بۆچی؟ سەرێکی باداو لەبەر خۆیەوە وتی:

کەرانەی ئەم رەئییــە بێ جێیەم شەرت بێ ئەگەر کچم ببێ ئاهەنگێکی لە هی کــورِان خــۆشــتــری بۆ بکەم! لە پرِ هەنــاســەیەکی هەڵکێــشــاو چاوێکی، بۆ یەکەمجار، بە دەوروبەری خۆیا گێرِا. سەری سورِما لە چۆڵی شەقامەکە، ئەو شــەقــامــەی ئێوارانی تر خەڵک رێچکەیان تیــا ئەبەست. ســەیرتر لە هەمــووش ئەوە بوو کە ئەو خەڵکەی تاکەو تەراش تێ ئەپەرِین، لەباتی ئەوەی بەرەو مــاڵ بێنەوە هەمــوو بە گورگــە لۆقــە روەو بەر دەرکی ســەرا ئەرِۆیشتن، بە چەشنێ کە ئەم لەگەڵ خێرا رِۆیین و پەلە کردنیشیا پێیان نەئەگەیشت. یەکێک دەرکەوت بەرەو ژوور ئەکــــشـــــا. هەر لە دوورەوە بەســــەرە رووتاوەو کــــورتە بنەیی و قەڵەوییەکەیا ناسییەوە. خوا چاکی کات تۆفێقە خرِەی جاسووس بەم تەنگی بانگی شێوانە بۆ کوێ ئەیکوتێ؟ ئاخۆ وەکوو سەگی راو دووی چ نێچیرێکیان خستووە؟ بەڵام کەس دیار نییە تا نێچیر بێ بێ گومان ئەچێ بۆ ئەوەی بە دیار مــاڵێکەوە راوەستێ تا نیــوەشەو ژەندرمــە ئەدەن بە ســەریانا. دەی چییــەتی بە سەریەوە!! سەری بە گۆرِی بابی خۆی و ئاغاشی. ئەوە چییەتی رێگاکەی هەر لەبەر ناچێ.

– ئێوارەت باش کاک جوامێر. زووکە رەنگە پیا نەگەی!

– بەچیا نەگەم؟

تۆفــێـقــە خرِە بە زەردەخــەنەیەکی ناشــیــرین دانە خوارو خــێچ و بــە جگەرە زەرد هەڵگەرِاوەکانی پیشان داو بە دەنگێکی بەرز وتی:

– بە پلاو خواردنا گیانەکەم!

زۆر پێی گــران بوو ئەم ئێــسک قــورسە پیــسەی هاتە رێ. وەکوو شــتی بە

نیشانەیەکی باش لێک نەدایەوە. بەدبینییەکی سەیر دایگرت! دەنگە دەنگ و گرمە گرم ئەهات لە لای سەراوە. نەختێکی تر پێی هەڵگرت، گرمەی بژی و بروخێ هەزاران دەنگی، وەک هەرەسی کێوان ئەهاتە گوێ. بەراستی ئەم ژانگرتنەی کاڵێ دەبەنگی کردووە! چۆن بیری نەمابوو کەوا ئەم ئێوارەیە لەبەر دەرکی سەرا یەکێ لەو کۆبوونەوەو خۆپیشاندانانە هەیە کە لە ژێر سەرکردەی «پارتی رزگاری»دا لە چەند مانگی دوایی دا رێک ئەخران؟! بۆ گەیشتنە ماڵی مامانەکە نزیکترین رێگا شەقامێک بوو کە بە بەر دەرکی سەرادا تێ ئەپەڕی. بەلام تا نزیکتر ئەبووەوە لەو شەقامە، پەنگاوی خەلک لەسەری کۆلانەکانا باشتر تێی ئەگەیاند کە لە وزەی کەسا نییە بتوانێ دڕ بەو حەشامە بدات و بە زوویی و ئاسانی بگاتە ئەو شوێنەی ئەم بۆی ئەچێت. ئیستێکی کردو چاوێکی بە شەپوولی خەڵکەکەی بەردەمیا گێڕا. دیی لەو مەیدانە زلەدا خەڵکی وەک نەمام چەقیون، هەر ئەوەندەش ئەجوولێنەوە کە نەمام بە بای شەماڵ ئەشنێتەوە. بە هارە هاڕی چەپڵە لێدانی خەڵکەکەدا بۆی دەرکەوت کەوا یەکێک قسەیان بۆ ئەکات بێ ئەوەی بزانێ چی ئەڵێت. لەگەڵ ئەوەشا ئەوەندە بە تەنگەوە نەبوو کە گوێی بۆ هەڵخات. زۆری پەلە بوو.

هەتا ئەهات پاڵەپەستۆی خەڵکی لە دەوری پتر ئەبوو، نەختێکی کەی پێ ناچێ ئەویش ئەبێ بە نەمامێ وەکوو ئەوانیتر.. بەلام نە ء. نابێ ئەم وای لێ بێ! کاڵێ بەدەم ژانەوە ئەتلێتەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەمە، ئای چەند سەیر ئەبێ تا ئەمان ئەگەڕێنەوە کوڕێکی جوانکەلەی بوو بێ! چییە؟ هیچ سەیر نییە! زۆر ژنی کۆچەر هەر بە رێوە منالیان ئەبێ! هەر چێ چۆنێ بێ ئەم بچێ بە دووی مامانەکەدا و بەزوویی بگەڕێتەوە ماڵێ.

پاشەو پاش گەڕایەوە هەرچێ چۆنێ بوو بە هەزار حاڵ توانیی سەد هەنگاوێک بێتە دواوە و خۆی بگەیەنێتە تەنکاو. شادی و هیواو بێ ئارامی وەک پەلکەزێڕینە لە ئاسمانی دلیا دیاریان ئەدا، بەلام چاوترووکانێک زیاتر پێوەی نەمایەوە.. بەر لەوەی چەند هەنگاوێ بە سەربەستی هەڵبنێ شریخ و هۆڕی شەست تیر هەموو گیانی هێنایە لەرزین، نەک هەر لە ترسا، زۆرتری لە شپرەیی و ناچاریدا. جەستەی کاڵێی هاتەوە بەرچاو چۆن لە ژوورەکەدا گەوز ئەدات، گرنگی فرمانەکەی و تاریکیی ئەنجامی دواکەوتنی، سەدان ئەوەندە لەلا زلترو ئاشکراتر بوو. بە هەموو هێزی خۆی کەوتە راکردن بەرەو سەری ئەو کۆلانەی کە ئەیتوانی بە چەند دەقێقەیەک لێوەی پێچ بکاتەوە بۆ هاتنەوە سەر ئەو شەقامەی ئەچێ بۆ ماڵی مامانەکە، لەوانەیە ئەویش جمەی بێ! باشە بۆ

نەچێ بە دووی مامانێکی ترا بەڵام کێ ئەناسێ؟ کەی ئێستا کاتی بە شوێن خەڵکا گەڕانە، ئەگەر ناچاری نەبێ؟ دوور نییە بەم ئاخۆران و بخۆرانە باجی پیرۆزیش لەگەڵی نەیەت، کەوا ناسیاوی چەند ساڵەی بنەماڵەی خەزوورانی بووە، بەرلەوە رۆژگار دەربەدەریان کا. بێ گومان هیچ مامانێکی نەناسیاو هەر دەرگاشی بۆ ناقڵێشێنێتەوە لەم رۆژەدا.

دەستڕێژی تازەی شەستیرو تفەنگ زنجیرەی بیر کردنەوەیان پساند. ئەوەندەی نەخایاند هەستی بە ترپەی پێیەکی زۆر کرد لە دوایەوە دێ، کە ئاوڕی دایەوە دیی بەشێ لە جەماوەری بڵاوە پێ کراوی کۆبوونەوەکە بە دوویا رائەکەن، چەند هەنگاوێکیان نەماوە بیگەنێ و لێشی تێ پەڕ بن و ئەم تاقە رێگایەشی لێ بگیرێ. چاوی بریە ئەرزەکەو هەموو گوڕو هێزی لاوێتی دایە لاقی، بەڵام هەستی ئەکرد خەڵکەکە هەر لێی نزیک ئەبوونەوە. ئەوەندە ترسی لێ نیشتبوو بە چەشنێ رای ئەکرد ئەتوت خەڵکەکە بۆ گرتن یا بۆ کوشتنی ئەو دووی کەوتوون. بەڵام هەر بێ هوودە بوو، بە تیلایی چاو سەیری ئەکرد، دیی وا هەندێک گەیشتنە سەری و خەریکن لێشی تێ پەڕێن. لە پڕ شریخەی شەستیرێکی نزیک سڵەماندیەوە، پیاوێکیش دەم بە هاوارەوە لە تەنیشتیەوە کەوتە زەوی، نەخێر زامار لە یەک و دوو تێ پەڕی کرد، سەری بەرزکردەوە بۆ ئەو شوێنە بگەڕێ کە شەستیرەکەی لێ دامەزراێنرا بوو، روانی لە پەنجەرەیەکی ژێرخانی کتێبخانەیەکی گشتیدا، کەوا بە چەقی کۆڵانەکەدا ئەیڕوانی سەری ژەندرمەیەک دیارە، بێ ترس لوولەی شەستیرەکەی بەردەمی بە خەڵکا ئەگێڕی و جاروبار گوللە پژێنێکی شەقامەکە ئەکا، سا کێ بەرکەوت خۆی و بەختی! ژنێک لەولای ئەمەوە پەلی منالێکی رائەکێشا زریکانی و کەوتە زەوی. شەستیرەکە کپ بوو، کابرای ژەندرمە سەریشی بە سەریا شۆڕ کردبووەوە کەچی نەیئەتەقاند! تۆ بڵێی کوشتنی ژنە بێ تاوانەکەو هاواری منالەکە شڵەژاندبێتی؟ یا مشتومڕ لە نێوانی ویژدان و پەنجەیا دەستی پێ کرد بوو، وا دوو دڵ دەر ئەکەوت!.. وای کە نزیکە لێوەی ئێستە دەمانچەیەکی پێ بوایە کاسەی سەری هەڵئەگرت، نەیزانی ئەم دوژمنایەتییە توندو رقە زۆرە کوتوپڕەی لەبەر ئەو زۆردارییە بێ ئەندازەو ئاشکرایە بوو کە ئەیبینی، یا بۆ خۆ رزگارکردن بوو لەو مەترسییەی کە هەڕەشەی لە ژیانی خۆی و ئەنجامی فرمانەکەی ئەکرد!

هەر چۆنی بێ کاتی لێکۆڵینەوە نەبوو. هەلی لە دەست تەقە راگرتنی ژەندرمەکە قۆستەوە بە دوو قەڵەمبازی کارئاسکانە خۆی گەیاندە پاڵ ئەو

دیوارەی شەستیری کابرا نەیئەگرتەوە، بەڵام هێشتا ئەم نەیپەرژابووە سەر ئەوەش کە تەنانەت بە خۆشیی رزگار بوون شاد ببێ، دیی ژەندرمەیەکی تر لە پەنا کۆمەڵی گونیە لمەکە لە سەربانی مزگەوتی بەرامبەر بە کتێبخانەکە ریز کرا بوو ملەقوتێ بۆ ئەکات، هەروا نزیکەی بیست هەنگاوێ بە بەریەوەیە، حەپەسا نەیزانی چی بکا. ئەچووەوە ئەو بەری شەقامەکە ئەکەوتە بەر نیشانی ژەندرمەی پەنجەرەی کتێبخانەکە، پاشەوپاش ئەگەڕایەوە لێشاوی خەڵکەکە وا پەنگی خواردبووەوە ماوەی گەڕانەوەی نەما بوو، بە ترسەوە سەرێکی هەڵبڕی بۆ سەربانەکەی بەرامبەری. دی کابرای ژەندرمە لوولەی تفەنگی ئاراستەی ئەم کردووە! هەموو لەشی بوو بە چاو و ئەویشی بڕیە تفەنگەکەی کابرا کە مەرگ لە کونی لوولەکەیەوە سەرەتاتکێی لێ ئەکرد، نەیئەزانی چی بکا. دانیشێ؟ رابکا؟ نەء ماوەی هیچ نەما.. هەر هیچ.. هەر ئەوەندەی پێ کرا دەستێکی بەرەو لوولەی تفەنگەکە بەرز کردەوە وەکوو ئەوەی بیەوێ لە خۆی لابدا. یاترس ئەوەندەی لێ نزیک کردبووەوە لای وابێ دەستی ئەیگاتێ، یاهەر لە شڵەژان و شپرزەییدا بێ هۆش وای کرد. تەقەیە هاتە گوێی کپ بووی، هەستی گەرمایییەکی کرد لە ئەشکنجیا، لاقی قورس بوو قورس بوو.. ئەوەندە قورس بوو هەرچێ گوڕ هەیە دایە خۆی بۆی نەجوولا. دنیای دەوروپشتی دیارو نادیار، لەناو تەم و مژێکا وەک لوولەی تفەنگێکی یەگجار گەورە هاتە پێش چاوی، کە هەتا ئەهات، بەخێرایی برووسکە پچووک ئەبووەوە، کە ئەو نەما ئەمیش بەتەواوی لە هۆش خۆی چوو. تەنیا شتێ کە بە مێشکیا تێ پەڕی، شێوەی کاڵێ و تاقە داخێ لە دڵی دەرنەچوو تاسەی پێ گەیشتنەوەی بوو ..........................................................................».

بۆیە بیروباوەڕی هەندێ لە زانایان لەسەر ئەوەیە کە مرۆڤەکەی ئەمرۆ کوتومت ئەوەی دوێنێ نییە، چونکە لە دوێنێ وە تا ئەمرۆ چرکەی زەمان زۆر شتی وا دێنێتە پێشەوە کە ئەمرۆ هەیەو دوێنێ نەبووە، وەیا سبەینێ ئەبێ و ئیمرۆ نییە! ئەوشتانە کە ئەبن و دێنە ناوەوە، بیرو باوەڕ خۆی لەوانە هەڵئەسوێ و ئەمجا بە زمان و بە قەڵەم گوزارشتیان لێ ئەداتەوە.

ئەگەر تەماشای مێژووی پەخشان بکەین ئەبینین هی هەر سەردەمێک و هی هەر کەسێک جیایە لە هی سەردەمەکەی پێشوو کەسەکەی پێشوو. ئەم جیاوازییە لەبەر ئەوەیە کە رۆژەکە گۆڕاوە، کە ئەمە هەبوو بە سروشت ئەبێ گوزارشتەکەش گۆڕانی بەسەرا بێت. سەردەمەکانی پێشوو گوزارشت لە شت ئەدرایەوە، بەڵام مەرج نەبوو ئەو شتە پەیوەندی بە

زوربەی خەڵکەوە هەبێ، ئەمە مەرج نەبوو چونکە وەکوو وترا ئەو باوەڕەی کە پاش ئەو ڕۆژە داهات، ئەو باوەڕە ئەو ڕۆژە لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو تەنها هەر ئەوە هەبوو کە بەلای دەستەیەکی تایبەتیدا بروا. ئاوی حەوز شڵەقایەوە، لەربنەوە کەوتە ناو هەموو ئاوەکە. ئیمڕۆ وایە، ئایا سبەینێ چۆن ئەبێ؟! ئەوە کارەساتی سبەینێ پیشانی ئەدا.

ناوەرۆکی پەخشانی کتێبی «ژانی گەل» گەلاڵەکەی لە پێش ساڵانی «١٩٧٠»دا بووە، ئەوەندە هەیە وەکوو «سەمەنی»یەکی بە لەزەت لە زستانا ئەکرێ و لە بەهارا ئەخورێ، ئەمیش وا بووە. خاوەنی ئەم پەخشانە لە زانا نایاب و قەڵەم بە دەستەکانی گۆڤاری گەلاوێژ بووە. نموونە پەخشانەکەی ئەم بۆیە لێرەدا هاتۆتەوە یەکەم چونکە بەری چاپی نووسینەکەی لە ساڵی «١٩٧٢»دا بووە، دووەم بۆ ئەوە هەم بیرەکەو هەم قەڵەمەکە لەو ڕۆژەدا ئەوە پیشان بدا کە هاڵهاتنی ئەم بیرو باوەڕە هەڵهاتنی تەنیا ئەو ڕۆژە نییە، بەڵکوو وەکوو کەرەستەی شووشەواتی ڕووسیای پێشوو بە چواردە ساڵ پوختە ئەبوو، وە ئەبوو بە «ئامان»و ئەکەوتە بەردەستی خەڵکی. ئەمیش ئەوە پیشان بدا: کە ئەمە هەویری شانزە ساڵە و لە ساڵی «١٩٧٢»دا هەڵاتووە!.

تێکڕای ناوەرۆکی ئەم پەخشانە لە چەوسانەوەی دەستەیەکی زۆر زۆری نەتەوەی کوردەوە ئەدوێ بە دەست دەستەیەکی تایبەتییەوە یەکێکە لە چیرۆکە درێژەکان کە ئاشنایەتی بە ڕەمەکی خەڵکەوە هەبێت. جم و جووڵی زەمان کردوویەتە کارێ کە بیری خاوەن پەخشان لەگەڵ ئەو جم و جووڵەدا بچێ بەرێوە.

تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی بە درێژایی زەمان هەر هەبووە، بەڵام گرانییەکە لەوەدا بووە کە چۆن هەستی پێ بکرێ؟ وە ئەگەر پێشی کرا چۆن دەر ببڕرێ! کە دەربڕا چۆن پەیوەند بکرێ؟! ئەمانە لام وایە ورد بوونەوەیان ئەوێ بۆیە بە بەرهەم هێنانی ئەمانە ئەبێ ئەو کەسە بیرێکی تیژی هەبێ و سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی بکاو بزانێ گەلان چی ئەکەن لە ژیانیانا و چۆن هەنگاوی ورد و زل ئەنێن؟ ئەمجا ئەو کەسە بەراوردی نەتەوەکەی خۆیو نەتەوەکانی تر بکا بزانێ ئایا نەتەوەکەی ئەمیش ئەو ئاڵۆزیەی تێدا هەیە؟ کە هەبوو بوێری دەریبڕێ، وە ئەبێ بزانێ چۆن دەری ئەبڕی؟ ئەبێ بە جۆرێک بێ کە لەگەڵ خوردەی وڵاتەکەی خۆیا ڕێ کەوێ.

ئەم شتانە هەموو لەم پەخشانەداو لە خاوەنی ئەم پەخشانەدا بە دیی ئەکرێن. کە سەیری ڕوخسارەکەش ئەکرێ هەموو ئەو وشەو ڕستانەن کە بەسەر زاری ڕەمەکی مەردمەکەوەن و هیچی لەگەڵ زمانی خوێندەوارێکا موتوربە نەکراون؛ ڕەوانە وەکوو ئاوی

ڕەوان، دەوانە وەکوو بای بەری بەیان، کارەسات دەر ئەبرێ بەبێ خشپە، هەندێ جار بەبێ کسپەو هەندێ جار لەژێر پەردەی چرپەدا بە کسپە!. جا ئەم پەخشانە بە ناوەڕۆک و ڕوخساریەوە نموونەیەکە بۆ ئەو ڕۆژانە، بۆ ئەوە مێژوو لە پاشا ئاوڕی لێ بداتەوە.

* * *

«دکتور ئەورەحمانی حاجی مارف» لە ژمارە «٦»ی گۆڤاری «پەروەردەو زانست»، ساڵی «١٩٧٣» لە ژێر ناوی «بنچینەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی بۆ قوتابخانە»دا، لەم بارەوە پەخشانێک دێنێتە ناوەو ئەڵێ:

«..........................................................................

هەڵبژاردنی وشە!

لە سەرەتای نووسینی هەموو فەرهەنگێکدا کێشەی هەڵبژاردنی وشە دێتە پێشەوە. بنچینەی هەڵبژاردنی وشە پەیوەندە بە جۆرو بابەت و مەبەستی فەرهەنگەوە. تاکو ئێستا کێشەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا شێوازێکی زانستی تەواوی وەرنەگرتووەو هەندێ ڕووی ئەم مەسەلەیە هەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوەو هەر وەک زانای گەورەو فەرهەنگ نووسی ناسراوو بەناوبانگی ڕووس ئەکادیمی ل.ف. شێربا دەڵێ: «کێشەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ یەکێکە لە کێشە هەرە زەحمەتەکانی فەرهەنگ نووسین» بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە لە تیۆری فەرهەنگ نووسیدا هەنگاوی گەورە نراوەو گەلێک کاری ئاڵۆز خاو کراوەتەوەو ڕێڕەوێکی وەها دانراوە کە فەرهەنگ نووسەکان پەیڕەوی بکەن و لەو ڕێگەیەوە لە گەلێک کۆسپ ڕزگاریان ببێت. هەروەها دانانی ژمارەیەکی زۆر لە فەرهەنگ، واتە لە ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و زانین و تەجروبەی فەرهەنگ نووسەکاندا سەر مەشقێ هاتۆتە کایەوە. هەرچەندە مەسەلەی هەڵبژاردنی وشە کارێکی زەحمەتە، بەڵام ئەو ڕێڕەوە تیۆری و پراکتیکەی کە تا ئەمڕۆ هاتۆتە کایەوە ئەم کارەمان بۆ ئاسان دەکات.

وەک ئاشکرایە مەبەستی زانستیی دانانی فەرهەنگێکی کوردی – عەرەبی بۆ قوتابخانە بریتییە لە یارمەتیدانی قوتابیانی کورد بۆ تێگەیشتنی دەرسەکانیان. بێ گومان فەرهەنگێکی وەها بەر لە هەموو شتێک دەبی گرنگی بە بەجێ هێنانی پێویستی قوتابیان بدات لە تێگەشتنی گشت دەرسەکانیاندا بە تێکڕایی، کە بەسەر ئەدەبی و عیلمیدا دابەش دەبن. هەرچی وشەو زاراوەی دەرسە ئەدەبییەکانن تا ڕادەیەک لە زمانی کوردیدا کێشەیان خاو کراوەتەوەو

ســـەرچاوە زۆرە بۆ تۆمـــارکـــردن و لێکۆڵینەوەیان (وەک: زوربەی ئەو فەرهەنگانەی لە پێشەکیدا ناومان بردن، ئەو هەموو چاپەمەنیە کوردییانەی لە بارەی ئەدەب و زمان و مێژوو ... وە نووسراون، سامانی فولکلۆری کوردی ... ... ). لەبەر ئەوە لەدانانی فـەرهەنگەکـەدا بەنیـسـبـەت ئەو جـۆرە وشـەو زاراوانەوە گـیـروگـرفـتی گـەورە نایەتەڕێ. بەڵام ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە زاراوەی دەرسە عـیلمییـەکانەوە تا بڵێی کارێکی وردو زەحمەتە، چونکە لەم رووەوە هێشتـا کەم و کورتی و جیاوازی باوەڕ ... زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لەم مەیدانەدا چەند هەنگاوێک نراوەو کۆمەڵێک کاری بەنرخ نووسـراون. (وەک: ئەو زاراوە زانسـتـییـانەی لە لایەن چەند لیـژنەیەکی تایبەتی جیـاوازەوە دانراون و دارێژراون و لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری «رۆژی نوێ»ی سالّی «١٩٦٠»دا بلاوکراونەتەوە؛ هەر لە سالّی ١٩٦٠دا مامـوسـتا جەمال نەبەز لە ژێر ناوی «هەندێک زاراوەی زانسـتی»دا فـەرهەنگۆکێکی لە چاپ دا. لە ژمـارە «٤»ی سالّی «١٩٧٦»ی گـۆڤـاری «پەروەردەو زانست»دا ژمارەیەک زاراوەی زانستی دانراون و داتاشراون؛ ماوەیەکی درێژە کە مامۆستا کـەمـال جـەلال غـەریب بەم کـارە پیـرۆزەوە خـەریکەو فـەرهەنگێکی گـەورەی زانسـتی بۆ چاپ ئامادە کردووە، لە کۆڕی زانیاری کورد بەشێوەیەکی زانسـتی و فراوان گرنگی بەم مەسەلەیە دراوە...هتد). بێ گومان لەدانانی فەرهەنگی کـوردی وعـەرەبی بۆ قـوتابخـانە پێـویسـتـە کـەلک لەو کـارانەی نـاومـان بردن وەربگـیـرێن و ئەمــەش تاڕادەیەک ئەرکی سـەرشـانی دانەرانی فـەرهەنگەکـە ئاسـان دەکـات. بەڵام بەداخـەوە وەک وتم: ئەمـە کـارێکی زۆر زەحـمـەتە، جگە لەوە کـات و کـۆشـشـێکی بێ شـومـاری دەوێ. جـا بۆ ئەوە مـاوەیەکی درێژ قوتابیـانی کورد بێ فەرهەنگ نەبن و چاوەڕوان نەبن ، بەرای من وەک لە زۆر وڵات لە سەرەتادا کراوە، لای ئێمـەش بەو شێوەیە دەستی بدرێتێ ؛ ئەویش ئەوەیە کـە ئەو فـەرهەنگە بکرێت بەدوو. یەک دەرسـە ئەدەبیـیـەکـان ، دوو، عـیلمیـەکان. هەرچێ فە رهەنگی یەکەمە ماوەو رەنجی زۆر ناوێ و تاڕادەیەک پێـویسـتی قـوتابییـان جێ بەجێ دەکـات، بەتایبـەتی ئەگـەر هەوڵ بدرێت لەم بەشەیاندا ئەو زاراوە زانسـتییانەی زۆر بەکار دەهێنرێن و ئاشکران و بەتەواوی چەسپاون تۆمار بکرێن و بخرێنە ناوەوە . هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە گـەلێک زاراوەی عیـلمی وەک: هەلامەت، ئاڵوو، سیل، پووک ، گـۆپکە، تیشک، تەم، مژ، مس، ئاسن... و سەدانی تر هێندە لەسەر زارن کە شێوەی زاراوەیان تێدا ونەو کەوتونەتە ریزی ئەو وشانەی لە هەمـوو کات و شوێنێکا

بەکار بهێنرێن.

هەرچی فـەرهەنگی دووەمـیـانە کـارێکی زەحـمـەت و وردەو پێـویسـتی بەکـۆشش و کـات هەیە ، بێ شک باشـتـرە کـە ئەم ئەرکـە بخـرێتـە سـەرشـانی لیـژنەیەک، بە مـەرجـێک ئەنداماـنی لیـژنەکـەش تەنهـا ئەو کـەسـانە نەبن کـە لەدەرسە عیلمییەکاندا شارەزاییان هەیە، یاخود تەنها کوردی زان بن، چونکە هیچ دەســتـەیەک لەو دوو دەســتـەیە بە تەنهـا ئەم کـارەیان بەباشی بۆ هەڵناسوورێ، شارەزای دەرسە عیلمییەکان لە واتاو مانای زاراوەکان باشتر دەگات وەک لە کوردی زان. هەروەها کوردی زانیش باشتر وشەی هاوواتا بۆ زاراوەکان دەدۆزێتەوە. ئەم شێوازەش ئەوەیە کە ئێستا کۆڕی زانیاری کورد لەسەری دەڕوات . بەوێنە لەلیـژنەی «طبی »دا جگە لە دوکـتـوری ناسـراوو شارەزا « جەمال رەشید و عەبدورەحمان عەبدوللە» دووکوردی زانی بەناوبانگ « هەژارو هێمن » هاوبەشن. بێ شک بەم جۆرە ئەم کارە گەلێک پوختەترو سەرکەوتووتر ئەبێت. هەروەها نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە کوردی زانیش پێویستە شارەزای دیالێکتەکانی کوردی بێت، یاخود چەند کەسێک بن کە هەر یەکەیان شارەزاییان لە دیالێکتێکدا هەبێت. بە رای من گرنگیدان بەیەک شێوەو فەرامۆشکردنی ئەوانیتر، نەک هەر راست نییە، بەڵکوو دەبێ بە هۆی بوونی کەم و کورتی. لێرەدا ئەوەش دێنمەوە یاد کە بەکارهێنانی هەندێ زاراوەی لاتینی لە باتی عەرەبی پێویست بە سڵ کردنەوە ناکات، چونکە ئەمە نەک هەر لەگەڵ بنچینەی زمانەکەماندا بە تایبەتی و پێشکەوتنی زماندا بە گشتی دەگونجێ، بەڵکوو بۆ وەزعی کوردستانی دابەشکراومان سوودمەنترە..

ئەو پێشنیارەی لە دابەشکردنی فەرهەنگەکەدا کردوومە نابێ بە هۆی ئەوەی تاسەر دوو فەرهەنگی قوتابخانە هەبن، بەڵکوو ئەمە بۆ سەرەتایەو چۆن زۆر فەرهەنگ ١٠-١٥ جار لە چاپ دەدرێنەوە، ئەمانیش لەکاتی لە چاپدانەوەدا دەتوانرێ لێک بدرێن و بکرێن بەیەک فەرهەنگ، بەڵام گرنگی ئەم شێوازە ئەوەیە کە کارەکە ئاسان دەکاو رێگاکە نزیک دەخاتەوە. بەبیری من لە تۆمارکردنی وشەدا بۆ فەرهەنگی کوردی و عەرەبی قوتابخانە باشترین رێگا ئەوەیە کە وشە لەناو کتێب و تووێژی قوتابخانەدا کۆ بکرێنەوەو هەڵبژێرێن، پاش ئەوە کۆ دەکرێنەوە، ئینجا دەبێ بژار بکرێ؛ واتە ئەو وشانەی بۆ ئەم مەبەستە زۆر پێویست نین لا ببرێن و ئەو وشانەی پێویستن و نین، یاخود پەڕێنراون بهێنرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە چەند شێوازێکی زانستی هەیە کە وا بە کورتی لە هەندێکیان دەدوێین:

أ– له هه‌مـوو زمـانێكدا وشـه هه‌ن كـه یه‌ك چاوگ و یه‌ك ریشـه‌یان هه‌یه‌و له‌یه‌ك وشـه ده‌توانرێ هه‌ندێ وشـه‌ی تر دروسـتبكرێ، وه‌ك: «منال، منالی. نان، نانه‌وا. هونه‌ر، هونه‌رمه‌ند. شعر، شاعر»..هتد. جا له‌م رێگه‌یه‌وه پاش كۆكردنه‌وه‌ی وشه پێویسته هه‌ر وشه‌یه‌ك به‌جیا ته‌ماشا بكرێ و له‌م باره‌یه‌وه گه‌ر ئه‌و وشانه‌ی كه ده‌توانرێ لێیـان دروست بكرێ و بخرێنه بان وشه‌كان. بێ گومان مه‌رج نییه كه‌له هه‌موو وشه‌یه‌ك وشه‌ی تر دروستبكرێ و یاخود هه‌موو ئه‌و وشانه بكه‌ونه ناو فه‌رهه‌نگه‌وه، به‌ڵام ده‌بێ ئه‌وه له‌بیر نه‌كرێ كه به كه‌م و كـورتیـه‌كی گـه‌وره ده‌ژمـێـرێت گـه‌ر وشـه‌ی «منال»و «منالی» نه‌بێت، یاخـود «شاعر»هه‌بێت و «شعر» نه‌بێت!

ب – ئه‌و وشانه كه كۆكرانه‌وه ده‌بێ به گوێره‌ی بابه‌ت لێیـان بكۆڵرێته‌وه‌و هه‌ر پۆلێكیان به گوێره‌ی نیسبه‌تی كه‌وتنه ناو فه‌رهه‌نگه‌كه‌وه ده‌ستكاری بكرێن؛ واته ئه‌وه‌ی به زیاده ده‌زانرێ لاببرێ و ئه‌وه‌ی كه‌میشه پڕ بكرێته‌وه. به‌رای من ده‌توانرێ وشه‌كانی فه‌رهه‌نگی ناوبراو به‌م جۆره دابه‌ش بكرێ:

١– ئه‌و پۆله وشانه‌ی كه سه‌راپا بێ په‌راندن و لابردنی هیچ وشه‌یه‌ك پێویسته تۆمـار بكرێن، وه‌ك ناوی رۆژه‌كانی هه‌فـته، مـانگه‌كان، چوار وه‌رزی سـاڵ ... هتد. په‌راندنی هه‌ر وشه‌یه‌ك له وشه‌كانی ئه‌و جۆره مه‌وزووعانه راست نییه‌و هیچ به‌ڵگه‌یه‌ك نییه بۆ سه‌لماندنی لابردن و په‌راندن.

٢– ئه‌و پۆله وشـانه‌ی كـه پێـویسـتـه به‌شـێكی زۆریان لێ تۆمـار بكرێن وه‌ك ناوی ئه‌ندامه‌كانی له‌ش، ناوی كه‌ره‌سته‌ی قوتابخانه ... هتد.

٣– ئه‌و پۆله وشـانه‌ی كه پێـویسـتـه به‌شێكی كه‌مـیـان لێ تۆمـار بكرێن وه‌ك ناوی ده‌رمـان، گـژوگـیـا «هه‌ڵز، خـه‌ربه‌نگ، كـێـشـه، شنگ، بێخ ...»هتـد. هه‌روه‌ها هه‌ندێ له‌و وشـانه‌ی كـه له زمـانی كـوردی به‌ره‌و سـوان و كـۆن بوون ده‌چن و به‌هۆی گـۆڕانـی ژیانی ئابووری و كـۆمـه‌ڵایه‌تیـیـه‌وه كـه‌مـتـر به‌كـار ده‌هێنرێن. بۆ نموونه: ناوی ئه‌و وشـانه‌ی په‌یوه‌ندییـان به ئاشی ئاوه‌وه هه‌یه، یاخود ئه‌و وشانه‌ی له په‌یوه‌ندی خـێزانیدا به‌كار دێن وه‌ك: هه‌وێ، هێوه‌رژن، دش، هه‌نه‌زا ... هتـد. به‌داخـه‌وه هه‌ست ده‌كـرێ ئه‌و وشـانه‌ی كـه ناومـان بردن هه‌ندێ ده‌سته‌واژه جێگایان ده‌گرنه‌وه، وه‌ك له جێگای «دش» خوشكی مێرد!. ئه‌م جۆره وشانه كه‌م به‌كار ده‌هێنرێن و بۆ ئه‌م فه‌رهه‌نگه‌ش پێویست نین.

جگه له‌وه‌ی باسـمـان كرد بۆ كۆكردنه‌وه‌و بژارده‌ی وشه بۆ فـه‌رهه‌نگ هه‌ندێ رێگای زانسـتی تریش هه‌یه، كه به‌داخه‌وه لێره‌دا توانای ئه‌وه نییه له هه‌مووی

بدوویێن، بەڵام ئەوەی کە گرنگ بێت لە مەسەلەی دانانی فەرهەنگێکی کوردی و عەرەبی قوتابخانەدا ئەوەیە کە ئەو فەرهەنگە بەر لە هەموو شتێک دەبێ پێویستی قوتابیان جێ جێ بکات و کاریان ئاسان کات. بەرای من ژمارەی وشە کوردییەکانی فەرهەنگی یەکەم گەر دەوروبەری بیست هەزار وشەیەک بێت، بە مەرجێک لە کۆکردنەوەو هەڵبژاردنی وشەدا وردەکاری بنوێنرێت، کەمن لەوەدا شکم نییەو باوەڕم بە زاناکانمان بە هێزە، ئەوە ئەو فەرهەنگە چارەسەری پێویستی قوتابیانی کورد دەکات. ژمارەی وشە کوردییەکانی فەرهەنگی دووەمیش بەستراوە بە ژمارەی ئەو زاراوانەی لە دەرسە عیلمییەکاندا هەن و خەملاندنیان شتێکی گرنگ نییە».

گومانی تێدا نییە هەتا خوێندەواری پەرە بستێنێت ئاسۆی بیرو باوەڕ فراوانتر ئەبێتەوە. لەم فراوانییە پەل بڵاو ئەبێتەوە بۆ هەموو جۆرە بابەتێکی نەوباوەری زانیاری و تەجربی. پەخشانی کوردی سەرەتا کە کەوتە سەرکاغەز و پاشان چاپ لە باری ئایینی و ئامۆژگاری نەتەوایەتی، وریاکردنەوەی نەتەوە بۆ هەستکردن بە چۆنیەتی نەتەوایەتی، کارەسات و بەسەرهاتی کورد لە بارەی مێژوویەوە، ئەدەب و گەلێ بابەتی ئەدەبییەوە، داستانەکانی چیرۆکی کۆن و نوێ. لەمانەوە ئەدوا. هەروەها فەرهەنگی تێدا هەبوو، دەستوورو قەواعدی زمانی تێدا هەبوو. لەمەوە بیر ئەچێ بۆ ئەوە: وەکوو بەشەکانی تر پێویستە بە پوختی لە مێشکی تازە پێگەیشتووەکانا دابنرێن، بابەتی فەرهەنگەکەشی ئەبێ وا بێت. زمانی کوردی هەر لە کۆنەوە بە هۆی ئایینەوە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا بەسەر یەکیانەوە هەبووە. لەم رووەشەوە پێویستە بنچینەی فەرهەنگێک بەو دوو زمانە پەیدا ببێت کە بە جۆرێکی زانیاریی لە رەگ و ریشەی بە تایبەتی کوردییەکە قسە بکاو قوتابیانی قوتابخانەکان لەو بەرهەمە عیلمییە کەڵک وەربگرن، بۆ ئەوە وردە وردە ئەوانیش پاش ئەوە کە سەردەمی خوێندنیان تەواو کرد، دەست بدەن بە عیلمەوەو زیاتر بکۆڵنەوە لە زمانەکەو خزمەتی بکەن، بچنە ناو رەگ و ریشەیەوەو لە ئەنجاما زمانەکە لەم لایەنەشەوە بگا بە یەکێ لە زمانە خزمەتکراوەکان.

بەڵێ! لەم رووەوە وەکوو خاوەن دەق لە سەرەتاو ناوەندی کتێبەکەی خۆیا ئەڵێ: لە لایەن زانایانی کورد و غەیری کوردەوە هەنگاو نراوەو دانراو هەیە، بەڵام دوور نییە بە جۆرێکی پڕ بە پڕی وا کە بە پوختی بنچینەی رەگ و ریشەی وشە روون بکاتەوە نەبووبێ. دیارە ئەمەش لە کردەوەی جم و جووڵی گۆڕانە وا خاوەن پەخشانی داگرتۆتەوەو کەوتۆتە سەر ئەو فیکرەیە، ئەگینا لە پێش چەرخێک لەمەو پێشترا ئەم جۆرە فیکرە کە ئەم ئێستا

کـردوویـەتەوە، ئەو فـیـکرە ئەو سـەردەمـە نەبوو لە ئارادا. سـروشت وایە هەمـوو شت لە سـەرەتادا کـاڵ و کـرچ ئەبێ، پاشـان بە تێـپـەڕ بوونی زەمـان بە تەواوی پێ ئەگـا. لەم مێژووەدا ئەم، ئەم هەنگاوەی ناوە، ئەگونجێ لە چەرخی داهاتوودا لەم رووەوە جۆرە باوەڕی تری وا بێتە ناوەوە ئەوەی چەرخی پێشوو چۆنە بەچاو ئیمڕۆژەوە، ئەوەی ئیمڕۆژیش بەچاو چەرخی دواییەوە ئاوا بێت! ئەبێ واش بێت چونکە ئەگەر وا نەبێ هیچ شتێک لە دەوری گەڵاڵەییەوە ناگاتە دەوری ئامادەیی.

خاوەنـی ئەم پەخشـانە تا ئەندازەیەک ئەم رچەیە لەم رووەوە شکاند، ئەتوانین بڵـێین ئەو رێگەیە کـە ئەو لەم بارەوە گـرتوویەتـی رێگایەکـی نـوێیـە؛ رێگایەکـی نـوێیـە بۆ فـێـرکـردنـی قـوتابیـان و بۆ رێبـەدی کـردنی ئەوانەی کـە ئەیانەوێ لە تەشکی بنچینەی وشـەی زمـانی کـوردی تێ بگەن. جـا ئەم پەخشـانە بەگـوزارشت لە ناوەرۆکـیـەوە و بە نـاوەرۆکـەکـەیەوە نموونەیەک بوو بۆ بابەتێکی وەکوو زمانەوانی لەم مێژووەی ئیمڕۆژدا.

***

«ئیسـماعیل حقی شاوەیس» لە ژمارە ٣ی سـاڵی «١٩٧٣»ی گۆڤـاری «رۆژی کردسـتان» لە ژێر ناوی «نـامـەیەک بۆ رۆشنبـیـرو ئەدیبە لاوەکـانمان»دا، جۆرە پەخشـانێکمـان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«ئەی ئەدیبانی ئازیز!

ئێـمـە پیـرین، مـێـشک و دڵ و هێـزمـان وەک هی ئێـوەی گـەنج و توانا نییـە. داخەکەم ئێـمە دەمی رابوردوومـان، ژیان و ژینمان زۆر بە ناخۆشی و دڵ ئازاری و ناسۆرییـەوە رۆیشت و تێ پەڕی کرد! ئەو ئەدەب و رەوشت و رەفـتـارە ئێـمـە دیومـانەو خوێندوومـانە، مۆدەی پۆچ بووە، گەوهەرو هێزی کۆنـیـان ئیـتـر باوی نەمـاوە. داخـەکـەم رەوشت و رەفـتـاری چەند چەرخ لەمـەوبەر هـیچ کـەڵک و نرخێکی بۆ مرۆ، خێرێکی بۆ ئینسان نەماوە. ئەمرۆ پێویستە، مرۆیانە، میرانە بۆ پێـشـەوە برۆین بەرەوپیـری تەکنۆلۆژی، سـایەنس و زانیـاری، ئەدەبێکی ئینسـانی برۆین ... بە ئازادی، بە سـەرفـرازی بە خـێـرهاتنی چەرخی بیـست و یەک بکەین، بەرەوپیری سایەنس و زانستی برۆین، چونکە ئێمە لەناو قەرنی ئەلەکترۆن – ئاتۆم دا ئەژین، نابێ خۆمان دواخەین. دەست و چاومـان، زمانمان ببەسـتین، گوێمـان لە پیشـەسازی، زانیاری، عـیلمییـەت واقعیـەتی قـەرنی بیست و یەک داخەین، چاومان بقووچێنین، گوێمان کەرکەین.

تەکنۆلۆژیی ئەمـرۆ لە زانست و زانیـاری، پیـشـەسـازیی دەمی خـەڕەک و

تەشی و دیزەو هیـزەو سۆنەی کۆن، هیزرەو کەندوو، گڵێنە، لەنگەری، گۆزەو کووپە، لوولێنە، مەکۆ، پێچاڵی لوولەی جۆلاکان، دەسک و دیبەگی، دەستاڕی دەمی کـۆن ناچێت. داخـەکـەم ئەم دەسـتکردانەی باب و باپیـرانمان ئەمـڕۆ هیچ خـێـرێـک، کـەڵـکێکی بە بایەخی نییـە، بازاڕی ئەمـانە نەمـاوە. داخـەکـەم! ئەکۆنۆمی، کۆمەلایەتی، سیاسەت و رەوشت و رەفتارمان، سایکۆلۆژیمان، ژیان و ژینمـان، بیـروباوەڕمـان هەمـووی لەم دەزگـاو حـاجـەتانە پێکهـاتووە، ئەمـڕۆ ئەمـانە هیچ بەکـەڵکی کـورد نایەت. ئەمـڕۆ دەور دەوری ئەلەکـترۆن و ئاتۆمـە. ئەبێ ئایدۆلۆژیمان، ئەدەبی کـورد لەگـەڵ عـالمی جـیـهـاندا بەپێی سـایەنس ئەلەکترۆن بێت.. مـاتریالیزمییانە بێت تاکو بتوانین خۆمان بژێێنین، گەلمانی پێ راوەسـتـاو کـەین. بەم رەنگە کـورد لەگـەڵ عـالەمـدا سـازو رێک و پێک پێشخەین، خۆمان لە دیلی رزگار کەین.

ئەی رۆشنبیرانی دڵسۆزی بەرێزی کورد!

بە پەرۆشەوە لێتـان ئەپاڕێمەوە، لە روخان و نەمانی ئیـمپـراتۆریی مەزنی رۆما، بیزانس، ئیمپـراتۆریی پارس، ماد، ئیمپراتۆریی ئاشۆری، ئارامیـیان، خەلافـەت و سەڵتـەنەتی عـەرەب، عـوسمـانییـان دەرس و پەندێکی ئینسـانی وەرگرین. ئاخۆ ئەمـانە بۆ چ روخان؟ نەمـان، لەبەرچی ئادەمـیزادیان، خـۆیان، کۆمەڵیـان، تەخت و تاجیـان خسـتە ناو کـاولـگەو گۆمی گەردەلوولی خووناوو نابوودی؟. لەبەرچی خۆیان، گەلیان، ئادەمیزادیان ئازادو رزگار نەکرد؟. ئەبێ هۆی ئەمانە، ئەم رمان و نەمانە زۆر بە وردی لێک بدەنەوە!. ئێمە؛ کورد زۆر چاک بزانین لە کاروانی مرۆڤایەتی، شارستـانی، تەکنۆلۆژی، زانسـتـیدا زۆر دواکەوتووین. هیچ لە هۆشیـاری شۆڕشەکـانی قـەڕنی هەژدەو نۆزدە بە تایبەتی لە رووداوەکـانی جەنگی خـوێنینی یەک و دوو تێبـینیـەکی وردمـان نەکردووە، لێی تێ نەگەیشـتووین، بە تایبـەتی لە خەبات و راپەڕینەکانی گەلی رووسیا. ئەدەبی تۆڵستوی مـەزنی ئینسـانی، شۆڕشی ئوکتۆبەری مەزنی ئینسانی. وانەو پەندو هۆشـیـارییـەکی مرۆیی ئەوتۆمـان وەر نەگرتووە، بۆ ژیانی دوارۆژی کورد هیچ کـەڵکێکمـان وەر نەگـرتووە. داخەکەم! عـالەمی کورد گەرەکە لە شۆڕشی ئوکـتۆبەری مـەزنی جیـهـانی، ئەم فـەلسـەفـەی ئینسـانییـە ئەدەبێکی راست و رەوان، واقعییـان لێ وەرگرێت، زۆر بە دوور بینی لێی ورد بێتەوە تاکوو خۆی لە ئەفسـانەو ئەفسـوون، سیـحـرەکـانی دەمی رابووردووی کۆن و دوور، خۆی لە پرو‌پووچ، ئەوهام و خەیالات رزگار کات، کوردی پێ ئازاد و سەر فەراز کات. لەگـەڵ ئەمـەش لە زانست و ئەدەبی پێـشکەوتووانی عـالەمی عـەرەبی ئەمـڕۆ،

فـارس، هیندسـتـان، زانست و پیـشـەسـازییـەکـانی ئەورووپا، ئەنگلۆ – ئەمـەریکی ریالیـسـتـان، لە تەکنۆلۆژی ئەدەبیـات، ئایدیۆلۆژییـان، ژیانی راسـتی– واقـعـیـیـان وانەو وێنەیان لێ وەرگـرتن. بەم رەنگە ئەدەب و زمـانی کوردی پێ جوان و شیرین، دەوڵەمەند کەین. ژیان و ژینی کورد لە پڕ و پووچ، ئەفسـوون وئەفسـانەکـانی کـۆن وتازەی جیـهـانی بۆرژوازی، کـۆنە پەرسـتـانی دوورو نزیـک، عـالەمی کـوردی پێ ئازادو رزگـار کـەین. بەم رەنگە ئەدەب و زوبـانێکی تـازە و زیندووی کــوردی، گــەنج وتـوانا، ئەوەی دوارۆژمــانی پێ ئارایش و رۆشن و هوشیـار کەین. بەگـیـانێکی شـۆڕشگـێڕانەی مـاتریـالزمی واقـعی لەگەڵ عـالەمی بەشەر، ئینسانیدا بە هاوکاری، هاوژیان پێکەوە بژین. بێ جــیــاوازیی دین و رەســەن و ئایین، هاودەم و یەک ئاهەنـگ بڕوێین، بۆ عـالەمی دەرخەین بە پێی مـافی ژیانی ئینسـانی حەقی ژیان، پێشکەوتنمـان هەیە. کــوردیش وەک ئەوان مــرۆ و ئینســانە، توانای هونەری ژیانی هەیە، بەشداری شادی، لە ئازاری ئینسانیش تێ ئەگەین، بایی و نرخی مرۆ ئەزانین، وەک عالەم ئادەم پەرست، ئارام و ئاشتی خواز، شەیدای شارستانی، ئاوەدانی پەرستین.

بەڕێزینە!

هیـڤـێم ئەوەیە ئەدەبی بەرزی ئەحـمـەدی خـانی مەزن خـاوەنی مـەم وزینی نەمـر، حـاجی قـادر کـۆیی، جـەلی زادە، خـەتیب مـحـەمـەدی گـەورەی خـوالێی خـۆشـبـوو، لەگـەڵ شـێخ نووری سـاڵح، یـونس رؤوفی دڵداری گـیـان بەرز، جگەرخـوێن، قـەدری جـان، جـەلادەت بەدرخـان، خـێـزانی رەوشـەن بەدرخـان، نووسـەران، ئەدیبـانی کـورد.. جگە لەم ئەدیبـانەش نەمـر مـەولانای مـەزنمان هەمـیـشـە لەبەر چاو بێت.. بە خـۆشی و شـانازییـەکەوە یـادیان کـەینەوە. بە تایبـەتی مـەدرسـەی ئینسـانیی ئەدەبی گـۆران، بێ کـەس ناودارانی دڵسـۆزان بژێنینەوە، بەرەو شـوێنی بیـرو باوەڕی ئەم بەرێزانە بڕوێین.. خـۆمـان، گـەلی کـوردمـان، گـەنج و زیندوو توانا کـەین .. لە ناو ئەم ئەدەبیـانەشـدا خـوا لێی خۆشبوو بیخودی مەحموودی موفـتی شاعری خۆشەویست و قەشەنگ.. کاک زێوەری خـەم رەوێن و دڵسـۆز.. پیـرەمـێـرد .. شـێخ رەزای دلێـری تاڵەبانی.. عبدالخالقی ئەسیری نەمر .. قانعی بڵندی بەرێز، دڵسۆزانی تریشـمان لە بیر نەچێت، هەرگیز خۆمان بە کۆنە پەرستی گیر نەکەین، پێشڕەوی مـاتریالزم بین ...

........................................................................

ئەمــە نامــەی پیــرێک بــوو بۆ نەو جــوانان، هیــوام وایە ســەرم نەیەشــاندبن ..
ببوورن».

کـە زەمـان زەمـان بـوو سـاڵێکی ئەڕواو سـاڵێکی تر دێت بە شـوێنیـا، لە ڕۆیشـتـوودا پەندێک دروست ئەبێ، لە داهاتوودا بیرێکی تر پیشـان ئەدا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەر ڕۆژە شــتــێـک و هەر حــەفــتــە باوەڕێک پەیدا ئەبێ. تەنگی زەوی کــە هاتەوە یەک، باوەڕەکـان-کە هەریەکە هی لایەکن- زیاتر لە یەک نزیک ئەبنەوە. پیری موغان؛ خاوەنی پەخشان مێژوویەکی رابوردوو ئەگێڕێتەوە کە بەسەر نەتەوەکانا تێپەڕیوە، بەرزیی و نزمیی نەتەوەکـانی پشت لە مێژوو ئەخاتە ناو چوار چێوەی ڕستەی زمـانی کوردییـەوە و پیشـانی ئەدا بـۆ ئەوە کــە کــوردەکــە دەرزێک لـەوانەوە وەربـگرێت و بـگا بـە ئاواتـی خــۆی. جــۆرە گـوزارشتی واو جۆرە وشەیەکی وا ئەخـاتە ناو پەخشـانی کوردییـەوە کە دوور نییـە ئەو گوزارشت و وشانە بەو پانەو پانییـە تا ئەو ڕۆژە بەو چەشنە نەکەوتبـێتـە ناو پەخشـانی ئێمەوە. ئەمەش یەکێکە لە ئەنجامی گۆڕان کە بیری تاکێک لەگەڵیا ئەگۆڕێ!

دیارە یەکێک کـە کەوتە ناو ساڵەوە فرە حەز ئەکا ئەو شـتانە کە لەوەختـی خۆیا ئەو پیـان نەگەیشـتووە، دەستەی تازە پێ گـەیشـتوو بیانگەنێ، بەتایبەتی یەکێک کە بەتەنگ نەتەوەکـەیەوە بێت. وا دیارە ئەم کوردە تەقەی لەگەڵێ قـاپی هەڵسـاندووە و کەس دەرگـای بۆ نەکـردۆتەوە! وەیا گـەڵێ ڕۆژگـاری بەسـەرا هاتـووە و کـەس هیـچی بۆ نەکـردووەو خـۆیشـی هیـچی بۆ نەکـراوە. وادیارە لەهەمـوو چەرخێکا حـەزی بە ئازادی و سـەر بەسـتی کـردووە، بەڵام ڕێگـای لێ گـیراوە. خـاوەنی ئەم پەخشـانـە بە باوەڕی خـۆی ڕێگا پیـشان ئەدا، جا ئەو ڕێگـایـە لەگـەڵ واقـعـا یەک بـگرێ، وەیا نەگـرێ ئێـمـە کـارێکمـان بەوەوە نیـیـە، بەڵکوو ئەڵێین: ئەو باوەڕە کە ئەو دەری بڕیوە لەگەڵ واقعی نەفسـی خۆیان یەکی گرتووە بۆیە وا بە دڵسۆزی و بەسۆزەوە دەری ئەبڕێ.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشـەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە چەرخـی ڕۆژگـار هەر ڕۆژە شـتێک پەیدا ئەکـات و هەر ساتە بزووتنەوەیەک پەیدا ئەبێت. ئەو ڕۆژە کە خـاوەنی پەخـشـان لە پەخـشـانەکـەیا ئەو باوەڕانەی دەربڕیوە، ئایا ئەو باوەڕانە تەشـەنەی کـردبێ بۆ کــوردەواری، یـا نەیکـردبێ، ئەو گــوزارشــتی لێ داوەتەوە بۆ ئەوە -بەباوەڕی خــۆی- لەو ڕێگـاوە کـوردەکـە بگا بە ئارەزووی خـۆی، ئەو ئارەزووەی کـە ئەویـش ئەڵهـای بۆ کـردووە. ئەمە بـە کورتی بیری پیری خاوەن پەخشانە کە لە پەخشانەکەیا دەری بڕیوە، ئەگـونجێ لەو ڕۆژەدا جـۆرە باوەڕی وا لـە ناو دەسـتـەیەکـا هەبـوو بێت بۆیە ئەمـیش وا زیاتر لەگــەڵیـا

گونجاوە. بەرامبەر بەمە منیش ئەڵێم :

ئەم کوردە لە لاپەڕەی مێژووی کۆن و تازەیا، هەر ڕۆژە بەپێ ڕۆژ چەپڵەی بۆ یەکێک کوتاوە، لەم هەمووەدا هیچی بە هیچ نەبووە، چۆن چووەتە ناو ئەو چەپڵەیەوە هەر بەو جۆرەش بە دەستی خاڵی دەرچووە. تا ئیشیان پێ ئەبێت قسەی خۆشی بۆ هەڵئەڕێژن، کە ئیشەکەیان تەواو کرد ئەڵێن «لەتکی چی و پەتکی چی؟!». ئەڵێم بۆ تاقیکردنەوە باسەر دەمێکیش چەپڵە بۆ خۆی لێ دا، بزانێ ئەمەش ئەنجامی بەچی ئەبێ؟ ئەوەندە ئەزانم پیاو بەدەستی خۆی پشتی خۆی نەخورێنێ، دەستێکی تر هیچ دادێکی ناداتێ، مەگەر ئەو دەستە مەسڵەحەتێکی تێدا هەبێ بۆ خۆی، ئەو وەختە ڕاستە کەڵک بەخش ئەبێت.کەوا بوو کوردەکە، ئەگەر غەیری دەستی دایە باڵی، ئەبێ بکەوێتە سەر ئەوە کە ناوچەی مەسڵەحەتی غەیرەکە تەخت بکات، ئەو وەختە دڵنیا ئەبێ کە ئەبێ کە ئەو غەیرە بەراستی دەست ئەداتە باڵی. ئەبێ ئەوەش بزانین کە: زیاترە لە چەرخێک هەر وردە نەتەوەیەک لەم ماوەیەدا دروست بووەو بووە بە خاوەن -بەناو- سەربەستی، هەر غەیری خۆی دەستی گرتووە بە باڵیەوە! ئیمڕۆژ ڕۆژی ڕم و شیر نییە، ڕۆژی عیلم و سیاسەتە، ئەبێ بزانرێ گۆشتی شان لە کوێوە ئەخورێ.

***

«زانا مەسعوود محەممەد» لە پێشەکی بەشی یەکەمی کتێبی «حاجی قادری کۆیی» کە دانراوی خۆیەو لە ساڵی «١٩٧٣»ی دەستی چاپ مۆری کردووە، نموونە پەخشانێکمان لە قاڵبی گوزارشتی کوردیدا ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«لەو باوەڕەدام تا ئێستا دیراسەیەکی ئەوتۆ لە بارەی فەلسەفەو خەبات و ژیانی حاجی قادر بڵاو نەکراوەتەوە لە قووڵی وفراوانیدا بگا بەرادەی گرنگی و پێویستی مەوزووع. تا ئەوەی لە سنووری ئاسۆی ڕۆشنبیری ئێستاکەی کوردەواریش دێتە بەرچاوم هیچ عەلامەتێکم لێوە دیار نییە مژدەی دیراسەیەکی لایق بە حاجی ڕاگەینێ. گوتەی کوردی ئەگەر ڕاست کا کە دەڵێ مانگەشەو سەر لە ئێوارەوە دیارە، ئەو ئەرکەی ناساندنی حاجی قادر بەتایبەتی کورد و تێکڕای جیهان خەریکە لە ئەستۆی جیلی ئێمە دەترازێ و دەکەوێتە سەر شانی جیلی ئایندە. ئەوساش بەپێ دەرکەوتنەوەی ڕۆژگاری حاجی لە نیگای بینەران، کارەکە وەزحمەتتر دەکەوێ .. چەندین پەردەی حەقیقەت پۆش تازە لە دەوری شوێنەواری حاجی دەئاڵێ و تاریکایی لێ دەتەنێ. سەرەرای ئەو وەزحمەت کەوتنە مەترسێکی گەورەی بزر بوونی

حەقیّقەت لەوەش پەیدا دەبێ لە داهاتنی فەلسەفەی جیاجیا مەیل و ئارەزووی هەمە چەشنە دادێنێ بۆ پێوان و هەڵسەنگاندنی هەمـوو بابەتێکی عـەلاقـەدار لەگەڵ سیاسەت بە کێش و تەرازوێک کە خزمەتی ئامانجە سیاسیەکانی خاوەنی تەرازووەکە بکا. ئەو هێندە دەسکاری و گۆڕینی ئانقەست کە بەچاوی خۆمان دیومانە تا ئێستا بۆ خزمەتی مەبەسی سیاسی لە گێڕانەوەی رووداوی کۆن و نۆیدا کراوە ئومێد زۆر زەعیف دەکا بەوە کە لە دوارۆژدا راستی و حەقیقەت لەچنگ داخوازی سیاسەت بە سەلامەتی دەرچێ. بێ گومان هاندەرێکی یەکجار بەهێز کە پاڵی پێوە نام جورئەت بدەمە بەر خۆم تا شەرمم لە حاجی بشکێنم و گوزارشتی ژیانی بگێرمەوە، ترسی لە ناوچوونی یەکجارەکی ئەو راستیانە بوو کە من لە بارەی حاجییەوە دەیانزانم و دەبینم لەگەڵ رەوتی زەمانا یەک یەک دەکوژێنەوە و چرای تازە دروستکراو لە شوێنیان هەڵدەکرێ. لە ماوەی «٧٥» ساڵ کە بەسەر مەرگی حاجی دا تێپەڕیوە، زوربەی گوزارشتی ژیانی لەناوچوە. بە گوێرەی راگەیاندنی نووسینی بێ شوبهە زۆربەی بەرهەمە نووسراوەکانیشی فەوتاوە. کەم تا کورتێک لە ئەحواڵی حاجی وە هێما شیعرەکانی کەوا لای چەند کەسێک ماوە تا ئێستا تۆمار نەکراون.

جا ئەگەر ئەو کەمینەی ئەحواڵ و هێمایەش نەنووسرێن و لەناو بچن نووسەرێکی دوارۆژ بشێوەیێ لەعاست حاجی دا حەقپەرستی بکاو راستی دەرخا چی ئەوتۆی دەست ناکەوێ لە سەرچاوەی بێ فێڵ بیکا بە چەکی هەڵمەت بردن بۆ سەر دەسکاری وە یا دیفاع کردن لە حەقیقەت. من لەلای خۆمەوە، بەپێی توانین، چی بۆم ساغ دەبێتەوە دەربارەی حاجی و ژیان و شەخسیەت و ئەدەبی لەگەڵ بەڵگەی مادی و زیهنی کە لە دەستمدا بێ بە تۆمارخانەی مێژووی رادەگەینم. هەرچەند پانایییەکی فراوان لە هەموو روێکی ئەو باسانە بە بەتاڵی و بێ رەنگی دەمێنێتەوە لەبەر نەبوونی سەرچاوەی مەعلومات و تەسکی دەرفەت، دیسانەوە ئەو هێندەی کە بۆم رووپێو دەکرێ راستی ئەوتۆی تێدا دەبێ یارمەتی تۆژەرەوەی دوارۆژ بدا بۆ رووپێو کردنی مەیدانێکی فراوانتر لە باسی حاجی. دەڵێن تابلۆی نیگارکێش دەبێ سەرانسەری بە رەنگ کراوی لەبەر دەستی هونەرکار دەرچێ، مانەوەی هەر جێگایەکی تابلۆکە بە بەتاڵی دەبێتە عەیبی هونەرکار و بەرهەمەکەی. بەداخەوە تابلۆی ژیانی حاجی قادر مقدارێکی ئەوەندە زۆری لە تارییکایی دایە ئەگەر نیگارکێش رەنگی درۆزنی لێ نەدا بە ناچاری بێ رەنگ

دەمێنێتەوە. بەلای بیروڕای منەوە بەشێکی کەمی تابلۆکە بەرەنگی ڕاستگۆ ڕەنگ بکرێ چاکترە، سەد جارانیش چاکترە، لەوەی بۆ مەبەستی خۆ هەڵکێشان، وەیا ڕواڵەتی بێ عەیبی، ڕەنگی درۆزن بەکار بهێنرێ یا لە کۆتایی ئەو بەکار هێنانەشدا تابلۆیەکی تێر ڕەنگ پێک بێ. پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێم :

نووسینی درۆزن گەلێ سەر شێوێنترە لە تابلۆی درۆزن، چونکە نووسین ڕاستەوخۆ دەبێتە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە و بڕیاری مێژوویی. ئەو هێندە خەڵقەی کە نووسین دەخوێننەوە دەبێکی عاشقە تابلۆ پەیدا نابێ. لەفەرزی ئەو ژمارەیە پەیداش بێ حیسابێکی کە بۆ واتاو ڕاگەیاندنی شتی نووسراو دەکرێ بۆ وێنە وەیا پەیکەر وەیا هیچ بەرهەمێکی دییکەی هونەری ناکرێ. وا دەبێ شتی نووسراو ببێتە کولانەی سەیر کردن نەک بۆ دیمەنێکی تەسک و مەحدوود، بەڵکوو بۆ دیمەنێک تۆوی باوەڕو فەلسەفەی تێدا بڕوێ: دەمەوێ بڵێم هەندێ نووسین هەڵەی ئەوتۆیان تێ دەکەوێ کەخەڵق فریو دا بۆ باوەڕی چەوت، یا بۆ ئینکارکردنی شتی ڕاست. دەگێڕنەوە جارێکیان شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە زۆرانبازیدا ژێر دەکەوێ کەچی بە چەند بەیتێکی تەڕو پاراو وا رادەگەیێنێ خۆی سەرکەوتووە و هەمباوەردەکەی نەک تەنها ژێر کەوتووە بەڵکوو ڕیسواش بووە! لە وەرامی گلەیی و گازاندەدا شێخ ڕەزا دەڵێ: تازە من ئەمەم کرد بە «تأریخ» بۆ خۆت هەرچێ دەڵێی بیڵێ .. بەشێکی زۆر لە شتی نووسراو، وەک بەیتەکانی شێخ ڕەزا، دەبێتە «تأریخ» یاخود بیروباوەڕ. بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو نووسینانە بە دڵخوازی ناڕاستی بێ وەیا بۆ مەبەستی شاردنەوەی حەقیقەت بێ. هەندێ لە نووسەران دوچاری هەڵە دێن لەبەر هەڵەی سەرچاوەیێک کە مەعلووماتیان لێ وەرگرتووە، یاخود بەهۆی سەهوی ناچاری وەیا بێ سەروشوونی مەوزوع، وەیا لەبەر گەلێ هۆی جۆری دیکە کە نیگای نووسەر لێڵ دەکەن و خامەی دەخلیسکێنن. خۆپاراستن لە سەهو و هەڵە هەرچەند لێشیان کەم کاتەوە بە جارێ پاکیان ناکاتەوە.

هەڵەی نووسەر کە لە نەزانین وە یا بەسەهوو چوونەوە بێ نابێتە جێی گلەیی بە مەرجێک کە هەستی پێ کرد لێی بکشێتەوە: پێ داگرتن لە سەر هەڵە دوای ڕوونبوونەوەی، لە خوێندەوار ناوەشێتەوە چ جایێ ئەوەی بڵێین ڕەوا نییە. نووسەر هەیە لە ڕووی لایەنگیری فەلسەفەیەکەوە، وە یا لەبەر نەویستنی یەکێکی دیکەوە چاو لە ڕاستی دەپۆشێ یاخود تەرجیحی شتی زەعیف دەدا بەسەر هی بەهێزدا: ئەم خووەی ڕاستپۆشی کە لە جێی پێویست

بەگـوێرەی بـاوەڕی خـۆم لـێی دەدوێم، لای هەنـدێ کـەس لە هەمـوو سنوورێکی عـادەتی ویستن ونەویستن تێدەپەڕێ و دەگا بەرادەی روخاندن. خەتەری راست پۆشی گـەلێک زیاترە لـەوە کـەراسـتـیـمـان لەکـیس دەدا، بەولای دۆڕاندنی راستییەوە گوناهێکی گەورەتر دەکا: چونکە خوێنەری عادەتی توانای نهێنی و فکری ئەو تۆی نیـیـە نووسـراو وەیا گـوتە بە تەرازووی زانست و مـەنتـیق هەڵسەنگێنێ بۆیە مومکنە هەڵەی نووسراو لە مێشکدا جێگیر بێ و لێ ببێ بەباوەڕ. جا ئەگەر کەسێک لە نووسیندا هەڵە دەدۆزێتەوە بۆی بلوێ بە نووسین راستی کاتەوە بەوەدا خزمەتێکی گەورە دەکا بۆ ئێستاو دوارۆژی میللەتەکەی، بەڵکوو هەموو ئادەمیزاد: بەسڕینەوەی هەر هەڵەیەک لە مێشکی خەڵق پەڵە هەورێکی رەشی جەهالەت دەرەوێتەوەو چراییێکی حەق ناسی هەڵدەکرێ . .

..........................................................................».

ئەم کتێبە نموونەی پەخشـانەکانی کوردی تا ئەندازەیەک بەپێ ساڵ و سەردەم پیشـان ئەدا بـۆ پاشـەرۆژی مـێـژوو. بابەت زۆرە، هەر پەخـشـانێک، وەیا چەند پەخـشـانێـک لە بابەتێکەوە قسـە ئەکـا، ئەوەندە هەیە چەشـەی ئەو خاوەن پەخشـانانە کە لەیەک بابەتەوە قسـە ئەکەن جیایە، هەریەکە گوزارشتێکی هەیەو هەریەکە لە بۆتە شـەخسـییـەتی خۆیان قسـە ئەکـا. هەرگـیـز نەبووەو رێ ناکەوێ کـە گـوزارشـتی دوو کـەس ببێ بە یەک، چونکە ئەگـەر دووەم دەق ئەوەی یەکـەمی وەرگـرتووە ئەوە نـەبوو بە دووشت، بەڵکوو هەر یەکـەو یەکەکەش ئەوەی یەکەمە، ئەگەر جیای کردەوە با بابەتیش یەک بێ، چەشە یەک نابێت و هەر یەکـە گـوزارشـتـێکـیـان ئەبێت. جـا ئەم گـوزارشـتـە ئەبێـتـە هۆی ئەوە کـە پەخشـان لقوپۆپێکی زۆری لێ ببێتەوە.

ئەمە مەبەست نییـە کە ئەم پەخشـانە قسـەی لە بابەتێکەوە کردووە کە لێکۆڵینەوە و بەسەرهاتی هۆنراوی حاجی قادری کۆیی و کۆیی خۆیەتە، ئەمە مەبەست نییە چونکە دوور نییـە گەلێ لەم رووەوە قسـەی کردبێ، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە رێختی ئەم پەخشانە چۆنەو؟ چ دەورێک لە گەرووی پاشەرۆژی مێژوودا دروست ئەکا؟ بە قـوتدانی نموونەیەک لە جۆرە پەخشانێکی ئەم چەرخی بیستەمە!

ئەم پەخشانە جۆرە رێختێکمان پیشان ئەدا کە سووراو سوور جیایە لەو رێختانە کە لە رۆژێکی وەکوو ئیـمڕۆژدا هەن. کوردییە وەکوو پـەخشـانەکـانی تر، شێوەی موکرییە وەکوو نموونەکانی تر، خاوەنەکەی خەڵکی کۆیە وەکـوو کۆییـەکـانی تر، بەڵام داڕشـتـنەکەی هیچ لەوانی تر ناکا.

ئەمەش یەکێکە لە هەنگاوەکانی گۆڕان کەلە یەک چەرخداو لە نێوانی دوو لاپەڕەی سالآنی « ١٩٧٠-١٩٨٠» ئەم جۆرە ڕێختە لەناو ڕۆشنبیران و قەڵەم بەدەستانی کورددا پەیدا ئەبێ. دیارە بە شێوەیەک هاتۆنە ناوەوە کە پیاو هەست ئەکا خاوەنەکەی لە ناو کتێبخانەیەکی گەورەی کۆندا بووە، نەک کتێبخانەی کوردی، بەڵکوو کتێبخانەی عەرەبی، دڵی خۆی پڕ کردووە لە سەبکی مەفهوومی ڕێخت و بەلاغەی ئەو کتێبخانەیەو ڕژاندوویەتە ناو قاڵبی زمانی کوردیەوە. وێنە عیبارەتێکی تر کە ئەڵێ:

«بە عادەت کە یەکێک لە شوێنێکەوە رادەگوێزێ بۆ شوێنێکی تر تا ماوەیەکی دوورو درێژ قەپیلکی غەریبی لە بۆتەی رەوشت و نەریت و دەستووراتی ئەو شوێنە تازەیەدا ناتوێتەوەو تۆزی غەریبی لێ ناتەکێتەوە» ل ١٦٨. سەیر ئەکەی ئەم دارِشتنە بەهیچ جۆر لە دارِشتنی پەخشانەکانی هاوچەرخی ناچێ، گومانیش لەوەدا نییە کە لە یەکێکی ترەوە فێر نەبووە، چونکە وێنەی ئەمە لە پێشیەوە نابینرێ. بەڵێ! سادەیەو خۆماڵییە، وشەی غەیری کوردی کەم تێدا هەیە، بەڵکوو هەر ئەوەندەی تێدایە کە بوون بەماڵی کورد. بەڵام بۆتەکەی بتەوێکی وایە کە بەگران ڕێختی کوردی تێدا ئەتوێتەوە، مەگەر تەنیا بۆ خاوەنەکەی نەبێ. هەرچەندە ئەمەش راستە کە چەشەی دووکەس نابێتە یەک، بەڵام گریمان بووشن بەیەک هەر لە خاوەنی ئەم پەخشانەدا نەبێ لە کەسی تر دروست نابێت.

ئەگەر ئەوە راست بێت کە ئەڵێن: «قسە رەوشت و خووی خاوەن قسە پیشان ئەدا» پەخشانی ئەم خاوەن پەخشانە ئەوە پیشان ئەدا کە نەفسییەتی داوای ئەوەی لێی کردووە: پەخشانەکەی بەرز بێ بۆ ئەمە خۆی بەرز بێت! لەگەڵ ئەمانەشا من کارێکم بەمانەوە نییە، بەڵکوو شت پیشان ئەدەم و وێنەی پەخشانی ئەم رۆژە ئەخەمە بەرچاو؛ ناوەرۆکی پەخشانەکە -کە ئەمە نموونەیەکی کتێبەکەیە- ئەم سەر تا ئەو سەر لێکۆڵینەوەو دیراسەیە لە حاجی قادری کۆیی و لە هۆنەریی حاجی قادری کۆیی. روخسارەکەشی ئەو روخسارەیە کە لەبەر چاوتە. ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەیە کە مێژووی دوارۆژ کاتێ کە ئاوڕی دایەوە بەلای رۆژانی پێش خۆیەوە، هەموو جۆرە وێنەیەک لە هەموو بابەتێکەوە بەهەموو جۆرە ڕێختێک ببینێت و تێ ورد ببێتەوە.

***

«دکتور نەسرین فەخری» لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری « کۆڕی زانیاری کورد» بەشی یەکەمی ساڵی ١٩٧٣ لە ژێر ناوی «پاشگرو پێشگر: ڤە-یان-وە» لە زمانی کوردیدا پەخشانێکمان ئەخاتە بەرچاوو ئەڵێ:

«زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانە زیندووە سەربەخۆیانەی کەتایبەتی ئەوتۆی تێدایە سەربەخۆیی ئەم زمانە بە وردی دەردەخات و بە ئاسانی لە زمانە دوور و نزیکەکان لێیەوە جودای دەکاتەوە، یەکێک لەو تایبەتییانە «پاشگر و پێشگرە» لەم زمانەدا. ئەم پێشگرو پاشگرانە لە ژمارەدا زۆرن و دەکرێن بە دوو بەشەوە: بەشێکی دەچێتە سەر ناو، بەشەکەی تری دەچێتە سەر فرمان – فعل–. هەرچەندە هەندێک لەم پێشگرو پاشگرانە دەچنە سەر فرمان و سەر ناو لەهەمان کاتدا، بەڵام رێ و شوێنی تایبەتی هەیە بۆ جوداکردنەوەی ئەم دوو بەشە لەو شوێنانەدا ولە بەشی تر، بەرانبەر بەمەش هەیە لە هەمانکاتدا پێشگرە واتا پێش بناغەی وشەی دەکەوێت، وە لەلایەکی ترەوە پاشگرە واتا پێش بناغەی وشە دەکەوێت و دەلکێت پێوە وەک: «ڤە–یان–وە» کە لەم وتارەدا دەیخەینە پێش چاو.

وە لەبەر ئەوەی ئەم «ڤە–وە» یە پێشگرو پاشگرێکی فرمانییە، واتا لەگەڵ چاوگ و فرماندا بەکار دێت، پێویستە بزانین کە لە زمانی کوردیدا دوو پاشگری فرمانی هەیە، یەکێک لەم دوو پاشگرە «ڤە–وە» یە دەورێکی گەورە و گرنگی هەیە وەک زوربەی پێشگرەکانی تری ئەم زمانە، ئەویتریان پاشگری «ئاندن– Andin»ە، ئەم «ڤە–یان–وە»یە هەروەک لەم باسەدا دەر دەکەوێت، بەڵام جێی داخە کە نەک تەنیا ئەم دەورە گرنگەو تایبەتییەکانی روون نەکراوەتەوە لە لایەن زمانەوان و نووسەرانەوە، بەڵکوو تەنانەت لە هەندێک شوێندا لە جێگەی ساغ کردنەوە، رواڵەتەکەشی تێکدراوە، لە کاتێکدا ئەگەر بێتو بە وردی نەک لێبکۆڵینەوە، بەڵکوو ئەگەر بە وردی گوێ رایەڵ کەین بۆ زمانەکەمان کاتی گفتوگۆ کردن پێی دەبینین هەر یەکە لە ئێمە ئەو تایبەتییانە بەکار دەهێنێت لە قسەکردندا، وە رۆژ نییە ئەم پاشگرو پێشگرەو چەند تایبەتییەکی بەسەر لێومانەوە نەبێت و پێویستی ناچاری بەکار هێنانی نەبین، کەچی گشت ئەو باسانەی لە بارەی ئەم پێشگرو پاشگرەوە نووسراون هەڵەو ناتەواوی ئەوتۆیان تێدایە بە جۆرێک ئەگەر بێتو تێکراش وەریان بگرین و گەلاڵەیان بکەین دوو بارە ئەنجامێکی تەواو نادەن بە دەستەوە!

ئێستا لەبەر گرنگی ئەم باسەو ئەو تایبەتییە وردانەی لەم «ڤە–وە» یەدا هەیە کە دەبێتە هۆی پێشکەش کردنی دەیەها واتاو وشەی نوێ بەم زمانە، وە بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێی بگەین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەدەینەوە بەگوێرەی توانا:

١– پێشگرو پاشگر چین؟

٢- ئایا ئەم پێشگرو پاشگرە «وە» یان «ەوە»یە؟

٣- واتاکانی چییەو چەند لەگەڵ فرماندان؟.

٤- نموونە بۆ خۆی و تایبەتییەکانی تری لەم زمانەدا.

٥- ئەنجامی باس.

١- پێشگرو پاشگر چین؟

بەلاتینی بە پێشگر دەکوترێت «پرێڤیکس–Prefixus» کە زاراوەیەکی گراماتێکییە بەو بەشە دەکوترێت کە لە یەک «برگە» ، یان زیاتر پێک هاتووەو دەکەوێتە پێش بناغەی وشەو دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕواڵەت و ناوەرۆکی وشە. وە ئەم پێشگرانە وەک هەموو بەشەکانی تری زمان لەپڕ دەر نەکەوتوون، بەڵکوو بەرە بەرەو بە گوێرەی پێویستی و لەسەر بناغەی زمانەکە خۆی و لە زمانەکەوە هەڵقوڵیون، وە ئەو پێناسینانەی کە لەسەرچاوەی جیاواز و زمانی جیاوازەوە وەرگیراون بۆمان دەردەخەن کە زوربەی ئەم پێشگرانە – پرێفیسکانە لە بنەڕەتدا لەوشەی سەر بەخۆوە هاتۆنەتە کایەوە، واتا لە کۆندا واتای سەربەخۆو تایبەتییان هەبوو، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و بەهۆی زۆر بەکار هێنانیانەوە بەرە بەرە ئەم ڕواڵەتە «شکڵ–فۆرم»ە تازەیان وەرگرتووە. وەک: خستن، را–خستن، دا–خستن، هەڵ–خستن، لێ – خستن ، پێ–خستن – هتد..

«پاشگر»: بەلاتینی بە پاشگر دەکوترێت «سوفیکس–Su-Fixus» ، ئەمیش وەک پێشگر وایە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە ئەم بە پێچەوانەی پێشگر دەکەوێتە کۆتایی بناغەی وشەو دەلکێت پێوە. بۆ نموونە:– خەوتن – خەو+ئاندن– خەواندن، خەوتنەوە، خەوێنە ...هتد لە زمانی کوردیدا.

٢- ئایا ئەم پێشگرو پاشگرە: «وە We»یان «ەوە EWE»یە؟

هێناویانەتەوە، بەبێ ورد بوونەوە لێی کاتی بەکار هێنانی، بەڵکوو بە نووسینەوەی یەک لە سەر یەک وازیان هێناوە، وە لەو شوێنانەدا کە لە وینەی «ەوە»دا دەرکەوتووە لەگەڵ ئەو وشانەی کۆتاییان بە پیتی دەنگدار دێت – حرف صحیح ساکن– وشەکەیان لەم پاشگرە جودا کردۆتەوە، ئەوەی ماوەتەوە «ەوە–EWE» بووە، بۆیە نووسیویانە پاشگری «ەوە–EWE». هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی ماموستا «شیخ محمدی خاڵ» بڵێت: «ئەم بەشە پەیوەستییە –لێرەدا مەبەستی پاشگرە– کە دەکەوێتە کۆتایی فرمانەوە، هەمیشە «و» دەکەوێتە ما بەین دوو ها «ە–ە» واتا بەم شکڵە «ە وە» وەک:

هاتنەوە، چوونەوە، خواردنەوە».

ماموستا نووری عەلی ئەمین دەڵێت: «پاشگری «ەوە» پاش ئەو وشانە دێت کە کۆتاییان بە پیتی دەنگدار نایێت» واتە ئەوانەی کۆتاییان بە پیتی دەنگدار -حرف ساکن او صحیح-دێت- بەبێ ئەوەی هۆی ئەوە دەربخات. لەشوێنێکی تردا و لە ژێر ناوی پاشگری «وە-WE»دا دەڵێت: «ئەم پاشگرە لەگەڵ ئەو وشانەدا بەکار دێت کە کۆتاییان بە پیتی دەنگدار دێت» بێ ئەوەی هۆی ئەمەش روون بکاتەوە. زمانەوانی کورد دوکتور قەنات کوردۆییێف هەمان شت دەڵێت، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان هۆی ئەم کەمە جیاوازییە بچوکە دەربخەن کە لەروالەتی ئەم پاشگرەدا دەردەکەوێت.

دوکتور: ن. ماکەنزی دەڵێت: «ئەم پاشگری «ەوە»یە هەندێ جار لەوێنەی «وە»دا دەردەکەوێت، بەبێ ئەوەی ئەمیش هۆو شوێنی دەرکەوتنی ئەم پاشگرە لەم دوو روالەتەدا پیشان بدات».

زانای ئەمریکی: ل-ئۆ-فۆسوم تەنیا ئەوەندە دەڵێت: «کە بەرانبەر بە پاشگری «وە»ی شێوەی خواروو پێشگری «ڤە» هەیە لە شێوەی ژووروودا «کرمانجی» و هیچی تر»، واتا ئەم پاشگرە لە وێنەی «وە»دا باس دەکات تەنیا لە شێوەی خواروودا هەروەک «وە» پاشگریش نەبێت لە شێوەی ژووروودا.

دوکتور کەریم -پ- ئەییووبی و دوکتور:ئی. ئا. سمیرنۆڤا دووبارە لە شێوەی «ەوە-EWE»دا وەک پاشگر باسیان کردووە.

..................................................................................».

دەوری ئافرەت دێتەوە پێشەوە، سەردەمەکانی پێشوو ئافرەت لە ناو کورددا ئەگەر لە بنەماڵەیەکی بە سامان بوایە خوێندنی پێ فێر ئەکرا لە قرئان و نووسین و بە دەگمەنیش زانیاری تر. مێژوویێک بەم جۆرە رۆیشت، پاشان قەڵەم کەوتە دەست هەموو جۆرە چینێک، توانی لە بارەی ئەدەب و مێژوو و نەتەوایەتییەوە ئەو قەڵەمەی خۆی بخاتە کار. زەمان وردە وردە لەگەڵ گۆرانا سنگی بە گوری خۆی نا بۆ پێشەوە، ئافرەت پلەی تر سەرکەوت؛ کەوتە بینینی وڵاتان و خوێندن لە وڵاتە دوورە دەستەکانی وڵاتی خۆیدا، کەوتە ئەو مەیدانە کەببێ بەخاوەنی دوکتۆراو ببێ بە پسپۆری تایبەتی لە بەشێ لە بەشەکانی زمانی خۆی، ئافرەتی دوکتۆرا پەیدا بوو لە باری فولکلۆر و زمانەوانی و شتە عیلمییەکانەوە، بە تایبەتی زمانەوانی دەورێکی گێرا. خاوەنی ئەم پەخشانە یەکێک بوو

لەو ئافرەتانە کە لەو مەیدانەدا لە رووی زمانەوانییەوە بتوانێ خوێندن و قەڵەمی خۆی بە زمانی کوردی لە لێکۆڵینەوەی دەستووری زمانی کوردی بخاتە کارو بابەتی تا ئەندازەیەک نوێ بێنێتەوە ناوەوە.

نەتەوە برێتییە لە ژن و لەپیاو، ئەم دوو رەگەزە پەرە بە نەتەوەکە ئەدەن. ئێمە قسە لە کوردەوە ئەکەین. سەردەمەکانی پێشوو هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە ئەم دوو رەگەزە لە ناو کورددا بە درێژایی ئەو مێژووە قۆڵیان کردووە بەقۆڵی یەکاو بە جووتە هاتوونەتە خوارەوە ئەو سەردەمە کە سەردەمی شەڕ و شۆڕ و راوو شکار بووە، پێکەوە کردوویانە، ئاژاڵداری وماڵداری بووە پێکەوە کردوویانە. پیاوەکە لە دەرەوە خەریک بووە، ژنەکە لە ماڵەوە. جووتە گاو رەزەوانی و توتنەوانی بووە پێکەوە کردوویانە. ئافرەت منالی کۆرپەی لە کۆڵی خۆی توند کردووە و چووەتە دەرەوە بۆ ئەوە بە هاریکاری لەگەڵ مێردەکەیا ئیش و کار وگوزەرانیان جێ بەجێ بکەن. ئێمە شت بۆ مێژوو باس ئەکەین، ئەم رۆژە کە جۆری گوزەران پەردەیەکی تری بەسەرا هاتووە، هەندێک لەو ژن و پیاوانە ئیش و فرمانی کاربەدەستی ئەگرن بەدەستەوە، بە مووچەو دەرامەتەکایان پشتی یەک ئەگرن و بەهەر دوو لایانەوە منالەکانیان و ماڵەکەیان بە رێوە ئەبەن. ئەمە دیارە گۆڕان ئەمەی کردووە. لەمەش تێپەڕی ئەم دوو رەگەزە بە شوێن خوێندنی ئەم سەردەمەدا پەڕەوازەی ولاتانی دوورە دەست بوون بۆ پەرەپێدانی خوێندنیان و بۆ گەواهی نامەی دوکتۆرا. جا ئەمە ئایا بۆ ژیواری خۆیان بێ، یا شتێکی تر بێ، رەوڕەوەی گۆڕان ئەم شتانەی هێنایە پێشەوە.

ئەڵێم بۆ ژیواری خۆیان یا شتێکی تر. لێرەدا دەستوورێکی مەنتقی هەیە ئەڵێ:

مرۆڤ لەسەر چوار جۆرە، وە هەموو کەسیش خۆی لە هەموو شت و لە هەموو کەسێکی تر خۆشتر ئەوێ. ئەو کەسەی فرمانێک ئەکا، فرمانەکەی لەم چەند مەبەستانەی خوارەوەیە:

یا ئەڵێ: من خۆم لەم فرمانەما مەبەست نییە، هەر خەڵکەکەم مەبەستەو هیچ تر. یا ئەڵێ: ئەم ئیشەی من قازانجێکی گشتییە، کە گشتەکە سوودی لێ وەرگرت، منیش لە ناو گشتەکەدام بەشی منیشی تێدا ئەبێت. یا ئەڵێ: من خۆم بەهرەی خۆم وەربگرم، خەڵکی تر وەریان گرت یا نەیانگرت مەبەست نییە. یا ئەڵێ: مەسالحی خەڵک هەموو سەری تیا بچێ هەر بۆ ئەوە کە من خۆم بگەمە بەهرەکە!.

ئەم بەشەیان گەورەتر تاوانبارە لە کۆمەڵدا، چونکە کۆمەڵەکە لەناو ئەبا بۆ سوودی تاقە نەفسی خۆی. ئەو بەشەیان کە ئەڵێ: من ئیشەکە هەر بۆ کۆمەڵ ئەکەم و خۆمم هیچ

مەبەست نییە، ئەمەشیان شێتە، چونکە یەکێ خۆی مەبەست نەبێ، خەڵکیشی مەبەست نییە، دیارە ئیشی شێتیش بێ سەرەنجام و بێ کەڵکە! ئەو بەشەشیان کە ئەڵێ : ئەم ئیشەم قازانجێکی گشتییە، کە گشتەکە وەری گرت منیش لەناو جغزی گشتەکەدام لەقازانجەکە بەرم ئەکەوێ. ئەم دەستەیە لە هەر چوار بەشەکە لە پێشترو خاوێنترە. لە دوای ئەم دەستەیە ئەوە دێت کە ئەڵێ: من خۆم بەهرە وەربگرم خەڵکی تر وەری ئەگرن یا نایگرن کەیفی خۆیانە! بۆیە ئەڵێم ئەمە دێت چونکە سوودی خۆی نەبەستووە بە زیانی خەڵکەوە. ئەم دەستوورە بۆ تاکە ئەگەر خۆ بێینە سەر نەتەوە، زۆر نەتەوەی مێژوو سوودی خۆی لە زیانگەیاندن بە نەتەوەیەکی تر بینیوە، ئێمە قسە لەوەوە ناکەین، چونکە ئەو پلاوە، پلاو لەگەڵ ساوەرا هاوشانی یەک نین! جا ئەوانەی کە چاویان لەسەر کەوتنە -لە هەر مەیدانێکا بێت- ئەگەر سوودی خۆیان لە زیانی خەڵکا بینی، ئەوە بێ فەرترو نەگریستر کەسن لە کۆمەڵدا.

مەیدانی خوێندەواری و رۆشنبیری بێ گومان ئەو مەیدانەیە کە خۆی ونەتەوەکەی هەر دوولایان سوودی لێ ببینن، ئەوانەی کە ئەم رێگایە ئەگرن بەرزن، بەکەڵکن. ئافرەتی کورد لەم مێژووەدا گەیشتە پلەیەک کە بتوانێ دوکتۆرا وەر بگرێ؛ گومانی تێدا نییە کە بەرهەمی خوێندەوارییەکەی سوودێکی گەورە ئەدا بە نەتەوەکەی. جا ئەم پەخشانە نموونە پەخشانێکی ناوەرۆک و روخسارە بۆ بابەتێکی وەکوو ئەم ناوەرۆکە. ئەگەر حسابی رێختی ئەدەبی بکرێ دوور نییە رێخت لەم رێختە رێکتر هەبێت، بەڵام لە شوێنێکا کە دەستوورەکە رێزمان باس بکا هەر ئەوەندەی پێ ئەکرێ.

***

«رؤوف حەسەن» لە ژمارە «١١»ی ساڵی «١٩٧٣»ی گۆڤاری «بەیان» لە ژێر ناوی «ئەدەب و رەخنەی ئەم سەردەمە»دا پەخشانێک پیشان ئەداو ئەڵێ:

> «سەرومڕ گۆڕان و تازەبوونەوەو ئاڵۆزی ژیان سیمای ئەم سەردەمەیە کە تیایا ئەژین. وە ئەم سیمایەش پەل و پۆی بۆ ئەدەب و هونەریش هاویشتووە وەک هەموو بوارەکانی ژیان.
>
> جەنجاڵی ژیان.. لانەوازێتی و ونبوونی مرۆڤ.. بۆنی بارووت.. دیمەنی خوێنی مرۆڤ.. دوو روویی لەسەر حسابی بیروباوەڕو نرخی ئادەمیزاد.. لەناو گێژاوی رەوشت و قیمەمی پەرپووتدا.. ئەمانەو تێکڕا پەیوەندی بە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی تر.. لەم سەردەمەداو لە سەرانسەری جیهانا

کـارێکی بەهێـز ئەکـەنە سـەر ئەدیب و هونەرمـەندان و ئەو دەروونی و تەزینە فـیکرییـەی ناهێـڵێ و ڕاڕایی ودوو دڵی و بێ ئارامی جێگەی ئەگرێتـەوە و لەبەرهەمەکانیاندا هەر بەو شێوە ئاڵۆزە دەرئەبڕێ کە وەک ژیان خۆی ئاڵۆزە.. ڕستەو وشەی پچڕ پچڕ .. گۆڕانی فیکرە لە ڕستەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.. لە وشەیەکەوە بۆ یەکێکی تر.. بێ دەنگی.. مەنەلۆج.. دەرنەبڕینی ڕاستەوخۆ.. وەهەندێ جار نەبوونی مەبەست و هیچ نەدان بە دەستەوە.. کە ئەمیش هەر لە بێ مەبەستی و بێ ئەنجامی و بێ ناوەڕۆک و بێ مەعنایی ژیان خۆیەوە دێتە کایەوە..

بەکـورتی هەمـوو دۆزەخ و بەهەشـتـەکـانی ژیان.. لەگـەڵ هەست و بیـرو دەروونی ئەدیبدا تەفاعول ئەکەن.. بەرهەم ئەبێتە تێکڵاو کردنی پشکۆ ئاگر لەگەڵ بەستەڵەکدا.. یان پارچە دووکەڵی ئێسک و پرووسکی ناو دۆزەخی ئەم ژیانە ئەبێت.. وەیان بێ هۆشی و بەنگ کێشان و تەم ومژی دەروونی ئەدیب.. یان دڵداری کردنێکی هێجگار فراوان و بێ سنوورە لەگەڵ (ئازارو برینەکانی) ئەم سەردەمـەدا کە جگە لەوە قات و قڕی خۆشەویستـییە. دڵدارێکی تریان دەسـتـناکـەوێ کـە لە پەنایا ئۆقـرە بگرن و سـوکنایی بێت.. بەم جـۆرە بەرهەمەکانی ئەم سەردەمەو تێ گەیشتنیان هەروا ئاسان نییە.

جـالەبەر ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبیش لە هەر دەم و زەمـانەیەکـدا جـۆرە پێوەرێکی تایبەتی پێوە بووە.. وە ئەم پێوەرانە هیچیان ئاشنایەتییان نەماوە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەم سەردەمەدا، بۆیە پێویستـە گشت کەرەسەکانی بگۆڕرێت و لە جیـاتی ئەو هۆقـە و گـوریس و تەرازووی چەرمـینەی جاران.. میلیگرام و ملیمەترو تەرازووی حەساس و میکرۆسکۆب بەکار بهێنرێت و بگرە لەمانەش وردتر..وە ڕەخنەگر بەو پەڕی بزیوییەوە سەودا سەری هەمـوو گـۆڕانێکی ژیان بێت و بە ڕۆشنبیـرییـەکی تێـرو تەسەلەوە بێتـە مەیدانی ڕەخنەوە، وەکاتی ئەوە بەسەرچوو کە ئەرکی ڕەخنە تەنها ڕوونکردنەوەی لایەنە چاک وخراپەکانی بەرهەمێک بێت، چونکە چاک وخراپ و هەموو کێشەکانی تریش موتڵەق نین و تێکڕا -نیسبی-ن. وە ئەگەر ڕەخنەگرێک لەسەر ئەو ڕێ و شـوێنە بڕوات.. ئەبێ بڕوای بەتاقـە فـەلسـەفـەیەک هەبێت وەکـوو شـتـە موتڵەقەکەو لەو ڕوانگەیەوە سەیر بەرهەمە ئەدەبییەکە بکات و چاکی و خراپی و بە هێـزی و لاوازی بەرهەمـەکـە بەگـوێرەی گـونجـان و نەگـونجـانی لەگـەڵ فـەلسـەفـەیەکـدا جیـا بکاتەوە.. ئەمـەیش هەمـوو کـاتێ مشت و مڕو بگرەو بەردەیەکی زۆر ئەخـاتەوەو هەرچەند هەندێ جـار سـوود ئەگـەیەنێ و

بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری ئەخولقێنێ، بەڵام بە زۆری ئەبێتە مایەی نزیک بینی و تەسک کردنەوەی بواری رەخنەگرتن، چونکە ئەدەبی ئەم سەردەمە زۆر کەمتر لە جاران ئەخرێتە پەنای رێبازێکی دیاری کراو یا فەلسەفەیەک.. وەیان هەوڵ بدرێت -هەر هیچ نەبێت- بۆ گونجاندنی لەگەڵ فەلسەفەکەدا.. ئەمەش رێگە لە رەخنەگری ئەم سەردەمە ئەگرێت لە دەرکردنی بریاری موتڵەقانە بەسەر بەرهەمێکداو هێمن تری ئەکاتەوە لەوەی بە پەلەپرۆزێ چەند لاپەرەیەک رەش کاتەوە بە چەند وشەیەک وەک: مەبەسی پێکاوە -بێ پێزە- بزرکاوە- بەهێزە- بێ ئەنجامە- لاوازە.. بەڵکوو ئەم بریارانە گشتی ئەداتە دەست خوێنەواران و ئەرکی رەخنەگر خۆی ئەبێتە شیتاڵ کردنەوە و روونکردنەوەی بەرهەمەکەو ئاسان کردن و تێگەیاندن و نزیک خستنەوەی خوێنەواران.

رەخنەگری ئەمرۆ گفتوگۆ ئەکات لەگەڵ پاڵەوانەکان وکەل و پەلەکان و دێرو وشەو خاڵەکاندا.. رەخنەگری هاوچەرخ یاریدە دەرێکی دڵسۆزی ئەدیبەکانە کە ئاشنایەتی لە نێوان وشەکانیان و خوێنەوارانداا دروست ئەکات و دەرگای هامشۆکردنی نێوانی دەروون و بیری بێ ئارامی ئەدیب و خوێنەواران ئەخاتە سەر پشت.. وەهەر کاتێ توانی ئەمە بکات ئەرکی خۆی بەجێ هێناوە و کۆتایی هاتووە، چونکە کاتێ خوێنەواران ئاشنایەتییان پەیدا کرد لەگەڵ بەرهەمەکەدا و شارەزای تەواوی بوون، ئەو کاتە ئەوان -خوێنەواران- دەوری رەخنەگری جاران ئەبینن و بریاری کۆتایی خۆیان ئەدەن لەسەر لایەنە چاک و خراپەکانی بەرهەمەکەو بەگوێرەی پلەی رۆشنبیری خۆیان... ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە رەخنەگر نابێ هیچ بارێکی سەرنجی خۆی بخاتە روو، وەک هەڵەی زمانەوانی و هەندێ شتی تر، بەڵام لە بیرمان نەچێ کە ئەمانە لەپلەی دووەم دان.»..

راستە کە ئەڵێ: پیاو ئەبێ سەیری ئەوە بکا کە وتراوە، نەوەک سەیری خاوەن وتە. وە ئەوەش راستە کە هەر رۆژە گوزارشتێک پەیدا ئەبێ؛ ئەبێ ببێ، چونکە هەر رۆژە کاروباری خۆی لەناو خۆی دایەو شتی وا پەیدا ئەبێ کەبە چاو دوێنێ وە تازەیە. ئەدەبی کوردی و پەخشانی کوردی سەردەمێک بە سادەیی دەستی پێ کرد، پاش ئەوە، ئەوە هاتە ناوەوە کە رەخنە پەیدا ببێ و ئەدەبەکە لەناو ئەو بازارەدا هەریەکە دەستێکی بۆ بەرێ وهەر یەکە بە چاوێکەوە سەیری بکا. ماوەیەکیش بەم جۆرە رۆیشت، ئەمجا ئەوە هاتە پێشەوە: ئەو رەخنەیە کە ئەگیرێ ئەبێ چۆن بکەوێتە قسەکردن و پلار هاویشتن، بەڵکوو ئەمە دەستوورێکی هەیەو ئەبێ ئەو قەڵەمە لەسەر رێبازی ئەو دەستوورە بروات بە رێوە. پاش

ئەمەش ئەوە هاتە پێشەوە: کە ئەو جۆرە ڕەخنانە تا ئێستە لە ڕواڵەتی وشەو ڕستە گیراوە ئەبێ وەکوو شتی تر چۆن گۆڕاوە ئەمیش ئەو کراسە لەبەریدا بووە دایکەنێ و کراسێکی تری وا لەبەرکا لەگەڵ گۆڕانی ئەم گێجەدا بگونجێ.

ئەبێ ئەوە بزانین کە دەستووراتی ئاسمانی و ئەحکامەکانی هەموو، قسەو ڕستە بووەو پاشان کەوتوونەتە سەر پێست وکاغەز و هەڵگیراون. ئەدەبیش هەر قسەو ڕستەیەو کەوتۆتە سەر کاغەز. دەستووورە ئاسمانییەکان دەقێکەو بە درێژایی زەمان ئەو دەقە بەو جۆرە و وەکوو خۆی هەر ئەبێ بمێنێتەوە، ئەگەر وانەمایەوە ئەو ئایینە کە سەر بەودەقەیە نەمێنێتەوە، بەڵام ئەدەبی ئینسانی و سەر زەوی وانییە، ئەو گۆڕانی بەسەرا دێت. هەموو دەم دەقی ڕواڵەتی ڕستەکە لەوانەیە بمێنێتەوە، بەڵام مەفهوومەکەی دەقاودەق بەو جۆرە نامێنێتەوە. هەر لەبەر ئەمەیە بۆیە مێژووی پەخشان دروست ئەبێ و بە پێی ڕۆژو سەردەم ئەو پەخشانە دێتە ناوەوە. لە دەقی پەخشانی دوێنێ ئەزانی باوەڕی دوێنێ چۆن بووە، لە دەقی پەخشانی ئەمڕۆ باوەڕی ئەمڕۆت بۆ دەر ئەکەوێ. دەقەکە ئەمێنێتەوە بەڵام ئەو باوەڕە کە ئەو دەقە گوزارشتی لێ داوەتەوە ئەو باوەڕە ئیمڕۆ شتێکی تر لەشوێن هەوارەکەی نیشتۆتەوە، دەقی ئاسمانی وا نییە بە خۆی و بە باوەڕیەوە دوێنێ و ئەمڕۆ هەر وەکوو یەکن.

پەخشانی ئەم خاوەن پەخشانە هەستی بە سووچێک لەوە کردووە، بە جۆرە شێوەیەک دێتە ناوەوە کە گوزارشتەکانی ڕاستەو ڕاست ئەوە دەرئەبڕێ کە ئەبێ ئێمەش لە شێوەی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕێبازێکی تر بگرین و جۆرە هەنگاوێکی تر هەڵێنینەوە. کەرەستەی پیشەسازی ڕۆژانی ڕابوردووی ئێمە شتێکی تر بووە، گۆڕانی دوو چەرخە ئێمڕۆ شتێکی تری هێناوەتە پێشەوە، ئێمەش ئەبێ دەست بە دەسکی ئەو ڕەوڕەوەیەوە بگرین، لە ئەدەب و ڕەخنەشمانا ئەبێ ئەو گۆڕانە پەیدا بکەین، ئەگەر نەیکەین لە کاروان بەجێ ئەمێنین.

ڕوخساری پەخشانەکە سووراو سوور دیارە کە جۆرە ڕوخسارێکی هەیە جیایە لەوانەی پێشوو. بەڵێ! ڕوخسار گوزارشتە لە ناوەڕۆک، کە ناوەڕۆک جیا بوو، ڕوخسار جیاییەک پەیدا ئەکات، بەڵام ئەمە زیاتر پاڵی ناوە بەو شێوەیەوە.. لەڕووی مێژووی پەخشانەوە، پاشەڕۆژ ئەو حسابە ئەکا: کە ئەمە گۆڕانێکی کوتوپڕی سەردەمە کە بەسەر ناوەڕۆک و ڕوخساری ئەدەبی کوردیدا هاتووە لەم ڕۆژەدا. ئەمەش ڕاستە کە وشەی غەیری کوردی تێدا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا سەرانسەر پڕە لەوشەو ڕستەی خۆماڵیش و ڕوخسارەکە

توانیویە گوزارشت لە ناوەرۆکەکە بداتەوە بەبێ ئەوە ترنجاندنی تێدا هەبێت.

***

«أ.ب. هەوری – ئەبو بەکر شێخ جەلال» لە کتێبەکەیا «شیعری کۆن و نوێ» کە لە ساڵی «١٩٧٤»دا چاپ دەستی پێ گەیشت، نموونە پەخشانێکی ئەو ساڵەمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

«..........................................................................

شیعری کۆن ونوێ!

بۆ ئەوەی هەندێ روون و والآ باسەکە بخەینە پێش چاو ئەبێ چاوێک بخشێنین بەو خولە مێژوویانەدا کە ژیانی مرۆڤی پێدا تێ پەڕیوە، چونکە زانایانی تایبەتی لەو باوەڕەدان کە شیعر لەپێش پەخشانی هونەری و بەشەکانی تری ویژەوە هەر لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی هاتۆتە کایەوە و پێشکەوتن و پاشکەوتن وکۆن و نوێیەکەش بەستراون بەیاسای شێوەی ژیانی مرۆڤایەتییەوە بۆیە ئەڵێن: شیعر تەعبیرە لە ژیانی کۆمەڵ و ناوچەو چەرخی شاعیرەکە. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکیشەوە هەموو ئەزانین کە یەکێکە لە هونەرو سەرحەدو سنوور کێشراوەکانی ویژەو جیاوازی هەیە لەگەڵ پەخشانی هونەری و پەخشانەکانی تر، ئەی ئەگەر ئەمیش هەروەکوو ئەوان برێتی بێ لە وشەو رستەی دێڕی بێ کێش و دانین، ئەبێ ئەوان واتە پەخشانەکان ناو بنین چی؟ دوای ئەم هۆیانەو مادام روو لەمان بێت، شیعر ئەبێت هەر شیعر بێت و مومەییزاتی تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەبێت و پەخشانیش ئەبێ هەر پەخشان بێت و کۆن و نوێ کەش هاوملی کۆن ونۆی یاسای ژیانی چەرخ و رۆژی مرۆڤەو لێی جیا نابێتەوە و گۆڕانەکەش پابەندی ئەم خولانە بووە:

١- خولی ژیانی سەرەتایی مرۆڤ:- لە دارستان و ئەشکەوت و کێوو کەژدا. گومان لەوەدا نییە کە جۆری ئەم سەردەمە سەخت و سادەو ساکار بووە، شیعرەکانیشیان کە وێنەی شێوەی ژیانیانە هەروا بووە، باسی دڵداری و کێوی سەخت و وەیشوومەی نالەبار و دێوو درنج و بیابانی چۆڵ و کارەساتی سروشتی و زۆری تر لەم بابەتە.

٢- خولی دووەم: بە دوای هاتنی ژیانی سەرەتایی ناو دارستان و بیابان وکۆچەریەتی و نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لە ناو گوندو شارداو پەیدا بوونی فەرمان رەوایی و یاسای دەرەبەگ و پادشایەتی دەست پێ ئەکات و درێژە

ئەبەستێت. لە هەندێ ولاتی پێشکەوتوودا تا ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەهەم و لە هەندێ ولاتانی تردا تا جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵکوو تا دوایی جەنگەکەش.

تەنیا ئەوەندە هەیە ماوەی ئەم خولە چەند هەزار ساڵی خایاندووە، بەڵام یەکەم هەزار ساڵی، ڕەنگە گەلێ زیاتریش دوای کۆتابوونی ژیانی سەرەتایی شێوەی شیعریان ئەوەندە جیاوازی نەبووە کە سەرنج ڕاکێشێت لەگەڵ خولی پێش خۆی دا. وەلێ لە کاتێکەوە نووسین وخوێندن پەیدا بوو، یاسا دەرەبەگی و پاشایی هاتنە کایەوەو بیری ئایینی ڕووەو ناسینی خوای تاک و تەنیا تەشەنەی کرد، شێوەی ژیانی مرۆڤایەتی لە چاو پێشوودا بەرەو پێش ڕۆیشت، بۆیە شیعریش ڕووەو پێشکەوتن هەنگاوی ناو لەبەر ساکاری شێوەی ژیان و کەمی ژینەمەنی وکاتی بێ فرمانی زۆر شاعیرەکان توانیان ڕووەو یاسای هێنانە بەرهەمی دیوان برۆن و هۆنراوە دانێن کە دواینەی هەمو پیتەکانی حونجە بکرێتەوە هەر لە ئەلفەوە تاکوو پیتی «ی»و چامەو چەکامەکانیان یەک کێش و یەک دواییەو بەگشتی هۆنراوەکانیان بەرکێشی عەرووزین و مەعناو گوزارەی دووری زانراو بە بەڵگەی نزیک و پڕ لە بابەتەکانی بەلاغەت. هۆنراوەکانیش هەموو بریتی لە ئەڤین و دڵداری و ستایشی ئایینی و مەدح و سەناو پیا هەڵدانی گەورە پیاوان و پادشایان. بەم ڕەنگە ڕێرەوی شیعری کلاسیکی ئورستوقراتی هاتە کایەوە کە لە چاو ڕێ ڕەوی شیعری پێش خۆیدا بە پێشکەوتوو دادەنرا لەو کاتەدا. ئەدەبی کلاسیکی یەکەم قوتابخانەی شیعرو ئەدەبی ئەم خولە، کەلەپووری ئێستە بە هەڵبژاردەو دانسقەو نایاب ئەزانێت، بە چاوێکی بەرزو پیرۆز تەماشای ڕابوردوو ئەکات. بەلای زانایانی ئەم جۆرە ئەدەبەوە ئەدەبی کلاسیکی لە ئەدەبی یۆنانی کۆن و ڕۆمانی کۆندا گەیشتە بەرزترین پۆپەو دوای ئەوان ئیتر بۆ هیچ شاعیرو نووسەرێک هەڵناسووڕێت لەوان جوانترو بەرزترو نایابتر شیعرو پەخشان بێنێتە کایەوە، بۆیە ئەبێ شاعیرەکانی دوای ئەوان هەر لاسایی ئەوان بکەنەوەو بەس! بەم ڕەنگە ئەدەبی کلاسیکی بەستێکی لەبەردەم شاعیرو نووسەراندا دروستکرد، کە نەتوانن برۆن بۆ پێشەوە، بۆیە ئەدەبەکەش بوو بە ئەدەبێکی وشکی وەستاوی بێ بایەخ. بەڵام ئەدەبی ڕۆمانتیکی بەچاو پۆشین لە هەندێ ناتەواوی کە هەر زادەی ئەم خولی ئەدەبییەو سەبارەت بەکەم وکووڕی ئەدەبی کلاسیکی هاتە کایەوەو لە چاو ئەدەبەکەی پێش خۆیدا بوو بە ئەدەبێکی پێشەوەیی. ئەم ئەدەبی ڕۆمانتیکییە ئێستەی ئەوەندە بەلاوە مەبەستە کە

سوودی لێ وەربگیرێت بۆ سۆزی.

زانایانی ئەدەبی رۆمانتیکی ئەڵێن مادام شێوەی ژیانی مرۆڤ و هەست و قەرێحەی بەرەو پێشکەوتن ئەڕوات، دیارە ئەگونجێت شیعرو ئەدەبیش بەرەو پێشکەوتن بڕۆن بۆیە ئەبێ زۆرتر گوێ بدەینە جوانی سروشت و داهێنانی تازەو دوارۆژ، نەک خۆمان بە رابوردووی کۆنەوە بێ سوودو گیرۆدە بکەین. بەم رەنگە ئەمان تەلیسمی وشکی ئەدەبی کلاسیکی کۆنیان شکان وخۆیان وا سەپاند کە ئەدەبەکەیان بوو بە ئەدەبێکی پێشەوەیی نوێ. ئەوا وەک بەرەو دوا هاتنی دوو رێ رەوەکە دوو نموونە شیعر ئەنووسین. لە پێشەوە نموونەی هۆنراوەی کلاسیکی لە هەڵبەستی شاعیری ئازای رەوشت بەرز ئەحمەد بەگی ساحب قران!

.........................................................................»

لەم ساڵانەدا دیسان قەڵەمی کورد بای دایەوە بەلای شیکردنەوەی بابەتی هۆنراوەوە. بابەتی هۆنراو یەکێکە لەو بابەتانە کە هەر لە کۆنەوە هاتۆتە ناوەوە، نووسەران و خوێندەواران پاش ئەوە کە قەڵەمی پەخشانیان کەوتە دەست، بەرە بەرەو بەپێی چەرخ قسەیان لێوە کردووە، لەناو کوردیشا ئەم قسە لێوە کردنە زۆر بووە. کارەساتەکانی تر گەلێ جار دەستیان کێشا بەسەر ئەم بابەتەدا و پەخشان لەوانەوە قسەی ئەکرد، کە کەوتە ئەم رۆژە دیسان بای دایەوە بەلای ئەو شتەوە کە ماوە مێژوویێک بوو خۆی لێی شاردبووەوە، لەم مێژووەدا دیسان سەری هەڵدایەوە و بوو بە دیمەنێک کە نووسەران بەرەوپیری بڕۆن. لام وایە ئەم بابەتە کە لە کتێبێکی وەکوو «شیعری کۆن ونوێ»دا پەیدا بووە تەنیا زادەی ساڵی «١٩٧٤» نییە، بەڵکوو بناغەو سەرەتای هی پێش ئەو مێژووەیە، ئەوەندە هەیە لەو مێژووەدا بووە کە دەستی چاپی گەیشتۆتێ. باوەڕی خاوەن پەخشان لەو مێژووەشدا هەر وەک باوەڕی پێشووی وابووە بۆیە سوور بووە لە سەر چاپی کتێبەکەی. هەرکەس هەر شتێک ئەکا لەکاتی کردنەکەیا بەچاکی ئەزانێ بۆیە ئەیکا، بەبێ گومان ئەگەر بە خراپی بزانێ نایکا.

خاوەنی ئەم پەخشانە ئاوڕی لە هیچی تر نەداوەتەوە تەنها لەو سۆزە دەروونیە نەبێ کە هۆنراو لەزەتێکی رۆحییە بۆ هۆنەرەکەو ژیانی هەر برێتییە لەوە کە ئارەزووی دڵی خۆی لە رێختنی هۆنراودا دەربڕێ، ئەمە بۆ ئەو گەورەتر سامانێکی مادی و رۆحییە. خاوەنی ئەم پەخشانە خۆی دەستی هۆنراوەی هەبووە، لەمەوە کەوتۆتە سەر ئەوە کە هۆنراو ئەبێ دوو بەش بێت؛ یەکێ کۆن، یەکێ نوێ لەم رووەوە وردە وردە بەپەخشان قسەی کردووەو

نموونەی بۆ هەردوولایان هێناوەتەوە. ئێمە ئەمەمان مەبەست نییە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە لە مێژوویەکی وەکوو ساڵی ١٩٧٤ پەخشانی کوردی لەو رووەوە و لەو بابەتەوە چۆن بووەو؟ چ جۆرە رستەو گوزارشتێک بەکار هێنراوە بۆ ئەو بابەتە؟ ئیشێکمان بەوەوە نییە کە بابەتێکی وەکوو ئەو بابەتە زووتر گەلێ کەس لێی دواوە، بەڵکوو مەبەستەکەی ئێمە تەنها نموونە پەخشانێکی ئەو رۆژە لە بابەتێکەوە کە قسەیەکی زۆری لەسەر کراوە. بەڵێ! قسەکراوە، بەڵام ئەم شێوەیەو ئەم ریختە کە لەم پەخشانەدا هەیە گومانی تێدا نییە کە جیایە لە رێخت و شێوەکانی تر، چونکە خاوەنەکەی جیایە، شێوەی دوو کەسیش نابێ بەیەک. ئەوەندە هەیە روخساری پەخشانێکی وا ئایا هیچ گرێ وگۆڵیەکی تێدا نییە؟ وە یا هەیە! ئەمە مێژووی پەخشان خۆی ساغی ئەکاتەوە.

راستە گۆڕان هەیەو ئەبێ ببێ، بەڵام ئەم گۆڕانە مەرج نییە بەلای چاک و چاکترەوە بڕوا، ئەگونجێ بە لای خراب و خرابتریشەوە بڕوا. مەبەست -غایە- هەیە، بۆنە -وەسیلە- هەیە، یەکێک ئەیەوێ بچێ بۆ شوێنێک، مەبەستەکە گەیشتنە بە شوێنەکە، جا با «بۆنە»کەی بە پێیان بێت، یا ولاخ بێت، یا ئوتۆمۆبیل، یا تەیارە -فڕۆکە بێت مەبەست نییە، مەبەستی ئەساسی کە غایەکە گەیشتنە بە شوێنەکە، ئەوە پێکهات، «بۆنە» هەر بۆنەیەک هەیە مەبەست نییە. لەم گەردوونەیەشا گۆڕان هەیە، بەڵام ئەم گۆڕانە بەلای چاکە وە خراپەوە بڕوا مەبەست نییە، غایەی ئەسڵی گۆڕانە، ئەمە گومانی تێدا نییە کە هەیە. دەوری پەخشان لەم رۆژەدا -کە گۆڕانەکەیە- هەیە، ئیتر بەلای بەهێزی وەیا بێ هێزییەوە بێ ئەمە مەبەست نییە. خاوەنی پەخشانێک لەسەر یەک بابەت بە دوو جار پەخشانێک دائەنێ، مەفرووز ئەوەیە ئەوەی دووەم لە هی یەکەم باشترو بە پێزتر بێ کەچی کاتێ سەیر ئەکەی گەلێ جار ئەوەی یەکەم باشترە لە هی دووەم! ئەمە ئەوە پیشان ئەدا کە گۆڕانەکە بووەو گومانی تێدا نییە، بەڵام ئەوە مەرج نییە کە بەلای چاکەوە بڕوا.

* * *

لە ژمارە «١٥»ی گۆڤاری «رۆژی کوردستان» ساڵی ١٩٧٤، لە ژێر ناوی «ئەدەبێ کوردێت ئێزدی» «خدرێ سلێمان» بە شێوەی بادینی دەقە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

> «دڤێ وتارێ دا من دڤێت چەند سەرنجەکا لەگەڵ پێناسینەکە سادە ل سەر ئەدەبێ ئێزیدییا بنڤیسم پاشان نموویەکێ ژوی ئەدەبێ کە بۆ یەکەمجارە تێتە نڤیسین. چێ دبۆ هندەک پرسیار کەن و بێژن بۆچی لەژێر ڤی ناڤی نڤیسییە؟

ما ئەدەبێ ئێزدییا نە ئەدەبێ کوردییە؟ خۆ ئێزدی کوردن! من نەڤێت ل ڤێ بابەتێ ب کۆلم، هند دبێژم کۆم کرن و لێک دان و بلاڤ کرنا ڤی سامانی کنارەکی مەزن ژراستییا مەسەلێ دیار دکەن. بەلێ هاش من وە ئەڤ ئەدرێسە ل گەلّ ناوەرۆکی ڤێ ئەدەبێ چێتر دگونجێت، چونکە ئەڤ ئەدەبە برێتییە ژ دەربڕینا هەست و نیازو بیرو باوەڕێت ئێزدییاتی یێ و ئەوێت پچەکی شارەزای ئیزدییاو مێژووا وان بن ژمێروەرە هەتا ڤێ دماهی یێ دزانن دچی بارەکی دا دژیان وە پەیوەندییا وان ل گەل یێت دۆرو بەرێت وان نەخاسمە کوردێت مسلمان بە چاوا بوو چی ژ بێ چارەیا وان بۆ، یان مەسەلەکا دی بۆ، مەبەستا من ئەوە دبارەکی تایبەتی هۆسادا دژیان کوو زۆر تشتێ وان نەهێنی بت وهەولەکا بێ دەرافەت ددان کوو خەلکێت دۆروبەرێ وان ئاگاداری تۆرو تبعەت وناوەرۆکی دینێ وان نەبن..

ونهۆ دەمێ تەناو تەسەلیێ.. وبەهرابتر ژملەتا کوو ئێک ژوان ملەتێ مەیێ کورد وێ گەهشتییە راستی و دان ب گەلەک خەلێێت بەرێ وێ نای ئەڤە ئێک و ژ لایێ دیڤە دڤان سالێت دوماهی یێ دا هەولّەکا باش وا دێتە دان بۆ کۆم کردن و بلاڤ کرنا ئەدەبێ کوردی، هەر چەند هەموو لایێت ئەدەبی ناگرتە و هەر وها نە ل هەموو ناوچێت کوردستانێ، مەسەلە ناوچا بادینا کوو وەکوو هندەک شارەزاییێت ئەدەبی دبێژن مەلّبەندێ ئەدەبێ فولکلۆرییە. بەلێ هێشتا تشتەکی هۆسا ل ڤێ مەیدانێ نەهاتییە کرنە، مخابن سەد مخابن ئەڤ ئەدەبێ رەنگین بفەوتت. وەکوو سەیدا مەلا خەلیلێ شێخانی دبێژت هەر مزگەفتەکە ناوچا بادینا بچییێ کۆمەلّەکا دەست نووسا وا لێ هەی و گەلەکا ژێ تژی ل سەر کۆز وئاخە خودێ دزانت، ئەڤە چەند بەدیلا رۆناهی نەدیتی دوەختێ دا ناڤی نەه دەه شاعیرێت کرمانجییا ژۆر ب رێز کر ل گەل هندەک پارچە شیعرێت وان.

ڤێجا ئەڤێت دەستنووس ماین هێشتا باشە، دێ رۆژا وان هێت. بەلێ ئەدەبێ نەی نڤیس نەخاسمە ئەدەبێ ئێزدییا کوو چوو ژێ نەی نڤیسییە هندە بە دیلێت سالاّ ژ دەڤ بۆ دەڤی نێتە کران ڤێجا خەلک ب چاڤەکی دی سەیرێ دنیایێ دکەن و تەکنیکا وەکوو رادیوو تەلەفزیۆن ومسەجلا راهاتنا ژیانێیا بەرێ واگۆراندی هندە گوه نادەنە ڤان مەسەلا.. وهەکە دەستا لێ سست کەین ناگەهنە دەه. سالێت دی چوو ژ ئەدەبێ دینی کە بەشەکی گرنگە ژ ئەدەبێ ئێزدی تامینت، چونکە ئەڤ بێ مایی هندەک پیرەمێر، ژ شێخ وپیرو قەوالا دزانن. خورت ولاو وەکوو باب و باپیرا هەول نادەنە بپارێزن، نە ریبەرا ژی رێ

دایە بێتـە نڤیـسین و بلاڤ کرن. ڤـان پێنج شـەش سالا دەسـتـەیەکی لاوا پێ گـەهشت و زانین قـەدرێ ڤێ کـەلەپووری دچی دایەو هەکـە هندابت زیانـەکـا گـەلەک مـەزنە و دێ تاوان بار بین بەرامبـەری مـێـژووێ ... مـەسـەلە نە ئەوە ژنووپاش ب رەخ دینا بکەڤین کی ژوان باشەو کی ژوان باشـتـرە، نەخـێـر بەلی ئەڤ ئەدەبە برێتـیـیـە ژ بیـرو رای و فـەلسـەفـا بەشەکی کـوردا ب دارشـتنەکـە هۆنەری وب زمانێ کوردی بەرامبەری کەون وکۆمەلی مروڤ و ژیانێ، هەرچی سـتـەمـیـا زەمـانـیـیـە ب سـەرواندا درژیایە د فـرمـانێت وان رابوینە سـەبارەت پاراســتنا ڤی کــەلەپووری ژدەســتێ خــەلکێ دۆر بەری وان، بەلێ وان هەر پاراستـیـیـە، راستـە گەلەک ژێ فـەوتایە و هندەک پێڤـە هاتیـیـە زیدە کرن ژئە ئەنجامێ مێژووا پر کارەسات!

دبێژم ب ڤی چاڤی درێنینە ئەدەب و کەلەپووری ئێزدییا پێویستـە ئەم خۆ بناسین بزانین مـە چی هەیە و چی ژێ ب کـێـر ژیانا سـەردەمی تێت و بـاقی تر چاوا تەصـرفێ پێ بکەین ن. بۆ ڤێ مـەبەسـتێ گـەلەک جـار چوینە نک بابێ شێخ وهندەک قەول بێژا، ڤێ هاڤێنێ هەولدانا مە سەرگرت بلێ شێخ دبێژت: «بۆ ئەو کەسێت ل دوو راستی ێ دگەرێن هەر پرسیارەک بت دەربارەی ئێزدییا ئاراسـتی مـە بکەن ئەم دنەرهەڤین ب پێی زانینا خـۆ پەرسـتـا وان بدەین و ژ نهـۆوا پاشـڤـە دێ دەست بەکـۆم کرن وئـمرن وبلاڤ کرن کـەلەپوورێ خـۆ کـەین یابەرێ چو». وریێ دانە مە دەست ب نڤیـسینا کەلەپووری بکەین. بەلی هاش من وەرە ئەڤە ب مرۆڤەکی تنێ ناهێتە کرن، دیـان شارەزایی وهۆسـتـای دڤێت ..

.«..........................................................................

مـەبەست لەم نموونە پەخـشـانە ئەوە نیـیـە کـە باسی یەزیدی و ئـاییـنی یەزیدی بکرێ. جــاران لەنـاو کــورددا بەم یەزیدییــانـەیان ئەوت «داسنی» ، داسن کــێــوێکە لـە نزیـکی موسڵـەوە، زوربەی ئەوان لە دوور و نزیکی ئەو کێوەوە بوون و نیسبەت دراونەتە لای ئەو کێوە. لەراستیدا ئەمانە یەکێکن لە حەفتاو دوو تیرەکەی ئیسلام و یەزدان پەرستن.

حەفـتـاو دوو فـرقـەی دینی ئیـسـلامی
کـەوتنە گـێـژاوی دەریای ئیـعـلامی
بەشــیــرو بەتیــر بەربوونـە یەکـــتـــر
بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی حـــەقـــتـــر
ئەو ئەڵێ منم لەســەر ڕێگای راست

ئەویتـــــر ئەڵێ ڕێگای منە ڕاست!
ڕێگای حەقێقەت کامە لەمانە
فرقەی ناجییە یەکە لە مانە!

هەروەها ئەوەمان مەبەست نییە کە ئەم یەزیدییانە پلەو پایەکانیان چین وچی نین؟. بەڵێ! بابەشێخ، پیر، کوچک، قەووال، گوینده، هەژار و میری میران. کە بە هەمووانەوە کاروباری ئایینی و دنیایی ئەبەن بەڕێوە. ئەمانەمان هیچ مەبەست نییە. لەگەڵ ئەمەشا ئەڵێن: نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە مەردمێک کە لە ڕەوشت و خاک و زمان و جوغرافیای وڵاتدا یەک بن. جا نەتەوە بەم مەفهوومە مەرج نییە کە هەموویان پەیڕەویکەری یەک ئایین بن. هەر بەو مەفهوومە زۆر نەتەوە هەیە، کەچی لەباری ئایینەوە چەند ئایینێک دەستی تێدا هەیە. یەزیدی هەر چەندە بوترێ کە لە ڕواڵەتی ئایینییەوە جیان لەگەڵ کوردەکانا، چونکە کوردەکان لەسەر ڕێبازی ئایینی ئیسلامی، بەڵام لە ڕووی ڕەگەزەوە یەکن و یەک بێخیان هەیە، وە لە ڕووی ئایینیشەوە ئەوان تا ئەندازەیەک ئەچنەوە سەر ئایینی زەردەشتی کە ئەمە ئایینی کۆنی کورد بووە.

وەکوو لە شوێنی تری ئەم کتێبەدا وتراوە: زمانی کوردی –وەکوو ڕەوشتی هەموو زمانێک – چەند شێوەیەکی ئاخافتنی هەیە. تەبێعەت وایە کە ئەم شێوانەش تۆزە جیاوازیەک لە بەینیانا پەیدا ئەبێت. پەیدا بوونی شێوە ئەمە زانیارییەکی سەربەخۆیە و ئەم شوێنە جێگای ئەوە نییە. شێوەی بادینان یەکێکە لە شێوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی. ئەمیش بەپێی ناوچە جیاوازیەکی کەم لە نێوان وردە شێوەکانیا هەیە؛ شێوەی شێخان و ژەنگار، هی ئامێدی، بۆتان، جزیرە، زازا، دەرسیم، بایەزید ... هتد. ئەمانە لە ناو خۆیان وردە جیاوازییەکیان هەیە. پەخشانی ئەم خاوەن پەخشانە سەیر ئەکەین جیاییەکی کەمی لەگەڵ ئەو پەخشانە بادینیانەدا هەیە کە ئێمە هێنامانەوە، کوڕی زمانەکە هەست بەمە ئەکات. پەخشانەکە نموونەیە بۆ ئەو تۆزە جیاوازیە. وەکوو لەم پەخشانەدا ئەوە هەیە، ئەوەش هەر هەیە کە کوڕانی یەزیدی تا ئەم مێژووە کەمتر بەو شێوە زمانە قەڵەمیان خستۆتە کار، جم وجووڵی زەمان ئەوەشی دروست کرد کە ئەوانیش بکەونە سەر ئەو هەستە بەبێ ترس بەشێوەزمانی خۆیان باسی ئەدەبی خۆیان بکەن و بەم هەنگاوە تێکڕای زمانی کوردی دەوڵەمەندیەک پەیدا بکات.

ناوەرۆکی پەخشانەکە ئەوە دێنێتە پێشەوە کەباس لە ئەدەبی یەزیدییەوە بکات و نموونەی بۆ بێنێتەوە؛ ئەو نموونەیە چ هی کاروباری ئایینی بێ –کە بە دەروێشی ناوی

ئەبا- چ هی دیرۆک و بەستەو بەسەرهات بێت. روخسارەکەش ئەو روخسارەیە کە لەبەر چاوتەو هەستی پێ ئەکەی کە تۆزە جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ شێوەی ئامێدی و دهۆک داو دیسان لەگەڵ شێوەی زاخۆو ئەولاتریشەوە.

* * *

«عــەزیز گــەردی» لە ژێر ناوی «ئەدەب ورەخنە» لە ســاڵی «١٩٧٤»دا بەرهەمــێکی سەربەخۆی گەیاندە چاپخانەو خستیە بەینی دوو لاپەڕەی بەرگەوە، نموونە پەخشانێکمان لەو بەرهەمە پیشان ئەداو ئەڵێ:

.......................................................................... رەخنە چییە؟..

لە سەردەمی ئیمڕۆماندا کە بازاڕی چاپەمەنی کوردی گرمەی دێت و یەک لەدوای یەک بەرهەمی ئەدەبی هەمە جۆر لە کارگە دێتە دەرەوە، هەر وەها چڵی هەندێ شاعیرو نووسەری تازە، شکۆفە ئەکات؛ هەست بەکەلەبەرو بۆشاییەکی زۆر فـــراوان ئەکـــەین لە رووی رەخنەوە، رەخنەیەکی راست و دروست، رەخنەیەکی ئازاو نەترس؛ رەخنەیەکی ئەوتۆ بە چەکێکی بابەتی -موضوعی- قووڵ و پەلهاوێژ بێتە پێشەوەو هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و دۆستایەتی وبرادەرایەتی بکا بە قوربانی رەخنەیەکی ئاراستەکەرو دۆزەرەوەی سوودبەخش لە پێناوی پێشخستن و گەشەپێدانی ئەدەبەکەماندا.

بەراستی «ئێمە پێویستمان بە رەخنەگرێکە کە هەوڵ بدات و تێبکۆشێ بۆ ئەوەی لەبەرهەمی راستــەقــینەی هونەری، ورد بێتــەوەو لە بنج و بناوانەوە رۆشنی بکاتەوەو تیشکێکی رووناک باوێتە سەر تاقیکردنەوەی شعوری - هەســتی- و پەیوەندی ئەو بەرهەمــە دەربڕخــا بە کــۆمــەڵەکــەی و بەتاقی کردنەوەکانی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی داهێنانی ئەدەبی، بۆ ئەوەی کێشەی ئەدەبیمان چیتر تەشەنە نەکات». رەنگە لەگەڵ بیستنی وشەی «رەخنەو» چاوکەوتنمان بەسەر باسێکی رەخنەگریدا راستــەوخۆ تانووت و پەلامار هاویشتنمان بە مێشکمانا تێ بپەڕێ!. وەک بڵێی «رەخنە» لە فەرهەنگی ئێمەدا پەردە دامالێن بێت لە رووی گەندی و خەوشداری بەرهەمی ئەدەبی بەهیوای شکاندن و نرخ کەم کردنەوەی!. خۆ ئەگەر یەکێ زۆر لە خۆی بکات و خۆی نەداتە دەست ئەم چەمکە پووچ و بێ سەنگەوە، ئەوا راستەو خۆ باوەش ئەکا بەمانا کلاسیکییەکی رەخنە کە ئەڵێ: رەخنە لێک جیاکردنەوەی رەش وسپی و دابڕاندنی چاکەو خراپەو هەڵاواردنی جوانی و ناشیرینییە لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا، ئەمەشیان هەموو پاش لێک هەڵوەشاندن و خستنە

رووی بەرهەمەکەوە.

بەڵام پێشکەوتنی رۆژگارو تەکاندانی بەگوڕی وێژەی جیهانی بە شێوەیەکی تێکڕایی بە زەبری سروشتی خۆیەوەو چەمک و ماناو پەیام و رێچکەی رەخنەی ئەدەبی گۆڕی و خستیە بەردەم واقعێکی ترەوە، لەکردەوەیەکی سادەو ساکاری تەنکاوبڕ کردییە کردەوەیەکی داهێنەری خوارەوەو نهێنییەکانی بدۆزێتەوە. ئەو باوەڕە گەندەڵ وکرمۆڵ و رزیوو بۆگەنەش بەتەواوی تووڕ دراو لەناوچوو کە گوایە رەخنە هیچ نرخ و نموودێکی نییەو تەنها سک لەوەڕێنە بەسەر بەرهەمی ئەدەبیدا. بێ گومان «پەیوەندی نێوانی رەخنەو بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری، پەیوەندی پێشڕو و پاشڕۆ –تابع ومتبوع– نییە. مەرجیش نییە ئەدەب و هونەر خەملێیو بن تارەخنەش بکەوێتە نەش و نماو رسکان. ئەبێ رەخنە دەورێکی رۆشنبیری و هونەری و جڵەوگیری بگرێت و رێگا خۆش کەر بێت بۆ بزووتنەوەیەکی هونەری چالاک. رەخنە خۆی لە خۆیەوە کردەوەیەکی داهێنانەی بەرزو پیرۆزە و سەنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە هیچ کەمتر نییە لە بزووتنەوەی هونەری، ئەگەر پتریش نەبێ»..

راستە رەخنەی راستەقینە کردەوەیەکی قووڵ و وردو رێ نیشاندەرە، هیچ بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری ناتوانێ بەگوڕ سنگ بنێ بۆ پێشەوەو بە پەیژەی ئەدەبێکی نەمری جیهانییەوە سەر بکەوێ، ئەگەر بزووتنەوەیەکی رەخنەگرانەی تێگەیشتوو و پێ گەیشتووی لەگەڵدا شان بەشان نەڕوا کە لەناخی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەوە بە زەبری پێویستییەوە هەڵقوڵابێت و لەگەڵیا تێکەڵ ببێ و تێدا بتاوێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ باڵی پێ بگرێ و تەمی سەر رێگای بە تیشکی تیژی ئومێدی پێشکەوتن بڕوتنێنێتەوە و لە هەڵەو تێکەوتن تەپ و کۆ هوشیار کەرەوەی بێت!..

کە ئەڵێین: ئەرک و پەیامی رەخنەو رەخنەکاری ئاراستە کردن و دۆزینەوەیە – دۆزینەوەی نهێنییەکانی– دوو تۆی بەرهەمی ئەدەبی، بۆ خوێنەر پێویستە لەسەری رێ و شوێنێکی دیارو لە چوارچێوەی گشتی پرۆگرام و رێڕەوێکی پوخت و لە جێ بێت، ئەوەشیان هەرگیز نابێ بگاتە ئەو ئاستەی کە وەکوو کۆت و کەلەپچەو زنجیر پەلوپۆی رەخنە بەند بکات، چونکە نابێ رەخنە شتی بە زۆر داسەپێنراوو شوورەی زلی بەرز کراوەی تیا بێت، بەڵکوو ئەو پرۆگرامەی کە لایەنی گشتی رەچاو ئەکرێت ئەبێ ماوەی جووڵانەوەی سەربەستی رەخنەگری هەر تیا بهێنێ، بۆ ئەوەی بەهێزی بەڵگەو توانای کێشەیەکی دادپەروەرانەی کاریگەر بتوانێ کار بکاتە سەر دڵ و دەروونی

نووسەر، یا هۆنەر بەچەشنێکی وا لە قوولاییییەوە بیهەژێنێ کە بۆ جارێکی تر ئەگەر دووبارە بە نووسینەکەی دا هاتەوە، یا شتێکی تری تازە بابەتی نووسی، بەڵگەو ئامۆژگاریەکانی رەخنەگری لەبەرچاو بێت و چاو ببڕێتە ئەو شوێنەی کە رەخنەگرەکە بەگیانێکی بابەتی و دوور لەهەموو «ئیعتبار»ێکەوە دەستی بۆ لەسەر دانا بوو، وە بەو پەڕی هەوەس و سەربەستییەوە تێبینی سەرنجەکانی بکات. ئاشکرایە کە سەربەستی بۆ شاعیر وەکوو ئاوو هەناسە وایە بۆ گیاندار، بۆیە هەرگیز نابێ رەخنەگر بە زۆرە ملێ دەستوور و رێبازو پرۆگرامی تەسک و تریسکی تایبەتی خۆی بەسەر شاعیرو نووسەردا بسەپێنێ، یا بە رووی بزووتنەوەی نوێخوازیدا بچێ و تەگەرەی بخاتە پێش، چونکە بەمەوە نووسەر، یا هۆنەر هێزو توانای داهێنانی دائەپەسترێتەوەولافاوی ئارەزوو و هەوەس بزواو لە دڵیا پەنگ ئەداتەوە! ئەو حەلە هۆنەر، یانووسەر ناچار ئەبێ بە «تکلف» شت بنووسێ، «تکلف»یش ژەهرێکی کوشندەیەو ئەرژێتە کاسەی بەهرەی داهێنان و دروستکردن و ئەیرزێنێ، چونکە داهێنان هێزێکی شاراوەی تندو تیـژە لە ئەنجامی وردبوونەوەیەکی خـودی -ذاتی- پوخت و رێک و سەرنجدانی قووڵ لە دونیای دەرەوە لەناخی شاعیرەوە سەرهەڵئەدا. بەمەوەش شوورەکێشان بۆ ئەدەب، مەرجێکی هەرە گەورەی ئەدەبی نەمر پێ پەست ئەبێ!...

..........................................................................».

وا دیارە ساڵی ١٩٧٤ ساڵی رنینی رەخنەی ئەدەبی بووە!.

ئێمە لێرەدا هەموو باسەکەمان هەر بۆ نموونە پەخشانەکانی کوردییە، بابەت هەر بابەتێک بێت. لە پلەی یەکەما ئەوە مەبەستێکە ئەو خاوەن پەخشانە بە چ جۆرێک و بە چ شێوەیەک و بە چ گوزارشتێک ئەو بابەتەی دەربڕیوە و هێناویەتە ناوەوە؟. بەڵگە بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە لە گەلێ شوێنی ئەم کتێبەدا هەیە کە یەک بابەت چەند نووسەر لە سەریان نووسیوە و هەر یەکە بە چەشنێک گوزارشتی خۆی لەو رووەوە دەربڕیوە. لە هێنانی ئەم هەموو روخسارانەدا بۆ یەک بابەت مێژووی پەخشانمان لە رووی گوزارشت و هەست و روخسارەوە بۆ دەر ئەکەوێ، وەکوو ئەمەمان بۆ دەرئەکەوێ ئەوەشمان هەر بۆ روون ئەبێتەوە کە بیرو باوەڕ لەگەڵ رەورەوەی رۆژدا بەرێ ئەکەوێ. جا یا سەربەخۆ، وە یا بە رەدووکەوتن، هەرکام لە مانە بێت هەر گۆڕانە و هەر داهێنانە. کە ئەڵێم: رەدووکەوتن، ئەوەش هەر یەکێکە لە گۆڕانەکە، گوزارشت وای ئەهێنێ کە بڵێم رەدوو کەوتن، ئەگینا لە راستیدا رەدوو هەر نییە و نەبووە! هەر شتێک کە هەیە هەمووی داهێنانی ئەو کاتەیە،

ئەگەر ئەو کاتە نەبوایە ئەو داهێنانەش نەدەبوو. کە وابوو هەموو شتێک لەم کەونەدا هەر تازەیە ... بۆ مێژوو پێویستە من شتێک بڵێم:

بەڵێ! بابەتی رەخنە کۆنە، لەناو نەتەوەکانا هەبووە لەناو کوردیشا هەر هەبووە، بەڵام بەو جۆرە کە بە درێژی قسە لە هەموو لقوپۆپێکیەوە بکرێت و بە تەواوی ببێ بە باسێکی سەرەکی و لەئەنجومەن و لە کۆڕ بەستنەکانا قسەکردن لە رەخنەی ئەدەبی وە ببێ بە باسێکی سەرەکی، لام وایە ئەمە تا ساڵی ١٩٦٩ بەو فراوانییە نەکەوتە ناوەوە، نەکەوتە ناوەوە واتە لە ناو رۆشنبیرانی کورددا، لەو ساڵە لەم رووەوە کتێبی «نرخ شناسی» «سجادی» کەوتە بەردەستی خوێندەوارانی کورد، لە دوای دەرچوونی ئەو کتێبە بازاڕی رەخنەی ئەدەبی رەواجی پەیدا کرد و بوو بە بەشێکی سەرەکی کە قەڵەمی نووسەرانی کورد لە بارەیا بکەوێتە کار.

ئەم دەقە لە دوو لاوە نموونەیە بۆ مێژووی ئەو رۆژەدا؛ یەکێ ناوەرۆکەوە کە بابەتەکەی قسە لە ئەدەب و رەخنەی ئەدەبییەوە ئەکات و گەڵاڵەی پێنچ ساڵ بووە، بەڵام لەبەر ئەوە کە کاکڵەکەی لە ساڵی ١٩٧٤دا بووە بە بەرهەمی ئەو رۆژە دائەنرێ. ئەمە لەم لایەنەوە ئەوەمان پیشان ئەدا کە بابەت لە زمانی کوردیدا رۆژ بە رۆژ رووەو پێشەوە ئەڕواو هەر جارە لقوپۆپێکی لێ ئەبێتەوە. دیارە ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو بابەتە لە ئەنجاما بگاتە چڵەپۆپە. لایەکەی تری روخساری پەخشانەکەیە، لەم پەخشانەدا گوزارشت دەستێکی گەورەی هەیە بۆ دەربڕینی گوزارەکە، جگە لەمە هەندێ وشەی کوردی بۆ گوزارشت بەکار هێنراوە، ئەو وشانە ئەگەر ئەم پەخشانە نەبوایە هەروا بەشاراوەیی ئەمانەوەو هەر لەسەر زارەوە ئەبوون و هیچی تر، کە کەوتنە سەر کاغەزو بۆ شتی زانیاری بەکار هێنران، تازە لەناوچوونیان نابێت. ئەمە یەکێکە لە پاراستنی زمان. وشەو رستەی هەر زمانێک، هی هەر ناوچەیەکی ئەو زمانەو هی هەر شێوەیەکی کە کەوتە سەر کاغەز ئیتر لەناوچوونی نابێت. قسەکەرانی شێوەکە بمێنن یا نەمێنن شێوەکە ئەمێنێتەوە، لە ئەنجاما بەو هۆیەوە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو بۆ تێکڕای نەتەوەکە دروست ئەبێت. کە تەماشای مێژووی پەخشانی ئەم کتێبە بکرێت بە تەواوی ئەم قسانە دەر ئەکەوێ و پەند لە بەندا وەرئەگیرێ. دیسان دەقی ئەم پەخشانە باسێکیشە بۆ کەمەکێ لە مێژووی چاپەمەنی کوردی لەم سەردەمەی دواییدا.

***

«دوکتور کەمال مەزهەر» لەبەرگی دووەمی بەشی یەکەمی گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کورد»

سـالّی «١٩٧٤» لە ژێر نـاوی «کـوردسـتـان لە سـاڵەکـانی شـەڕی یەکـەمی جـیـهـاندا» پەخشانێکی کوردیمان بۆ پێکەوە ئەنێ و ئەڵێ:

«باری گـشـتـیی کـوردسـتـان بەر لە دەست پێ کـردنی شـەڕ. لاوازی و پەککەوتێتی ئێـران و تورکیـا بەر لە دەست پێ کـردنی شـەڕی یەکەم بە چەند سـالێک گـەیشـتـبـوە رادەیەک، بەولاوەی تەنهـا کـەوتن و روخـان بوو. شـەڕی ساڵی ١٩١١ی نێوان تورکیا و ئیتالیاو شەڕی ساڵی ١٩١٢ ی تورکیا لەگەڵ ولاتانی ناوچەی باڵقـانداو ناکـۆکی نێـوان «ائتلاف»ی ئیـتـیـحادیێکـان لە ناو تورکـیا خـۆیداو هەراو بگری ئێـران و تورکـیا لە سـەر سنووری نێـوان هەر دوو لایان و بـاری ئاڵوز و سـەختـی ژیانی ئابووری و کـۆمـەلایەتی ئەم دوو ولاتەو گـەلێک هۆی تر بەو دەردەی بردبوون کە لە هەمـوو قـوژبنێکـیـاندا هەسـتی پێ دەکرا. لە کوردستـاندا دەسەلاتی ئەم دوو دەوڵەتە تا رادەیەکی ئاشکرا کز بوو بوو وە لە هەندێک لە ناوچە سەخت و ناو هۆزە بەهێزەکانیدا تەنانەت هەست بە بوونی نەدەکرا. لاوانی ئەو جۆرە ناوچانە بە ئاشکراو بێ ترس مل پێچییان لە سـەربازی دەکردو جـوتیـارانی زۆر شوێنیـش باج و سەرانەیان نەئەداو وایان لێ هاتبـوو زەبتـیـەو جـاندرمـەکـانی مـیـریـیـان بەهیچ ئەزانی؛ وەک نووسـەری عـەرەب صـەدیق دەملووجی دەیگێـڕێتـەوە لەو سـەردەمـەدا کـاربەدەست و زەبتـیەکـانی مـیریی تـەنهـا بەگـوندو لادێ پچووکـەکـانی فـەلەکـانیـان دەوێرا و توخنی زوربەی گوندی هۆزە کوردەکان نەدەکەوتن.

«سـوارەی حـەمـیـدی»ش کـەلە سـەردەمی سـوڵتـان عـەبدولحەمـیـد دا بۆ پاراسـتنی دەسـەلاتی خـۆی و لێـدانی بزووتنەوەی ئازادیی -نەتەوەیتی گـەلە ناتورکـەکـان لە چەکـدارانی هەندێک لە هۆزە کـوردەکـان پێکهـێنرا بـوو بەر لە ساڵەکانی شەڕ ببوە لەشکرێکی بێ گیان و تواناو بەو جۆرە بە جارێک سەنگی جەنگی خۆی لە دەست دا بوو و ئەوەندەی تر لە ناو کۆمەڵدا سووک و ریسوار بوو بوو، بۆیەکا هەمـوو هەوڵ و کـۆشی کـاربەدەستانی تـورکیـا بۆ ئەوەی گـیـانی بکەنەوە بە بـەردا بەفـیـڕۆ چوو وە لە زۆر شـوێن بووە بـار بەسـەر کـۆمـەلانی خەڵکی کوردستانەوە.

بەلام لەگـەڵ هەمـوو ئەمـانەشـدا فـەرمـانڕەوایانی تورکـیـا هەر لە هەوڵ و کـۆشـشـدا بوون بۆ ئەوەی کـەڵک لەهێـزو توانای هۆزە کـوردەکـان وەربگرن و دەیانوسـیـت بۆ شـەڕی داهاتـوو ئامـادەیان بکەن چونکە دەیـانزانی بێ ئەوە کـەلێنێکی دیار دەکـەوێتـە نـاو توانای جـەنگیـانەوە. کـاربەدەسـتـانی تورکـیـا دەیانویست گەلی کورد بکەنە یەکێک لە قەلا سەختەکانی بەربەرەکانێ رووس

کە لەم کاتەدا زۆر چاوچنۆکانە دەیانڕوانیە خاکی دەوڵەتی عوسمانی بۆیەکا تورکەکان دەیانویست زیاتر خۆیان لە هەندێک لە سەرەک هۆزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان نزیک بخەنەوە و دژی رووسیا بیانجوولێنن و بۆ ئەم مەبەستەیان پەیمانی چەوریان دەدانێ و بەو جۆرە تەنانەت توانیان چەند تیپێکی سوارەی حەمیدی لەسەر سنووری ئەو وڵاتە ریز بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و تەقەلای تورکەکان لەم مەیدانەدا تەواو کەم ئەنجام و بێ سوود بوو چونکە تەنها ژمارەیەکی کەم لە سەرەک هۆزە کوردەکان بەدەنگیانەوە چوون، کەچی لە هەمانکاتدا هەندێک سەرەک هۆزی تر بە ئاشکراو بێ ترس بڵاویان دەکردەوە کەوا لەکاتی شەڕدا دژی لەشکری تورک دەوەستن و دەدەنە پاڵ رووس. ئەوەی لەم بارەیەوە شایانی باسە ئەوەتە کەوا ژمارەیەک لە نیشتمانپەروەرە داخ لە دڵەکانیش تارادەیەکی زۆر پشتگیری ئەو بیرەیان دەکرد چونکە زوڵم و زۆری عوسمانییان وای لێ کردبوون تەماع وپیلانی چینە کاربەدەستەکانی رووسیا نەبینن.

بەر لەشەڕی باری نالەباری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان وەک زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی تری ئێران ودەوڵەتی عوسمانی گەیشتبووە رادەیەک زیاتر لە جاران کۆمەڵانی خەڵک بجوولێنێ و هەستی نەتەوایەتییان ببزوێنێ. ئەمەو چەند هۆیەکی تر کارێکی وایان کردبوو رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی سەربەخۆیی، یان بەلای کەمەوە خودموختاری «ئۆتۆنۆمی» کوردیان دەویست لە زیادبووندا بێ و ئەمە لە پەرەسەندنی هەندێک چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خۆی نواند، ئەوە بوو بەر لە شەڕ ژمارەی کۆمەڵ و رێکخراوە سیاسییە نهێنێکانی کوردستان زۆر بوو وە تا دەهات سەنگیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵک و بە تایبەتی رۆشنبیراندا پتر دەبوو. ئەم کۆمەڵ و رێکخراوانە بەهەر چوار لادا کەوتنە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەو پەخشە «نشرە»ی ئەو تۆ کە پڕ بوون لە هەستی نەتەوایەتی و رق وکینەی رەوا بەرامبەر زۆر و زۆرداری میری و کاربەدەستانی. یەکێک لەو پەخشانە لەژێر ئەم ناوە پڕ مانایەدا بڵاو دەکرایەوە: «ئەڤ خۆڵە خۆڵی ئەمەیە» کە بە ئاشکرا دژی دەسەڵاتی تورک دەدوا و دەیگوت «تورک بە هیچ جۆرێک بەرێوە بردنی کوردستانیان لە باردانییە». وەک کوردناسی سۆڤیەتی م.س لازەرێڤ باس دەکا ئەم پەخشەیە لە ناو خەڵکدا دەنگی دابۆوەو دەگەیشتە زۆر قوژبنی کوردستان. شایانی باسە زۆربەی ئەو پەخشەو بەیاننامانە لە کوردستانی باکووڕ وهەندێکیان لە کوردستانی ئێران دەردەکران، بەڵام ژمارەیان لێ دەگەیشتە

کوردستانی باشووریش و بەشێوەیەکی تایبەتی دەنێررانە تەکێکانی بارزان و لەوێوە بڵاو دەکرانەوە.

هەر لەو ساڵانەشدا هەندێک کۆمەڵ و ڕێکخراو کە لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی تورکە لاوەکانەوە پەیدا بوو بوون بە ئاشکرا کاریان دەکرد و چاپەمەنی خۆیان بڵاو دەکردەوە و سەنگیان، بە تایبەتی لەناو ڕۆشنبیرانی کوردا، تا دەهات قورستر دەبوو. بەر لە شەڕ «کورد طلبە هیڤی جمعیتی» «کۆمەڵی هیڤی شاگردانی کورد» لە هەموو ڕێکخراوێکی تری کورد چالاکتر لە کاردا بوو و تەنانەت توانیبووشی چەند لقێک لە هەندێ شاری ئەورپا دابمەزرێنێ. ئەم کۆمەڵە ئۆرگانێکی تایبەتی خۆی بە ناوی «رۆژا کورد»ەوە بڵاو کردەوە کە دوایی ناوی گۆڕا بە «هەتاڤا کورد» و ئینجا بە «ژین». «هیڤی کورد» تا دەست پێ کردنی شەڕی یەکەمی جیهان لە کار نەکەوت، بەڵام دوای ئەوەی بە بۆنەی ئەو شەڕەوە زوربەی کادرەکانی ڕاپێچ کرانە ناو سوپاوە ئیتر وەک هەموو کۆمەڵ و ڕێکخراوانی تری ئەو سەردەمەی کوردستان توانای کارکردنی نەما.

کۆمەڵێکی تری کاریگەری سیاسی ئەو سەردەمەی کوردستانی تورکیا «کورد تەعالی و ترقی جمعیتی» «کۆمەڵی بەرزی و پێشکەوتنی کورد» بوو کەیەکەم ڕێکخراوی سیاسی کوردستان بوو وە ژمارەریەک گەورە پیاوی ناوداری وەک ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشاو شێخ عەبدولقادری شەمزینی تێدا کۆ بۆوە، بەڵام سیاسەتی شوڤێنیی تورکە لاوەکان کارێکی وای کرد چالاکیی ئەم کۆمەڵە بەر لە دەست پێ کردنی شەڕ لە سنوورێکی تەسکی نەهێنیی تێپەڕ نەکا ........................................................................».

ڕۆژانی ڕابوردوی کورد ڕۆژانێک بووە مەگەر هەر کوردی بەدبەخت خۆی تێدا بووبێت، ئەگینا هیچ نەتەوەیەک بەو جۆرە و بەو جەزرەبەیە نەبووەو نابێت. هەر لە کۆنەوە، زۆر کۆنەوە گیری خواردووە لەبەر ئەو خاکەی تیایەتی و کەوتۆتە نێوانی چەند حکومەتێکەوەو ئەم کراوە بە پارسەنگ بۆ ئەوان! لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا کوردەکە لایەکی ئێران و لایەکی عوسمانی بووە، ئەو دووە بەدرێژایی تەمەنێکی زۆر بەیەکا هەڵئەزنان و کورد لەو ناوەدا بوو بوو بە قۆچی قوربانی، ئەویان لایەکی داگیر کردبوو، ئەمیان لایەکی تری،تۆپی جلیتبازی ئەو دووە کوردەکە بوو. ماوە مێژوویێک بەم جۆرە کورد لە ناو ئەو گێژاوەدا ڕایبوارد، پاش ئەوە رووسیای قەیسەری لەولاوەو دەولەتێکی ئەورووپی بەتایبەتی ئینگلیز بە جۆرێکی شاراوە دەستیان خستە کەلاکی عوسمانی و نابووتی ئێرانەوە، پیاوەکانیان لە «مابەین»ی عوسمانی و وڵاتانی کوردی نزیک بەرووسیاوە

دەستیان کرد بە گەڕان و کنە کردن. وردە وردە جەنگی جیهانیی یەکەم بۆن و بەرامەی دەرکەوت، پیاوانی هەر دوولا دەستیان کرد بە گەڕان و شت کۆکردنەوەو لەبارەی کوردیشەوە شتیان ئەنووسی، بەڵام نووسینەکە لەبەر چاوی کاڵی کورد نەبوو، بەڵکوو لەبەر بەڕێوە چوونی مەسلەحەتی خۆیان بوو.

سەردەمەکانی پێشوو «ڕێ بڕکێ» هەر لە نێوانی عوسمانی و ئێراندا بوو، ئەمجا ئەم ڕێ بڕکێیە کەوتە بەینی رووسیاو ئینگلیزەوە، ئەمە بێجگە لە ئێران و عوسمانییەکە خۆی. کە جەنگ لە بۆن و بەرامەوە بوو بەراستەقینەو ئاگرەکەی کڵپەی سەند، ئیمپراتۆرەکەی عوسمانی سەری تیا چوو، ئێرانیش هەر نووزەیەکی تێداما، رووسیای قەیسەرییش پووکایەوە، رووسیایەکی تر بوو، پیاوانی ئەو دووە؛ واتە ئینگلیزی سەرمەڵای سوێند خواران و رووسیای تازە کوورەی باڵشویک کەوتنە وڵاتی کوردەواری و دەستیان کرد بە پڕوپاگاندە بۆ راکێشانی کوردەکان بۆ لای خۆیان هەر یەکە بەجیاو هەر یەکە لەو بەشە وڵاتەی کورددا کە بەریان کەوتبوو، لێیانەوە شتیان ئەنووسی و دەم چەورانەیان ئەدا، وەلێ جەمسەری هەموو نووسینەکە ئەبوایە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بوایە!

ئیتر لەو مێژووە بەدواوە رۆشنبیرانی کورد کەوتنە نووسینی کارەساتی کورد، هی ئەو ماوانە، ئەو نووسینانە کە گەڕۆکەکانی ئەوان ئەیاننووسی بوو بە بەشێکی فراوان بۆ سەرچاوەی نووسینەکانی ئەمان. سوودەکە لێرەدا ئەوە بوو کە رۆشنبیرەکانی کورد ئەو هەستەیان بۆ پەیدا بوو کە ئەمانیش با لەبەر رووناکی قسەی پیاوانی ئینگلیز و رووسیشدابێ چۆنیەتی رۆژانی خۆیان بخەنە سەر کاغەزو بە زمانی کوردی بیخەنە بەردەستی نەتەوەکەی خۆیان. ئەم پلەیە پلەیەکی ئێجگار بە بایەخ بوو بۆ نەتەوەی کورد. یەکێک لەو رۆشنبیرانە خاوەنی ئەو پەخشانەی سەرەوە بوو کە پەخشانەکەی بە زمانی کوردییەکی رەوان خستە بەر دەستان.

ناوەرۆکەکەی ئەوەیە کە گەڵاڵەیەک دائەنێ بۆ باسکردنی لە کوردەکەوە لە پێش شەڕاو لە دوای شەڕ، روخسارەکەشی ئەو کوردییەیە کە نموونەیە بۆ پەخشانێکی رەوانی کوردی لە ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠ و بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٤دا کە بابەتێکی وەکوو مێژوو ، وەیا لەبەرگی مێژوودا گرتبێتەوە. ئەم هەنگاوە لەو رۆژەدا بەیەکەم هەنگاو دائەنرێ لە بابەتی خۆی دا. مێژووی نموونە پەخشانەکانی کوردی ئەم بابەتەی بەروخسارو ناوەرۆکەوە دەست نیشان کرد بۆ ئەوە ئەو مێژووە بزانێ قەڵەمی کورد چۆن لە جۆرە بابەتی وادا خەریک بووەو چۆن گۆڕانێک بەسەر هەستی رۆشنبیرەکانیا هاتووە؟!..

* * *

**«بورهان قانیع» لە ژمارە «٣٩»ی «رۆشنبیری نوێ» ساڵی «١٩٧٥»، لەژێر ناوی «چۆن لە رەسەنیی گۆرانی کوردی ئەگەین»دا پەخشانێک لەو بارەیەوە پیشان ئەداو ئەڵێ:**

«ژیان تەنیا پێویستی بە خواردن و خواردنەوە و نۆشین و بینین و هەڵمژین نییە، بەڵکوو پێویستی بە بیستنی ئاوازی خۆشیش هەیە. ئەو چێژەی کە ژیان لە بیستنی وەر ئەگرێ لە پێویستییەکانی ترا دەست ناکەوێ. گۆرانی یەکێکە لەو پێویستییە گرنگانەی ژیانی ئادەمیزادو فەرهەنگی ژیانی مرۆڤدا لە سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤەوە پەیدابووەو بەپێی بارێ لە باری قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاد گۆڕاوەو پێشکەوتووە.

گۆرانی ئەو کۆمەڵە ئاوازەیە بە گوێ مرۆڤ ئەگەیەنێ کە ئەگەر بە قسەی سادە و سەرپێیی بکرێن ئەم تام و چێژەی نابێ. وەنەبێ تەنیا ئادەمیزاد گۆرانی هەبێ وەیان گۆرانی بلێ، بەڵکوو باڵندەو پەلەوەرو تەواوی گیانلەبەرە کێوی و ماڵییەکان بە گەورەو بچووکیانەوە هەر چەشنەی گۆرانی تایبەتی خۆی هەیە کە لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا هەستی دەروونی خۆی پێ دەر ئەبڕێ، یان بلێین لە کاتی تەنگانەدا داوای یارمەتی پێ ئەکات. ئەگەر سەرنج لە ژیانی بولبولێک بدەین بە زستاندا مات وخامۆش و بێ نازەو ئەڵێی خۆڵ و دۆت کردووە بەسەرا! بەڵام کە بەهار هات و زەوی ژیانی تازەی کردە بەرو دارو دەوەن و دەشت و دۆڵ و چیاکان بەرگی نوێیان پۆشی و کانیاوەکان سەر لەنوێ ژیانەوەو گیاو گوڵاڵەو چەپک سەوز بوون و بەفراوو بای وادە و «وەعدە» دەنگی شنەی شەماڵی سەر رووی گەڵای دارەکان بە کۆمەڵ هەریەکەیان ئاوازێکیان هێنایە دی، ئەبینین کە ئەو بولبولە خامۆشەی زستانیش چۆن لە دەوری چەپکە گوڵێک یان خونچەیەک ئەکەوێتە سەماو هەڵئەسوورێ و گۆرانی بۆ ئەڵێ!!. ئەمە بۆ نموونە، دیسان هەندێک گیانلەبەریش هەیە کە هاوینان ئیلهامی گۆرانی وەر ئەگرن و هەست و سۆزی دەروونیان دەر ئەبڕن؟ یان لە کاتێکدا کە بەسەر ئاواتێکیانا زاڵ ئەبن ئاوا بەم جۆرە.

لادێ نشینەکانمان بەدەم ماندوێتی فرمانکردنەوە کەبە سەر ئیش وکارەکەیانا سەرئەکەون و دڵخۆش ئەبن گۆرانی ئەڵێن، وەک چۆن وەرزێرێک لەسەر پەرێزەکەی و کرێکارێک لەسەر ئیشەکەی، یان باخەوانێک کەبەرو بوومی باخەکەی بە پوختی و نایابی ئەبینێ، وەیان هەرزەکارێکی دڵداری شەیدای لەنجەی وردە رەوتی شۆخی ئاوایی کە ئاگری دڵداری و خۆشەویستی لە دەروونیەوە سەر هەڵ ئەدات و خۆی پێ ناگیرێ و وێنەی دڵخوازەکەی

دێنێتە بەرچاو و بێ پەروا چۆن تێ ئەچریکێنێ!.

لە کوردەواریدا گەلێک ئاواز هەیە و بەتایبەتی لە ناوچەی «هەورامان» کە ناوچەیەکی دڵگیرو خاوەنی زەمینەیەکی ئاوو هەوای پاک و چاو ئەندازی سروشتی و باخ و باخات و هەزاران شتی دڵگیرە. جگە لەوەی کە هەر لەکۆنەوە جێگای سەربەرزی خێڵەکەیانەو مل شۆڕ نەکردن و شەڕو شۆڕ و ئازایەتی و پیشەسازی دەستی و خۆ ماندوو کردن بوو، گۆرانیەکانیان ئەوە نیشان ئەدەن کە وڵاتێکی پڕ لە باخ و ناوچەیەکی سەختی گەردن کەشە. شەڕ و شۆڕو مەسەلەی ئایینی و دۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی سەخت هەوێنی پێشکەوتنی گۆرانین و ئاوازەی تازەی رەسەن ئەخولقێنن.، گۆرانی رواڵەتی واقعی ناوچەکەو باری ژیانی دانیشتوان و پلەی شارستانیەت و فەرهەنگ و نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەو رۆژگارە دەر ئەخا کە تیایا لە دایک بووە. گۆرانی رەسەن هەمیشە بەندە بە ئێش و ئازاری زوربەی دانیشتوانی ئەو کۆمەڵەوە کەتیایا ئەبێ. ئەگەر گوێمان لە سیاچەمانە، یا بەستەیەکی دوو قۆڵی ناوچەی هەورامان بێت هەست بەوە ئەکەین کە ئەم ئاوازە لە ناوچەیەکی کوێستان مام ناوەندو پڕ لەچیای سەخت و کەو بوارو لەناو دەروونی کۆمەڵە خەڵکێکەوە هاتووە کە لەسەر ئەرکی ماندوو بوونی خۆیان ئەژین، چونکە گۆرانیەکانیان وشەو ئاوازەکانیان تەعبیر لە واقعی کۆمەڵایەتی و ژیان و ئێش و ئازار و نەریتی ئەو کۆمەڵە خەڵکە ئەکات.

ئەگەر بەناوچەی شارەزووردا برۆین گوێمان لە هۆرەی جافەتی بێت بێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە دیمەن و رواڵەتی رێچکەی ران و مەڕمان دێتە بەرچاو کە لە ناچاریا دەشتێکی پان و ئاوو هەوای ناساز کە هاوین و زستانی زیاد لە پێویست پێچەوانەی یەکن بەجێ دێڵن و بەرەو دەشتێکی فێنک مل ئەنێن، یان کۆمەڵە سوارێکی فەقیانە بە شانمان دێتە بەرچاو. گۆرانیەکانی ناوچەی شارباژێڕ زۆرتر خەمناکی ئەبەخشن، وەکوو دڵداریان لێ تۆرا بێ وەیان شەڕی رۆژگاریان دۆڕاندبێ! یان داوای ئاشت بوونەوە بکەن.. گۆرانیەکانی وڵاتی موکری خەمناکی و دەستە پاچەیی تیا بەدی ئەکرێ و زوربەیان سکاڵایە لە دەست دڵدارو نەریت و رێژم و مەینەتی خواپەرستی و ماڵە خەزووران!.. ناوچەی مەریوان بە گۆرانی چیاکان و دەشتی مەریوان و «گۆلی» زرێبارو هەژاری خۆیان ئەلاوێننەوەو ئەیانەوێ خۆیان لە بیربەرنەوە.

مەلاعبدالرحیمی «وەفایی» گەلێک خزمەتی گۆرانی کوردی کردووە، ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆی داناو بە فەقێکانی خۆی رەوان ئەکردو ئینجا گۆرانیەکە بە

ولاتا بلاو ئەبووەوە، وەکوو «خاڵەی ڕێبوار» کە چمکێکە لەبەرهەمی هونەری ئەو شاعیرە نەمرە. مەرج نییە تەنیا خوێنەوارێکی دەرچووی پەیمانگای هونەری بەرز ئاوازی گـۆرانی داینێ، چونکە گـۆرانی ڕوویەکی ژیانی کـۆمـەڵایەتی خەڵکی ناوچەیەک نیشان ئەدات. بەرای من سەپانێک یان شوانێک یان... کە لە ناو ئێش و ئازاری خۆیا ئەژی و چاوی لە دەروونی خۆیەوەیە باشتر ئەتوانێ هەسـتی دواکـەوتن و هەژاری و مـاندۆیتی خـۆی بەگـۆرانی دەبرێ یان ئەو خۆشیـەی وا لە دەروونیـا بە نەغـمـەیەکی ڕەوانی دەری کـاتە دەرەوە.. تاکـوو مـامـۆسـتـایەک لە پەیمانگای هونەری دا بێت و بەڵام لە سنووری شـارەوانی شارەکەی بەدەر شارەزای هیچ ڕیگاو بان و جۆری ژیان و نەریتی کۆمەڵایەتی میللەتەکەی خۆی نەبێ کەوەکوو غـەریبێک لە ولاتەکەی خۆیا ئەژی. ئەگەر شـوانێک گـۆرانیت بۆ بلێ و ئاوازەکـەی زایندەی دەروونی خـۆی بێ و ئەو دۆخەت بێنێتە بەرچاو کە تیایا ئەژێ هەست بە ڕەسەنیەتی ئەو گۆرانیە ئەکەی کە لەکاتی سەرکەوتن وەیا نوشوستی دا وتراوە...».

گومانی تیدا نییە کە گۆرانی خۆراکی گیانە، سۆزێکە لە دەروونێکی شادومان وەیا ناکامەوە دەر ئەچێ. ئەمەش تایبەتی نییە بەنەتەوەیەکەوە، بەڵکوو هەموو ئادەمیزاد تیایا هاوبەشن. نەتەوەکانی تر هەر لە کۆنەوە ئەو هەسـتـەیان کردوو کە ئەم بەهرە نابێ «با» بیباو بەبێ قسە لێوە کردن بمێنێتەوە، قسەیان لێوە کردووەو گەلێ بەرهەمیان لە سەر داناوە، نەتەوەی کوردیش ئەم دەنگەی هەر هەبووەو لە هەموو چەرخێکا بە دەنگی گۆرانی خۆی زیندوو کردۆتەوە، بەڵام لەبەر ئەوە کە خوێندەواری کۆنیان پلکاون بە باسی ترەوە نەیانبەرژاوەتە سەر ئەوە وەیا نەهاتووە بە دڵیانا کە دەستێکی نووسینیش بۆ ئەم سووچە درێژ بکەن، لۆمەش ناکرێن چونکە وەکوو لەگەلێ شوێنی ئەم کتێبەدا وتراوە ئەو ماوەیەیان نەبووە کە بتوانن بە پەخشان قەڵەمی خۆیان بخەنە کار. هۆیەکە هەر ئەم نەتوانینە بووە ئەگینا لە هەموو کۆڕە ئایینییەکاناو لە هەموو خەتمەی سۆفیاناو لە هەموو بەزمی ڕەوالانا، گۆرانی سازو ئاوازی ئەو کۆڕ و خەتمەو بەزمە بوو. لە گەورەتر شێخ و لە بەرزتر مەلاو لە بەسۆزتر گەنجەوە گۆرانییان بە خۆراکی گیان داناوەو بەو دەنگە بەبێ جیاوازی لە نێوانی پیرو جوانا کەوتوونەتە سەما.

لەم ڕووەوە زۆر بەرەو دوا ناڕۆم؛ مـــەولانا خـــالدی مکایلی بەنەوای جـــەزبەی شاعبداللەی دەهلەوی ئەگونچکەی مێزەرەکەی ئەلەرایەوە. کاک مستەفای هیرانی بە دەنگی نەواخوانەکان لە ناو کۆڵانەکانی شاری بەغدادا بەریشی سپی و بە مێزەری سپی

ترەوە بەبێ ئەوە سەر بکاتەوە ئەکەوتە سەما. مەلا ئەبووبەکری «مصنف»کە لە «چۆڕ»دا گۆرانییان بۆ ئەوت لە شوێنەکەی خۆی راست ئەبووەوەو ئەکەوتە عالەمێکی ترەوە. سید عەلی ئەسغەری کوردستانی کەنەوای سێ گاو یا غەزاڵی لە هەر دیواخانێکا و لە قاوەخانەکەی «بەرانبەر» لە «ئاویدەر»ی «سنە» ئەوت ئەهلی دیواخانەکان و ئەهلی سنە بەگەنج و پیرو ژن و پیاوەوە بۆی بێ هۆش ئەبوون و دنیای فانییان ئەبردە لای دنیای باقی. سەی ئاغا لەناو شاری سەقزو ئەحەی ناسر لە ناو شاری سولەیمانی و مەلا کەریم لەسەربانی مزگەوتی حاجی مەلا عەزیزی بالیکەدری و حەسەن زیرەک لە ناو شاری بۆکان و سابڵاخ بە دەنگە مەلائکەییەکەیان چ خرۆشێکیان ئەخستە ئەو عالەمەوە؟! توخوا رەشوول و عەلی مەردان و حەسەن جەزراوی وحەیدەر -حەیدەرە کەچەڵ- بۆچ مردن؟ خوا بتگرێ مردن!...

ئەمانە هەموو بەڵگەن بۆ ئەوە کە لە کوردەواریدا گوێ بەکۆکردنەوەو لەسەر نەنووسینی گۆرانی لەبەر ئەوە نەبووە کە بەگوزارشتی شێخ و مەلاکان حەرام بوو بێت بەڵکوو هەر بە گوزارشتی ئەوان حەڵاڵێک بووە لە شیری بەری دایک حەڵاڵتر، بەڵام ماوەیە نەبووە کە بتوانن و بزانن بە پەخشان لە سەری بنووسن و بۆ پاشەرۆژ بیهێڵنەوە. نەوای «شیرین تەشی دەڕێسێ» وەفایی -ئەو عالمە گەورەیە- لە وێنەی ئاریەلی دوو لقی سەر تەلەفزیۆن، ئەو ئاوازە ئەکشێتەوە بۆ زەمانی پێش وەفایی و بۆ گەردوونی دوای وەفایی، ئەوەندە هەیە کورد بەداخەوە بۆی نەلواوە دەنگی خۆی بەنووسین بدا بە گوێ خۆی وعالەمی دەورو بەری خۆی دا!.

بەلای منەوە ئەمە یەکێکە لە پێشکەوتنی چرکەی زەمان، کە کورد بتوانێ باس لە نەواو گۆرانی ئێستە و رابوردووی خۆی بە نووسین بکاو ئەو بابەتە زیندوو بکاتەوە. خاوەنی پەخشانی «چۆن لە رەسەنیی گۆرانی کوردی بگەین» یەکێکە لەو کەسانە کە بە پەخشانەکەی ئەو رچەیە شکاندو ئەو ترسەی نەهێشت. ئەم پەخشانە نموونەیەکە بۆ ناوەرۆک و روخساری بابەتێکی وەکوو باسکردن لە نەوای کوردییەوە کە لەم رۆژانەدا ئەو هەستە لە ناو کورددا پەیدا بووە کە بابەتێکی وەکوو ئەم بابەتە یەکێکە لە بەشێکی گەورەی نەتەوایەتی، وەکوو بەشانی تر دەستیان بۆ درێژکراوە ئەمیش ئەبێ ئەو دەستەی بۆ درێژ بکرێت.

***

ساڵەکانی «١٩٧٠-١٩٨٠» نووسینی کوردی چ لە لایەن پەخشانەوەو چ لەلایەن



(*) ئەم «هێمن»ـە ئەو «هێمن»ـە نییە کە خاوەنی دەقی «هاوینە هەوار»ـەکانە، بەڵکو م.ش هێمن موکریانی و ئەو خەڵکی سولەیمانییە.

هۆنراوەوە بووژاندنەوەیەکی گەشی بەخۆیەوە دی، بەتایبەتی لە بارەی پەخشانەوە. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە پەخشانی ئەو ساڵانە.

«ئۆسکارمان» ئەڵەمانی لە وڵاتی موکریان بە شێوەی ئەو وڵاتە «بەیت»ە مێژوویەکانی کوردی لە ساڵانی «١٩٠١-١٩٠٣»ی کۆ کردۆتەوەو بە ئەڵەمانی لە ١٩٠٥ لە بەرلین لە ژێر ناوی «تحفەی مظفریە» لە چاپی داوە. «هێمن» موکریانی(*) گێڕایەوە سەر شێوەی رووتی موکری، لە١٩٧٥دا «کۆڕی زانیاری کورد» لە بەغدا لە چاپی دایەوە. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەودەقە:

«..........................................................................

-٥-

دەگێڕنەوە ریوییێک شەوێکی چوو بۆ مریشک خواردنێ، چوە سەربانی خمخانێکی لە رۆچنێ را دەخمێ کەوت، هەموو گیانی شین بوو، بە گونگەیدا وەدەر کەوت، تەماشای کرد هەموو گیانی شین بووە، چوە کن کەڵەبابێ. کەڵەباب کوتی: «مام ریوی بۆ کوێ دەچی؟» کوتی: «مەڵێ مام ریوی، بڵێ حاجی، تۆبەم کردوە، دەچمە حەجێ، ئەتۆش دەگەڵ خۆم دەبەم». کەڵەباب کوتی: «ئەمن حەججم لێ نەکەوتوە، نایەم» ریوی کوتی: «خێر، دەبێ،بێی؛ خەرجت بۆ خۆم دەکێشم». کەڵەباب لە ترسان نەیوێرا بڵێ نایەم، رەگەڵی کەوت. لە دڵ خۆیدا ددانی لە کەڵەباب تیژ کردبوو، بە زاهیری دوعای دەخوێند، زیکری دەکرد، تا کەڵەباب بزانێ، ریوی تۆبەی کردوە. کەڵەباب لە ترسان هەر پێ دزیلکەی بوو؛ رۆین هەتتا گەیشتنە مێشێکی، تەماشان کرد پەپووسلەمانکەیەک لەسەر دارێیە. ماندوو نەبوونی لەرێوی کرد، کوتی: «مام رێوی ئۆغر بێ؟»، کەڵەباب کوتی: «مەڵێ مام ریوی، بڵێ حاجی، ریوی تۆبەی کردوە، دەچێتە حەججێ، ئەمنیش دەگەڵ خۆی دەبا، ئەتۆش وەرە بچین». پەپوو سلەمانکە کوتی: «راوەستێ، دەچم خولا حافیزیێ لە ماڵێ دەکەم، زوو دەگەڕێمەوە». لەسەری راوەستان هەتتا دێتەوە. ریوی لە دڵی خۆیدا خۆشی خۆشی بوو، دەیگوت: «دوو نێچیرم وەدەست کەوتوە». پەپووسلەمانکە زوو گەڕاوە؛ ملی رێیان گرت و رۆین، هەتا گەیشتنە سەر چۆمێکی؛ تەماشایان کرد مراویێک لە ئاوێ دا هاتوچووی دەکرد. ماندوو نەبوونی لێ کردن، کوتی: «بەخێر! بۆ کوێ دەچن؟» ریوی کوتی: «تۆبەم کردوە، دەچمە حەججێ». کەڵەباب کوتی: «مراوی، ئەتۆش وەرە، نیزێک مردنتە تۆبەیەکی بە حەق بکە، بەڵکی خولا بتبەخشێ». کوتی «زەریفە

ئەمنیش دێم» . لەئاوێ وەدەر کەوت ڕەگەڵیان کەوت. ڕۆین هەتتا گەیشتنە دارێکی؛ قشقەڵەیەک لەسەر دارێکی بوو ، ماندوو نەبوونی لێ کردن، کوتی: «بۆ کوێ دەچن؟» کوتیان: «دەخزمەت ڕێوی دا دەچینە حەججێ» کوتی: «ماڵۆ شێوێ، ئەنگۆ شێت بوون؛ ڕێوی هەمووتان دەخوا» . گوتیان نا ، مام ڕێوی تۆبەی کردوە؛ هەموو ڕۆژێ بە ڕۆژووە ، لە ئاوی شەوێ پارێزێ دەکا ، دەچێتە حەججێ» ، زۆریان دەبەر قەڵێ هەڵخوێند؛ ئاخری هاتە خوارێ، ڕەگەڵیان کەوت. ڕێوی لەڕێیە هەر لەبەر خولای دەپاڕاوە.

شەوێ گەیشتنە کێوێکی؛ شەوێ لەوێ مەنزڵیان گرت. ڕێوی کونێکی دیوە ، هەمووی دەوێ کردن، بۆ خۆی لەزارکی کونەکەی دانیشت. نیوە شەوێ زۆری برسی بوو ، چونکی ئەوی ڕۆژێ هیچی نەخواردبوو ، زۆریش ماندوو ببوو. کوتی: «وێستا وادەی خواردنیانە!» . قشقەڵە لە ژووری دا پێی کوتن: «ماڵ وێرانینە ، دیتان چلۆنو خۆ دەگیرخست؟. وێستا ڕێوی هەموومان بانگ دەکا ، یەک یەکی دەمانخوا ، هەرکەس مەردە خۆی نەجات بدا» .

ڕێوی هەوەڵێ کەڵەبابی بانگ کرد ، کوتی: «وەرە ، دوو سێ قسان بکە ، نەزیرێکم بۆ بگێڕەوە» کەڵەباب لە ترسان هاتە زارکی کونەکەی. ڕێوی کوتی: «کەڵەباب! ئەتوو بۆچی خەوت لە خەڵکی حەرام کردوە؛ نیوە شەوێ دەس دەکەی بەقیژە قیژێ؟ مەگەر ئەتوو چی وا دەکەی؟ مەگەر خولا ئەتۆی بۆیە دروس کردوە؟» . . کەڵەباب کوتی: «حاجی ڕێوی، ئەمن قازانجم هەیە بۆ خەڵکی، بۆ نێژیان وە خەبەر دێنم، بۆ کاسبیان وە خەبەر دێنم» . ڕێوی کوتی: «زەریفە ئەو عوزرەت لێ قەبووڵ دەکەم؛ ئەمما ئەتۆ زۆر بێ شەرمی لە پێش چاوی بەنی ئادەمی سواری مریشکی دەبی، شەرمێ لە شای ناکەی!» کەڵەباب دەستی بەقسان کرد؛ ڕێوی توند بە ئەستۆی دا نووسا ، خنکاندی وخواردی، دەم ولووتی خۆی ئەستری، بانگی مراوی کرد. مراوی لەترسان هاتە پێشێ. ڕێوی کوتی: «مراوی بۆ لە بەحراندا هەر چشتی خۆش دەخۆی، گوێ نادەیە کەس؟» . مراوی لە ترسان لەرزی، لەسەرڕا بە عەرزی کەوت. ڕێوی ئەویشی گرت خواردی. زاری کونەکەی گرتەوە ، نەیەڵێ ئەوانی دیکە بڕۆن. بانگی پەپووسڵەمانکەی کرد ، کوتی: «وەرە سەرگوزەشتێکم لە حیکایەتی سولەیمان پێغەمبەری بۆ بگێڕەوە ، ئەتۆ زۆر خزمەتی ویت کردوە» . پەپووسڵەمانکە لە ترسان هاتە دەرێ. ڕێوی کوتی: «ئەتوو ئەو تاجە چییە لە سەر خۆت ناوە؛ مەگەر ئەتوو پاتشای یاوەزیری؟ درۆیان دەکەی؛ دەڵێی ئەمن زۆرم خزمەتی سولەیمان پێغەمبەر کردوە» . گورجێکی گرتی و خواردی!

بەری بەیانی بوو، ڕێوی زۆری برسی ببۆوە، بانگی قشقەڵەی کرد کوتی: «وەرە پێشێ». قشقەڵە لە ترسان هاتە پێشێ. ڕێوی کوتی: «ئەتۆ بۆچی زەرعاتی خەڵکی دەخۆی، وەهێلکەی ئەوان دەدزی؟ مەگەر خەڵکی کاسبی بۆ توو دەکا؟» قشقەڵە کوتی: «ڕاستی گوناهم زۆرە ئەمما؛ لەڕێی خزمەتیەوە شتێکت پێ دەڵێم، لە پاشان کەیفی خۆتە». ڕێوی کوتی «بڵێ بزانم». قشقەڵە کوتی: «کەڵەباب و مریشکێکم پێ شک دێ، ئەگەر ئیزنم بدەی دەچم بۆتیان دێنم، لە پێشدا ئەوان بخۆ، لە پاشان منیش بخۆ». ڕێوی کوتی: «زەریفە زۆرم برسییە، زوو وەرەوە؛ ئەگەر بێی ئەو کارەی بکەی، ناتخۆم» قەڵ ڕۆی چوە دێیەکی. سبحەینەی زوو بوو دوو سەگ لە حەسارێکیدا گەپیان دەدا؛ خۆی بە سەیەکان نیشاندا؛ سەیەکان ڕەدووی کەوتن. بە قەستی زۆر بە قندە، قندە دەڕۆی، هەتتا وە دووی کەوتن، هێنانی هەتتا گەیشتنە ڕێوێ؛ قەڵ ئیشارەتی کرد لە ڕێوییێ، کوتی: «ئەوەتان». ڕێوی کە سەگەکانی دی، دەستی هەڵوەشاند، کوتی: «قبووڵە، مەیانهێنە پێشێ. قشقەڵە بە قسەی نەکرد، ڕێوی بە سەیەکان نیشاندا؛ سەیەکان وە دووی کەوتن، ڕێوییان کوشت، تۆڵەی ئەو دەعبایانەیان لێ کردەوە ... بۆیە وێستا ڕێوی ئەگەر سەگی تێ بەردەن، دەستی هەڵدەوەشێنێ!.

.......................................................................».

ئەم دەقە شێوەیەکی رووتی موکرییە کە یەکێکە لەشا لقەکانی شێوەی سۆران. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە زمانی کوردی لەو ساڵانەدا زیاتر خۆی نزیک خستۆتەوە لە وەرگێڕان لە زمانانی ترەوە، خوێندەوارانی خشاندووە بەلای ئەو شتانەوە کە تا ئەو سەردەمانە هەر لە زمانەکانی ترا هەبوون، دیارە ئەمە شاهەنگاوێکە بۆ چوونە پێشەوە؛ لە لایەکەوە ئەوە روون ئەکاتەوە کە جگە لەوە مەفاهیمی رووداوی ڕۆژی تۆمار کردوە، دەستیشی راکێشاوە بۆ زمانانی تر کە لەوانیشەوە چەمک گەل بخاتە ناو زمانی خۆیەوە بەوەرگێڕان؛ جا ئەو مەفاهیمانە هەر لە بناغەدا کەلەپووری خۆی بووبن؟ وەیا هی زمانێکی تر بووبن و ئەم هێنابنیە سەر زمانی خۆی. لە لایەکی تریشەوە شێوەیەکی پوختی زمانی کوردی کە جاران لەسەر زمانی هۆنەران بەهۆنراوە دەر ئەبرا، ئێستە کەوتە ناو پەخشانیشەوەو توانرا هەموو جۆرە رووداوێک لە شەقڵی دەقی پەخشانا بێتە بەر.

وەکوو لەم دەقە ورد ئەبینەوە ناوەرۆکی هەر ناوەرۆکێک بێت روخسارەکە سادەیە، شێوەیەکی خۆماڵی زمانی کوردی پیشان ئەدا؛ ئەو شێوەیە پیشان ئەدا کە سەرەکە بۆ شێوەی بابان، بەڵکوو شێوەی بابان هەر ئەو شێوە موکرییەکەیە لە لایەن بەشکردنیەوە،

بابانەکان هاتنە سەرکار و شێوەی بابانیان کرد بەناو بۆ سووچێک لە سووچەکانی شێوەی موکری، وەکوو شێوەی ئەردەڵانیش هەر بەشێک بوو لەو شێوە موکرییە. ئەم بەشکردنانە بەشی ناوخۆیی بوون ئەگینا هەموویان لە ژێر خێوەتە گەورەکەی موکریدا چادریان هەڵداوە.

ئەمە نەخشی هەموو زمانێکی زیندوو، وەیا بەتەمای زیندوو بوونەوە بێ، وردە شێوەی ئەو زمانەی یەک خستووەو شازمانێکی سەرەکی لێی دروستکردووە و کردوویە بە بناغە بۆ نووسینی خۆی و نەتەوە. ئەمەش بەو جۆرە بووە کە شێوەکانی کۆ کردۆتەوەو بەرە بەرە لەم رێگاوە شێوەیەکی سەرەکی کردووە بە بناغە. لام وایە ئەگەر زمانی کوردی لە وەختی خۆیا بۆی بکرایە زمانەکەی خۆی بدایە بە دەستاو خۆشەی بکردایە ئێستە گەلێ دەوڵەمەندتر ئەبوو لەم پایەی کە هەیەتی. بەو بوونەوە ئەڵێم دوو لاپەڕەی بەینی ساڵانی «١٩٧٠-١٩٨٠» ئەو ئەرکەی زیاتر خستە سەر شانی خۆی کەبتوانێ لەم رێگاوە خزمەتی زمانی کوردی بکاو بناغەیەکی بتەو دابنێ بۆ ئەم ئامانجە.

شتێکی تر لەم دەقەدا کە هەیە ئەوەیە: کە هەم شێوەیەکی سەرەکی لە شێوەکانی زمانی کوردی دەربڕیوە بە پەخشان، هەم کەلەپوورو داستانێکی رابوردووی کوردی هێناوەتەوە مەیدان بە یەکێ لە شێوەکانی خۆی کە دوور نییە ناوەرۆکی داستانەکە لە چیرۆکی شێوەکانی تریشا هەبێت، بەڵام قسە لێرەدا لە روخسارەکەیە، نەک لە ناوەرۆکەکە. هۆنینەوەی رستەکان و راگەیاندنیان بە یەک جۆرە رێختێکە بە تەواوی ئاخاوتنی بۆکان و ساباڵخمان پیشان ئەدا.

***

«محەمەد مەلا سالح شارەزووری» ریزە پەخشانێک لەژێر ناوی «محەمەد ئیقبال فەیلەسووف و ئەدیبی شۆڕشگێڕ» لە ساڵی «١٩٧٥»دا، دا بە دەست چاپەوە و لەوێدا ئەڵێ:

«..........................................................................

ئیقبال وفەلسەفەکەی:

هەر بیرو رایەک بکەوێتە مێشکی هەر ئادەمیزادێکەوە، پاڵە پەستۆیەکی بە شوێنەوەیە. وەهەر فەلسەفەیەک هەڵقوڵێ لە کانی مێشکی هەر بلیمەتێکدا –عبقری– هۆیەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر نەختێک سەیری ژیانی هەر داهێنەرێک، یان فەیلەسووفێک، یان چاک کەرێک –مصلح– بکەین ئەبینین

هۆیەک و پاڵەپەستۆیەکی تایبەتی هەیە زۆری لێ ئەکات بۆ داهێنانی ئەو شتە تازەیە کە ئەیهێنێت. نموونە زۆر زۆرە لەم بارەوە پێویست بە هێنانی نموونە ناکات.

جا ئێستا بابزانین ئەو پاڵەپەستۆیەی زۆری لە دوکتور ئیقبال کرد بۆ دانانی فەلسەفەکەی چی بوو؟ چی بوو بە هۆی هەڵگیرساندنی ئەم بڵێسەیە؟!. کاتێک ئیقبالْ سەیری دەورو بەری خۆی کرد چی دی؟ سەیری کرد موسڵمانەکان لە شەوە زەنگی نەزانی خۆیاندا هەنگاو ئەنێن. ئیسلام کە برێتی بێت لەو تاقە رژێمەی گەلان، بەبێ ئەو تامی بەختیاری ناچێژن، ئێستا وای لێ هاتووە بووە بەسەردێری هۆنراوەکانی کەساسی و نەزانی و نەبوونی! بیرو باوەڕە پیرۆزەکانی ئیسلام بە وتەی پڕو پووچی دوژمنەکانی چڵکن بوون، پاش ئەوەی خۆیان خاوەن فەڕیان بوون، بوون لەژێر چەپووکەی ناحەزانی ئیسلام! کاتێک ئیقبال ئەم رۆژە رەشەی بە موسڵمانەکانەوە دی بۆی دەرکەوت کە پاشەرۆژێکی رەشتر چاوەڕێیان ئەکات. دوکتور ئیقبال جارێ بیری لەوە ئەکردەوە هۆی ئەم سەرلێ شێواوییە بزانێت، جا لە دواییدا هەوڵی دانانی چارەسەری بدات. بەڵێ! زانی هۆکەی چییە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆرو تەتەڵە کردنی چۆنیەتی موسڵمانەکان بۆی دەرکەوت کە گەلانی ئیسلام شەش نەخۆشییان تووش بووە بە جارێک. نەخۆشییەکانیش:

١- ئەم گەلانە زۆر لەکاربەدەستەکانیان ئەترسن، بەڵکوو لەپلەی ترسیش دەرچووەو گەیشتۆتە پلەی پەرستن!.

٢- لادانیان لە خواپەرستی راستی گەڕانەوەیان بۆ بوت پەرستییەکەی خۆیان، وە دەست دانیانە بە پەرستنی زمان و نەتەوەو سنووری دەستکرد.

٣- کاتێک موسڵمان سەیر ئەکات بەو جۆرە لاواز بووەو برایەتی و یەکیەتیەکەی نەماوە ئەڵێ: بڵێم چی؟ ئەمە قەزاو قەدەرە دەسەڵاتی خوام نییە!، ئیتر ئەو موسڵمانە نایەوێت هەڵسێت و خۆی بتەکێنێ وەکوو شێر راپەڕێت و پەلامارێک بدات، خوایش یارمەتی لە سەرە.

٤- موسڵمانەکان قایلن بە ژیانی دیلی و ژێر چەپۆکەیی، هەر لەبەر ئەوەی نەختێک ئازاریان تووش نەبێت!

٥- موسڵمانەکان مانای وشەی «شەهید بوون» یان ون کردوە یان لە بیریان چوەتەوە! زۆر ئەترسن لەوەی بمرن، هەر حەزیان لەم ژیانە دیلییەیە.

٦-خەڵەتاندنیان بە بریق و باقی شارستانیەتیەکەی رۆژ ئاواو وەرگرتنی

هەموو بیردۆزییەک «نظریە»و قووتدانی بە بێ جوین.

کاتێک ئیقبال ئەم نەخۆشییانەی دۆزیەوە، ئەمیش ئەو مامۆستا زاناو فەیلەسووفەیە کە زۆربەی ئەوروپا گەڕاوەو قوژبنی زۆری زانکۆکانی دیوەو کۆڕی زانیارییای تیادا بەستووە. ئەم خولە لە مێشکیدا ئەسووڕایەوەو هەر بیری لەوە ئەکردەوە چۆن ڕێگایەک بدۆزێتەوەو چارەی ئەم برینانەی پێ بکات ... پاش گەڕانێکی زۆر لە جیهانی ئەندێشەی باوەڕو فەلسەفەدا بۆی دەرکەوت کە ئەبێت لە خۆیەوە دەستی پێ بکات؛ ئەمە بوو هۆی دانانی فەلسەفەکەی ئیقبال. ئێستاش بابزانین کەمێک لەو فەلسەفەیەی دوکتور ئیقبال چییەو چۆنە؟

لە ڕاستیدا فەلسەفەکەی ئیقبال فەلسەفەیەکی ئیسلامی رووتەو - پرۆتۆپلازم-ی گیانی گەلانی موسڵمانە... هەندێک لە «سۆفییەکان» باوەڕیان هەیە بە یەکیەتی بوونەوە «وحدة الوجود»، وە وا ئەزانن کە «تاک-فەرد» ئەندێشەیەکی لەخۆ بایی بوونەو هیچی تێدا نییە جگە لە خۆ بایی بوون. وا گومان ئەکەن کە دوایی ئادەمیزادیش لکاندنە بە ئەو بوونەوەرەکانی تر، وەکوو دڵۆپێک ئاو بکەوێتە ناو دەریایەکی گەورەی فراوانەوە، وە هەر لە سەر ئەم بناغەیە فەلسەفەی نەمان لە خواپەرستیدا -الفناء فی الله- دانراوە. لە لایەکی ترەوە قوتابییانی قوتابخانەی «هێگڵ» زیاتر لەمان چوونەتە خوارەوە بۆی، بەڵام ئیقبال لە نێوان هەردوو لادا وەستاو وتی:

نابێت ئەمە گومانەو سەر لێ شێواوییەو بناغەی سستی و لاوازی و هۆی نەخۆشییەکانی گەلەکەمانە، بەڵکوو هەموو ئادەمیزادێک خاوەنی بوونێکی تایبەتی و شەخسییەتێکی تایبەتی خۆی هەیە... سەیر بکە؛ ئەو خوایەی کە دروستکەری هەموو بوونەوەرە... تاکەو جیاوازە لە هەموو دروستکراوەکانی. ئەم بوونەوەرە گەورەیە پێک هاتووە لە چەند تاکێک -فەرد- وە هەر تاکێک خاوەنی «خصائصی -تایبەتی خۆییە... ئەمانە رووەک، ئەوانە پەلەوەر، ئەوانیتر بەرد. دیسان هەر رووەک: ئەوە قۆخ و هەڵووژە، ئەوانە دانەوێڵە، ئەوانیش قەوزەو قامیشی شەکر... هتد. هەر سەیری ئادەمیزاد بکە؛ هەندێک سپی، هەندێک رەش، هەندێک سوور، هەندێک زەرد. دیسان ئەمانە نەخۆش، ئەوانیتر لەش ساغ. لەگەڵ ئەوەیشدا کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی «خۆیی-زات» یان شەخسییەتێکی تایبەتییە، بەڵام لەهەندێ شتی تردا سروشتیان یەک ئەکەوێت ئەتوانرێت یەکسانی بەسەریاندا بچەسپێنرێت. وە ئێمە بەم یەکسانییەو یەکیەتییە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشکەوتن ئەڕۆین و هەتا

بێت گرۆی ئادەمیزاد زیاتر لەیەک نزیک ئەبنەوە.

ئەم ژیانەی ئادەمیزاد هەمووی برێتییە لە یەک زنجیرە و هەر نەوەی کاتێک «جیل» برێتییە لە ئەڵقەیەک لەم زنجیرە. کەوابوو بوونەوەر راستییەکی تەواو نەکراوە، هەر نەوەیەک کە دێت لەسەری زیاد ئەکات. من، تۆ، ئەو، یەکێکی تر هەر یەکەمان خشتێکی ئەو دیوارەی ژیانین و هەر خشتێک یارمەتی خشتەکەی تەنیشتی ئەدات بۆ پتەوی خانووی ژیان و ئەوەی لە توانای ئەو خشتەدا هەبێت بەکاری ئەهێنێ بۆ ئەوەی دیوارەکە لە حاستی ئەو پتەوترو قایم تر بێت ...

..............................................................................».

پەخشان کە وتت پەخشان و کەوتە ناوەوە ئەبێ لەهەموو لایەکەوە بدوێت و خۆی پیشان بدات. پەخشانی کوردی وەکوو لە ناواخنی ئەم کتێبەدا بەرچاو ئەکەوێ لەو رۆژەوە کە دەست توانیویە بیگاتێ، بەئەندازەی دەسەڵات لێ کۆکردۆتەوە و نموونەی لێ پیشان داوە، ئەمەش دەرکەوتووە کە لەبەر پێشهاتی زەمان و نالەباری بەسەرهاتی کورد پەخشانەکەی بۆ «تەدوین» کۆرپەیە، لەگەڵ ئەوەشا کتێبەکە کۆششی ئەوەی کردووە کە بەپێی رۆژو ساڵ نموونەیان بخاتە بەرچاو، کە ئەو نموونەیە بیرو باوەڕی ئەگەر هەموو نەبێ بێ گومان هی دەستەیەکە کەپشتیان پێی ئەبەسترێ.

محەمەد ئیقبال «١٨٧٣-١٩٣٨» عەرەب نییە بەڵام ئیسلامە. سامی نییە بەڵام ئارییە. سەرەتا نەزان بووە پاشان بووە بە زانا. چەوساندنەوەی ژێر دەستەیی وای لێ کرد ببێ بەزانایەکی شۆڕشگێڕ؛ زانا لە ئایینی ئیسلامیدا و لە زماناکانی غەیری عەرەبی دا. هەموو کەس و هەموو نەتەوەیەکی ئیسلامی قەدری ئیسلامی زانی زیاتر لەو ئیسلامانە کە بەناو بە زمانی ئیسلامی قسەیان ئەکرد، چونکە ئیسلام نە برێتی بوو لەقسەی بێ کردەوە وەکوو هەندێ نەتەوەی سامی گرتبوویان، وە نەبرێتی بوو لەو رواڵەتە پووچەڵانە کە هەندێ نەتەوەی ئاری شوێنی کەوتبوون و توێکڵەکەیان گرتبوو و کاکڵەکەیان فڕێدا بوو، بەڵکوو ئیسلام؛ ئیسلامی راستی برێتی بوو، وە برێتییە لە دەستوورو قەوانینێکی بەرز کە رێگای راستی و پێشکەوتن رووناک ئەکاتەوە بۆ ئەو کەسانە کە بە راستی شوێنی ئەکەون و بەراستی ئەیانەوێ ئیسلام بن. غەیری ئیسلام ئەمەی بۆ دەرکەوتووەو ئەمە ئەزانێ. ئەو غەیرە خۆیشی ئاینێکی هەیە و تووشی بووە ناتوانێ لێی لادا، چونکە ئەڵێ: باوباپیـرم هەر لەسـەر ئەم رێگایە بوون، منیش ناچارم هەر ئەو رێگایە بگرم، بەڵام لەرێگایەکی ترەوە کنە ئەکا کە بەڵکوو ئیسلام وا لێ بکا ئەو جەوهەرەی نەمێنێ و چۆن

ئارەزوو بکا بەو جۆرە پەیڕەوی کەرەکان بۆ ئامانجی خۆی هەڵسووڕێنێ.

محەمەد ئیقبال وەکوو گەلێکی تر لە پیاوانی شۆڕشگێڕی ئیسلامی ئەم هەستەی کردبوو، بە عیلمەکەی بە فەلسەفەکەی و بە موۆڤایەتیەکەی بوو بە پێشڕەوێکی زانای شۆڕشگێڕ لە هێندداو بەزەینە تیژەکەی و بە عیلمە فراوانەکەی بە هەزاران هەزار کەسانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی لە حەقێقەت و فەلسەفەی راستەقینەی ئیسلام تێ گەیاندو رێ بەدیی ئەکردن بۆ ئەوە لە ژێر باری گرانی ئینگلیز بچنە دەرەوە.

«رابندرانات-تاگــــوور ١٨٦١-١٩٤١» و «گــــاندی ١٨٦٩-١٩٤٨» یش ئەو بانگەوازە کە ئەیانکرد بۆ رزگاربوونی هیند، محەمەد ئیقبالیش هەر ئەو بانگەوازەی ئەکرد، ئەوەندە هەبوو دووەکەی تر ئەوی پاڵی پێوە ئەنان بۆ ئەو ئامانجەیان تەنیا مرۆڤایەتی و خۆشویستنی وڵاتەکەیان بوو، محەممەد زیاد لەوە عیلم و فەلسەفەی ئیسلامیش بوو بەپشتیوانی.

من نامەوێ لە شەخسییەتی محەممەد ئیقبال بدوێم لە رووی رەگەزەوە، هەرچەندە ئەگەر بینە سەر رەگەزیشی نەتەوەی هیندو کورد لە یەک ریشەوەن؛ نامەوێ لەمە بدوێم لەو رووەوە ئەگینا پیاوی وەکوو ئەو زۆر بووە. «محەممەد عەبدە ١٨٤٩-١٩٠٥» لە میسر دیارە کورد بووە، بەڵام ئەو لە میسرا مەشخەڵێکی عیلمی بەهۆی تیشکی «جەمالەدین ئەسەداباديیەوە ١٨٣٨-١٨٩٧» شۆڕشێکی فیکری نایەوە. محەممەد ئیقبال عالم و فەیلەسووفێک بوو کە لە رێگای عیلمە ئیسلامی و فەلسەفەکەیەوە ئەو شۆڕشەی خستە ناوەوە کە ئەبێ گەلی هیند لە ژێر چنگاڵی بێگانە بێتە دەرەوە. لە ئەنجاما بە هۆی زەینەکەی و فیکرە ئیسلامییەکەی و فیکرە ئینسانیەکەی غەیری ئەوەوە هیند رزگاری بوو.

مەبەستەکەی من ئەوەیە کە نموونە پەخشانێکی کوردی لە لایەن خاوەنی پەخشانی «محمد اقبال فەیلەسووف و ئەدیبی شۆڕشگێڕ»ەوە بخەمە بەرچاو بۆ ئەوە ئەوانەی چاو بە مێژووی پەخشانی کوردیدا ئەگێڕن ئەوەیان بۆ دەرکەوێ کە پەخشانی کوردی پیاوانی ئیسلامی غەیری کورد بە رێزەوە سەیر کردووەو لەم لایەنەوە ئیسلامی راستەقینەی کردووە بەبیبیلەی چاوی، وە ئەوە دەرخا کە ئیسلام لە راستیدا بریتییە لە گەوهەرێکی شەوچرا کە رێگای راست بۆ هەموو نەتەوەیەک رووناک ئەکاتەوە؛ بریتییە لەوە، نەک بریتی بێ لە قورێک کە ئەو گەوهەرەی داپۆشیبێ.

ناوەرۆکی تێکرای کتێبەکە ئەوە بوو، روخسارەکەش ئەو کوردییە کە لەبەر چاوەو لە

***

«گۆڤاری زانیاری کورد» لەبەرگی سێیەم بەشی یەکەمی ساڵی **١٩٧٥** وتارێکی «ئەمینی عەڤدال»ی لە ژێر ناوی «نقتک دانین»دا بڵاو کردۆتەوە. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو پەخشانە:

«نیشانێد پارەڤە کردنێ

زمانێ مەدا نیشانێد پارەڤەکرنێ ئەڤێد هانن: نقتکا پاشن(.)، نقتڤێرگول (؛)ڤێرگول(،) و دوو نقتک (:) ئەڤانا گشک نیشان ددن، وەکی جوملێدا گە لۆ ل کێدەرێ سەکناندن دکەڤە ئۆرتێ، یانێ خوەندنێ مەری ل کێدەرێ، چ قەدەر گەرەک بسەکنەو پاشێ دیسا دەست پێ بکە، بخونە.

**نقتکا پاشن**

پەی هەر جوملەکە کوتبوویرا تێ دانیین (.) پەی نقتکا یاشنڕا (ئێ کو دخوونە) گەرەک حەڤەکی دها زێدە بسکنە، چمکی جوملە عەیان دکە هەر نێتەکە کورت. ئەو نێت دکارە باشقە بە، دکارە ب جوملێ تێکستییە دنڕا گرێداییە.

نقتڤێرگول (؛) تێ دانیین

أ- ئورتا جوملێد کو قەواتا وانا وەکهەڤە، ئێد نێتا خوەیە تەمامیڤا هەڤڕا گرێداییینە، زۆر بوونا وانە وەکهەڤبوونێ هەیە، هەلا دکارن باشقە ژی بێن نڤیساندن و فەعمکرن، مەسەلە: «سبە سافیی بوو»؛ «چڤیکاکرە ڤیتە-ڤیت»؛ «کۆمباینڤان پێ کۆمباینێ نان (قەسەل) دچنی»؛ «قیزا دستران»؛ «مەرڤ هەوەسکار بوو لە زەڤییا گهیشتی مێزەکرا». ئەم هەر دوو جوملە ئێد نقتڤێرگولێنە، مەسەلە: «رۆیی شەوق ددا ژ ئۆرتا عەزمین؛ سیامە سەر هەسپا نەدکەت عەردێ» و ئێدمایێ.

ب- ل کووتاسییا وێ جوملێ، وەکی پەی ویرا دەشت ب شرۆڤە کرنێ دبە، مەسەلە: «دەمێ شاش و مەعت مام؛ وانا زوودا منڕا گۆت بوو، وەکی ئەوی کو ئەو کتێبا تەڕکی ناڤا چەند رۆژدا خوەندییە» (ژکتێبا دەرسێ).

ج- پەی وان خەبەرارا، ئێد کو کورت دبن، یانێ کورت تێن نڤیساندن مەسەلە: «هەڤ؛ حەسۆ خەباتچی بێ کۆلخۆزێیە»، «پرۆڤ؛ ئیڤان دەرسدارێ ماتێماتیکێیە». ڤان هەر دوو جوملادا هاتنە نڤیساندن خەبەرێد «هەڤ؛»و

«پرۆڤ؛» نەتەمام، پاش وان هاتیە دانیین نقتڤێرگول. گەرەک حەمـوو خەبەرێد کورتکریێ ب نقتڤێرگول بێن نڤیساندن.

ڤێرگول(،) تێ نڤیساندن.

أ- ئۆرتا جـوملـێـد سـەرە دوو ئاییندا، مـەسـەلە: «وەختـا ئـەم روونشتن دۆرا تەختـە»، ئەوانا پاشدا ڤەکشـان. «وەختـامـە نان دخار، شەرم دکر». «حەسـۆ، وەختا ئەم راستی قادر هاتین، خوە دا پاش». (ژکتێبێد دەرسا).

«بوو وقینا ماشینا مە، دوو ل پەی خوە کرە رێز، سۆقاق-سۆقاق فرقاس کر».

ب- ئۆرتا وان جوملدا تێ نڤیساندن، ئێد کو قەوەتا وانا گۆتنێدا وەکهەڤن، لێ ئۆرتـا وانێـدا پەڤگرێدا نۆک توو نەنە، ئـاوا: «ئەز ڤـەگـرِیام هاتم مـال، رێ تژی بەرف بوو بوو، من رێ نەدیت».

«ئەز چووم گۆما کۆلخۆزێ وێ گۆمـا تەرِکیدا تژی دەوار و پەز بوو». یانێ ژی تەنێ هەنە پەڤکرێدا نۆکێد «بۆنا»، «وەکی»، «کو»و «لێ»، مەسەلە:

«ئەز چووم مـەکـتـەبێ، بۆنـا رند هیین بم». «ئـەوی دلەزاند، کـو زوو بگـهـێـژە مال»، تراکتۆریت وێ پلانا خوە بقەدینە، وەکی جارنا تەمبەلی بێ نەکە».

مستۆ، حەسۆ، عەلۆ، کارۆ، ئیڤان چوونە دەشتێ لێ باڤێ وان ما لە مالێ.

«باسـۆ چوو مـالێ، عـەلۆ چوو ناڤ گـوند، لێ خوشکا وانا چوو پێـز بدۆشـە. حەسۆ، قەرۆ، کوورِنە دەلالن، رند دخونن، لێ حەسەن، قاسۆ رند ناخونن».

«کەسۆ دلیت، لێ حەسۆ ژی شادبوو».

ج- جـومله یان ژێ خـەبەرێد کـو دکەڤن ئۆرتا جـوملا تام، بـۆنا دها فـەرحکرنا نێتـا جوملێ، مـەسـەلە: شانێد مۆزێد حەسۆیە هنگڤ، راست گۆتی، ژ شانێ عـەدۆیێ مـحـەمـەد رندترن. ئەرێ، لێ چاوا، ئەز وی نـاس دکم. ئەز و سـمـۆ هلبـەت، چوون باژارێ مۆسکفـایێ، ئـەز تو، راسـتـیی، مـینا بـرانە ب هەڤـرا. ئەگەر کەسۆ مێرەکی خەباتچییە، لێ چاوا، دە دۆ ژی خۆرتەکی ژ وی کێم تر نینە.

ح- پێش وان خـەبەرا، ئێدکـو گـازیی نیشـان ددن، وەکی ئەوان ل کـوتاسـییـا جوملێنە، مەسەلە:

دیسا هات بەرچەعڤێد من، وان،

باڤێ من چوویە، ل پێستیرێ نیشانە.

خ- ڤێرگول جوملێدا تێ دانین، یان ژی نڤیسـاندن پەی خەبەرێد کو جوملێدا

تەقل سەر هەیە، وەختا پەڤگرێدا نۆکا هەم دکەڤە ئۆرتێ، مەسەلە:

«خوشکا من هریبێ درێسە، هەم ژی کۆرا چێ دکە».

«خایلاز هەم هێن دبە، هەم ژی کۆلخۆزێدا دخەبتە».

«بالوولێ زانە هەم ئاقل بوو، هەم دلۆڤان، هەم ژی ئالیکار»

دوو نقتک تێ دانین

أ- ل کوتاسییا خەبەرا ناڤا جوملێدا کو تێ شرۆڤە کرن. مەسەلە:

«ئێرۆ بەعس مە بەلابوو:

«ریا تەزە وێ دەرێ؛

دلێ مە پێرا شابوو،

سەر وێ بەعس وخەبەرێ».

وێ جوملێدا، یاکو گەلەک یان ژی هندک خەبەرێد هەژماری بێ تێدا هەبن، مەسەلە:

«میلیۆن، میلیۆن عەدلای حز،

دکەتن: ئەگەر کور، ئەگەر قیز؛

میلیۆن، میلیۆن بەیراقێد سۆر،

ب دەستا دبن دۆر ب دۆر».

هەڤالێ مە شەمۆ هات ئۆتاخێ: حزکربێ مەی لاقردچی و دەست ب حەنەکا کر.

ب- دەوسا عوزڤەکی جوملێ تێ دانیین، وەکی مەری دکارە نەنڤیسە، لێ دوو نقتک ددە ئازوروو کرن، مەسەلە: برێ من دەرسدارە، ئەز: شاگرتم.

ج- پێش خەبەرێد هەژمارا، مەسەلە، هەڤالێد من حزکری ئەڤن: شێرۆ، ئیڤان، قاسۆ و عەگید.

ح-پەی جوملا هەژماریرا، وەکی نێتا وێ ب جوملێدا پەی هەڤرا، یان ژی ب سەرێ تەمام تێ عەیانکرن، مەسەلە، هەر کۆلخۆز ڤانەک بۆرجدارە:

١- رند بخەبتە، پاکی هەرە جڤاتا، ژ هەڤالێد خوە پاشدا نەمینە.

٢- ب سدقێ قەنج بقەدینە پێشدا نێنێد بریگادیر.

٣- وەختێدا بقەدینە خەباتا کۆلخۆزێ، بۆنا قەداندنا پلانا.

٤- پەی وان خەبەرا را، تێداکو ژمارێ نیشان ددن،

ئاوا: بەرێ، عەولن، پاشن، پێشن دوودا، سسیاو ئێد مایێ.

مەسەلە: مێتۆ بەرێ عەولن دەرسید خوە رند حازر کر، پاشێ چوو دەرڤا، بۆ ب هەڤالێ خوەرا بلیزە و ئێدمایِیی.

.......................................................................».

«ئەمینی عەڤدال» لە ساڵی ١٩٥٨دا لە ئەریڤان بە ئەلف و بێ سولاڤی کتێبێکی لە ژێر ناوی «خەبەر ناما کوردییا راستنڤیساندنە» بەشێوەی بادینی ناوچەی خۆی بڵاو کردبووەوە. گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، یەکێ لە بەشەکانی ئەو کتێبە کە لە ژێر ناوی «نقتک دانین»دا بوو لە ساڵی ١٩٧٥دا بڵاو کردەوە. ناوەڕۆکی ئەم بەشەیان برێتییە لە «خاڵبەندی»؛ واتە هەندێ نیشانە هەیە لە شێوەی نووسینی نەتەوەکانی ئەم چەرخەدا وەکوو:

«. ، ، ؛ ، : ، – ، ، ، ؟ ، ! ، ( ) ، «» ، ...» ئەمانە لە چ کاتێکا وە بۆچی دائەنرێن؟ ئەم باسەی بە شێوەی ئاخافتنی یەریڤان بە پەخشان بڵاوکردۆتەوە. مەبەستی ئێمە لە هێنانی ئەو پەخشانەدا ئەوە نییە کە لە ناوەڕۆکی ئەو زانینە بزانین، چونکە ئەو زانیارییە بووە بە شتێکی عالەمی و کەوتۆتە سەر شێوەی سۆرانیش و لەم لایەنەوە شت نووسراوە. بە وێنە: زانا تۆفیق وەهبی لەم رووەوە شتی هەیە، بەڵکوو مەبەستەکە روخساری پەخشانەکەیە، وەکوو چەشنی مەبەست لە پەخشانەکەی زانا «ئایت الله مەردۆخ»دا هەبوو کە لە بارەی دەستووری زمانی کوردییەوە بەشێوەی ئەردەڵان پەخشانێکی نووسیبوو، ئێمەش پەخشانەکەمان بۆ نموونە پەخشانی شێوەی ئەردەڵان لەم کتێبەدا هێنایەوە.

وەکوو فرەجار وتراوە تێکڕای زمانێک لەگەڵێ شێوەی ئەو زمانە دروست ئەبێ، ئەم شێوانەش لەناو خۆیانا شێوەی وردەی وردەڵەی لێ پەیدا ئەبێ. شێوەی بادینی لە شێوە سەرەکییەکانی زمانی کوردییە، ئەم سەرەکییەش لە ناو خۆیا زۆر وردە شێوە دروست ئەکات. ئەبێ بیکا؛ پانوپۆڕی وڵاتێک کە لە یەریڤانەوە بیگرێتەوە تا بایەزیدو دەرسیم ونزیکی ئەدرنە گومانی تێدا نییە کە ئەبێ گەلێ شێوەی تێدا هەبێت. لەم کتێبەدا ئێمە چەند نموونە پەخشانێکمان دەست نیشان کرد کە هەر یەکە هی ناوچەیەک بوو. ئەم نموونەیە هی ناوچەی یەریڤانە؛ هی ناوچەیەکە کە بە کوردی قسە ئەکەن وئەم پەخشانە نموونەی ئەو کوردییە، بەڵام وەکوو سەیر ئەکەین لە ریشەدا نەء، بەڵکوو لە روخسارا وەکوو بڵێیت زەقییەک و گرانییەکی تێدایە لە چاو پەخشانەکانی تری وڵاتی بادینانا! هەر ئەوەیە کە ئێمەی هێنایە سەر ئەوە بۆ نموونە وەرگرتن و بۆ ئەوە مێژووی لەمەودوا چاوێکی

پیـا بخـشـێنێ و دان بەوەدا بنێ کـە زمـانی کـوردی ئەگـەر خـزمـەتی ببـوایە گـەلێک دەوڵەمەندتر ئەبوو. هەروەها بۆ رۆشنبیرانی کوردی ئیمڕۆژیش کە ئەگەر تۆزێ بەوردی لێی ورد ببنەوە، با خۆشیان لە بەشەکانی لوڕو موکری بن زۆر بە ئاسانی لێی تێ ئەگەن.

ئەگـەر لە رۆژانی رابوردوودا هاتوچۆ و بەسـەریەکەوە بوونی کـورد لـە ناو یەکـا هەبوایە ئێستە ئێمە وشەکانی بەوێنە وەکوو: «پارڤەکرن، پڕنقتک، خەباتچی، حەڤەکی، خورت، دلەزاند، گۆڤەندو» گەلێکی تر بەبێ وردبوونەوە خێرا ئەمانزانی کە مەبەست بەو وشانە «جیاکردنەوەو بەشکردن، نوختەی زۆر، پاڵە، هەندێک، گەنج، پەلە کردن وپەلەی ئەکرد، زەماوەندو ئاهەنگ»ن. نەئەچووە بیری هەندێکمانەوە کە ئەمانە بێگانەن لە زمانی ئێمە!. ئەم جۆرە جیاوازی شێوەیە لە هەموو زمانێکا هەیە، بەڵام زمانەکـانی تر خزمەتکراون و خراونەتە سەر کاغەز و لێکدراونەتەوە تا زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوویان بۆ خۆیان دروست کردووە، ئێمە هەروا لە دەوروبەری سەرەتاییدا بۆ خۆمان هەروا ماوینەتەوەو دەردەکەمان رۆژ بە رۆژ گرانتر ئەبێ ...

لەم رووەوە ئەگـەر تەنها سەیری ئەوە بکەین کە لە هەموو زمانێکا بە بار فـەرهەنگ دانراوە، ئەم فـەرهەنگە دیارە بۆ ئەوەیە کـە گـوزارەی ئەو وشـەیە روون بکاتەوە کـە لە شـێوەیەکی تری زمانەکەدا هەیەو لە شـێـوەیەکیـا نییـە، ئەگـەر تەنها سـەیری ئەم لایەنە بکەین ئەزانین کە لە هەموو زمانێکا شێوەی جیاواز هەیەو بەڵام یەکخراون، زمانەکەی ئێمە هێشتا ماویەتی بگا بەو پلەیە. هەر چەندە خوا هەقە ئێمەش لە شێوەی بۆتان و سۆرانا دڵسۆزانی کورد فەرهەنگیان بۆ داناوین بەڵام لەبەر دووریمان لە یەک هێشتا قـەدری ئەو فـەرهەنگانە نازانین؛ ئەوە نازانین کـە ئەوانە گـەورەتر خـزمـەتێکن بە زمانەکەمان.

* * *

«دوکتور پاکیزە رەفیق حیلمی» لە بەرگی سێیەم، بەشی یەکەمی گۆڤاری «کۆڕی زانیاری کـورد» ساڵی ١٩٧٥، لە ژێر نـاوی «بووژاندنەوەی زمـان»دا پەخشـانێک بڵاو ئەکـاتەوەو ئەڵێ:

«زمان وەک مرۆڤ گیانلەبەرە. دەزێ، دەژی، دەمرێ. لە ماوەی ژیانیدا وەک مرۆڤ ساغ و ناساغ دەبێ.. لاواز دەبێ، بەڵکوو دەردی گران گرانیش دەگرێ، لەت لەت دەبێ، زاری تازەو پەراگەندەی لێ پەیدا دەبێ، زاری سـەردەمی هەڵ دەداو بەرز دەبێتـەوەو رەگی پتـەو و چەسـپاو دەبی و، دەبێ بە شـا لقی ئەو

زمانە کە لێی دەکەوێتەوە، ولقەکانی تر لە دەوری بە مۆخ و مەغزی دەژین و لە ڕەچەڵەکی دەڕوێنەوە.

هەروەک مرۆڤیش زمان دەستوورو ڕێ وریچکەی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە مردن دەیپارێزێ و ناو بەناو گری ژیانی هەڵ دەکاتەوەو دەیبووژێنێتەوە، ئەگینا کۆسپی ئەوتۆی دێتە ڕێ کەناوی لەکایەدا ناهێڵێ و بە ئاسانی ئەیهەنگێوێ. ئەم دەستوورو ڕێبازو ڕێچکانەی زمان، وەک چوار چێوەیەکی هەڵکەوتوو کە زۆر دوورە لە دەستکردو دەستکاری زمان لە قالبێکی سەربەخۆی تایبەتی دەگرێت و ڕێگەی ئەوە دەگرێت کە لە ڕێی ئەو کۆسپانەی ڕێی ژیانی لێ دەگرن ڕەسەنی خۆی بدۆڕێنێ.

بە سەرنجێکی زانایانەی زمان شوناس، ئاشکرا دەبێ کە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی کە قالبێکی فراوان و بە پێزی بۆ ژیان و بووژاندنەوەی خۆی ساز کردوە کە لە تێ هەڵکێشی دوو قالبی ناسراوی زمان پەیدا دەبێ، ئەویش «قالبی لکنین-AGGIUTIPNATIVE الصاقی». «قالبی دارێژ-Anaiytie» اشتقاقی» پێک هاتووە، واتە زمانی کوردی دەتوانێ بۆ سازکردنی دەستوورو ڕێبازی ژیانی، و هەروەها بووژاندنەوە لەم قالبە زمانەدا بە سووکی و ئاسانی و بێ مەترسی هەڵسووڕێ و بژی و ببووژێتەوە.

ئینجا لە کاتێکدا زمانێک وەک زمانی کوردی، لە کۆڕی پێشکەوتن دوور بکەوێتەوەو کرژ بێ، و لە کاربکەوێ و لە ناو خۆیدا بچرووسێ، زمان شناسانی ئەو زمانە دەکەونە پشکنین و ئەو قالبەی تێیدا پەیدا بووە و دەژی و دەستوورو ڕێبازەکانی بەسەر دەکەنەوەو ئەوەی لە گەردایە سارێژی دەکەن و ئەوی لەکار کەوتووە دەیبووژێننەوەو ڕێرەوی ڕوون دەکەنەوە. لەم کارەدا وردی و چالاکی و دوور بینی و دەسەڵاتی زانایانەی بەرز لە زمانەکەدا زۆر پێویستە .. دڵسۆزی و هەڵپەو لە خۆراپەڕموون، زمانەکە دەشێوێنێ و لە قالبەکەی خۆی دەترازێنێ، و لە ڕەسەنی خۆی لای دەدا، کە ئەمەش زۆر ترسناکە و لەباتی ئەوەی ببێ بە هۆی بووژاندنەوەی زمانەکە ڕایەڵێ دەپچڕێنێ و بەڵکوو دەبێ بە هۆی فەوتانی.

وەک وتمان زمانی کوردی زۆر بە ئاسانی لە دوو قالبی زمانی ناسراودا دەسووڕێتەوە، واتە دەستوورو ڕێبازێکی زۆر بەرپان و بەهێزی هەیە بۆ ئەوەی هەر لە ناو خۆیدا بەتێری هەموو پێویستێکی بیرو هۆش بگرێتە خۆی و باسی بکا، تەنها ئەوەیە لەبەر کەمتەرخەمی خاوەندەکەی چرووساوەو پێویستی بە

بووژانەوەیە .. دەستووروو ڕێبازی ئەم دوو قاڵبە زمانیەش زانراون و ئاشکران لە نێو زمان شناساندا! واتە ئەوانەی لە زانستی زماندا شارەزان. نەک ئەوانەی شارەزای زمانی کوردین دەیزانن، هەر چەند باڵاو بەرز بێ زانینی زمانی کوردی، بێ شارەزایی لە زانستی زمان، هەڵەیە ئەو شارەزایە لە کۆڕی بووژاندنەوەی زماندا بکەوێتە ڕمبازی، چونکە هەر زمان شناسە نێوانی دەستوورو ڕێبازی زمان بدۆزێتەوە بەپێ ئەو ڕێبازانەی بۆی دانراوە نەک بەپێی لێک دانەوەی سەربەخۆی خۆی! بەڵێ .. دەشێ .. هەندێ ڕێباز بەدی بکات، بەڵام بە وێنەیەکی تاریک و ناسازو بێ سەرو پێ و پچڕ پچڕ .. کەماوەیەکی دوورو درێژی پێ دەخایەنێ و ئەنجامێکی ئەوتۆ ناگەیەنێ، وەدەشبێ بەسەر بەشەو گێچەڵێک بۆی کە هەر سەری لێ دەر نەکات!

زانستی زمان زانستییەکە بەرهەمی صەدەها زانای زمانە و تەرخانی صەدەها ڕۆژو شەوی لێک دانەوە و ئاڵ و گۆڕ و بەراوردو دەستوور سازییەو بووە بە ڕێڕەوێکی ڕاست و ڕەوان، پێویستە بۆ ئەوانەی دەست درێژ دەکەنە نێو زمان و ڕمبازی تێدا دەکەن ئاگاداری دەستووروو ڕێڕەوی ئەو زانستییە بن، نەک لە خۆیانەوە خۆیان بهاوێژنە ئەم گۆمە قووڵەو نقوم بن!.

زمانی کوردی بەپێی ئەو دوو قاڵبە زمانیەی تیایاندا دەژی دەستووری ژیان و بووژانەوەی خۆی داناو زۆر بە ئاسانی زمان شناس دەتوانێ هەموویان بەسەرکاتەوەو ئەوی لە گەڕدا نەماوە بیخاتەوە گەڕو بەکاری بهێنێ بۆ بووژاندنەوەی زمانەکە. لێرەدا زمان شناسی شارەزا دەزانێ لە کوێوە دەس بەرێ و لە کوێ بوەستێ و چۆن بجووڵێتەوە، کوێرانە بەم لاو ئەولادا سووڕ ناخوات و لەبەر تیشکی ڕوونی زانستی زماندا بە دانایی و ژیری و پسپۆڕی دەجووڵێتەوە و هەنگاو بەهەنگاو و پلە بە پلە کاری خۆی دەباتە سەر. بەم جۆرە ماوەی کەمتر دەخایەنێ و هەڵەی کەمتر دەکاو بە ئەنجامی ڕاست وساغتر دەگا. لە وانەی بێ ڕێڕەوی زانستی زمان خۆیان لەم گۆمە دەهاوێژن.

زمان وەک وتمان گیانلەبەرە، هەموو زمانێک مێژووی ژیانی خۆی هەیە کە لە کاتی پەیدا بوونیەوە و ناسینیەوە دەست پێ دەکات تا ئەو کاتە باسی دەکرێت تیادا، لە ماوەی ئەو مێژووەدا دیارە وەک هەموو گیانلەبەرێک هەموو جۆرە بەسەرهاتێکی ژیانی بەسەر دێ، وەک نەخۆشی و ساغی، کزی و لاوازی زاری تازەی لێ پەیدا دەبێ، هی کۆنی دەفەوتێ، وشەی بێگانەی تێ دەکەوێ، خۆ ماڵی بزر دەبێ، گەردانی لە ڕایەڵ لادەدا، دەنگی دەگۆڕدرێ، دەنگی تازەی تێدا پەیدا دەبێ، لەبەر ئەوە لە کاتی لێکدانەوەو پشکنینی دەستووری

ڕێزمانەکەی، وە تێکۆشین بۆ بووژاندنەوەی، وە گیانی تازەی بەتینی بە بەرداکردن، پێویستە ئەو بەسەرهاتانەی مێژووی ژیانی بزانرێت و ڕوون بکرێتەوە.

زمان شناس لێرەداو لەکاتی لێکدانەوەی ڕێزمانی زمانێکی وەک کوردی، کە خاوەندی مێژوویەکی دوورو درێژە، بەڵام لاپەڕەکانی هەموو تاریک و لێڵ و پەڕش و بڵاوە پێویستی بە ئەرکێکی زۆر گرانە، نەک هەر لە وردبوونەوەدا لە زمانەکە لە دیمەنی ئەمڕۆیدا بەڵکوو لە هەموو لاپەڕەکانی مێژووی ئەو زمانەو هەموو زمانەکانی هاوڕەگەزن لە گەڵیدا، یا هاوسنوورن و لەیەک ڕەگەز نین. هەروەها پێویستی بە ئەرکێکی گرانە لە لایەکی ترەوە کە دەبێ لە هەموو ئەو بە سەرهات و گۆڕین و پەیدا بوونی شێوە تازانە و فەوتانی شێوە کۆنانە نەبێت کە ڕوو دەدا لە مێژووی ئەو زمانە، وبەهۆی بەراورد کردنی لاپەڕەکانی مێژوو و دەستوور و ڕێبازی زمانەکە لەو لاپەڕانەدا دەتوانێ بگاتە سەرچاوەی ڕوونی زمانەکە و ڕێزمانی ساغ و پتەو، و پەسندی بدۆزێتەوە ئینجا ریزی کا لە سەرکاغەز.

......................................................................».

هەر لە کۆنێکی زۆر کۆنەوە ژن و پیاو بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری بنەماڵە شان بەشانی یەک چوون بەرێوە؛ لە شادی و لە شێوەنا هاوبەش بوون، لە دروستکردنی خێزانا هاو دەرد بوون، لە ژیواری ناو ماڵا هاو قسە بوون، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسیدا هاو دەنگ بوون. ئەمە بووە کردەوەی ژن و پیاو لە بەرەبەیانی مێژوویەوە تا ئەمڕۆ، ئەوەندە هەیە لەناو کورددا زیادە ڕێزێکی تری هەبووە کە لە نەتەوەکانی ترا نەبووە، ئەمەش ئەوەیە کە لەوەختی وتندا هەموو دەم ژن پێش خراوەو هەموو دەم وتراوە: «ژن و پیاو» وەیا «ژن و ماڵ». نەیوتووە «پیاو ژن»، وەیا «پیاو و ماڵ». ئەمە دەستوورێکی ڕێز لێ گرتنە؛ کاتێ کە دەستەیەک ئەچن، وەیا دێن بۆ شوێنێک بە پێی پلەی مەرکەزی دەستەکە ناو ئەبرێن و ئەڵێن: فلان وفلان وفلان هاتن، وەیا چوون. دەستووری گوازرشتی هەموو نەتەوەیەک وایە، هەر لەسەر ئەم دەستوورەیە بۆیە ئەڵێن «ژن و پیاو» ناڵێن «پیاو و ژن». ئەم گوزارشتە کە سەرەتا داهاتووە بەڵگەیەکە بۆ ئەوە کە بە چاوێکی ڕێزەوە لەناو ئەم نەتەوەیەدا سەیری ژن کراوە.

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە تەبێعەت نیشتەجێ بوونی ئادەمیزادی کرد بە دوو بەشەوە؛ بەشی ڕۆژاواو بەشی ڕۆژهەلات. ڕۆژاوا زووتر خەبەری بووەوە کە ئەم دوو

وەچەیە –واتە ژن و پیاو– وەکوو لە مەیدانەکانی ترا هاوبەشن، لە مەیدانی خوێندەواری و پەلاماردان بۆ ژیوارێکی خۆشتر دیسان هەر هاوبەشن، لەم رووەوە دەستیان دایە و زووتر گەیشتن بەو ئامانجە کە هەیانبوو، رۆژهەلات دواکەوت، کورد کە یەکێک بوو لە نەتەوەکانی رۆژهەلات دواتر کەوت، هەتا کەوتە ئەم چەرخە. لە چەرخەکانی پێشوودا ئەگەر هەر میرزا هەڵبکەوتایە لە ناو ئافرەتانی کورددا، ئێستە گەیشتە ئەوە کە دوکتۆرای تێدا هەڵبکەوێ خاوەنی پەخشانی «بووژاندنەوەی زمان» یەکێک بوو لەوانە.

ناوەرۆکی بابەتەکەی قسە لە زمان و لە لقوپۆپی زمان و لەبناغەی زمانی کوردییەوە ئەکا، وەکوو ئەم قسەی لێوە کردووە، کەسانی تریش قسەیان هەر لێوە کردووە.ئەمە بەچاو کوردەوە پێشکەوتنێکە کە ئەندامێک لە ئافرەتدا بگاتە دوکتۆراو بە وردی بچێتە ناخی لێکۆڵینەوەی زمانەکەی خۆیەوە. بەلام ئەوەی کە سەرنج رائەکێشێ روخساری پەخشانەکەیە. ئەوانەی کە دیراسە لە مێژووی پەخشانی کوردییەوە ئەکەن. سووراو سوور ئەزانن کە گوزارشتی ئەم پەخشانە گوزارشتێکە لە عاتفەی عیلمی ئافرەتێکەوە سەری هەڵداوە. زۆر وشەو رستەی واهەیە لە پەخشانەکەدا، راستە کوردییەکی خۆماڵییە، بەلام دارشتنی لە رووی عاتفەوە بە تەواوی جیای کردۆتەوە لە نەخشەی پیاو!.

هەمـوو دەم ئافرەت کە دەستی دا بە هۆنراوەوە، جیایی هۆنراوەکەی ئەو لە هی پیاو ئەوە بوو کە ئەو سۆزەی لە هی هۆنراوەکەی ئەودا هەبوو لە هی پیاوەکەدا نەبووە. ئەمجا کە دەستی گەیشتە پەخشانیش، چەشنی سەمەرە سۆزو عاتفە زاڵ بوو بەسەر پەخشانەکەشیاو جیای کردەوە لە هی پیاو. لەم لایەنەوە فەرقێکیش نییە لە نێوانی ئەوەدا کە پەخشانەکە پەخشانێکی ئەدەبی بێ، یا زانیاری، ئەوەندە هەیە لە ئەدەبییەکەدا عاتفەکەی زیاتر ئەجوولێ، لە زانیارییەکەدا سۆزەکە بەش ئەبێ بەسەر زانیارییەکەشاو بەسەر رستەکەشا.قسە قسە رائەکێشێ:

لێرەدا منیش ئەمەوێ قسەیەک بکەم، جابا تۆیش بڵێیت قسەی کۆنە پەرستی ئەکا! من قسەی خۆم هەر ئەکەم:

ئافرەت بۆ زانیاری و بۆ عیلم جێگای ئینکار نییە ئەگەر لە پیاو پێشکەوتووتر نەبێ، شان بە شانی ئەو هەر ئەڕوا. کە ئەڵێم: عیلم، عیلمی بیرکردنەوە، بەلام بۆ کردەوەی جسمی و بۆ پتەوی لەش ناگاتە پیاو. ئەورووپا پاڵی نا بە ئافرەتەوە. ئەورووپا لە مەیدانی پیشەسازی دا پێشکەوت و گەیشتە چڵەپۆپە. لەو رۆژەوە کە ئافرەت ویستی وەکوو پیاو لە مەیدانی کردەوەی جسمیدا قۆڵ هەڵبکاو لێرەشا وەکوو پیاو بڕوا، لەو

ڕۆژەوە ئیتر ئەورووپا وەستاو زیاتریش ئەوەستێ و ناشتوانێ جڵەوی ئافرەتیش بگرێتەوە، ئاوەکەی لێی لێڵ بوو! ئەمە ئاخر قۆناغێکە کە پێ گەیشت؛ ئاخر قۆناغیەتی لەبەر دوو شت؛ لەبەر ئەوە کەلە خۆی دەرچوو وە مادده زاڵ بوو بەسەریا، وە لەبەر ئەوەش کە زیاد لە ئەندازە جڵەوی بۆ ئافرەت شل کرد، وای لێ کرد کە سەری لێ تێک بدا. من مردوو وتۆ زیندوو: ئەمەی ئیمڕۆژ ئاخر قۆناغی پێشکەوتنی ئەورووپایە، گومانی تێدا نییە ئەبێ سەرەولێژ ببێتەوە، ئەمجا نۆرەی ڕۆژهەڵات دێت، ئەویش بە مەرجێک کە لە هەڵەی ئەوان، ئەمان پەند وەر بگرن.

* * *

«شوکور مستەفا» ئەفسانەی چیای ئاگری «یەشار کەمال»ی لە تورکییەوە هێنایە سەر پەخشانی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٦دەستی چاپ گەیشت بەم پەخشانە، ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو:

«گۆلێک بەسەر دوندی چیای ئاگربیەوەیە، چوار هەزارو دوو سەد مەتر بڵندە. نیوەی گولی کووپەیە، هەر هێندەی شوێن جووخێنێک دەبێ، تا بلێی قووڵە. گۆل نییە بیرێکە بۆ خۆی. بەری سووری لووسی بریقەدار، رک، رژد، تیژ وەکوو دەمی تیغ و سیکارد بەهەر چوار نکالیدا زەق وزۆپ دەنە، دەنە، شمش، شمش هەلزەقیوە. خاکێکی نەرمی مس رەنگ لەبەردەکانەوە دارنیوەتە خواری و رچە رچە و رەگ رەگ تووله رێی باریک بەرەو گەرووی گۆلەکە دەکشێن وتا چاو هەتەر دەکا هەر دێ و باریکتر دەبنەوە.

جێ جێ ناسکە هەرێزی سەوز لە سەر ئەو خاکە سوورکانە مس رەنگە رووەوە. ئەنجا لە پاشان شینایی گۆلەکە دەست پێ دەکا، بەڵام هیچ شیناییەک ناچێ. هیچ ئاوێ، هیچ شیناییەک لە گوێن ئەم شینایییە نییە. شینێکی ئاسمانی تێری نەرمی مەخمەڵییە.

هەموو ساڵێ کە بەهار لەگەڵ بەفرچوونەوەدا چاو هەڵدینێ و نەورۆزێکی بەشان وشکۆو پر هەیت و هووت لە چیای ئاگری دەتەقێتەوە دەوروبەری گۆلەکە، جۆگەتی باریک، پر دەبن لە گولیلکی کورتە بنەو تیژ، رەنگیان تا خەیاڵ برکا گەش و روونە. کامیان لە هەمووان چکۆلەترە، شین، سوور، زەرد، مۆر هەربەکە لە رەنگێ خۆی دەنوێنێ، لە دوورەوە دەڵێی تیشکی رەنگەو دەچریسکێنەوە. بۆنیان زۆر تفت و تیژە. بۆن و بەرامەیەکی هێند تیژ لە نێو گۆلەکە و خۆڵە سوورەی مس رەنگ دێ ئیدی بە جارێ پیاو گێژ و مەست دەکا.

هەر کە بەهار لە چیای چاو هەڵدێنێ شوانە چاورەشە جوانە پڕ خەمە تێکسمڕاوە قامک درێژو باریکەکانی چیای ئاگریش لەگەڵ گولیلکان، لەگەڵ بۆنی تیژ، لەگەڵ رەنگان، لەگەڵ خاکی مس رەنگدا بلوێرەکانیان هەڵدەگرن و دێنە سەر گۆلی کووپە. لەو بن زنارە سوورانەدا لەسەر ئەو خۆڵە مس رەنگە، لەسەر سینگی ئەو بەهارە هەزار ساڵانەیە کەپەنکەکانیان رادەخەن و بە چواردەوری گۆلەکەدا چوار مشقی لێی دادەنیشن، بەر لە خۆر کەوتن لە ژێر ئەستێرە خەرمانکراوەکانی ئاگرییدا کە هەمیشە کڵپە کڵپ دەسووتێن، بلوێرەکانیان لەبەر پشتێنیان دەر دێنن و دەست بە بلوێر لێدان دەکەن و تا رۆژ ئاوا دەبێ تووڕەیی هەزاران ساڵی ئاگری هەڵدەڕێژن. لە زەرەدە پەڕدا مەلێکی چکۆلەی سپی وەکوو بەفر بە سەر گۆلەکەدا دەست بە فڕین دەکا. باڵندەیەکی بەلە باریکەی درێژکۆلەیە، هەر دەڵێی پەڕەسێلکەیە، زۆر خێراو تیژ دێ و دەچێ، پەیتا پەیتا ئاڵقەی درێژ درێژو سپی دەکێشێ، ئیدی هەر ئاڵقەی سپییە وتاڵ تاڵ دەکەونە نێو شینایی گۆلەکەوە، ئەوجا، کەبە تەواوی رۆژ ئاوا دەبێ بلوێر ژەنەکان دەست لە بلوێر لێدان هەڵدەگرن و بلوێرەکانیان لەبەر پشتێنیان رادەکەنەوە و هەڵدەستن. مەلەکەش لەو دەمی بە هەموو هێزو گوڕێکیەوە، وەکوو تریشقە دێتە خوارێ و شاباڵێکی سێ جاران لە شینایی ئاوی گۆلەکە وەر دەداو بۆی هەڵدەستێتەوەو لێ دەداو دەڕوا، لە چاو ون دەبێ. شوانەکانیش لە پاش وی یەکە یەکەو دوو دوو لێک هەڵدەبڕێن و لەگەڵ تاریکاییدا تێکەڵ دەبن و دەڕۆن.

لە دوێنێ ئێوارێوە ئەسپێکی کوێت لەبەر دەرکەی ماڵی ئەحمەد وەستا بوو. ملی درێژ کرد بوو، دەتگوت بە کونە لووتە هەراوەکانی بۆن بە تەختەی دەرکەوە دەکا. لە پێشدا سۆفی ردێن سپی ئەسپەکەی دیت، ئەسپەکە زینێکی چەرکەسیانەی زیو دۆزی لێ کرابوو. زەنگۆکەشی هەر زیودۆز بوو. سۆفی بە کۆمەکۆم نیزیک بووەوە، لەولاوە قەدەرێ تیێ راما. دەستە رەشمەکەی سورمە هۆن بوو و بە کەڵپۆسە زێرە سەدەف کوتەکەوەی بەسترابوو. وێنەیەکی لە مێژینەی زۆر کۆنی رۆژ، لەوە دەچوو هی سەردەمانی زۆر زوو بێ، لە سەر هەر دوو دیوی نەرمە زینەکە نەخش کرابوو.

رەنگی ترنجییەکی تێر بوو، وێنەی دارێکی بڵندی ژیانیش لە پشت وێنەی رۆژەکەوە، سەوز سەوز، بەرەو ئاسمان هەڵچوو بوو. سۆفی ئەم رۆژەی، ئەم دارەی لە شوێنێ دیتبوو. خەیاڵ بردیەوە. ئەم وێنەو نەخش و دروشمانە وێ دەچوو هێ هۆزێکی بە ناوبانگ و تیرەیەکی گرینگ بێ. سۆفی نەختێ

سڵەمییەوەو شڵەژا. بگرە تۆزێکیش ترسی ڕێ نیشت و لەولاوە ڕەق ڕاوەستا: دەبێ ئەم بەناوبانگە کێ بێ. ئەم میوانە گەورەیە لە کوێوە هاتبێ؟ وێنەی دروشمەکەی لە مێشکیدا دێناو دەبرد، هەر چەندی دەکردو دەکۆشا نەیدەزانی بیباتەوە سەر فلانە هۆز، یا فیسارە بەگ و پاشاو هیچ سەرەودەری لێ دەرنەدەکرد، تا پتری بیر لێ دەکردەوە هێندەی دیکەی سام ڕێ دەنیشت. ئەم جۆرە دروشمانەی پێ شووم و بەدووم بوو. پێ و قەدەمیان بەخێر نەبوون و بەترسەوە دەهاتن و بەترسەوە دەڕۆیشتن. لەو هەرێمانەدا کەس وا نەبوو ئەسپ بەو ڕەنگە بڕازێنێتەوە، وێڕای ئەوەش سۆفی دروشمی هەموو هۆزو تیرەکانی ئەو هەرێمانەی بە چاکی دەناسیەوە و هیچیانی لێ ناموو نەبوو.

بەهار بوو، بەفری چیای ئاگری ڕووی لە چوونەوە بوو. لە خواری، لووتکەو ترۆپکی ڕەوەز و زناران زەق و زۆپ بەدیار کەوتبوون. کولیلکی زەردی نێو بەفران سەریان دەرێنا بوو. لە دوورەوە قولنگ دوا بەدوای یەک، پۆل پۆل ڕیزیان بەستبوو و تێ دەپەڕین، بەرەو گۆلی وان دەچوون.

ئەحمەد ئاگای لە هیچ نەبوو، بەو تاریک و ڕوونە لە ژوورەوە دەنگی بلوێر دەهات. سۆفی ئەم ئاوازە بلوێرەی لە پێشوونانەوە زۆر بیستبوو. سوڵتان ئاغای باپیری ئەحمەدیش هەر بەو ئاوازە بلوێری دەژەنی، ڕەسووڵی بابیشی هەروای دەژەنی. تا ئێستا بلوێر ژەنێکی دیکەی وا، مەگەر سۆفی، لە هیچ بنەماڵەیەکی ئاگری دا، لەسەر ڕووی زەوی نەهاتبوە سەر ئەو دنیایە چونکە سۆفی بەناوبانگترین بلوێرژەنی ڕۆژهەڵات وقەفقاس و ئێران و تووران بوو. سۆفی کەمێ لە ئەسپەکە نزیکتر بۆوە، نۆڕییە دروشمەکە. ئەسپی تایین وای گوێ بۆ دەنگی بلوێرەکە ڕاداشتبوو، دەتگوت گوێی لێ گرتووە. ئەحمەد گۆرانییەک، تووڕەیی چیای ئاگری دەژەنی. ئەم گۆرانییەش تەنیا سۆفی فێری بلوێر ژەنانی کردبوون.

ئەسپەکە ملی زۆر بۆ دەنگەکە درێژ کرد. سۆفی لە مێژ بوو ئەو داستانەی نەژەنی بوو، نەیبیستبوو. لە دڵی خۆیدا دەیگوت چیایەکی وا گەورە و گران چۆن لە دەنگ و ناڵەی بلۆێرێکدا هێند تووڕە دەبێ و بەو ڕەنگە دڵی گڕ دەگرێ؟! ئێدی هەروا بەسەر سامییەوە بیری دەکردەوە، دەیگوت؛ چ لە مرۆڤ بلیمەتترە بەڕاستی ئەقڵ بڕی پێ ناکا. تۆ تەماشە تەماشا چیایەکی وا گەورەو زەلام لە کونی بلوێرێکی هێند تەسک و باریکەوە دەردەپەڕێنێ. ئەم مرۆڤانە جڵەوی ئەقڵ و هۆش بەرەو هەموو شتێ شۆڕ دەکەن، لەسڕی فڕینی شەهێن و باز دەگەن، پەی بە پەنامی هەڵپەی ژیان و شارستانێتی مێروو دەبەن. مەتەڵی

مــانگ و رۆژ هەڵاتن و ئاوا بوون هەڵدێن. ســڕی مــردن و ژیانیش ئاشکرا دەکەن، پەردە لە رووی هەمــوو شــتێ هەڵدەماڵن، ئەقـڵــیان بڕ بە تاریکی و رووناکی دەکـا، بیـریان بۆ هەمــوو شـتێ دەچێ، بەڵام تەنیـا لەگـەڵ مـرۆڤـدا هیـچیـان پێ ناکـرێ و ئەقـڵـیان بە هیچ سرێدا ناشکێ و ناگەنە رازو نیـازی دڵی.

.........................................................................».

ئەفسانە سەرگوزەشت و داستانێکە کە بە پێی بیرو باوەڕی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دێتە ناوەوە، ئەگونجێ بناغەکەی هەر لە خەیاڵەوە بێت، وەیا هەندێ جاریش چەکەرەیەکی هەبێت. هەر ناوچەیەک زرووفــێکی هەیە، ئەو زرووفــە ئەبێــتــە هۆی دروســتکردنی ئەفسانەکە، کە وابوو زرووفەکە ئەفسانەکە دروست ئەکات. جیایی ئەفسانە لەگەڵ چیرۆک دا ئەوەیە: کە چیرۆکەکە بناغـەیەکی هەیە و گومـان لە بوونی ئەو بناغـەیەدا نییـە، ئەوەندە هەیە ئەگونجێ درێژەی لەداستـانەکەدا پێ بدرێ. ئەفـسـانە ئەشێ بناغـەی هەبێ، وە ئەشێ نەشـیـبێ. ئەمـە لە لایەکـەوە، لەیەکی تریشـەوە وادیـارە ئاڵۆزی لەکـاروبارو بەسـەرهاتی وڵاتێکا هەتا زۆرتـر بێت ئاسـۆی بیـرو هۆشی دانیـشـتـوانی ئەو وڵاتە زیاتر لە بـەر یەک ئەکشـێـتـەوە بۆ ئەوە دەردو مـەینەتی دەروونیـان بەریزکـردنی ئەفـسـانەو چیـرۆک بخـەنە بەرچاو. لەمـەوە ئەوە دەر ئەکـەوێ: ئەو مـەینەتەی کـە لە ناوچەیەکـدایە دوور نییــە لە ناوچەیەکی ترا نەبێت، بەڵکوو ناوچەکەی تر مەینەتێکی تری هەیە کە جیایە لەوەی ئەو. مەینەت و دەرد بەتێکڕا هەیە بەڵام هۆیەکانی جیـان؛ وەکـوو ئەوە کەئەبینێ ماڵ نییـە بێ تەنگو چەڵەمە بێ بەڵام تەنگو چەڵەمـەکان جیـایی لە نێـوانیـانا هەیە، هەر مـاڵێ بەشی خۆی هەیە وەلێ لەیەک ناکەن!.

«یەشـار کـەمـال» لە وڵاتێکی پانوپۆڕی تورکیـادا ژیاوە. دەردو مـەینەتی تورکیـای پێشـوو لە ئێسک و پرووسکی دانشـتوانی ئەو وڵاتەدا کـاری کردبوو. باو باپیـری یەشار کـەمـال -یش لەو دەسـتـەبوون کـە ئەو کـارەساتانە کـاری تێ کـرد بوون. تورکـیـا گـۆڕا بە تورکیایەکی تر. یەشار کەمال لە بنەماڵەی پێشـوو بە وەجاخ مایـەوە بۆ ئەم سەردەمە، وا دیارە بە میراتی هەندێ لە مەینەتی باو باپیریشی وەرگرت، ئەو دوو دەردە لە دڵیا پەنگی خواردەوە، کەوتە رازو گلەیی کردن، لە ماوەی ١٥ساڵدا، واتە تاکەوتە ساڵی «١٩٧٤» بە قەڵەمـە تیژەکەی ئەو دەردانەی دەر ئەبڕی، یەکێک لەو بەسەرهاتەی کەدای بە دەستەوە «ئەفسانەی چیای ئاگری» بووە، شوکـور مسـتـەفا لە ساڵی ١٩٧٦ دا ئەو ئەفسانەیە بە

کوردی دابەدەست کوردەوە.

مەبەستەکە لێرەدا چییە؟ مەبەستەکە ئەوە نییە کە ئەفسانەیەکە هەبووەو رویشتوە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە ناوەرۆکی ئەو ئەفسانەیە بگا بە دانیشتووی وڵاتێکی تر بۆ ئەوە بزانن هەرچەندە ئەو جۆرە شتانە لە لای ئەوان رووی نەداوە زرووفی وڵاتێکی تر کردوویەتە کارێ کە شتی وا رووبداو هەندێ بەرە مایەی ئاڵۆزی بەرەیەکی تر دروست بکەن، لەمەوە ئەوە بچێتە دڵیانەوە کە لەهەر شوێنێکا جۆرە تەنگوچەڵەمەیەک هەیە جیایە لە تەنگو چەڵەمەکەی ئەمان، لە تێکڕای ئەم هەموو شتانە ئەوە بچێتە ناخی دڵیانەوە کە کورد لە هەموو لایەک پەنجە ئەکرێ بەچاویا، کە ئەمەیان زانی هۆشێکیان بە بەرا دێتەوەو لە خەو خەبەریان ئەبێتەوە.

ناوەرۆکی ئەفسانەکە ناوی خۆی بە خۆیەوەیە، ئەفسانەیەکی خەیاڵییە بەڵام کاریگەرەو دڵ بۆی رائەچەنێ، خەیاڵ، خەیاڵی وڵاتی بەناو تورکیاو زمانی، زمانی تورکییە. بازی خەیاڵی یەشار کەمال بەسەر بایەزیدو بتلیس و ئەرزورۆم هەموو ناوچەی کوردەواری ئەو وڵاتەدا سووڕاوەتەوە، لووتکەی شاخەکانی پێواوە، یادی ئەحمەدی خانی کردۆتەوە، ئەحمەد و نەوبەهاری لاواندۆتەوە، ئەمانەی کردووە. ئەمجا بە کردو کۆشی خاوەنی پەخشانی کوردییەکە هاتۆتە سەر زمانی کوردی کە وەرگێڕانێکە لە تورکییەوە بۆ کوردی. روخساری پەخشانە کوردییەکە سووراو سوور ئەوە پیشان ئەدا کە ئەم کارەساتە دیارە لە زمانێکی تر وەرگێڕ-راوە- باخاوەنەکەشی کورد بوو بێت-. رێختەکەی جۆرە رێختێکە کە قووڵایی تێدا هەیە، وشەی خۆماڵی کوردی- هەرچەندە لە شێوەی موکریدا کەمن- هێناونی و لە زنجیرەی رستەی موکریدا هۆنیونیەوە، لەوانەیە وەکوو ئەفسانەو داستانە فەرهەنگیشە. ئەو دەقەی سەرەوە نموونەیەکە لە هەموو پەخشانەکە.

* * *

گۆڤاری «رۆژی کوردستان» لە ژمارە ٤٠ی ساڵی١٩٧٦ی دا بە ناوی «شانۆ و هونەرمەندانی کوردو رازو گلەیی» یەوە پەخشانێکی بڵاو کردبووەوە. ئەمەی خوارەوە نموونەی ناوەرۆک و روخساری ئەو پەخشانەیە:

«دەربارەی شانۆ و جەماوەر و پەیوەندی لێک نەپچڕاویان هونەرمەند جەلال ئەحمەد وتی:

جەماوەر ئەو باوەشە نازدارەیە کە شانۆ و هونەری تیا گۆشە دەکرێ و هەرکاتێ نازو گەرمایی ئەو باوەشە لەشانۆدا بڕا، کارەساتی مەرگی شانۆ بە

چاو دەبینین. شانۆ هەمیشە رازو نیازی دڵی خۆی بۆ جەماوەر هەڵدەڕێژێ و بەدایکێکی دڵسۆزی خۆی دەزانێ. سەرەڕای ئەوەش دەبێتە ئاوێنەیەکی راستەقینە بۆ خستنە رووی ژان و ئەندێشەو بزەو خەونەکانی ئەو جەماوەرەی کە باوەڕی بە بوونی خۆی هەیەو دەیسەلمێنێ کە هەر دەبێ بژی. شانۆی کوردی و جەماوەرەکەی تا رادەیەک بەسەر ئەو پەیژەیەدا سەرکەوتوون کە پێی دەوترێ «گەیشتن بە شانۆیەکی راستەقینە»، بەڵام هێشتا ماویەتی و ئەرک و تەقەلایەکی زۆرتری دەوێ بۆ ئەوەی بگاتە ئەو فکرە پێشکەوتنخوازەی کە بەرامبەر شانۆ هەیە. چەندانی وەک «دستۆفیسکی وستانسلافسکی وبریخت و گورکی و یوسف العانی و ئەحمەد سالار و... هتد» گرتوویانەتە ئەستۆ.. ئەمەش واتە پەیڕەوی کردنی ئەو تیورە زانستیە پێشکەوتنخوازانەیەی کە سەرکەوتنی گەل و ئاسوودەگییان بۆ مسۆگەر دەکا. ئەمەش بە هاوکاری و هەرەوەز کردنی رۆشنبیرانی کورد دێتە دی و ئەو کاتە بەراستی مەبەستی ئەو وتە گرنگەی دیمترۆڤ دەچەسپی کە دەڵێ «شانۆ قوتابخانەی گەلە».

ئەمجا خوشکە «رێواس جاف»ی هونەرمەند دەربارەی ئافرەت و شانۆ و بڕوا بوونی بە دەوری بایەخداری ئافرەت لەم بوارەدا وتی:

شانۆگەری کوردی لەم قۆناغەدا بەدەست چەندەها گیروگرفتەوە دەناڵێنێ و قورتی گەورە رێگای پێشکەوتن و گەشە سەندنی لێ دەگرێ. یەکێ لەم چەڵەمانە نەبوونی ئەکتەری ئافرەتە.. هەر ئەم لێکدانەوەشم بوو کەپاڵی پێوە نام بێمە ئەم مەیدانەوە.. کە بێ گومانم ئەم کارەم دەبێتە پاڵ پێوەنەرو هاندەرێک بۆ خوشکانی تریش تا تێکرا ئەم بۆشاییە پڕ بکەینەوەو شان بەشانی برا هونەرمەندەکانمان ئێمەش دەوری خۆمان لە پێش خستنی هونەری کوردیدا ببینین.. لێرەدا دەمەوێ ئەوەش بخەمە بەرچاو کە مانەوەم لە بواری شانۆدا رەنگە هەمیشەیی نەبێ، چونکە زیاتر پەرۆشی ئەدەبم و بەتایبەتی شیعر، بەڵام تا کۆسپی نەبوونی ئافرەت لە ئارادا بێ من دەست هەڵناگرم.

دوای ئەو هونەرمەند «پەیمان بەگۆک» دەربارەی بەرەو پێشەوە بردنی شانۆی کوردی بەرەو شانۆیەکی تری سەرکەوتووتر وتی:

باری رامیاری میللەت دەست نیشانی ئەم لایەنە دەکاو هەرکاتێ ئەم بارە ئاڵۆزو ناهەموار بوو، شانۆ و هەموو لایەنەکانی تری هونەرو ژیان دواکەوتوو دەبێ.. میللەتەکەی ئێمەش گیرۆدەی رۆژانێکی سەخت و دژوار بوو بوو. ئەمەش کارێکی سەلبی کردە سەر تەواوی هونەری کوردی، بەتایبەتی شانۆ. بەڵام لەم سالانەی دوای حەفتاوە ئەو هێمنی و ئاسایشەی هاتە کایەوە

تەکانێکی باشی بەم لایەنە داو شانۆ خۆی بە خەڵکی ناساندەوە. هەرچەندە لەمەو بەریش شانۆی کوردی دەوری خۆی دیوە بەڵام نەک بەم شێوە گەلاڵە بوەی ئێستای... ئەوەی ئێمە چاوەڕوانی دەکەین ئەوەیە کە لە لایەن لێ پرسراوانەوە وەکوو شانۆی میللەتێک سەیر بکرێ کە سیمای تایبەتی خۆی هەڵگرتووەو تەعبیر لە هەست و نەستی راستەقینەی میللەتەکەمان دەکا.. وە بۆ داهێنانی بەرهەمێکی پوخت و نایاب، وە سەرکەوتنی شانۆی کوردی و خاوێن کردنەوەی هونەرمەند «فەیسەڵ محەممەد» وتی:

داهێنانی بەرهەمێکی پوخت و سەرکەوتوانە ئەگەڕێتەوە سەر چەند هێڵێکی سەرەکی بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ هێنانە بەرهەمیش نەیەڵین جارێکی تر روخان بە چاوی خۆی ببینێ. ئەمەش ئەو چەند خاڵەیە بۆ ئەم مەبەستە:

١- دەرچوون لە پێشکەشکردنی ئەو شانۆگەریانەی دوێنێ و پێرێ بەدەیان جار بڵاو بوونەتەوەو رۆژی هەزارجار لە کۆڕی بەزم و گاڵتە بیلێینەوە. .هەروەها دەرچوون لەو لایەنە فۆلکلۆریانەی ئەمرۆ چەند تیپێک لە شێوەی شانۆی لەسەر شاشەی تەلەفزیون بڵاوی دەکەنەوە، وابزانم ئەمە پێ ناڵێن سەرکەوتنی شانۆی کوردی، بەڵکوو لاوازی و بێ هێزی شانۆی کوردی پیشان ئەدات. بەڵام لە هەمان کات ئەگەر ئێمە تەماشای چەند شانۆگەرییەکی کوردی بکەین دەبینین ئیبداعی تیا بەدی دەکرێ، هەر چەند پێویست نییە ناویان بهێنم چونکە «مانگی چواردە پێویستی بە پەنجە نییە».

٢- دەست تێوەردانی چەند کەسانێکی نەزان لە کاری دەرهێنان «اخراج» بێ ئەوەی رۆژێک لە رۆژان تەنها مومارەسەیەکی هەبێ لەو رووەوە، بێ گومان ئەمەش ئەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە بەرهەمەکە بچێتە قالبێکی کوێرانەو تەمسیلیەی لاکۆلان.

٣- نەبوونی هیچ کۆڕو موحازەرەیەک لەسەر شانۆ، تا هونەرمەند بگاتە ئاستی ئەوەی خۆی بە ئەو کەسە بزانێ بەرامبەر ئیشەکەی شارەزایە، بێ گومان ئەمەش لە سەرشانی ئەوانەیە کەلە دەرچوانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانن و ئەو مامۆستایانەن لە رووی رۆشنبیری شانۆگەرییەوە دەستێکی بالایان هەیە.

٤- تاکوو ئێستا هاواری ئەوەمان بوو کە ئافرەت نایێ بۆ سەر شانۆو بەشداریمان لەگەڵ ناکات و خۆی دوورەو پەرێز گرتووە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەمرۆ ئافرەت بەخوێن گەرمیەوە روو دەکاتە تیپە کوردییەکان کە هیچ نرخێک نییە لە لایەن ئەو هونەرمەندانەی کە لە تیپەکانن بەرامبەریان، جا ناچار

> ئەوانیش پاش گەز دەبنەوەو حەقی خۆیانە.. بێ گومان ئەم چەند خاڵە لە ڕۆژانەی خۆما کە لەناو کانگای ئەو دەردەسەرییە دەژیم و دەیبینم، ئەگەر بێت و ئەو چەند خاڵەو چەند خاڵێکی تریش هەیە جێ بەجێ بکرێ و وەک برینێک سارێژ بکرێ دڵنیا بن بەرهەمێکی پیرۆزو سەرکەوتووانە دێتە کایەوە ...».

«شانۆ» وشەیەکی بێگانەیەو لەم دواییەدا کەوتۆتە ناو زمانی کوردییەوە. ناوە بۆ ئەو جێگایە کە لەژوورێکی گەورە، وە یا لە گۆڕە پانێکا لە تەختەو دارو پەردوو دروست ئەکرێ بەجۆرێکی وا کە هەموو دانیشتوانی شوێنەکە چاویان لێ بێ، پەردەیەک بەپشتیا گێڕاوە، ئەوانەی کە یاری ئەکەن، وە یا گۆرانی ئەڵێن، وەیا هەندێ جار وتار ئەدەن، لەو دیوی پەردەکەوە لە ناکاو دێن و لەوێدا دەست ئەکەن بە ئیشی خۆیان. شوێنەکە ئەبێ بە نمایشگایەک بۆ دانیشتوان .. ئەم دیمەنە بەم جۆرە لە ناو کورددا نەبووەو لە دەرەوە کەوتۆتە ناوی، بەڵام لە وێنەی ئەم یارییانە بە جۆرێکی درێژتر لەناو کورددا هەر لە کۆنەوە هەبووە، ماوەی پیشاندانەکەی لەوانە بووە تا چەند ڕۆژێک درێژەی کێشاوە. بەوێنە وەکوو «میر میرانێ» ناو فەقیان، وە یا یاری قەساب و کاسبکارەکانی سولەیمانی کە هەتا دنیا تێک نەچوو بوو بەم هەیتو هووتی شتی تازەوە باوی هەبوو لە ناویان.. ئەوانەی کە ئێستا لەسەر ئەم شانۆیە یاری ئەکەن بە هونەرمەند ناو ئەبرێن، کە ناوەکەش هەر تازەیە بەچاو کوردەوە.

من و تۆ بمانەوێ یا نەمانەوێ ڕەوڕەوەی گۆڕان لە جم و جووڵی خۆی ناکەوێ. داهاتنی ئەم شانۆگەریەش یەکێکە لەو ڕەوڕەوەی گۆڕانە. لە ساڵەکانی پاش ١٩٥٠دا تا ئەندازەیەک ئەم یارییە دەرگای بۆ کرایەوە، بەڵام زۆر بە گوڕ نەبوو، لە پاش ساڵانی ١٩٧٠دا گوڕی پەیدا کردو لەگەڵێ کۆڕو دیواخانەکانا کەوتە برەو ..مەبەست لە هێنانی ئەم پەخشانە روخسارەکەی نییە، بەڵکوو مەبەست ناوەرۆکەکەیە؛ مەبەست ئەوەیە کە چۆن لە لایەنەکانی ترەوە، کورد دەستی گەیشتوە بەشتی تر، لەم ڕووەشەوە هەر هەنگاوی ناوەو ئەیەوێ تەکان بدا. نزیک بوونەوەی ڕێ و بان و سونگەی هاتوچۆ لە بەینی یەکا کردیە کارێ کە ئەم جۆرە هونەرەش بکەوێتە ناو کوردەوە. ئەوەندە هەیە وەکوو کوردەکە لە کردەوەو ڕەوشتی وڵاتان و نەتەوەکانی تر وەر ئەگرێ ئایا نەتەوەو وڵاتەکانی تریش لە کردەوەو ڕەوشتی ئەم وەر ئەگرن؟ ئەمەیان من تیایا دوو دڵم!

کورد نەتەوەیە، نەتەوە پچووک بێ یا گەورە، ڕەوشت و «وار»ی هەیە کورد ئەمەی هەیە بەڵام سەربەخۆیی نییە؛ ئەوەی نییە کە بوونیەتیەکی سیاسی هەبێت، هەم خۆی لە

بەری بخـــوا، هەم غـــەیرەکـــەش دەوری لێ دەن لەرەوشت و عـــادەتی وەربگرن لە نمایشگاکانیانا بیاننوێنن. بەداخەوە زیللەیەکی غەیری لە مەرحەبایەکی هاوخوێنی خۆی پێ خۆشترە!. ئەزانی ئەمەش بۆچی وایە؟ ئەمەش وەکوو بەسەرهاتی پیرێژنەکەیە کە چووە لای حەکیمەکە وتی: پشتم ژان ئەکا، حەکیمەکە وتی: هی پیربییە. وتی: گوێم گران بووە. وتی: هی پیربییە. وتی: چاوم کز بووە. وتی: هی پیربییە. هەر شتێک ئەو وتی، حەکیم وتی هی پیربییە. پیرێژنە تووڕە بوو، دەستی کرد بە لاسایی کردنەوەی وتی: «یە، یە یە!» حەکیمەکە وتی: ئەوەش هەر هی پیربییە ..

هەر دەردێک و هەر چەوسانەوەیەک بەسەر کورددا بێت هەر هی بێ سەربەخۆیییە. بریا تەنها دە ساڵ سەربەخۆیی بەخۆیەوە ئەبینی، جا ئەو وەختە ئەیزانی لە زەتی سەربەخۆیی چ لەزەتێکە؟ ئەو وەختە ئەیزانی هەر پاشکەوتوێتیەک کە بەسەریا هاتووە هەمووی هی بێ سەربەخۆیی بووە؛ هەمووی هی بێ سەربەخۆیی بووە کە ئێستە ئێمە شانازی ئەکەین بە رەوشتی بێگانە - جا ئەو رەوشتە چاک بێ یا خراپ- بەچاوێکی نزمیشەوە سەیری رەوشتەکانی خۆمان ئەکەین!

بگەڕێینەوە سەر پەخشانی «شانۆو هونەرمەندانی کورد»، وەکوو وترا مەبەست لەم پەخشانە روخسارەکەی نییە، بەڵکوو ئەو ناوەرۆکەیە کە بەم پەخشانە دەربڕ -راوە. مەبەست ئەوەیە کەتێ بینەرانی مێژووی پەخشانی کوردی ئەوەیان بۆ دەرکەوێ کە پەخشانی کوردی جم و جوولی هەبووەو لەگەڵ رۆژدا هەنگاوی هەڵێناوە.

***

«عوسمان هەورامی» بەرهەمێکی بە ناوی «ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەی وەلی دێوانە»وە، کە لەساڵی ١٩٧٦دا دەستی چاپی گەیشتێ، خستە بەر دەستمان و نموونەیەک لەو پەخشانە ئەڵێ:

> «.......................................................................
>
> ئێستاش.
>
> پاش ئەوەی بەشێ لە ژیان و بەسەرهات و هۆنراوەی دێوانەی دەشت و کێو و شاخی کورد، دێوانەی ئەوێنی پاک و پوخت و بێ گەرد، دێوانەی سەرمەشقی هەمـوو شـەیدایانم، تا رادەیەکی زۆر، بە روونی دەست کـەوت؛ بەئەرکی سەرشانمی ئەزانم بە پوختی پێشکەش بە خوێنەرانی بە رێزی بکەم، بەم هیوایەی بۆشاییەک لە ئەدەبی نەتەوەکەماندا پڕ بێتەوە.

سەرچاوەی داستانی وەلی دێوانەو شەم:

بەسەرهاتی «وەلی دێوانە» لە ناو تیرەی «کەماڵەیی مورادی»دا پشتاوپشت هاتووەو، ئەو پشت گێڕاویەتەوە بۆ ئەم پشت. جگە لە تیرەی «کەماڵەیی» پیاوو ژنە بە تەمەنەکانی تری جاف. وەکوو «روغزایی، تەرخانی، هاروونی، شاتری...» ئەم بەسەرهاتەیان لە پێشوانی خۆیان بیستووەو گێڕاویانەتەوە.

داستانی «وەلی و شەم» لەگەڵ هۆنراوەکانی «وەلی»دا لەلایەن «مەلاسەمین»ەوە، کە لە هۆزی «شاوەیس»ی تیرەی کەماڵەییە، کۆ کراوەتەوە. بەشی زۆری شیعرەکانی «وەلی دێوانە» لە ساڵی «١٣١٠»ی کۆچیدا، بەرامبەر بە ساڵی «١٨٩٢» ی زایینی، لە سەر دەسنووسەکەی «مەلاسەمین»ەوە بڵاو کراونەتەوە.. ئەوەی شایانی باسە، ئەو بەشەی شیعرەکانی «وەلی»کە لە کەشکۆڵەکەی «مەحموود پاشای جاف و فەتاح بەگ»ی برایدا نووسراوەتەوە، لەو دەسنووسەی «مەلاسەمین» وەر گیراوە. ئەم «مەلاسەمین»ە کە زۆر ئارەزووی لەسەر کۆکردنەوەی هۆنراوەکانی «وەلی دێوانە» بووە، لەگەڵ «وەلی»دا باپیریان برا بوون، دیارە ئەمەش زۆرتر پاڵی پێوە ناوە شوێنەوار و بەسەرهاتی «وەلی» ئامۆزای کۆ بکاتەوە.. جگە لە دەسنووسەکەی «مەلا سەمین»، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی «کەیخەسرەو بەگ»دا عێلی جاف هاوینان چوونەتە ناوچەی «هۆبەتوو»و «ساراڵ»ی کوردستانی ئێران و بێ گومان «وەلی دێوانە»ش بەو سەر چیاو دیمەنە جوانانەدا گەڕاوەو هۆنراوەی بە سۆزی خوێندۆتەوە، لە «سنە، سەقز، مەریوان، دەرەویان و ناوچەکانی هەورامانی ئێران»دا هۆنراوەی «وەلی» نووسراوەتەوەو تا ئێستاش لە دەستنووسە کۆنەکاندا هەر ماون.

سەردەمی داستانی وەلی و شەم:

ئەم داستانە پڕ سۆزە لە سەردەمی «کەیخەسرەو بەگی جاف»دا رووی داوە. ئەوەتا کە «وەلی» هیچ دەرەتانێکی نامێنێ، سکاڵای خۆی ئەگەیەنێتە «کەیخەسرەو بەگ»و بە هۆنراوەی «خەسرەو خەیاڵێ» دەردی دەروونی هەڵقرچاوی دەر ئەبڕێ و ئەڵێ:

خەسرەو خەیاڵێ، خەسرەو خەیاڵێ
ئاخ پەی خان خاسێ،خەسرەو خەیاڵێ
ساحب سپاو سان، دارا ئیقباڵێ

موهەبیبا نەگەنج خەزێنە و ماڵێ ..

لەکاتێکدا «عەبدول رەحمان پاشای بابان» ئەچێ بۆ راو، لەو چۆڵ و هەردە چاوی بە لاوێکی زەردو لاوازی شڕو کوڵکن و چڵکن ئەکەوێ، بەو جۆرە ناڵەی دەروونی کاریگەری ناڵەو چەخماخەی هەوری بەهارانی داکردوە، ئەحەپەسێ و لیێ نزیک ئەبێتەوەو کە هۆی پەشێوی جەستەی خەستەی لێ ئەپرسێ؛ کزە لە جەرگەی دەروونی «دێوانە»وە بەرز ئەبێتەوەو بەم ئاهی سووتێنەرەوە ناڵەی بەرز ئەبێتەوەو ئەڵێ:

یاران سافێکم، ... ... ...

لێویاو لێوەی لاڵ سافێکم

شەیدای شەوق شەم پەڕ شەفافێکم

کوشتەی نیگای ناز شەخسی جافێکم ..

«عەبدول رەحمان پاشا»ش گەلێک دڵی بە هۆنراوەکانی «وەلی» ئەکرێتەوە و لە هەمان کاتیشدا زۆر دڵی ئەداتەوەو بەتەمای ئەکا کە تێبکۆشێ بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی پڕ لە پێچ و پەنای. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەموو تەقەلاو کۆششەی «عەبدول رەحمان پاشای بابان» و «کەیخەسرەو بەگی جاف» بەرامبەر بە یاساو دابی پڕ لە زۆرو ستەم و زۆری دەربەگی وخێڵەکی نالەبارو چارەسەر نەکراوی ئەو سەردەمە، بە با چوو؛ تا ئەهات دەردی دێوانەی سەر شێت و پڕ سۆز گرانتر ئەبوو.

نەژادی وەلی:

لە ناو عێلی «جافی مورادی»دا تیرەیەک هەیە بەناوی «کەماڵەیی». لەو سەردەمانەدا، کە ژیان و بەسەرهاتی پڕ لە شۆرو ئەوینی گەرمی «وەلی و شەم» هاتە کایەوە، وارگەی تیرەی کەماڵەیی دەشتی «گۆیان و شاکەل و شیروانە» بوو.. هەر لەم مەڵبەندەشدا «وەلی» لە دایک بووە. کوێستانیشیان ناوچەی «هۆبە توو» لە بەینی «دیوان دەرە» و «سەقز»دا و «ساراڵ»ی ناوچەی «سنە» بووە. میانەی کۆچی هەموو ساڵەی گەرمیان و کوێستانیان لە هەزار کێلومەتر زیاتر بووە.

«حەمە سوور»، یا بڵێین «کوێخا محەممەد»، کوێخای هۆزێک بوو لە تیرەی کەماڵەیی. تابڵێی، خوا دارایی و دەسەڵاتی پێ بەخشیبوو. لیرو مەڕو ماڵات و ئەسپ و ماین و هێستری لە ژمارە نەئەهات. لەسەرەتاوە، تا ماوەیەکی زۆر مناڵی نەبوو، بۆیە پارەو داراییەکی زۆری لە رێی خوادا، بەسەر

هەژارو گەداو مزگەوت و خانەقاکاندا دابەش کردو بە دڵێکی پاکەوە لە خوا پاڕایەوە، کە کوڕێکی پێ ببەخشێ، تادارایی بێ پایانی بەسەر ماڵاندا بەش نەکرێتەوە.. لە ئەنجامدا خوا کوڕێکی پێ بەخشی، ناوی نا «وەلی». ئەشکرێ ناوێکی تری بوو بێ و لەبەر چاکی و راستی و لە خواترسی پێیان وتبێ «وەلی».. پاشان دوای ئەوەی بە شۆری «شەم» سەر شێت بوو، هەر بە «دێوانە» ناسرا.. ئەوەتا لەم هۆنراوەیەدا دەر ئەکەوێ، کە ئەگەر بێت و ناوێکی بەرکەوێ، ناوی «دێوانە»یە:

هامسەران نامم؛ ... ... ...

من نامم گنۆ «دێوانە»ن نامم

جەوساوە رسوای دەور ئەییامم

رووێ نەگێڵا گەردوون بەکامم

مامۆستا «محمد مەلا صاحب»یش وتی، لە دەسنووسێکی سەد ساڵ لەمەوبەردا دیم نووسرا بوو: «مرزا ولید فرمودە»؛ بە مەدا دەر ئەکەوێ ناوی «وەلید» بوو بێ.

دوای «وەلی» «کوێخا حەمەسوور» کوڕێکی تریشی بوو ناوی نا «رەسووڵ».

نەژادی شەم:

باوکی «شەمسە»ش «شەم» کە ناوی «قادر شیروان» بوو، کوێخای هۆزێکی تر بوو لە تیرەی «کەماڵەیی» لە عێلی جافی مورادی. ئەمیش وەکوو «کوێخا حەمە سوور» زۆر دەوڵەمەندو بە دەسەڵات بوو. واتە هۆزی «وەلی» و هۆزی «شەم» هەر لەیەک تیرەن، ئەویش تیرەی کە ماڵەییە لە عێلی جافی مورادی.. کۆچی گەرمیان و کوێستانیان، هەڵدان و ران لەوەڕانیان هەر پێکەوە بووە و، دراوسێ بوون. بێ گومان ئەوی نزیک بە ئاگر بێ، نەک تەنیا هەر پریشکی بەر ئەکەوێ، بەڵکوو سەرتاپای گڕی رووتە، هەر ئەم گڕەش بوو، بووە مایەی نەمریی و مانەوەی ناوی «وەلی دێوانەی کوڕی کوێخا حەمە سوور» و «شەمسەی -شەم- کچی قادر شیروان» لە تیرەی کەماڵەیی جافی مورادی..

........................................................................«.

نێوانی ساڵانی «١٩٧٠-١٩٨٠» لاپەڕەی ئەدەب و پەخشانی کوردی، لاپەڕەیەکی

بریقەدار بوو. لەم ساڵانەدا قەڵەمی کورد زیاد لە جاران هەموو لایەکی گرتۆتەوەو لە هەموو بابەتێک دەست نیشانێکی کردووە... من نامەوێ قسە لە وەلی دێوانەوە بکەم، چونکە ڕێبازی ئەم کتێبە شتێکی ترە؛ ڕێبازی ئەم کتێبە تەنها پیشاندانی نموونەی پەخشانەکانە، پەخشانیش دیوی دەرەوەی بابەتە بە پەخشانا بابەت دەر ئەکەوێ، چەشەی ئەو خاوەن پەخشانە دەر ئەکەوێ، جم و جووڵی ڕۆژانەی ئەو سەردەمە دەر ئەکەوێ. وەکوو ئەمانە دەر ئەکەوێ، باری سیاسی ئەو ڕۆژانەش هەر دەر ئەکەوێ.

خاوەنی کتێبی «ژیان و بەسەرهاتی وەلی دێوانە» بێجگە لە کۆ کردنەوەی هۆنراوەکانی وەلی، خۆی بە پەخشان نموونەیەکی پەخشانی ئەو ڕۆژە کە لە بابەتێکی وەکوو داستانی وەلی دیوانەوە بدوێت پیشانمان ئەدا، لەم پەخشانەوە ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە جم و جووڵی ئەدەبی دەستێکی تەواوی هەبووە؛ ئەو بیرو باوەڕە لەناو ڕۆشنبیرانی کورددا بەهێز بووە کە بە شوێن کەلەپووری ئەدەبی ڕابوردووەکانمانا بگەڕێن و زیندوویان بکەنەوە. ئەمە بیروباوەڕێکە کە ڕووت ڕوو لە دڵسۆزی نەتەوایەتی ئەکاتەوە، بۆیە وا ئەڵێم لەبەر ئەوەیە، چونکە ئەگەر ئەو کەلەپوورانە زیندوو نەکرێنەوە نەتەوەکە ناتوانێ بڵێ من مەوجوودییەتم هەبووە، مەوجوودییەتی ئەو لە سەردەمەکانی پێشوودا بەو کەلەپوورانەوە بووە.

لە ڕواڵەتا ئێمە ڕەنگبێ بڵێین: جا ئەمە چییە وەلیەکی دێوانە دڵی چوو بێ لە «شەم»ێکی کەماڵەیی؟ ئەوان دڵدارییان کردووە، چ ئاشنایەتیەکیان بە بیرو باوەڕی نەتەوایەتییەوە هەیە؟ ئێمە بۆ ئەو دڵدارییە بۆچ بکەوینە پەرۆشەوە؟!.. ئەمە ئەوترێ، بەڵام ئایا ئەم قسەیە لە هەموو ڕوویەکەوە ڕاستە؟. نەء، وا نییە. ئەمە ڕاستە کە وەلی دێوانە هیچ باوەڕی نەتەوایەتی نەبووە، باوەڕی هەر ئەوە بووە کە سۆزی دەروونی خۆی بەرانبەر بەنیگاری شەم بەو زمانە کە زانیویەتی دەر ببڕێ، ئەوەندە هەیە ئەو زمانەی ئەو بۆ ئێمە بوو بە لامپایەک کە لە دەوری کۆ ببینەوە. زمانەکەی ئەو زمانی کوردی بوو، ئەو زمانەی ئەو ئەوەیە کە ئێستە ئێمە داوای ئەکەین. ئەگەر لە وێنەی وەلی و جگە لە وەلی شتێکمان بۆ نەمابووبێتەوە، بە چ ناوێکەوە بڵێین ڕابوردووی زمانمان هەیەو کەلەپووری پێشوومان بە دەستەوەیە؟. نازانم «ڕۆمیۆو ژۆلیت» و «لەیلاو مەجنون» ئایا لەبەر گوزارشتی سۆزەکەیان بەزمانەکەیان بووە، کەبوون بە داستانی عالەم؟ یا لەبەر خودی ژۆلیت و لەیلاو ڕۆمیۆو قەیس بووە!. گومانی تێدا نییە هەر لەبەر ئەو زمانە بووە کە گوزارشتی لە سۆزی ئەوان داوەتەوە. «وەلی»ش زمانەکەیەتی کە سۆزی خۆی پێ

دەربڕیوەو بە میرات ماوەتەوە بۆ ئێمە.

پەخشانی خاوەن پەخشان روخسارەکەی بە پوختی گوزارشتی لەوەی کەویستوویەتی داویەتەوە. لەوانەیە سۆزی وەلی کاری کردبێتە ئەویش بۆیە گەلێ جار عاتفە لە روخسارەکەدا ئەبینرێ، مێژووی پەخشان لە دوا رۆژا ئەمەمان زیاتر بۆ روون ئەکاتەوە.

* * *

«کۆڕی زانیاری کورد» لە ساڵی «١٩٧٦» لە ژێر ناوی «رێنووسی کوردی»دا بەرهەمێکی لەو بارەوە هێنایە ناوەوە. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە دەقی ئەو پەخشانە:

(ئەنجومەنی «کۆڕی زانیاری کورد» لە رۆژی یەکەمی دامەزراندنیەوە بایەخێکی یەکجار زۆری داوە بە دانانی رێنووسێکی دیار کراو بۆ زمانی کوردی، چونکە وەک ئاشکرایە نەبوونی رێنووسێکی وەها یەکێکە لە گیروگرفتە هەرە گەورەکانی رۆشنبیری ئەمڕۆی گەلی کورد. ئەنجومەنی کۆڕ لە چوارەم کۆبوونەوەیدا لیژنەیەکی تایبەتی وەختی لە شارەزایان دانا بۆ گەڵاڵە کردنی راپۆرتێک لەم بارەیەوەو لە کۆبوونەوەی هەشتەمییەوە ئەنجومەن بە وردی کەوتە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو راپۆرتەو گەلێک بیری زانیاری نوێ هاتە ناوەوەو بەو جۆرە توانرا سەرەتای چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی ئەم مەسەلەیە لە لایەن کۆڕەوە دابنرێت.

پاش ماوەیەک ئەنجومەن هەر بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی دائمی داناو لە کۆبوونەوەی سی و پێنجییەوە کەوتە لێکۆڵینەوەی راپۆرتی ئەم لیژنەیەش وەتوانی لە دوازدە کۆبوونەوەیدا رێگەی چارەسەر کردنی بەشێکی زۆر گرنگی کێشەکانی رێنووسی زمانی کوردی دیاری بکات و ئەمەش پوختەی ئەو ئەنجامانەیە کە ئەنجومەنی کۆڕ پێیان گەیشتوەو هیوامانە بە زووترین کات بتوانین چارەسەری تەواوی هەموو گیرو گرفتەکانی ئەم کێشە گەورەیەی زمانەکەمان بخەینە بەر دەست. بەم بۆنەیەوە ئەنجومەنی کۆڕ تکا لە هەموو زاناو شارەزایانی کوردو کوردناسانی بێگانە دەکات بە وردی لەم بڕیارانەی بکۆڵنەوەو لە ماوەی شەش مانگدا بیری خۆیان و هەر پێشنیارێکیان لە بارەیەوە هەیە بۆمان بنێرن تا لەبەر رۆشناییان دوابڕیاری خۆی بدات.

-(ئەلف وبێ) کوردی- وەک ئاشکرایە ئاینی ئیسلام زۆر دەمێکە کاری کردۆتە سەر هەموو لایەنێکی زمانی زۆربەی گەلانی رۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاست کە یەکێکیان گەلی کوردی ئێمەیە. روویەک لە روە گرنگەکانی ئەم کار تێ کردنە ئەوەیە کەوا لە سەرەتای بلاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا

خوێندەواری کورد، وەکوو خوێندەواری هەموو گەلە موسوڵمانەکانی تر، چاوی بە ئەلف و بێی «هجا»ی عەرەبی کرایەوەو دەستی بە نووسینی ئەو ئەلف و بێیە راهات بۆیە هەرچی میراتی رۆشنبیری زانراوی نەتەوایەتی کورد هەیە لە دوای موسوڵمان بوونێوە بەم «ئەلف و بێ»یە نووسراوەتەوەو تا ئیمرۆش پتر لە نیوەی خوێندەواری کورد هەر بەم «ئەلف و بێ»یە دەنووسن. بەڵام لەو کاتەوە کە هەستی نەتەوایەتی لە ناو کورددا پەیدا بوەو نووسینی کوردی لە ناو خوێندەوارو نووسەراندا برەوی بوە نووسەرە هەرە شارەزاکانی کورد هەستیان بەوە کرد کە وا پێویستە هەندێک دەستکاری ئەلف و بێی عەرەبی بکرێت بۆ ئەوەی باشتر لەگەڵ دەنگەکانی کوردیدا بگونجێت. ئەوە بوو دەستکرا بە دانانی چەند پیتێکی نوێ بۆ ئەو دەنگانەی لە زمانی عەرەبی دا نین(پ، چ، ژ، ڤ، گ) بۆ دیارکردنی «ڵ» و «ڕ»ی قەڵەو لەگەڵ «ۆ»ی کراوەدا. بێ گومان ئەمە هەنگاوێکی گەورە بوو بە نیسبەت رێنووسی زمانی کوردییەوەو کارێکی دیاریشی کردە سەر رۆشنبیری کورد بە شێوەیەکی گشتی. دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر ئەنجومەنی کۆڕ هاتە سەر بیری ئەوەی کە وا لە رێگەی فراوانکردنی ئەم هەنگاوەوە دەتوانرێت هەندێک لە کێشەکانی تری رێنووسی کوردی چار بکرێت وە بۆ ئەم مەبەستە بریاری دا «و» و «ی» درێژ «تیپیژ»یش بە چوکڵە بەم جۆرە جیا بکرێنەوە:

و، وٚ، یـ، یٚـ، تی، یٚ.

بۆ هەڵاویردنی چوکڵە لەسەر «و» و «ی» و نەهێڵانی نووسینی دوو «و» و دوو «ی» بەڵگەی زانستی و عەقڵی زۆرن، لێرەدا دوان دەخەینە بەرچاو:

١- «و» و «ی» درێژ کە هەندێک لە نووسەران بە دوو «واو» و دوو یێ دەیان نووسن لە راستی دا هەر یەکەیان یەک دەنگە. ئەوەی راستی بێ لە پیتی گیراو «مشدد» بەولاوە ئەوانیتر سەراپایان یەک پیتن ئیتر بۆ دەبێ هەندێکیان بکرێن بە دوو. مەنتیق داوا دەکا کە پیتێک بە دوو جۆر یا زیاتر لە دوو جۆر درکاندرا بە چوکڵەو نیشانە لە یەکتر جیا بکرێنەوە نەک بە دووجار نووسینەوە.

٢- دانانی چوکڵە ئاسانترو خێراترە لە نووسینی پیتێکی سەر لەبەر.

بە دوای بریاری دانانی چوکڵەوە ئەنجومەن بریاری ئەوەشی دا کە هەموو چوکڵەکان لە سەرەوەی پیتەکان دابنرێن، نەک هەندێکیان لە خوارەوەو هەندێکیان لە سەرەوە بن. مەبەسیش لەم بریارە ئەوەیە هەموو چوکڵەکان لە

یەک ریز بڕۆن و خامەش ریزگۆڕکێ لە نووسینیاندا نەکا.

هەروەها ئەنجــومــەنی کــۆڕ هێــشــتنەوەی پیــتی «ص»لە «ئەلف وبێ»ی کــوردیدا بە پێــویست دەزانێت چونکە، وەک ئاشکرایە دەنگی ئەم پیــتــە لە هەندێک وشـەدا «صـەد، صـەگ...» زۆر روون و باوە، بەوێنە هیچ لادێییــەک نالێت سەد. هێشتنەوەی ئەم پیتە لە «ئەلف وبێ»ی کوردیدا مایەی هێزە بۆ زمانەکەمان نەک لاوازی.

بەم جــۆرە بەپێی دوا بڕیاری ئەنجــومــەنی کــۆڕ «ئەلف و بێ» ی کــوردی وەهای لێ دێت:

ا، ئــــ، ب، پ، ت، ج، چ ،ح ،خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ص، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، و، ۆ، و، ه، ی، ێ، ی.

.......................................................................».

وشـەی «رێـنـووس» کـورتـکراوەی «رێـگای نووسین»ە، واتە چۆنیـەتی نـووسین لە رووی ئیملاوە.

وەخـتێ کـە کـوردی نووسین دەسـتی پێ کـردووە سـەرەتا هۆنراو بووە، واتە هۆنـراو بە کوردی وتراوە و بەپیتی عـەرەبی نووسراوە، کە ئەڵێم بەپیتی عەرەبی واتە بەو پیتە بەڵام بە شێوە ئیملای فارسی نووسراوە بەبێ ئەوە هیچ نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی وشەیەک لە وشـەیەک هەبوو بێت. پاشـان کـە پەخشـان کـەوتە سـەر کـاغـەز دیسـان هەر بەو شـێوەیە نووسـراوە. هەندێ دەنگ هەیە لەوتنی وشــەی کــوردیدا وەکــوو «ر» قــەڵەو و «ل» زل، «واو»ی کــراوەو «ی» کــراوە، ئەمــانە هەر بەو چوار پیــتی «ر، ل، و، ی» ئاســاییــە ئەنووسران و شتێک نەبوو بۆ جیا کردنەوەی ئەمانە. لەدوای ساڵانی ۱۹۱۰بە دەستیاوی مەلا رەشید بەگی بابان و مەلا سەعید ئەفەندی کابان و هاورێکانیان نیشانەیەکی وەکوو «۷»یان داناو خستیانە سەریان بۆ جیاکردنەوەیان، بەڵام ئەمە هەر شێوەی نووسین بوو لە دەســتنووســدا، لە چاپدا ئەمــە نەبوو. لە ســاڵانی ١٩٤٥ بە دواوە، زانا توفــیق وەهبی کۆششی کرد بۆ ئەوە بچێتە ناو چاپیشەوە. لەساڵی ۱۹٥۳دا من توانیم بیانخەمە ناو پیتی چاپیشەوە، لەو وەختەوە ئیتر بڵاو بووەوە.

بەڵام هەندێ شـتی تر هەروا مـایەوەو هەر نووسـەرێک بە ئارەزووی خـۆی خـامـەی بۆ ئەخـســتــە ســەر نامــەو چۆن ئارەزووی بکرادیە بەو جــۆرە ئەینووسی، لەگـەڵ ئەمـەشــا رۆشنبـیـرانی کـورد لەم رووەوە گـەلێ شـتـیـان نـووسی و گـەلێ دەسـتـووریان دانا، ئەوەندە

هەبوو ئەمە نەئەگەیشتە هەموو لایەک، دووەم هەرکەسە بیروباوەڕێکی جیا جیای دەرئەبڕی و پارسەنگێک نەبوو کە ڕێکیان بخات. هەموو کەس، وەیا بڵێین هەموو مەنتقێک ئەیوت ئەم کێشەیە ئەبێ کۆڕێکی زانیاری بیبڕێتەوە، کۆڕیش نەبوو.

یەکێک لە لاپەڕە درەخشانەکانی نێوانی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ پەیدا بوونی کۆڕی زانیاری کورد بوو. کۆڕ ئەم ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی و ماوەی ئەوەشیدا بە ڕۆشنبیرانی کورد کەتا شەش مانگ هەرکە ڕەخنە وەیا گلەیی وەیا پێشنیارێکی هەیە لەو ماوەیەدا دەری بڕێ، پاش ئەوە ئەگەر هیچ دەنگ نەبوو، پێشنیارەکانی کۆڕ لەم ڕووەوە لەبەر ئەوە کۆڕەکە بۆ کوردو کۆڕێکی ڕەسمییە جێ خۆی ئەگرێ.

جا ئەو نموونە پەخشانەی سەرەوە بەشێکە لەو بیرو باوەڕانە کە کۆڕی زانیاری کورد لە بارەی ڕێنوسەوە دەری بڕیوە. من ناڵێم هەنگاوەکەی کۆڕ شا هەنگاوە، بەڵام ئەوە ئەڵێم کە مێژووی پەخشانی کوردی لە بارەی گۆڕانی شێوەی ئیملای پەخشانەوە بە هەنگاوێکی گەورەی دائەنێ؛ بەوەی دائەنێ کە ئەمە لاپەڕەیەکی درەخشان بووە کە بەسەر دەستووری نووسینی کوردیدا هاتووە. بەڵام کوردی بەدبەخت لەبەر ئەوە کە جڵەوی ئیش وکاری لە دەست خۆیا نییە و سیاسەت وەکوو تۆپی منداڵان هەڵیان ئەسووڕێنێ ئیش لەمە چاکتر نابێ! سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ سیاسەت وا بوو کە ڕۆشنبیرانی کورد بگەن بەو ئاواتەیان کە پەیدا بوونی کۆڕێکی زانیاری بوو بۆیان، ئاواتەکەیان هاتە دی بەڵام زۆری پێ نەچوو، واتە هەموو دەساڵی نەخایان سیاسەت کردییە کارێ کە ئەو کۆڕپەیە جوانە مەرگ ببێت و ئەو ئاواتە دیسان سەر بەرێتەوە قوڵاخی خۆی.. کاکەی کورد!. ئەگەر کورد سەربەخۆییەکی هەبێ تووشی ئەم واوەیلاو بوخچە بەگەردانییە نابێت!!..

* * *

«دوکتور موکەڕەم تاڵەبانی» لە ژمارەی کانوونی دووەمی ساڵی «١٩٧٧»ی گۆڤاری «ڕۆژی کوردستان» لە ژێر ناوی: «کەولۆس وکەڵکی بۆ ناوچەی کوردستان» بە پەخشانێک ئەو بابەتەمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

«بە هۆی دروستکردنی بەستی دەربەندی خان لە سەر ڕووباری سیروان زەوی و زارێکی زۆر بوو بە ژێر ئاوەوە و گەلێک لە دانیشتوانی ئەم ناوە ئاوارە بوون. لەبەر ئەوە بیر لەوە کرایەوە کە چەند جێگایەکی تری ئاوەدان بکرێتەوە، یەکێک لەوانە دەشتی «شانەدەر»ە کە لە ناحیەی خورماڵ و شارەزوور لە قەزای هەڵەبجە. ئەو دەشتە کە ئەکەوێتە هەر دوو دیوی چەمی «چەقان» کە

یەکێکە لە پەلەکانی رووباری سیروان.

لە نیسانی ١٩٧٢ وەزارەتی ئاوداری لەگەڵ دەست و دایرەی «انرکوبروجکتر» یوغوسلافی دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوەی ئەم کارە، و بڕیار درا بۆ ئاودانی دەشتی شانەدەر بەستێک لە دەربەندی «کەوڵۆس» لەسەر چەمی «چەقان» دروست بکرێت.

فرەوانی دەشتی شانەدەر ٢٣٢٢٨ دۆنمە، ئێستا لەمە ٤٣٨٤ دۆنمی ئاو ئەدرێت و ئەو دوای وشکانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە ئەکەوێتە کوێستانەوە کشت وکاڵی دەیمەرۆی بە چاکی دێتە بەرهەم. ئەو زەوی زارەی کە ئێستا دەکێڵرێت بریتییە لە ٩٨٩٢ دۆنم کە دانەوێڵەی زستانی و ئەمەیش ٨١,٥٪ و ئەو دواییشی کە بریتییە لە ١٩٨٠ دۆنم گوڵەبەرۆژە، کەتان، لووکە، تووتن، چەوەنەرو سەوزەی لێ ئەچێنرێت. بەڵام وا دەر ئەکەوێت کە لە پاش دروستکردنی بەستی کەوڵۆس ٢٣٢٠٠ دۆنمی ئەم دەشتە بکرێتە ئاوی و بەرهەمێکی کشت وکاڵی زۆری لێ دەستگیر ببێت. بەپێی لێکدانەوەی ئابووری بەرهەمی ساڵانەی ئێستای بە -١٨٣٧٧١ دینار دائەنرێت، بەڵام لە پاش تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە ئەگاتە ٥,١١١,٩٧٩ دینار. بێ گومان ئەمەیش سوودێکی زۆرە بە تایبەتی بۆ ئەم ناوچەیەو هەموو کوردستان.

ئەم پرۆژەیە بریتییە لە دوو بەش؛ یەکەمیان دروستکردنی بەستێکی خۆڵ و خاک لە دەربەندی کەوڵۆس لەسەر چەمی چەقان کە ئەرژێتە رووباری تانجەرۆوە بۆ رووباری سیروان. ئەم بەستە بەرزایی پەنجا مەترە ئەبێت و پێشی بەستەکە ئەبێتە عەمارێکی ئاو ٧٥ ملیۆن م٣ ئاو ئەگرێت. ئەم ئاوە کە لە لافاوی ئاوی بارانی زستان و بەهاردا کۆ ئەکرێتەوە، بە درێژایی ساڵ ئاوی ئەم چەمە رێک ئەخات و بەپێی پێویستی کشت وکاڵ بۆ ئاودانی دەشتی شانەدەر هەڵئەبەسترێت.

دووەم هەڵکەندنی دەستە جۆگەو جۆگەلەیەکی زۆر کە بتوانرێت هەموو ئەم دەشتی شانەدەرە ئاو بدات، بەڵام لەبەر ئەوەی بەشێکی دەشتی شانەدەر هەردەو لاپاڵە، بە جۆگەلە ئاوی بۆ سوار ناکرێت، پێویستە بەهۆی ئاوپرژێنەوە ئاو بدرێت. ئەمەیش تازەترین رێگای ئاودانە، کە بە هۆی پامپ و بۆری کشت وکاڵی ئەم هەردوو لاپاڵانە ئاوپرژێن ئەکرێت. هەر چەنێک لە ساڵانی پێشوودا وا دانرا بوو کە هەموو ئەم کارانە بەشەش ملیۆن دینار بکرێت، بەڵام پاش بەرزبوونەوەی نرخی دروستکردنی ئەم جۆرە کارانە، ئێستا بە ٢٢,٥ ملیۆن

دینار تەواو ببێت. ئەمەیش ئەگەر لەگەڵ بەرهەمی ساڵانەی، کە لە پێنج ملیۆن دینار زۆرترە لێکی بدەیتەوە لە باری ئابوورییەوە بە سوودە. لەبەر ئەوە بڕیار دراوە لە پرۆگرامی پینجەمی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٨٠ جێ بەجێ بکرێت، وە هەر لەبەر ئەوەیش وەزارەتی ئاوداری بەڕێوەبەرێکی بەکەڵک، زانای بۆ ئەم کارە تەرخان کرد.

لە پاش تەواو کردنی پرۆژەی بەستی کەولۆس و ئاوەدانی دەشتی شانەدەر، وا بڕیار دراوە لە ٢١٦٠٠ دۆنمی ئەم دەشتە کشت وکاڵێکی سفتی لێ بکرێت و ٦٠٠٠ دۆنمیشی بکرێتە باغ و رەز کە دارێکی زۆر زەیتوون و گوێز و بادەم وترێ و چەشنە میوەی تری لێ بنرێت. بێجگە لەوەی کە چەوەندەری شەکر بۆ کارگەی سلێمانی ئامادە ئەکات.

دروستکردنی ئەم بەستە سێ ساڵ ئەبات و پڕبوونی عەمباراوەکەیشی ساڵێکی پێ دەچێت. کەواتە پاش چوار ساڵ لە کاتی دەست پێ کردنیەوە سوودی لێ وەر ئەگیرێت. لە پێش دارێژکردنی بەستەکە بۆ گۆڕینی ئاوڕێژی چەمەکە پێویستی بە کونکردنی چیای شانی دەربەندەکە هەیە، کە ئەبێ ١٦٠ هەزار «متر مکعب» بەردو تاوێر هەڵکەندرێت و ٥٣١٠ «متر مکعب» چەمەنتۆ رێژ بکرێت. بێجگە لە هەڵکەندنی ٤٩ هەزار م٣ و سارێژ کردنی ٤ هەزار م٣ وچەمەنتۆ رێژکردنی ٥٨٧٣ «متر مکعب» چاوگەی بەستەکە کە ئاوڕێژی رێک ئەخات.

ئەمە یەکێکە لەو پرۆژانەی پروگرامی پێنج ساڵی داهاتوو ١٩٧٦-١٩٨٠ کە لە کوردستانا پێک دێت».

شارەزوور کۆنە، هیچ نەبێ دەماری بن زوورگەکانی کە رەگی داکوتاوە بەپێ باوەڕی زانایان کەمتر نییە لە «١٥» ملیۆن ساڵ. ئەبێ لەم ماوەیدا چی بەسەر هاتبێ؟ لەم ماوە درێژەدا ئادەمیزاد تۆ بڵێیت تێدا هەبوو بێت؟ ئەبێ هەبوو بێت، چونکە لە شوێنەکانی تری لای ئەو وڵاتەدا رەچەڵەک هەر هەبووە. ئێمە لێرەدا ئادەمیزادەکەمان مەبەست نییە، بەڵکوو ئەو ئاوو خاکەمان مەبەستە کە ئەم ڕووداوانەی دیوە، بێ گومان دەورانی زۆر دیوە؛ زۆر جار ئاوەدان بووە و زۆر جاریش وێران. ئەمەی ئەگەڕێتەوە بۆ هۆش و زانیاری ئادەمیزادەکەو دانیشتوەکانی. «١٥» ملیۆن ساڵ لە حساب ئێمەدا نییە، لە حسابی پاشەرۆژایە کە زانایان بێن و بە پوختی وردی کەنەوەو تەمەنی ئەو شتانە کە لەوێدا بوون بیدۆزنەوە...

شارەزووری پێش «١٥٠٠» ساڵ تا ئێستە -کە ئەمە وەکوو دوێنێ وایە- ئاوەدان

بووە پاشان وێران و پاشان ئاوەدان. رووباری سیروان و تانجەرۆو دواوان، ئەویش مەگەر هەر خوا بیزانێ لە کەیەوە لەوێدا هەن؟! ئەمانە هەموو هی پێش مێژوون. شارەزوور لەم ئاخرەدا وای لێ هات بە دەگمەن دێیەکی تێدا هەبوو، هەمووی چقڵ و قامیش و زەل بوو، وردە وردە ئاوەدانیـەکـەی زۆر و ئاوەکەی سازگار بوو، وەکوو سەردەمەکانی هەرە کۆنی گۆڕانی تریش دەستی کەوتە ئەوێ، لە ساڵی ١٩٤٠دا نیازی ئەوە کرا کە دەربەندی خان دروست بکرێ، ئەمە هەر بڕیارێکی خەیاڵ بوو، لە ساڵی ١٩٥٤دا لە خەیاڵ دەرچوو بوو بە کردەوە، لە ساڵی ١٩٥٩دا دەربەندی خان تەواو بوو، بەڵام ناوچەیەکی زۆر لە دەشتی شارەزوور بوو بەژێر ئاوەوەو دانیشتوانی ئەو ناوچەیە شڵەژان، پەخشانی خاوەن پەخشان بەسەرهاتی داهاتووی ئەو ناوچەیە پیشان ئەدا.

«کەوڵۆس» لە نزیکی «خورماڵ»ە لە شارەزوور. «شانەدەری» گوندێکە هەر لە شارەزوور. ناوەکەی «شانەدەری»یە، نەک «شانەدەر».

ئێمە پەخشانی کوردی بەپێ ساڵەکان ئەخەینە بەرچاو بۆ مێژووی پاشەڕۆژ، هەر پەخشانێک مێژوویەکە بۆ ئەو بابەتەی کە ئەو رۆژە لە ناوەدا هەبووە. رەوڕەوەی گۆڕان ئەوەی هێناوەتە پێشەوە کە شارەزووری ملیۆنها ساڵ لەم ئاخرەدا بگاتە پایەیەک کە دەلیاچەیەکی دەستکردی تێدا دروست بکرێ، ئەمە هیچ نەیکردووە تەنیا گۆڕان نەبێت، هەر ئەو گۆڕانە ئەوەشی هێنایە پێشەوە: کە چۆن ئەو پەنگاوەی تێدا ئەکرێ هەر بەو جۆرە چاری ستارو ژیواری دانیشتوانیشی بکرێ؛ ئەو دانیشتوانە کە شوێنەکانیان بوو بەژێر ئاوەوە. بەسەر هات و کارەساتی وا لە پێش چەرخێکا بەمێشکی کەسدا نەدەهات، ئەوی کە بیری لێ بکرایەتەوە هەر ئەوە بوو کە شارەزووری دەوری دوایی لە باتی زۆنگاو قامیشەڵان بکرێتەوە بە جێگای ئاوەدانی بەڵکوو مێژووی کۆنی وەر بگرێتەوە، رێبازی جاف نەما تا شارەزوور هەروا چۆڵ بێت. وەکوو وتم دەستی گۆڕان ئەوەی هێنایە پێشەوە کە لە شوێنەواری وشکانی دەلیاچە دروست ببێ، لە دەلیاچە دیسان ئاوەدانی دروست ببێتەوە.

ئەم پەخشانە وەکوو جم وجوولی گۆڕانمان پیشان ئەدا، ئەوەشمان هەر ئەخاتە بەرچاو کە هەر چەندە بابەتی جۆراو جۆر بێتە ناوەوە، زمانی کوردی لە باریا هەیە گوزارشت لەو شتانە بداتەوەو بتوانێ تاکی ترازووی خۆی لە هەموو روویەکەوە راست بکاتەوە. شێوەی داڕشتنی روخسارەکەی گوزارشت لە چەشنەیەک ئەداتەوە کەلەو رۆژەدا بەپارێزەوە کەوتبێتە ناو قووڵایی بابەتێکەوەو کنە لە دەربڕینی بابەتەکەدا بکا بۆدانەوەی نیازی دەروونی خۆی

و بۆ دڵنەوایی ئەو کەسانە کە لەو رۆژەدا بە هۆی دەلیاچەیەکی واوە زیانبار بوون و ئەبن..

* * *

«مەحموود زامدار» لە ژمارە «٦٢»ی ساڵی «١٩٧٧»ی گۆڤاری «رۆشنبیری نوێ» لە ژێر ناوی «لە پەراوێزی مێژوودا» نیگاری جۆرە پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

«.......................................................................

دەوری شوێنکات لە پێشخستنی شارسانییەتا چییە؟

ئایا مێژوو هیچ جۆرە فەلسەفەیەکی سەربەخۆی هەیە؟

مێژوونووسەکان کێین و سەر بە چ رێبازو چین؟

بێ گومان هەر گیروگرفتێ کە ئەمرۆ دوچاری مرۆڤایەتی ئەبێتەوە رەگی قووڵ و دێرینەی خۆی هەیە و دەوری دیاری خۆی.. بەردەوامیش لە نێو یادو دڵ و بیرو خەونی زیندووی میللەت و مرۆڤی زیندوویشا، هەر سێ لایەنی «دوێنێ و ئەمرۆو بەیانی» لەیەک ئاڵاون و تێک چرژاون و ترشاون.. بۆیە لەسەر پشتی ئەم خاکە بێ ئارامەی ئێمەدا. نەکەس وەکوو کەس، نە میللەت وەکوو میللەت هەیە، بتوانێ لەم سێ لایەنەی مێژووە رزگاری بێت. هەر بۆیەش ئەوانەی ئەیانەوێ ژیان لەیەک دابڕکەن بەتایبەتی بەشێکی باشی مێژوو نووسەکانمان – یا بە مۆنتاجێکی گیرو گەوار لە مرۆڤ بدوێن، هەم سەر لە خەڵک ئەشێوێنن و هەم نەوەکانی دوارۆژیش چەواشە ئەکەن و دەرمانی دەردی و راستییەکانی لێ ئەشارنەوە! چونکە ناکرێ مرۆڤ بە پوختی لە کارەسات و هەنگامەیەک بدوێ، لە رووداوێ لە رووداوەکانی ژیان بگات، گەر بە وردی لە سەرپاکی لایەنەکانی ئەو ژیانە نەگەیشتبێ و بە وردییش تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتی لەبەرچاو نەگرتبێ!!..

بەراستی ئەگەر بێ و بەوردی چاو بە هەندێ کتێبۆکەی لە بارچووی مێژوویی بخشێنی، هەر بە تەواوی رقێکی رەق و ئەستوور دائتەگرێ و هەزار نەفرەت لەو خامە لەرزەک و ناهەموارانە ئەکەیت کە بە ناحەق رووی راستی و مێژوو ئەشێوێنن و شەرەفی مرۆڤی ژانکردوو بە تاراج ئەبەن! بێ گومان بەشێکی هەرە زۆری مێژووی ئێمە، یا بەدەستی لە رزۆکی ترسنۆکە گۆپارە ئەستوورەکان، یاشەوکوێرو شیرمەردەکان، یا بە قەڵەمی ناشی و سواوی ئەو بەناو مێژوونووسە مێشک پووتانە نووسراوەتەوە.. بۆیە بەم چەشنە زریزەی گەلێ پلەو قۆناغی گرینگی مێژووەکەمان لەیەک ترازاوەو گەلێ راستی خنکێنراوە ونوقمەسار کراوە! ئەمەو جگە لەمەش بەشێکی زۆری «مێژوو

نووسـەکان!» هیچ جۆرە بایەخێکیـان بە مـیللەت نەداوەو بە هەرچی و پەرچی رووتەڵەو گێل و گەوج و بێ هۆش ناو زەدیان کردووە. لەلای ئەماندا، مێژوو تەنیا مێژووی میرزادەو بەگزادەو سەید زادەو خاتوون و ماتوون و ئاغاو شاو شێخ و شەیتان و سوڵتان و خواپێداو و گەلە گورگەکان بووە، میللەتیش بۆ نێو ئاتوونی دۆزەخەوە!!..

راستە! لە رۆژی ئەمرۆدا گەلێ رێبازو راو سەرنج و تۆژینەوە بۆ تێگەشتنی مـێژوو لە کایەدایە. رێبـازی مەتریالیزم، رێبازی ئایینی و مـیتافیـزیکی و رێبـازی دیالیکتـیکی. هەر یەکـێکیش لەو رێبـازانە لەبەر رۆشنای سـەرنجی خۆیدا لە مێژوو ئەگات و لە رووداوەکان ورد ئەبێتەوە، هەر بۆیەشە ئەو هەموو بیرورا جیاجیـایانە یەخەگیری یەکتری بوون!. بەڵام ئایا بۆ ئێمە کامە رێباز ئەشێ و لەبەر چی؟ نەخوازەڵا لە قۆناغێکی تەنگەبەر وتیژرەوی ئاوادا!.. ئێ! ئەی چۆن کەمەری پاشەرۆژ ببەستین و خۆمان باشتر بناسین و گیان وتاسەو دەروونمان بەسەربەرزی و بە پاکی و بە گەورەیی زاخ بدەین و بەرەو کۆمەڵێکی تازەترو زمـانێکی تازەتر هەنگاو هەڵێنین..؟!. ئایا ئەو مـێژوونووسـەی هەر تەنیـا خـەریکی شت گـێـرانەوەو رەخنەگرتنی تاک و تەشەر لێدەری مێژوو و رووداوەکانی مێژووە، ئەتوانێ بمانگەیەنێتە هیچ ئەنجامێکی وا کە بەرچاومان رۆشنتر بکات و گۆشتەو زوون بە تازە زام و بە کۆنە برینەکان بهێنێ؟. یا ئەو مێژوونووسەی کە بە چاوێکی زانستیـانەوە سەیری مێژوو و مرۆڤ ئەکات و بەوردی لە کاکڵەو کرۆک و هەمە لایەنی رووداوەکان ئەکۆڵێتەوەو بە چوستی کرۆژەڵەی شانی ئەخاتە بەرباری ئەم مەسئولییەتە مەزنەی پڕ لە درامایە؟!. کـامـەیان مـێـژوویەکی تازەمـان بۆ ئەنووسنەوە، کـامـەیان راستی رووداوەکـان بەراســتـی ئەگـێـڕنەوەو رەخنەی لێ ئەگـرن؟ بۆیە دەبێ لەمــەو دوا چاو لەو مێژوونووسە ساختەکارو بێ زەوەرو نەزان و سایە وشکانە نەپۆشین و بەرووی رێبـازو درۆو تاکتـیکەکـانیـا هەڵشـاخـێین .. دەنا هەر لە ژێر سـای دروشـمی دڵڕفـێنی «مـێـژوو» و «مـێـژووبازی»دا، دەیەها دێوجـامـەی تری رواڵەتبـازو سـاختـەو خـاکی کـەش نەهاتووی پڕ لە قـومـام لەبەردەم کـۆمـەڵانی خـەڵک هەڵئەخرێ و شـەوارە ئەکرێ!!. مـیللەت و مـێـژووی مـیللەت ئەرێسێ و لەم لایەوەش «مێژوونووسە!!» بەرچاو تەنگ و گێل و گەلۆرەکان لێی ئەکەنەوە بە خوری..!».

سەربازی ئیمرۆ قارەمانی سبەینێ یە، کارەساتی ئیمرۆ مێژووی سبەینێ یە. سەربازو کارەسات دوو نەمامی ئیمرۆن، ئەویان سبەینێ ئەبێ بە قارەمان، ئەمیان ئەبێ بە مێژوو.

جیایی لە نێوانی ئەم دوو نەمامەدا ئەوەیە کە سەربازەکە ئەبێ ئیمڕۆ بناغەی قارەمانیەکەی دابنێ بۆ ئەوە سبەینێ بەراستی ببێ بە قارەمان، کارەساتەکە هیچ زمانێکی نییە کە کەوتە سبەینێ ئەویش هەر ئەبێ بە مێژوو بەڵام چ جۆرە مێژوویێک؟ مێژووی راستەقینە، یامێژووە درۆزنە! مێژووی راستەقینە کارەساتە راستەقینەکەیە کە بووە، مێژووە درۆزنە کارەساتێکە هەڵبەستراوەو دراوەتە پاڵ مێژوو، مێژووی بەستەزمانیش زمانێکی نییە هاوار بکا بڵێت ئەمە وا نییەو بە دەممەوە هەڵبەستراوە، راست و ناراست ئەکەوێتە گۆڕستانەوەو ئەنێژرێت! نە راستەکە زمانی هەیە، نە ناراستەکە، ناراستەکەش وەکوو پیرێژنە کڕیارەکەی یوسف کە بەچەند پەتکێکەوە چوو لە ریزی کڕیارەکانی یوسف دا راوەستا؛ ئەو کڕیارانە کە هەموو بە باری جەواهیراتەوە هاتبوون، لە پیرێژنەیان پرسی: تۆ چۆن بەم پەتکانە یوسف ئەکڕیت؟ لە کاتێکا کە خەڵکی تر بە بارە زێڕو جەواهیراتەوە راوەستاون!. وتی: من ئەزانم کڕینی یوسف لە وزەی منا نییە بەڵام هەر ئەوەندەم بەسە کە خەڵک پەنجەم بۆ درێژکەن و بڵێن ئەوەش لە ریزی کڕیارەکانی یوسف دا راوەستاوە.

کارەساتی بێ بناغەکە، ئەویش ئەچێتە ریزی گۆڕستانی مێژووەوە، ئەویش وادیارە هەر بۆ ئەوەیە کە خەڵک پێی بڵێن لە ریزی مێژوودایەو بەوە دڵخۆش ئەبێ! بەڵام پیرێژنەکە زمانی هەبوو قسە بکا، مێژووەکە هیچ زمانێکی نییەو مەگەر لەو قووڵایی گۆڕستانەدا هەر پیش بخواتەوە.

بەڵێ! لە دێو جامەی مێژوودا هەموو رەنگێک ئەبینرێ، هەموو جۆرە کارەساتێک دیاردە ئەکرێت. ئەمەش راستە کە شایەن زۆر زۆر جار بەلای دەستدارانا رویشتووە، بەڵام وە نەبێ هەموو هەر ئەمە بوو بێت. مێژوو ئەدەبی گێڕاوەتەوە، ئەدەب دەستدارو بێ دەستی تێدا نییە. مێژوو باسی دڵدارو دڵارای کردووە؛ باسی کردوون نەک زیاتر لەبەر دوو چینی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات، بەڵکوو زیاتر هەر لەبەر دەربڕینی ئەو سۆزە بووە کە لە نێوانی ئەو دوو کەسەدا بووە. مێژوو باسی چەوساوەی کردووە بەڵام ئایا لەبەر خوشویستنی چەوسێنەر بووە، یا هەر لەبەر بێ چارەیی چەوساوەکە بووە؟. بێ گومان گەلێ جار لەبەر بەزەیی بە چەوساوەدا بووە کە وابوو نابێ بە جۆرێکی گشتی حوکمی نارەوا بەسەر مێژوودا بدرێ، نابێ ئەو حوکمەی بەسەرا بدرێ لەبەر ئەوە چونکە لە گۆڕستانی خامۆشانایە..

یەکێ لە خامەی پەخشانی ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠ درکاندنی ئەو گلەییە بوو کە لە مێژوو ئەکرا، ئەمەش یەکێکە لە جم وجووڵی گۆڕانی ئەو ساڵانە کە بابەتێکی وا هاتە

ناوەوە. پەخشانی کوردی پێشووتر لەم بارەوە لەوانەیە ئەگەر دوا بێت بە دەگمەن بووە. خاوەنی پەخشانی «لە پەراوێزی مێژوودا» وەکوو ناوەرۆکی بابەتەکەی جۆرە ناوەرۆکێکە دیوی دەرەوەی ئەو بابەتەی -کە روخسارەکەیە- ئەویش جۆرە روخسارێکە کە گەلێ جیایە لە روخساری پەخشانەکانی تر. جیاییەکە لەبەر ئەوە نییە کە پەخشانەکانی تر بابەتیان جیایە پێویستە روخساریشیان جیا بێ، بەڵکوو جیاییەکە لەبەر ئەوەیە کە رێختی رستەکان سفت کراونەتەوە بەسەر یەکا، قووڵن وەکوو بیرێکی قووڵ کە دۆلکەو گوریسێکی درێژی ئەوێ تا ئاوی لێ دەربهێنرێ. لە پشتی پەردەوە ئەوەمان پیشان ئەدا کەوەنەبێ «هەرکە ریشی سوور بێ هەمزاغە بێ» وە نەبێ هەر کەسە دەستی قەڵەمی گرت مێژوونووس بێ. دەربڕینی ناوەرۆک و روخسارێکی وا ئەمە لە پێشکەوتنی پەخشانی کوردییە لە هی ئەم ساڵانەی دواییەدا.

***

«ئیسماعیل رەسوول» لە ژمارە «١ ، ٢»ی گۆڤاری «الحكم الذاتي» ساڵی ١٩٧٧ لە ژێر ناوی «دیموکراسییەت و رژێمی بەرلەمانی» پەخشانێک لە بەشی کوردییەکەیدا بە کوردی پیشان ئەداو ئەڵێ:

-بەشی دووەم-

وتووێژ لەلای ئێمەو لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکانی ناوخۆ کراوەو بیروڕای هەمە جۆر دەربارەی بابەتی دیموکراسییەتی لیبرالی و دیموکراسیەتی میللی خراونەتە روو، لە کاتێک کە هەندێک کەس داوایان کرد ماوەی گواستنەوە دوایی بێت و رژێمی پەرلەمانی دابمەزرێت، سەربەستییەکانی سیاسی بۆ گشت چینەکانی گەل و هێزە سیاسییەکان بکرێتەوە، هەندێک کەسی تر نارازی بوونی خۆیان دەربارەی دیموکراسییەتی لیبرالی و رژێمی پەرلەمانی دەربڕی و داوای دیموکراسییەتی میللی کردو، هەندێکیان وایان زانی کە ئەم دیمکراسییەتە دەشێت لەسەر پشتیوانی رێکخراوەکانی پیشەیی وەکوو یەکیەتییەکانی کرێکاران و قوتابیان ولاوان وئەوانیتر، یاخود رێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی میللی تر دابمەزرێت و، دەشێت بەشداری کردنی ئەم رێکخراوانە لە ئاراستەکردنی ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتیدا لە باتی دەزگاکانی نواندنی دەستوور بەکار بێن.. کە دیموکراسییەتی میللی لە سەری دامەزرێت و، ئەوانەش -ئەنجومەنەکانی میللی- یە کە جەماوەران هەڵیدەبژێرن. لێرەش تێکەڵبوونێک پەیدا دەبێت لە نێوان سروشتی ئەم رێکخراوە پیشەییانەو

سروشتی کاری ئەنجومەنەکانی میللیدا، کە ویستی جەماوەرو کارگەران لە رێگای نوێنەرەکـان و جـێگرەکـانیـانەوە دەردەخـات لە دروسـتکردن و ئاراستەکردنی سیاسەتی گشتی دەولەت لە مەیدانەکانی ئابووری و سیاسی و بەرێوەبەرێتی، لە مـەیدانی یاسـا دانان و چاودێری کـردنی جێ بەجێ کردنەکەیدا.

ئەوەی پێـویسـتـە دووبارە بکرێتـەوە ئەوەیە، کـە رژێمی پەرلەمـانی و دیموکراسییەتی لیبرالی، بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی بورجوازییەت –هەر وەکوو پێشـتر گوتوومانە– و شێوەیەکە وەکوو چوارچێوەیەک پێک هاتووە بۆ رژێمی سەرمایەدار، بۆیە ئەم جۆرە دیموکراسییەتە لەو دەولەتانە رانایەت کە رێگای شـۆڕشی سـووشـیـالسـتی دەگـرنە بەرو، لە هامـانکاتدا وێنەی بوونی دیموکراسییەتێکی میللی تەواو ناکرێت بە بێ ئەنجومەنی میللی هەلبژاردەی وا کـە هێـزی شـۆڕشگێـڕو سـووشـیـالیـست و ئەو جـەمـاوەرانە دەنووێنێت کـە بەرژەوەندی هەیە لە دامەزراندنی ئەم جۆرە رژێمە سیاسییە.

بەدرێژی ماوەی پێش شۆڕشی «١٤» تەمووز دەستوورێک لەولاتەکەمان هەبوو ناوی «یاسـای سـەرەکی» بوو، ئەم دەسـتـوورە لە لایەنی ئەنجـومـەنی نوێنەرانەوە دانرابوو. ئەم ئەنجومەنەش فەرمانرەوایی یاسا دانانی دەنواندو لە رێگای هەلبـژاردنەوە هاتبـوو. بەلام ئایا، ئەم پەرلەمـانە گـەل و هێـزە نیشـتمانیەکانی دەنواند؟! یاخود ئایا، راستە ئەم پەرلەمانە لە لایەن گەلەوە هەلدەبژێردران؟ هەموو ئەو کەسانەی کە هەینێ لە کاروباریان دەکۆلیـەوە ئەم راسـتـیـیـە دەزانن.. کـە ئەنجـومـەنی نوێنەران تەنیـا کـوڕی یەجاخ و ئاغـاو گـەورەکانی دەرەبەگ و بورجوازی ونوێنەرەکانیان بوو، یاساو رژێمەکانی کە بەردەوام لەم ئەنجومەنانەوە دەردەچوون هەر بۆ زنجیرکردنی دەستەکانی خەلک بوو، قورسی وا بوون کە باریانی گران کردبوو.. کاری پەرلەمانیشی ئەوە بوو.. فەرمانرەوایی سەر بە ئیمپریالیزمی نیمچە دەرەبەگ بە توێکلی دەستوورو یاسا بپۆشێتەوە.

ئەوە دەشگوترێت کە دەسەلاتدارێتی دابەش دەکرێتە سەر جێ بەجێ کردن و یاسـا دانان و قـەزائی و، سـەربەخـۆیی هەر یەکـە لەم دەسـەلاتداریانە لەوی ترەوە لە سـایەی رژێمەکـان دەرەبەگایەتی کـۆنەپەرست و سـەرمایەدار، هەمووی درۆیەکی رووتە نوێنەرو بیـرکـەرەوەکـانی ئەم رژێمانە بلاوی دەکـەنەوە بۆ ئەوەی زۆرداری کۆمـەلایەتی وئیسـتـغلالی چینایەتی پێ بشارێتـەوە .. هەروەها ئەم دەسەلاتداریانە تەنانەت لەو رژێمە سووشیالیستانەشدا لێک جیا نابنەوە کە لە

گۆشەی بەرژەوەندی چینەکانی رەنجبەرەوە تەماشای مەسەلەکە دەکەن.. بە واتەیەکی تر، دەسەڵاتداری قەزائی و جێ بەجێ کردن و، یاسادانان، دەزگای بەرژەوەندی تێک بەستراوەو رووی زۆری هەیە و کاری هەمە جۆر دەکات بۆ دەسەڵاتداری چینێک، یان دەسەڵاتداری چەند چینێک کە بەرژەوەندییەکانیان تێک بەستراون و دەوڵەت بەرێوە دەبەن..

دام و دەزگاکانی دەستووری و دەزگاکانی بەرێوەبردن و سیاسی بینای سەرەوەی پەیوەستییەکانی ئابووری باوی کۆمەڵێکن و هەمیشە بە گوێرەی گۆڕانی ئەم پەیوەستانەوە دەگۆڕێن. پەیوەستەکانی سەرمایەداری لەبەرهەم هێناندا، شێوەیەکی تایبەتی هەیە لە بینای سەرەوەو کۆمەڵگاکانی نیمچە دەرەبەگی هەمە جۆرەی ژێر دەست بەسەردا گرتنی ئیمپریالیزم، بەشێوەیەکی رێک کەوتوو لەگەڵ سروشتی پەیوەستەکانی ... هەروەها ئەنجومەنەکانی نوێنەران -بۆ نموونە- یاسایان دادەنا بۆ چەسپاندنی گیانی رژێمی سیاسی دامەزراوو بەردەوامی دەست بەسەرداگرتنی ئیمپریالیزم، وەکوو یاسای کۆمەڵەو پارتەکان کە ناهێڵێت ئەو پارتەی یاخود ئەو دەستەی بەرهەڵستی رژێمی فەرمانرەوای دەکات و سیاسەتێکی دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی بەکار دێنێ قەدەغە دەکات لە کاری سیاسی و، یاسای سزاکان و کلکە هەمە جۆرەکانی بۆ ئەوەی رێی هێزەکانی شۆڕشگێرو نیشتمانپەروەری هەمە جۆر بگرێت و، تۆقاندنی پۆلیسی و سیاسەتی بگرو بگوڕ و دەرکردن لە لایەن دەزگاکانی دەسەلاتداری جێ بەجێ کردنەوە بە چوار چێوەیەکی یاسایانە بپۆشێتەوە.

.«...........................................

هەر لە کۆنەوە رەوڕەوەی ئادەمیزاد لە باری پێشکەوتنەوە کە زیاتر سنگی نا بۆ پێشەوە دوو جۆرە ناویان دانا بۆ ئەوسیستەمانە کە لە ناویانا پەیدا بوو؛ نیزامی دیکتاتۆری، دەستووری دیموکراسی. دیکتاتۆری ئەوەیە کە تاقە کەسێک سواری حوکم ئەبێت و جڵەوی هەموو شت ئەگرێتە دەست و بە ئارەزووی خۆی حوکمی ئەو وڵاتە ئەکا. سەردەمی پێشوو زیاتر ئەم جۆرە حوکمە هەبووە. تەبێعەتی ئەم حوکمە زۆرو ستەمی تێدایە. ئەم ستەم و حوکمە بەم جۆرە مایەوە تا دوایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕاست، زیاتر لە ئاورووپادا قەڕاڵەکانی لەم رووەوە هەموو شت بوون. ستەمیش کە زۆر بوو کاسە پڕ ئەبێ و ئەڕژێ، هەر ئەم پڕبوونە بوو بەرە بەرە کردییە کارێ کە رۆشنبیرانی سەدەی هەژدەهەم کەوتنە سەر ئەوە ئەو دەستوورە حوکمە نەمێنێ و نیزامێکی تری وا بێتە پێشەوە

که ئاشنایەتی لەگەڵ بیرو باوەڕی گەلەکەدا هەبێ و ئەوانیش بەشدار بن لە بنەبڕکردنی ئەو چەوسانەوەدا کە بە سەریانا هاتووە. ئەم جۆرە نیزامە ناونرایە نیزامی دیموکراسی. وشەکە یۆنانییە، واتە دەسەڵاتی خەڵک. ئەمەش بە کورتی ئەیلێم:

هەمـوو تاکـەی ئەو گـەلە کـە گـەیشـتنە تەمەنی قانوونی -کە هەژدە ساڵییـە- باوەڕی بە خـۆی ئەبێت و ئەو مـافەی هەیە. بەپێی کـەم و زۆری دانیـشـتـوانی وڵات، هەر چەند هەزار کەسێک باوەڕی خۆیان ئەدەن بە یەکێکیان و ئەو یەکە ئەبێ بە نوێنەری ئەو بەشە. ئەم نوێنەرانە هەمـوو لە شوێنێکا کـۆ ئەبنەوە و قسـە لە کـاروباری وڵاتەکـەیانەوە ئەکـەن. ئەم شـوێنە پێ ئەوترێ «پارلەمـان» وە یا دیـواخـانی نوێنەران، سـیـسـتـەم و پێویستەکانی وڵات لەمانەوە دەر ئەچێت، پاشان دەستەی وەزیران لێ ئەکۆڵنەوەو بڕیاری لەسەر ئەدەن، دوای ئەوە ئەچێتە لای پادشا، وەیا سەرۆک کـۆمار مـۆری ئەکاو ئەبێ بە قـانوون و کـارو باری وڵات لەسەر ئەو قـانوونە ئەڕوا. ئەو پەخشـانەی سـەرەوە قسـە لەو قانوونەوە ئەکا.

لە راستیدا ئێمە ئەوەمان مەبەست نییە کە مێژووی پارلەمان و بەسەرهاتی پارلەمان بگێڕینەوە، بەڵکوو مەبەستەکەی ئێمە ئەوەیە کە جم وجووڵی پەخشانی کوردی لە نێوانی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ دا پاڵیدا بەوەوە کە قسـە لە کاروباری پارلەمـانەوە بکات؛ ئەو پارلەمانە کە لە بەشی خودموختاری بۆ کورد لە عیراق دروستبوو، خاوەن قەڵەمێکی کورد بتوانێ ئەم ناوەڕۆکە کە لە وڵاتەکەی خۆیا پەیدا بووە بیخاتە ناو چوار چێوەی پەخشـانی زمـانی کـوردییـەوە. ئەشێ ئەم مـەفـهـوومـانە لە زمـانێکی ترەوە بگۆڕ-رێتە سـەر زمـانی کـوردی و هەر لە سـاڵـەکـانی ١٩٤٠ بەدواوە ئەم جـۆرە باسـانە کـرابێ، وە هەر لەو سـەردەمـانەشا پارلەمـان لە عـیـراقـدا هەر هەبـووە، نەک بۆ تەنیـا کـورد بەڵکوو بۆ هەمـوو گەلی عیـراق، بەڵام ئەم خودمـوختارییە نەبووە. ئەم خودموختاری، وەیا ئۆتۆنۆمـییـە -ئای راست ئای درۆ- لەبەرهەمی بزووتنەوەی رەورەوەی نێوانی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠یە، کە ئەمە هەبوو دیارە ئەبێ بە بابەت بۆ خاوەن خامەکان.

خاوەنی پەخشـانی «دیموکراسییەت و رژێمی پەرلەمان» بە پەخشـانێکی کـوردی هاتۆتە ناوەوە. لە پەخشـانی ئەم بابەتە ئێمەو پاشەڕۆژی پەخشانی کوردی ئەوەمان بۆ دەرکەوێ کە چ جۆرە بیـرو باوەڕێک لەو رۆژەدا لە ناوا هەبـووە؟ چ جۆرە وشـەیەک و چ گـوزارشـتێـک کەوتۆتە ناو زمانی کوردییەوە؟ بیروباوەڕی سیاسی چ جۆرە بیرو باوەڕێک بووە؟. هێـزی گـوزارشت چۆنە؟. لە بابـەتێکی وادا دەسـەڵاتی پەخـشـانەکـە چۆنە بـۆ بە دەسـتـەوەدانی

مەرامەکە؟. ئایا هێزی پەخشانێکی وا کە ئەوە بابەتەکەی بێ ئەگا بە هێزی پەخشانێکی تری کوردی کەبابەتێکی وەکوو ئەم بابەتە، بێگانەیە بە چاو ئەوەوە؟.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەبێ ئەوەش بزانین کە خاوەنی ئەم پەخشانە وادیارە بابەتەکەی بە عەرەبی لە بەشی عەرەبی گۆڤارەکەدا نووسیوەوەو پاشان هێناویە حەرف بە حەرف وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەگەر بابەتەکە لە پێشا بە کوردی بنووسرایەو پاشان وەری بگێڕایەتە سەر عەرەبی چێرەی پەخشانەکەی گەلێ بە رێختتر ئەبوو لەم چێرەیەی کە ئێستە هەیەتی. هێنانی ئەم دەقە بۆ روخسار نییە، بەڵکوو بۆ ناوەرۆکە، کە لەو رۆژەدا شتی وەکوو ئەم ناوەرۆکە بەو چەشنە گوزارشتەوە لەناوا هەبووە، ئەگینا وەکوو وتمان لە ساڵەکانی ١٩٤٠-١٩٥٠ جۆرە بابەتی وا هەبووە کە باسی بە تایبەتی دیموکراسی بکا بەڵام بەگوزارشتێکی تر. یەکێک لەوانە قەڵەمی «ف. هوشیار-فایق هوشیار» بووە کە لە ژمارە «١»ی ساڵی «٧»ی گۆڤاری گەلاوێژ -١٩٤٦- لە ژێر ناوی «دیموکراسی»دا پەخشانێکمان ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

(.............................................................

دیموکراسی-DEMOCRACY

ئێستا دوای ئەوە بە کورتی لە باسی حکومەت و جۆرەکانی بووینەوە دێنە سەر ئەو باسەی ئەمانەوێ لیێ بدوێن کە ئەویش «دیموکراسی»یە. زانیمان کە دیموکراسی سێ بەشەو هەر چەند هەر بەشەی گەر بێت و بەجیا باس بکەین دوورو درێژەو لێرەشدا بەم ماوە کەمییە جێ نابێتەوە، بەڵام هەر چۆنێ بێ، بێ جیاکردنەوە کەمێ لە دیموکراسی و حوکمی دیموکراسی ئەدوێین وچاکەو خراپەی دێنینە بەرچاو و ناتەواویەکانی چییە دەری ئەخەین. وشەی دیموکراسی لە سەرەتاوە وشەیەکی یۆنانییەو لە دوو بەش پێکهاتووە:-

١- DEMOS = بەمانای گەل یاخود خەڵکە -People.

٢- Kratos = بەمانای دەسەڵات یاخود توانایە -Power.

مەبەس لە کەلمەی دیموکراسی لە زەمانی هێرودوتی مێژووزانی بەناو بانگی یۆنانییەوە ئەمە بووە: «ئەو رەنگە حکومەتە کە لە ناو کۆمەڵا ئیدارەی ئەهالی پیشان ئەدا کۆمەڵ بە فیکری هەموان ئیدارە بکرێت و حوکم عائدی ئەکثەرییت بێت».. کەوا بوو حوکمی دیموکراسی ئەو حوکمەیە کە گەل خۆی ئەیکا. لە سەرەتادا دەسەڵات هی گەلە بەڵام گەل بە ئارەزووی خۆی لەسەر هەندێ شەرت ئەو دەسەڵاتەی خۆی هەمووی، یا هەندێکی ئەدا بە سەرەک وەیا شایەک کە

بەپێ ئەو شەرتانە کاروباری وڵات هەڵسووڕێنێ.

ئەم دیموکراسیـیە بەر لەوەی بگاتە ئەم پایەیەی کـە ئێسـتـا گەیوەتێ، بەر لەوەی بخرێتە دەستووری وڵاتانەوەو حوکمی پێ بکرێ لە پێشدا هەر لە بیردا بوو، وە بە بیرێکی فەلسەفەو سیاسەت ئەزانراو لە دەورەی هوشیـار بوونەوەدا لە ئەورووپا لە ئەنجـامی ئەو حـوکـمـە زۆرداری پڕ جـەورەدا کـە قـەڕاڵەکـانی قـوروونی وسـتـا ئەیانکرد پەیدا بوو، وە لە ئاخـرو ئۆخـری سەدەی هەژدەهەمـدا کـەلە شـۆڕشی گـەورەی فـەڕەنسـەدا گـەورەیی و خـاوەن دەسـەڵاتی گـەل بڵاو کرایەوە، ئەو حەلە ئەمیش سەلمێنراو کەوتە کایەوە. وا بۆ بەڵگە وێنەیەکی ئەو بەیاننـامـەتان نیـشـان ئەدەین کە مـەجلسی مـیللی فەڕەنسە بۆ بڵاو کـردنەوەی حقووقی ئینسان لە ساڵی ١٧٩١ دا بڵاوی کردەوە:

«وەکـوو یەک هاتنە دنیـاو وەکـوو یەک ژیان حـەقی ئادەمـیـزادە، ئامـانجی کـۆمـەڵانی سـیـاسیش پـاراستنی حقـووقی تەبێـعی و ئەدەبی ئادەمیـزادە. ئەم حـەقـانەش: سـەربەسـتی، وەکـوو یەک بوون، خـاوەن مـڵک  ومـاڵ بوون، بەر بەستکردنی زۆرو زەبر، هەمـوو سەرچاوەکانی هێزی سەرۆک و حوکم بە دەستان لە مـیللەتەوە دێتەدەر، چ فـەردێک چ کـەسێـک نـاتوانێ حوکـمێک بەکـار بێنێ کـە سـەرچاوەکـەی مـیللـەت نەبێ، هەمـوو هاووڵاتیـەک خـۆی راسـتـەوخـۆ، یان بەهۆی وەکیل و نائیبێکەوە لە دروستکردنی قانوونا حەقی هەیە، لەبەر ئەوە کە هەمـوو کـەس بەرامـبـەر بە قـانوون وەکـوو یەکن وەکـوو یەک ئەتوانن هەمـوو کـارێکی هەمـوایی وەیا خـزمـەتێکی دەولەت بەجێ بێنن، هیچ کـەسێـک لەبەر بڕواو فـیـکر و عـەقـیـدەی تایبـەتی خـۆی نابێ  تەجـزیە بکرێ». گـەلاوێژ ٥و٦ساڵی ١..

بەم جـۆرە ئەم بیـرە لەبیـریی دەرچوو و کـەوتە کـایەوەو خـرایە دەسـتـووری وڵاتانەوە و لە سەدەی نۆزدەهەمدا تا هات پەرەی سەند، بەجۆرێ بەشی زۆری دەسـتـووری وڵاتەکـانی گـرتەوەو ئەم شـەڕی گـەورەی دووەمـە هەر وەک شـەڕی گەورەی پێشـوو بوو بە هۆی سەرکەوتن و بڵاو بوونەوەی. هەروەک بینیـمان کە حوکومەتە دیکتاتۆریە گەورەکان لە شەڕی گەورەی پێشوودا وەکوو «ئەڵـەمان، نەمـسـە، مـەجـەڕ، تورکـیـا و رووسـیـا» و گـەلێ لە حوکـومـەتە پچووکەکـانیش هەمـوو بـوون بە دیموکراسی. هەروا دوای ئەم شـەڕەش لە ئەڵەمـانیـاو ئیـتـالیـادا دیکتاتۆرییەت نەما.

بەڵێ! لەگـەڵ ئەوەدا کـە کـاتێ ئەم بیـرە -بیـری دیموکـراسی- بڵاو بووەوە لەگەلێ شوێن دوشمنی بۆ پەیدا بوو و دوشمنەکانی بەربەرەکانییان لەگەڵا کردو

ئەیانگوت: «لە ئەنجـامـدا دیموکـراسی نامـێنێ و هەر ئەم پەیڕەوە تازەیە – فاشستی و نازی– سەر ئەکەوێ» بەڵام ئەوە بوو دیمان کە بەراست نەگەڕا..

..........................................................................».

تەمـاشـا ئەکـەین ئەم دەقـە پەخـشـانە کـە هی نزیکەی ٤٠ سـاڵ لەمـەو پێـشـتـرە بە چ جۆرێک گوزارشتی لەو بابەتە داوەتەوە و چۆن بە بێ گیرو گرفتی هاتۆتە ناوەوە؟ رستەو عـیـبـارەت رێک، مـەفـهـووم ئاشـکرا، کوردی کـوردییـەکی بێ سـەریشـە، هیچ ژان بە پیـاو ناکـا!. بەڵێ! جم وجووڵی پەخشـانی کـوردی لە سـاڵانی ١٩٧٠–١٩٨٠ بەگـوڕتر بووە؛ بەگوڕ بووە لە بارەی بابەتەوە، ئەگینا گەلێ پەخشانی پێش ئەو مێژووە هەیە بێ گومان ئەو پتەوتر بووە.

ئەمـەو جیـایـیـەکی تر کـە لە نێـوانی ئەم دوو وێنە پەخشـانەدا هەیە: «دیموکـراسی»و «دیموکـراسـیـیـەت و رژێمی پەرلەمـان» ئەوەیە کـە لە سـەردەمی پەخشـانی «دیموکـراسی»دا حوکمی خود موختاری بۆ کورد لە عیراقدا نەبووە، لەمەی ئەمدا ئەو حوکمە هەبووە، بوونی ئەو حوکمە بووە بە بابەتێک کە خاوەن پەخشانی «دیموکراسییەت و رژێمی پارلەمان» بیکا بە بابەت بۆ نووسینەکەی و بە نیازی خۆی گوزارشتی لێ بداتەوە. هەروەها لە سەردەمی پەخـشـانەکـەی ئەمـدا جـۆرە وشـەو بـاوەڕێک کـەوتۆتە ناو پەخـشـانی کـوردییـەوە کـە سەردەمەکەی پێشوو ئەم گوزارشتانە نەبوون و لەوانەیە لە دەرەوە کەوتبنە ناو پەخشانی کـوردییـەوە. نموونەی هەر دوو پەخشـانەکە نموونەی باوەڕی هەردوو سـەردەمـەکە پیـشـان ئەدات. دیسـان هێنانی دەقی « دیموکـراسـیـیـەت و رژێمی پەرلەمـان» شـتـێـکی تر جـیـای کـردۆتەوە لە پێـشـوو، ئەمـەش ئەوە بوو کـە لە سـەردەمی ئەمـدا ئۆتۆنۆمی هەبوو، لە سـەردەمی ئەودا نەبوو. ئۆتۆنۆمـیـش گـۆڤـارێکی نیـوە عـەرەبی و ونیـوە کـوردی بوو بۆ خودموختارییەکە.

***

«سەعید ناکام» لە بەرگی پێنجەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٧، لە ژێر ناوی «تێـبـینیـەکـانم لەسـەر لێکدانەوەکـەی دیوانی نالی»دا پەخـشـانێکمـان ئەخـاتە بەردەست. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو پەخشانەو ئەڵێ:

«..........................................................................

لەگـەڵ ئەو هەمـوو رەنج و تەقـەلایەی لە لایەن لێ کـۆڵەرەوە بەرێزەکـانەوە بۆ یەکالاکـردن و لێکدانەوەی شـیـعـرەکـانی نالی دراوە، دیسـان هەندێ شـتـیـان

بەسەرا تێ پەڕیوە، چونکو خوێنەری وردبین دەگاتە وشە، یا رستەی وا کە پێویستی بە راستکردنەوە و روونکردنەوەی پتر هەیە. بۆیە بەپێی بۆ چوونی خۆم تێبینیەکانم دەکەمە سێ بەش:

١- ئەو پارچە شیعرانەی بەهی نالییان نازانم.

٢- ئەو وشانەی واتاکانیان تەواو نییە.

٣- ئەو شیعرانەی واتای تر هەڵدەگرن.

جا بێتو ئەم تێ بینیانە کەڵکیان پێوە بێت و کەلەبەرێک پڕ بکەنەوە، بێ ئەوەی ئازایەتیەکی منی تێدا بێ، ئەویش هەر لە سایەی لێ کۆڵەرەوە بەرێزەکانە کە توانیویانە ئەم بەرهەمە بەنرخە بخەنە بەردەستی خوێنەران، داوا بکەن هەر کەس زیاتر لەوەی کراوە شتێکی بە خەیاڵدا دێ بابیخاتە روو. پێویستە ئەوەش بڵێم کە چ ئەم تێ بینیانەی من نووسیومن و چ هەر تێ بینیەکی دیکە لە پاشا رۆژدا دەکرێ ببن یا نەبن، دیسان ئەم کتێبە بەم شێوەی ئێستایەوە وەکوو هەیە، هەر شیاوی ئافەرین و قەدر گرتنە و هیچی لێ کەم نابێتەوە.

کتێبێکی «٧٥٠» لاپەڕەیی کە پوختەی گوڵبژێرو بژارەی چەندین بەیازی کۆن و دەفتەری پەرپووت و خەتی کۆلکە خوێندەوار بە شێوەی فارسی و رێنووس نەکوردی و نەفارسی بێ، تێکستەکانی راست بکرێتەوە مانا قووڵەکانی لێک بدرێتەوەو رستە پڕ لە داوەکانی نالی ئاسان و رەوان بکرێ و بخرێتە سەر بارێک هەموو خوێنەری کورد بتوانێ بیخوێنێتەوە و تێ بگا، کارێکی هەروا سانا نییە. تەماشای دوا بەرگی دیوانە بکەن، کلیشەی لاپەڕەی یەکێ لەو چەند دەفتەرانەیە کە دیوانەکەی لێ هەڵێنجراوە، تابزانن شیعرەکان چۆن ساخ کراونەتەوەو خراونەتە سەر رێنووسی کوردی و مانایان لێ دراوەتەوەو تێکڕای ئەم کتێبە چ رەنجێکی لەگەڵ دراوە.

پێش ئەوەی بێمە سەر باسەکەم، دەمەوێ لە دیاردەیەک بدوێم کە لە شیعرەکانی نالی دا بەرچاو دەکەوێت و زۆر سەرنج راکێشە، ئەم دیاردەیە شیاوی لێ کۆڵینەوەی پترە کە لێرەدا جێی نابێتەوە، بەڵام سەرپێیی لێی دەدوێم، ئەویش بەکار هێنانی زاراوەی موکرییە لە لایەن نالییەوە.

وەکوو دەزانین نالی لە بنەماڵەیەکی جافی شارەزووریدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە و پاشان بە هۆی فەقێتیەوە تێکەڵاوی کۆڕی حوجرەکان بووە کە شێوەی ئاخاوتنی جۆر بە جۆریان لە زازاو کرمانجی تورکیاو بگرە تا بادینی و

بلّباس و هەورامی و زەنگنە تێدا بووە. ئەمە گوێچکەی نالی لەگەڵ هەندێ زاراوەی تازەدا ئاشنا کردووە، بەڵام بەشی ئەوەی نەکردووە وشەکانیان بە زۆری باوێتە ناو شیعرەکانیەوە. ئەوەتا سالم و کوردیش کە هاوچەرخ و لێک نزیکی نالی بوون و چەشنی خوێندنیان وەک یەک بووە، شێوە سولەیمانییان نەگۆڕیوە ئەگەر بلّێن ئەمە ئەنجامی سەفەری نالییە بۆ ناوچەکانی کوردستان. بۆ ناوچەی موکریان نەچووە، یا ماوەیەکی زۆر کەم ماوەتەوە، چونکو بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە باسی چوونی نالی بۆ سابلاخ بکا.. مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا لە بارەی نالییەوە دەنووسێ: «ئەو شوێنانەی کە زۆر تیایانا مابووبێتەوە سنەو ساباڵخ و زەردیاوای قەرەداخ و هەڵەبجەو سولەیمانین. لە قەرەداخ لای شێخ موحەمەدی ئیبنولخەییات خوێندوویەتی، لە تەکیەی قەرەداخیش لای شێخ عەلی مەلای خوێندووە، لە سولەیمانی لەمزگەوتی سەید حەسەن لای مەلا عەبدوڵڵای رەش بوە، زۆرتر دەوری موستەعیدی لە خانەقای مەولانا خالید لە سولەیمانی رابواردووە، هەروەها گەلێکیش لە هەڵەبجەو سولەیمانی لای شێخ ئەوڵای خەرپانی خوێندووە». مامۆستا مەسعوود محەمەد بێ ئەوەی ناوی ئەو ناوچانە بێنێ کە نالی پێیاندا گەڕاوە دەنووسێ:

«... خولاسە لەم نموونانەدا شارەزایی نالی بەشێوەی جۆر بەجۆرەکانی ئاخاوتنی کوردی دەرەوەی سلێمانی دەردەکەوێت هەر وەک لە بەکار هێنانی نیشانەی کاری «موزاریع»ی دەرەوەی بابان کە «دە»یە لە جیاتی «ئە» دیسانەوە ئەسەری گەشت و گەڕانی «نالی» بە کوردستاندا پەیدا دەبێت».

ئەم وشەی «ساباڵخ»ە کە مامۆستا عەلائەدین دەیلێ و ئیتر باسی مزگەوت و مەلاکەی تێدا نییە وەکوو لە تەکیە و قەرەداخ و سلەیمانیدا روونی کردۆتەوە، دەمانخاتە گومانێکەوە کە نالی یا نەچۆتە ساباڵخ، یا تەنیا بە رێبواری پێیدا تێپەڕیوە. کەواتە ئەم شێوەی جیاواز لەگەڵ شێوەی سلەیمانی لە کوێ وەرگرتووە و بۆچی بەکاری هێناوە؟ تۆ بلێی لەو رۆژەدا شێوەیەکی یەکگرتوی ئەدەبی لە خەیاڵدا بووبێ؟ ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەکی قووڵتری زاناکانمانە..

.........................................................................

لێرەدا ئەو پارچە شیعرانەی ناو دیوانەکە کە من بەهی نالییان نازانم لەگەڵ بەڵگەی هەڵاواردنەکەیان دەس نیشان دەکەم: ١، ل «٩٥»

روخم رەنگینی رەنگی رووممەتی رەنگینتە، بازا
قەدی سەروم کەمانینی قەدی شیرینتە، بازا
غەریب و بێ کەس و زارو فەقیری خانەدانی تۆ
جگەر سووتاو و ماڵ ویّرانی زولفی چینتە بازا
مەعازەڵلا کە رەحمێکت بە حاڵی زاری مندا بێ
کە ئاخر بەندەیی خاکی دەری پێشینتە بازا
ئەگەر خوێنم دەڕێژی تۆ، ئەوە تیغ و ئەمیش گەردن
ئەگەر بنیادی پەیمان، دەستی من دامێنتە بازا
لە چاوانم هەتا کەی قەترە قەترە خوێن دەکەی ئەی دۆست
کوا ئەم عەهدو پەیمان و وەفا کابینتە بازا
بەنالی باوەڕت نایێ خەیاڵت بێت و بیبینێ
کە چۆن مەشغوولی نەغمەی گۆشەی ناڵینتە بازا

لە فارسیدا دوو وشەی «بازا» هەیە، یەکەم لێکدراوی «باز» و «ئا»یە، کە باز بە مانا دیسان و ئا بە وەرەیەو تێکڕاکە واتا «وەرەوە»یە. «بازا»ی دووەم واتا «دیسانیش». لێرەدا واتای یەکەم هەڵدەگرێ. لە زۆر شوێنی دیوانی نالیدا باسی غەریبی خۆی و لە یار دوور کەوتنە دەکات و بەپەژارەوە بۆی دەناڵێنێ، بەڵام تووشی شیعرێکی وا نابێ کە دەری بخا یار ڕۆیوە و نالی بەجێ هێشتوەو ئەم لێی بپارێتەوە بڵێ وەرەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەم داڕشتنە ناوەستایانەو دەستەوسانییە لە مەیدانی وشە هێناندا!.

لەشیعری یەکەمدا جگە لەوەی رووی خۆی لەبە خاتری رەنگی رووومەتی یار رەنگی هەڵێناوە کە تەعبیرێکی ساویلکانەیە. وشەی «کەمانین» نەلە کوردی و نە لە فارسی دا بەکار نەهاتوە. شیعری دووەم زۆر لاوازە، وەکوو «غەریب و زارو فەقیری خانەدانی تۆ»!.. زارو فەقیری دڵداری هەیە، لێ قەوماو و پەرێشانی دووری یار هەیە، بەڵام زارو فەقیری خانەدان شتێکی نەبیستراوە. نیوە شیعری چوارەم «ئەگەر بنیادی پەیمان» گوایا مەبەستی ئەوەیە بڵێ ئەگەر بناخەی پەیمان دادەنێی، یا تازەی دەکەیەوە، یا قایمی دەکەی.. بەڵام ڕستەکە بە دەستیەوە نەهاتووەو لێ گەڕاوە. ئێستا هەڵدەگرێ بشڵێی ئەگەر بناخەی پەیمان دەڕوخێنی.. شیعری پێنجەم: قەترە لە چاوانم خوێن دەکەی!؟ مەبەستی چییە؟ ئایا خوێن دەکەی مەبەست «خوێن تێدەکەی»ە، یا «خوێن

جاری دەکەی» ؟ یا «خوێن دروست دەکەی»ە، ئیتر چونکو نەیتوانیوە مەبەست بە تەواوەتی دەربڕێ، ڕێگای هێشتۆتەوە کە هەر کەس بە ئارەزووی خۆی لێکی داتەوە. نیوە شیعری دووەمیش «عەهدو وەفا کابینتە» مەتەڵێکە هەڵهێنانی هەروا سانا نییە.

ئەم پارچە شیعرە ئەوەندە سادەو کاڵ دیارە بە ئاسانی دەناسرێتەوە کە جێگای ناو ئەم دیوانە نییە، لە دەسنووسەکانی بەر دەستی لێکۆڵەرەوەکانیشدا نییە و پێیان وایە سادەیە کەچی هەر نووسیویانە چونکو گوایە شەقڵی نالی پێوە دیارە.

..........................................................................».

بەرهەمی نووسراوی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ لەبەرهەمی باخێکی خزمەتکراوی ئەکرد کە هەموو جۆرە میوەیەکی تێدا هەبێ. لەم ساڵانەدا گەلێ بابەت هاتە ناوەوە؛ لە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەدەب، لێکۆڵینەوە. بەتایبەتی ئەدەب و لێکۆڵینەوەکە جارانیش هەر هەبوو، بەڵام لە لێکۆڵینەوەکەدا شێوەو بووچوونەکەی جیا بوو. بەڵێ! لە نێوانی ئەم ساڵانەدا گەلێ بەرهەمی وا هاتە ناو کتێبخانەی کوردییەوە کە جاران شتی وا کەم ئەهاتە ناوەوە، ئەمانە بوون بە سەرمایە بۆ نووسەران بۆ دوان و قسە لێوە کردن. بەوێنە دیوانی «نالی» هەبووە، بەڵام «چم-شەرح»و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکەی نەبووە. ئەم لێکدانەوەیە لەبەرهەمی ئەم ساڵانە بووە، کە شتی وا هەبوو مەعنای وایە سەرمایەیەک بۆ نووسەران هاتە ناوەوە. ئەمە دیسان لە لاپەڕەکانی پەخشانی پێشووی کورددا ڕەخنەو لێکۆڵینەوە هەبووە، کە لە پارچەیەک وە یا لە وتارێک کۆڵیویانەتەوە، بەڵام ئەمە نەبووە کە لە سەراپای کتێبێکی گەورەی «٧٥٠» لاپەڕەیی بکۆڵنەوە، ئەم کردەوەیەش دیسان هەر بەرهەمی زێڕینی ئەم مێژووەیە.

ڕەخنەو لێکۆڵینەوە وەنەبێ لە داهاتوی کورد بوو بێت، لە ناو نەتەوەکانی تریشا هەر هەبووە. ڕەخنە زیاتر روو لە ناتەواوی وعەیب دەرخستن ئەکا، لێکۆڵینەوە بۆ روونکردنەوەی حەقایق و دەرخستنی راستییە، بەبێ ئەو پلار وەیا ڕەخنەیەکی تێدا هەبێ. لە ساڵەکانی ١٩٤٠ بەدواوە دەستی ڕەخنە لە ناو کورد دا زیاتر باوی هەبووە؛ ئەو ڕەخنەیە لە هۆنراو بوو بێت، وەیا هەندێ جاریش لە پەخشان، بەڵام لێکۆڵینەوەیەک کە لە سەرتاپای کتێبێکی گەورەدا بوو بێت، ئەمە بەرهەمی ساڵانی دوای ١٩٧٠یە. خاوەنی پەخشانی سەرەوە لام وایە یەکەم کەس وەیا لە ریزی دەستەی یەکەمایە لەو ڕۆژەدا بۆ شکاندنی ئەو شەقڵە کە لێکۆڵینەوەی لە سەرتاپای کتێبێکا کرد بێت بەبێ ئەوە خۆی

وەیا خاوەن کتێبی شلەژاندبێ..

ناوەرۆکی پەخشانەکەی -کە ئەمەی سەرەوە نموونەیەکە لەو- لە راستکردنەوەی هۆنراوەکانی نالی ئەدوێ، کە زانا مەلاعەبدالکریمی مدرس «چم»ی لەسەر کردووە. رۆحێکی عیلمی و بێ لایەنگری دەستی لە پەخشانەکەیا هەیە. لام وایە ئەگەر ئێمەی کورد هەر جارە بۆ بەرهەمی پەخشانی زاناکانمان بە گیانێکی بێ لایەنگریەوە لەباتی رەخنە بە لێکۆڵینەوە بهاتینایە ناوەوە دوور نەبوو پایەی ناوەرۆکی پەخشانەکانمان گەلێ پێشکەوتووتر ئەبوو. لە مەیدانی زانیاری و گیانی زانستی ئەگەر یەکێک نەفسی خۆی رووت بکاتەوە لە زیادە خۆشویستنی خۆی، بێ گومان ئەو زانیاری و زانستییە زیاتر پێش ئەکەوێ و گیانی برایەتیش زیاتر پتەو ئەبێتەوە.

روخساری پەخشانی خاوەن پەخشانەکەش روخسارێکی سادەو خۆماڵییە، قووڵی تێدا نییە، وشەی بێگانەی زۆر کەم تێدایە، تا ئەندازەیەک دوورە لە گوزارشتی دەستکردی ئەم رۆژە، لە سەلیقەوە هەستاوە. مێژووی پاشەرۆژی پەخشان هەواڵی ئەم پەخشانە لە رووی ناوەرۆک و چێرەوە بە تاسوخ ئەبینێ..

***

گۆڤاری «ئۆتۆنۆمی- الحکم الذاتی» لە ژمارە «٣»ی ساڵی «٢»ی -١٩٧٧- لە ژێر ناوی «چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن»دا، بە زمانی کوردی لەبارەی بەرنامەکەیەوە پەخشانێک بڵاو ئەکاتەوەو ئەڵێ:

«سەعاتی دەی بەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی ١٣/١١/١٩٧٦ ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان چوارەمین کۆبوونەوەی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی سێهەمی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان بەرێز بەکر مەحموود رەسووڵ و بە ئامادەیی بەرێز ئیسماعیل رەسوول ئەحمەد ئەمینداری ئەنجومەن پێک هێنا. بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن لەگەڵ بەرێز ئەمینداردا سەرپەرشتی تەواو کردنی نیسابی قانوونی کۆ بوونەوەیان کرد. سەرۆکی بەرێز بەناوی گەلەوە کۆبوونەوەکەی کردەوەو پاشان رایگەیاند کە بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەیە بەم جۆرەیە:-

١- پەسندکردنی راپۆرتی کۆبوونەوەی پێشوو.

٢- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمانەتی گشتی بەرێوەبردنی کاروباری نیشتەجێ کردن دەربارەی پرسیاری ئەندام بەرێز نووری رەشید.

٣- خوێندنەوەی وەڵامی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی جێ بەجێ کردن دەربارەی

پرسیاری ئەندام بەڕێز نووری ڕەشید.

٤- خـوێندنـەوەی وەڵامی ئەمـانـەتی گـشـتی بەڕێوەبردنی کـاروباری ناوخـۆ دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری ناوخۆ و کۆمەڵایەتی و چاوەدێری کاروباری ئافرەتدا هاتوە.

٥- خـوێندنـەوەی وەڵامی ئەمـانـەتی گـشـتی بـەڕێوەبردنی ڕۆشنبـیـری ولاوان دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لـیژنەی کاروباری پەروەردەو ڕۆشنبیری و ئەوقاف دا هاتوە.

٦- خـوێندنـەوەی وەڵامی ئەمـانـەتی گـشـتی بـەڕێوە بردنی کـشـتـوکـاڵ و چاک کردنی کشتوکاڵ دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لێژنەی کشتوکاڵ وهەرەوەزیەکاندا هاتوە.

٧- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمـانـەتی گشـتی بەڕێوەبردنی گـواسـتنەوەو پۆسـتـەو تەلگراف دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لـیـژنەی کـاروباری دارایی و ئابووری دا هاتوە.

٨- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمانەتەی گشتی بەڕێوەبردنی کـاروباری ئابووری و دارایی دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیـــژنەی کـــاروباری دارایی و ئابووری دا هاتوە.

٩- خـوێندنـەوەی وەڵامی سـەرۆکـایەتی ئەنجـومـەنی جێ بەجێ کـردن دەربارەی پرسیـاری ئەندام بەڕێز عـبـدالمنعم بادی محـمـد سەبارەت بەزیاد کردنی « ٣٠» ملیۆن دینار لە داهاتە پێش بینی کراوەکان بۆ بەرنـامەی سەرمایە دانانی ساڵی ١٩٧٦.

١٠- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمانەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیـــژنەی کـاروباری ناوخـۆیی و کـۆمـەڵایەتی و چاوەدێری کاروباری ئافرەتدا هاتوە.

١١- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمانەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی دەربارەی پرسیاری ئەندام بەڕێز هدایت محمد عبدالرحمن.

١٢- خـوێنددنـەوەی وەڵامی ئەمـانەتی گـشـتی بەڕێوەبردنی ئەوقـاف دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو ڕۆشنبیری و ئەوقاف دا هاتوە.

١٣- خـوێندنەوەی وەڵامی ئەمـانـەتی گـشـتی بەڕێوەبردنی شارەوانی و هاوینە هەوارەکـان دەربارەی ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و هاوینە هەوارەکـان و کاروباری نیشتەجێ کردندا هاتوە.

١٤- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمانەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری نیشتەجێ کردن دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و هاوینە هەوارەکان و کاروبارو نیشتەجێ کردندا هاتوە.

١٥- خوێندنەوەی وەڵامی ئەمانەتی گشتی بەڕێوەبردنی پەروەردەو فێرکردنی بەرز دەربارەی ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پەروەردەو رۆشنبیری و ئەوقاف دا هاتوە.

ئەمجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن گوتی:

لەگەڵ سوپاسێکی زۆر بۆ کاک کەمال میرزا کەریم، لەبەڕێزتان شاراوە نییە کە ئێمە لە سەر خواستنی ئێوە لێپرسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنمان وەرگرتوە،ئێمە رێز لەو خواستە دەگرین ولە ژووروی هەموو ئیعتبارێکیەوە دادەنێین، بێجگە لەوەش کە رەفتاری بیروقراتی لەم ئەنجومەنەدا جێگای نییە. بۆیە باشتر وا بوو ئەم برایە لەگەڵ ئێمەو لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی بەئینسافتر بوایە. لەبارەی وەرگرتنی بڕیارەکانی یاسادانانەوە ساڵی رابوردوو بە روونی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دایەوەو گوتمان پێمان خۆشە یەکەم بڕیاری یاسادانان کە ئەنجومەن وەری دەگرێ بە هێزو گرنگ بێ. وە بۆ چوونمان لەو بارەوە بەو جۆرە بوو. ئەم برایە دەیتوانی لە باری شکڵەوە رێگایەک بۆ هێنانە گۆری مەبەستەکەی بدۆزێتەوە، بەو جۆرە کە لە کاتی خۆیدا پێشنیارە یاسادانانەکەی دابا بە لیژنەی تایبەتی بۆ ئەوەی رێبازی سروشتی خۆی وەربگری، ئەو قسەش کە ئەمە «بیروقراتییەتەو لە بنەڕەتەوە رەفزکراوە» روونی دەکەینەوە کە ئەم رەفزکردنە تەنیا رای کاک کەمال میرزا کەریم نییە، بەڵکوو بەلای منیش وبەلای هەموو ئەندامانی ئەنجومەنیشەوە رەفزکراوە ئێستاش لەگەڵ ئەو پەڕی سوپاسم بۆ تێ بینییەکانی، ئەگەر پرسیارێک هەبێ ئامادەین وەڵامی بدەینەوە.

پاشان بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن گوتی: بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەم کۆبوونەوەی پەسند کردنی راپۆرتی کۆبوونەوەی پێشوویە... کێ رەخنەی هەیە ؟

.......................................................................».

ئادەمیزاد بە سروشت حەزی بە کۆمەڵایەتی کردووە، لەبەر ئەوە لەو رۆژەوە کە دەستی داوە بە ژیانی خێزانییەوە پێویستی بە دەستوورێک هەبووە کە ئەو جۆرە ژیانەی خۆی پێ بەڕێوە بەرێ. بەرە بەرە کە پێش کەوتووە سیستەمەکەشی لەگەڵیا پێش کەوتووە؛ لە ژیانی خێزانییەوە گەیشتە سەردەمی هۆبە، گەیشتە گوند، گەیشتە شار، گەیشتە وڵات.

هەتا ژیانی کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر پێش کەوت، نیزامەکەش لەگەڵیا زیاتر چەسپا، هەتا زیاتر ئاڵا بە باڵای شارستانییەوە، نیزامەکەش زیاتر لق و پۆپی لێ بووەوە. لە دەوری ناوەڕاستی ژیانەکەیا کرنووشی بۆ ئەجرامی تەبیعی وەکوو هەورو برووسکە ئەبرد، ئەم کرنووشەی هەندێ جار بۆ ئەوە بوو کە خێرو خۆشی لێ دەستکەوێ، هەندێ جاریش لەبەر ئەوە کەلێ ئەترسا بۆ ئەوە بوو کە خۆی لێ بپارێزێ نەوەک تووشی چورتمێکی بکا.

کەوابوو نیزام هەر لە کۆنەوە هەبووە، ئادەمیزادەکە زۆر بەو چەشنە ڕاییواردووە، لەم ڕابواردنی بەم جۆرەی دا دەسەڵاتداری بەهێز پەیدا بووە بۆ چەوساندنەوەی بێ دەسەڵاتان. لەم کاتەدا پێغەمبەران پەیدا بوون، بەنیزامێکی دادپەرستی کە مافی هەموو کەس بپارێزێ هاتنە ناوەوە، ئەو نیزامە بوو بە قانوونێکی دینی و ناوبرا بە قانوونی ئاسمانی، ئەو قانوونە بە هیچ جۆر جێگای دەستکاری وهەڵوەشاندنەوە نەبووە مەگەر پێغەمبەرێکی تر هاتبێت وقانوونە ئاسمانیەکی تری هێنابێ وئەوی پێشوی لادابێ. هەر نەتەوەیەک چووبێتە ژێر خێوەتی ئەو دینەوە پەیڕەوی ئەو قانوونەی کردووە.

قانوونێکی تر هەیە کە پێ ئەوترێ قانوونی دانراوی ئادەمیزاد. ئەمەیان هەموو دەم جێگای دەست لێ دانەو گۆڕانی بە سەرادێت، وەکوو قانوونی حکومەتەکان، هەر حکومەتێک بە پێ ئاوو هەوای ناوچەی خۆی قانوونێک دائەنێ و لەسەری ئەڕوا، بە مەرجێک کە قانوونەکەی پێچەوانەی قانوونی ئایینەکەی نەبێ. هەروەها زرووفی ناوچەی حکومەتێک ئیمرۆ پێویستی بە قانوونێک هەیە، ئەو قانوونە دائەنێ، لە پاش ماوەیەکی تر ئەو شتە کە بوەتە هۆی دانانی ئەو قانوونە ئەو شتە نامێنێ و شتی تر دێتە پێشەوە، ئەویش ئەو قانوونە لائەباو قانوونێکی تر دروست ئەکا.

زرووفی حکومەتی عیراق وای هێنایە پێشەوە کە لە ڕۆژی ١١ی مارتی ساڵی ١٩٧٠ بەیانێک بۆ خود موختاری کوردی عیراق دەربکا، لەو بەیانەدا دانی نا بە هەموو مافێکی کورددا. ماوەی چوار ساڵ بۆ چەسپاندن و دامەزرانەکەی هیچ قسە نەبوو، لەپاش چوار ساڵە دەستکاریەکی تری بەیانەکە کرا، لە ١١/٣/ ١٩٧٤دا بەناوی قانوونی خود موختاری ناوچەی کوردستان، قانوونێکی تازەتر دەرچوو بۆ دانانی «ئەنجومەنی یاسا دانان و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن – مەجلسی تەشریعی و تەنفیذی»، بنکەکەی لەشاری هەولێر بێت، دوا بە دوای ئەمە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دانران، یەکەم کۆبوونەوەیان لە یەکەم شەممەی تشرینی یەکەمی ١٩٧٤دا بوو لە هەولێر، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەندامانی «ڕاپەڕاند»یش هەڵبژێرران و ئیتر هەر لەو ڕۆژەدا دەستکرا بەئیش. تا سێ ساڵێک–کە

دەورەی یەکەم بوو- تا ئەندازەیەک ئیش و کار ئەڕویشت. لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی یاسادانان گۆڤارێکی دەرکرد کەهاڵو هەواڵی ناوچەی کوردستان و کاروباری ئەنجومەنی ئەنووسی. ئەو دەقەی سەرەوە نموونەیەکە لە نووسینی ئەو گۆڤارە کە گوزارشت لە ڕەوڕەوەی پارلەمانێک ئەداتەوە. هێنانی ئەو دەقە لێرەدا وەنەبێ هەر بۆ ڕوخسارەکەی بێ بەڵکوو بۆ ناوەرۆکەکەیە زیاتر.

ئەم کتێبە مێژوویەکە بۆ پەخشانی کوردی؛ بۆ ئەوەیە کە مێژووی لەمەودوا کاتێ کە ئاوڕ ئەداتەوە بەلای رابوردووی پەخشانی کوردییەوە ئەم لاپەڕەشیە بەر چاو بکەوێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو دەرورەش بەسەر کورددا هاتووە کە بە پەخشانێکی وا گوزارشتی لێ بداتەوە.

من لە نووسینی ئەم کتێبەو ئەم باسەدا ئێستە لە ساڵی ١٩٨٢دام، ئەو ئەنجومەنی یاسادانانەش هەر هەیە، ئەوەندە هەیە بوونەکەی ئێستەی هەر ناوە. بەڵێ! ئەندامەکانیش هەر هەن، کۆشکەکەش هەر هەیە، هەولێریش هەر هەیە، بەڵام ناوەرۆک و مەفهوومەکەی خوا ئەیزانێ! لە دوای سێ ساڵی یەکەم هەتا ئەم ڕۆژە هەر لەکزییە. وەکوو لەسەرەوە باسم کرد ئەو قانوونانەی حکوومەتان دایئەنێن و پێ ئەڵێن قانوونی «وضعی» زرووفی ئەو ڕۆژە دروستی ئەکا، کە ئەو زرووفە نەما ئەو قانوونەش نامێنێ. ئەمەو شتێکی تریش: من خۆم یەکێکم لەو کەسانە کە گەلێ کارەساتم بە چاوی خۆم دیوە، سیاسی و غەیری سیاسی، کارەساتە سیاسیەکان کاتێ کە گوایە کەوتوونەتە سەر کاغەزو خراونەتە بەر چاوی خەڵک سەیرم کردووە ئەم نوسراوەو کارەساتە ئەسڵییەکە زۆر دوورن لەیەک. مەبەستەکە ئەوەیە مەرج نییە لەم بابەتانە هەر شتێک بەرچاو کەوت، ئەو شتە تەتبیقیشی لەگەڵابووە. هەر لەبەر ئەمەیە کە مێژووی بەستەزمان گەلێ جار بە زمانی حاڵی نەفرین ئەکا لە ڕۆژانی پێش خۆی!!.

* * *

«پرۆفیسۆر - قەناتی کوردۆ» لەبەرگی شەشەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٧٨، لەژێر ناوی «دەرهەقا شۆڤید مەم و زینا» بە شێوەی بادینی پەخشانێکمان ئەخاتە بەردەست و ئەڵێ:

(دەرهەقا شۆڤید «مەم و زینا» زار گۆتی و شۆڤا «مەم وزینا» ئەحمەدی خانی «ژ نڤیسارا پەیڤەندیا فۆلکلۆرو لیتێرا نوورا کوردی».

گەلەک بەیت و داستانێد کوردی بێد هێژاو ب نرخ هەنە. ژ وان بەیت و

داسـتـانان داسـتـانا «مـەم و زینێ» داسـتـانا هەرە هەواسکارە، دلرەڤـینە و دلخوەشە. ل هەموو گۆشێد کوردستانێ، ل هەموو جی و وارێد کورد تێدا دژین، ناڤ و دەنگێ وێ داستانێ تێ بهیستن، چیرۆکبێژو دەنگبێژ وێ ب دل و جان ب زار گلی دکن، دسترێن، یان ژی ب کێفخوەیشی و خوەشحالی ب نڤیسارا ئەحـمـەدێ خـانی دخـونن و دلی خـەلقێ پێ هەیجـان دکن. لێ سـەد حـەیف و مـخابن، کو هەتا نکا کەسەکی دەست پێ نەکرییە هەموو شۆڤێد «شیڤەیێد» «مەم و زینا» زار گوتنێ ژ زارێد چیرۆکبێژان و دەنگبێژان نە نڤیسینە، کۆم نەکرنە، ل بەر هەڤـۆکە کێدا چاپ نەکرینە. بەشێ کوردناسـیـیـا ئینسـتـیـوتا رۆهەلاتناسییا لێنینگرادێ ژ زووڤا قرار کر بوو، کو شۆڤێد «مەم و زینا» زار گوتنێ کۆم بکن و چاپ بکن، کو لێگەرۆک «لێکۆلێنەر» ید بەیت و داستانێد کورد ل پاشەرۆژێ مژوولی ڤەرساندن و بشکافتنا وان بن ل ناڤ چەند سالان خەباتکارێد پێـشی کوردناسـیـیـا مە سـێـزدە شـۆڤـێـد «مەم و زینا» زار گـۆتنا نەتەوەیی کۆم کرنە.. ئەو شۆڤ ئەڤن:

شۆڤا ژمارە «١» ل سالا ١٩٢٦دا لە گوندێ گۆزەلدەرێ نەحییا ئاپارانێ کۆمارا ئەرمەنستانێ ب دەستی ئەمینێ عەڤدال هاتییە نڤیساندنێ، تێکستی وێ ل سالا ١٩٣٦دا ل ئێریڤانێ ل بەر هەڤۆکا «فولکلۆرا کورمانجادا» چاپ بوویە. مە ئەڤا شۆڤا ژ وێ کتێبی هلچاندییە.

شۆڤا ژمارە «٢» ب دەستی ئەلبێرت سۆسن هاتییە نڤیساندنێ و ل سالا ١٨٨٧دا ل پیـتـێـربورگـێـدا چاپ بوویە. مـە ئەڤـا شـوۆڤـا ژی ژ وێ کـتـێب «کوردیسچ سامملونگێن» هلچاندییە.

شـۆڤـا ژمـارە «٣» ب دەسـتی ئەلێکسـاندر ژابا ل ئەرزروومێ هاتـیـیـە نڤیساندنێ. ئەڤا شۆڤا نەخشێ ب زار گوتنا «مەم و زینا» ئەحمەدێ خانییە، نڤـیـسـارا وێ شـۆڤێ نکا ل ئارخـیـڤـا ئینسـتـیـتـوتا رووهلاتنا سـێـیێ ل لێنینگرادێدایە.

شۆڤا ژمارە «٤» ل گوندێ کلیسێ نەحییا حەلەبێ «سووریا» ب دەستی جەعفەر ئاغا هاتییە نڤیساندنێ و ل بەر هەڤۆکا لێکۆک «کوردیسچ تێکسدا» ل بێـرلینێ سـالا ١٩٠٣ چاپ بوویە. مـە ئەڤـا شـۆڤـا ژی ژ وێ کـتـێـبێ هلچاندییە.

شۆڤا ژمارە «٥» ب دەستێ هۆگۆ ماکاش ژ زاری محەممەد ئەمینێ خەلقێ مێردینێ هاتییە نڤیساندنێ و ل سالا ١٩٢٦دا ل لێنینگرادێدا چاپ بوویە.

مە ئەڤا شۆڤا ژی ژ کتێبا هۆگۆماکاش «کوردیسچ – تێکست» هلچاندییە.

شۆڤا ژمارە «٦» ب دەستێ هارتمان هاتییە نڤیساندنێ. ئەو تێکست ب زارێ کۆرمانجێد نەحییا تورابدنێ هاتییە نڤیساندنێ، دەستنڤیسارا وی تێکستێ نکا ل ئارخێڤا ئینستیتوتا رۆهلاتناسییدا ل لێنینگرادێدایە.

شۆڤا ژمارە «٧» ب دەستێ مەکسیمێ خەمۆ ل سالا ١٩٦٣دا ل لێنینگرادێدا ژ زارێ محەمەدێ سادقێ بامەرنێ نەحییا بەهدینانا ئیراقێ هاتییە نڤیساندنێ. ئەڤا شۆڤا جارا ئەوەل تێ چاپکرنێ.

شۆڤا ژمارە «٨» ب دەستێ ئەرداشێ ئەمۆیێ عەرەب ژ گوندێ کارڤانسەرایێ نەحییا ئاپارانێ کۆمارا ئەرمەنستانێ هاتییە نڤیساندنێ. ئەرداشێ ئەمۆ نکا ل رۆستاڤلێدا دژی، ئەڤێ دەستنڤیسارا خوە ژ قەناتێ کوردۆرا شاند کو، چاپ بکە.

شۆڤا را ژمارە «٩» ب دەستێ ئۆردیخانێ جەلیل هاتییە نڤیساندنێ ژ زارێ گوندیێ سیجانلوویێ، نەحییا تالینێ، کۆمارا ئەرمەنستانێ.

شۆڤا را ژمارە «١٠» ب دەستێ مەکسیمێ خەمۆ ژ زارێ حوسەینێ عەلیێ خەمۆ ل گوندێ جیباغەزێ نەحییا ئاپارتێ کۆمارا ئەرمەنستانێ هاتییە نڤیساندنێ.

شۆڤا را ژمارە «١١» ب دەستێ حاجییێ جندێ هاتییە نڤیساندنێ و ل بەرهەڤۆکا فولکلۆرا کورمانجادا ل سالا ١٩٣٦دا ل ئێریڤانێ چاپ بوویە. مە ئەڤا شۆڤا ژ وێ کتێبێ هلچاندییە.

شۆڤا ژمارە «١٢» ب دەستێ ئەمینێ عەڤدالێ ل گوندێ کارڤانسەرایێ ل زارێ خدۆیێ قاسۆ هاتییە نڤیساندنێ؛ گوندێ کارڤانسەرا سەر نەحییا ئاپارانێ بوو. نکا ل یەر نەحییا ئەرتیکێیە «کۆمارا ئەرمەنستانێ». ئەڤا شۆڤا ل سالا ١٩٣٦دا ل بەر هەڤۆکا فۆلکلۆرا کورمانجادا هاتییە چاپکرنێ؛ مە ئەڤا شۆڤا ژ وێ کتێبێ هلچاندییە.

شۆڤا ژمارە «١٣» ب دەستێ ئۆسکارمان ل هەرێما ساوجبلاخێ «مهابادا نها» هاتییە نڤیساندنێ و ل سالا ١٩٠٦دا ل بێرلێنێ ل بەر هەڤۆکا «کوردیسچە پێر سچ قورسکۆنگاندا» چاپ بوویە. مە ئەڤا شۆڤا ژی وێ کتێبێ هلچاندییە.

پارا کوردناسییا لێنینگرادێ ئەڤ هەمو سێزدە شۆڤێد «مەم و زینا» زار گوتنێ ب ئەلفبای لاتینی حازر کرییە بۆنا چاپکرنێ. ئەڤا گوتارا من دەرهەقا

شۆڤێد «مەم و زینا» زار گوتنێ و شۆڤا «مەم و زینا» ئەحمەدێ خانێ هاتییە نڤیساندنێ کو وێ ل بەرە ڤۆکا وان شۆڤاندا چاپ بکن. لێ چاپکرنا وان دەرەنگ دکەڤە. سەبەب وێ یەکێ من قرار کر وێ گوتارا ل گۆڤارا کۆرا زانیارا کورددا چاپ بکم، جمکی نکا گەلەک زانیارێد کورد ب لێگەرینا شۆڤێد «مەم و زینا» فۆلکلۆریڤا مژول دبن، دخوەزن هەڤبەندێ و عەلەقەتییا وان شۆڤان ب «مەم و زینا» ئەحمەدێ خانێ ڤەرەسینن، بشکڤینن یەکێتی و جوداتییا وان و یا «مەم و زینا» ئەحمەدێ خانی ڤاژی و ئاشکەرا بکن. ئەز دڤێ گوتارا خوەدا ب ڤان پرسەڤا مژول دبم. ب فکرا من چاپکرنا وێ دێ سودمەند بە.

ژوان سێزدە شۆڤێد ل ژۆرێ ناڤێ وان نڤیساندی گەلەک شۆڤ یێد کەڤن یێد کو ژۆڤا هاتنە چاپکرنێ، شۆڤێ ئالبێرت سۆسن ل پاشی نیڤی قورنا ١٩ چاپ بوویە، یێد دن ل نیڤی قورنا بیستاندا چاپ بوونە. ئەو شۆڤ ئەڤن:

شۆڤێ مەم و زینا لێکۆک، یێ مەم و زینا ئۆسکارمان، یێ مەم و زینا س. ئایکونی، یێ مەم و زینا هۆگۆ ماکاش، یێ مەم و زینا ئەمینێ عەڤدال، یێ مەم و زینا حاجییێ جندێ، یێ مەم و زینار. لێسکۆ ب مەعلومەتێ یێد فولکلۆر زانێ کورد حاجییێ جندی ئەم دکاران بێژن، کو چەند شۆڤێد «مەم و زینێ» ژ زارێ ئەرمەنییان هاتنە نڤیساندنێ، لزارێ وان ئەرمەنییان هاتنە نڤیساندنێ، یێد کو بەرێ شۆرشا ئاکتیابرێ جیرانێ کوردێد ئەرمەنستانا رۆئاڤا بوون.

..........................................................................».

داستانی مەم و زین داستانی دوو دڵارام بووە لە ووڵاتی - بە گوزارشتی من - بۆتان. ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەهەمدا ئەم داستانەی لە دەم بە دەمەوە هێنایە سەر رێختی هۆنراوو بە درێژایی ساڵانی دوای ئەو مێژووە لە هەموو کۆڕو دیواخانێکی ئەو وڵاتەدا ئەخوێنرایەوە. داستانەکانی قەیس و لەیلای عامری و شیرینی ئەرمەن و خوسرەو پەرویز - کە فەرهادی کۆکەن بوو بەقۆچی قوربانی ئەو مەیدانە - لەبەر ئەوە نەتەوەکەی ئەوان بە درێژایی چەرخ خاوەنی حوکم و پایەو مایە بوون، بوون بە داستانی عالەمی، داستانی مەم و زین لەبەر ئەوە کورد نە سەربەستیەک و نە ئازادییەکی هەبوو، دەنگی ئەو داستانە هەر لەناو چوار دیواری وڵاتەکەی خۆیانا بە کپی مایەوە، تەنانەت نەگەیشتە وڵاتی «سۆران»یش! تا لەم ساڵانەی سەدەی بیستەمدا «پیرەمێرد»ی سولەیمانی ئەو دەنگەی گەیاندە وڵاتی سۆرانیش.

ئەی ئێـمـە بزانین کە بە سەدهاو بە هەزاران هەمـوو جۆرە رووداوو داسـتـانمان هەبووە، بەڵام لەبەر ئەوە کە سەربەستی و ئازادی نەبووە هەموویان لە شوێنی خۆیان پووکاونەتەوە. ئەمـە کـە من ئـەڵـێم وەنەبێ لەبەر ئەوە بێ کـە دەمـار ئەمگرێ بۆ کـورد، بەڵکوو شـتـێکی واقعییەو ئەیڵێم؛ ئەوە ئەڵێم کە نەتەوە ئەبێ هەموو شتێکی هەبێت، ئەبی سەربەستیشی هەبێت، کە سەربەستی نەبوو هەموو شتەکەی ئەڕوا. تەنانەت ئەرمەن لەگەڵ ئەوەش کە سەربەستی درێژی نەبوو هەر توانی داسـتـان و کەلەپووری خۆی بپـارێزێ و نەیەڵێ وەکوو خۆڵەمێشی ناو ئاگردانی لێ بێت. ئێمە نازانم بۆ چی وا بووین؟ تۆ بڵێیت هەر وا بین؟!.

نموونەی دەقە پەخشانی خاوەن پەخشان چەند شتێک بۆ ئێمە دەر ئەخا؛ یەکەم کۆشش کردن بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردی لە شێوەی بادینانا کە لە سەرەتای ئەم سەدەی بیستەمەوە دەستی پێ کردووە. دووەم ئەوە دەر ئەخا ئەو بیانانە کە بە ناوی گەڕانەوە – لەبەر هەر مەبەستێک بوو بێت – خەریک بوون بۆ ئەوە ئەو شتانە کە داستانی نەتەوەیی کورد ئەچەسپێنێ لەگەڵی خەریک بن و کۆی بکەنەوە. سێیەم کوردی وڵاتی بادینان لەبەر نزیکی شێوەیان بە کوردی وڵاتی رووسیاوە توانیویانە پێشتر بکەونە سەر بیرو باوەڕی ئەڵهای ئەو شتانە کە باری رۆشنبیری و کەلەپووریان زیاتر رووناک ئەکاتەوە. لەبەر ئەوە کە لە جەزرەبەی ژێر دەستەییدا لەگەڵ ئەرمەنەکانا هاوبەش بوون، کۆششی ئەوان لەباری داستانی نەتەوایەتیانەوە بوو بێت بە هاندەرێک بۆ ئەمانیش.

ئەمەو لەرووی روخساری پەخشانیشەوە وەکوو لە نموونەکانا بۆمان دەرئەکەوێ شێوەی ئاخـاوتن و نووسـینی هەر بەشـە هەرێمـێکی ئەو وڵاتە جـۆرە شـێـوەیەکی هەیە کـە تا ئەندازەیەک هەستی پێ ئەکرێ کە هەندێکی قورسترە لە هەندێکی تری. لە پاش ١٩١٧ کـوردە دانیشـتـوەکـانی ئەو وڵاتی رووسـیـاتە، رۆشنبـیـرەکـانی زۆر ئازایانە توانیـویـانە بۆ زیندوو کردنەوەی کەلەپووری کوردی هەنگاوی چالاکانە بهاوێژن، بەڵام لەبەر پەرژینێک کە لە نیـوانی کوردی سۆران و گەلێک لەوانا ئەو بەرهەمانە نەکەوتنە وڵاتی سۆرانەوە. کە لە دوا بە دوای ساڵانی ١٩٥٨ ئەو پەرژینە نەماو بە تایبەتی لە مـیـانەی ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٨٠ لێشاوی بەرهەم و نووسراوی ئەوانیش کەوتە سۆرانیشەوە.

نموونە پەخشـانی سەرەوە یەکـێکە لە وێنەی بەرهەمی رۆشنبـیـرانی کـوردی ئەو وڵاتە. مـێژوو کە سەیری چێرەی شـێـوەکـانی بادینان ئەکا بە ئاشکرا بۆی دەر ئەکەوێ کە رێختی پەخشـانەکـانیـان لەباری شێـوەی زانیـارییەوە چ جـۆرە رێختـێکی هەیە؟ وە ئەوەی بۆ دەر ئەکەوێ کە تێکڕای پەخشـانەکانی کـوردی – بەهەر جـۆرە شـێوەیـەک ببێ – کـورد پێکەوە

ئەبەستێ..

* * *

«حەمە بۆر – هووشەنگ» لە ژمارە «٦»ی گۆڤاری «بەیان»ی ساڵی ١٩٧٨ لەژێر ناوی «شوێنەواری کوردی لە ژووروی ئەفەریقادا» نموونەی پەخشانێکی ئەو رۆژەو ئەو گەشتەمان ئەخاتە بەر دەست و ئەڵێ:

«لە نزیکەی ٨٥٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە خێڵی ئەییوبیان بەهاریکاری دوا خەلیفەی «فاتمی»یەکان گەیشتە میسر، تا کوو «عاضید»ی خەلیفە لەمەترسی «شاور»ی وەزیری رزگار بکات، ئیتر هەر لەو کاتەوە هەتا برانەوەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی دوا نەوەی سەلاحەدینی ئەییوبی ئەم خێڵە بە سوپای کوردانەوە هەر دەستەڵاتداریی سەر میسرو زۆر شوێنی تری ناوچەکانی ژووروی ئەفەریقاو عیراق و سووریاو فەلەستین و لوبنان و جێگایانی تر بوون، بە رادەیەک سەری ئیسلام و کوردو عەرەبیان بەرز کردۆتەوە.

لەو ماوەوە هێزی سەرۆکایەتی کوردانی لە مەڕ ئەییوبیان دا کە ئەوسا بە هێزی ئیسلام و عەرەبەوە پێشڕەوو شاسواری هەنگەکانی «سەلیبی» هەر خۆیان بوون، هەموو ئەورووپاشیان هێنابووە لەرزەوە ، ئەو کوردانە بە لێهاتووی خۆیان توانیان خۆیان بسەپێنن بەسەر گەلانی ناوچەکەدا، بە رادەیەک کە شوێنەواری گەلێک لە شێوەو رەوشت و خوو و نەریتی کوردانە لە جۆری بەرگی کوردی و ئاوازو موسیقاو هەڵپەرکێ کوردی و شێوەی ئاوەدانی و فەلسەفەو بڕوای گەلی و ئایینی و تەنانەت گەلێک وشەو ناوی کوردی هەر لەو ساوە بەو ناوچانەدا بڵاو بۆتەوە، بەجۆرێک وەکوو کەرەستەی خۆ جێیان لێهاتوەو هەتا ئێستاش هەر بە کوردێتی لەو شوێنەوارە عەرەبییانەدا ماونەتەوەو، لەو ناوە بە بێگانەیان نازانن تا خۆیانی لێ رزگار بکەن، سەرەڕای ئەو هەموو ئاڵ و گۆڕی ئەم چەند سەدان ساڵەی جۆرەها فەرمانڕەوایی جیا جیای ئیسلامی و عوسمانی و عارەبی و ئەورووپایی و بەتایبەتی ئیستعماری فەرەنسایی و ئیسپانیایی و کێ وکێ.. نەیانتوانیوە ئەو ناوچانە لەم کەلەپوورە کوردییانەی پاشماوەی کوردانی سەرینی ئەییوبییانی پاک بکەنەوە، ئەمە جگە لە کاریگەری بڵاو بوونەوەی رۆشنبیری و وێژەی تورکی و فارسی و ئیتالیایی و یۆنانی و چی و چی.. لە نیشتمانی مەغریب و جەزایرو توونس و لیبیاو میسردا، واتا لەهەموو ژووروی ئەفەریقادا، کە لە گەشتەکانی ئەمساڵانەی دواییمدا بۆ ئەو ناوچانە بۆم دەرکەوتوون و لەم

نووسـینەدا لە هەندیکیـان ئەدوێم، بە هیـوای ئەوەی کـە جـارێکی تریش لەم لایەنە بدوێم.

ئەوەتا هەمـوو گـۆرانییـە مـیللییـەکانی مـەغـریب و جەزایرو توونس و بە بەربەرییەکانیشیانەوە رەگ و چێژی سازو ئاوازی کوردییان بە ئاشکرا تیایە، وەهەمـان سـۆزی ئاوازی کـوردیش ئەدەن بە گـوێگرو، ئەوەی شـارەزای گـۆرانی کوردی بێت بە تەواوی لەم راستییە ئەگات. ئەمە جگە لە نزیکایەتی مۆسیقاو گۆرانی ئەو ناوچەیە بەهینی رۆژهەلاتەوە بەهی بەربەری و ئەفەریقایی و شوێن و گەلانی بەندیوارییانەوە. خۆ کورە! سازو ئاوازو بەزمی هەڵپەڕکێ و ئاهەنگ و شایی و چەمەرو چووپییەکـانیـان زۆر رەگی شێـوەی کوردانەیان تێدا بەرچاو ئەکەوێ، ئەمەش پێویستـی بە لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی سـازو ئاوازی کوردی هەیە کـە لەم شـوێنانەدا بکەونە بەراوردو شـوێن هەڵگرتن، بروایشم وایە ئەو کارە بەنرخترین ئەنجامێکی لە مووسیقاو ئاوازو ئاهەنگدا لێ بەرهەم دێت کە کتێبخانەی کوردی زۆر پێویستی پێیانە.

کۆمەلایەتی:

لە رەوشـتی مـیـوانداری و دراوسـێـتی و بەیەکـەوە بوون و زۆر شـتی کـەی مـیللی و نەریتی ناو ژنـان و سـەربەسـتـی ئافـرەتدا وەک ئێـمـەن. لە هەندێ فەلسەفەو بیرورایەکی میللی ئایینی و جنۆکەو خێوو سەر شێخ و مەزاران و پەڕۆ بە دارو شـەخسـەوە بەسـتنی و، لە پەیوەندیدا بە شـێخ عـەبدولقـادری گـەیلانی «غـوث»ەوە زۆر لە کـورد ئەچن. بۆ وێنە لە شـاری «مـیـکناس» لە سـەرووی مـەغـریبـەوە مـزگـەوت و گـەرمـاوێکی شـوێنەواری «غـەوس» مـاوەو بەلایانـەوە پیـرۆزن و ئەڵێن گـوایە غـەوس زۆر دڵی بەو گـەرمـاوەوە بووەو زۆر ژیانی لە «میکناس» لەو گەرماوەدا بەسەر بردووە. لە توونسیش هەمـان بڕواو شـوێنەواری غـەوس و ئالاکەی هەر پارێزراوو پیـرۆزن و زۆر فـامـیلیـاش لەوێ بەسەر بەرزییەوە خۆیان بە نەوەی ئەو ئەزانن، کە ئەویش کوردی گەیلان بووە.

هەروەها مــەزاری ژنێکی خــواناسی بەناوی «لالانـەنێ»وە لـە توونـس دا هەیە، کـە نەک نـاوەکـەی وەک کـوردانە بێ وایە، بەڵکوو نەریتی چوونە سـەر مـەزارەکەی لە رۆژانی هەینی داو بە ناوی «نیـاز»ەوە بەخشـینەوەی خـواردن و شـیـرینی «حـەلوا» لە هی کـوردان ئەکـات و لە دواترا ئەگـەرێمـەوە سـەر لێکدانەوەی ناوەکەی.. بەداخەوە مەزارەکەی «فەقێ قادری هەمەوەندی»م لە لیبیا بۆ نەدۆزرایەوە کەوا هۆنەرێکی بەرزی کوردو سەرۆکی تیرەی هەمەوەند بووە، لە بە دەسەلاتیدا عوسمانیەکانی گێژ کردبوو تا لە هێرشێکی خوێناویدا

تورکەکان بە دەستبەسەری لەگەڵ ناودارانی خێڵەکەیدا ناردیانە تەرابلوس و بەنغازی کە گوایە ئێستاش گۆڕەکەی مەزارگایەکی پیرۆزە. لە هەلێکی کەدا بە درێژی لەمە ئەدوێم بە بەڵگەی هەڵبەستی ئەو سەرێنییەوە.

سروشت:

گەلێک روەک و باڵندەو ئاژەڵی کەوی و کێوی ئەوێ و ئێرە وەک یەکن، تەنانەت لە باخچەی ئاژەڵانی توونس «بێلی ڤی دێر»دا پۆلە کەوێکم چاو پێ کەوت کە کەمێک لە کەوی لای ئێمە بچووکترن. جۆری «مەڕی جافی» دووگ درێژو پانی کوردیم لە توونس و مەغریب و جەزایرو میسردا دیوە بە زۆری کە ئەشێ هەندێ لەو جۆرە ئاژەڵ و باڵندەو روەکانە بەهۆی کوردەکانەوە لێرەوە بۆ ئەوێ و لەوێوە بۆ ئێرە گوێزرابنەوە. ئەوەش ناکەم بە ژێر لێوەوە کە سروشتی هەڵکەوتنی خاک و شاخاوێتی مەغریب و توونس و جەزایر زۆر بە سروشتی خاکی کوردستان ئەکات، ئەوەندە هەیە دەستی چاودێری لەواندا یەکجار زۆرە.

بەرگ و پۆشاک:

لە شاری «حەلوان»ی خوار قاهیرەدا سەرپێچی ژنانە ئەبینرێت. لە قاهرەشدا سەر پێچی جامانەی پیاوانەو شەرواڵی پیاوان لە زۆر شوێندا ئەبینرێ، بە تایبەتی لە ناو چینە هەژارو کرێکارەکاندا. لە میسرو مەغریبیش ئاوەڵکراسی دەرەلنگ فش و فۆڵی پزوو تێخراوی ژنانەی وەک هی کوردانە لە بازارە میللیەکاندا ئەفرۆشرێت.

.........................................................................

جا دوا وتەم ئەمەیە: کە بەلای منەوە گەڕان بە دووی ئەم شوێنەوارو کەلەپوورە کوردییە ئاوێتەو ئاوارە بوانەماندا نەک لەو ناوچانەدا لێیان دوام، بەڵکوو لە هەموو ناوچە ئیسلامییەکانداو بە تایبەتی لە «یەمەن»دا بەرهەمی بناغەیی مێژوویی و وێژەیی و زمانی کۆمەڵایەتی بەنرخ بەدەست دێنێت، جگە لەوەی کە لە سەرچاوە چاپکراوە میللی و فۆلکلۆرییەکانی ئەو شوێنانەدا ئەم نزیکایەتییەی من لە پەیکاری بووم لەم نووسینەمدا رەچاو ئەکرێ، ئەمەش چاوەڕوانی دەستەچن و هەڵهێنجانی دڵسۆزانەیە...»).

**لەساڵی ١٩٥٦دا بەناوی «گەشتێک لە کوردستانا» گەشتێکی نووسەری ئەم کتێبە بە زمانی کوردی چاپکرا. لە لایەن خاوەنی ئەم دەقەی سەرەوەش گەڕانێکە کە لە وڵاتێکی بیگانە کراوە. گەلێ جار لە گۆڤاری گەلاوێژدا لە لایەن نووسەرانی ئەو سەردەمەوە گەشتنامەی کوردێک کە چوویێتە دەرەوە هەر بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەمەی ئێرە گەشتێکە**

کە لە سەلێقەی یەکێک دەرچووبێ بە ڕێختی ئەو کوردییە کە لە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ باوی بووە هاتۆتە بەرهەم.

بێگانەکان کە ڕێیان کەوتۆتە وڵاتان ئەوی بەسەریانا هاتوەو ئەوی دیویانە هەموویان تۆمار کردووەو هێشتوویانەتەوە ئەمەیان کە کردووە بۆ ئەو ڕۆژەیان نەکردووە، بەڵکوو بۆ ڕۆژانی پاش ئەو ڕۆژەیان کـــــردووە کـــــە، بەرەی دوای ئەوان لەبەر ڕووناکی چرای پێشینەکانیان ئەوی هەردووڵایان ئارەزوویان کردووە وەری بگرن. هەر ئەمە بووە کە بووە بە سۆنگەی ئەوە، ئەوان توانیان وردە وردە خێرو بێری وڵاتان وەربگرن و بەڵکوو بوون بە داگیرکەری شوێنان. کەوا بوو نووسین لە بارەی شتی دەرەوە - بەتایبەتی - تەنیا خوێندنەوە نییە بۆ وەخت ڕابواردن، بەڵکوو تەزوێکە کە بە مێشکیا دێت و ئەو تەزوە ئەو مێشکە ڕائەچەنێ بۆ ئەوە بیر لە خۆی و لە ڕۆژی خۆیو لە ڕووداوی وڵاتان بکاتەوە، لەئەنجاما دێتە سەر ئەوە کە بڵێیت: بۆچی وڵاتانی تر گەیشتوونەتە ئەو دەسەڵاتەو بۆچی من هەروا وەکوو ئاوی مەند ماومەتەوە؟!

ئاگادار بوون لە چۆنیەتی ڕابواردنی ئەهلی وڵاتان و شوێن و جێگایان کەڵکێکی زۆری هەیە بۆ هەموو نەتەوەیەک، بە تایبەتی بۆ نەتەوەی کورد، چونکە ئەم لەماوەی ژیانیا بەهۆی گەلێ شتەوە هەر گۆشەگیر بووەو هەر چاوی بە ئەستێرەی وڵاتەکەی خۆی پشکوتووە، هەموو گەڕانەکەی یا بۆ حەج بووە، یا بۆ پایتەختی ئەو حکومەتانە بووە کە ئەمی تێکڵاو بووە، ئەویش کە چووبێ بۆ وێ بۆ ئەوەبوو کە ئیشێک بدۆزێتەوە کە بە هۆیەوە نانێکی دەستکەوێ، بە درێژایی مێژووی هەرواوبوو، مەگەر لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم بەم لاوە نەبێ کە ڕۆشنبیرانی کورد ڕێگایان کەوتە پایتەختەکان و خەبەریان بووەوە کە نەتەوەی تر چۆن لە ژێر خێوەتی سەربەخۆییدا ئەژین و ئەمان هەر بە کوێلەیی ماونەتەوە.

دراسەی ژیان یەکێکە لە هۆی پێشکەوتنی ئەو ژیانە، هەر نەتەوەیەک توانی دراسەی ژیانی خۆی و نەتەوەکانی تر بکا، ئەو نەتەوەیە ئەتوانێ - ئای زوو یا درەنگ - بگا بە کامەرانی، بە تایبەتی ئەم ڕۆژە کە هەموو جۆرە هۆیەک پەیدا بووە بۆ بە شوێن گەڕانی ئەو دراسەیە، تاقیکردنەوە مەردمی ئەم ڕۆژەی کردووە بە «کرم» کە بۆ نان و بۆ ژیان بە هەموو لایەکدا بسووڕێنەوە، لەم سووڕانەوەیانا ڕەوشت و عاداتی دانیشتوی وڵاتانیان بۆ دەر ئەکەوێ، ئەوانە بە نووسراو بە دیاری ئەبەنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، ئەمجا پسپۆڕانی شارەزا، لەوانە بەهرە وەر ئەگرن و لە ماوەیەکی نزیک یا دووردا ئەکەونە سەر خێرو بێری

ئەو شوێنانە. ئەورووپا لە مێژ بوو هەستی بەمە کردبوو بۆیە بوون بە خاوەنی رۆژهەلاّت!.

خاوەنە پەخشانی سەرەوە ئەو گەشتەی کە کردوویە بە ئەفەریقاداو بە پەخشانێک ناوەرۆکی گەشتەکەی داوە بە ئێمە بۆ ئەوە تێ بگەین لە رەوشت و عادەتی ولاّتێکی دوور لە ئێمە؟ چ پەیوەندیەک لەم رووەوە لە بەینی ئێمەو ئەوانا هەیە؟. دوور رەگەزی ئەم دوو نەتەوەیە – واتە کوردو ئەفەریقی – زۆر دوورن لەیەک، بەلاّم گەلێ لەرەوشتی کوردەکە بە سۆنگەی کۆچەوە کەوتۆتە ئەو ولاّتەو تا ئەندازەیەکیش کاری کردۆتە ئەوان. روخساری پەخشانەکەش یەکێکە لە نموونە گوزارشتی پەخشانەکانی نێوانی سالاّنی ١٩٧٠ – ١٩٨٠ کە لە گەشتێک دوا بێت و توانێبێتی ئەوی نیازی بووە لەو رووەوە بیدا بە دەستەوە.

***

«عومەر مەعروف بەرزنجی» لە ژێر ناوی «لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی ١٩٢٥ – ١٩٦٩»دا بەرهەمێکی پەخشانی هێناوەتە ناوەوە کە لە ساڵی ١٩٧٨دا دەستی چاپی گەیشتۆتێ. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو پەخشانە:

«........................................................................

چووزەرەی چیرۆکی کوردی

هەمــوو دیاردەیەکی ســروشت سـەرەتایەکی تایبـەتی هەیە کـە بەندە بە چەند یاسـایەکی گـۆڕان و گـەشـەکـردنەوە. ئەمـەیش بەڵگە نەویســتـەو هەوێنی فـەلسـەفـەیێکی تاقی کراوەیە. ئەدەبیش بە هەمـوو بەشـەکـانیـەوە سـەرەتاو کـاتێکی دیاری کـراوی هەیە و لە خـۆیەوە ئەم پلەو دۆخـەی ئێـسـتـای وەر نەگرتوە، بەلاّم گەر قەڵەمی لێکۆڵینەوەو وردکردنەوەیێکی زانسـتـیانە بژەنینە لاپەڕەکـانی ئەدەبی کـوردی و تاوتووی بابەتەکـانی بکەین و لە روانگەی هەڵسـەنگاندن و تۆژینەوەی پڕاو پڕی زانسـتـیـانەوە بۆی بڕوانین دەگـەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرهەمی ئەدەبیمان تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی تێکڕا برێتی بووە لە شیعرو بابەتەکانی و بە چەشنی کالاّییێک بە بالاّیا بڕابوو، ئەم سیمایەش وەنەبێ تەنها مۆرکێکی تایبەتی بێ و بە ئەدەبی کوردییەوە لکابێ، بەڵکو ئەدەبی عـەرەبیش لە عـیـراقـدا هەمـان دیاردە رووی تێ کـردبوو. لەم بارەیەشـەوە «چیرۆک نووسی عـەرەب زەنون ئەیوب لەو باوەڕەدایە کە چیرۆکی نووسراوی عەرەبی لەسەرەتای ئەم سەدەیەوە دەرکەوت و بە جۆرێکی رەخساو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان کەوتە روو چونکە چیرۆک بە پێچەوانەی

بەشەکانی تری ئەدەبەوە زیاتر لەناو ئەو گەلانەدا بایەخی پێدراوە کە زووتر دۆستایەتییان پەیدا کرد لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارو هونەری چاپ و بڵاو کردنەوەدا، هەر نەتەوەیەکیش چاپەمەنی لەناویا گەشەی نەکردبێ و مەودای رۆشنبیریێتی رێگاییێکی نەبڕیبێ ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە هونەری چیرۆک بە ساوایی لە ناویدا ژیاوەو پێشکەوتنی بەدەست نەهێناوە، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی هونەرەکە خۆی، چونکە چیرۆکی هونەری وەک شیعر لەبەر ناکرێ و خولیاو تاسەییێکی دەروونی پێ نادرکێنرێ و سەرتاپا پێویستی بە نووسین و بڵاوکردنەوە هەیە، جا ئەو نەتەوانەی کە درەنگ روویان کردۆتە چاپەمەنی و بایەخ پێدانی، هەر بەو رەوشتەش چیرۆک لەگەڵ کاروانی ئەدەبدا بە رێ کەوتوە.

نەتەوەی کوردیش لەم لایەنەوە مێژوویێکی دوورو بەرچاو روونی نییە. لە کوردستانی عیراقدا «یەکەم بڵاوکراوەی کوردی گۆڤاری بانگی کورد بوە کە لە دەوروبەری جەنگی یەکەمدا لەلایەن جەمالەددین بابانەوە بڵاو کرایەوەو بە هۆی تێن سەندنی ئاگری جەنگیشەوە دوای چەند ژمارەیەکی کەم پەکی کەوت» جا ئاگردانی نەتەوەیەک لە رووی خوێندەواری و چاپەمەنییەوە هێندە بێ تێن بێ و ماوەیەیێکی درێژی تێ نەپەڕاندبێ لەم مەیانەدا چۆن چیرۆک لە زەوییەکەیدا سەوز دەبێ و بە خەمڵاوی دێتە بەرچاو؟ ئەمە جگە لەوەی کە ئەم هونەرە بیرێکی فراوانی گەرەکەو ئەدەبی هەر میللەتێکیش پێویستە پلەیەکی پێگەیشتن ببڕێت و خوێندەوارەکانیان رۆشنبیرییەکی بەر بڵاویان هەبێت تاکو چیرۆک بنجی داکوتێ و بە نەرمە باییێک هەڵنەکێشرێت، بەڵام دوای جەنگی جیهانی و هەرەس هێنانی دەستگای عوسمانییەکان نووسەرانی کورد ئاشنایەتییەکی سادەیان دەستگیر بوو لەگەڵ نووسینی چیرۆکدا، ئەوەیش زیاتر زەمینەییێکی رەخساوی ئامادە کردو تا رادەییێکی سنوور کورتیش پەلی بهاوێژێت جگە لە چاپەمەنی هەستی بە سۆزی رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە بوو کە زوربەیان لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕابوونەوە. بە دڵیش دەیانویست کە خوێندەواران بناسێنن بەم هونەرە بەرزەی رۆژ ئاوا، لە لایەکی ترەوە هەوێنێکی بێ گەرد لە کایەدا بوو بۆ مەیینی چیرۆک کە برێتی بوو لەو چیرۆکە فۆلکلۆری و پارچە پەخشان و نووسینە کورتانەی کە لەو سەردەمەدا بڵاو دەکرانەوەو سۆزو جۆشێکی تایبەتییان گرتبۆ خۆ.. کە ئەمانە سەرجەم بە شکاندنی رێچکەیەکی لەباری دەزانم بۆ دەرکەوتنی چیرۆک، بە تایبەتی ئەو گرەوەی کە لەساڵی «١٩٢٠»دا «مێجەر سۆن» لە رێگای رۆژنامەی «پێشکەوتن»ەوە

سازی کرد کە لە ئەنجام دا «چەند قەڵەمێکی دەرکەوتووی ئەو سەردەمە بەشدارییان تیا کرد و پاداشی خۆیان وەرگرت» کە بەم پێیە پەخشانی هونەری لە بۆتەی ئەدەبی کوردیدا مەیی و بە چەشنی سەرمەشقێک بوو بۆ هەڵدانی نۆبەرەی چیرۆک، ئەم هونەرە تازەیە لە ئەدەبەکەماندا لە شێوەی بیرکردنەوەی کەسانی چیرۆکەکان و روخسارو شێوەی دارشتنیدا مۆرکێکی نەتەوایەتی پێوە لکاوە هەر چەند لە بنەڕەتدا بەگشتی هونەرێکی بەرزی ئەورووپییە.

لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگای کوردەواری بەهۆی کارتێکردنی سیمای شارستانییەت و دیاردە ئاشکراکانی وەک کارەباو رادیۆو تەلەگراف بەرنامەی ژیانی بەرەو چڕی و ئاڵۆزی رویشت کە پێویستی بە هۆیێکی تر بوو تا دەردی دەروونی دەر ببڕێ و لە گیروفتەکانی بکۆڵێتەوە کە لە وزەی شیعردا نەبوو بە تایبەتی کارتێکردنی ئابووری و بە تینکردنی پەیوەندی بە بازاڕی رۆژ ئاواوە. ئەم هۆیانە سەرجەم لە سەرهەڵدانی چیرۆکدا دەورێکی باڵایان بینیوە کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە بە ماوەی دە ساڵێک لە زەوی ئەدەبدا سەری دەرهێناو لە باوەشی رۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکاندا دەستی کرد بە دارە دارە و خەبەرە بوون، بەڵام وەک راستییەکی مێژوویی پێویستە ئەوەیش لە یاد نەکەین کە ئەم هونەرە لە پێش ئەو سەردەمەیشەوە سێبەری بوەو لە شێوەیەکی سادەی پەندو ئەفسانەو حیکایەتی گوێ ئاگردان و بابەتە فۆلکلۆرییەکاندا خۆی نواندوەو سەرەتایشی دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی مێژووی ئەم نەتەوەیەو بە چەشنی ئەدەب و کەلەپوورێکی نەنووسراو دەدرێنە قەڵەم و هەموو نەتەوەییێکی زیندووی جیهانیش بە چاوێکی سەنگینەوە سەیری دەکەن و لە ئەرشیفی تایبەتی دا پەنجەی بایەخی بۆ رادەکێشن و بە سەرچاوەی یەکەمی ئەدەبی دەزانن، لەم بارەیەشەوە مەکسیم گۆرکی دەڵێ: «لە رووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسوف و شاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەویش بەرهەم هێنەرو خوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوو داستانەیە کە لە کەلچەری جیهاندا هەیە» کە ئەم دەستگرتن بە داوێنی فۆلکلۆرەوە ئەوەندەی تر نەتەوەکانی خستۆتە سەر بیرکردنەوەیەکی قووڵ و هۆشمەندانە بۆ کۆکردنەوەو لە سەر نووسین و سوود لێوەرگرتنیان بۆ بە پێز کردنی بەرهەمی ئەدەبی.

کورد خاوەنی سامانێکی بە پیتی فۆلکلۆرە، هەر چەندە تا ئێستا نووسەران خۆیان بۆ تەرخان نەکردوەو دەستی کۆکردنەوەو بژارو هەڵسەنگاندنی کەمتر گەیشتۆتێ، بەڵام دەتوانرێ کە پەنجە بکێشرێ بۆ چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری کە لەسەر بنەڕەتی ئازایی و دەروون پاکی و رەوشت بەرزی و

گـەیشتن بە ئاواتەوە رێک خـراون، وەک «بەخـتـیـارو بەدبەخت»و «بەرگـرد و فـەرگـرد» و «کچی شـای پەریان» و «مـەمێ و ئـایشێ»و چەندانـی تر کـەوەک کەلەپوورێکی نەتەوایەتی تۆمـار کراون و خوێندەوارانیش بەو باوەڕە گەیشتۆن کـە ئەم بەرهەمـــانە رەنگدانەوەی ژیـانـی کـۆمــەڵایەتی و کــەرەســـتــەی تاقیکردنەوەیانە لە سەردەمە دێرینەکانەوە، هەر ئەم گرنگی و بە پێربیەش بوە کە نووسەرو رۆژهەڵات ناسەکـانی جیهـان تا رادەیێک قەڵەمی سـاغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەیـان بۆ ئەم سامانەی کورد درێژ کردوە. یەکێکی وەکوو مـینۆرسکی دەڵێ کـە «لای ئاسووربیـەکـانی چیا، گـۆرانی کـوردی وتن و چیرۆکی کـوردی گێرانەوە بۆتە عادەتێکی گشت لایی». لە لایەکی ترەوە «نیکیـتین» رای وایە کە «ئەدەبی کوردی لە پلەی یەکەمدا فۆلکلۆری کوردییە، لەو فۆلکلۆرەدا هەر تەنیـا پاشمـاوەو میـراتی نەوەو پشـتـەکانی پێشـوو نابینرێ، بەڵکوو ئەمرۆیش ئەو فــۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بە تـوانایی لە ژیانداو بۆ رەنگیـنی هێــزی بەرهەم هێنـان». جا نـووسەرانـی کـورد کە بیـری نـووسیـنی چیـرۆکیـان کردوە جگە لە هۆیەکـانی پێشوو، وەنەبێ هیچ جۆرە بناخەو کەرەستەیێک لەناودا نەبوو بێ، بەڵکوو سامانی نەتەوایەتیمان و سەرتاپا فۆلکلۆر بە هەموو بەشەکانییەوە وەک سـەرچاوەیەکی رۆشن یاریـدەدەر بوون و سـەرەتاییێکی دیاریین بە نیـسـبـەت چیـرۆکی کـوردییـەوە، بەرە بەرەیش بەرەو پێشکەوتن و خـەمـڵاندن هەنگاوی ناوە. لە ماوەی سەر هەڵدانیشیەوە «واتا یەکەم چیرۆکی هونەری نووسراو» بە چەند قـۆناخـێکی سـەرەکـیـدا تێـپـەڕیوە کـە هەر قـۆناخـەیش ئاوێنەی باری کـۆمـەڵایەتی و ئـابووری و مـەتریالی سـەردەمـەکـەیەتی و سـروشت و شـێـوەو ناوەرۆکی جیـاوازیان هەیەو لە رووی هونەریشەوە بە نووکە قەڵەمێکی درشت دەتوانرێ لە یەکـتـر جیـا بـکرێنەوەو رادەی پێشکەوتنیـان دەسـتـنیشـان بکرێت، وەک لە لاپەڕەکـانی دواییـدا بە بەڵگەو نموونەی چیـرۆکەکـانەوە تیـشـکێکی رەخنەو لێکۆڵینەوەیان ئاراستە دەکەین.

.......................................................................».

وەکوو بیرو باوەڕ گۆڕانی بەسەرادێت، گوزارشتیش بەو چەشنە ئەو دیمەنە وەر ئەگرێت. کـە سـاڵی ١٩٧٨ گـزنگی دا بـابەتی تر هاتە پەیدا بـوون، پەیدا بـوون و لەدایک بـوونی بابەتی نوێ ئەکـاتە کـارێ کـە جـۆرە گـوزارشـتـی تر بێـتـە ناوەوە، کـە ئـەو گـوزارشـتـە لە پێشووترا نەبووە، وەیا دەگمەن هەبووە، نەوەک هەر گوزارشت بەڵکوو «وشە»ش ئەو دەورە هەر ئەبینێ. لـە زمـانێکی وەکـوو زمـانی کـوردیدا - بە وێنە - وشـەکـە وشـەی کـوردی

خۆماڵییـه، بەڵام بابەتێکی وا نەبووە کـە ئەو وشـەیە بەو جـۆرە تیـایا بەکـار بهێنرێت.. ناوەرۆکی کتێبی ناوبراو داستـان و بەسەرهات و پەیدا بوونی. هەندێ لەوچیرۆکانە کە لە نێـوانی سـاڵانی ١٩٢٥ - ١٩٦٢دا هەبوون باس ئەکـا لەگـەڵ ئەو گـۆڕانەدا بەسـەریانا هاتووە، دیارە گـۆڕانەکـە لەوەوە رووی داوە کـە گـەلێ ناتەواوی کـۆمـەڵایەتی و تەنگو چەڵەمەی رۆژانە پەیدا بووەو ئەو چیرۆکانە باسی ئەوانە ئەکاو خاوەن پەخشـان خۆیشی شیکردنەوەیەکیان ئەکات.

زەویەک گـەڵاڵە ئەکرێ بۆ ئەوە شـتی تیـایا بچـێنرێ، لە گـەڵاڵە کـردنیـەوە تا هاتنە بەرهەمەکە ماوەیەکی ئەوێ، ئەگەر زەویەکە بە پیت بوو، وە خزمەتی باش کرا، بێ گومان بەرهەمەکە بەرهەمێکی تەواو ئەبێ، ئەگەر وانەبوو وانابێ، نووسینیش چەشنی سەمەرەی هەیە. گـەڵاڵەیەک لە دڵا پەیدا ئەبێ بۆ بابەتێک و پەنگ ئەخـواتەوە، لە ئەنجامـا دێتـە بەرهەم و بابەتەکە بە نووسین دێتە ناوەوە، ئەمێنێتەوە سەر بە هێزی و بێ هێزی بابەتەکە، ئەگـەر ئەو بەهێـز بوو بەرهەمـەکـە -کـە نووسـینـەکـەیە- نموودێکی دیاری ئەبێ، ئەگـەر وا نەبوو ئەمیش وا نابێ، هەموو کەسێکیش کە دەست ئەدا بە شتێکەوە لە باوەڕی خۆیا ئەو شتـەو بەرهەمە شتێکی زۆر بەجێیە چونکە کەس بەدۆی خۆی ناڵێ ترش، بەڵام مەرجی بناغـەیی ئەوەیە: ئەگـەر ئەو بابەتە چیـرۆک بوو ئـەبێ لەناو جـەرگـەی کـۆمـەڵەکـەوە دەرچووبێ، ئەگەر مێژوو بوو لەراستی مێژووەوە دەرچوبێ، ئەگەر عیلمێکی تر بوو لەناخی ئەو عیلمەوە دەرچووبێ. ئەمە قانوونێکە بۆ هەموو شت.

سـاڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠ رەورەوی زمـان زۆر شـتـی هێنـایە پێـشـەوە کـەببـێت بە سـەرچاوەی خـورپە بۆ رۆشنبـیـرانی کـورد. یەکـێک لەوانە بەرهەمی ناوبراو بوو کـە خـاوەنەکـەی ئەو خورپەیە بۆ هات بۆ ئەوە ئەو بەرهەمـەی دروست بکا. ئەم پەخـشـانەی سـەرەوە نموونەیەک بوو لەجـۆری پەخـشـانـەکـەی کـە گـوزارشت لەو خـورپەیە ئەداتەوە، بەتایبەتی لەرووی روخسارەوە کە لە روخساری بەرهەمی یکێکی تر ناکا؛ ئەبێ لێ نەکا چونکە جگە لەوە کە بابەتی یەکێکی تر بابەتێکی ترە، چەشـەکـەی ئەمیش چەشـەیەکی ترە، هەر ئەم چەشەیەیە کە گوزارشت دروست ئەکاو رستە پێکەوە ئەبەستێ.

ئەم کتێبە نموونەی پەخشانەکانی کوردییە بەپێی بەروژوور بوونەوەی مێژوویان. لەمەوە ئەوە دەرئەکەوێ: کە لە رۆژی لەدایک بوونی ئەو نموونەیە چ جۆرە شتێک باوی هەبووەو؟ چ جۆرە مەفکوورەیەک لە گۆڕێ دا هەبووە؟ لە چ سەردەمێکا ئەو پەخشانە خەملیوەو لە چ رۆژێکیا سیس بووە؟ چی بووە بە هۆی ئەوە کە ئەو پەخشانە چووزەرە بکێشێ؟ ئەمانەمان

هەمـوو بۆ ئـەوەیە کـە مـێـژووی سـبـەینـێ بزانـێ ئـیـمـرۆی کـورد چۆن بـووە؟؛ ئەو کـوردە کـە خـاوەنی پەخـشـان و نموونەکـە یەکـێکە لـەو. وەکـوو ئـەمـە ئـەڵێم ئەوەش هەر ئـەڵێم، کـە لە خـولی سـالێـکا وەنەبێ هەرئـەوەندە پەخـشـان لەناو کـورددا بوویێت، بەڵکوو گـەلێ زیاتر بووە، بەڵام ئەوەی من هێناومن ئەبن بە نموونە بۆ هەموو ساڵەکە، چونکە لەو ساڵە، وەیا لەو گـێـژەدا هەر جـۆرە شـتـی وا لە ئارادا هەبـووە، ئەمـەی ئـێـرە نموونـەی ئەوانەیە، وەکـوو ئەڵێ: «مـسـتێ نموونەی خـەروارێکە». کـەوا بوو ئـەم نموونەیە نموونەیەکـە بۆ جـۆری بیـرو باوەڕو گوزارشتی ئەو رۆژە کە داستان و چیرۆکەکانی شی کردۆتەوە.

***

«غەفووری میرزا کەریم» لە ژمارە «٤٦»ی گۆڤاری «بەیان» ساڵی ١٩٧٨ لەژێر ناوی «دیوانی سـالم»دا پەخـشـانێک لە بـارەی ئەو دیوانەو «کـوردی و مـەریوانی»یەوە پیـشـان ئەداو ئەڵێ؛

«پاش بەستنی پەیمانی ١٩٣٠ بەندایەتی و دوای پێشـێل کردن و داپلۆسـتنی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکـایەتی شـێخ مەحـمـوودی نەمـر دام و دەزگـای پڕو پاگەندەو چاووراوی ئیسـتعمـارو نۆکەرەکانی کەوتنە چەنەدان و خەرەک رستن تا گەل بڕوای بەهێزی خۆی نەمێنێ، کراسی دۆش داماوی و نائومێدی بە بەردا بکات و تف و لەعنەت لە رابوردووی پڕ شـانازی خـۆی بکات کـە لە پیـاوو شاعیرە بەناوبانگەکانی، سەر گوزەشتەی رۆڵە دڵسۆزەکانی بداتە بەر توانج و پلار، لە دواییدا وای دابنێت کە خەبات و قوربانی دان بۆ گەل، بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی نیشتمان بێ هوودەیەو پوولێکی قەڵب ناهێنێ.

لەناو ئەم گـێژەڵووکـەی سـەر لێشـێـوانەدا، هاشـەو هووشـەی پیـاوەکـانی ئیستعمار ئەم بەندو بالۆرەیەیان کاوێژ ئەکردەوەو ئەم ژەهرە پیسەیان ئەڕشت.. گـوایە ئـەبێت دوو تفـەنگە شـڕی شـێخ و چەند خـوێندەوارێکی خـوێڕی لات و لووت بێ پشت و پەنا، چی بن لەعـاست تۆپ و جـبـەخـانەی لەشکری بێ شـومـاری ئینگلیـزدا.. ئایا هێـز هەیە لەبەر دەم دەسـەڵاتدارێکی وەک - ئەوسـای- ئینگلیـزدا بکۆکێ؟ خـۆشـمـان بێت و ترشـمـان بێت ئیـسـتـعـمـارو پیاوەکانی هەموو شتێکن. هەرچێ ئەمان نەیانەوێ و بە پەنجەی ئەمان نەکرێت هەرگیزاو هەرگیز نارواو نابێ، دنیای ئەو رۆژە برێتی بوو لە هێزو دەسەڵات و گەورەیی، گەل ئەبێت هەمیشە رەنج بدات، شان بکوتێ، بچەوسێتەوە، ژێر دەست بێت، ئیستعمارو دام و دەزگاشی ئەبێ هەر لەسەرەوە فەرمانڕەواو ئاغا بن. بەم چەشنە دنیایان کردبوو بە رۆژی خۆیان، بە پڕوپاگەندەو هاشەو هووشە

رابوردووی گەلیان هەموو رەش کردبوو، بە سووک و نزمیەوە ئەیانڕوانییە هەموو قارەمانێتی و ئازایەتی و جوامێری گەلی کورد.

ئەم ئاوو هەوا ناسازە، ئەم بارو دۆخە ناهەموارە کارێکی جەرگبڕی نارەوایان کردە سەر جووڵانەوەی نیشتمانی کورد تا رادەیەک شەل و گۆجیان کردبوو بە چەشنێ ناو هێنانی رابوردووی پرشنگداری بە تاوان ئەژمێردرا، یادکردنەوەی راپەڕین و سەرکەوتنی سەردارەکانی بە ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکی دروستکردن دژی نیشتمان لە قەڵەم ئەدرا، تەنانەت جەژنی نەورۆزی پیرۆزی کورد بە ئاگر پەرستی و بێ دینی دائەنرا. هەروەها نزیکترین یادگاری شان و بازوو راوەشاندن روو بە رووی ئینگلیز دژی پەیمانی ۱۹۳۰، راپەڕینی رۆژی شەشی رەشی ئەیلوول پەردەی بەسەردا درا بوو. ئەم رووداوە مەزنە نەبەزەی گەلی کورد بڤە بوو، هەر کەسێ یان هەر دەستەیەک بیخاتەوە بیری خەڵکی. ئەوە بوو پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ۱۹۵۸ حیزبە نیشتمانییەکان کەوتنە باس کردن و یادکردنەوەو نرخ پێدانی..

لەبەر ئەم هۆیانە پێویستە بە چاوێکی گرنگ و بەنرخ بڕوانینە هەوڵ و کۆششی دەستەی «کوردی و مەریوانی» کە لەو رۆژە رەشەدا دەستیان دایە چەکی خامەی رەنگین و کەوتنە وێزەی چەرخی ناهەموار، بە زمانی لوقمان مرواریی ملوانکەی کوردەوارییان ئەکردە گەردنی بەرزی بزووتنەوەی گەل، داخی دڵیان ئەڕشت، ئەرکی پیرۆزی سەر شانیان بەرامبەر نیشتمان جێ بەجێ ئەکرد. هەر چەندە ئەم دەستەیە بە ئاشکرا دژی ئەو رۆژە بانگیان رانەهێشتبوو، لە کەلاورۆژنەی ئەدەب و وێژەو زیندووکردنەوەی زمان و هونەرەوە هاتبوونە مەیدانی جەنگەوە، بەڵام خەڵکی لە قسەیان ئەگەیشتن و ئەیانزانی ئەمانە لە کوێوە سیخورمە ئەوەشێنن، چۆن دام و دەزگای رزیو دائەرووخێنن و باڵەخانەی نوێ بنیات ئەنێن. جا بۆیە ئەم دەستەیە پشتیان لێ بەست و کەوتنە جم و جووڵ و چست و چالاکی بۆ زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی ناوو شوێنەواری شاعیرە کۆنەکان، وەک «سالم» کە ئەو دەمەو هەموو هۆنراوەکانی وەکوو ئاردی ناو دڕک وابووەو بە پەراگەندەیی لە کون و قوژبنی مزگەوتەکان و دەم و زمانی ئەم فەقێ و ئەو مەلای ولاتدا ئەژیا، لەم دێ و لەو دێ، لەم مزگەوت و ئەو دیواخانە، لەسنەو سابلاخ، لەقەرەداخ، لەهەموو جێگاو مەڵبەندێکی خوێندەواری و زانیندا.

.«..........................................................................

دەوری دادپەروەری لە دەوری عوسمانییەکاندا بوو بەستەمکاری؛ کوشتن و

برین، رزگاری و بەختیاری، رابواردنی ناو گولزارو دەم بە پێکەنین بوو بە گریان و شین و شەپۆڕ. بۆ یەکا گردی سەیوان، کانیسکان و سەرچنار هەمووی بوو بە مەلبەندی لووره لووری گورگی رۆم و جێگا سمی وڵاخی داگیرکەران. لاشەی لە خوێنا گلاوی کورد، تەنانەت دارەکەی شێخ هەباس، پیرمە سوورو مزگەوتی مەولانا خالد لە دەست درێژی و زۆرداری رۆمەکان رزگاریان نەبوو.

ئەم دیوانە کە لەساڵی ۱۹۳۳دا چاپکراوە نزیکەی «۱۰٦» لاپەڕەیە، بە سەرەتایەک دەست پێ ئەکات:

۱) لە پاش زحمت و ازیتیکی زور «دیوانی سالم» پێک هات، نزیکەی سالیکە ایمە هاوار ئەبەینە بەر حمیت و وجدانی هەمو کوردیکی پاک کە یاریەمان بدەن و لەم خزمەتە عمومیەدا همتیان دریغ نەکەن، کەچی حیف زور کەم یاریەمان ئەدەن، و لە یەکدو جیگا زیاتر شعرو غزلمان بو نەهاتوەو معاونتیان نەکردین.

۲) هر و کو لە پیشەوە عرضی خویندەوارانمان کردوە، ایمە لەم نشریاتە مقصدمان قازانج و تجارت نیە، وتا آیستە لە ضرر و زیان زیاتر قازانجمان نەکردوە، و ئمە بە تۆزی لیکدانەوە لای هەمو کسی آشکرایە. لەبەرئەوە دیسانەوە هاوارو تکا ئەکین لە هەمو کوردیکی بەهمت لە یاریە دانمان دریغی نەکەن. و هەرچی شعرو غزلیکی هەر شاعریکی کوردیان لایە بومان بنیرن. کە بە سایەی همتی هەمو لایکەوە ئەم أثرە قیمتدارانە لەناو نەچی و خزمەتیکی زمان و قەومیتمان بکەین.

۳) لەبەر ئەوەی ایمە هەر ئەوەندەمان پی کو کرایەوەو لەوە زیاتر چاوەڕوانی بی سود بو. وا دیوانی «سالم» لە چاپ درا. ئەگەر ناتەواوی و یا ناریکیەکی ببی تاوانی ایمە نیە. خویندەواران تاوانمان ببخشن. قباحتی ئەو کسانیە کە معاونت و خزمتیان پی ئەکری و بەلام نایکەن.

٤) وەکو لە نهایتی دیوانەکەدا نوسراوە هەندی آثاری ترمان بە دستەوەیە بو چاپکردن. بەلام لە نشر کردنا تەماشای وەخت و وەضعیت ئەکری لەبەر ئەوە تەماشای ریز ناکری و ژمارەکان مەعنای ئەوە نیە کە بەو ترتیبە لە چاپ ئەدرین.

٥) هەر کەسی دیوانی و یا شعری بو ناردین بە ادرەسی خوارەوە بی نیری:

الی مهدی افندی التوتنجی وثم الی ید مریوانی.

میدان شارع الرشید. بغداد

بەغدا: مانگی نەورۆز ١٩٣٣. کوردی مەریوانی).

وەکوو لە سەرەتاکەدا دەر ئەکەوێ دەستەی کوردی و مەریوانی هەوڵ و کۆششێکی بێ هاوتایان داوە تا ئەم بەرهەمە بایەخدارە بخەنە بازاڕی ئەدەب و وێژەی کوردییەوەو بە دیارییەکی جوان پێشکەشی خوێندەوارانی بەرێزی بکەن، بەمە جارێکی تر ئەو راستییە دەر ئەکەوێتەوە کە کوردی و مەریوانی هەر چەندە دووکەس بوون و بوو بوونە بنکەو لانەی هاوار کردنی دڵسۆزانە و داواکردنی یارمەتیدان لە خوێندەواران تا هەموو لایەک بە دەنگیانەوە بێن و دەست بدەنە باری کەوتووی ئەدەب و زمانی کوردی تا لە قوڕو چڵپاوی پاشکەوتن، پەراگەندەو لە بیرچوونەوە رزگاری بکەن تا بە پشتگرتنی هەموو لایەک شاعیرو گەورەی نەناسراو هونەرو ئەدەب گوم بوو زیندوو بکەنەوە، تا کاروانی رۆشنبیری زمان و ئەدەب و وێژە بێ وچان بەرەو پێش بڕواو جێگای بەرزی خۆی لە ناو کۆمەڵگای کوردا وەرگرێ.

.........................................................................».

بەشێکی سەرەکی لە شێوەی زمانی کوردی شێوەی موکرییە، شێوەی بابان – کە خەتێکی ئەو شێوەیەیە – بەشی سولەیمانی و دەوروبەریەتی. ئەم بەشەی بەهۆی ئەمارەتی بابانەوە – کە پایتەختەکەی لە قەڵاچوالان و پاشان لەشاری سولەیمانی بوو – بەناوی شێوەی بابانەوە ناوی دەرکرد. تا ئەو سەردەمە لە بەشی بابان و ئەردەڵاندا هۆنراو بەشێوەی هەورامی ئەوترا. یەکەم کەس کە ئەم رچەیە شکاند بۆ ئەوە هۆنراو بە شێوەی موکرییش بوترێ «نالی» بوو. پاش ئەو هەر لە بەشی بابانا «سالم»و «کوردی»و کەسانی تریش هاتن بە شوێنیا. ئایا بۆچی لەم سەردەمەدا زمانی هۆنراو کوتوپڕ لە هەورامییەوە بوو بە موکری؟.

یەکێ لەو شتانە کە ئەم پەردەیە هەڵگێرایەوە حوکمی ئەمارەت بوو. لە سولەیمانی و وڵاتی سولەیمانیدا ئەمارەتی بابان ئەمارەتێکی خاوەن حوکم و بە دەسەڵات بوو. بەڵێ! لەسەردەمی بابانەکانا قەواڵەو بەراتنامەو فەرمان بەزمانی فارسی بوو، بەڵام زمانی دیواخان و کۆشک و لەشکر زمانی کوردی بوو، ئەمە کەرەستەیەکی سەرەکی بوو کە بوو بەهۆی ئەوە زمانی هۆنراو لە شێوەی هەورامییەوە بکەوێتە سەر شێوەی بابان، هانە هانەی ئەوان و رەواجی حوکم، رەواجی بەشێوەی ئەدەبیدا.

دوور نییە بووترێ: ئەگەر زمانی کۆشکی ئەمارەتی بابان لەیەکەم هۆ بوو بۆ زمانی هۆنەران، ئەی بۆچ لە ئەمارەتی ئەردەڵانیشا – کە پایتەختەکەیان حەسەناواو سنە بوو–

ئەو شێوەی ئەردەڵانە نەبوو بە زمانی هۆنەران لەگەڵ ئەوەدا ئەوانیش زمانی کۆشکەکانیان زمانی کوردی بوو؟

ئەڵێین: لەبەر زۆر نزیک بوونی ئەردەڵان هەر لە زەمانێکی کۆنەوە بە فارسی و بە ئەدەبیاتی فارسییەوە تێکلاو بوونیان لەگەڵ یەکا، هەر چەندە زمانی کۆشک کوردی بوو، بەلام فارسییەکە زاڵ بوو بوو بەسەر زمانی ئەدەبیاتیانا. بە پێچەوانەی ئەمارەتی بابان؛ دوور بوونیان لە فارسەکەو بەسەر یەکەوە بوونیان لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا و رێک نەکەوتنی دوو حکومەتەی عوسمانی و فارسی لە باری سیاسەتەوەو کەوتنە ناوی ئەمارەتی بابان لە بەشە خاکی عوسمانیدا، ئەوەی دروستکردبوو کە دەسەلاتی زمانی فارسی لە قەواڵەو فەرمان و نامە زیاتر شتێکی تر نەبێت.

بەڵێ! ئەدەبیاتی فارسی بە خوێندن رەواجی هەبوو لە ناو دەستەی رۆشنبیرانا، وەکوو ئەم رەواجەی ئەرۆیشت هەتا ئەگەیشتە ئەستەموول، بەلام حوکمی ئەمارەتەکە بەهێزتر بوو لەوە کە زمانی فارسی بتوانێ کۆسپێک دروست بکا وەکوو لە بەشی ئەردەڵانا دروستی کردبوو بۆ ئەوە نەیەڵێ زمانی کوردی ببێ بە زمانی ئەدەبیاتی کورد.

خاوەنی پەخشانی «دیوانی سالم» ئەو دیوانەی کردووە بە بابەتێک و ئەو پەخشانەی سەرەوەی پێ دروست کردووە. رەنگی پەخشانەکە رەنگی پەخشانی سالانی ١٩٧٠-١٩٨٠یە؛ ئەو رەنگەیە بەلام هی چەشەی نووسەرێکی تر. چ جۆرە دەردەدڵێک هەبووە لەو رۆژانەدا، گوزارشتی لەو دەردەدلانە داوەتەوە، ئەنجامی ناسۆری کۆن و نوێ پێکەوە گرێ داوە. زمان هەر یەک زمانە - کە زمانی کوردییە - بەلام کوێرەوری سالانی «١٨٠٠-١٨٦٦» وە «١٩٣٣» و «١٩٧٨» یەک کوێرەوەری نین، ئەو زمانە کوردییە لەو سێ مێژووەدا، هەر یەک بە جۆرێ گوزارشتی لەو کوێرەوەریانە داوەتەوە؛ یەکەمیان بە هۆنراو، دووەکەی تر بە پەخشان. بە تایبەتی ئێمە لێرەدا مەبەستمان پەخشانە. خاوەنی پەخشانی «١٩٧٨» نموونەیەکی پەخشانی ١٩٣٣ هێناوەو خستیوویەتە نێوانی دەقەکەی خۆیەوە، کە ئەمە بەرامبەر بە مێژووی پەخشان شکاندنی دوو نیشانە بە تیرێک. گوزارشتی ١٩٣٣ و گوزارشتی ١٩٧٨ سەیر ئەکەین؛ دارشتنی عیبارەتی کوردی لە مێژووی یەکەمەوە تا دووەم گەلێ گۆڕانی بەسەرا هاتووە. هەر چەندە بابەت جیایە بەلام گۆڕانەکە هەر زۆر زەقە. گریمان بابەت هەر یەک بێت، وە نووسەری هەر دوو سەردەمەکەش هەر یەک بێت، رەورەوەی گۆڕان ئەو گۆڕانە هەر پەیدا ئەکات.

***

«کەریمی حسامی» رۆمانی «ماکسیم گۆرکی» لە فارسییەوە هێناوەتە سەر زمانی کوردی، بە دەستیاوی «کۆڕی زانیاری کورد» لە ساڵی ١٩٧٨ دەستی چاپی گەیشتێ. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو پەخشانەی:

«.......................................................................

نیکۆلای بەنیگەرانی و بە هاوارەوە پێشوازی لە دایک کرد:- دەزانی پێگۆر حاڵی خراپە! بردیانە نەخۆشخانە. لیوودمیلا هاتبوو دەیگوت لە نەخۆشخانە بچییە لای.

- لە نەخۆشخانە؟!

نیکۆلای پاش ئەوەی بە تووڕەیی چاویلکەکانی ڕێک کردن، چاکەتی بۆ دایک ڕاگرت کە بیکاتە بەری. بە قامکە وشک و گەرمەکانی دەستی دایکی گوشی و بە دەنگێکی لەرزۆک بەڵێ! ئەم بەستەیەش لەگەڵ خۆت بەرە. ڤێسۆڤشیکۆڤ لە جێگایەکی ئەمینە؟.. بەڵێ. وەزعی زۆر باشە.. منیش دەچم سەر لە پێگۆر دەدەم.. دایک ئەوەندە هیلاک بوو سەری دەسووڕا. لە نیگەرانی و پەشۆکاوی نیکۆلایدا چاوەڕوانی کارەساتێکی دەکرد. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: دەمرێ.. دەمرێ. ئەم بیرە خەفەتاوییە وەک چەکوش مێشکی دەکوتا. کاتێک لە ژووری ڕووناک و خاوێنی نەخۆشخانە وەژوورکەوت و دیتی کە پێگۆر لە نێو کۆیەک باڵنجی سپی دانیشتووەو بزەی لەسەر لێوانە، جێ بەجێ هاتەوە سەر خۆ. بە زەردەخەنەوە لەبەر دەرگا ڕاوەستاو گوێی لێ بوو کە نەخۆش بە دوکتۆر دەڵێ: دەرمان هەر جۆرە پینەو پەڕۆیەکە! دوکتۆر بە نیگەرانییەوە گوتی: پێگۆر! قسەی بێ جێ مەکە. من کە شۆڕشگێڕم لە پینەو پەڕۆ بێزارم. دوکتۆر دەستی نەخۆشی گرت و لە سەر ڕانی خۆی دانا. پاشان هەستاو دەستی بەڕیشی خۆی داهێناو قامکی نایە سەر دەم و چاوە ئاوساوەکەی پێگۆر.

دایک دوکتۆری باش دەناسی، هەڤاڵێکی باشی نیکۆلای بوو. دایک لە پێگۆر وە نزیک کەوت. ئەویش کە دایکی دیت زمانی خۆی دەرهێنا. دوکتۆر ئاوڕی دایەوە: ئای ئەوە تۆی؟.. ڕۆژ باش.. دانیشە!.. چت هێناوە؟.. لام وایە کتێبە.. نابێ هیچ بخوێنیتەوە.. پێگۆر بە غەڵبە غەڵب گوتی: دەیەوێ هەر نەزان بم!.. دوکتۆر ئەمری پێ کرد بێ دەنگ بێ و چەند وشەیەکی لە نامیلکەیەکدا نووسی.

هەناسەیەکی کورت و خینەخینێکی شێدار لەسینگی پێگۆر دەهاتە دەر.

دڵۆپەی وردی ئارەقە سەرو چاویان تەڕ کرد بوو. هێندێ جار دەستە گرانەکانی بەشلی هەڵدێناو نێو چاوانی دەسڕیەوە. نەبزووتنی ڕوومەتە ئاوساوەکانی، دەم و چاوی مـــیـهـرەبانی کـە هەمـوو خـەتەکـانی لەژێر مـاسکێکی مـردوودا شاردرابوونەوە، بێ سام دەکرد. تەنیا چاوەکانی کە، لەبەر ئاوسانی ڕوومەتانی لە قـووڵەوە چوو بوون، دەترووسکان و بە دڵ دانەوە پێدەکەنین. لە دوکـتـۆری پرسی: ها زانا، مـاندوو بووم. دەتوانم ڕاکـشـێم؟ دوکـتـۆر بە کـورتی وەڵامی دایەوە: نا.. باشە، کە ڕۆیشتی ڕادەکشێم!.. دایە مەهێڵە. سەرینەکانی بۆ چاک کە.. تکات لێ دەکەم بە تایبەتی مەهێڵە قسان بکا. قسە کردن بۆ ئەو زۆر خراپە. دایک سەری هەڵتەکاند. دوکـتۆر بە گورجی وەدەرکـەوت. بێگۆر سەری بە پشـتـەوەدا بەردایەوە و چاوی لە سـەر یەک دانان و ئیـتـر نەبزووت. تەنیـا تۆزێک قـامکی دەبزاوتن لە دیوارە سـپـیـیـەکـانی ئەو ژوورە بچـووکـەدا سەرمـایەکی وشک و خـەمێکی ڕەش هەڵدەسـتا. لە پەنجـەرە گـەورەکەوە دارە بەرزەکـانی «زیزەفـوون» دەبینـران. لەنێـو گەڵا تاریـک و تۆزاوییـەکاندا پەڵەی زەرد دەدرەوشـان. سەرمـای پایزی داهاتوو هەست پێ دەکرا. بێگۆر بێ ئەوەی ببزوێ یا چاو هەڵێنێ گوتی: مەرگ بە پەرۆشەوەو بەکاوە خۆ بۆ لای من دێ. وا دیارە ئەوەندە کوڕێکی باش و خۆش ئەخلاقم سکی پێم دەسووتێ.

دایک بە نەرمی دەستی داماڵی و تکای لێ کرد قسە نەکا.. ڕاوەستە، دایە گـیـان، ئێـسـتـا بێ دەنگ دەبم.. لە کـاتێکدا زۆر بە زەحـمـەت قسـەی بۆ دەهات و هەناسـەی سـوار بوو، لەسـەر هەمـوو وشـەیەک تاوێک ڕادەوەسـتـا، قسـەکانی درێژە پێ دان: دایە گیـان زۆر باشە کە لەگەڵ ئێمەی.. دیتنی سەرو چاوت، چاوە وریاکانت، ساکاریت بۆ من زۆر خۆش و بەتامە. کە تۆ دەبینم لە خۆم دەپرسم: «دوا ڕۆژ چۆن دەبێ؟» کە بیـریش لەوە دەکەمـەوە زیندان و دوور خستنەوەو بەڵاو کوێرەوەری چاوەڕوانی تۆو کەسانی وەک تۆن، خەفەتبار دەبم. لە گـیـران ناترسی؟.. دایک بە سـاکـاری وەڵامی داوە: نا!.. ئاشکرایە. بەڵام بەو حاڵەش زیندان پیاو جاڕز دەکا. زیندان منی کوشت. ئەگەر ڕاستیت دەوێ نـامــەوێ بمرم.. دایک دەیویست بڵـێ: «لەوانەیە نەمــری»، بەڵام ڕووی لێ وەرگێڕاو بێ دەنگ بوو.

دەکرا دیسانیش بە قازانجی کۆمەڵ کار بکەم، بەڵام پیاو کە ئیتر هیچی لە دەست نەیی، ژیانی کەڵکی نییە. نەفامییە.. دایک لەپڕ ئەم قسەی ئەندرێیی وەبیر هاتەوە: «ڕاستە بەڵام بۆ دڵخۆشی نابێ». هەناسەیەکی هەڵکێشا. زۆر برسی و هیلاک بوو. ورتە ورتی یەک هەوای نەخۆشی ژوورەکەی پڕ کرد بوو و

بێ هێز له دیواره لووسه‌کان ره‌خشا، گه‌ڵای داره‌کان پیاویان ده‌خسته بیری ئه‌و هه‌ورانه‌وه که زۆر نه‌وی ده‌بن و به ره‌نگی لێڵ، چاو ماندوو ده‌که‌ن. هه‌موو شت به بێ ده‌نگیه‌کی خه‌فه‌تاوی، به چه‌شنێکی زۆر سه‌یر ویستا بوو و چاوه‌ڕوانی مه‌رگی ده‌کرد. پێگۆڕ گوتی: چه‌ند نارحه‌تم! چاوی له‌سه‌ر یه‌ک دانان و مات بوو. دایک گوتی: بنوو، ره‌نگه بۆت باش بێ. ده‌مێک گوێی دا هه‌ناسه هه‌ڵکێشانی نه‌خۆش و چاوێکی له ده‌وروبه‌ری خۆی کرد. خه‌مێکی سارد به سه‌ریدا زاڵ بوو. وێژینگی ده‌هاتێ.. خشه‌خشێک وریای کرده‌وه که دیتی پێگۆڕ چاوی هه‌ڵێناون، هه‌ستایه سه‌ر پێ و به ئه‌سپایی گوتی:

خه‌وم لێ که‌وت. ببووره!. له ژێر لێوانه‌وه وه‌ڵامی داوه: تۆش ببه‌خشه!. له‌ده‌ره‌وه‌ی په‌نجه‌ره ئاسۆ زه‌رد ده‌بوو. سه‌رمایه‌ک وشک چاوی ئازار ده‌دان. هه‌موو شت به سه‌یری لێڵ ده‌بوو. ره‌نگ و رووی نه‌خۆش لێل تریش بوو بوو. دیسان هه‌ستێک هات، ده‌نگی لیوود مێلا بوو.. له تاریکی دانیشتوون و چه‌نه لێ ده‌ده‌ن.. دوگمه‌ی چراکه له کوێیه؟ له پڕ ژووره‌که رووناک بوو. لیوود مێلا که له سه‌رمان شین هه‌ڵگه‌ڕا بوو، راست له‌وێ راوه‌ستا بوو. پێگۆڕ هه‌موو له‌شی ده‌له‌رزی، ده‌ستی بۆ سینگی برد. لیوود مێلا غاری دایه‌و گوتی:

چییه؟ پێگۆڕ چاوێکی له دایک کرد. چاوه‌کانی زۆر گه‌وره ده‌هاتنه به‌ر چاوو به گوڕ ده‌ترووسکان. به ئه‌سپایی گوتی: راوه‌سته.. له‌کاتێکدا ده‌می کردبووه‌وه. سه‌ری هه‌ڵێناو باسکی بۆ پێشه‌وه درێژ کرد. دایک به شێنه‌یی ده‌ستی گرت و هه‌ناسه‌ی خۆی راگرت و تێی فکری. پێگۆڕ سه‌ری به پێشه‌وه‌دا به‌ردایه‌وه‌و به ده‌نگێکی به‌رز گوتی:

ئیتر هێزم نه‌ماوه، ته‌واو بوو. له‌شی هه‌ر وه‌ک رێک بێ که‌مێک جووڵایه‌وه. سه‌ری به ئارامی که‌وته سه‌ر شانی. شۆقی چرا به رووناکییه‌کی خه‌فه‌تباره‌وه. له چاوه‌کانیدا ده‌ترووسکان. دایک له ژێر لێویه‌وه گوتی: دۆستی من! لیوود مێلا له سه‌رخۆ له قه‌ره‌وێڵه‌که‌ی وه‌دوور که‌وت. له پێش په‌نجه‌ره راوه‌ستاو له کاتێکدا راست ته‌ماشای به‌رامبه‌ری خۆی ده‌کرد. به ده‌نگێکی سه‌یرو توند که دایک نه‌یبیستبوو گوتی:

مرد!.. ته‌واو بوو. خوار بووه‌وه. ئانیشکی وه سه‌ر لێوی په‌نجه‌ره دان و به ده‌نگێکی له‌رزووک ده‌ستی به قسه کرد:

به‌هێدی و ئازایی مرد. بێ ئه‌وه‌ی بناڵێنێ. له پڕ وه‌ک مه‌ستێ له سه‌ری بده‌ن له خۆ چوو، که‌وته سه‌ر چۆکان و ده‌ستی به چاوان گرت و هه‌ناسه‌یه‌کی

هەڵکێشا. دایک پاش ئەوەی باسکە قورسەکانی پێگۆری وەک خاچ خستە سەر سینگی و سەرە گەرمەکەی خستە سەر سەرین، لە لیوود مێلا وەنێزیک کەوت. چاوی سڕینەوەو دەستی بە قژە نەرمەکانیدا هێنا. ئەو ژنە بە ئارامی، چاوەکانی کە لەبەر گریان هەڵمسا بوون، بۆ لای دایک وەرگێڕاو بە لێوی لەرزووکەوە گوتی:

دەمێک بوو دەمناسی، کاتێک دوور خرابووینەوە پێکەوە بووین. لە زیندانیشدا پێکەوە بووین. هێندێ جار شکەنجە زۆر توندو لەتوانا بە دەر بوو، زۆر لە هاوالآن وەرەیان بەر دەدا، چەند کەس شێت بوون.

.........................................................................«.

گێرەو کێشە لە بەینی دوو چینی دەستدارو بێ دەستدا، لە بەینی فەرمانڕەواو فەرمانبەردا، لەبەینی بەهێزو بێ هێزدا لەو رۆژەوە کە خوا دنیای دروست کردووە هەر هەبووە، وەلام وایە هەر ئەمێنێتیش، ئەمە یەکێکە لە فەلسەفەکانی کەون! بە تایبەتی هێز؛ هێزەکەیە کە چینەکان دروست ئەکا. ئەوەش وەنەبێ تایبەتی بێ بە ئادەمیزادەوە، لە گیانلەبەرەکانی ترو رووەکیشا هەر هەیە؟ دوو لقی دارێک، یا دوو چڵە گیایەک لە قەفی دارەکەو لە بنجەکەوە سەر هەڵئەدەن یکێکیان هێز پەیدا ئەکا ئەویکەیان وشک ئەکا، گورگ هێزی هەیە مەڕ ئەخوا، شێر هێزی هەیە ئاسک ئەخوا. تۆ بەرخ ئەخۆی بەلآم هێزت بە سەر شێرا ناشکێ لێی هەڵدێت!.

کەوا بوو چینایەتی هێز دروستی کردو دروستی ئەکا. ئەبێ ئەوەش بزانین: ئەو کەسە کە سنگ بۆ چەوساوە ئەکوتێ و فرمێسکی بۆ ئەرێژێ، کاتێ لەو رێگەیەوە خۆی گەیشت بە حوکم و دەسەلآتی کەوتە دەست، خۆی لە چەوسێنەرەوەکەی پێشوو خراتری لێ دێت بەرانبەر بە چەوساوەکان، خۆی زیاتر ئەبێ بە گورگ بۆ مێگەلی گەل، هەر بۆ مانەوەی خۆی لە حوکما براو دۆست و تاوانبارو بێ تاوان هەپروون بە هەپرون ئەکا هەر بەو مەرجە خۆی بمێنێتەوە! «ستالین» پالەیەک بوو، دلی زۆر ئەسووتا بە شەعبی ئەرامەندەی وڵاتی رووسیا کە ئەیانناڵآند لە ژێر ستەمی قەیسەرەکانی رووسیادا. کاتێ کە خۆی گەیشتە حوکم، خۆی لە قەیسەرەکان خراپتری لێ هات بەرانبەر بە شەعبی سۆڤیەتی و بەرانبەر بە کۆنە هاورێکانی کە خەباتیان پێکەوە ئەکرد بۆ رزگار بوونی گەلی رووسیا. وا دیارە غەریزە هەر لەسەر ئەم سیستەمە رویشتووەو ئەڕوا! ئەوی ئەم غەریزەیە کاری تێ نەکردووە تەنیا پێغەمبەران بوون؛ ئەوانی لە ناو چینی بێ دەسەلآتەکانا هەڵکەوتن و پاشان خزمەتەکەشیان هەر بەردەوام بوو لەگەڵیانا. «داد»یان دانا، پاشان دەسەلآتدار پەیدا بوو،

ئەو دادەیان بە ڕێوە نەبرد، ئۆباڵی ناچێتە ئەستۆی ئەوان، بەڵکوو ئەچێتە ئەستۆی دەسەڵاتدارەکان.

هەر ماکسیم گورکی «١٨٦٨-١٩٣٦» چاکی کرد کە نەبوو بە خاوەن حوکم، ئەگەر ببوایە بەرهەمی قەڵەمەکەی بەو جۆرە بە دنیادا بڵاو نەدەبووەوە، کە تا دوا هەناسەی قەڵەمەکەی پشتیوانی زەحمەت کێشان بێت. ئەم ناوەی باشتر بوو تا ئەوە ببوایە بە خاوەن حوکمێکی وەکوو جۆزیف ستالین.

ئێمە لێرەدا مەبەستمان ناوەرۆکی داستانی «دایک»ی مەکسیم گۆرکی نییە، مەبەستمان روخساری پەخشانێکی کوردییە کە کەریمی حسامی ئەو داستانەی خستۆتە سەر ریزە پەخشانێکی کوردی، کە ئەوەی سەرەوە نموونەیەکە لە هی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٨٠. ئەبینین شێوە پەخشانێکە بە شێوەی زیاتر موکریانی سابلاخ. دارشتنی رستەکانی گوندەییەکی تێدایە، شێوەی قسەکردنی ئەو وڵاتە چۆنە پەخشانەکەش بەو جۆرە هاتۆتە ناوەوە. «دال» لە سەرەتاو دوایی وشەدا قووت نەدراوە وەکوو شێوەی بابان. لە ڕێختی عیبارەتا - بەوێنە - لە باتی ئەوە بڵێ «چاویلکەکانی ڕێکخست و چاکەتەکەی بۆ دایکی ڕاگرت» ئەڵێ:

چاویلکەکانی ڕێک کردن و چاکەتی بۆ دایک ڕاگرت». ئەم جۆرە گوزارشتە دیارە جیایە لەو گوزارشتە کە لە وڵاتی باباندا هەیە. هەروەها لە تاکە تاکەی وشەدا وەکوو «وێژینگ، چرتە، باڵنج، ماسک و هەڵمساو»لە باتی «وەنەوز، چرکە، پشتی، پەچەو ئاوساو» ئەمە دەوڵەمەندییەکە بۆ زمانی کوردی. جگە لەمە ئەگەر پەخشانێکی وەکوو ئەم پەخشانە نەبێت، کوردی ناوچەیەکی تر ئاگادار نابێ بەسەر شتی وادا. هەر زمانێک ئەگەر بەهەموو شێوەکانی شت نووسرا، زمانی ئەدەبێکی یەکگرتوو ئەکەوێتە بەردەستی خاوەن زمان. زمانەکانی تر بەم جۆرە پێشکەوتوون و لە ئەنجاما زمانێکی یەکگرتوویان بۆ هاتۆتە مەیدانەوەو ئەو زمانە بووە بە ڕەسمی گشتی بۆیان.

***

«کمال جلال غریب» لە ساڵی «١٩٧٩» لە بەرگی دووەمی کتێبەکەیا «فەرهەنگی زانیاری» عەرەبی-ئینگلیزی-کوردی، کە لەبەرهەمی چاپکراوەکانی «کۆڕی زانیاری کوردی»یە، پێشەکی ئەو کتێبە بە پەخشانێک دەست پێ ئەکاو ئەڵێ:

«خوێندەوارە بەرێزەکان! بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبانەوە. پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برایانە دەکەم کە بە دەمی، یان بە نووسین، بە نامەی تایبەتی،

یان بڵاو کراوە لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بیروڕای خۆیانیان دەربارەی بەرگی یەکەمی ئەم فەرهەنگە – فەرهەنگی زانیاری- دەربڕیبوو و هەندێک تێبینی نایابیان خستبووە بەر چاوم. منیش بە پێی توانا لەم بەرگەدا ئەو تێبینییانەم پەیڕەوی کرد، وە هیوادارم کە لە بەرگە داهاتووەکانیشدا هەر پەیڕەویان بکەم.

(١) لە بەرگی یەکەمدا وشە لاتینی، یان ئینگلیزییەکانم بە پیتی کوردی نووسیبوو چونکە فەرهەنگەکەم لە سلێمانی چاپ کردو بە تەما نەبووم کە ئەو وشانە بە رێک و پێکی چاپ بکرێن. بەڵام پاش ئەوەی کە کۆڕی زانیاری کوردی بەڕێز بەڵێنی لەچاپ دانی ئەم بەشەی ئێستای پێم دا هەموو وشە لاتینیی و ئینگلیزییەکانم بە پیتی تایبەتی خۆیان نووسییەوە.

(٢) ئەگەر وشەیەکی عەرەبی بەرامبەرەکەی بە کوردی هەبێت ئەو کوردییەکەیم بۆ داناوە؛ بۆ نموونە «اجدل – صقر» لە عەرەبیدا، بەرامبەرەکەی لە کوردیدا «هەڵۆ» ، بەڵام ئەگەر وشەیەکی عەرەبی بەرامبەری نەبێت لە زمانی کوردیدا ئەوا بە ناچاری عەرەبییەکەم بۆ پەرچڤە کردوە؛ بۆ نموونە «جسم صنوبری» لە عەرەبیدا بەرامبەرەکەی «تەنی کاژی» لە کوردیدا.

(٣) هەندێک وشەی لاتینی، یان ئینگلیزی هەن کە لە کوردیدا بەرامبەریان نیە، بەڵکوو هەمان شتیان پێ دەڵێن، لە بەر ئەوە من ئەو وشانەم جگە لە ئینگلیزی، یان لاتینی بە پیتی کوردیش هەر نووسیوەتەوە، ئەوەیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئینگلیزی نازانن؛ وەکوو:

رادیۆ «بە عەرەبی» Radio «بە ئینگلیزی» ، «رادیۆ» بە «کوردی» .
نموونەیەکی تر: جادۆلینیوم «بەعەرەبی» Gadolinum «بەئینگلیزی» گادۆلینیۆم «بەکوردی» .

(٤) هەندێک جار رێک دەکەوێت کە وشەیەکی عەرەبی دوو، یان زیاتر وشەی کوردی بەرامبەری هەبێت، وە هەتا ئێستا ساغ نەبوەتەوە کە کامیان راستترە، یا باشترە، لەبەر ئەوە منیش وەکوو خۆیان هێشتوومنەتەوە، بە هیوای ئەوەی کە لەدوارۆژدا سوودیان لێ وەربگیرێت بۆ هەڵبژاردنی باشترینیان، بۆ نموونە: حامض «بە عەرەبی» ئەسید، ترش، ترشەڵۆک «بەکوردی» . حقبە «بەعەرەبی» ماوە، چاخ، رۆژگار «بەکوردی» . حشرة «بەعەرەبی» مێروو، مێش و مەگەز «بەکوردی» .

(٥) هەندێک وشەی عەرەبی بە شێوەی زاراوە، یەک لە دوای یەک هاتوون چونکە ئەمانە زاراون و هەر یەکەیان بەرامبەری تایبەتی خۆی هەیە لە

کوردیدا؛ بۆ نموونە: خبز «بە عەرەبی» نان بە «کوردی» خبز للسفر «بەعەرەبی» نانی نۆردوو، نانی ڕێ ڤنگا بە کوردی. نموونەیەکی تر: جبل بە «عـەرەبی»، شاخ، چیا «بەکوردی». جبل وعر «بەعەرەبی» گەوەڕ، یاسە «بەکوردی». دووبارە تکا لە هەموو خوێنەرە بەڕێزەکان دەکەم کە بیرو رای خۆیان دەربارەی ئەم بەرگـەش دەر بخـەن، بە دەمی، چ بە نووسین بە نامـە، یا لە گـۆڤـارو ڕۆژنامـەدا بۆ مـەبەسـتی چاک کـردن و بەرز کـردنەوەی رادەی فـەرهەنگەکـە. چونکە ئاشکرایە کە دانانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە کارێکی یەکجار گرنگەو پێویستی بە یارمەتی گشت لایەک هەیە.

لە کـۆتاییـدا زۆر سـوپاسی کـۆڕی زانیـاری کـوردی بەڕێز دەکـەم بۆ ئەو یارمـەتیـیە بە نرخەی کە دەربارەی بەرگی یەکەم و ئەم بەرگە داویێتی، ئاواتە خـوازم کـە هەمـیشـە هەر بـڵند بێت لە پێناوی راژەی زانیـاری و ڕۆشنبـیـری و وێژەی کوردیدا. هەروەها زۆر سوپاسی برایانی بەڕێز مامۆستایان سدیق شێخ مەحمـوود بەرزنجی و فـەیسـەڵ مسـتـەفا حـاجی و یونس ئەحـمـەد عـەبدوللە و محەمەد هوشیار حەمە عەلی دەکەم بۆ ئەو یارمەتییە باشەی داویانە، چی لە بارەی ڕێکخـسـتنی وشـەکـان و چی لە بـارەی نووسـینەوەی ڕەشـەکـەکـانی بەرگەکانی ئەم فەرهەنگەدا، هیوام وایە کە هەر لە سەرکەوتندا بن».

کورد لە لایەن فەرهەنگەوە ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ زمانەکانی ترا ئەتوانم بڵێم ئەم لە چاو خـۆیا دەسـتی لەوان درێژتر بووە، چونـکە ئەوان هەر لـە زەمـانێـکی تا ئەندازەیەک زۆر زووەوە بە هەموو جۆرو لە لایەن خۆیان و جگە لە خۆیان خزمەت کراون و فەرهەنگیان بۆ دانراوە، کـوردەکـە ئەو مـاوە درێژەو ئەو هەسـتـە بە بڕشـتـەی نەبووە، کـە دەست بدا بە فەرهەنگی زمانەکەی خۆیەوە. یەکەم هەنگاوێک کە بۆ فەرهەنگ نێژرابێ لە ناو کورددا «ئەحمەدی خانی» بووە کە لە ژێر ناوی «فەرهەنگی نەبەوهار»دا دەستی پێ کردووە، ئەم مێژووەش لەچاو فەرهەنگی نەتەوەکانی تردا وەنەبێ مێژوویەکی زۆر کۆن بێت. بەرە بەرە لەم سـەدەی بیـسـتـەمـەدا دەست بۆ فـەرهەنگ درێژ کـراو قـەڵەمی ڕۆشنبیـرانی کـورد بۆی کـەوتەکـار، بە تـایبـەتی لەلایەن هەندێکیـانەوە فـەرهەنگ لە کـوردییـەوە بۆ کـوردی هاتە ناوەوەو خزمەتێکی شایانی پێ کرا. جا فەرهەنگی کوردی لەم ماوە کەمەدا ئەگەر بەراورد بکرێ لەگەڵ فـەرهەنگی نەتەوەکـانی تردا؛ واتە لە گەڵ درێژیی زەمـانیـاندا ئەتوانم بڵێم نیـسـبـەتەکەی ئەم زیاترە لە نیـسـبـەتی ئەوان؛ واتە کـورتی زەمـانی ئەم و درێژی زەمـانی ئەوان بەراورد بکرێ، ئەم لەم ماوە کورتەدا ڕێگای زۆرتر بڕیوە تا ئەوان.

هێنانی ئەم نموونە پەخشانەی خاوەنی فەرهەنگی زانیاری، تەنها ئەوە نییە کە نموونەیەکی پەخشانی ساڵی ١٩٧٩یە لەم بابەتەدا، بەڵکوو چەند لایەکی تر ئەگرێتەوە؛ یەکێک لەوانە ئەوەیە چۆن کورد لە بابەتەکانی ترا هەنگاوی ناوە، لە بارەی بابەتێکی وەکوو فەرهەنگیشەوە دیسان ئەم جم وجووڵەی هەبووە تا گەیشتۆتە ئەم مێژووە، بەڵکوو لەم مێژووەدا توانیویە هەندێ لە زمانەکانی رۆژاواش لە گەڵ زمانی خۆیا ریز بکا. یەکێکی تر لەوانە رێخت و داڕشتنی پەخشانێکە کە لەگەڵ بابەتەکەیا بگونجێ؛ فەرهەنگ زمانێکی ئەوێ کە جیایە لە زمانی ئەدەب و زمانی مێژوو و زمانی زانیارییەکانی تر. یەکێکی تر لەوانە دەرخستنی چەشەی یەکێکە لە گەڵ یەکێکی تردا بۆ داڕشتنی عیبارەت و رستە، کە مێژووی پەخشانی تەماشای ئەم نموونەیە ئەکا ئەوەی بۆ دەر ئەکەوێ کە لە ساڵی ١٩٧٩دا ئەم جۆرە گوزارشتەش دیسان هەر هەیە.

دوور نییە مێژووی پەخشان ئەو دەنگەی لێوە بێت؛ کە ئەم نموونەیە بە چاو شێوەی موکریییەوە ئەو رێختەی لەودا هەیە لەمانییە!. ئەڵێن: گەلێ جار ئەمە وتراوە کە چەشەی دوو کەس هەرگیز نابن بە یەک، با بابەتیشیان یەک بێت، ئەگەر هەموو پەخشان وەکوو یەک بن ئیتر کەڵک لە هێنانی ئەو هەموو نموونانەدا نابێت؛ هەر نموونەیەک تام و چێژی خۆی هەیە، هەر نموونەیەک داڕشتنی تایبەتی خۆی هەیە، هەر نموونەیەک روخساری خۆی هەیە. گومان لەوەدا نییە کە روخساری فەرهەنگێکی نوێ کە تێکەڵاو بە فەرهەنگێکی تر کرابێ ئەو روخسارەی نابێ کە لە بابەتێکی ئەدەبی، وەیا مێژووییدا رەوانی خۆی دەگرێت. ئەم و دیسان لەم نموونەیەدا ئەبینین کە وشەی کوردی وای تێدا بەکار هێنراوە، دوور نییە ئەگەر ئەم نموونەیە ئەوانەی تۆمار نەکردبایە ئەوانە هەروا ئەکەوتنە گۆشەی لەبیر چوونەوەوە.

***

«حەمەی مام ئەورەحمان» لە ساڵی ١٩٧٩ لە ژێر ناوی «پرۆژەی رەخنەو لێکۆڵینەوە»دا بەرهەمێکی بە چاپ گەیاند. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە پەخشانی ئەو بەرهەمە:

«.......................................................................

کاکە بورهان تەنها لەتە پرسیارێک ئەگەر «رەمز» ترسنۆکی نییە، ئەی چییەو بۆچی و لە کوێوەو چۆن دروست بوو؟! بۆ بە ئاشکراو بێ پێچ و پەنا بیرو رای تیا دەرنابڕێ؟ ئینجا دەربارەی «ترسنۆکی و ئازایەتیم» بێ لە خۆ رازی بوون و

به «قـەناعـەت و بەڵگە» وە ئەڵێم ئەوەی کـە من نووسـیـومـە هیچ کـەسـێک نەیوێراوە بیـڵـێت، چونکە ئەگـەر ئـازایەتی «تووڕە بوون و چوون بەگژ دوژمنی داگـیـرکـەرا.!» بێ، خـۆ ئەگـەر ئازایەتی «رسـواکـردنی دوژمـن بێ» یا ئەگـەر ئازایەتی «دەرخـسـتنی کردەوەی نـاپەسەن و بێ رەوشـتی دوژمنی داگـیـرکـەر و دەسەڵاتدار بێ». یا ئەگەر ئازایەتی «وەستـانێکی بێ سڵەمینەوە بێ بەرامبەر بە دوژمنێکی دڕنـە!! و...». زۆر بە شانازییەوە ئەڵێم: لە چیرۆکەکانی «نان دۆ خـۆڵ.. نەنکم.. و کـاکـافـرینەو..!»دا ئەوانەم نـووسـیـوەو کـردوە بەرامـبـەر دوژمن».

کـاکـە بورهان لە شـوێنێکی کـەدا ئەڵێ: با ئەوەش بزانین کـە رەمـز بیرکردنەوەیەکی فراوان بۆ خوێنەر پەیدا ئەکاو رادەی رۆشنبیری خوێنەر بەرز ئەکـاتەوە، ئەگـەر وا نەبێ هیچ جیـاوازییـەک نییـە لە نێـوانی خـوێنەرێکی بەرهەمی شێرکۆ بێ کەس و حسێن عارف لەگەڵ خوێنەری چیرۆکەکانی رۆستەم و زۆراب دا.

کـاکـە بورهان گـیـان ئەمـجـارەش گـوێ بگرەوە هەر چۆن بێ ئەو ئەدەبەی «رۆستەم و شیرین و فەرهادو...»ی پێ نووسراوە من بە بناغـەی ئەدەبەکەمـانی دائەنێم، چونکە بە گشتی هەموو نووسەرانی کۆمان لەوانەوە بەری رۆشنبیری خـۆیان پەرە پێ داوە.. مـەولەوی ئەڵێ: جـارێکیـان بە سەفـەر چووم بۆ قـەڵای جوانرۆ لەوێ کتێبێکی «شیرین و فەرهاد»ی ناتەواوم دی، ویستم بە شیعری خۆم تەواوی بکەم، چەند شیعرێکم نووسی، کە بەراوردم کرد هینەکانی خۆم ئەوەندە بە ناتەواو هاتە بەر چاو شـەرمـەزار بووم و دەسم لە نووسین و تەواو کـردنی کـتێـبەکـە هەڵگرت.. بڕوانە (مەولەوی مـامـۆسـتـە مەلا عـبـدالکریم مدرس).

جـا نـازانم لای بەڕێزتـان مـەولەوی بە شـاعـیـر ئەزانن یا نە؟!. چونکە مەولەوی کلاسیکی بوو، کۆن بوو.!. جا ئەو ئەدەبە واقیعی بووبێ یا خەیاڵی، ئەدەبێکە هەبووەو هەیەو ئێـسـتـاش خـوێنەریـان بە ئەنازەی «شـێرکـۆو حسێن» هەیە. ئینجا هەر لەو ئەدەبەدا هەموو جۆرە زانیاری و شتی پێویست و گرنگ بەدی ئەکـرێ؛ وەک «زانیـاری، جـەنگی، فـەلەکی، ئەسـتـێـرە نـاسی، دللاری، وەفـاداری، خـۆبەخت کـردن، باوەڕ نەکـردن بە دوژمن، کـوێرانـە شت نەکـردن، پاڵەوان بازی - مـصـارعـە - ملاکـمـە، کە ئەمـەیان ئێـسـتـا یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی جیهانی وەرزش، خۆ ڕاگرتن لەبەردەم ئازارو برسێتیدا، سوور بوون و کـۆڵـنەدان لە پێناوی ئامـانج و..!» سـەرەرای ئەمـانە کـاکـە بورهان! سـوێن

ئەخۆم بە خواو مارکس و مادی و وجوودی نوێ خوازی..! ئەگەر بمتوانیایە رەورەوەی مێژووم ئەگێڕایەوە بۆ پێش رۆستەمیش!. ئەزانی بۆ؟. دیارە نایزانی!. لەبەر ئەوەی لەو کاتە لە سالێکا بە هەموو ئافاتەکانیەوە – جەنگی و سروشتی – سەدان کەس تیا ئەکوژران! بەلام ئێستا لە پال راستی و تقدمی و.. لە سالێکا هەزاران گیانلەبەر بێ گیان ئەکرێن.! هەر ئەوسا لە سالێکا چەنان کەسێک ئەکران بە «دار»، یا ریشە کێش ئەکران بەلام ئێستاکە لە تەنیشت «سەربەستی.. و مرۆڤ پەروەری ئامانجەوە»لە مانگێکا چەنان کەس لە بەندیخانەی شارە دێرینەکانی فەلەستین، بەندیخانەی نزیک ئاسک ئەکرێن بە پەتا! هەر ئەوەتا ئەو فرو فێل و درۆو بەرتیل و مل کەچی بۆ دوژمن و.. ی کە ئێستا هەیە ئەوسا نەبووە، هەر ئەوسا زۆر کردن و چەوساننەوەو داگیر کردنی خاکی بێ دەسەلاتان! هەرگیز وەک ئێستا نەبووە.

دەربارەی شێرکۆو حسین عارف بەلای منەوە هیچیان بە نووسەر نازانم، چونکە زۆر ترسنۆک و راران!. بەلکە کاک شێرکۆ بۆ کەسانی خاوەن دەسەلات هەلئەپەڕی و خۆشی ئەویست!. کە دەسەلاتیشی نەما بە پێچەوانەوە!. دەربارەی «گۆران» چەن پرسیارێکم لێ کرد کەچی بە پێچ و پەناو راکردن لە مەبەستی پرسیارەکان ئەو وەرامانەی یاومەتەوە کە لەم نامیلکەیەدان.. ئەمە واو بۆ حسین عارفیش ئەو لە شێرکۆ راکردووتر! چونکە کاتی خۆی نامیلکەکە «نەنکم» بۆ نارد کە رەخنەی لێ بگرێ کەچی نەیوێرا هیچی لەسەر بنووسێ!.

لەوانەیە بلێت: کە حسین عارف بە نووسەر نازانی ئەی بۆچی بەرهەمەکەتت بۆ ناردوە کە رەخنەی لێ بگرێ؟!.. ئەمە راستە بەلام لەبەر ئەوەی کە لای زوربەمان بە چیرۆک نووسێکی سەرکەوتوو ناسراوە بۆیە بۆ ئەوم ناردو حسن قزلجیش لای خۆم چیرۆک نووسێکی سەرکەوتووە، بەلام نەک لە رێگای نامیلکەکەیەوە- پێ کەنینی گەدا- بەشکوو لە رێگای هەنێ چیرۆکیەوە کە لە رۆژنامەو گۆڤارەکانا بلاوی کردوونەتەوە، وەک چیرۆکی «هەست کردن قەدەغەیە» لە بیری نوێ و...

.«.........................................................................

ئەمە قسەیەکی دانسقەیە لە ناو هەموو زانایانی کۆن و نوێدا کە ئەلێ: «تۆ سەیری ئەوە بکە کە وتراوەو نووسراوە، سەیری ئەو مەکە کە کێ وتوویەتی!». لەم سالی ١٩٧٩ەدا لە گەلێ بابەتی پەخشانەوە قسە کراوە؛ یەکێک لەوانە پەخشانی ئەم خاوەن دەقەیە کە رێبازەکەی بە تەواوی لەبارەی ناوەرۆکەوە جیایە لە رێبازی ئەو کەسانە کە لەم سووچەوە

دواون.

له پرۆژەکەیا سەرەتا «گۆران»ی هۆنەری گرتووە، هۆنراوەکانی هەڵئەسەنگێنێ؛ جوانی له هۆنراوەکانیدا، گونجانی ناوەرۆکی هۆنراوەکان لەگەڵ سەر لەوحەی پارچەکانیا، وەسف له هۆنراوەکانیا، هۆنراوەکان لەگەڵ ڕێزمانی زماندا، لەنگی له هۆنراوەکاندا، ڕەخنە لێ گرتن و هەڵسەنگاندنیان له باری لێکۆڵینەوەوە.

ئەمە ناوەرۆکی کتێبەکەو ئەم جۆرە شتانە له هەموو دەورو سەردەمێکا هەبووەو هەیە کە ڕەخنە لەبەرهەمێک بگیرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ئەمە مەبەست نییە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەم ڕێگایە خاوەن دەق له بەرهەمەکەی خۆیا گرتوویەتی بۆ شیکردنەوەی بەرهەمی یکێکی تر ئەوەیە کە هەر کەس بە خوێ چێشت بیروڕایەکی بووبێت بەرامبەر بە بەرهەمی گۆران، ئەو هێناونی و له تەتەڵەی داون و ئەوانیشی شی کردۆتەوە، خستوونیە تاکی تەرازووەوە بە باوەڕی خۆی هەڵیسەنگاندون و ڕۆژی کۆن و نوێ هێناونەتە بەرچاو!. ئەم جۆرە ڕێچکەیە بەم جۆرە شێوەیەو بەم گشتییە من نایەتە بەرچاوم کە هەبووبێت مەگەر لەم ساڵی ۱۹۷۹ەدا نەبێ. بەڵێ! ئەمە زۆر جار هەبووە کە بە هۆنراو یەکێک یەکێکی تری شۆردۆتەوە، وە یا عەشرەتێکی داماڵیوە، بەڵام له پەخشانا بەم درێژییە دوور نییە نەوەک لەناو کورددا بەڵکوو پێم شک نایە لەناو نەتەوەکانی تریشا هەبووبێت، ئەگەر هەبووبێت لەناو کورددا نەبووە!..

ئەم دەقەی سەرەوە کە نموونەی هەموو پەخشانەکەیەتی جم و جوڵێک له بیریا هەیە کە له وەجاخی نانەواخانەیەکا دروست بووە. جگە له ڕوخساری پەخشانەکە ناوەرۆکەکە ئەوە بۆ ئێمە دەر ئەخا: کە گرتنی ئەم جۆرە ڕێگایە ڕێگایەکی تازەیە. بەڵێ! پیاو کە دائەنیشێ لەگەڵ یەکێکی ترا ئەکەوێتە دەمەتەقێ و هەموو جۆرە قسەیەک ئەکاو لغاو بۆ ئەو مەیدانە شل ئەکا، بەڵام کە دێتە سەرباری نووسین له بابەتێکی وادا ئەو لغاوە بەو جۆرە شل نەکراوە. ئەم دەقە، وەیا ئەم خاوەن پەخشانە کە ئەم ڕێچکەیە گرتووە، ڕێچکەکەی وەکوو نانێکی برژاوە کە له تەنوورێکی گەرمەوە دەرهاتبێ، بیرەکەی بووە بە کوڵەوەژێک و هەر جارە تەنوورەکەی پێی تێکداوە بۆ گەرم بوون. قسەکانی لەگەڵ واقعدا یەک بگرنەوە یا نەگرنەوە شێوە پەخشانێکی لەم ڕووەوەو بۆ ئەم جۆرە شتانە دروست کردووە. ئەمەش مەرج نییە کە بوترێ هەرچی پەخشان هەیە ئەبێ هەمووی چاک بێ یا هەمووی خراپ بێ. پەخشان شوێن بابەت ئەکەوێ، بابەت چۆن بوو پەخشانەکە بەو جۆرە دێتە ناوەوە. ئەوەندە هەیە مێژووی پەخشان ئەبێ ئاگادار بێ بەسەر هەموو جۆرە نموونەیەکاو وەکوو دێوجامە

هەموو شت بخاتە روو، ئەوەی بۆ دەر ئەکەوێ کە لەساڵی ١٩٧٩دا ئەم جۆرە پەخشانەش لە بابەتێکی وادا دروست بووە.

وەکوو لە گەلێ شوێنی ئەم کتێبەدا وتراوە ئەمە مێژووی پەخشانە بە پێی زنجیرەی رۆژ بۆ دروستبوونی ئەو بابەتە کە هەبووە، مێژووی ئەوە نییە کە من وەیا تۆ دڵنیابین لەو پەخشانەو لەگەڵ بیرو باوەڕی ئێمەدا یەک بگرێت. وێنەی ئەمە هەیە کە گەلێ جار لە گۆڤارێکا شتێک بڵاو ئەکرێتەوە کە ئەو شتە لەگەڵ بیرو باوەڕی خاوەن گۆڤارەکەدا نییە، بەڵام لەشوێنێکی وەکوو ئەم کتێبەدا – کە مێژووی پەخشانە– کەڵکێکی زۆری هەیە بۆ پاشەرۆژی ئەو مێژووە، بە تایبەتی لە ناوەرۆکا ئەمجا لە روخسارا.

***

«عەبدولسەتار تاهیر شەریف» لە کتێبەکەیا کە لە ژێر ناوی «حاجی قادر» لە ساڵی «١٩٧٩»دا لەژێر چاپ دەرچووە، نموونە پەخشانێکی ئەو رۆژەمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

«.......................................................................

نووسین و لێکۆڵینەوەو دانانی کتێب کردەوەیەکی زۆر هاسانەو زۆریش گرانە؛ زۆر هاسانە بۆ ئەو زەلامانەی شەرمیان نییەو لەبەر بێ ئیش و کاری خۆیان بە نووسینی پڕو پووچ و بێ سەرو بێ شوێن خەریک دەکەن و سەری خوێنەریش بە نووسینەکانیان قاڵ دەکەن. ئەم جۆرە نووسینانە لە بابەتە زۆر هاسانەکانە. بابەتی زۆر گرانەکەش ئەو جۆرە نووسین و لێکۆڵینەوانەیە کە نووسەر خۆی پێوە ماندوو دەکا، شەوو رۆژو ساڵەها لە دوای سەرچاوەی زانستی و راست دەگەڕێ بۆ ئەوەی بەڵگەی بەهێز بێ و لێکۆڵینەوەی زانستی بێ.

ئەم جۆرە نووسینانە ئیمرۆ زۆر کەمن بە تایبەتی بە زمانی کوردی، جگە لەوەی خاوەنەکانیشی گومان لە پسپۆڕییەتیان ناکرێ و لە ناوەرۆکی نووسینەکانیان دەردەکەوێ، وە دەربەستی ئەوەش نین ئەم و ئەو پڕوپاگاندەیان بۆ بکەن، وەک بابەتی یەکەمیان، چونکە نووسینەکانیان باشترین بەڵگەو پڕو پاگاندەیە بۆ دیاری کردنی شوێنی تایبەتییان لە ریزی کۆمەڵدا.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئیمرۆ مۆدەی جۆری یەکەمیانە لەسەر شانۆ، کە دەڵێین لەسەر شانۆ بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز نەیباتە سەر خوێنەران، چونکە ئاشکرایە نووسینی بێ ناوەرۆک و تۆکڵ رازاوە لەبەر لاوازی نەیتوانیوە جەماوەری خوێنەران رابکێشێ، کەواتە مۆدەکە لە کۆڕێکی تردا خۆی دەنوێنێ، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کەوا شەو دز رزگاری دەبێ لە هەڵاتنی هەتاو، کە هەموو

شتێک درشت و وورد ئاشکراو روون دەکاتەوە.

سێ بەرگە کتێبەکەی نووسەر کە بە ناهەق ناوی حاجی قادری لێ ناوە لە ریزی بابەتی یەکەم دامان ناوە، تا ئێستاش ئەگەر دژی نووسرابێ، خۆ تەنیا یەک نووسەری کورد پەسندی نەکردووە، ئەمەش وا بزانم دەگەڕێتەوە سەر ئەو هۆیانەی باسمان لێوە کرد لە پێشەوە، لەگەڵ دوو هۆی سەرەکی تریش: یەکەمیان ئەگەر خوێنەرە کوردەکە کۆنەپەرستیش بێ و بە بیرو باوەڕو کۆنە پەرستەکەی، بەڵام بە هیچ جۆرێک رازی نابێ بە باس نەکردنی ژیان و شیعری حاجی قادری کۆیی، لە کتێبێکدا ناوو نیشانی ئەوی بە سەرەوە بێ. دووەمیان کتێبەکە بەگشتی لە هەموو روویێکەوە لە لایەن خوێنەرێکی رۆشنبیری ئاساییەوە فڕێ دەدرێتە سەر زبڵدان، ئێمەش کە خۆمان ماندوو کردووە بە خوێندنەوەی هەر سێ بەرگی کتێبەکەوە تەنیا بۆ ئاشکرا کردنی ئەم جۆرە نووسینانە بووە بۆ خوێنەرانی بەرێز. ئەمە لە لایێک، لە لایەکی ترەوە رزگارکردنی گیانی پاکی نەمری حاجی قادری کۆیی لە شێواندن و ناساندنی بە پێچەوانەی راستیی حاجی وەکوو شاعیرێکی کوردی نەتەوەپەرست و شۆڕشگێڕ. بەلای کەمەوە دەبوو نووسەر خۆی ماندوو بکردایە لەگەڵ شیعرەکانی حاجی، بە تایبەتی پارچە شیعرەکەی دەربارەی شوێنەواری کورد، کە پێشەکییەکەی بەم جۆرە دەست پێ ئەکا:

کوردە دەزانی لە کوێ ساکنە خزمانی تۆ؟
گوێ گرە بۆ تۆ بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ

وەیان تەنیا خۆی خەریک کردبایە بە لێکۆڵینەوەی بەیتە شیعرەکانی حاجی دەربارەی ئەم گفتوگۆیەکی لەگەڵ کوردێکی کردبوو لە ئەستەموڵ کە پێشەکییەکەی ئەمەیە:

لە رەنگا تێگەیم کوردە، بە شێوەی کوردی کوردستان
کە چوومە خزمەتی پرسیم: برادەر خەڵکی کام جێگای
لەکام لا هاتووی؟ گریاو گوتی بابان! گوتم! بابان!
دڵم داوە گوتم: باوکە هەمووومان بێ کەسین لێرە
چ قەوماوە! گەلێ حەیفە، مەگریێ هەر وەکو باران

حاجی شاعیرێکی نەتەوایەتی بووە لە قۆناغەکەی داو هاوتای کەم بووە، لە کوردستان یەکێکە لەوانەی بە پەنجە دەژمێررێن، لە شاری کۆیەش بێ هاوتا بووە. هەروەها شاعیرێکی شۆڕشگێریش بووە، نووسەر بیەوێ یان نەیەوێ،

ئەمەیە راستی حاجی قادر، ئەم راستییەش وەک تیشکی هەتاو تیژو بە تین و رۆشنە، بە بێژنگە شڕەکەی مامۆستا جەلی زادە گل نادرێتەوەو داناپۆشرێ.

نووسین لەسەر ژیانی حاجی قادر ئەوەندە هەڵدەگرێ کە نووسەر خۆی پێوە ماندوو بکاو، بە دوای هەموو سەرچاوەیێک بگەڕێ کە ئەو شتە شاراوانەی ژیانی تێدا گوم بووە، گومان لەوەدا نییە کە بەشێکی زۆر لەم سەر چاوانە لە شاری ئەستەموول دەست دەکەوێ.

........................................................................».

ئەم ساڵی ۱۹۷۹یە زاتێکی وا هاتە ناوەوە کە نووسەرانی کورد لە پەنای ئەو زاتەدا ڕێچکەیەکی وایان گرت کە پێشووتر ئەو ڕێچکەیە بەو پان و پۆڕییە تاپۆیەکی وا دیاری نەبوو. ئەمەش لە کردو کۆشی جم و جووڵی زمانە کە جۆرە بابەتی وا دێنێتە ناوەوە ببێ بە مایەی نووسەران بۆ قسە لەسەر کردن. مەسعوود محەمەد لە نێوانی ساڵانی ۱۹۷٤- ۱۹۷٦ لەژێر ناوی «حاجی قادری کۆیی»دا بە سێ بەرگ لە «حاجی» دواوە، ئەم بابەتە بوو بە مایەی نووسەرێکی تر کە عەبدولستار تاهیر شەریف بوو بۆ ئەوە لێی بدوێ و لێی بکۆڵێتەوە، دیارە ئەگەر بەرهەمی یەکەم نەبوایە هی دووهەمیش نەدەبوو؛ بەرهەمی یەکەم ئەدوێ و لێ ئەکۆڵێتەوە. زووتر لێکۆڵینەوە لە هۆنراوادا زۆر بووە بەڵام بە پەخشان و لە پەخشان بکۆڵێتەوە ئەم کەم بووە. ئەم ڕێچکەیە زیاتر لە زادەی ساڵانی «۱۹۷۰- ۱۹۸۰» یە.. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە «ناوجی» لە نێوانی ڕەخنەگر و ڕەخنە لێ گیراودا، چونکە ئەم کتێبە مێژووی پەخشانی کوردییە کە لە هەر بابەتێکەوە بێت کارێکی بەسەر ناوجی کردنەوە نییە.

بەڵێ ۱۹۷۰-۱۹۸۰ گەلێ بابەت هاتە ناوەوە؛ یەکێ لەو بابەتانە ئەوەیە کە بە پەخشان ڕەخنە لە پەخشان بگیرێت، ئەمە بەچاو ڕەوڕەوەی ڕۆژەوە هەنگاوێکی تازەیە. خاوەنی ئەو پەخشانەی سەرەوە بە حەوت بەش پەخشان لە کتێبێکی سێ بەرگی پەخشان کە تێکرای لاپەڕەکانی «۱۱۷۰» لاپەڕەیە ئەکۆڵێتەوە، گەلێ دێڕی ئەو دێنێ، شی ئەکاتەوەو ڕەخنە لە چەمکی ئەو دێڕانە ئەگرێ، واتە لە فلانە شوێنا وای وتووەو کەچی لەم شوێنەدا پێچەوانەی وتراوەکەی خۆی وتووە، ڕەخنە وەنەبێ لەوەدابێ کە ئەو رستەیە پێچەوانەی ڕێزمانە. کورتی بە ڕەنگارییەکە ئەوەیە کە ئەڵێ باسێکی «۱۱۷۰» لاپەڕەیی بە پەخشان لەسەر هۆنەرێکی وەکوو حاجی قادری کۆیی بێ شتێکی باشەو حاجی قادر لەو لاپەڕانە زیاتر هەڵئەگرێ، بەڵام نووسەری سێ بەرگە هەر خەریکی شتێکی لاوەکی

بووەو هاتنی ناوی حاجی قادر تەنیا بۆ تامە چێشتە، ئەگینا درێژە پێ دانەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە حاجییەوە نییە!..

ئەم جۆرە رێبازە کە پەخشانێک لە پەخشانێک بکۆڵێتەوەو رەخنەی لێ بگرێ - رەخنە گرتن لە ناوەرۆک نەوەک بۆ رێزمان - رێبازێکی تازەیەو لاپەڕەی ئەو ساڵانە دایهێناوە.

گەلێ جار وتراوە چەشەی دووکەس هەرگیز یەک ناگرێ، گوزارشت دانەوە لە شتێک بەلای منەوە باشە، بەلای تۆوە باش نییە، شتێک بەلای تۆوە باشە، بەلای یەکێکی ترەوە باش نییە. بەردی مەحەک «واقع»ە بناغەییەکەیە، نەوەک گوزارشتەکەی من و تۆ. ئەفلاتوون و ئەرەستو یەک بوون و پاشان جیابوونەوەو گوزارشتیان گۆڕا، ئەبوو حەسەنی ئەشعەری و جوببائی یەک بوون و پاشان جیا بوونەوە. مەبەستم ئەوەیە «واقع» شتێکی ترەو دەربڕینی بیرو باوەڕ شتێکی ترە. دوو کەس زۆر دۆستن کەچی لە بیرو باوەڕا زۆر جیان، بۆ وێنە شێخ رەئووفی خانەقاو «گۆران».

ناوەرۆکی کتێبی حاجی قادر- کە پەخشانە - بە رەخنەو لێکۆڵینەوە لە کتێبی حاجی قادری کۆیی ئەدوێ - کە ئەویش هەر پەخشانە - رستەکانی هەڵئەسەنگێنێ و ئەمجا بەر پەرچی ئەداتەوە، ئەم جۆرە رێچکەیە لە باوەڕی منا سوود ئەگەیەنێ بە پەخشانی کوردی نەوەک زیان؛ مایە زیاد ئەکا، بابەتی تر دروست ئەکا، لالغاوەی پەخشان فراوان ئەکاتەوە، رێگا بەرین ئەکاتەوە بۆ ئەوە کە پەخشان بخرێتە بەر زەرەبین و تەتەڵەبکرێ و لە هەموو لایەکەوە لێ بکۆڵرێتەوە، لەم لێ کۆڵینەوەیەدا سەرەنجام و واقع دەر ئەکەوێ، دەرکەوتنی واقعیش نەک بۆ تەنیا زانیاری نەزەری، بەڵکوو بۆ هەموو زانیارییەکی عیلمی و تەتبیقی سوود بەخشە بۆ تێکرای نەتەوە.

لە روخسارەکەشیا هەندێ وشەی ناوچەیی تێدا هەیە و لەگەڵ رستەکانا جۆشی داوە، ئەگەر پەخشانێکی وا نەبوایە، ئەو وشانە ئەبوون بە ژێر لێوەوە، نووسینی ئەو وشانەو وێنەی ئەوانە سامانێکی تر ئەدا بە زمانی کوردی.

هەر چەندە ئەمە جێگای ئەوە نییە بەڵام هەر ئەشیلێم: بەوێنە نووسەر لە گەلێ لاوە وشەی «رێز»ی بەکار هێناوە لە باتی «ریز». ریز بە مەعنا ئیحترامە، رێز بە مەعنا سەف و لە پاڵ یەک بووندایە. دووریش نییە ئەمە هەڵەی چاپ بێت، نەک بەسەرچوونی نووسەر.

ئەمەو ئەبێ ئەوەش بزانین کە گوڕی نووسینی کوردی و باوی لە ساڵی ١٩٧٩دا گەلێ

کەمتر بوو لە ساڵەکانی پێشووی، هەروا بووە چونکە پارسەنگ بۆ نووسینی زمانی کوردی هەر شتێکی تر بووە نەوەک خۆی بووبێ!.

***

«صادق بهاءالدین ئامێدی» لە کتێبەکەیا کە لە ژێر ناوی «هۆزڤانێت کورد » لە ساڵی « ١٩٨٠» «دەستەی کورد»ی کۆڕی زانیاری عێراق چاپی کردووە، نموونە پەخشانێکمان ئەخاتە بەر دەست کە ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لەو .

«.......................................................................

د جهەکی هندێ وێران و بەرباتدا بێ گومان ئەبوری بێت وێ ژی دێ پاشکەفتنی بن، کریاری و فرۆتنا ناڤ خو ژ بەر نەبونا تەنایێ دێ کێم بیت و دگەل میر گەهێت چار نکار وەکی دیاربەکرێ هەکارییا ئو ئامێدیێ ئو موسلێ دێ کێم تر بێت کو دگەل پایتەختێ دەولەتێ ستانبۆلێ دێ ئێکجار کێم بت. هەر وەسا ژی لایێ رۆشنبیری ئو زانستی ژی دێ پاش کەڤتی بت کو نەزانین دێ میرگەهێ سەراسەر گریت، ژبلی خویندنگەهێت جزیرێ پایتەختێ میرگەهێ، کو لسەر ئالۆزی ئو تەنگاڤییا جهی، پاکشەڤتنا ئەبورێ ئۆ روشنبیری ژی ب چو رەنگان خوندکارێت جزیرێ چاڤ ژ مزگەڤت و خوێندنگەهێت پایتەختێ ئو ژ دەرڤە ل دوی دەستهاتنێ نەهاتیە گرتن ژبەر ژ خودێ ترسی ئو ب نرخ گرتنا لایێ ئۆلی و ئایینی کو ل دوی چاخی ئو دەمی دا ژ هەمی لا ئو بارێت دی ب کارترو پویتە پێ هاتیە کرن، دبەرڕا چویی نە ئو چاڤی خو دایێ، لایێت دییێت ژین و ژیارێ وەکی لەش ساخی ئو ئەبوری رەنگە کێم هاتبنە هزار وان ژی.

دڤی کۆمیۆنیتێ ب ترس و لەرزو کێم تەنابی و باوەڕی دبن رێژیا دەلەنبەگی «دەر بەگ» یا خوکەرا خوسەر کول سەرێک بەر گوهورین و جە گوهرینا خوندکاراڤە، ئەو کومیۆنیتێ ژار و رویت و بەربات و ئەبوری بێت خودا، پاشکەڤتی ژ لایێ روشەنبیری ئو لەش ساخی ڤە، دبن باری گرانێ رێزو رەوشت و تیتالێت ئۆلی، ئایینی ئو بوسولمانەتییێ ڤە، هاڤلی ئو شەنگستێت رونیشی بێت دجهی دا دێ ب خوندکار و کارگێران و زانا ئو ئۆلداراڤە دبەستی ئو کرێدایی بن چو رەنگ و ئاوایان نەشێن ژ گۆتنا وان دەرکەڤن، کو دکۆمیۆنیتەکێ هوسادا، بێ گومان دێ سۆفیاتی هێلنێت خو د مەژی ئو مەژکوتکێ رونیشتییاندا چێکەت دێ رێکێت سوفیاتێی «تەریقە» وی کۆمیۆنیتی ب سەر و بەر ئێ خن و رێکێت ژیارێ ل بەر روهن روشەن کەن.

دڤی کۆمیۆنیتێ هوسادا مەلایێ جزیرێ لە جزیرا بۆتان و سەرێ سەدێ پازدێ زاینی هەڤبەری نیڤا یەکێ د سەدێ نەهێ مشەختی دا ژ دایێ بویەو ژ بنەمالکا زانا ئو خوەندا کو بابێ وی مەحمەد ژ زانا روشەنبیرو کەنکەنێت چاخ و دەمێ خو بویە، ژ بەر هندێ فەرمانا سولتانێ عوسمانی بۆ دەر کەڤت بۆ سەرۆکێ قازیان ل شامێ «دمەشقێ»، پاشی هەیامەکێ ل شامێ مایی ب فەرمانەکا دیبا سولتانێ بۆ سەرۆکێ قازیان ل استانبۆلێ هەتاکو شەڕو جەنگێ ئەنقەرێ سالا «١٤٠٢»زا. ل ناڤبەرا بایەزێدێ یەکێ ئو تێمورێ لەنگ. پاشی بایەزید هاتیە گرتن و دویر ئێ خستن، ب مال ڤە چۆ ئیرانێ، کو ل وێرێ ژی دونیا روهن لێ تاری بو چۆ بەر دلوڤانییا خودێ. ئەڤ چیرۆکا مەلا مەحمەدێ بابێ جزیری، هەر وەکی سەیدایێ جەگەر خوین گێڕایی دچو سەروکانی ئو ژێدەرێت دی دا بەر چاڤ نەکەڤت، ژ بلی هندێ چۆنا مەلا مەحمەدێ بابێ مەلایێ جزیری، یێ ل دوی گۆتنا وی سەرۆکێ قازییان بویە ل استانبۆلێ، ژبەر چ دێ چی تە ئێرانێ؟!.

هەکە گوت پاش شکەستن و دویر ئێ خستنا سولتانێ عوسمانی «یلدرم بایزید» ئەو ژی ژ سەروکێ قازیاتیێ ئێ خست، ئان دا هەر لە ستانبۆلێ مینت، یان ژێ دا زڤریتەڤە جزیرێ ژبەر کو ئیران و دەولەتا عوسمانی کەڤتنە بن دەستێ تەتەران هەیامەکی، ژیلی هندێ ل سەر دارخازا کێ مەلا مەحمەد چو ئێرانێ؟!.

نەمازە سەیدایێ جەگەر خوین لە سەر گوتنا خو دچیت دبێژیت: پاش مردنا بابێ ئەحمەدێ جزیری ئانکو مەلا مەحمەدی ل ئیرانێ ئەحمەدێ جزیری کرە سەرۆکێ قازییان، بەلی ئەو بەر پسیاری پێ ڤە نەدهات، ژبەر کو سۆفییەکێ نەقشبەندی بو، دڤیا ورد کێشابا، ختم کربانا دگەل مریدا، ئینا دارخازا لێ بورینێ ژ سولتانی خاست و مەحمەدێ ب ناڤێ بابێ وی ب ناڤ کری کرە سەرۆکێ قازییان. هەر وەسا سەیدایێ جەگەر خوین دڤێ گوتنا خودا دبێژیت: د شەڕو جەنگێ ئەنقەرێ ناڤ بری مەلایێ جزیری هێژ بچویک بو. بەلێ سەیدایێ سجادی ل دوی دیوانا دەستنڤیسا عەبدولقادر عەلی ئامێدی دبێژیت:

جزیری د سالا «١٤٠٧»ێ زایینێ ل جزیرا ژ دایێ بویە. سەیدایێ نەمر محمد علی عونی ل دوی دەستنڤیسا دیوانا مەلایێ جزیرییا کو سالا «١٣٢٢»ێ مشەختی نڤیسی گوتییە: «مەلایێ جزیری لە دوماهییا سەدێ نەهێ مشەختی ل سەر چاخ و دەمی محمد فاتحی بویە». نەمر جەلادەت

بەدرخـان دگـۆڤـارا «هاوار »ێ دا هەر دپشكا يەكێ ژ ڤێ بابەتی پەسنا وێ
گـوتنێ كـرییـە. ژڤێ چەندێ ژی دیارو خـویا دبیت كـو د جـەنگێ ئەنقـەرێ دا
جزیری هەكە ژ داییێ ببیت ژی، بەلێ گەلەكێ بچویک بویە...

......................................................................».

من نامەوێ قسـە دووبارە بكەمەوە، لەگەڵ ئەوەشا هەر ئەبێ بیـڵێم كە شێـوەی بادینی یەكێكە لە شێوە سەرەكییەكانی زمانی كوردی و شتی پێ وتراوە، بەڵام زۆرتر هۆنراو؛ لە هۆنراودا دەوڵەمەندە، لە پەخشانا لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمەوە زیاتر كەوتە جم و جووڵ، رۆژنامەی «كوردستان»ی بەدرخانییەكان كە لە «١٨٩٨» لە ئەستەمووڵ یەكەم ژمارەی دەركەوت دەستێكی باڵای هەبوو بۆ ئەوە لەو مێژووە بە دواوە پەخشانی شێوەی بادینی هەنگاوی گەورە گەورە بنێ. لە ١٩١٧ بە دواوە كوردە رۆشنبیرەكانی وڵاتی روسیا ئەوەندەی تر كەوتنە هانە هانەدانی. گەرۆكەكانی ئەلەمانیاو فەرەنسەو ئینگلیز كە لەناو كوردەكانی بەشی وڵاتی عوسمانیدا ئەگەڕان، یادداشتەكانی ئەوانیش هەرچەندە بە زمانی خۆیان بوو بەڵام ناوەرۆكەكەی بادینی بوو ئەوەندەی تر پەخشانی ئەو شێوەیە بتەو كردەوە.

لەم كتێبەدا گەلێ نموونە هێنراوەتەوە بۆ پەخشانی شێوەی بادینان. پەخشان گوزارشت لە خەیاڵاتی دەروون ئەداتەوە، شێـوەی هەر ناوچەیەكـیش- وەكـوو وتراوە- جـیـاییـەكی كـەمی ئەبێ لەگـەڵ شـێـوەی ناوچەیەكی تردا. وڵاتیكی پان و فـراوانی وەكـوو بایەزید، دیاربەكر، بتلیس، وان، قارس، ئەرزورۆم، دەرسیم، جەزیرەی ئبن و عومەر، ماردین و گەلێ شوێنی تر تا ئەگاتە ئازربیجانی رۆسیا كە هەموو ئەمانە ئاخاوتنیان بە شێوەی بادینییە ئەبێ چەند جۆرە وردە شێوە لەمانەدا هەبێت؟!. لە ئاكرێ و دهۆک و ئامێدی و زاخۆ دیسان وردە شێوەی تری بادینی هەیە. ئەبێ ئەوەش بزانین لە ئامێدی بەسەر زاخۆدا كە ئەڕوا هەتا ئەچێ بەولا ترەوە، ئەم شێوەیە قووڵتر ئەبێتەوە، كەچی كاتێ پیاو سەیری روخساری ئەم نموونەیە ئەكاو بەراوردی ئەكا لەگەڵ نموونەكانی تردا واتێ ئەگا كە ئەم قووڵترە! بەرجێ شێوەی ئاخاوتنی ئامێدی گەلێ سووكترە لە شێوەكانی زاخۆ و جزیرەو زازا!.

كەوا بوو ئەبێ بڵێین: شێوەی ئەم دەقە شێوەی رووتی ئامێدی نییە، بەڵكوو شێوەیەكە چووەتە ناخی شێوەكانی تری بادینییەوە. هەموو دەم زمانی پەخشان سووكترە لە زمانی هۆنراو، چونكە پەخشان بۆ روونكردنەوەی شتە، لەگەڵ ئەوەدا كە سەیری هۆنراوەكانی فەقێ تەیران، مەلا باتێ، مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی ئەكەین ئەبینین ئەوان سووكترن

لەگەڵ ئەوەش کە هۆنراون. کە وا بوو بڵێین ئەم نموونە پەخشانە پەخشانێکە کە تێکڵاوە لەگەڵ هەموو شێوەیەکی بادینانا. ئەم نموونە پەخشانەی سەرەوە بە ئاشکرا بە ئێمە پیشان ئەدا کە شێوەی بادینی شێوەیەکە زمانی ئەدەب و گوزارشتە، ئەتوانێ باوەش بگرێتەوە بۆ هەموو جۆرە زانیارییەک؛ موززیقای تێدا هەیە، گوندەیە لە هەموو روویەکەوە، لە ئاخاوتنا نرکەیەکی تێدا هەیە، سووراو سوور دەر ئەکەوێ کە وشەی گوزارشت لە دەنگی مرۆڤێکی بەهێز ئەداتەوە، پەخشانی ئاڵای زمانێکی زیندوو هەڵئەکا.

لەگەڵ ئەمانەشا لە بیر نەچێت کە ئەم دوو لقە گەورە سەرەکیەی زمانی کوردی - بادینی و سۆرانی- لەبەر نزیک بوونی شێوەی بادینی هەر لە زەمانێکی کۆنەوە بە رۆمان و بە خەلافەتی عەبباسی و خەلافەتی عوسمانییەوە تاکە تاکەی رواڵەتی وشەی روخسارەکەی گۆڕانێکی بەسەرا هاتووە زیاتر لەو گۆڕانە کە بە سەر شێوەی سۆراندا هاتووە؛ واتە شێوەی سۆران زۆرتر ئەگاتەوە بە پەهلەوی کۆن و سانسکریتی تا شێوەی بادینی، بەڵام لە گوندەییدا بادینییەکەو هێزی گوزارشت دانەوە لە ئازایەتی زیاتر تێدایە. ئەم دوو چێرەیە لەم دوو شێوە گەورەیەدا کە هەیە ئەگەر دەستی خزمەت ببوایە بۆ هەر دوو لایان، ئێستە زمانی کوردی گەلێ پێشکەوتووتر ئەبوو لەم پلەیە کە هەیەتی..

***

«عیزالدین فیضی» لە ژمارە یەکی ساڵی «٤»ی گۆڤاری «ئاسۆی زانکۆیی» کە بەر ساڵی «١٩٨٠» کەوت، لە ژێر ناوی «رۆژنامەی هەولێرو تاقی کردنەوەم لە رۆژنامەگەری دا» پەخشانێکی خۆیمان پیشان ئەداو ئەڵێ:

«..........................................................................

ئێستاش با بیینە سەر ئەوەی بزانین رۆژنامەی «هەولێر» کێ دەری دەکرد؟ مەبەست لە دەرچوونی چی بوو؟ ناوەرۆکەکەی چی بوو؟چۆن دەردەچوو؟.

دەرکردنی رۆژنامەی هەولێر یەکێک بوو لە کردەوەکانی کۆمەڵەی مامۆستایان «جمعية المعلمين» کە لە ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر دامەزرا پاش ئەوەی کە بەرێوەبەرێکی نوێی پەروەردە هات بۆ پاریزگای هەولێر وەک شارەکانی تری عیراق ئەم کۆمەڵەی تیا دامەزراند، وە لە رۆژی ١٩٥٠/٤/٥ دەستەییێک لە مامۆستایان هەڵبژێردران بۆ بەرێوەبردنی ئەم کۆمەڵەیەو منیش بە سەرۆکی ئەم دەستەیە هەڵبژێردرام.

کۆمەڵەی مامۆستایان - بەو پێیە کە نووێنەری چینێکی رۆشنبیرە - بە

پێویستی زانی دەورێکی گرنگ لەناو مامۆستایان بە تایبەتی و لەناو خەڵکی شار بە گشتی ببینێت و بگێڕێت. بەم جۆرە چەند هەنگاوێکی چاکی هاویشت کە تا رادەیەک کاریان کردە سەر باری کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە شارەکەدا. کۆمەڵە بۆ یەکەم جار لە هەولێر وەرزێکی رۆشنبیری «موسم ثقافي» رێک خست کە زیاتر لە دوو مانگی خایاندو هەر هەفتەی جارێک لە سینەمای «صلاح الدين» موحازەرەیەک پێشکەش دەکراو چەند مامۆستا و رۆشنبیرو دوکتورو ئەندازیارێک بەشدارییان تێدا کردو خەڵکێکی زۆری دانیشتوانی شاریش لە ئافرەت و پیاو لەم کۆڕانەدا ئامادە دەبوون.

لە لایەکی ترەوەش کۆمەڵێکی هەرەوەزیشمان پێک هێنا بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی ئیستهلاکی بۆ مامۆستایان کە تا ئێستاش هەر ماوەو بەردەوامە. هەروەها لە رووی کۆمەڵایەتییەوەش لەساڵی «١٩٥١» کە ئیستعرازی وەرزشی ساڵانەی قوتابخانەکان کرا بە هەوڵدانی کۆمەڵەوە قوتابخانەکانی کچانیش بەشدارییان تێدا کرد، بەڵام ئەمە بوو بە بابەتێکی چاک بۆ ئەو کۆنەپەرستانەی کە هەر دەم دەبن بە تەگەرەو خۆیان و خۆیان دەخەنە بەر هەر پێشکەوتنێک و گەشە کردنێک لە کۆمەڵگەدا بە تایبەتی ئەو سەردەمی. بەم جۆرە چەند کەسێک لەم کۆنەپەرستانە گازاندەو بەرهەڵستییەکی زۆریان پیشاندا تا ئەو رادەیەی کە سکاڵانامەیان بۆ مەقاماتی بەرزی دەوڵەت بنێرن بەو هەنجەتەی کە گوایە ئێمە کچ و کوڕ تێکەڵ دەکەین و خوو عاداتی کۆمەڵایەتی تێک دەدەین!.

جگە لەمەش کۆمەڵە توانی وا بکات کە لە کۆبوونەوەکانی مامۆستایان بۆ وانە نموونەکانیان بۆ هەر هۆیەکی تر بوایە مناقشات و گفتوگۆ بە کوردی بکرێت و ئافرەت و پیاو پێکەوە بەشداری تێدا بکەن وەک هەوڵدانێک بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوانی ئافرەت و پیاوو لابردنی ئەم نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانەی کە دیواری ئەستوور دەخەنە نێوان ژن و پیاوەوە. ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی ترەوەش کۆمەڵە گەیشتە ئەو بڕوایە کە ناتوانێت جووڵانەوەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیری دروست بکات و نووسینەوە بە زمانی کوردی بڵاو بکاتەوە لەناو شارەکاندا بەبێ ئەوەی رۆژنامەیەکی بە خۆیەوە هەبێت.

بەم جۆرە پاش چەند هەوڵ و تەقەللایەک گرنگترین هیواو دەست کەوتی کۆمەڵەکەمان هاتە دی، ئەویش رەزامەندی وەزارەتی داخلیە بوو کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٠دا دەرچوو و رێی بە کۆمەڵەدا بۆ دەرهینانی رۆژنامەیەکی

هەفتـــانەی نیـــوە بە کـــوردی و نیـــوە بە عـــەرەبی، یەکـــەم ژمـــارەش لە ١٦/١٢/١٩٥٠دا دەرچوو، بەردەوامـــــــیش بوو تا ٢٨/١٢/١٩٥٣. بەرپرسیاری رۆژنامەکەش مامۆستا جەمیل رەشید ئامێدی بوو کە ئەو کاتە مودەڕسی سانەوی هەولێر بوو. دەستەی نووسەرانیش پێک هاتبوو لە مامۆستا - عبدالمجید حسن- عیزەدین فەیزی، خوشکە ئەستێر سەعید. مودیری ئیدارەش مامۆستا جەمال جەمیل بوو. لە پاش ماوەیەک کە کاری مامۆستا عبدالمجید حسن لە هەولێرەوە گوێزرایەوە بۆ لایەکی تر حسین رەشوانی لە جێگای داندرا تا وەستانی رۆژنامەکە.

مەبەستیش لە هەڵبژاردنی خوشکە ئەستێر سەعید - بەرێوەبەری قوتابخانەی خانزادی کچانی ئەو کاتی- بۆ دەستەی نووسینی رۆژنامەکە ئەوە بوو کە نرخێک بدرێت بە ئافرەت، کۆمەڵەش لەو بڕوایەدا بوو کە ئافرەتیش توانای ئەوەی هەیە کە شان بەشانی پیاوەوە بوەستێت لە هەموو لایەنێکی ژیاندا.

.......................................................................».

رۆژنامەی هەر نەتەوەیەک زمانی ئەو نەتەوەیەیە، چونکە ئەو کەم و کووڕی، یا بەرزی و نزمی، یا ژان و دەردی سەری، یا هەر شتێکی تر هەبێ ئەو رۆژنامەیە ئەبێ بە ئاوێنەو ئەو وێنانە پیشان ئەدا. سەردەمەکانی هەرە پێشوو کە رۆژنامە لە ناو نەتەوەکانا نەبووە، هەندێ هۆ هەبوون بەو هۆیانە نەتەوەکان شتی خۆیانیان دەربڕیوە. سۆمەری، مادی، ئاشووری، فورسی کۆن، میسری کۆن و یۆنانی کۆن کەتیبەو پەیکەرەکانیان بۆ بووە بە رۆژنامەو بەهۆی ئەوانەوە کارەساتیان دەربڕیوەو هێشتوویانەتەوە.

بەڵێ! ئەو پەیکەرو کەتیبانە زۆرتر بە فەرمان و بۆ حوکمدارەکان کراون، بەڵام هێنانە بەرهەمەکەو پیشاندانیان لە دەست رەنگینی هونەرمەندانێکەوە بووە کە ئەمانە لە رەمەکی نەتەوەکە بوون. ماوەیەکی زۆر بەم جۆرە بەسەر نەتەوەکانا تێپەڕیوە، پاشان هۆنەران لەناو نەتەوەکانا پەیدا بوون کە ئەوانە بوون بە وەکوو رۆژنامە بۆ دەربڕینی هەموو جۆرە مرازێک، بە تایبەتی لە ناو عەرەبەکانا دەقاو دەق لە جێگای رۆژنامەی ئێستە بوون. وردە وردە دنیا هات بەم لاوە قەڵەمی رۆژنامە لە هەموو لایەک پەیدا بوو؛ لە ئینگلیز، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەمەریکا، ئەستەموول و قاهیرە، تا لەناو کورددا یەکەم رۆژنامەی کوردی بە ناوی «کوردستان» لە لایەن بەدرخانییەکانەوە لە ئەستەموول لە ١٨٩٨ لەباری ئەدەبییـەوە دەست پێ کرا، لە ١٩٤٨دا گۆڤاری «نزار» لە بەغدا لە لایەن علاءالدین

سجادییەوە لە باری سیاسییەوە پەیدا بوو، لە پاش ساڵی ١٨٩٨ بەرە بەرە رۆژنامەو گۆڤاری ئەدەبی لەناو کورددا پەرەی سەند تا گەیشتە ئەم رۆژە.

خاوەنی پەخشانی سەرەوە بەسەرهاتێکی خۆی لە بارەی رۆژنامەگەرییەوە ئەگێڕێتەوە. مەبەست لەم دەقە ئەوە نییە کە خاوەن دەق بەسەرهاتێک ئەگێڕێتەوە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە بە زمانی کوردی ناوەرۆکێک باس ئەکا کە ئەو ناوەرۆکە سەرگوزەشتێکە بۆ بابەتێک کە دنیای رۆژنامەیە، گوزارشتێکە لەو بەسەرهاتە. مێژووی پەخشانی کوردی ئەوەی ئەوێ کە لە هەمـوو بابەتێکەوە قسـە کـرابێت. ئەسـڵی رۆژنامـەکـە – هەر رۆژ نامەیەک بێ – جیایە، قسە لە بابەتەکەیەوە جیایە. خاوەنی دەق بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو بابەتەدا بگونجێ ئەکەوێتە گفتوگۆ، پەخشانێک دروست ئەکا کە گوزارشتی لە هەندێ رستەدا قاڵبی تایبەتی خۆی هەیە، لە تاکە تاکەی وشەدا شێوەی ناوچەیەکی تایبەتی گرتووە. گومانی تێدا نییە ئەگەر پەخشانێکی چاپکراوی ئاوامان بۆ نەبوایە زۆر وشەی گەلێ ناوچە بەو ئاسانییە بەرگوێمان نەدەکەوت، وەکوو چۆن گومان لەوەشا نییە کە لە ئەنجامی کردو کۆشی نووسەران و رۆشنبیرانەوە ئەدەبێکی ساکاری یەکگرتوومان بۆ دروست ئەبێ و ئاوات دێتە دی.

بەڵێ! مێژووی پەخشانی هەر زمانێک بە تایبەتی زمانێک – کە لە باری خزمەتیەوە کـۆرپە بێت – روخسـاری ئەو زمـانە دەر ئەخـا، بەڵام وەنەبێ تەنیـا روخسـارەکە دەرخـا، بەڵکوو بەهۆی ناوەرۆکەکەشیەوە رادەی بیرو هۆشی خاوەن زمانەکەش دەرئەخا کە پەلی بۆ چەند بابەت و چەند مـەبەست هاویشـتـووە، تابلۆی ئەم دەست درێژکـردنە بە تـەواوی پلە پلەی هەمـوو رۆژو سەردەمێکی دەرئەبڕێ؛ ئەوە دەرئەبڕێ کە لەو رۆژەدا چ جۆرە هەستێک باوی هەبووە وا ئەو پەخشـانە وێنەی کێشـاوە؟. هەر رۆژەو هەر حەفتـەو هەر سـەردەمێک کـارەساتی تایبـەتی خـۆی هەیە، ئەگـەر پەخشـان نەبێت، نەتەوەی رۆژانی دوای ئەو رۆژە بەهیچ جۆر ئاگادار نابن بە سەر ناوەرۆکی ئەو ماوانەی رابوردوودا.

کە ئەڵێن مـێـژوو، ئەمـەیە مـێـژوو، بەڵام بە بـاوەڕی من مـێـژووی نموونەی پەخشـان لە هەمـوو مێژوویێک بۆ مەبەستەکە بە کەڵکترە، چونکە مێژووی شتەکانی تر هەر لە یەک بابەتەوە قسە ئەکا، بەڵام مێژووی پەخشان هەمـوو بابەتێک ئەگرێتەوەو نەخشەی هەمـوو بەسەرهاتێک ئەکێشێ و ئەوە دەر ئەخا کە ئەو بەسەرهاتە واقعی ئەو رۆژە بووە.

***

«سەلام محمد» لە ژمارە «٨١»ی گـۆڤـاری «رۆشنبـیری نوێ» سـاڵی ١٩٨٠ لە ژێر

ناوی «زانست و تەکنەلۆژی هاوچەرخ» دا پەخشانێک پیشان ئەداو ئەڵێ:

«گومان لەوەدا نییە کە شۆڕشی زانستی تەکنەلۆژی هاوچەرخ بۆتە هۆی دروست کردنی کۆمەڵێ گۆڕینی چۆنەکی و شۆڕشگێڕانە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا کە لە ئەنجاما چەند ڕێبازو تیورێکی تازەی وا دێتە ئاراوە کارێکی ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر پاشەڕۆژی مرۆڤ و دەبنە هۆی گۆڕینێکی بنەڕەتی. بنچینە سەرەکییەکانی شارستانیەت و بوارێکی لە بارو فراوان بۆ لە دایک بوونی کۆمەڵی نوێ و مرۆڤی نوێ دەرەخسێنن. پەیوەندی نێوانی زانست و تەکنەلۆژی لەگەڵ کۆمەڵدا پەیوەندییەکی تێهەڵکێش و ڕاستەوخۆیە، بەو بەڵگەیەی ڕادەی زانست و تەکنەلۆژی هەر کۆمەڵگایەک خۆی لە خۆیدا قۆناخە – کۆمەڵایەتییەکە – دەست نیشان دەکات و بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش پێویستە ئاگاداری ئەوە بین کە شۆڕشی زانستیی تەکنەلۆژی هاوچەرخ لەسەر چوار بنچینەو کۆڵەکەی سەرەکی پێکهاتووە.

یەکەم: داڕشتنی کاری ئەقڵی لە چوار چێوەی دەسکەوتی زانستیدا. یەکەمین هەنگاوی شۆڕشی تەکنەلۆژی هاوچەرخ ڕێکخستنی کاروباری بەرهەم هێنانی کۆمەڵێ ئامێری جۆر بەجۆر لە دەزگا بەرهەم هێنەرەکاندا کە لە جیاتی مرۆڤ لایەنی بەڕێوەبەرایەتی و ڕێکخستنی دەزگاکە دەگرێتە ئەستۆ. بەم جۆرە ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدەدا بووە هۆی جێگیربوونی ئامێر لە جێگای تواناو تەقەللای مرۆڤ، بەڵام شۆڕشی زانستیی تەکنەلۆژی هاوچەرخ بەمەند نەوەستاو ئامێری بە شێوەیەک خستە کارەوە تەنانەت جێگای کارە ئەقڵییەکانی مرۆڤیشی گرتەوە لە ڕێگای ئەقڵی ئەلیکترۆنییەوە کە بە زووترین کات زاڵ بوو بەسەر سەرجەمی لایەنەکانی بەرهەم هێناندا.

نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە کە ئەقڵی ئەلیکترۆنی ناتوانێ دەقاو دەق جێگای کارە ئەقڵییەکانی مرۆڤ بگرێتەوەو بە درێژایی پێشکەوتن و گەشە سەندنی ئەقڵە ئەلیکترۆنییەکە هێشتا کارە ئەقڵییەکانی مرۆڤ بایەخی خۆیان دەمێنێ و زۆر وردە ئیشی وا جێ بەجێ دەکەن ئەقڵە ئەلیکترۆنییەکە پەی پێ نابات.

دووەم: بە کارهێنانی نوێی کیبەر نەتیکا

بەکارهێنانی داهێنانە کیبار نەتیکەکان لە مەیدانی زانستی و تەکنەلۆژیدا دووەم کۆڵەکەی شۆڕشی تەکنەلۆژیای هاوچەرخە، لەوانە: داهێنانی ئەقڵی

ئەلیکترۆنی کە لەسەر بناغەی لە یەکچوونی -مێشک و ئامێر- لە وەرگرتن و ڕێکخستن و پاراستنی زانیارییەکاندا دامەزراوە، بە مەیش زوربەی گیروگرفتە ئیداری و هونەرییەکانی دەزگا بەرهەم هێنەرەکان لەناوچوون. ئاشکراشە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە کارهێنانی ئەقڵی ئەلیکترۆنی لە گشت بوارەکانی ژیاندا زیاتر پەرە دەستێنێ بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا. ئەم -بە ئامێر کردنی- ئەقڵی مرۆڤە هەنگاوێکی تازەیە لە مێژووی زانستاو هێشتا لە سەرەتای پێگەیشتندایە، لە پاشە ڕۆژێکی نزیکدا دەبێتە هۆی:

١ـ بەرزکردنەوەی رادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لەو وڵاتانەی بیری زانستی و تەکنەلۆژی ڕەچاو دەکەن.

٢ـ زیاد کردنی بایەخدان بە زانستی ئەندازیاری.

٣ـ زیاد کردنی ژمارەی زانایان لە بواری ماتماتیک و تەکنەلۆژی و لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیدا.

٤ـ قوولکردنەوەی بایەخدان بە داهێنانی ئەلیکترۆنی. لەم بارەیەوە زانا فەرەنسییەکان دەڵێن لە ماوەیەکی ئیجگار کورتدا ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی – لە دایک دەبێت کە بێ گومان ئەمیش تەقینەوەیەکی گەورەیە لە دنیای زانست و تەکنەلۆژیدا.

سێیەم: بە کار هێنانی ئاشتی خوازانەی ئەتۆم.

ئەگەرچی ئەتۆم و تیشکە «نەوەوی» یەکان سامناکترین چەکی خاپوور کردنی شارستانیەتن و ئەو هێزە وێرانکەرەی لە ئەتۆمدا هەیە هەمیشە هەڕەشەیەکی توندو تیژ لە شارستانیەت و «ئاشتی جیهانی» دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بە نیازی بنیاتنان و ئاشتی بە کار بهێنرێت ئەوا دەبێتە هۆی نەهێشتنی زۆربەی گیرو گرفتە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان بێجگە لە دروست کردنی بە هەشتێکی بێ سنوور لەم سەر زەمینەدا. بە درێژایی ڕۆژگار وڵاتە گەورەکان خۆیان بەم مەسەلە گرنگەوە خەریک دەکەن و کۆنگرەو کۆنفراسی باڵای بۆ دەبەستن، بەو ئومێدەی لایەنە وێرانکەرەکەی ئەتۆم و چەک و تیشکە نەوەوییەکان بگۆڕنە سەر لایەنێکی بنیاتنەرو سوود بەخش.

چوارەم: گەشتەکانی ئاسمان و گەشە سەندنی زانستە گەردوونییەکان.

بایەخدان بە زانستە ئاسمانی و گەردوونییەکان نیشانەیەکی ئاشکراو گرنگی شۆڕشی تەکنەلۆژی هاوچەرخە، لەو ئەنجامەی تا ئێستا وەدەست هێنراون: چوونە سەر مانگ و.. دابەزینی گەلێ کەشتی ئاسمانی لەسەر

ئەستێرە دوورەکان و.. بەکار هێنانی مانگە دەستکردەکان و.. زۆرانبازی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ئەستێرانەی ملیۆنەها ساڵی هەتاوی لە زەوییەوە دوورن..
ئەمانە هەموو چوارچێوەیەکی فراوانی گەردوونی دەبەخشنە زانستی تەکنەلۆژی کە لە چوار چێوەی سنووری – زەوی – چوونە دەرەوەو بەرەو جیهانە دوورو نەبینراوەکان هەنگاو دەنێت».

پێشکەوتنی ئەم چەرخە لەوانەیە رەورەوەکەی چەند ئەوەندەی چەرخەکانی پێشوو بە گورتر بێ؛ بابەتێک، پیشەیەک، بەلاجەوێک لەم ئینسانە بەلاجەویەوە پەیدا ئەبێت هێشتا پیاو لە سەیرکردنی ئەو تێر نەبووەو هێشتا لە گۆمی سەر سرمانی ئەوا رزگاری نەبووە کەچی شتێکی تر دێتە پێشەوە ئەوەندەی تر مرۆڤەکە لەو گێژاوەدا ئەخولێنێتەوە!.
لا بەلای چییەوە ئەکەتەوە؛ بەلای مانگی دەستکردەوە، بەلای نیشتنەوەی بەسەر مانگەوە، بەلای پەلاماردانی بۆ ئەستێرەکانی تر، بەلای ئەقلی ئەلەکترۆنییەوە، بەلای بیری قووڵیەوە کە ئەیەوێ شاباڵی بکێشێ بە سەر هەموو ئەجرامی کەونیدا!. بە مانەوە واز ناهێنێ بەڵکوو ئەیەوێ تاکی وا پێ بگەیەنێ کە لە رۆژاواوە ئەو تاکە تیری بیری خۆی ئاراستەی دڵی هەرکەسە بکا تێ بگا کە ئەو دڵە چی تێدا هەیە!. ئیش داقیین هەبوون لە پێشوودا کە ئەم ئیشەیان بەهێزی رۆحی کردووە، ئێستە ئادەمیزادەکە ئەیەوێ بە هێزی ماددی ئەو دەورە بگێرێتەوە. داخەکەم تا ئەگا بەو ئارەزووە خولخولەی کەون ئەگۆرێت ریسی لێ ئەبێ بە خوری!
چونکە ئەمە یەکەمجار نییە کە ئادەمیزاد ئەم خولیایەی لە سەرا بووبێت، زۆر جار بووە کە تا گەیشتۆتە نزیکی چلەپۆپە سەرەو لێژ بووەتەوەو دیسان لە نووکەوە تێ هەڵچوەتەوە!..
خوا هەقە ئادەمیزادەکەی ئێستە زیادە شایستەییەکی هەیە، خۆزگا ئەو شایستەییە لەباتی ئەوە کە لە رێگای وێران کردن و ئەتۆمی تۆقینەرو لە ناوبردنا بە کار ئەهێنا، لە خزمەتی ئاسایش و برایەتی دا بە کار بهێنایە. ئەم ئاواتەی کەمن ئەیخوازم وەکوو ئاو لە دنگا کوتان وایە، چونکە ئادەمیزاد هەرگیز لە سروشتی دڕندەیی جیا نابێتەوە، با جلی لەبەرا هەبێت و خواردن و خواردنەوەی رێک و پێکی هەبێت و داوای شارستانێتی بکا، رەوشتی گورگ و پڵنگەکەی هەر لێ جیا نابێتەوە!.
جارێ ئێستە دنیا هەر لە پێشکەوتنایە، زۆر بابەت و زۆر پیشە کە ئێستە بەرچاومان ئەکەوێ، تەنانەت لە پێش پەنجا وەیا سەد ساڵ لەمەو پێشترا دوور نییە بە بیری ئێمەی

کورددا نەهاتبن. ئەو شتانەی کە لەم ماوەیەدا پەیدا بوون و کەوتوونەتە بەر گوێ ئێمە ئەبن بە بابەت بۆ دروستبوونی پەخشانی خاوەن پەخشانەکان. بەوێنە پێشووتر دەزگای ئەلەکترۆنی نەبوو تا خاوەن قەڵەمەکان باسێکی لێوە بکەن، گۆڕانی گەردوونە ئەو دەزگایە هێنا، وردە وردە نووسین لە سەری پەیدا بوو، دەنگەکەی گەیشتە کوردیش، نووسەری کورد توانی بیکا بە بابەتێک و لەسەری بدوێ. خاوەنی پەخشانی سەرەوە ئەوەی کرد بە ناوەرۆک و روخساری، پەخشانێکی لەسەر دروست کرد، ئەمە دیارە بەچاو گۆڕانی پەخشانی کوردییەوە گۆڕینێکی تازە بوو چونکە بابەتەکەی بابەتێکی تازە بوو.

ئایا ئەقڵی ئەلەکترۆنی ـ ئەو وردە ئاسنانەو ئەو وردە تێلانە ـ ئەتوانێ شان بدا لە شانی ئەقڵی ئینسانی؟. بێ گومان ناتوانێ چونکە ئەقڵی ئینسانی گەیشتە پایەیێک کە ئەوی دروست کرد، بەڵام ئەو ناتوانێ ئەقڵە ئینسانییەکە دروست بکا، ئەمە راستیەکی ئاشکرایە کە وایە، بەڵام کە دێنە سەر قسەکردن لەوەوە ئەوەشمان هەر بۆ ئاشکرا ئەبێ کە هەر رۆژە حیسابی خۆی هەیەو پەردەیەکی تر دێتە پێشەوە، بەراستی راستە کە خوا ئەفەرموێ: «کل یوم هو فی شأن».

کورد تا ئەم ماوەیە ئەو بابەتەی بەرگوێ نەکەوتووە تا قسەی لە سەر بکا، ئێستە رەورەوە ئەوەی هێنایە پێشەوە، ئەو بوو بە هۆی ئەوە کە لەم رووەشەوە پەخشانێک لە زمانی کوردیدا بە هۆیەوە پەیدا ببێت. ئەتوانین بڵێین وەکوو ناوەرۆکەکە تازەیە – کە مەبەستی زۆر ناوەرۆکە – پەخشانی ئەو ناوەرۆکەش هەر تازەیە. مێژووی پەخشان کە سەیری پەخشانی ئەم خاوەن دەقە ئەکاو تەماشای پەخشانەکانی پێش ئەم مێژووە ئەکا، سووراو سوور بۆی دەر ئەکەوێ کە دارشتن و گوزارشت لێ دانەوە لەم پەخشانەدا گەلێ گەلێ جیایە لە پەخشانەکانی پێشوو، نەک جیایە لەبەر ئەوە کە بابەتیان جیایە، بەڵکوو جیاییەکە لە دارشتنی رستەکانایە کە خاوەن دەق خۆی پێوە ماندوو کردووە. ئەوە دەر ئەکەوێ کە لەم رۆژەدا جم و جووڵێک کە هەبێت بۆ گۆڕینی شێوەی روخساری عیبارەت زیاتر هەیە تا شتی تر!. گومانی تێدا نییە ئەگەر نووسەرێکی پەنجا ساڵ لەمەو پێشتر مردبێت و ئێستە بێتەوە دنیاو کوتوپڕ چاو بکاتەوە نازانێ چ بکا!. ئەوەندە هەیە گۆڕانەکە لە روخساردا هەیە بەڵام ئایا بەرەو دوا ئەگەڕێتەوە، یا بۆ پێشەوە ئەڕوا ئەمە مێژوو خۆی ئەو ناوجیبیە ئەکا!.

ئەبێ ئەوەش بزانین دوو لاپەڕەی سالآنی ١٩٧٠-١٩٨٠ هەندێ وشەی بێگانەی زانیاری وەکوو: «تیۆر، تەکنەلۆژی، ئەلیکترۆنی، کیبەرنەتیک، ماتماتیک، ئەتۆم و

نەوەوی خستە ناو عیبارەتی کوردییەوە کە ئەمانەش هۆی زیادە دەستکەوتێک بوو بۆ زمانی کوردی، وەیا بۆ پاشەڕۆژی دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی لە باری ئەو وشە بێگانانەوە کە ئاوەدانیەک ئەدەن بە زانیاری.

* * *

«دوکتور عەزیز ئیبراهیم عەزیز» لە ژمارە «٨١» گۆڤاری «رۆشنبیری نوێ» ساڵی ١٩٨٠ لە ژێر ناوی «تێبینییێک لە عاست نووسین بە دیالیکتی سۆرانی زمانی کوردی» پەخشانێک لەم رووەوە دروست ئەکاو ئەڵێ:

«.......................................................................

ئەم وتارەش رام دەکێشێتە سەر دەرخستنی هەندێک تێبینی کە بەر چاو کەوتوون لە نووسینی کوردیدا وام لێ دەکەن کە بە گیانێکی دڵسۆزییەوە داوا لە نووسەرانی کوردی بەرێز بکەم چاو لە تێبینیەکانم نەقووچێن و نەپۆشن بۆ ئەوەی ئەو هەڵانەی کە لە خوارەوەدا باسیان دەکەم ئەگەر هەڵەی چاپی بن یان هی بەسەراچوونی خودی نووسەرەکە بن لە نووسینی نەمێنن.

لە زۆربەی نووسینەکاندا دەبینم کە نیشانەی «٧»ی سەر پیتەکانی «و، ی، ل، ر»کە پیتی «ۆ، ێ ڵ، ڕ» دروست دەکات، فەرامۆش دەکرێت و ناخرێتە سەر پیتەکان، ئەمەش واتای وشەکان دەگۆڕێ. بوو نموونە: گەر نیشانەی «٧» لەسەر پیتی «و»ی وشەی «بۆن»دا نەنووسرێت، وشەی «بون» دروست دەبێ، جا وشەی «بۆن» واتای «بۆ = رائحە» دەگەیەنێ، بەڵام وشەی «بون» ئەمەیان فرمانێکی یارمەتی دەرە لە زمانی کوردیدا. زوربەی نووسەران ئەمە بە یەک «و» دەنووسن کەچی دەبێ بە دوو «و» بنووسرێ. هەروا گەر هامان نیشانە لەسەر هەمان پیت لەوشەی «خۆ» کە راناوی خودییە لە زمانی کوردیدا دەبێتە وشەی «خو» کە واتای رەوشت دەگەیەنێ، هەروا لە وشەی «کۆڕ» دا واتا دیارە بەبێ نیشانە دەبێتە «کور» کە واتاکەی گەلێ لە واتای «کوڕ» جیایە. هەمان شت لە وشەی «بۆق» کە ئاژەڵێکی ئاوییە، بەبێ نیشانە دەبێتە «بوق» کە ئامێرێکی موسیقایە بە عەرەبی. هەروا لە وشەی «بۆز» کە واتای بە عەرەبی «اشمط، اشهب» دەگەیەنێ بە بێ نیشانە لەسەر پیتی «و» دەبێتە «بوز» کە واتای سەهۆڵ دەگەیەنێ لە ناوچەی هەولێردا.

ئەم نیشانە «٧» لەسەر پیتی «ێ» لابرێ کار دەکاتە سەر گۆڕانی واتای وشە یان بەخشینی واتا. بۆ نموونە، گەر لەسەر وشەی «رێز» کە واتای «احترام» دەگەیەنێت لابرێ وشەی «ریز» دروست دەبێ کە واتای «صف»

دەگــەیەنێ. هەروا لەســەر پیــتی «ێ»ی وشــەی «خــانووێ» کــە واتای «خانووێک» دەگەیەنێ لە حاڵەتی نادیاردا وشەی «خانووی» دروست دەبێ بە واتای خـانووی ئەو. هەروا لە وشـەی «زێ» رووبارێکی گەورە وشـەی «زی» دروست ئەبێ، بە واتای یەخە یان زیی کراس.

لە وشـەی «رێزان» کـە ناوی گـوندێکی ناوچەی باڵەکـە لە سـەر جـادەی حاجی ئۆمەران، وشەی «ریزان» دروست دەبێ کە هیچ واتا نابەخشێت. هەروا لە وشـەی «بێ» کـە ناوی «بەهێ» یە لە ناوچەی هەولێـردا بە کـار دەهێنرێ وشــەی «بی» دروست دەبێ، کــە جـۆرە درەخــتــێکی بچکۆلانەیە لە چەم و رووباران دەڕوێ.

هەمان نیـشانە گەر نەخرێتە ژێر پیـتی «ر» لە وشاندا هەروا کـار دەکاتە سـەر وشەکـان. بۆ نموونە: لە وشەی «گڕ»دا بە واتای گڕی ئاگر وشەی «گر» دروست دەبێ بە واتای خۆڵ لە ناوچەی هەولێردا بە کـار دەهێنرێ. لە وشـەی «دڕ»دا کە واتای تووڕەیی و دڕی دەگەیەنێ وشەی «در» پەیدا دەبێ بە واتای «دل» لە زاراوەی ناوچەی هەولێردا. لەوشەی «سووڕ» واتای «خول» دەگەیەنێ وشەی «سوور» پەیدا دەبێ. لە ووشەی «کۆڕ» وشەی «کۆر» دروست دەبێ، کە واتای کـوێر، ئاو گەرم کـردن بۆ جلی شـوشتن، روخـان دەگـەیەنێ لە ناوچەی هەولێر و موکری دا. لە وشەی «تێڕ»دا کە گونیێکە دەدروێ و گڵ و چەقوو و زیخی پێ دەکێشنەوە بە وڵاخ، وشەی «تێر» دروست دەبێ بە واتای تێر بوون. هەروا لابردنی هەمـان نیـشـانە لە سـەر پیـتی «ڵ» کـاردەکـاتە سـەر وشـان. بۆ نموونە: لابردنی لە سـەر پیـتی «ڵ» لە وشـەی «ماڵ»دا وشـەی «مـال» دروست دەبێ کە وشەیەکی عـەرەبییـە. لە وشەی «چڵ» کە واتای چڵی دار دەگەیەنێ وشـەی «چل» دروست دەبێ کـە ژمـارەیە. لە وشــەی «بەڵا» وشــەی «بەلا» دروست دەبێ کـە هیچ واتا ناگـەیەنێ. هەروا لابردنی نیـشـانەی «٧» لەسـەر پیتەکانی «ێ، ڵ» لەوشەی خێڵ وشەی «خیل» دروست ئەبێ کە زۆر دوورە لە وشە کوردییەکە.

سەرەڕای ئەم تێبینییانەی کە لە سەرەوە باسم کردن شتێکی تریش زۆر زۆر دەکـەوێتـە بەر چاوو ئەویش ئەوەیە، کـە پیــتی «وو» بە «و» دەنووسـرێت، ئەمـەش هەڵەیەکی ئیـمـلایی و ڕێزمـانی گـەورەیە. بۆ نموونە وشـەکـانی: بوون، چوون، دەڕوون، نـووسین، سـوون، شـووتی.. هتـد، بەم جـۆرە دەنووسن: بون، چون، دەڕون، نوسین، سون، شـوتی. ئەمـەش ئەوەی بیەوێ خۆی فـێری زمـانی کوردی بکات بۆ ئەم جۆرە وشانە بە هەڵە فێر دەبێ...».

قسەکردن لە نووسینی کوردی بە هۆی ئەو نیشانانەوە کە هەن و لە سەریان دانراون وەنەبێ شتێکی تازەو دەستکردی ساڵەکانی ١٩٧٠-١٩٨٠ بێ، بەڵکوو ئەو بابەتانە لە مێژە کەوتۆتە ناوەوەو لە مێژە دەقی خۆی گرتووە. لە سەرەتای داهاتنیا هەر بە نووسینی دەستنووس ئەنووسراو پاشان کەوتە قاڵبی چاپەوەو ئیتر بە تەواوی بڵاو بووەوە. لە بارەی چاپییەوە ئەتوانم بڵێم من بە یارمەتی بیرو رای مامۆستا توفیق وەهبی یەکەم کەس بووم بۆ دارشتنی قاڵبی چاپی. ئەو نیشانانەش وەکوو چێرەی «٧» کە ئەخرێتە سەر پیتەکانی «ر ، ل ، و ، ی» جا ئەم پیتانەش پیتی ناوەراست، وەیا دوایی وشە، وەیا تەنیا بن. هەرچەندە من لە هی «ر»ی دا لە سەر ئەوە نیم و نەبووم کە لە ژێرەوە دابنرێ، لەم رووەوە بە دوورو درێژی لە گۆڤارەکان و لە کۆلیجی ئاداب بۆ قوتابییەکان نووسین و قسەم هەبووە.

ئەم بابەتە لە مێژە هەبووە ئەوەندە هەیە نەخشەی خاوەن پەخشانی سەرەوە بۆیان ئەوەیە کە دابنرێن، چونکە لە نەنووسینیان هەڵە پەیدا ئەبێ و گوزارەو وشە لێک دوور ئەکەونەوە، ئەمە راستە، وەکوو ئەوەش هەر راستە کە هەڵەی چاپ لە مانەدا وەیا غەیری ئەمانەدا بێ دیسان ئەو وشەو گوزارەیە هەر لە یەک دوور ئەکەونەوە.

بۆ لە چاپدانی نووسراوی کوردی گەورەتر کۆسپێک بە باوەری من - کە لە رێگادا هەبێ نەبوونی پیت رێکخەرە بە زمانی کوردی. بەڵێ! زمانی کوردی ئێستە لە چاو پێشوویەوە چاپکراو و چاپەمەنی زۆرترە، بەڵام ئەوانەی کە ئەیخەنە سەر قاڵبی چاپەکە هیچی کورد نین - ئەگەر کوردیش هەبێت لە سەد یەک تا دوو ناگرێتەوە - ئەوانە هەر روو نووس ئەکەن، بەبێ ئەوە بزانن ئەو وشە، وەیا رستەیە چییە!. هەڵە ئەوەندە زۆر ئەبێ لە وزەی «مصحح» یشدا نامێنی، هەر چەندە ئەو هەڵبژێرە کوردەش خۆی خەریک بکا جارێک و دوو جارو سێ جار هەڵە هەر پەیدا ئەبێ و بە سەر ئەویشا تی ئەپەرێ. بە داخەوە! کورد لە گەلێ لاوە هەنگاوی چالاکانەی تا ئەندازەیەک هەڵهێناوە، بەڵام لەم سووچەوە - کە پێگەیاندنی پیت رێخەری کورد بێ - هێشتا زۆر لە دواوەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە خۆی قەوارەیەکی وای نییە خۆی بە خۆی بژیت، بەڵکوو ژیانی هەر بە هۆی خەڵکەوەیە. چاپکراوێکی ئینگلیزی، رووسی، عەرەبی، فارسی چونکە پیت رێکخەرەکەشیان هەر بەو زمانانەیە هەڵە لە بەرهەمەکانیانا زۆر بە دەگمەن پەیدا ئەبێ، بەڵام لە کوردی دا وانییە، هۆیەکەش ئەوەیە کە ئەوان قاڵبی سیاسی خۆیان هەیەو کورد نییەتی.

سالآنی ۱۹۷۰-۱۹۸۰ جم و جوولێکی باش له نووسینی کوردیدا هەبوو، بەڵام ئەم جم و جووڵه بۆ هێزو پێزی روخسارو بابەت نەگەیشتۆه به سالآنی ۱۹٤۰-۱۹٥۰، لەو بڕوایەدام که پێزی سالآنی پێشوو زیاتر بووه تا ئەم سالآنه. تەماشا ئەکەی یەک بابەته، نووسەرانی سالآنی پێشوو باسیان کردووه، نووسەرانی سالآنی دوایی چەشنی شتیان باسکردووه- هەر چەنده ئەوه ئاشکرایه که دوو چەشه نابن به یەک- بەڵام که بێنه سەر رێختی ئەوەی سالآنی پێشوو ئەو سفتتره!. له گەڵ ئەمانەشا مێژووی پەخشان ئەبێ ئاوڕ له هەموو شت بداتەوه.

ئەم پەخشانەی خاوەن پەخشان یەکێکه له نموونەی پەخشانی سالآنی ئەم مێژووه، دیاره وشەکانی وەکوو دیالیکتی و گرافیکا له دەرەوەی زمانی کوردی هاتووەو ئەو خستوونیه ناویەوه، ئەمەش وەنەبێ ئیشی تەنیا ئەو بێ، بەڵکوو زۆر له نووسەرانی کورد که کەوتوونه دەرەوه، یا نەکەوتوون ئەم جۆره وشانەیان هێناوەتەوەو خستوونیانه ناو زمانەکەیانەوه. ئەمه له لایەکەوه هەر چەنده سەر مایەیەک ئەبێ بۆ زمانەکه – نەک سەرمایەی رەسەنی – بەڵام له لایەکی ترەوه ئایا بەرانبەر بەوانه له رەسەنی زمانەکەدا وشه نییه که بەکار بهێنرێن؟!. بەڵێ هەیه بەڵام نووسەران بۆ چی وا ئەکەن؟ ئەمه نازانم!. هەر زمانێک خۆی کەسیەتیەکی هەیه، ئەبێ یەکەمجار کەسیەتیەکەی بەکار بهێنرێ پاشان دەست بۆ لاوەکی درێژ بکرێت. هەندێ وشه له زمانی کوردیدا هەیەو پەیدا بووه که له پێش پەنجا ساڵ ئەو رێختە بەو جۆره نەبووه، وەکوو بە وێنه: «نووسەر، خوێنەر، زمانەوان..هتد» ئەمه دارشتنەکەی بەم جۆره هەر لەناو زمانەکه خۆیدایەو خۆی به خۆی، خۆی دەوڵەمەند کردووه. ئەمه پێ ئەوترێ سامانێکی زیاد کردووه، بەڵام وشه لاوەکیەکان بڕوا ناکەم ببن به هۆی زیاد کردنی سامانی رەسەنی زمانەکه، چونکه وشەی وا که گوزارەکه بدا به دەستەوه له ئەسڵی زمانەکەدا هەیه ئیتر بۆچ وشه رەسەنیەکه بخرێته پشت کەنوو و شتێکی لاوەکی بهێنرێ؟!.

ئەبێ ئەوەش بڵێم که خاوەن دەقی پەخشانی سەرەوه دەستووری بۆ نووسینەکه داناوه کەچی نووسینەکەی خۆی ئەوەی تێدا نییه!. جگه لەمه روخسارەکەشی – هەر چەنده من مافی ئەمەم نییه- بێ هێزیەکی تێدا ئەبینرێ، بەڵام من مێژووی پەخشان باس ئەکەم ئەبێ ئەوەش هەبێت.

* * *

# دوایی

له پاش ماوەیەک خەریک بوون بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە هاتە ئەنجام و ئەوی لە دەسەڵاتا بوو -لە پەخشان- لە نێوانی دوو توێیەکەیا جێ کرایەوە؛ واتە دەقی پەخشانی کوردی لە سەرەتای هاتنە ناوەوەیەوە تا دوایی هاتنی ساڵی ۱۹۸۰ بە پێی ساڵ و بە پێی پلە نموونەی وەرگیراو کەوتە بەردەست، ئەمە بۆ ئەوە بوو کە مێژوویەکی پەخشانی کوردی – مان بە پێی ئەو چاخانە بۆ روون ببێتەوە. من وەنەبێ گوڵبژێرم کردبێ و بە شوێن ئەوەدا گەڕابم کە نموونە وەر ئەگرم ئەبێ ئەم نموونەیە لە هەموو لایەکی رەوانبێژی وە دەستووری زاراوەی زمانەوە تەواو بێ، ئەمەم مەبەست نەبووەو مێژووی پەخشانیش ئەمەی مەبەست نییە، بەڵکوو مەبەستەکە ئەوەیە کە پەخشانی رۆژانی پێشوو پیشان بدرێ، لەمەو جۆری گۆڕان و بیرو باوەڕی ئەو رۆژە دێتە دەست. لەم کتێبەدا زۆر نموونە پەخشان ئەبینرێ کە ئەگەر بێتە سەر رێک و پێکی عیبارەت و رێزمان و رێختەکەی گەلێ ناتەواوی تێدا هەیە، لەم رووەوە نەمن وە نە یەکێکی پسپۆڕ وەنەبێ لێ رازی بێ، بەڵام کە دێتە سەر مێژووی ناوەڕۆک و مێژووی چۆنیەتی بیرو باوەڕی ئەو رۆژە، وەیا ئەو رۆژانە بە تەواوی شوێنی خۆی پڕ کردۆتەوە.

وەکوو لە ناوەندی کتێبیەکەدا لە گەلێ لاوە باسم کردوە، من ناوجی نیم، واتە حەکەم نیم بڵێم ئەو دەقە ئەو شوێنە باشەو ئەو شوێنەی باش نییە، ئەو رستەیە لە گەڵ رێزمانا رێ ئەکەوێ و ئەوەی رێ ناکەوێ، ئەو وشەیە ئەبوا لەوێ دابنرایەو لەوێ دانەنرایە. ئەوە هەقی من نییە، هەقەکەم تەنیا گێڕانەوەو هێنانی دەقە بۆ مێژوو، ئەگینا لە زۆر شوێنا من رەخنەم هەبووەو هەیە، بەڵام ئەو زۆرانبازییە جێگایەکی تری ئەوێ، ئەم مەیدانە مەیدانی ئەوە نییە.

بەڵێ من بەسەر هەموو دەقێکیەوە نووسراوێکم هەیە، مێژووی پەخشان لە باوەڕی منا پێویستی بەو تەعلیقانە هەیە، بۆ ئەوە بزانرێ کە لەو رۆژەدا چ جۆرە بیرو باوەڕێک لە ئارادا بووە وا ئەو دەقەی بۆ هاتۆتە بەرهەم، دەقەکە توانیویەتی ببێ بە ئاوێنە بۆ بیرو باوەڕەکە؟- بیرو باوەڕی رۆژەکە – توانیویەتی وێنەی بداتەوە؟ توانیویەتی هەستی رۆژەکە دەربڕێ؟. من ئەمانەم کردووەو بۆ مێژووی پەخشان ئەمانەم بەلاوە بە پێویست زانیوەو لە راستیشدا پێویستە، چونکە دەقەکە مێژووەکە پیشان ئەدا، بەڵام تەعلیقەکە

ئاوی مێژووەکە ڕووناک ئەکاتەوە.

لە ١٩٨١/٣/١ دەستم کرد بە دانانی ئەم کتێبە، لە ١٩٨٤/١/١٠، کە بەر ٧ی ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٤٠٤ هیجری ئەکەوێ لە نووسینی بەرگی یەکەمی بوومەوە. لەم مێژووەدا مەبەستم ئەم بەرگەیە کە تا دوایی هاتنی ساڵی ١٩٨٠ ئەگرێتەوە، ئەگینا بەرگی دووەمیش کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ەوە دەست پێ ئەکا، هەر دەست پێ کراوەو ئەویشم گەڵاڵە کردووە، بەڵام ئایا خەزانی پایز گەڵای عومر بە تەواوی هەڵئەوەرێنێ یان نەء؟ ئەمە نازانم، ئەوەندە ئەزانم لە ماوەی ڕابوردوودا بە هۆی دەردەوە دەروون بوو بە کوێ زوخاڵ!!..

شتێکی تر ماوە کە بیڵێم:

ئەویش ئەوەیە کە لە زۆر لاوە ئیملا وەکوو یەک نییە. ئەمە ڕاستە، ئەوەندە هەیە ئەوەی کەمن خۆم نووسیومن لام وایە شێوەی نووسینی هەمووی وەکوو یەک وایە، بەڵام ئەوانەی کە دەقەکانن، لە پاش ساڵانی ١٩٥٠ بە تایبەتی، وە لە پاش ساڵانی ١٩٦٠ بە تایبەتی تر وەکوو خۆیان نووسیومن. لەم ڕووەوە بڕوا ناکەم نە ڕەخنەم لێ بگیرێ وەنە گلەم لێ بکرێ، لە پاش ئەو ساڵانە چۆن نووسراون وام نووسیون.

علاء الدین سجادی

١٩٨٤/١/١٨

# ناواخن


پێشەکی ............................................................ لاپەڕە
ئادەمیزادو ئەدەب ............................................................
پەخشان لە پێش ئیسلام دا ............................................................
پەخشانی کوردی و دەقەکانی ............................................................
پەخشانی کوردی پاش ئیسلام ............................................................
سروودی «یارسان» ............................................................
دەقی مەولوود نامەکەی شێخ حسینی قازی ............................................................
دەقی بالێ و بارام
دەقی خاڵە مەحموو

**نمونە پەخشانی کوردی نیوەی سەدەی نۆزدەهەم**

دەقی ئەمین فەیضی بەگ
دەقی رۆژنامەی کوردستانی بەدرخانییەکان

**نموونە پەخشانی نێوانی سالانی ۱۹۰۰-۱۹۳۰**

دەقی رۆژنامەی پێشکەوتن
دەقی گۆڤاری دیاری کوردستان
دەقی رۆژنامەی رۆژی کوردستان
دەقی رۆژنامەی بانگ کوردستان
دەقی رۆژنامەی ژیانەوە
دەقی گۆڤاری زاری کرمانجی

**نموونە پەخشانی نێوانی سالانی ۱۹۳۰-۱۹٤۰**

دەقی گۆڤاری یادگاری لاوان
دەقی پەخشانی ئەمین زەکی بەگ
دەقی پەخشانی مەلا رەشید بەگ
دەقی پەخشانی تەوفیق وەهبی بەگ
دەقی سالانی ۱۹٤۰-۱۹٥۰
دەقی یداللەی رەزایی
دەقی بابە عەلی
دەقی کە نەوت و خەڵووز برایەوە
دەقی ناجی عەبباس

دەقی تاهیر هاشمی
دەقی حەسەن فەهمی جاف
دەقی پەخشانی حاجی تەوفیّقی پیرەمیّرد
دەقی پەخشانی گۆران
دەقی پەخشانی شیّخ محەممەدی خالّ
دەقی پەخشانی رەشید نەجیب
دەقی پەخشانی حامد فەرەج.
دەقی پەخشانی سالّح قەفتان.
دەقی پەخشانی عبدالقادر قەززاز.
دەقی پەخشانی حوزنی موکریانی.
دەقی پەخشانی محەمەد تەوفیق وردی.
دەقی پەخشانی ع. بیّژەن.
دەقی پەخشانی مستەفا سەید ئەحمەد.
دەقی پەخشانی کچە کورد «ن.س».
دەقی پەخشانی گیوی موکریانی.
دەقی پەخشانی محەممەد سەعید جاف.
دەقی پەخشانی ئەحمەد شالّی.
دەقی پەخشانی سیّوەنگ و مام ریّوی.

**نموونە پەخشانی سالآنی ١٩٥٠-١٩٦٠**

دەقی پەخشانی رۆژنامەی «ژین».
دەقی پەخشانی محەممەد عەلی کوردی.
دەقی پەخشانی شیّخ محەممەدی مەردۆخ.
دەقی پەخشانی موحەرەم محەممەد ئەمین.
دەقی پەخشانی رەفیق حیلمی.
دەقی پەخشانی شاکر فەتتاح.
دەقی پەخشانی دایکی سۆلاڤ،
دەقی پەخشانی مستەفا سالّح کەریم.

**پەخشانی سالآنی ١٩٦٠-١٩٧٠**

دەقی پەخشانی محەمەمەد مستەفا کوردی.
دەقی پەخشانی «رۆژ».
دەقی پەخشانی جەمال نەبەز.
دەقی پەخشانی پیّش مەرگەی رەحیمی قازی.
دەقی پەخشانی مەم. محەممەد مەولود.
دەقی پەخشانی جەمال عبدالقادر بابان.

دەقی پەخشانی مامۆستا نجم الدین مەلا.
دەقی پەخشانی ساجد ئاوارە.
دەقی پەخشانی ئەحمەد خواجە.

**نموونەی سالآنی ١٩٦٠-١٩٧٠**

دەقی پەخشانی ئەبوو زەید مستەفا سندی.
دەقی پەخشانی مەلا جەمیل رۆژبەیانی.
دەقی پەخشانی نەقابەی مامۆستایانی سولەیمانی .
دەقی پەخشانی کامل حەسن بەسیر.
دەقی پەخشانی کەریم شارەزا.
دەقی پەخشانی هێمن -نەک موکریانی-
دەقی پەخشانی ئیسماعیل -لە باری لەش جوانی-
دەقی پەخشانی تاهیر ئەحمەد حەویزی.
دەقی پەخشانی د. کاوس قەفتان.
دەقی پەخشانی نووری عەلی ئەمین.
دەقی پەخشانی محەممەد سالح سەعید.
دەقی پەخشانی مەلا عبدالکریمی مودەررس.
دەقی پەخشانی کاکە مەم بۆتانی.
دەقی پەخشانی خورشیدە بابان.

**نموونەی سالآنی ١٩٧٠-١٩٨٠**

دەقی پەخشانی بەدرخان سندی.
دەقی پەخشانی جەمال شالی.
دەقی پەخشانی حسین عارف.
دەقی پەخشانی د. مارف خەزنەدار.
دەقی پەخشانی د. عیزەددین مستەفا رەسوول.
دەقی پەخشانی کەریم زەند.
دەقی پەخشانی هەژر -عبدالرحمن-
دەقی پەخشانی محەممەد ئەمین ئوسمان.
دەقی پەخشانی محەممەد مەلا کەریم.
دەقی پەخشانی دوکتۆر عبدالرحمن عبدالله.
دەقی پەخشانی حەسەن- ی قزلجی.
دەقی پەخشانی د. ئیحسان فؤاد.
دەقی پەخشانی رەمزی قەززاز.
دەقی پەخشانی ئیبراهیم ئەحمەد.
دەقی پەخشانی د. ئەورەحمان - ی حاجی مارف.

دەقی پەخشانی ئیسماعیل حەققی شاوەیس.
دەقی پەخشانی مەسعوود محەممەد.
دەقی پەخشانی د. نەسرین فەخری.
دەقی پەخشانی رەئووف حەسەن.
دەقی پەخشانی أ.ب. هەوری – ئەبوو بەکر شێخ جەلال.
دەقی پەخشانی خدری سلیمان.
دەقی پەخشانی عەزیز گەردی.
دەقی پەخشانی د. کەمال مەزهەر.
دەقی پەخشانی بورهان قانیع.
دەقی پەخشانی «هێمن» –موکریانی–
دەقی پەخشانی محەممەد مەلا ساڵح شارەزووری.
دەقی پەخشانی ئەمین عەڤدال.
دەقی پەخشانی د. پاکیزە رەفیق حیلمی.
دەقی پەخشانی شوکور مستەفا.
دەقی پەخشانی شانۆی هونەرمەندانی کورد– هی رۆژی کوردستان–
دەقی پەخشانی عوسمان هەورامی.
دەقی پەخشانی کۆڕی زانیاری –رێنووسی کوردی–
دەقی پەخشانی د. موکەڕەم تاڵەبانی.
دەقی پەخشانی مەحموود زامدار.
دەقی پەخشانی ئیسماعیل رەسووڵ.
دەقی پەخشانی ف. هوشیار: فایق هوشیار –دیموکراسی–
دەقی پەخشانی: سەعید ناکام.
دەقی پەخشانی گۆڤاری ئوتۆنۆمی –الحكم الذاتی–
دەقی پەخشانی پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ
دەقی پەخشانی حەمە بۆر –هۆشەنگ–
دەقی پەخشانی عومەر مەعرووف بەرزنجی.
دەقی پەخشانی غەفووری میرزا کەریم.
دەقی پەخشانی کەریمی حسامی.
دەقی پەخشانی کەمال جەلال غەریب.
دەقی پەخشانی حەمەی مام ئەورەحمان.
دەقی پەخشانی عەبدلسەتتار تاهیر شەریف.
دەقی پەخشانی سادق بەهادین ئامێدی
دەقی پەخشانی عیزەدین فەیزی
دەقی پەخشانی سەلام محەممەد

دەقی پەخشانی د. عەزیز ئیبراهیم عەزیز
دوایی